# دونی ئارام

## بەرگی چوارەم

نووسینی: میخائیل شۆلۆخۆف
وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف

*- **ناوی کتێب**:**دۆنی ئارام**(٤)

*- **بابەت**: **ڕۆمان**

*- **نووسەر**:**میخائیل شۆلۆخۆف**

*- **وەرگێڕ**:**حەمەکەریم عارف**

*- **تایپیست**:**ڕزگار حەساری**

*-

*-

**پێڕست**


*- **حەمەکەریم عارف پیاوێك لە بارانی وشەی**...........**شێرکۆ بێکەس**

*- **بەشی حەوتەم**

*- **بەشی هەشتەم**

*- **ژینامەی وەرگێڕ**

# حەمە کەریم عارف

## پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

شێرکۆ بێکەس

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان.ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێکەڵ بە ئاینده ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف

پیاوێك لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەك بۆ خەمی کەسك و

گزنگی بەیان.

حەمەکەریم عارف

ژێیەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.

بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی

لاپەڕەی چاو بە شەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو
گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی
دەنگ زامدار!
بە تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و
نە رۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و
نە شەقامێکی کەرکوك ونە مەقامێکی
عەلی مەردان،تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەك
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەك
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەك
باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!
کەرکوکییەك..
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین
عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ.ئەلکساندەر فەدایەف.هێرب میدۆ.قاسمۆف.کازانتزاکیس.چیخۆف.گوینتەر دیشنەر.فنسنت ڤان گۆگ.مالرۆ.شەکسپیر.م.گۆرکی.هۆمیرۆس.چرنیشفسکی.چایکۆفسکی.ئیدگار ئالان پۆ.جاك لەندەن.گۆگۆل.سیرۆس پرهام.بلیخانۆف.کریس کۆچرا.مەهدی حسێن.سابت رەحمان.ئەحمەد مەحموود.سەمەدی بیهرەنگی.عەزیز شەریف.نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی.مەسعود

**ئەحمەدزادە.گەوهەر مراد.یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...**

**لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی**
**بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.**
**لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی**
**لەم نەخشەیەدا کردەوە**
**هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ**
**هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و**
**هەشتا تابلۆ**
**لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.**
**لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.**
**لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.**
**لەم دەغلاَنەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.**
**من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ**
**ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.**
**بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو**
**کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سلاَو ئەی بارانە**
**جوانەکەی زمانی کوردی.سلاَو ئەی**
**کەرکوکی خۆشەویست!سلاَو!**

**سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥**

**ئەدەب وهونەر/ژمارە(٦٤٣)/پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣**

## بەشی حەوتەم

((١))

قۆزاقانی یاخی دۆنی بالآ، کە بەشێکی گرینگی سوپای سووریان لە بەرەی باشوور دوور خستبووەوە، دەرفەتی بۆ سەرکردایەتی سوپای دۆن ڕەخساند کە نەك بە کەماڵی ئیسراحەت ئەو هێزانەی خۆی کە بەرگرییان لە بەرەی نوڤوچرکاسك دەکرد، لە نوێ کۆبکاتەوەو ئارایش بداتەوە، بەڵکو لە ناوچەکانی کامنسکایاو ئوست بلوکالیتوڤنسکایادا، قوەتێکی دەستوەشێنی بەهێز، کە لە پایەدارترینو کارامەترین کەتیبە – بە تایبەتی کەتیبەکانی دۆنی ژێری و کەتیبەکانی کالموك پێکهاتبوو، ئامادەو تەیار بکات کە دەبوایە لە کاتی پێویستدا، دەگەڵ قوەتەکانی جەنەرال فیچالوروفدا یەك بگرنەوەو، جەزرەبەیەکی کاریگەرو کوشندە بە فیرقەی دوازدەی سەر بە سوپای سووری هەشتەم بگەیەنن و تەفروتونای بکەن و ئەوجا لە تەنیشت و لە پشتەوە، گەمارۆی هەردوو فیرقەی ئورال و فیرقەی سیازدەی سوپای سوور بدەنو، ئەوسا درز بخەنە جەبهەکەیانەوەو لەوێندەرەوە لەگەڵ یاخیانی دۆنی بالآدا یەکبگرنەوە.

هەڵبەتە نەخشەی کۆکردنەوەو پێکهێنانی ئەم قوەتە دەستوەشێنە پێشتر لە لایەن جەنەراڵ دونیسوفو، سەرۆکی ئەرکانەکەیەوە، جەنەرال پولیاکوفەوە کاتێ کە سەرۆکایەتی سوپای دۆنیان بەدەستەوە بوو،دارێژرا بوو. نەخشەی ناڤبری لە کۆتایی مانگی ئایاردا تەقریبەن بە تەواوەتی جێبەجێ بوو. نزیکەی شازدە هەزار پیادەو سوارە، لەگەڵ سیو شەش تۆپی مەیدانیو سەدو چل رەشاشدا بۆ کامنسکایا گوێزرایەوە. دوا یەکەی سوارەو کەتیبەێن هەڵبژاردە کە ناوی (سوپای گەنجان) یان لێنرا بوو، لە هاوینی ساڵی ١٩١٨دا لەو قۆزاقە گەنجانە پێکهێنرا بوو کە لە تەمەنی سەربازیدا بوون، دەنێردران بۆ ئەوێ.

جا لەو کەینو بەینەدا، یاخیەکان، هەرچەندە لە هەر چوار نکالەوە گەمارۆ درابوون، بەلآم هەر سوور بوون لەسەر بەرگری خۆیان، هێرشی هێزێن سەرکوتکاری سوورەکانیان دەدایە دواوە. لە قۆڵی باشوورەوە، لە ڕەخی چەپی ڕوباری دۆندا، دوو فیرقەی یاخیەکان بەوپەڕی سەر سەختی، لە سەنگەرەکانی خۆیاندا، پایەدارییان دەکردو وێڕای ئەوەی کە تۆپخانەی سوورەکان بە بەردەوامی و بە درێژایی جەبهەکە، تۆپبارانیان دەکردن، نەیاندەهێشت دژمن، لە ڕوبارەکە بپەڕێتەوە. سێ فیرقەی دیکە، لە هەر سێ قۆڵی رۆژئاواو باکوورو رۆژهەلآتەوە، بەرگرییان لە ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی یاخیەکان دەکرد، ئەمانە، بە تایبەتی لە کەرەخی باکووری ڕۆژاواوە، خەسارەتی زۆریان دەدا، بەلآم کۆڵیان نەدەداو پاشەکشەیان نەدەکرد، هەروەها لە هەرێمی خۆپەریشەوە پایەدارییان دەکرد.

ڕۆژێك سریەی قۆزاقانی تاتارسکی کە بەرگری لە کەنارەکەی بەرانبەر گوندەکەی خۆی دەکرد، لە بێکاریدا بێتاقەت دەبێت، لێدەبڕێت دەستێك لە سوورەکان بوەشێنێ، لە تاریکە شەوێکی ئەنگوستەچاوا، چەند قۆزاقێکی خۆبەخش، بە بەلەم بۆ بەری ڕاستی دۆن دەپەڕنەوەو

لـه ناغافڵـدا هێـرش دەکەنـە سـەر پاسـگەیەکی پێشـەوەی سـوورەکان، چـوار سـەربازی سـوور دەکوژن‌و ڕەشاشێك دەگرن، بۆ ڕۆژی دوایی سوورەکان تۆپخانەیەك لە ڤیشنسکایاوە دەنێرن‌و سەنگەرو مەتەرێزی قۆزاقەکان تۆپباران دەکەن ئەمما تۆپباران، دارو بەردیان لێدەکەن بە ئاگر. هەرکە یەکەم گوللەی تـەنویر بەسەر جەنگەڵەکەدا دەتەقێتـەوە، سریەی قۆزاقـەکان، بە هەشـتاو، سـەنگەرەکانی خـۆ چـۆڵ دەکـەن‌و لـە کـەناری دۆن دوور دەکەنـەوەو بـە هەڵـەداوان خـۆ بـە جەنگەڵەکەدا دەکەن.

دوای بیست‌و چوار سەعات تۆپخانەکە لەوێندەر کێشرایەوەو قۆزاقـەکانی تاتارسکی جارەکی دی، گەڕانـەوە نـاو سـەنگەرەکانی خۆیـان. سـریەی تاتارسـکی، لـە ئاکـامی تۆپبارانەکـەوە، بڕێـك خەسـارەتی دا: پارچـە تـۆپ دوو قـۆزاقی گـەنجی کوشـت، کـە ماوەیـەکی کـەم بـوو هـاتبوون بـۆ جەبهـە، هـەروەها موراسـیلی فەرمانـدەی سـریەکەش برینـدار بـوو، ئەمـە کـوڕێکی گـەنج بـوو کـە دوێنێ لە ڤیشنسکایاوە هاتبوو.

دوای ئەوە، ئارامیەکی ڕێژەیی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، ژیانی ناو سەنگەرو مەتەرێزەکان گەڕایەوە سەر دۆخی جارانی خۆی. ژنی قۆزاقەکان زۆرجار سەری مێردەکانیان دەداو شەوانە نان‌و ڤۆدگای خۆماڵیان بۆ دێنان، بە شێوەیەکی گشتی قۆزاقەکان لە رووی ئازووقەو خۆراکەوە هیچ کەموکوڕییەکیان نەبوو: دوو گوێرەکەی وێڵیان سەر بڕی بوو و ئەمە جگە لەوە کە کردبوویان بە عادەت هەموو رۆژێ دەچوون لە گۆماوەکاندا ڕاوە ماسیان دەکرد. خریستونیا، سەرۆکایەتی ڕاوەماسی لە ئەستۆ گرتبوو.

تۆڕێکی گـەورەی نزیکـەی بیست مـەتری، کـە لـەوە دەچـوو یـەکێك لـە ئاوارەکـان لـە کەنارەکـەدا بـیری چـوو بـێ، بـەو سـپێردرا بـوو. خریسـتونیا، هەمیشـە کـە دەچـووە ڕاوە ماسـی تۆڕەکـەی هەڵدەدایـە قـوڵایی گۆماوەکانـەوەو بـە خـۆی دەفشـی کـە هـیچ دەریاچـەو گوماوێـك لـەو دیـارو دەڤەرەدا نییە کە ئەو خۆی پێدا نەکردبێت.

دوای حەوت هەشت رۆژ ڕاوەماسی بەردەوام، کراس‌و پانتۆڵەکەی بە جۆرێ بۆدڕی ماسیان گرتبوو، کە سەرەنجام ئانیکوشکا بێزار بوو و ئامادە نەبوو، لە یەك پەناگادا دەگەڵی بژی‌و گوتی:

– بۆنی قەرموتی (جۆرە ماسییەکە) مردووت لێدێت! ئەگەر بیست‌و چوار سەعاتی دی لە گەڵتا وەمێنم، ئیدی ماسیم لەبەر چاو دەکەوێ و جارێکی دی بە عەمرانم ئارەزووی ماسی ناکەم.

لەوە بە دواوە ئانیکوشکا، وێڕای ئەوەی پێشکە (مێشولە) یەجگار زۆر بوو، لە دەرێی پەناگـەدا دەنوست. هەموو ئێوارەیەك پێش ئەوەی بخەوێ، بە سەرو رووی پەست‌و گرژەوە، پولەکەو ناو سکی فڕێدراوی بۆدڕی ماسییانی پاك دەماڵی‌و دووری دەخستەوە. بـەڵام بەیانی ڕۆژی دوایـی خریستونیا، کە لـە ڕاو دەگەڕایەوە، بە کاوەخۆ، بێئەوەی خۆی شێلو بکات، لە نزیکی دەرکەی پەناگاکـە دادەنیشـت‌و دیسـان دەکەوتـە ماسـی پـاککردن‌و ناوسـکەکەی دەردێنـاو ئیـدی مێشـی سـەوز دەوریـان دەداو خێـزەرەی مێروولـەی زەردی دڕ هێرشـیان بـۆ دێنـا. ئانیکوشـکا، بە هانکـە هانك‌و هەڵەداوان دەهات‌و لە دوورەوە هاواری دەکرد:

– ئەریٚ قاتی شوێنە؟ هیچ شوێنێکت نەدۆزییەوە ئێرە نەبیٚ؟ خۆزی درکێکی ماسی لە گەرووت دەگیراو خەفەی دەکردیت! بیکە بە خاتری مەسیح هەستە لێرە. ئاخر من لێرەدا دەخەوم، ئاخر تۆ کە ناو سکی ماسیەکە فڕیٚ دەدەی، هەرچی مێروولەی ئەم ناوە هەیە بەرەو ئێرە دێت، ئاخر ئێرەت کردووە بە زبڵدانە.

خریستونیا، چەقۆکەی، کە دەستکردی خۆی بوو، بە پانتۆڵەکەی پاك دەکردەوە، ماوەیەکی زۆر، وەکو یەکێك لە فکران ڕابچیٚ، دەیڕوانیە دەمو چاوە کۆسەو تووڕەکەی ئانیکوشکاو پاشان بە کاوەخۆ دەیگوت:

– بە تەسەوری من دەبیٚ کرمت هەبیٚ بۆیە بەرگەی بۆنی ماسی ناگریت، بۆچی نایەی بە ناشتا سیر بخۆیت، ها؟

ئانیکوشکا، بە دەم تف کردن و جنێودانەوە لەوێندەر دوور دەکەوتەوە.

هەموو ڕۆژێك ئەم قەرقەشەو دەمبۆڵانەیان دەبوو. بەڵام سریەکە، بە شێوەیەکی گشتی، لە ئاسایش و تەناهیدا بوو. خۆراکی باشیان هەبوو، جگە لە ستیپان ستاخۆف، ئیدی هەموویان بە ڕەنگ و روو و خۆشحاڵ بوون.

ئایا ستاخۆف، لە قۆزاقانی گوندەکەی خۆیانی بیستبوو کە ئەکسینیا لە ڤیشنسکایادا گریگۆری دیتووە؟ یان دڵی خەبەری دابوو؟ بە هەر حاڵ، لە ناکاوا گۆڕا، خەم دایگرت، لە خوتو خۆڕایی بە فەرماندەی ڕەعیلەکەدا هەڵدەشاخی و تەنانەت ئێشکیشی نەدەگرت، بە درێژایی ڕۆژ، لەسەر کۆنە پەتۆیەکی ڕەش رادەکشاو لە پەستاو بێپسانەوە بە تووتنی خۆماڵی سیغاری دەپێچایەوەو دەیکێشا. ئەوسا بە ڕێکەوت بەر گوێی کەوت کە فەرماندەی سریەکە، ئانیکوشکا، دەنێرێت بۆ ڤیشنسکایا تا فیشەك بێنیٚ، دوای دوو ڕۆژان، بۆ یەکەمجار لە پەناگاکە هاتە دەریٚ. لە کاتێکا چاوە بە فرمێسکەکانی کە لە بیٚ خەویدا ئاوسا بوون، خێرا خێرا لەبەر تیشکی هەتاوەکە دەتروکان و، بە نیگەرانیەوە دەیڕوانیە گەڵای چڕی درەختەکان کە دەتگوت شەپۆل دەدەن و سەرنجی یاڵی سپی پەڵە هەورەکانی دەدا کە بایەکە ڕایدەماڵی و گوێی بۆ زەمزەمەی جەنگەڵەکە دەگرت، کەوتە گەڕان بەسەر هەموو پەناگاکاندا تا ئانیکوشکا بدۆزێتەوە.

نەیدەویست لەبەردەم قۆزاقەکانی دیکەدا قسەی دەگەڵدا بکات. بۆیە بردیە لایەکەوەو لێی پرسی:

– کە چوویتە ڤیشنسکایا، ئەکسینیا بدۆزەوەو لە زمانی منەوە پێی بڵیٚ کە بێتە دیدەنیم. پێی بڵیٚ هەموو گیانم پڕە لە ئەسپیٚ، کراس و دەرپیٚ و جلەکانم لە مێژە نەشۆراون. هەروەها پێی بڵیٚ کە....

ستیپان، ماوەیەك بێدەنگ بوو، بزە شەرمنانەکەی لە ژێر سمێڵەکەیەوە شاردەوەو لە کۆتاییدا گوتی:

– پێی بڵیٚ زۆری بیر دەکەم و چاوەڕوانی دەکەم کە بە زووترین کات بێت.

ئانیکوشکا، شەویٚ گەییە ڤیشنسکایا و شوێنی ئەکسینیای دۆزییەوە. ئەکسینیا، دوای ئەوەی دەگەڵ گریگۆری دا بە شەڕ هاتبوو، جارێکی دی گەڕابووەوە بۆ ماڵی پوورەکەی. ئانیکوشکا،

پەیامەکەی ستیپانی موو بە موو پێگەیاندو بۆ ئەوەی کاریگەریی قسەکانی زیاتر بکات لە خۆیەوە ئەمەشی بۆ زیاد کرد کە ستیپان هەڕەشەی کردووە کە ئەگەر ئەکسینیا سەرێکی لێنەدات، بە خۆی دێت بۆ ڤیشنسکایا.

ئەکسینیا، گوێی لێگرت تا قسەکانی تەواوکرد. ئەوسا کەوتە خۆ ئامادە کردن تا لەگەڵیا بڕوات. پووری بەلەز هەندێ هەویری شێلاو بڕێك نان و کولیچەی لە تەنورەکە نا، دوای دوو سەعاتان، ئەکسینیا وەکو هاوسەرێکی بە ئەمەك و وەفادار، دەگەڵ ئانیکوشکادا بەرەو ئۆردوگای سریەی تا تارسکی کەوتە ڕێ.

ستیپان، بە هەڵچوونێکی پەنهانەوە پێشوازی لە ژنەکەی کرد. بە وردی ڕوانیە دەموچاوی کە لاواز بووبوو، بە پارێزەوە پرسیاری هۆی لاوازبوونەکەی لێکرد، بەڵام زاتی نەکرد، بە وشەیەکیش پرسیاری ئەوەی لێبکات کە ئاخۆ گریگۆری بینیوە یان نا. تەنیا یەك جارو بە دەم قسە کردنەوە، چاوانی داخستن و ڕووی وەرگێڕاو، پرسی:

– باشە بۆچی لەو ڕێگایەوە چوویت بۆ ڤیشنسکایا؟ بۆچی لە ئاستی تاتارسکییەوە لە ئاوەکە نەپەڕیتەوە؟

ئەکسینیا، بە کورتی وەڵامی دایەوە کە نەیدەتوانی لەگەڵ خەڵکی بێگانەدا لە ئاوەکە بپەڕێتەوەو نەشی ویستبوو تەکلیفی شتی واش لە خانەوادەی میخلیخوف بکات.

هەڵبەتە هەرکە قسەکەی لە زار دەرچوو، یەکسەر دەرکی بەوە کرد کە قسەکانی ئەوە دەگەیەنن کە خانەوادەی میلیخوف بۆ ئەو نەك بێگانە بەڵکو دۆستن، شپرزە بوو، چونکە لەگێن بوو ستیپانیش هەر بەو جۆرەی لێکبداتەوە. بەڵام ستیپانیش بە ڕاستی هەمان لێکدانەوەی بۆ کرد. چونکە ژێر بڕۆکانی ڕاجفری و شتێکی وەکو سێبەر بە ڕوخساریا تێپەڕی. نیگا پرسیارئامێزەکەی بەرەو ئەکسینیا هەڵبڕی، ئەکسینیا کە لەم پرسیارە نەکراوە دەگەیی، لە ناکاوا لە شەرماو لە ڕقا دەربارەی خۆی، سوور بووەوە.

ستیپان، دڵی بە حاڵی سووتاو وای نواند کە هەستی بە هیچ شتێك نەکردووە. ئیدی سەری قسانی بۆ لای کاروباری ماڵ و کێڵگە بادایەوەو پرسیاری ئەوەی لێکرد کە پێش ئەوەی لە گوند بەڕێ بکەوێ، چی شاردووەتەوەو ئایا لە شوێنێکی باش تاقەتی کردووە؟ ئەکسینیا، لە دڵی خۆیدا دانی بە گەورەیی و لێبوردەیی مێردەکەیدا ناو هەرچەندە هەستی بە ناڕەحەتیەکی پڕ ئازار دەکرد، وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. بۆ ئەوەی قەناعەت بە مێردەکەی بێنێت کە ئەوەی لە نێوانیاندا ڕووی داوە هیچ نییەو، بۆ ئەوەی ئاشووبە دەروونیەکەی خۆی بشارێتەوە، بە ئانقەست، بە کورتی و بە پارێزەوە قسەی دەکرد، ڕێك وەکو کەسانێك کە دەربارەی سەوداو مامەڵەیەك گفتوگۆ بکەن.

ئەوان لە پەناگاکەدا بوون و قۆزاقەکانی دیکەش بەردەوام لە هاتوچۆدا بوون و ئەم دەهات و ئەو دەڕۆیی. ئەوانیش نەیاندەتوانی بە کەماڵی ئارەزوو قسان بکەن، خریستونیا هات و یەکسەر جێگای ڕاخست کە بنوێت. ستیپان کە هەستی کرد ناتوانن بە دوو قۆڵی قسان بکەن، بە ناچاری قسەکانی خۆی بڕی.

ئەکسینیا، هەستی بە خۆشحاڵی کرد، لە جێی خۆی هەستاو بوخچەکەی کردەوەو ئەو کولیچانەی کە لە ڤیشنسکایاوە هێنابوونی، دەری هێنان‌و دای بە مێردەکەی. ئەوسا جلە چڵکنەکانی ستیپانی لە جانتاکەی دەرهێناو رۆییە دەرێ تا لە نزیکترین گۆماودا بیانشۆرێت.

سپێدە بوو، دنیا کڕوکپ، تەم‌و مژێکی تاریك باڵی بەسەر جەنگەڵەکەدا کێشابوو. گیاو ڕوەکان، لە ژێر باری قورسی شەونمدا، سەریان دانەواند بوو. قورباقان، بە دەنگە ناسازەکەی خۆیان، لە نێو گۆلاوەکانەوە دەیانقڕاند. لە شوێنێکی نزیکی پەناگەکەوە، لە پشت دەوەنێکی بە لق‌و پۆو چڕە گەڵاوە، هەوێردەیەك، هەر قیژە قیژی بوو.

ئەکسینیا، بەلای دەوەنەکەدا تێپەڕی، سەرانسەری دەوەنەکە، سەراپای هەر داوە جاڵجاڵۆکە بوو، گیاو گوڵ دەوری دابوو، دڵۆپە ئاونگی زۆر ورد، نیشتبووە سەر داوە جاڵجاڵۆکەکەو وەکو مرواری دەبریسکایەوە. هەوێردەکە بۆ ساتێك بێدەنگ بوو. بەڵام پێش ئەوەی ئەو گیایانەی کە لە ژێر پێی ئەکسینیادا، پایەماڵ بووبوون، هەستنەوە، هەوێردەکە جارێکی دی دەنگی لێ هەڵبڕی‌و مەلێکی جوان، کە لە گۆماوەکەوە هەستا بوو، بە دەنگێکی خەمناك وەڵامی دایەوە.

ئەکسینیا، بلوزەکەی‌و مەمکدانەکەی، کە ناڕەحەتیان دەکرد داکەندو، لاقی لێهەڵکردو تا ئەژنۆ خۆی بە ئاوە شیرتێنەکەی گۆلەکەدا کردو دەستی بە جل شۆردن کرد. مێش بە دەوریا دەخولانەوەو پێشکە بە گیزەگیز بەسەر سەریەوە کەپرۆکەیان دەبەست. بۆ ئەوەی پێشکەکان لە خۆی پاسبکات، بازووە گۆشتن‌و ئەسمەرەکانی، بە سەروچاوی خۆیدا هێنا. خەیاڵی گریگۆری‌و دوا شەڕیان، پێش ئەوەی بڕوات بۆ سەردانی سریەکەی، بۆ یەك دەم ڕەهای نەدەکرد. "ڕەنگە ئێستا لە من بگەڕێت!" لە دڵی خۆیدا، بە عەزمی جەزمەوە گوتی: "ئەمشەو دەگەڕێمەوە بۆ ڤیشنسکایا!".

کە بیری لە دیداری دووبارەی گریگۆری‌و ئاشت بوونەوەی زوو بە زوویان، دەکردەوە، بزەیەك کەوتە سەر لێوی.

سەیر بوو، ماوەیەك بوو، بێئەوەی بە خۆیشی بزانێت بۆ، هەرکاتێ کە بیری لە گریگۆری دەکردەوە، سەروسیمای واقیعی ئەوی نەدەهاتەوە بەرچاو. سەیر بوو، ئەوەی دەهاتە بەر چاوی ئەم گریگۆریەی ئێستا نەبوو (ئەم قۆزاقە زەلامە سەرقاڵە، نەبوو، کە لە بۆتەی ژیاندا قاڵ بوو بووەوە، دنیای جەڕباندبوو، چاوەکانی لە ماندوویەتیدا، وێك هاتبوونەوە، کە سەری سمێڵە رەشەکانی سووریان دەکردەوەو داوێن سپی پێشوەختە کەوتبوونە لاجانگەکانی، نێوچەوانی چرچی تێکەوتبوو، نیشانەی مەینەتیەکانی سالانی جەنگی پێوە دیار بوو) بەڵکو ئەوەی لەبەر چاوی بەرجەستە دەبوو گریشکا میلخوفەکەی جاران بوو، بە هەموو زبرییەکی گەنجانەوە، بە هەموو ناشیگەرییەکی تازە لاوانەوە، بە هەمان گەردنی پڕو جوانەوە، بە هەمان دەم‌و لێوی هەمیشە خەندانەوە.

ئەکسینیا، هەستی دەکرد ئەشق‌و ڤیانێکی گەورەتر لە جاران‌و میهرو مەحەبەتێکی تەقریبەن دایکانەی بەرانبەری هەیە.

بەو جۆرە، لە کاتێکا زۆر بە ڕوونی، هەموو هێڵەکانی سەرو ڕووی ئازیزی، لە یادگەی خۆیدا بەرجەستە کردەوە، هەناسەی سوار بوو، بزەیەکی بۆ کرد، قەدی ڕاست کردەوە، کراسی مێردەکەی، کە هێشتا لە شتنی نەبوو بووەوە نایە ژێر پێی و هەستی کرد گریانێکی چاوەنوار نەکراوو لەزەتبەخش گەرووی گرت و لە دڵی خۆیدا گوتی:

– بە نەعلەت بی گریگۆری، بۆ هەتا هەتایە لە دڵما جێی خۆت کردووەتەوە.

بە گریانەکە، دڵی ئیسراحەتی کرد، بەڵام دنیای شینباوی بەرەبەیانی دەوروبەری،کاڵ بووەوەو ڕەنگی خۆی بوارد، بە پشتی دەستی سەر گۆناکانی سڕی. قژەکەی لە سەر هەنیە نمسارەکەی لاداو ماوەیەکی زۆر، بێئەوەی بیر لە هیچ بکاتەوە، ڕوانیە ئەو بێچووە ماسیگرە بۆرەقنەیەی کە بەسەر ئاوەکەدا دادەخزی و لە ئاوریشمی پەمەیی ئەو تەمەدا کە بایەکە لوولی دەدا، ون دەبوو.

لە شۆردنی جلەکان بووەوە، لەسەر دەوەنەکان هەڵیخستن و بۆ پەناگایەکە گەڕایەوە.

خریستونیا، کە لە خەو ڕابووبوو، لەبەر دەرکی پەناگایەکەدا دانیشتبوو و قامکە خوارو خێچەکانی پێی دەجولاند، هەوڵی دەدا، ستیپان، کە لەسەر پەتۆیەك ڕاکشا بوو و بە بێدەنگی سیغاری دەکێشاو خۆی لە وەڵامی پرسیارەکانی ئەو دەدزییەوە، بێنێتە ئاخاوتن و قسان.

– یانی، بە ئەقڵی تۆ سوورەکان لە ئاوەکە ناپەڕنەوە بۆ ئەمبەر؟ بزانم وەڵام نادەیەوە؟ دەی وەڵام مەدەوە! من پێموایە هەوڵدەدەن لە بوارەکانەوە بپەڕنەوە... چونکە هیچ شوێنێکی دیکە نییە کە بە مەلە لێی بپەڕنەوە، بۆچی قسە ناکەیت ستیپان؟ پێدەچێ شەڕەکە لە ئێمە نزیك ببێتەوەو تۆش وەکو کۆتەرە دارێك لێی کەوتوویت!

ستیپان، تەکانێکی دا، کەمێك خۆی بەرز کردەوەو بە پەستی بەرسڤی دایەوە:

– ئەرێ بۆچی بە منەوە گرتووتە؟ کە خەڵکانێکی نالەبارو سەخیفن! وا دەبینن ژنەکەم هاتووە بۆ لام و، تۆش گەنم گردی لە پرسیارانم دەگریت... ماوەی پیاو نادەن دوو قسە لە گەڵ ژنەکەیدا بکات.

خریستونیا، بە ناڕەزاییەوە لە جێی خۆی هەستا، پێیە خاوسەکانی کرد بە پێڵاوە پاژنە سواوەکانیا:

– تەمەشای من بکە، کێم بۆ قسەکردن و گفتوگۆ دۆزیوەتەوە!

لە پەناگایەکە وەدەرکەوت، سەری بە توندی دای لە داری سەر دەریەکەو ئازارێکی زۆری گەیی.

ستیپان پێشنیازی کرد:

– تا لێرە بین نایەڵن دوو قسان پێکەوە بکەین، با بڕۆین بۆ ناو بێشەکە.

بێئەوەی چاوەڕوانی ڕەزامەندی ئەکسینیا بکات، لە پەناگایەکە وەدەرکەوت. ئەکسینیاش، گوێڕایەڵانە دوای کەوت. پاشان، دوای نیوەڕۆ بۆ پەناگایەکە گەڕانەوە. هەندێ لە قۆزاقانی ڕەعیلی دووەم کە لە ژێر سێبەری سپیدارێکدا، ئیسراحەتیان دەکرد، کە چاویان بە ئەکسینیاو ستیپان کەوت، وەرەقەکانیان نا بەلاوەو بێدەنگ بوون و لە بەینی خۆیاندا چاویان لێکدی دادەگرت و پێدەکەنین و ئاهیان هەڵدەکێشا.

ئەکسینیا، بە دەم لێو هەڵقورتانەوە بە بەردەمیاندا ڕەت بوو، بە دەم ڕێکردنەوە، لەچکەکەی کە پەراوێزێکی تۆڕی سپی پێوە بوو و گرمۆڵە بوو بوو، لە سەریا چاك کردەوە. پیاوەکان، بێهیچ تانەو تەشەرێك ڕێیان بۆ کردەوە کە تێپەڕێت، بەڵام ستیپان کە لە دوای ئەوەوە ڕێی دەکرد، هەر کە گەییە ئاستی ئەوان، ئانیکوشکا هەستاو لە جماتەکەی دوورکەوتەوەو بە ڕێزێکی دەستکردەوە، کڕنۆشێکی خەستو خۆڵی بۆ ستیپان بردو بە دەنگی بەرز گوتی:

– ڕۆژوو تەواو!، پیرۆزبایی جەژنت لێدەکەم.

ستیپان، بزەیەکی بۆ کرد، خۆشحاڵ بوو بەوەی کە قۆزاقەکان دیتیان، دەگەڵ ژنەکەیا، لە بێشەکەوە دەگەڕایەوە، چونکە ئەمە، دەبووە مایەی ئەوەی، ئەو دەنگۆیەی کە گوایە لەگەڵ ئەکسینیادا بەینیان ناخۆشە، بڕەوێتەوە. تەنانەت بە خۆشحاڵیەکی منداڵانەوە شانەکانی هەڵتەکاندنو بە سەرو ڕوویەکی لە خۆ ڕازییەوە، پشتی خۆی نیشاندان کە کراسەکەی هێشتا تەڕ بوو.

قۆزاقەکان کە ئەم ڕەفتاری ستیپانیان بینی، چەشە بوونو لە قاقای پێکەنینیان داو کەوتنە تەشەرو تەوسو توانجان.

– کوڕینە، ئەوەیە ژن. کراسەکەی ستیپان بە ڕادەیەك لە ئارەقەدا هەڵکشاوە دەبێ بیگوشیت... بە شانو شەپیلکیەوە نووساوە.

– وەهای ڕەتاندووە، ئارەقە لە سەراپای دەچۆڕێ.

گەنجێك کە بە چاوانی تەم گرتەو ستایش ئامێزەوە، ئەکسینیای تا بەر دەرکی پەناگایەکە بەڕێ کردبوو، بە سەرسامی خۆی دا بە عاردیدا و گوتی:

– تەحا لەو جوانیە، لە سەرانسەری دنیادا بگەڕێی جوانی وا پەیدا ناکەیت. ماشەڵلا لە کاری خوا.

بەڵام ئانیکوشکا، ئاقڵانە ئیرادی لێگرتو گوتی:

– هیچ هەوڵت داوە بۆی بگەڕێی؟

ئەکسینیا، کە بە بیستنی ئەو تەشەرە بازاڕیانە، ڕەنگی کەمێك تێك چووبوو، خۆی بە پەناگایەکەدا کرد. هەم بە هۆی ئەو نزیکییەوە کە لەگەڵ مێردەکەیدا کردبوویو هەم بە هۆی قسەو تەشەرە بێتامو بازاڕییەکانی قۆزاقەکان، چارەی گرژ بوو بوو و نەفرەتو بێزاری لێدەباری. ستیپان یەکسەر پەی بە دۆخی دەروونی ئەو بردو بە زمانێکی نەرمو ئاشتیانە گوتی:

– کسیوشا، لە قسەی ئەم ئەسپە هاڕوژاوانە زویر مەبە، تاقەتیان چووە، نازانن لە بێتاقەتیدا چ بکەن.

ئەکسینیا، لە کاتێکدا دەستی خستبووە ناو کیسە چکۆلەکەی خۆی و ئەو شتانەی لێدەردێنا کە بۆ مێردەکەی هێنا بوونی، بە دەنگێکی نزم وەڵامی دایەوە:

– نا، لە کەس زویر نیم...

ئەوسا، دەنگی نزمتر کردو لە سەری ڕۆیی:

– ... دەبێ لە خۆم زویر بم، بەڵام تاقەتی ئەم کارەشم نییە...

ئیدی لەوە دەچوو هیچیان پێ نەبێ باسی بکەن. دوای دە دەقیقەیەك، زیاتر کەمتر، ئەکسینیا هەستاو لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئێستا پێی دەڵێم، کە بۆ ڤیشنسکایا دەگەڕێمەوە" بەڵام یەکسەر بیری کەوتەوە کە هێشتا جلە شۆراوو هەڵخراوەکانی کۆنەکردووەتەوە. لەبەر دەرکی پەناگایەکە دانیشتو ماوەیەکی زۆری بە دەم دورینەوەو پینەکردنی کراسو دەرپێو پانتۆڵەکانی مێردەکەیەوە، کە ئارەقە دای رزاند بوون، بە سەر برد. پەیتا پەیتا سەیری هەتاوی دەکرد کە لە نیوەڕۆ تێپەڕی بوو و بەرەو رۆژاوا دەڕۆیی.

لەگەڵ ئەوەشا، ئەو ڕۆژە سەفەری نەکرد، زاتی بڕیاردانی نەبوو بوو. بەڵام بۆ بەیانی، هەرکە رۆژ هەڵات کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ سەفەر. ستێپان هەوڵیدا سەفەر نەکات، تکای لێکرد کە ڕۆژێکی دیکەش بمێنێتەوە، بەڵام بە جۆرێ تکایەکەی ڕەفزکرد، کە ستێپان، لەوەی پتر پێداگری نەکات. بەوەندە وازی هێنا کە بەر لەوەی بکەوێتە ڕێ لێی بپرسێت:

– بە نیازی لە ڤیشنسکایا بمێنیتەوە؟

– بەڵێ، جارێ دەمێنمەوە، بە تایبەتی لەم زروفەدا.

– باشە، ئەگەر لێرە، لەگەڵ مندا بمێنیتەوە باشتر نییە؟

– ماقووڵ نیە لێرە بمێنمەوە،.. لە نێو ئەم قۆزاقانە...

ستێپان، قسەکەی سەلماند:

– هەق بە تۆیە...

بەڵام زۆر بە ساردی خوا حافیزی لێکرد.

بایەکی توندی لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەهات. بەڵام چونکە لە دوورەوە دەهات، وەك بڵێی ماندوو بووبێ، لە نیوە شەوا خستی، بەڵام دەمەو بەیان هەڵیکردەوەو گڕەو گەرمای بیابانەکانی ئەوبەری خەزەری لە گەڵ خۆیدا هێنا، کە بەسەر سەوزەزارو مێرگوزارەکانی بەستێنی چەپی دۆندا تێدەپەڕی، ئاونگی سەر ڕوەك و گیاکانی وشك دەکردەوە، تەم و مژەکەی دەڕەواندەوە، قەد پاڵو ترۆپکی قسڵینی تەپەکانی (گرد) ڕەخی دۆنی، لە بوخارو هەڵمێکی پەمەیی خنکێنەردا نقوم دەکرد.

ئەکسینیا، پێڵاوەکانی داکەندو بە دەستی چەپ چمکی تەنوورەکەی هەڵکرد (هێشتا خوناو بە سەر گیاو ڕوەکی جەنگەڵەکەوە مابوو) بە هەنگاوی سووك، بە کوێرە ڕێگایەکی جەنگەڵیدا کەوتە ڕێ. زەویە نمدارەکە پێیە رووتەکانی،ختووکە دەداو فێنکی دەکردنەوە. زۆری لە گیان خۆشبوو، بایە وشکەکە، بە تاسەوە لە گەردنی دەداو بەلەکە گۆشتنەکانی ختووکە دەدا. کە گەییە تەختانیەکی ڕووتەن، لە پاڵ پنچە نەستەرەنێکی چڕە شکۆفەدا دانیشت تا نەفەسێك تازە بکاتەوە. لە شوێنێکی نزیکی ئەوەوە، مراویانی کێوی لە قوڕپی و گۆلاوێکا کە هێشتا وشکی نەکردبوو، لە نێو نەیجەزاوەکەدا مەلەیان دەکرد. قازە نێرەیەك، بە دەنگێکی گڕ، مێیەکەی خۆی بانگدەکرد. لەوبەری دۆنەوە، دەنگی دەسترێژی ڕەشاشان بە خاوی، بەڵام بە بەردەوامی دەهات. ناو بە ناو، دووراو دوور، دەنگی تۆپ دەهات. دەنگی تەقینەوەی گوللە هاوەن لەم بەری روبارەکەوە، بە ئاستەم دەنگی دەدایەوە.

ئەوسا دەنگی تەق و تۆق برا، زەوی بە دەم هەموو نەوا نهێنییەکانیەوە لە بەردەم ئەکسینیادا کرایەوە: گەڵای سەوزی قەراخ سپی دارەوەن، گەڵای زمانە مەلچیك، گەڵای ئەستووری دار بەڕوو بە دەم بایەکەوە دەلەرییەوەو دەکەوتە خشەخش و زەمزەمە. لە نێو بڕە سپیدارێکەوە زەمزەیەکی یەکنەوا دەهاتە گوێ: کوکوختییەك لە دووری دوورەوە بە دەنگێکی گۆنگ و غەمگین دەیخوێندو پێشبینی پاشماوەی تەمەنی کەسێکی نادیاری دەکرد. مەلێکی جوانی کاکۆڵدار، بەسەر گۆماوێکی بچووکدا بە دەم فڕینەوە و بەردەوام ئەم پرسیارەی دووبارە دەکردەوە: "کێی تۆ؟ کێی؟" تەیرێکی چکۆلەی بۆرەقنە لە دوو مەتری ئەکسینیادا نیشتەوەو کەوتە ئاو خواردنەوە لە چاڵێکی سەر ڕێگاکەدا، بەدەم ئاو خواردنەوەوە، بەلەزەتەوە چاوی دەنوقاندو سەرە چکۆلەکەی دەبردە دواوە. هەنگی درشتی مەخمەلی تەپوتۆزاوی گیزەگیزیان دەکرد، هەنگی کێوی، بەسەر تاجێن گوڵی کێویدا دەنیشتنەوەو پاشان هەڵدەفڕین، بە دەسکەوتی بۆنخۆشی خۆیانەوە، خۆیان بە کلۆری فێنکی دارو درەختاندا دەکرد، لق و پۆپی سپێدارێك دڵۆپ دڵۆپ شیلەی لێدەتکا. بۆنی توندو تفتی گەڵای رزیوی پار، لە ژێر پنچە دڕویەکەوە دەهات.

ئەکسینیا، بەبێ جوڵە دانیشتبوو و بۆنی جۆراو جۆری لێرەوارەکەی هەڵدەمژی و تێر نەدەبوو. جەنگەڵەکە سەرڕێژ بوو لە نەوایێن سەیرو جۆراو جۆر، ژیانێکی گەرم و گوڕو سادەو بێپرتوشی لێ هەڵدەقولا. خاکی پانتاییە ڕووتەنەکانی ناو دارستانەکە تەڕبوو، چەمەن و سەوزەزارەکەی، پاراوی ئاوی بەهار بوو، هێندەی گوڵ و گیای جۆراو جۆر لە خۆ گرتبوو، کە چاوانی ئەکسینیا کەوتبوونە ڕێشکەو پێشکەو لە تەمەشایان تێر نەدەبوو.

بزەیەك کەوتە سەر لێوی، بە بێدەنگی لێوەکانی دەجوڵاند، بە پارێزەوە دەستی بردو دەستی بە سەر ساقەتەی چەند گوڵێکی چکۆلەی شینباودا هێنا کە ناوی نەدەزانین، ئەوسا سینگ و بەرۆکی، کە بەرەو قەڵەوی دەچوو، دانەواندەوە تا بۆنیان بکات، لە پڕ بۆنی ئارەزوو بزوێنی گوڵە زەمەقی بەسەرا هات، ئەوسا بە لەپە کوتێ بۆی گەڕاو دۆزییەوە. لە ژێر دەوەنێکا، دەوەنێکی پڕ سێبەرا، پنچە زەمەقێك ڕوا بوو. گەڵا پانەکانی کە بەرەو زەردی دەڕۆیی، بە دڵسۆزییەوە، ساقەتە چکۆلە چەماوەکەی، کە گوڵێن سپی بەفر ئاسای عەینی جامی سەرەو خوار، هەڵگرتبوو، لە هەتاو دەپاراست. بەڵام گەڵاکان کە ئاونگ و پەڵەێن زەرد دای پۆشی بوون، ژاکابوون و لە گیانەڵڵادا بوون، لەوە دەچوو، مەرگ لە گوڵەکانیش نزیك بووبێتەوە: دوو جامی زێڕین ژاکا بوون و چرمسی بوون و تەنیا ئەوە بەسەر ترۆپکی ساقەتەکەوە بوو و (فرمێسکی گەشی شەونم دای پۆشی بوو) لە ناکاوا، لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا، بریسکایەوە، هێندە سپی بوو، ئاوی چاوی دەبرد.

ئەکسینیا، کە لەو ساتە کورتەدا، لە پشت پەردەی فرمێسکەوە دەیڕوانیە ئەو گوڵە، بێئەوەی بەخۆ بحەسێت، شریتی عومری درێژو ناشادی خۆی هاتەوە بەرچاو، بەڵێ، دیاربوو کە ئەکسینیا بەرەو پیری دەڕۆیی... دەنا، ماقووڵە، ژنێکی هێشتا گەنج بەدەم هەر بیرەوەریەکی ڕێکەوتەکیا کە دڵی بگوشێت، ئەوە هەموو فرمێسکە برێژێت؟

ئەکسینیا، بەو حاڵەوە، بە چاوانی تەژی ڕوندکەوە، بە دەما ڕاکشاو خەوی لێکەوت. دەموچاوی کە لە فرمێسکا هەڵکشا بوو، خستبووە ناو هەردوو دەستی، گۆناگۆشتن و تەڕەکانی نابووە سەر لەچکەکەی کە گرمۆڵە بوو بوو.

بایەکی توندی دەهات و، ترۆپکی سپیدارو داربیەکانی بەرەو ڕۆژئاوا خوار دەکردەوە. قەدی ڕەنگ زەردی، زمانە چۆڵەکەیەك بە دەم بایەکەوە، لە نێو شەپۆلی چڕە گەڵاکانی خۆیا سەمای دەکرد. بایەکە دەهاتە خوارترەوەو هێرشی بۆ ئەو بنە نەستەرەنە دێنا کە ئەکسینیا لە ژێریا نووستبوو و گەڵاکانی وەکو پۆلە مەلێکی سەوزی ئەفسانەیی و ترساو، بە دەم هەراو زەنایەکی پڕ نیگەرانیەوە دەچوون بە ئاسمانداو ئەوسا پەڕەی گوڵەکان وەکو پەڕ دەوەرین، ئەکسینیا لە ژێر ئەم بارانی گەڵاو گوڵە نەستەرەنە پەژموردانەدا خەوتبوو، نە گوێی لە ژاوە ژاوی خەمناکی بێشەکە بوو، نە لە ڕمب و هۆڕو گرمەی مەرتەلۆزان کە لەوبەری ڕووبارەکەوە، سەر لە نوێ دەستی پێکردبووەوە. هەروەها هەستی بە گەرمای هەتاوەکە، کە گەیی بووە نیوەڕۆ، لە سەرو رووی ئەوی دەدا، نەدەکرد. بەڵام کە گوێی بە دەنگێکی بەشەری و پڕموهۆڕی ئەسپێك،کە بە دیار سەریەوە، زرینگایەوە، بێدار بووەوەو بەگورجی ڕاپەڕی و دانیشت.

قۆزاقێکی گەنجی، سمێڵ زەردی دان سپی بە دیارییەوە وەستا بوو و جڵەوی ئەسپێکی زینکراوی دەمو قەپۆز سپی، بە دەستەوە بوو. بزەیەك بە سەر لێوانیەوە بوو، شانەکانی دەجوڵاندن و پێی بە عاردیدا دەداو بە دەنگێکی بەرزی، کەمێك کەرخ گۆرانیەکی شادی دەگوت:

لە عاردی کەوتووم
بەم لاو بەولادا چاو دەگێڕم
نە لەم لا
نە لەو لا
کەسێك نییە دەست بداتە باڵم
ئاوڕێك دەدەمەوە
قۆزاقیێ ها لە پشتمەوە.

ئەکسینیا، بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

– خۆم هەڵدەستم.

بە گورجی هەستاو، تەنورە چرچ و لۆچەکەی ڕێکخستەوە. یارۆی قۆزاقی رووخۆش گوتی:

– سڵاو، نازەنین! پێیە چکۆلەکانت توانای ڕێکردنیان نەبوو، یان تەمەڵی گرتیتی؟

ئەکسینیا، بە شەرمێکەوە وەڵامی دایەوە:

– خەوم لێکەوت.

– بۆ ڤیشنسکایا دەڕۆیت؟

– بەڵێ!

– دەتەویێ بۆ ئەوێت بەرم؟

– چۆنی؟

– تۆ بە سواری ئەسپەکەو من بەپێ، پاداشتەکەشم...

قۆزاقەکە، بە ڕووخۆشی، چاوێکی بە ماناوەی لێداگرت.

– نەخێر، سواری ئەسپی خۆت بەو خوات لەگەڵ، من بە پێی خۆم دەڕۆم.

بەڵام قۆزاقەکە دەریخست کە لە کاری ئاشقێنیدا، کەسێکی کارامە و بە ئەزموون و سەرسەخت و کۆڵنەدەرە. بەڵام کە بینی ئەکسینیا مژوولی چاك کردنی لەچکەکەیەتی، فرسەتی هێناو باسکە کورت و بە هێزەکانی لە قەدی ئالاندو بەرەو خۆی ڕایکێشاو ویستی ڕایموسێت. ئەکسینیا هاواری کرد:

– کەر مەبە!

ئەکسینیا، تا توانی ئانیشکێکی کێشا بە سەری کەپوویدا، یارۆی قۆزاق چاوە خەندانەکانی هێنانەوە یەك و، بە سمێڵەکانی گەردنی ئەکسینیای ختوکە دەدا، لە بن لێوانەوە گوتی:

– گیانەکەم، خۆت گران مەگرە! ئەم هەلە لە دەست مەدە! تەمەشا دەوروبەرمان چ بەهەشتێکە!... هەموو بوونەوەرانی خوا، لەگەڵ جووتی خۆدان... دەی با ئێمەش شوێنێ بدۆزینەوە، پێکەوە جووت ببین و، مومارەسەی گوناهێك بکەین.

ئەکسینیا، دەستی هێنانە پێشی و، بێ تورە بوونێکی زۆر، بە هەردوو دەستی، بە هەموو هێزی خۆیەوە، پاڵێکی بە دەموچاوە ئەسمەرە ئارەقاویەکەی یارۆی قۆزاقەوە ناو هەوڵیدا تا خۆی لە دەستی رزگار بکات. بەڵام قۆزاقەکە توند گرتبووی. ئەکسینیا بە هانکە هانك دەیگوت:

– گەوجە، من نەخۆشیەکی خراپم هەیە... بەرم بدە.

وای هەست دەکرد، دەتوانێ بەم فێڵ و بیانووە منداڵانەیە، خۆی لە دەستی رزگار بکات. بەڵام قۆزاقەکە لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئاە!... با بزانین نەخۆشی کێمان کۆنترە؟

لە ناکاوا، سووکێ ئەکسینیای بەرز کردەوە، ئەکسینیا پەی بەوە برد کە مەسەلەکە لە شۆخی دەرچووەو خەریکە کار لە کار دەترازێ، بۆیە کۆڵە مستی گوشی و تا هێز لە بازوویدا بوو یەکێکی کێشا بە سەر کەپووە تاوەسووتەکەی کابرادا و توانی خۆی لە نێو بازووەکانیا دەربێنێ.

– من ژنی گریگۆری میخلیخوفم. نەخەڵەتابی لێم بێیتە پێشەوە دایك حیز... پێی دەڵێم و هەنگێ خۆت دەبینیتەوە.

ئەکسینیا کە هەستی کرد هەڕەشەکانی بێفایدەیە، دەستی دایە تێلایەکی وشکی ئەستوور. بەڵام قۆزاقەکە لە پڕێکا سارد بووەوەو ئەوسا بە سەری قۆڵی کراسە خاکیەکەی کەوتە سڕینی ئەو خوێنە زۆرەی کە لە هەردوو کونە کەپوویەوە دەڕژایە سەر سمێڵی، بە دەنگێکی تووڕەی پەشیمانەوە گوتی:

– ئاخر هەی ژنکۆکەی نەفام، بۆچی زووتر قسەت نەکرد؟

تەمەشا ئەم هەموو خوێنە! وەك بڵێی ئەو خوێنەی لە شەڕی دژمنا دەیڕێژین بەس نەبێ، نۆرەی ژنە قۆزاقی خۆ وڵاتیە خوێنمان بڕێژن...

له پڕ، چارەی گرژ بوو و خەم دایگرت. له کاتێکا له گۆلاوێکی کەنار جادەکەدا، خەریك بوو، دەم‌و لووتی خوێناوی خۆی دەشت، ئەکسینیا به هەشتاو له ڕێگاکە دوور کەوتەوەو مەیدانه ڕووتەنەکەی بەجێهێشت. دوای پێنج دەقیقه قۆزاقەکە گەییە ئاستی، به گۆشەی چاو نیگایەکی کردو به بێدەنگی بزەیەکی بۆ کردو قایشی تفەنگەکەی له شانی توند کردو ئەسپەکەی تاوداو دوور کەوتەوە.

((٢))

ئەو شەوە، له نزیکی گوندی (مالی گرۆمچۆنۆکدا)، کەتیبەیەکی سوور، به کەڵەکی له دارو تەختە دروستکراو، له دۆن پەڕییەوە. سریەی گروموك غافڵگیر بوو، چونکه زۆربەی قۆزاقەکان ئەو شەوە سەرگەرمی خواردنەوەو عەیش‌و نۆش بوون، هەر له ئێوارەوە ژنان هاتبوونه دیدەنی مێردەکانیان‌و خۆراك‌و ڤۆدگایان له قەڕابەدا بۆ هێنا بوون. ئیدی له نیوەشەوا هەر هەموویان مەست‌و سەرخۆش بوون. ئیدی له پەناگاکانەوە دەنگی گۆرانی‌و بەزمی ژنانی سەرخۆش‌و قاقای پێکەنین‌و فیکەکێشانی پیاوان، دنیای هەڵگرتبوو... ئەو بیست قۆزاقەش که بۆ نیگابانی پاسگاکه دانرا بوون، پاسگاکەیان به ڕەشاشێکەوە ڕادەستی دوو ڕەشاشچی کردبوو به سەتڵێ ڤۆدگاوەو به خۆیان هاتبوونه خوارەوەو لەم بەزمی مەینۆشیەدا بەشدار بوو بوون.

ئیدی ئەو کەڵەکانەی که سەربازە سوورەکانیان هەڵگرتبوو، بەوپەڕی بێدەنگی، له ڕەخی ڕاستی دۆنەوە پەڕی بوونەوە.

سوورەکان هەرکه له ڕوبارەکه دەپەڕنەوە، به یەك ڕیزو بێ کەمترین ورتەو سرتە، بەرەو پەناگاکان، که نزیکەی دوو سەد شەقاوێك له ڕوبارەکەوە دوور دەبن، دادەکشێن.

مەفرەزەی ئەندازیارانی سوورەکان، که کەڵەکەکانیان دروستکردبوو، به پەله به هەمان ئەو کەڵەکانه گەڕابوونەوە، تا گروپێکی سووری دیکه، که چاوەڕوانی پەڕینەوە بوون، لەگەڵ خۆدا بێنن. ئیدی به درێژایی نزیکەی پێنج دەقیقەیەك له بەری چەپی ڕوبارەکەدا، جگه له دەنگی گەڕەلاوژەی قۆزاقەکان، هیچ دەنگێکی دیکه نەدەهات. پاشان نارنجۆکێن دەستی کەوتنه تەقینەوەو دەنگی دەستڕێژی ڕەشاشێك بەرز بووەوە، له هەمان کاتدا دەنگی دەستڕێژی پچڕی پچڕی تفەنگ‌و نەعرەتەی شەڕ: "هوراا! هوڕراا! هوڕاا" خامۆشی شەوە تاریکەکەی شڵەقاند.

ئیدی سریەی قۆزاقانی گروموك: به گوێ پچڕ گوێ پچڕ له نابووتی تەواوەتی رزگار بوو، ئیدی خۆیان‌و بەختیان دنیا زۆر تاریك بوو، تاقیب کردن‌و دووکەوتنیان کارێکی ئاسان نەبوو. شەرڤانانی گروموك، زیانی گیانی کەمیان لێکەوتبوو، به شپرزەیی و پەریشانی به ناو مێرگوزارو دەشتەکان کەوتبوون‌و بەرەو ڤیشنسکایا هەڵدەهاتن. لەم بەینەدا کەڵەکەکان، دەستەی تازەی سەربازانی سووریان له کەناری ڕاستەوە دەپەڕانەوەو بۆ ئەم بەریان دەگواستنەوە. نیو سریەی فەوجی یەکەمی کەتیبەی سەدو یازدە، لەم کاتەدا، به تفەنگی ڕەشاشەوە، کەوتبوونه هێرش بۆ سەر کەرتی سریەی یاخییانی بازکی.

هێزی پشتیوان‌و هیمدادیش، لەم کەلێن‌و درزەوە کە خرا بووە جەبهەکە، پەیتا پەیتا دەهاتن، بەڵام پێشڕەوییەکەیان تا ڕادەیەکی زۆر خاو بوو، چونکە هیچ یەکێك لە سوورەکان شارەزای ئەو ناوچەیە نەبوو و هیچ یەکەیەکیش، دەلیل‌و ڕێنمای لەگەڵدا نەبوو. بۆیە خوا بەختەکی ملیان دەناو بەو تاریکە شەوە دەکەوتنە ئەو گۆلاوە قووڵانەوە کە لافاوی بەهار پڕی کرد بوون‌و مەحاڵ بوو بواری پەڕینەوەیان بدات.

فەرماندەی ئەو فەوجەی کە ڕێبەری هێرشەکەی دەکرد، بۆ ئەوەی دەرفەتی کۆکردنەوەی هێزە پشتیوانەکان برەخسێت‌و هێزەکانی خۆی لەسەر ڕێگای ڤیشنسکایا کۆ بکاتەوەو دوای کێومالّی تۆپخانە، سەر لە نوێ دەست بە هێرش بکاتەوە، بڕیاری دا تا ڕۆژ دەبێتەوە، هێرشەکە بۆ سەر دوژمن ڕابگرێت.

بەڵام لەم کاتەدا، لە ڤیشنسکایاوە، نەخشەی فەوری بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە سوورەکان خستبوویانە بەرەی یاخییەکان، داڕێژرا. هەرکە پەیکێکی قۆزاق، بە هەڵەداوان بە سواری ئەسپەکەی گەییە ڤیشنسکایاو هەواڵی هێنا کە سوورەکان لە ڕووبارەکە پەڕیوونەتەوە، ئەفسەری بەرپرس لە بارەگای سەرکردایەتی، یەکسەر لە دووی کودینوف‌و میلیخوڤ نارد. سریەکانی کەتیبەی کارگینسکایا لە گوندەکانی چورنی‌و گوروخوفکاو دەبروفکاوە بانگکران، گریگۆری میلیخوف ئەرکی بەڕێوەبەری گشتی ئۆپەراسیۆنەکانی گرتە ئەستۆ. بە مەبەستی هێزکردنی قۆڵی چەپ‌و کۆمەککردنی سریەکانی تاتارسکی‌و لبیاژی، سێ سەد سواری بۆ ئیرنیسکی نارد تا هەرکاتێ دژمن بیەوێ ڤیشنسکایا لە سەمتی ڕۆژهەڵاتەوە گەمارۆ بدات، بتوانن لە هەنبەر گوشاری هێزی دژمنا، بەرگری بکەن‌و خۆ ڕابگرن. هەروەها بە مەبەستی یارمەتیدانی سریەی بازکی، لە پایینی ڕووبارەکەدا، فەوجی غەیرە قۆزاقی ڤیشنسکایاو یەکێك لە سریە پیادەکانی چیری نارد. هەروەها لەو قۆڵەوە کە مەترسی لەسەر بوو هەشت ڕەشاشی دانا، بە خۆیشی لە دەوروبەری سەعات دووی دوای نیوەشەوەوە لەگەڵ دوو سریەی سوارەدا، لە کەناری بێشەی گورلیدا چووە کەمینەوەو چاوەڕوانی دەکرد تا دنیا روناك ببێتەوەو بە هێزی سوارەوە پەلاماری دژمن بدات.

پەروین هێشتا ئاوا نەبوو بوو، فەوجی غەیرە قۆزاقی ڤیشنسکایا، بە نێو بێشەکەدا، بەرەو پێچی ڕووبارەکە کەوتە ڕێ، بەر لەوەی بگاتە بازکی، تووشی بوو بە تووشی قۆزاقانی بازکییەوە کە لە حاڵی پاشەکشەدا بوون، فەوجی ناوبراو، وایانزانی ئەمانە هێزی دژمنن، دوای دەستڕێژو تەقەکردنێکی کەم هەڵاتن. سەربازانی فەوجەکە بە مەلەکردن لەو دەریاچە بەرینەی کە ڤیشنسکایای لە پێچی ڕووبارەکە جیا دەکردەوە، پەڕینەوە، لە شپرزەیی و پەریشانی خۆیاندا، لە پەلەپەلیدا، پێڵاوو جلەکانیان لە کەناری دەریاچەکەدا بەجێهێشت. بەڵام زۆر زوو ئەم بەدی حاڵی بوون‌و هەڵەیە ئاشکرا بوو، بەڵام هەواڵی نزیك بوونەوەی سوورەکان لە ڤیشنسکایا، وەکو ئاگرێك بەربێتە پووش، بەو ئاوایە خێرا بڵاوبووەوە. ئەو ئاوارانەی کە لە ڤیشنسکایا خۆیان لە ژێر زەمینیان شاردبووەوە، بەرەو باکوور ڕەڤین‌و دەگەیینە هەرشوێنێ، ئەو بانگەشەیەیان

بڵاودەکردەوە کە سوورەکان، لە ڕوبارەکە پەڕیونەتەوە، کەلەبەریان خستووەتە شەرگەکەو حاڵی حازر بەرەو ڤیشنسکایا هێرش دێنن.

ڕۆژ تازە هەڵاتبوو کە گریگۆری هەواڵی هەڵاتنی فەوجە غەیرە قۆزاقیەکەی پێگەیی. گریگۆری بە چوار ناڵە بەرەو سەرووی دۆن ڕۆیی. سەربازانی فەوجەکە پەیان بە هەڵەکەی خۆیان بردبوو و بە دەم هەراو زەناوە، بەرەو سەنگەرەکانی خۆیان دەگەڕانەوە.

گریگۆری لە تاقمێکیان نزیك بووەوەو بە تەوس‌و تەشەرەوە پرسی:

– کاتێ کە لە دەریاچەکە پەڕینەوە زۆرتان لێخنکا؟

یەکێك لە پیادەکان کە سەراپای تەڕ بوو و بە دەم ڕێکردنەوە کراسەکەی دەگوشی، بە شەرمەزارییەوە بەرسڤی دایەوە.

– وەکو سۆنە ماسی مەلەمان دەکرد. ئیدی خنکانی چی؟...

یەکێکی دیکە کە تەنیا دەرپێیەکی لەبەرا بوو، بە توندی گوتی:

– هەموو کەس هەڵە دەکات. بەڵام ڕاستت دەوێ فەرماندەی ڕەعیلەکەمان لەزگ بوو بخنکێ. پێڵاوەکانی دانەکەند بوو: کردنەوەو داکەندنی بەلەك پێچەکانی کاتی زۆری دەویست. ئەوە بوو، بە پاو پێڵاوەوە دەستی بە مەلە کرد. ئیدی بۆ نەگبەتی بەلەك پێچەکانی لە ناو ئاوەکەدا کرا بوونەوەو لە لاقی ئاڵا بوون.... خۆزگە گوێت لە هاواری دەبوو! بڕوا بکە هاواری یەك فرسەخەڕێ دەڕۆیی! دڵنیام کە دەنگی هاواری دەگەییە ئیلانسکایا!.

گریگۆری، کرامسکوڤ فەرماندەی فەوجی ڤیشنسکایای دۆزییەوەو فەرمانی دایە کە شەرڤانەکانی خۆی بەرێتە نزیکی بێشەکەو لەوێندەر جێگیر بن، تا ئەگەر پێویستی کرد، لەلای خۆیانەوە هێرش بۆ سەر سەربازانی سوور بکەن. ئەوسا گریگۆری بۆ لای هەردوو سریەکەی خۆی گەڕایەوە.

گریگۆری، لە نیوەی ڕێگادا، تووشی تەتەرێکی بارەگای سەرکردایەتی بوو. تەتەرەکە ئەسپەکەی خۆی ڕاگرت، پیرە ئەسپ هانکە هانکی پێکەوتبوو، یارۆی تەتەر، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشاو گوتی:

– دنیات بە شوێنا گەڕام.

– خێرە؟ چی قەوماوە؟

– لە سەرکردایەتیەوە ڕایان سپاردوم، ئەوەت پێڕابگەیەنم، کە سریەی تاتارسکی سەنگەرەکانیان چۆڵ کردووە. ترساون کە گەمارۆ بدرێن،و حاڵی حازر خەریکن بەرەو دەشتە لمەڵانەکان پاشەکشە دەکەن.... کودینوف، بە خۆی داوای لێکردم کە پێت بڵێم بە پەلەو بێ دوا کەوتن، بڕۆیت بۆ ئەوێ.

گریگۆری، نیو ڕەعیلی لەو قۆزاقانەی کە ئەسپی خۆشبەزو ڕەهوانیان هەبوو کۆکردەوەو بە ناو بێشەکەدا دایکێشاو خۆی گەیاندە سەر جادە گشتییەکە. دوای بیست دەقیقەیەك کە بە چوار ناڵە ڕۆییشتن، خۆی‌و جماعەتەکەی گەیینە دەریاچەی گۆلی ئیلمەن. بەدەستی چەپیانا، چەکدارانی تاتارسکی، شپرزەو سەرگەردان، بە مێرگ‌و سەوزە زارەکاندا، هەڵدەهاتن. سەربازانی

جەنگدیدەی جەبهەی ئەڵمانو خەڵکانی بە ئەزموونو کارامە، ڕێك لە نزیکی دەریاچەکەدا، بە کاوەخۆ ڕێیان دەکردو خۆیان لە نێو قامیشەڵانی کەنارەکەدا دەشاردەوە. بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان، کە دیار بوو، خوا خوای ئەوەیان بوو، هەرچی زووترە خۆ بگەیەننە بێشەکە، ڕاستەو ڕاست بەرەو پێش دەڕەڤینو هیچ خەمی ئەوەیان نەبوو، کە ناو بە ناو، ڕەشاشێك، دەستڕێژێکی بەسەرا دەکردن.

گریگۆری کە لە تووڕەییدا چاوانی ئەبڵەق بوو بوون، هاواری کرد:

– دوایان بکەون! بە قامچی تێیان بەربن!

خۆی یەکەم کەس بوو بە سواری ئەسپەکەی و، بە چوار ناڵە، کەوتە تاقیبی، ڕۆڵەکانی گوندەکەی خۆی.

خریستونیا، بە کاوەخۆ، بەشەلە شەلو، بە شێوەیەکی یەجگار سەیر لە دوای هەموو جماعەتەکەیەوە ڕێی دەکرد. دوێنێ ئێوارە کە چوو بووە ڕاوە ماسی قامیشێك چوو بوو بە پاژنەی پێیدا، بۆیە نەیدەتوانی بە هەموو هێزی لاقە درێژەکانیەوە غار بدات. گریگۆری بە دەم قامچی بادانەوە گەییە سەری. خریستونیا، کە گوێی لە دەنگی سمی ئەسپەکەی بوو، ئاوڕێکی پاشی دایەوەو بە ئاشکرا پێی هەڵگرت. گریگۆری بێهودە هاواری بە سەریا دەکرد:

– بۆ کوێ دەڕۆیت؟ بوەستە!... بوەستە، پێت دەڵێم بوەستە!

لێ خریستونیا، نیازی وەستانی نەبوو. خێراتر ڕایدەکردو ڕاکردنەکەی زیاتر لە ڕاکردنی وشترێکی هەوسار پچڕیو دەچوو. هەنگێ گریگۆری، کە لە داخا شێت بوو بوو، بەدەنگێکی ترسناك جنێوێکی بازاڕی داو ئەسپەکەی دەنگ داو کە گەییە ئاستی خریستونیاو بە لەزەتەوە قامچیەکی خێوانده پشتە ئارەقاویەکەی. خریستونیا لە ڕێگاکە لایداو وەکو کەروێشکێك هەڵبەزێتەوە، بازێکی گەورەی داو لە سەر ئەرزەکە دانیشتو بە ئەسپایی کەوتە دەست هێنان بە پشتی خۆیدا.

ئەو قۆزاقانەی دی، کە دەگەڵ گریگۆریدا هاتبوون، بە سواری ئەسپەکانیان، پێشیان لە هەڵاتووەکان گرتەوەو بە بێئەوەی قامچیەکانیان بەکار بەرن، ڕایان دەگرتن.

گریگۆری بەدەم بادانی قەمچیە جوانەکەیەوە، بەدەنگی دلێر هاواری دەکرد:

– لێیان بدەن!... بەر قامچیان بدەن!...

ئەسپەکەی لە جێی خۆیدا دەخولایەوەو هەڵدەستایە سەر هەردوو پاشوو و جەنەی دەبەست. گریگۆری، بە زەحمەتێکی زۆر ڕامی کردەوە، ئەوسا بە تاو بەرەو پێشی هەڵاتووەکان ڕۆیی. لە چاو تروکانێکدا، ئەوەندەی بڵێی یەك‌و دوو ستیپان ستاخۆڤ بینی کە لەپاڵ دەوەنێکا وەستا بوو و بە کاوەخۆ بزەی دەهاتێ، هەروەها ئانیکوشکاشی بینی کە لە پێکەنینا دوو لۆ کۆما بووەوەو هەردوو دەستی لە شێوەی شەیپوردا نابوون بەملاو بەولای زاریەوەو بە دەنگە زیقاوڵە تیژە ژنانەکەی هاواری دەکرد:

– براینە! هەر کەسە فریای خۆی بکەوێ! سوورەکان!... ئەهای! بیانگرن!

گریگۆری، دوای پیاوێکی دی کەوت کە فەرەنجیەکی (کوڵەباڵ) لبادی لەبەر بوو و ڕای دەکرد ئەمما ڕاکردن، وا گوڕی بەستبووەوە بە تەمای وەستانەوە نەبوو. بەژن و باڵای لە پشتەوە زۆر ئاشنا دەهاتە بەرچاو. لێ گریگۆری دەرفەتی بیرکردنەوەی ئەوەی نەبوو کە بزانێ کێیە، لە دوورەوە بانگی لێکرد:

– بوەستە، حیزدایك! بوەستە، دەنا بە شمشێر لەتت دەکەم!

کابرای فەرەنجی لەبەر، لە ناکاوا خاوی کردەوەو ئەوسا وەستا. بە جوڵەیەکی تایبەتی، کە گریگۆری لە منداڵیەوە پێی ئاشنا بوو و نیشانەی ئەوپەڕی هەڵچوون و تووڕەیی بوو، ویستی ئاوڕ بداتەوە. گریگۆری پێش ئەوەی سەرو ڕووی ببینێ، شپرزەو پەریشان باوکی خۆی ناسییەوە.

گۆناکانی پانتلی پروکوفیوفیچ، لە تووڕەییدا دەلەرزین. بە دەنگێکی گڕ هاواری کرد:

– یانی، باوکت حیزدایکە، ها؟ دەتەوێ باوکت بە شمشێر بکەی بە دوو لەتەوە؟

گڕێکی شێتانە لە چاوانی دەبووەوە. ئەم تووڕەییە بەلای گریگۆرییەوە، هێندە ئاشنا بوو، کە تووڕەییەکەی خۆی یەکسەر نیشتەوە، بە توندی جڵەوی ئەسپەکەی خۆی ڕاکێشاو گوتی:

– لە پشتەوە نەمناسیتەوە. ئیدی ئەم بۆڵە بۆڵەی بۆچیە باوکە؟

– یانی چی، منت نەناسییەوە؟ بابی خۆت نەناسییەوە؟

نواندنی ئەم غرووره پیرانەیە هێندە بێ ماناو نابەجا بوو کە گریگۆری هێنایە پێکەنین و ئەسپەکەی چەند هەنگاوێك بردە پێشێ و بە دەم پێکەنینێکی ئاشتیخوازانەوە گوتی:

– تووڕە مەبە باوکە. تۆ فەرەنجیەکت لەبەر کردووە پێشتر شتی وام لەبەرتا نەدیتووە. وەکو ئەسپی ڕمبازی غارت دەداو تەنانەت شەلینشت پێوە دیار نەبوو. ئیدی لە کوێ بتناسمەوە؟

ئەمجارەش، وەکو هەموو جارەکانی، جارانی ماڵەوە، پانتلی پروکوفیوفیچ هێور بووەوەو بەدەم هانکە هانکەوە، بەڵام بە زمانێکی ئاشتیانە گوتی:

– نەهەقت نییە، ڕاست دەکەی ئەم فەرەنجیەی بەرم تازەیە. بە پۆستینەکەم گۆڕیمەوە. ئاخر پۆستین قورسە. سەبارەت بە شەلینەکەش، ئێستا کەی وەختی شەلینە!... مەرگ بەرۆکی گرتووم و تۆش باسی لاقی شەل دەکەی...

– نا، مەرگ هێشتا دوورە. بگەڕێوە باوکە. خۆ فیشەکەکانت فڕێ نەداوە؟

پیرەمێرد تووڕە بوو:

– بۆ کوێ بگەڕێمەوە؟

گریکۆری، ئەمجارەیان دەنگی بەرزکردەوە، لە کاتێکا تاکیدی لە سەر هەر وشەیەکی خۆی دەکرد، فرمانی دا:

– ئەمرت پێدەکەم کە بگەڕێیتەوە. سەرپێچی ئەمرو فرمانان لە مەیدانی جەنگدا، دەزانی بەپێی یاسا، سزاکەی چیە؟

ئەو قسانە کاریان تێکرد! پانتلی پروکوفیوفیچ، تفەنگەکەی لە شانی ڕێك خستەوەو بە نەبەدڵی گەڕایەوە. کە گەییە ئاستی پیرەمێردێکی دی کە لە خۆی هێدی تر دەڕۆیی، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– ئێی دنیا، دەبینی کوڕی ئەم زەمانە چۆنن! لە جیاتی حورمەتی بابی بگرێت، یان بۆ نموونە لە جەنگ مەعافی بکات (مەعاف: بەخشین) هەر بە خەیاڵیشیا نایەت، ڕاست دەینێرێت بۆ جەرگەی شەڕەکە... ئێی!... پیوتەری کوڕم، خودا ڕوحی بە بەهەشت شاد بکات، زۆر لەمە باشتر بوو. کوڕێکی هێمن بوو. بەڵام ئەم سەرشێتە، گریشکا، هەرچەندە فەرماندەی فیرقەیە، هەرچەندە لێهاتووەو ئەمەو ئەوە... کەسێکی توندە تەبیعەتە، توندوتیژە، وەکو ژیژك زوو هەڵدەچێت! بەم پیریەمەوە ئەگەر بیەوێ کۆمەکم بکات کە بچمە سەر موغەیریەکە بخەوم، بە درەوشەی پێنەدۆزان تێمەوە دەژەنێ.

گریگۆری، هەڵوێستەکەی بۆ پیاوانی تاتارسکی ڕوون کردەوەو بە ئاسانی هێنانیەوە ڕەدایە. گریگۆری لە ماوەیەکی کەمدا هەموو سریەکەی کۆکردەوەو بردنی بۆ شوێنێکی ئەمین. بێئەوەی لە ئەسپەکەی دابەزێت، زۆر بە کورتی، مەسەلەکەی بۆ ڕوون کردنەوە:

– سوورەکان لە دۆن پەڕیونەتەوە، بە تەمان ڤیشنسکایا بگرن.

شەڕ لە کەنارەکانی دۆندا دەستی پێکردووە. مەسەلەکە گاڵتە نییەو بۆیە هەڵاتن بێفایدەیە. ئەگەر جارێکی دی هەڵێن، ئەوا دەستوور بە سوارەکانی ئیرینسکی دەدەم کە وەکو خاین بتانکوژن.

ئەوسا چاوێکی بە ئاپۆرای پیاوانی گوندەکەی خۆیدا، کە هەر یەکەیان جۆرە جلێکی لەبەرا بوو، گێڕاو لە کۆتاییدا بە تەوس‌و توانجێکی ئاشکراوە گوتی:

– سریەکەتان، گەجەرو گوجەرێکی زۆری تیایەو ئەوانەن کە ترس‌و دڵەڕاوکێتان تیا بڵاودەکەنەوە. ئاخر بە ئێوەش دەگوترێ سەرباز! توخوا ئێوە قۆزاقن! هەڵاتن‌و شەرواڵەکانتان زەرد کرد. ئێوە، پیرە مێران، چاك تەمەشام بکەن، واوەیلا بە حاڵتان ئەگەر جارێکی دی هەڵێن، ئێوە بەخۆتان گوتووتانە شەڕ دەکەین، بۆیە بۆتان نییە، سەرتان لە ناو گەڵتان بنەن. هەر ئێستا ڕەعیلەکانتان ڕێك بخەنەوەو بەغار خۆ بگەیەننە ئەو دەوەنەجاڕەو لەوێوە بڕۆن بۆ ڕەخی دۆن! پاشان خۆ بگەیەننە سریەی سمنوڤکایا! لەگەڵ ئەواندا یەك بگرن‌و لە تەنیشتەوە هێرش بکەنە سەر سوورەکان. دەی هەڕەنەپێش! سینگتان دەرپەڕێنن!

دێهاتیانی تاتارسکی بە بێدەنگی گوێیان لە گریگۆری گرت‌و بێئەوەی هیچ شتێك بڵێن، بەرەو دەوەنەجاڕەکە کەوتنە ڕێ. پیرەمێردەکان، لەبەر خۆوە، نا ئومێدو داماو، دەیان پرتاندو دەیان بۆڵاندو ناو بە ناو ئاوڕی پاشەوەیان دەدایەوەو دەیانڕوانیە گریگۆری‌و قۆزاقەکانی هاوڕێی کە بە تاو دوور دەکەوتنەوە.

ئوبنیزوڤ پیر، کە بە تەنیشت پانتلی پروکوفیوفیچەوە دەڕۆیی، بە ستایشەوە گوتی:

– بە ڕاستی خواوەند کوڕێکی قارەمانی پێ بەخشیوویت! هەڵۆیەکە لەو گۆڕەی! چۆن قامچیەکی سرەواندە پشتی خریستونیا! یەکسەر هەموو شتەکانی هێنایەوە تایم.

قســەکانی ئــوبنیزوف، غــرووری باوکانــەی پــانتلی پروکوفیوفیچــیان هێنایــە جــۆش، ســەری ڕەزامەندی بۆلەقاندو گوتی:

– پێویست بەوە ناکات تۆ بە منی بناسێنی. هەموو دنیا بگەڕێی کوڕی وا نادۆزیتەوە. خۆ بە گاڵتە ئەو هەموو میداڵ و خاچەی بە بەرۆکا نەکراوە؟ پیوتەری ڕەحمەتی، خودا ڕوحی بە بەهەشت شاد بکات، هەرچەندە کوڕم بوو، کوڕی گەورەم، لە خوێنی من بوو، بەڵام وانەبوو. بێ ئەندازە هێمن بوو، نازانم، لە شتێکی کەم بوو، ئەوەی ڕاستی بێ تەبیعەتی ژنانە بوو. بەڵام ئەمەیان وەکو خۆمە! بگرە لە منیش چاو نەترسترە!

***

گریگۆری بە خۆو ئەو نیو ڕەعیلەی کە لەگەڵیا بوون، بەرەو بواری کالموکان ڕۆییشتن. گەیی بوونە بێشەیەک و وایان وێنا دەکرد کە گەییونەتە شوێنێکی ئەمین و بێترس. بەڵام لە ڕەبایەیەکی ئەو بەرەوە بەدی کرا بوون. لێیان کەوتنە تۆپباران، گوللە تۆپی یەکەم بە نێو لق و پۆپی کۆمەڵێك سپیدارا هات و لە بۆشاییەك و لە نێو زەلکاوێکدا کەوتەوەو نەتەقیەوە. بەڵام گوللە تۆپی دووەم لە نزیکی جادەکەداو لە ناو ڕەگ و ڕیشەی بە دەرەوەی سپیدارێکی پیرا کەوتەوەو گڕو بڵێسەو پارچەو گڵ و تویکڵەداری ڕزیو چوون بە ئاسمانا و بەسەر قۆزاقەکاندا کەوتنەوە.

گریگۆری، لەگەڵ دەنگی تەقینەوەکەدا، بە شێوەیەکی غەریزی دەستی گرتن بە چاویەوەو خۆی لە سەر زینەکە دانەواند. هەستی کرد شتێکی قورس و شێدار بەر کەفەڵی ئەسپەکەی کەوت.

تەقینەوەکە ئەرزەکەی لەراندەوە، ئەسپێن قۆزاقەکان هەموو پێکەوە، وەکو ئەوەی فەرمانیان پێکرا بێ، کەوتنە سەر چۆکان، پاشان هەستانەوەو بەرەو پێش هەڵیانکردە غاردان. بەڵام ئەسپەکەی گریگۆری بە قورسی هەستایەوە، پاشەو پاش ڕۆیی و بە ئەسپایی بەلادا کەوت. گریگۆری بە چاپوکی خۆی هەڵدایە سەر ئەرزەکەو خێرا هەوساری ئەسپەکەی گرت. لەم کاتەدا دوو گوللە هاوەنی دیکە بە سەریا تێپەڕین.ئەوسا خامۆشییەکی سوکنایی بەخش باڵی بەسەر هەموو بێشەکەدا کێشا. دووکەڵی باروت، لە سەر ڕوەك و سەوزەگیادا دەنیشتەوە، بۆنی گڵی تازە هەڵکەندراو و تەڵاشە دارو تەختەی نیمچە ڕزیو بەرز بووەوە، قەلان لە دوورەوە، لە ناو جەرگەی جەنگەڵەکەوە، بە نیگەرانیەوە دەیانقڕاند.

ئەسپەکەی گریگۆری کەوتبووە پرخە پرخ، لاقەکانی دواوەی بەرەبەرە دەنوشتانەوەو سست دەبوون، ددانە زەردەکانی، بەدەم ئازارەوە بە چیرەوە دەبرد، و ملی ڕادەکێشا. کەفێکی سپی، سووربا و، دەنیشتە سەر دەم و قەپۆزە مەخمەلیەکەی. جەستەی بە توندی ڕادەجفڕی و لەرزەیەکی سەیر لە ژێر پێستە سوورە تۆخەکەیەوە، شەپۆلی دەدا.

قۆزاقێك بە چوارناڵە خۆی گەیاندە گریگۆری و بە دەنگی بەرز پرسی:

– ئەو بەستەزمانە لێبووەوە؟

گریگۆری بەرسڤی نەدایەوە، چاوی لە دووڕ چاوانی ئەسپەکە بڕین کە بەرەو کوژانەوە دەچوون. تەنانەت تەمەشایەکی زامەکەشی نەکرد، تەنیا کاتێ لاکەوت کە ئەسپەکە، تەکانێکی گۆنگی دایەخۆو هەستایە سەرپێ و ئەوسا لە ناکاوا بە چۆکا هات و وەکو یەکێك کە خەتایەکی

کردبیٚ‌و تەوازی(عوزرخوایی) بۆ خاوەنەکەی بێنێتەوە، بەو ئاوایە سەری دانەواند. ئەسپەکە بەدەم سووکە ناڵەیەکەوە، بەلادا کەوت‌و جارێکی دی کەوتە هەوڵی ئەوەی کە سەربەرز بکاتەوە، بەڵام دیاربوو کە دوا چۆڕی هێزو توانای لێبڕا بوو. بەرە بەرە ڕاجفڕینەکەی خاو دەبووەوەو چاوەکانی دادەمرکانەوەو جواناو (ئارەقەی سەرەمەرگ) دەنیشتە سەر سەرو گەردنی. ڕێك لە جومگەکانی سەرووی سمییەوە، هێشتا چەند وردە دەمارێك لێیان دەدا، هەروەها چەرمی سواوی زێنەکەش، بە ئاستەم تەکانی دەخوارد.

گریگۆری بە گۆشەی چاو، ڕوانیە شلکەی ڕانی چەپی ئەسپەکەو، چاوی بە زامێکی قووڵی کراوە کەوت کە خوێنێکی ڕەشی گەرمی، بە قوڵە قوڵە لێهەڵدەقولا. بە زمانێکی گیر، بێئەوەی لە خەمی سڕینی فرمێسکەکانی چاوی خۆیدا بیٚ، بە قۆزاقەکەی، کە لە ئەسپەکەی دابەزی بوو، گوتی:

– گوللەیەکی پێوە بنیٚ‌و ڕزگاری بکە.

و دەمانچە ماوزەڕەکەی خۆی دایە.

گریگۆری سواری ئەسپەکەی یارۆی قۆزاق بوو، هەڵیکردە چوار ناڵەو یەکڕاست چوو بۆ ئەو شوێنەی کە سریەکانی خۆی لیٚ بەجیٚ هێشتبوو. سەیری کرد شەڕ گەرمە.

سوورەکان، دەمەو بەیان دەستیان بە هێرش کردبوو. ئیدی هێزەکانیان لە ژێر پەردەی تەمتومان‌و تەمومژدا، بە بێدەنگی بەرەو ڤیشنسکایا، هێرشیان بردبوو. باڵی چەپیان، ماوەیەکی کەم لە هەنبەر کەندێکدا کە ئاوی لافاو پڕی کردبوو، ماتەڵ بوو بوو، بەڵام سەربازەکان، ڕەخت‌و تفەنگەکانیان بەرز کردبووەوەو لە ئاوەکەیان دابوو، ئاو تا سینیگیان هاتبوو و بەو حاڵەوە پێشڕەویان کردبوو. زۆری پێنەچوو، لە نێو گردولکەکانی دەوروبەری دۆنەوە، چوار تۆپ بە یەکەوە و بە دەنگێکی بە سامەوە کەوتنە تۆپباران. کە گوللە تۆپەکان، بە ڕمب‌و هۆڕ بەسەر بێشەکەدا تێپەڕین، یاخیەکانیش دەستیان بە تەقە کرد. سوورەکان ئیدی بە هێواشی ڕێیان نەدەکرد، بەڵکو تفەنگەکانیان بە سینگەوە گرتبوو و بە ڕاکردن بۆ پێشەوە هەڵمەتیان دەبرد. گوللە تۆپەکان، بە نێو فرسەخێك لە پێش ئەوانەوەو لە نێو بێشەکەدا، بە دەنگێکی وشك‌و ناخۆش دەتەقییەوە. دارو درەختەکان بە دەم خومپارەکانەوە دەشکان ولە ئاست خۆیانەوە لار دەبوونەوەو دەکەوتن. دووکەڵ، وەکو پەڵە هەوری سپی، دەچوو بە ئاسماندا. دوو ڕەشاشی قۆزاقەکان، بە دەستڕێژی کورت‌و پچڕ پچڕ هاتنە جواب. چەند سەربازێکی سووری ریزی یەکەم پێوە بوون‌و کوژران. لێرەو لەویٚ، قۆزاقان، بە قەناسە، سەربازانی سووریان بە پاڵتۆکانیانەوە کە لە کەماریان بەستبوو، بە دورینەوە دەدورییەوەو ئیدی بەدەم گوللەوە، بە دەما یان بە پشتا دەکەوتن. بەڵام ئەوانی دی بە هیچ جۆریٚ هەوڵیان نەدەدا پاڵبکەون، هەر ملیان دەناو فاسیڵەی نێوان ئەوان‌و بێشەکە سات بە سات کەمتر دەبووەوە.

لە پێشی پێشەوەی ڕیزی دووەمەوە، پیاوێکی باڵا بەرزی سەرکۆت، کە کەمێك بۆی دەلەنگی‌و داوێنی پاڵتۆکەی لە دواوە هەڵدرا بووەوە، بەوپەڕی بێباکی و بە هەشتاو بۆ پێشتەوە دەهات! ئەم پیاوە فەرماندەیان بوو. سەربازەکان سووکە هەڵوەستەیەکیان کرد، بەڵام فەرماندەکەیان،

بێئەوەی بوەستێ، ئاورێکی پاشەوەی دایەوەو بانگێکی لێکردن‌و سەربازەکانی دووبارە بەڕاکردن کەوتنەوە ڕێ و دووبارە هاواری بەرزو ترسناك‌و پڕ سامیان کە زۆر لە جاران تووڕەتر بوو، بەرز بووەوە.

ئەوسا هەموو ڕەشاشەکانی قۆزاقەکان دەستیان بە تەقە کرد، لە دەوروبەری بێشەکەوە، دەستڕێژی تفەنگ بەردەوام بوو... لە شوێنێکەوە، لە پشت گریگۆرییەوە، کە لەگەڵ سریەکانی خۆیدا لە کەناری بێشەکەدا سەنگەری گرتبوو، ڕەشاشێن سریەی بازکی دەستی بە دەستڕێژی دوورو درێژ کرد. ڕیزی هێرشبەرانی سوورەکان شێوا، سەربازەکان،خۆیان بە عاردیدا داو وەڵامی دەستڕێژی قۆزاقەکانیان دایەوە. شەڕ گەرم بوو، یەك سەعات‌و نیوی خایاند. بەڵام دەستڕێژو بەرگری یاخیەکان، لەوە بە هێزتر بوو کە ڕیزی دووەمی سوورەکان بەرەنگاری ببنەوە، هەر هەستان و هەڵاتن‌و خۆیان بە ناو ڕیزی سێیەمی هێزەکانی خۆیاندا کرد، کە وردە وردە دەهاتنە پێشێ‌و درێژەیان بە پێشڕەوی خۆ دەدا... بەڵام زۆری پێنەچوو، کە دەشت‌و میرگوزارەکە، لە سەربازانی سووردا، کە بە شەپرێوی‌و پەریشانی هەڵدەهاتن، ڕەش دەچووەوە. لەم کاتەدا گریگۆری، هەردوو سریەکەی خۆی لە نێو بێشەکە هێنایە دەرێ‌و بە پێی نەخشەی هێرش، دابەشی کردن‌و کەوتنە دووی سوورەکان کە چنگ لە سەر شان هەڵدەهاتن. هەر لەو کاتەدا سریەی "چیر"ش بە هەشتاو فریاکەوت‌و ڕێگای گەڕانەوەی سوورەکانی، بۆ لای کەڵەکەکانیان، بڕی. لە بێشەکانی نزیك دۆندا، ڕێك لە کەناری ڕوبارەکەدا، شەڕی دەستەویەخەو تەن بە تەن دەستی پێکرد. تەنیا بەشێکی کەمی سوورەکان توانیان ڕێگای خۆیان بکەنەوەو بگەنە کەڵەکەکان، ئیدی بە قەرەباڵغی سواری کەڵەك بوون‌و بۆی دەرچوون. بەڵام ئەوانی دی کە پشتیان لە کەناری ڕوبارەکە بوو و گەمارۆ درا بوون، کەوتنە بەرگری و بەرەڤانی لە خۆیان.

گریگۆری، فەرمانی بە سریەکانی خۆی دا کە دابەزن‌و بە پاسەوانانی ئەسپەکانیشی گوت کە لە بێشەکە نەیەنە دەرێ و، بە خۆیشی ڕێبەری قۆزاقەکانی بەرەو ڕەخی ڕوبارەکە کرد. ئیدی بە ڕاکردن لە ژێر درەختێکەوە بۆ ژێر درەختێکی دی دەڕۆییشتن. نزیکەی سەدو پەنجا سەربازی سوور، بەرگرییان دەکرد، بە نارنجۆکی دەستی‌و دەستڕێژی ڕەشاشان، هێرشی پیادەی یاخیەکانیان دەدایە دواوە.

کەڵەکەکان لێبڕان کە جارێکی دی بەرەو ڕەخی چەپی ڕوبارەکە بێنەوە، بەڵام قۆزاقانی بازکی، زۆربەی هەرە زۆری سەوڵەوانەکانیان بە دوورە تەقە کوشت، ئیدی چارەنووسی ئەوانەی کە لە ڕەخی چەپدا مابوونەوە مەرگ و نەمان بوو. ئەوانەی کە بە تەواوەتی ئومێدبڕ بوون، تفەنگاکانیان فڕێ دا و خۆیان بە ئاوەکەدا دا تا بە مەلە بپەڕنەوە. ئەو یاخییانەی کە لە قەراخ ڕوبارەکەدا خۆیان لە سەنگەر نابوو، تەقەیان لێدەکردن، زۆربەیان کە بەرگەی ئاوە خوڕەکەیان نەگربوو، خنکان‌و ئاو بردنی، تەنیا دوو نەفەر توانیان خۆ بگەیەننە کەنارەکەی ئەوبەر. یەکێك لەو دوانە کە بلوزێکی موقەلەمی دەریاوانانی لەبەر بوو و بێگومان مەلەوانێکی لە زەبر بوو، لە سەر کەنارە ڕکەکەوە، بەسەرا خۆی هەڵدا بووە ئاوەکەوەو بە ژێرە مەلە ڕۆیی بوو لە ناوەندی ڕوبارەکەدا ئەوسا سەری دەرهێنا بوو.

گریگۆری، که خۆی دابووه پەنا داربیەکی چڕە لق و پۆپان، لەوێوە تەمەشای یارۆی دەریاوانی دەکرد که بە باسکە مەلە لە کەنارەکەی بەرانبەر نزیك و نزیکتر دەبووەوە. بەڵام نەفەری دووەم، که ئەویش بە سەلامەتی دەرباز بوو، لە کاتێکا هێشتا تا ناو قەدی لە ئاوەکەدا بوو، هەرچی فیشەکی پێبوو، نای بە قۆزاقەکانەوەو کۆڵەمستی گۆشیی و بەدەم هەڕەشەوە شتێکی گوت و ئەوسا لاونیو خۆی بە دەم ئاوەکەوە دا. ئیدی هەر گولله بوو لە دەوروبەری دەکەوتەوەو پریشکی ئاوەکە دەچوو بە ئاسمانا، بەڵام تاقە گوللەیەکی وێنەکەوت. لە شوێنێکەوە کە پێشتر دەراڤو شوێنی ئاو خواردنەوەی وڵسات(ئاژەڵ،ماڵات) بوو، لە ئاوەکە هاتە دەرێ، خۆی تەکان و بێئەوەی پەلە بکات، بە هەورازی کەنارەکەدا هەلگەڕاو ڕووی کردە گوندەکەی ئەو بەرەوە.

بەڵام ئەو سوورانەی کە لە کەنارەکەدا مابوونەوە، لە پەنای گردێکی لمەڵاندا، سەنگەریان گرتبوو، ڕەشاشەکەیان تا گەرمی کرد لە تەقە نەوەستا، بەڵام هەرکە گەرمی کردو بێدەنگ بوو، گریگۆری فەرمانی دا:

– دوام کەون!

بە خۆی، شمشێرەکەی لە کێلان دەرکێشاو بەرەو گردەکە ڕۆیی. قۆزاقەکان بە هانکە هانك دوای کەوتن.

تەواو نزیك بوونەوە، تەنیا سەد مەترێکیان بۆ سوورەکان مابوو، دوای سێ دەستڕێژ، فەرماندەیەکی باڵا بەرزی، گەنم ڕەنگی، سمێڵ ڕەش لە پشت گردۆلکەکەوە، ڕاست هەستایە سەرپێیان، ژنێك بە قەمسەڵەیەکی چەرمەوە ژێر باڵی گرتبوو. دیار بوو یارۆی فەرماندە بریندار بوو بوو. لە کاتێکا لاقە شکاوەکەی لە دووی خۆی ڕادەکێشا، لە گردەکەوە داگەڕا، تفەنگەکەی خۆی کە قەمەی لێبەستبوو، توند گرتە دەست و بە دەنگێکی تێکشکاو فەرمانی دا:

– هاوڕێیان! بۆ پێشەوە! ئەم سپییانە بکوژن!

دەستەیەك سەربازی دلاوەر، بە دەم گوتنی سروودی نێو نەتەوەییەوە هێرشیان هێنا، یانی بەرەوپیری مەرگی خۆیان چوون.

ئەو سەدو شازدە نەفەرەی کە دوا بەیەکیان لە کەناری دۆندا لە خاك و خوێندا گەوزان و کوژران، هەر هەموویان لە کومونیستانی سریەی نێو نەتەوەیی بوون.

((٣))

گریگۆری لە دوا بەتڵی شەوا، لە بارەگای سەرکردایەتیەوە بۆ بارەگاو ماواکەی خۆی گەڕایەوە. پروخورزیکوف لە بەر دەرکە چاوەڕوانی ئەو بوو. گریگۆری بە بێ موبالاتیەوە لێی پرسی:

– هیچ هەواڵێکی ئەکسینیا نیە؟

پروخور بە دەم باوێشکدانەوە گوتی:

– نا، لەوە دەچێ گوم بووبێ.

بە ترسەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "خوا بکات ناچارم نەکات دیسان بکەومە سۆراخی... چ بەڵایەکم بۆ دروست بووە"؟

– ئاو حازر بکە با خۆم بشۆم، سەراپام لە ئارەقەدا هەڵکشاوە. دەی خێراکە!

پروخور چووە ژوورەوە، گۆزەیەك ئاوی هێنا. ماوەیەکی زۆر ئاوی بە دەستی گریگۆری دا دەکرد. گریگۆری بەلەزەتێکی تایبەتیەوە خۆی دەشت. بلوزەکەی، کە بۆنی ئارەقەی گرتبوو داکەندو گوتی:

– ئاوەکە بکە بە پشتما.

کە ئاوە ساردەکە دەچزا بەپشتیا، هەناسەی هەڵدەکێشا. ماوەیەکی باش شانو ملو سینگو بەرۆکە توکنەکەی هەڵگلۆفت، پاشان بە زین پۆشێکی خاوێن خۆی وشك کردەوەو بە دەنگێکی هەندێ شادتر بە پروخۆری گوت:

– بەیانی ئەسپێکم بۆ دێنن، وەری بگرە، قەشاوێکی باش باشی بکەو جۆی بۆ پەیدا بکە. بێدارم نەکەیتەوە. مەگەر لە بارەگای سەرکردایەتیەوە ناردبێتیان بە شوێنما، دەنا وازم لێبێنە تا خۆم بێدار دەبمەوە، تێگەیشتی؟

گریگۆری، چووە ژێر کەپرێكو لە ناو عەرەبانەیەکدا ڕاکشا، یەکسەر خەوێکی قووڵی لێکەوت. لە بەرە بەیاندا لە سەرما خەبەری بووەوە، خۆی قانگڵەکردو پاڵتۆکەی کە لە شەونما تەڕ بوو بوو لە خۆیەوە پێچاو دوای ڕۆژهەڵاتن دووبارە خەوی لێکەوتەوە. نزیکی سەعات حەوت، لە ڕمبو هۆڕی تۆپی قورس خەبەری بووەوە. فرۆکەیەکی ڕەنگ زیوین بە ئاسمانی سامالی ناوچەکەدا دەسوڕایەوە. تۆپو ڕەشاش لەوبەری ڕوبارەکەوە ئەمبەری ڕوبارەکەیان داگرتبووەوە.

پروخور، خەریك بوو، ئەسپێکی لۆق درێژی سورخنی، کە بە کۆڵەکەیەکەوە بەسترا بووەوە، بە توندی قەشاو دەکرد. گوتی:

– لەوەیە بی پێکن! تەمەشا پانتلیوفیچ، چ عفریتێکیان بۆ ناردویت.

گریگۆری، تەمەشایەکی ئەسپەکەی کردو بە خۆشحاڵیەوە پرسی:

– تەمەنی چەن دەبێ، بە ڕواڵەتا لە شەش ساڵە دەچێ، ها؟

– بەڵێ، شەش ساڵە.

– زۆر جوانە! لاقەکانی ڕێکن، ئەدی ئەو چەپکە مووەی سەر سمەکانی بۆ ناڵێی! ئەسپێکی چاکە... باشە، زینی بکە، دەمەوێ و بڕۆم بزانم، لە ئاسمانەوە چییان بۆ هەڵداوینە خوارەوە.

پروخور، لە کاتێکا تەنگو پاڵوی ئەسپەکەی دەدا، لە بن لێوانەوە گوتی:

– بۆ جوانی، جوانە، نکوڵی لێناکرێت. گرینگ سواریو ڕەوتو ڕۆییشتنەکەیەتی. بەڵام پێدەچێت زۆر ڕەهەوانو خۆشبەز بێ.

جارێکی دی گوللە هاوەنێك لە نزیکی فرۆکەکە تەقییەوەو پەڵە دووکەڵێکی سپی بە ئاسمانەوە بەجێهێشت.

فرۆکەوانەکە، شوێنێکی لە باری بۆ نیشتنەوە دۆزییەوەو بەلەز نیشتەوە. گریگۆری لە دەروازەی حەوشەکە وەدەرکەوتو ڕووی کردە تەویلەکانی گوندەکە، کە فرۆکەکە لە پشتیانەوە نیشتبووەوە.

تەویلەکان، بریتی بوو لە بینایەکی بەردینی درێژ، جاران ئەسپێن گوندی تێدەخرا، کەوتبووە قەراخ گوندەوە، ئێستا پتر لە هەشت سەد دیلی سووری تێئاخنرا بوو. پاسەوانەکان، ڕێگەیان نەدەدا بۆ دەست بە ئاو گەیاندن بچنە دەرەوەو نە تەشتێك‌و نە لەگەنێکیش لە ژوورەوە نەبوو. ئیدی بۆنی پیسایی بەشەر وەکو دیوارێك چوار دەوری تەویلەکەی گرتبوو. ئیدی میز لە ژێر دەرگاکانەوە دەهاتە دەرێ‌و بۆنە میز سەرداری بێسەر دەکرد، جۆرە مێشێکی سەوز باو، بە ئاسمانەوە پورەی دەبەست. ئیدی ئاهونالەی ئەم زندانیانە کە چاوەڕوانی مەرگی خۆ بوون، شەوو ڕۆژ نەدەبڕایەوە. سەدان زاندانی لە برساو بە دەم ئازاری تیفوو دیزانترییەوە کە لە نێویاندا بڵابوو دەمردن. هەندێجار، تا چەندین ڕۆژ جەنازەی مردووەکانیان لەوێندەر نەبردە دەرەوە.

گریگۆری بە دەوری تەویلەکەدا سوڕایەوە، دەیویست لە ئەسپەکەی دابەزێ کە هەمدیس، لەوبەری دۆنەوە، دەنگی تۆپێك بەرز بووەوە. گڤ و هۆڕی گوللە تۆپەکە نزیك و نزیکتر بووەوەو بە دەم گرمەیەکی قورسەوە تەقییەوە.

فڕۆکەوانەکەو ئەفسەرەکەی هاوڕێی، بە زەحمەت لە فرۆکەکە هاتنە دەرێ، قۆزاقەکان هەموو خڕ بوو بوونەوەو دەوریان دابوون، ڕێك لەو کاتەدا، هەموو تۆپەکانی ئەو تۆپخانەیەی کە لە سەر گردەکە دامەزرا بوو، بە جارێ کەوتنە تۆپباران. گوللە تۆپەکان، لە دەوروبەری تەویلەکاندا دەکەوتنەوە، فرۆکەوانەکە بە هەشتاو خۆی گەیاندە فڕۆکەکە، خۆی بە کابینەی فڕۆکەکەدا کرد، لێ ماتۆڕەکەی نەکەوتە ئیش. ئەفسەرەکەی هاوڕێی بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

– بە دەست پاڵی بدەن!

خۆی لە پێش هەمووانەوە، کەوتە پاڵدانی باڵێکی فڕۆکەکە. فڕۆکەکە، بە ئاسانی پاڵدراو گەییە پاڵ دار کاژەکان. بەڵام تۆپخانەکە، دەستبەردار نەبوو، گوللە تۆپێك ڕێك کەوتە سەر تەویلەکە کە پڕ بوو لە دیل‌و یەخسیران. گۆشەیەکی تەویلەکە داڕوخاو لە دووکەڵ‌و تەپوتۆزی قسڵدا نقوم بوو . داروبەردی تەویلەکە لە هاواری پڕ ترسی کێویانەی یەخسیرە سوورەکان، هاتە لەرزین، سێ زندانی لەو کەلینەوە کە بوو بووە دیوارەکە، دەرپەڕینە دەرەوە. بەڵام ئەو قۆزاقانەی کە بەلەز گەیی بوونە سەریان، لە نزیکەوە بە گوللە دایان بێژتن.

گریگۆری بە تاو لەوێ دوور کەوتەوە، قۆزاقێك کە بە سیمای ترساوو چاوانی ئەبڵەقی سپیەوە، بەغار دەڕۆیی، هاواری کرد:

– دەتکوژن! خێرا خۆت بە کاژستانەکەدا بکە.

گریگۆری لە دڵی خۆیدا گوتی:

– دوور نییە، بەر بکەوم! ئەمە هی گاڵتە نیە!

ئەوسا، بە کاوەخۆ بەرەو ماواو بارەگاکەی خۆی گەڕایەوە.

کودینوف، ئەو ڕۆژە، کۆبوونەوەیەکی تەواو نهێنی لە بارەگای سەرکردایەتیدا گرێداو گریگۆری بۆ کۆبوونەوەکە بانگ نەکرد. ئەو ئەفسەرەی سوپای دۆن کە بە فڕۆکەکە هاتبوو، بە کورتی ڕایگەیاند کە لەم ڕۆژانەدا، جەبهەی سوورەکان، لەلایەن یەکەکانی قوەی زاریبەوە، کە لە نزیکی

کامنسکایادا خڕبوونەتەوە، کەلێنی تێدەخرێت و فیرقەیەکی سوارەی سوپای دۆن، بە فەرماندەیی جەنەراڵ سکریتوف، پەیوەندی بە یاخییەکانەوە دەکات. ئەفسەرەکە پێشنیازی کرد بە پەلەو بێ دواکەوتن، تفاق و ئەوزاری پێویست بۆ پەڕینەوە لە دۆن، فەراهەم بکرێت، تا هەرکە فیرقەکەی سکریتوف گەییە جێ، بتوانێ کەتیبەکانی سوارەی یاخیەکان بۆ کەناری ڕاستی دۆن بگوازێتەوە.

هەروەها پێشنیازی ئەوەشی کرد کە یەکە یەدەگەکانیش لە نزیکترین شوێنی ڕووبارەکە خڕ بکەنەوە. ڕێك لە کۆتایی کۆبوونەوەکەداو، پاشان ڕێکەوتن لەسەر نەخشەی پەڕینەوە لە دۆن و دیاریکردنی ئەرکەکانی دوای پەڕینەوەی یەکەکان، پرسی:

– باشە، بۆ ئەم دیلانەتان لێرە، لە ڤیشنسکایا دێڵنەوە؟

یەکێك لە ئەفسەرانی ئەرکان بەرسڤی دایەوە:

– چونکە هیچ شوێنێکی دی شك نابەین. لە گوندەکانی دیکەدا، بینای وا نییە، کە جێیانی تیا ببێتەوە.

ئەفسەرەکە، بە دەستە سڕەکەی، سەرە تاشراوە ئارەقاوییەکەی پاك سڕی و دوگمەکانی قەمسەڵە خاکیەکەی کردەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:

– بیان نێرن بۆ کازانسکایا.

کودینوف، بە سەرسامی برۆکانی هەڵبڕین و پرسی:

– ئەی دوایی؟

ئەفسەرەکە، بە کاوەخۆ، چاوە شینەکانی وێکهێنانەوەو گوتی:

– دوایی، بیان هێننەوە بۆ ڤیشنسکایا...

ئەوسا، بە کەش و فش و بە دەم تەوس و توانج و لێو هەڵقورتانەوە بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکانی خۆی هێنا:

– بەڕێزینە من نازانم بۆ ئەوەندە خەمی ئەمانەتانە، بە ڕای من هەق نیە ئەوەندە مدارایان بکەن. ئەم گەجەرو گوجەرانە سەرچاوەی هەموو دەردو بەڵایەکی جەستەیی و کۆمەڵایەتین کە هەقە لە ناو ببرێن. ئەمانە شایەنی مداراکردن نین. ئەگەر من لە جێی ئێوە بام، لە ناوم دەبردن و تەواو.

بۆ ڕۆژی دوایی یەکەمین گرووپی یەخسیران کە نزیکەی دوو سەد کەس دەبوون، بران بۆ نێو هەردەو باسکە لمەڵانەکان. هەموو شەکەت و ماندوو، ڕەنگ و ڕوو سیسەڵەو چرچەڵە، لاوازو بێتاقەت ڕەنگی مردوویان لێنیشتبوو، وەکو گەلە تاپۆو تارمایی ڕێیان دەکردو بە ئاستەم پێیان هەڵدەهاتەوە. کۆمەڵێك پاسەوانی سوارە، دەوری ئەم گرووپە شەکەتەیان گرتبوو... لە مەودای نێوان ڤیشنسکایاو دوبروفکادا کە نزیکەی دە فرسەخێك دەبوو، دوا نەفەری ئەم دوو سەد کەسە، بە شمشێر کوژران.

عەسری هەمان ڕۆژ گرووپێکی دیکەی یەخسیران، بەڕێخرا. بە پاسەوانەکان گوترا، هەر کەسێك دوا کەوت بە شمشێر بیکوژن، فیشەك بەکار نەبەن، تەنیا لە حاڵەتی زەروریدا نەبێت. ئەم گرووپە سەدو پەنجا ئەسیر بوون، لەم ژمارەیە تەنیا هەژدە کەسیان بە سەلامەتی گەیەنرانە کازانسکایا،

یەکێك لەوانە گەنجێکی جوان بوو، کە سەرو سیمای لە قەرەجان دەچوو، لە ڕێگادا شێت بوو، بە دەم ڕێگاوە گۆرانی دەچڕی، دەڕەقسی، دەگریا و پنچە زەعتەرێکی بۆنخۆشی هەڵکەندبوو و بۆنی دەکردو بە سینگی خۆیەوە دەگوشی... ناو بە ناو، بەدەم ڕێگاوە بە دەما دەکەوتە سەر ئەو لمە گەرمەو بایەکە یاری بە پارچەی کراسە دڕاوە لۆکەکەی دەکردو پشتە ڕەق و تەقەکەی، کە پێستی بەسەر ئێسکییەوە وشك بوو بوو دەکەوتە بەر چاوی حەرەسەکان، بنی پێیە شەقار شەقارەکانی دەکەوتە ئەو گۆڕە. لە ئەرزەکەیان هەڵدەستانەوەو بە کوتەك تێی بەر دەبوون، ئەویش چاوە ڕەشەکانی، کە پرشنگی شێتاتیان دەدا، هەڵدەبڕیو بە نەرمی پێدەکەنی و بەلارە لار، دەکەوتە ڕێ.

گاڤێ گەییبنە ئاستی مەزرایەکی قەراخ ڕێگاکە، کۆمەڵێك ژنی میهرەبان، دەوری پاسەوانەکانیان گرت. پیرەژنێکی کەتەی بە سام و شکۆ ڕووی کردە فەرماندەی پاسەوانەکان و بە تووڕەیی گوتی:

– ئەم یەکەیان، ئەم ڕەشتاڵەیە ئازاد بکە. ئەمە ئەقڵی لە دەست داوە، ئەمە ئێستا لە خواوە نزیکە. ئەگەر بیکوژیت گوناحێکی گەورەت دەگاتێ.

فەرماندەی پاسەوانەکان، نایب زابتێکی درێژ داهۆڵی، سمێڵ سووری، بێپەروا بوو، بە دەم زەردەخەنەوە گوتی:

– دایە گیان، ئێمە باکمان بەوە نییە کە ڕوحمان بە گوناهێکی دیکە بلەوتێنین. هێندەمان گوناح کردووە، غاراوین. بە هەر حاڵ ئێمەمانان ئەهلی بە هەشت نین.

پیرەژن، سوور بوو لەسەر داواکەی خۆی:

– ئازادی بکە، تکایەکەم لە عاردی مەدە. مەرگ بەسەر سەری هەمووتاندا دەسووڕێتەوە.

ژنەکانی دیکەش بە یەکدەنگ لایەنگریان لە پیرەژن کردو فەرماندە ملی بۆ دان:

– دەی گرینگ نییە، دەیکەمە خاتری ئێوە. بە ئێوەی دەبەخشم، فەرموو بیبەن. لە کۆڵمانی بکەنەوە، بەڵام ئێوەش لە چاکەی ئەمەدا سەرو شووشە شیری تازەمان بدەنێ.

پیرەژن، کوڕە لاوەکەی بۆ ماڵەکەی خۆی بردەوە، خواردنی دایەو بردی لە ژووری میوانا، جێگای بۆ ڕاخست و خەواندی. بیست و چوار سەعاتی تەواو خەوت، پاشان بێدار بووەوە. هەستا، پشتی کردە پەنجەرەکەو لە بن لێوانەوە کەوتە گۆرانی چڕین. پیرەژن خۆی بە ژوورەکەدا کرد، لە سەر یەغدانەکە دانیشت، ڕوومەتی خستە سەر لەپی دەستی و بە قووڵی چاوی بڕییە، ڕوخساری لاوازی لاوەکەو ئەوجا بە دەنگێکی گڕ گوتی:

– دەڵێن سەربازەکانتان زۆر لێرەوە دوور نین...

شێتە، بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، ئەوسا سەر لە نوێ دەستی بە گۆرانی گوتن کردەوە. بەڵام بە دەنگێکی نزمتر.

پیرەژن، بە توندی گوتی:

– کوڕی خۆم، واز لەم گۆرانی گوتنە بێنەو وا نەزانی دەتوانی هەڵم بخەڵەتێنی. من سەرم لەبەر هەتاو سپی نەکردووە، لەوانە نیم باوەڕ بەم فڕت و فێڵانە بکەم، ئەوەندەش کەر نیم. تۆ ئەقڵت لە جێی خۆیەتی، من دەزانم... گوێم لێبوو بە دەم خەوەوە قسەت دەکرد، قسەکانت عەیبیان نەبوو.

سەربازە سوورەکە، لە سەر گۆرانی خۆی بەردەوام بوو، بەڵام زۆر لە جاران هێواشتر. پیرەژن، دەستی بە ئاخاوتن کردەوە:

– لە من مەترسە، خراپەی تۆم ناوێ، جووتێ کوڕم لە جەنگی ئەڵماندا لە دەست داوەو کوڕە چکۆلەکەشم لەم شەڕەدا، لە چرکاسك کوژرا. هەر هەموویانم بە سك هەڵگرتبوو، بە شیری خۆم بە خێوم کردن، گەورەم کردن. بە گەنجی شەونخونیم بە دیار هەموویانەوە کرد... هەر بۆیەش دڵم بە حاڵی هەموو ئەو گەنجانە دەسووتێ کە سەربازن و بەشداری جەنگن...

پیرەژن، بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو. سەربازە سوورەکەش بێدەنگ بوو. چاوانی نانە سەر یەك، سووریەکی کاڵ، کە بە ئاستەم هەستی پێدەکرا نیشتە سەر گۆنا ئەسمەرەکانی، دەمارێکی چکۆلەی شینباو، لە ملە باریك و لاوازەکەیدا کەوتە لێدان.

سەربازەکە، دەقیقەیەك بەم حاڵەوە، بە بێدەنگی، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی شتێك بێ، مایەوە، ئەوسا چاوە ڕەشەکانی بە ئاستەمێك کردنەوە. تەمەشا کردنەکەی زیرەکانە بوو، پرشنگێکی پڕ نیگەرانی ئەوتۆ لە چاوانی دەبووەوە، کە پیرەژن بزەیەکی هاتێ و پرسی:

– جادەی شومیلینسکایا بەڵەدی؟

یارۆی سەربازی سوور، بە ئاستەم لێوی لە بەر یەك هەڵێنان و گوتی:

– نەخێر، دایکە.

– ئەدی چۆن دەڕۆی بۆ ئەوێ؟

– نازانم...

– ئەمە کێشەیە! ئێستا من چی لە تۆ بکەم؟

پیرەژن، ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی وەڵامی ئەوی کردو پاشان گوتی:

– ئێستا، دەتوانی بڕۆیت؟

– ئا، هێواش هێواش دەڕۆم.

– نا، ئەم "هێواش هێواش..."ـە دادت نادات. دەبێ بەشەو بڕۆیت و هێندەی بتوانی، خێرا بڕۆیت. چەند خێرا بڕۆیت هێشتا کەمە! ڕۆژێکی دیکەش لێرە بمێنەوە،توێشوی ڕێگات دەدەمێ، نەوەکەشمت لەگەڵدا دەنێرم کە ڕێگات پێ نیشانبدات، ئیدی لەوە بە دواوە بڕۆ بە ئومێدی خوا! هاوڕێکانتان، سوورەکان، ئێستا لە دەوروبەری شومیلینسکایان، من ئەمە لە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوەوە دەزانم. ئیدی بڕۆ بۆ ئەوێ و بیاندۆزەوە. بەڵام لە شاڕێگایانەوە نەڕۆی، بەڵکو بدە دەشت و دەر، بە ناو کەندو لەندو جەنگەڵ و بێشان، بەلاڕێاندا بڕۆ، ئەگینا قۆزاقەکان دەتگرن و بەڵایەکت بەسەر دێنن، تێگەییشتی گیانەکەم!.

بۆ سبەینێ، هەرکە شەو داهات، نەوە چواردە ساڵانەکەی و سەربازە سوورەکەی، کە پاڵتۆیەکی قۆزاقی دایە، ئامادە کرد، دوعای بە سەرا خوێندن و گوتی:

– دەی ئێستا بڕۆ، لە پەنای خوادا بی! بەڵام وریا بە نەکەویتە دەستی سەربازەکانی ئێمە... پێویست بە سوپاس ناکات گیانەکەم، نا، پێویست بە سوپاس ناکات. مەمنوونی من مەبە،

مەمنوونی خوا بە. هەر من واهی نیم، ئێمەی دایك هەر هەموومان میهرەبانین... دڵمان بە ئێوەی نەگبەت و داماو دەسووتێ. دەی، برۆ، خوا دەست بە باڵتەوە بگرێت!.

پیرەژن، دەرگا خوارەکەی ماڵەکەی، کە لە گڵە سوورا هەڵکشا بوو بە توندی داخست.

((٤))

ئیلی نیچنا، هەموو رۆژێ لە گەڵ شێرەی شەبەقا هەڵدەستا، دەچوو چێڵەکەی دەدۆشی و ئەوسا تێشتی (خواردنی بەیانی، بەرقلیان) ئامادە دەکرد. کوورەکەی ژوورەوەی پێنەدەکرد، بەڵکو لە موبەقە هاوینەکەدا ئاگری دەکردەوەو خواردنی لێدەناو ئەوسا دەهاتەوە بۆ ماڵ تا بە منداڵەکاندا ڕابگات.

ناتالیا، خەریك بوو بەرە بەرە لە نەخۆشی تیفو (گرانەتا) هەڵدەستایەوە. ڕۆژی دوای یەك شەممەی سیانە، بۆ یەکەمجار لە جێ هەستاو بە زەحمەت ئەم ژوورو ئەو ژووری دەکرد. بە زەحمەت لاقی لە دووی خۆی بکێش دەکرد، سەرێکی ژوورەکانی داو ماوەیەکی زۆر خەریکی دۆزینی سەری منداڵەکان بوو، تەنانەت هەوڵی ئەوەشی دا کە لە سەر تەپڵەکێکی نزم دانیشێت و هەندێ جل و کەلپەلیش بشوات.

بزە لە ڕوخساری نەخۆش و داتەکیوی نەدەبڕا، گۆنا قۆپاوەکانی، سوورییان تێدەگەڕاو چاوەکانی کە بە هۆی نەخۆشییەوە، زۆر کرابوونەوە، وەکو چاوانی ژنی زەیستان، بە پرتەوێکی لەرزۆك و ڕەخشانەوە، پرشنگیان دەدا. لە حاڵێکا زۆر بە بێتاقەتی وشەکان لە زاری دەبوونەوەو دەستی بە قژە ڕەشەکەی کچەکەیدا دێنا، پرسی:

– پولیوشکا، گیانەکەم، لەم ماوەیەدا کە من نەخۆش بووم، میشکاتکا غەدری لێنەکردیت؟.

کچۆڵەکە، بە توندی سەری نا بە ئەژنۆی دایکییەوە و بە ئەسپایی گوتی:

– نا، دایکە. میشکا تەنیا یەکجار لێی دام، ئیدی بە زۆری پێکەوە گەمەمان دەکرد.

ناتالیا، بە دەم زەردەخەنەوە پرسی:

– ئەدی داپیرە، مدارای دەکردیت؟

– زۆر، یەجگار میهرەبان بوو.

– ئەدی غەوارەکان، سەربازانی سوور، هەقیان بەسەر ئێوەوە نەبوو؟

میشکاتکا، کە بە شێوەیەکی سەیر لە بابی دەچوو، بە دەنگێکی مڕی منداڵانە گوتی:

– گوێرەکە مێیەکەمانیان سەر بڕی، نەحلەت لە بابیان!

ناتالیا، بەدەم خواردنەوەی بزەکەی خۆیەوە، ئامۆژگاری کرد:

– میشکاتکا، نابێ جنێو بدەیت! تۆ وەکو پیاوان قسە دەکەی! نابێ جنێو بە خەڵکی گەورە بدەیت. منداڵ نابێ قسەی گەورە بکات.

کوڕە، بۆ پاکانەی خۆی، بە ڕوویەکی گرژەوە بەرسڤی دایەوە:

– ئاخر دایە گەورە وای پێگوتن، لە پولیوشکا بپرسە.

– ڕاستدەکات دایکە، هەموو مریشکەکانیشیان سەر بڕین.

پولیوشکا، هاتە جۆش: چاوە چکۆلە ڕەشەکانی دەدرەوشانەوە. کەوتە گێڕانەوەی ئەوەی کە چۆن سوورەکان بە ناو حەوشە کەوتن‌و چۆن مریشك و مراویەکانیان گرت‌و چۆن داپیرە ئیلی نیچنا لەبەریان پاڕایەوە کەڵەشێرە زەردەکەی، کە پۆپنەکەی لە سەرما سیس بوو بووەوە، بۆ توخم‌و تۆو وێدەنەوەو، چۆن سەربازێکی سووری قۆشمە، کەڵەشێرەکەی لەسەر دەستی هەڵبڕی‌و گوتی: "دایە گیان، ئەم کەڵەشێرە، دژی حکومەتی سوڤیات دەخوێنێ، بۆیە حوکمی ئیعدامماں داوە! تۆ هەر چییەك دەڵێی بیڵێ، ئێمە دەیکەین بە فوڕوجاو. لە جیاتی ئەوە کۆنە چەکمەکانی خۆمانت بۆ بە جێ دێڵین." پولیوشکا، ئەو هەموو حیکایەتەی بۆ دایکی کردو ئەوجا هەردوو دەستی بڵاو کردنەوەو گوتی:

- چەکمەکانی ئەوەندە گەورە بوون. گەورە گەورە بوون، شەقار شەقار بوو بوون.

ناتالیا، بەدەم نەوازشکردنی منداڵەکانیەوە، هەم پێدەکەنی‌و هەم دەگریاو بێئەوەی چاوە شیفتەکانی لەسەر کیژەکەی بگوازێتەوە، بە شادیەوە و لە بن لێوانەوە گوتی:

- ئاخ! کچە ئازیزەکەم! کچی گریگۆری! کوت‌و مت دەڵێی بابیەتی، بە موو لەوی لانەداوە.

میشاتکا، حەسوودی پێبردو گوتی:

- ئەدی من، لەو ناچم؟

بە شەرمەوە خۆی لە هەمێزی دایکی هاویشت.

- تۆش لەو دەچیت، بەڵام ئاگادار بە، کاتێ کە گەورە بووی. وەکو باوکت خراپ مەبە...

پولیوشکا، بە کونجکاویەوە پرسی:

- خراپ؟ بۆ ئەو خراپە؟

سێبەری خەمێك نیشتە سەر سیمای ناتالیا. وەڵامی نەدایەوەو بە زەحمەت لەسەر تەختەکە هەستا.

ئیلی نیچنا، کە لە ژوورەکەی دیکەوە گوێی لەم گفتوگۆیە بوو، بە پەستیەوە ڕووی وەرگێڕا. ناتالیا ئیدی گوێی لە منداڵەکان نەدەگرت، ماوەیەکی زۆر ڕوانیە تەختەی داخراوی پەنجەرەکانی ماڵەکەی ستاخۆف، ئاخی هەڵدەکێشاو بە قامکی نیگەرانەوە داوێنی کراسە کاڵەوە بووەکەی، گرمۆڵە دەکرد...

بۆ ڕۆژی دوایی، بەیانی زوو لە خەو ڕابوو، بۆ ئەوەی منداڵەکانی لە خەو نەکات بە ئەسپایی لە جێگا هاتە دەرێ، خۆی شت، تەنوورەو کراسێکی پاك‌و لەچکێکی سپی لە یەغدانەکە دەرهێنا. پەست‌و غەمگین بوو، ئیلی نیچنا، بە جلەکانیاو بە خەمباریەکەیا، هەستی کرد، بە نیازە بچێتە سەر گۆڕی گریشاکای باپیری.

ئیلی نیچنا، بۆ ئەوەی لە مەزەندەکەی خۆی دڵنیا بێت، پرسی:

- بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ناتالیا، کە گریان لە ئەوکی گیرا بوو، لە ترسی ئەوەی نەبا لە هۆڕژنی گریان بدات، بێئەوەی سەر هەڵبڕێ، بە ئەسپایی گوتی:

- دەچم سەرێکی باوە گەورەم دەدەم.

ناتالیا، ئاگای لە کوشتنی باپیری هەبوو، دەیزانی میشاکوشیڤۆی ئاگری لە ماڵەکەیانو لە مەزراکەیان بەرداوە.

– تۆ هێشتا زۆر کەسیرەیت، ناتوانی بگەیتە ئەوێ.

– بە قۆناغ دەڕۆم. دایکە، نان بدە بە منداڵەکان، نەوەك زۆرم پێبچێت.

– کێ دەزانێ چ دەقەومێ؟ چ پێویست دەکات ماتەڵ بیت؟ کەی ئێستا کاتی چوونە سەر قەبرانە؟ خودایە تۆبە! لەوەیە تووشی ئەم توخمە شەیتانانە ببی. ناتالیا گیان، من لە جیاتی تۆبم دەڕۆم. نەڕۆی باشترە.

– نا، دەڕۆم.

ناتالیا ڕووی گرژ کردو دەستی بۆ دەسکی دەرگاکە برد.

– بوەستە. بۆ بە ناشتا دەڕۆیت؟ ماست دەخۆی؟

– نە، دایکە. خوا ئاگادارتان بێ، ناخۆم.... کە گەڕامەوە نان دەخۆم.

ئیلی نیچنا کە بینی بووکەکەی سوورە لەسەر ڕۆییشتن، ئامۆژگاری کرد:

– بە ناو باخچەو بێستانەکانی سەرووی ڕوبارەکەدا برۆ، ئەوێ پەنایەو کەمتر دەبینرێی.

تەمو مژ سەری دۆنی داپۆشی بوو. هەتاو هێشتا هەڵنەهاتبوو. بەڵام لەلای ڕۆژهەڵاتەوە کە سپیداران سەریان لە پەراوێزی ئاسمان دەسوو، ڕوناکیەکی ئەرخەوانی خۆی دەنواندو مژدەی ئەنگاوتنی بەیانی دەدا، لە پشت هەورەکانەوە بایەکی ساردی دەهات.

ناتالیا بەسەر پەرژینە داڕوخاوەکەدا، کە لاولاو تێی ئاڵا بوو، تێپەڕیو خۆی بە باخەکەی ماڵباتی کورشونوفدا کرد. لەلای کۆمەڵێك گڵدا کە تازە هەڵکەنرا بوو وەستاو هەردوو دەستی خستنە سەر دڵی خۆی.

گزنكو نووسەکە سەرانسەری باخەکەی گرتبوو، بۆنی ئەرقەتیونی شەونم خوردەو خاکی نمسارو تەمومژ دنیای پڕ کردبوو، ریشۆڵەیەکی پەڕوپۆ گڤی تەنیا، لە سەر پیرەدار سێوێك، کە ئاگر وشکی کردبوو، هەڵکوڕمابوو. بارستایی سەر گۆڕەکە نیشتبوو. لێرەو لەوێ، لە بەینی کەستەکە وشکەکانەوە، گیا بە ئاستەم سەری دەرهێنا بوو.

ناتالیا، کۆمەڵێك بیرەوەری لا زندو بووەوە، دڵی گوشرا، بە بێدەنگی کەوتە سەر چۆکان، سەرو چاوی نایە سەر ئەرزەکە، ئەو ئەرزەی لە ئەزەلەوە، لە قالو بەلاوە، بۆنی مەرگو وێرانی لێدێت.

دوای سەعاتێك، بە بێدەنگی لە باخەکە هاتە دەرێو، بەدڵی گوشراوەوە ڕوانیە ئەو شوێنەی کە تیایا گەورە بوو بوو و، سەرانسەری حەوشەو بانەکە ڕەش دەچووەوە: کۆڵەکەی عەمارەکە بوو بوون بە زوخاڵ، موغەیری و کوورەکان لە دووکەڵا ڕەش بووبوون، بناغەی ماڵەکە کەوتبوونە دەر. ناتالیا بە ئەسپایی و بەلاڕێدا، کەوتە ڕێ کە بۆ ماڵ بگەڕێتەوە.

***

ناتالیا ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبوو. تێنو تاو کەوتەوە لاقی. شانەکانی خڕ دەبوونەوە، خەریك بوو دەبوژایەوەو قەڵەو دەبووەوە. دوای ماوەیەکی کەم، کەوتە یارمەتی دانی خەسووی، کاروباری ناومالّ و مووبەقی لەگەڵدا ڕادەپەڕاند. کە بەدەم کارکردنەوە، لەبەر کوانگەکەدا یەکیان دەگرت،

ئیدی سەری قسەیان دادەمەزراندو ماوەیەکی زۆریان بە قسانەوە دەبردە سەر. ڕۆژێك ناتالیا، بە نیمچە تووڕەییەکەوە گوتی:

– ئاخر کەی ئەم حاڵە تەواو دەبێ؟ خەریکە دڵم دەتەقێ.

ئیلی نیچنا، بە ئەرخایەنیەوە گوتی:

– دەبینی... بەو زووانە سەربازەکانمان لە دۆن دەپەڕنەوە.

– تۆ چوزانی دایکە؟

– دڵم خەبەری داوە.

ناتالیا، ئاهێکی هەڵکێشا.

– خۆزیا پیاوەکانمان ساغو سەلامەت دەبوون! خوا بکات کەس نە کوژرێو بریندار نەبێت! بەڵام گریشا، زۆر بێباكو بێپەروایە

ئیلی نیچنا، هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– هیچ خەمت نەبێ، خوا کەریمە، ئیشەڵلا هیچیان بەسەر نایەت. پیرەمێرد بەڵێنی دابوو کە دیسان لە ڕووبارەکە بداتو بێتو سەرمان بدات، وا دیارە کۆسپو تەگەرەیەك هاتۆتە ڕێ، ڕەنگە بترسێت. ئەگەر هاتەوە، تۆش دەتوانی لەگەڵیا بڕۆیتو لەم ترسو دڵەڕاوکەیە رزگار ببیت. پیاوەکانمان، لە کەنارەکەی بەرانبەری گوندەکەی خۆماندا سەنگەریان گرتووەو بەرگری دەکەن. ئەو ڕۆژە، کە تۆ هێشتا لە جێدا کەوتبوویو هۆشت بە خۆوە نەبوو، من بەیانی زوو چووم بۆ سەر دۆن، کە خەریك بووم ئاوم پڕدەکرد، گوێم لێبوو ئانیکوشکا لەوبەری دۆنەوە هاواری دەکرد: "سڵاو داپیرە! پیرەمێردیش سڵاوی هەیە."

ناتالیا، بە پارێزەوە پرسی:

– باشە گریشا لە کوێیە؟

ئیلی نیچنا، زۆر بە سادەیی بەرسڤی دایەوە:

– لە پشتی جەبهەوەیە، فەرمان بە هەموویان دەدات.

– باشە لە کوێوە فەرمان دەدا؟

– هەڵبەتە دەبێ لە ڤیشنسکایاوە ئەم کارە بکات، هیچ شوێنێکی دیکە نیە.

ناتالیا، ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو. ئیلی نیچنا بە گۆشەی چاو تەمەشایەکی کردو بە ترسو نیگەرانیەوە پرسی:

– ئەوە چیتە؟ بۆچی دەگریت؟

ناتالیا، بێئەوەی وەڵامی بداتەوە، بەرهەڵبێنە چڵکنەکەی دا بە سەرو چاویاو کەوتە هەنسك هەڵدان.

– ناتالیا گیان، مەگری، گریان هیچ دەردێ دەرمان ناکات. خوا یاربێ، بە ساغو سەلامەتی دەیان بینینەوە. بەڵام تۆ ئاگات لە خۆت بێ، بە کاری زەرووری نەبێ، مەچۆ ناو حەوشە، نەبا ئەم خوا نەناسانە بت بینن‌و بکەونە چاو بڕکێ...

لە پڕ مووبەقەکە تاریک بوو. لە دەرەوە، سەرو سەکوتی یەکێك لەبەر پەنجەرەکەدا پەیدا بوو. ئیلی نیچنا تەمەشایەکی پەنجەرەکەی کردو قریشکەیەکی سووکی بۆ کرد:

– ئەوانن! سوورەکانن! ناتالیا گیان، خێرا بچۆ ناو جێوەو وا بنوێنە کە نەخۆشیت... خێرا خۆت بکە بە ژێر لێفەکەدا.

ناتالیا، کە لە ترسا دەلەرزی، هەر ئەوەندە فریا کەوت خۆی بدات بە سەر تەختەکەدا، تەقە لە دەرکەکە هەستاو سەربازێکی سووری درێژ داهۆڵ، بۆ ئەوەی سەری لە سەردەری دەرگاکە نەدات، سەری دانەواندەوەو وەژوور کەوت. منداڵەکان، خۆیان بە چمکی تەنورەکەی ئیلی نیچناوە چەسپاند. ئیلی نیچنا، ڕەنگی زەرد بوو و کە لە لای کوورەکەوە وەستا بوو، خۆی دا بەسەر تەختەکەداو لە شپرزەیی و پەشۆکاویدا گۆزەیەك شیری گەرمی قلّپ کردەوە.

سەربازە سوورەکە، نیگایەکی خێرای بە سەرانسەر مووبەقەکەدا گێڕاو بە دەنگی بەرز گوتی:

– مەترسن. ناتان خۆم! ڕۆژتان باش.

نالیا، سەری خستە ژێر لێفەکەوەو وەکو ئەوەی بە ڕاستی نەخۆش بێت، دەستی بە ئاهوناڵین کرد. میشاتکا ژێراو ژێر تەمەشایەکی کابرای کردو بە جۆرە شادییەکەوە بە نەنکی گوتی:

– دایە گەورە! ئەمە ئەو کابرایەیە کە کەڵەشێرەکەمانی سەر بڕی، لە بیرتە.

سەربازە سوورەکە، کاسکێتە خاکییەکەی لە سەری داکەندو، مڵچەیەکی لە زمانیەوە هەستاندو بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– ساختەچی ناسیتمەوە! ئەو کەڵەشێرەت هەر بیر ناچێتەوە؟ بە هەرحاڵ، خاوەن ماڵ، من هاتووم بۆ ئەوەی بزانم ئاخۆ دەتوانی، هەندێك نانمان بۆ بکەیت؟ خۆمان ئاردمان هەیە.

ئیلی نیچنا، لە کاتێکا خەریك بوو ئەو شیرەی دەسڕی کە ڕژا بووە سەر تەختەکە، بێئەوەی تەمەشای کابرا بکات، خێرا گوتی:

– بەڵێ، دەتوانم... نانەکەتان بۆ دەکەم.

یارۆی سەرباز، لە بەر دەرگا دانیشتو کیسە تووتنەکەی لە گیرفانی دەرهێناو بە دەم سیغار پێچانەوەوە، سەری قسەی دامەزراند:

– نانەکە بۆ ئێوارە ئامادە دەبێت؟

– ئەگەر پەلەتە، بۆ ئێواریێ بۆتی تەواو دەکەم.

– لە شەڕا، دایە گیان، هەموو کارەکان هەر بە پەلەیە. بەڵام تکام وایە مەسەلەی کەڵەشێرەکە لە دڵ نەگریت.

ئیلی نیچنا، بە سەرسامی گوتی:

– نە بابە! ئەم منداڵە نەفامە... ئەوەی چوو چوو، لە دوای چووان مەچۆ...

میوانەکە، کە چەنەی گەرم بوو بوو، بە دەم بزەیەکی میهرەبانەوە بە میشاتکای گوت:

– کوڕی باش، تۆش لەوە دەچێ کەمێك ڕەزیل بیت. بۆچی وەکو بێچوە گورگ خێسەم لێدەکەیت؟ وەرە ئێرە، تا حەز دەکەی باسی کەڵەشێرەکەت دەکەین.

ئیلی نیچنا، بە سەری ئەژنۆ نەوەکەی دەڵەك داو بە ئەسپایی گوتی:

– ده بڕۆ، گیانەکەم.

بەڵام منداڵەکە دەستی لە تەنورەکەی داپیرەی بەرداو ویستی خۆی بگەیەنێتە دەرگاکەو لابەلا لە مووبەقەکە وەدەرکەوێ. سەربازەکە، بازووە درێژەکانی بۆ درێژ کرد، گرتیو بۆ لای خۆی ڕاکێشاو پرسی:

– تۆ لێم زیزی؟

میشکاتکا، لە بن لێوانەوە گوتی:

– نە ء.

– دەی باشە ئاشت بووینەوە. کەڵەشێرێك هیچ نییە. باوکت لە کوێیە؟ لەوبەری دۆنە؟

– بەڵێ.

– یانی دژی ئێمە دەجەنگێ؟

میشکاتکا، کە بە هۆی ڕەفتاری نەوازشامێزی کابراوە، ڕووی کرایەوە، یەکسەر گوتی:

– فەرمان بە هەموو قۆزاقەکان دەدا.

– ئۆو، تۆ درۆ دەکەی کوڕی باش!

– لە دایە گەورە بپرسە.

بەڵام داپیرە، کە لەم چەنەبازییەی نەوەکەی زۆر نیگەران بوو، جگە لە دەست بە یەکادانو پیش خواردنەوە هیچی تری لە دەست نەدەهات.

سەربازە سوورەکە، کە تیا مابوو، ئایا باوەڕ بەم منداڵە بکات یان نا، بە سەرسامی پرسی:

– فەرمان بە هەموویان دەدات.

میشاتکا، کە چاوی بە نیگا وێڵەکانی داپیرەی کەوت، دوو دڵی گرتیو لە وەڵاما گوتی:

– ڕەنگە، هەموویان نا...

سەربازە سوورەکە، ماوەیەك بێدەنگ بوو. پاشان چاوی بڕیە ناتالیاو گوتی:

– ئەدی ئەو ژنە گەنجە، وەك بڵێی نەخۆشە، نا؟

ئیلی نیچنا، بە بێتاقەتی وەڵامی دایەوە:

– تیفۆی گرتووە.

ئەوسا دوو سەربازی سوور، کیسەیەك ئاردیان هێناو لەبەر دەرگاکە دایاننا. یەکێکیان گوتی:

– خاوەن ماڵ، خێرا تەنورەکەت داخە، پێش ئێوارە دێین بۆ نانەکە. ئاگادار بە با نانەکە جوان بێ، دەنا شەڕمان دەبێ.

ئیلی نیچنا، بە هاتنی ئەو دوو سەربازە خۆشحاڵ بوو، چونکە بوونە مایەی بڕینی ئەو گفتوگۆیە خەتەرەو میشاتکاش لەم کەینو بەینەدا، لە مووبەقەکەوە دەرپەڕییە دەرەوە. پیرەژن گوتی:

– باشترین نانتان بۆ دەکەم.

یەکێك لە سەربازەکان، بە سەر ئاماژەی بۆ لای ناتالیا کرد:

– تیفۆیەتی؟

– بەڵێ

سوورەكان، بە ئەسپایی چەند قسەیەكیان لە بەینی خۆیاندا كردو بە پەلە لە مووبەقەكە وەدەركەوتن. دووەمیان هێشتا بە تەواوەتی لە سیلەی دیوارەكەوە پێچی نەكردبووەوە، كە دەستڕێژی تفەنگ لەوبەری دۆنەوە دەستی پێكرد.

سەربازەكان، خۆیان دانەواندەوە بە ڕاكە ڕاك خۆیان گەیاندە بن دیوارێكی نیمچە وێران و لە پشت دیوارەكەوە خۆیان بە عاردیدا دا. هەر هەموویان بە كەڕەتێ میلیان هێنایەوەو كەوتنە تەقە كردن.

ئیلی نیچنا، بە ترس و لەرزەوە، بە دووی میشاتكادا خۆی گەیاندە نێو حەوشە. ئەو زەلامانەی پشت دیوارەكە هاواریان لێكرد:

– ئەهای داپیرە بچۆ ژوورەوە! بە خۆڕایی خۆت بە كوشت مەدە!

پیرەژن، بە دەنگێكی گریاناوی هاواری دەكرد:

– كوڕە چكۆلەكەمان لە حەوشەیە. میشتكا! میشتكا گیان!

بە ڕاكردن خۆی گەیاندە ناوەندی حەوشە، یەكسەر تەقە وەستا. دیار بوو قۆزاقەكان لەوبەرەوە بەدیان كرد بوو و ناسیبوویانەوە، ئەوسا میشاتكا بە غار هات و باوەشی بە نەنكیا كرد، نەنكی دەستی گرت و لەگەڵ خۆیا بردیە مووبەقەكەوە. هەركە ئەوان وەژوور كەوتن، دەستڕێژی تفەنگ دەستی پێكردەوە. تا ئەو كاتەی كە سوورەكان لە حەوشەكەی ماڵی میلیخوف وەدەركەوتن، تەقە هەر بەردەوام بوو.

ئیلی نیچنا سەر قاڵی هەویر شێلان بوو، بەدەم هەویر شێلانەوە بە ئەسپایی قسەی بۆ ناتالیا دەكرد. بەڵام ئیدی پێویستی نەدەكرد بیكات بە نان.

نزیكی نیوەڕۆ، سەربازە سوورەكان، ئەوانەی لە ناو گوندا، بەرپرسی ڕەشاشەكان بوون، بە پەلە، ماڵەكانیان بەجێهێشت و بە نێو كەندو لەندەكاندا، تێپەڕین و بەدەم ڕاكێشانی ڕەشاشەكانیانەوە، بە گردەكەدا هەڵگەڕان، بەڵام ئەو سریەیەی كە لەسەر گردەكە سەنگەریان گرتبوو، خێرا ڕیزیان بەست و بە پەلە بەرەو شاڕێی ئەتامانەكان وەڕێكەوتن.

لە ناكاوا، بێدەنگیەكی قووڵ باڵی بە سەر ناوچەكانی ئەمبەرو ئەوبەری دۆندا كێشا. تۆپ و ڕەشاشەكان بێدەنگ بوون. ئیدی هەموو ڕێگاو جادە هاوینەكان كە لەبەر گیاو پووش دیار نەبوون، پڕبوون لە كاروانی دوورو درێژی عەرەبانەو تۆپخانە كە لە هەموو گوندەكانی دەوروبەرەوە، بەرەو جادەی ئەتامانەكان دەهاتن. هێزی پیادەو سوارە، بە شێوەی عەسكەریانە كەوتنە ڕێ.

ئیلی نیچنا، چووە بەر پەرنجەرەكە، لە پەنجەرەكەوە دوا سەربازی سووری دەبینی كە بە گردە گەچۆڕەكاندا هەڵدەگەڕان. دەستەكانی بە پەردەی پەنجەرەكە سڕین و بە دڵێكی شادو ئاسوودەوە نیشانەی خاچی كێشا.

– ناتالیوشكا. خوا دەلیلی داماوە، شوكر سوورەكان خەریكە دەڕۆن.

– نا دایە، دەچن بۆ سەنگەرەكانی سەر گردەكە. ئەمشەو دووبارە دەگەڕێنەوە.

– ئـەدی بۆچـی بـەو پەلـە پەلـە دەڕۆن و غـاردەدەن؟ سـەربازەکانی خۆمـان دەسـتی باشـیان لێوەشاندون. خوا نەناسانە پاشەکشە دەکەن!...

ئیلی نیچنا ڕووی گەشایەوە. هەستی بە شانازی دەکرد. بەڵام دیسان گەڕایەوە سەر هەوێر شێلانەکەی خۆی.

ناتالیا، لە داڵانەکە هاتەدەرێ، لەبەر دەرگاکە وەستاو دەستی کرد بە سێبەر بۆ چاوەکانی، ماوەیەکی زۆر ڕوانیە تەپە گەچۆڕە تاوە سووتەکەو قەدپاڵە قاوەییەکەی.

خامۆشیەکی بەسام باڵی بەسەر دنیادا کێشا بوو، لە بێدەنگی پێش تۆفان دەچوو، لەپشت گردەکانەوەو لە میانەی ئەو خامۆشییەوە، پەڵە هەورێن سپی سەریان بەرز دەکردەوە. هەتاوی نیوەڕۆ، ئەرزی دەسووتاند. لە لەوەڕگاکاندا، جرجە کوێران، دەیانزریکاندو دەنگە سەیرو نزم و تا ڕادەیەك خەمناکەکانیان، بە شێوەیەکی سەیر، تێکەڵ بە دەنگو ئاوازی شادی کەڕەواڵان دەبوو. ئەو بێدەنگیەی کە دوای تەقوتۆق و تۆپباران، باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشا بوو، هێندە بەلای ناتالیاوە خۆشبوو، کە بێئەوەی لە جێی خۆی ببزوێ، بەدڵ و بە گیان، بە تاسەوە گوێی بۆ ئاوازی کەڵاوکوڕەکان ڕادەدێرا، گوێی بۆ جێڕەجیڕی چەرخی بیرەکە شل دەکردو گوێی بۆ زەمزەمەی بایەکە کە سەر ڕێژ بوو لە بۆن و بەرامەی تیژی ئەفسەنتین، دەگرت.

ئەم بایە سووکباڵە ڕۆژهەڵاتیەی کە لە دەشت و دەرەکەوە دەهات تاڵ و بۆنخۆش بوو. هاڵاوی ڕەشە خاکی داغی ژێر هەتاو بۆن و بەرامەی هەر ڕوەك و گیاو گوڵ و گولیلکێکی نووستووی بەر هەتاوی دەگەڵ خۆیدا دێنا. بەڵام ئێستا هەست بە نزیکی باران دەکرا! شێیەکی خۆش لە دۆنەوە هەڵدەستا، پەڕەسێلکان، کە کلکە دوفلیقانەکانیان خەریك بوو لە عاردی دەخشان، کەوتبوونە ئاسمان. لە دووری دوورەوە، بە قوڵایی ئاسمانی شینەوە، هەڵۆیەکی بیابان، باڵەکانی بە یەکا دەداو خۆی لەو تۆفانە دوور دەخستەوە کە بەرە بەرە نزیك دەبووەوە.

ناتالیـا، چـەند هـەنگاوێك بـە نێـو حەوشـەکەدا گـەڕا، کۆمـەڵێك قەوانـە فیشـەکی ئامـال زەردی، لەسـەر سـەوزە گیایـە پێشـێلکراوەکەی پـاڵ دیـوارە بەردینەکـەدا، بـەدی کـرد. شووشـەێن پەنجەرەکان و دیواری سپی خانووەکە، بە گوللەی ڕەشاشان کون کون بووبوون.

فڕوجێك کە بە سەلامەتی دەرچوو بوو، هەرکە چاوی بە ناتالیا کەوت بە قدەقد هەڵفڕی و خۆی گەیاندە سەربانی عەماری دانەوێڵەکە.

ئەم خامۆشییە دڵگیرەی کە باڵی بەسەر گوندەکەدا کێشا بوو، زۆری نەخایاند. با، هەڵیکرد. شەق و شۆقی دەرگاو پەنجەرەی دانەخراوی ماڵە چۆڵەکان. سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی.

پەڵە هەورێکی تەزرەزا، کە وەکو بەفر سپی بوو، بە گۆساخی بەری هەتاوی گرت و بەرەو ڕۆژئاوا داکشا.

ناتالیا، قژی خۆی کە بەدەم بایەکەوە سەمای دەکرد، بە هەردوو دەستان گرت و خۆی گەیاندە مووبەقە هاوینەکەو لەوێندەرەوە دووبارە چاوی بڕییەوە گردەکە. دیقەتی دا، هەر سەربازەو بە عارەبانە، یان بە سواری ئەسپ، بە پەلە پەل دەڕۆن و گەردەلوولێکی تاریکی تەپوتۆز لە

دوایانەوە دەچێت بە ئاسماندا. ناتالیا، لە دڵی خۆیداو بە ئاسوودەیی گوتی: "کەواتە ڕاستە! خەریکن پاشەکشە دەکەن!"

هێشتا بە تەواوەتی نەگەیی بووەوە بەر هەیوانەکە، لە دوورەوە دەنگی تۆپباران بەرز بووەوەو دەنگدانەوەی شادی. زەنگی هەردوو کڵێساکەی ڤیشنسکایادا، لەو کاتەدا وەکو ئەوەی جوابی تۆپبارانەکە بداتەوە، بەسەر دۆندا بڵاوبووەوە.

لەوبەری دۆنەوە، قۆزاقەکان کۆمەڵ کۆمەڵ، لە بێشەکەوە دەهاتنە دەرێ، هەر کۆمەڵە بەلەمێکیان بە ڕاکێشان یان لەسەر شان دێناو دەیانخستە ئاوەکەوەو سەوڵەوانەکان لە دواوە بە تەڕ دەستی سەوڵیان لێدەداو ئەوانی دی بە پێوە وەستا بوون. بەو جۆرە نزیکەی سی بەلەم بەرەو گوندەکە دەهاتن.

ئیلی نیچنا، کە بە پەلە لە مووبەقەکە هاتبووە دەرێ، بەدەم پەڵمەگریانەوە هاواری دەکرد:

– ناتالیوشکا! گیانەکەم! خودایە!... ئەوە پیاوەکانی ئێمەن کە خەریکە دێنەوە.

ناتالیا، میشاتکای گرتە باوەش‌و بەرز بەرزی کردەوە. پرشنگێکی گەرم لە چاوانی ناتالیا دەبووەوە. بە دەم هانکە هانکەوەو بە دەنگێکی نزم گوتی:

– تەمەشا بکە گیانەکەم، تۆ چاوت تیژ ترە... بزانە باوکت لە ناو قۆزاقەکاندایە... دەیبینی؟ ئەوەی لە بەلەمی یەکەمدایە خۆی نییە؟ ئاخ، تۆ سەیری ئەو شوێنە ناکەی کە من دەیڵێم... ئەوان لەبەردەم لەنگەرگایەکەدا، تەنیا پانتلی پروکوفیوفیچ–یان بینی کە تەواو لاواز بوو بوو. پیرەمێرد، پێش هەر شتێك پرسیاری ئەوەی کرد کە ئاخۆ مەزراکەو موڵك‌و ماڵ‌و گەنم‌و دانەوێڵەو گایەکانی بە سەلامەتی دەرچوون یان نا، پاشان بە چاوانی تەڕی ڕوندکەوە، هەردوو نەوەکەی لە باوەش گرتن ماچی کردن، بەڵام کاتێ بە شەلە شەل‌و بەلەز خۆی بە حەوشەی خۆیاندا کرد، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، بە چۆکا (ئەژنۆ) کەوت، باڵی لێ بڵاوکردەوەو کەوتە خاچکێشان، لە کاتێکدا، ڕووەو ڕۆژهەڵات سەری بردە سوجدە، ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە مایەوەو سەرە سپییەکەی لە سەر ئەو خاکە گەرم و وشکە هەڵنەبڕی کە هەتاوەکە داغی کردبوو.

((٥))

ڕۆژی ١٠/ حوزەیران، هێزێکی سوارەی سێ هەزار کەسیی سەر بە (سوپای دۆن)، بە شەش تۆپی هێزی سوارەو هەژدە ڕەشاشەوە کە لە قاتر(هێستر) بارکرا بوون، لە نزیکی دەڤەری ئوست – بیلوکالتفنسکایادا، بە جەزرەبەیەکی گورچکبڕ، جەبهەکەیان شکاندو بەپاڵ هێڵی ئاسندا، بەرەو سەمتی دەڤەری کازانسکایا کەوتنە پێشڕەوی.

بۆ ڕۆژی سێیەم، بەیانی زوو، دەورێیەکی شناسایی ئەفسەرانی کەتیبەی نۆیەمی دۆن، لە نزیکی ڕوباری دۆندا، تووشی پۆستێکی نیگابانی یاخییەکان بوون. قۆزاقەکان، کە دەورێیەکەیان بە سواری ئەسپەوە بینی، بە پەلە بۆ کەندەکان هەڵاتن. بەڵام ئەو نەقیبە قۆزاقەی کە لە دەورێیەکە مەسئول بوو، یاخیەکانی بە جلەکانیاندا ناسییەوە، دەسەسڕێکی بەست بە نووکی شمشێرەکەی خۆیەوەو ئاماژەی بۆ کردن‌و بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

– ئێمە لە خۆتانین!... ئەهای ڕامەکەن، قۆزاقینە!.

ئیدی مەفرەزەی دەورێیەکە، بێهیچ پارێزێك تا بەر خەرەندو کەندەکان ڕۆییشت. فەرماندەی پاسەوانە یاخییەکان، عەریفێکی پیری پۆڕسپی بوو، هاتە پێشەوە، بەدەم ڕێکردنەوە دوگمەی پاڵتۆکەی کە هەر پەڵەی ئاونگ بوو، داخست. هەشت ئەفسەر لە ئەسپەکانیان دابەزین و نەقیبەکەی فەرماندەیان بەرەو ڕووی عەریفەکە چوو، کاسکێتە خاکیەکەی خۆی، کە نیشانەی ئەفسەری پێوە بوو، داکەندو بە زەردەخەنەوە گوتی:

– سلاو برای قۆزاقی. وەرە با بە ڕێورەسمی کۆنی قۆزاقان یەکدی ماچ بکەین.

هەردوو گۆنای عەریفەکەی ماچ کرد، ئەوسا دەمو سمێڵی بە دەستەسڕەکەی سڕی. کە بینی هاوڕێکانی بە وردی تەمەشای ئەم دەکەن، بە ئەسپایی و بە دەم بزەیەکی کینایە ئامێزەوە پرسی:

– ئیێ، ئەنجام پەشیمان بوونەوە، ها؟ بۆتان دەرکەوت کە خو ولاتیانی خۆتان لە بەلشەویکان باشترن؟

– بەڵێ، قوربان! کەفارەتی گوناهی خۆمان دا.... سێ دانە مانگە شەڕ دەکەین، زۆرمان چاوەڕوان کردن، ئێوە هەر دیار نەبوون.

– چاکتان کرد کە بە هەڵوێستی خۆتاندا چوونەوە، هەرچەندە زۆرتان پێچوو، بەڵام ئەنجام وەهۆش هاتنەوە. دەی ئەوەی چوو چوو. کوێر بێ ئەوەی کینە لە دڵ بگرێت. تۆ خەڵکی کوێی؟.

– کازانسکایا، قوربان.

– یەکەکەتان لەو بەری دۆنە؟

– بەڵێ، قوربان.

– سوورەکان بە کام لادا ڕۆیین؟

– بەرەو سەرووی ڕوبارەکە، بۆ لای دونتسکایا سلوبودکا.

– سوارەکانتان هێشتا لە ڕوبارەکە نەپەڕیونەتەوە؟

– نە، قوربان.

– بۆچی؟

– نازانم، قوربان. ئێمە یەکەم دەستەین کە بۆ ئەمبەر نێردراوین.

– سوورەکان لێرە تۆپخانەیان هەبوو؟.

– دوو تۆپ.

– کەی پاشەکشەیان کرد؟

– دوێشەو.

نەقیبەکە بە گلەییەوە گوتی:

– دەبوایە دوایان کەوتبان... بە ڕاستی ئەو دەرفەتەتان لە کیس خۆ دا!

چوو بۆ لای ئەسپەکەی و دەفتەرێکی یاداشت و نەخشەیەکی لە خورجینەکەی دەرهێنا.

عەریفەکە، قامکە تووتەی خۆی لە سەر درزی ئەملاو ئەولای پانتۆڵەکەی دانا بوو و خەبەردار وەستا بوو. قۆزاقەکان، بە دوو هەنگاو، لە دوای ئەوەوە وەستا بوون‌و بە شادییەکی نیگەرانی ئامێزەوە دەیانڕوانیە ئەفسەرەکان‌و زین‌و ئەسپە ڕەسەنەکان، کە ماندوویەتی ڕێگایان پێوە دیار بوو.

ئەفسەرەکان قەمسەڵەی ئینگلیزی باشی کەتافیەدارو پانتۆڵی دەڵبی سواریان لەبەر بوو، بە دەوری ئەسپەکانیاندا هاتوچۆیان دەکردو سڕیی لاقیان دەردەکردو ناوبە ناو، ژێراو ژێر تەمەشایەکی قۆزاقەکانیان دەکرد. هیچ کەسێکیان وەکو پایزی ساڵی ١٩١٨، نەجمەکانیان بە قەڵەم قۆپیێ ڕەسم نەکرا بوو. بەڵکو چەکمە، زین، حەمایلی شمشێر، دووربین و، تفەنگەکانیان کە بە زینەکانەوە هەڵواسرا بوون، هەر هەمووی نوێ و دەستکردی فەڕەنگ بوون. تەنیا یەکێکیان نەبێ کە بە ڕواڵەت لەوانی دی گەورەتر بوو، قەمسەڵەیەکی چەرکەسی، ماهوتی شینی گرانبەهای لەبەرو کلاوێکی کۆبانی خڕی فەروی هەشتەرخانی لەسەرو جووتێ چەکمەی بێ پاژنەی خەڵکی کوێستانی لە پێدا بوو. ئەم پیاوە یەکەم کەس بوو کە لە قۆزاقەکان هاتە بەرەوەو پاکەتە جگەرەیەکی زۆر باشی، کە وێنەی ئالبێرت شای بەلچیکی بە سەرەوە بوو، لە جانتاکەی خۆی دەرهێناو بە سەر قۆزاقەکاندا گێڕای و خوڵکی کردن:

– براینە، جگەرە بکێشن.

قۆزاقەکان، بە تاسەوە دەستیان بۆ جگەرەکان هێنا، ئەفسەرەکانی دیکەش هاتنە پێشەوەو سەرو جگەرەیان هەڵگرت. ملازمێکی سەر زلی ناو شان پان پرسی:

– دەی، لە سایەی بەلشەویکەکاندا ژیان چۆن دەگوزەرا؟

قۆزاقێك کە قەمسەڵەیەکی کۆنی لەبەر بوو و بە تاسووقەوە مژی لە جگەرەکەی دەدا، بەکورتی و بە پارێزەوە گوتی:

– زۆر باش نەبوو....

وچاوی لەو بەلەك پێچە درێژو نەخشین‌و بە گێزو گوڵینگە نەدەگواستەوە، کە بە توندی لە بەلەکە ئەستوورەکانی یارۆی مولازم شەتەك درابوو. پێڵاوەکانی یارۆی قۆزاق، دڕاوو پاژنە سواو، بە ئاستەم بە پێیەوە دەوەستان. گۆرەویە خورییە سپیەکانی کە دەرلنگی پانتۆڵەکەی تێئاخنی بوون، چەندینجار پینەکرا بوون و هەر دڕا بوونەوە، بۆیە نەیدەتوانی چاوە شەیداکانی خۆی لە پۆستاڵە ئینگلیزیەکانی یارۆی مولازم، کە پاژنەو ژێرەکەی هێندە ئەستوور بوو، لە تۆ وایە قەت ناسوێن‌و، لە بەرەزوانە مسینە بریقەدارەکانی کە سەرنجیان ڕاکێشا بوو، بگوازێتەوە. ئاخری خۆی پێنەگیراو ساویلکانە ئیعجابی خۆی دەربڕی:

– چ چەکمەیەکی جوانت هەیە؟!

یارۆی مولازم، کە نەیدەویست مجامەلەی بکات، بەتەوس‌و توانجەوە گوتی:

– ئێوە خۆتان ویستتان سازو بەرگی فەڕەنگی بە پێتاوی موسکۆیی بگۆڕنەوە، بۆیە هەق نییە حەسوودی بە جل‌و بەرگی ئێمە بەرن!

یارۆی قۆزاق، تەمەشایەکی قۆزاقەکانی دیکەی کرد، وەك بڵێی داوایان لێبکات پشتیوانی لێبکەن، بە شپرزەیی گوتی:

– هەڵەمان کرد. بە دەستی خۆمان، خۆمان خستە...

ملازمەکە، بە تەوسەوە کەوتە وەعزدادان:

– ئێوە سەلمانتان کە ئەقڵی گاتان هەیە. گا هەمیشە وایە، یەکەمجار دەجوڵیّ، پاشان دەوەستیّو بیر دەکاتەوە. "هەڵەمان کرد!" بە چ ئەقڵیّ پایز جەبهەتان چۆڵکرد؟ دەتانویست ببن بە کۆمیسەر! ئاوا بەرگری لە نیشتمانی باوباپیران دەکەن!

ئیدی فەرماندەیەکی گەنجی سریە، کە بینی یارۆی ملازم خەریکە زیاد دەڕوات، بە گوێیدا چپاند: "واز بێنە، بەسە!" ملازمەکە جگەرەکەی فڕێداو بە پیّ پانی کردەوەو تفێکی کردو بە ئەسپایی چوو بۆ لای ئەسپەکان. نەقیبەکە نووسراوێکی دایە و شتێکی بە گوێیدا دا.

ملازمەکە، کە کابرایەکی زەلامی کەتە بوو، بە چاپوکیەکی چاوەڕوان نەکراوەوە، خۆی هەڵدایە سەر زینەکەو بەلەز سەری ئەسپەکەی بادایەوەو بە چوار ناڵە بەرەو رۆژئاوا دایکێشا.

قۆزاقەکان، ماتو بێدەنگ ڕاوەستا بوون. نەقیبەکە هاتە بەرەوە، بە ڕووخۆشی و بە دەنگە بەرزە خۆشەکەی خۆی پرسی:

– لێرەوە تا ڤارڤارنسکی چەند فرسەخ دەبێت؟

چەند قۆزاقێك بە یەك دەنگ بەرسڤیان دایەوە:

– سیّو پێنج.

– کەواتە، خزمینە، بکەونە ڕیّ، بڕۆن بە فەرماندەکانتان بڵێن کە هێزی سوارە، بە پەلەو بیّ دواکەوتن لە ڕوبارەکە بپەڕنەوەو بۆ ئێرە بێن. یەکێك لە ئەفسەرەکانمان تاسەر بوارەکە لە گەڵتاندا دێتو ڕێبەرایەتی سوارەکان دەکات. هێزی پیادەش بەرەو کازانسکایا بڕۆن. حاڵی بوون؟ دەی بە قەولی ئێمە ریز بن، بۆ دواوە وەرگەڕێن، ڕێك بڕۆن!

قۆزاقەکان، بە کۆمەڵ، بە گردەکەدا داگەڕان. نزیکەی دوو سەد مەترێك بە بێدەنگی ڕێیان کرد، لە تۆ وایە لە بەینی خۆیاندا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون. هەنگیّ قۆزاقێکی کورتە باڵا کە قەمسەڵەیەکی عەسکەری لەبەر بوو و ڕوو و ڕواڵەتێکی پەرپووت و ناپووتی هەبوو، هەمان ئەو قۆزاقە بوو کە ملازمە تووڕەکە، پێیدا هەڵشاخی بوو، سەرێکی لەقاندو بە کەسەرەوە ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی::

– دەی، براینە وا جارێکی دی یەکمان گرتەوە...

یەکێکی دیکە هەڵیدایە:

– کەشکیش برای دۆیە!

و جنێوێکی تەڕو مزری دا.

هەرکە هەواڵی پاشەکشەی بە پەلەی هێزی سوورەکان گەییە ڤیشنسکایا، گریگۆری میلیخوف، بە خۆو دوو کەتیبەی سوارەوە بە مەلە لە دۆن پەڕییەوەو دوو مەفرەزە دەوریێ بە هێزی دەرکردو، بەرەو باشوور وەڕێکەوت.

شەڕ، لەوبەری تاوێرەکانی ڕەخی دۆن بەردەوام بوو. ڕمبەی تۆپ، بە ئاستەم دەهاتە گوێ، لە تۆ وایە لە ژێر زەمینەوە دەهاوێژرێ، فەرماندەی یەکێك لە یەکەکان بە سواری ئەسپەکەیەوە خۆی گەیاندە لای گریگۆری و بە ستایشەوە گوتی:

– لەوە دەچێ کادێتەکان، گوللە تۆپیان زۆر بێ، بزانە چ ئاگر بارانێکیان ناوەتەوە!

گریگۆری وەڵامی نەدایەوە، بە سواری ئەسپەکەی لە پێش تابوورەکەوە دەڕۆیی و بە وردی دەیڕوانیە دەوروبەر. بە درێژایی سێ فرسەخان(فرسەخ=شەش هەزار مەتر) لە کەناری دۆنەوە تا گوندی بازکی، هەزاران عەرەبانەی سواری و گالیسکەی باروبنە لەوسەر ڕێگاوبانە کەوتبوون کە یاخیەکان بە جێیان هێشتبوون. جۆرەها شتەمەك و کەلوپەل، لە ناو دارستانەکەدا کەوتبوو: سەندوقە شکاو، کورسی، جل و بەرگ، زین و تاقم، هیربار، مەکینەی خەیاتی، کیسە گەنم، و هەموو جۆرە شتێکی دیکە کە خاوەنەکانیان، کاتێ بەرەو دۆن هەڵاتبوون، بۆ ئەوێیان هێنا بوون. ناو بە ناو لێرەو لەوێ گەنمی ئاڵتوونی، رژا بووە سەر ڕێگاکەو تا چۆکان دەهات. لێرەو لەوێ کەلاکی بۆگەنیوی، ئاوساوی، شێواوی، گاو ئەسپان بەرچاو دەکەوت.

گریگۆری، بە دیتنی ئەم دیمەنە پەست بوو و گوتی:

– ئاوا بەرگرییان لە موڵك و ماڵی خۆ کردووە!

گریگۆری، کڵاوەکەی داکەند، لە کاتێکا هەوڵیدەدا هەناسە نەکێشێت، بە دەم ڕێوە، بە دەوری خەرمانە گەنمێکی بۆگەندا سوڕایەوە، کە تەرمی پیرەمێردێکی، بە کاسکێتێکی قۆزاقی و قەمسەڵەیەکی خوێناویەوە لە سەر کەوتبوو. یەکێك لە قۆزاقەکان، بە هاوسۆزییەوە گوتی:

– ئەم داماوە تا دوا هەناسە بەرگری لە داراییەکەی خۆی کردووە! ئەوە خوانەناسانە، لێرە کوشتویانە.

– دیارە، دڵی نەهاتووە، گەنمەکەی بەجێ بێڵێ و بڕوات...

لە ڕیزەکانی دواوە، دەنگ بەرز بووەوە:

– خێراکەن بابە! بۆن بۆگەنی کوشتمانی... دەبجوڵێن دەی!...

سریەکە، هەڵیانکردە یورغە. بەرە بەرە گفتوگۆیەکان قەت(بڕان) بوون. لە بێشەکەدا تەنیا خرمە خرمی هاوئاهەنگی سمی ئەسپان و ڕینگ و هۆڕی شیرو سازو بەرگی قۆزاقان دەهاتە گوێ.

... شەڕ لە نزیکی موڵکەکەی ماڵباتی لیستنتسکی بەردەوام بوو. سەربازانی سوور، بە دۆڵێکی وشکی بێئاودا بە هەڵەداوان بەرەو یاگودنویە هەڵدەهاتن. تۆپ بەسەر سەریانەوە دەتەقییەوە و ڕەشاش لە دواوە دەستڕێژی لێدەکردن و یەك کەتیبە سوارەی کالموکی-ش لە گردەکەوە دادەگەڕان، تا ڕێگای پاشەکشەیان لێبگرن.

کاتێ گریگۆری بەخۆو سریەکانیەوە گەییە ئەوێندەر، شەڕ تەواو بوو بوو. ئەو دوو سریە سوورەی کە ماموری پارێزگاری پاشەکشەی هێزە تێکشکاوەکان و گەڕانەوەی قافڵەی باروبنەی

سەر بە فیرقەی چوارده بوون لە ڕێگەی زینوی(ملەی کێو، بستو) ڤیشنسکایاوە، لەلایەن کەتیبەی سێی کالموکەکانەوە، تەفروتونا کران و کەسیان دەرنەچوون.

گریگۆری دوای ئەوەی گەییە سەر گردەکە، فەرماندەیی هێزەکانی بە یەرماکوف سپاردو پێی گوت:

– بەبێ ئێمە کاری خۆیان ڕایی کرد. تۆ بڕۆ پەیوەندییان پێوە بکە، من دەڕۆم سەرێکی ئەم موڵك و مەزرایە دەدەم.

یەرماکوف، بە سەرسامی پرسی:

– بۆچی؟

– نازانم، بڵێم چی؟... ئەوەی ڕاستی بێ من بە گەنجی لێرەکارم کردووە، حەزدەکەم کۆنە هەواران بەسەر بکەمەوە...

گریگۆری، پروخوری بانگکردو سەری ئەسپەکەی خۆی بەرەو یاگودنویە بادایەوە. پاش ئەوەی نیو فرسەخێکیان ڕێگا بڕی، گریگۆری ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە، دیقەتی دا، پارچەیەکی سپی گەورە، کە قۆزاقێکی دووربین لەگەڵ خۆیدا هێنا بووی، بەسەر سەری ئەو سریەوە دەشەکێتەوە کە لە پێش سریەکانی دیکەوە دەڕۆیی. نیگەرانی و شڵەژانێکی گۆنگ دایگرت، هەروەها کە دەیبینی تابووری قۆزاقەکان بە ئەسپایی و جۆرە دوو دڵی و خەمینییەکەوە بە دۆڵێکی بێئاودا دەڕوات و دەستەیەك لە سوارانی سکریتیف، بە یورغە ڕاست لە نێو میرگوزارو سەوزەزارەکانەوە، بە پیریانەوە دێن، لە دڵی خۆیدا گوتی: "لەوە دەچێ بڕۆن خۆ تەسلیم بکەن!".

کاتێ گریگۆری، لە دەروازە داڕوخاوەکەوە تێپەڕی و خۆی بە حەوشەکەدا کرد، کە یەکپارچە ڕوەکی پەنجەقاز دایپۆشی بوو، بۆی کول و کۆڤان و خەم و پەژارەی بەسەرا هات. یاگودنویە، نەدەناسرایەوە. نیشانەی بێموبالاتی و وێرانی بە هەموو شوێنێکییەوە دیار بوو. خانووەکە کە جاران نموونەی جوانی و پاك و خاوێنی بوو، ڕەش داگەڕا بوو، دەتگوت چەپۆکی بەسەرا دراوە. جەمەلۆنی سەرەکەی، کە لە مێژ بوو بۆیە نەکرابوو، لێرەو لەوێ پەڵەی زەردی ژەنگ، تێی دابوو. بۆری مەرزیبەکان هەڵکەندرا بوون و لەبەر پلەکانی بەردەرگا کەوتبوون، تاکی پەنجەرە تەختەکان، لە گرێژەنە دەرچوو بوون، با بە گڤ و هۆڕ لە پەنجەرە شکاوەکانەوە خۆی بە ژووردا دەکردو ژوورەکان بۆنی ترشەلۆکی کەڕوو زەدەگیان، کە تایبەتە بە خانووانی چۆڵ و نا ئاوەدان، لێهەڵدەستا.

سیلەی ڕۆژهەڵاتی خانووەکەو ئاستانەی دەرگای چوونە ژوورەوەکەی خومپارەیەکی سێ ئینجی بەرکەوتبوو و وێران بوو بوو. ترۆپکی دار ئەفرایەك کە گوللە تۆپ هەڵیکەندبوو چوو بوو بە پەنجەرەی داڵانەکەداو تێکی دابوو. قەدی خوارەوەی درەختەکە کەوتبووە ژێر دارو پەردووی دەرگاو پەنجەرە داڕوخاوەکەوە. لاولاوێکی کێوی، کە زۆر زوو دەڕۆیت، ئێستا خۆی بە لق و پۆپە سیس و ژاکاوەکانی درەختەکەوە هەڵواسی بوو، بە شووشە نەشکاوەکانی پەنجەرەکەدا هەڵگەڕا بوو، بەرەو سەرووی تاقی پەنجەرەکە دەڕۆیی.

ئیدی زەمان و باو بەفرو باران کاری خۆیان کردبوو... بیناکان تەواو داڕوخا بوون و لەوە دەچوو لە مێژ بێ، دەستی بەشەری پێدا نەهێنرا بووبێ. دیواری تەویلەکان، کە بارانی بەهار، لە ژێرەوە تەڕی کردبوون، داڕوخابوون، گێژەلووکەو تۆفان سەربانی ژووری عەرەبانچییەکەی بردبوو، لێرەو لەوێ، چنگێ کاوکۆتی ڕزیو، بەسەر کۆڵەکەدارە ڕەشەکانەوە دەبینرا.

سێ تاژی، کە تەواو هۆڤی بوو بوون، لەبەر دەرکەی بینای خزمەتکارەکاندا وەرکەوتبوون، کە چاویان بەو دوو پیاوە کەوت، هەستان و مڕەیەکی سووکیان بۆ کردو خۆیان بە دالانەکەدا کردو دیار نەمان. گریگۆری بە سواری ئەسپەکەی چوو بۆ بەر پەنجەرە گەورە کراوەکەی بینای خزمەتکارەکان و لەسەر زینەکەوە دانەوییەوەو گوتی:

– کەس لێرە هەیە؟

ماوەیەکی زۆر، بەرد وەجواب هات، بەشەر وەجواب نەهات. پاشان دەنگی کزی ژنێك هاتە گوێ:

– دەقیقەیەك، بیکە بە خاتری مەسیح بوەستە! وا هاتم.

دوای تۆزێك لوکریا، بە پێی پەتی، بە پێ خشکێ هاتە بەر تاقی ژوورەکە. چاوی لەبەر تیشکی هەتاوەکە بچووك کردنەوەو مودەتێك ڕوانیە گریگۆری. گریگۆری دابەزی و پرسی:

– پوورە لوکریا نامناسیتەوە؟

هەنگێ تەزوویەك بە ڕوخساری ئاوڵاوی لوکریادا هات، بێموبالاتیەکەی گۆڕا بۆ هەڵچوونێکی جدی. دەستی بە گریان کردو ماوەیەکی پێچوو تا توانی قسەیەك بکات. گریگۆری، ئەسپەکەی بەستەوەو ماوەیەك چاوەڕوانی کرد.

لوکریا، تێر گریاو ئەوسا بە بەرهەڵبێنە جاوە چڵکنەکەی گۆناکانی سڕی:

– چ بەڵایەکم بەسەر هات، خوا بەسەر کەسی نەیەنێ... وامزانی ئەوانن کە دیسان گەڕاونەتەوە... ئاخ گریشنکا! مەگەر هەر خوا بزانێ چی لەم دەڤەرە قەوماوە!.... لە گێڕانەوە نایەت... تەنیا من لەم ماڵەدا ماوم...

– ئەدی باپیرە ساشکا لە کوێیە؟ لەگەڵ ئاغاکاندا ڕۆییوە؟

– بریا ڕۆییشتبا، وانەبوایە ئێستا بۆ خۆی لە ژیانا دەبوو...

– چما مردووە؟

– کوشتیان! سێ دانە ڕۆژە لە ژێر زەمینەکەدا کەوتووە.... دەبێ بنێژرێت، بەڵام من نەخۆش کەوتم.... بە هەزار زەحمەت، هەستام و توانیم بە دەنگی تۆوە بێم... ناوێرم بچم بەلایەوە، جەنازە بدینم زارەتەرەك دەبم...

گریگۆری بێئەوەی چاو لە عاردی هەڵبڕێ، بەدەنگێکی نزم پرسی:

– باشە بۆ کوشتیان؟

– لەسەر ماینێك... ئاغاکان زۆر بە پەلە موڵك و مەزراکەیان بە جێهێشت و ڕۆییشتن. تەنیا پارەکانیان لەگەڵ خۆیاندا برد. ئیدی تەقریبەن هەر هەموو موڵك و ماڵەکەیان بەسەر مندا بەجێهێشت.

لوکریا، دەنگی نزم کردەوەو بە نیمچە چپەوە لە سەری ڕۆیی:

– منیش، بە دڵو بە گیان هەموو شتەکانم پاراستووە، نەم هێشتووە داوە دەزوویەکیان بفەوتێ. ئەوەی لە چاڵ نرابوو، ئێستاش هەر لە چاڵدایە. سەبارەت بە ئەسپەکانیش تەنیا سێ فەحلی (ئوریل)یان برد. ئەوانی دی هەموو لە عۆیەی باپیرە ساشکادا مایەوە. کە ئەم فەرتەنەو پاشاگەردانیە دەستی پێکرد، هەم قۆزاقان و هەم سوورەکان هاتن و ئەسپەکانیان برد، باهۆز، ئەسپە ڕەشت بیرە؟ سوورەکان ئەم بەهارە بردیان، بە زەحمەت توانیان زینی بکەن. بە خۆت دەزانی کە هەرگیز پشتی نەدابوو کە زین بکرێت، بەڵام سوورەکان تا ماوەیەکی زۆر نەیانتوانی بوو سواری ببن، کارەکە بە قازانی ئەوان نەگەڕا. دوای هەشت ڕۆژ لەوە دوا، قۆزاقانی کارگینسکایا هاتنە ئێرەو، حیکایەتی باهۆزیان بۆ گێڕاینەوە. لەسەر گردەکە تووشی سوورەکان دەبن و لێیان دەبێ بە شەڕە تەقە. قۆزاقەکان، ماینێکی چکۆلەی گێلۆکەیان دەبێ، ڕێك لەو کاتەدا دەحیلێنێ. باهۆز وەکو ئاگر کڵپە دەکاتو بەرەو ماینەکە دەڕوات، ئەو سەربازە سوورەی کە بە سەرییەوە دەبێت، بۆی بەرهەق ناکرێت. بە تاو بەرەو ماینەکە غار دەدات، ئەو سەربازەی بە سەریەوە دەبێت بۆی ڕاناگیرێت، کە دەبینێ فایدەی نییە، لێدەبڕێ لە هەڕەتی ڕاکردنی ئەسپەکەدا خۆی هەڵبداتە خوارەوە. بە ڕاستی خۆی هەڵدەدا، بەڵام پێی لە ڕکێفەکە گیر دەبێتو ئیدی باهۆز ڕایدەکێشێو ڕاست دەیباتە بەر دەست قۆزاقەکان.

پروخور، بە ستایشتەوە گوتی:

– کارێکی جوانی کردووە!

ئەوسا لوکریا، بە ئەسپایی لە سەری ڕۆیی:

– حاڵی حازر بە دەست مولازمێکی عەلەمداری کارگینسکایاییەوەیە. بەڵێنی داوەمەتێ، هەرکە ئاغا بگەڕێتەوە، باهۆزمان بۆ بێنێتەوە. بەڵێ هەموو ئەسپەکانیان برد جگە لە "پەیکان"، ماینە خۆشبەزەکە. ئاوس بوو بۆیە کەس نەچوو بەلایەوە. لەو دواییانە زایی‌و باپیرە ساشکا پەرستاریەکی باشی جوانووەکەی کرد، پەرستارییەکی وەهای کرد... کە نایەتە گێڕانەوە! لە باوەشی دەگرتو ئەم جێو ئەو جێی پێدەکرد، بە شووشە مەمە شیری دەدایە، جۆشانەی گیای دەدایە بۆ ئەوەی بتوانێ پێبگرێت. ئەوە بوو بەڵامان بەسەردا هات!... پێرێ دەمەو ئێوارە سێ زەلام بە سواری ئەسپەوە، هاتن بۆ ئێرە. ساشکا، لە باخەکەدا گیای دەدروو.

بانگیان لێکرد:

– ئەهای یارۆ، وەرە بۆ ئێرە!

ئەویش داسەکەی داناو چوو بۆ لایان و سڵاوی لێکردن. بەڵام ئەوان سڵاوەکەیان نەسەندەوە، هەر سەیریشیان نەکرد، بەدەم شیر خواردنەوە لێیان پرسی:

– ئەسپتان هەیە؟

وەڵامی دانەوە:

– دانەیەکمان هەیە، بەڵام بە کاری شەڕی ئێوە نایەت: ماینەو جوانوویەکی شیرە خۆرەی لەبەرە!

یەکێك لەو سێ زەلامە کە لە دوانەکەی دی بەدخواتر بوو، لێی هەڵبوو و نەڕاندی بەسەریا:

– ئەوە کێشەی تۆ نییە، کوا ماینەکە بێنە پیرە گەماڵ! ئەسپەکەم پشتی یەکپارچە برینەو دەبێ بیگۆڕم.

دەبوایە ساشکا مل بداتو دەستبەرداری ماینەکە ببێ، بەڵام بە خۆت دەزانی پیرەمێرد چ تەبیعەتێکی هەبوو... زۆرجار چەنەحانێی لەگەڵ ئاغاشدا دەکرد، لە بیرتە، ها؟

پروخور هەڵیدایە:

– ئێ، ئاخری ماینەکەی نەدانێ؟

– چما دەیتوانی نەیدات؟ تەنیا ئەوەندەی گوت: "پێش ئێوە چەند سوارێکی دیکە هاتنو هەموو ئەسپەکانیان برد، بەڵام بە زەییان بە ئەمەیاندا هاتەوەو نەیانبرد، کەچی ئێوە..." هەنگێ لێی تووڕە بوونو هاواریان بەسەردا کرد: "ها، کاسەلێس، بۆ ئاغات هەڵیدەگریت؟" ئەوسا یەخەیان گرت... یەکێکیان چوو بە سۆراخی ماینەکەوەو دەستی بەزین کردنی کرد، جوانووەکە سەری ژەنیە ژێر دایکیو کەوتە مژینی. ئیدی پیرەمێرد کەوتە پاڕانەوە لێیان: "بەزەییەکتان لە دڵدا بێ! مەیبەن! ئاخر چارەنووسی جوانووەکەی چ دەبێ؟" یەکێکی دیکەیان گوتی: "تەمەشاکە، ئاوا دەبێ."و جوانووەکەی لە دایکی جیاکردەوەو تفەنگەکەی لە شانی داگرتو یەك فیشەکی پێوەنا. من بەدەم گریانەوە ڕامکرد بۆ لایانو کەوتمە پاڕانەوە، قۆڵی پیرەمێردم گرت، ویستم لەو شەڕەی دەرباز بکەم، بەڵام کە چاوی بە جوانووەکە کەوت، ڕدێنە چکۆلەکەی کەوتە لەرزین، ڕەنگی وەکو گەچی دیوارەکە سپی بوو و گوتی: "کە مەسەلەکە وای لێهات، وەرە یەکجارەکی منیش بکوژە، هەی قەحپە دایك" پەلاماری سەربازە سوورەکەی داو گرتی، نەیدەهێشت ماینەکە زین بکات. ئەوە بوو دەهری بوونو لە ڕقا کوشتیان، کە تەقەیان لێکرد خەریك بوو شێت ببم.... ئێستاش نازانم چی لێبکەم. دەبێ تابووتێکی بۆ دروستبکرێت، بەڵام ئەمە کاری ئێمەی ژنان نیە.

گریگۆری گوتی:

– دوو بێڵو پارچەیەك جاومان بۆ بێنە.

پروخور پرسی:

– دەتەوێ بینێژیت؟

– بەڵێ.

– تۆش کابرایەکی سەیری، چیت داوە لەم کارە، گریگۆری پانتلیوفیچ واز بێنە، من هەر ئێستا دەڕۆم چەند قۆزاقێك لەگەڵ خۆدا دێنم، هەم تابووتی بۆ دروستبکەنو هەم قەبرێکی موحتەرەمیشی بۆ هەڵبکەنن...

دیاربوو کە پروخور، حەزی نەدەکرد خۆی بە هەڵکەندنی گۆڕی پیرەمێرێکەوە مژوول بکات کە نەیدەناسی. لێ گریگۆری بە توندی پێشنیازەکەی ئەوی ڕەتکردەوە.

– خۆمان گۆڕەکەی هەڵدەکەنینو خۆمان دەینێژین. ئەم پیرەمێردە پیاوێکی زۆر شەریف بوو. بڕۆ ناو باخەکە، لە گوێ حەوزەکە چاوەڕوانم بکە. من دەچم تەمەشایەکی جەنازەکەی دەکەم.

لە بن ئەو پیرە سپیدارەدا کە لق و پۆپی بە هەموو لایەکدا هاویشتبوو، لە دەم ئەو ئەستێڵەدا کە قەوزە سەری ئاوەکەی گرتبوو، لە هەمان ئەو شوێنەدا کە کاتی خۆی باپیرە ساشکا، کچە چکۆلەکەی گریگۆری و ئەکسینیای بە خاك سپارد بوو، پیرەمێرد دوا هەواری خست. جەستە وشکەوە بووەکەیان لە کفنێکی خاوێنەوە، کە بۆنی مێوی لێدەهات، پێچاو لە گۆڕەکەیان ناو، خاك و خۆڵەکەیان دایەوە بەسەریا.

لە تەنیشت گۆڕە چکۆلەکەی کیژەکەوە، گۆڕێکی دیکەش قوت بووەوە، کە جوان بە پێ گڵەکەیان کوتایەوەو خاکە تازەو بریقەدارو نمدارەکەی دیمەنێکی جوانی پێدەبەخشی.

گریگۆری، کە قورسی باری یادگارییەکانی لە پەلوپۆی خستبوو، لە تەنیشت ئەم گۆڕستانە چکۆلەیەوە کە زۆر لە دڵیا شیرین بوو، لە سەر سەوزە گیایەکەو لەسەر گازی پشت ڕاکشاو، تا ماوەیەکی زۆر چاوی بڕییە ئاسمانی شین کە بە شکۆوە باڵی بەسەر دنیادا کێشا بوو. لەو ئاسمانە بێ سنوورەدا، بای دەهات،و پەڵە هەورێن ساردو تەزی بە بەرۆکی ئاسمانەوە، جارجار بەری تیشکی هەتاویان دەگرت، بەڵام لە ئەرزا، لەم خاکەوە، کە تازە باپیرە ساشکای مەیخۆری شادو قۆشمەی لە هەمێز گرتبوو، ژیان لە هەڕەتی جۆش و خرۆشدا بوو: لە دەشتە پان و بەرینەکەوە کە سەوزاییەکەی وەکو لافاو تا قەراخ باخەکە هاتبوو، لە بێشەکاندا شادانەی کێوی پاڵ پەرژینی کۆنە خەرمانگاکەوە گریگۆری گوێی لە هەمهەمەی پچڕ پچڕی شەڕی هەوێردان دەبوو. مشکە کوێران، دەیان زریکان، هەنگی درشت، دەیان گیزاند، گیاو ڕوەکان بەدەم باوە، زەمزەمەیان بوو، کەڕەواڵان، لە بوڵێڵی ئێوارێدا دەیانخوێند... لە دوورەوە، لە دۆڵێکی بێ ئاوەوە، ڕەشاشێك بە ڕقەوە، بە دەم تەقو تۆقێکی سووکەوە، پێگەو سەروەری مرۆڤی لە سروشتدا ڕادەگەیاند.

((٧))

کە جەنەڕال سکریتیف، لەگەڵ ئەفسەرانی سەرکردایەتیەکەی و یەك سریە سکۆرتی تایبەتی خۆیدا گەییە ڤیشنسکایا، لە ڕێو ڕەسمێکی گەرم و گوڕی پێشکەشکردنی نان و نمەك و لێدانی زەنگی کڵێسادا، پێشوازی کرا. لە هەردوو کڵێساکەدا، وەکو ڕۆژی جەژنی پاك، زەنگ لێدەدرا، قۆزاقان دۆنی ژێری، بە سواری ئەسپانی باریك و ماندووی ڕێگاو ڕێکردنی دوورو درێژ، بە جادەو بانەکاندا دەهاتن و دەچوون. نیشانانی شین بەسەر شانیانەوە دەدرەوشایەوە، ژمارەیەکی زۆر لە پەیك و تەتەرانی عەسکەری، لەو گۆڕەپانەی نزیك ئەو ماڵە بازرگانەی کە جەنەڕاڵ کردبووی بە بارەگای خۆی، خڕ بووبوونەوەو ناوکە گوڵە بەڕۆژەیان دەقرتاندو چاوبڕکێ و قسەیان دەگەڵ کیژانی گوندەکەدا دەکرد، کە باشترین جل و بەرگی خۆیان لە بەر کردبوو.

نزیکی نیوەڕۆ، سێ سواری کالموکی، نزیکەی پازدە دیلی سووریان هێنا بۆ ئەو خانووەی کە جەنەڕاڵ سکریتیفی تیابوو، هێنا. لە دوای ئەوانەوە عەرەبانەیەك هات کە پڕبوو لە سازو ئامێرێن مۆسیقی. سەربازە سوورەکان جلی نائاساییان لەبەردا بوو. بریتی بوو لە پانتۆڵێن ماهووتی خاکی فش و فۆڵ و قەمسەڵێن لە هەمان پارچەو قوماش، کە قەیتان و نەواری سوور

بەسەری قۆڵەکانیانەوە بوو. کالموکێکی کەمێك بە تەمەن، هاتە لای ئەو موراسیلو تەتەرانەی کە لەبەر دەرگا وەستا بوون، لە ئەسپەکەی دابەزی، سەبیلە سواڵەتەکەی نایە گیرفانی و گوتی:

— ئێمە شەیپورچیانی سوورەکانمان هێناوە. تێدەگەن؟

موراسیلێکی سەرو کەللە زلی دەموچاو گۆشتنی دەمو چاویان، لە کاتێکا تویکلی گوڵە بەرۆژەکەی دەتفاندەوە سەر پێڵاوە تۆزاویەکانی یارۆی کالموك، بەسستی جوابی دایەوە:

— ئیّ چیە؟

— بیانبە ژوورەوە، کەللە زل ئەم قسە بیّ مانایانە چییە تۆ دەیکەی...

موراسیلەکە تووڕە بوو و گوتی:

— هێواش، هێواش! کەرپیاو، ئێستا فێرت دەکەم چۆن قسە بکەی.

بەڵام چووە ژوورەوە، تا هەواڵی گەییشتنی ئەسیرەکان بدات. ئەوسا نەقیبێکی قەڵەو، کە ئێلەکێکی خاکی بەدەن چەسپی لەبەردا بوو، لە دەروازەکەوە هاتە دەریّ. لاقە قەڵەوەکانی لێکدی بڵاوکردنەوە، دەستی لە کەمەری نا، چاوێکی بە گروپی دیلە سوورەکاندا گێڕا و ئەوجا بە دەنگێکی گڕی ناساز گوتی:

— ئەهای، ئەسپێونانی تامبوف، مۆسیقاتان بۆ خێرهاتنی کۆمیسەران لێدەدا؟! ئەم جلە خاکیانەتان لە کویّ بوو؟ لە ئەڵمانیەکانتان سەندووە؟

سەربازێکی سوور، کە لە پێشی گروپەکەی خۆیانەوە وێستا بوو بەردەوام چاوی دەتروکاند، بەرسڤی دایەوەو گوتی:

— نەخێر، جەنابی نەقیب.

ئەوسا بەلەز بۆی ڕوونکردەوە:

— لە زەمانی کرنسکیدا، ڕێك بەر لە هێرشەکەی مانگی حوزەیران، ئەم جلانەیان داینیّو... لەو ساوە ئیدی هەر ئەم جلانە لەبەر دەکەین.

— پێتی نیشاندەدەم کە چۆنی لەبەر بکەیت! بەڵیّ نیشانتی دەدەم! نیشانتانی دەدەم چۆنی بپۆشن!

نەقیبەکە، کڵاوەکەی، کە لەو جۆرە کڵاوانە بوو کە خەڵکی کوبان لەسەریان دەکرد، بردە دواوەو جیّ زامێکی سوور، کە هێشتا بە تەواوەتی ساڕێژ نەبوو بووەوە، بەسەرە تاشراوەکەیەوە دەرکەوت. لەسەر پاژنە بەرزو سواوەکانی خۆی وەرچەرخاو ڕووی کردە یارۆی کالموکی:

— ئەهای، بەد مەزەب، بۆچی ئەمانەت بۆ ئێرە هێناوە؟ئاخر پێم ناڵێی بۆ؟ نەتدەتوانی لە ڕێگا فەوت و فەنایان بکەیت؟

کابرای کالموك، بەلەز خۆی ڕاستکردەوە، بە چاپوکی لاقە خوارەکانی جووت کردن، بێئەوەی دەستی لە قەراخ کاسکێتەکەی داگرێت، بەرسڤی دایەوە:

— فەرماندەی سریەکە، بە خۆی عازی داینیّ کە بۆ ئێرە یان بێنن.

یارۆی نەقیبی، نانەجیب، بەدەم لێو هەڵقورتاندنەوە کەوتە دەمەلاسکێی، کابرای کالموك: "... کە بۆ ئێرەیان بێنین" ئەوسا لە جێی خۆی جولا، سمتە ئەستوورەکانی لە دواوە سەمایان دەکرد، بە دەوری دیلەکاندا سوڕایەوە، وەکو دەلاڵێکی ئێشەك مەیدان، کە تەمەشای ئەسپێك بکات، بەو ئاوایە ماوەیەکی زۆر بە وردی ڕوانیە دیلەکان.

موراسیلەکان، ژێراو ژێر دەستیان بە پێکەنین کرد. بەڵام پاسەوانە کالموکەکان، کەمو زۆر خۆیان شلویٚ نەکرد. ئەوسا نەقیبەکە فەرمانی دا:

– دەروازەکە بکەنەوەو، بیانکەنە حەوشەوە!

دیلە سوورەکانو عەرەبانەکەیان کە پڕ بوو لە سازو ئامێرێن مۆسیقی، کرانە حەوشەوە، لەبەر دەرگای ژوورەوە وەستان. نەقیبەکە جگەرەیەکی پێکردو پرسی:

– کیٚ سەرۆکی دەستەی مۆسیقاکەتانە؟

چەند دەنگێك پێکەوە وەڵامیان دایەوە:

– سەرۆکمان نییە.

– کوانیٚ؟ هەڵاتووە؟

– نەخێر، کوژرا.

– هەقی خۆی وەرگرت. بەبیٚ ئەویش کارتان دەڕوات. دەی باشە سازەکانتان هەڵگرن.

سوورەکان چوون بۆ لای عەرەبانەکە. دەنگی مسینی ئامێرەکان، ناخۆشو ناساز لە حەوشەکەدا دەنگی دایەوەو دەگەڵ دەنگو نەوای بەردەوامی زەنگی هەردوو کڵێساکەدا تێکەڵ بوو.

– ئامادەن؟ دەست پێبکەن: "خوا ئاگاداری تزار بیٚ".

مۆزیکچییەکان، خامۆشو حەپەساو دەیانڕوانیە یەکدی. کەسیان، دەستی پێنەکرد. بێدەنگیەکی قورس بۆ دەمێك بەردەوام بوو. ئەوسا یەکێکیان کە پێڵاوی لە پێدا نەبوو، بەڵام بەلەك پێچی لەلاقی ئاڵاندبوو. لە کاتێکا چاوی بڕیبوونە ئەرزەکە، گوتی:

– کەسمان سروودی جاران، سروودی کۆنی تزاری نازانین...

– کەستان؟ زۆرباشە... ئەهای... ئێوە، موراسیلەکان، خێرا لە نێو خۆتانا مەفرەزەیەك پێکبێنن و بە تفەنگەکانتانەوە وەرن!

نەقیبەکە، نووکی چەکمەکەی بە ئاهەنگێکی زۆر نزم بە عاردیدا دەدا. موراسیلەکان، لە ڕاڕەوەکەدا ریز بوونو بە تەقو هوڕ میلی تفەنگیان ڕاکێشا. لە باخەکەی پشت پەرژینەکەوە، پەڕەسێلکەو مەلیچکان لە نێو لقو پۆپی چڕی درەختانی ئاقاقیاوە، بە جریوەجریو دەیانخوێند. بۆنی شێروانی گەرمی عەمارەکانو ئارەقەی توندو ناخۆشی بەشەران، حەوشەکەی پڕ کردبوو. کە نەقیبەکە چووە بەر سێبەرەکەو موزیکچییە پیٚ پەتییەکە، نیگایەکی نائومێدانەی هاوڕێکانی کردو بە ئەسپایی گوتی:

– قوربان، ئێمە هەموومان سازڤانی ناشیو تازەین، قەت مۆسیقای کۆنمان نەژەندووە... زیاتر مارشی شۆڕشو شۆڕشگێڕیمان لێداوە... قوربان!

نەقیبەکە، کۆتایی کەمەربەندی شمشێرەکەی لە دەوری قامکی خۆی دەئاڵاندو ئاگای لەو نەبوو و وەڵامی نەدایەوە. بەڵام مەفرەزەکە، لەبەر دەرگای ژوورەوە وەستا بوو و چاوەڕوانی فەرمانی ئەو بوون. بەڵام یەکێك لە سازڤانەکان، کە لەوانی دی بەتەمەنتر بوو و پەڵەیەکی سپی بەسەرچاویەوە بوو، لە نێو سەربازەکانی هاوڕێی خۆی هاتە دەرێ، کۆکەیەکی بۆ کردو گوتی:

– بە یارمەتیت، من دەتوانم، بیژەنم.

بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، نایەکەی، کە لەبەر هەتاوەکە گەرم بوو بوو نا بە لێوەییەوە.

دەنگی منگن و ناسازی تاك نایەکە، لە حەوشە گەورەکەی یارۆی بازرگاندا بەرز بووەوە، هێندە ناخۆش بوو، کە چارەی یارۆی نەقیب لە تووڕەییدا گرژ بوو. بە دەست ئاماژەیەکی کردو گوتی:

– بەسە! ئەم مۆزیقای گەداییە ڕابگرە... ئەمەش بوو بە مۆزیقا؟

ئەفسەرانی ئەرکان و یاریدە دەرەکانیان بەدەم پێکەنینەوە سەریان لە پەنجەرەکانەوە دەرهێنا. ملازمێك، کە تا ناو قەدی لە پەنجەرەکەوە هێنا بووە دەرەوە، بە سوعبەتەوەو بەدەنگە ناسکەکەی گوتی:

– فەرمانیان بدەیە مارشی تازیەباری لێبدەن!

لەو کاتەدا، دەنگدانەوەی خەمناکی زەنگەکانی کلێساکە بۆ دەمێك وەستا، نەقیبەکە برۆی وێکهێنانەوەو بە تەوسەوە گوتی:

– دەتوانن سروودی نێونەتەوەیی لێبدەن؟ دەی دەست پێبکەن، مەترسن، من ئەمرتان پێدەکەم، دەی دەست پێبکەن!

لەو خامۆشییە کوت و پڕەدا، لە قرچەی نیوەڕۆدا، نەوای پڕ جۆشی سروودی نێو نەتەوەیی، بە ئاهەنگ و شکۆیەکی ئەوتۆوە کە دەتگوت جاڕی جەنگە، بەرز بووەوە.

نەقیبەکە، وەکو کەڵەگایەك، کە لەمپەرێکی هاتبێتە ڕێگا، بەبێ جوڵە سەری داخست و لاقەکانی لێکدی بڵاوکردنەوەو لە جێی خۆی وەستا بوو. بە دەم گوێگرتنەوە، خوێن زاییە گەردنە ئەستوورو گۆشتنەکەی و سپێنەی چاوە خەواڵووە ئامال شینەکانی. ئیدی تەحەمولی نەکرد، نەڕەیەکی کردو گوتی:

– بوەستن!

ئورکستەرەکە، لە پڕ وەستا، تەنیا شەیپورێکی فەرەنسی نەبێت کە کەمێك دوا کەوت و، نەوا پڕسۆزە نا تەواوەکەی بۆ ماوەیەك لە هەوا گەرمەکەدا لەرییەوە.

سازڤانەکان (مۆزیقاچی) زمانیان بە لێوە وشکەکانی خۆدا دێناو بەسەری قۆڵێ، یان ناو لەپە پیسەکانیان دەیان سڕی. ڕوخساریان مات و ماندوو بوو، تەنیا یەکێکیان ورەی بەرداو ئەشکی پەردەدڕ، بەسەر گۆنا زەردو تۆزاویەکانیا، هاتە خوارێ و ڕێچکەیەکی نمداری بە جێهێشت...

لەو کاتەدا، جەنەڕاڵ، سکریتیف، کە لە ماڵی ئەفسەرێکی هاوڕێی سەردەمی شەڕی رووس و ژاپۆن، فراڤینی خوارد بوو، پەیدا بوو. یاریدەدەرە مەستەکەی ژێر باڵی گرتبوو. گەرماو ڤۆدگا بەنجیان کردبوو. لە سیلەی مەیدانەکەدا، لە هەنبەر بینای کەرپوچی قوتابخانە ئامادەییەکەدا، جەنەڕاڵ، کە ئیدی تەواو لە پەلوپۆ کەوتبوو، پێی هەڵنوتاو بە دەما کەوتە سەر لمە گەرمەکە.

ئاجودانەکەی، بە نیگەرانی، هەوڵیدەدا بەرزی بکاتەوە، بەڵام بێفایدە بوو. چەند کەسێك کە لەو ناوە بوون، بە هەشتاو هاتنە یارمەتیان. دوو قۆزاقی پیر، بەوپەڕی ڕێزو حورمەتەوە ژێر باڵی جەنەڕاڵیان گرتو هەڵیان ستاندەوە. جەنەڕاڵ، بە بەرچاوی هەمووانەوە کەوتە ڕشانەوە. بەڵام لە نێوان فاسیلەی دوو نۆرە ڕشانەوەدا، دەیویست شتێك بڵێت، بە هەڕەشەوە کۆڵەمستی دەگۆشی، ئەنجام بە هەر زەحمەتێ بوو هێنایانە ڕەداو بردیانەوە بۆ بارەگاکەی خۆی.

ئەو قۆزاقانەی کە کەمێك دوورتر وەستا بوون، ماوەیەکی زۆر تەمەشایان کردو ئەوسا لە بەینی خۆدا کەوتنە چپە دوو:

– دەفەرموو دەی! مام پیاوەکەمان مەستە، ئاگای لە خۆی نییە، بە هەموو جەنەڕاڵیەکیەوە، خۆی پێ زەوت ناکرێت.

– ڤۆدگای خۆماڵی پلەو پایە ناناسێت.

– نەدەبوو، هەرچیەکیان بۆ دابنایە، بیخواتەوە...

– برادەر، هەموو کەسێك جڵەوی خۆی پێناگیرێت. زۆر کەس هەن کە مەست دەبن و نەنگی بەسەرخۆ دێنن، سوێند دەخۆن کە هەرگیز دەم لە مەشروبەوە نەدەن... بەڵام وەکو دەڵێن، تۆبەی گورگ مەرگە....

– دروستە... بەڵام هاوارێك لەو کوڕانە بکە کە لەوێ بڕۆن.

نامەردانە، بە بەردەمیا ڕەت دەبن و تەمەشای دەکەن، دەڵێی هەرگیز مەستیان نەدیتووە.

... ئیدی زەنگی هەردوو کڵێساکەو ڤۆدگا خواردنەوە لە ڤیشنسکایادا تا ئێوارە بەردەوام بوو. شەوێ، لەو ماڵەدا کە کرابوو بە یانەی ئەفسەران، ئەنجوومەنی فەرماندەیی یاخییەکان، بە بۆنەی هاتنی قۆزاقە تازەکانەوە، زیافەتێکی گەورەیان سازدا.

سکریتیف، کە پیاوێکی باڵا بەرزی خۆش هەیکەل بوو، بابەل باب بە قۆزاقی هاتبوو، ڕۆڵەی گوندێکی دەڤەری کراسنوکوتسکایا بوو. زۆری حەز لە ئەسپ سواری بوو و، سوار چاکێکی زۆر کارامەو لێهاتوو بوو و، بە یەکێك لە سەردارانی بێباکی هێزی سوارە دەژمێردرا. بەڵام کەسێکی بەدەم و زمان نەبوو. بۆیە ئەو وتارەی لەو زیافەتەدا دای، پڕ بوو لە خۆ هەڵکێشانی مەستانە، ئەمە جگە لەوەی کە پڕ بوو لە گلەیی و هەڕەشەی ئاشکرا دەرهەق بە قۆزاقانی خەڵکی دۆنی باڵا. گریگۆری، کە لەوێ بوو، زۆر بە وردی و بەوپەڕی پەستی گوێی لە قسەکانی سکریتیف گرت. جەنەڕاڵ کە هێشتا مەستی بەری نەدا بوو، قامکەکانی نابوونە سەر مێزەکەو بە پێوە وەستا بوو و ڤۆدگای بۆنخۆش، لە پەرداخە لێوڕێژەکەیەوە دەچۆڕا، قسەی دەکردو، لە خوت و خۆڕایی، دانی لەسەر هەر وشەیەك دادەگرت:

– ... نا، ئێمە لەسەرمان نیە، سوپاسی ئێوە بکەین کە هاتوونەتە کۆمەکمان، بەڵکو دەبێ ئێوە مەمنوونی ئێمە بن. تەنیا ئێوە، نە کەسی دی، پێویستە ئەمە بە ئاشکرا بگوترێت. ئەگەر ئێمە نەباین سوورەکان، لەوارو وێختان دەنیشتن. ئێوە خۆتان ئەمە چاك دەزانن. بەڵام ئێمە، بەبێ ئێوەش دەمانتوانی ئەم گەجەرو گوجەرانە تەفرو تونا بکەین. دڵنیابن کە ئەم کارەش دەکەین، تا سەرانسەری رووسیا لە مانە پاك نەکەینەوە، درێژە بەم کارە دەدەین. پار

پایز، ئێوە جەبهەکەتان چۆڵکرد. ڕێگەتان بۆ بەلشەویکەکان خۆشکرد کە پێ بنەنە خاکی قۆزاقان... دەتانەویست، بە ئاشتی و سەلامەتی لەگەڵیاندا هەڵبکەن، بەڵام ئەمەتان بۆ نەچووە سەرو، ئیدی ناچار سەرهەڵدانتان بەرپا کرد، تا موڵك و ماڵ و گیانی خۆتان رزگار بکەن. با ڕێك و رەوان پێتانی بڵێم. لە ترسی گیانی خۆتان و گیانی گاوگۆتاڵەکانتان سەرهەڵدانتان بەرپا کرد. من کە باسی ڕابردوو دەکەم، بۆ ئەوە نییە، خەتاکانتان بە چاوا بدەمەوەو سەرزەنشتتان بکەم... بۆ ئەوە نییە بتان رەنجێنم... بەڵام حەقیقەت گوتن، زەرەری نییە. ئێمە لە خیانەتی ئێوە خۆشبووین. لە کاتێکا بە دەنگتانەوە هاتین کە لەوپەڕی تەنگانەدا بوون. برایانە یارمەتیمان دان. بەڵام دەبێ لە ئایندەدا قەرەبووی ڕابردووی نەنگینتان بکەنەوە. حاڵی هەن، ئەفسەرانی بەڕێز؟ دەبێ بە هونەر نوێنی جەنگیتان، بە دلاوەری شەڕڤانیتان، بە خزمەتگوزاری بێ غەل و غەشتان بەرانبەر بە دۆنی ئارام، بە دۆنی میهرەبانمان، قەرەبووی بکەنەوە، تێگەییشتن؟!

عەقیدێکی بە تەمەنی قۆزاق، کە روو بە ڕووی گریگۆری دانیشتبوو، بەدەم بزەیەکی کاڵەوە، کە بە ئاستەم هەستی پێدەکرا، بێئەوەی ڕووی دەمی لە هیچ کەسێك بێ، گوتی:

– دەی، با بە ئومێدی قەرەبوو کردنەوەی خەتاو هەڵەکان، بخوێنەوە.

خۆی، خێرا، بێئەوەی چاوەڕوانی کەس بکات، پێکی خۆی هەڵدا.سەرو سیمایەکی پیاوانەی کەمێك ئاوڵاوی هەبوو، دووچاوی قاوەیی تەوسامێزی هەبوو. لە کاتی وتاردانەکەی سکریتیفدا، چەند جارێك بزەیەکی گۆنگی تیژتێپەڕ نیشتە سەر لێوی و هەموو جارێك رەنگی چاوەکانی تاریك تر دەبوو و ڕەشی دەنواند. گریگۆری لەم عەقیدە ورد بووەوەو هەستیکرد، زۆر خۆیی و بەدەر لە هەر ڕەسمیاتێك، ڕەفتار دەگەڵ سکریتیفدا دەکات، بەڵام رەفتاری دەگەڵ ئەفسەرەکانی دیدا، ساردو بە پارێزە. لە نێو هەموو ئامادەبووانی ئەم دەعوەت و زیافەتەدا، تەنیا ئەو قەمسەڵەیەکی خاکی لەبەر بوو، کە نەجمەی لە هەمان قوماش بەسەر کەتافیەکانیەوە دورا بوو و، نەوارو قەیتانی تایبەت بە جماعەتی کورنیلوف، بەسەر قۆڵەکانیەوە بوو. گریگۆری لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەبێ ئەمە ئەقڵە گەورەکەیان بێ! ڕەنگ یەکێك بێ، لە سوپای داوخواز!" ئەم عەقیدە، زۆری دەخواردەوە. مەزەی نەدەخوارد، کەچی مەست نەدەبوو. تەنیا جارجارێك نیتاقە ئینگلیزییەکەی کەمێك شل دەکردەوە.

گریگۆری، بە چپە لە بوگاتیریوڤ، کە لەلایەوە دانیشتبوو، پرسی:

– ئەرێ ئەمەی بەرانبەر من... ئەم دەموچاو ئاوڵاویە کێیە؟

بوگاتیریوف، کە لە ئاستانەی مەستیدا بوو، لە کوڵ خۆی کردەوەو گوتی:

– چوزانم!

کودینوف، لە دابەشکردنی ڤۆدگا بەسەر میوانەکاندا، درێغی نەدەکرد. جۆرەها بوتڵە خواردنەوە، لەسەر مێزو خوانەکان ریز کرابوو. مەشرووبات کلاشەی دەکرد. سکریتیف کە بە زەحمەت کۆتایی بە خوتبەکەی هێنا بوو، بە قورسی خۆی دا بە کوڵی کورسیەکەیدا. ملازمێکی

گەنج، کە سەرو سیمایەکی مەغولی هەبوو، بە سەریا دانەوییەوەو شتێکی بە گوێیدا دا. سکریتیف کە تەواو سوور بوو بووەوە، وەڵامی دایەوە:

– دە بڕۆ!

ئەو پێکە چکۆلەیەی، کە کودینوف، لە ڕووی خۆش خزمەتیەوە بۆی دانا بوو، بە یەك بین هەڵدا.

گریگۆری، جارێکی دیکەش، لە بوگاتیریوڤ پرسییەوە:

– ئەدی، ئەمە، ئەم چاو چەپو خێلە کێیە؟ یارمەتیدەریەتی؟

بوگاتیریوف، دەستی گرت بە دەمیەوەو وەڵامی دایەوە:

– نەخێر، کوڕیەتی، هەڵیگرتووەتەوە. لە سەردەمی شەڕی رووس و ژاپۆندا، کە هێشتا منداڵ بووە، لە مەنشوریاوە، لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، گەورەی کردووەو ناردوویەتیە کۆلیجی ئەفسەری. ئێستا بۆ خۆی بووە بە بەشەڕ. زۆر ئازاو بە چنگە. دوێنێ لە ماکییفکا، قاسەی کەتیبەی سوورەکانی گرتووە، دوو ملیۆن ئەسکەناسی بە دەست هێناوە! تەمەشا، بزانە سەفتە پارە، لە هەموو گیرفانەکانیەوە سەری دەرهێناوە، ئەوەیە بەخت و ناوچەوان! گەنجینەیەکی تەواوی دەستکەوتووە! دە بخۆرەوە، بۆچی تەمەشای ئەوان دەکەی؟

کودینوفش، لە وەڵامی ئەودا کەوتە خوتبەدان، بەڵام تەقریبەن کەس گوێی لێنەدەگرت. ئاهەنگەکە بەرە بەرە فراوانتر بوو، بەزمی خواردنەوەو مەینۆشیەکە گەرمتر بوو. سکریتیف قەمسەڵەکەی داکەند، بە تۆی کراسێك دانیشتبوو، سەرە تاشراوەکەی لە ئارەقەدا دەبریقایەوە. کراسە کەتانە خاوێن و بێ پەڵەکەی، ڕوخساری ئەرخەوانی و گەردنە تاوەسووتەکەی، بەرجەستەتر دەنواند. کودینوف شتێکی بە گوێیدا چپاند. لێ سکریتیف، بێئەوەی تەمەشای بکات، وەڵامی دایەوە:

– نەخێر، بمبورە! بە یارمەتی خۆت، ئێمە متمانەمان بە یەکدی هەیە، بەڵام تا ڕادەیەك... خیانەتی ئێوە بەم زووانە لە بیر ناچێتەوە. ئەو کەسانەی کە پایز بەگەڵ سوورەکان کەوتن دەبێ هەمیشە ئەمەیان لە بیر بێ و وەکو گوارە لە گوێی بکەن...

گریگۆری، کە ئێستا مەست بوو، بە تووڕەییەکی پەنهانەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەی باشە ئێمەش تا ڕادەیەك خزمەتتان دەکەین..." ئەوسا هەستایە سەر پێیان، بێئەوەی کاسکێتەکەی لەسەر بکات، چووە بەر هەیوانەکە، پڕ بە سییەکانی هەوای پاك و فێنکی شەوی هەڵمژی و هەستی بە نەشەو ئاسوودەییەکی خۆش کرد.

لە کەنارێن دۆنەوە، قورباقان دەیانخوێندو لەوە دەچوو خەبەری بارانیان پێبێ، مێروێن ئاوی هەر یەکە لە ئاوازێکی خەمناکی دەکرد، لەسەر تیلماسکە زەویەکی لمەلانی کەناری ڕوبارەکەدا، تەیری پاشەڵە، بە دەنگی بەرزو خەمناك یەکتریان گازدەکرد. لە شوێنێکی دووری دوورەوە، لە نێو قامیشەلانی کەنار ڕوبارەکەوە جوانوو ئەسپێك کە لە دایکی دابڕا بوو، بە دەنگێکی ناسك و دوورو درێژ دەی حیلاند.

گریگۆری، کە بە پلەکاندا دەهاتە خواریێو بە کوێرە کوێر بەرەو دەروازەکە دەچوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

– ناچاری ئێمەی بەگەڵ ئێوە خستووە، ئەگەر ئەم ناچارییە تاڵە نەبوایە، ئێمە یەك زەرە پێویستمان بە ئێوە نەدەبوو. هیچو پوچانەی بێشەرەفینە! چ فشەفشێکمان بەسەرا دەکەنو، چۆن سەر کۆنەمان دەکەن، ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت، یەك هەفتەی دی نابات، بە پۆستاڵەوە، پیێ بە سەرماندا دەنەن... ئەوەی بوو بوو، تازە کار لە کار ترازاوە. بۆ هەرلایەك برۆین، رێگا داخراوە... چۆنم پێشبینی کرد بوو، دروست وا دەرچوو، هەر دەبوایە واش بکەوێتەوە... ئێستا قۆزاقەکان دەبێ رازی بن! فێر بوو بوون، ئیکلامیان بۆ ئەفسەرانیش نەدەکرد، دەسەونەزەر لەبەردەم ئەم نەقیبو مەقیبانەدا نەدەوەستان...."

مەی، کاری لەویش کردبوو: سەری بە گێژەوە دەچوو و هەڵسوکەوتی قورسو ناپایەدار بوو. کە لە دەروازە چکۆلەکە تێپەری، لەترێکی دا، کاسکێتەکەی لەسەرکردو بەپێ خشکی بە جادەکەدا پەل بووەوە.

کە گەییە بەر ماڵە چکۆلەکەی پووری ئەکسینیا، بۆ ماوەی دەقیقەیەك بە دوو دڵی وەستا. پاشان بە عەزمی جەزمەوە بەرەو قاڵدرمەکانی بەر دەرگاکە رۆیی. دەرگای بەرهەیوانەکە دانەخرا بوو. گریگۆری، بێئەوەی لە دەرگا بدات، خۆی بە ژووری میواندا کرد. سەیری کرد ستیپان ستاخۆف، رێك روو بە رووی ئەو لە پاڵ مێزەکەدا دانیشتووە. پووری ئەکسینیا لەلای کوورەکەوە مژوولی کار بوو. مێزەکە پەردەیەکی خاوێنی بەسەردا درا بوو، بوتڵێك ڤۆدگای خۆماڵی، کە هێشتا تەواو نەبوو بوو، بەسەرەوە بوو. چەند پارچەیەك ماسی وشکەوە کراوی پەمەیی لە قاپێکا دانرا بوو.

ستیپان، تازە پێکەکەی تەواو کردبوو، دیاربوو بە تەمابوو پارچەیەك لە ماسییەکە بخوات، بەڵام هەرکە چاوی بە گریگۆری کەوت قاپەکەی دایە لاوەو پشتی دا بە دیوارەکەوە.

گریگۆری بە هەموو مەستییەکی خۆیەوە، هەستی بەوەکرد کە دەموچاوی ستیپان زەرد هەڵگەراو رەنگی مردووی لێنیشت و چاوانی وەکو چاوی گورگ، گریان لێدەبووەوە. هەرچەندە گریگۆری، بەم دیدارە حەپەساو دەمی چووە کلیلە، بەڵام زاتی وەخۆی ناو، بە هەر جۆرێك بوو، توانی بە دەنگێکی نووساوەوە بڵێت:

– شەو باش.

خاوەن ماڵ، بە سەر وڕووییەکی شپرزەوە بەرسڤی دایەوە:

– شەوباش.

بێگومان، ئاگای لە پەیوەندی نێوان گریگۆریو خوشکەزاکەی خۆی هەبوو، بۆیە چاوەڕوانی خێری، لەم دیدارە کوتو پڕەی نێوان مێردو ئاشقەکەی ئەکسینیا، نەدەکرد.

ستیپان، بە خامۆشی دەستی چەپی بە سمێڵیا دێناو چاوە گڕگرتووەکانی لە گریگۆری نەدەگواستنەوە.

گریگۆری، کە هێشتا لەبەر دەرگاکە وەستا بوو و هەردوو لاقی لێکدی بڵاوکردبوونەوە، بەدەم زەردە خەنەیەکی ناحەزەوە گوتی:

– هم، هاتم سەرێکتان بدەم... ببورن.

ستیپان، هیچی نەدەگوت، ئەم بێدەنگییە بە ئازارە، تا ئەو کاتە بەردەوام بوو، کە خاوەن ماڵەکە، سەرەنجام زاتی پەیدا کردو گریگۆری خوڵك کرد:

– وەرە ژووری، دانیشە!

گریگۆری دەستەکەی کەوتە ڕوو. هاتنی ئەو بۆ ماڵی پووری ئەکسینیا، هەموو شتێکی بۆ ستیپان ڕوون کردەوەو هیچ گومانێکی لەلا نەما. گریگۆری، ڕێك و ڕەوان پرسی:

– ئەدی ژنەکەت لە کوێیە؟

ستیپان، بە دەنگێکی نەوی، بەڵام ڕوون و خویا پرسی:

– تۆ... بۆ دیدەنی ئەو هاتوویت؟

و برژانگە لەرزۆکەکانی دانەواند. گریگۆری، ئاهێکی هەڵکێشاو بە ڕاشکاوی گوتی:

– بەڵێ. وایە.

لەم ساتەدا، چاوەڕوانی هەر شتێکی لە ستیپان دەکرد، مەستی بەریدا بوو و خۆی ئامادە دەکرد کە بەرگری لە خۆی بکات. بەڵام ستیپان، بە ئاستەم چاوانی کردنەوە. گڕەکەی چاوانی دامرکابووەوەو، گوتی:

– ناردم کەمێك ڤۆدگا بێنێ. تۆزێکی دی دەگەڕێتەوە. دانیشە چاوەڕوانی بکە.

تەنانەت، بەو بەژن و باڵا ڕێك و پێکەیەوە هەستاو کورسییەکی بۆ گریگۆری هێنا. بێئەوەی تەمەشای خاوەن ماڵەکە بکات، گوتی:

– پووریێ گیان، پەرداخێکی خاوێن بێنە.

ڕوویکردە گریگۆری و گوتی:

– پێکێکم لە گەڵا دەخوێتەوە؟

– پێکێك، خراپ نیە!

– کەواتە، دانیشە.

گریگۆری، لە کەنار مێزەکە ڕۆنیشت... ستیپان، ئەو ڤۆدگایەی کە لە نێو بوتڵەکە مابووەوە، برا بەش کردە دوو پەرداخەوە، ئەوسا، چاوە تەماویەکانی خۆی بە شێوەیەکی سەیر بەرانبەر بە گریگۆری هەڵبڕی:

– بە یادی هەرچیەکی باش هەیە!

– بە سەلامەتی خۆمان!

پەرداخەکانیان، دا بە یەکاو خواردیانەوە. ماوەیەك بە بێدەنگی تێپەڕی. خاوەن ماڵ، کە وەکو مشك چاپوك و گورج و گۆڵ بوو، قاپێك و چنگاڵێکی دەسك شکاوی هێناو لەبەردەم میوانەکە داینا.

– تۆزێ ماسی بخۆ، زۆر سوێر نییە.

– سوپاس.
پووریێ، که خۆشحاڵ بوو، خوڵکی دەکرد:
– بفەرموو، تۆزێکی لێبکە قاپەکەتەوە، خۆشە.
پیرەژن، زۆر خۆشحاڵ بوو، کە کارەکە بە باشی، بەبێ شەڕو قەرقەشە، بەبێ زرم‌و کوت‌و قاپ شکاندن، بێ هات‌و هاوار تێپەڕی. گفتوگۆیە توندەکانیان کۆتایی هات. مێرد دەگەڵ دڵداری ژنەکەیدا، بە ئاشتی لە دەوری یەك مێز دانیشتبوون. بە دوو قۆڵی، بێئەوەی تەمەشای یەکدی بکەن، خواردنیان دەخوارد. خاوەن ماڵی میهرەبان، خاولیەکی خاوێنی لە یەغدان دەرهێناو ئەم سەرو ئەو سەری خاولیەکەی لەسەر ئەژنۆی هەر یەکێکیان دانا، گوایە بەم شێوەیە هەردووکیانی یەکخستەوە. گریگۆری، بە دەم ماسی کڕاندنەوەوە، پرسی:
– بۆچی لە سریەکەی خۆت نیت؟
ستیپان، بە کورتی گوتی:
– منیش هاتووم ببینم.
پیاو نەیدەزانی ئاخۆ ئەو قسەیەی بە جدی بوو، یان بە تەوسی بوو.
– وا بزانم، هەموو سریەکە گەڕاونەتەوە بۆ گوند، ها؟
– هەموویان بۆ شەوێك چوونەتەوە. پێکێکی دیکە بخوێنەوە؟
– خراپ نییە.
– بە سەلامەتی خۆمان!
– بە یادی هەر شتێکی باش!
دەنگی کردنەوەی دەرگای دالانەکە هات. گریگۆری کە مەستی بە تەواوەتی بەریدا بوو، ژێراو ژێر تەمەشایەکی ستیپانی کرد، بینی، ڕەنگی بە تەواوەتی زەرد بوو.
ئەکسینیا، لەچکێکی گوڵدوزی لە سەریەوە پێچا بوو، لە مێزەکە نزیك بووەوە، هەوەڵجار گریگۆری نەناسییەوە. بە گۆشەی چاو نیگایەکی کردو ترسێك نیشتە سەر چاوە ڕەشەکانی. هەناسەی تەنگ بوو، بە زەحمەت توانی بڵێت:
– سڵاو، گریگۆری پانتلیوفیچ.
دەستە گەورەو پڕگرێیەکانی ستیپان کە لەسەر مێزەکەی دانا بوون لە ناکاوا، دووچاری سووکە لەرزینێك بوون. گریگۆری بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، سەرێکی بۆ ئەکسینیا دانەواند.
ئەکسینیا دوو قاپ ڤۆدگای خۆماڵی لەسەر مێزەکە داناو جارێکی دی نیگایەکی پڕ نیگەرانی و شادی پەنهانی، گریگۆری کرد. پاشان گەڕایەوەو چوو بۆ گۆشەیەکی تاریکی ژوورەکەو لەسەر یەغدانێك دانیشت‌و بەدەستانی لەرزۆك کەوتە ڕێکخستنەوەی قژەکەی. بەڵام ستیپان کە هەڵچوونەکەی خۆی زەوت کرد بوو، دوگمەی یەخەی کراسەکەی کردەوە کە خەریك بوو دەیخنکاند، پەرداخەکانی لێواو لێو تەژی کردو ڕوویکردە ژنەکەی.
– پەرداخێك بێنەو، وەرە لێرە دانیشە.
– نامەوێ.

– وەرە.

– ئاخر من ڤۆدگا ناخۆمەوە، ستیپان.

ستیپان، بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی:

– دەبێ چەند جارت پێ بڵێمەوە؟

گریگۆری بەدەم بزەیەکەوە، گوتی:

– وەرە دانیشە، هاوسێ.

ئەکسینیا، بە سەرو ڕوویەکی پاڕانەوە ئامێزەوە تەمەشایەکی کردو بە پەلە چوو بۆ لای دۆڵابێکی چکۆلە. قاپێك لەسەر ڕەفەکەوە کەوتە خوارەوەو بە تەقو هۆڕ شکا. خاوەن ماڵ، بە کەسەرەوە دەستی دان بەیەکاو گوتی:

– ئەھ، خەسارەتێکی دا.

ئەکسینیا، دانەوییەوەو بە بێدەنگی وردە شووشەکانی کۆکردەوە. ستیپان، پەرداخێکی بۆ ئەویش تەژی ڤۆدگا کرد، دیسان دوو دڵی و کینە، لە چاوەکانیا دەستی بە پرشنگدان کرد. گوتی:

– دەی... با بخۆینەوە...

قسەکەی تەواو نەکرد. هەناسەی توندو پچڕپچڕی ئەکسینیا کە لە کەنار مێزەکەدا دانیشتبوو، لەو بێدەنگییەدا دەبیسترا.

– دەی ژنەکە، با بخۆینەوە، بە ئومێدی جودایی دوورو درێژمان چیە؟ ناتەوێ بخۆیتەوە؟

– بەخۆت دەزانی کە...

– من ئێستا هەموو شتێك دەزانم... ئێستا کە بە ئومێدی جوداییمان ناخۆیتەوە! با بە سەلامەتی میوانە ئازیزەکەمان، گریگۆری پانتلیوفیچ بخۆینەوە!

ئەکسینیا بە دەنگی بەرز گوتی:

– بەڵێ، بە سەلامەتی ئەو دەخۆمەوە.

و پێکەکەی بە یەك بین هەڵدا .خاوەن ماڵ خۆی بە مووبەقەکەدا کردو لە بن لێوانەوە گوتی:

– کچە شێت بووە!

لە سووچێکا کزکۆڵەی کرد، دەستی نایە سەر سینگی و چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد، لە ئان و ساتە، مێزەکە بە تەقو هۆڕ قڵپ بکەنەوە یان دەنگی دەستڕێژێکی گوێ کەرکەر بەرز ببێتەوە... بەڵام ژووری میوان هێندە بێدەنگ بوو دەتگوت گۆڕستانە. تەنیا گیزە گیزی مێشانی بن میچەکە دەهات کە لە ڕوناکیەکەدا بێدار بوو بوونەوە، لەو دیو پەنجەرەکانەوە، دەنگی بانگی کەڵەبابانی گوند بەرز بووەوە، کە کاتی نیوە شەویان ڕادەگەیاند.

((٨))

شەوانی حوزەیران، دەوروبەری دۆن زۆر تاریکە، چاو چاو نابینێ. لە ئاسمانی ڕەشی، شەوە ئاساوە، لە جەرگەی بێدەنگی بە سامەوە، ڕاخوشانی ستێرانی زێڕین ئاسمان ڕوناك دەکاتەوەو

له ئاوه به خوڕەكەی دۆندا ڕەنگدەداتەوە. بایەكی گەرمو وشك، له دەشتو دەرەكەوە، بۆنی هەنگوین ئاسای گوڵە زەعتەران دەگەڵ خۆیدا بەرەو ئاوەدانی دێنیٚو بۆنو بەرامەی كەسكونی گیای تەڕو نمسارو خاكی شێدار بەسەر مێرگەكانەوە شەپۆل دەدات. هەوێردان له پەستاو بیٚ پسانەوە هاوار دەكەنو بێشەی كەنارەكان، وەكو چۆن له چیرۆكو ئەفسانانیدا دەگێڕدرێتەوەو وەسف دەكرێت، بەو ئاوایه تارایەكی تەمی زیوین دەپۆشن.

پروخور نیوەشەو له خەو ڕابوو. له خاوەن ماڵەكەی، ئەو ماڵەی كه كردبوویان به بارەگا، پرسی:

– ئەریٚ ئەو پیاوەمان نەهاتەوە؟

– نه ء، لەگەڵ جەنەڕاڵەكاندا خەریكی عەیشو نۆشه.

پروخۆر، ئاهێكی، حەسوودی ئامێزی هەڵكێشاو له دڵی خۆیدا گوتی:

– وا دیاره كاتێكی خۆش لەگەڵ ڤۆدگادا بەسەر دەبەن!

بەدەم باوێشكدانەوە، دەستی به خۆ گۆڕین كرد.

– ئەدی تۆ بۆ كویٚ دەڕۆیت؟

– دەڕۆم ئەسپەكان ئاو دەدەمو جۆیان دەكەمه بەر. گریگۆری پانتلیوفیچ گوتی، هەركه ڕۆژهەلات دەڕۆین بۆ تاتارسكی. ڕۆژێك لەویٚ دەبینو پاشان بەپەله پەیوەندی به یەكەكەمانەوە دەكەین.

– هێشتا زۆری ماوه ڕۆژ ببێتەوە، بۆچی بۆ خۆت نانووی؟

پروخۆر، به پەستی وەڵامی دایەوە:

– ئەوەی یەك جار تۆ ببینیٚ، دەزانێت تۆ له گەنجیدا خزمەتی عەسكەریت نەكردووە! ئێمەمانان، ئەگەر ئەسپەكانمان له كاتو ساتی خۆیدا ئالیك نەدەینو قەشاویان نەكەین، لەوەیه بەسەر دنیاوه نەمان هێڵن. كەس دەتوانیٚ به ئەسپێكی مردەڵەی، برسی هەڵێت، ها؟ تا ئەسپەكەی ژێرت باشتر بیٚ، پیاو دەتوانیٚ خێراتر خۆی له دەست دژمن دەرباز بكات! من ئاوام: هیچ حەز ناكەم دوایان بكەوم، بەڵام كاتیٚ كه تەنگمان پێهەڵدەچنریٚو هیچ ئومێدێك نامێنیٚ، من یەكەم كەسم كه هەڵدێم! من ئاوام. ساڵانێكه ئەم ناوچەوانەی من بووه به نیشانەی گوللەو تەواو بێزار بووم! بابۆ ئەو چرایه پێبكه، ئەگینا بەحەیاتی بەلەك پێچەكانم نادۆزمەوە! مەمنوونم. بەڵیٚ، بەڵیٚ، ئەم گریگۆری پانتلیۆفیچەی لەمەڕ ئێمە، به ڕەنجی شانی خۆی ئەم هەموو میداڵو پایەیەی وەرگرتووە، ڕوحی خستووەته سەر لەپی دەستیو له هیچ ناگەڕێتەوە. بەڵام من ئەو كەرێتیه ناكەم، به پێویستی نازانم. ئەوه خۆیشی هاتەوە، دڵنیام كه مەستی مەسته.

به ئەسپایی له تەقەی دەرگا درا، پروخور گوتی:

–فەرموو! قۆزاقێكی نەناس، كه نیشانەی نایب زابتی به سەر كەتافیەی قەمسەڵه خاكیەكەیەوە بوو و كاسكێتێكی نیشانەداری لەسەر نابوو، وەژووركەوت، به وریایی لەبەر دەرگاكه وەستا، سڵاوی كردو پرسی:

– من موراسیلی بارەگای جەنەڕاڵ سکریتیف-م. دەتوانم جەنابی میلیخوف بدینم؟

پروخور، کە سەری لە ڕەفتاری ڕێك‌و پێك و بە ئەدەبی موراسیلەکە سوڕما بوو، بەرسڤی دایەوە:

– نەهاتووەتەوە. ئاوا بە مەزبووتی مەوەستە! منیش بە گەنجێتی وەکو تۆ گەوج بووم. من موراسیلی ئەوم، چیت دەوێ؟

– جەنەڕاڵ سکریتیف، ناردومی بە دووی جەنابی میلیخوفدا، تکای دەکرد کە بەپەلەو بێ دواکەوتن، تەشریف بێنێ بۆ یانەی ئەفسەران.

– لە ئێوارەوە چووە بۆ ئەوێ.

– بەڵێ، لەوێ بوو، بەڵام دوایی گەڕایەوە بۆ بارەگاکەی خۆی.

پروخۆر، فیکەیەکی کێشاو چاوێکی لەخاوەن ماڵەکە، کە لەسەر تەختە خەوەکەی دانیشتبوو، داگرت.

– حاڵی بووی بابۆ؟ بە تەسەوری من چووە بە سۆراخی ماشقەکەیەوە... باشە، کاکی سەرباز تۆ بڕۆ، هەر ئێستا دەڕۆم دەیدۆزمەوەو یەکڕاست بۆ ئەوێی دێنم.

پروخۆر، یارۆی پیرەمێردی ڕاسپارد کە ئەسپەکان ئاو بداتو جۆیان بکاتە بەر. بە خۆیشی بەرەو ماڵی پووری ئەکسینیا کەتە ڕێ.

ڤیشنسکایا، لە باوەشی تاریکیەکی ئەنگوستەچاوا مت بوو بوو. لەو بەری دۆنەوە، بولبولان لە نێو بێشەکاندا دەیانخوێن. پروخۆر بە هەشتاو خۆی گەیاندە ئەو ماڵەی کە باشی دەناسی، خۆی بە بەر هەیوانەکەدا کرد، هەرکە دەستی گەیاندە دەسکی دەرگاکە، گوێی لە دەنگی بەرزی ستیپان بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: "چاك خۆم تووش کرد، لە کاتێکی زۆر خراپدا هاتم. ئێستا لێم دەپرسێت بۆ چی هاتوومو من هیچ وەڵامێکم پێ نییە. دەی کوڕە چێدەبێ با ببێ، ئێمە لەمەش خراترمان بینیوە، دەڵێم هاتم هەندێ ڤۆدگا پەیدا بکەم، دراوسێکان گوتیان ڤۆدگا لێرە پەیدا دەبێ."

پروخۆر زاتی وەبەرخۆناو خۆی بە ژووری میواندا کرد. حەپەسا، هۆپێکی لە خۆما، بێئەوەی هیچ بڵێ دەمی داچەقاند: گریگۆری دەگەڵ ستیپاندا، لەسەر یەك مێز دانیشتبوونو ڤۆدگایەکی خۆماڵی ئاماڵ سەوزیان دەخواردەوە، دەتگوت هیچ شتێك ڕووی نەداوە.

ستیپان، تەمەشایەکی پروخۆری کردو بە دەم بزەیەکی زۆرەکیەوە ( بە خورتی) گوتی:

– چیە، بۆ وا دەمت داچەقاندووەو سڵاو ناکەیت؟ هیچی نا ئاساییت دیتووە؟

پروخۆر، کە هێشتا حەپەسا بوو، بە دەم ئەم پێ‌و ئەو پێ کردنەوە، گوتی:

– ئا، شتێکی لەو بابەتە...

ستیپان، خوڵکی کردو گوتی:

– دەی، مەترسە، وەرە دانیشە.

– دەرفەتی دانیشتنم نییە... گریگۆری پانتلیوفیچ، هاتووم بە دوای تۆدا، جەنەراڵ سکریتیف داوای کردوویتو دەبێ بە پەلەو بێ دواکەوتن، بگەیتە ئەوێ.

گریگۆری، پێش هاتنی پروخۆرش، چەند جارێك ویستبووی بڕوات. پەرداخەکەی خۆی دەدایە لاوەو هەڵدەستا بڕوات، بەڵام دووبارە دادەنیشتەوە، چونکە لەوە دەترسا، ستێپان رۆیشتنەکەی بە ترسنۆکی لە قەڵەم بدات. غروور و غیرەت رێی نەدەدا کە ئەکسینیا بە جێ بێڵێ و مەیدان بۆ ستێپان چۆڵ بکات. هەر دەیخواردەوەو قۆدگاکە کاری تێنەدەکرد. کە هەستی بە ناجۆری هەڵوێستی خۆی کرد، ئیدی چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد لەم هەڵوێستە رزگار بێت. کە ئەکسینیا پێکەکەی خۆی بە سەلامەتی گریگۆری هەڵدا بوو، گریگۆری وای بۆ چوو بوو کە ستێپان، دەکەوێتە وێزەی ژنەکەی. بەڵام مەزەندەکەی دروست دەرنەچوو. ستێپان دەستی بەرز کردەوە، ناولەپە زبرەکەی بە ناوچەوانی خۆیدا هێناو دوای بێدەنگیەکی کەم، بە دەم تەمەشاکردنی ئەکسینیاوە گوتی:

– ئەم ژنەی من چەند بێپەرواو سەربەستە! من لەبەر ئەم بێباکییەی خۆشم دەوێ.

ڕێك لەو کاتەدا پروخور گەیی بووە سەریان. گریگۆری پاش ئەوەی کەمێك لە فکران ڕاچوو، بیری خۆی کردەوە، لێبڕا کە نەڕوات، چونکە پێی وابوو بەمە زەمینە بۆ ستێپان خۆشدەکات، کە قسەی دڵی خۆی بۆ بکات، بۆیە بە پروخۆری گوت:

– بڕۆ پێیان بڵێ نەم دۆزییەوە، تێگەیشتی؟

– بۆ تێگەیشتن، تێگەیشتم. بەڵام پانتلیوفیچ، بڕۆی باشترە.

– ئەوە کێشەی تۆ نییە، بڕۆ.

پروخۆر بەرەو دەرگاکە رۆیی. بەڵام لەو کاتەدا ئەکسینیا هەڵیدایە و بێئەوەی سەیری گریگۆری بکات، بە وشکی گوتی:

– نا. چ پێویست بەمە دەکات؟ گریگۆری پانتلیوفیچ لەگەڵیا بڕو!. زۆر سوپاس کە سەرت داین و ماوەیەکت لەگەڵماندا بەسەر برد... بەڵام ئیدی درەنگە و وا کەڵەبابان بۆ جاری دووەم دەخوێنن. خەریکە بەیان دەدا، ئێمەش، من و ستێپان، دەبێ بەیانی زوو بڕۆینەوە بۆ گوند، بۆ ماڵی خۆمان... ئەمە جگە لەوەی زۆرت خواردووەتەوە، ئیدی بەسە لەوەی پتر مەخۆرەوە.

ستێپان، خوڵکی نەکرد بۆ مانەوە، گریگۆری لە جێی خۆی هەستا. لەو کاتەدا کە خودا حافیزیان دەکرد، ستێپان، دەستی گریگۆری لە نێو دەستە زبرو ساردەکانی خۆیدا ڕاگرت، دەتگوت گەرەکیەتی شتێك بڵێت، بەڵام هیچی نەگوت و بەڵکو بە نیگا تا بەر دەرگا بە رێی کرد. ئەوسا بە کاوەخۆ دەستی بۆ ئەو بوتڵە برد کە هێشتا تەواو نەبوو بوو.

گریگۆر کە گەییە سەر جادەکە، هەستی بە شەکەتیەکی بەترەف کرد. بە زەحمەت هەنگاوی بۆ دەنرا، کە گەییە یەکەمین چوارڕیان، بە پروخۆری، کە پێ بە پێی ئەو لە دوایەوە دەهات، گوت:

– بڕۆ ئەسپەکان زین بکەو بیانهێنە بۆ ئێرە. نامەوێ بەپێ بڕۆم...

– بڕۆم خەبەریان بدەمێ کە بە ڕێوەی؟

– نا.

– دەی باشە، چاوەڕوانبە، بە غار دەڕۆم و هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.

پروخۆر، کە بە تەبیعەت پیاوێکی خاوو لەسەرخۆ بوو، ئەمجارەیان بەغار بۆ بارەگاکەی خۆیان ڕۆیی.

گریگۆری، لە پاڵ پەرژێنێکدا دانیشت، جگەرەیەکی پێکرد، لە زەینی خۆیدا ئەم دیدارەی خۆی دەگەڵ ستیپاندا، دووبارە کردەوە، بە خەمساری لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئێستا، هەموو شتێك دەزانیٚ، با بیٚزانیٚ، خۆزگە لە ئەکسینیای نەدەدا.؟

ئیدی، لە ماندوویەتی و هەڵچووندا ڕاکشاو کەوتە وەنەوزدان. پروخۆر، زوو بە زوو بە ئەسپەکانەوە هاتەوە. بە سواری کەڵەك لە دۆن پەڕینەوەو ئەوسا بە سواری ئەسپ هەڵیانکردە یۆرغەو بە ڕێکەوتن.

لە گەڵ بەرەبەیاندا گەیینە تاتارسکی، گریگۆری لەبەر دەروازەکەی ماڵی خۆیاندا پیادە بوو و هەوسارەکەی بۆ پروخۆر هەڵدا. بە هەشتاوو، بە هەڵچوونەوە خۆی بە ماڵاکرد.

ناتالیا، بە ئیشێك، بە نیمچە ڕووتی هاتبووە بەر دالانەکە. کاتیٚ چاوە خەواڵوەکانی بە گریگۆری کەوت، چاوەکانی پرشنگێکی شادی ئەوتۆیان دا، کە دڵی گریگۆری داخورپا، چاوەکانی، لە ناکاوا، بێئەوەی خۆیشی تەسەوری شتی وەها بکات، تەژی ڕوندك بوون.

ناتالیا، بە بێدەنگی باوەشی بە تاقە خۆشەویستەکەی ژیانیا کرد. هەموو لەشی خۆی پێوە چەسپاند، گریگۆری بە لەرزینی شانەکانیا، هەستی کرد کە دەگری.

ئەوسا چووە ژوورەوە، پیرە داك و بابەکەی و، هەروەها منداڵەکانی کە نووستبوون، ماچ کردن.

گریگۆری، کە بەدەم هەڵچوونەوە هەناسەی تەنگ بوو بوو، لە ناوەندی مووبەقەکەدا وەستاو پرسی:

– ئیٚ، چۆنتان لێگوزەرا؟ خۆ شوکر هەموو ساغ و سەلامەتن؟

ئیلی نیچنا، بەلەز بەرسڤی دایەوە:

– لە خوا بە زیاد بیٚ کوڕەکەم. هەڵبەتە زۆر ترساین. بەڵام ئەلهەقی، عەزابێکی ئەوتۆمان نەچەشت.

پیرەژن، بە گۆشەی چاو نیگایەکی ناتالیای کرد کە دەگریا، بە توندی هاواری بەسەردا کرد:

– لە جیاتی خۆشحاڵ بیت دەگریت گەوجە؟ دەی لێرە مەوەستە، بڕۆ چڵو چێو بێنەو با ئەو کوورەیە نێڵ و بدەین.

لە کاتێکا ناتالیاو ئیلی نیچنا، بە پەلە پەل، تاشتیان دروستدەکرد، پانتلی پروکوفیوفیچ، خاولییەکی خاوێنی بۆ کوڕەکەی هێنا.

– سەرو چاوت بشۆ، من ئاوت بە سەرا دەکەم. سەرت فێنك دەبێتەوە... بۆنی ڤۆدگات لێدێت. وا دیارە دوێشەو لە بۆنەیەکی خۆشدا زۆرت خواردووەتەوە.

– ئا، لە ڕاستیدا تا ئەم ساتە دیار نییە ئایا پیاو شادمان بیٚ یان غەمگین...

پیرەمێرد، بە سەرسامیەوە پرسی:

– یانی چی؟ ئەم قسەیە مانای چییە؟

– چونکە سکریتیف، لێمان پەست و توڕەیە.

– ئەمە هیچ نیە. بەڵام بە ڕاستی بوو بە هاوپیاڵەی تۆ؟

– بەڵێ، لەگەڵماندا خواردییەوە.

– بەڕاستی لەگەڵتاندا خواردییەوە؟ باشە ئەمە مایەی شانازی نییە گریشکا! لەگەڵ جەنەڕاڵێکی ڕاستەقینەدا، لەسەر یەك مێز دانیشن و بخۆنەوە؟

پانتلی پروکوفیوفیچ، کە بە میهرەبانی دەیڕوانیە کوڕەکەی، لە خۆشیا تەقەیەکی لە زمانیەوە هێنا. گریگۆری بزەیەکی بۆ کرد. بە هیچ جۆرێ، هاوبەشی ئەو شادمانی و شانازییە سادەو ساکارانەیەی باوکی نەبوو.

لە کاتێکا گریگۆری بە ئارامی کەوتە پرسیاری وڵسات و مەزراو کشتوکاڵ و بڕی ئەو گەنمەی کە ڕزی بوو، لە بابی، هەستی کرد باس و خواسی کارێن موڵکداری، ئەو بایەخەی جارانی لەلای باوکی نییە. ئەو، خولیاو کەڵکەڵەیەکی گرینگتری لە سەردایە ، شتێك کە زۆری ناڕەحەت دەکرد، لە دڵی گران بوو. زۆری نەبرد پیرەمێرد پرسی:

– گریشکا، ڕەوشەکە ئێستا چۆن، لە چیدایە؟ ڕاستە دەبێ دیسان بچینە خزمەتی سەربازی؟

– مەبەستت کێیە؟

– مەبەستم پیرەکانە. بۆ نموونە خۆم.

– جارێ کەس نازانێ.

– یانی، من دەبێ جارێکی دیکەش بڕۆم بۆ سەربازی؟

– تۆ دەتوانی نەڕۆیت.

پیرەمێرد بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– بە ڕاست؟

ئیدی لە خۆشیا، بە شەلە شەل، بە ناو مووبەقەکە کەوت. ئیلی نیچنا بە توندی بۆڵاندی بەسەریدا:

– دە داسەکنێ، شەیتانی شەل! ماڵەکە بە قوڕی جزمەکانت پیس مەکە، هەرکاتێ، دڵت خۆشبێ، وەکو سەگی پێ سووتاو دەکەویتە سوڕانەوە.

بەڵام پیرەمێرد، خۆی شلوێ نەکردو گوێی بە خوتەو بۆڵەی پیرەژن نەدا، بە شەلە شەل چەندین جار بە بەینی مێزەکەو کوورەکەدا هات و چوو، بسکەی سمێڵی دەهات و دەستەکانی هەڵدەگلۆفتن لە ناکاوا، گومانی کەوتە دڵ:

– باشە تۆ دەتوانی من مەعاف بکەیت؟

– هەڵبەتە دەتوانم.

– ئەمرێکی وام بۆ دەخەیتە سەر کاغەز؟

– ئەی مەعنای چی!

پیرەمێرد، کەمێك دەبیرەوە چوو و سەرەنجام پرسی:

– چۆن ئەمرێك؟.... بەبێ مۆرو تەمغە؟ یان مۆرت پێیە؟

گریگۆری، بە دەم بزەیەکەوە گوتی:

– مۆری ناویٚ، به بیٚ مۆرش دەخوات.

پیرەمێرد، جارێکی دی گەشایەوەو گوتی:

– دەی پێویست ناکا لەوەی پتر لەسەری بڕۆین. خودا ساغو سەلامەتت بکات! ئەدی بەتەمای کەی بڕۆیتەوە؟

– سبەینیٚ.

– باشە یەکەکەت لە پێشەوە ڕۆییوە؟ بەرەو ئوست میدڤیدیتسکایا؟

– بەڵیٚ. باوکە، تۆ سەبارەت بە خۆت هیچ خەمت نەبیٚ. بە هەرحاڵ بەم زووانە هەموو پیرەکانی هاوتەمەنی تۆ بۆ ماڵی خۆ دەنێردرێنەوە. ئێوە خزمەتی خۆتان تەواو کردووە. تەمەنی ئێوە هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت.

– خودا لەزارت بنوڕیٚ. هانام بە دەمت!

پانتلی پروکوفیوفیچ، نیشانەی خاچێکی بە دەوری خۆیدا کێشا، دیار بوو، کە بە تەواوەتی ئاسوودە بووە.

منداڵەکان خەبەریان بووەوە. گریگۆری لە ئامێزی گرتنو هەردووکیان لەسەر ڕانەکانی دانیشاندو بە دەم زەردەخەنەوە، لە کاتێکا بە نۆرە هەرجارەی یەکێکیانی ڕادەمووسی، ماوەیەکی زۆر بەلەزەتەوە گوێی، لە چەنەبازییە شادمانەکەیان گرت.

چ بۆنێکە،بۆنی قژی ئەم منداڵانە! بۆنی هەتاو وگیاو پشتی گەرمە، لە گەڵ شتێکی دیکەی زۆر ئاشناو خۆشەویست بەلایەوە. خۆشیان کە بەشێکن لە خوێنو گۆشتی ئەو، ڕێك لە مەلێن چکۆلەی دەشتو دەر دەچن. بازووە درێژو ڕەشەکانی بابیان، کاتیٚ منداڵەکان لە خۆ دەگرن، چەند ناشیو نامۆ دێنە بەرچاو... ئا ئەم سوارەی کە تەنیا بۆ شەوو ڕۆژێك لە ئەسپەکەی دابەزیوە، سەراپای لە بۆنی کەسکونی عەسکەریو ئارەقەی ئەسپو بۆنی توندی لەشکرکێشیو زینو قایشو قروشی چەرمیندا نقوم بووە، لە چوارچێوەی ئەم دیمەنە پڕ ئارامیو سوڵحو سەفایەدا چ ناجۆر دەنوێنیٚ...

ڕوندك لە چاوانی گریگۆری دا قەتیس ما، لێوی لە ژێر سمێڵەکانیەوە تەتەڵەیان دەکرد... بابی سیٚ جار پرسیاری لێکردو ئەو هەر نەیتوانی وەڵامی بداتەوە، تەنانەت، تا ناتالیا قۆڵی بلوزەکەی ڕانەکێشاو ئاگاداری نەکردەوە، هەڵنەستا بۆ سەر خوانەکە.

نا، نا، بە ڕاستی گریگۆری، پیاوەکەی جاران نیە! ئەو قەت زۆر هەستیارو دڵناسك نەبووەو تەنانەت بە منداڵیش بە دەگمەن دەگریا. کەچی ئێستا، ئەم فرمێسکانە، ئەم دڵەخورپە خێراو پەنهانە، دەڵێی زەنگوڵەیەکەو بە بێدەنگ لە ئەوکیا دەزرنگێتەوە... بە هەرحاڵ، لەگینە هی ئەوە بیٚ کە دوێشەو زۆری خواردەوەو هیچ هیچ نەنووست.

داریا، کە چێڵو گایەکانی برد بوو بۆ لەوەڕگە، گەڕایەوە. لێوی خۆی لە گریگۆری نزیك کردەوە. کاتیٚ گریگۆری بە شۆخییەوە دەستی بە سمێڵەکانیا هێنا،و دەموچاوی لە دەموچاوی داریا نزیك کردەوە، داریا چاوانی نوقاندن. گریگۆری سەیری کرد، برژانگەکانی، وەکو ئەوەی

بەدەم باوە بجولێنەوە، بەو ئاوایە کەوتنە لەرزین. بۆ ساتێك بۆنی تیژی کریمی سەر گۆناکانی، کە هیچ نە ژاکا بوون، بەسەرا هات.

داریا، هیچ نەگۆڕا بوو. لەوەدەچوو هیچ خەم و پەژارەیەکی ئەم دنیایە نەتوانێ تێکی بشکێنێ، یان ملی پێ کەچ بکات. لە دنیادا وەکو لقی سوورەچنار، نەرم و جوان و خۆشدەست، دەژیا.

گریگۆری پرسی:

– بۆ وا گەشاویتەوە؟ هیچ نەگۆڕاوی!

داریا، بزەیەکی ئەفسوناوی بۆ کرد، لە کاتێکا چاوە ڕەخشانەکانی دانەواند بوو، بەرسڤی دایەوە:

– تەبیعەتی گوڵەسیکرانی کێویم هەیە.

یەکسەر چوو بۆ بەر ئاوێنەکە، تا ئەو چەپکە قژەی کە لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتبووە دەرێ، چاك بکات و خۆی برازێنێتەوە.

داریا ئەوە خوو و تەبیعەتی بوو و هیچی لەگەڵدا نەدەکرا. لەوە دەچوو مەرگی پیوتەر کارێکی ئەوتۆی لێنەکردبێت. هەرکە سوێ و کۆستی مەرگی مێردەکەی بەریدا، لە جاران زیاتر تینوو و تامەزرۆی ژیان بوو. زیاتر دەستی بە خۆیدا دێنا و بە خۆیدا ڕادەگەیی.

دونیاشکایان، کە لە عەماری دانەوێڵاندا نووستبوو، هەستاند، پاش ئەوەی نوێژو نزایان کرد، هەموو خێزانەکە لەسەر خوانەکە کۆبوونەوە. دونیاشکا بە دڵسۆزییەوە گوتی:

– ئاخ، برایەکەم چەند پیر بوویت! قژت وەکو گورگ بۆز بووە.

گریگۆری، بە دەم بزەیەکی بێدەنگەوە، لەسەر خوانەکەوە، تەمەشایەکی کردو پاشان گوتی:

– ئیدی ئەوە یاسای ژیانە. دەبێ من پیر ببم و تۆش گەورە بوویت و دەبێ لە مێرد بگەڕێی... بەڵام باش گوێبگرە بزانە چیدەڵێم: لەمڕۆوە، نابێ بە هیچ جۆرێ بیر لە میشکا کوشیڤوی... ئەگەر ببیستمەوە دڵت بۆی لێدەدا، لاقێکت دەنەمە ژێر پێم و بە دەست لاقەکەی دیکەت وەکو قورباغە لە ناوەڕاستەوە هەڵت دەتلیشێنم. تێگەییشتی؟

دونیاشـکا، وەکـو گوڵاڵـە سـوورە، سـوور بـووەوەو لـە میانـەی فرمێسـکەکانیەوە کەوتـە تەمەشاکرنی گریگۆری.

گریگـۆری، چـاوە تووڕەکـانی لـە دوڕچـاوانی بـڕی، ڕوخسـاری بـەو ددانانـەوە کـە لـە ژێـر سمێڵەکەیـەوە دیـاربوون و بـەو چـاوە بـێ سـۆزانەی کـە چـکۆلەی کردبوونـەوە، ڕێـك سروشـتی هۆڤیانە (کێویانە، دڕندانە)ی ماڵباتی میلیخوڤ دەنواندو بەرجەستە دەکرد.

بەڵام خۆ دونیاشکاش لە هەمان ماڵبات و بنەماڵە بوو: دوای ئەوەی وەخۆ هاتەوەو باندۆرو کاریگەری قسە ڕەق و حەیا بەرەکانی براکەی نیشتەوە، بەکاوەخۆ، بەڵام زۆر بە جدی و بنجبڕ گوتی:

– باشە برا گیان، تۆ نازانی کە ئەمر بەسەر دڵا ناکرێت؟

گریگۆری، بە ساردییەوە ئامۆژگاری کرد:

– دڵێك، بە فرمانی تۆ نەبێ، دەبێ دەری بێنی.

ئیلی نیچنا له دڵی خۆیدا گوتی: "هەر کەسیٚ ئەو قسەیە بکات، نابیٚ تۆ بیکەی..."
لەو کاتەدا پانتلی پروکوفیوفیچ، خۆی له گەنگەشەکەیان هەڵقورتاند.
مستێکی به مێزەکەدا کێشاو نەڕاندی:

– دەمت داخە، سەگ دایك! دەنا قژ بەسەرتەوە نایەڵم!کچە تیوەی خوێڕی! لاچوو با بچم ئەو هەوسارە بێنم

داریا، به سەرو ڕوویەکی بیٚ دەسەلاٚتەوە، خۆی له گفتوگۆیەکە هەڵقورتاند:

– بەلاٚم بابۆ، تاقەیەك هەوسار لەم ماڵەدا نەماوە. هەموویان برد.

پانتلی پروکوفیوفیچ، نیگایەکی تووڕەی داریای کرد، بێئەوەی دەنگی نزم بکاتەوە، هەمدیس گریٚی دڵی خۆی کردەوە:

– تەنگەی ئەسپەکە دێنمو هێندەت لێدەدەم هەرچی شەیتانو جنۆکەیەك که چوونەتە کلێشەتەوە، هەمووی دەتارێنم...

داریا، نیگایەکی بێگەردو پاکیزەی خەزووری کردو به دەنگێکی بەرزتر گوتی:

– سوورەکان، تەنگەو پاڵدوەکانیشیان بردووە!

ئەم قسەیە تەنگەی پانتلی پروکوفیوفیچی گرت، له تووڕەییدا شینو مۆر بووەوە، بەزاری بەشەوە، بۆ ساتێك ڕوانیە بووکەکەی. ( له ماسییەك دەچوو له ئاو دەرهێنرا بیٚ) سەرەنجام به دەنگێکی گڕ گوتی:

– بێدەنگ، به نەحلەت بی! شەیتان بچێتە کلێشەتەوە! خۆ نایەڵیٚ قسەکەم تەواو بکەم. ئاخر ئەمە مانای چیە؟ گوێبگرە دونکا، شتی وا نەبووەو نابیٚ. من وەکو باوکت ئەم قسەیەت پێدەڵێم. هەق به گریٚگۆرییە: ئەگەر دڵت بەو بێشەرەفەوە بیٚ، کوشتنی خۆت حەلاڵ دەکەیت. نۆبەتی ئەو قەوانەیە، به ڕاستی خوازگاری دۆزیوەتەوە! حەزی له کەسێك کردووە که شایستەی له سێدارەدانە! چما ئەوە بەشەرە؟ یانی یەهودایەکی ئاوها بکەم به زاوای خۆم؟ ئەگەر بەر دەستم بکەویٚت به خۆم، به دەستی خۆم دەیکوژم! یەك قسەی دی بکەی هەڵدەگرمە تێلاٚیەكو ئازای گیانت...

ئیلی نیچنا، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– به ڕۆژی ڕۆناك، چرا هەڵگرەو ئەو حەوشەیە سەنگو سوژن بنه بزانه داریٚك دەدۆزیتەوە؟ حەوشە چۆڵو هۆڵ، سەرە داریٚك بۆ ئاگرکردنەوەش پەیدا نابیٚ. حاڵمان بەو حاڵە گەییووە!

بەلاٚم پانتلی پروکوفیوفیچ، گومانی لەو قسە ڕاستو دروستانە کرد. خێسەیەکی له پیرەژن کرد، وەکو شێت ڕاپەڕیو چوو بۆ ناو حەوشەکە.

گریگۆری، مراکەکەی داناو خاولیەکەی دا به دەموچاویا. له ژێرەوەو بەدەم پێکەنینەوە، دەهەژی ئەمما هەژین. تووڕەییەکە بەری دابوو و هێندە به کوڵ پێدەکەنی، که زۆر له مێژ بوو پێکەنینی وای به خۆیەوە نەبینی بوو. هەموویان پێدەکەنین، تەنیا دونیاشکا نەبێت. خۆشیو شادی باڵی بەسەر خوانو مەجلیسەکەدا کێشا. بەلاٚم هەرکە دەنگی پیٚی پانتلی پروکوفیوفیچ،

لەبەر دالآنەکەوە هاتە گویٚ، لە پڕ هەموو بێدەنگ بوون. پیرەمێرد، بە هەشتاو و وەکو ڕەشەبا خۆی بە ژوورا کردو لقێك سپیداری درێژی بە دووی خۆیدا ڕادەکێشا.

– فەرموو، ئەوەدار، پەتیارینە، ئێستا بەشی هەر کەسێك کە زماندرێژی بکات، دار هەیە. جادوگەرینەی کلك درێژ!.... دارنیە، ها؟ ئەدی ئەمە چیە؟ تۆش پیرە کەمتیار، لەمە دەخۆیت. پێتانی نیشاندەدەم...

دارەکە لە مووبەقەکەدا جێی نەدەبووەوە. پیرەمێرد بە تووڕەیی هەڵیدایە بەر هەیوانەکە، مەنجەڵێکی بە تەقو هوڕ قڵپ کردەوە، ئەوجا بە هانکە هانك هاتو لە دەوری مێزەکە دانیشت.

تەواو پەست بوو بوو. خیزە خیزی سینگی دەهات، بێئەوەی هیچ بڵێ بەربووە نانخواردن. ئەوانی دیکەش بێدەنگ بوون. داریا، چاوی لە مێزەکە نەدەگواستەوە، دەترسا لە ناکاوا لە قاقای پێکەنین بدات. ئیلی نیچنا ئاهی هەڵدەکێشاو لە بن لێوانەوە دەپاڕایەوە: "خودایا! پەروەردگارا باری گوناحانمان گەلێك گرانە!"

تەنیا دونیاشکا بزەی نەدەهاتێو ناتالیا کە لە کاتی چوونە دەرەوەی پیرەمێردا بزەیەکی هاتبووێ، دووبارە خەم دایگرتەوە. پانتلی پروکوفیوفیچ، چاوی پڕ غەزەبی بە هەموو ئەندامانی خێزانەکەدا دەگێڕاو ناو بە ناو بەدەم نەڕەیەکی هەڕەشە ئامێزەوە هاواری دەکرد:

– کوا خویٚ بێنە! نان بێنە!

ئەم شەڕە خانەوادەییە بە شێوەیەکی سەیر کەوتەوە. لە گەرمەی ئەم خامۆشیو بێدەنگیە گشتیەدا، میشاتکا، بێ ئەدەبیەکی سەیری دەرهەق بە باپیری کرد. زۆرجار لە قەرقەشەو دەمەقاڵەکانی پێشوودا، گوێی لە داپیرەی بوو بوو کە جۆرەها جوێنی لە پاشملە بە پیرەمێرد دەدا. ئەمجارەیان روحی منداڵانەی، بە دیتنی ئەمەی کە باپیرەی بۆڵە بۆڵی بەسەر هەموو ئەندامانی خێزانەکەدا دەکردو خۆی ئامادە دەکرد کە هەموویان دارکاری بکات، هاتە جۆش، لە کاتێکا کە پەڕەکانی کەپووی دەلەرزین، لە ناکاوا، بە دەنگێکی ناسك گوتی:

– چ هەرایەکت ناوەتەوە، شەیتانی شەل! هەقە بە کوتەك بەربنە سەرو گوێلاکت، تا واز لە ترساندنی منو داپیرە بێنی.

– لەگەڵ منت بوو... لەگەڵ باپیرەی خۆت؟

میشاتکا، دلێرانە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، بە تۆم بوو!

– خەڵکی چۆن شتی وا بە باپیرەی خۆی دەڵێت؟

– ئەدی بۆچی ئەم هەراو هەنگامەیەت ناوەتەوە؟

– تەمەشا، تەمەشا، ئەم فەرەخە شەیتانە!

پانتلی پروکوفیوفیچ، دەستێکی بە ڕدێنی خۆیدا هێناو بە سەرسامی چاوێکی بە هەمووواندا گێڕاو لەسەری رۆیی:

– هەر هەموو ئەم قسانەی لە تۆوە هەڵگرتووەتەوە پیرە کەمتیار! تۆ ئەم قسانەی فێر دەکەیت.

ئیلی نیچنا تووڕە بوو و بە مەبەستی بەرگری لە خۆی گوتی:

– کێ فێری دەکات؟ سەر سەختێکە لنگەی نیە، لە تۆو لە باوکی خۆی دەچێت!

ناتالیا هەستاو شەپێکی بە پاشەڵی میشاتکادا کێشاو گوتی:

– نەخەڵەتابی جارێکی دی ئەو جۆرە قسانە بە باپیرە بڵێی! نابێ ئەو قسانە بکەیت، تێگەیشتی، نابێ!

میشاتکا، دەستی بە فینگە فینگان کردو سەری لە کۆشی گریگۆری نا. بەڵام پانتلی پورکوفیوفیچ، کە بە دڵ نەوەکانی خۆشدەویست، بە توندی لە سەر مێزەکە هەستاو بێئەوەی ئەو ڕوندکانە بسڕێ کە بەڕدێنی دا دەهاتە خوارەوە، بە شادییەوە گوتی:

– گریشکا! کوڕەکەم! هەق بە دایکتە. پیرەژن ڕاست دەکات! بە ڕاستی چووەتەوە سەر ئێمە! خوێنی ماڵباتی میلیخوف لە دەمارەکانیایە... ئەوە خوێنی ماڵباتی میلیخوف بوو کە لێرەدا هاتە قسە. قسە لە کەس ناخواتەوە... نەوە چکۆلەکەم... کوڕەکەم... وەرە تا حەز دەکەی لە منی پیری خەڵەفاو بدە... وەرە لە ڕیشم بنەوەو بە کەیفی دڵی خۆت ڕایکێشە...

پیرەمێرد، میشاتکای لە باوەشی گریگۆری دەرهێناو، بۆ سەر سەری خۆی بەرزی کردەوە.

تێشتیان خوارد، هەموو لەسەر خوانەکە هەستان. ژنەکان کەوتنە هیربار شتن. پانتلی پروکوفیوفیچ، سیغارێکی پێکردو بە گریگۆری گوت:

– هەندێ ناخۆشە داوای شتێکت لێبکەم، چونکە تۆ میوانیو لەسەر سەفەری، بەڵام چارم نییە... ئەگەر دەتوانی یارمەتیم بدەی با پێکەوە پەرژینی حەوشەکە چاك بکەینەوەو پەرژینێك لە دەوری خەرمانگاکە بکێشین. چونکە هەمووی خراپەو پیاو ناتوانێ ڕوو لە کەسیش بنێ، چونکە هەمووان هەمان حاڵی ئێمەیان هەیە.

گریگۆری، ئارەزوومەندانە ڕازی بوو، بە دوو قۆڵی کەوتنە کارکردن و تا نیوەڕۆ پەرژینەکەیان نۆژەن کردەوە.

لە باخچەکەدا، پیرەمێرد بەدەم داچەقاندنی ئەستوونانەوە گوتی:

– کاتی دروێنەو گیا دورینە، نازانم گیا بکرم یان نا، تۆ لە بارەی کاری مەزراو موڵکەکە چ دەڵێی؟ ئەو سەریەشەیە دێنیٚ؟ یان سوورەکان، ماوەیەکی دی دێنەوەو دارو نەدارمان بە بایا دەڕوات؟

گریگۆری ڕاستگۆیانە گوتی:

– نازانم باوکە. نازانم بارودۆخەکە بەچ لایەکدا دەکەوێتەوە، کێ ئەم شەڕە دەباتەوە. گرینگ ئەوەیە شتی زیادە لە خۆت کۆمەکەوە، ئەوەندە بکە کە لە دوات بەجێ نەمێنێ. بۆ نموونە خەزووری من بێنەوە بەر چاوی خۆت، ڕەنجی دنیای دا، نەخۆی ئیسراحەتی دەکردو نەدەیهێشت کەس بحەوێتەوە، بەچی چوو، چی لە پاش بەجێماوە؟ کۆمەڵێك دارو دیواری سووتاو!

پیرەمێرد بەدەم ئاهێکی پەنهانەوە، گوتی:

– منیش، بیرم لەمە دەکردەوە کوڕم.

چیتر باسی کاری مەزراو کشتوکاڵی نەکردووە. بەڵام دوای نیوەڕۆ، کە چاوی بە گریگۆری کەوت کە زۆر بە دیقەت خەریکی دانانی دەروازەی خەرمانگایەکەیە، بە کەسەرو داخێکی ئاشکراوە گوتی:

- هەروا لامسەرلایی بە پێوە ڕایگرەو تەواو، بۆچی خۆت ئەزیەت دەدەی؟ خۆ مردن هەڵنەگیراوە.

سەرەنجام پیرەمێرد پەی بە بێهودەیی هەوڵی خۆی بردو بۆی دەرکەت مەحاڵە ژیان بگەڕێتەوە دۆخ و ڕێڕەوەکەی جارانی....

کەمێك پێش خۆرئاوا، گریگۆری دەستی لە کار هەڵگرت و چوو بۆ ماڵەوە. ناتالیا بە تاقی تەنیا لە ژووری میوان بوو، بە جۆرێ خۆی ڕازاندبووەوەو خۆی لە تەل دابوو دەتگوت ڕۆژی جەژنە. تەنوورەیەکی جوانی فاسۆنی نیلی و کراسێکی پوپلینی شینی ئاسمانی لەبەر کردبوو، کە بەرۆك و سەری قۆڵەکانی تۆڕدۆزی کرابوو. دەموچاوی پەمەییەکی کاڵ، چونکە خۆی بە سابوون شت بوو، بە ئاستەم دەبریقایەوە. کاتێ گریگۆری وەژوور کەوت، ئەو لە یەغدانەکەدا بۆ شتێك دەگەڕا، بەڵام کە چاوی بە گریگۆری کەوت، دەرگای یەغدانەکەی داخست و بەدەم زەردەخەنەوە هەستایە سەر پێ.

گریگۆری، لەسەر یەغدانەکە دانیشت و گوتی:

- وەرە کەمێك لێرە دانیشە، دەنا من سبەی دەڕۆم و دەرفەتی ئەوەمان نابێ دوو قسە لەگەڵ یەکدیدا بکەین.

ناتالیا، گوێڕایەڵانە لە لایەوە دانیشت. ژێراو ژێر بە گۆشەی چاو لێی دەڕوانی. جۆرێك سەرسامی نیشتبووە سەر سیمای. گریگۆری لە پڕ دەستی، لە نێو دەستی خۆی ناو بە میهرەبانییەوە گوتی:

- دەستت زۆر نەرم و ناسکە، دەڵێی هەر نەخۆشیش نەبوویت.

ناتالیا، سەری داخست و بەدەم بزەیەکی شەرمنانەوە گوتی:

- چاك بوومەتەوە... ئێمەی خێڵی ژنان وەکو پشیلەی حەوت ڕوحین، زۆر گیان سەختین.

گریگۆری، نەرمەی گوێچکە پەمەییە توکنەکانی و پێستی زەردی پشت ملی بینی و پرسی:

- قژت دەوەرێ؟

- زۆری وەریوە، ئەگەر وا بڕوات بەو زوانە کەچەڵ دەبم.

گریگۆری لە پڕ پێشنیازی کرد:

- ئەگەر دەتەوێ، بێنە بۆتی بتاشم.

ناتالیا، هاوارێکی ترسامێزی کرد:

- چی! خۆ دەبم بە مەیموون!

- باشتر وایە بیتاشی، دەنا قژت نایەتەوە.

ناتالیا، بزەیەکی شەرمنانەی بۆ کردو گوتی:

- قەرارە دایکە، بە مقەست بۆمی هەڵپاچێ.

هەنگێ سەرپۆشێکی سپی وەکو بەفری دا بەسەریا.

ئەمەی لە تەنیشت ئەوەوە دانیشتبوو، ژنی ئەوو دایکی میشاتکاو پولیوشکا بوو. خۆی بۆ ئەو جوان کردبوو و دەموچاوی شتبوو. بە پەلە سەرپۆشێکی بەسەریا دابوو تا قژی کە لە دوای نەخۆشیەکەی وەری بوو، دەرنەکەوێت. سەری کەمێك خوار دەگرتو زۆرمایەی بەزەیی و ناشیرین بوو، بەلاّم لە هەمان کاتدا جوان بوو، سیمای بە جۆرە جوانیەکی دەرونی پاك، دەدرەوشایەوە. هەمیشە جلی یاخە بەرزی لەبەر دەکرد، تا جێگای ئەو زامەی کە بۆ هەمیشە گەردنی شێواند بوو، لە گریگۆری وەشێرێت. هەر هەموو ئەمەی بۆ ئەوو لەبەر خاتری ئەو کردبوو... شەپۆلێکی میهرەبانی سەیر لە دڵو دەروونی گریگۆری گەڕا. ویستی مجامەلەیەکی گەرمو گوڕی بکات، بەلاّم هەرچی کردو کۆشا، وشەێن لە بارو شایستەی بۆ نەهات. بەبێدەنگی بۆ لای خۆیی ڕاکێشا. هەنیە سپیە بەرزەکەی و چاوە خەمینەکانی ڕاماوسی.

پێشتر، قەت تێر نازو نەوازشی نەکردبوو. هەمیشە ئەکسینیا، دڕکی نێوانیان بوو. بەلاّم ئێستا، ناتالیا، کە بەم میهرو نەوازشەی مێردەکەی هاتبووە جۆش، یەکسەر سوور بووەوەو دەستی گرتو بەرزی کردەوە بۆ لێوی.

بۆ دەمێك بێدەنگ بوون. تیشکی ئەرخەوانی زەردەپەڕی ئێواریٚ، لە ناو ژوورەکەی دەدا. منداڵەکان، لەبەر هەیوانەکەدا گەمەیان دەکرد. بەدەم دانیشتنەوە، گوێیان لە دەنگی داریا بوو کە نانی برژاوی لە تەنوورەکە دەردێناو بە ناڕەحەتیەوە بە خەسووی دەگوت:

– باشە، تۆ هەموو ڕۆژیٚ، چێڵەکانت نەدەدۆشی؟ نازانم بۆ گەورەکەیان شیری کەم بوە.

گاگەل، لە لەوەڕگە دەگەڕایەوە. چێڵو گا بە دەم ڕێوە دەیان بۆڕاند، کوڕیژگان، بە دەم ڕاوەشاندنو شریخەی قامچیەوە دوایان کەوتبوون. کەلەگا فەحلەکەی گوند، دەنگی نووساوو پچڕ پچڕەوە دەی بۆڕاند. خەرەنگێزان،(مێشە کەرانە) هێندەیان پێوە دابوو کە غەبغەبە ئاوریشمینەکەیو پشتە لێژو شەقار شەقارەکەی تێکڕا لە خوێن هاتبوو. بەتووڕەیی سەری تەکان دەدا. بەدەم ڕێگاوە، شاخە کورتو لێك بلاّوەکانی، لە پەرژینەکەی ماڵی ستاخۆف گیر بوو و ژێرو ژووری کردو بە سەریا تێپەڕی.ناتالیا لە پەنجەرەکەوە تەمەشای کرد و گوتی:

– دەزانی کەلەگایەکەش چوو بوو بۆ ئەوبەری دۆن. دایکە بۆی گێڕامەوە: هەرکە تەقە لە گوندا دەستی پێکرد بوو، پەتی پچڕی بوو و لە تەویلەکە وەدەرکەوتبوو و بە مەلە لە ڕوبارەکە پەڕی بووەوەو بە درێژایی ئەو ماوەیە لە قامیشەلاّنی قەراخ ڕوبارەکەدا خۆی شاردبووەوە.

گریگۆری هیچی نەدەگوت، لەفکران ڕاچوو بوو. چاوانی ناتالیا بۆچی ئەوەندە خەمبار بوون؟ ڕازێکی شاراوە، لە چاوەکانیا بەدی دەکرا، کە بەردەوام دەردەکەوتو ئاوا دەبوو. تەنانەت لە کاتی شادیشدا هەر خەمبار بوونو پەی پێنەدەبرا... ئایا بەوەی زانی بوو کە لە ڤیشنسکایا، ئەکسینیای دیتبوو؟ ئەنجام پرسی:

– بۆچی ئەمڕۆ خەمباریت؟ چ شتێك دڵی تەنگ کردوویت ناتاشا؟ بۆچی پێم ناڵێی؟

گریگۆری چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرد لە هۆڕژنی گریان بدات، گلەیی لێبکات... بەلاّم ناتالیا، بە ترسەوە بەرسڤی دایەوە:

– نا، نا، تۆ وا تەسەور دەکەیت، دەنا هیچم نییە... ڕاستە هێشتا بە تەواوەتی چاك نەبوومەتەوە، سەرم گێژ دەخوات‌و کاتیٚ کە دادەنەومەوە، یان شتێك لە عاردی هەڵدەگرم، بەرچاوم تاریك دەبێت.

گریگۆری بە دیقەتەوە تەمەشای کردو دووبارە پرسی:

– لە غیابی مندا کەس ناڕەحەتی نەکردویت؟.... کەس شەڕی پیٚ نەفروشتوویت؟

– نەبابە، ئەوە تۆ چ دەڵێی! من بە درێژایی ئەو ماوەیە نەخۆش بووم‌و لە جێگادا کەوتبووم.

ڕاست چاوی لە دوڕ چاوانی گریگۆری بڕین، تەنانەت بزەیەکی کاڵیش کەوتە سەر لێوانی. دوای بێدەنگیەکی کەم پرسی:

– سبەی زوو دەڕۆیت؟

– بەرەبەیان.

– ناتوانی ڕۆژێکی دیکە بمێنیتەوە؟

ئومێدێکی شەرمنانەی گومانامێز بە دەنگیەوە دەلەرییەوە. بەڵام گریگۆری سەرێکی بادا کە ناتوانیٚ.

ناتالیا، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– کەواتە دەبیٚ یەکسەر نیشانەو نەجمەکان بە کەتافیەکەتەوە بدوری.

– بەڵیٚ.

– دەی قەمسەڵەکەت داکەنە، تا دنیا ڕوناکە با بۆتی بدورم

گریگۆر بەدەم خوتەو بۆڵەوە قەمسەڵەکەی داکەند. هێشتا شێی ئارەقەی پێوە بوو و بە تەواوەتی وشك نەبوو بووەوە. شوێنەواری قایش‌و قرۆشەکەی، بە پشت‌و سەر شانیەوە دیار بوو. تەواو سوا بوو و دەبریقایەوە. ناتالیا هەندیٚ نیشانەو نەجمەی کاڵەوە بووی لە یەغدانەکە دەرهێناو پرسی:

– ئەمانە هەون؟

– بەڵیٚ هەون، هەڵت گرتبوون؟

ناتالیا، لە کاتێکا داوی بە دەرزییەوە دەکرد، بە دەنگێکی نا ڕوون گوتی:

– یەغدانەکەمان لە چاڵ نابوو.

بە دزییەوە قەمسەڵە تەپوتۆزاوییەکەی لە دەموچاوی نزیك کردەوەو بە تاسەیەکی زۆرەوە، بۆنی قەمسەڵە ئارەقاویە لە دڵاشیرنەکەی کرد... گریگۆری بەسەر سامی پرسی:

– بۆچی وات کرد؟

ناتالیا، بە چاوانی ڕەخشانەوە گوتی:

– بۆنی تۆی لێدێت...

لە شەرمانا سوور هەڵگەڕاو بۆ ئەوەی شەرمەکەی خۆی بشارێتەوە، سەری دانەواندو بە چاپوکی کەوتە دورمان.

گریگۆری، قەمسەڵەکەی لەبەر کرد، برۆکانی وێکهێنانەوەو شانەکانی هەڵتەکاند. ناتالیا بە ستایشەوە روانیە مێردەکەی‌و گوتی:

– ئاوا باشتریت!

بەڵام گریگۆری، تەمەشایەکی شانی چەپی خۆی کردو ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– خۆزگە قەت جارێکی دی نەمدەبینینەوە. تۆ نازانی مەسەلە چیە.

بە دوو قۆڵی، دەست لە نێو دەست، ماوەیەکی زۆر لە ژوورەکەیاو لەسەر یەغدانەکە بە بێدەنگی دانیشتن‌و هەر کەسە نقومی خەیاڵی خۆی بوو.

کە خۆر ئاوا بوو، سێبەری خانووەکان بەسەر ئەرزە ساردەکەدا درێژ بووەوە، چوون بۆ مووبەق، بۆ شیڤ خوارن.

ئیدی شەو بوری، بڵاچەی هاوینە تاکو سپێدە لە ئاسمانا دەدرەوشایەوە. بولبولان، تاکو دنیا روناک بووەوە، لە یەکبینە، لە باخی ئالۆباڵوان هەر دەیان خوێند. گریگۆری خەبەری بووەوە، ماوەیەك لە ناو جێگاکەدا مایەوە، بە چاوانی خەواڵووەوە گوێی بۆ ئاوازی شیرین‌و خۆشی بولبولان ڕادێرا. ئەوسا بە هێواشی هەستا، دەیویست ناتالیا بێدار نەکاتەوە. جلەکانی لەبەر کردو چووە نێو حەوشە.

پانتلی پروکوفیوفیچ، ئالیکی بە ئەسپەکەی گریگۆری دابوو. لە ڕووی دڵسۆزییەوە گوتی:

– دەتەوێ، پێش ئەوەی بڕۆیت، بیبەم لە ڕووبارەکەدا بیشۆم؟

گریگۆری کە بەو بەرەبەیانە سارده، دەلەرزی گوتی:

– نا، نایەوێ.

ئەوسا بابی لێی پرسی:

– باش خەوتیت؟

– زۆر باش، بولبولان خەبەریان کردمەوە! بە درێژایی شەو هەر خوێندویانە، خۆیان کوشت ئەوەندە بخوێنن.

پانتلی پروکوفیوفیچ، توورەکەکەی لەسەری ئەسپەکە کردەوەو بە دەم بزەوە گوتی:

– ئیدی هیچ کارێکی دیکەیان نییە کوڕم. هەندێجار پیاو بەغیلی بەم باڵندانەی خودادا دەبات. نە ئاگایان لە شەڕە و نە لە وێرانی.

پروخۆر، لە کات‌و ساتدا گەییە بەردەرگا. تەراشێکی باشی کردبوو، وەکو هەمیشە شادو بە کەیف‌و پڕ چەنە بوو. هەوساری ئەسپەکەی لە ئەستوونێك بەست‌و چوو بۆ لای گریگۆری. کراسە جاوەکەی ئەوەندە باش ئوتو کرابوو کە تەواو نەرم بوو بوو. نیشانەی تازەی بەستبوو، هەرکە گەییە ئاستی، هاواری کرد:

– تۆش نیشان‌و نەجمەکانت دورووە بە شانتەوە گریگۆری پانتلیوفیچ؟ ئیدی نۆرەی ئەم نەحلەتیانەیە! دەبێ تا مردن بە شانمانەوە بن! بەژنەکەم گوت: "گەوجە وایان مەدورە کە نەکرێنەوە، هەروا یەك دوو تەقەڵی هاکەزایی لێبدە، بایی ئەوەی کە با نەیبات." بە خۆت حاڵی ئێمە دەزانی، ئەگەر بە دیلی بگیرێین، یەکسەر بە نیشانەکاندا بۆیان دەردەکەوێ کە من هەر

چەندە ئەفسەر نیم، بەڵام نایب زابتی دەرەجە یەکم. هەنگێ پێم دەڵێن: "ئاخر هەی قوڕمساغ تۆ سەرباز بوویتو زانیوتە چۆن پلەو پاپە وەربگریت. ئێستاش دەبێ فێری ئەوە بیت کە چۆن سەری خۆت بۆ بەر ملپەڕێن ئامادە بکەیت! دەبینی ئەم نیشانانەی من بە چی بەندن؟ بە ڕاستی گاڵتەجاڕیە!

بە ڕاستی نیشانەکانی سەر شانی پروخۆر، بە تڕ بەندبوون، هەر وا شاشو واش، یەک دوو تەقەلی درشتی لێدرا بوو و بە زەحمەت بەسەر شانەکانیەوە بەند بوون.

پانتلی پروکوفیوفیچ، لە قاقای پێکەنینی دا. ددانە سپییەکانی، وێرای ئەوەی تەمەنی هەبوو، هێشتا ساغ بوونو لە بەینی ڕدێنە ماشو برنجیەکەیدا دەدرەوشانەوە.

– بەمەش دەڵێن سەرباز! هەرکە سووسەی شتێکی کرد، یەکسەر نیشانەکانی، تووڕ دەدات!.

پروخۆر بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

– ئەدی بە تەمای چیت؟

گریگۆری بە پێکەنینەوە گوتی:

– دەبینی باوکە چتۆ موراسیلێکم دۆزیوەتەوە؟ ئەگەر تووشی کێشەیەکیش بم، مادامێکی ئەوم لەگەڵە، خەمم نییە، ڕزگار دەبم.

پروخۆر، گوتی:

– ئەی وایە، گریگۆری پانتلیوفیچ، وەکو دەڵێن ئەمڕۆ تو بمرە، سبەی من.

ئەوسا، بە بێموبالاتی نیشانەکانی لەشانی کردەوەو بە خەمساردی خستنیە گیرفانەکانیەوەو گوتی:

– کاتێ کە گەیینە نزیکی جەبهە، دەتوانم بیاندورمەوە.

گریگۆری بەلەز تێشتی خواردو خوا حافیزی لە کەسوکارەکەی کرد.

ئیلی نیچنا، کوڕەکەی لە هەمێز گرت، بە دەم ماچ کردنیەوە بە گوێیدا چپاند:

– فریشتەی ئاسمانان ئاگادارت بێ! تەنیا تۆمان بۆ ماویتەوە...

گریگۆری بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:

– دەی بەسە ئیدی، سەفەری دوورو درێژو فرمێسکی بێهودە!خودا حافیز.

بەرەو ئەسپەکەی ڕۆیی.

ناتالیا کە سەرپۆشە سێگوشە ڕەشەکەی خەسووی بە سەرا دابوو، لە دەروازەی حەوشە هێوەتر ڕۆیی، منداڵەکان دەستیان بە تەنوورەکەیەوە گرتبوو. پۆلیوشکا، پەیتا پەیتا بەدەم گریانەوە هەنسکی هەڵدەداو لە دایکی دەپاڕایەوەو دەیگوت:

– مەیەڵە بڕوات! دایکە مەیەڵە بڕوات، لە شەڕا خەڵکی دەکوژرێن، باوکە مەڕۆ بۆ شەڕ!

میشاتکا، لێوی تەتەڵەی دەکرد، بەڵام نا، نەدەگریا. پیاوانە دانی بە خۆدا دەگرتو بە تووڕەیی بە خوشکەکەی دەگوت:

– قسەی هەلەقو مەلەق مەکە، گەوجە! هەر کەسێك بچێتە شەڕەوە ناکوژرێت.

ئەو قسەیەی باپیری فەرامۆش نەکردبوو کە پیاوی قۆزاق هەرگیز ناگری. گریان‌و فرمێسك ڕشتن بۆ قۆزاق، مایەی ئەوپەڕی شەرمەزارییە. بەڵام کاتێ بابی، کە بەسەر ئەسپەکەوە بوو، بەرزی کردەوەو لەسەر زینەکە داینا، بە سەرسامی بینی کە برژانگەکانی باوکی نمدارن. هەنگێ میشاتکا، خۆی پێنەگیراو فرمێسك بە خوڕ لە چاوانی هاتنە خوارێ. سەروچاوی خۆی نا بە سینگ و بەرۆکی بابیەوە، کە هەر قایش‌و قروشی شمشێر بوو و هاواری کرد:

– با باوە گەورە بڕوات بۆ شەڕ! ئێمە لێرە پێویستمان بەو نییە...نامەوێ تۆ بڕۆیت بۆ شەڕ...

گریگۆری، بە ئەسپایی کوڕەکەی لە عاردی دانا، بە پشتی دەستی، بە بێدەنگی فرمێسکەکانی سڕی، ئەوسا ئەسپەکەی بەر ماملێزان داو بۆی دەرچوو.

زۆرجار ئەسپەکەی، دوای پاشەکشەیەکی توند، لە حاڵێکا کە زەوی بەردەم دەرگای ماڵەوەی بە سمەکانی دەکێڵا، بە ڕاستە ڕێگاو لا ڕێگاکانی دەشت‌و دەرا بەرەو جەبهە هەڵیدەگرت، بەرەو ئەو شوێنەی مەرگی ڕەش بۆ پیاوان لە کەمینا بو و، یان وەکو قۆزاقان لە گۆرانیەکانیاندا دەڵێن: "لەوێ ترس‌و خەم، هەموو ڕۆژو گشت سەعاتێك حازرە!" بەڵێ بۆ ئەو شوێنانەی بردبوو. بەڵام گریگۆری هەرگیز وەکو ئەو بەیانیە بەدڵ تەنگی و خەمباری لە گوندەکەی زیدی خۆی وەدەر نەکەوتبوو.

بە دەم ئازاری دڵەڕاوکێ‌و نیگەرانیەکی گۆنگەوە، هەوساری ئەسپەکەی لە قەڵپوسی زینەکە هاڵاند، بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە تاسەر ترۆپکی گردەکە ڕۆیی. کە گەییە سەر چوار ڕیانەکە، لەوێوە کە جادە پڕ خاك‌و خۆڵەکە، بۆ لای ئاشەبایەکە پێچ دەکاتەوە، ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە جگە لە ناتالیا کەسی دی لەبەر دەروازەی حەوشەدا نەبوو و، شنەی فێنکی بەیانی خەریك بوو سەرپۆشە ڕەشە تازیە باریەکەی، لە دەست ڕادەڕفاند.

***

هەورانی کەف ئاسا، بەدەم باوە، بە نێو دەریاچەی شین‌و مەنگی ئاسمانا دەهاتن‌و دەچوون، هەڵم‌و تەم‌و مژ نیشتبوونە سەر ئاسۆ، ئەسپەکان، بەکاوەخۆ ڕێیان دەکرد. پروخۆر، بەسەر ئەسپەکەوە وەنەوزی دەداو جار جار بەلادا دەهات. گریگۆری بە دەم دانەڕیچێوە، هەر سا نا ساتێ ئاوڕێکی پاشی دەدایەوە. هەوەڵجار بێشەو پەڵە داربیە سەوەزەکانی بینی، پاشان نەوارو شریتی زیو ئاسای دۆنی بینی، کە بە ئارەزووی خۆی وەکو مار پێچی دەکردەوە، ئەوجا پەروانەی ئاشەبایەکەی بینی کە بە ئەسپایی دەسوڕایەوە. ئەوسا جادەکە بە سەمتی باشووردا پێچی کردەوەو قامیشەڵانی کەسکی کەنارەکەو ڕوباری دۆن‌و ئاشەکە، کەوتنە پشت کێڵگە گەنمە پێشێلکراوەکان‌و لە چاو ون بوون. گریگۆری بەدەم فیکەلێدانەوە، چاوانی بڕی بوونە یاڵ‌و گەردنی سوورو ئاڵتوونی ئەسپەکەی، کە ئارەقە، قەترە قەترە بەسەریەوە دەدرەوشایەوە. ئیدی ئاوڕی پاشی نەدەدایەوە... لە دڵی خۆیدا گوتی: "نەفرەت لە شەڕ بێ! لە کەناری چیردا شەڕمان کرد، لە ڕەخی دۆندا شەڕمان کرد، ئێستا نۆرەی کەناری خوپەرە، دەنگی شەڕ لە میدڤیدیتساو بوزولوك دێت. جا ئەگەر قەرار بێ گوللەی دژمن بمپێکێ، چ لەوێ بێ‌و چ لێرە، فەرقی چیە؟"

شەڕ، لە دەوروبەری دیارو دەڤەری ئوست –میدفیدیتسکایادا گەرم بوو. گریگۆری، کاتێ لە جادەی هاوینەوە بەرەو جادەی گشتی ئەتامانەکان پێچی کردەوە، گوێی لە ڕمبەی دووری تۆپخانە بوو.

لە سەرانسەری جادە گشتیەکەدا، شوێنەواری پاشەکشەی بە پەلەپروزێی هێزی سوورەکان دیار بوو. ئەوەی مایەی سەرنج بوو، ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبانەێن دوو چەرخەو گالیسکەی "ئەلبریتزکا" بەجێ هێڵرا بوو. لەوبەری گوندی ماتڤییفسکییەوە، لە کەندێکدا، تۆپێك کەوتبوو کە تەوەری چەرخەکانی بە گوللە هاوەنێك شکا بوو و لوولەکەشی خوار بوو بووەوە. قایش و قروشی تەوەرەکەی پێشەوەی قیروقاج بڕابوو. لە نیو فرسەخی کەندەکەدا، لە شامات و شۆرەزارە رووتەن و کەم ڕوەکەکاندا، کە هەتاو هەڵی پروکاند بوون، دنیایەك تەرم ولاشەی سەربازان بە بلوزو پانتۆڵی خاکی و بەلەکپێچ و چەکمەی بزمارڕێژەوە لەو گۆڕەی کەوتبوون. ئەمانە سەربازانی سوور بوون کە هێزی سوارەی قۆزاقان، زەفەریان لێهێنابوون و بە شمشێر لەت و پەتیان کردبوون.

گریگۆری کە بەلای لاشەکاندا دەڕۆیی، بەو خوێنە زۆرەدا کە بە جلە چرچ و لۆچەکانیانەوە وشك بوو بووەوە، بە جۆری کەوتنی تەرمەکانیاندا، کە وەکو مەڵۆ لا لا کەوتبوون، بە ئاسانی پەی بە چۆنیەتی کارەکە برد. قۆزاقەکان فریای رووتکردنەوەی جەنازەکان نەکەوتبوون، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە ناچار بووبن بکەونە ڕاوەدووی دژمن.

لە پاڵ، بنە گۆیژێکی کێوییەوە، قۆزاقێکی کوژراو بە پشتدا کەوتبوو، قەیتانە سوورەکانی پانتۆڵەکەی، لەملاو لەولای لاقە بڵاوەکانیانەوە دیاربوو. کەمێك لەولاترەوە ئەسپێکی کوێتی رەنگ ئاچوخ(کاڵ، کراوە) بە زینێکی کۆنەوە، کە قەڵپوسەکانی بە ڕەنگێکی قاوەیی بۆیە کرا بوون، کەوتبوو.

ئەسپەکانی گریگۆری و پروخۆر، ماندوو بووبوون، کاتی ئەوە هاتبوو ئالیکیان بدەن. بەڵام گریگۆری نەیدەویست لەم شوێنەدا کە تۆزێ لەوە پێش مەیدانی شەڕ بوو، بوەستێ. فرسەخێکی دیکەشی تەی کرد، خۆی بە کەندێکدا کردو لەوێ ئەسپەکەی ڕاگرت، کەمێك دوورتر لەوێندەرەوە، گۆلاوێکی بینی کە بەربەستەکەی لە سەرەوە تا خواری خوارەوە، داڕوخا بوو و ژەنگی هەڵهێنا بوو. پروخۆر، بە سواری ئەسپەکەی چوو بۆ قەراخ گۆلاوەکە کە قەراخ و بیجاخی دیوارە داڕوخاوەکانی شەقار شەقار بوو بوو. بەڵام هەر زوو گەڕایەوە. گریگۆری پرسی:

– چی بوو؟

– برۆ تەمەشاکە!

گریگۆری، بە سواری ئەسپەکەی چوو بۆ لای بەنداوەکە. ژنێکی کوژراو لە چاڵییەکا فرێدرا بوو. سەروچاوی بە داوێنی تەنوورە نیلییەکەی داپۆشرا بوو. لاقە سپیە گۆشتنەکانی و پاو پوزە

ئەسمەرەکانی، ڕەفیسکی پشت ئەژنۆی بە شێوەیەکی نەنگین و قێزەون لێکدی بڵاو بوو بوونەوە. بازووی چەپی لە ژێر جەستەیدا نوشتابووەوە.

گریگۆری بەلەز لە ئەسپەکەی دابەزی و کاسکێتەکەی لەسەری داکەند، دانەوییەوەو داوێنی تەنوورەی ژنە مردووەکەی دا بە سەر جەنازەکەیدا. ژنەی تاین، ڕوخسارێکی گەنجانەو تاوەسووتی هەبوو، کە بە مردوویەتیش هەر جوان بوو. چاوانی نیمچە نوقاوی، لە ژێر برۆ ڕەشەکانیەوە، پرشنگێکی کزیان دەداو ژارخەنێك بە ئاستەم لێوی لێکدی ترازاند بوون و ددانە سفتەکانی وەکو مرواری دەدرەوشانەوە. چەپکێك قژ بەسەر گۆنایا، کە بە ئارامی نووسا بوو بە سەوزە گیاکەوە، ڕژا بوو. مێرولە لێکدا لێکدا بەسەر ئەم گۆنایەوە، کە سایەی زەردی زەعفەران ئاسای ،مەرگ نیشتبووە سەری، دەهاتن و دەچوون.

پروخۆر، بە ئەسپایی گوتی:

– تەحا لەم جوانیە، ئەم قەحپە دایکانە چۆن دڵیان هاتووە ئەم ژنە جوانە بکوژن!.

کەمێك بێدەنگ بوو و ئەوسا تفێکی کرد:

– ئەگەر ئەوانەم... ئەو گەجەرو گوجەرانەم بەردەست دەکەوت دەمزانی چۆن دەیانکوژم. مەعز بۆ ڕەزای خوا با بڕۆین. ناتوانم تەمەشای بکەم. بە ڕاستی دڵم بە حاڵی دەسووتیٚ.

گریگۆری پرسی:

– پێت وانییە، هەقە بینێژین؟

پروخۆر، تووڕە بوو:

– ماقووڵە، هەر جەنازەیەك بدینین، بینێژین؟ لە یاگودنویە ئەو پیرەمێردەمان ناشت، ئێستاش نۆرەی ئەم ژنەیە... باشە دەکریٚ ئەم هەموو خەڵکە لە چاڵ بنەین! بەچی قەبریان بۆ هەڵکەنین؟ براله ئەم کارە بە شمشێر ناکرێت. بەم گەرمایە زەوی تا قولایی پتر لە نیو مەتر ڕەق و وشکە.

پروخۆر، هێندە پەلەی ڕۆییشتنی بوو کە بە زەحمەت توانی نووکی چەکمەکەی بخاتە ڕکێفەکەوە (ئاوزەنگی).

کاتیٚ بە سواری ئەسپەکانیان گەیینە سەر گردەکە، پروخۆر بەدەم بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە گوتی:

– گریگۆری پانتلیوفیچ، باشە ئەم هەموو خوێنەی کە بە ڕشتنمان داوە بەس نییە؟

– با، لەوە دەچیٚ بەس بیٚ.

– باشە، بە ڕای تۆ بەم زووانە شەڕ تەواو دەبێت؟

– دوای ئەوەی لە ڕەگ و ریشەمان نیشتن، تەواو دەبێت.

پروخۆر بە نائومێدییەوە گوتی:

– ژیانێکی خۆش تێکەوتووین ها! بەڕاستی بە کەیفی دڵی شەیتانە! کاشکیٚ بەلای کەمەوە پەلەیان دەکردو زووتر لە رەگ و ریشەمان دەنیشتن! لە شەڕی ئەڵماندا، هەندێجار یەکێك بە دەستی خۆی فیشەکێکی دەنا بە قامکی خۆیەوەو دەیانناردەوە بۆ ماڵەوەو بۆ خۆی رزگاری دەبوو. بەڵام لەم سەردەمەدا، ئەگەر دەستێکی خۆتیش بڕیتەوە، هێشتا هەر لێتنابنەوە.

نوقستانان دەگرن، شەل و سەقەتان دەگرن، کوت و کوێران دەگرن، پیرەمێردان دەگرن، هەر لات و لەوێرێك، کە خۆ بە پێوە بگرن، دەگرن. ئاخر ئەم شەڕە چۆن بەو شێوەیە تەواو دەبێ؟ هەر هەموویان بە نەحلەت بن!

پروخۆر، لە ڕێگاکە لایداو لە ئەسپەکەی دابەزی و کەوتە شل کردنەوەی تەنگ و پالۆی ئەسپەکەی.

***

دەمەو ئێواریٚ، گەیینە گوندی خوڤانسکی، نزیکی ئوست میدڤیدیتسکایا. ڕەبایەیەکی سەر بە کەتیبەی سێیەم، لە دەروازەی گوندەکەدا ڕایگرتن، بەڵام قۆزاقەکان، کە بە دەنگا فەرماندەی فیرقەکەی خۆیان ناسییەوەو پێیان ڕاگەیاند کە سەرکردایەتی فیرقە، لێرە، لەم گوندەدا ئۆردوبەزی کردووە، ڕائید کوپیلوڤ سەرۆکی دەستەی ئەرکان، چاوەڕوانی هاتنی لە ئان وساتی ئەودایە. بەرپرسی ڕەبایەکە، کە پیاوێکی سوێرە قسەی چەنەباز بوو عازی بە قۆزاقێك دا کە گریگۆری بگەیەنێتە بارەگای ئەرکان، و لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی:

– گریگۆری پانتلیوفیچ، ئەوانە زۆر بە توندی سەنگەریان گرتووە، باوەڕ ناکەم، ئێمە بتوانین بەم زوانە ئوست میدڤیدیتسکایا بگرین. پیاو ناشزانیٚ چۆن دەکەوێتەوە. خۆ ئەگەر بڵێی ئێمەش هێزمان زۆرە... مقۆ مقۆیەکیش لە ئاردایە کە سەربازانی ئینگلیز، لە مارازوفسکایاوە دێن. تۆ شتی وات بیستووە؟

گریگۆری بەدەم هاژۆتنی ئەسپەکەیەوە گوتی:

– نە ء.

هەموو، پەنجەرەکانی ئەو خانووەی کە کرابوو بە بارەگای سەرکردایەتی، توند داخرا بوو. گریگۆری وایزانی کەس لە ژوورەکاندا نییە، بەڵام کە خۆی بە بەر تاقەکەدا کرد، گوێی لە دەنگی گفتوگۆیەکی هێواش و پڕ حەماس بوو. کە لە تاریکییەکەوە چووە ژووری میوان، ڕوناکی چرایەکی گەورە کە بەبن میچەکەوە هەڵواسرا بوو، چاوانی خستە ڕێشکەوپێشکەو بۆنی کەسکونی تووتن، کەپووی زوراندەوە.

کوپیلوف، لە نێو چەڕە دووکەڵی خاکی ئامال شینەوە، کە بەسەر مێزەکەوە خەرمانەی دابوو، سەری بەرز کردەوەو بە خۆشحاڵیەوە گوتی:

– ئاخری پەیدا بوویت! دەمێك بوو چاوەڕوانی تۆ بووین براله.

گریگۆری، سڵاوی لە حازری کرد، پاڵتۆکەی داکەندو کڵاوەکەی لەسەری داگرت. ئەوسا چوو بۆ لای مێزەکە، بەسەرو سیمای گرژەوە گوتی:

– چ چەڕە دووکەڵێکتان ناوەتەوە! پیاو ناتوانیٚ هەناسە بدات. بەلای کەمەوە پەنجەرەیەك بکەنەوە. خێرە وا هەموو کون و کەلەبەرو کڵاو ڕۆژنەکانتان گرتووە؟

خارلامپی یەرماکوف، کە لە تەنیشت کوپیلوفەوە دانیشتبوو، بە دەم زەردەخەنەیەکەوە بەرسڤی دایەوە:

– لەگەڵی ڕاهاتووین، هەر بۆنیشی ناکەین، هەستی پێناکەین.

بە ئانیشکی کێشای بە پەنجەرەیەکداو شووشەکەی شکاندو تاکە تەختەکەی کردەوە.

هەوای فێنکی شەو، هوڕوژمی هێنایە ژوورەوە. شولەی چرایەکە گەشایەوەو لە پڕ کوژایەوە. کوپیلوف، کە بە کوێرە کوێر دەستی بەسەر مێزەکەدا دەگێڕاو بۆ شتێك دەگەڕا، بە بێزارییەوە گوتی:

– ئەمە ئەتواری ئاغایانە کە تۆ دەیکەیت! ئەو شووشەیەت بۆ شکاند؟ کێ شقارتەی پێیە؟ ئاگاتان لێبێ شووشە مەرەکەبەکە لە سووچی نەخشەکەدایە.

چراکەیان هەڵکردەوە، تاکە تەختەکەی پەنجەرەکەیان داخستو کوپیلوف، بە پەلە کەوتە قسەکردن.

– هاوڕێ میلیخوف، حاڵی حازر ڕەوشی جەبهەکە بەمجۆرەیە: سوورەکان، ئوست میدڤیدیتسکایایان بە دەستەوەیەو لە سێ قۆڵەوە، بە هێزێکی نزیکەی چوار هەزار نەفەرەوە پارێزگاری لێدەکەن. تۆپخانەو ڕەشاشی تەواویان هەیە.لە نزیکی دێرەکەو چەند شوێنێکی دیکەدا، سەنگەریان لێداوە. بەرزاییەکانی کەناری دۆن–یشیان بەدەستەوەیە. سەربارەت بە پێگەو سەنگەرەکانیان، پیاو ڕاست بڵێ قایمن، ئەمە بەو مانایە نییە کە لە گرتن نایەن. بەڵام گرتنیان قورسە. هێزی ئێمەش، جگە لە فیرقەکەی جەنەراڵ فیچالوروف دوو یەکەی هێرشبەری ئەفسەری، تیپی شەشەمی بوگاتیریوف و فیرقەی یەکەمی خۆمان، ئامادەن. بەڵام فیرقەکە هەر هەمووی نییە. کەتیبەی پیادە هێشتا نەهاتووە، هێشتا لە دەوروبەری خوپەرسکایایە، بەڵام کەتیبەێن سوارە، هەموویان هاتوون، هەرچەند سریەکان هەموویان تەواو نین.

ملازم دوداریف، فەرماندەی کەتیبەی چوارەم گوتی:

– بۆ نموونە لە کەتیبەکەی مندا، سریەی سێیەم تەنیا سی و هەشت کەسن.

یەرماکوف پرسی:

– جاران ژمارەیان چەند کەس بوو؟

– نەوەدو یەك کەس.

گریگۆری کە سەری قامکەکانی بەسەر مێزەکەدا دەدا، بەسەرو ڕوویەکی مۆنەوە گوتی:

– باشە چۆن هێشتت بڵاوەبکەن و یەك سریەی تەواو بە مادونی بڕوات؟ ئەمە چۆن فەرماندەییەکە؟

– شەیتانیش نەیدەتوانی ڕێیان لێبگرێت. بە گوندەکاندا بڵاوبوونەتەوەو هەرکەسەو چووە کەسوکاری بدینێ، بەڵام بەم زوانە دەگەڕێنەوە. ئەمڕۆ سیانیان گەڕاونەتەوە.

کوپیلوف، نەخشەیەکی لە گریگۆری هێنایە پێشەوەو سەنگەر و شوێنی یەکەکانی، بە پەنجە تووتە نیشاندان و درێژەی بە قسەکانی دا.

– هێشتا دەستمان بە هیچ هێرشێك نەکردووە، دوێنێ، کەتیبەی دووەم، لێرەوە، لەم خاڵەوە دەی بینی، بە پیادە دەستی بە هێرش کرد، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

– ئەدی زیانی گیانی زۆر بوو؟

– به گوێرەی ڕاپۆری فەرماندەی کەتیبەکە بیستو شەش کوژراوو بریندار هەبوون. جا ئێستا با بێینە سەر بەراوردی ڕەوشی هێزەکان: لە ڕووی ژمارەی نەفەرەوە، ئێمە زۆرترین، بەڵام ڕەشاشمان بە ئەندازەی پێویست نیە کە پشتیوانی هێرشی هێزی پیادەی پێبکەین، گوللە تۆپیشمان کەمە. سەرۆکی بەشی تەقەمەنی بەڵێنی داوینەتێ هەرکە تەقەمەنیان بگاتێ چوار سەد خومپارەو سەدو پەنجا هەزار فیشەکمان بداتێ، بەڵام کەی دەگات، خوا دەیزانێ. بەڵام بە گوێرەی دەستوری جەنەڕاڵ فیتچالوروف، دەبێ لە سبەینێوە دەست بە هێرش بکرێت. بڕیاری داوە کە یەك کەتیبەی تەواو بۆ پشتیوانی بۆ مەفرەزەکانی هجوم تەرخان بکەین. دوێنێ چوار هێرشیان کردو زیانێکی گیانی زۆریان لێکەوت. پیاو ڕاست بڕوات سەر سەختانە شەڕیان کرد. بەڵێ فیتچالوروف، پێشنیازی کردووە کە قۆڵی ڕاست بە هێز بکەینو ناوەندی هێرشەکە بۆ ئێرە، دەیبینی، بۆ ئێرە بگوازینەوە. هەڵکەوتەو تۆبۆگرافیای ئەرزەکە لێرەوە، بە جۆرێکە کە ڕێگەمان دەدات کە خۆمان بگەیەنینە دوو سەد تا سێ سەد مەتری سەنگەرەکانی دژمن. ئەوەی ڕاستی بێ ئاجودانەکەی (یاریدەدەر) تۆزێ لەمە پێش لێرە بوو، بەزارەکی پێی ڕاگەیاندم کە دەبێ سبەینێ، سەعات شەش بڕۆین بۆ بارەگای فیتچالوروف تا لە کۆبوونەوەی هاوئاهەنگی کردنی ئۆپەراسیونەکاندا بەشداربین. جەنەراڵ فیتچالوروفو دەستەی سەرکردایەتیەکەی، حاڵی حازر لە گوندی بۆڵشۆی سنین، جێگیر بوون. مەبەست ئەوەیە کە خێرا دژمن، بەر لەوەی هێزی پشتیوانو هیمدادی بگاتێ، کە قەرارە لە سیبریا– کۆڤۆوە بۆ بێت، پەرتەوازە بکەین.

هێزەکانی ئەوبەری دۆنمان، چالاکیەکی ئەوتۆیان نییە... فیرقەی چوارەم بەرەو خوپەر پەڕیوەتەوە. بەڵام سوورەکان قوەتێکی پارێزگاری زۆریان هێناوەو سەر سەختانە بەرگری لەو ڕێگایانە دەکەن کە دەچنەوە سەر وێستگەی قیتاران. لە هەمان کاتیشدا، بە دەستوبرد پردێکی کەڵەکیان. لەسەر دۆن دروستکردووەو بە پەلەپەل، خەریکن کەلوپەلو ئەسپابی جەنگو باروبنەیان لە میدڤیدیتسکایا دەگوازنەوە.

– قۆزاقەکان دەیانگوت کە هاوپەیمانان دێنە هیمدادمان، ئایا ئەمە ڕاستە؟

– دەنگۆیەك بڵاوە کە چەند تۆپخانەو تانکی ئینگلیزی، لە چرنیشفسکایاوە کەوتوونەتە ڕێ. بەڵام پرسیار ئەمەیە، کە ئەم تانکانە چۆن لە دۆن دەپەڕنەوە؟ بە بۆچوونی من، مەسەلەی ئەم تانکانە هەر قسەی ڕووتە. دەمێکە ئەم جۆرە قسانە دەکرێت...

بێدەنگیەکی دوورو درێژ باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا.

کوپیلوف، دوگمەی قەمسەڵە خاکییە ئەفسەرییەکەی کردنەوە، گۆنا داچەکیوەکانی، کە ڕدێنێکی لوولی قاوەیی داپیۆشی بوو، نایە سەر هەردوو لەپیو ماوەیەکی زۆر بە دەم بیرکردنەوەوە مژی لە جگەرە کوژاوەکەی دا. چاوە ڕەشو خڕو لێکدوورەکانی، لە ماندوویەتیدا هاتبوونەوە یەك، شەوانی بێخەوی سیماو ڕوخساری جوانیان شێواند بوو.

ئەم پیاوە ڕۆژگارێك، مامۆستای قوتابخانەیەکی ئاینی بوو. لە ڕۆژانی یەك شەمماندا، بازرگانانی دەڤەرەکە دەعوەتیان دەکرد، دەگەڵ ژنەکاندا لۆتۆو دەگەڵ پیاوەکاندا لەسەر پارەیەکی کەمی ڕەمزی وەرەقبازی دەکرد. گیتار ژەنێکی باش بوو، گەنجێکی چالاكو چەلەنگو

خۆش مەشرەف بوو، پاشان دەگەڵ خانمێکی مامۆستای زۆر گەنجدا زەماوەندی کرد، ئەگەری ئەوە هەبوو تا کاتی خانەنشینی بەو جۆرە لەو ناوچەیەدا بمێنێتەوەو کار بکات. بەڵام ئەوە بوو جەنگی جیهانی هەڵگیرساو بۆ خزمەتی عەسکەری بانگکرا. پاش تەواوکردنی مەشقی دەورەی ئەفسەری، دەگەڵ کەتیبەیەکی قۆزاقدا بۆ بەرەی ڕۆژاوا گوێزرایەوە. جەنگ هیچ گۆڕانێکی بەسەر خوڵق و خوو و ڕواڵەتی کوپیلوفدا نەهێنا، بەژنو باڵا پڕو کورتەکەی، سەرو سیمای میهرەبانی، جۆری شمشێر بەستنەکەی، شێوازی گفتوگۆی دەگەڵ بەردەستەکانی خۆیدا، زۆر دۆستانەو ئاشتیانە بوو، دوور بوو لە هەر ڕەفتارێکی توندی عەسکەریانە. هیچ کەش و فش و سەختگیرییەکی عەسکەری بە گوفتارو ڕەفتارییەوە بەدی نەدەکرا، جل و بەرگی ئەفسەری شل و شێواوی لەبەر دەکرد. ئەو سێ ساڵەی کە لە شەڕگە بەسەری برد بوو، فێری زەبت و ڕەبت و شێوازی وشکی عەسکەریی نەکرد بوو. بە ڕوو و ڕواڵەتیا دیار بوو کە بە ڕێکەت کەوتووەتە ناو دنیای جەنگ و شەڕڤانی و شەڕڤانانەوە. زیاتر لە کاسبکارێکی ورگن دەچوو بە جلی ئەفسەریەوە، تا لە ئەفسەرێکی ڕاستەقینە، لێ وێڕای ئەمەش قۆزاقەکان ڕێزیان دەگرت و لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیدا گوێیان لە قسەکانی دەگرت و سەرانو دامو دەزگای فەرماندەیی یاخییەکان ڕێزی زۆریان لە بیرو بۆچوونە ڕوونەکانی، لە تەبیعەی سازگارو، ئازایەتی ڕاستەقینەی، کە زۆرجار لە مەیدانی شەڕدا نواندبووی، دەنا.

لە پێش کوپیلوفدا، ملازمێکی سێیەم بە ناوی کروژیلین، کە پیاوێکی نەخوێنەوار و هێڕ بوو، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گریگۆری بوو. بەڵام لە شەڕێکی ناوچەی چیردا کوژراو کوپیلوف بە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەرکان دانراو زۆر هوشیارانەو لێهاتووانە و سەرکەوتووانە دەست بە کار بوو. ئێستاش، کە دەهاتە سەر ئەوەی نەخشەی ئۆپەراسیۆنانی شەڕ دابنێت، وەکو چۆن کاتی خۆی بە جدی دەفتەرێن تاقیکردنەوەی قوتابیەکانی تەمەشا دەکرد، بە هەمان جدیەتەوە، نەخشەی شەڕیشی دەکێشا. وێڕای ئەمەش هەر کاتێ پێویستی کردبا، بە قسەیەکی گریگۆری، بارەگای ئەرکانی بە جێدەهێشت و سواری ئەسپ دەبوو، ڕێبەراتی کەتیبەیەکی دەستۆ دەگرت و یەکسەر بۆ مەیدانی شەڕ دەڕۆیی.

لە سەرەتادا گریگۆری خۆشی بە چارەی کوپیلوفدا نەدەهات. بەڵام لە ماوەی دوو مانگدا، توانی لە نزیکەوە بیناسێت و ڕۆژێك، دوای شەڕێك، ڕاستەوخۆ بە ڕاشکاوی پێیگوت:

– دەزانی لە سەرەتاوە ڕەئیم بەرانبەر بە تۆ خراپ بوو، بەڵام ئێستا وا هەستدەکەم بە هەڵەچووبووم، بۆیە داوای بوردنت لێدەکەم.

کوپیلوف، بزەیەکی بۆ کردو هیچی نەگوت، بەڵام دیاربوو ئەم ئیعترافە ڕاستەوخۆیە، دڵی خۆشکردبوو.

کوپیلوف، پیاوێکی خاکی و دوور لە هەر شۆڕەتخوازییەك بوو، هەروەها هیچ ئایدولۆژیایەکی سیاسی دیاری نەبوو. هەڵوێستی بەرانبەر بە شەڕ، ئەوەبوو کە شەڕی بە دەردێکی ناچاری دەزانی و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی کۆتایی شەڕ بوو. بۆیە ئەمجارە، هیچ لە خەمی ئەوەدا نەبوو کە ئۆپەراسیۆنی گرتنی میدڤیدیتسکایا چۆن دەکەوێتەوە، بەڵکو بیری لەلای خانەوادەو

کەسوکارەکەی، لای دەڤەرو دیاری زێدو زاگەی خۆی بوو. لە دڵی خۆیدا خۆزیای دەخواست کە مۆڵەتێکی شەش هەفتەیی وەربگرێتو لە ناو کەسو کارو لە زێدی خۆی بیباتە سەر.

گریگۆری ماوەیەکی زۆر لە کوپیلوف ورد بووەوە، پاشان هەستایە سەر پێو گوتی:

– براینە، با بڵاوەی لێبکەینو بچین بخەوین. پێویست ناکات هەر دابنیشینو مێشکی خۆمان بەوەوە مژوول بکەین کە چۆن ئوست میدڤێدیتسکایا بگرین. ئەمە ئیشی ئێمە نییە، کاری جەنەڕاڵانو ئەتامانەکانە، ئەوان لە جیاتی ئێمە بیردەکەنەوەو بڕیار دەدەن. سبەینێ دەچین بۆ لای فیچالوروف، تا دوودەرسان فێری ئێمەی داماو بکات!... بەڵام سەربارەت بە کەتیبەی چوارەم، من قەناعەتم وایە: تا دەسەڵاتمان هەیە، دەبێ دوداریفی فەرماندەی کەتیبەکە لێبخەینو هەموو پلەو پایەو نیشانەکانی لێبسەنینەوە...

یەرماکوف هەڵدایە:

– لە جیرەی ئاشی(خواردن،چێشت) ڕۆژانەش مەحرووم بکرێ.

گریگۆری لەسەری ڕۆیی:

– نا، من بە سوعبەتم نییە. پێویستە ئەمڕۆکە تەنزیل دەرجە بکرێ، لە فەرماندەی کەتیبەوە دابگیرێت بۆ فەرماندەی سریەو خارلامپی لە جیاتی ئەو بکرێت بە فەرماندەی کەتیبە.یەرماکوف، خێرا بڕۆ، فەرماندەی کەتیبەکە وەربگرەو سبەی بەیانی چاوەڕوانی فەرمانەکانی ئێمە بە. کوپیلوف، هەر ئێستا ئەمری لابردنی دوداریف دەنووسێتو دەتوانی ئەمرەکە لەگەڵ خۆتدا ببەی.

من دڵنیام کە دوداریف، ڕێبەرایەتی کەتیبەی پێناکرێت. کابرایەکی گێلو نەزانە، هیچ بە دووری نازانم کە سەربازەکانی بداتە دەم گوللەوە. ئێوە بەخۆتان دەزانن شەڕی پیادە چۆنە... ئەگەر فەرماندەکەیان کەسێکی ئاقڵو لێزان نەبێت، بە کوشتدانیان ئاسانە!

کوپیلوف، قسەکانی گریگۆری سەلماندو گوتی:

– دورستە، من لەگەڵ، داگرتنی پلەو پایەی دوداریف دام.

گریگۆری، جۆرە ناڕەزاییەکی لە سەروو ڕووی یەرماکوفدا بەدی کردو لێی پرسی:

– ئەدێ تۆ چ دەڵێی یەرماکوف، ناڕازیت؟

– نا، من هیچم نەگوتووە، مەگەر بۆم نیە برۆم هەڵبڕم؟

– زۆرباشە، یەرماکوف ناڕازی نییە، جارێ بە شێوەیەکی کاتی کەتیبە سوارەکەی ڕادەستی ریابچیکوف دەکات، میخائیلو گریگۆریچ ئەم ئەمرە بنووسەو برۆ تا بەرە بەیانی بخەوە. سەعات شەش دەبێ هەستا بیت. دەڕۆین بۆ لای جەنەڕاڵ، من چوار موراسیل لەگەڵ خۆمدا دێنم.

کوپیلوف، بە سەرسامی برۆکانی وێکهێنانەوەو گوتی:

– ئەو هەمووەت بۆ چیە؟

– بۆ خۆنواندن، ئاخر ئێمەش لە بن بنچکانەوە دەرنەهاتووین.فەرماندەی یەك فیرقەین.

گریگۆری دەستی بە پێکەنین کرد. شانەکانی بەدەم پێکەنینەوە دەجوڵان، پاڵتۆکەی، بێئەوەی قۆڵی تێهەڵکێشێت دا بەسەر شانیداو بەرەو دەرگا وەڕێکەوت.

بێئــەوەی چــەکمەکانی لــە پــێ دابکــەنێت یــان پاڵتۆکــە لەســەر شــانی دابگرێــت، لــە ژێــر بەرهەیوانەکــەدا ڕاکشــا. موراســیلەکان تــا ماوەیــەك لــە حەوشــەکەدا هــەر دەنگیــان دەهــات. لــە شوێنێکی نزیکی ئەوێندەرا ئەسپەکان، دەیان پرماندوو، لغاوەکانیان دەجوو. بۆنی تەرسە قولی تەڕو ئەرزەکە کە هێشتا گەرمای ڕۆژەکەی نە دابووەوەو سارد نەبوو بووەوە، دەهات. گریگۆری لە نێوان خەوو بێداریدا، گوێی لە دەنگی گفتوگۆو پێکەنینی موراسیلەکان بوو. یەکێکیان کە بە دەنگیا دیار بوو گەنجە، بەدەم زین کردنی ئەسپەکەوە گلەیی دەکرد:

– ئاخ، کوڕینە، بە ڕاستی تاقەتم چووە! شەوو نیوە شەومان بۆ نییە، دایمە دەبێ بەڕێوەبین، و نامە بەرین، نەخەومان هەیە نە ئیسراحەت... هۆش! بوەستە توخمە شەیتان! سمت، سمت هەڵبڕە!

موراسیلێکی دیکە، بە دەنگێکی گڕی نزم کەوتە گۆرانی گوتن:

ئاخ ژیانی عەسکەری

تاقەتت بردین

پیرت کردین!

ئەسپە ڕەسەنەکانمانت

لە ناو برد.

ئەوسا، بە دەنگێکی نزمی پاڕانەوە ئامێزەوە گوتی:

– پروشکا، سیغارێکم بۆ بپێچەوە. ئاه! کە ڕەزیلی! چەند بێوەفایت! بیرت چووەوە چۆن ئەو چەکمانەم کە لە بلاڤین لە سوورەکانم گرتبوو، دایتێ؟ چەند نمەك حەرامی! هەر کەسێکی دی لە جیاتی تۆبایە، هەتا هەتایە منەتبارو مەمنوونم دەبوو. کەچی تۆ، بە پاڕانەوەو ماستاویشەوە، سیغارێکت لە دەست نابێتەوە.

لغاوی ژێر دانی ئەسپەکە دەنگی دایەوە. ئەسپەکە هەناسەیەکی قووڵی داو بە ڕەوتە کەوتە ڕێ. سمەکانی لەسەر ئەرزە وشكو ڕەقەکەدا، کە دەتگوت تاوێرو تەق تەقانە، دەنگی دەدایەوە. گریگۆری بەدەم زەردەخەنەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "هەر هەموویان ئەمە دەڵێنەوە... ئاخ! عەسکەری چۆن تاقەتت بردین." و ئیدی زۆری پێنەچوو کە خەو بردییەوە. هەرکە خەوی لێکەوت خەوێکی بینی کە زۆر جاری دیکەش بینی بووی. لەو خەوەدا لە گەنمەجاڕێکی قاوەییدا، لەسەر گیشە گەنمێکی بەرزەوە، ریزی سەربازانی سووری دەبینی کە دەهاتنە پێشێ، ریزی پێشەوە تا هەتەری چاو درێژ بوو. شەش حەوت ریزی دیکەشی لە دواوە بوو. سەربازەکان، بەدەم بێدەنگیەکی کوشندەو خەمناکەوە هێرشیان دێنا. تارماییە ڕەشە چکۆڵەکان، بەرە بەرە گەورە دەبوون، ئێستا بە تەواوەتی سەروسیمای سەربازەکانی دەبینی، کە بەپەلەو بەدەم نوچدانەوە دەهاتنو دەگەییننە مەودای تیر هاوێژێك، تفەنگ بە دەست، بەغار دەهاتنە پێشێ. گریگۆری لە سەنگەرێکی چکۆلەی نەقووڵدا، ڕاکشاوە، بە تووڕەیی میلی تفەنگەکەی دێنێتەوە، زوو زوو تەقە دەکات. سوورەکان بە دەم تەقە کردنی ئەوەوە، لەتریان دەدا، بە پشتا دەکەوتن. گریگۆری خەشابێکی دی دەخاتە سەر تفەنگەکەی، دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی،

دەبینیٚ قۆزاقەکان لە سەنگەرەکانی دەوروبەرییەوە دێنە دەرێ، پشت دەکەنە ئەوو بە هەڵەداوان هەڵدێن. سەرو سیمایان لە ترسا شێواوە. گریگۆری گوێی لە ترپە ترپی خێرای دڵی خۆی دەبێت، هاوار دەکات: "تەقە بکەن! بێ شەرەفینە! بۆ کوێ دەڕۆن؟ بوەستن، هەڵمەێن!" پڕ بە زار هاوار دەکات، بەڵام دەنگی زۆر کزەو بەزەحمەت دەردێو دەبیسترێ. ترس بەرۆکی ئەویش دەگرێت، ئەویش هەڵدەستێ، بە پێوە دوا فیشەکی خۆی داوێتە سەربازێکی سوور کە زۆر گەنج نییەو پێستی دەموچاوی تاوەسووت بووەو ڕاست بەرەو ئەو دێ. پیرە فیشەك نەیپێکا. سەربازە سوورەکە سەرو سیمایەکی گرژو مۆن و بێباکی هەیە. هێندە بە خێرایی ڕادەکات، لە تۆ وایە پێی بەر عاردی ناکەوێت. برۆی وێك هێناونەتەوە، کڵاوە فەروەکەی بە پشتا کەوتووەو داوێنی پاڵتۆکەی هەڵکردووە. گریگۆری بۆ ساتێك لە سەربازە سوورەکە ورد بووەوە کە ڕاست بەرەو ئەم هێرشی دێنا، چاوە ڕەخشان و گۆنا زەردەکانی، کە ڕدێنێکی لوول داپیۆشی بوو و ڕواڵەتێکی جوانی پێدەبەخشی، ساقی کورت و دەڵبی چەکمەکانی، لوولەی ڕەشی تفەنگەکەی کە کەمێك ڕوو لە خوار گرتبووی و، لەسەر لوولەی تفەنگەکەیەوە، نووکی قەمە ڕەشەکەی کە هاوئاهەنگ دەگەڵ ڕاکردنەکەیدا، دەجوڵێت، دەبینیٚ. ترسێکی لە وەسف نەهاتگ گریگۆری دەگرێت. میلی تفەنگەکەی ڕادەکێشیٚ، بەڵام میلەکە نایەتەوە، گیربووە. گریگۆری نا ئومێدانە میلەکە دەدات بەسەر ئەژنۆیدا، بەڵام فایدەی نیە! یارۆی سەربازی سوور، گەییوەتە پێنج شەقاوی ئەو. گریگۆری با دەداتەوەو پێ وەغارێوە دەنێت. سەرانسەری کێڵگەکەی بەرامبەری لە قۆزاقانی هەڵاتوودا جمەی دێت. گریگۆری گوێی لە هانکە هانکی ئەو پیاوە دەبێ کە دووی کەوتووە، گوێی لە دەنگی پێیەکانی دەبێت، لێ ناتوانێ لەوەی خێراتر بڕوات. دەکەوێتە خۆ کە خێراتر غار بدات. سەرەنجام دەگاتە گۆڕستانێکی خەمناکی نیمچە وێرانە، بەسەر دیوارە ڕوخاوەکەیدا باز دەدات و بەغار بە ناو گۆڕە ڕوخاوو خاچە خوارەکان و قوببەی پەرستگا بچووکەکان دەکەوێ، گوڕێکی دی دەداتە خۆی تا ڕزگار ببێ، بەڵام لەم کاتەدا دەنگی چەکوش ئاسای پێی ئەو کابرایەی دوای کەوتووە، خێراترو نزیکتر دەبێتەوە. هەناسەی گەرمی تاقیبکارەکە، بەسەر سەرو گەردنی گریگۆری دەکەوێ، هەستدەکات دەستێك ناو قەدو داوێنی پاڵتویەکەی گرتووە. گریگۆری بەدەم هاوارێکی سووکەوە خەبەری دەبێتەوە. بە پشتدا ڕاکشاوە، لاقی لە ناو چەکمەکانیدا سڕ بووە، ئارەقەیەکی سارد نیشتووەتە سەر هەنیەی. ئازای گیانی بەدەم ئازارەوە دەزریکێنیٚ، وەکو ئەوەی دارکاری کرابێت. بەدەنگێکی نووساو دەڵێت: "شەیتان بە نەحلەت بی!..." هەرچەندە هێشتا باوەڕی نەدەکرد کە ئەوەی تۆزێ لەوە پێش بەسەری هاتبوو، خەون بوو، بەڵام بە بیستنی دەنگی خۆی خۆشحاڵ دەبێت، دەکەوێتە سەر لاو پاڵتۆکەی بە خۆیدا دەدات و لەدڵی خۆیدا دەڵێت: "دەبوایە ڕاوەستابام تا تەواو دەهاتە پێشەوەو هەنگێ، قۆناغە تفەنگێکم پێدا ماڵیباو ئەوسا هەڵێم..." دوای چەند دەقیقەیەك، بیر لەو خەونە دەکاتەوە کە بۆ جاری دووەم دیتبوویو کە بۆی دەردەکەوێت جگە لە ڕموزن و دێوەزمە هیچی دی نەبوو و حاڵی حازر هیچ هەڕەشەو مەترسییەکی لەسەر نییە، زۆر دڵی خۆش دەبێت. دووبارە دەخەوێتەوە، لاقە سڕ بووەکانی بە لەزەتەوە ڕادەکێشێت و لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "سەیرە، وەرە خەون دە

هێندەی واقیع ترسناکتر بێ، من بە عەمرانم، بەو هەموو ناخۆشیو تەنگانەیەوە کەدیوومنو بەسەرم هاتوون، ئەوەندە نەترساوم."

((١٠))

کوپیلوف، بەرەبەیان بێداری کردەوە:

– رابە! هەلو، کاتی ئەوە هاتووە بڕۆین، ئەمرە ،کە دەبێ سەعات شەش لەوێ ئامادە بین.

سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەرکان، تازە ڕدێنی تاشی بوو، پۆستاڵەکەی بۆیە کردبوو، قەمسەڵە چرچو لۆچ ، بەڵام پاکەکەی لە بەرکردبوو. دیاربوو پەلەی کردبوو: لە دوو شوێنەوە، بە دەم تەراشکردنەوە، دەموچاوی خۆی بڕی بوو. ئەمە یەکەمجاری بوو کە بەم شێوەیە بایەخی بە ڕواڵەتی خۆی دەداو بە خۆی ڕادەگەیی. جاران ئەم عادەتەی نەبوو.

گریگۆری، ماوەیەکی باش لێی ورد بووەوەو بە چاوی ڕەخنە تەمەشای کردو لە دڵی خۆیدا گوتی: "تەمەشا، چۆن بە خۆی ڕاگەییوە! نایەوێ بە بێموبالاتی، لەبەردەم جەنەڕاڵدا ئامادەبێت..."

کوپیلوف، وەکو ئەوەی بیری گریگۆری خوێندبێتەوە، گوتی:

– جوان نییە، بەبێ سەروبەری، چڵکنو پڵکن بچینە لای جەنەراڵ، حەزدەکەم تۆش دەستێك بە خۆتا بێنی.

گریگۆری، بەدەم باوێشکدانەوە، بۆڵەیەکی کرد:

– ئاواش دەگوزەرێ! وتت، ئەمرە، کە سەعات شەش لەوێ ئامادەبین؟ یانی کەوتوونەتە ئەوەی ئەمر بە منو تۆش بکەن؟

کوپیلوف، پێکەنی، شانەکانی هەڵتەکاند:

– هەر قۆناغەو جۆرە شتێك دەخوازێ! لە ڕووی پلەو پایەوە ناچارین، سەرفروبێنین. فیچالوروف، بابایەکی جەنەڕاڵە، خۆ ناکرێت ئەو بێت بۆ لای ئێمە:

گریگۆری گوتی:

– دروستە، هەق بە تۆیە. ئەوەی بۆی دەگەڕاین، بە دەستمان هێنا.

ڕۆیی بۆ سەر بیرەکە تا دەستو دەموچاوی بشوات.

ژنی خاوەن ماڵەکە، بە هەشتاو ڕۆییو خاولیەکی خاوێنی گوڵدۆزی کراوی هێناو بە کڕنۆشەوە بۆ گریگۆری ڕاگرت. گریگۆری، بە توندی دەموچاوی، کە ئاوە ساردەکە تەزاندبووی، بە لکەی خاولیەکە سڕیو کە لە کوپیلوف نزیك بووەوە گوتی:

– بەڵێ، تۆ ڕاست دەکەیت. بەڵام ئەم جەنەراڵانەش دەبێ شتێکیان لە بیربێ کە خەڵکی پاش شۆڕش، ئیدی خەڵکەکەی جاران نینو تۆ گوتەنی لە نوێ لە دایك بوونەتەوە بەڵام ئەوان هێشتا، بە هەمان ڕبەی جارانیان دەپێون. لە کاتێکا ئەم ڕبەیە ئیدی شکاوەو بە کەڵك نەماوە... ئەوانە نازانن چۆن ڕەفتار بکەن. دەبێ چەرخی مێشکیان چەوربکەن بۆ ئەوەی جیڕە جیڕ نەکات.

کوپیلوف، که تۆزێك گەردوتۆز نیشتبووە سەر قۆڵی، کەوتە فوولێکردنی تا لایبەرێت. ئەوسا بە بێموبالاتیەوە گوتی:

– مەبەستت لەم قسەیە چییە؟

– مەبەستم ئەوەیە بە هەمان شێوازی کۆنی جاران ڕەفتار دەکەن. بۆ نموونە من پلەی ئەفسەریم لە بەرەی شەڕی ئەڵمانیادا بەدەست هێناوە. بە خوێنی خۆم بە دەستم هێناوە. بەڵام کاتێ کە دەچمە کۆڕو مەجلیسی ئەفسەرانەوە، وا هەست دەکەم لە چلەی زستاندا، بە تۆی دەرپێ کورتەیەکەوە لە ماڵ هاتوومەتە دەرەوە. بە ناو بەفرو سەرما کەوتووم! تاسەر مۆخ هەست بە ساردو سڕییان دەکەم.

چاوەکانی لە ڕقا ئەبڵەق بوو بوون، بە بێئەوەی بە خۆی بزانێ، دەنگی بەرز بوو بووەوە، کوپیلوف بە ناڕەزاییەوە ڕوانیە دەوروبەری خۆیو بە چپەوە گوتی:

– هێواش، با موراسیلەکان گوێیان لە دەنگمان نەبێت.

گریگۆری دەنگی نزم کردەوەو لەسەری ڕۆیی:

– من لە تۆ دەپرسم، بۆچی ئەمە ڕوو دەدات؟ لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی من لە نێویاندا بێگانەم. من ڕیشۆڵەیەکی سپیم! ئەوان دەستیان دەستە، بەڵام من هێندەم کارکردووە، دەستەکانم وەکو سمی ئەسپ ڕەق بوون. ئەوان بە نەرمو نیانی هەڵدەسوڕێن، بەڵام من کە دەچمە ژوورەوە خۆم بە دارو دیوارا دەکێشم. ئەوان بۆنی سابوونی عەترلیو جۆرەها عەترو کرێمی ژنانەیان لێدێت. بەڵام من بۆنی ئارەقەو میزی ئەسپم لێدێت. ئەوان هەموو خوێنەوارو ڕۆشنبیرن، بەڵام من بە هەزار شەڕەشەق، توانیومە حوجرەی کڵێسا تەواو بکەم. من لە بنی پێمەوە تا تەپڵی سەرم لەوان نامۆو بێگانەم. ئەمە هۆی ئەم وەزعو ڕەوشەن! کە بۆ ساتێك لە گەڵیاندا دەبم. هەست دەکەم داوە جاڵجاڵۆکەیەك بەسەرو چاومەوە چەسپیوە. ختووکەم دەدات، زۆر ناڕەحەتو نیگەرانم دەکات، بەردەوام دەمەوێ خۆم خاوێن بکەمەوە.

گریگۆری، خاولیەکەی فڕێدایە سەر قەراخی بیرەکەو بە شانەیەکی شاخی شکاو کەوتە شانەکردنی قژی. هەنیەی کە هەتاو لێی نەدابوو، زۆر سپی دیاربوو. گریگۆری بە شێوەیەکی هێدی تر گوتی:

– ئەمانە، نایانەوێ ئەوە بزانن کە میتۆدی ژیانی جاران گۆڕ بە گۆڕ بووەو باوی نەماوە! وا دەزانن ئێمە لە ماجوومێکی جیاواز دروستبووینو خەڵکانی سادەو نەخوێنەوار لە ئاستی چوارپێیاندایە. وا دەزانن منو خەڵکانی وەکو من لە فەندو فێڵی شەڕا لەوان کەمترین. بەڵام پێم ناڵێی فەرماندەی سوورەکان کێن؟ ئایا (بودیونی) ئەفسەرە؟ نەخێر کۆنە عەریفێکی سوپای جارانە، باشە هەر ئەو نەبوو کە کەتیبە ئەفسەرییەکانی تەفروتونا کرد؟ گوسلشچیکوف، کارامەترینو ناودارترین جەنەراڵی قۆزاقە، وێڕای ئەوەش، مەگەر هەر ئەو نەبوو کە زستانی ڕابردوو لە ئوست خوپەرسکایا بە دەرپێ قووتەیەکەوە هەڵهات؟ دەزانی، کێ ڕاوینا؟ کابرایەکی کرێکاری قفڵسازی مۆسکۆیی بوو کە ڕێبەریی کەتیبەیەکی سووری دەکرد. دوایی دیلەکان ئەمەیان گێڕایەوەو باسیانکرد. دەبێ ئەمە ڕەچاو بکرێت.

باشە ئێمە، ئەفسەرانی نەخوێنەوار، خراپ ڕابەڕی قۆزاقەکانمان کردووە؟ ئایا جەنەڕاڵەکان زۆریان کۆمەك کردووین؟

کوپیلوف، بە تەوس و تەشەرەوە گوتی:

– بەڵێ، کۆمەکی زۆریان کردووین.

– ڕەنگە کۆمەکی کودینوفیان کردبێ. بەڵام من هیچ کەسێك کۆمەکی نەکردووم‌و بەبێ یارمەتی کەس، سوورەکانم تێکشکاندووە.

– یانی چی، دەتەوێ نکۆڵی لە دەوری زانست بکەیت لە شەڕا؟

– نا، نکۆڵی ناکەم، بەڵام برادەر لە شەڕا، زانست خاڵی سەرەکی نییە.

– ئەدی چی خاڵی سەرەکیە؟

– ئەو دۆزەی کە لە پێناویا دەجەنگیت.

کوپیلوف، بە دەم بزەیەکی پەنهانەوە گوتی:

– ئەمەیان مەسەلەیەکی دییە... مەسەلەیەکی حاشا هەڵنەگرە....خاڵی سەرەکی لەم مەسەلەیەدا بیروباوەڕە. کەسێك سەردەکەوێ کە بە دروستی بزانێت لە پێناوی چیدا دەجەنگێ و باوەڕی بە دۆزەکەی خۆی هەبێت، ئەمە حەقیقەتێکە لەوەتای دنیا دنیایە هەر وا بووە، تۆ دەتەوێ وا لە من بگەیەنی کە تۆ ئەم حەقیقەتەت کەشف کردووە، بەر لە تۆ کەس پەی پێ نەبردووە.

من لە هەوادارانی کۆنم، لەداشدارانی ڕۆژگارانی خۆشی ڕابردووم. وا نەبوایە، لە هیچ شوێنێك و لە پێناوی هیچ شتێکدا بەشداری شەڕم نەدەکرد. هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵ ئێمەدا بەزەبری چەك بەرگری لە بەرژەوەندی کۆنی خۆیان دەکەن، دەیانەوێ جەماوەری خەڵکی ڕاپەڕیو سەرکوتبکەن. ئێمەش، من‌و تۆ بەشێکین لەو سەرکوتکراوانە. بەڵام گریگۆری پانتلیوفیچ، من لە مێژە چاودێری تۆ دەکەم‌و هەرچی سەر دێنم‌و سەر دەبەم لە تۆ تێناگەم...

گریگۆری گوتی:

– دوایی تێمدەگەیت، بڕۆ با بڕۆین.

بە خۆی بەرەو دالآنەکە ڕۆیی. ژنەی خاوەنماڵ، کە چاوی بە هەر هەڵسوکەوتێکی گریگۆرییەوە بوو، بە مەبەستی ڕازی کردنی ئەو گوتی:

– تۆزێ شیرت بۆ بێنم؟

– سوپاس، دایکە. کاتی شیر خواردنەوەمان نییە، با بمێنێ بۆ جارێکی دی.

***

پروخۆر زیکوف، لەبەر هەیوانەکەدا، خەریك بوو بە تاسووقەوە پەرداخێك ماستی ترشی دەخوارد. کە بینی گریگۆری خەریکە ئەسپەکەی خۆی دەکاتەوە، هیچ خۆی شلوێ نەکرد. دەم‌و لێوی خۆی بە سەری قۆڵی پاك کردەوەو گوتی:

– بۆ شوێنێکی دوور دەڕۆیت؟ منیش بێم لەگەڵتا؟

گریگۆری تووڕە بوو و بە پەستییەوە گوتی:

– پیسی چەپەڵ! نابێ ئەرکی خۆت بزانی؟ بۆچی ئەسپەکەت بۆ ئامادە نەکردووم؟ پێویستە تۆ ئەسپەکەم بۆ بێنی! عەمرت نەمێنێ ئاوەها! مەشکەدڕە، هەر دەخۆیت و تێر نابیت! خێرا ئەو مراکە فڕێبدە! بێموبالات!.... نا پیاو!

پروخۆر، دوای ئەوەی سواری ئەسپەکەی بوو، کەوتە بۆڵە بۆڵ:

– بۆڵە بۆڵی چیتە؟ بۆچی لە خوت و خۆڕایی دەبۆڵێنی. خۆت زۆر بە گەورە مەبینە! یانی بۆم نییە بەر لە ڕۆییشتن تێشتێك بخۆم؟ بۆچی بە سەرما دەبۆڵێنیێ؟

– لە بەر ئەوەی  کە تۆی بەراز، ئاخری سەرم بە فەتارەتدا دەدەی! ئەوە شێوازی قسەکردنە کە لە گەڵ مندا دەیکەیت؟ ئێمە دەچین بۆ لای جەنەڕاڵ، چاوت باش بکەوە!... تۆ کردووتە بە عادەت وەکو هاوڕێیەك لەگەڵ مندا ڕەفتار بکەیت... ئاخر من چی تۆم؟

ئەوسا، لە کاتێکا کە لە دەروازەکە وەدەرکەوت فەرمانی دایە:

– پێنج شەقاو لە دوای منەوە بە!

پروخۆرو سێ موراسیلی دیکە کەمێك لە دواترەوە کەوتنە ڕێکردن. گریگۆری کاتێ گەییە شانبەشانی کوپیلوف درێژەی بە قسەکانی پێشووی خۆیداو بە تەشەرەوە پرسی:

– ئێ، لە چ شتێکی من تێناگەیت؟ پێم بڵێ، بەڵکو بتوانم بۆتی ڕوون بکەمەوە.

کوپیلوف، بێئەوەی هەست بەو تەوس و توانجە بکات کە لە قسەکانی گریگۆری یان لە پرسیارەکەیدا پەنهان بوو، گوتی:

– ئەوەی ڕاستی بێ، من لەم مەسەلەیەی خۆماندا، لە دەوری تۆ تێناگەم. لەلایەکەوە لە پێناوی ڕژێمی کۆندا دەجەنگی و لەلایەکی دیکەوە –بمبورە کە بەبێ پەردە قسان دەکەم!– زیاتر لە کەسێکی بەلشەویك دەچیت.

گریگۆری، ڕووی گرژ بوو، لەسەر زینەکە جوڵاو گوتی:

– لە چ ڕوویەکەوە من بەلشەویکم؟

– من ناڵێم بەلشەویکی، بەڵکو لە بەلشەویك دەچیت.

– هەردووکیان یەکە، پرسیارەکەی من ئەمەیە لە چ ڕوویەکەوە...

کوپیلوف، بەدەم بادانی قەمچیەکەیەوە، بە میهرەبانی و ڕوو خۆشییەوە گوتی:

– ئەو قسانەی کە تۆ دەربارەی ئەفسەران و پەیوەندییان لەگەڵ خۆتا، دەیانکەی، بۆ خۆی بۆنی بەلشەویزمیان لێدێت. تۆ چیت لەوانە دەوێ؟ بە شێوەیەکی گشتی بڵێ چیت لەوانە دەوێ؟

کوپیلوف، ئاوڕێکی پاشی دایەوە، کە بینی موراسیلەکان سەرگەرمی قسەی خۆیانن، بە دەنگێکی بەرزتر لە سەری ڕۆیی:

– تۆ لەوە پەستیت کە بە هاوتای خۆیانت نازانن و لە بەرزیەوە دەڕواننە تۆ، بەڵام لە ڕوانگەی خۆیانەوە، هەق بەوانە. پێویستە ئەمە بزانیت. ڕاستە تۆ ئەفسەریت، بەڵام لە گۆشەنیگای ئەوانەوەو لە ژینگەکەی ئەواندا، تۆ بە ڕێکەوتێکی ڕووت بوویت بە ئەفسەر. با نەجمەو نیشانەی دنیاشت بەسەر شانەوە بێ، بمبورە کەوا دەڵێم، هەر قۆزاقێکی کێوی سەرکێشی. ڕەفتارت زبرە، قسە لە ڕوویت و قسە لە کەس ناخۆیتەوە. تۆ هیچ سوخەت و خەسڵەتێکی خەڵکی خوێنەوارو

شاستانیت تیا نییە. بۆ نموونە، لە جیاتی وەکو خەڵکی خوێنەوارو شارستانی فنگ بکەیتە ناو دەستەسڕەوە، لووتت بە سەری دوو قامکان دەگریتو فنگ دەکەیت. لەسەر نانخواردن دەست بە ساقی چەکمەکانت یان بە قژت دەسڕیت. کاتێ کە دەستو چاوت دەشۆیت، بەلاتەوە ئاساییە، کە بە زین پۆشی ئەسپان بیسڕیت. کە نینۆکت دەکەیت، بە ددان یان بە دەمی شمشێرەکەت دەیکەیت. لە هەموو ئەوانەش خراتر، لە بیرتە، پار زستان، لە کارگینسکایا، کە قسەت لە گەڵ ژنێکی خوێنەواردا دەکرد کە قۆزاقەکان مێردەکەیان گرتبوو، بە دەم قسە کردنەوە، بە بەر چاوی ئەوەوە، دوگمەی پانتۆڵەکەت داخست.

گریگۆری، بەدەم بزەیەکی تاڵەوە گوتی:

– یانی، ئەگەر دوگمەی پانتۆڵەکەم بە دانەخراوی هێشتباوە باشتر بوو؟

ئەسپەکانیان، شانبەشانی یەکدی دەڕۆییشتن. گریگۆری ژێراوژێر دەیڕوانیە کوپیلوفو ڕوخسارە میهرەبانەکەیو بە جۆرە خەمبارییەکەوە گوێی لە قسەکانی دەگرت.

کوپیلوف، بە کەسەرەوە برۆی وێکهێنانەوەو گوتی:

– مەسەلەکە ئەمە نییە! چۆن توانیت بە تۆی پانتۆڵێکەوەو بە پێی پەتی پێشوازی ژنێك بکەیت؟ تەنانەت قەمسەڵەکەشت بە شانتا نەدابوو، من چاك ئەوەم لەبیر ماوە. هەڵبەتە ئەمانە شتی بچووكو کەمبایەخن، بەڵام تێکڕا نازانم چۆنی گوزارشت لێبکەم؟

– بە ڕووترین شێوە بیڵێ.

– بەڵێ، وەکو پیاوێکی عامیو زبر دەتنوێنن. خۆ جۆری قسە کردنت، ئەوە هەر باسی مەکە! وشەکان بە هەڵە دەدرکێنی، وەکو هەر بنیادەمێکی بێسیوات، لە خوتو خۆڕایی، حەز دەکەیت وشەی بێگانەی قەبەو قەڵەو بەگەڵ قسەکانت بخەیت، ئیدی بەجێو نابەجێ بەکاریان دەبەیت، بە شێوەیەکی سەیر تێکیان دەشکێنی. هەرکاتێ لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ئەرکاندا زاراوەێن تایبەتی عەسکەری دێتە بەکارهێنان، وەکو بڵاوەکردنی یەکەکان، پەڕینەوە لە لەمپەران، سازدانی هێزەکانو خڕبوونەوە دێتە ئاراوە، تۆ نەك هەر بە ئیعجابەوە بگرە بە بەغیلییەوە دەڕوانیتە دەمو زاری یارۆی گوێندەی ئەو زاراوانە.

گریگۆری هاواری کرد:

– نا! ئەمەیان درۆیە!

ئەوسا، بە ڕوویەکی خۆشەوە، لە کاتێکا دەستی بە نێوان هەردوو گوێی ئەسپەکەیدا دێناو پێستی گەرمو ئاوریشمینی ژێر یاڵەکەی دەخوراند، گوتی:

– دەی، بەردەوام بە، بە ئارەزووی خۆت، فەرماندەکەت بکوتە.

– گوێ بگرە، ئاخر نەهەقمە؟ بە خۆت دەبێ بزانی کە کارت لەم ڕووەوە خراپە. تۆ لەبەر ئەوە لە ئەفسەرەکان دڕدۆنگی کە وەکو هاوتاو هاوپایەی خۆیان ڕەفتارت لەگەڵدا ناکەن. تۆ لە ڕووی ئەتەکێتو سیواتەوە، لە بەڵمە برنج سووکتری!

کوپیلوف، کە ئەو قسە سووکانەی لە زار دەرهات، ترسا. دەیزانی گریگۆری کاتێ تووڕە دەبێت چۆن دەهری دەبێت. دەترسا بە ڕوویا هەڵشاخێو پێیدا بتەقێتەوە، بەڵام ژێراو ژێر نیگایەکی

خێرای کردو زوو بە زوو دڵنیا بوو: گریگۆری لەسەر زینەکەوە خۆی بە پشتا دابوو، پێکەنینێکی خامۆشی هێنابوویە جوڵە جوڵو ددانە سپیەکانی لە ژێر سمێڵیەوە، دەدرەوشانەوە. کوپیلوف، سەری لەم پێکەنینەی گریگۆری سوڕما بوو. پێکەنینەکەی گریگۆری سیرایەتی کرد بۆ ئەمیش و لە لای خۆیەوە لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:

– دە فەرموو دەی، خۆت دیتووە! ئەگەر کەسێکی ئاقڵ لە جێی تۆباو گوێی لەم قسە تەوسامێزانە بوایە، دەگریا، کەچی تۆ قاقا پێدەکەنی... ئاخر ئەمە لەگەز(مەتەڵ) نیە! دە بڵێ بەشەرێکی سەیر نیت!

گریگۆری، کە لە پێکەنین بووەوە گوتی:

– کەواتە من بەڵمە برنجم، گەمژەم ها؟ دەیسا خۆت بە خۆت بی! بڕۆ، من نامەوێ فێری ئەتەکێت و خووخدەی ئێوە ببم. من سەروکارم لەگەڵ کەڵەگاو گاجووتاندایەو پێویستم بەم شتانە نیەو نابێ، خۆ ئەگەر خوای کرد ماین و عەمر باقی بێ، لە ئایندەشدا هەر سەروکارم لە گەڵ گاجووتاندا دەبێت. خۆ نایەم ئیکلامیان بۆ بکەم و بڵێم: "ئاه، ئاغای کەللە ڕوتاوە تکایە هەڕەپێشێ. ببورە ئاغای بەڵەك، ئیجازە دەفەرمووی نیرەکەتان ڕێك بخەم؟ سەرکاری بەڕێز جەنابی گاجووت، تکات لێدەکەم، دەبەرت دەپاڕێمەوە لە خەتە جووتەکە دەرمەچۆ." من دەبێ بە کورتی و بەجدی قسەی لە گەڵ بکەم: "هۆپ! هۆش!". (تەفقەرەی یەکەکانی) گاجووتان بەمجۆرەیە.

کوپیلوف، وشەکەی بۆ ڕاستکردەوە:

– تەفرەقە نەك تەفقەرە.

– دەی باشە با تەفرەقە بێ. بەڵام لە شتێکدا من لە گەڵ تۆدا نیم.

– ئەو شتە چیە؟

– ئەوەی کە دەڵێی من وەکو بەڵمە برنجم. من لای ئێوە سفرو گەمژەم، تۆ سەبرێکم لێبکە، با بچمە لای سوورەکان، بزانە چۆن لە قوڕقوشمیش قورستر دەبم. هەنگێ کارێ بکەن کە بەر دەستم نەکەون، موفتەخۆرانی ئەتەکێت زانانی خوێنەوار! هەنگی دەتانکوژم و ورگ و ڕیخۆڵەتان دەڕێژمە ئەو گۆڕە!

گریگۆری بە نیمچە درۆو نیمچە ڕاست ئەو قسەیەی کردو ئەوسا مامێزێکی لە ئەسپەکەی داو هەڵیکردە یورغە.

بەرە بەیانی، دەشت و دەرەکەی کەنار دۆن، هێندە کڕو کپ و هێدی و هێمن بوو، کە بچووکترین دەنگ، ئارامیەکەی دەشڵەقاندو لەو دەشتە بەرینەدا دەنگی دەدایەوە. کەڕواڵەو سۆسکە فەرمانڕەوای بێهەڤڕکی دەشتەکە بوون، بەڵام لە گوندەکانی دەوروبەرەوە، هەراو هەنگامەی هێواش و بەردەوامی جم و جوڵو حەرەکەو تێپەڕبوونی هێزێن عەسکەری بەر گوێیان دەکەوت.

دەنگی هەڵتەك هەڵتەکی چەرخێن عەرەبانەی تۆپەکان و عەرەبانەێن باروبنە، لە سەر کۆسپ و چاڵوچۆڵی جادەکەدا دەهات. ئەسپان بە دیار بیرە ئاوەکانەوە دەیانحیلان، دەنگی پێی ڕێوڕۆینی کەتیبە پیادەکانی قۆزاقان، بە هێواشی و نەرم نەرم دەهات. قافڵەی عەرەبانەێن، دەستبەسەرا

گیراوی به بێگار براو، که ئەسپابی شەڕو تەقەمەنیو جبەخانەی بۆ بەرەی شەڕ دەگوازتەوە، به پەلەو به تەقو هۆڕ ڕێیان دەکرد. بۆنی خۆشی چێشتی ساوارو گوشتاوی به پەلکه غار خۆشکراو هەروەها بۆنی نانی تازه له مووبەقه مەیدانیەکانەوه بەرز دەبووەوە.

له نزیکی ئوست میدڤیدیتسکایادا، بەردەوام دەنگی دووره تەقەی تفەنگان دەهاتو ناو به ناویش گرمەو ڕمبەی خاوی تۆپو مەترەلۆزان دەهات. شەڕ تازه دەستی پێکرد بوو.

جەنەراڵ فیچالوروف، خەریکی نانخواردنی بەیانی بوو که ئاجودانێکی (یاریدەدەر) ناڤساڵی، به ڕواڵەت شەکەت، خۆی بەلایدا کردو خەبەری دایه که:

– میلیخوڤ فەرماندەی فیرقەی یەکەمی یاخییانو کوپیلوڤ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەرکانی فیرقەکەی هاتوون.

– بیانبه بۆ ژوورەکەی من.

فیچالوروف، به دەسته گەورەکانی که دەمارەکانی بەرجەسته بوون، قاپەن پڕ له توێکڵه هێلکەکەی دایه دواوە، به کاوەخۆ پەرداخێك شیری تازەی خواردەوەو به دیقەت دەستەسڕەکەی قەد کردو له سەر خوانەکه هەستا.

جەنەڕاڵ پیاوێکی زۆر باڵابەرز بوو، وێڕای ئەوەی که به هۆی هەڵکشانی تەمەنەوه تەواو قورس بووبوو، لەم کوختە قۆزاقیەدا، بەو سەردەرییه خوارو خێچانەوە، بەو پەنجەرەو دەلاقه بچووکانەوە، هێندەی دی زەلام دەهاته بەرچاو. جەنەڕاڵ بەدەم ڕێکخستنی یەخەی سفتی قەمسەڵه جوانەکەیەوە، کۆکەیەکی بۆ کردو خۆی به ژوورەکەی تەنیشتدا کرد.

کوپیلوف و گریگۆری لەبەری هەستان، بێئەوەی تەوقەیان لەگەڵدا بکات، به ئاستەم سەری بۆ دانەواندنو به ئاماژه داوای لێکردن له دەوری مێزەکه دانیشن.

گریگۆری، شمشێرەکەی له قەد خۆی ڕێکخستو به پارێزەوه له قەراخ کورسییەك دانیشتو به گۆشەی چاو تەمەشایەکی کوپیلوڤ کرد.

فیچالوروف، به قورسی له سەر کورسییه پۆڵاندییەکەی، که له ژێریا کەوته جیڕه جیڕ، دانیشت، لاقه درێژەکانی نوشتاندنەوە، دەسته لیرەکانی (گەورە) نانه سەر ئەژنۆکانی، به دەنگێکی گڕی نزم دەستی به قسانکرد:

– بەڕێزینە، من بۆیەم ناردوون به شوێنا، تا هەندێ مەسەلەتان لەگەڵدا تاوتویێو حەلو فەسڵ بکەم.... جەنگی چریکی تەواو بووە. ئیدی هێزەکانی ئێوە، وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ –که له ڕاستیا قەتیش سەربەخۆ نەبوون– لەمەو دوا نامێنێ. لەگەڵ سوپای دۆندا یەکدەخرێن. ئیدی دەبێ به گوێرەی نەخشەو بەرنامه هێرشبکەین، کاتی ئەوه هاتووه لەو شتانه تێبگەنو گوێڕایەڵو ملکەچی فەرمانێن فەرماندەیی و سەرکردایەتی باڵا بنو موو به موو جێبەجێی بکەن، تکایه پێم بڵێن بۆچی دوێنێ کەتیبەی پیادەتان، پشتیوانی هێرشی فەوجی ساعیقەی نەکربوو؟ بۆچی ئەم کەتیبەیە، سەرباری ئەمری من، بەشداری لەو هێرشەدا نەکرد؟ کێ فەرماندەی به ناو فیرقەکەتانە؟

گریگۆری به نەرمی بەرسڤی دایەوە:

– من.

– دەی بێزەحمەت، وەڵامی پرسیارەکەم بدەوە.

– من دوێنێ، بۆ فیرقە گەڕامەوە.

– لە کوێ بوویت؟

– چوو بووم سەرێکی کەسوکارم بدەم.

– فەرماندەیەکی فیرقە، لە گەرمەی شەڕو ئۆپەراسیۆنی جەنگیدا، ڕێ بە خۆی دەدات بچێتە دیدەنی خانەوادەکەی!.... ئەمە فیرقە نییە، قەحپەخانەیە! ئەمە پاشاگەردانیو ئاژاوەیە! ریسواییيە!

دەنگی گڕی جەنەڕاڵ، لەو ژوورە چکۆلەیەدا هێندەی دی بەرز بووەوەو دەنگیدایەوە. موڕاسیلەکان لە دەرەوە، لەسەر نووکی پێ دەڕۆییشتن، بە دەم پۆزخەنەوە، بەچپە یەکیان دەدواند. کوپیلوف، ڕەنگی زەردهەڵگەڕا. بەڵام گریگۆری، کە تەماشای چارەی سور هەڵگەڕاوی جەنەڕاڵو کۆڵەمستەکانی دەکرد، لە ناخی خۆیدا هەستی بە تووڕەییەکی لە ڕادەبەردەر دەکرد.

فیچالوروف، بەچاپوکیەکی چاوەڕوان نەکراو هەستایە سەر پێ، دەستی بە پشتی کورسیەکەوە گرتو هاواری کرد:

– ئەمەی کە ئێوە هەتانە، هێزێکی عەسکەری نییە. بەڵکو کۆمەڵێك گەجەرو گوجەری "گاردی سوورە!"... ئەمانە قۆزاق نین، بەڵکو خوێری و تۆڕین. تۆ، جەنابی میلیخوف، لە جیاتی ئەوەی فەرماندەی یەك فیرقە قۆزاق بیت، دەبوایە موڕاسیل بیت!... دەبوایە بۆیاخچی پۆستاڵان بیت، گوێت لێیە؟ بۆچی فەرمانەکە جێبەجێ نەکراوە؟ کۆبوونەوەت پێنەکردوون؟ بۆت باس نەکردبوون؟ چاوت بکەرەوەو ئەوە بخە مێشکی خۆتەوە کە ئێمە لێرەدا "هاوڕێیان" نین، ئێمە ڕێگەتان نادەین، وەکو بەلشەویکان ڕەفتار بکەن. نەخێر ڕێگەتان نادەین!

گریگۆری، بە دەنگێکی نزم گوتی:

– تکایە هاوارم بەسەردا مەکە.

لە کاتێکا چوار پایەکەی، بەپێ دەدایە لاوە لە جێی خۆی هەستا.

فیچالوروف، کە تووڕە بوو بوو و هەناسەی تەنگ بوو بوو، بە سەر مێزەکەدا دانەوییەوەو بە دەنگێکی گڕ گوتی:

– چیت گوت؟

گریگۆری، بە دەنگێکی بەرزتر دووبارەی کردەوە:

– تکایە هاوارم بەسەردا مەکە، تۆ ناردووتە بە شوێنماندا کە هەندێ دۆزو مەسەلە....

بۆ چرکەیەك بێدەنگ بوو، بێئەوەی چاو لە دەستەکانی فیچالوروف بگوازێتەوە، چاوی داگرتنو لە بن لێوانەوە گوتی:

– جەنابی با سەعادەت، ئەگەر بە ئاستەم دەستم لێبکەیتەوە، ئالێرەدا بە شمشێر لەتت دەکەم!

بێدەنگیەکی ئەوتۆ باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا کە دەنگی هەناسەی پچڕ پچڕی فیچالوروف، بە ئاشکرا دەبیسترا. ئەم بێدەنگییە نزیکەی دەقیقەیەکی خایاند. دەنگێکی سووك لە دەرگاکەوە

هات. موراسیلێك لە درزی دەرگاکەوە بە ترسەوە تەمەشایەکی کرد. دەرگاکە بە هەمان هێواشی داخرایەوە. گریگۆری هەر بە پێوە وەستابوو و دەستی لە سەر دەسکی شمشێرەکەی بوو. ئەژنۆکانی کوپیلوف دەلەرزین، نیگای سەرگەردانی بە دیوارەکەدا دەگێڕا. فیچالوروف، بە قورسی خۆی دا بە کۆڵی کورسییەکەیداو ناڵەیەکی پیرانەی بۆ کردو لە بن لێوانەوە بۆڵەیەکی بۆ کرد:

– جوانە!

ئەوسا بەوپەڕی ئارامی، بێئەوەی تەمەشای گریگۆری بکات، لە سەر قسەکانی ڕۆیی:

– دانیشە، هەردووکمان تووڕە بووین، ئیدی بەسە. جا ئێستا بێزەحمەت گوێبگرە بزانە چ دەڵێم: من ئەمرت پێدەکەم کە بە زووترین کات، هەر هەموو یەکە سوارەکانت.... دە دانیشە، ئیدی...

گریگۆری دانیشت، بە سەری قۆڵی، ئەو ئارەقە زۆرەی، کە لە ناکاوا نیشتبووە سەر دەموچاوی، سڕی:

– بەڵێ، هەر هەموو یەکە سوارەکانتان بۆ کەرتی باشووری ڕۆژهەڵاتی شەڕگە بگوازیتەوەو یەکسەر دەست بە هێرش بکەن. لە قۆڵی ڕاستەوە، تەماست لە گەڵ فەوجی دووەمی موقەدەم چوماکوف دا دەبێت...

گریگۆری، بە بێتاقەتیەوە گوتی:

– من فیرقەکەم بۆ ئەوێ نابەم.

دەستی بە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا کردو دەستەسڕەکەی دەرهێنا، دیسان هەنیەی بەو دەستە سڕەی کە ناتالیا دابویە سڕیو دووبارەی کردەوە:

– فیرقەکەم بۆ ئەوێ نابەم.

– بۆچی؟

– چونکە کۆکردنەوەی دووبارەی هێزەکان وەختێکی زۆری دەوێت...

– ئەمە کێشەی تۆ نیە. من لە ئۆپراسیۆنەکان بەرپرسم.

– با، کێشەی منیشە. مەسئولیەتەکە هەر لە ئەستۆی تۆ نییە...

فیچالوروف، بە دەنگێکی گڕ، لە کاتێکا بە ئاشکرا هەوڵیدەدا خۆی زەوت بکات، پرسی:

– یانی فەرمانی من جێبەجێ ناکەیت؟

– بەڵێ.

– کەواتە، بێزەحمەت هەر ئێستا ئستیقالە لە فەرماندەیی فیرقەکە بدە! ئێستا تێگەیشتم کە دوێنێ بۆ ئەمرەکە جێبەجێ نەکراوە...

– چۆنی لێکدەدەیتەوە، لێکی بدەوە. بەڵام ئیستیقالە لە فەرماندەیی فیرقە نادەم.

– یانی چی؟

– هەر ئەوەیە کە گوتم.

گریگۆری زەردەخەنەیەکی کاڵی بۆ کرد.

– من له فەرماندەیی لات دەبەم.

فیچالوروف، دەنگی لیٚ بەرز کردەوە. گریگۆری بە پەلە لە جێی خۆی هەستا.

– تۆ بەرپرسی من نیت، جەناب!

– ئەدی کیٚ بەرپرستە؟

– من، کودینوف، فەرماندەی گشتی هێزێن یاخییان، بە بەرپرسی خۆم دەزانم، سەبارەت بەتۆ، سەیرم بەم قسانەی تۆ دێت...من و تۆ، حاڵی حازر هاوتاو یەکسانین. تۆ فەرماندەی فیرقەیەکی و منیش فەرماندەی فیرقەیەکم. بۆیە هەقی ئەوەت نیە هاوارم بەسەردا بکەیت... کەی تەنزیل دەرەجە کرام و کردیانم بە فەرماندەی سریە، هەنگیٚ ئازادی و بە کەیفی دڵی خۆت بکە. بەڵام کە بتەویٚ دەستم لێبکەیتەوە...

گریگۆری قامکە چڵکنەکەی بەرزکردەوە، هەرچەندە گڕی تووڕەیی لە چاوانی دەبووەوە، بە زەردەخەنەوە لە سەری ڕۆیی:

– ... تەنانەت ئەو کاتەش، ڕیٚ بە کەس نادەم پێما هەڵشاخیٚ و شەڕم پێبفرۆشێت.

فیچالوروف هەستا، یەخە تەنگەکەی ڕێکخست و بەدەم کڕنۆشێکی سووکەوە گوتی:

– دەی باشە، ئیدی تەواو، هیچ شتێك نەما گفتوگۆی لەسەر بکەین. ئیدی بە کەیفی دڵی خۆت بکە، چۆنت پێخۆشە وابکە. من بە زووترین کات، سەرکردایەتی ئەرکان لەم ڕەفتارەت ئاگادار دەکەمەوە. دەتوانم دڵنیات بکەم کە ئەنجامی سکاڵاکەم زۆر زوو دەردەکەویٚ. مەحکەمەی عورفی عەسکەریمان، حاڵی حازر زۆر بە خێرایی کارەکانی خۆی جێبەجیٚ دەکات.

گریگۆری، بێئەوەی گویٚ بە نیگا نائومێدەکانی کوپیلوف بدات، کاسکێتەکەی لە سەر ناو خۆی گەیاندە بەردەرگا، لەبەر دەرگادا هەڵوەستەیەکی کردو گوتی:

– بە دڵی خۆت بکە، لای کیٚ شکات دەکەی بیکە، ڕاپۆر بۆ کویٚ بەرز دەکەیەوە بیکە، بەڵام بیر لەوە مەکەوە بتوانی بمترسێنی، من لەوانە نیم بە ئاسانی کۆڵبدەم... باشترین شت ئەوەیە دەستم لیٚ بەرز نەکەیتەوە...

گریگۆری، کەمێك لە فکران ڕاچوو و لە سەری ڕۆیی:

– چونکە دەترسم قۆزاقەکانم کەمێك شان و ملت بۆ بشێلن...

بە نووکە شەقێك دەرگاکەی کردەوە، بەدەم هەنگاوی هەڕاوەوە بە تەکە تەکی شمشێرەکەیەوە خۆی گەیاندە بەر دالانەکە.

کوپیلوف کە هەڵچوو بوو، لە بەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگادا خۆی گەیاندیٚ. لە ڕووی نا ئومێدیەوە کەوتە هەڵگلۆفتنی دەستەکانی و لە بن لێوانەوە گوتی:

– گریگۆری پانتلیوفیچ، چیە، شێت بووی!

گریگۆری، بە دەم ڕاتەکاندنی قامچیەکەیەوە، نەڕاندی:

– ئەسپ!

پروخۆر، وەکو بروسکە خۆی گەیاندە سەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگا. گریگۆری، لەو کاتەدا کە بە سواری ئەسپەکەی لە دەروازەکە وەدەرکەوت، ئاوڕێکی پاشی دایەوە، سەیری کرد سیٚ موراسیل

به ژاوه ژاو به دەوری جەنەڕاڵ فیچالوروفدا دێن‌و یارمەتی دەدەن سواری ئەسپە بەرزەکەی ببێت، کە زینێکی یەجگار جوان‌و نایابی لێکرابوو.

گریگۆری و کوپیلوف نزیکەی نیو فرسەخێك بە بێدەنگی ڕێیان کرد. کوپیلوف، بۆیە بێدەنگ بوو، چونکە دەیزانی گریگۆری پەستەو حەزی لە گفتوگۆ نیەو گەنگەشەکردن لە گەڵیا خەتەرە. ئەنجام گریگۆری تاقەتی نەگرت‌و بە زبری پرسی:

– بۆچی بێدەنگی؟ ئەدی بۆچی لە گەڵما هاتی؟ بۆیە هاتی تا ببی بە شایەت بە سەرمەوە؟ بە ئانقەست خۆت لاڵ کرد، ها؟

– بەڵام، تۆش حەشرت کرد برا.

– بۆ ئەو کەمی کرد؟

– هەرچەندە ئەویش خەتابار بوو، بەڵام بە ڕاستی شێوازی قسەکردنەکەی شەڕەنگێزانە بوو.

– بۆ قسەی لەگەڵدا کردین؟ هەر لە سەرەتاوە، کەوتە هاوارو بۆڵە بۆڵ، دەتگوت دڕووی وەبن کلکان دەدەن!

– ئەلهەقی تۆش قسورت نەکرد! سەرپێچی لە ئەمری ئەفسەرێکی کۆن... بە تایبەتی لە کاتی شەڕدا، ئەمە ئیدی برادەر کارێکە نەکردەنی...

– هیچ نییە! حەیفێ دەستی نەکردەوە، بزانە چۆن بە شمشێر کەللەیم شەق دەکرد.

کوپیلوف، بە ناڕەزاییەوە گوتی:

– ئێستاش چاوەڕوانی ئاکامی باش مەکە.

ئەسپەکەی هێواش کردەوە...

– هەموو شتەکان ئەوە نیشاندەدەن، کە لە ئێستا بە دواوە، دەکەونە زەبت‌و ڕەبت، ئاگات لە خۆ بێ!

ئەسپەکانیان، شانبەشانی یەکدی دەڕۆییشتن‌و هانکەهانك هەناسەیان دەداو بە کلکان خەرەنگێزیان (مێشەکەرانە) لە خۆ پاس دەکرد. گریگۆری، نیگایەکی تەوسامێزی کوپیلوفی کردو گوتی:

– بۆچی بەم شێوەیە بە خۆت ڕاگەیی بووی؟ پێموایە واتدەزانی دەعوەتی چایت دەکات. بەدەستە سپیەکانی قۆڵت دەگرێت‌و دەتباتە سەر مێزەکە. ڕدێنت تاشیوە، قەمسەڵەکەت پاك کردووەتەوە، چەکمەکانت بۆیاخ کردوون... ژێراو ژێر چاوم لێبوو، بە زمان دەستەسڕەکەت تەڕ کرد، تا پەڵەکانی سەر ئەژنۆتی پێ خاوێن بکەیتەوە.

کوپیلوف، سوور بووەوەو گوتی:

– تکایە واز لەم قسانە بێنە.

لێ گریگۆری، هەر تەشەری لێدەداو گاڵتەی پێدەکرد:

– هەموو ڕەنجەکەت بە فیڕۆ چوو، ڤیروسیا لەمەش، تەنانەت بێزی نەهات تەوقەشت لەگەڵدا بکات.

– لەگەڵ تۆدا، چاوەڕوانی شتی وا نەدەکرا.

کوپیلوف، چاوی هێنانەوە یەك، لە ناکاوا بە سەرسامیەکی ئاوێتە بە شادی، هاواری کرد:
– تەمەشاکە! ئەمانە لە جماعەتی خۆمان نین. ئەمانە هاو پەیمانانن.

لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا، کە ڕێیان لەوێندەرەوە بوو، شەش قاتریان بینی کە مەترەلۆزێکی ئینگلیزیان ڕادەکێشاو ڕووەو ئەمان دەهاتن. ئەفسەرێکی ئینگلیز، بە سواری ئەسپێکی کوێتی کلك کورت، شانبەشانی تۆپەکە دەهات. ئەو عەرەبانچیەی کە سواری قاترەکەی پێشەوە بوو بوو، ئەویش جلو بەرگی ئینگلیزی لە بەر کردبوو، بەڵام نیشانەی ئەفسەرانی ڕووسیو نەجمەی ملازمی بەسەر شانەوە بوو. یارۆی ئەفسەر کە هێشتا چەند هەنگاوێکی مابوو بۆ ئاستی گریگۆری، دوو قامکی تا ئاستی کڵاوخودەکەی خۆی بەرز کردەوەو بە ئاماژەی سەر تکای لێکرد کە ڕێگایان بکات. کۆڵانەکە هێندە تەنگ بوو، هیچ چارێك نەبوو جگە لەوەی ئەسپ سوارەکان، بە پەنای دیوارە بەردینەکەدا بڕۆن.

دەموچاوی گریگۆری گرژبوو، بە دەم دانەچیڕێوە، یەکڕاست بەرەو ئەفسەرەکە چووە پێشێ. ئەفسەرەکە لە سەرسامیدا، برۆکانی بەرزکردنەوەو کەمێك خۆی لادا. بە زەحمەت تێپەڕ بوون، ئەویش دوای ئەوەی کە ئەفسەرە ئینگلیزەکە بە ناچاری لاقی ڕاستی کە توند لە زەنگاڵێکییەوە پێچا بوو، خستە سەر کەفەڵی بریقەداری قەشاوکراوی ماینە ڕەسەنەکەی خۆی.

یەکێك لە مەفرەزەی تۆپەکە، کە دیار بوو ئەفسەرێکی ڕووسە، خێسەیەکی لە گریگۆری کردو گوتی:

– پێموایە دەتتوانی کەمێك خۆت بدەیتە لاوە. یان دەتویست بێ تەربێتی خۆت بنوێنی؟

گریگۆری، بە ئەسپایی ئامۆژگاری کرد:

– بەبێ قسە ڕێی خۆت بگرەو برۆ هەی گووی سەگ، ئەگینا...

یارۆی ئەفسەر، لەسەر عەرەبانەی تۆپەکە هەستایە سەر پێیان، ئاوڕی پاشی دایەوەو هاواری کرد:

– بەڕێزینە، ئەم سالوکی(صەعلوك) شەلاتیە بگرن!

گریگۆری، لە کاتێکا بە سەرو ڕوویەکی هەڕەشە ئامێزەوە قامچییەکەی با دەدا، بە کاوەخۆ بە کوچە تەنگەکەدا چووە پێشێ. تۆپچییە شەکەتو سەرو پۆتەڵاك تۆزاویەکان کە هەر هەموویان ئەفسەرێن گەنج بوونو تازە خەتیان دابوو، بە غەزەبەوە تەمەشایان کرد، بەڵام کەس هەوڵی دەستگیرکردنی نەدا. تۆپخانەکە کە بریتی بوو لە شەش تۆپ، لە سیلەی کۆڵانەکە ئاوا بوون، کوپیلوف، بە سواری ئەسپەکەیو بەدەم لێوکرۆشتنەوە خۆی گەیاندە گریگۆری.

– گریگۆری پانتلیوفیچ، کاری گەوجانە دەکەیت. ڕەفتارت منداڵانەیە.

گریگۆری بە توندی بەرپەرچی دایەوە:

– ئەرێ چیە، تۆ لەلەی منی؟

کوپیلوف، شانەکانی هەڵتەکاندو گوتی:

– ئێستا زانیمان بۆ لە فیچالوروف تووڕە بوویت، باشە ئەم ئینگلیزە چ بکات؟ یان حەزت لەسەرو کڵاوخودەکەی نەبوو؟

– من حەز ناکەم کە ئەو لێرە، لە دەوروبەری ئوست میدڤیدیتسکایادا ببینم، دەیتوانی لە شوێنێکی دیکە لە سەری بکات. کە دوو سەگ بە شەڕ دێن و بە چنگ و ددان بەر دەبنە یەکدی، سەگی سێیەم نابێ خۆی تێکەڵ بکات، تێدەگەیت؟

– ئەها! یانی تۆ دژی دەست تێوەردانی بێگانەیت؟ بەڵام بە بۆچوونی من، وەختێ دەستیان نابێتە بینم، هەرکەسێك کۆمەکم بکات، مەمنوونی دەبم.

– دەی، خۆشی لە خۆت، بەڵام من دەسەڵاتم هەبوایە، نەمدەهێشت پێ بنەنە سەر خاکەکەشمان.

– تۆ ئەو چینیانەت دیون کە لە گەڵ سوورەکاندان؟

– ئێ چیە؟

– مەگەر هەردوو لایان یەك نین؟ خۆ ئەوەش هەر کۆمەکی بێگانەیە.

– قسەی بەلاش! چینییەکان، خۆبەخش، پەیوەندییان بە سوورەکانەوە کردووە.

– یانی بە تەسەوری تۆ ئەمانەیان بە خورتی بۆ ئێرە هێناوە؟

گریگۆری هیچ وەڵامێکی پێنەبوو. ماوەیەکی زۆر، دە بیرەوە چوو ئەوسا بە دڵتەنگییەکی ئاشکراوە گوتی:

– ئێوەی خوێنەوارو ڕۆشنبیر هەمیشە ئەمە عادەتتانە...

وەکو کەروێشکی ناو بەفران، پێچاو پێچ دەڕۆن. من، برادەر هەست دەکەم، قسەکەت دروست نیە، لێ توانام نیە وەڵامت بدەمەوە... با واز لەم بابەتە بێنین، سەرم گێژ مەکە، من خۆم لە خۆما مێشکم مژووڵە، تۆش ئەوەندەی دی گێژم مەکە.

کوپیلوف، بە پەستیەوە بێدەنگ بوو و ئیدی بە درێژایی ڕێگاکە، زاریان لە زاری یەکدی نەگەڕا. پروخۆر، لە ڕێگادا کە کونجکاوی و لاپرەسەنی زۆر ئازاری دەدا، بە سواری ئەسپەکەی لێیان نزیك بووەوەو پرسی:

– گریگۆری پانتلیوفیچ، قوربان، ئەرێ پێم ناڵێی ئەمە چ حەیوانێ بوو کە کادێتەکان، لە عەرەبانەی تۆپەکانیان بەستبوون؟ گوێیان گوێی کەرە، بەڵام بەدەنیان، کوت و مت وەکو هی ئەسپە. پیاو نازانێ بە چی حیسابیان بکات... ئەمە چ جسنە حەیوانێکە؟ تکایە پێم بڵێ، چونکە گرێومان لەسەر کردووە...

پروخۆر، پێنج دەقیقەیەك، بەو جۆرە دووی گریگۆری کەوت. سەرەنجام بێئەوەی هیچ وەڵامێکی دەست بکەوێ، ئەسپەکەی ڕاگرت. دوای ئەوەی موراسیلەکانی دی گەیینە ئاستی، بە ئەسپایی گوتی:

– کوڕینە هیچ قسەیەك ناکەن. پێموایە ئەوانیش تیا ماون و نازانن ئەم حەیوانە نەگریسە لە کوێوە پەیدا بووە.

((١١))

سریەی قۆزاقان، بۆ جاری چوارەم لە سەنگەرە پەرپووتەکانی خۆ هاتنە دەرێ و جارێکی دی لە ژێر دەستڕێژی کوشندەی ڕەشاشی سوورەکاندا، ناچار خۆیان بە سەنگەرەکانیاندا کردەوە.

تۆپخانەی سوورەکان، کە لە پشت جەنگەڵی بەری چەپی دۆنەوە خۆیان پەنا دابوو، لە بەرەبەیانەوە، لە پەستاو بێپسانەوە، سەنگەری قۆزاقەکان و هێزی یەدەکیان، کە لە کەندەکاندا کۆبووبوونەوە تۆپباران دەکرد.

گوللە تۆپیان بەسەر بەرزاییەکانی کەناری دۆندا دەتەقییەوەو پەڵە دووکەڵێن بچووك، سپی وەکو چۆڕی شیر بۆ ماوەیەك بەری ئاسمانی دەگرت و پاشان مەحو دەبووەوە. گوللەکان لە پاش و پێشی خەتی خوارو خێچی سەنگەرێن قۆزاقەکاندا دەتەقیینەوەو تەپو تۆزێکی خاکی دەچوو بە ئاسماندا.

لە دەوروبەری نیوەڕۆدا، شەڕ بە تەواوەتی گەرم بوو، بای ڕۆژئاوا، ڕمبەی تۆپباران بە درێژایی کەناری ڕوباری دۆندا، تا دووری دوور لەگەڵ خۆیدا دەبرد.

گریگۆری، لە پۆستێکی(بنکەی پاسەوانان) نیگابانیەوە، بە دووربین تەمەشای تۆپبارانی یاخییەکانی دەکرد. دەیبینی کە سریەکانی ئەفسەران، وێڕای ئەو زیانە گیانیانەی لێیان دەکەوت، بە چ ورە بەرزییەکەوە هێرشیان دەبرد. کاتێ کە ئاگری تۆپخانە زیادی دەکرد، خۆیان بە عاردیدا دەدا. خۆیان بە ئەرزەکەوە دەقەرساند، کە پۆپبارانەکە کپ دەبووەوە، هەڵدەستانەوەو بەلەز دەستیان بە هێرش دەکردەوەو قۆڵێکی(مەسافەیەك) دی پێشڕەویان دەکرد. بەڵام لە سەمتی چەپەوە، لەلای دێرەکەوە، هێزێن پیادەی یاخییەکان هیچ جم و جۆڵێکیان دیار نەبوو. گریگۆری بەلەز چەند سەرە قەڵەمێکی لە سەر پارچە کاغەزێك نووسی و بە موڕاسیل و تەتەرێکا بۆ یەرماکوفی نارد.

دوای نیو سەعاتێك یەرماکوف، بە سواری ئەسپەکەی و بە چوار ناڵە هات و لەلای ئەسپەکانی تۆپخانەکە دابەزی و بە هانکە هانك، تا سەنگەری پۆستی دیدەوانیەکە هەڵگەڕا. لە دوورەوە بە دەم دەست هەڵتەکاندنەوە، هاواری کرد:

– ناتوانم قۆزاقەکان، لە جێی خۆیان بجولێنم! ناجولێن! تا ئێستا بیست و سێ کوژراومان داوە. دەبینی سوورەکان، بە ڕەشاشان چ کوشتارێکمان لێدەکەن؟

گریگۆری بەدەم دانە چیڕێوە گوتی:

– ئەفسەرەکان پێشڕەوی دەکەن و تۆش دەڵێی ناتوانی قۆزاقەکان بجولێنی؟

– ئاخر، تۆ نابینی؟ ئەوان هەر فەسیلێکیان ڕەشاشێکی سووکی پێیە، ئەوان سەراپایان نقومی فیشەکە، تا حەزکەی فیشەکیان هەیە. پێم ناڵێی ئێمە چیمان هەیە؟

– دەی، بەسە و هیچ نەڵێی، خێرا دەست بە هێرش بکەن، دەنا سەرت دەبڕم.

یەرماکوف، جنێوێکی پیسی داو بە غاردان لەسەر گردەکەوە داگەڕا. گریگۆری دووی کەوت. لێبڕا بوو بە خۆی ڕێبەری کەتیبەی دووەمی پیادە بکات و هێرش بەرێت.

لە نزیکی دوا تۆپدا، کە لێهاتووانە بە لق و پۆپی دار گوێزی کێوی داپۆشرا بوو، فەرماندەی تۆپخانەکە ڕایگرت:

– گریگۆری پانتلیوفیچ، وەرە تەمەشای کاری ئینگلیزەکان بکە. ئێستا ڕوو لە پردەکە دەکەونە تۆپباران.

به دووربین سەیریان کرد، مەفرەزەی ئەندازەی سوورەکان به تەختەو کەڵەکان پردێکیان لەسەر ڕوباری دۆن دروست کردبوو، به ئاستەم دەبینرا، له دوورەوە وەکو نەوارێکی باریك دەینواند، کاروانی عارەبانەی باروبنە، له پەستاو بێپسانەوە به سەریدا دەپەڕییەوە.

دوای ده دەقیقەیەك، تۆپخانەی ئینگلیز، که له چاڵاییەکی پشت گردۆلکەیەکی بەردەڵانەوە سەنگەری گرتبوو، دەستی به تۆپباران کرد. خومپارەی چوارەم، پردەکەی له ناوەندەوە کرد به دوو لەتەوە. کاروانی عەرەبانەکان وەستا. به دووربین دیاربوو که سوورەکان خەریك بوون عەرەبانە شکاوو لاشەی ئەسپە کوژراوەکانیان فڕێ دەدایە ڕوبارەکەوە.

خێرا چوار کەڵەك به سەربازانی مەفرەزەی ئەندازەوە له سەمتی ڕاستی دۆنەوە هاتن، بەڵام هەر که پردەکەیان لێکدایەوەو بەستیانەوە، تۆپخانەی ئینگلیز به دەستەجەمی کەوتەوە تۆپبارانی پردەکە. گولله هاوەنێك ڕێك بەر ئەسکەلەیەکی ڕەخی چەپی ڕوبارەکە کەوت، پارچه پارچەی کردو بردی به ئاسماندا. خومپارەیەکی دی ستوونێکی ئامال سەوزی ئاوی برد به ئاسماندا و دووباره جمو جۆڵی کاروانی عەرەبانەکان که بەسەر پردەکەدا دەستی پێکردبووەوە، دووباره قەت (قطع) بوو.

فەرماندەی تۆپخانەی یاخیەکان، به ستایشەوە گوتی:

– کوڕی حیزانە، چەند به دروستی نیشانە دەپێکن! ئیدی تاشەوێ نایەڵن بپەڕنەوە، پردەکەیان داغان کردووە!

گریگۆری، بێئەوەی چاو له دووربینەکە لا بەرێت، پرسی:

– ئەدی تۆپەکانی تۆ بۆ بێدەنگن؟ دەبوایە پشتیوانی هێزی پیادەکانمان بکەیت. خۆ سەنگەری ڕەشاشی سوورەکان لێرەوە بەجوانی دیارن.

– من له خوام دەویست پشتیوانی پیادەکانمان بکەم، بەڵام تاقه گولله تۆپێکمان نییە. نیو سەعات لەمە پێش دوا گولله تۆپم تەقاندو لەوە به دواوە تا ئێستا به ڕۆژووم.

– ئەدی ئیتر بۆچی لێرەیت؟ تۆپەکانت له ئەسپان باربکەو بڕۆ.

– ناردوومە بۆ لای کادێتەکان گولله تۆپم بۆ بنێرن.

گریگۆری، به دڵنیاییەوە گوتی:

– تاقه یەك گولله تۆپت بۆ نانێرن.

– جاری یەکەم ڕەفزیان کرد، دووباره داوام کردەوە، بەڵکو ئەمە خوایە ڕەحمیان بتلیسێتەوەو دڵیان به حاڵمان بسووتێ و بیست گولله تۆپێك بەسە که ئەم ڕەشاشانەیان تێك و پێك بشکێنین! بیستو سێ کوژراو گاڵتە نییە. خوا دەزانێ چەندی دیکەمان لێدەکوژن؟ تەمەشاکە، چۆن تەقە دەکەن...

گریگۆری، بەرەو سەنگەری قۆزاقەکان ڕووی وەرگێڕا، گولله وەکو تەرزە بەسەر خاکی وشکی داوێنی گردەکەدا دادەباری، گەردو تۆز دەچوو به ئاسماندا، دەتگوت دەستێکی نادیار، به خێراییەکی بروسکە ئاساوە، هێڵێکی خاکی بەسەر سەرانسەری سەنگەرەکاندا دەکێشێت. ئاسمانی سەرانسەری سەنگەرێن قۆزاقەکان، دەتگوت تەپودووکەڵ دای پۆشیوە.

گریگۆری وازی لە تەماشا کردنی تۆپبارانی تۆپخانەی ئینگلیزەکان هێنا، بۆ ماوەی دەقیقەیەك گوێی لە هاڕەو هاژەی تۆپباران‌و دەستڕێژی ڕەشاشان گرت‌و ئەوسا لە گردەکەوە داگەڕاو خۆی گەیاندە یەرماکوف:

– تا ئەمری منت پێنەگەیی، دەست بە هێرش مەکە. بەبێ پشتیوانی تۆپخانە، ناتوانین ئەوانە لە جێی خۆیان هەڵکەنین.

یەرماکوف، بە گلەییەوە گوتی:

– ئەدی پێم نەگوتی؟

یەرماکوف، سواری ئەسپەکەی خۆی بوو، ئەسپی چی! لە ماندوویەتی‌و لە گرم‌و هۆڕی تۆپخانەدا شێت بوو بوو. گریگۆری بینی کە بێباکانە، بە ژێر گوللەباراندا، بە چوار ناڵە بۆی دەرچوو. گریگۆری لەدڵی خۆیدا، بە نیگەرانییەوە گوتی: "بۆچی ڕاستەوخۆ ملی نا؟ هەر ئێستا بە دەستڕێژی ڕەشاش پەلە خواری دەکەنەوە. دەبوایە بە دۆڵەکەدا دابگەڕێ‌و لەوێوە بە بێ هیچ مەترسییەك بەدەوری گردەکەدا بسوڕێتەوەو خۆی بگەیەنێتە قۆزاقەکانی خۆی." یەرماکوف بەوپەڕی خێرایی خۆی گەیاندە دۆڵەکەو کەوتە نەدیوی‌و ئیدی لەو دیوەوە دەرنەکەوتەوە. گریگۆری کە ئاسوودە بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەی باش بوو، تێگەیی! ئیدی دەتوانێ بەسەلامەتی دەرباز ببێت."

گریگۆری هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشاو، لە پای گردەکەدا ڕاکشاو بە کاوەخۆ کەوتە سیغار پێچانەوە.

هەستی بێموبالاتیەکی غەریب دایگرتبوو. نا، هەرگیز قۆزاقەکان ناخاتە بەر ڕەحمەتی ئاگربارانی ڕەشاشان. بێهودەیە ، با ئەفسەرانی سریەی ساعیقە، هێرش بکەن، با ئەوان ئوست میدڤیدیتسکایا بگرن!

گریگۆری، لەوێ، لە ژێر گردەکەدا ڕاکشاو بۆ یەکەمجار مەسەلەی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی لە شەڕا، لە مێشکی خۆی دوور خستەوە. هەڵبەتە ئەمەی نە لەبەر ترسنۆکی بوو نە لە ترسی مەرگ‌و نە لە خەمی خەسارەتی بێهودە بوو، چونکە ماوەیەك پێشتر نە لە خەمی خۆی‌و نە لە خەمی گیانی ئەو قۆزاقانەدا بوو کە ڕێبەریان بەو سپێردرا بوو. بەڵام ئێستا شتێك لە ناخیا هەرەسی هێنا بوو... هەرگیز جاران بەم ڕوونیە، هەستی بە بێهودەیی ئەو ڕووداوانە نەکردبوو کە لە دەوروبەریا ڕوویان دەدا. ئایا ئەمە ئەنجامی گفتوگۆیەکانی دەگەڵ کوپیلوفدا بوو، یان ئەنجامی قەرقەشەو دەمەقاڵێیەکەی بوو دەگەڵ ڤیچالوروفدا، یان ئەنجامی هەردووکیان بوو؟ بە هەرحاڵ، ئەم بارە دەروونیەی کە لە ناکاوا بە سەریدا زاڵ بوو بوو، واداری کرد کە چیتر بەشداری شەڕ نەکات. گریگۆری بە شێوەیەکی گۆنگ، ئەو قەناعەتەی لا پەیدا بوو بوو کە ناتوانێ قۆزاقان دەگەڵ بەلشەویکاندا ئاشت بکاتەوەو بە خۆیشی لە بنی توانای ئاشت بوونەوەی دەگەڵ بەلشەویکاندا نەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا هەستی بەوەش دەکرد کە ناتوانێ چیتر بەرگری لەو خەڵکانە بکات کە لە باری ڕوحیەوە بەو بێگانە بوون، ناحەزو نە یاری ئەو بوون، بەرگری لە خەڵکانی وەکو فیچالوروف بکات کە پڕ بە دڵ ڕقیان لەم بوو، دەیان بوغزاندو

ئەمیش بە هەمان ئەندازە ڕقی لەوان بوو و دەیبوغزاندن. ئەمە کارێك بوو کە نەیدەویستو نەیدەتوانی چیتر شانی بداتە بەرو بیکات. جارێکی دی خۆی ڕووبە ڕووی ناکۆکیە دەروونیەکانی جارانی بینییەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "با بۆ خۆیان بجەنگن! من تەمەشایان دەکەم. هەرکە فەرماندەی فیرقەکەیان لێوەرگرتمەوە، داوادەکەم کە بۆ پاشینەی جەبهەم بگوازنەوە. بەسە ئیتر!" لە کاتێکا کە لە دڵی خۆیدا گەنگەشەکەی نێوان خۆیو کوپیلوڤ وەیاد دێنایەوە، سەیری کرد خەریکە هەوڵی ئەوە دەدا بەڵگەو بیانوان بە قازانجی سوورەکان بێنێتەوە :"چینییەکان بە دەستی بە تاڵ دەچنە لای سوورەکانو بەخوایشتی خۆیان داوای خزمەت دەکەنو هەموو ڕۆژێك لە پێناوی مووچەیەکی کەمدا گیانی خۆ دەخەنە مەترسییەوە. بەڵام مووچە چ پەیوەندییەکی بەم مەسەلەیەوە هەیە؟ ئاخر چی پێدێتە کڕین؟ بایی ئەوەندە دەکات لە دانیشتنێکی سەر مێزی قومارا بیدۆڕێنیو هەستیتە سەر پێیان... کەواتە مەسەلەکە مووچەو بەرژەوەندی نیە، بەڵکو شتێکی دیکەیە... بەڵام هاوپەیمانان ئەفسەرو تانكو تۆپ و تەنانەت قاتریش دەنێرن! بەڵام دوایی داوای سەفتەی گەورە گەورەی ڕۆبڵان دەکەن. بەڵێ فەرقو جیاوازییەکە لێرەدایە! ئێ، ئەمشەویش موناقەشەی ئەم مەسەلەیە دەکەینەوە. کە گەییشتینە بارەگای ئەرکان، بانگی دەکەمە لایەکەوەو پێی دەڵێم: "کوپیلوف، فەرقێك لە کارەکەدا هەیە،.. هەوڵ مەدە کڵاوم لە سەر بنەیت!".

بەڵام ئەم گفتوگۆو گەنگەشەیە ئەنجام نەدرا. دوای نیوەڕۆ گاڤێ کە کوپیلوف، بە سواری ئەسپەکەی دەچوو بو لای کەتیبەی چوارەم کە وەکو هێزی یەدەگ دانرابوو، بە ڕێکەوت بە گوللەیەکەوە بوو و مرد. گریگۆری دوای دوو سەعات ئەوسا بەو هەواڵەی زانی.

بەیانی ڕۆژی دوایی، ئوست میدڤیدیتسکایا، پاش شەڕێکی یەجگار دژوار بە دەستی یەکەکانی فیرقەی پێنجەم، بە سەرکردایەتی جەنەراڵ فیچالوروف، گیرا.

((١٢))

سێ ڕۆژ پاش ئەوەی گریگۆری تاتارسکی بە جێدێڵێت، میتکاکورشونوڤ ژن برای گریگۆری، سەرو سەکوتی لە تاتارسکیدا پەیدا دەبێ. هەر بە تەنێ نابێت، دوو کەسی دیکەی لەگەڵدا دەبن، کە سەر بە هەمان ئەو مەفرەزە سەرکوتکاریە دەبن کە ئەو کاری تیادا دەکرد. یەکێکیان کابرایەکی کالموکی ناڤسالی خەڵکی دۆڵی مانیچ بوو، ئەوی دیکەیان قۆزاقێکی کورتە بالای ناقۆڵای خەڵکی ناوچەی ڕاسپوپینسکایا بوو. میتکا، کابرای کالموکی دەبوغزاندو هەر بۆ سوکایەتیو بە تانە وتەشەرەوە پێی دەگوت "چینی". بەڵام یارۆی قۆزاقی خەڵکی ڕاسپوپینسکایای دەحوباند، ئەمە کابرایەکی هەرزەی مەیخۆر بوو، بە ڕێزەوە بانگی دەکرد، ناوی سیلانتی پتروڤیچ بوو.

دیاربوو میتکا، لە مەفەرەزەی سەرکوتکاریدا، خزمەتێکی زۆری "سوپای دۆن"ی کردبوو. چونکە لە زستاندا گەیی بووە پلەی ڕەیس عورەفاو پاشان گەییە پلەی عەلەمدار. کە گەییە ناو گوند، بە جلی تازەی ئەفسەرییەوە خۆی دەنواندو زۆریشی لێدەهات. دیاربوو ڕەوو

پاشەکشەکەی بۆ ئەو بەری دۆنی خۆش لێگوزەراوە. قەمسەڵە خاکیە کاڵەکەی لە شانە پانەکانی چەسپی بوو، گۆشتی پەمەیی لاملی، چین چین نیشتبووە سەر یەخە سفتو بەرزەکەی، پانتۆڵە نیلییەکەی بە جۆرێ لە سمتو پاشەڵی جەڕی بوو، خەریك بوو لە درزی دورمانەکەیەوە دەتەقی.

ئەگەر ئەم شۆڕشە نەحلەتییە نەبوایە، میتکا بەم قەدو قەلاَفاتو ڕواڵەتە شایستەیەوە، لە کەتیبەی ئەتامانسکی گاردی تزاریدا خزمەتی دەکردو لە کۆشکا دەژیاو دەبوو بە حەرەس و نیگابانی زاتی موقەدەسی خاوەنشکو تزار. هەڵبەتە میتکا، لە وەزعو ژیانی خۆی ناڕازیو بە گلەیی نەبوو. توانی بووی بگاتە پلەی ئەفسەری، بەلاَم نەك وەکو گریگۆری میلیخوف، لە ڕێگای ڕیسكو سەرکێشی و خۆخستنە تالوکەو نواندنی قارەمانیەتی شێتانەوە. خزمەتکردنو سەرکەوتن لە مەفرەزەی سەرکوتکاریدا، مەرجو سیفەتێن دیکەی دەویست... ئەو مەرجو سیفاتانە لە میتکادا ئەوەندە زۆر بوون لە ژماردن نەدەهاتن: متمانەی تەواوی بە قۆزاقان نەبوو، بۆیە گومانی بەلشەوویك بوونی لە هەر کەسێك بوایە، بە خۆی پاکتاوی دەکردو دەیبردە پای قەنارە. بەلایەوە گرینگ نەبوو بەدەستی خۆی، بە شەلاق یان بە قۆناغە تفەنگان بەربێتە وێزەی فیراریان. خۆ لە مەسەلەی تەحقیقو پرسوجۆ دەگەڵ ئەسیراندا لە سەرانسەری مەفرەزەکەدا، کەسێك نەبوو هاوتای بکاتەوەو خودی فەرماندەکە، موقەدەم پریانچنیکوف، بە دەم شان هەڵتەکاندنەوە دەیگوت: "نا، کوڕینە، هەرچیەك دەڵێن بیڵێن، کەس نییە بگاتە ئەم کورشونوفە. بەشەر نییە، ئەژدیهایەکە لەو گۆڕە!" تایبەتمەندییەکی دیکەی میتکا ئەمە بوو: هەندێجار کە ئەندامانی مەفرەزەکەیان بۆیان نەبوایە ئەسیرێك گوللەباران بکەنو لە هەمان کاتدا حەزیان نەکردبا بە زندوویەتی لە دەستیان دەربچێت، سزای بەدەنییان بۆی دەبڕییەوەو ئەنجامدانی ئەم سزایەیان بە میتکا دەسپارد، میتکا هێندە لێزانانە لە عۆیەی ئەم کارە دەهات کە یارۆی دیلی مەحکوم، پاش شەلاقی پەنجایەمین دەکەوتە خوێن هەڵهێنان، دوای جەزرەبەی سەدەمین، لێدەبووەوەو بێئەوەی پێویستی بە معایەنە "پشکنین" بێ، قۆزاقەکان بە دڵنیاییەوە لە پارچە جاوێکیانەوە دەپێچا... تاقە یەك مەحکومیش بە زندوویەتی لە ژێر دەستی میتکادا بە زندوویەتی دەر نەچوو بوو. تەنانەت میتکا بە خۆی چەندین جار بە پێکەنینەوە گێڕابوویەوە کە: "ئەگەر کراسو پانتۆڵی، هەموو ئەو سوورانەم، کە کوشتوومن، کۆبکردایەتەوە، بەشی تێکڕای خەڵکی تاتارسکی دەکرد!"

میتکا بە تەبیعەت، هەر لە منداڵی ڕا، کەسێکی دڵڕەقو بێبەزەیی بوو، جا ئەم سیفەتە، لە ناو مەفرەزەی سەرکوتکاریدا، هێندەی دی گەشەی کردبوو، چونکە هیچ لەمپەرێکی لە ڕێگەی خۆیدا نەدەبینی، لە ڕادە بەدەر سەری کردبوو. هەڵبەتە بە حکومی تەبیعەتی کارەکەی لە مەفرەزەی ناڤبریدا، سەروساختی دەگەڵ گەجەرو گوجەرانی توێژی ئەفسەران، ئالودەبووان بە کوکاینو داوێن پیسانو ئەتککارانی ناموسی ژنانو تالاَنچیانو هەموو جۆرە خوێڕیو تۆڕییەکی دیکەوە هەبوو. بە سەختکۆشی فەلاحانەی خۆیەوە، هەرچیەك ئەوانە، لە واری بوغزاندنی سوروەکاندا، فێریان دەکرد، خێرا وەریدەگرتو فێری دەبوو و بە ئاسانی لە تاقیکردنەوەکانیاندا دەردەچوو. و پێشی مامۆستاکانی خۆی دەدایەوە.

که هەندێجار ئەفسەرێك بەرگەی نەگرتباو لە تەمەشاکردنی خوێن‌و عەزابی ئەسیرێك ماندوو بوایەو نەیتوانیبا بەردەوام بێ، ئەوا میتکا چاوە زەردە گڕ گرتووەکانی بچووك دەکردنەوەو تا کۆتایی بەردەوام دەبوو.

بەڵێ میتکا، لەو کاتەوە کە یەکە قۆزاقیەکەی خۆی بە جێهێشتبوو لە مەفرەزەکانی ماموری سەرکوتکاری، بە فەرماندەیی موقەدەم پریانچنکوف، گیرسابووەوەو ژیانێکی خۆشی بۆ خۆی دابینکردبوو، ئەوە پیشەی بوو.

هەرکە گەییە ناو گوند، وەکو قەلەموون خۆی پڕ با کردبوو، بە حاڵ بێزی دەهات سڵاوی ئەو ژنانە بسەنێتەوە کە لە ڕێگادا تووشیان دەبوو. بە سواری بەرەو موڵك‌و ماڵەکەی خۆیان پەل بووەوە، لەبەر دەروازە نیوە سووتاوو دووکەڵاوییەکەیان دابەزی، هەوساری ئەسپەکەی دایە دەست سەربازە کالموکیەکە، گەڵاو گەڵ خۆی بە حەوشەدا کرد. لە گەڵ سیلانتی دا، بە بێدەنگی کەوتە تەمەشای هێم‌و بناغەی خانووبەرەکەیان، بە نووکی قامچیەکەی تۆپەڵە شووشەیەکی پەنجەرەکانی، کە لە ئاگردا توابووەوەو پرتەوێکی سەوزباوی لێدەبووەوە، جولاندو بە دەنگێکی پڕ هەیەجان‌و هەڵچوونەوە گوتی:

– هەر هەموویان سووتاندووە... چەند موڵك‌و ماڵێکی دەوڵەمەند بوو! باشترین موڵك‌و ماڵی ئەم گوندە بوو. ئەو کەسەی ئاگری تێبەرداوە خەڵکی ئێرەیە، میشکا کوشیڤۆییە. باپیرەشمی کوشتووە. دەبینی سیلانتی، بە چ وەزع‌و حاڵێکەوە، زێدو ماڵی خۆم بینییەوە...

سیلانتی خێرا پرسی:

– باشە، کەس لە بنەماڵەی کوشیڤۆی لە گوندا ماوە؟

– دەبێت... با بڕۆین، دوایی تاقیبیان دەکەین... با جارێ بڕۆین سەرێکی ماڵی زاواکەمان بدەین.

میتکا، لە ڕێگادا تووشی بووکەکەی بوگاتیریوف بوو و لێی پرسی:

– ئەرێ دایکم لەوبەری دۆن گەڕاوەتەوە؟

– پێموانیە گەڕابێتەوە میتری میرونوفیچ (ناوی تەواوی میتکا: میتری میرونوفیچ کورشونوفە.)

– ئەدی میلیخوف لە ماڵە؟

– پیرەمێردت مەبەستە؟

– بەڵێ.

– پیرەمێرد لە ماڵە، جگە لە گریگۆری، هەموویان لە ماڵن. پیوتەر پار زستان کوژرا، ئاگاداری؟.

میتکا، بە ئاماژەی سەر تێیگەیاند کە ئاگادارە، ئەوسا بە یورغە کەوتە ڕێ.

بە کۆڵانە چۆڵەکاندا ڕێی دەکرد، چاوە زەردەکانی کە لە چاوی پشیلە دەچوون، ساردو سڕو بێزار دیاربوون، تەواو دامرکابوونەوە. کە گەییە ئاست ماڵی میلیخوف، لە بن لێوانەوە، بێئەوەی ڕووی دەمی لە هیچ یەکێك لە هاوڕێکانی بێ، گوتی:

– گوندەکەم بەمجۆرە پێشوازیم دەکات! تەنانەت بۆ پارەوە نانێك دەبێ ڕوو بکەمە ماڵە خزمان... دەی، با بزانین...

پانتلی پروکوفیوفیچ، لە ژێر کەپرێکا خەریکی چاککردنەوەی شەپشەپەکەیان (مەکینەی درەو) بوو. چەند سوارێکی بەدی کرد.چەند سوارێکی بەدی کرد.کورشونوف لە ناویاندا ناسییەوە. بەرەو دەروازەکە ڕۆیی و بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– فەرموون، فەرموون، بە خێرهاتن سەرچاوان! پاتان وەبان چاوان!

– سلاو بابۆ، هەموو لایەك باشن، حاڵتان باشە؟

– لە خوا بەزیاد بێ، تا ئێستا خراپ نین! ئەدی تۆ! دەڵێی بوویت بە ئەفسەر؟

میتکا، دەستە درێژو بە قوەتەکانی برد کە تەوقە دەگەڵ پیرەمێردا بکات و بە کەش و فشەوە گوتی:

– بۆ واتدەزانی هەر کوڕەکانی تۆ شایستەی نەجمەو نیشانی سپین؟

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە زەردەخەنەوە گوتی:

– کوڕەکانی من، زۆریان حەز لێنەبوو.

ئیدی لە پێشیانەوە ڕۆیی، تا شوێنی بەستنەوەی ئەسپەکانیان پێ نیشان بدات.

ئیلی نیچنای میوانپەروەر، خواردنی بۆ میوانەکان هێنا، دوای ئەوە کەوتنە گفتوگۆ. میتکا، زۆر بە وردی پرسیاری هەر شتێکی دەکرد کە پەیوەندی بە ماڵباتەکەیانەوە هەبوو، مۆن بوو، بەلام نە تووڕەیی، نە خەمی پێوە دیارنەبوو. بە دەم قسانەوە پرسی ئاخۆ هیچ کەسێکی ماڵباتی کوشیڤۆی لە گوندا ماوە، کە زانی دایکی میشکا لە گەڵ منداڵەکانیا هێشتا لە گوندی ماون، ژێراو ژێرن بێئەوەی بێلی کەس هەستی پێبکات، چاوێکی خێرای لە سیلانتی داگرت.

ئیدی میوانەکان کەوتنە خۆ کە بڕۆن. پانتلی پروکوفیوفیچ لە گەڵیاندا هەستا کە بە ڕێیان بکات. پرسی:

– بە نیازی ماوەیەکی زۆر لە گوندا بمێنی؟

– دوو سێ ڕۆژێك.

– ناچیتە دیدەنی دایکت؟

– با بزانم چۆن دەبێت...

– ئەدی ئێستا بۆ شوێنێکی دوور دەڕۆیت؟

– ئۆ... ئۆ... دەڕۆین، چەند کەسێکی گوند دەبینین و زوو دەگەڕێینەوە.

میتکاو دوو هاوڕێکەی هێشتا نەگەیی بوونەوە ماڵی میلیخوف کە هەواڵ لە سەرانسەری گوندا بلاوبووەوە کە میتکا دەگەڵ چەند کالموکێك هاتوون و هەموو خانەوادەی (کوشیڤۆی)یان کوشت!.

پانتلی پروکوفیوفیچ، هێشتا خەبەرەکەی نەژنەوتبوو. چووبوو بۆ لای ئاسنگەرو دەمی شەپشەپەکەی (مەکینە درەو) دەمە زەرد بکاتەوە. ئیلی نیچنا بانگی کردەوە:

– پروکوفیوفیچ زوو وەرەوە زوو!

ترس بە دەنگی پیرەژنەوە دیاربوو، پانتلی پروکوفیوفیچ، بە سەرسامی و بە بێدەنگی بۆ ماڵ هاتەوە.

ناتالیا، ڕەنگ زەردو لێوبەبار، چاو بە فرمێسك لەلای سۆپاکەوە وەستا بوو. ئیلی نیچنا بە گۆشەی چاو ئاماژەی بۆ لای ژنەکەی ئانیکوشکا کرد کە لەویٚ وەستا بوو. بە دەنگێکی نزم پرسی:

– بابۆ، هەواڵەکەت زانی؟

یەکسەر دڵی پانتلی پروکوفیوفیچ داخورپا: "دوور نیە گریگۆری شتێکی بەسەر هاتبیٚ! خودایە خۆت ڕەحمی پێبکە!" ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، کە کەس قسەی نەدەکرد، لە تووڕەیی و هەم لە ترسا هاواری کرد:

– خێرا بڵێن، چ ڕوویداوە، بە نەحلەت بن! مەسەلە گریگۆرییە؟

لەوە دەچوو، بە دەم ئەو هاوارەوە، هێزی لەبەر بڕابیٚ، خۆی دا بە کۆڵی تەختەکەداو کەوتنە شێلانی لاقە لەرزۆکەکانی.

دونیاشکا لەوانی دی زووتر هەستی کرد کە بابی خەمی گریگۆرییەتی، بۆیە بەلەز گوتی:

– نا، باوکە دەربارەی گریشا نییە... میتری خانەوادەی کوشیڤۆی قەتڵو عام کردووە.

قورساییەکەی سەر دڵی ڕەوییەوەو گوتی:

– قەتڵو عامی چی؟

پانتلی بێئەوەی بە تەواوەتی لە مانای قسەکانی دونیاشکا گەیی بێت، لێکدا لێکدا دووبارەی دەکردەوە:

– خانەوادەی کوشیڤۆی؟ میتری؟

ژنەکەی ئانیکوشکا کە بە هەشتاو ئەم خەبەرەی هێنا بوو، بە ئاو و تاو دەستی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکە کرد:

– دەزانی، من لە گوێرەکەکەم دەگەڕام. بە بەرماڵی کوشیڤۆیدا تێپەڕیم. بینیم میتری لەگەڵ دوو عەسکەردا خۆیان بە حەوشەدا کردو چوونە ژوورەوە. لە دڵی خۆدا گوتم: گوێرەکەکە لە ئاشەکە هێوەتر ناڕوات. نۆرە گوێرەکەوانی من بوو...

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە تووڕەیی قسەکەی پێبڕی:

– ئاخر من چم داوە لە حیکایەتی گوێرەکەکەی تۆ!

ژنەکەی ئانیکوشکا، درێژەی بە قسەکەی دا:

– ... چوونە ژوورەوە. من لەوێندەر وەستام. لە دڵی خۆدا گوتم: "ئەمانە کە هاتوون بۆ ئێرە بۆ پیاو باشی نەهاتوون، نیازیان خراپە." لە ژوورەوە دەنگی هاوار بەرز بووەوە، گوێم لە زرم و کوتی لێدان بوو. لە ترسا ڕوحم پیٚ نەمابوو. دەمویست هەڵێم، کەمێك لە پەرژینەکە دوور کەوتبوومەوە، کە لە دواوە گوێم لە دەنگی پێیان بوو. ئاوڕم دایەوە، میتری ئێوە بوو. پەتێکی لە ملی پیرەژن بەستبوو و بە ئەرزەکەدا، پەنا بە خوا، وەکو سەگ ڕایدەکێشا! تا ژێر بەر هەیوانەکە ڕایکێشا. ژنەی بەستەزمان ورتەی لێوە نەدەهات، دیار بوو بورابووەوە. ئەوسا ئەو کالموکییەی کە لەگەڵ میتریدا بوو بە کۆڵەکەیەکدا هەڵگەڕاو چووە سەربان،... تەمەشام کرد، دیتم میتری ئەوسەری پەتەکەی بۆ هەڵداو هاواری کرد: "ڕایکێشە بۆ سەرەوە، بەکاریتەکەوەی ببەستە.".

ئاخ! چەند ترسام! بە بەرچاوی منەوە ژنەی بێچارەیان خنکاندو ئەوسا سواری ئەسپەکانیان بوون و بە جادەکەدا، وا بزانم بەرەو ئیدارە ڕۆییشتن، هەڵبەتە نەوێرام بچمە ماڵەکەیانەوە... بەڵام دیتم کە خوێن لە ژێر دەرگای بەرهەیوانەکەوە ڕێچکەی بەست و بە قاڵدرمەکانی بەر دەرگادا هاتە خوارەوە، خودایا، جارێکی دی دیمەنی وا ترسناك بە چاو نەبینم!

ئیلی نیچنا، لە کاتێکا بە چاوانی پرسیار ئامێزەوە، تەمەشای مێردەکەی دەکرد، گوتی:

– خودا، چ میوان گەلێکی بە حورمەتی بۆ ناردین!

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە هەڵچوونێکی ترسناکەوە گوێی لەم چیرۆکە گرت، هەرکە ژنەکەی ئانیکوشکا لە گێڕانەوەی کارەساتەکە بووەوە، پانتلی پروکوفیوفیچ، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، بە پەلە چوو بۆ بەر هەیوانەکە. زۆری پێنەچوو میتکاو هاوڕێکانی لەبەر دەرگا پەیدا بوونەوە. پانتلی پروکوفیوفیچ، بە شەلە شەل و بە چاپوکی بەرەو ڕوویان چوو. لە دوورەوە هاواری کرد:

– بوەستە! ئەسپەکانت مەیەنە حەوشەوە.

میتکا بە سەرسامی گوتی:

– مەسەلە چیە، خزم؟

– سەری ئەسپەکەت وەرگێڕە

پانتلی پروکوفیوفیچ، ڕێك چووە بەرانبەر میتکاو چاوی بڕییە دوڕ چاوە زەردە شەڕانیەکانی و، بە توندی گوتی:

– پێت ناخۆش نەبێت، بەڵام هەر بەینی خۆمان بیّ حەز ناکەم لە ماڵی منا بمێنیّ، بۆ کویّ دەڕۆن، بڕۆن.

میتکا، کە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئاوها! یانی لە ماڵەکەت دەرم دەکەیت؟

پیرەمێرد، بە شێوەیەکی بنجبڕ گوتی:

– نامەویّ ماڵەکەم گڵاو بکەیت. نەخەڵەتابی جارێکی دی پیّ بنەیتە ماڵی من. ئێمە، بنەماڵەی میلیخوف و خزمایەتی جەلادانیان نەگوتووە. ئەوە پێم گوتی ها!

– تێگەییشتم، ئامۆزا تۆش زۆر بە ڕەحم بوویت.

– تۆش مانای ڕەحم و بەزەیی نازانی، کارت گەییوەتە ئەوەی کە ژن و منداڵانی بچووك دەکوژیت. ئۆه! میتری، بە ڕاستی پیشەیەکی چەپەڵت گرتۆتە ئەستۆ... ئەگەر باوکی ڕەحمەتیت، بەم حاڵەوە دیتباتی، هەرگیز خۆشحاڵ نەدەبوو.

– ئەریّ پیرەمێردی نەفام، یانی تۆ دەتەویّ، نازیان هەڵگرم؟ ئەوان باوکمیان کوشت، باپیرمیان کوشت. هێشتاش دەتەویّ وەکو ڕۆژانی جەژن بچم دەست و مۆچیان لەگەڵدا بکەم، گەردن ئازاییان لەگەڵدا بکەم؟ دە بڕۆ گوم بە...

میتکا، بە تووڕەیی جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو لەبەر دەروازەکە دوورکەوتەوە.

– میتکا، جوێن مەدە،تۆ لە تەمەنی کوڕی مندایت. هیچ شتێك منو تۆ کۆ ناکاتەوە، بڕۆ خوات لەگەڵ!

میتکا کە ڕەنگی زیاتر زەرد هەڵگەڕا بوو، بە هەڕەشەوە قامچیەکەی باداو لەبن لێوانەوە گوتی:

– واز بێنە با دەهەری نەبم. ناچارم مەکە کە... من دڵم بە ناتالیا دەسووتێ، دەنا پێم نیشاندەدایت ئاغای بەڕەحم... من دەتناسم، دەزانم چ بیرێکت لە مێشکایە. تۆ لە کاتی ڕەوەکەدا، لە کاتی پاشەکشەکەدا، نەچوویت بۆ ئەوبەری دۆنتس. خۆت بە سوورەکان فرۆشت. ها؟ ئەمەیە مەسەلەکە! ئێوە، قەحپە داکینە، هەقە هەمووتان وەکو ماڵباتی کوشیڤۆی ڕەوانەی ئەو دنیا بکرێن. کوڕینە با بڕۆین، بەڵام سەگی لەنگ، وریابە بەر دەستم نەکەوی! ئەگەر بەر دەستم بکەوی، خاوەنی حەوت ڕوحان بی، شتاقیان بەدەر نابەی. ئەم میوانەپەروەریەت لە بیر ناکەم. من پێشتریش، دەرەقەتی ئەم جۆرە خزمو خزمایەتیە هاتووم.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە دەستانی لەرزۆك، دەروازەکەی کێلون دا و بە شەلە شەل بۆ ماڵەوە گەڕایەوە. بێئەوەی تەمەشای ناتالیا بکات، گوتی:

– براکەتم دەرکرد.

ناتالیا، هەرچەندە لە ناخی دڵەوە، کارەکەی خەزووری پەسند دەکرد، بەڵام هیچ قسەیەکی نەکرد. ئیلی نیچنا بەلەز نیشانەی خاچی کێشاو بەخۆشحاڵییەوە گوتی:

– لە خوا بەزیاد بیٚ کە ڕۆیی! ئاوی ئامونو توونی بابابچیٚ. ناتالیوشکا گیانەکەم بمبورە کە ئەم قسە ناخۆشە دەکەم، بەڵام خوا هەقە میتکا بە ڕاستی پیاوێکی خوێڕییە. بە ڕاستی پیشەیەکی جوانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، پڕ بە پێستی خۆیەتی! تۆ تەمەشا، لە جیاتی وەکو قۆزاقەکانی دی لە یەکەیەکی موحتەرەما خزمەت بکات، بەگەڵ مەفرەزەی جەلادان کەوتووە. ئاخر قۆزاقانو جەلادی کوجا مەرحەبا! ئاخر کیٚ دیویەتی قۆزاق ببیٚ بە جەلادو پیرەژنان لە سێدارە بداتو منداڵی بچووکی بێگوناح بکوژێت؟ ئایا ئەوانە لە کارەکانی میشا بەپرسن؟ خۆ ئەگەر ئەوە ڕاست بیٚو بەو پێودانگە بوایە، دەبوایە سوورەکان، لە سۆنگەی کارەکانی گریشاوە منو تۆو هەروەها میشاتکاو پولیوشکا، بە شمشێران لەتو پەت بکەن. بەڵام ئەو کارەیان نەکرد، چونکە ڕەحمو بەزەییان لە دڵدا بوو. نەخێر، من، پەنا بە خوا، شتی وام قەبوولٚ نییە.

ناتالیا، لە کاتێکا فرمێسکەکانی خۆی بە چمکی دەسماڵەکەی دەسڕی، تەنیا ئەوەندەی گوت:

– دایکە، منیش بەرگری لە براکەم ناکەم...

میتکا هەر ئەو ڕۆژە تاتارسکی بەجێهێشت. دەنگۆو مقۆمقۆ بڵاوبووەوە کە لە دەڤەری کارگینسکایادا، پەیوەندی بە مەفرەزە سەرکوتکاریەکەی خۆیەوە کردووەو ڕۆییوە تا لە ئاواییە ئوکرانی نشینەکانی دەڤەری دۆنتسدا، کە خەڵکەکەی لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی دۆنی باڵادا هاوکاریی سوورەکانیان کردبوو. "تەناهی و ئاسایش" بەر قەرار بکات.

دوای ڕۆییشتنی ئەو، خەڵکی گوند، تا یەك هەفتەی تەواو، سەری زمانو بنی زمانیان ئەو ڕووداوە بوو. زۆربەی هەرە زۆریان، ئەو قەسابخانە خۆ سەرانەیان مەحکووم دەکرد کە دەرهەق بە ماڵباتی کوشیڤۆی کرابوو، قوربانیانی، قەسابخانەکە بە پیتاکی گشتی خەڵکەکە بە خاك

سپێردران، دەیانویست کوختەکەی ماڵی کوشیڤۆی بفروشن، بەڵام کڕیار پەیدا نەبوو. بە ئەمری ئەتامانی گوندەکە، پەنجەرەکانی خانووەکە، ڕاست و چەپ تەختەیان لێدراو تا ماوەیەکی زۆر منداڵان نەدەوێران لە نزیکی ئەم شوێنە ترسناکەدا گەمان بکەن. بەڵام پیرەمێردان و پیرەژنان گاڤێ بە بەر ماڵە چۆڵ و هۆڵەکەدا ڕەتدەبوون، نیشانەی خاچیان دەکێشاو لە خوا دەپاڕانەوە ئارامی بە ڕوحی قوربانیەکان ببەخشێت.

دوای ئەوە وەرزی گیادرون هات و ئەو ڕووداوانە بیرچوونەوەو کەوتنە ژێر پەردەی فەرمۆشییەوە.

ژیانی گوند وەکو جاران بە کاروباری کشتوکاڵی و دەنگو باس و دەنگۆی شەڕو شەڕگەوە دەگوزەرا. ئەو کەسانەی کە چوارپێ و کەڵەگاو گاجووتەکانیان بە سەلامەتی دەرباز بوو بوون، هەر خوتە و بۆڵەیان بوو، کە ناچاربوون هەموو ڕۆژێك بچنە بێگار. جنێویان دەدا، چونکە دەبوایە زۆربەی ڕۆژان، هەسپ و گاجووتەکانیان لە کێڵگەو مەزرایەکان بێننەوەو بۆ مەرکەزی ئیدارەی ناوچەکەی بنێرن. بە تایبەتی پیرەمێردان هەرجارێ کە ناچاردەبوون، ئەسپەکانیان لە شەپشەپان بکەنەوە، نەفرەتیان بۆ ئەم شەڕە دوورو درێژە دەنارد. بەڵام چارنەبوو دەبوایە گوللە تۆپ و سەندوقە فیشەك و تۆپە سیمی دڕکاوی و ئازووقە بۆ شەڕگە بەرن و دەیانبرد. جا بۆ نەگبەتی کەش و هەواکەی هێندە خۆش بوو کە لە تۆ وایە ئەو خەڵکە بۆ درەوی گیای چڕو گەیوو دەعوەت دەکات. بەوەش هێندەی دی پەست دەبوون.

پانتلی پروکوفیوفیچ، خۆی بۆ درەو ئامادە دەکردو زۆر لە داریا پەست بوو. بە خۆو باری جووتێ گاجووتەوە، تەقەمەنی و فیشەکی بۆ جەبهە بردبوو، دەبوایە ئێستا دەمێك بوایە، بگەڕایەتەوە. بەڵام هەفتەیەك بوری و هیچ هەواڵێك لە دارياوە نەبوو. بەبێ ئەو جووتە گایە بە هێزو ڕەسەنە، هیچ کارێکی کەشاوەرزی و دەشتودەر نەدەکرا.

لە ڕاستیدا نەدەبوو داریا بنێرێ... پانتلی پروکوفیوفیچ بە نە بەدڵی گاجووتەکانی بەو سپارد بوو، چونکە دەیزانی چەند حەز دەکات، کات و ڕۆژان بە خۆشی بگوزەرێنێ و چەند حەیوانەکان فەرامۆش دەکات. بەڵام جگە لەو کەسی دی نەبوو. نەدەبوو دونیاشکا بنێرێت، چونکە ماقوول نەبوو کچێکی عازەب دەگەڵ قۆزاقانی بێگانەدا بۆ ئەو ڕێگا دوورە بنێرێت، ناتالیاش هەر فریای منداڵەکانی خۆی دەکەوت، خۆ پیرەمێردیش دەرەقەتی هەڵگرتنی سەندوقە فیشەکان نەدەهات. داریا بە خوایشتی خۆی چوو بووە ژێر باری ئەم کارە. پێشترش، بە کەماڵی ئارەزوو بۆ هەموو شوێنێك دەڕۆیی: بۆ ئاش، بۆ هەر کارێکی پێویستی ماڵ و، کێڵگەو مەزرایان دەچوو، ئەمەشی زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە لە دەرێی ماڵدا هەستی بە ئازادییەکی زیاتر دەکرد. لەزەتی لە سەفەران دەبینی. چونکە ئیدی لە چاودێری خەسووی دوور دەکەوتەوە، دەیتوانی بەدڵی خۆی دەگەڵ ژنانی دیدا سەری قسەو باسان دابمەزرێنێ. دەیتوانی خۆی گوتەنی دەگەڵ هەر پیاوێکی هەرزەدا کە دڵی بیگرێ "سووکە ئاشقێنیەکی ڕەوتەنی" بکات. بەڵام لە ماڵەوە، لەوەتای پیوتەر مردبوو، ئیلی نیچنا ڕێگەی ئەو کارانەی پێنەدەدا. وەکو ئەوەی بتوانێت دارياییەك کە لە ژیانی پیوتەردا ئەو هەموو خیانەت و بێوەفاییەی دەرهەق کردبوو، لە مەرگیا بە وەفاداری بهێڵێتەوە.

پانتلی پروکوفیوفیچ، سوور دەیزانی داریا وەکو پێویست ئاگاداری گاجووتەکان ناکات، بەڵام چاری نەبوو، بووکە گەورەکەی خۆی بۆ ئەم سەفەرە نارد بوو. بەڵێ ناردبووی، بەڵام یەك هەفتەی تەواوی لە نیگەرانیو دڵەڕاوکێدا بەسەر برد. زۆرجار لە نیوەشەودا بێدار دەبووەوە، ئاهێکی قووڵی هەڵدەکێشاو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "نەخێر، تازە گایەکانم تیا چوون!"

داریا، بەیانی ڕۆژی یازدەمین لە سەفەرەکەی گەڕایەوە. پانتلی پروکوفیوفیچ، تازە لە دەشت هاتبووەوە. دەگەڵ ژنەکەی ئانیکوشکادا خەریکی درەو بوو، ئەو ودنیاشکای لە دەشت بە جێهێشتبوو خۆی بۆ گوندی گەڕابووەوە تا ئاوو خۆراکیان بۆ ببات.

پیرەمێردو پیرەژن، خەریکی نانخواردنی بەیانی بوون، کە لە پەنجەرەکەوە دەنگی ئاشنای چەرخی عەرەبانەکەیان هاتە گوێ، ناتالیا، بە چاپووکی خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەکەو داریای بینی کە سەرو ڕووی تا چاوەکانی هەڵپێچا بوو، گایە ماندوو و لاوازەکانی دێنایە ناو حەوشەوە.

پیرەمێرد، کە لە پەلەپەلیدا، پاروەکە پەڕییە گەرووی، پرسی:

– خۆیەتی؟

– بەڵێ.

پیرەمێرد، لە بن لێوەوە گوتی:

– باوەڕم نەدەکرد جارێکی دی چاوم بە گایەکانم بکەوێتەوە!سوپاس بۆ خوا! کە ئەم چاو باشقاڵی چاو چڕێنە ئاخری گەڕایەوە!....

نیشانەیەکی خاچی کێشاو لە تێریدا قرقێنەیەکی دایەوە.

داریا، پاش ئەوەی کە گایەکانی لە عەرەبانەکە بەردا. سەرجلی گایەکانی قەد کرد، لەبەر دەرگا داینا، خۆی بە مووبەقەکەدا کرد، سڵاوی لە حازری کرد. پانتلی پروکوفیچ بێئەوەی سڵاوەکەی داریا بسەنێتەوە، لە کاتێکا ژێراو ژێر تەمەشای دەکرد، بە تووڕەیی گوتی:

– دیمانەت بە خێر گیانە! پەلەت چی بوو! دەتتوانی یەك هەفتەی دیکەش بەڕێوەبێت!

داریا، کە لەچکە تۆزاوییەکەی لەسەری دادەکەند، بە توندی بەرسڤی دایەوە:

– ئێ خۆت بڕوشتبای!

ئیلی نیچنا، بۆ ئەوەی ئاگرەکە بکوژێنێوە هەڵیدایە:

– بۆچی دوا کەوتیت؟

– نەیان دەهێڵا بگەڕێمەوەو هیچ چارێکم نەبوو.

پانتلی پروکوفیوفیچ بە نەباوەڕیەوە سەری لەقاند:

– بۆچی ڕێگەی ژنەکەی خریستونیایان داو ڕێی تۆیان نەدا؟

چاوانی داریا لە تووڕەییدا گرییان لێدەبووەوەو گوتی:

– ڕێی منیان نەدا، چی بکەم؟ ئەگەر باوەڕ ناکەیت سواری ئەسپەکەت ببەو بڕۆ لە سەر کاروانەکە بپرسە.

– پێویست ناکات بڕۆمو پرسیاری تۆ بکەم. بەڵام جارێکی دی تۆ لە ماڵ دەمێنیتەوە. تاقە شتێك کە پێویستە تۆی بۆ بنێردرێ، هەر مەرگی خۆتە.

– هەڕەشەم لێدەکەیت! هەر هەڕەشە بکە! من خۆم ناڕۆم! ئەگەر بشمنێریت، ناڕۆم!.

پیرەمێرد، بە زمانێکی کەمێك نەرمتر پرسی:

– ئەدی گایەکان چۆنن؟

– عەیبیان نییە، هیچمان بەسەر نەهاتووە...

داریا، بەبێ مەیلی بەرسڤی دەدایەوەو لە شەوی تاریك عەبووستر بوو. ناتالیا، لە دڵی خۆیدا گوتی: "دیارە، لە فاسقێکی ڕێگای دابڕاوە بۆیە هێندە پەستو تووڕەیە..."

ناتالیا، هەمیشە هەستی بە بەزەیی و بێزاری دەربارەی داریاو ڕیسکە ئاشقێنەیە گومان لێکراوەکانی دەکرد.

لە نانی بەیانی بوونەوە. پانتلی پروکوفیوفیچ، خۆی ئامادە دەکرد کە بڕوات، لەو کاتەدا ئەتامانی گوند هاتو گوتی:

–حەزم دەکرد خواحافیزیت لێبکەمو ئومێدی سەفەرێکی خۆشت بۆ بکەم. بەڵام پانتلی پروکوفیوفیچ، وازبێنە، مەڕۆ.

پیرەمێرد، بە ملکەچیەکی ساختەوە، لە کاتێکا خەریك بوو دڵی شەقی دەبرد، پرسی:

– ناشێ دیسان بۆ بێگاری گواستنەوەی باروبنە هاتبی؟

– نەخێر ئەمجارەیان بەزمێکی دیکەیە. قەرارە ئەمڕۆ فەرماندەی گشتی سوپای دۆن، خودی جەنەڕاڵ سیدورین، بێت بۆ ئێرە، تێدەگەی؟ هەر ئێستا پەیکێك نامەیەکی لە ئەتامانی ناوچەوە بۆ هێنام. ئەمرە، کە هەموو پیرەمێردانو پیرەژنان تێکڕا بۆ کۆبوونەوەی گشتی گوند کۆبکەمەوە.

پانتلی پروکوفیوفیچ هاواری کرد:

– چیە، ئەمانە شێتن، ئەقڵیان نیە؟ ئاخر کێ بەم گەرمەی ئیشو کارە، ئامادەی کۆبوونەوە دەبێ؟ باشە ئەم جەنەراڵ سیدورینەی تۆ دێت، گیا بۆ زستانی من کۆبکاتەوە؟

یارۆی ئەتامان، بە هێمنی گوتی:

– چەند جەنەڕاڵی منە، ئەوەندەش جەنەڕاڵی تۆیە. من ئەمر جێبەجێ دەکەمو تەواو. گایەکانت لە عەرەبانەکە بکەوە! دەبێ بە نانو نمەکەوە پێشوازی بکەیت. دەڵێن چەند جەنەڕاڵێکی هاوپەیمانانیشی لەگەڵدان.

پانتلی پروکوفیوفیچ، هەڵوەستەیەکی بەدیار عەرەبانەکەیەوە کرد، دە بیرەوە چوو، گایەکانی کردنەوە. ئەتامان کە بینی، بە قسەی ئەوی کرد، خۆشحاڵ بوو و پرسی:

– دەتوانی ماینەکەتم بدەیتێ؟

– ماینی منت بۆ چیە؟

– نەحلەت لە شیریان! ئەمرە ،کە دوو ترۆیکا (جۆرە عەرەبانەیەکی سێ ئەسپییە) تا دۆڵی (دورنۆی) بنێرینە پێشوازیان. ئاخر من ئەسپو عەرەبانە لە کوێ بێنم؟ نازانم چی بکەم. لە شەوەکیەوە بە خەبەرم، لێرەوە ڕاکە بۆ ئەوێ، پێنج کەڕەت ئەم کراسەم لە ئارەقەدا هەڵکشاوە. تا

ئێستا تەنیا چوار ئەسپم پێ پەیدا کراوە. خەڵکی هەموو خەریکی کارن‌و چوونەتە دەشت. چەند هاوار بکەی کەس بە دەنگتەوە نایە، کەس وەڵامت ناداتەوە...

پانتلی پروکوفیوفیچ، هێدی بوو بووەوە، لە ڕووی ناچارییەوە ئامادە بوو ماینەکەی بداتی‌و تەنانەت پێشنیازی کرد کە عەرەبانە چکۆلەکەشی بداتی. ئاخر، فەرماندەی گشتی دەهات بۆ گوندەکەیان، لەگەڵ جەنەراڵانی بێگانەشدا، پانتلی پروکوفیوفیچ، هەمیشە ڕێزو حورمەتی تایبەتی بەرانبەر بە هەر جەنەراڵێك هەبوو...

ئەتامان، ئەنجام دوای هەوڵ‌و کۆششێکی فرە، هەرچۆنێ بوو دوو ترۆیکای فەراهەم کردو بەرەو دۆڵی "دورنۆی"، بۆ پێشوازی میوانە بەرێزەکانی ناردن. خەڵکی لە مەیدانی گوندا کۆدەبوونەوە. زۆریان، دەستیان لە کاری درەو وگیا کۆکردنەوە دێناو بە هەشتاو لە دەشتەوە بۆ گوند دەگەڕانەوە.

پانتلی پروکوفیوفیچ-ش دەستی لە کار هەڵگرت، خۆی گۆڕی، کراسێکی خاوێنی لەبەر کرد، پانتۆڵێکی ماهوتی قەیتان سووری پۆشی، ئەو کڵاوەی لە سەر نا کە کاتی خۆی گریگۆری بە دیاری بۆی هێنا بوو. دوای ئەوەی پیرەژنەکەی خۆی ڕاسپارد کە بە داریادا ئاوو خواردن بۆ دونیا بنێرێت، بە خۆی بە ویقارەوە بەرەو مەیدانی گوند پەل بووەوە.

زۆری پێنەچوو، تەپوتۆزێکی خەست، لەسەر جادەکە هەستاو بە هەشتاو ڕوویکردە گوند، شتێك لە نێو گەردو تۆزەکەدا دەبریقایەوەو لە دوورەوە ئاوازی خۆشی کەڕەنا بەرز بووەوە. میوانەکان بە سواری دوو ئوتومبیلی نیلی ڕەخشان دەهاتن. هەردوو ترۆیکا خاڵیەکەش، لە دوای ئەوانەوە، بە مەسافەیەکی دوور بە چوار ناڵە دەهاتن‌و بەلای ئەو دروێنەوانانەدا، کە لە دەشت دەگەڕانەوە، تێدەپەڕین، ئەو زنگوڵانەی کە ئەتامان بۆ ئەم بۆنە پڕ شکۆیەی پەیداکرد بوون‌و کردبوونی بە نیری ئەسپەکانەوە بە نەوایەکی ناسازو خەمینەوە دەزرنگانەوە. ئیدی ئەو خەڵکەی لە مەیدانەکەدا خڕ بوو بوونەوە جۆش‌و خرۆشێکی ئاشکرایان تێکەوتبوو، هەموو قسانیان دەکرد، منداڵان بە شادییەوە هاواریان دەکرد. ئەتامان مژوول‌و سەرقاڵ دەهات‌و دەچوو تا ئەو پیاوماقوڵانە خڕبکاتەوە کە شایستەی نان‌و نمەك پێشکەش کردن بوون. چاوی بە پانتلی پروکوفیوفیچ کەوت، بە خۆشحاڵییەوە دەست‌و داوێنی ئەو کەوت:

- بیکە بە خاتری مەسیح فریام بکەوە! تۆ پیاوێکی ئەزمووندار، ڕێوڕەسمی کاران دەزانی... دەزانی چۆن تەوقەیان لەگەڵ دەکرێت‌و ئەو شتانە... ئەمە جگە لەوەی ئەندامی ئەنجوومەنی ناوچە بوویت، هەروەها کوڕێکت.... تکا دەکەم، تۆ نان‌و نمەکەکەیان بۆ دابنە. من، وەکو دەبینی، دەترسم، ئەژنۆکانم دەلەرزن.

پانتلی پروکوفیچ، وێڕای ئەوەی کە لە ڕادەبەدەر بەم شانازییە سەربەرز بوو، سەرەتا لە ڕووی نازەوە ملی نەدا، بەڵام پاشان ملی داو، خێرا نیشانەی خاچی کێشاو ئەوسا سینیە نان‌و نمەکەکەی، کە خاولییەکی گوڵدۆزی بەسەردا درا بوو، هەڵگرت‌و ئەوسا بە ئانیشکان دڕی بە خەڵکەکەداو ڕێی بۆ خۆی کردەوەو چووە پێشەوە.

ئوتومبیلەکان بەلەز لە مەیدانی گوند نزیك دەبوونەوە، گەلە سەگێکی هەمە ڕەنگ، کە هێندە وەڕی بوون، دەنگیان نووسا بوو، بە دوویاندا غاریان دەدا.

ئەتامان کە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، بە گوێی (پانتلی پروکوفیوفیچ)یدا چپاند:

—چۆنی؟ خۆ نە شەپۆکاوی؟

ئەمە یەکەمجار بوو، کە پیاوانی وا گەورەی دەبینی. پانتلی پروکوفیوفیچ، مۆڕەیەکی وەهای لێکرد کە سپێنەی چاوەکانی درەوشانەوەو بە دەنگێکی شڵەژاو گوتی:

– ئادەی وەرە ئەمە بگرە تا من ڕدێنم شانە بکەم. بیگرە!

ئەتامان، بە گوێڕایەڵی سینیەکەی لێوەرگرت. پانتلی پروکوفیوفیچ دەستی بە ڕیش‌و سمێڵی خۆیدا هێناو ساف کردن، بۆ ئەوەی شەلییەکەی دەرنەکەوێت، لەسەر نووکی پێیە چەپەکەی وەستاو دووبارە سینیەکەی لە ئەتامان وەرگرتەوە، بەڵام سینییەکە بەجۆرێ بەدەستیەوە دەلەرزی کە ئەتامان بە ترسەوە پرسی:

– نەیخەیت، ها؟ ئاگاداربە!

پروکوفیوفیچ، بە فیزێکەوە شانەکانی هەڵتەکاندن. حەیفت نەکرد، ئەو وسینییەکە بخات! کەس هەیە قسەی وابکات؟

ئاخر ئەو دنیای دیتووە، ئەندامی ئەنجوومەنی ناوچە بوو. بە دەیان جار لە کۆشکی ئەتامانی گەورەدا، تەوقەی لەگەڵ، گەورە پیاواندا کردووە، تازە بە تازە لەبەردەم کۆنە جەنەراڵێکدا بترسێت؟ ئەم ئەتامانە بچووکە داماوەی گوند، بە تەواوەتی پەشۆکا بوو. پانتلی کەوتە خۆهەڵکێشان:

– گوێبگرە برا! ئەوکاتەی کە لە ئەنجوومەنی ناوچە بووم،

لەگەڵ خودی جێگری ئەتاماندا، چای دیژلەمەم دەخواردەوە...

بەڵام لەپڕ بێدەنگ بوو، وشەی لە زار تاسا. ئوتومبیلی یەکەم لە دە مەتری ئەودا وەستا. شۆفێرێکی ڕدێن تاشراو، کە کاسکێتێکی قەراغ پان‌و لە سەرو کەتافیەیەکی باریکی فەرەنگی بەسەر شانەوە بوو، بە گورجی خۆی هەڵدایە خوارەوەو دەرگای ئوتومبیلەکەی کردەوە. دوو ئەفسەر بە جلی خاکی جەنگەوە، بە ویقارەوە لە ئوتومبیلەکە دابەزین‌و بەرەو ئاپۆرای جەماوەری خەڵکەکە هاتن. ئەم ئەفسەرانە ڕاستەوخۆ بەرەو لای پانتلی پروکوفیوفیچ، کە وەکو بت وەستابوو دەهاتن. پانتلی پروکوفیوفیچ، وای وێنا دەکرد کە جەنەراڵەکان هەمان ئەو دوو کەسەن کە جل‌و بەرگی سادەیان لە بەربوو، بەڵام ئەوانی دی کە بەسەروسیمایەکی شایستەترەوە لە دوای ئەوانەوە دەهاتن، دەست‌و پێوەند‌و یاوەڕان‌و سکۆرتی ئەوانن. پیرەمێرد بێئەوەی چاوبتروکێنێ. چاوی بڕیبە میوانەکان کە بەرە بەرە نزیك دەبوونەوە، سەرسامی بە نیگایەوە دیار بوو. ئەدی کوا نەجمە ڕەخشانەکانی سەر شانیان؟ ئەدی کوا میداڵ‌و نیشانانی جەنەراڵی؟ ئاخر ئەمانە چتۆ جەنەراڵێکن، کە بە ڕواڵەت لە هەر کاتبێکی عەسکەری جیا ناکرێنەوە؟ پانتلی پروکوفیوفیچ، هەستی بە جۆرە پەشیمانییەك دەکرد، تەنانەت لە دڵی خۆیدا گلەیی لە خۆی دەکرد کە بۆچی بۆ ئەم ڕێوڕەسم‌و بۆنەیە بەو شکۆیەوە خۆی ئامادە کردووە، لەم

جەنەرالآنە پەستو بێزار بوو کە پایەو مەقامی جەنەڕاڵییان بەو ڕادەیە ڕەزیل کردووە. عەمریان نەمێنێ! ڕەزایان بمرێت! ئەگەر دەیزانی جەنەراڵەکان ئەمانەن، قەت بەو جۆرە بەخۆی ڕانەدەگەیی، جلو بەرگی تازەی وەکو قەلپیاوان بەخۆو سینیەك نانی نیوە برژەوە کە پیرەژنێکی چڵمن برژاندبووی، ڕەق ڕانەدەوەستا، نا، پانتلی پروکوفیوفیچ، هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان، گەپجاڕی خەڵکی نەبووە، کەچی ئێستا ئەو حاڵەی بەسەر هاتووە: تۆزێك لەمە پێش بە گوێی خۆی گوێی لێبوو کە منداڵان لە دواوە پێی پێدەکەنین. تەنانەت یەکێك لەم توخمە شەیتانانە پڕ بە زار هاواری کرد: "کوڕینە تەمەشاکەن، ئەم میلیخوفە، بەو لاقە شەلەیەوە چۆن خۆی پڕ با کردووە، دەڵێی داری قووت داوە." جا خۆزیا تەحەمولی ئەم تەشەرانەو ئەم گوشارەی کە خستبوویە سەر لاقە لەنگەکەی سوودێکی دەبوو!... پانتلی پروکوفیوفیچ زۆر توڕە بوو، لە ناخا خۆی دەخواردەوە. هەموو ئەم بەڵایەی بە هۆی ئەم ئەتامانە ترسنۆکەوە بەسەردا هات! هاتبوو، هێندەی لەبەر پاڕابووەوەو هێندەی پێدا هەڵگوتبوو، تا ماینو عەرەبانەکەی لە پانتلی وەرگرتبوو، بە هانکە هانك، هەموو گوندی وەژێر پاوە نابوو تا زەنگو زەنگۆڵانی بۆ ترویکاکان پەیدا کردبوو، ڕاستیان گوتووە: "ئەوەی لە ژیانیا پیاوی ماقووڵو پیاوانەی نەبینێ بێ، دڵی بەدیتنی داهۆڵانیش خۆشە." پانتلی پروکوفیوفیچ بە عەمراتی ئەمجۆرە جەنەراڵەی نەبینی بوو! بۆ نموونە لە نمایشی سوپایی تزاریدا، بە چاوی خۆت پیاوێکت دەبینی، بە ڕێکردنێکی عەسکەریانە دەهات. سینگو بەرۆکی پڕ بوو لە میداڵو نیشانو قەیتانی زێڕین. بینینی دڵی دەکردەوەو ڕوحی تازە دەکردەوە. دەتگوت نەك جەنەراڵ، بەڵکو شەمایلی پیرۆز بوو! بەڵام ئەمانە، یەکپارچە سەوز، عەینی کاسەڵە شینکە! تەنانەت کاسکێتیشیان لەسەر نەبوو کە پێویستە دەگەڵ جلی فەرمیدا لە سەر بکرێت، بەڵکو کڵاوێکی قۆقزی قەراخ باریکی وەکو قوببەیان لە سەر بوو. ڕدێنیان وا لووس کردبوو، بە چراوە گەڕابای داوە موویەکت پێوە نەدەبینی... پانتلی پروکوفیوفیچ برۆکانی وێکهێنانەوەو خەریك بوو لە داخا تف بکات، بەڵام یەکێك لە دواوە بە توندی تێوەی ژەندو بە دەنگی بەرز گوتی:

– دە، خێرا سینیەکە بەرە پێشێ.

پانتلی پروکوفیوفیچ، هەنگاوێك چووە پێشێ. جەنەراڵ سیدورین لە سەرو ئەوەوە، چاوێکی خێرای بە جەماوەری خەڵکەکەدا گێڕاو بە دەنگی بەرز گوتی:

– سلاو لە ئێوە، لە ڕدێن سپییانی بەڕێز.

جەماوەری خەڵکەکە، بە دەنگێکی ناسازو بەرزو نزم بەرسڤیان دایەوە:

– سەلامەت بی، تیمسار!

جەنەراڵ، بە ویقارو ڕێزەوە نانو نمەکەکەی لە دەست پانتلی پروکوفیوفیچ وەرگرت، سوپاسی کردو سینییەکەی دایە دەست ئاجودانەکەی.

عەقیدێکی باریكو بنێسی ئینگلیزی لە تەنیشت سیدورینەوە وەستا بوو، لە ژێر کڵاوخودەکەیەوە کە تا سەر چاوی هاتبوو، بە کونجکاوی وخوێنساردیەوە تەمەشای قۆزاقەکانی دەکرد. ئەم عەقیدە بە ئەمری جەنەراڵ بریگس، سەرۆکی شاندی عەسکەری بەریتانی لە قەفقاز،

دەگەڵ جەنەڕاڵ سیدورین دا، هاتبووە سەردانی ناوچەکانی سوپای دۆن کە تازە لە بەلشەویکان پـاك کـرا بـووەوە. زۆر بـە وردی و بـە کۆمـەکی دیلمانجێـك(وەرگێـڕ)، بـاری دەروونـی و ورەی قۆزاقەکانی تاوتوێ دەکرد و لە هەمان کاتدا لە بارودۆخی بەرە جیاوازەکانی دەکۆڵییەوە.

هەرچـەندە عەقیـدی نـاڤبری، لـە سـەختی سـەفەرەکانی و یـەکهاوی ئـەو دەشـتە پـان و بەرینـەو گفتوگۆیە دووبارەکان و هـەر هـەموو ئـەو ئەرکە قورسانەی کە وەکو نوێنـەری دەوڵـەتێکی گـەورە، بێزار بوو بوو، بەڵام بەرژەوەنـدی دەوڵـەتی پاشایی ئینگلیستان لە پێش هەموو شتێکەوە بوو! بۆیـە زۆر بـە وردی گـوێی لـە گوتـاری وتاربێـژانی ناوچـەکە دەگـرت و تەقریبـەن لـە هـەموویان تێدەگـەیی، چـونکە هەرچـەندە دەیشـاردەوە، بـەڵام زمـانی ڕووسـی دەزانـی. بەکبریایـەکی بەریتانیایی تایبەتیـەوە دەیڕوانیـە سەرو سیمای جەنگاوەرانەو توندو تیـژی ئـەو دەشـتەکییانەو سەری لە نەژادی ئاوێتەو هەمە جۆری جەماوەری خەڵکی قۆزاق سوڕدەما: لە پاڵ قۆزاقیەکی قژ زەردی سلاڤی ڕەچەڵەکدا، مەغۆلیەکی ڕاستەقینە بەدی دەکرا، دوای ئەو قۆزاقێکی گەنجی ڕەش عەینی قەڵەڕەش دەبینرا کە بازووی بە پارچە سارغییەکی چڵکن پێچا بوو و بە ئەسپایی دەگەڵ پاتریـارکێکی ڕدێـن سـپیدا، کـە بـە پێغەمبـەرانی نـاو تـەورات دەچـوو، دەپـەیڤی و بینـەر دەیتـوانی گرێو بکات کە خوێنی خالیسـەی دانیشـتوانی کۆچاڕەکـانی قەفقاز بە دەمارەکـانی ئەم پیرەمێردە ردێن سپیەدا، دێت و دەچێت.

یارۆی عەقید، کەم دابێژێك شارەزایی لە مێژوودا هەبوو. گاڤێ کە تەمەشای قۆزاقەکانی دەکرد، لە دڵی خۆیـدا دەیگـوت نـە ئـەم خەڵکـە کێویـە و نـە نـەوەکانیان نـاتوانن بـە فەرمانـدەیی بلاتـۆفێکی دیکـە، بـەرەو هینـد لەشکرکێشـی بکـەن. دوای سـەرکەوتن بەسـەر بەلشـەویکەکاندا، ڕووسـیا کـە هـەموو خـوێنی خـۆی لـە شـەڕی نـاوخۆدا، لـە دەسـت داوە، تـا ماوەیـەکی زۆر لـە ڕیـزی دەوڵەتـە مەزنـــەکان،دوور دەخرێتـــەوەو لـــە ئەنجامـــدا، لـــە چـــەندین دەیـــەی داهـــاتوودا، کۆلۆنیـــە ڕۆژهەڵاتیەکانی، بریتانیای مەزن بە دەقی خۆیانەوە دەمێنن و لە هەر هەڕەشـەیەك بـە دوورو بـەدەر دەبن. بەڵام سەبارەت بە بەلشەویکان، یارۆی عەقید تەواو دڵنیا بوو کە درەنگ یا زوو کوڵدەدەن و شکسـت دێـنن. عەقیـد، پیـاوێکی واقیعـبین و خـاوەن ڕۆشـنبینی تـەواو بـوو و بـەر لـە جـەنگ ماوەیـەکی زۆری لـە ڕووسـیادا بـە سـەر بردبوو. هەرچی دەکـرد و دەکۆشـا، نەیدەتوانی بـاوەڕ بـە سەرکەوتنی بیرێن خەیاڵی و نۆباوی کۆمۆنیزم لەم وڵاتە نیمچە کێوییەدا، بکات...

سەرنجی عەقید، لە سەر خێڵـی ژنـان گیرسایەوە کە بە دەنگی بەرز لـە بـەینی خۆیانـدا قسـانیان دەکرد. بێئەوەی ئـاوڕ بداتـەوە ژێـراو ژێـر ڕوانیـە، روخسـاری تاوەگـازو گۆنـای زەق و گۆشـتنیان و بزەیەکی قێزەون، کەوتە سەر لێوە هەڵقورتاوەکانی کە بە ئاستەم هەستی پێدەکراو نەدەکرا.

پانتلی پروکوفیوفیچ، دوای ئەوەی نان و نمەکەکەی پێشکەش کرد، گەڕایەوە بۆ ناو ئاپۆڕای خەڵکەکەو نەوەستا تا گوێ لە وتاری نوێنەری ڤیشنسکایا بگرێت بەڵکو، بە ناوی خەڵکی قۆزاقی ناوچەی ڤیشنسکایاوە کەوتە خێرهانینی میوانەکان و بەرەو ترۆیکاکان چوو کە لە دوورەوە وەستا بوون.

ئەسپەکان لە ئارەقەدا هەڵشکا بوون، بە زەحمەت هەناسەیان دەدا. پیرەمێرد چوو بەلای ماینە چکۆلەکەی خۆیەوە کە لە ناوەڕاستەوە دابەسترابوو و دەمو قەپۆزی بە سەری قۆڵی سڕیو ئاهێکی هەڵکێشا. لە نائومێدیدا، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد بە دەمڕێژی جنێوان داخی دڵی خۆی هەڵڕێژێتو ماینەکەی بە پەلە بکاتەوەو بۆ ماڵی بەرێتەوە!

لەم کاتەدا جەنەراڵ سیدورین، کەوتە قسەکردن بۆ خەڵکی تاتارسکی. بەدەم مەدحو ستایشی ئۆپەراسیۆنە عەسکەرییە سەرکەوتووەکانیانەوە لە پشت جەبهەی سوورەکانەوە گوتی:

– ئێوە، دلێرانە، شەڕی دژمنی هاوبەشی هەردوولامانتان کرد نیشتمانی ئێمە کە بەرە بەرە لە ژێر نیری ترسناکی بەلشەویکان ئازاد دەبێت، هەرگیز قارەمانیەتیو خزمەتگوزاری ئێوە لە بیر ناکات. من حەز دەکەم، دیاریەکی ڕەمزی بدەین بە ژنانی گوندەکەی ئێوە، چونکە وەکو ئاگادارین، لە خەباتی چەکدارانەدا دژی سوورەکان، گۆی هونەریان بردووەتەوە. تکا لەم ژنە قارەمانە قۆزاقانە دەکەم، کە ناویان دەخوێنرێتەوە، بێنە پێشەوە.

ئەوسا، ئەفسەرێك، لیستێکی کورتی ناوانی خوێندەوە، یەکەم ناوی لیستی ناڤبری ناوی داریا میلیخوفا بوو. ئەوانی دی بێوەژنانی ئەو قۆزاقانە بوون کە لە هەوەڵی ڕاپەڕینەکەدا کوژرا بوونو ئەوانیش وەکو داریا لە کوشتاری ئەو ئەسیرە کۆمۆنیستانەدا بەشداریان کردبوو کە دوای تەسلیم بوونی کەتیبەی سیردوبسك، بە گوندی تاتارسکیدا، برا بوون.

داریا، وەکو پانتلی پروکوفیوفیچ ئەمری کردبوو، نەچوو بوو بۆ کێڵگەو مەزرا. لە نێو ژنانی گونداو لە مەیدانەکە بوو، وا خۆی ڕازاند بووەوەو تاسو لوس دا بوو، لە تۆ وایە خۆی بۆ جەژن ئامادەکردبوو.

هەرکە گوێی لە ناوی خۆی بوو، دری بە ژنەکان داو، بەدەم چاککردنی لەچکە سپیە ئۆیەدارەکەیەوە، بەوپەڕی جورئەتەوە بەدەم سووکە بزەیەکی شادییەوە، چووە پێشێ. وێڕای ئەوەی ماندوویەتی سەفەرە دوورو درێژەکەیو ڕیسكو واریقاتی ئاشقێنیەکەی پێوە دیار بوو، ئەوجاش هەر زۆر جوان بوو. گۆنا، کاڵەکانی کە هەتاویان بەرنەکەوتبوو، پرتەوی ڕەخشانی چاوە کونجکاوەکانی، هێندەی دی بەرجەستە دەکرد. لە کەوانی برۆ وسمە کراوەکانیو لە چینی لێوە خەندانەکانیدا، شتێکی شەهوەت ئەنگێزو نا پاکانە بەدی دەکرا.

ئەفسەرێك، پشت لە ئاپۆڕاکە، ڕێگای گرتبوو. داریا بە هێمنی گوتی:

– ڕێگەی بێوەژنی سەرباز بدە!

چوو بۆ لای سیدورین. میداڵێکی، کە بە نەوارێکی سان جۆرجەوە کرابوو، لە ئاجودانەکەی خۆی وەرگرتو بەدەستو پەنجەێن پەشۆکاو، بە سنجاقێك دای لەبەر بەرۆکی چەپی داریاو پاشان لێو بە بزەوە ڕوانیە چاوانی داریا.

– تۆ بێوەژنی ملازم پیوتەر میلیخوفیت، کە لە مانگی ئادارا کوژرا؟

– بەڵێ.

– هەر ئێستا بڕێك پارەشت دەدرێتێ، پێنج سەد ڕۆبڵ. ئەم ئەفسەرە دەتداتێ. ئەتامانی عەسکەری ناوچەکە، ئەفریکان پتروفیچ بوکایفسکیو حکومەتی دۆن سوپاسی ئەو بوێریو

ئازایەتیەت دەکەن کە نواندووتە، پڕ بە دڵ سەرخۆشیت لێدەکەن‌و هیوادارن هاوخەمیان قەبووڵ بکەی...

داریا، هیچ شتێك لە قسەکانی جەنەراڵ حاڵی نەبوو. بە جوڵەی سەر سوپاسی کردو پارەکەی لە ئاجودانەکە (یاریدەدەر) وەرگرت‌و بەدەم بزەوە ڕاستەوخۆ چاوی لە دوڕ چاوانی جەنەراڵ، کە پیریش نەبوو، بڕی. تەقریبەن هەردووکیان هاوقەدو بالاّ بوون‌و داریا بێئەوەی زۆر شەرم بکات، ڕوخساری لاوازی جەنەراڵی دایە بەر نیگاو لە دڵی خۆیدا گوتی: "نرخێکی ئەوتۆیان بۆ پیوتەری من دا نە ناوە، بەڵێ، ئەمە پارەی جووتێ گاجووتە... بەلاّم ئەم جەنەراڵە بچکۆلەیە، ڕواڵەتی خراپ نییە، بەری دڵ دەگرێت!" سیدورین وای وێنا دەکرد کە داریا بە پەلە دەڕوات، کەچی هەر لەوێندەر وەستا بوو. ئاجودانەکەو ئەو ئەفسەرانەی کە لە پشت سیدورینەوە وەستا بوون، بە جوڵەی برۆ، ئەم بێوەژنە شۆخ‌و شەنگەیان بە یەکدی نیشاندەدا، وردە شەپۆلی شادی بە چاوانیانەوە دەدرەوشایەوە. تەنانەت عەقیدە ئینگلیزەکەش جم‌و جۆڵی پێکەوت، نیتاقەکەی (کەمەربەند) خۆی ڕێکخستەوەو پێ گۆڕکێیەکی کردو تاپۆی سووکە بزەیەك بە ڕوخسارو سیمایەوە دەرکەوت.

داریا پرسی:

– دەتوانم بڕۆم؟

سیدورین، بەلەز گوتی:

– بەڵێ، بەڵێ، بێگومان!...

داریا، بە شپرزەیی، پارەکەی خستە باخەڵی کراسەکەیەوەو بۆ ناو جەماوەری خەڵکەکە گەڕایەوە. هەموو ئەفسەرەکان، کە لە وتارەکان‌و تەشریفاتەکانی دی بێزار بوو بوون، چاویان بڕیە ڕێ‌و ڕەوتی چاپوکانەی داریا.

ئەوسا، بێوەژنەکەی، مارتین شامیل، بە هەنگاوی پەشۆکاوەوە چوو بۆ لای سیدورین. کە میداڵەکە بە یەخەی کراسە کۆنەکەیەوە کرا، لە ناکاوا، بە داماوی و خەمبارییەکی ئەوتۆوە لە هۆڕژنی گریانی دا کە سەروو ڕووی ئەفسەرەکان، حاڵەتی شادی خۆیان لە دەست داو، خەمیان لێنیشت. سیدورین، برۆکانی وێکهێنانەوەو گوتی:

– مێردەکەی تۆش کوژراوە؟

ژنەی تاین، بەدەم گریانەوە ڕوخساری لە نێو هەردوو لەپی ناو سەری بۆ لەقاند کە بەڵێ.

یەکێك لە نێو قۆزاقەکانەوە، بە دەنگێکی گڕ گوتی:

– یەك عەرەبانە منداڵی هەن!

سیدورین، ئاوڕی لای ئەفسەرە ئینگلیزەکەی دایەوەو بەدەنگی بەرز گوتی:

– ئێمە پاداشتی ئەو ژنانە دەدەینەوە کە لە جەنگی دژی بەلشەویکاندا ئازایەتی‌و قارەمانیەتیان نواندووە. زۆربەیان لە سەرەتای ڕاپەڕینی خەڵکەکە دژی بەلشەویکان، مێردەکانیان لە دەست داوەو لە تۆڵەی خوێنی مێردەکانیاندا، یەك مەفرەزەی تەواوی کۆمۆنیستانی ناوچەپیان لە بەین

بردووه. یەکەم ژن، کە من میداڵەکەم لە بەرۆکی دا، ژنی پیاوێکی ئەفسەرە، کۆمیسەرێکی کۆمۆنیستی، کە بە دڕی و دڵڕەقی بە ناوبانگ بوو، بە دەستی خۆی کوشتووە.

ئەفسەرە دیلمانجەکە (تەرجومان، پاچڤەکار) خێرا قسەکانی بۆ کردە ئینگلیزی و عەقیدەکەش سەری دانەواندو گوتی:

– بە ڕاستی من دڵبەندی ئازایەتی ئەو ژنانەم. بەڵام تیمسار پێم بڵێ ئایا ئەم ژنانە ڕێك وەکو پیاوان، لە هەمان زروف پیاواندا بەشداری شەڕیان کردووە؟

سیدورین، بە کورتی بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ.

بە ئاماژەیەکی دەست، کە بێتاقەتی پێوە دیاربوو، داوای لە بێوەژنی سێیەم کرد کە بێتە پێشەوە.

تۆزێك دوای، دابەشکردنی میداڵ و پاداشتەکان، میوانەکان بەرەو ناوەندی دەڤەرەکە کەوتنە ڕێ. ئاپۆڕاکە کە پەلەی چوونە سەر درەویان بوو، بەلەز بڵاوەیان لێکرد، چەند دەقیقەیەك پاش، دیار نەمانی ئۆتومبیلەکان، کە کسۆکان بە حەپەحەپ بەڕێیان دەکردن، جگە لە سێ پیرەمێرد، لە پەنای دیواری کڵێساکە، کەسی دی لە مەیدانەکەدا نەما.

یەکێکیان هەردوو دەستی لێکدی بڵاوکردنەوەو گوتی:

– چ ڕۆژگارێکە ئەم ڕۆژگارە! جاران، لە شەڕدا، خاچی سان جۆرج یان میداڵ، لە سەر کارێن گەورە، لە سەر قارەمانیەتی دەدرا، ئەویش بە کێ، بە خەڵکی زۆر عەگیدو ڕەشید، بەوانەی کە کون لە جەرگیانا نەبوو! بۆیە کەم کەس هەڵدەکەوت کە هەوڵی بە دەستهێنانی خاچ بدات. بە خۆڕایی نەبوو کە لەو دەورو زەمانەدا دەگوترا: "یا بە خاچەوە بۆ ماڵ بگەڕێوە، یان بمرە." کەچی ئێستا چەرخی ڕۆژگار بە جۆرێ گۆڕاوە کە میداڵ بە ژنان دەدرێت، خۆ ئەگەر لە سەر کارێکی گەورەش بیاندرایە هەر نەیسە، بەڵام... هەموو مەسەلەکە ئەمە بوو کە قۆزاقەکان ئەسیرەکانیان بۆ گوند هێناو ژنان بە دارو تێڵا، تێیان بەر بوون و کوشتیانیان، کۆمەڵێك ئەسیری داماوی بێ چەك. قارەمانیەتی ئەم کارە لە کوێدایە؟ خوا شاهیدە، هیچ سەر لەمە دەرناکەم!

پیرەمێردی دووەم، کە کابرایەکی چاو پڕوشی چاوکز بوو، لاقێکی نوشتانەوەو بە خاوی کیسە توتنێکی لوول دراوی لە گیرفانی دەرهێناو گوتی:

– دەسەڵاتداران، لە چرکاسکدا، شتەکە لە ئێمە باشتر دەبینن. هەڵبەتە لە بەینی خۆیاندا گوتوویانە: پێویستەن ژنان بە هەر شێوەیەك بووە بهێنرێنە مەیدانەوە، بۆ ئەوەی هەمووان جورئەت پەیدا بکەن و باشتر شەڕبکەن. بە میان میداڵێك و بەویان پێنج سەد ڕۆبڵ بدرێت، ئیدی کام ژن هەیە خۆی لەبەر ئەم جۆرە شانازییە بگرێت؟ ڕەنگە هەندێ قۆزاق هەبن نەیانەوێ بچنە جەبهەو مەیدان، خۆیان لە شەڕو کوشتار دووربگرن و لە ماڵەوە دەست بە کڵاوی خۆوە بگرن، بەڵام لەمەو دوا کەس خۆی لە ماڵەوە دەگرێت؟ ئیدی ژنەکەی هێندەی بە گوێدا دەخوێنێ کە هەراسانی لێهەڵدەگرێت، هەر ژنێك لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "بەڵکو میداڵێکیش بە بەرۆکی مندا بکەن!".

پیرەمێردی سێیەم بەرپەرچی دایەوە:

– ئامۆزا فیودور، تۆ لە خۆتەوە ئەم قسە هەلەق و مەلەقانە دەکەی! ئەم ژنانە شایستەی پاداشت بوون و پاداشتیان درایە. ئەمانە بێوەژنن، ئەم پارەپە یارمەتیەکی باشە بۆ ژیان و گوزەرانیان و میداڵەکەش پاداشتی ئازایەتیانە. داریا میلیخوفا، یەکەم کەس بوو تۆڵەی خۆی لە کوتلیاروف کردەوە، نە هەقیشی نەبوو! خوا قازی و حاکمی هەمووانە، بەڵام نابێ گلەیی لە ژنان بکەیت، خوێن بە خوێن پاك دەبێتەوە...

پیرەمێردەکان بە سێ قۆڵی، بەدەم گەنگەشەو خوتەو بۆڵەو جنێودانەوە، لەوێندەر مانەوە تا زەنگی نوێژی عەسر لێی دا. هەرکە زەنگی کڵێساکە لێیدا، هەر سێکیان هەستان و کڵاوەکانیان لەسەر داگرت و نیشانەی خاچیان کێشاو بەویقارەوە خۆیان بە حەوشی کڵێساکەدا کرد.

((١٣))

ئەوەی سەیرو غەریب بوو ئەو گۆڕانکارییە بوو کە لە ژیانی خانەوادەی میلیخوفدا ڕووی دابوو! جاران، زۆر نابێ، پانتلی پروکوفیوفیچ خۆی بە خاوەنی ڕەهای ماڵ دەزانی، هەرهەموو ئەندامانی خانەوادەکە بە وردو درشتەوە لە ئەمرو ڕای دەر نەدەچوون، کاروباری ماڵ وەکو سەعاتی میقاتکراو بەڕێوە دەچوو، هەمووان لە خۆشی و ناخۆشیدا شەریك بوون و هاوئاهەنگیەکی گەورەو بە هێز باڵی بەسەر ژیانیاندا کێشابوو. خانەوادەکە وەکو یەك شانە پێکەوە کاریان دەکرد. بەڵام لە بەهار بەملاوە، هەموو شتێك گۆڕا بوو. دونیاشکا، یەکەم کەس بوو کە لە ژێر بار دەرچوو بوو. ئەوە نەبوو لە فەرمانی بابی دەربچێت و فەرمانی لە عاردی بدات، بەڵکو هەر کارێکی پێ سپاردرابا، بە نیوەچڵی و نەبەدڵی دەیکرد، وەکو ئەوە بوو بێگاری پێبکەن و خاوەنی ماڵ نەبێت و لە و ماڵەدا کەسێکی کرێگرتە بێ، لە هەڵس و کەوتیا بە پارێزو گۆشەگیر بوو، بە دەگمەن قاقای پێکەنینە سەربەستەکەی جارانی دەبیسترا.

دوای ڕۆییشتنەوەی گریگۆری بۆ مەیدانی شەڕ، ناتالیاش لە خەسوو و خەزووری دڕدۆنگ و دوورە پەرێز بوو. زۆربەی هەرە زۆری کاتی خۆی دەگەڵ منداڵەکانیدا بەسەر دەبردو تەنیا دەگەڵ ئەواندا بە گەرم و گوڕی قسان و کاری دەکرد. پێدەچوو خەم و پەژارەیەکی گەورەو پەنهانی لە دڵدا بێ، بەڵام هەرگیز، دەردە دڵی خۆی بۆ هیچ ئەندامێکی خانەوادەکە نەدەکرد. هەرگیز گلەیی نەدەکرد، بە هەموو شێوەیەك خەمی خۆی دەشاردەوە.

سەبارەت بە داریا، ئەوە هەر باسی مەکە: لەو ڕۆژەوە کە لە بێگاری گواستنەوەی باروبنە گەڕا بووەوە، ئیدی داریاکەی جاران نەبوو. لە جاران پتر ڕکابەری خەزووری دەکرد. هیچ بایەخێکی بە ئیلی نیچنا نەدەدا، لە هیچە توورە دەبوو، شەڕی بە هەمووان دەفروشت. بە بیانووی نەخۆشییەوە خۆی لە چوونە کێڵگەو درەو و گیادورین دەدزییەوەو هەڵس و کەوتی بە جۆرێ بوو، وەکو ئەوەی هەرچەند ڕۆژێکی لە ماڵی میلیخوفدا مابێ و ئیدی بڕوات.

خانەوادەکە، بە بەر چاوی پانتلی پروکوفیوفیچەوە هەڵدەوەشایەوە. لە ناکاوا، بێئەوەی وێنای شتی وا بکرێت، داوی کەسایەتی و خزمایەتی پچڕا بوو، گەرم و گوڕی پەیوەندی هاوبەش لە

ئارادا نەما بوو، توڕەیی‌و ڕق بەسەر گفتوگۆکاندا زاڵ بوو بوو... ئیدی وەکو جاران وەکو خانەوادەیەکی تەباو گونجاو و یەکگرتوو، بۆ نانخواردن لەسەر یەك خوان کۆ نەدەبوونەوە، بەڵکو وەکو کۆمەڵە خەڵکێکی بێگانە کە ڕێکەوت کۆیان بکاتەوە، بەو ئاوایە کۆ دەبوونەوە. دیارە هۆی هەر هەموو ئەمە، جەنگ بوو. پانتلی پروکوفیوفیچ، زۆر چاك پەی بەمە دەبرد. دونیاشکا لە دایك و باوکی دڵگران بوو، چونکە قاییل نەبوون شوو بە میشکا کوشیڤوی بکات، مێرد بەو تاقە پیاوە بکات کە بە هەموو هەست‌و سۆزو شەیداییەکی کچانەی خۆیەوە خۆشی دەویست. ناتالیا، بە گوێرەی تەبیعەتی مەندی خۆی، لە ناخی ناخەوە، بە بێدەنگی، خەفەتی لە تازە بوونەوەی پەیوەندی ئەو دواییانەی گریگۆری دەگەڵ ئەکسینیادا دەخوارد. پانتلی پروکوفیوفیچ، هەموو ئەمانەی دەبینی، بەڵام هیچی لە دەست نەدەهات تا هەمان تەبایی‌و یەکێتی جاران بۆ خانەوادەکەی بگێڕێتەوە. باشە دوای ئەو هەموو بویەرو ڕووداوانە، چۆن دەیتوانی بەوە قاییل بێ کیژەکەی بدات بە بابایەکی بەلشەویکی سەر سەختی دوو ئاتەشە؟ باشە وا گریمان قاییلیش بوو، ئەم قاییل بوونە بە چی دەچوو لە کاتێکا، یارۆی خوازگار هەر ڕۆژەی لە جەبهەیەك بوو، لەوەش خراتر لە یەکەیەکی سوورەکاندا خزمەتی دەکرد؟ سەبارەت بە گریگۆریش: ئەگەر ئەفسەر نەبوایە، پانتلی پروکوفیوفیچ، دەیتوانی زۆر بە باشی ڕامی بکات، وای ڕامبکات کە نەیتوانیبا، جارێکی دی هەر تەمەشای ماڵی (ستاخوف)ش بکات، بەڵام جەنگ هەموو شتێکی شێواند بوو، کارێکی وەهای کردبوو کە پیرەمێرد نەتوانێ بە کەیفی دڵی خۆی بژیێ‌و ماڵ‌و منداڵەکەی بەڕێوە ببات، جەنگ کوڕە گەورەکەی بردەوە، ئاژاوەو دوو بەرەکی کەوتبووە ناو خانەوادەکەی. جەنگ وەکو لافاوێك بەسەر جارەگەنمێکی گەییودا بدات، بەو ئاوایە دابووی بەسەر ژیانیا: بەڵام گەنم دوای گەرداوش هەڵدەستێتەوەو لە ژێر هەتاوا دەبوژێتەوە، بەڵام پیرەمێرد هەرچی دەکرد نەیدەتوانی پشت ڕاست بکاتەوە. لە دڵی خۆیدا دەستی لە هەموو شتێك شۆردبوو، دەی چی دەبێ با ببێ!

داریا، دڵی بەو پاداشتە خۆشبوو کە لە جەنەڕاڵ سیدورینی وەرگرتبوو. ئەو ڕۆژە بەخۆشی‌و شادی، دەم بە خەندە لە مەیدانی گوند گەڕایەوە. بە چاوانی ڕەخشانەوە میداڵەکەی بە ناتالیا نیشاندا. ناتالیا بە سەرسامی لێی پرسی:

– لەسەرچی ئەمەیان داویتەتێ؟

– لەسەر ئەوەی کە ئیڤان ئەلکسییوفیچ کوتلیاروڤ ڕەحمەتی قەحپە دایکم کوشت! ئەمەشیان لەبەر خاتری پیوتەر دامێ...

بە کەش‌و فشەوە، سەفتە ئەسکەناسەکەی حکومەتی دۆنی بەخشەخش لە بەر چاوی ناتالیادا کردوەوە.

داریا نەچوو بۆ دەشت. پانتلی پروکوفیوفیچ دەیویست خواردنی پێدا بنێرێت، بەڵام داریا ڕێك‌و ڕەوان ڕەفزی کرد:

– بابۆ، لێم گەڕە با ئیسراحەتێ بکەم، ئەو سەفەرە زۆری ماندوو کردووم.

پیرەمێرد،پەست بوو. داریا، بۆ ئەوەی کاریگەری و ناشیرینی ئەم ڕەفزە ڕاشکاوانەو بێ ئەدەبانەیەی خۆی کەم بکاتەوە، بە نیمچە گاڵتەو نیمچە جدییەوە گوتی:

– لە ڕۆژێکی ئاوهادا گوناحە بمنێری بۆ دەشت. ئەمڕۆ جەژنی منە.

پیرەمێرد قاییل بوو.

– قەیدی نیە، خۆم دەڕۆم. ئەدی پارەکە؟

داریا، بە سەرسامی برۆکانی بەرز کردنەوە:

– پارەی چی؟

– مەبەستم ئەوەیە بپرسیم دەتەوێ چی لەو پارەیە بکەیت؟

– ئەوە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە، هەرچیەکی لێبکەم، دەیکەم.

– مەبەستت چیە؟ باشە لەبەر خاتری پیوتەر ئەو پارەیەیان نەدایتێ؟

– داویانە بە من، تۆ هەقت بە سەریەوە نیە.

– باشە تۆ یەکێك نیت لەم خێزانە؟

– تۆ چیت لەم یەکە دەوێ بابۆ، پارەکەی بۆ خۆت لێبسەنیت ؟

– نا، من هەموو پارەکەم مەبەست نیە، بەڵام ئاخر پیوتەر کوڕی ئێمە بوو یان نا؟ من و پیرەژنیش دەبێ بەشمان هەبێ، وانیە؟

دیاربوو کە خەزووری باوەڕی بەم داواو دەعوایەی خۆی نەبوو، بۆیە داریا هەڵی هێناو بە هێمنییەکی دەستکردەوە گوتی:

– من هیچت نادەمێ، تاقە یەك ڕۆبڵت نادەمێ. تۆ بەشت لەم پارەیەدا نیە. ئەگەر بەشی تۆی تیابوایە دەیاندایە دەستی خۆت. ئاخر بە چیا دیارە کە بەشی تۆی تیایە؟ هیچ کەسێك باسی بەشی نەکرد. ئیدی پێویست ناکات، دەست بۆ پارەی من بێنی، چونکە مەحاڵە بیگەیتێ.

پانتلی پروکوفیوفیچ، پەنای وەبەر دوا هەوڵی خۆی برد:

– تۆ لە ماڵی ئێمەدا دەژیت، نانی ئێمە دەخۆیت، مانای وایە دەبێ هەموو شتێکمان هاوبەش بێت. ئەمە کەی بوو بە ئیش هەر کەسە هەستێ و بە جیاو بە کەیفی دڵی خۆی بکات؟ من ئەمە لە کەس قەبووڵ ناکەم!

بەڵام داریا ئەم دوا هەوڵەشی پوچەڵ کردەوەو بەدەم بزەیەکی بێشەرمانەوە گوتی:

– من، بابۆ، ژنی تۆ نیم. ئەمڕۆ لە گەڵ ئێوەدام، سبەی شوو دەکەم و بە جێتان دێڵم! سەبارەت بە خواردنیش هیچ قەرزار باری ئێوە نیم. من دە دانە ساڵ، بێئەوەی بتوانم پشت ڕاست بکەمەوە کارم بۆ خانەوادەکەتان کردووە.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە ڕقەوە هاواری کرد:

– خزمەتی خۆتت دەکرد، سەگی خوێڕی!

هەندێ شتی دیکەشی گوت. بەڵام داریا نەوەستا تا گوێی لێبگرێت. پشتی تێکرد، بەدەم هەڵکردنی داوێنی تەنوورەکەیەوە، بە سمت و کەفەڵ بادانەوە، بە بەردەمیا، ڕۆیی بۆ ژوورەکەی خۆی و بەدەم بزەیەکی تەنزئامێزەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:"وا دەزانی من لەوانەم..."

گفتوگۆو گەنگەشەکەیان لێرەدا کۆتایی هات. لە ڕاستیا، داریا لەوانە نەبوو کە لە ترسی تووڕە بوونی پیرەمێرد، چاوپۆشی لە شتێکی داراییەکەی بکات.

پانتلی پروکوفیوفیچ، خۆی ئامادە کرد کە بڕوات بۆ دەشت، بەڵام پێش ئەوەی بکەوێتە ڕێ، چەند قسەیەکی دەگەڵ ئیلی نیچنادا کرد:

– ئاگات لە داریا بێ...

ئیلی نیچنا بە سەرسامی پرسی:

– بۆچی ئاگام لێبێ؟

– لەوەیە خۆی کۆ بکاتەوەو بڕوات، نەبا شتێکی ماڵەکەمان بەرێ. بە بۆچوونی من، بە خۆڕایی وا خۆی فش ناکاتەوە، ئەم ماستە موویەکی تێدایە... پێدەچێ پیاوێکی بۆ خۆی دۆزیبێتەوە، کاتێکت زانی، ئەمڕۆ و سبەیە، شوویەکی کرد.

ئیلی نیچنا، ئاهێکی هەڵکێشاو قسەکەی پیرەمێردی سەلماند:

– ڕاست دەکەی، لەوە دەچێ وابێ، چونکە وەکو کرێکاری کاتی دەژی، دڵی بە هیچ شتێك خۆش نییە، لە هیچ شتێك و کەسێك ڕازی نییە... دەڵێی نانێکەو بووە بە دوو لەتەوە، نان کە بوو بە دوو لەتەوە، ئیدی یەکدی ناگرێتەوە.

– پێویست ناکات، بە تۆبزی بە خۆمانیەوە بچەسپێنین! پیرەژنی خەڵەفاو، ئەمە دنیایە ئەگەر باسی ڕۆییشتنی هێنایە گۆڕێ، نەخەڵەتابی، بتەوێ گلی بدەیتەوە، وازی لێبێنە با بڕوات! بە ڕاستی زۆری پێوە ماندوو بووم، لەوەی پتر تەحەمولی ناکەم!

پانتلی پروکوفیوفیچ، سواری عەرەبانەکەی بوو و، لە کاتێکا کە گایەکانی لێدەخوڕی، بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکانی خۆی هێنا:

– وەکو چۆن سەگ لە مێشە سەگانە هەڵدێ، بەو ئاوایە خۆی لە کاران دەدزێتەوە. لە سەر خواردن، دەگەڕێت کام پارووە باشە، ئەوە هەڵدەبژێرێت، لە کوێ بەزم و شادیو پێکەنین هەبێ، دەڕوات بۆ ئەوێ. دوای پیوتەر، گۆڕەکەی پڕ لە نوور بێ، ئیدی پێویستمان بەوە نییە، ئافرەتی وا لە ماڵی خۆماندا ڕابگرین. ئەمە ژن نیە، ژانە، دەردو بەڵایە!

هەڵبەتە مەزەندەو گومانی پیرەمێردو پیرەژن هەڵە بوو. داریا تەنانەت بەبیرکردنەوەی ڕووتیش بیری لە شووکردن نەکردبووەوە، بەڵکو خەمێکی دی لە دڵی بار بوو...

داریا بە درێژایی ئەو ڕۆژە خۆش و خوڕەم بوو، قسەی دەکرد، پێدەکەنی. تەنانەت ئەو دەمەقاڵەیەی کە لە سەر پارەکە کردیان، خولق و خووی نەشێواند بوو. ماوەیەکی زۆری لەبەر ئاوێنەدا بردە سەر، لە هەموو لایەکەوە تەمەشای میداڵەکەی خۆی کرد، پێنج کەڕەت جلەکانی گۆڕی تابزانێ چ کراسێکی پتر لەگەڵ نەواری موقەلەی سان جۆرجدا دەگونجێ و تێکدەکاتەوە. بە سوعبەتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئیدی دەبێ چەند میداڵێکی دیکە بە دەست بێنم!" پاشان ئیلی نیچنای بۆ ژووری میوان گازکردو دوو ئەسکەناسی بیست ڕۆبڵی خستە دەستیەوە، لە کاتێکا کە بەدەستە گرمەکانی خۆی، دەستە گرێ گریاویەکانی ئیلی نیچنای بە سینگ و بەرۆکی خۆیەوە دەگوشی، لە بن لێوانەوە گوتی: "ئەمە بۆ یادی پیوتەرە... دایکە دەستوور بدە،

ڕێوڕەسمێکی تێرو تەسەلی خەتم و نوێژی لە کڵێسادا بۆ ساز بدە. هەریسەشی بۆ بکەو لە کڵێسادا دابەشی بکە بە سەر خەڵکیدا..." لە ناکاوا لە هۆڕژنی گریانی دا... بەڵام دوای دەقیقەیەك، وێڕای ئەوەی هێشتا فرمێسکەکانی وشك نەبوو بوونەوەو لە ڕوویا دەدرەوشانەوە، دەگەڵ میشاتکادا کەوتە گەمەو شاڵە ئاوریشمینەکەی ڕۆژانی جەژنی خۆی دەدا بە سەر ئەوداو بە جۆرێ پێدەکەنی و دەتریقایەوە لە تۆ وایە هەرگیز نەگریاوەو تامی سوێری فرمێسکی نەچەشتووە.

دوای ئەوەی دونیاشکا لە دەشت هاتەوە، لە گەمەو پێکەنین کەوت، بۆی گێڕایەوە کە چۆن میداڵی وەرگرتووە. بە شێوەیەکی کومیدیانە، پێی نیشاندا کە یارۆی جەنەراڵ بە چ شکۆو ویقارێکەوە قسەی دەکردو چۆن کابرای ئینگلیز، داهۆڵ ئاسا سەیری ئەمی کردووە، پاشان چاوێکی داگرت و بە تەوسێکەوە ژێراو ژێر ڕوانیە ناتالیاو بە شێوەیەکی جدی بە دونیاشکای گوت کە بەو زوانە، وەکو بێوەژنی ئەفسەرێکی خاوەن میداڵی سان جۆرج، بەو، بە داریا، پلەی ئەفسەری دەدەن و فەرماندەیی یەك سریە لە قۆزاقانی پیر، بەو دەسپێرن.

ناتالیا کە سەرگەرمی کراسی منداڵەکانی بوو، گوێی لە قسەکانی داریا دەگرت و بزەکەی خۆی دەخواردەوە، بەڵام دونیاشکا کە حایرمابوو، هەردوو دەستی تێك هاڵاندبوون و بە پاڕانەوەوە دەیگوت:

– داریا گیان! بە قوربان! تو زاتی مەسیح، درۆم لە گەڵدا مەکە! سەرم لێشێواوە، نازانم کام قسەت ڕاستەو کامیان درۆیە. بەبێ سوعبەت و شوخیان قسە بکە.

– باوەڕم پێ ناکەیت؟ وا دیارە کیژێکی کەودەنی! من ڕاستیت پێدەڵێم. ئەفسەران، هەر هەموویان لە شەڕگەن. کێ مەشقی ڕێکردنی عەسکەری و ڕێو ڕەسمەکانی دیکەی خزمەتی عەسکەری، بە پیرەکان بکات؟ لەبەر ئەمە دەیانخەنە بەر دەستی من، هەنگێ بە چاوی خۆت دەبینی کە چۆن ئەم شەیتانە پیرانە سەمەندۆك دەکەم، دەبینی چۆن فەرمانیان پێدەدەم!

داریا،دەرگای مووبەقەکەی داخست تاخەسووی نەیبینێ. ئەوسا بە چاپوکی پاینی تەنوورەکەی هەڵکردو لوولی داو خستیە ناو گەڵێیەوەو لە پشتەوە بە دەست گرتی، لە کاتێکا پاو پوزە سفت و سۆڵ و بریقەدارەکانی دەرخستبوو، بە سەرانسەری ژوورەکەدا وەکو عەسکەر کەوتە هاتوچۆ. لەلای دونیاشکاوە وەستاو بە دەنگێکی نزم عازێکی دا:

– پیرەمێردان، خەبەردار! ڕیشو بەرز بکەنەوە! بە دەستی چەپا، ئاسایی بڕۆن!

دونیاشکا، خۆی پێ زەوت نەکرا، ڕوخساری لە نێو هەردوو دەستی ناو لە قاقای پێکەنینی دا. ناتالیا بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

– ئۆف، بەسە! ئاخری خێر بێ!

– خێری چی و شەڕی چی؟ چما تۆ بە عەمراتت خێرت دیتووە؟ ئەگەر جارجارێك نە جوڵێنرێی، لەمماڵەدا وشك هەڵدێی.

بەڵام ئەم پێکەنین و خۆشییە وەکو چۆن کوت و پڕ دەستی پێکرد، بەو ئاوایەش دامرکایەوە. دوای نیو سەعاتێك داریا چوو بۆ ژوورەکەی خۆی و بە دڵتەنگی میداڵە شوومەکەی لە سینگ و

بەرۆکی کردەوەو فڕێی دایە ناو سەندووقەکەوە. گوناکانی، لە نێو هەردوو لەپی نان و، ماوەیەکی زۆر لەبەر چەنجەرەکە دانیشت. شەویش بە خشکەیی لە ماڵ وەدەرکەوت و چوو بۆ شوێنێك و تاکو یەکەم بانگی کەڵەبابی شەوێ بۆ ماڵ نەگەڕایەوە.

دوای ئەوە، بۆ ماوەی چوار ڕۆژی تەواو چووە دەشت و لە کێڵگەدا بە جدی کاری کرد.

کاری کۆکردنەوەی گیا، زۆر بە خاوی دەڕۆیی. بازووی کار کەم بوو. رۆژانە، ئەوپەڕی جێگای دوو دۆنمان دەهاتە دورینەوە. باران مەڵۆو گیشەکانی تەڕکردبوو و ئەمەش هێندەی دی کارەکەی لێ قورس دەکردو دەبوایە وێنجەکان لە بەر هەتاو هەڵخرێن تا وشك ببنەوە. کاری کۆکردنەوەی گیاو وێنجە تازە تەواو بوو بوو کە بارانێکی دیکە دەستی پێکرد، بە هەمان گوڕو بەردەوامی بارینی پایزی لە ئێوارێوە تاکو بەرە بەیان بەردەوام بوو. دوای ئەوە هەوا خۆشی کرد، بای ڕۆژهەلات دەستی پێکردو دووبارە تەقو هۆڕی شەپشەپە (مەکینەی درەو) لە دەشتا بەرزبووەوە. بۆنی کەسکونی کەڕوزدەگی لە خەرمان و گیشەێن ڕەشەوەبووی وێنجان هەڵدەستا، تەم و مژ سەرانسەری دەشتەکەی گرتبوو، لە میانەی تەمە ئامال شینەکەوە، بە ئاستەم ترۆپکی گردە دوورەکان کە وەکو پاسەوان ڕەق ڕاوەستا بوون، لە گەڵ کەندەکان و ترۆپکی سەوزی چنارانی دەوری گۆلاوە دوورە دەستەکان دەبینران.

ڕۆژی چوارەم داریا لێبڕا، کە یەکڕاست لە دەشتەوە بۆ مەرکەزی ستان بڕوات، گاڤێ بۆ فراڤین لە دەوری یەکدی خڕبوونەوە، داریا نیازی خۆی ڕاگەیاند.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە ناڕەزایی و بە تەوسەوە پرسی:

– پەلەت چیە؟ ناتوانی تا یەك شەممە سەبر بکەیت؟

– کارم هەیە، ناتوانم چاوەڕوان بکەم.

– کارەکەت ئەوەندە زەرووریە نەتوانی یەك ڕۆژ چاوەڕوان بکەی؟

داریا، لە بن لێوانەوە بەرسڤی دایەوە:

– بەء!

– باشە، ئەگەر کارەکەت ئەوەندە زەروری بێ کە نەتوانی سەبر بکەی، بڕۆ. بەڵام ئەم کارە کوتوپڕە چی بوو بۆت پەیدا بوو؟ نابێ بزانین؟

– ئەوەی کە هەموو شتێکی زانی جوانە مەرگ دەبێ!

داریا، هەمیشە وەڵامی حازری پێبوو. پانتلی پروکوفیوفیچ لە داخا تفێکی کردو وازی لە پرس وجۆ هێنا.

ڕۆژی دوایی، پاش گەڕانەوە لە مەرکەزی ستان، داریا سەرێکی گوندی تاتارسکی دا، تەنیا ئیلی نیچناو منداڵەکان لە ماڵەوە بوون. میشکا بەغاردان بە پیری ئامۆژنیەوە چوو، بەڵام داریا، بە دەست، بە ساردی دایە دواوەو لە خەسووی پرسی:

– دایکە، ناتالیا لە کوێیە؟

– لە بێستانەکەیە، گۆلە پەتاتەکان پاچەکۆڵە دەکات. چ کارێکت پێی هەیە؟ بابۆ لە دووی ناردووە؟ چما شێت بووە؟ وای پێ بڵێ.

– کەس لە دووی نە ناردووە. من خۆم قسەم پێیەتی.

– بە پێیان هاتوویت؟

– بەڵێ.

– بەم زووانە کارەکانمان تەواو دەبێت؟

– ڕەنگە، سبەی تەواو ببێ.

داریا لە پلەکانەوە دادەبەزی و پیرەژن لە دووی نەدەبووەوەو لە پەستاو بێپسانەوە، لە پرسیاری دەگرت:

– ئاخر ڕاوەستە، بۆ کوێ دەڕۆیت؟ باران وێنجەی زۆری زایە کردووە؟

– نا، نا، زۆر نییە. من دەڕۆم، پەلەمە...

– کە لە باخچەکە گەڕایتەوە، وەرە لە گەڵ خۆتا کراسەکەی بابۆ ببە، گوێت لێیە؟

داریا خۆی لە نەژنەوی داو بە هەشتاو بەرەو حەوشی تەویلەکە ڕۆیی. لە کەناری ڕووبارەکەدا، لە دەم ئەسکەلەکەدا وەستاو بە چاوانی نیمچە خەواڵۆوە، ڕوانیە پانتایی سەوزباوی دۆن کە ڕتوبەتو شێیەکی کەسکونی لێهەڵدەستاو بە کاوەخۆ بە قەراخ ڕووبارەکەدا بەرەو باخەکە ڕۆیی.

شنە بایەکی سووک بە سەر دۆنەوە سەمای دەکرد، باڵی نەوڕەسان بەدەم فڕینەوە، لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکانەوە، پێڵو شەپۆلان، بە تەمەڵی خۆیان بە بەستێنی ڕووبارەکەدا دەکێشاو دادەخزین. گردە قسڵینەکان کە تەمێکی وەنەوشەیی تێیان ئاڵا بوو، لە بەر هەتاوەکەدا بە ئاستەم دەبریسکانەوە. بەڵام لەوبەری ڕووبارەکەوە، جەنگەڵو بێشەێن باران شۆردە، وەکو هەوەڵی بەهار، سەوزو تازەو پاراو جیلوە فرۆشیان دەکرد.

داریا نیو پوتەکانی لە پێیە ماندووەکانی داکەند، پێی شۆردن، ماوەیەکی درێژ، لەسەر خڕکە بەردە گەرمەکانی کەنارەکە دانیشتو، لە کاتێکا کە دەستی کردبوو بە سێبەر بۆ چاوی، گوێی بۆ ئاوازو فریادی خەمناکی نەوڕەسانو شڵپو هۆڕی ئاهەنگینی پێڵو شەپۆلەکان شل کرد. ئەم بێدەنگی یەو هاواری نەوڕەسەکان. بە جۆرێ دڵیان گوشی کە هێنایانە گریانو ئەم مسیبەتەی کە لە ناکاوا ڕووی تێکرد بوو هێندەی دی باری سەر شانی قورس کردو تاڵتر دەینواند...

ناتالیا، بە زەحمەت پشتی ڕاستکردەوە، پاچەکەی نا بە پەرژینەکەوە. کە داریای بینی، بەرەو پیری چوو:

– لە دووی من هاتوویت، داشا؟

– خەمو خەفەتی خۆمم بۆ هانیویت...

لە تەنیشت یەکەوە دانیشتن. ناتالیا لەچکەکەی خۆی داکەند، قژەکەی ڕێك خستەوەو بە پەرۆشەوە چاوی بڕییە داریا. سەری لەم گۆڕانە سوڕما، کە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، بە سەر روخساری داریادا هاتبوو: گۆناکانی قوپابوونو ڕەش داگەڕابوون، نێوچەوانی چرچ بوو بوو، پرشنگێکی پڕ نیگەرانی بە چاوانییەوە دیاربوو. ناتالیا بە دڵسۆزییەوە گوتی:

– چیتە؟ دەموچاوت ڕەش هەڵگەڕاوە.

– ئەگەر تۆش لە جیاتی من بوایەی دەموچاوت ڕەش هەڵدەگەڕا...

داریا، بزەیەکی زۆرەکی بۆ کردو بێدەنگ بوو.

– هێشتا پاچەکۆڵەی زۆرت ماوە؟

– تا عەسر تەواوی دەکەم. ئەدی نەتگوت چیت بە سەر هاتووە؟

داریا، بە شپرزەیی تفەکەی دەمی قوت داو بە دەنگێکی نزم و بەلەز هاتە ئاخاوتن:

– مەسەلەکە ئەمەیە کە... من نەخۆشم... تووشی نەخۆشییەکی پیس بووم... ئەمجارەی دوایی کە بۆ بێگار چوو بووم، تووشی بووم، لە ئەفسەرێکی نەحلەتییەوە گرتم.

ناتالیا، بە خەمبارییەوە، دەستی دان بە یەکا:

– ئاخری باجی لەزەت و خۆشیەکانی خۆت دا!....

– باجی خۆشییەکانم... ئەمە ڕاستە. بەندەی بێ عەیب نییە... ئەمە خاڵی لاوازی من بوو... ئەو گەماڵ باوکە، هێندە بە دەورما هات، بە قوربان و سەدەقەم بوو، تا دڵی نەرم کردم و جێی خۆی لە دڵمدا کردەوە... ددانەکانی سپی بوون، بەڵام ناخی پیس بوو.... ئێستاش تەواو، کارم کراوە!

– داماوی نەگبەت، ئەم نەگبەتی و نیسبەتە چی بوو بە رۆکی گرتیت؟بە تەمای چیت؟ دەتەوێ چی بکەیت؟

ناتالیا، بە چاوانی ئەبڵەقەوە دەیڕوانیە داریا، بەڵام داریا کە وەخۆ هاتبووەوەو خۆی زەوت کردبوو، چاوانی بڕینە ئەرزەکەو هێدی تر درێژەی بە قسەکانی دا:

– دەزانی، هێشتا لە ڕێگای گەڕانەوە بووم هەستم پێکرد... هەوەڵجار لە دڵی خۆمدا گوتم: ڕەنگە هین بێ... بە خۆت دەزانی ئێمەی ژن، هەزار جۆرە بەڵامان هەیە... پار بەهار، گونیەك گەنمم لە ئەرزەکە هەڵگرت، تووشی خوێنڕێژییەك بووم سێ هەفتە بە ردەوام بوو. بەڵام ئەمجارەیان وەکو ئەوەی پار نییە... نیشانەکانی... دوێنێ چووم بۆ لای یاریدەدەری پزیشکی ستان. ئیدی خەریك بوو لە شەرما دەمردم... بە هەرحاڵ ئەوەی چوو چوو، تازە تەواو، بە سزای خۆم گەییشتم.

– دەبێ خۆت چارە بکەیت، بەڵام ئاخۆ دەبێ چەند سەخت بێ! دەڵێن ئەم نەخۆشیانە، چارەسەری هەیە.

– نا، ئەمەی من، چارەسەری نییە.

داریا بزەیەکی تاڵی بۆ کردو بۆ یەکەمجار، لەوساوە کە دەستیان بەو گفتوگۆیە کردبوو، چاوە پرشنگدارەکانی هەڵبڕی.

– من تووشی سفلیس بووم. ئەمە نەخۆشیەکە کە چارەی نییە.لووتت پێوەی هەڵدەکەندرێ... وەکو دایە ئاندورنیخا، بینیوتە کە...

ناتالیا، بە خەفەتباری و چاوانی تەژی ڕوندکەوە، گوتی:

– باشە، ئێستا چ دەکەی؟

داریا ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو. گوڵێکی لەو لاولاوەی کە بە ساقەتەی زوڕاتێکەوە هەڵزنا بوو، کردەوەو تا نزیکی چاوانی خۆی بەرزی کردەوە. لە پەڕەی ناسکی سووك و تەنکی، قەراخ

پەمەیی، ئەم گوڵەی کە دەتگوت هیچ سەنگێکی نیە، بۆنی قورسی زەوی هەتاو مژیو هەڵدەستا.
داریا بە وردیو تاسەمەندییەوە تەمەشای دەکرد، لە تۆ وایە ئەمە یەکەمین جارە کە ئەم گوڵە سادەیە دەبینیٚ. نای بە کەپوویەوەو تێر بۆنی کردو ئەوسا بە هێمنی لە سەر ئەرزە نەرمەکەدا داینا کە بایەکە وشکی کردبووەوەو گوتی:

– لێم دەپرسیت چی دەکەم؟ کە لە مەرکەزی ستان دەگەڕامەوە، بەدەم بیرکردنەوەوە، نەخشەی خۆم دانا... خۆ دەکوژم، وا دەکەم. هەرچەندە ناخۆشە، بەڵام وا هەست دەکەم هیچ چارێکی دیکەم نییە. بە هەرحاڵ ئەگەر خەریکی مالیجەکردنی خۆمیش ببم فایدەی نییە، خەڵکی گوند دەیزانن، ئیدی هەموو بە قامکان ئاماژەم بۆ دەکەن، پشتم تێدەکەنو گاڵتەم پێدەکەن... ئیدی کیٚ بەم حاڵەوە منی دەویٚ؟ جوانیەکەم بەسەر دەچێت، لەشو لارم سیس دەبیٚ، بە زندوویەتی بۆگەن دەکەم... نە، نامەویٚ وام لێبێت!

قسەکانی داریا بە جۆریٚ بوو، لە تۆ وایە دەگەڵ خۆیدا داخافێت، هیچ بایەخێکی بە نارەزاییەکانی ناتالیا نەدەدا.

– پێش ئەوەی بڕۆم بۆ ڤیشنسکایا (مەرکەزی ستان) لەدڵی خۆمدا دەمگوت، ئەگەر تووشی نەخۆشیەکی خراپ بوو بم، خۆم دەرمانو مالیجە دەکەم. هەر بۆیەش پارەکەم نەدەدا بە بابۆ، پێموا بوو، بۆ دکتۆر و دەواو دەرمان پێویستم پێی دەبێت... بەڵام ئێستا ڕەئیم گۆڕیوە، لە هەموو شتێك تێر بووم! بێزارو بێتاقەت بوومو نامەویٚ چاك ببمەوە!

داریا، جنێوێکی پیسی بازاڕی دا، یەکێك لەو جنێوانەی کە زیاتر پیاوان دەیدەن، تفێکی کردو بە پشتی دەستی ئەو وردە فرمێسکەی، کە بە برژانگە درێژەکانیەوە ئاوێزان بوو، سڕی.

ناتالیا، بە ئەسپایی گوتی:

– ئەوە تۆ چ دەڵیٚ؟... لە خوا ناترسیت؟

– خوا... ئیدی هەقم بەسەریەوە نییە. لەوەتای هەم ئاورێکی بەخێری لێنەداومەتەوە.

داریا زەردەخەنەیەکی بۆ کرد، ناتالیا، لەم زەردەخەنە مەکربازانەوە، بۆ چرکەیەك. وێنەی ڕاستەقینەی جارانی داریای بەدی کرد.

– ... ئەمە مەکە، ئەوە مەکە. هەر کەسێك هەڵدەستیٚ، بە پەسلانو ڕۆژی قیامەت و قەبرو حیساب دەتترسێنیٚ. بەڵام هیچ حیسابو سزایەك لەمە قورسترو دژوارتر نابێت کە من بۆ خۆمم بڕیوەتەوە. ناتاشکا، تەواو دەستم لە هەموو شتێك شۆردووە، لە هەموو کەسو شتێك بێزارم... زۆرم بەلاوە ئاساییو ئاسانە کە خۆم بکوژم. هیچ کەسێك نە لە پێشو نە لە پاش خۆم شك نابەم کە بۆی بژیم. دەبیٚ خۆشەویستی هەموو کەسێك لە دڵی خۆم دەربکەم... ئیدی ئاوایە.

ناتالیا زۆر بە گەرمی ئامۆژگاری دەکرد، لێی دەپاڕایەوە کە بە قەرارەکەی خۆیدا بچێتەوەو لە بیرۆکەی خۆکوژی ژێوان ببێتەوە. بەڵام داریا کە لە هەوەڵەوە بە حەواس پەرتی گوێی لێگرتبوو، وەخۆ هاتەوەو بە تووڕەیی قسەکەی پێبڕی:

– واز لەم قسانە بێنە ناتاشکا! من بۆ ئەوە نەهاتووم بە قسە ژێوانم بکەیتەوەو بپاڕێیتەوە. من هاتووم لە دەردو بەڵایەکەی خۆمت ئاگادار بکەمەوەو پێت بڵێم لەمڕۆ بە دواوە مەیەڵە

منداڵەکانت لێم نزیک بکەونەوە، نەخۆشیەکەم گیرۆیە، پزیشکیارەکە بەخۆمی گوت. نامەوێ منداڵەکانت لەمنەوە تووش بن، تێدەگەی گێلە گیان؟ سەبارەت بە پیرەژن، تۆ پێی بڵێ، من شەرمێ دەکەم... بەڵام من... بەڵام من یەکسەر خۆم هەڵناواسم، وا خەیاڵ نەکەی، هێشتا وەخت هەیە... ماوەیەکی کەمی دیکەش لەم دنیایەدا دەژیم، لەزەت لەم دنیای ڕوناکە دەبینم‌و دوا ماڵاوایی لێدەکەم. تۆ بە خۆت تەبیعەتی ئێمەی ژنان دەناسیت. تازاممان نەکەوێتە دڵ، دەڕۆین‌و دێین‌و هیچ شتێکی دەوروبەری خۆمان نابینین... بۆ نموونە من کوێرانە ژیاوم، بەڵام کاتێ لە مەرکەزی ستان گەڕامەوەو بە ڕەخی دۆندا دەڕۆییشتم، کە بیرم لەوە کردەوە دەبێ بەو زووانە هەموو ئەم شتانە بەجێ بێڵم، وەك بڵێی چاوم کرایەوە! ڕوانیمە دۆن، بست بە بستی دەبریقایەوە، لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا وەکو زیوی خالیسە دەبریسکایەوە، بە جۆرێ سەمای دەکرد، کە چاوی هێنامە گل. ئاوڕم دایەوەو ڕوانیمە دەوروبەر، خودایا چەند جوان بوو! کەچی، پێشتر کەم‌و زۆر سەرنجی ڕانەکێشا بووم...

داریا بزەیەکی ناسکی کردو بێدەنگ بوو، دەستەکانی هەڵگلۆفتن، گریان لە ئەوکیا گیرابوو، گریانەکەی خواردەوەو بە دەنگێکی بەرز تر لە سەر قسەکانی ڕۆیی:

- لە ڕێگادا، چەندین جار گریام... کە لە گوند نزیك بوومەوە، سەیرم کرد منداڵانی بچووك، لە ڕووبارەکەدا مەلەیان دەکرد. بە دەم تەماشاکردنی ئەوانەوە، دڵم پڕبوو، بەزەییم بە خۆدا هاتەوە، وەکو گەوجان لە هۆڕژنی گریانم دا. لە سەر لمەلانەکە ڕاکشام، دوو سەعاتێك بەو دەقەوە مامەوە، تا بە سەر گریانەکەمدا زاڵ ببم... کە بیر لە بەجێهێشتنی ئەو شتانە دەکەمەوە، زۆرم لە بەر گرانە...

داریا، لە سەر ئەرزەکە هەستا، تەنوورەکەی تەکاند، بە شێوەیەکی ئاسایی سەرپۆشەکەی چاك کرد.

- کە بیر لە مردن دەکەمەوە، تەنیا دڵم بەوە خۆشە کە لەو دنیا پیوتەر دەبینمەوە. پێی دەڵێم: "دەی پیوتەر گیان، گیان‌و دڵم، پیوتەر پانتلیوفیچ، وەرە دووبارە ژنە گومڕاو سەرشێتەکەت بگرەوە ژێر باڵ!".

بە هەمان گەرم‌و گوڕی‌و گۆساخی هەمیشەیی خۆی لە سەری ڕۆیی:

- لەو دنیا ناتوانێ لێم بدات، چونکە خەڵکی شەڕانی ناخەنە بە هەشتەوە، وانیە؟ دەی ناتاشکا، خوا حافیز، بیرت نەچێت، ئەم دەردو بەڵایەم بە خەسووم بڵێ.

ناتالیا بەو دەقەوە دانیشتبوو، ڕوخساری لە نێو دەستە باریك‌و خۆڵاوییەکانی نابوو، ڕوندك، وەکو شۆکەی قەدی دارکاژ، لە نێوان قامکەکانیەوە، سەرەتاتکێیان دەکرد. داریا تا دەروازەی باخەکە، کە لە شولکان دروست کرابوو، ڕۆیی‌و ئەوسا ئاوڕێکی دایەوەو بە ئارامی گوتی:

- لەمڕۆ بە دواوە، لە قاپی جیاوازدا نان دەخۆم. ئەمە بە دایکە بڵێ. شتێکی دیکەش: پێی بڵێ بە پیرەمێرد نەڵێت، دەنا دەیکات بە دادو بێدادو لە ماڵەکە دەرم دەکات. هەر لەمەم کەم بوو. من ئێستا، ڕاستەوخۆ دەچمە دروێنەی وێنجە. خوا حافیز، بە هیوای دیدار.

ڕۆژی دوایی، دروێنەوانان لە دەشت گەڕانەوە. پانتلی پروکوفیوفیچ لێبڕا، هەر ئەو دوا نیوەڕۆیە، بکەوێتە گوێزانەوەی گیشە وێنجەکان.

دونیاشکا گاجووتەکانی، بۆ ئاودان برد بۆ گوێی ڕوبار، ئیلی نیچناو ناتالیاش، هەر زوو خوانی فراڤینیان (نانی نیوەڕۆ) ئامادە کرد.

داریا لە دوای هەمووانەوە هاتو لە سووچێکی مێزەکەوە دانیشت. ئیلی نیچنا، کاسەیەکی چکۆلەی شۆربای کەلەرمی دەگەڵ مراکێکو پارچەیەك ناندا، لە بەردەمیا دانا. بۆ ئەوانی دیکەش، وەکو هەمیشە تەشپییەکی(کاسەی دارین،بادیە) گەورەی پڕی بۆ دانان.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە سەرسامی نیگایەکی ژنەکەی کرد، بە تیلەی چاو تەمەشایەکی قاپەکەی داریای کرد:

– چیە؟ بۆ قاپەکەت بۆ جیا کردوەتەوە؟ مەگەر لە دینی ئێمە هەڵگەڕاوەتەوە؟

– تۆ هەقت چیە؟ نانی خۆت بخۆو تەواو؟

پیرەمێرد نیگایەکی تەوسامێزی داریای کردو بە دەم بزەوە گوتی:

– ئەها، تێگەییشتم! لەوەتای میداڵی وەرگرتووە، حەزناکات لەگەڵ ئێمەدا، لە یەك لەگەندا نان بخوات، چیتە داشکا؟ لە خۆت ناگریت، لەگەڵ ئێمەدا، لە یەك قاپدا نان بخۆیت؟

داریا بە دەنگێکی گیراو گوتی:

– لە خۆم دەگرم، بەڵام ناتوانم.

– بۆچی؟

– گەروم دێشێت.

– ئێ چیە؟

– چووم بۆ ڤیشنسکایا، یاریدەدەری دکتۆرم بینی، پێی گوتم لە قاپی جیادا نان بخۆم.

– منیش قوڕگ یەشەم گرت، بەڵام خۆم لە خێزانەکە جیا نەکردەوەو لە خوا بە زیاد بێ کەسیش لە منەوە نەیگرت. مەگەر ئەم قوڕگ یەشەیەی تۆ چتۆ قوڕگ یەشەیەکە؟

داریا، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، بە دەست دەمو لێوی سڕیو مراکەکەی لە سووچێکی خوانەکەوە دانا.

ئیلی نیچنا کە لە ڕەفتارو پرسو جۆیەکانی مێردەکەی پەست بوو بوو، هاواری کرد:

– چیت لەم ژنە گەرەکە؟ تەنانەت لە سەر مێزی خواردنیش نایەڵی ئیسراحەت بکەین، وەکو گەنە بە بنیادەمەوە دەنووسێتو لێی نابێتەوە!

پانتلی پروکوفیوفیچ، بۆڵەیەکی بۆ کرد:

– هەرا هەرا، ئەم بۆڵە بۆڵەی بۆ چیە؟ بە کەیفی دڵی خۆتان بکەن!

لە ناڕەحەتیا، یەك مراك شۆربای گەرمی بە دەم خۆیا کردو دەمی سووتاو شۆرباکەی تفانەوە سەر ڕدێنیو بە تووڕەیی هاواری کرد:

– به نەحلەت بن، هێشتا نازانن چۆن خواردن به خەڵکی دەدەن! ئاخر کەستان دیوه خواردن یەکسەر له سەر ئاگرەکەوه بێنێته سەر خوان؟

ئیلی نیچنا، کەوته دڵدانەوەی:

– ئەگەر، کەمتر قسەت کردبا، دەمو پلت نەدەسووتا.

دونیاشکا، که بینی بابی سوور بووەتەوه پارچه کەلەرمو پەتاته له بەینی ڕدێنیدا دەردێنێت، چیوای نەما بوو له قاقای پێکەنین بدات، بەڵام ئەوانی دی هەموو گرژو مۆن، بۆ ئەوەی لەو کاته هەستیارەدا، پێنەکەنن، ڕوویان وەرگێڕا.

دوای نیوەڕۆژە، پیرەمێردو هەردوو بووکەکەی به دوو عەرەبانه چوون بۆ وێنجه هێنانەوه. پانتلی پروکوفیوفیچ، به شەنەیەکی درێژ وێنجەی بۆ ناو عەرەبانەکه بەرزدەکردەوەو ناتالیا وێنجەکەی، که بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات، لێوەردەگرت‌و له ناو عەرەبانەکەی هەڵدەچنیۆ به پێیان دەیپەستایەوه. له گەڕانەوەدا، دەگەڵ داریادا هاتەوه. پانتلی پروکوفیوفیچ دەگەڵ جووته گاجووتەکەیدا که خێرا تر دەڕۆییشتن، کەوتبووه پێش ئەوانەوه.

هەتاو بەرەو کەلی ئاوابوون دەچوو. دەشت‌و دەرەکه بۆنی کەسکونی ئەفسەنتینی لێ هەڵدەستا، که دەگەڵ ڕۆژئاوا بوون‌و داهاتنی شەودا، کەسکون تر دەبوو. بەڵام وێڕای ئەوەش له چاو نیوەڕۆدا، نەرمترو خۆشتر بوو. تەشقی گەرما شکابوو، گایەکان، خۆش خۆش ڕێیان دەکرد، ئەو تەپوتۆزەی، له سەر کوێره ڕێگا هاوینەکەوه، له ژێر سمیانەوه هەڵدەستا، له سەر دڕك‌و داڵی ئەم بەرو ئەوبەری جادەکه، دەنیشتەوه.

ترۆپکی پنچه دڕوەکان، به تاجه ئەرخەوانیەکانی گوڵەکانیانەوه، وەکو شوڵەی ئاگر، دەدرەوشانەوه. هەنگ به سەریانەوه دەسوڕایەوه، پەپوه سلێمانکان، بەدەم یەکدی بانگ کردنەوه، بەرەو گۆلاوێکی دووری دەشتەکه دەفڕین.

داریا، له نێو عەرەبانەکەدا، که به هەڵتەك هەڵتەك دەڕۆیی، به دەما ڕاکشا بوو، سەری نابووه سەر قۆڵی‌و ناو به ناو نیگایەکی ناتالیای دەکرد. ناتالیا له خەیاڵی خۆیدا نقوم بوو بوو، چاوی بڕی بووه هەتاو که بەرەو کەل دادەکشا. پرتەوێکی قرمزی به سەر دەموچاوه ئارام‌و سافەکەیەوه شەپۆلی دەدا. داریا له دڵی خۆیدا گوتی: "خەنی له خۆی، هەم مێردی هەیه، هەم منداڵ، پێویستی به هیچی دی نییه: هەموو خێزانەکه خۆشیان دەوێ. بەڵام من، تازه تەواو، کارم کراوه، که بمرم یەك کەس تاقه فرمێسکێکم بۆ ناڕێژێ."

داریا به دەم ئەو بیرانەوه، له ناکاوا، کەڵکەڵەیەکی لا دروستبوو که داخێك بخاته دڵی ناتالیاوەو دڵی بێنێته ژان. بۆچی هەر ئەو، داریا، به داخ‌و خەفەتەوه بتلێتەوەو بەردەوام بیر له ژیانی له دەست چووی بکاتەوەو بەدەم کول‌و کۆڤانەوه بتلێتەوه؟ جارێکی دی نیگایەکی خێرای ناتالیای کرد، ئەوسا به دەنگێك، که هەوڵیدەدا دڵسۆزانه بنوێنێ، گوتی:

– ناتالیا، من دەمەوێ ئیعترافێك لای تۆ بکەم.

ناتالیا، دەمو دەست وەڵامی نەدایەوه. چاوی بڕی بووه هەتاوەکه، بیری له ڕۆژێکی دووری رابردوو دەکردەوه – ڕۆژێ که هێشتا دەزگیرانی گریگۆری بوو– ئەو ڕۆژەی که گریگۆری

هاتبووە تەمەشای و ئەویش لە کاتی ڕۆییشتنندا بە ڕێی کردبوو. ئەو ڕۆژەش وەکو ئەمڕۆ هەتاو لە دەم کەل سوور دەچووەوە، تەمێکی ئەرخەوانی لە سەمتی ڕۆژئاواوە هەڵدەستا و قاژوان بەسەر لقی داربیانەوە دەیان قڕاند... گریگۆری بە دەم ڕۆییشتنەوە، لە سەر زینەکەوە ئاوڕی دابووەوەو ناتالیا بە نیگا بە ڕێی دەکردو لە خۆشیاندا فرمێسکی دەڕشت. بە دەستەکانی، کە نابووینە سەر سینگ‌و مەمکە قوت‌و سفتەکانی، هەستی بە لێدانی توندی دڵی خۆی دەکرد... دەنگی داریا کە لە پڕ لە خەیاڵی دا، لە گوێی ناتالیادا زۆر ناخۆش بوو، بە بێمەیلی گوتی:

– چ ئیعترافێك؟

– من دەرهەق بە تۆ خەتابارم... لە بیرتە کە گریگۆری، بەهار، بە مادونی (مۆڵەت) هاتبووەوە؟ ئێوارەی ئەو ڕۆژە، لە بیرمە، دوای ئەوەی لە مانگا دۆشین بوومەوەو بۆ ماڵ دەگەڕامەوە، گوێم لێبوو کە ئەکسینیا لە دواوە گازی کردم. منی بردە ماڵەوەو ئەم موستیلە چکۆلەیەی بە خورتی دامێ – داریا موستیلە زێڕەکەی لە قامکی خۆیدا سوڕاند– داوای لێکردم کە بە گریگۆری بڵێم بچێت بۆ لای... من هەقم چیە... بە گریگۆریم گوت. ئەویش بە درێژایی ئەو شەوە... بیرت دێ کە گوتی کودنیوف هاتووەو ئەویش هەموو شەوەکەی بە قسەو باسەوە لە گەڵ ئەودا بە سەر بردووە؟ ئەوە هەمووی کەڵەکە بوو! لای ئەکسینیا بوو!

ناتالیا، حەپەسا، ڕەنگی سپی هەڵگەڕا، بە بێدەنگی ساقەتەی شەوەرێکی وشکی لە بەینی قامکەکانیا دەشکاند، داریا کە هەوڵیدەدا، تەمەشای چاوانی ناتالیا بکات، بۆ ئەوەی ئەو بێنێتە قسان گوتی:

– ناتالیا لە من زیز مەبە، بە داخەوەم کە ئەمەت بۆ دەگێڕمەوە، بەم گێڕانەوەیە خۆشحاڵ نیم...

ناتالیا، بە بێدەنگی، فرمێسکەکانی خۆی دەخواردەوە. ئەو بەدبەختیە تازەیەی کە ڕووی تێکردبوو، ئەوەندە گەورەو چاوەڕوان نەکراو بوو، کە تاقەتی وەڵامدانەوەی داریای لەبەر بڕی، تەنیا بۆ ئەوەی ڕوخساری خۆی کە لە داخا گرژ بوو بوو، وەشارێتەوە، ڕووی وەرگێڕاو تەواو.

کاتێ کە بەرە بەرە لە گوند نزیك دەبوونەوە، داریا بێزار و تووڕە لە خۆی، لە دڵی خۆیدا گوتی: "شەیتان واداری کردم کە بیتەزێنم. ئیدی تا یەك مانگی دی کارو پیشەی دەبێت بە گریان!! نەدەبوو ئەوەی بۆ بگێڕمەوە، ئەم جۆرە مانگایانە باشتر وایە هەر بە چاو نەکراوەیی بژین." ئەوسا، بۆ ئەوەی دڵنەوایی ناتالیا بکات‌و کاریگەریی قسەکانی خۆی لە سەر ناتالیا کەمبکاتەوە گوتی:

– بەڵام خەفەت مەخۆ، ئەمە نەگبەتی و بەدبەختی نییە! دەردی من زۆر لە هی تۆ گرانترەو ئەوجاش گوێی نادەمێ‌و سەرم بەرزدەگرم. دوای ئەوە کێ چوزانێ، لەوەشە لەگەڵ ئەکسینیادا نەبووبێ، بە ڕاستی چوو بووبێ بۆ لای کودینوف، خۆ من بە دوایەوە نەبووم. کەسێك بە دزییەوە نەگیرێت، دز نییە!

ناتالیا، بە لکەی دەسماڵەکەی چاوی سڕی‌و بە ئارامی گوتی:

– من خۆم مەزەندەم بۆی دەچوو...

– که مەزەندەت بۆی چوو بوو، ئەدی بۆ لێت نەپێچاوە؟ ئاخ! که ترسنۆک‌و بێخێریت! ئەگەر من دەبووم بە هیچ جۆرێ لێینەدەبوومەوە، مێشکی سەریم دەبرد، بۆژۆم دەکرد!

ناتالیا، که له داخا چاوانی دەدرەوشانەوەو له کەسەراندا زمانی دەیگرت، گوتی:

– دەترسام حەقیقەتی مەسەلەکە بزانم... چما پێت وایە کارێکی ئەوەندە ئاسانە؟ تۆ، ڕەنگە بەو جۆرە لەگەڵ پیوتەردا هەڵت کردبێ... بەڵام من کاتێ بیرم دەکەوێتەوە... بیرم دەکەوێتەوە که چیم بەسەر هات... چ بەڵایەکم بەسەر هات، تا ئێستاش دەترسم.

داریا، بە ساویلکەیی کەوتە ئامۆژگاری:

– دەی کەواتە ئەمەش فەرامۆش بکە.

ناتالیا، بە دەنگێکی نووساو له بن لێوانەوە گوتی:

– ئەمەش شتێک نییە فەرامۆش بکرێت.

– ئەگەر من له جیاتی تۆ بام فەرامۆشم دەکرد. هیچ نییە، هەر گوێشی مەدەیە!

– کەواتە تۆش نەخۆشیەکەت فەرامۆش بکە.

داریا پێکەنی:

– من حەزدەکەم له بیری بکەم، بەڵام ئەو نەحلەتیە نایەڵێت فەرامۆشی بکەم. گوێ بگرە، ناتاشکا، دەتەوێ بچمە ژێر کلێشەی ئەکسینیاوەو هەموو شتێکی لێدەربێنم؟ بە من دەڵێت! خوا بمگرێت ئەگەر پێم نەڵێت! هیچ ژنێک نییە له دنیادا، بتوانێ باسی ئەوە نەکات که کێ خۆشی دەوێت‌و چۆن خۆشی دەوێ. من له ئەزموونی خۆمەوە، ئەمە دەزانم.

ناتالیا، بەوشکی بەرسڤی دایەوە:

– نامەوێ زەحمەت بکێشیت. تۆ زەحمەتێکت بۆ کێشام‌و ئیدی بەسە. من کوێر نیم، دەزانم بۆچی ئەمەت بۆ گێڕامەوە. له ڕووی دڵسۆزییەوە نەبوو، هاوخەمی نەبوو بۆ من، بەڵکو بۆ ئەوە بوو خەفەتی زیاترم بدەیتێ...

داریا، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– هەق بە تۆیە. ڕاست دەکەیت. بەڵام من خۆت دەکەم بەداوەر، چ خودا بەردارە من بە تەنیا ئازار بکێشم.

داریا، له عەرەبانەکە دابەزی، هەوساری گایەکانی که له ماندوویەتیدا، لاقیان تێکدەئاڵا، گرت‌و بە گردەکەدا داگەڕا. لەو پێچەدا که بۆ لای ماڵی خۆیان لایدەدا، له عەرەبانەکە نزیک بووەوەو گوتی:

– ناتالیا گیان! پرسیارێک... مێردەکەتت زۆر خۆشدەوێ؟

ناتالیا، بە دەنگێکی زۆر نزم که بە ئاستەم دەبیسترا، گوتی:

– بە گوێرەی توانای خۆم.

داریا ئاهێکی هەڵکێشا:

– ماناى وايە زۆرت خۆشدەوێ. من بە عەمراتم کەسم بەو ڕادەیە خۆش نەویستووە... وەکو دێڵە سەگان خۆشەویستیم کردووە، هەرچۆنێ ڕێکەوتبێ، لێرە، لەوێ، لە هەرشوێنێ. خۆزگە تەمەن دەگەڕایەوەو سەر لە نوێ دەژیامەوە، لەوە بوو ڕەفتارو شێوازێکی دیکە بگرمە بەر.

دواى بولێڵێکی کورت، شەوێکی تاریك داهات. بە تاریکی وێنجەکەیان لە عەرەبانەکە داگرت و لە حەوشەکەدا کەڵەکەیان کرد. ژنەکان بە بێدەنگی کاریان دەکردو داریا تەنانەت وەڵامی بۆڵە بۆڵی (پانتلی پروکوفیوفیچ)یشی، کە بە سەر ئەویا دەکرد، نەدەدایەوە.

((١٥))

یەکەکانی سوپای دۆن و یاخییانی دۆنی باڵا پێکەوە بە هەشتاو دژمنی شکست خواردوویان ڕاودەناو بەرەو باکوور پێشڕەوییان دەکرد. لە نزیکی گوندی شاشکین، لە ڕەخی ڕوباری میدفیدیتسا، کەتیبە تێکشکاوەکانی سوپای سووری نۆیەم، هەوڵیاندا پێش قۆزاقەکان بگرن، بەڵام دووبارە ڕاونرانەوەو بێئەوەی بەرگرییەکی ئەوتۆ بکەن، بەرەو سەنگەرەکانی وێستگەی قیتاری گریازی – تساریتسین پاشەکشەیان کرد.

گریگۆری، بە خۆی و فیرقەکەیەوە لە شەڕی شاشکیندا بەشداری کردو یارمەتیەکی شایستەی تیپەکەی جەنەڕاڵ سوتولوف کردبوو کە لە لاوە هێرشی کرابووە سەر. کەتیبەی سوارەی یەرماکوف، کە بە دەستوری گریگۆری دەستی بە هێرش کردبوو، دوو سەد سەربازی سووری بەدیلی و، چوار ڕەشاشی قورس و یازدە عەرەبانەی پڕ لە تەقەمەنیان گرتبوو.

دەمەوێ ئێوارێ، گریگۆری بە خۆو کۆمەڵێك قۆزاقی کەتیبەی یەکەمەوە خۆی بە شاشکیندا کرد. ئەسیرەکان بە توێی فانیلەو دەرپێ کورتەی سپیەوە، لەو ناوەدا سپی دەچوونەوە، نیو سریە قۆزاق، لە نزیکی ئەو خانووەدا، کە کرابوو بە بارەگای ئەرکانی فیرقە، چاودێریان دەکردن. زۆربەی هەرە زۆری دیلەکان بێ پێڵاوو جل و بەرگ بوون، ڕووتکرابوونەوە، تەنیا جلی ژێرەوەیان لەبەر بوو. تەنیا دووراودوور، لێرەو لەوێ قەمسەڵەیەکی چڵکن لە نێو ئەم ئاپۆڕا سپی پۆشەدا، وەکو پەڵەیەك، سەوز دەچووەوە.

پروخورزیکوف، ئاماژەیەکی بۆ لای دیلەکان کردو گوتی:

– تەمەشا، چۆن سپی دەچنەوە، لە تۆ وایە پۆلە قازن!

گریگۆری، یەرماکوف لە ناوەندی قۆزاقەکاندا بەدی کرد، جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا، سەری بادایەوەو بە قامکان ئاماژەی کردێ:

– وەرە بۆ ئێرە، بۆچی خۆت لە پەنای ئەوانی دیکەوە دەشارێتەوە؟

یەرماکۆف، کە دەستی بە دەمیەوە گرتبوو، بە کۆکە کۆك هاتە پێشەوە. لە ژێر سمێڵە تەنکە ڕەشەکەیەوە، بەسەر لێوە شەقار شەقارەکانیەوە، خوێن قەتماغەی بەستبوو، گۆنای ڕاستی ئاوسابوو و جێگاڕووشانی تازەی پێوە دیاربوو. ئەسپەکەی لە کاتی هێرشەکەدا، لە گەرمەی چوار ناڵەدا گلابوو و کەوتبوو، یەرماکۆف، وەکو بەرد لە سەر زینەکەوە پەڕی بوو و چوار مەتران لە دووری ئەسپەکە بە دەما کەوتبوو. ئەسپ و سوارەکەی بە یەکەوە هەستا بوونەوەو یەرماکوف

دوای دەقیقەیەك، بە سەری كۆتو خوێناوییەوە، دووبارە سواری ئەسپەكەی بووبووەوەو شمشێر بەدەست خۆی گەیاندبووەوە هێرشبەرانی قۆزاقانی سوارە، كە لافاو ئاسا بە گردەكەدا، بەدەم هێرشەوە، دادەگەڕان.

یەرماكۆف، دوای ئەوەی گەییە ئاستی گریگۆری، بە سەرسامیەكی دەستكردەوە پرسی:

– بۆچی خۆم شاردۆتەوە؟

چاوەكانی هێشتا گڕی شەڕیان لێدەبووەوەو خوێن گرتبوونیو هێور نەبووبوونەوە، ڕووی لە گریگۆری وەرگێرا.

گرێگۆری بە تووڕەیی گوتی:

– پشیلە خۆی دەزانێ گۆشتی كێی خواردووە! بۆچی لە دوای منەوە دەهاتی؟

یەرماكوف، بزەیەكی بە ئازار لێوە ئاوساوەكانی بە ئاستەم ترازاندو تەمەشایەكی دیلەكانی كرد.

– باسی چ گۆشتێك دەكەی؟ لە گەزو مەتەڵانم لێدامەهێنە..حاڵی حازر بۆم هەڵنایەت، ئەمڕۆ بەسەر لەسەر ئەسپەكەمەوە گلام.

گریگۆری، بە سەری قامچیەكەی ئاماژەی بۆ لای دیلەكان كرد:

– ئەمە كاری تۆیە؟

یەرماكۆف، واینواند كە ئەمە یەكەمجارە ئەو دیلانە دەبینێ. خۆی لە گێلی داو بە سەرسامیەكی دەستكردەوە گوتی:

– ئاخ، سەگ دایكانە! ڕووتیان كردونەتەوە! باشە كەی فریای ئەمە كەوتوون؟... چ كەر بازاڕێكە! بۆ یەك دەقیقە چاوم لێیان غافڵ بوو، فرسەتیان لێیان هێناوە، خۆ ئاگادارم كردبوونەوە كە نەخەڵەتابن دەستیان تێوە بدەن، تۆ تەمەشا، بزانە چۆن ئەم داماوانەیان ڕووت كردووەتەوە...

– چاوو ڕاوم لێمەكە، كەرت بە گیر نەهێناوە. ئەم نمایشە چیە دەیكەیت؟ تۆ دەستوورت داونەتێ كە ئەمانە ڕووت بكەنەوە؟

– حاشا! ئەمە قسەیە گریگۆری پانتلیوفیچ؟

– دەستوورو فەرمانەكەی منت لە بیرە؟

– دەربارەی ئەمەی كە...

– بەڵێ، بەڵێ، دەقاو دەق دەربارەی ئەوە!

– هەڵبەتە لە یادمە. لەبەرم كردووە، وەكو ئەو شیعرانەی لە مەكتەب پێیان ئەزبەر دەكردین، لەبەرمە.

گریگۆری، بە خۆی نەوەستاو بزەیەكی بۆ كرد. لە سەر زینەكەوە دانەوییەوەو قایشی كەمەربەندی شمشێرەكەی یەرماكوفی گرت. ئەو ئەم فەرماندە بێباكەی كە دلێریو ئازایەتیەكی شێتانەی تیا بوو، خۆش دەویست.

– خارلامپی، بێسوعبەت، بۆچی ڕێگەت داوە ئەم کارە بکەن؟ ئەم عەقیدە تازەیەی کە لە جیاتی کوپیلوف، لە ئەنجوومەنی ئەرکان دانراوە، ئەمە دەکات بە ڕاپۆرتو بەرزی دەکاتەوە، ئەوسا دەبێ وەڵامی بدەیتەوە، باوەڕ ناکەم تەحەمولی پرسو جۆیان بکەیت. بە ئاسانی لێت نابنەوە.

یەرماکوف، بەوپەڕی سادەییو بە جدی گوتی:

– گریگۆری پانتلیوفیچ، چی بێ لە تۆ نهێنی. تەحەمولم نەکرد. ئەوان هەموو پۆشتەو پەرداخ، لە هیچیان کەم نەبوو، هەموو شتێکیان تازە بوو، لە ئوست میدڤیدیتسکایا، جلو بەرگی تازەیان دابوونێ. جماعەتەکەی منیش هەموو شڕۆڵە. تەنانەت لە ماڵی خۆشیاندا ئەو جۆرە جلو بەرگەیان بە خۆوە نەبینی بوو. لە سوپای دۆنیشدا وەزعی جلو بەرگ ئەوە نییە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم دیلانە بگەنە، پشت جەبهەشەوە، هەر ڕووت دەکرێنەوە. یانی ئێمە بە دیلی بیانگرینو ئەو بێشەرەفانەی پشت جەبهە بۆ خۆیان ڕووتیان بکەنەوە؟ نەخێر باشتر وایە قۆزاقەکانی خۆمان سوود لە جلو بەرگەکانیان ببینن، تۆ هەقت نەبێ با لێپرسینەوە لە گەڵ مندا بکەن، خەمت نەبێ هیچیان لە من دەستناکەوێت. تۆش تکایە، ئەوەندە سەر مەکە سەرم.من ئاگام لە مەحموودی بێزەواد نییەو لە خەویشا ئاگام لە کاری وا نەبووە.

ئەو دووە گەیینە ئاستی دیلەکان، چپە چپو گفتوگۆ هێواشەکانیان قەت(بڕا) بوو. ئەوانەی کە لە ریزی پێشەوە بوون، خۆیان لە ڕێگای سوارەکان لادەداو بە ترسو نیگەرانیەوە، ژێراو ژێر تەمەشایان دەکردن. یەکێك لە دیلە سوورەکان، کە بە مەزەندە پەی بەوە بردبوو کە گریگۆری فەرماندەیە، لێی نزیك بووەوەو بە دەست ڕکێفەکەی گرت:

– هاوڕێ فەرماندە، بە قۆزاقەکانتان بڵێن، بەلای کەمەوە پاڵتۆکانمان بدەنەوە، تەنیا ئەو خێرەمان پێبکەن! شەوان زۆر ساردەو ئێمەش بە خۆت دەبینی کە هیچمان لەبەر نیە.

یەرماکۆف، بە زمانێکی زبر گوتی:

– مەترسە، بەم چلەی هاوینە لە سەرما ڕەق نابیتەوە خورماچەچان!(مشکی خورما)

ئەوسا بە ئەسپەکەی دیلە سوورەکەی دایە دواوەو ئاوڕێکی لە گریگۆری دایەوە:

– خەمت نەبێ، دڵت پێیان نەسووتێ، دەڵێم هەندێ لە جلە کۆنەکانیان بدەنەوە. دەی ئێستا لابکەون سەربازینە! باشتر وابوو ئەسپێی ناو پانتۆڵەکانانتان بکوژن، نەك بێنە شەڕی قۆزاقان!

لە ئەنجوومەنی ئەرکاندا، پرسو جۆ دەگەڵ ئامیر سریەیەکی دیلدا دەکرا. سەرۆکی تازەی ئەرکان، عەقید ئەندریانوف، کە ئەفسەرێکی بە تەمەن بوو، کەپووی فسو لاجانگەکانی سپیو گوێچکەکانی گەورەو قوت عەینی گوێی مندالێ، لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو کە کۆنە مشەمایەکیان بەسەردا دابوو. فەرماندە سوورەکە، لە دوو شەقاوی مێزەکەدا، لە هەنبەریا وەستا بوو. یەکێکی دی لە ئەفسەرانی ئەرکان، نەقیب سولین کە بۆ یارمەتی ئەندریانوف بۆ فیرقەی ناڤبری نەقڵ کرابوو، وتەکانی ئەوی تۆمار دەکرد.

یارۆی دیل، کابرایەکی باڵا بەرزی سمێڵ سووری، قژکورتی قاوەیی بوو، پێی پەتی بوو، بەدەم ڕاوەستانەوە ئەم پێ و ئەو پێی دەکردو ناو بە ناو نیگایەکی عەقیدەکەی دەکرد. قۆزاقەکان، فانیلەیەکی عەسکەری زەردی نەشۆراویان دابویەو لە جیاتی پانتۆڵەکەی خۆی، کە لێیان

سەندبوو، پانتۆڵێکی دەڵبی کۆنی پینەکراوی کاڵەوەبوویان دابویە. گریگۆری کە دەچوو بۆ لای مێزەکە، سەرنجی دا کە یارۆی سوور، خێرا خێراو بە شەرمەوە هەوڵیدەدا خۆی بە پانتۆڵە شڕەکەی، کە لە سەر هەردوو سمتی و لە پاشەڵەوە دڕابوو، دابپۆشێت.

عەقیدەکە، لە سەرووی عەینەکەکەیەوە، نیگایەکی کورتی ئەسیرەکەی کردو پرسی:

– گوتت، لەلایەن کومیساری جەنگی ستانی ئوریلەوە؟

دیسان ڕوانیە بەردەم خۆی، چاوەکانی چکۆلە کردنەوە و تەمەشایەکی ئەو کاغەزەی بەردەم خۆی کرد.

– بەڵێ.

– پایزی پار؟

– کۆتایی پایز.

– درۆ دەکەیت.

– من ڕاستیەکەم پێگوتیت.

– دڵنیام درۆ دەکەیت.

یارۆی دیل، بێئەوەی هیچ بڵێ، شانەکانی هەڵتەکاندن. عەقیدەکە، تەمەشای گریگۆری کردو بە تەوسەوە ئاماژەی بۆ لای دیلەکە کردو گوتی:

– دەفەرموو ئەم کابرایە ببینە! بابایەکی ئەفسەری جارانی سوپای تزاری بووەو ئێستاش بەلشەویکە. دەستگیرکراوەو دەڵێت بە ڕێکەوت، بە گەڵ بەلشەویکەکان کەوتووە، گوایە لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکەدا، سوورەکان بە تۆبزی بۆ سەربازییان بردووە. درۆیەکی ساویلکانەو گەوجانە، وەکو درۆی کچە خوێندکارێکی ناوەندی درۆیان دەکات و وا وێنا دەکات باوەڕ بە درۆیەکەی دەکرێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەندەی غیرەت و شەهامەت تیا نیە، کە ڕاستەو ڕاست بڵێت خیانەتی بە وڵاتی خۆی کردووە.... ئەم خوێڕییە دەترسێت!

یارۆی دیل، بە زەحمەت زاری هەڵێنا:

– بەڵام، جەنابی عەقید، بەس نییە جەنابت غیرەت و شەهامەتی ئەوەت هەیە سخێف و جنێوان بە بابایەکی دیل بدەیت....

– من قسەو مناقەشە لە گەڵ خوێڕی و تۆڕیان ناکەم.

– بەڵام من ناچارم قسە بکەم!

– ئاگات لە دەمت بێ، ناچارم مەکە، لەوەی پتر ئیهانەت بکەم!

– بۆ کەسێك لەو پێگەیەی تۆدا بێ، کارێکی ئاسانە، بە تایبەتی کە هیچ ترسێکت لە سەر نییە.

گریگۆری، بێئەوەی فزە بکات، لە کەنار مێزەکە دانیشت. بە بزەیەکی پڕ لە هاوسۆزییەوە، دەیڕوانیە یارۆی دیل کە لە تووڕەییدا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو و بێباکانە وەڵامی دەدایەوە، گریگۆری بە خۆشحاڵییەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "چاك نووکی لووتی عەقیدی توزاندەوە!".

بە شاکامیەکی نامەردانەوە، ڕوانیە گۆنا گۆشتن و ئاڵەکانی ئەندریانۆف کە گرژ بووبوو و لە داخا دەلەرزی.

گریگۆری، لە هەوەڵەوە خۆشی بە چارەی سەرۆکی تازەی ئەرکاندا نەهاتبوو. ئەندریانوف، لە جوملەی ئەو ئەفسەرانە بوو کە لە ساڵانی جەنگی جیهانیدا، هەرگیز نەچوو بووە جەبهە، زیرەکانە، لە ڕێگەی پەیوەندی خزمایەتییەوە، لە ڕێگای ئاشنایەتی دەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لە کاتی خزمەتدا ناسیبوونی، توانی بووی، لە پشت جەبهەوە خۆی مات بدات. لە سەردەمی شەڕی ناوخۆشدا، عەقید ئەندریانوف، بۆ خۆی ڕێگایەکی دۆزی بووەوەو لە نوڤوچرکاسک مابووەوەو ئیدی خۆی لە چوونە مەیدانی شەڕ دوورگرتو، تاکو ئەتامان کراسنوف لە حکومەت لابرا، ئەوسا ئەویش ناچاربوو بۆ جەبهەو شەڕگە بڕوات.

گریگۆری، لە ماوەی ئەو دوو شەوەدا کە لە گەڵ ئەندریانوفدا، لە یەك بارەگادا بە سەری بردبوو، لە زمانی خودی ئەندریانۆفەوە بیستبووی کە گوایە پیاوێکی یەجگار دیندارە و هەر کاتێ بێتە سەر باسی دینو دینداری، بە دەستی خۆی نیە، دەگریو خوڕ خوڕ ڕوندك بە چاویا دێنە خوارێ، ژنەکەی نموونەی ژنی داوێنپاکەو ناوی سۆفیا ئەلکساندروڤنایەو کاتی خۆی بارۆن ڤۆن گرابە کە بە وەکالەت ئەتامان دەبێ، عەرزی ئاشقێنی لە گەڵ دەکات بەڵام ناتوانێ لە خشتەی بەرێتو دڵی بە دەست بێنێ، هەروەها عەقید، زۆر شتی دیکەشی، بە تێرو تەسەلی بۆ گێڕا بووەوە کە بابی چ موڵكو مەزرایەکی هەبووە، ئەم بە خۆی چۆن گەییوەتە پلەی عەقیدیو لە ساڵی ١٩١٦دا لە گەڵ چ گەورە پیاوو پایەدارانێکا شانازی ئەوەی پێبڕاوە کە بچێتە ڕاوو شکار. هەروەها ئەوەشی بە گریگۆری گوتبوو کە وەرەقبازی ویست، خۆشترین و باشترین یارییە، کۆنیاکی خۆشکراو بە گەڵا لیمۆ باشترین خواردنەوەیەو خزمەت لە کۆمیساری ئیداری عەسکەریدا، لە بارترین و سەلامەتترین خزمەتو بە سوودترین پاپەیە.

عەقید ئەندریانوف، لەگەڵ ڕمبەی نزیکی هەر تۆپێکدا ڕادەچڵەکی، بە نەبەدڵی سواری ئەسپەکەی دەبوو، تاوێك دەڕۆییو بە بیانووی گورچیلە یەشانەوە، دەوەستا. هەمیشە، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ژمارەی پاسەوانانی بارەگای ئەرکان زیاد بکرێن. نەیدەتوانی ڕقو بوغزی خۆی لەو قۆزاقانە بشارێتەوە کە بە بۆچوونی ئەو هەموویان لە ساڵی ١٩١٧دا خیانەتیان کردبوو، ئیدی لەوساوە، ڕقی لە هەموو "ژێردەستەکانی" خۆی بوو بێجیاوازی، هەر هەموویانی بە دژمن دەزانی. عەقید دەیگوت: "تەنیا ئەشرافان ڕووسیا ڕزگاردەکەنو فریای دەکەون!" هەڵبەتە خۆیشی بە خانەدانو ئەشراف دەزانیو ماڵباتی ئەندریانوڤ بە کۆنترینو شایستەترین خانەوادەی دیارو دەڤەری دۆن دەزانی.

عەیبی هەرە گەورەی ئەندریانوف، چەنەبازییەکەی بوو... ئەو جۆرە چەنەبازیە ترسناکەی لە پیریدا زیاتر یەخانگیری خەڵکانێکی زماندرێژی بێئەقڵو کەم هۆش دەبێت، کە لە گەنجیدا فێری ئەوە بوون، بە شێوەی سەرڤە سەرڤەو بە بێپەروایی دەربارەی هەر شتێك قەزاوەت بکەن.

گریگۆری لە ژیانی خۆیدا تووشی گەلێك لەم جۆرە کەسانە بووبوو کە ئەقڵیان بە قەد ئەقڵی چۆلەکەیەکەو هەمیشە لە دڵی خۆیدا لەو جۆرە کەسانە بێزار بوو و دەیبوغزاندن. بۆیە لە دووەم ڕۆژی ئاشنا بوونیەوە بە ئەندریانۆف، خۆی لێدەدزییەوەو، هەرچەندە بە ڕۆژەوە تاڕادەیەك

ئەمەی بۆ دەچووە سەر، بەڵام کە شەوان، بۆ حەوانەوە لە شوێنێك لایاندەدا، ئەندریانۆف، بە دوای گریگۆریدا دەگەڕا، دەیدۆزییەوەو لێیدەپرسی:

– دەتەوێ، شەوێ، بە یەکەوە بین؟

ئەوسا بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، دەمی لێدەخستە کار:

– ئێ گیانە، گوتت، قۆزاقان، لە شەڕی پیادەدا زۆر متمانەیان پێناکرێت. بەڵام من، کاتێ کە ئەفسەری وابەستەی شەخسی فلان تیمسار بووم... ئەهای کێ لەوێیە، جانتاو قەرەوێڵە سەفەرییەکەی من بێنن!

گریگۆری، لە سەرگازی پشت ڕادەکشا، چاوی دەنوقاندن، بەدەم دان کرۆشتنەوە، بە بێتاقەتی گوێی دەگرت، ئەوسا بەوپەڕی گۆساخی پشتی دەکردە کابرای چەنەباز، کە بە هیچ شتێ کۆڵی نەدەدا، پاڵتۆ قورسەکەی دەدا بە سەر سەرو چاوی خۆیداو بە ڕق و کینەیەکی پەنهانەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "هەرکە فەرمانی نەقڵەکەم وەرگرت، شتێکی قورس بە سەریا دەکێشم، بەڵکو دوای ئەوە بۆ ماوەی یەك هەفتە زمانی لە گۆ بکەوێ."

ئەندریانۆف، دەپرسێت:

– خەوت دێت، نەقیب؟

گریگۆری بە دەنگێکی نەوی وەڵامی دەداتەوە:

– بەڵێ، خەوم دێت.

– ببورە، من هێشتا قسەکەم تەواو نەکردووە.

دەستی بە قسان دەکردەوە. گریگۆری لە نێوان خەوو بێداریدا بە خۆی دەگوت:

– بە ئانقەست ئەم تووتیەیان بۆ من ناردووە. بێگومان ئەمە کاری فیچالوروفە. ئاخر پیاو چۆن لە گەڵ گەوجێکی ئاوهالەدا ئیش بکات؟

بەدەم وەنەوزوخەوەنوتکێوە، دەنگی بەرزی عەقید، کە لە خرمە خرمی بارانی سەر شێروانیەکی چینکۆ دەچوو، لە گوێیدا دەزرینگایەوە. بۆیە گریگۆری، زۆری پێخۆشبوو کە دەیبینی فەرماندە سوورە دیلەکە، بەو تەڕدەستییە، دەمی سەرۆکی ئەرکانی دەکرد بە تەڵەی تەقیو.

ئەندریانۆف، کە نەرمەی گوێچکە قەڵەوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، بۆ ماوەی دەقیقەیەك، بە چاوانی نیمچە نوقاوەوە بێدەنگ بوو. دەستە گۆشتنە سپیەکانی، کە موستیلەیەکی گەورەی زێڕی لە پەنجەدا بوو، لە سەر مێزەکە دەلەرزی.

ئەوسا بە دەنگێك کە لە هەڵچوونا نووسابوو، گوتی:

– ئەهای، ناکەس، گوێ بگرە! من کە گوتم تۆ بۆ ئێرە بێنن، بۆ ئەوە نەبوو کە سێ و دوو لەگەڵ تۆدا بکەم، ئەوەت لە بیر نەچێت! دەزانی بە سەلامەتی دەرناچیت.

– زۆر باش دەزانم.

– باشتر. بە شێوەیەکی گشتی، من بەلامەوە گرینگ نیە کە تۆ بە خوایشتی خۆت پەیوەندیت بە سوورەکانەوە کردبێت یان ئەوان بە خورتی بە عەسکەرییان گرتبیت. ئەمە گرینگ نییە. گرینگ

ئەوەیە کە تۆ بە تەسەورێکی نادروستەوە دەربارەی شەرەف، ڕەفزی ئەوە دەکەیت کە قسە بکەیت...

– هەڵبەتە، ئاشکرایە کە من و تۆ، هەمان تەسەورو وێنامان لەمەڕ شەرەف و شەرافەت نییە.

– لەبەر ئەوەیە کە زەڕەیەك شەرەفت لا نەماوە، ئەوە مەسەلەکەیەو تەواو!

– سەبارەت بە تۆ، ئاغای عەقید، بە شێوازی بەرخوردو مامەڵەتا لە گەڵ منا، گومانم لەوە هەیە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان شەرەفت بووبیٚ!

– وادیارە، دەتەویٚ بە زوترین کات، کۆتایی بە ژیانی خۆت بێنی!

– یانی پێتوایە، ئەگەر دوای بخەم قازانجمە؟ مەم ترسێنە، فایدەی نییە.

ئەندریانۆف، بەدەستانی لە رزۆکەوە، پاکەتە جگەرەکەی کردەوە، جگەرەیەکی پێکردو بە تاسووقەوە یەك دوو نەفەسی لێداو دووبارە ڕووی کردە دیلەکە:

– یانی تۆ ناتەویٚ وەڵامی پرسیارەکانی من بدەیتەوە؟

– ئەوەی پەیوەندی بە شەخسی خۆمەو بوو، گوتم.

– قسەی قۆڕ. ئاخر من شەخسی چەپەڵی تۆم بۆ چیە! تکایە وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەوە: لە وێستگەی سیبریاکوفۆ، چیتان وەرگرت و چ یەکەیەك بە هاناتانەوە هات؟

– پێمگوتیت نازانم.

– نەخێر، دەیزانیت.

– دەی زۆر باشە! مادامێکی هەر سووریت لە سەر ئەمە، دەیزانم و پێت ناڵێم!

– گاڵیان دەدەم، بە قۆناغە تفەنگان بتهێننە قسان!

کابرای دیل دەستی چەپی بە سمێڵی خۆیدا هێناو بە دەم زەردە خەنەوەو، بە دڵنیاییەوە گوتی:

– باوەڕ ناکەم.

– باشە کەتیبەی کامیشنسکی لەم شەڕەدا بەشداری کرد؟

– نە ء.

– بەڵام قۆڵی چەپتان، لەلایەن یەکەیەکی سوارەوە دەپارێزرا، ئەو یەکەیە کامە بوو؟

– خۆت ماندوو مەکە. جارێکی دی دەیڵێمەوە، من وەڵامی ئەمجۆرە پرسیارانە نادەمەوە.

– تۆ بۆ خۆت سەرپشك بە: یان تۆی سەگ زمان دەکەیتەوە، یان پاش دە دەقیقەی دی، دەتنێرمە پای قەنارە؟!

هەنگی یارۆی دیل، لە ناکاوا، بەدەنگێکی دلێری گەنجانەی بەرز، گوتی:

– پیری خەڵەفاو، بەسە، مێشکی سەرت بردم! کەری بیٚ ئەقڵ! ئەگەر تۆ بکەوتبایتە دەستی من، بەمجۆرە پرسوجۆم لەگەڵدا نەدەکردی...

ئەندریانۆف، ڕەنگی سپی بوو، دەستی بۆ کیفی دەمانچەکەی برد. گریگۆری بە کاوەخۆ هەستاو دەستی بەرزکردەوەو گوتی:

– بەسە، بەس! قسەی خۆتان کرد. هەردووکتان تووڕەن... نەگەیینە هیچ ڕێکەوتنێك، ئیدی ئەم گەنگەشەیەتان لەپای چیە؟ هەق بەوە کە خیانەت لە هاوسەنگەرەکانی خۆی ناکات. بە ڕاستیش کارێکی باش دەکات،خاوەنی ئەخلاقێکی بەرزە! من چاوەڕوانی ئەم هەڵوێستەم لێنەدەکرد.

ئەندریانۆف، کە بێهودە هەوڵیدەدا کیفی دەمانچەکەی بکاتەوە، تووڕە بوو:

– تکایە، واز بێنە...

گریگۆری بە هەڵچوونەوە بەرەو مێزەکە ڕۆیی و گیانی خۆی کرد بە سپەری یارۆی دیل و گوتی:

– نا، قەبووڵ ناکەم! کوشتنی دیل کارێکی ئاسانە. ئاخر چۆن ویژدانت قەبووڵ دەکات، کاری وا بکەیت؟ کابرایەکە بێچەك، دیل، تەنانەت جل و بەرگەکەشیان لە بەر کردووەتەوەو تۆش دەتەوێ دەستی لێبکەیتەوە...

ئەندریانۆف، بە توندی گریگۆری پاڵ ناو دەمانچەکەی دەرهێنا.

– لاکەوە! ئەم خوێڕییە، سووکایەتی پێکردم!

دیلەکە، خێرا ڕووی بۆ لای پەنجەرەکە وەرگێڕاو شانی هەڵتەکاندن، لە تۆ وایە سەرمایەتی. گریگۆری بەدەم بزەوە تەمەشای ئەندریانۆڤی دەکرد. عەقید، کە دەسکی دەمانچەکەی گرتبوو، بە حەرەکەیەکی نەشاز هێنایە سەرپێ، ئەوسا لوولەی دەمانچەکەی هێنایە خواریێ و ڕووی وەرگێڕا، بە هانکە هانك، لە کاتێکا کە زمانی بە لێوە وشکەکانیدا دێنا، بە دەنگێکی گیراو گوتی:

– نامەوێ دەستی خۆم بلەوتێنم...

گریگۆری نەیتوانی جڵەوی پێکەنینەکەی خۆی بگرێت، ددانە سپیەکانی کە لە کەڤ دەریا دەچوون، لە ژێر سمێڵیەوە دەدرەوشایەوە گوتی:

– نەتدەتوانی بیکوژیت! دەمانچەکەت فیشەکی تیا نیە. ئەمڕۆ، بەیانی کاتێ لە خەو ڕابووم، لەسەر کورسییەکە هەڵمگرت و تەمەشام کرد: تەنانەت تاقە یەك فیشەکیشی تیا نەبوو، دوو مانگ دەبێ پاك نەکراوەتەوە! تۆ وەکو پێویست خزمەتی چەکی شەخسی خۆت ناکەیت.

ئەندریانۆف، چاوی داگرت و بە قامکە کەڵە، شانەی دەمانچەکەی وەرچەرخاند، بزەیەکی بۆ کردوگوتی:

– سەیرە! قسەی تۆیە....

بەڵام نەقیب سولین، کە بە بێدەنگی و بەسەرو روویەکی تەوسامێزەوە دەیڕوانە ئەم ڕووداوانە، کۆنووسی پرسوجۆیەکەی قەد کردو لە بن لێوانەوە گوتی:

– سیمون پولیکارپوفیچ، من چەندین جار پێمگوتویت، کە مامەڵەت لە گەڵ چەکەکەتدا خراپە. ئەم ڕووداوەی ئەمڕۆ، بەڵگەیەکی دیکەی قسەکانی منە.

ئەندریانۆف، برۆی وێکهێنانەوەو هاواری کرد:

– ئەهای، سەربازینە کێ لەوێیە؟ وەرنە ئێرە!

دوو موڕاسیل و فەرماندەی پاسەوانەکان لە بەر هەیوانەکەوە وەژوور کەوتن. ئەندریانۆف، بە ئاماژەی سەر دیلەکەی نیشاندان و گوتی:

– بیبەن!

دیلەکە، ڕووی کردە گریگۆری، بە بێدەنگی کڕنۆشێکی بۆ بردو بەرەو دەرگا ڕۆیی. گریگۆری وای هاتە بەرچاو کە لێوانی یارۆی دیل لە ڕووی منەتبارییەوە، لە ژێر سمێڵە سوورەکانیەوە بزەیەکی کاڵیان نیشتە سەر....

دوای ئەوەی دەنگی پێی زەلامەکان، کە چوونە دەرەوە، خامۆش بوو، ئەندریانۆف، هیلاك و ماندوو، عەینەکەکەی لە چاوی داکەندو بە پارچەیەك شاموا، بە وردی سڕیو بەدەنگێکی کەسەردارەوە گوتی:

– تۆ بەرگرییەکی باشت لەم خوێڕییە کرد، هەڵبەتە ئەمە پەیوەندی بە خۆتو ویژدانی خۆتەوە هەیە. بەڵام مەبەستت چی بوو کە لە بەر چاوی ئەو باسی دەمانچەکەت کردمو ئیحراجت کردم؟

گریگۆری، بە هێمنیو دۆستانە بەرسڤی دایەوە:

– چ قەیدیە! ئەوە کەی شتە!

– ڕەنگە وابێ، بەڵام نەدەبوو ئەو کارە بکەیت. هەرچەندە لەگێن بوو بیکوژم. بە ڕاستی مێردەکێکی ڕەزا تاڵ بوو! پێش هاتنی تۆ، من نیو دانە سەعات لە گەڵیا خەریك بووم. بە ڕاستی درۆزنێکی درۆ زان بوو، خۆی لە گێلی دەدا، زانیاری درۆی دەدامێ! کە درۆکانیم کەشف کرد، ڕێك و ڕەوان ڕەفزی کرد هیچ وەڵامێك بداتەوە. گوتی شەرەفو کەرامەتی ئەفسەریی ڕێگەی نادات کە ڕازو نهێنی عەسکەری بە دژمن بڵێ. قەحپە دایکە، کاتێ کە خۆی بە بەلشەویکەکان فرۆشت، لە بیری شەرەفی ئەفسەرییدا نەبوو... بە ڕای من، دەبێ ئەوو ئەو دوو فەرماندەیەی دیکە، بە بێدەنگی گوللەباران بکرێن. لەوە ناچێ بتوانین هیچ زانیاریەکی ئەوتۆیان لێدەربێنین، شیرحەرامانە خەڵکانێکی زۆر بە بیروباوەڕن، بۆیە هیچ ماقوول نییە بیان هێڵینەوە. تۆ چ دەڵێیت؟

گریگۆری، لە جیاتی ئەوەی وەڵام بداتەوە، پرسی:

– باشە تۆ چۆن زانیت، کە فەرماندەی سریە بووە؟

– یەکێك لە سەربازەکانی، خەبەری لێدا.

گریگۆری گوتی:

– من پێشنیاز دەکەم ئەو سەربازە گوللە باران بکرێتو واز لە فەرماندەکان بهێڵرێ.

گریگۆری، تەمەشایەکی پرسیار ئامێزی ئەندریانۆفی کرد. ئەندریانۆف شانی هەڵتەکاندنو ئەوسا وەکو یەکێك نوکتەیەکی بێتامیان بۆ گێڕابێتەوە، بزەیەکی بۆ کرد:

– نا، من بە جدیمە، ڕای تۆ چیە؟

– ڕای من ئەوەیە کە پێمگوتیت.

– ببورە، بەڵام لەبەرچی؟

– لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی زەبتو ڕەبت لە ناو سوپای ڕووسیادا بپارێزرێو بمێنێ. دوێشەو کاتێ چووینە ناو جێگاوە کە بخەوین، تۆ خۆت، ئاغای عەقید، قسەیەکی زۆر ماقوولت بۆ کردم کە دەبێ، دوای شکستی بەلشەویکان، چ ڕژێمێك لە ناو سوپادا بەرقەرار بکرێت، تا لاوان لە سیرایەتی بیری سوورەکان دوور بن، من تەواو هاوڕەئی تۆ بووم، لە یادتە؟

گریگۆری دەستی بە سمێڵی خۆیدا دێناو بە دیقەت دەیڕوانیە ئەو گۆڕانانەی کە بە ڕووی عەقیدەوە دەردەکەوتن، ئەوجا ئاقڵانە لە سەری ڕۆیی:

– کەچی ئێستا، بزانە چ پێشنیازێك دەکەیت؟ تۆ بەمە تۆوی بێنەزمی دادەچێنیٚ. بەو حیسابە، دەبیٚ سەربازەکان خیانەت لە فەرماندەکانیان بکەن؟ ئاخر ئەمە چ دەرسێکە کە بەوانی دەدەی؟ باشە ئەگەر بە ڕێکەوت منو تۆ، گیرۆدەی وەزعێکی ئاوها ببین، ئەو کاتە چ دەڵێی؟ بمبورە، من لە گەڵ ئەو بیرۆکەو پێشنیازەی تۆدا نیم.

ئەندریانۆف، بە ساردی گوتی:

– بە دڵی خۆت.

بە وردی چاوی بڕییە گریگۆری. ئەندریانۆف، بیستبووی کە فەرماندەی فیرقەی یاخییەکان، پیاوێکی دەمدەمیو ئەتوار غەریبە، بەڵام چاوەڕوانی ئەم هەڵوێستەی لێنەدەکرد. بۆیە گوتی:

– ئێمە، عادەتمان وابوو، لە گەڵ سەرانی سوورەکاندا، بە تایبەتی لە گەڵ ئەو ئەفسەرانەدا کە دیل دەبوون، بەمجۆرە ڕەفتار بکەین. ئەم بیرۆکەیەی تۆم بەلاوە تازەیە... من زۆر باش لە هەڵوێستی تۆ دەربارەی ئەم مەسەلە ڕوونە، تێناگەم.

گریگۆری، بەرسڤی دایەوە:

– ئێمە لە شەڕا، ئەگەر ڕێك کەوتبا دەمانکوشتن، بەڵام بە خۆڕاییو لە هیچە دیلمان نەدەکوشت.

و بە دەم ئەو قسەیەوە سوور بووەوە. ئەندریانۆف، بۆی سەلماندو گوتی:

– زۆر باشە، دەیان نێرین بۆ پشت جەبهە! ئێستا مەسەلەیەکی دیکەمان لە پێشە: هەندیٚ لە دیلەکان، لە جووتیارانی هەرێمی ساراتۆف، پێشنیازیان کردووە کە بێنە ریزی ئێمەوەو لە گەڵ ئێمەدا بن. خۆ کەتیبەی سێیەمی پیادەمان ژمارەی نەفەرەکانی کەمن، ناگەنە سێسەد کەس. تەسەور دەکەیت، بشێت هەندیٚ لە داوخوازانو خۆبەخشانی دیلەکان، دوای دەستە بەژێرکردنیان، بۆ ئەویٚ بنێرین؟ لەمبارەیەوە ڕێنمایی وردی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپامان هەیە.

گریگۆری، لێبڕاوانە گوتی:

– من لە فیرقەکەی خۆمدا، تاقە یەك جووتیاریش وەرناگرم. هەر بۆشاییەك ڕوویدات بە قۆزاقان پڕی دەکەمەوە.

ئەندریانۆف، هەوڵیدا قەناعەتی پێبکات:

– گویٚ بگرە، پێویست بە قەرقەشەو گەنگەشە ناکات. من دەزانم تۆ حەز دەکەیت، جگە لە قۆزاقان، کەسی دی لە فیرقەکەتدا هەبێت. بەڵام زەرورەت ناچارمان دەکات کە دەستبەرداری دیلەکان نەبین. تەنانەت لە سوپای داوخوازو خۆبەخشیشدا، چەند کەتیبەیەکیان بە دیلو یەخسیران پڕ کردووەتەوە.

گریگۆری، بە توندی قسەکەی پێبڕی:

– ئەوان کەیفی خۆیانە، بەڵام من ئامادەنیم دێهاتیو جووتیاران قەبووڵ بکەم. تەواو با چیتر لەمبارەیەوە قسە نەکەین.

گریگـۆری، دوای کـەمێك ڕۆیـی و عـازی(فـەرمان) دا کـە دیلـەکان بـۆ پشـت شـەڕگە بنێـرن. ئەندریانۆف، لە کاتی فراڤیندا، بە هەڵچوون و گلەییەوە گوتی:

– دیارە من و تۆ پێکەوەمان ناکرێ...

گریگۆری، بە بێموبالاتی بەرسڤی دایەوە:

– منیش بیرم لەمە دەکردەوە.

بێئەوەی گوێ بە زەردەخەنەکەی سولین بدات، بە قامکەکانی گرتکە گۆشتێکی کوڵاوی بەرخی هـەڵگرت و وەکـو گـورگ کەوتـە خـواردن و داکرمانـدنی. بـە ئیشـتیاو تامەزرۆییـەکی ئـەوتۆوە دەیخـوارد، کـە سـولین، وەکـو ئـەوەی ئـازاری بگـاتێ، بـرۆی وێکهێنانـەوەو بـۆ چـرکەیەك چـاوی نوقاند.

***

دوای دوو ڕۆژ، ئەرکی تاقیب کردنـی، ئەو یەکە سوورانەی کە لـە حـاڵی پاشەکشـەو هەڵاتنـدا بوون، بە هێزەکانی جەنەراڵ سالینکوف سپێردراو لەم بەینەشدا، گریگۆری بە پەلە بۆ بارەگای ئەنجوومـەنی ئـەرکان بانگکرا. سـەرۆکی ئەنجوومـەنی ئـەرکان، کـە جەنـەڕاڵێکی پیری ڕەزا سـووك بوو، لەو ئەمرەی ئاگادار کردەوە کە لەلایەن فەرمانـدەی گشـتی "سـوپای دۆن"ـەوە دەرکرا بووو، بڕیار درابوو سوپای یاخییەکان هەڵبوەشێنرێتەوەو بە سەر هێزەکانی دیدا دابەش بکرێن، بەبێ پەردەو بە ڕاشکاوی پێی گوت:

– تۆ لـە جەنگی چریکیدا دژی سوورەکان، سـەرکەوتوانە ڕێبەرایـەتی فیرقەکـەی خـۆت کـرد. جا ئێستا ئیدی ئێمە ناتوانین فەرماندەی فیرقەیـەك یان تەنانـەت کەتیبەیەك بە تۆ بسپێرین. چونکە تۆ هیچ مەکتەبێکی عەسکەریت نەخوێندووەو لەم قۆناغـەدا ناتوانیت بە گوێرەی شێوازی تـازەی شەڕ، فەرماندەیی هێزێکی گەورە، لە بەرەیەکی فراوان و بەربڵاودا بکەیت... وایە؟

گریگۆری بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ، بە خۆیشم دەمویست دەستبەرداری فەرماندەیی فیرقەکە ببم.

– ئەم تەوازوعەت زۆر جوانە کە توانای خۆت دەزانی. لـە نێو ئەفسـەرانی گـەنجی ئەمڕۆکەدا، ئـەم خەسڵەتە بە دەگمەن دەبینرێ. بەڵێ، بە ئەمری سـەرکردایەتی جەبهە، تـۆ بـە فەرمانـدەی سریەی چوارەمی، کەتیبـەی دوازدەیـەم دانراویـت. کەتیبـەی نـاوبراو حـاڵی حـازر لـە بیسـت فرسـەخی ئێـرەدا، لـە دەوروبـەری گونـدی ڤیـازنیکۆف دایـە. ئیـدی ئـەمڕۆ یـان ئـەو پەڕەکـەی، سـبەینێ پەیوەندی پێوە بکە. دەڵێی دەتەوێ شتێك بڵێیت؟

– حەزم دەکرد، بۆ بەشێکی ئیداریم بنێریت.

– مەحاڵە، لە شەڕگەدا پێویستیان بە تۆیە.

– من لە دوو شەڕدا بریندار بووم و چواردە پارچەم پێکەوتووە.

– ئەمە قسـە نییـە. تـۆ گـەنجیت، قـەدو قـەڵافەتێکی شایسـتەت هەیـە، هێشـتا توانـای شـەڕت هەیـە. سەبارەت بە زامەکانیشت، کیهە ئەفسـەر هەیـە کە زامدار نـەبووبێ؟ فەرموو دەتـوانی بـڕۆی خـوات لەگەڵ!

هەڵبەتە بۆ پێشگیری لەو ناڕەزاییەی کە بێگومان بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سوپای یاخیانەوە، لە نێو قۆزاقانی دۆنی بالادا ڕووی دەدا، یەکسەر لە دوای گرتنی ئوست میدڤیدیتسکایادا زۆربەی ئەو قۆزاقە سادانەی کە لە سەردەمی ڕاپەڕیندا کاری شایستەیان نواند بوو، دەرجەیان درایەو کران بە دەرجەدار، عەریف و ڕەیس عورەفایەکان کران بە عەلەمدارو ئەفسەری پلە سێ و هەروەها ئەفسەرەکانیش پاداشت کران و پلەیان بەرز کرایەوەو میداڵیان درایە. گریگۆریش لەم بەینەدا فەرامۆش نەکرا. کرا بە نەقیب و بە فەرمانێکی عەسکەری خزمەتە دیارەکانی لە جەنگی ئەنتی سووراندا، لە تۆماری گشتی عەسکەریدا تۆمار کراو سوپاسنامەی سەرکردایەتی درایە.

کاری هەڵوەشاندنەوەی فیرقە چەند ڕۆژێکی خایاند. فەرماندە نە خوێنەوارەکانی فیرقەو کەتیبەکان، گۆڕان بە جەنەراڵان و عەقیدان، ئەفسەرانی کارامەو ئەزموونندار کران بە فەرماندەی سریەکان، سەرکردایەتی و فەرماندەیی تۆپخانەو ئەنجوومەنی ئەرکانەکان بە تەواوەتی گۆڕدران. قۆزاقانی سادە، دابەشکران بەسەر ئەوە کەتیبانەدا کە لە شەڕەکانی دۆنتسدا زیانی گیانی زۆریان لێکەوتبوو.

گریگۆری، دەمەو ئێواری، قۆزاقانی فیرقەکەی خۆی کۆ کردنەوەو هەواڵی هەڵوەشاندنەوەی فیرقەکەی دانی و بەدەم خوا حافیزییەوە گوتی:

– قۆزاقینە، گەردنم ئازا بکەن! برایتە، ئێمە ماوەیەك پێکەوە کارمان کرد، زەرورەت ناچاری کردین. بەڵام لەمڕۆ بە دواوە، دەبێ، هەر کەسەو بە تەنیا باری بەدبەختی خۆمان هەڵگرین.گرینگ ئەوەیە خۆمان بپارێزین و سەرمان بە سەلامەتی دەربکەین و نەیەڵین سوورەکان کونی تێبکەن. ڕەنگە سەرمان گەوجانە بێ، ئەقڵی تیا نەبێ، بەڵام بەو حاڵەشەوە نابێ بە خۆڕایی بیدەینە بەر گوللە. چونکە بۆ بیرکردنەوە پێویستمان دەبێت، بیرکردنەوە لە هەنگاوی داهاتوومان...

قۆزاقەکان، ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی گوێیان لێگرت، ئەوسا هەموو پێکەوە کەوتنە قسە. دەنگیان هەمە جۆرو نزم بوو:

– کەواتە تووشی هەمان وەزعی جاران دەبینەوە؟

– ئێستا بۆ کوێمان ڕەوانە دەکەن؟

– نامەردانە، بە دڵی خۆیان خەڵکی هەڵدەسوڕێنن!

– ئێمە نامانەوێ. لێکدی جیا ببینەوە، ئەم سیستەمە تازەیە چیە کە دایان هێناوە؟

– کوڕینە، ئەمانە یەکیان گرت، تا پێ بنەنە سەر ملمان!

– خێڵی تیمساران، جارێکی دی تێمان دەکەون و بە زەبری قامچی بەڕێوەمان دەبەن.

– هێشتا لە کوێمانە... ڕاوەستە بزانە چۆن دەمارمان دەردێنن...

گریگۆری، چاوەڕوانی کرد تا ئارام بوونەوەو گوتی:

– پێویست بە دادو بێداد ناکات، بە خۆڕایی دەمی خۆتان ماندوو مەکەن، قسەی خۆتان لە بەردی مەدەن. ئەو ڕۆژە خۆشانەی کە دەتان توانی موناقەشەی ئەمرو فرمانان بکەن و بەر پەرچی، فەرماندان بدەنەوەو لە ڕوویاندا بوەستن، گوزەشت. بڵاوەی لێبکەن و بچنەوە بارەگاکانی

خۆتان و زمانی خۆتان بگرن، قسەکردن لەم ڕۆژگارەدا هیچی لێ شین نابێ، تەنیا ئەوە نەبێ کە بدرێنە دادگای مەیدانی و عورفی و سریەکانی ماموری سەرکوتکردن!.

قۆزاقەکان، فەسیلْ فەسیلْ دەهاتن و تەوقەیان دەگەڵ گریگۆریدا دەکردو دەیانگوت:

– خودا حافیز، پانتلیوفیچ! گلەیی بەجێ بێڵەو گەردنمان ئازا بکە.

– زۆر زەحمەتە، لە ژێر دەستی بێگانانادا خزمەت بکەین.

– بە خۆڕایی بە جێت هێشتین، نەدەبوو دەستبەرداری فەرماندەی فیرقەکە بوایەی.

– میلیخوف، ئەفسووس کە بێ تۆییمان پێوە دیار دەبێ، ڕەنگە فەرماندە تازەکان، لە تۆ خوێنەوارتر بن، بەڵام مانای وا نییە کە ژیانمان لەگەڵ ئەواندا ئاسوودەتر دەبێت، بەدبەختیەکەمان لەمەدایە!

تەنیا یەك قۆزاقی خەڵکی گوندی ناپولوفسکی کە نوکتەچی و لێبوکی سریەکەی خۆی بوو، گوتی:

– گریگۆری پانتلیوفیچ، باوەڕیان پێمەکە. کاتێ پیاو وێژدانی ئاسوودە نەبێت، کارکردن لە گەڵ ئاشناو لە گەڵ بێگانەدا هەر زەحمەت و دژوارە.

***

گریگۆری ئەو شەوەی بە مەیخۆری دەگەڵ یەرماکۆف و فەرماندەکانی دیدا بەسەر بردو بەیانی پروخور زیکوفی لە گەڵ خۆیدا بردو کەوتە ڕێ تا خۆی بگەیەنێتە کەتیبەی دوازدەیەم. پێش ئەوەی فەرمانەدەیی سریەکەی خۆی بە تەواوەتی وەربگرێت و تەماس دەگەڵ سەربازەکانیا بگرێت و یەکدی بناسن، لە لایەن فەرماندەی کەتیبەکەوە نێردرا بە شوێنێا. بەیانی زوو بوو. گریگۆری خەریك بوو فەحسی ئەسپەکانی دەکرد، ماوەیەکی پێچوو و دوای نیو سەعات ڕۆیی. چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە فەرماندەی کەتیبەکە لێی تووڕە ببێ و لێی بپێچێتەوە، چونکە لە گەڵ ئەفسەرەکانی ژێر دەستی خۆیدا وشك و سەختگیر بوو، بەڵام فەرماندە بە ڕووخۆشی و دۆستانە پێشوازی لێکردو گوتی:

– ئێ، ڕەئیت دەربارەی سریەکەت چۆنە؟ کۆمەڵە خەڵکێکی باشن، ها؟

چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد، بێئەوەی تەمەشای گریگۆری بکات لە سەری ڕۆیی و گوتی:

– ئەوەی ڕاستی بێ، بەداخەوە دەبێ هەواڵێکی ناخۆشت بدەمێ... کارەساتێکی گەورە بە سەر کەسوکارەکەت هاتووە. دوێشەو بروسکەیەك لە ڤیشنسکایاوە هاتووە. جا من مۆڵەتی یەك مانگت دەدەمێ، تا فریای کەسوکارو خانەوادەکەت بکەوی. دەتوانی هەر ئێستا بڕۆیت.

گریگۆری، بە ڕەنگ هەڵبزڕکاوی، گوتی:

– کوا بروسکەکەم بدەیە.

– کاغەزێکی چکۆلەی قەدکراوی وەرگرت، کردیەوەو خوێندییەوە و لە ناو دەستیا، کە لە ناکاوا لە ئارەقەدا تەڕ بوو بوو، لوولی دا. دوای هەوڵێکی کەم توانی خۆی زەوت بکات، بەڵام زمانی کەمێك تەتەڵەی دەکرد:

– ها، چاوەڕوانی شتی وا نەبووم. کەواتە من دەبێ بڕۆم. خوا حافیز،

– مۆڵەتنامەکەت لە بیر نەچێت.

– نا، نا، سوپاس، لە بیرم ناچێت.

بە هەنگاوی بتەوو مکومەوە، لە کاتێکا وەکو هەمیشە شمشێرەکەی بە دەستیەوە گرتبوو، چووە دەرەوە، بەڵام لە ڕاڕەوەکەدا، کاتیٚ کە بە پلە بەرزەکانی بەردەرگای ژوورەوە دادەگەڕا، لە ناکاوا هەستی کرد دەنگی پێیەکانی خۆی ناژنەویٚو هەستی کرد ئازارێکی بڕندەو تیژ، وەکو سەرەنێزە، لە دڵی چەقی.

لە سەر دوا پلە، تلی خوارد، بە دەستی چەپ خۆی بە موحەجەرە لەقەکەوە گرت و بە دەستی ڕاست، دوگمەکانی قەمسەڵەکەی، بە هەشتاو کردەوە. بۆ ماوەی دەقیقەیەك بەو حاڵەوە مایەوە. چەند هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. لە ماوەی ئەم دەقیقەیەدا هەستی کرد، کە ئازارەکە بەنجی کرد، کە دەستی لە موحەجەرەکە بەرداو لە دوا پلە دابەزیو، بەرەو ئەسپەکەی خۆی ڕۆیی، کە بە دەروازەکەوەی بەستبووەوە، هەستی دەکرد، لەتران دەدات، لاقی قورسن و بە زەحمەت بۆی هەڵدێنەوە.

((١٦))

ناتالیا، دوای گفتوگۆیەکانی دەگەڵ داریادا، بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ ئاگای لە خۆی نەبوو، دەتگوت بە سەر دنیاوە نییە. وەکو یەکێك وا بوو ڕموزن و مێردەزمە چۆکی بە سەردا دابیٚو توانای بێدار بوونەوەی لە بەر بڕێبیٚ. بۆ بیانوو هەنجەتێکی ماقوولٚ دەگەڕا تا بچێت بۆ نك ژنەکەی پروخۆر زیکۆف و قسانی لێدەربێنیٚ کە گریگۆری لە کاتی کوڕەوو پاشەکشەکەدا، لە ڤیشنسکایادا چ کارگەلێکی کردووە، ئایا ئەکسینیای دیتووە یان نا. دەیویست لە خەتایەکانی مێردەکەی دڵنیا ببێت، چونکە باوەڕی بە قسەکانی داریا هەم دەکردو هەم نەدەکرد.

ڕۆژێك، دەمەو ئێوارانێکی درەنگ وەخت، بە سەرو ڕوویەکی بێموبالاتانەوە، تەرکەیەکی بەدەستەوە بوو، بەرەو ماڵی زیکوف ڕۆیی. ژنەکەی پروخۆر، کە لە کاری ڕۆژانەی خۆی بوو بووەوە، لە بەر دەرگا دانیشتبوو. ناتالیا گوتی:

– سلاو، ژنی سەرباز! ئەریٚ گوێرەکەکەی ئێمەت نەدیوە؟

– سلاو گیانە، نەخێر نەمدیوە.

– خێو مردووە، لە ماڵەوە بەند نابیٚ! نازانم کوێی بۆ بگەڕێم.

– وەرە دانیشە، ئیسراحەتیٚ بکە، بۆ کویٚ دەڕوات، خۆی دێتەوە. تۆزیٚ گوڵە بەرۆژە دەخۆی؟

ناتالیا، ڕۆیی و لەلایەوە دانیشت. خێرا سەری قسەو باسی ژنانەیان دامەزراند. ناتالیا پرسی:

– هەواڵی مێردەکەت دەزانی؟

– هیچ، دەڵێی کەوتووەتە ئاوەوەو خنکاوە. ئەدی مێردەکەی تۆ، نامەی بۆ ناردوویت؟

– نەخێر، گریگۆری بەڵێنی دابوومیٚ کە نامەم بۆ بنووسێت، بەڵام تا ئێستا، بۆی نەنوسیووم. وەکو بیستوومە گوایە لەوبەری ئوست میدڤیدیتسکایان. ئیدی لەوەندە زیاتر هیچ هەواڵێکی دیکەیان نازانم.

ئەوسا ناتالیا، ئاراستەی قسەکانی بەلای دوا پاشەکشەکەدا داکێشاو بە پارێزەوە کەوتە پرسیار دەربارەی ژیانی قوزاقان لە ڤیشنسکایاو چ کەسێکی خەڵکی گوندیان لەگەڵ بووە. ژنەکەی پروخور هەر زوو بە زیرەکی خۆی پەی بەوە برد کە ناتالیا بۆچی چووە بۆ لای ئەو. بۆیە وەڵامەکانی زۆر کورت و وشك و بە پارێز بوون.

هەڵبەتە مێردەکەی هەموو شتێکی دەربارەی گریگۆری بۆ گێڕا بووەوە، بەلام وێڕای ئەوەی کە زمانی بۆ قسان دەخورا، هەر خۆی گرت و نەیدەوێرا هیچ شتێك بگێڕێتەوەو هەڕەشەکەی پروخۆری وەبیر خۆی دێنایەوە: "نەخەڵەتابی، یەك وشەت لەمبارەیەوە لە زار بترازێ، سەرت دەخەمە سەر کۆتەیەك و زمانە چەپەڵە یەك گەزییەکەت دەردەکێشم و ڕێك بۆتی دەبڕم. ئەگەر بچووکترین شت لەم بارەیەوە بگاتەوە بە گریگۆری، بێ چەندو چون دەمکوژێت. من ڕەنگە لە تۆ تێر بووبم، بەڵام هێشتا لە ژیان تێر نەبووم، تێدەگەیت؟ کەواتە دەمت داخە، وەکو ئەوەی مردبیت!".

سەرەنجام ناتالیا، کە تەواو سەبری سوا بوو، ڕێك و ڕاست پرسی:

– باشە پروخۆری تۆ، بە ڕێکەوت ئەکسینیا ستاخوفای لەوێ، لە ڤیشنسکایا نەدیتووە؟

– لە کوێ ببینێ؟ بۆ وا دەزانی ئەوەندەی وەخت هەیە. کە فریای ئەو شتانە بکەوێ؟ میرونوڤنا، بە حەقیقەتی هەق، من هیچ شتێك لەو بارەیەوە نازانم، هەق نیە لەو بارەیەوە هیچ پرسیارێك لە من بکەیت. بۆ مێردەکەم قسەی لە زار دێتە دەر، تەنیا ئەوە دەزانێ کە بڵێ: "ئەوە بێنە، ئەمە بگرە!"

ناتالیا، بێئەوەی هیچ شتێك بەدەست بێنێ، نیگەرانترو خەمبارتر، گەڕایەوە. بەڵام نەیدەتوانی لەوەی پتر لەو ڕاڕایی و دوودڵیەدا بمێنێتەوە، بۆیە لێبڕا، کە بچێت بۆ لای خودی ئەکسینیا.

بە حوکمی ئەوەی کە هاوسێ بوون، لەو ساڵانەی ئەم دواییانەدا زۆرجار تووشی یەکدی دەبوون و بە بێدەنگی سلاویان لە یەکدی دەکردو جار جاریش یەك دوو قسەی ڕەوتەنییان دەکرد. ئەو زەمانە ڕۆیی بوو کە دەگەیینە ئاستی یەکدی و سلاویان لە یەکدی نەدەکردو بە نیگای کینە ئامێزەوە هەر کەسەو بە ڕێی خۆیدا دەڕۆیی. ئەو دژایەتیە تۆخەی جارانیان نەمابوو و ناتالیا لەو کاتەدا کە بەرەو ماڵی ئەکسینیا دەڕۆیی، هیوادار بوو کە دەری نەکات و دەگەڵیا باسی ئەم و ئەو و بە تایبەتی گریگۆری بکات. ناتالیا لەم بۆچوونەیدا بەهەڵە نەچوو بوو.

ئەکسینیا، بێئەوەی سەرسامی خۆی وەشێرێت، ناتالیای بۆ ژووری میوان بردو چرای هەڵکردو پرسی:

– چ خەبەرێکی خۆشت پێیە؟

– من نابێ خەبەری خۆش بۆ تۆ بێنم...

– کەواتە خەبەرە ناخۆشەکەت بڵێ، ئایا گریگۆری پانتلیوفیچ، هیچی بەسەر هاتووە؟

نیگەرانیەکی هێندە ئاشکراو زەق بە پرسیارەکەی ئەکسینیاوە دیار بوو، کە ناتالیا خۆ بەخۆ پەی بە هەموو شتێك برد. ئەکسینیا بەو تاقە پرسیارەو بە یەك ڕستە بە تەواوەتی دەستەکەی خۆی خستە ڕوو و ئەوەی کە خەم و خولیای ژیانی بوو، بە تەواوەتی ئاشکرا کرد بوو. لە

**راستیدا، پێویست بەوە نەما کە پرسیاری پەیوەندی ئەکسینیا دەگەڵ گریگۆریدا بکرێت. وێڕای ئەمەش ناتالیا نەڕۆیی، دوای دوو دڵی و هەڵوەستەیەکی کوت و پڕ گوتی:**

**– نا، مێردەکەم زندووە، ساغ و سەلامەتە و هیچ ترست نەبێ!**

**– نا، من ناترسم، بۆچی ئەو گومانە دەکەی؟ تۆ دەبێ بترسیت و لە خەمیابی، من بەشی خۆم، خەم و کێشەم هەن.**

**ئەکسینیا، سەربەستانە قسەی دەکرد، بەڵام کە هەستی کرد فشاری خوێن هورژمی بۆ سەرو چاوی هێنا، خێرا چوو بەلای مێزەکەوەو پشتی کردە ناتالیاو ماوەیەکی زۆر بە دروۆوە خۆی بە فتیلەی چراکەوە، بێئەوەی پێویستی بە هیچ دەسکارییەك ببێ، مژوول کرد.**

**– ئەدی هەواڵی ستیپان؟**

**– لەو دواییانەدا سڵاوی بۆ نارد بووم.**

**– ئەدی حاڵی باشە؟**

**– لەوە دەچێت.**

**ئەکسینیا شانەکانی هەڵتەکاند. لێرەشا نەیتوانی بوو درۆ دەگەڵ خۆیدا بکات، هەست و سۆزی خۆی وەشێرێت: بێموبالاتی و خەمساردی ئەو بە چارەنووسی مێردەکەی خۆی ئەوەندە بەزەقی بە وەڵامەکەیەوە دیار بوو کە ناتالیا بە ناچاری بزەیەکی بە ماناوەی بۆ کرد.**

**– وا دیارە زۆر بە خەمییەوە نیت... بە هەر حاڵ ئەمە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، بەڵام من بۆ ئەمە هاتووم بۆ لات: لە گوندی دا مقۆ مقۆیەك هەیە کە گوایە گریگۆری پەیوەندی لە گەڵ تۆدا تازە کردووەتەوەو هەر کاتێ کە بۆ گوند دێتەوە، یەکدی دەبینن. ئەمە دروستە؟**

**ئەکسینیا، بە تەوسەوە گوتی:**

**– لە یەکێکی باش دەپرسیت! با من لە تۆ بپرسم ئایا ڕاستە یان نا؟**

**– دەترسیت ڕاستیم پێ بڵێیت؟**

**– نەخێر، ناترسم.**

**– کەواتە پێم بڵێ، با چیتر خۆم عەزاب نەدەم. بۆچی لە پێناوی هیچدا خۆم عەزاب بدەم؟**

**ئەکسینیا برۆ ڕەشەکانی وێکهێنانەوەو چاوەکانی چکۆلە کردنەوەو بە زبری گوتی:**

**– بە هەر حاڵ من بەزەییم بە تۆدا نایەتەوە. کاری من و تۆ بەمجۆرەیە: کاتێ کە من بەدبەخت و کلۆڵم تۆ شادو بە کەیفی، کاتێ تۆ کلۆڵ و داماوی، من شادو بەکەیفم... هەردووکمان یەك پیاومان دەوێ. وانیە؟ دەی باشە، من حەقیقەتت پێدەڵێم، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی دڵنیا بیت و بۆ هەمیشە بیزانی. ئەو مقۆمقۆیانە هەمووی ڕاستن، خەڵکی لە خۆوە قسان هەڵنابەستن، من گریگۆریم دووبارە بە دەست هێناوەتەوەو ئەمجارەیان گشت هەوڵێکی خۆم دەخەمە کار کە لە دەستی نەدەمەوە. دوای ئەمە چیدەکەیت؟ جامی پەنجەرەیماڵەکەم دەشکێنی یان بە کێرد ورگم هەڵدەدڕی؟**

**ناتالیا، هەستا، تەرکەکەی دەستی شکاندەوەو تووڕی دایە ناو ئاگردانەکەوەو بە جدیەت و زبریەکی ئەوتۆ کە لەو نەدەوەشایەوە بەرسڤی دایەوە:**

– جاریّ هیچت بەرانبەر ناکەم. چاوەڕوانی گەڕانەوەی گریگۆری دەکەم. قسەی خۆمی لەگەڵدا دەکەم، هەنگیّ دەزانم چیتان بەرابنەر دەکەم. من دوو منداڵم هەن، خۆم دەزانم چۆن بەرگری لەوانو لە خۆمیش دەکەم.

ئەکسینیا بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

– کەواتە جاریّ دەتوانم، بەبێترس بۆ خۆم بژیم!

ناتالیا، بێئەوەی هەست بە تەوسو توانجی دوو تویّی قسەکانی ئەکسینیا بکات، لیّی نزیک بووەوە، سەری قۆڵی گرت:

– ئەکسینیا! لەوەتای هەم تۆ کۆسپی سەر ڕێگای من بوویت، بەڵام ئەمجارەیان وەکو جاران لیّت ناپاڕێمەوە، لە بیرتە؟ ئەوسا منداڵترو نەزانتر بووم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: لیّی دەپاڕێمەوە، دڵی پیّم دەسووتیّ، دڵی نەرم دەبێتو دەستبەرداری گریگۆری دەبیّ، بەڵام ئەمجارەیان کاری وا ناکەم! من یەك شت دەزانم: تۆ خۆشت ناویّ، تۆ تەنیا خووت پێوەگرتووە، وەکو خوو لەگەڵیای. قەت ڕۆژیّ لە ڕۆژان وەکو من خۆشت ویستووە؟ دڵنیام نا. تۆ لە گەڵ لیستنتسکیدا رات دەبوارد، چ پیاویّك ماوە لە گەڵیا نەخەویت، هەرزە؟ هەر ژنیّك پیاویّکی خۆشبوویّت ئەو کارانە ناکات.

ڕەنگی ئەکسینیا، زەرد هەڵگەڕا، لەسەر یەغدانەکە هەستاو بە دەست ناتالیای کەنار خست:

– ئەو خۆی لە سەر ئەوە سەرکۆنەی نەکردووم، تۆ دەمکەیت؟ ئەم کارە چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟ باشە! من ژنێکی داوێن پیسو تۆ داوێنپاکیت، جا چیە؟

– تەواو، تووڕە مەبە، من دەڕۆم. سوپاس کە حەقیقەتت پێگوتم.

– پێویست بە سوپاس ناکات، بەبیّ کۆمەکی منیش، هەر حەقیقەتت دەزانی. ڕاوەستە، منیش لە گەڵتا دێمە دەریّ، تا لە دەریّ ڕا عرووسی پەنجەرەکان دابخەم.

ئەکسینیا لەبەر قاڵدرمەکاندا بۆ دمێك وەستاو گوتی:

– خۆشحاڵم، کە منو تۆ، بەبیّ قڕەو بڕە، بەبیّ دادو بێداد، لێکدی جیا دەبینەوە، بەڵام لە کۆتاییدا، دەمەویّ هاوسیّی ئازیز ئەمەت پیّ بڵێم: ئەگەر تۆ توانیت، دووبارە بیگریتەوە، ئەوا بیگرەوە، بەڵام ئەگەر نەتتوانی ئیدی گلەیی لەمن مەکە. من بە خوایشتی خۆم دەست بەرداری نابم، تۆش بە خوایشتی خۆت دەستبەرداری نابیت. من وەکو جاران گەنج نیم، هەرچەندە تۆ بە منت گوت هەرزە، بەڵام من وەکو داریای ئێوە نیمو بە عەمرانم لەو گەمانەم نەکردووە... تۆ هەر چۆنیّ بیّ منداڵەکانت هەن بەڵام من (دەنگی ئەکسینیا کەوتە لەرزینو گڕترو نزمتر بوو) من تەنیا ئەوم لەم دنیایەدا هەیە، هەولّ ئەو و ئاخیر ئەو، دەزانی؟ با چیتر باسی ئەو نەکەین.ئەگەر بە سەلامەتی لە شەڕ گەڕایەوەو فریشتەی ئاسمان پاراستی، دەگەڕێتەوەو ئیدی ئەو بە خۆی سەرپشکە...

ناتالیا، ئەو شەوە نەخەوت. بەیانی دەگەڵ ئیلی نیچنادا دەرچوو بۆ بژاری بێستانی کاڵەكو گوندۆران. کە کاری دەکرد، باری دەروونی سووکتر دەبوو. کاتیّ کە بە پاچ دەیکێشا بەو کڵۆ کەستەکانەدا کە لەبەر هەتاوەکە وشك بوو بوونەوەو ڕەق بوو بوون، کەمتر دەگڕ خەیاڵو فکران

ڕادەچوو، جار جار پشتی ڕاست دەکردەوە تا نەفەسێك تازە بکاتەوەو ئارەقەکەی دەموچاوی دەسڕی و چۆڕێ ئاوی دەخواردەوە.

هەورێن سپی، بەدەم باوە، بە بەرۆکی ئاسمانی شینەوە پەراگەندە دەبوون و بڵاودەبوونەوە. تیشکی هەتاو زەوی داغ دەکرد. لە سەمتی ڕۆژهەڵاتەوە، ئەگەری باران هەبوو. ناتالیا، بێئەوەی سەر هەڵێنێ، هەستی بە گوزەری هەر پەڵە هەورێکی چکۆلە، کە بەری هەتاوی دەگرت، هەستی بە فێنکییەکی کوت و پڕ لە سەر پشتی خۆی دەکرد، سێبەرێکی بۆر، باڵی بەسەر زەوی گەرما دەکێشا، بە سەر بنج و تەرزی تێکئالاوی گۆندۆرە و شووتی دا، بەسەر ساقەتەی گوڵە بەڕۆژەدا، بەسەر بێستانانی قەدپاڵی گردە پەڕاگەندەکاندا، بە سەر گیای خاوی بەر هەتاوا کە دەتگوت لە گەرما خەو بردوونیەوە، بە سەر پنچە گوێژی کێوی و بنە توتڕکدا کە یەکپارچە ریقنەمەلان بوون، بڵاودەبووەوە، دەنگی هەوێردان سازگارتر و ئاوازی نەرمی کەڕەوالان، لە جاران ڕوونتر دەهاتنە گوێ و تەنانەت ئەو بایەی کە گیاو سەوزە گەرمەکانی ڕادەژەند، لە جاران فێنکتر دیار بوو. لێ هەتاو، جارێکی دی لە پەراوێزی سپی پەڵە هەورەکانەوە، کە بەرەو ڕۆژاوا دادەگەڕان، سەری دەردێناو ئازاد دەبوو و سێڵاوی زێڕین و ڕەخشانی تیشکی خۆی بە سەر زەویدا دادەڕشت. لە شوێنێکی دووری دوورەوە، بە سەر لوتکەی گردە شینباوەکانی کەناری دۆنەوە، سێبەری پەڵە هەورە کۆچەرییەکان، باڵی بە سەر ئەرزا دەکێشا. بەڵام لە بێستانەکەدا، هەتاوی زەردی کارەبا ئاسای نیوەڕۆ، دووبارە باڵی بە سەر بێستانەکەدا کێشا بووەوە. تەمێکی کۆچەری خۆشبەز، لە ئاسۆدا بە دەم ڕەنگە گۆڕکێوە، بە لەرزە لەرز دەڕۆیی و بۆنێکی توندو کەسکون و نەفەسگیرتر لە جاران، لە زەوی و شینایی و سەوزەزارەکانەوە هەڵدەستا.

لای نیوەڕۆ، ناتالیا، چوو بۆ سەر ئەو کانیەی کە لە کەنداوێکەوە هەڵدەقوڵا و گۆزەیەك ئاوی تەزی چوون بەفراوی دەگەڵ خۆیدا هێنا. ناتالیاو ئیلی نیچنا، تێر ئاوی ساردیان خواردەوە، دەستیان شۆردو ئەوسا لەبەر هەتاوەکە دانیشتن کە نانی نیوەڕۆ بخۆن. ئیلی نیچنا، بەرهەڵبێنەکەی خۆی ڕاخست، نانەکەی لە سەر داناو دوو مراك و پەرداخێکی لە خورجینەکە دەرهێناو گۆزەیەکی مل باریکی تەژی ماستی ترشی لە ژێر ئێڵەکەکەیەوە، کە دابووی بە سەریا تا هەتاو لێی نەدات، دەرهێنا.

ناتالیا، بەبێ مەیلی نانی دەخوارد. تەنیا یەك دوو پارووی خواردو تەواو، خەسووی پرسی:

– ماوەیەکی زۆرە بێتاقەت دیاریت، وەکو جاران نیت... هیچ شتێك لە بەینی تۆو گریشکادا ڕووی داوە؟

لێوانی ناتالیا کە لەبەر هەتاو قەڵەشا بوون، بە نائومێدی کەوتنەن تەتەڵە، پیاو بەزەیی پێیدا دەهاتەوە:

– دایکە، دیسان دەستی لە گەڵ ئەکسینیادا تێکەڵ کردووەتەوە.

– چۆن... لە کوێ ئەمە دەزانی؟

– دوێنێ چووم بۆ لای ئەکسینیا.

– ئەو پەتیارەی بەرەڵلایەش ئیعترافی کرد؟

– بەڵێ.

ئیلی نیچنا لە فکران ڕاچوو، ماوەیەك دەبیرەوە چوو، دەموچاوە چرچەکەی هێندەی دی گرژ بوو، لێوەکانی شۆڕ بوونەوە:

– بە پەند بێ یاخوا، لەوەیە هەر بۆ خۆ هەڵکێشان وای گوتبێ!

– نە، دایکە، ڕاستە، بۆچی ئەو بوختانە بۆ خۆی دەکات؟

پیرەژن، بە دوو دڵییەوە گوتی:

– تۆ وەکو پێویست مداراو چاودێریت نەکردووە، ئەم جۆرە پیاوە نابێ چاویان لێ غافڵ بکەی.

– خۆ ناکرێ، بەردەوام بە دوایەوە بی! من بە ویژدانی خۆیم سپاردووە.... چما دەکرێت بە تەنوورەکەمیەوە ببەستم؟

ناتالیا، بزەیەکی تاڵی بۆ کردو بە دەنگێکی نزم کە بە حاڵ دەبیسترا لە سەری ڕۆیی: –خۆ ئەمە میشاتکا نییە، بتوانم گوێی بابدەم. وا سەری سپیە، کەچی ڕابردوو لە بیرناکات و ناکات...

ئیلی نیچنا، مراکەکانی شت، ئاوی لە پەرداخەکە وەرداو هەموویانی لە خورجینەکە ناو سەرەنجام گوتی:

– هەموو کێشەکەت ئەمە بوو؟

– تۆ سەیری دایکە! ئەم کێشەیە کەم نییە، وا لە بنیادەم دەکات ژیانی لەبەر چاو بکەوێ، لە خۆی بێزار ببێت.

– ئەدی بە تەمای چیت؟

– چیم پێدەکرێت؟ منداڵەکانم دەبەم و دەڕۆمەوە بۆ لای کەس و کاری خۆم. ئیدی لەگەڵیا ناژیم. با بە ئاشکرا بیبات بۆ ماڵی خۆی و لەگەڵیا بژی... بەسە، زۆرم عەزاب کێشا، بەسە.

ئیلی نیچنا، هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– منیش بە گەنجی، ئەو بیرانەم بە مێشکا دەهاتن. مێردەکەی منیش لەو ڕووەوە هاوتای نەبوو، گەماڵێك بوو لەو گوڕەی. مەگەر هەر خوا بزانێ چ داخێکی داومەتێ، لە گێڕانەوە نایەت. بەڵام بەجێ هێشتنی مێرد کارێکی ئاسان نییە، هیچ سوودێکیشی نیە. تۆزێ بە هێمنی بیری لێبکەوە، بە خۆت دەگەیتە ئەم قەناعەتە. دوای ئەمە چۆن دەتوانی ئەو منداڵانە لە باوکیان بکەی؟ نەخێرا، تۆ قسەی بێهودە دەکەی. ئەم بیرە لە مێشکی خۆت دەربێنە، ڕێگەت نادەم.

– نا، دایکە، من چیتر لە گەڵی ناژیم، قسەی خۆت لەبەرد مەدە.

ئیلی نیچنا، بەو قسەیە پەست بوو:

– یانی چی قسەی خۆم لە بەرد نەدەم؟ چما من و تۆ لە یەك خانەوادە نین؟ مەگەر من دڵم بە حاڵی ئێوەی نەحلەتی ناسووتێ، خەفەتتان بۆ ناخۆم، ها؟ تۆ چۆن قسەی وا لە ڕووی مندا، لە ڕووی کەسێکا کە لە جیاتی دایکتە، لە ڕووی پیرەژنێکدا دەکەیت؟ پێمگوتیت، ئەم بیرە لە مێشکی خۆت وەدەرنێ و تەواو. ئۆف! نۆبەتی ئەو قەوانەیە "ماڵ بە جێدێڵم!" ئاخر کێوە دەچێت؟ کێ لە کەسوکار تۆ دەگرێتە خۆی، کێ پێویستی بە تۆیە؟ باوکتە؟ نەماوە، ماڵە، سووتاوە. دایکت بەخۆی دەبێ پەنا بەرێتە بەر ماڵە بێگانان تا لە ڕای مەسیحدا جێی بکەنەوە. جا تۆ بە تەمای

بچیتە ئەویٚو نەوەکانم لە گەڵ خۆتا بەریت؟ نە، گیانەکەم، نا، شتی وا نەبووە و نابیٚ! با گریشا بیٚتەوە، هەنگی بزانین تەگبیریٚکی دەکەین، ئیدی باسی ئەم مەسەلەیە لای من مەکە. لیٚتی قەبووڵ ناکەمو گویٚت لیٚناگرم!.

ئەو داخ و کەسەرەی کە لە میٚژ بوو، لە دڵی ناتالیادا کەڵەکە بوو بوو، هەر هەمووی لە ناکاوا تەقییەوەو لە هۆڕژنی گریانیٚکی بە کوڵی دا، لەچکەکەی لە سەری داکەندو، بە دەما لەسەر ئەرزە وشكو نا میهرەبانەکە پاڵکەوتو سینگی نا بە ئەرزەکەوەو ما بگری، ئەمما گریان، سەری بە هەنسکانەوە هەڵدەگیرا، کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوت.

ئیلی نیچنا، پیرەژنی دنیادیدەو ئازا، لە جیٚی خۆی نەجولا. دوای تۆزیٚك، گۆزەکەی، بەو ماستەوە کە تیای مابوو، لە ئیٚلەکەکەیەوە پیٚچاو لە جیٚیەکی ساردی دانا، تۆزیٚ ئاوی لە پەرداخەکە کرد و هات بە دیار ناتالیاوە دانیشت. دەیزانی قسە لە ئاستی ئەو جۆرە کولو کۆڤانەدا هیچی پیٚناکریٚت، هەروەها دەیزانی گریانو فرمیٚسك، لە چاوانی وشكو لیٚوانی بەبار باشترە. وازی لە ناتالیا هیٚنا، بە کەماڵی ئارەزوو بگریو خۆی بە تاڵ بکاتەوە. پاشان، دەستەکانی، کە بە هۆی کارو کۆششەوە زبر بوو بوون، بە سەر سەری بووکەکەیدا هیٚناو قژە ڕەشە بریقەدارەکەی نەوازش کردو گوتی:

– بەسە، بەسە، هەموو فرمیٚسکەکانت مەڕیٚژە. تۆزیٚکی بۆ کاتیٚکی دی بهیٚڵەوە. هانیٚ، چۆڕیٚ ئاو بخۆرەوە.

ناتالیا، هیٚور بووەوە: ناو بە ناو شانەکانی بەرز دەبوونەوەو تەزوویەکی سووکی بە سەراپادا دەهات. لە ناکاوا هەستایە سەر پیٚیانو ئیلی نیچنای، کە پەرداخە ئاوەکەی بۆ ڕاگرتبوو، وەلاخستو ڕوو لە ڕۆژهەلات، دەستەکانی، کە لە فرمیٚسکا هەڵکشا بوون، ڕوو لە ئاسمان پان کردنەوە، بە پەلە پەلو بە دەنگیٚکی پچڕ پچڕ، کەوتە تووكو دوعا:

– خودایا! تا ڕادەی مەرگ، ڕوحی عەزاب دام! ئیدی ناتوانم بەم جۆرە بژیم! خودایا، ئەم مەلعوونە خیٚر نەبینیٚ، خودایا، بیکوژە! با لەوەی پتر نەژیو عەزابی ڕوحم نەدات!...

هەوریٚکی ڕەشو چڕ لە سەمتی ڕۆژهەلاتەوە دادەخزی. گرمەیەکی سووك لە ئاسمانەوە هەستا، چەخماخەیەکی سپی، هەورەکەی قڵیشاندەوەو بە پیٚچاو پیٚچ، بە ئاسمانا ڕاخوشی. بایەکە، گیاو ڕوەکە پڕ زەمزەمەکانی بەرەو ڕۆژئاوا دەخەواند، تەپو تۆزیٚکی ناخۆشی لە جادەکەوە دەگەڵ خۆیدا دیٚناو، سەری قورسی، گوڵی گوڵە بەڕۆژەکان، تەقریبەن تا سەر ئەرزەکە دادەهاتنەوە.

بایەکە، قژەکەی ناتالیای پەخشو پەریشان دەکرد. ڕوخساری فرمیٚسکاوی فیٚنك دەکردەوە، تەنوورە دەڵبە خاکییەکەی، کە تەنوورەی کارکردن بوو، لە لاقو لە تەرییەوە دەهالاند.

ئیلی نیچنا، بۆ چەند چرکەیەك، بە ترسیٚکی خورافاتیەوە ڕوانیە بووکەکەی. ناتالیا، لە سایەی هەورە تاریكو تۆفانزایەکەوە، کە نیوەی ئاسمانی گرتبوو، وەکو خەڵقەندەیەکی نامۆو ترسناك دەهاتە بەرچاوی.

بارانی به لێزمه دەستی پێکرد.خامۆشی پێش تۆفان، کورت بوو. واشەیەك کە قیروقاج دادەهاتەوە، هاوارێکی ترسناکی کردو پڕی دایە جرجە کوێرەیەك کە بۆ دواجار لەبەر کۆنەکەی خۆیدا زریکاندی. بایەکە تەپوتۆزێکی سووکی بە سەروچاوی ئیلی نیچنادا کردو بەگڤ و هۆڕ بە دەشتەکەدا بۆی دەرچوو. پیرەژن، بە زەحمەت خۆی لە سەر پێیان ڕاگرت، ڕەنگی وەکو مردوو زەرد هەڵگەڕا، لە میانەی گژەبایەکەوە کە بە گڤ و هۆڕ دەهات، بە دەنگێکی نزم هاواری کرد:

– وەهۆش وەرەوە! خواوەند هیدایەتت بدات! ئەوە دوعای مردن لە کێ دەکەیت؟

ناتالیا، شێت ئاسا چاوانی بڕینە گەواڵە هەورەکان کە بایەکە کۆی کردبوونەوەو لێکدا لێکدا چەخماخەی دەداو دنیای ڕوناك دەکردەوەو چاوانی دەخستنە ڕێشکەو پێشکەو هاواری دەکرد:

– خودایا... خۆت تۆڵەی لێبستێنە!

هەورە تریشقەیەکی وشك لە ئاسمانی دەشتەکەدا دەنگی دایەوەو بە بۆڵە بۆڵ، تا گوێ بڕ دەکات هەر ڕۆیی و ڕۆیی. ئیلی نیچنا ترسا، نیشانەی خاچی کێشاو بە هەنگاوی خاوەوە لە ناتالیا نزیك بووەوەو شانی گرت:

– ناتالیا، بکەوە سەر چۆکان، گوێت لێیە؟

ناتالیا، بە دوو چاوی وێڵ و سەرگەردانەوە ڕوانیە خەسوویو بە کەساسی کەوتە سەر چۆکان، ئیلی نیچنا ئەمری پێکرد:

– داوای بوردن بکە، لە خوا بپاڕێوە کە دوعایەکەت قەبووڵ نەکات. تۆ ئارەزووی مەرگی کێ دەکەیت؟ باوکی منداڵەکانی خۆت؟ ئاخ، ئەمە گوناحێکی زۆر گەورەیە! نیشانەی خاچ بکێشە... سوجدە بەرە، بڵێ: "خودایە، لە گوناحم ببورە، هەر چەندە گوناحبارم.

ناتالیا، نیشانەی خاچی کێشا، لە بن لێوانەوە هەندێ شتی گوت، بەلادا کەوت و دانەکانی بە چیڕەوە چوون.

***

دەشتەکە، کە لێزمەی باران بە تەواوەتی شۆردبویەوە، سەوز دەچووەوە، سەوزێکی پاراوی جوان. لە گۆلاوێکی دوورە دەستەوە، تا سەر دۆن، پەلکە ڕەنگینەیەکی بەرز بە تاقی ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە، لە قوڵی ڕۆژئاواوە، هێشتا دووراو دوور، گرم و هۆڕی سووکی هەورە تریشقە بەردەوام بوو. ئاوی لێڵ و قوڕاوی کۆسارەکان بەدەم هاژەو هاواری هەڵۆ ئاساوە، بە هەشتاو دەڕژایە کەندو گۆلاوەکانەوە. جۆگای کەفاوی لە قەد پاڵەکانەوە، بەسەر بێستانەکاندا، بە خێرایی بەرەو دۆن دادەکشان و گەڵای وەریوی بەر بارانەکە، تەرزو بڕکی ڕیشە سستی گۆندۆران و گوڵە جۆیان دەگەڵ خۆدا ڕادەماڵی. قوڕە لیتە و لم کەڵەکە دەبوو و بڕکە گوندۆرەو شووتیانی وەژێرەوە دەکردو دادەپۆشی، ئاو بەجادەکاندا دەڕۆیی، جێگای چەرخی عارەبانانی دەسڕییەوەو ڕادەدا، خەرمانێك وێنجە کە چەخماخە لێی دا بوو و گڕی گرتبوو، لە بناری گردێکی دوورە دەستا دەسووتا. لوولە دووکەڵێکی بۆرباو چوو بوو بە تاقی ئاسمانداو تەقریبەن سەری لە کۆڵکەزێڕینەکە دەسوو.

ئیلی نیچنا و ناتالیا، بەرەو گوند، نشێو بوونەوە، لە کاتێکا داوێنی تەنوورەکانیان هەڵکردبوو، بە پارێزەوە پێیە ڕووتەکانیان دەنایە سەر جادە خزو قوڕەکە. بە دەم ڕێوە ئیلی نیچنا گوتی:
– بە زاتی خوا، ئێوەی گەنج هیچتان تیا بەسەر نییە، چیکڵدانەتان هەر نیە. بە بچووکترین شت دەهەری دەبن. ئەگەر تۆ وەکو من ژیابای چیت دەکرد؟ گریشا، بە عەمراتی لێی نەداویت، پەنجەیەکی لە ڕووت بەرز نەکردووەتەوە. وێڕای ئەوەش تۆ ڕازی نیتو دایمە شینو شەپۆرتە. بە کەیفی خۆت دێیتو دەڕۆیت، تەنانەت خواش تێکەڵ بە کارە چەپەڵەکانی خۆتان دەکەیت... من نایڵێم، تۆ بیڵێ، ئەمە کارێکی باشە هەی سەر شێت؟ من کە گەنج بووم، مێردە شەلەکەم، هەمیشە لێی دەدام، دەیگەیاندمە حاڵی مردن، بە خۆڕاییش، باوەڕ بکە هیچ سووچو خەتایەکیشم نەبوو. بە خۆی کابرایەیکی جینگزو داوێن پیسو بێمانا بوو، کە تووڕە دەبوو، داخی خۆی بە من دەڕشت. هەندێجار کە بەرەبەیان دەگەڕایەوە، من دەگریامو گلەییو گازاندەم دەکرد، بە مست تێم بەردەبوو... ئازام شینو مۆر دەبووەوەو هەندێجار تا یەك مانگ چاك نە دەبووەوە. وێڕای ئەوەش هەر هەڵمکرد، تەحەموولم کرد، منداڵەکانی خۆم بە خودان کرد و بۆ تاقە جارێکیش بیرم لەوە نەکردەوە کە بتۆرێمو ماڵ بە جێ بێڵم. من گریشا هەڵناکێشم، بەڵام دەتوانی لەگەڵیا هەڵبکەیو بژیت. ئەگرە ئەو ژنە ئەژدیهایە نەبوایە، مێردێك دەبوو چۆن حەز بکەی. هەڵبەتە نوشتەو جادووی لێکردووە، دەنا مەحاڵە...

ناتالیا، ماوەیەکی زۆر بێدەنگ، بە دەم ڕێوە لە فکران ڕاچوو، پاشان گوتی:
– دایکە، من نامەوێ چیتر باسی ئەو بابەتە بکەم. کاتێ کە گریگۆری گەڕایەوە، ئەوسا قەراری خۆ دەدەم... ڕەنگە بە خوایشتی خۆم بڕۆم، لەوەشە ئەو دەرم بکات، بەڵام جارێ ماڵەکەتان بە جێ نایەڵمو بۆ هیچ شوێنێك ناڕۆم.

ئیلی نیچنا، بە خۆشحاڵییەوە گوتی:
– دەبوایە زۆر زووتر ئەم قسەیە بکەیت! بەڵکو ئەمە خوایە هەموو شتەکان، بەخێر بگەڕێ. ئەو هەرگیز تۆ دەرناکات. بیر لە شتی وا مەکەوە! خۆتو منداڵەکانتی لەوە خۆشتر دەوێت کە بیر لە شتی وەها بکاتەوە! نا، نا، بۆ ئەکسینیا دەستبەرداری تۆ نابێت، ناتوانێ کاری وەها بکات! بەڵام شەڕو ئاژاوە لە هەموو خێزانێکدا، لە باشترین و تەباترین خێزانیشا ڕوو دەدات! گرینگ ئەوەیە بە سەلامەتی بگەڕێتەوە، هەر سەر سەلامەت بێ...
– من مەرگی بە ئاوات ناخوازم... ئەو قسەیەشم کە کرد، لە تووڕەییدا بوو... لێم مەگرە... من ناتوانم ئەو لە دڵی خۆم دەربێنم، بەڵام ئەمجۆرە ژیانەش زۆر سەختو دژوارە...
– گیانەکەم، کچە باشەکەم! چما من نازانم؟ بەڵام نابێ لە هیچ شتێکدا پەلە بکەیت. هەق بە تۆیە، تۆ ڕاستدەکەیت. دەی با چیتر باسی ئەم بابەتە نەکەین! بەڵام بیکە بە ڕەزای مەسیح، جارێ هیچ شتێك بۆ پیرەمێرد باس مەکە، ئەمە کاری ئەو نییە.
– بەڵام شتێکی دیکەش هەیە حەز دەکەم پێتی بڵێم... من جارێ نازانم لەگەڵ گریگۆری دا دەمێنم یان نا، بەڵام نامەوێ منداڵی دیکەم لێی ببێت. تەنانەت نازانم چی لەم دوانەش بکەم.... بەڵام دایکە من سکم هەیە....

- لە کەیەوە؟
- لە مانگی سێیەمدام.
- تازە چۆن لێی ڕزگار دەبی؟ بتەوێو نەتەوێ دەبێ تەحەمولی بکەیت، تا سکەکەت لێدەبێتەوە.
ناتالیا، بە عەزمی جەزم گوتی:
- نا، تەحەمولی ناکەم. ئەمڕۆ دەچم بۆ لای نەنە کاپیتونوڤنا، ئەو ڕزگارم دەکات،... شتی وای بۆ زۆر ژنی دی کردووە...
- یانی منداڵەکەت لە بار بەریت؟ چۆن زات دەکەیت ئەو قسەیە بکەی هەی بەدبەخت؟
ئیلی نیچنا، بە تووڕەیی لە ناوەڕاستی جادەکەدا وەستاو دەستی دان بە یەکدا. دەیویست شتێکی دی بڵێت، بەڵام لە دواوە دەنگی خشەخشی چەرخی گالیسکەو شڵپە شڵپی سمی ئەسپان بە نێو قوڕەکەداو دەنگی پیاوێك کە دەی لە ئەسپەکەی دەکرد، هاتە گوێ. ئیلی نیچناو ناتالیا، بەدەم دادانەوەی داوێنی تەنوورەکانیانەوە لە سەر ڕێگاکە لاکەوتن. فیلیپ ئاگسییوفیچ بسخلبنوڤ پیر بوو کە لە دەشت دەگەڕایەوە. کە گەییە ئاستی ئەوان، جڵەوی ماینە چەمووشەکەی ڕاکێشاو گوتی:
- ژنینە، وەرن سوار بن، با بتان گەیەنمەوە ناو گوند، پێویست ناکات ئەم قوڕە بشێلن.
ئیلی نیچنا، بە خۆشحاڵییەوە گوتی:
- مەمنوون، ئاکسییوفیچ، هێندە خزاین بە هیلاك چووین.
خۆی یەکەمجار، سەرکەوتە سەر عەرەبانەکە.

***

دوای نیوە ڕۆژە، ئیلی نیچنا دەیویست قسانی دەگەڵ بکات و قەناعەتی پێبکات کە پێویست ناکات منداڵەکەی لەبار بەرێت. بەدەم شۆردنی ئامان و هیربارانەوە، لە هزرو خەیاڵی خۆیدا بۆ قەناعەتبەخشترین هەنجەت و بەڵگە دەگەڕا، تەنانەت ئەوەشی وە بیرا هات کە پەنا وەبەر پیرەمێردەکەشی بەرێت و مەسەلەکەی لێ حاڵی بکات، تا کۆمەکی بکات و بووکەکەی، کە لە داخ و کەسەراندا شێت و دەهری بوو بوو، لەو کارە نابەجێیە ژێوان بکەنەوە. بەڵام لەو ماوەیەدا کە ئەو خجڵی(مژوول) کار بوو، ناتالیا، بە کڕو کپی خۆی ئامادە کردبوو و ڕۆیی بوو. ئیلی نیچنا، لە دونیاشکای پرسی:
- ناتالیا، کوا؟
- بوخچەیەکی چکۆلەی هەڵگرت و ڕۆیی.
- بۆ کوێ؟ چی گوت؟ بوخچەکەی چۆن بوو؟
- من چوزانم، دایکە، تەنوورەیەکی خاوێن و چەند پارچە جلێکی دیکەی پێچایەوە، لە بوخچەکەی نان و ڕۆیی، هیچیشی نەگوت.
- داماوی، بەلەنگاز!
ئیلی نیچنا، خۆی دا بە سەر تەختەکەداو بە جۆرێ لە هۆڕژنی گریانی دا کە دونیاشکا سەری سوڕما.

– دایکە، ئەوە چیتە؟ خوا یارت بێ، بۆچی دەگریت؟

– وازم لێبێنە، بێ حەیا! خۆت لە کاری خەڵکی هەڵمەقورتێنە. ناتالیا چی گوت؟ کە خۆی کۆ دەکردەوەو بوخچەکەی دەپێچایەوە بۆ پێت نەگوتم؟

دونیاشکا، بە پەستی بەرسڤی دایەوە:

– بە ڕاستی تۆش سەیری! ئاخر من لە کوێ بزانم کە دەبوایە ئاگادارت بکەمەوەو پێت بڵێم؟ خۆ بە یەکجارەکی نەڕۆییوە؟ دیارە چووەتە دیدەنی دایکی. ئیدی تێناگەم ئەمە گریانی بۆ چیە!

ئیلی نیچنا، بەوپەڕی نیگەرانی چاوەڕوانی گەڕانەوەی ناتالیا بوو. بڕیاری دا، هیچ بۆ پیرەمێرد نەگێڕێتەوە: لە لۆمەو بۆڵە بۆڵی دەترسا.

بولێلی ئێوارە ڕەوە ئەسپان لە دەشت گەڕانەوە. زەردە پەڕی کورت خایەنی هاوینە ئاوا بوو لە ناو گوندا، لێرەو لەوێ، چرا هەڵکران، بەڵام ناتالیا لە هیچ شوێنێکەوە دەرنەکەوت، سەرو سۆراخی نەبوو! خانەوادەی میلیخوف، بۆ شێو خواردن دانیشتن. ئیلی نیچنا، کە لە نیگەرانی و پەریشانیدا ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما بوو، ماکارۆنی بە پیازی سوورەوە کراوەوە، هێنایە سەر خوانەکە، پیرەمێرد مراکێکی هەڵگرت، تۆزێك نانەڕەقی تێگوشی و خستیە دەمیەوە کە لەبەر ڕدێن بە ئاستەم دیار بوو. ئەوسا چاوی بەو کەسانەدا گێڕا کە لە دەوری خوانەکە ڕۆنیشتبوون و پرسی:

– ناتالیا لە کوێیە؟ بۆچی بانگی ناکەن بێت نانەکەی بخوات؟

ئیلی نیچنا، بە ئەسپایی گوتی:

– ناتالیا، دیار نیە.

– دیار نییە، لە کوێیە؟

– دیارە چووەتە دیدەنی دایکی و لەوێ ماوەتەوە.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە ناڕەزایی پڕتاندی:

– زۆر دێرکەوتووە. هەق وایە هەندێ ئسوولێ بزانێ

وەکو هەمیشە، بە تاسەو تاسووقەوە نانی دەخوارد، جار جارێك، مراکەکەی لە قەراخ خوانەکە دادەناو بە تیلەی چاو نیگایەکی پڕ میهری میشاتکای، کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو، دەکردو بە دەنگێکی گڕ دەیگوت:

– تۆزێ بۆ لای منەوە وەرگەڕێ کوڕەکەم، با دەمت بسڕم. دایکتان بۆ خۆی لە دەرەوە دەگەڕێت و کەسێك نییە ئاگای لێتان بێ...

بە دەستە زەلامە، قەڵەشاو و ڕەشەکانی، دەمو لێوە ناسك و پەمەییەکەی نەوەکەی دەسڕی و پاك دەکردەوە.

شێو، بەبێدەنگی خورا. ئەوجا لە سەر خوانەکە هەستان. پانتلی پروکوفیوفیچ، ئەمری کرد:

–چراکە بکوژێننەوە، نەوت کەمە، بە خۆڕایی بە فیڕۆی مەدەن.

ئیلی نیچنا پرسی:

– دەرگا داخەم؟

– بەڵێ.

– ئەدی، ناتالیا؟...

– کە بێتەوە لە دەرگا دەدات. لەوەیە تا بەیانی نەیەتەوە. ئەمە ڕێو ڕەسمی تازەیە! تۆش، پیری جادووباز، هیچی پێنالێی! ئاخر شەوو میوانی! سبەینێ پێی نیشان دەدەم، چاو لە داریا دەکات...

ئیلی نیچنا، هەر بە جلەکانیەوە ڕاکشا. نیو سەعاتێك، بەدەم ئاخ هەڵکێشانەوە، گیذگڵی دا. خەریك بوو هەڵدەستا کە بڕوات بۆ نك کاپیتونوڤنا کە دەنگی هەنگاوی شپرزەو خاو لە ژێر پەنجەرەکەوە هاتە گوێ. بە چاپوکیەکی ئەوتۆ کە هیچ لەگەڵ تەمەنی ئەودا نەدەگونجا لە تەختەکە دابەزیو بە هەشتاو خۆی گەیاندە بەر دالآنەکەو دەرگای کردەوە.

ناتالیا، بە ڕەنگی زەردی مردوو ئاساوە، دەستی بە موحەجەرەکەوە گرتبوو و بە قاڵدرمەکاندا سەردەکەوت. تریفەی مانگی چوارده، بە توندی دەیدا لە دەموچاوە لاواز بووەکەی، لە چاوە بە قوڵاچووەکانی و لە برۆکانی کە لە ئازارا هاتبوونەوە یەك. وەکو نێچیرێك کە زامێکی بە سوێی پێ گەیی بێت، بەلارە لار ڕێی دەکردو لەگەڵ هەر هەنگاوێکی سستدا، پەڵەیەکی خوێنی ڕەشی لە دوو بە جێدەما.

ئیلی نیچنا، بە بێدەنگی باوەشی پێدا کردو بردیە بەرهەیوانەکە. ناتالیا پشتی بە دەرگاکەوە داو بە دەنگێکی نووساو، لە بن لێوانەوە گوتی:

– هەموو خەوتوون؟ دایکە ئەو خوێنە بسڕە... تەمەشا شوێن پێم هەمووی خوێنە..

ئیلی نیچنا، بە ئەوکی پڕ لە گریانەوە، بە ئەسپایی گوتی:

– بزانە چیت بەخۆت کرد؟

ناتالیا ویستی پێبکەنێت، بەڵام بزەیەکی شێواو دەموچاوی داگرت:

– دەنگت بەرز مەکەوە دایکە، با ئەوانی دی خەبەریان نەبێتەوە...ئیدی لە کۆڵ خۆم کردەوە. ئێستا دڵم ئاسوودەیە... بەڵام خوێنێکی زۆرم لەبەر دەڕوات. خوێنێکی ئەوتۆم لەبەر دەڕوات، لە تۆ وایە سەریان بڕیوم... دایکە دەستم بدەیە،... سەرم گێژ دەخوات.

ئیلی نیچنا دەرگای داخست، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە تاریکییەکەدا بە لەپە کوتێ بۆ کێلونی دەرگاکە گەڕا، لە تۆ وایە خەڵکی ئەوماڵە نییە. لە سەر نووکی پێیان، ناتالیای بۆ ژووره گەورەکەی میوان بردو دونیاشکای خەبەر کردەوەو داوای لێکرد کە بڕواتە ژوورێکی دیکە. داریاشی بانگ کردو چرایەکی داگیرساند.

دەرگای موبەقەکە کرا بووەوە، دەنگی پرخو هۆڕی پانتلی پروکوفیوفیچ لە دەرگاکەوە دەهات. پولیوشکا، بەدەم خەوەوە لێوەکانی بە نەرمی دەبزواندو شتێکی بە ئەسپایی دەگوت. بەڵێ خەوی منداڵان، کە هیچ خەمێکیان نییە، قورسە!

لەو کاتەدا کە ئیلی نیچنا، پشتیەکەی شیدەکردەوەو جێگای ئامادە دەکرد، ناتالیا لە سەر تەختەکە دانیشتو لە بێتاقەتیدا سەری نایە قەراخ مێزەکە. دونیاشکا دەیویست بێتە ژوورەکەوە، لێ ئیلی نیچنا، بە زبری گوتی:

– بڕۆ دەریّ، بیّ حەیا، چیتر لێرە نەتبینم! تۆ کارەت بێرە چیە؟

داریا، بە پەستی پارچە پەڕۆیەکی تەڕی هەڵگرتو چوو بۆ بەر هەیوانەکە. ناتالیا، بە زەحمەتێکی زۆر سەری هەڵبڕیو گوتی:

– نوێنە پاکەکانی سەر تەختە خەوەکە هەڵگرە،... پارچە جاوێك ڕابخە،... با جێگاکە نەلەوتیّ(پی نەبیّ)...

ئیلی نیچنا پێی گوت:

– قسە مەکە! جلەکانت داکەنەو ڕابکشیّ! هەست بە ئازار دەکەی؟ تۆزیّ ئاوت بۆ بێنم؟

– زۆر بێتاقەتم، ماکسیەکی پاکم بۆ بێنن لەگەلّ قومیّ ئاودا.

ناتالیا، بە زەحمەت لەجێی خۆی هەستاو بەلارە لار بەرەو تەختە خەوەکە ڕۆیی. تەنیا ئەو کاتە ئیلی نیچنا، هەستی کرد کە تەنوورەکەی ناتالیا، پەکپارچە خوێنەو بە قورسی لە لاقو لەتەری ئالاوە. بە ترسەوە ڕوانیە ناتالیا، ناتالیا دانەوییەوەو کەوتە گوشینی تەنوورەکەی، لە تۆ وایە ماوەیەکی زۆر بە بەر باراندا ڕێی کردبوو، ئەوسا دەستی بە داکەندنی جلەکانی کرد. ئیلی نیچنا بەدەم گریانەوە هاواری کرد:

– خو خوێنت تیا نەماوە!

ناتالیا، جلەکانی داکەندو چاوانی لێك نان. هانکە هانکی پێکەوتبوو. ئیلی نیچنا، نیگایەکی کردو ئەوسا وەکو ئەوەی بڕیارێکی بنجبڕی دابیّ، چوو بۆ مووبەقەکە، بە زەحمەتێکی زۆر پانتلی پروکوفیوفیچی لە خەو هەستاندو گوتی:

– ناتالیا نەخۆشە... حالّی زۆر خراپە، دەترسم بمرێت... خێرا ئەسپەکە لە عەرەبانە ببەستەو بڕۆ بۆ ڤیشنسکایا، بە دوای پەرستاردا.

– ئەوە تۆ چ دەڵێی! چی لێقەوماوە؟ نەخۆشە؟ ئیّ با تۆزیّ کەمتر لە دەرەوە بسوڕێتەوە...

پیرەژن، بە کورتی، حالّو حیکایەتەکەی بۆ گێڕایەوە. پانتلی پروکوفیوفیچ، بە تووڕەیی لە جێگا هەستا، بە دەم داخستنی دوگمەێن پانتۆڵەکەیەوە، چوو بۆ ژوورەکە.

– ئاخ، هەرزەی قەحپە دایك، منداڵی لە بار بردووە؟ ناچاری ئەمەی پێکردووە، ها؟ با وابیّ، بزانە چۆنی پیّ نیشانبدەم...

– ئەوە تۆ شێت بووی، نەحلەتی؟ بۆ کویّ دەڕۆی؟ مەچۆ بۆ ئەوێندەر، کاری بە تۆ نییە! منداڵەکان خەبەر دەکەیتەوە! بڕۆ، خێرا ئەسپەکە لە عەرەبانەکە ببەستەو...

ئیلی نیچنا، دەیویست پیرەمێرد ڕابگرێت، لیّ ئەو، بێئەوەی گویّ بە پیرەژن بدات، خۆی گەیاندە بەر دەرگای ژوورەکەو بە لەقەیەك کردیەوەو هاواری کرد:

– بە ڕاستی کارێکی باشت کرد، توخمە شەیتان!

ناتالیا، ئەو کراسەی کە تازە دایکەندبوو، نا بە سینگو بەرۆکی خۆیەوەو قیژەیەکی توندی کرد:

– نەیەی! نەیەیتە ژوورەوە، باوکە! بۆ خاتری مەسیح نەیەی!

پانتلی پروکوفیوفیچ، بەدەم جنێودانی بازاڕییەوە کەوتە گەڕان بە دووی پاڵتۆو کڵاوەکەی خۆی‌و زین‌و قایش و قوروشی ئەسپەکەیدا.

هێندەی خاوە خاو کرد کە دونیاشکا، تاقەتی چوو و خۆی بە مووبەقەکەدا کردو بەدەم ڕوندک ڕشتنەوە، بە باوکی گوت:

– دە، خێراکە! دەڵێی قاڵوچەیت‌و لە نیو ڕیخا دەگەڕێی! ناتالیا خەریکە دەمرێت‌و ئەمیش یەك دانە سەعاتە خۆی ئامادە دەکات! ئەمەش بوو بە باوکایەتی! ئەگەر ناتەوێ بڕۆیت، بڵێ! خۆم ئەسپەکە لە عەرەبانەکە دەبەستم‌و دەڕۆم!

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە ڕقەوە پاڵتۆکەی خۆی پێدا کێشاو بەدەم هەڕەشەو جوێنی بازاڕییەوە چوو بۆ ناو حەوشەکە.

دوای ئەوەی پانتلی لە ماڵ دەرچوو، هەمووان ئاسوودەتر بوون. داریا ناو ژوورەکەی دەشت. بە توندی مێزو کورسیەکانی دەگواستنەوەو دونیاشکا، کە دایکی ڕێگەی دابوو بێتە ژووری میوان، لە لای سەری ناتالیاوە دانیشت، پشتیەکەی بۆ چاك دەکردو ئاوی دەدایە. ئیلی نیچنا، ناو بە ناو دەچوو بۆ ژوورەکەی تەنیشتەوەو سەرێکی منداڵەکانی دەدا کە لەوێندەر خەوتبوون. دوای ئەوە دەگەڕایەوە، ماوەیەکی زۆر چاوی دەبڕییە ناتالیاو گۆنای دەخستە سەر لەپی دەستی‌و بە داخ‌و کەسەرەوە سەری دەلەقاند.

ناتالیا، بە بێدەنگی ڕاکشا بوو، سەری بە قژە ئاڵۆزو تێك ئاڵاوەکەیەوە، کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، لە سەر سەرینەکە دەجوڵاند. خوێنی لەبەر دەڕۆیی. هەر نیو سەعات جارێك ئیلی نیچنا، بە پارێزەوە بەرزی دەکردەوەو چەرچەفە خوێناوییەکەی لە ژێریدا دەردێناو ڕایەخێکی دیکەی بۆ ڕادەخست.

سەعات بە سەعات، ناتالیا بێهێزتر دەبوو. کەمێك دوای نیوەشەو چاوی هەڵێناو پرسی:

– زۆری ماوە بۆ بەیانی؟

پیرەژن، بۆ ئەوەی دڵی خۆشبکات گوتی:

– زۆری نەماوە.

و لە دڵی خۆیدا گوتی: "مانای وایە مەرگی نزیك بووەتەوە! دەترسێت بمرێت‌و فریای دیتنی منداڵەکانی نەکەوێت."

ناتالیا، وەکو ئەوەی، مەزەندەکەی خەسووی خوێندبێتەوە، بە نەرمی تکای کرد:

– دایکە، میشاتکاو پولیوشکا بێدار بکەرەوە...

– چی دەڵێی گیانەکەم! بۆچی بەم نیوەشەوە خەبەریان بکەمەوە؟ کە تۆ بەم حاڵەوە بدینن دەترسن، دەگرین... بۆچی خەبەریان بکەمەوە؟

– دەمەوێ بیان بینم... حاڵم شڕە.

– خودا یارت بێ ڕۆڵە، ئەو قسەیە چیە؟ دوای تۆزێکی دی بابە لەگەڵ پەرستارەکەدا دەگەڕێتەوە، مالیجەت (چارە) دەکات، هەوڵبدە چاوێك گەرم بکەی.

ناتالیا، بە دەنگێکی بڕێك ئاڵۆز، وەڵامی دایەوە:

– مەگەر دەتوانم بخەوم؟

دوای ماوەیەك بێدەنگی، هەناسەی کەمێك خۆشتر بوو

ئیلی نیچنا، بە ئەسپایی، چووە بەر قاڵدرمەکەو جڵەوی فرمێسکانی بەر بوو و بە کەیفی دڵی خۆی ڕوندکی هەڵڕشت. کاتێ کە دنیا خەریك بوو بەیانی دەدا، بە ڕوخساری سوور هەڵگەڕاوو ئاوساوەوە، هاتەوە بۆ ژوورەکە. ناتالیا، لە دەنگی دەرگاکە، چاوانی هەڵێناو دووبارە پرسی:

– زۆری ماوە بۆ بەیانی؟

– نا، خەریکە دنیا ڕوناك دەبێتەوە.

– فەروەیەك بە پێیەکانما بدەن....

دونیاشکا، پۆستینێکی دا بە پێیەکانیداو ئەملاو ئەولای بە پەتۆی گەرم داپۆشی. ناتالیا، بە چاو سوپاسی کرد. ئەوسا داوای لە ئیلی نیچنا کرد کە بچێتە تەنیشتیەوە:

– دایکە، وەرە لەلامەوە دانیشە، دونیاشکا، داریا، ئێوە تۆزێك بچنە دەرەوە، دەمەوێ بە تەنیا قسەی دەگەڵ دایکەدا بکەم.

بێئەوەی چاو بکاتەوە، پرسی:

– چوونە دەرەوە؟

– بەڵێ.

– بابە، هێشتا نەگەڕاوەتەوە؟

– ئێستا دێتەوە. حاڵت خراتر بووە؟

– نەخێر، وەکو خۆمم... دایکە حاڵم شڕە... خەریکە دەمرم. دڵم خەبەری داوە، تۆ نازانی چەندم خوێن لەبەر ڕۆییوە. بە ڕاستی ترسناکە! بەداریا بڵێ کە کوورەکە نێڵ دا، ئاوی زیاتری بخاتە سەر... ئێوە خۆتان بمشۆن، حەز ناکەم بێگانە...

– ناتالیا، گیانەکەم! نیشانەی خاچ بکێشە، بۆچی باسی مردن دەکەیت؟ خوا ڕەحمی زۆرە، چاك دەبیتەوە.

ناتالیا، بە بێتاقەتی، بە حەرەکەی دەست خەسووی بێدەنگ کردو گوتی:

– قسەکەم پێ مەبڕە... ناتوانم قسەش بکەم، دەمەوێ بڵێم کە.... ئاخ، دیسان سەرم دەسوڕێت. سەبارەت بە ئاوەکە پێمگوتیت؟ وا دیارە من گیانم زۆر سەختە.. کاپیتونوڤنا هەر زوو کاری خۆی کرد، هەرکە دوای نیوەڕۆ، لە ڕێوە گەییمە ئەوێ... ئەو داماوە خۆشی ترسا... مەگەر خوا بزانێ چەندم خوێن لەبەر ڕۆیی... خۆزگە تا بەیانی دەمام... ئاوی زۆر گەرم بکەن... دەمەوێ کاتێ کە مردم پاك و خاوێن بم دایکە... دایکە تەنوورە سەوزەکەم، ئەوەی کە قەراخەکانی گوڵدۆزییە... ئەوەم لەبەر بکەن... گریشکا حەزی دەکرد، ئەو کراسەم لە بەربێ... لە گەڵ ئێلەکە پۆپلینەکەدا... لە ناو یەغدانەکەدایە، لە سەرەوەیە، بە دەستی ڕاستا، ڕێك لە ژێر شاڵەکەدایە... کە مردم، منداڵەکان بنێرە بۆ لای دایکم... وا چاکە بنێری بە دووی دایکمدا بە زووترین کات بێت بۆ ئێرە... دەبێ ماڵاوایی لێبکەم.... ئەم شتانەم لە ژێر دەربێنە، زۆر تەڕن...

ئیلی نیچنا، دەستێکی خستە ژێر پشتی ناتالیاو چەرچەفەکەی لە ژێریا دەرهێناو بە هەر جۆرێ بوو شتێکی دیکەی لە ژێریا ڕاخست. ناتالیا بە زەحمەت توانی بڵێت:

– بمخە سەر لا!

و یەکسەر بورایەوە.

سپێدەی شینباو، لە پەنجەرانەوە دەرکەوت. دونیاشکا، ئاوی لە سەتڵێك وەرداو چوو چێڵان بدۆشێت. ئیلی نیچنا، پەنجەرەکەی خستە سەر گازی پشت، فێنکی تازەو گیانبەخشی بەرەبەیانی هاوین، لە پڕی هوڕژوومی هێنایە ژوورەکەوە، کە لە بۆنی قورسی خوێنی تازەو نەوتی سووتاودا پەنگی خواردبووەوە. بایەکە، دڵۆپە شەونمی سەرگەڵای دارکێلاسی بەر پەنجەرەکەی ڕاماڵی. لە پەنجەرەکەوە دەنگ و ئاوازی مەلان و بۆڕەی چێڵان و شریخەی ناوبەناوی قامچی دەستی گاوان، دەهاتنە ژوورەوە.

ناتالیا، وەهۆش هاتەوە، چاوانی کردنەوە، سەری زمانی بە لێوە زەردو وشك و بێ خوێنەکانی خۆیدا هێناو داوای ئاوی کرد. ئیدی داوای منداڵەکانی یان دایکی نەدەکرد. لەوەدەچوو هەموو شتێك بە جێ بێڵێت، دیار بوو بۆ هەمیشە...

ئیلی نیچنا، پەنجەرەکەی داخست، لە تەختەکە نزیك بووەوە، بە ڕاستی شتێکی ترسناك بوو! ناتالیا بە یەك شەو چەند گۆڕا بوو! ڕۆژێك لەوە پێشتر، لە تۆ وایە دار سێوێکی جەوانی پڕ شکۆفە بوو، جوان، تەندروست، بە هێزو تاقەت، بەڵام ئێستا گۆناکانی لە قسڵی گردەکانی کەنار دۆن سپی تر بوون، لووتی درێژ بوو بوو، لێوەکانی ئەو تەڕی و پاراوییەی جارانیان لە دەست دا بوو و بە جۆرێ باریك بوو بوون و کشا بوون، بە زەحمەت دەهاتنەوە یەك و ددانە شاشەکانیان دادەپۆشی. تەنیا چاوانی ناتالیا، بە هەمان گەشی و پرشنگداری خۆیانەوە مابوون، ئەوانیش گۆڕانیان بەسەر هاتبوو. ناو بە ناو، بە نیازێکی نادیار، پێڵوە شینەکانی هەڵدەبڕی، چاوی بە نێو ژوورەکەدا دەگێڕاو بۆ چرکەیەك لە سەر ئیلی نیچنا دەگیرسایەوە، شتێکی تازەو گۆنگ و ترسناك، لە نیگایدا دەردەکەوت.

پانتلی پروکوفیوفیچ، لە گەڵ ڕۆژهەڵاتدا هاتەوە. یارۆی پەرستار، خەواڵو و ماندووی شەونخونی و پەرستاریی بەردەوامی نەخۆشانی تیفوو بریندارانی جەنگ، بەدەم باوێشکدانەوە، لە گالیسکەکە دابەزی، جانتایەکی لە ژێر کورسییەکە دەرهێناو دابەزی و هاتە ژوورەوە. لە سەر قاڵدرمەکان، بارانیەکەی لەبەر داکەند. لە کاتێکا بە سەر موحەجەرەکەدا دانەوی بووەوە، دەستە تووکنەکانی خۆی دەشت، لە ژێرەوە تەمەشای دونیاشکای دەکرد، کە ئاوی بە دەستیا دەکرد و تەنانەت یەك دوو جاریش چاوی لێداگرت. ئەوسا خۆی بە ژووری میواندا کردو پاشان هەر هەموویانی کردە دەرەوەو نزیکەی دە دەقیقەیەك بە دیار ناتالیاوە مایەوە.

پانتلی پروکوفیوفیچ و ئیلی نیچنا، لە مووبەقەکەدا دانیشتبوون. هەرکە لە ژوورەکە وەدەرکەوتبوون، پیرەمێرد، لە پیرەژنی پرسی بوو:

– ئێستا چۆنە؟

– زۆر خراپە...

– باشە، لە خۆیەوە وخۆسەری ئەمەی کرد؟

ئیلی نیچنا، خۆی لە وەڵامی ڕاستەوخۆی پرسیارەکە دزییەوەو گوتی:

– لە خۆڕا ئەم کەڵکەڵەیەی کەوتە سەر...

پەرستارەکە، سەرە قژنەکەی لە درزی دەرگاکەوە هێنایە دەرێ و گوتی:

– ئاوی گەرم، بە پەلە!

تا ئاوەکە بێتە کوڵ و جۆش، چوو بۆ مووبەقەکە. لە وەڵامی پرسیارێکی نەکراوی پیرەمێردا، دەستەکانی بە نا ئومێدی بەرز کردنەوە:

– ئەوپەڕی تا نیوەڕۆ دەژی. خوێنێکی یەجگار زۆری لەبەر ڕۆییوە. هیچ شتێك ناکرێت. هەواڵتان بۆ گریگۆری پانتلیوفیچ نە ناردووە؟

پانتلی پروکوفیوفیچ، بێئەوەی وەڵام بداتەوە، بە پەلە خۆی بە ڕاڕەوەکەدا کردو ون بوو، داریا بینی کە خۆی بە ژێر کەپرەکەدا کردو چووە پشت شەپشەپەکەوە، سەری نا بە کۆمەڵێك تەپاڵەی پارەوەو لە هۆڕژنی گریانی دا...

پەرستارەکە، نیو سەعاتێك چاوەڕوانی کرد. لە ژێر تیشکی هەتاوەکەدا کە تازە هەڵاتبوو، لە سەر قاڵدرمەکە بە دەم وەنەوزدانەوە دانیشتبوو، پاشان کە ئاوەکە هاتە کوڵ و جۆش، دووبارە خۆی بە ژوورەکەدا کرد و دەرزییەکی کامفری لە ناتالیا دا. هەنگی هاتە دەرێ و داوای شیری کرد. بەدەم باوێشکدانەوە دوو پەرداخی خواردەوەو گوتی:

– هەر ئێستا بمگەیەننەوە ڤیشنسکایا، بریندارانو نەخۆشان لەوێ چاوەڕوانم دەکەن. بوونو نەبوونی من لێرە، وەکو یەکە. فایدەی نییە، هیچ ئومێدێکی لێناکرێت. پڕ بە دڵ حەزم دەکرد خزمەتێکی گریگۆری پانتلیوفیچ بکەم، بەڵام مخابن هیچم لە دەست نایەت. ئێمەمانان، تەنیا کارێکی کەممان لە دەست دێت، دەتوانین دەرمانی نەخۆشان بکەین، بەڵام هێشتا فێری ئەوە نەبووین، مردوان زندوو بکەینەوە. ئەم ژنە گەنجەی ئێوە، کاری کراوە، ئومێدی ژیانی نەماوە، منداڵدانی پارچە پارچە بووە، شوێنی ساغی پێوە نەماوە. لەوە دەچێ پیرەژن، بە شەنەیەکی ئاسن تێی کەوتبێ. تۆ تەمەشای نەزانی ئێمە بکە، ئەمە هەمووی لە سۆنگەی نەزانییەوەیە، قەتیش ئاقڵ نابین.

پانتلی پروکوفیوفیچ، باوەشێك وێنجەی خستە ناو عەرەبانەکەوەو بە داریای گوت:

– تۆ بیبەرەوە. لە بیرت نەچێت کە گەییشتیتە ڕوبارەکە، ماینەکە ئاو بدە.

ویستی پارە بداتە پەرستارەکە، بەڵام بە هیچ جۆرێ قەبووڵی نەکرد:

– پانتلی پروکوفیوفیچ، جنێومان پێ مەدە، عەیب ناکەی باسی پارەو مارە دەکەی؟ ئێوە کەسی منن، پارەی چی! ئەو پارەیە لابە، هەر باسی مەکە! خۆ ئەگەر بووکەکەتم چاك بکردایەتەوە، هەر نەیسە.

ناتالیا، لە دەوروبەری سەعات شەشدا، هەستی کرد حاڵی زۆر باشترە. ویستی دەستو چاوی بشوات. قژی خۆی لەبەر ئەو ئاوێنەیەدا، کە دونیاشکا بۆی ڕاگرتبوو، شانە کرد. چاوە گەشەکانی بۆ منداڵە ئازیزەکانی گێڕا، بزەیەکی زۆرەکی بۆ کرد:

– ها، خەریکە باش دەبم! چەند ترسام!... وام هەست دەکرد تەواو، ئیدی ناژیم... منداڵەکان بۆ هەڵنەستاون؟ دونیاشکا، بڕۆ بزانە هەڵنەساون؟

لوکی نیچناو، گریپاشکای خوشکە چکۆلەی هاتن. پیرەژن کە چاوی بە کیژەکەی کەوت، دەستی بە گریان کرد، لێ ناتالیا، بە هەڵچوونەوە گوتی:

– دایکە بۆچی دەگریت؟ حاڵم باشە، چیە خۆ بۆ ناشتنم نەهاتووی! ئاخر پێم ناڵێی بۆچی دەگریت؟

گریپاشکا، بە دزییەوە، ژەنی بە قەبرغەی دایکیاو دایکی تێگەیی و بەکاوە خۆ چاوی سڕین و بە هێمنی گوتی:

– چی بکەم، کچەکەم، بە دەستی خۆم نییە، کە چاوم بە تۆ کەوت دڵم پڕ بوو.... ئاخر زۆر گۆڕاویت...

ناتالیا، کە گوێی لە دەنگی میشاتکاو پێکەنینی پولیوشکا بوو، دڵی کرایەوە، ڕووی گەشایەوەو گۆناکانی سوورایيەکی کاڵیان تێگەڕا، تکای کرد:

– بانگیان بکەن با بێن بۆ ئێرە، خێرا بانگیان بکەن... با دوایی جلەکانیان لەبەر بکەن!...

هەوەڵجار پولیوشکا هات، لە بەر دەرگا وەستا، بە دەستە چکۆلەکانی کەوتە هەڵگلۆفتنی چاوە خەواڵووەکانی. ناتالیا بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

– دایکت نەخۆشە... وەرە لام، ڕوحەکەم!

پولیوشکا، بە سەر سامی ڕوانیە گەورەکان، کە بە خەمباری لەسەر تەختەکان دانیشتبوون، لە کاتێکا کە دەچوو بۆ لای دایکی، بە گلەییەوە گوتی:

– بۆچی هەڵتان نەساندم؟ بۆ هەموویان لێرەن؟

– هاتوون بۆ هەواڵپرسی من.... بەڵام بۆچی هەڵمان ساندبای؟

– ئاوم بۆ دێنایت، لەلات دادەنیشتم...

– دەی باشە، بڕۆ دەست و چاوت بشۆ، سەرت شانە بکە، دوعاو نزایەکەت بخوێنە، ئەوسا وەرە بۆ ئێرەو لە لام دانیشە...

– ئەدی بۆ تێشت هەڵدەستیت؟

– نازانم. باوەڕ ناکەم.

– دەی باشە، خواردنەکەت بۆ دێنم بۆ ئێرە. باشە دایە چکۆلە؟

ناتالیا، بە دەم بزەیەکی بێتاقەتیەوە گوتی:

– وێنەیەکە لە باوکی. بەڵام دڵی وەکو ئەو نیە، دڵی نەرمترو میرەبان ترە...

سەری بردە دواوە، پەتۆکەی، لە سەرما ڕاکێشایە سەر پێیەکانی... دوای سەعاتێک، حاڵی خراتر بوو. بە ئاماژە منداڵەکانی بانگکرد کە لێی نزیک ببنەوە. لە هەمێزی گرتن. نیشانەی خاچی بە سەرا کێشان، هەردووکیانی ماچکردو داوای لە دایکی دەکرد کە بیانبات بۆ لای خۆی. لوکی نیچنا، بە گریپاشکای گوت کە منداڵەکان بەرێت و، بە خۆی بە دیار کچەکەیەوە مایەوە.

ناتالیا، چاوەکانی نوقاندن و وەکو یەکێك وڕینە بکات گوتی:

– یانی من ئیدی نای بینم...

ئەوسا، وەکو ئەوەی لە ناکاوا شتێکی بیر کەوتبێتەوە، یەکسەر لەسەر تەختەکە هەستاو گوتی:

– کوا میشاتکام بۆ بێنن!

گریپاشکا، بە چاوانی تەڕی ڕوندکەوە، منداڵەکەی نارده ژوورەوەو بە خۆیشی لە مووبەقەکەدا، بە بێدەنگی کەوتە گریان و زاری.

میشاتکا، بە شەرمێکەوە، بە دەم و چاوێکی مۆنی، وەکو دەموچاوی تایفەی میلیخوفەوە، لە تەختەکە نزیك بووەوە. ئەو گۆڕانەی لە سەرو سیمای دایکیدا ڕووی دابوو، زۆر غەریب و نامۆی دەنواند.

ناتالیا، کوڕەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، هەستی کرد دڵە چکۆلەکەی وەکو دڵی چۆلەکەیەکی گیرۆدە خێرا خێرا لێدەدات. گوتی:

– کوڕەکەم، سەرت بێنە نزیکترەوە، خۆت دانەوێنە!

شتێکی بە گوێی میشاتکادا داو ئەوجا کەمێك لە خۆی دوور خستەوەو نیگای لە نیگای بڕی، لێوە لەرزۆکەکانی هێنانەوە یەك و بەدەم بزەیەکی زۆرەکی و نا ئومێدانەوە پرسی:

– لە بیرت ناچێت؟ پێی دەڵێیت؟

– نا، لە بیرم ناچێت.

میشاتکا، قامکی دۆشاومژەی دایکی گرت و لە نیو دەستە چکۆلەو گەرمەکەی خۆیدا، بۆ ماوەی دەقیقەیەك گوشی و پاشان بەری دا. ئەوسا بە بازووی کراوەوە، وەکو پەتبازان، لەسەر نووکی پێ، لە تەختەکە دوور کەوتەوە.

ناتالیا، تا بەر دەرگاکە، بە نیگا بەڕێی کردو ئەوجا لە پڕ ڕووی بۆ دیوارەکە وەرگێڕا.

لای نیوەڕۆ، گیانی سپارد.

((١٧))

گریگۆری، لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەی سەفەرەکەیا، لە شەڕگەوە بۆ گوندەکەی خۆیان، هەزارو یەك خەیاڵ و بیرەوەری بەخەیاڵدا هات و زندوو بوونەوە... بۆ ئەوەی لەو دەشتە پان و بەرین و بێ پایانەدا، بە تەنیا لەگەڵ خەم و پەژارەکانیا، کە بەردەوام دەهاتەوە سەر ناتالیا، نەبێت، پروخۆر زیکوف لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو. هەرکە لە ئۆردوگای سریەکە دەرچوون، گریگۆری دەستی بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی جەنگ کرد، باسی ئەوەی گێڕایەوە کە چۆن کاتی خۆی کە لە جەبهەی نەمسا، لە کەتیبەی دوازدەدا بوو و چۆن بەرەو ڕۆمانیا هێرشیان بردو چۆن شەڕی ئەڵمانیان کرد، هەر هەموو ئەو سەربهوردو یادگارییانەی وەبیر هێنایەوە. بەردەوام قسەی دەکردو هەر هەموو ئەو ڕووداوە کۆمیدیانەی، کە بەسەر هاوڕێکانیا هاتبوون، دەگێڕایەوەو پێدەکەنی...

پروخۆر، لە هەوەڵەوە لە سادەیی خۆیەوە، سەری لەم زۆر وێژییە نا ئاساییەی گریگۆری سوڕ مابوو و ژێراو ژێر بە چاوانی حایرەوە لە گریگۆری دەڕوانی، بەڵام ئەنجام بۆی دەرکەوت. کە

گریگۆری، بۆیە پەنا وەبەر سەربهوردێن ڕابردوو دەبات تا هزرو بیری ناگەوارا لە خۆی بتارێنێ، بۆیە ئەویش شان بە شانی ئەوی گرت و پتر زەمینەی قسەکردنی بۆ خۆشکرد. کاتێ کە هاتە سەر باسی ئەوەی کە چۆن لە خەستەخانەی چرنیگوف کەوتبوو، پروخۆر ژێراو ژێر نیگایەکی گریگۆری کردو سەیری کرد ڕوندك بە گۆنا ئەسمەرەکانیا، خوڕ خوڕ دێنە خوارێ... پروخۆر، بە ئانقەستو بەرێزەوە، خۆی لە گریگۆری دوا خست، ماوەی نیو سەعاتێك، بە سواری ئەسپەکەیەوە، بە دووری چەندین شەقاو لە دوای گریگۆرییەوە ڕێی کرد. پاشان خۆی گەیاندێو هەوڵی دا بە باسی شتی پوچو بێبایەخو ڕەوتەنی سەر گەرمی بکات. بەڵام گریگۆری، خامۆش بوو، بەشداری گفتوگۆیەکانی نەکرد. بەمجۆرە، تاکو نیوەڕۆ، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکەن، شان بە شانی یەکدی ڕێیان کرد.

گریگۆری شێتانە ئەسپەکەی داژوا. وێڕای گەرمی دنیا، ئەسپەکەی بە چوار ناڵە تاو دەدا، پاشان خاوی دەکردەوەو هەڵیدەکردە یورغەو بە دەگمەن بە ڕەوتی ئاسایی دەڕۆیی. لای نیوەڕۆ، کە هەتاو گەییە ناوەندی ئاسمانو ئەستوونی دەهاتە خوارەوە، گریگۆری لە کەندێکا لای دا، زینی لە ئەسپەکەی گرتەوەو بەرەڵلای کرد کە تاوێك بلەوەڕێو بەخۆیشی لە سێبەرێکا، بەدەما لێی ڕاکشاو تا دنیا فێنکی نەکرد، لەوێندەر نەجولا. ئەو ڕۆژە یەك جار جۆیان بە ئەسپەکان دا، لێ گریگۆری فاسیلەی نێوان ژەمە ئالیکی ئەسپەکانی ڕەچاو نەدەکرد، ئەسپەکان وێڕای ئەوەی فێری ڕێگای دوور بوون، لە کۆتایی ڕۆژی یەکەما، قەبرغەیان تەواو قوپا، لاواز بوو بوونو ئیدی بە هەمان تینو تاوی جارانەوە ڕێگەیان نەدەکرد.

پروخۆر، بە تووڕەیی بە خۆی گوت: "ئەگەر بەمجۆرە بڕۆین، ئەم ئەسپانە دەپسێن، لە پەلو پۆ دەکەون. ئاخر ئەمە کەی بوو بە ئەسپ سواری؟ ئەم ناکەسە بە خەیاڵیا نایەت! هەر کە ئەسپەکەی تۆپی، یەکێکی دیکەی دەدەنێ، بەڵام من ئەسپ لە کوێ پەیدا بکەم؟ توخمە شەیتانە، هێندە بە خێرایی دەڕوات، گەر وا بڕوات، هەردوو ئەسپەکە دەتۆپنو ناچار دەبین تاکو تاتارسکی بە پێیان بڕۆین، یان عەرەبانەیەك، بەکرێ بگرین!"

بەیانی ڕۆژی دواتر، لە نزیکی گوندێکی سەر بە ستانی فیدوسییڤسکایادا، پروخۆر، ئیدی سەبری سواو ڕوویکردە گریگۆری و گوتی:

– هەر کەسێك تۆ بدێنێ، وا هەست دەکات ئەم ئەسپە هی خۆت نییە! ئاخر کێ لەم دنیایەدا هەیە کە بەم جۆرە ئەسپان بازۆێ، شەوو ڕۆژ، بێهیچ وچانێك، ئەسپ تاو بدات؟ تۆ خۆت تەمەشا بکە بزانە ئەسپەکان چۆن باریك بوون! بە هەر حاڵ هەر نەبێ با ئەمشەو ئالیکێکی باشیان بدەینێ.

گریگۆری، بە خەمساردی، گوتی:

– ڕێکە، دوا مەکەوە.

– من ناتوانم بتگەمێ، ئەسپەکەم لە پەلو پۆ کەوتووە. چۆنە ئیسراحەتێ بکەین؟

گریگۆری، بەرسڤی نەدایەوە. نیو سەعاتێك، بێهیچ قسەیەك ڕێیان کرد، بە یورغە ڕێیان دەکرد. سەرەنجام پروخۆر، بە توندی گوتی:

– ئاخر، بەلای کەمەوە، با پشوویەك بدەن. من ناتوانم بەم شێوەیە ڕێبکەم، گوێت لێیە؟.

– بیّ وەرێوە!

– تاکەی بێم وەرێوە؟ تا ئەو کاتەی کە ئەسپەکە لە پەلو پۆ بکەویّ؟

– چەنە چەن!

– گریگۆری پانتلیوفیچ، بەزەییەکت لە دڵدا بیّ! من ناتوانم ئەسپەکەم بکوژم، ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت، دەتۆپیّ...

– دەی، بوەستە نەحلەتی! چاو لە شوێنیّ بگێڕە کە ئاوو لەوەڕی هەبیّ.

***

بروسکەکە، بە هەموو ناوچەکانی شارۆچکەی خوپەردا بە دوای گریگۆریدا گێڕدرا بوو. بۆیە درەنگ گەیی بووە دەستی.

گریگۆری، سیّ ڕۆژ دوای ڕێو ڕەسمی ناشتنی ناتالیا گەییەوە ماڵ. لەبەر دەرگا لە ئەسپەکەی دابەزی. دونیاشکا بە ڕاکردن، لە ماڵە وەدەرکەوتبوو و لە هۆڕژنی گریانی دا، گریگۆری لە باوەشی گرت و بە سەرو ڕوویەکی گرژ گوتی:

– ئەسپەکە تاوێکی باش بگێڕەو... مەگری.

ئەوسا، ڕووی کردە پروخۆرو گوتی:

– تۆش بڕۆوە بۆ ماڵی خۆت، هەر کاتیّ پێویستم پێت بوو، جوابت لێدەگێڕمەوە.

ئیلی نیچنا، دەستی میشاتکاو پولیوشکای گرتبووو تا سەر قاڵدرمەکان هاتبوو بە پیری کوڕەکەیەوە.

گریگۆری، هەردوو منداڵەکەی لە باوەش گرتن و بە دەنگێکی لە رزۆك گوتی:

– مەگرین گیانە، فرمێسك مەڕێژن! دایکتان هەتیوی خستن؟ دایکتان بە تەنیای جێهێشتین...

لە کاتێکا بە زەحمەت، جڵەوی گریانی خۆی دەگرت، خۆی وەژوورا کردو سڵاوی لە باوکی کرد. پانتلی پروکوفیوفیچ گوتی:

– نەمان توانی ڕزگاری بکەین...

ئیلی نیچنا، دەستی گریگۆری گرت و بردی بۆ ژووری میوان، حاڵ و حیکایەتەکەی ناتالیای، لە سیری تا پیازی، بۆ گێڕایەوە. پیرەژن نەیدەویست هەموو شتێکی بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام گریگۆری پرسی:

– بۆچی ویستی منداڵەکەی لەبار بەرێت؟ دەزانیت؟

– بەڵیّ، دەزانم.

– ئیّ؟

– ڕۆژی پێشوو، چوو بووە دیدەنی ئەکسینیای ماشقەی تۆ. ئەویش، بە ڕاشکاوی هەموو شتێکی بۆ گێڕابووەوە...

گریگۆری، یەکسەر سوور بووەوەو چاوی بڕینە ئەرزەکە.

– ئاوها! یانی ئەمە هۆیەکە بوو؟

ئەوسا، لە ژوورەکە وەدەرکەوت، دەتگوت پیر تر بووە. لە کاتێکا لێوە شین و لەرزۆکەکانی خۆی، بە بێدەنگی دەجولاند، لە پاڵ مێزەکەدا دانیشت و تاماوەیەك منداڵەکانی لە سەر ئەژنۆی دانان و نەوازشی کردن. ئەوسا، پارچە قەندێکی لە خورجینەکەی خۆی دەرهێنا، کە لە گەردو تۆزدا بۆز بوو بوو، نایە سەر لەپی دەستی و بە چەقۆ لەتی کردو بەدەم بزەیەکی شەرمەزاری و تاوانبارییەوە گوتی:

– هەموو دیاریەکەتان ئەمەیە... تەمەشا چ باوکێکتان هەیە... دەی ڕاکەن بۆ ناو حەوشە، باوە گەورە بانگبکەن.

ئیلی نیچنا پرسی:

– دەچیتە سەر گۆڕەکەی؟

– باشە دوایی.... مردوان عاجز نابن.... ئەدی میشاتکاو پولیوشکا چۆنن؟ بێتاقەت نین؟

– ڕۆژی یەکەم زۆر گریان، بە تایبەتی پولیوشکا... بەڵام ئێستا پێدەچێ باش بن، لەوە دەچێ قەراریان دابێ لە بەردەم ئێمەدا باسی نەکەن. دوێنێ شەو گوێم لێبوو کە میشاتکا، لە ژێر جێگاکەوە دەگریا..، سەری نابووە ژێر سەرینەکەی تا کەس گوێی لە گریانی نەبێت... چووم بە لایەوەو لێم پرسی:

– چیتە، گیان و دڵەکەم؟ دێی لای من بخەوی؟

گوتی:

– هیچ نییە دایە گەورە، وا دیارە بەدەم خەوەوە گریاوم... جا تۆش بیاندوێنە، نەوازشیان بکە، بیانلاوێنە... دوێنێ بەیانی گوێم لێبوو لە ڕاڕەوەکەدا قسانیان دەکرد، پولیوشکا دەیگوت:

– "دێتەوە بۆ لامان، گەنجە. گەنجان نامرن." هێشتا منداڵن، نافامن، بەڵام وەکو خەڵکی گەورە خەفەت دەخۆن... برسیتە؟ با بڕۆم خواردنت بۆ بێنم،.. ئەدی بۆ قسە ناکەیت؟

گریگۆری، چوو بۆ ژووری میوان. دەتگوت یەکەمجارە پێ دەنێتە ئەو ژوورە. زۆر بە وردی دەیروانیە دیوارەکان، ئەوسا تەمەشای تەختە خەوەکەی کرد، ڕێك خرا بوو و پشتیە گەورەکانی بەسەرەوە بوو. ناتالیا، لەوێ، لەسەر ئەو تەختە خەوە گیانی سپارد بوو... گریگۆری بە خەیاڵ ناتالیای هێنایە بەرچاوی خۆی کە چۆن خوا حافیزی لە منداڵەکانی دەکرد، ماچی دەکردن و، نیشانەی خاچی بە سەرا دەکێشان، جارێکی دی وەکو ئەو کاتەی کە بروسکەی هەواڵی مەرگەکەی دەخوێندەوە، ئازارێکی تیژ بە دڵیا هات و گوێی بە دەنگێکی کز زرینگایەوە.

بچووکترین شتی ماڵەکە ناتالیای وەبیر دێنایەوە. یادگارییەکانی ناتالیا، ڕیشەدارو نەمرو پڕ ئازارو بەسوێ بوون. گریگۆری بە بێئەوەی بە خۆی بزانێ بۆ، سەری بە هەموو ژوورەکاندا کرد، لەم ژوورەوە دەچوو بۆ ئەو ژوور، پاشان بە هەشتاو بە نیمچە ڕاکردن وەدەرکەوت و خەریك بوو لە سەر قاڵدرمەکان بکەوێت. دەردو ئازارێکی لەدڵدا بوو کە سات بە سات بە سوێ تر دەبوو، ئارەقە نیشتە سەر هەنیەی، لە کاتێکا بە ترسەوە، دەستی دەنایە سەر دڵی، لە قاڵدرمەکانەوە داگەڕاو لە دڵی خۆیدا گوتی: "وا دیارە داومانەتەوە کەندێ و پەکمان کەوتووە!..."

دونیاشکا، ئەسپەکەی بە ناو حەوشەکەدا دەگێڕا. کە گەیینە ئاستی عەماری دانەوێڵەکان، ئەسپەکە جڵەوەکەی خۆی ڕاکێشاو وەستا، بۆنی بە ئەرزەکەوە کرد، گەردنی درێژ کردەوە، لچی ژێرەوەی کردەوەو ددانە زەردەکانی دەرخست، ئەوجا پرمەیەکی بۆ کردو کەوتە سەر چۆکان، دونیاشکا، جڵەوەکەی ڕاکێشا، لێ ئەسپەکە، فەرمانی نەدەبردو دەیویست لە سەر ئەرزەکە خۆی بگەوزێنێ.

پانتلی پروکوفیوفیچ، لە تەویلەکەوە هاواری کرد:

– نەیەڵی خۆی بگەوزێنێ، مەگەر نابینی زینەکەی پێوەیە؟ بۆچی زینەکەت لێنەگرتووەتەوە، گێلە؟

گریگۆری، بە کاوەخۆ، لە کاتێکا هێشتا گوێی لە دەنگی دڵی دەگرتو خەیاڵی لای ئازارەکەی سینگی بوو، لە ئەسپەکە نزیك بووەوەو زینەکەی لێگرتەوەو بە زەحمەتێکی زۆر بزەیەکی لە رووی دونیاشکادا دا:

– باوکە هێشتا، هەر لە خوتەو بۆڵەی خۆی نەکەوتووە؟

دونیاشکاش بەدەم بزەیەکەوە، بەرسڤی دایەوە:

– هەر وەکو جارانە!، خوویە گرتت بە شیری تەرکی ناکەی بەپیری.

– خوشکێ تۆزێکی دیکەشی بگێڕە.

– ئارەقەکەی بە تەواوەتی وشك بووەتەوە، بەڵام قەیدی ناکات هەر دەیگێڕم.

– ئەگەر ویستی خۆی بگەوزێنێ، قەیدی ناکات لێیگەڕێ با خۆی بگەوزێنێ.

– ڕاوەستە، ڕاوەستە برا.... تۆ زۆر خەفەتباری؟

گریگۆری کە گریان ئەوکی گرتبوو، بەرسڤی دایەوە:

– ئەدی مەعنای چی؟

دونیاشکا، زۆری بەزەیی پێدا هاتەوە، وەکو هاوخەمیەك شانی کاکی ماچ کرد، کە هەستی کرد خەریکە گریان جڵەوی لێدەستێنێ، ڕووی وەرگێڕاو ئەسپەکەی بۆ ناو حەوشی تەویلەکە برد.

گریگۆری چوو بۆ لای باوکی کە بە دیقەت تەرسو تەپاڵەی تەویلەکەی ڕادەماڵی و پاکی دەکردەوە. پیرەمێرد گوتی:

– خەریکم جێگا بۆ ئەسپەکەت دەکەمەوە.

– ئەدی بۆ پێت نەگوتم؟ خۆم ئەم کارەم دەکرد.

– جوانە! بۆچی، گوایە پیر بووم؟ من کوڕم، وەکو تفەنگی سەر تۆپ وام، لە کار ناکەوم. هێشتا باشم، سبەی دەچمە درەوی جۆ. زۆر دەمێنیتەوە؟

– یەك مانگ.

– دەی زۆر باشە! چۆنە بە دوو قۆڵی بچینە دەشت؟ کارکردن، خەمت کەم دەکاتەوە.

– منیش بیرم لەمە دەکردەوە.

پیرەمێرد، شەنەکەی لە عاردی دانا، بە سەری قۆڵی ئارەقەکەی دەموچاوی سڕی. بە دڵسۆزییەوە گوتی:

– با بچینە ژوورەوەو شتێك بخۆین. ئیدی خەم تەواو نابێت... نە دەتوانی لێی هەڵێیو نە دەتوانی خۆتی لێوەشێری. ئیدی ئەوە حاڵی دنیایە...

ئیلی نیچنا، مێزی ڕازاندەوە، خاولیەکی پاکی دایە دەست گریگۆری. گریگۆری لە دڵی خۆیدا گوتی: "جاران ناتالیا، لە نانخواردنا خزمەتی دەکردم."

بۆ ئەوەی هەستو نەستی خۆی وەشێرێت، بە پەلە کەوتە نانخواردنو کاتێ کە بابی لە ژێر زەمینەکەدا، گۆزەیەك ڤۆدگای خۆماڵی، کە سەرەکەی بەپوش بەسترا بوو، هێنا، نیگایەکی منەتباری بابی کرد. پانتلی پورکوفیوفیچ، بە دەنگێکی مکوم گوتی:

– بە یادی ڕەحمەتی، خودا عافوی بکات، دەخۆینەوە...

پەرداخەکانیان لێکدی دا، هەر کەسەو پەرداخی خۆی خواردەوە. پیرەمێرد بە پەلە دوو پێکی دیکەی تەژی کرد، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– لە زەرفی یەك ساڵدا، دوو کەسمان لێ ڕۆیین... مەرگ بە ماڵەکەمان فێر بووە.

گریگۆری، تکای لە بابی کرد:

– باوکە، ئەو قسانە مەکە.

پەرداخی دووەمی بە یەك بین هەڵداو کەوتە جوونی پارچە ماسیەکی وشكو چاوەڕوانی ئەوە بوو کە کەی مەستی دەگاتە سەریو خەمە قورسەکەی دادەمرێنێ.

پانتلی پروکوفیوفیچ گوتی:

– ئەمساڵ جۆیەکەمان باش هاتووە، هاتێتی!...

بە شانازییەوە لە سەری ڕۆیی:

– کێڵگەو مەزراکەمان لە هی خەڵکی باشترە.

گریگۆری، شتێکی دەستکردو نائاسایی، لەم خۆ هەڵکێشانو بەخۆفشینەی بابیا خوێندەوە:

– ئەدی گەنمەکە چۆنە؟

– گەنمەکە؟ کەمێك خراپە، زوقم سووتاندویەتی، بەڵام هیچ نییە، تێکڕا سیو پێنج تا چل پودێکی لێ هەڵدەگرم. گەنمی گارنوفکا، سەیرە هی خەڵکی باش ڕسکاوە، بەڵام ئێمە بە ڕێکەوت، تۆومان نەدا، بەڵام من گلەییم نییە! لەم ڕۆژگارە پڕ بەڵاو ئاژاوەیەدا، چی لە گەنم بکەین؟ نە دەتوانی بیبەی بۆ پارامونوفو پێی بفرۆشیت نە دەتوانی عەماری بکەیتو هەڵی بگریت. خۆ ئەگەر شەڕو فەرتەنە بکەوێتە ئەم ناوە، هاوڕێیان پاکی گسك دەدەنو دەیبەن. بەڵام گوێی مەدەیە، ئەگەر ئەم وەزرەش نەدورینەوە، هێشتا بایی دوو ساڵ گەنمان هەیە، لە خوا بەزیاد بێ، عەمارەکەمان پڕە لە گەنم. گەنمی دیکەمان لە شوێنی دیش هەیە... (پیرەمێرد چاوێکی داگرت) لە داریا بپرسە، چەندمان بۆ ڕۆژانی تەنگانە شاردووەتەوە. چاڵێکی قووڵ بە باڵای تۆ و، پان بە پانی هەردوو باڵی تۆمان، دارماڵ کردووە لە گەنم! ئەم ژیانە نەفرەتییە کەمێك کۆڵەی کوتاوین، دەنا ئێمەش بۆ خۆمان ئێستا موڵکدار بووین.

پیرەمێرد، مەستانە بەدەم ئەو شۆخیەی خۆیەوە پێکەنی، بەڵام دوای تۆزێك، بە جۆرە ویقارێکەوە دەستێکی بە ڕدێنی خۆیدا هێناو بە شێوەیەکی جدی گوتی: ڕەنگە خەمی خەسووت

بیٚ، بەڵام با پێت بڵێم کە من فەرامۆشم نەکردووەو لە تەنگانەدا فریایان کەوتووم. بێئەوەی خۆی داوا بکات، ڕۆژێك عەرەبانەکەم پڕ لە گەنم کردو بۆم بردن. ناتالیای ڕەحمەتی کە بەمەی زانی زۆر خۆشحاڵ بوو. لە خۆشیا دەستی بە گریان کرد... حەز دەکەی پێکی سێیەمیش هەڵبدەین کوڕم؟ تاقە خۆشیەك لەم دنیایەدا بۆ من مابێتەوە، هەر تۆیت!

گریگۆری قاییل بوو و پەرداخەکەی، لە سەر مێزەکە هێنایە پێشیٚ:

– باشە، پڕی بکە!

لەم کاتەدا میشاتکا، بە شەرمەوەو لە سەر لا لە مێزەکە نزیك بووەوەو چووە سەر ئەژنۆی بابی، باسکی چەپی، بە شپرزەیی لەملی گریگۆری وەرینا و ماچێکی گەرمی دەمی کرد. گریگۆری، سۆز دایگرت و پرسی:

– کوڕم، ئەم ماچە چی بوو؟

چاوی بڕییە، چاوە بە فرمێسکەکانی کوڕەکەی، هەوڵیدەدا، هەناسەی کە بۆنی ڤۆدگای لێدەهات، نەکات بە سەر منداڵەکەدا. میشاتکا، بە دەنگێکی نەوی گوتی:

– دایکە، کاتیٚ کە لە ژووری میوان خەوتبوو... هێشتا زندوو بوو، بانگی کردم و پێی گوتم:

– کە بابت هاتەوە، لە جیاتی من ماچی بکەو پێی بڵیٚ لە گەڵتاندا میهرەبان بیٚ." دایکە شتێکی دیکەشی گوت، بەڵام لە بیرم چووە...

گریگۆری، پەرداخەکەی لە سەر مێزەکە دانا، ڕووی بۆ لای پەنجەرەکە وەرگێڕا، تا ماوەیەکی زۆر، خامۆشیەکی قورس و بە ئازار باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە ئەسپایی پرسی:

– پێکەکانمان بخۆینەوە؟

– حەزم لێی نییە.

گریگۆری، کوڕەکەی لە باوەشی داگرت، بەپەلە چوو بۆ ڕاڕەوەکە، ئیلی نیچنا، بە هەشتاو بەرەو کوورەکە ڕۆیی و گوتی:

– بوەستە کوڕم، گۆشتت نەخوارد، گۆشتاوی مریشکمان هەیە بە نانی لەواشەوە!

بەڵام گریگۆری، لە دەرگاکە وەدەرکەوتبوو.

گریگۆری، بێهودە بە نێو حەوشەدا دەگەڕا، سەرێکی گەوڕی وڵساتەکەی دا. چاوی بە ئەسپەکەی خۆی کەوت و لە دڵی خۆیدا گوتی:

– دەبیٚ بیشۆم.

ئەوسا چوو بۆ بەر هەیوانی عەمارەکە، شەپشەپەکە بە ئامادەیی لەویٚ دانرا بوو. لەلای شەپشەپەکەوە، هەندیٚ تەلاش و ئاردەداری سنۆبەرو تەختەیەکی خوارو خێچی بینی. لەدڵی خۆیدا گوتی:

– وا دیارە باوکم بە خۆی تابووتەکەی ناتالیای دروستکردووە.

بە هەشتاو، خۆی گەیاندەوە سەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگای ماڵەوە.

پانتلی پروکوفیوفیچ، لە سەر داوای کوڕەکەی، خۆی ئامادە دەکردو هەردوو ئەسپەکەی لە شەپشەپەکە بەستو جلیکانەیەکی لە ئاو پڕ کردو لە سەر مەکینەی درەوەکە (شەپشەپە) داینا. ئیدی بەو شەوە لە گەڵ گریگۆریدا چوون بۆ دەشت.

((١٨))

گریگۆری، تەنیا خەفەتی لەوە نەدەخوارد کە ناتالیای، بە شێوازی تایبەتی خۆی خۆشدەویست، لە ماوەی ژیانی هاوبەشی شەش ساڵەیاندا هۆگری بوو بوو، بەڵکو لەو ڕوەشەوە، خەفەتی دەخوارد کە خۆی بە بەرپرسی مەرگی ئەو دەزانی. خۆ ئەگەر ناتالیا هەڕەشەکەی خۆی جێبەجێ کردبا، منداڵەکانی بردباو چووباوە بۆ لای دایکی خۆیو هەرگیز لە مێردە خیانەتکارەکەی خۆش نەبوایەو لەوێندەر، لە ماڵی داکی مردبا، ڕەنگە گریگۆری بەم رادەیە بۆی بە خەم نەبوایە، سووی لێ نەخواردبایە. بێگومان، پەشیمانی بەم سەختیە ئازاری نەدەدا لێ گریگۆری لە زمانی دایکی خۆیەوە زانی بووی کە ناتالیا گەردنی ئازا کردبوو، تا دوا هەناسە، بە خۆشەویستیو بە تاسەوە باسی کردووە. هەڵبەتە ئەم هەڵوێستە، هێندەی دی دەردی گران دەکرد، گلەییەکی بە سوێو بەردەوامی لە ویژدانو ڕوحی بار دەکردو واداری دەکرد، لەبەر ڕۆشناییەکی تازەوە بڕوانێتە ڕۆژگارانی ڕابردوو و ڕەفتارەکانی خۆی شەنو کەو بکات...

گریگۆری، لە هەوەڵەوە، تا ماوەیەکی زۆر، سەبارەت بە ژنەکەی خۆی، زۆر خەمساردو بێ موبالات بوو، تەنانەت بە چاوی دژمنایەتیەوە سەیری دەکرد. بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا، هەستو ڕەفتاری بەرانبەری تەواو گۆڕا بوو، هۆی ئەو گۆڕانکاریەشی دەگەڵ ناتالیادا، بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕایەوە بۆ بوونی منداڵەکان.

هەڵبەتە، سەبارەت بە منداڵەکانیش، لە سەرەتاوە، ئەو هەستە قوڵەی باوکایەتی نەبوو، کە پاشان لەلای پەیدا بوو. کە ناو بە ناو بە مادوونیەکی (مۆڵەت) کورت لە جەبهە دەگەڕایەوەو سەردانی کەسوکاری دەکرد، تەنیا وەکو ئەرکێك و زیاتر بو خۆشکردنی دڵی دایکیان، نەوازشی دەکردنو پێیان ڕادەگەیی، بە سەرسامیو نە باوەڕییەوە دەیڕوانیە هەستو سۆزی گەرمو گوڕی دایکانەی ناتالیا بەرانبەر بە منداڵەکانی. هەرچی دەکرد، نەیدەزانی ئینسان چۆن بەو لە خۆ بوردوییەوە، دەتوانێ ئەو خەڵقەندە وردیلەو چەنەبازو گڕۆزانەی خۆش بوێت، دەیان جار، لە جەرگەی شەوا، کاتێ کە ناتالیا، لە خەو ڕادەپەڕیو لە باوەشی دەگرتنو شیری دەدان، بە تەوسو توانجەوە، بە ژنەکەی خۆی گوتبوو: "بۆچی، وەکو شێت لە خەو ڕادەپەڕیت؟ هێشتا دەنگیان لێبەرز نەبووەتەوە، تۆ هەستاویتە سەر پێ. با هەندێ لەقەفرتێ بکەن، تۆزێ بگرینو واقەواق بکەن. خۆ فرمێسکەکانیان زێڕ نییە!" منداڵەکانیش بە هەمان ئەندازە بەرانبەر بەو خەمساردو بێموبالات بوون. بەڵام بەرە بەرە کە گەورەتر بوون، دڵبەندییان دەرهەق بە بابیان زیادی کرد. باوکیشیان، لە ناخی خۆیدا، سۆزی بۆیان جوڵا، هەر هەمان سۆزو خۆشەویستی بوو کە لە منداڵەکانەوە سەری کردبوو و دایکیانیشی گرتبووەوە.

گریگـۆری، لەوسـاوە کـە لـە ئەکسـینیا دوور کـەوتبووەوە، هـەرگیز بـە جـدی بـیری لـەوە نەکردبووەوە کە لە ژنەکەی خۆی جیا ببێتەوە. تەنانەت پاش، تازە کردنەوەی پەیوەندی دەگەڵ ئەکسینیاشدا هەرگیز بە بیریا نەهاتبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئەکسینیا، جێی دایکی منداڵەکانی بگرێتەوە. هەڵبەتە پێی ناخۆش نەبوو لە گەڵ هەردووکیاندا بێت، چونکە هەریەکەیانی بە جۆرێ خۆشدەویست. بەڵام مـەرگی ژنەکـەی، هەسـتێکی نـامۆو غـەریبی دەرهـەق بـە ئەکسـینیا، لـە لا دروستکرد، کە پاشان بوو بە ڕقێکی پەنهان: چونکە ئەو پەیوەندی نێوان خۆیو گریگۆری ئاشکرا کردبوو و بوو بووە باعیسی مەرگی ناتالیا.

گریگۆری بۆیە دەچووە دەشتو ملی بە کاری کشتوکاڵەوە دەنا، تا کولو کۆڤانەکەی لە بیر بکات، بەڵام فایدەی نەبوو، خەمو پەژارە، دەردو ئازار بەرۆکی هزرو بیری بەر نەدەدا. خۆی بە کارەوە ماندوو دەکرد، بە سەعاتان، لە سەر مەکینەی درەوەکە دەمایەوەو دا نەدەبەرزی، لێ دیسان ناتالیای وەبیر دەهاتەوە. یادگەی، هەر هەموو واریقاتە دوورو تەنانەت ناچیزەکانی ژیانی هاوبەشیان، گفتوگۆیەکانیانی، لەلا زندوو دەکردەوە. هەر کە بۆ چرکەیەك جڵەوی بۆ یادگەی شل کردبا، خێرا ناتالیا، دەم بە خەندە، زندوو، لەبەر چاویا بەرجەستە دەبووەوە. گریگـۆری تـاپۆی ئـەو، شـێوەی ڕێکردنـی، جـۆری تەسـریحەکەی، بـزەو پێکەنینەکـەیو نـەوای دەنگی لە لا زندوو دەبووەوە.

ڕۆژی سـێیەم، بـە دوو قـۆڵی، دەسـتیان بـە درەوی جـۆ کـرد. لـە نیـوەڕۆدا، کـاتێ کـە پـانتلی پروکوفیوفیچ، ئەسپەکانی بۆ ئیسراحەت بەردا، گریگۆری لە سەر نشیمەنی مەکینەی درەوەکە دابەزی، شەنە کورتەکەی خۆی لە سەر مەکینەکە داناو گوتی:

— باوکە، دەمەوێ، بۆ سەعاتێ بچمەوە بۆ ماڵ.

— بۆچی؟

— بیری منداڵەکان دەکەم....

پیرەمێرد بە کەماڵی ڕەزامەندی گوتی:

— زۆر باشە، بڕۆ، ئێمەش لەم ماوەیەدا مەڵۆو گیشەکان دەکەین بە خەرمان.

گریگۆری، بە پەلە ئەسپەکەی خۆی لە شەپشەپەکە کردەوەو سوار بوو و بە ناو پەرێزاندا، بەرەو جادەکە کەوتە ڕێ. دەنگی ناتالیا لە گوێیدا دەزرینگایەوە: "پێی بڵێ لە گەڵتاندا میهرەبان بێ!"

گریگۆری چاوانی نوقاندن، جڵەوی ئەسپەکەی شل کردو بەدەم شەپۆلی بیرەوەریانەوە، پەل بووەوە.

پەڵە هەورێن پەراگەندە، بە بەرۆکی ئاسمانی شینەوە، لێرەو لەوێ تەقریبەن بەبێ جوڵە وەستا بوون، قەلەڕەشان، بە نێو پەرێزاندا، باڵیان بە ئاستەم کردبووەوەو بەلارە لار ڕێیان دەکردو پۆل پۆل دەچوونە سەر خەرمانەکانو دایكو باوکەکان، دەنووکیان لە دەنووکی بێچووەکانیان، کە تـازە پـەرو باڵیـان دەرکـرد بـوو، دەنـاو خواردنیـان دەدانـێ: ئیـدی قەلەڕەشـان بەسـەر کێڵگـە درەوکراوەکانەوە کردبوویان بە قڕە قڕێك، هەر لە شینو شەپۆڕ دەچوو.

ئەسپەکەی گریگۆری، سەرکێشانە لای دەدا بۆ قەراخی جادەکەو ناو بە ناو قەپی بە پنچە شەوەرێکدا دەکردو لە بنەوە هەڵیدەکەندو بەدەم ڕێگاوە دەیجوو و دەیخواردو تەقە تەقی لغاوەکەی بەرز دەبووەوە. دوو جاران، کە لە دوورەوە چاوی بە ئەسپانی دی کەوت، حیلاندی، گریگۆری لە حیلەی ئەسپەکە وەئاگا دەهاتەوەو دووبارە وەڕێی دەخستەوەو بە چاوانی سەرگەردانەوە دەیڕوانیە دەشت و جادە تۆزاویەکەو خەرمانانی زەردی پەراگەندەو پەڵە هەرزنی سەوزی نۆڕەس.

هەرکە گریگۆری گەییە ماڵەوە، خریستونیا، بە سیمای خەمین و پەستەوە هاتە دیدەنی. وێڕای ئەوەی کە دنیا گەرم بوو، کەچی قەمسەڵە ماهوتی ئینگلیزی و پانتۆڵی دەڵبی سواری لەبەر کردبووو خۆی دابوو بەسەر دار عاسایەکی گەورەدا. کە تازە لە دار نارەوەنێك کرا بووەوەو جوان تاشرا بوو. دوای سڵاو گوتی:

– هاتمە دیدەنیت، زانیم کە تازیەت هەیە، یانی ناتالیا میرونوڤنا ئەمری خوای کرد؟

گریگۆری، کە بە خۆشحاڵیەوە تەمەشای قەدو قەڵافەتی ناقۆڵاو کەمێك چەماوەی خریستونیای دەکرد، خۆی لە گێلی داو واینواند کە گوێی لێنەبووە، پرسی:

– چۆنە لە جەبهە هاتوویتەوە؟

– بریندار بووم، بۆ ئیسراحەت ناردویانمەوە. لە یەك کاتدا دوو فیشەك بەر سکم کەوت. هێشتا لە ناو سکم دان، ئەم نەحلەتیانە لەوە دەچێت ئەوێیان پێ خۆشبێ. لەبەر ئەوەیە کە دارعاسام بە دەستەوەیە، ئەدی نابینی؟

– لە کوێ بریندار بوویت؟

– لە شەڕی بالاشوفدا.

– باشە گرتتان؟ ئەدی چۆن بریندار بوویت؟

– هێرشمان بردو بالاشوفمان گرت، هەروەها هێرشمان بۆ پوڤورینۆش برد، منیش لەوێ بووم.

– باشە، بڵێ بزانم لە گەڵ کێدا بووی؟ لە کام کەتیبەدا بووی؟

– کێی خەڵکی گوندی خۆمانت لە گەڵ بوو؟ دانیشە، ئەوەش تووتن.

گریگۆری، زۆر خۆشحاڵ بوو بەوە کە کەسێکی تازەی دەرێی خانەوادەکەی خۆیانی دەبینی و دەیتوانی، باسی شتانێك بکات کە پەیوەندییان بە تازیەو تازیە بارییەکەیەوە نەبێ. خریستونیا، کەم و زۆر پەی بەوە برد کە گریگۆری پێویستی بە دڵنەوایی و سەرخۆشی نیە، بۆیە بە ئاووتاو کەوتە گێڕانەوەی داستانی گرتنی بالاشوف و بریندار بوونی خۆی. لە کاتێکا سیغارێکی ئەستووری دەکێشا، بە دەنگە گڕو قووڵەکەی کەوتە قسان.

– ئێمە مەسافەمان وەرگرتبوو، بە ڕیز بە نێو کێڵگە گوڵە بە ڕۆژاندا، پێشڕەویمان دەکرد. سوورەکانیش، بە ڕەشاش و تۆپ و تەنانەت بە تفەنگیش تەقەیان لێدەکردین. بە خۆت دەزانی من کەتەم و نیشانەیەکی خۆشئەنگافتەم، وەکو قازە نێرەی نێو بێچوە قازانم، لە دوورەوە دیارم. چەند خۆم دانەوێنمەوە هەر دیارم. بەو جۆرە، گوللەکان بە ئاسانی دۆزیمیانەوە. جا ئەم درێژییەم خێری پێوە بوو، خۆ ئەگەر گولەیەکی بچووك بام، گوللەکان ڕاست بەر سەرم دەکەوتن!.

هەرچەندە گوللەکان کاری نەبوون، بەڵام کە بەرم کەوتن، ناو سکم بە جاریٚ گڕی گرت، هێندە گەرم بوون، لە تۆ وایە تازە لە کوورە دەرهاتبوون... دەستم نایە سەر شوێنی برینەکە، هەستم پێکردن، وەکو دوو لوی چەوریی ژێر پێست دەجولاّن، یەك قولانجیان بەین بوو. بەڵیٚ، بە قامکان گوشارم خستە سەری‌و کەوتم. لە دڵی خۆدا گوتم: "نوکتەیەکی قۆڕە، دەی سەریان بە قوزی داکیان بۆ خۆو نوکتەیان! وا چاکە لێرە خۆم مات بدەم‌و نەجوڵێم، دەنا گوللەی سێیەمم بۆ دێت‌و لەم دووەش خراپتر، کونم تێدەکات. بەڵیٚ لەویٚ پاڵکەوتم. جار جار دەستم بە گولەکاندا دێنا، لە جێی خۆیاندا بوون، لە تەنیشت یەکەوە. بەڵام دەترسام، لە دڵی خۆدا گوتم: ئەگەر ئەم بێشرەفانە لە سکما بن بنەنەوە، هەنگیٚ چ دەبیٚ؟ ئەگەر بچنە ناو ڕیخۆڵەکانمەوە، دکتۆران، چۆنیان بدۆزنەوە؟ هەڵبەتە منیش ئەزیەت دەدەن. هەڵبەتە بەدەنی هەر بەشەرێك، تەنانەت بەدەنی منیش نەرمەو، کاتێکت زانی گوللەکان بەدەم گەڕانەوە سەریان لە ڕیخۆڵە گەورەوە دەرێنا، هەنگیٚ کە ڕیٚ بکەم وەکو زەنگۆڵەی گالیسکەی پۆستەبەر، لە ناو سکما دەزرنگێنەوە. ئیدی سەریەشەیەکی زۆرم بۆ دروست دەکەن! ئیدی بۆ خۆ ڕاکشا بووم، تەبەقیٚ گوڵە بە ڕۆژەم هەڵکەنــدو هێــدی هێــدی دەنکەکــەیم دەقرتانــد. بــەڵام ڕوحــم پــیٚ نــەبوو. ئــەوانی دی دوور کەوتبوونەوە. کاتیٚ کە بالاشوفیان گرت، منیش بە هەر شێوەیەك بوو خۆم بکێش کردو گەییمە ئەویٚ. لە تیشانسکایا، لە ئەمبولانسیان نام. دکتۆرەکەی ئەویٚ زۆر گورج‌و چالاك بوو، بەردەوام دەیگوت: "ڕازیت ئەم گوللانە دەربێنم؟" بەڵام من بیرم لە هەموو لایەنی مەسەلەکە دەکردەوە، پرسیم: "قوربان، ئایا دەشێت لە ناو سکما جێگیر ببن؟" گوتی: "نا، شتی وا نیە." ئەوە بوو لە دڵی خۆمدا گوتم نایەڵم دەریان بێنن! ئاخر دەزانم چ فێڵێك لە ئارادایە. گوللەکان دەردێنن‌و هێشتا زامەکەم ساڕێژ نەبووەتەوە، دەڵێن دەی کاکە هەستە، بڕۆ بۆ جەبهە. گوتم: "نە قوربان، ڕازی نابم، حەز دەکەم، لە هەناوما بن، دەمەویٚ لە گەڵ خۆما بیانبەمەوە بۆ گوندەکەی خۆمان‌و پیشانی ژنەکەمیان بدەم. پێیان نارەحەت نیم، قورسیش نین." جنێوێکی زۆری دامیٚ‌و خوتەو بۆڵەی دنیای بە سەرما کرد، بەڵام وێڕای ئەوەش، هەفتەیەك مۆڵەتی دامیٚ.

گریگۆری، بە دەم گوێگرتنەوە لەم چیرۆکە سادەیە، بەدەم بزەوە پرسی:

– تۆ لە کوێی، لە چ کەتیبەیەکی؟

– لە کەتیبەی چواری تێکەڵاوم

– کێی خەڵکی گوندی خۆمانت لەگەڵە؟

– زۆرن: ئانیکوشکای خواجە. بسخلبنوف، ئاکیم کولوڤویدین، سیومکا میروشینکوف، تیخون گورباچوف.

– ئیٚ، ئەدی قۆزاقان چۆنن؟ گلەییان نیە؟

– لە ئەفسەرەکان بێزارن، کۆمەڵێك خـوێڕی‌و تۆڕیان بە سەرەوە داناوین، ژیانیان لێحەرام کردوین! زۆربەی هەرە زۆریان ڕووسن، یەك قۆزاقیان تیا نییە!

خریستونیا، بەدەم قسەکردنەوە، قۆڵە کورتەکانی قەمسەڵەکەی ڕاکێشان، وەکو یەکێك باوەڕ بە چاوانی خۆی نەکات، بە ئیعجابەوە دەیڕوانیە پانتۆڵە ئینگلیزیە نایابەکەی خۆیو دەستی بە ماهوتە عالو نەرمەکەیدا دێناو دەستی بە سەری ئەژنۆکانی خۆیدا دێنا. خەیاڵاوی گوتی:

– دەزانی، جووتێ پێڵاوی پڕ بە پێی خۆم دەست نەکەوت. لەوە دەچێ لە ئینگلیستاندا خەڵکی پێ گەورەیان نەبێ... ئێمە گەنم دەچێنینو گەنم دەخۆین، بەڵام پێموایە لە ئینگلتەراش، وەکو رووسیا تەنیا نانی جۆو هەرزن دەخۆن. ئیدی چۆن پێیان وەکو پێی ئێمە گەورە دەبێت؟ جلو پێڵاوی تازەیان بە سەر هەموو سریەکاندا دابەش کرد. جگەرەی بۆنداریان بۆ ناردین، بەڵام وێڕای ئەمەش وەزع باش نییە.

گریگۆری، بە بایەخەوە گوتی:

– بۆ باش نییە، لە چ ڕوویەکەوە باش نییە؟

خریستونیا، بزەیەکی کردو گوتی:

– شتەکان، لە ڕواڵەتا باشن، بەڵام لە ناوەڕۆکا خراپن... دەزانی، خێڵی قۆزاق، دیسان دەیانەوێ جەبهە چۆڵ بکەن. جەنگێکی بێهودەیە، هیچی تیا بەسەر نییە. دەڵێن ئامادە نین، لە هەرێمو ئاقاری خوپەر هێوەتر بڕۆن...

گریگۆری، پاش ئەوەی کە خریستونیای بەڕێکرد، دوای بیرکردنەوەیەکی کورت، لێبڕا:

– یەك هەفتەی دی لێرە دەمێنمەوەو دەڕۆمەوە بۆ جەبهە، پیاو لێرە، لە بێتاقەتیدا دەمرێت.

گریگۆری تا ئێواریێ لە ماڵ مایەوە. منداڵی خۆی بیرکەوتەوە، بە قامیش، ئاشەبایەکی بۆ میشاتکا دروستکردو چەند داوێکی ڕاوە چکۆلەکەی بە یاڵی ئەسپ بۆ دروستکرد. هەروەها عەرەبانەیەکی چکۆلەی چەرخداری بە مژانی ڕەنگاو ڕەنگی جوانیشی بۆ کچەکەی دروستکرد. تەنانەت ویستی بە پارچە پەڕۆیان بووکەڵەیەکیشی بۆ دروست بکات، بەڵام بۆی تەواو نەکرا، پاشان دونیاشکا بۆی تەواوکرد.

منداڵەکان، کە جاران هەرگیز ئەم جۆرە مجامەلەیەیان لە گریگۆری نەبینی بوو، لە هەوەڵەوە بە گومان و دڕدۆنگی لەم کارەیان دەڕوانی، بەڵام پاشان دەگەڵی ڕاهاتنو نەیاندەویست بە دەقیقە لێی دوور بکەونەوە.

دەمەو ئێواریێ، کاتێ گریگۆری خۆی ئامادە دەکرد بڕوات بۆ دەشتو بۆ ناو کێڵگەکان، میشاتکا، بە چاوانی تەژی ڕوندکەوە گوتی:

– تۆ هەمیشە هەر وا بوویت! بو سەعاتێك دێیتەوەو ئەوسا بە جێمان دێڵیو دەڕۆیت... دەی داوەکەتو ئاشەباکەتو عەرەبانەکەت ببە! هەمووی لە گەڵ خۆتا ببە، نامەوێن!

گریگۆری، دەستە چکۆلەکانی کوڕەکەی، لە نێو هەردوو دەستی خۆی نانو گوتی:

– کەوایە، وەرە با لە سەر ئەمە پێك بێین: تۆ پیاوی، لەگەڵ منا وەرە دەچین بۆ دەشتو مەزرا، درەوی جۆ دەکەین، پاشان کۆی دەکەینەوەو دەیکەین بە خەرمان. تۆ لە گەڵ باوە گەورەدا لە سەر مەکینەی درەوەکە دانیشەو ئەسپەکان لێخوڕە. دەزانی جۆیەکە پڕە لە کولو! مەگەر خوا بزانێ چەندێك تەیرو تۆ لە کەندەکاندا هەن! پولیوشکاش، لێرە، لە ماڵەوە، لەگەڵ دایە گەورەدا

دەمێنێتەوەو کاری ناو ماڵ دەکات. بیری ئێمە ناکات، ئەو کچە، ناو ماڵ گسک دەدات، سەتڵێکی بچووك دەبات و لە دۆنەوە ئاو بۆ داپیرە دێنێت. ژنان جۆرەها کاری ناو ماڵ هەیە کە بیکەن، باشە قاییلی، دێی لە گەڵما؟

میشاتکا، بە تاسەوە گوتی:

– زۆر باشە، دێم.

چاوەکانی لە خۆشیا کسکە کسك دەبریسکانەوە. بەڵام ئیلی نیچنا ڕازی نەبوو:

– بۆ کوێی دەبەیت؟ ئەمە چ خەیاڵێکە داویە لە سەرت؟ ئاخر لە کوێ دەیخەوێنی؟ کێ ئاگاداری دەکات؟ ئەگەر لە ئەسپەکان نزیك ببێتەوەو جووتەیەکی لێبدەن؟ یان ئەگەر خوانەکەران، مارێك پێوەی بدات؟

ئەوسا ئاوڕی لە نەوەکەی دایەوە:

– لەگەڵ بابتدا مەڕۆ جەرگەکەم. لە ماڵ بمێنەوە.

بەڵام لە ناکاوا چاو چکۆلەکانی میشاتکا، لە تووڕەییا بریسکانەوە ( ڕێك وەکو باپیرە پانتلی، کاتێ کە تووڕە دەبوو) کوڵە مستە چکۆلەکانی گوشین، بەدەنگێکی بەرزی گریان ئامێز هاواری کرد:

– دایە گەورە تۆ وس!.... هەر دەڕۆم. باوکە، باوکە گیان، بە قسەی داپیرە مەکە.

گریگۆری، بە پێکەنینەوە کوڕەکەی لە هەمێز گرت و بۆ ئەوەی دایکی نیگەران نەبێت گوتی:

– لە گەڵ خۆما دەینوێنم. لێرەشەوە ئەسپەکە بە هێواشی داژۆم، نایەڵم بکەوێ. دایکە جلەکانی بۆ ئامادە بکەو هیچ خەمت نەبێ: ئاگام لێی دەبێت. سبەی ئێوارە بە ساغ و سەلامەتی دەیهێنمەوە.

بەمجۆرە دۆستایەتی گریگۆری و میشاتکا دەستی پێکرد.

لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا کە لە تاتارسکی مایەوە. تەنیا سێ جار ئەکسینیای بینی، ئەویش بۆ ماوەیەکی زۆر کورت. ئەکسینیا، بە زیرەکی خۆی، خۆی لێدەدزییەوەو وای بە باش دەزانی کە خۆی پێ نیشان نەدا. بە غەریزەی ژنانەی خۆی پەی بە باری دەروونی گریگۆری برد بوو. دەیزانی کە هەر جۆرە دەربڕینێکی هەستی ئاشقێنی بەرانبەر بە گریگۆری، لەوەیە بە دژی خۆی بشکێتەوەو پەیوەندی نێوانیان تێك بدات. بۆیە چاوەڕوانی ئەوە بوو گریگۆری دەست پێشکەری بکات و قسە لەگەڵ ئەمدا بکات. ئیدی ڕۆژێك پێش گەڕانەوەی گریگۆری بۆ جەبهە، ئەو دەرفەتە ڕەخسا. گریگۆری، ئێوارەیەکی هەندێ درەنگ، کاتێ بە عەرەبانەیەك گەنمەوە، لە کێڵگە دەگەڕایەوە، ئەکسینیای لە دوا کۆڵانا کە دەچووەوە سەر دەشتەکە، بینی. ئەکسینیا لە دوورەوە، سەری بۆ فرو هێناو ناسکە بزەیەکی پڕ لە چاوەڕوانی و نیگەرانی بۆ کرد. گریگۆریش بەسەر وەڵامی دایەوە، بەڵام نەیتوانی، بەبێ قسە بەلایا تێپەڕێت. جڵەوی ئەسپەکانی بە ئاستەم ڕاکێشا تا هێواشیان بکاتەوە. گوتی:

– حاڵت چۆنە؟

– خراپ نیم، سوپاس گریگۆری پانتلیوفیچ

– چیه، دیار نیت؟

– له مەزرا بووم. دەبێ به تەنیا کاری مەزراکه ڕایی بکەم.

میشاتکا، له ناو عەرەبانەکەدا بوو، لەوە دەچوو هەر لەبەر ئەوەش گریگۆری ئەسپەکانی ڕانەگرت و درێژەی به قسەکانی نەدا. چەند مەترێك دوور کەوتەوە، گوێی لێبوو له دواوە گازیان کرد، ڕووی وەرگێڕا. ئەکسینیا بوو کە له پەنا پەرژینێکا وەستا بوو، له کاتێکا به هەڵچوونەوە پەڕەی گوڵه بەیبونێکی یەك یەك لێدەکردەوە، پرسی:

– ماوەیەکی زۆر له گوند دەمێنیتەوە؟

– سبەینێ، دەڕۆمەوە.

ئەکسینیا، بۆ دەمێك دوو دڵ ما: دیار بوو دەیویست شتێکی دیکه بڵێت، بەڵام لەبەر هۆیەك، هیچی نەگوت. به دەست ئاماژەیەکی کردو به هەنگاوی هەڕاوەوە، بێئەوەی تاقه یەکجاری دیکه ئاوڕ بداتەوە، بەرەو پاوانی گشتی گوندەکه ڕۆیی.

((١٩))

ئاسمان هەورین بوو، بارانێکی ورد وەکو ئەوەی له کونی هێڵەکەوە بێته خوارێ، بەو ئاوایه دەباری. سەوزە گیای ناسك و پنچه دڕك و داڵی پەڕاگەندەی دەشت و دەرەکە، هەر هەمووی ڕەخشان دەدرەوشانەوە.

پروخۆر، که لەم گەڕانەوە، ناوەختە، زۆر پەست و خەمبار بوو، به خامۆشی ئەسپەکەی داژۆو به درێژایی ڕێگاکه تاقه قسەیەکی دەگەڵ گریگۆریدا نەکرد. پاش ئەوەی له گوندی سیڤاستیانوفسکی ڕەت بوون، سێ قۆزاقی سوارەیان بینی که شان به شانی یەکدی ڕێیان دەکردو سەرگەرمی گفتوگۆ بوون، له دوای ئەوانەوە به هەشتاو دەهاتن. یەکێك لەو سوارانه که پیاوێکی زۆر گەنج نەبوو، ڕدێنێکی سووری هەبوو، پاڵتۆیەکی دەستدرووی لەبەر بوو، له دوورەوە گریگۆری ناسییەوەو به دەنگی بەرز، به هاوڕێکانی خۆی گوت: "کوڕینه، ئەمه میلیخوفه!" دوای ئەوەی گەیینه گریگۆری و پروخۆر، ئەسپه کوێته، لۆق درێژەکەی ڕاگرت:

– سڵاو، گریگۆری پانتلیوفیچ!

گریگۆری، سڵاوەکەی سەندنەوە:

– سڵاو!

بێهودە مێشکی خۆی دەگوشی، تا بزانێ ئەم قۆزاقه ڕدێن سووره، سیما گرژو مۆنەی له کوێ دیتووە. دیاربوو که تازە پلەی ئەفسەری وەرگرتبوو، چونکه نەجمەکانی بەسەر کەتافیەی پاڵتۆکەیەوە درو بوو. له کاتێکا که دەهاته پێشەوەو دەسته زەلامەکانی، که یەکپارچه مووی سووری ئاگرین بوو، له گریگۆری دێنایه پێشێ گوتی:

– نامناسیتەوە؟

هەناسەی بۆنی ڤۆدگای لێدەهات. سیمای، خۆ پەسندییەکی گەوجانەی پێوەی دیار بوو، چاوە زۆر چـکۆلەو شـینەکانی دەدرەوشـانەوە. بزەیـەك، لـە ژێـر سمێڵـە سـوورەکەیەوە، لێوەکـانی دەکشاند.

ڕواڵەتی ناهەمواری ئەم ئەفسـەرە بـەو پاڵتۆ دێهاتیانەیـەوە، دڵی گریگۆری خۆشکرد، بێئـەوەی تەوس و توانجەکەی وەشێرێت، بەرسڤی دایەوە:

– نەخێر، ناتناسمەوە. دیارە وەختێ یەکترمان دیتووە، دەبێ تۆ قۆزاقێکی سادە بوویی... تازە بووی بە ئەفسەر؟

– ڕێك لـە نیشانەت دا! هەفتەیەکە بووم بە ئەفسەر. ئێمە لـە یـەکێك لـە کۆبوونـەوەکانی ئـەرکانی کودینوفدا یەکترمان دیتووە، وا بزانم ڕۆژێك پێش جەژنی "حەزرەتی مریـەم" بوو. ئەو ڕۆژە تۆ فریام کەوتی و لە کێشەیەکی چکۆلەت ڕزگار کردم، لە بیرتە؟

کابرای ڕیشن، بانگی لە دوو هاوڕێکەی دیکەی، کە تۆزێ دوور وەستا بوون، کرد:

– ئەهای، تریفون! ئێوە وردە وردە بڕۆن، من پێتان دەگەمەوە.

گریگۆری، بە هەر زەحمەتێ بوو، بیری کەوتەوە کە چۆن و لە کوێ ئەم ئەفسـەرە موو سوورەی دیتووە. تەنانەت ناز ناوەکەشی کە "سەد دیناری" بوو بیرکەوتەوە، ئەو قسەیەی کورینوفیشی دەربارەی بیر کەوتەوە، کە گوتی: "ئەم شیر حەرامە، فیشەکی بە خەسار ناچێت، کەروێشك بەدەم ڕاکردنـەوە دەپێکـێ، لـە شـەڕا بێباکـە، دیدەوانێکی زۆر لێهـاتووە، بـەڵام ئـەقڵی منـداڵێکی نییـە." سەد دیناری، لە سەرەتای ڕاپەڕیندا، فەرماندەی سریە بوو، هەڵەو خەتایـەکی کردبوو، کودینـوف لە سەر ئەوە لـێ هەڵپێچا بوو و دەیویست سزایەکی توندی بدات. بەڵام گریگۆری شفاعەتی بۆ کردبوو و سەد دیناری، مەعاف کرا بوو و لە شوێنەکەی خۆی هێڵرا بووەوە.

گریگۆری لێی پرسی:

– لە جەبهەوە دێی؟

– بەڵێ، لە نوڤوخوپەرسکەوە دێم، بە مادونی هاتوومەتەوە. سەدو پەنجا فرسـەخێك لـە ڕێگـای خۆم دوور کەوتوومەتـەوە، هـەر بـۆ ئـەوەی سـەرێکی کەسوکارو خزمـان لـە سلاشچفسـکایا بـدەم. گریگۆری بانتلیوفیچ، من چاکەم لە بیر ناچێتەوە! حەزدەکەم میوانداریت بکەم. پیاوی چاك بە قسەم لەعاردی مەدە! دوو بوتڵە شەرابی خالیسەم لە خورجینەکەمدا پێیە، تکا دەکەم با لێرەدا بیانکەینەوەو پێکەوە بیانخۆینەوە، چ دەڵێی؟

گریگـۆری، بـە هـیچ جـۆرێ، بـە خواردنـەوە قاییـل نـەبوو، بـەڵام بـۆ ئـەوەی دەسـتی کـابرا نەگێڕێتەوە، بوتڵێکی وەکو دیاری لێوەرگرت. ئەفسەرەکە بە شانازییەوە گوتی:

– خۆزگە لەوێ دەبوویت! عەسکەرو ئەفسەر، هەر هەموو خۆیان لە کەل و پەل بار کرد! منیش لـە بالاشوف بووم. هەرکە شوێنەکەمان گرت، پاشان یەکڕاست چووین بۆ وێستگەی قیتار، هـەموو هێڵەکان گیرا بوون، قیتارەکان پڕ بوون. فارگۆنێك پڕ بوو لـە قەند، یـەکێکی دی پڕ بوو لـە جل و بـەرگ، یـەکێکی دی سـەری هارومـاری تیـا بـوو. هەنـدێ لـە قۆزاقـەکان، تـا چـل دەسـت جلکیـان هەڵگرتبوو! پاشان چووین بۆ گەڕەکی جولەکان، بە ڕاستی سەیر بوو، پیاو پێکەنینی دەهات، لە

نێو سریەکەی مندا، یەکێك لەو زرینگانەی کە کل لە چاو دەفڕێنن، هەژدە سەعاتی لە جولەکەکان سەند کە دە دانەیان زێڕ بوون، ئەم قەحپە دایکە هەر هەمووی بە بەرۆکییەوە هەڵواسی بوو. ڕێك وەکو دەوڵەمەندترین بازرگانی ڕووی زەوی. خۆ ئەڵقەو بازن و موستیلەکانی، هەر لە حیساب نەدەهات، هەر قامکێکی دوو سێ موستیلەی پێوە بوو.

گریگۆری، ئاماژەی بۆ خورجینە هەڵاوساوەکانی (سەد دیناری) کردو گوتی:

– ئەدی ئەو خورجینەی خۆت چی تیایە؟

– هەموو شتێکی تیایە...

– تۆش تالانیت کرد؟

– ئەوە تۆ چ دەڵێی، تالانت کرد... نەخێر من تالانم نەکرووە، بە حەلاڵی وەرم گرتووە، فەرماندەی کەتیبەکەمان گوتی: "ئەگەر ئەم شارەتان گرت، تا دوو ڕۆژ حەلاڵی ئێوە دەبێ!" چما من لە خەڵکانی دی کەمترم؟ بە گوێرەی فەرمانی فەرماندەکەمان هەرچیەکم بەر دەست کەوت، هەڵم گرت... ئەوانی دی لەمە زۆر خراتریان کرد...

گریگۆری، بە بێزارییەوە ڕوانیە یارۆی ملازمی تالانچی و گوتی:

– بە ڕاستی سەربازی باشن! هەقە خەڵکانی وەکو تۆ لە ژێر پردەکاندا کەمین بنەنەوەو ڕێگری بکەن، نەك شەڕ بکەن. ئێوە شەڕتان کردووە بە تالانچیەتی! شەڕتان کردووە بە کاسبی! یانی تۆ پێت وایە ڕۆژێ لە ڕۆژان، پێستی خۆت و عەقیدەکەت لە سەر ئەم کارەتان ناگروون؟

– بۆچی؟

– لە سەر ئەو کارەتان.

– باشە کێ پێستمان دەگرووێ؟

– ئەو ئەفسەرانەی کە پلەو پایەیان لە ئێوە بەرزترە

(سەد دنیاری)، بزەیەکی تەوسامێزی کردو گوتی:

– خۆشیان هەمان کاریان کردووە، ئێمە تەنیا خورجین و عەرەبانەکانمان پڕ کردووە، بەڵام ئەوان بە کاروان تالانیان بۆ کەس و کاریان دەناردەوە.

– چۆن، بە خۆت دیتن؟

– هەر دیتن! من بە خۆم لە گەڵ یەکێك لەم کاروانانەدا بۆ یاریژنسکایا ڕۆییم. فارگۆنێك پڕ پڕ بوو لە ئامان و هیربارو پەرداخ و مراکێن زیو! هەندێجار، هەندێ ئەفسەر ڕێیان پێدەگرتین: "ئەمە چیە پێتان؟ دەی خێراکە سەری هەڵبدەنەوە!" بەڵام کە دەمگوت هی فلان جەنەڕاڵی کوڕی فیسارە، بە ڕوو گرژی و مۆنی دەستبەردار دەبوون.

گریگۆری، بە چاوانی نیمچە نوقاوەوە، بە تووڕەیی جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو پرسی:

– ئەو جەنەڕاڵە کێیە؟

(سەد دیناری)، بزەیەکی فێڵبازانەی بۆ کردو گوتی:

– ناوی، ناویم لە بیر چووەتەوە... ئەی خودا چۆن لە بیرم چوو! نا، فایدەی نییە، بیرم ناکەوێتەوە، بەڵام تۆش گریگۆری پانتلیوفیچ، بە خۆڕایی خۆت سەغڵەت کردووەو جنێو دەدەی.

بەزاتی خوا، هەر هەمووان ئەم کارەیان کردووە، خۆ من لە ناو ئەوانەدا، وەکو بەرخی ناو گورگانم. من هیچ شتێکم بە خۆرتی تالآن نەکردووە، کەسم ڕووت نەکردوەتەوە، بەلآم ئەوانی دی لە ناوەندی شەقامەکاندا خەڵکیان ڕووت دەکردەوە، هەر ژنە جولەکەیەکیان تووش بوایە، بە تۆبزی فەساتیان(زۆر گیٚ) دەکرد. من کاری وام نەدەکرد: من ژنی شەرعی خۆم هەیە، ژن ئەمما ژن! ئەسپە ژن، نەك ژنی ئاسایی! نە، نا تۆ بە خۆڕایی دڵ لە من پیس دەکەیت. سەبرکە بۆ کویٚ دەڕۆیت؟

گریگۆری، بە ساردی سەرێکی بۆ (سەد دیناری) لەقاند، خوا حافیزی کردو، جڵەوی بۆ ئەسپەکەی شل کرد، هەڵیکردە یورغەو بە پروخۆری گوت:

– دوام کەوە.

لە ڕێگادا، تووشی قۆزاقانێکی زۆر دەبوون کە بە تاك تاكو بە کۆمەڵ بە مادوونی (مۆڵەت) دەڕۆییشتنەوە. هەروەها تووشی زۆر عەرەبانەی دوو ئەسپە دەبوون، کە بە مشەما یان پەتۆ داپۆشرا بوونو بە وردی، بە گوریسو حەبل بەسترا بوون. قۆزاقەکان بە قەمسەڵەی تازەی هاوینەو پانتۆڵی خاکی سوپای سوورەوە، لە سەر ڕکێفان وەستا بوونو بە یورغە لە دووی عەرەبانەکانەوە دەهاتن. سەرو ڕووی تۆزاویان، شادیان لێدەباری. بەلآم هەرکە چاویان بە گریگۆری دەکەوت، خێراتر پێیان هەڵدەگرت تا زووتر لێی دوور بکەونەوە: ئیکلامیان بۆ دەکرد، بە بێدەنگی ڕەت دەبوونو دوای ئەوەی تەواوێك لێی دوور دەکەوتنەوە، ئەوسا دەکەوتنەوە گفتوگۆ.

پروخۆر، هەر جاریٚ کە لە دوورەوە کۆمەڵێك سواری بە عەرەبانانی پڕ لە تالآنیەوە دەبینی، بەدەم پێکەنینەوە دەیگوت:

– ئەوا بازرگانەکان هاتن!

وێڕای ئەمەش، هەموو ئەو قۆزاقانەی کە بە مادوونی دەڕۆییشتن هەموویان بارە تالآنیان پیٚ نەبوو. لە گوندێکدا، کە بۆ ئاودانی ئەسپەکانیان، لە سەر بیرێك وەستا بوون، گوێیان لە دەنگی گۆرانیەك بوو کە لە حەوشەی ماڵێکی ئەو نزیکانەوە دەهات. بە دەنگە زوڵاڵو جوانو مندالآنەکەدا، دیار بوو کە گۆیەندەکان قۆزاقی زۆر گەنجن.

پروخۆر، کە بە سەتڵ ئاوی هەڵدەکێشا، گوتی:

– وادیارە یەکێك بۆ سەربازی دەڕواتو ئەمەش کوڕو ئاهەنگی خوا حافیزیە، بۆی دەگێڕن.

ئەو قاپە ڤۆدگایەی کە دوێشەو خواردبوویانەوە، هێشتا بەری نەدا بوو، حەزی لە یەك دوو پێکی خومارشکێن دەکرد، بۆیە بەپەلە ئەسپەکانی ئاوداو بە پێکەنینەوە گوتی:

– پانتلیوفیچ، چۆنە بچین بۆ لایان؟ ڕەنگە قاپە شەرابێکی دیکەمان بۆ ڕێگا دەستبکەویٚ، ڕاستە سەری کوختەکەیان بە حەسیرو قامیش گیراوە، بەلآم دەوڵەمەند دیارن.

گریگۆری قاییل بوو کە بڕواتو ببینیٚ چۆنی سەربازی تازە بە ڕێدەکەن. ئەسپەکانیان بە پەرژینی حەوشەوە بەستەوەو چوونە حەوشەوە. چوار ئەسپی زینکراو لە ژێر کەپرێکا و لەسەر ئاخوڕی بازنەیی بەسترا بوونەوە. کوڕیژگەیەك بە تەنەیەکی پڕ لە جۆوە، لە عەمارەکەوە هاتە

دەرێ. نیگایەکی سەرڤە سەرڤەی گریگۆری کردو بەرەو ئەسپەکان کە دەیان حیلاند، ڕۆیی.
ئاوازەکە لە پشت دیواری سیلەی ماڵەکەوە دەهات. دەنگێکی ناسكو بەرزو پڕ لەرە ئەم شێوە گۆرانییەی دەچڕی:

کەس بەم ڕێگا باریکەدا
نەدەڕۆیی، نەدەڕۆیی...

دەنگێکی گڕی بەرز، دوای دووبارە کردنەوەی پاش بەندی گۆرانیەکە، دەگەڵ دەنگە بەرزە ناسکەکەدا تێکی دەکردەوە. ئەوسا دەنگێن خۆش ئاهەنگی دی، دەهاتنە ئاراوەو، گۆرانیەکە بەشکۆو خەمینیو ئازادانە بەردەوام دەبوو. گریگۆری نەیویست، کوتو پڕ بچێت بە سەراو گۆرانیەکەیان پێببڕێ، سەری قۆڵی پروخۆری گرتو بە ئەسپایی گوتی:
- سەبرکە، خۆتیان پێنیشان مەدە، با تەواوی بکەن.
پروخۆر گوتی:
- ئەمە کۆڕی خودا حافیزی نییە. ئەمانە قۆزاقی ئیلانسکایان. گۆرانیو ئاهەنگی ئەمان بەمجۆرەیە. بە ڕاستی باشی دەڵێن!
لە داخا تفێکی کرد. وا دیار بوو، ئەو خەیاڵ پلاوەی کە بە تەما بوو، هەندێ شەرابی دەست بکەوێو دەمێ تەڕ بکات، کەڕووی هەڵێنا.
یارۆی گۆرانی بێژی دەنگ زوڵاڵ، سەربووری ئەو قۆزاقەی کە لە شەڕا لە ئەسپەکەی گلا بوو، تا کۆتایی تەواو کرد.

هیچ شوێنپێی بەشەرێك یان
سمی ئەسپێك بەسەر ئەو
ڕێگایەوە نەدەبینرا
جارێك کەتیبەیەکی قۆزاقان
بە سواری ئەسپەوە، بەو
ڕێگایەدا دەڕوات،
ئەسپێکی تۆسنی سەرکێش،
لە دوایانەوە، بە
زینێکی فاخیری خوارەوە
بەغار دوویان دەکەوێ
هەوسارە ئاوریشمەکەی،
لغاوەکەیو هەموو شتێکی
بەر بوو و لەبەر پێی دەخشا
قۆزاقێکی گەنجی دۆن، لە دوایەوە
بە غار دەهات
بە دەم هاوارەوە، بانگی لە ئەسپە

وەفادارەکەی خۆی دەکردو دەیگوت:

"بوەستە، ئەسپە بە ئەمەکەکەم بوەستە،

بە تەنیا، لەم تەنگانەیەدا بەجێم مەهێڵە،

بەبێ تۆ لە دەستی چەچانانی دڕندە

دەرباز نابم...."

گریگۆری، شانی بە دیواری تەڕاوکراوی ماڵەکەدا دادابوو، بە جۆرێ دڵبەندی ئەم گۆرانیە بوو بوو نە حیلەی ئەسپەکانو نە جیڕە جیڕی چەرخی عەرەبانان کە بە کۆڵانەکەدا ڕەت دەبوون، وەئاگایان نەدەهێنانەوە.

پاش ئەوەی گۆرانیەکە تەواو بوو، یەکێك لە گۆرانی بێژەکان، گەرووی پاك کردەوەو سینگی ساف کردو گوتی:

– ئەمە زیاتر زۆر لەخۆ کردن بوو تا گۆرانی! بەڵام هەر باش بوو، ئەوەی توانیمان کردمان، دریغیمان نەکرد. ئیدی نۆرەی ئێوەی ژنانە، شتێك بە ئێمەی سەرباز، بۆ ڕێگا بدەن. لە خوا بە زیاد بێ خواردنێکی باشمان خوارد، بەڵام بۆ تویشووی ڕێگا هیچمان پێ نییە...

گریگۆری، لەو خەونی بێدارییە، وەئاگا هاتەوەو بە سووچی دیوارەکەدا سوڕایەوە. چوار قۆزاقی (قۆزاق: خەڵکی دەڤەری قۆزاغستان، زمانی خەڵکی ئەو دەڤەرە کە تێکەڵەیەکە لە زمانی توركی و مەغولی، هێزی سوپای سوارە، هەم لە ڕووسیاو هەم لە ئێرانی سەردەمی قاجاراندا.) گەنج کە لەسەر هەوەڵێن پایەی قاڵدرمەکانی بەر ماڵەکە دانیشتبوون، کۆمەڵێك ژنی گەنج و پیر کە لە ماڵە دراوسێکانەوە هاتبوونو لەوێ خڕ بوو بوونەوەو چەند منداڵێك دەوریان دابوون. ژنەکان، بەدەم هەنسك دانو چڵم هەڵلوشینەوە، بە لکەی لەچکەکانیان چاویان دەسڕی. پیرەژنێکی باڵا بەرزو چاو ڕەش، کە هێشتا شوێنەواری جوانیەکی ئیکۆنە ئاسا، بە ڕوخسارە گۆشتنەکەیەوە دیار بوو، لەو دەمەدا کە گریگۆری لە ئاستانەی ماڵەکە نزیك دەبووەوە، بە دەنگێکی نەوی دەیگوت:

– کوڕەکانم، دەمتان خۆش، بە ڕاستی گۆرانیەکەتان هەم خۆش بوو هەم خەمگین! هەڵبەتە هەر یەکەتان دایکێکی هەیە، دیارە دایك کە کوڕەکەی بیر دەکەوێتەوە کە لەگینە لە شەڕا بکوژرێ، ئیدی کونی فرمێسکی بەر دەبێت...

لە ناکاوا کە چاوی بە گریگۆری کەوت، سڵاوی لە حازری دەکرد، چاوانی ئەبڵەق بوونو بە دەنگێکی تووڕە گوتی:

– تۆ ئەم گوڵە تازە پشکوتووانە بەرەو مەرگ دەبەیت، وانیە؟ تۆ بۆ شەڕیان دەبەیتو بە کوشتیان دەدەیت!

گریگۆری، بە پەستی گوتی:

– ئێمەش، دەکوژرێین دایکە.

قۆزاقەکان، کە چاویان بەم ئەفسەرە نەناسە کەوتبوو، پەشۆکا بوون، بە پەلە لەجێی خۆ هەستان، قاپی سەر پلیکانەکانیان، کە هێشتا خواردنیان تیا مابوو، بە پێ لادا، قەمسەڵەو

کەمەربەندو قایشی شمشێرەکانی خۆیان ڕێکخست. ئەمانە بە تفەنگەکانیانەوە گۆرانیان گوتبوو. گەورەترینیان، لە بیست و پێنج ساڵ پتر نەدەبوو. گریگۆری چاوی بە سەرو سیمای ناسکو گەنجانەیاندا گێڕاو پرسی:

– ئێوە کوێندەرین؟

یەکێکیان، کە کەپوویەکی قوتو دووچاوی گەشی پێوە بوو، یەکسەر گوتی:

– لە کەتیبەی...

– مەبەستم ئەوەیە خەڵکی کوێن، خەڵکی کام ستانن؟ ئێوە خەڵکی ئەم ناوە نین، وا نییە؟

– قوربان ئێمە، خەڵکی ئیلانسکایاین. بە مادوونی دەڕۆینەوە.

گریگۆری، بە دەنگیا زانی کە ئەمە گۆرانی بێژەکەیە، بە دەم پێکەنینەوە لێی پرسی:

– تۆ گۆرانی بێژە سەرەکیەکە بووی؟

– بەڵێ.

– ئەلهەقی، دەنگت خۆشە! باشە ئەم گۆرانیو ئاهەنگەتان بە چ بۆنەیەکەوە بوو؟ هەر بۆ خۆشی بوو؟ سەرو ڕووتان لەوە ناچێ مەست بن.

گەنجێکی بالا بەرزی موو زەردی، پەرچەمو کاکۆڵ تۆزاوی، پەخشو پەریشان، بە گۆنای سووری تاوەسووتەوە، لە کاتێکا کە بە تیلەی چاو دەیڕوانیە پیرەژنەکە، بزەیەکی شەرمنانەی بۆ کردو بە بێتاقەتیەوە بەرسڤی دایەوە:

– خۆشی چی!... داماوی وادارمان دەکات گۆرانی بڵێین. لەم دیارو دەڤەرەدا ژیان ئاسایی نییە، بە خۆڕایی و بە ئاسانی نانت نادەنێ... پاروویەك نانی وشکت دەدەنێو تەواو. بۆیە بیرمان لەوە کردەوە گۆرانی بڵێین، تا خواردنێکمان بدەنێ. کە دەست بە سترین (گۆرانی چڕین) دەکەین، ژنان بە هەشتاو دێن بۆ گوێگرتن. ئیدی ئێمەش گۆرانیەکی خەمگین دەڵێینو ئەوانیش سۆزیان دەجولێتو دێنە ڕەحمو دڵیان نەرم دەبێتو ئیدی ئەمیان پارچە کەرەیەك، ئەویان گرتکە گۆشت بەرازێکی چەور، یەکێکی دی کاسەیەك شیرو یەکێك خواردنێکمان بۆ دێنێ...

گۆرانیبێژە ئەسڵیەکە، بە شۆخیەوە چاوێکی لە هاوڕێکانی داگرتو گوتی:

– جا ئێمە جەنابی نەقیب، تەبیعەتی قەشانمان هەیە، لە هەمان قوماشی ئەوانین، گۆرانی دەڵێینو سەدەقە وەردەگرین!

یەکێکیان، پارچە کاغەزێکی چەوری لە گیرفانەکەی بەر باخەڵی دەرێناو لە بەردەم گریگۆری ڕایگرت:

– ئەمەش، مۆڵەتنامەکەمانە.

– بۆ پیشانی منی دەدەی؟

– ڕەنگە وا گومان بکەی کە فیرارین...

گریگۆری بە کەمێك تووڕەییەوە گوت:

– کە تووشی مەفرەزەی ئینزیبات بوون، پیشانی ئەوانی بدەن.

وێڕای ئەوەش، بەر لەوەی بە جێیان بێڵێ، ئامۆژگاری کردن:

– بە شەوان سەفەر بکەن و بە ڕۆژەوە لە شوێنێکدا خۆتان پەنا بدەن. ئەم کاغەزەتان بە کەڵك نایەت، خۆتان گیرۆدە مەکەن... مۆرکراوە؟

– سریەکەمان مۆری نییە.

– ئەگەر ناتانەوێ، کالموکان بەر قۆناغە تفەنگتان بدەن، بەگوێی من بکەن، چۆنم پێگوتن، وا بکەن.

لە سێ فرسەخی گوندەکەدا، لە نزیکەی سێ سەد مەتری بێشەیەکی چکۆلەدا کە تا سەر جادەکە دەهات، گریگۆری، جارێکی دی دوو سواری بینی کە لە بەرانبەرەوە دەهاتن. سوارەکان بۆ دەقیقەیەك وەستان، تەمەشایان کرد، پاشان بە هەشتاو خۆیان بە بێشەکەدا کرد. پروخۆر گوتی:

– ئەمانەش مۆڵەتنامەیان نییە، بینیت چۆن خۆیان بە بێشەکەدا کرد؟ باشە ئەم گلاراوانە بۆ بەم ڕۆژی ڕوناکە سەفەر دەکەن؟

هەر ئەو ڕۆژە، زۆر قۆزاقی دیکە، کە چاویان بە گریگۆری و پروخۆر دەکەوت، لاتریسکەیان دەبەست، لە جادە لایاندەداو خۆیان دەشاردەوە. قۆزاقێکی هەندێ بە تەمەن، بەپای پیادە، بە قاچاخە ڕێدا دەڕۆیی بۆ ماڵی خۆی، کە چاوی بە گریگۆری کەوت، وەکو کەروێشکی ترساو خۆی بە ناو پەڵە گوڵە بە ڕۆژەیەکدا کردو لە جێی خۆی هەڵکوڕما. کە بەلایا تێپەڕین، پروخۆر، هەستایە سەر ڕکێفەکەو هاواری کرد:

– ئەهای خۆ وڵاتی، خۆشاردنەوە وانابێ! سەرت شاردۆتەوەو قوونت بە دەرەوەیە.

ئەوجا بە درۆوە خۆی تووڕە کردو هاواری لێکرد:

– خێرا وەرە دەرێ و مۆڵەتنامەکەتمان نیشان بدە!

کابرای قۆزاق، لە جێی خۆی ڕاپەڕی و تا هێز لە لاقیا بوو، بە کۆمە کۆم بە نێو گوڵە بە ڕۆژەکانا، پێی وەغارێوە نا. پروخۆر، لە قاقای پێکەنینی دا، ویستی ئەسپەکەی بەر مامێزان بدات و دوای بکەوێ، لێ گریگۆری ڕێگەی نەدا:

– وازی لێبێنە، با بڕوات سەری بە قەبری بابی، هێندە ڕادەکات دەپسێ. لەوەشە لە ترسا زراوی بتۆقێ و بمرێت...

– ئەوە تۆ چ دەڵێی، تاژیش بە بای قولانیدا ناگات، جارێ تا دە فرسەخان هەر ناوەستێتەوە بینیت چۆن، لە نێو گوڵە بە ڕۆژەکانەوە دەرپەڕی؟ نازانم ئەو هەموو توانایە لە کوێوە دێنێت.

پروخۆر، کە بە شێوەیەکی گشتی دژی سەربازانی فیرار بوو، گوتی:

– تۆ تەمەشا چۆن کۆمەڵ کۆمەڵ دەڕۆن. دەڵێی دانەوێڵەن و لە یەك کیسەوە هەڵڕێژراون. پانتلیوفیچ، ئاگادار بە ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێ، زۆری پێناچێت، شەڕگە چۆڵ دەبێت و جگە لە من و تۆ کەسی تیا نامێنێ...

تا زیاتر لە شەڕگە نزیك دەبوونەوە، نیشانانی داڕوخان و هەرەسی نەفرەت ئەنگێزی سوپای دۆن، بۆ گریگۆری ڕوونتر دەبووەوە. ئەم هەرەس و داڕوخانە، وەختێك دەستی پێکرد بوو کە سوپا توانی بووی بە کۆمەکی یاخییەکان گەورەترین سەرکەوتنی خۆی لە بەرەی باکووردا بە

دەست بێنێ. ئیدی یەکەکانی ئەو بە جۆرێ نەترەیان بەردابوو نەك هەر نەیاندەتوانی بە عەزمی جەزمەوە هێرش بکەن و بەرخودانی دژمن تێك بشکێنن، بەڵکو نەیاندەتوانی لە هەنبەر هێرشێکی جدیشدا خۆ بگرن.

لە شارۆچکەو گوندەکانی ناوچەکاندا، کە هێزێن یەدەك ئۆردوبەزیان کردبوو، ئەفسەران سەریان کردبووە عەیش و نۆش و مەیخۆری، قافڵەی عەرەبانانی پڕ لە هەموو جۆرە کەل و پەلێکی تالانی، کە هێشتا دەرفەتی ئەوە نەڕەخسا بوو بۆ پشتەوەی جەبهە ڕەوانە بکرێن، لە ژێر باری قورسی تالانیدا دەیانناڵاند. هیچ یەکەیەك نەبوو، پتر لە سەدا شەستی نەفەرەکانی لە ئۆردوگاکانی خۆدا بن. قۆزاقەکان خۆیان مۆڵەتیان بە خۆ دەداو بەبێ پرس دەڕۆییشتنەوە. مەفرەزەی ئینزیباتیش، کە بریتی بوون لە کالموکان، کە بە سەرانسەری دەشتەکەدا دەگەڕان، نە فریا دەکەوتن و نە ئەو هێزەیان هەبوو بەر لەو لێشاوی فیرار کردنە بە کۆمەڵە بگرن. لە گوندەکانی ستانی ساراتۆفدا کە لە لایەن سوپای دۆنەوە گیرا بوون، قۆزاقەکان بە جۆرێ ڕەفتاریان دەکرد وەکو ئەوەی خاکی بێگانەیان گرتبێ: خەڵکیان تالان دەکرد، پەلاماری ژنانیان دەدا، عەماری ئازووقەو دانەوێڵەیان دەبڕی و دەشکاند، مەڕو مالات و وڵساتیان دەکوشتەوە. مندالانی هەژنۆ ساڵ و پیرە پیاوانی پەنجا شەست ساڵیان بە خۆرتی بۆ سەربازی دەبردو چەکیان پێ هەڵدەگرتن. لە سریە پیادەکانی پێشەوە، بە ئاشکرا باسی ئەوەیان دەکرد کە نایانەوێ جەنگ بکەن. لەو یەکانەدا، کە بۆ دەڤەری فورونیچ نەقڵ کرا بوون، قۆزاقەکان، بە ئاشکرا سەرپێچیان لە فەرمانی ئەفسەرەکان دەکرد، تەنانەت دەنگۆیەکی زۆر بڵاو بوو کە ڕووداوێن ڕەشکوژی ئەفسەران لە سەنگەرەکانی پێشەوە، ڕوو لە زیادیە.

گریگۆری، بۆ ئیسراحەتی شەوێ، لە نزیکی بالاشوف، لە گوندێکی چکۆلەدا لایدا. سریەی چواری یەدەك، کە بریتی بوو لە قۆزاقانی بە تەمەن، لە گەڵ سریە یەکی ئەندازەی کەتیبەی تاگانروك، هەموو ماڵەکانی گوندیان گرتبوو، گریگۆری ماوەیەکی زۆر لە خانوویەك گەڕا کە ئەو شەوەی تیا بە سەر بەرێت. هەڵبەتە دەیانتوانی وەکو هەمیشە، شەو لە دەشت و دەر ڕۆژ بکەنەوە، بەڵام دنیا باران بوو و پروخۆر، تووشی مەلاریا بوو بوو و تای لێبوو، دەبوایە شەوێ، لە ماوایەکدا بە سەر بەرێت. لەوسەری ئاواییدا، لە نزیکی ماڵێکی گەورەدا، کە سپیدار دەوری گرتبوو، ترومبێلێکی زرێپۆش، کە گوللە تۆپ پەکی خستبوو، دیار بوو. گریگۆری بەلایا ڕەتبوو، توانی ئەم ڕستەیەی بەسەرەوە بخوێنێتەوە: "مردن، بۆ گەجەرو گوجەرانی سپی!" کەمێك لە خوارترەوە ناوی زرێپۆشەکە نووسرا بوو: "خوێن خۆر" لە حەوشی ماڵەکەدا چەند ئەسپێك پرم و هۆڕیان بوو. و دەنگی پیاوان دەهات. لە باخەکەی پشت خانووەکەوە، بڵێسەی ئاگر بەرز دەبووەوەو دووکەڵ دەچوو بە ئاسمانداو بە سەر ترۆپکی سەوزی دارو درەختەکاندا بڵاودەبووەوە. قۆزاقان، وەکو تارمایی بە دەوری ئاگرەکەدا دەهاتن و دەچوون. بایەکە بۆنی کای سوتاوو تووکی هەڵکوڕوزاوی بەرازی دەگەڵ خۆیدا دێنا.

گریگۆری دابەزی و خۆی بە ماڵەکەدا کرد، سەری کێشایە ناو ژوورێکی نزمدا کە پڕ بوو لە خەڵکی و پرسی:

– ئەریٚ کیٚ خاوەن ماڵە؟

جووتیارێکی کورتە باڵای قەڵەو، کە پشتی بە سۆپاکەوە دابوو، بێئەوەی لە جێی خۆی بجوڵێت، نیگایەکی گریگۆری کردو گوتی:

– منم. چیت دەویٚ؟

– بۆ ئەمشەو جێمان دەکەیتەوە؟ دوو نەفەرین.

قۆزاقێکی پیر، کە لە سەر تەختێك پاڵکەوتبوو، مڕاندی:

– بەخۆت دەبینی، هەموو وەکو ناوکە شووتی بە یەکەوە چەسپیوین!

خاوەن ماڵەکە، وەکو ئەوەی پاکانە بۆ خۆی بکات گوتی:

– من بەش بە حاڵی خۆم لاریم نییە، بەڵام میوانێکی زۆر زۆرمان هەیە.

گریگۆری، بە پێداگرییەوە گوتی:

– هەر چۆنیٚ بیٚ جێی خۆمان دەکەینەوە. خۆ ناکریٚ بەم بارانە لە دەرەوە بخەوین! موراسیلەکەم نەخۆشە.

ئەو کابرایەی کە لەسەر تەختەکە پاڵکەوتبوو، قوڕگی پاك کردەوەو سینگی ساف کردو پێیەکانی نانە سەر زەوی‌و لە کاتێکا کە تەمەشای گریگۆری دەکرد، بە دەنگ‌و تۆنێکی جیاوازتر گوتی:

– قوربان، پایە بەرز، ئێمە لە گەڵ خاوەن ماڵەکەو ماڵ‌و منداڵەکەیدا چواردە نەفەرین، بەسەر دوو ژووری چکۆلەدا دابەش بووین. ژووری سێیەم ئەفسەرێکی ئینگلیزی بە خۆو دوو موراسیلەوە تیایە، ئەفسەرێکی ئێمەشیان لە گەڵە.

قۆزاقێکی دی، کە زۆربەی ڕدێنی سپی بوو و قەیتان‌و خەتی عەریفی بە شان‌و قۆڵەوە بوو، بە میهرەبانیەوە گوتی:

– رەنگە بتوانی لەلای ئەوان جێی خۆت بکەیتەوە.

– نەخێر، حەز دەکەم لێرە بم. نوێن زۆر پێویست نییە، لە سەر ئەرزەکە دەخەوم، سەغڵەتتان ناکەم.

گریگۆری، پاڵتۆ قورسەکەی داکەند. بە دەستەکانی قژەکەی ڕێك خست‌و لە پاڵ مێزەکە دانیشت. بەڵام پروخۆر چووە دەریٚ تا ئەسپەکان دابکات.

هەڵبەتە، لە ژوورەکەی تەنیشتەوە گوێیان لەو گفتوگۆیە بوو بوو. دوای پێنج دەقیقەیەك، دەرگا کرایەوە، ئەفسەرێکی چکۆلەی شیك هاتە دەریٚ‌و لە گریگۆری پرسی:

– جێگای نووستنت دەویست؟

دوای ئەوەی ژێراو ژێر تەمەشایەکی نەجمەکانی سەر شانی گریگۆری کرد، بەڕێزو نەوازشەوە گوتی:

– جەناب، بفەرمە لای ئێمە، لە ژوورەکەی ئێمەدا بە. من‌و ملازم کەمپبل، ئەفسەری سوپای ئینگلیز لێرەین‌و لە خزمەتوداین. شوێنەکەی ئێرە باشترە. من نێوم شچگلوفە. ئەدی ناوی جەنابت؟

تەوقەی دەگەڵ گریگۆریدا کردو پرسی:

– لە جەبهەوە دێی؟ ئا! لە مادوونی دەگەڕێیتەوە! دەی فەرموو، فەرموو! خۆشحاڵ دەبین بێیتە لامان. دیارە برسیتە، خواردنیشت دەدەینێ.

خاچێکی ئەفسەری سان جۆرج، بە بەرۆکی قەمسەڵەی ملازمەکەوە، کە لە ماهوتێکی یەجگار نایابی سەوزی کاڵ بوو، شۆڕ بوو بووەوە، قژەکەی لە ناوەڕاستی سەرە چکۆڵەکەیەوە زۆر بە وردی کرابوو بە دوو بە شەوە. چەکمەکانی زۆر بە جوانی بۆیاخ کردبوو. دەموچاوە تاشراوەکەی، ڕوومەتە ئەسمەرەکەی، باڵا ڕێك‌و پێکەکەی، هەر هەموو شتێکی، بۆنی خاوێنی‌و توندی قۆڵۆنیای لێدەهات. لە ڕاڕەوەکەدا زۆر بە ڕێزو حورمەتەوە، لاکەوت‌و ڕێگەی بۆ گریگۆری کردەوەو گوتی:

– بەدەستی چەپا، ئاگاداربە یەغدانێکی لێیە، بەری نەکەوی.

ملازمێکی گەنج‌و تۆکمە، کە گریگۆری بینی، لە جێی خۆی هەستا، سمێڵێکی چکۆلەی ڕەشی فش، لێوی ژێرەوەی، کە جێگە زامێکی قیرو قاچی پێوە بوو، داپۆشی بوو. چاوە قاوەییە کاڵەکانی زۆر لێکدییەوە نزیك بوو. شچگلوف، گریگۆری ناساندو بە ئیگلیزی شتێکی گوت. ملازمە ئینگلیزەکە، تەوقەی دەگەڵ گریگۆریدا کرد. لە کاتێکا چاوی لە نێوان گریگۆری‌و شچگلوفدا دەگێڕا، چەند رستەیەکی گوت‌و پاشان بە جوڵەو ئاماژەی دەست میوانەکەی خوڵك کرد کە دانیشێت.

لە ناوەندی ژوورەکەدا، چوار قەرەوێڵەی سەفەری، بە پاڵ یەکەوە ریز کرا بوون‌و چەندین پریاسکە و خورجین‌و جانتای چەرمین، لە سەر یەکدی کەڵەکە کرا بوون.

غەدارەیەکی دەستی تازە، کە گریگۆری هێشتا لەو جۆرە چەکەی نەبینی بوو، لە گەڵ کیفی دووربینێکدا، چەند سەندوقە فیشەکێك‌و تفەنگێکی سوارەی قۆناغ قاوەیی‌و لوولە شینباو کە دەبریسکایەوە.

ملازمەکە، کە دۆستانە دەیڕوانیە گریگۆری، بە دەنگێکی نرم‌و خۆشاهەنگ شتێکی گوت. گریگۆری نەیتوانی تاقە وشەیەکیش لە زمانە بیانیەکەی ئەو، کە زۆری بەلاوە نامۆ بوو، تێبگات بەڵام بە مەزەندە دەیزانی کە باس، باسی ئەوە، هەستی بە جۆرە لە ڕووداوانێك دەکرد. شچگلوف، کە خەریك بوو لە جانتایەکدا بۆ شتێك دەگەڕا، بە دەم گوێگرتنەوە بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

– مستەر کەمپبل دەڵێت ڕێزو حورمەتی تایبەتی بۆ قۆزاقان هەیەو بە سوارو سەربازی زۆر لێهاتوو و چاکیان دەزانێت. دەڵێت بێگومان برسیتە، نافەرمووی شتێك بخۆیت؟ حەزت لێیە شتێك بنۆشیت؟ دەڵێت ترس بە شەر لێکدی نزیك دەکاتەوە... ئیدی بۆ خۆی جۆرەها قۆڕیات دەڕێسێت!

شچگلوف، چەند قوتووە کۆنسیرڤێك و دوو بوتڵ کۆنیاکی لە جانتایەکە دەرهێناو بە دەم پاچڤە کردنەوە، دیسان بەسەر جانتاکەدا دانەوییەوە.

– دەڵێت ئەفسەرانی قۆزاق، لە ئوست میدڤیدیتسکایادا میوانداریییەکی زۆر دۆستانەیان کردووە. یەك جلیکانەی گەورە، کۆنیاکی دۆنیان پێکەوە خواردووەتەوە، هەر هەموویان مەست بوون و کاتێکی زۆر خۆشیان لە گەڵ چەند کچۆڵەیەکی مەکتەبلی قۆناغی ئامادەییدا بەسەر بردووە. ئیدی بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە جوابی ئەو میوانپەروەریە، بە میوانپەروەرییەکی هاوتای ئەو، بداتەوە. ئیدی تۆ ناچاریت ئەمە تەحەمول بکەیت... دڵم پێت دەسووتێ .... شتێك دەخوێتەوە؟

گریگۆری بەرسڤی دایەوە:

– سوپاس، بەڵێ.

شچگلوف، قوتووە کۆنسیرڤەکانی لە سەر مێزەکە داناو لێهاتووانە بە چەقۆ هەڵی پچڕین و بە زەردەخەنەوە گوتی:

– دەزانی جەنابی نەقیب، خەریکە گیانم، بە دەست ئەم ملازمە ئینگلیزە بەرازەوە، دەردەچێت! لە بەیانیەوە تا شەوێکی درەنگ هەر خەریکی خواردنەوەیە. مەیخۆرێکی یەجگار سەیرە! من بەش بە حاڵی خۆم، لە مەشرووب بێزار نیم، حەزی لێدەکەم، بەڵام بەم شێوەیە هۆمێرۆسیە نا.

شچگلوف، تەمەشایەکی ئەفسەرە ئینگلیزەکەی کردو جنێوێکی بازاڕی دا، کە گریگۆری چاوەڕوانی شتی وای لینەدەکردو زۆری پێ سەیر بوو. دیسان گەڕایەوە سەر قسەکانی و گوتی:

– بە برسێتی و بە تێری هەر دەخواتەوە.

ئەفسەرە ئینگلیزەکە، بەدەم بزەوە، بە ڕووسیەکی تێکشکاو گوتی:

– بەڵێ، بەڵێ، خوارد، تۆ سەلامەتی.

گریگۆری، بە جۆرێ لە قاقای پێکەنینی دا کە قژەکەی کەوتە سەما. لە ڕاستیا، زۆری خۆشی بەم دوو گەنجەدا چوو بوو و ئەو ئەفسەرە ئینگلیزە، بە بزە بێماناو رووسیە شکاوەکەیەوە زۆر عەنتیکە بوو.

شچگلوف، بەدەم سڕینی پەرداخەکانەوە گوتی:

– من دوو هەفتەیە لە گەڵیام. ئەو لێرە مەشق بە قۆزاقەکانی ئێمە دەکات و فێری هاژوتن و بەکارهێنانی ئەو تانکانەیان دەکات کە دراون بە فەیلەقی دووەمی ئێمە. منیشیان وەکو دیلمانج بە گەڵی خستووە. بۆ نەگبەتی من ئینگلیزیەکەم فووڵە.. ئیدی ئەمەم بۆ بووە بە بەڵا.... ئێمەش، یانی خەڵکی ئێمەش دەخوێنەوە، بەڵام بەمجۆرەنا. ئەم لە تامی دەرکردووە، ئێستا بە خۆت دەیبینی کە چ مەشروب خۆرێکە، ڕۆژی چوار پێنج بوتڵ کۆنیاك دەخواتەوە. بەیناو بەین دەخواتەوەو هەرگیز مەست نابێت. دوای ئەم هەموو خواردنەوەیەش دەتوانێ کار بکات. بە ڕاستی کوشتومی، تەواو بێزاری کردووم! خەریکە گەدەم دێشێت، من هەموو بەیانییەك بە بێتاقەتی هەڵدەستم، هێندەم کۆنیاك خواردووەتەوە، لەبەر چاوم کەوتووە، باوەڕ بکە ناوێرم لای چرایەکی داگیرساوەوە دانیشم، نەبادا گڕبگرم!

شچگلوف، بەدەم قسانەوە دوو پەرداخی لە کۆنیاك پڕی پڕ کردو زۆر کەمی بۆ خۆی تێکرد. ملازمە ئینگلیزەکە، بە پێکەنینەوە، بە گۆشەی چاو پەرداخەکەی ئەوی نیشانداو بە هەڵچوون و

جۆش‌و خرۆشەوە شتێکی گوت. شچگلوف، بە ڕێزەوە دەستی خستە سەر دڵی خۆی‌و بەدەم بزەیەکی پەنهانەوە وەڵامی ئەوی دایەوە، بەڵام جار جار، تروسکەیەکی کینەباری لە چاوە ڕەشە میهرەبانەکانیەوە، شەپۆلی دەدا.

گریگۆری پەرداخەکەی خۆی هەڵبڕی‌و دای لە پەرداخێن خانەخوێیەکانی و بە یەك نەفەس هەڵیدا. کابرای ئینگلیز بە ستایشەوە گوتی: "ئۆ!" و خۆی فڕێکی خواردەوەو بە ڕقەوە تەمەشایەکی دیلمانجەکەی کرد.

ملازمە ئینگلیزەکە، دەستە ئەسمەرە درشتەکانی، کە لە دەستی کرێکاران دەچوو، نابوونە سەر مێزەکە. شوێنەواری ڕەشی گریس‌و ڕۆنی ئوتومبیلان، بەسەر کونەکانی دەستیەوە دیار بوو، قامکەکانی بە هۆی تەماسی بەردەوامیان دەگەڵ بەنزیندا، تۆکیان بەردا بوو و پڕ بوون لە جێ ڕووشانی کۆن. کەچی دەموچاوی خاوێن‌و قەڵەو و سوور بوو. ناکۆکی نێوان دەستەکانی دەگەڵ دەموچاوە نەرم‌و ناسکەکەیا هێندە زەق‌و زۆر بوو کە گریگۆری هەندێجاری وایدەزانی یارۆی ملازمی ئینگلیز دەمامکی کردووە.

شچگلوف، لە کاتێکا کە پەرداخەکانی بۆ جاری دووەم تەژی دەکرد، گوتی:

– تۆ من رزگار دەکەیت.

گریگۆری گوتی:

– بۆ، چما ئەو بە تەنیا ناخواتەوە؟

– مەسەلەکە ئەوەیە! بە ڕۆژەوە بە تەنیا دەخواتەوە، بەڵام شەوان ناتوانێ. دەی با بخۆینەوە.

– کۆنیاکێکی توندە.

گریگۆری تۆزێکی خواردەوەو پاشان کە هەستی کرد یارۆی ئەفسەری ئینگلیز، بەسەرسامی سەیری دەکات، پاشماوەی کۆنیاکەکەی بە کەڕەتێك هەڵدا.

– دەڵێت تۆ پیاوێکی زۆر باشیت، جۆری خواردنەوەکەتی پێخۆشە.

گریگۆری، بە زەردەخەنەوە گوتی:

– حەز دەکەم. ماموریەتەکانمان، یانی من‌و تۆ، بگۆڕینەوە!

– دڵنیام دوای دوو هەفتە لە دەستی ڕادەکەیت.

– کێ هەیە لەم کارە ئاسانەی تۆ هەڵێ؟

– من، بە هەر حاڵ ئەم کارە ئاسانەم پێخۆش نییە، ئاقیبەت دەبێ وازی لێبێنم.

– خۆ جەبهە خراپترە.

– ئێرەش هەر جەبهەیە، لەوێ مەترسی ئەوە هەیە گوللەیەك یان پارچە تۆپێك بەر بنیادەم بکەوێت، هەڵبەتە ئەوەش ڕێکەوتە، بەڵام لێرە ئالودەبوون‌و لەرزۆکیەکەت مسۆگەرە. تۆزێك لەم میوە کۆنسیرڤانە بخۆ، تۆزێ قاورمە ناخۆیت؟

– سوپاس، دەخۆم.

– ئینگلیزەکان لەم ڕووەوە، بە سەلیقەن. ئەوان خۆراکی سوپایان جیایە لە هی ئێمە.

– جا کوا ئێمە خواردن بە سوپا دەدەین؟ سوپای ئێمە لە سەر خەڵکی دەژی.

– بەداخەوە، وایە. ئیدی ئەمەش جۆرە بەخێو کردنێکی سوپاییە، بە تایبەتی کە ڕێگایان بدەیت، بە ئارەزووی خۆیان و هەر کاتێ بیانەوێ، خەڵکی تالان بکەن...

گریگۆری بە وردی ڕوانیە شچگلوف و پرسی:

– ئێوە بە تەمان بۆ دوور بڕۆن؟

– هەمووومان، ڕێبواری هەمان ڕێگاین، بۆ ئەم پرسیارە لە من دەکەی؟

شچگلوف، ئاگای لێنەبوو کە ئەفسەرە ئینگلیزەکە، قاپەکەی هەڵگرتووەو پەرداخەکەی بۆ لێوان لێو کردووە.

گریگۆری بە زەردەخەنەوە گوتی:

– یانی ئێستا دەبێ بیخۆیتەوە.

شچگلوف، تەمەشایەکی پەرداخەکەی خۆی کردو ئاهێکی هەڵکێشا:

– ئاه خودایا، دەستی پێکرد.

گۆناکانی بە ئاستەم سوور هەڵگەڕان.

هەرسێکیان بە بێدەنگی پێکەکانیان لە یەك داو خواردیانەوە.

گریگۆری، بە نێوچەوانی گرژەوە، هەوڵیدەدا بە چنگاڵ زەردەلویەك کە لە سەر قاپێك دەخزا بگرێت و گوتی:

– ڕاستە، هەموومان ڕێبواری یەك ڕێگاین، بەڵام هەر یەکەو لە وێستگەو قۆناغێك لادەدەین... یەکێك زوو لادەدا، یەکێك دەرنگتر، ڕێك وەکو ڕێبوارانی قیتار...

– تۆ بە نیاز نیت تا دوا قۆناغ و دوا وێستگە بڕۆیت؟

گریگۆری هەستی دەکرد کە خەریکە خەیاڵ دەبێت، بەڵام هێشتا بە تەواوەتی لە پێ نەکەوتبوو. بەدەم بزەوە گوتی:

– ئەوەندەم پارە نییە کە بلیتی تا گەراج بکڕم. ئەدی تۆ؟

– وەزعی من جیاوازە، ئەگەر بە تۆپزیش لە قیتارەکەم دابەزێنن، دەبێ ئەگەر بە پێیانیش بووە، تا دوا وێستگە بڕۆم.

– دەیسا سەفەرتان بەخێر! کەواتە با بخۆینەوە!

– چار چیە، هەر یەکەم هەنگاو زەحمەتە...

ئەفسەرە ئینگلیزەکە پێکەکەی لە پێکی گریگۆری شچگلوف دا. بە کاوەخۆ دەیخواردەوەو تەقریبەن هیچیشی لە گەڵدا نەدەخوارد. دەموچاوی وەکو قەرمید سوور هەڵگەڕا بوو، چاوەکانی گەشتر بوو بوون، ڕەفتارو حەرەکاتی هێواش و خاو بوو بووەوە. پێش ئەوەی بوتڵی دووەم تەواو ببێت، بە تەمەڵی هەستاو بە هەنگاوی مکومەوە بەرەو لای جانتاکان ڕۆیی و سێ قاپ کۆنیاکی دەرهێنا. بەدەم بزەیەکی کاڵەوە لە سەر مێزەکەی دانان و بە دەنگێکی نەوی گوتی:

– مستەر کەمپبل دەڵێت دەبێ درێژە بە دانیشتنە خۆشەکەمان بدەین، خوا گیانی ئەم مستەرە بسەنێ! تۆ چ دەڵێی، چۆنی؟

گریگۆری گوتی:

– باشە، دەخوێنەوە. عەیبم نییە.
– باشە، ئەم کابرایە چ توانایەکی هەیە، بە جەستە ئینگلیزە، بەڵام بە ڕوح، ڕوحی بازرگانێکی رووسی هەیە. لەوە دەچێ سەرخۆش بووبم...
گریگۆری بە درۆوە گوتی:
– پێتەوە دیار نییە...
–بەزاتی خوا، ئێستا ڕێك وەکو کچۆڵەیەکی بێدەسەڵات وام... بەڵام هێشتا هۆشم بە خۆمەوەیە.. هێشتا بەرگە دەگرم!
شچگلوف، پاش ئەوەی کە پێکەکەی خۆی خواردەوە، بە ئاشکرا سەرخۆشی پێوە دەرکەوت. چاوە ڕەشەکانی، هەندێك کاڵ بوونەوەو خەریك بوون بە ئاستەم خێل دەبوون. ماسولکەکانی دەموچاوی خاو بوونەوەو داکەوتن، لێوەکانی بۆ نەدەهاتنەوە یەك، گۆنا ناسکەکانی دەلەرزین، کۆنیاکەکە زۆر کاری تێکردبوو. بە جۆرێ وڕو کاس و گێژو وێژ بوو بوو، ڕێك لە گایەك دەچوو کە بەر لە سەر بڕین کوتەکێکی دە(١٠) مەنیان بە ناو چەوانیا کێشا بێ.
گریگۆری، قسەکەی خۆی دووپات کردەوەو گوتی:
– هێشتا تەواو بە ئاگایت، لە گەڵی ڕاهاتوویت، وا دیارە خواردنەوە هیچ کارت تێناکات.
گریگۆری بە خۆیشی بە ئاشکرا مەست بوو، بەڵام هەستی دەکرد، هێشتا پێی دەخورێتەوە.
شچگلوف، وەجۆش هات و گوتی:
– بە ڕاستتە؟ بەڵێ، لە هەوەڵەوە هەستم بە جۆرە سستی و بێتاقەتیەك دەکرد، بەڵام ئێستا، ببورە، چەندت حەز لێیە، بە کەیفی دڵی خۆت! بە ڕاستی جەنابی نەقیب تۆ پیاوێکی قورسی، نازانم چۆنی بڵێم، هەست دەکەم جۆرە شەهامەت و ڕاستگۆییەکت تیایە. من ئەوەم پێخۆشە. دەی با بە سەلامەتی وڵاتەکەی ئەم گەوجە سەرخۆشە بخۆینەوە. ڕاستە خۆی لە چوار پێ دەچێ. بەڵام وڵاتەکەی وڵاتە، بەریتانیا "بەریتانیا، بەریتانیا، باڵ بە سەر شەپۆلاندا بکێشە! فەرمانڕەوایی دەریایان بکە!" بخۆینەوە؟ بەڵام نەك تا دوا چۆڕو بەدمەستی! بە یادی وڵاتەکەی تۆ مستەر کامپبل!
شچگلوف، رووی گرژ کردو خواردیەوە، ئەوسا تۆزێ قاورمەی وەکو مەزە بەسەرا کرد، لە سەری ڕۆیی:
– چ وڵاتێکە، سەرکار! تۆ ناتوانی تەسەوری بکەی. بەڵام من لەوێ ژیاوم...دەی، با بخۆینەوە!
– بەڵام دایك، هەر چۆنێ بێ، هەر خۆشەویست ترە، دایکی وەتەن هەر چۆنێ بێ، لە خاکی بێگانە خۆشەویستترە.
– با، موناقەشەی ئەمە نەکەین، با بخۆینەوە!
– بخۆینەوە!
– گەندەڵی و گەماری وڵاتی ئێمە دەبێ بە ئاگرو ئاسن پاك بکرێتەوە، بەڵام ئێمە توانای ئەم کارەمان نییە. ئەنجامی ئەمەش وەکو ئەوەیە کە وڵاتمان هەر نەبێت. ئاه! قوزەڵقورتم لە وڵات دا! کامپبل، باوەڕی بەوە نییە کە ئێمە بتوانین دەرەقەتی سوورەکان بێین.

– به ڕاست؟

– نەخێر، باوەڕ ناکات. بۆچوونی دەربارەی سوپاکەی ئێمە باش نییە، بەڵام ستایشی سوورەکان دەکات.

– لە شەڕەکاندا بەشداری کردووە؟

– ئەی مەعنای چی! خەریك بوو بکەوێتە دەستی سوورەکان. ئاخ! نەحلەت لەم کۆنیاکە! مەشروبێکی زۆر بە قوەتە. دەڵێی سەدی سەد کحولە، وایە؟

– سەدی سەد نا. هێزی سوارە (کامپبل) یان ڕزگار کرد. ئەگەر ئەوان فریای نەکەوتبان، سوورەکان دیلیان دەکرد. ئەمە لە نزیکی گوندی چوکوف ڕوویدا. سوورەکان ئەو ڕۆژە تانکێکیان لێگرتین...خەمبار دیاری خێرە!

– ژنەکەم تازە مردووە.

– ناخۆشە. منداڵی لە دوو بەجێماوە؟

– بەڵێ.

– کەواتە بە سەلامەتی منداڵەکانت! من منداڵم نین، یان ئەگەر هەشم بن، بێگومان، ئێستا لە شوێنێکدا، لە کوچەو کۆڵانان، ڕۆژنامە دەفرۆشن... کامپبل، دەزگیرانێکی لە ئینگلستان هەیە. بەردەوام، هەفتەی دوو نامەی بۆ دەنووسێت. دڵنیام هەر شتێکی تورەهاتی بە خەیاڵدا بێت بۆی دەنووسێت. من تەقریبەن ڕقم لێیەتی، دەیکورهێنم، چی دەڵێی؟

– هیچم نەگوتووە، باشە، بۆچی ڕێزی سوورەکان دەگرێت؟

– کێ گوتوویەتی "ڕێزیان دەگرێت"؟

– تۆ گوتت.

– مەحاڵە. ڕێزیان ناگرێت. هەرگیز، تۆ هەڵەیت. ئێستا لیی دەپرسم.

کامپبل، بە بایەخەوە گوێی لە پرسیارەکەی شچگلوف، کە لە مەستیدا ڕەنگی تەواو هەڵبزڕکا بوو، گرت. ئەوسا ماوەیەکی زۆر بە زمانی ئینگلیزی کەوتە بەرسڤ دانەوەی. گریگۆری بێئەوەی چاوەڕوانی کۆتایی قسەکانی بکات، پرسی:

– ئەوە چەنە چەنی چییەتی؟

– سوورەکانی دیتووە کە بە پیادە، بە پاتاوی لبادو توێکڵە دارانەوە هێرشیان کردووەتە سەر تانكو زرێپۆشان، ئیدی لێی بوون بە شێری مەیدان. ئەمە بەسە؟ دەڵێت جەماوەری خەڵك نابەزن. کەرە! باوەڕی پێمەکە.

– بۆ باوەڕی پێنەکەم؟

– ئەم بۆچوونە، لە بنەڕەتەوە هەڵەیە.

– بۆچی؟

– مەستەو خۆیشی نازانێ چ دەڵێت. ئاخر ئەمە کەی بوو بە قسە "جەماوەری خەڵك نایەنە بەزین."؟ بەشێکیان لە ناو دەبەیتو باقیەکەشی ناچار مل کەچ دەکەن. تا ئێستا چەند قاپمان فت کردووە؟

شچگلوف، سەری نایە نێو هەردوو دەستی، سینگی نا بە مێزەکەوە، بە ئانیشک یەك قوتو کۆنسیرڤی قلّپ کردەوە، دە دەقیقەیەك بە هانکە هانك بەو دەقەوە مایەوە.

دەرەوە، تاریکە شەوێك بوو، چاو چاوی نەدەبینی، بارانێکی توند، بە خرمە خرم لە تەختەی پەنجەرەکەی دەدا، گرمە گرمێکی سووك لە دووری دوورەوە دەهات، گریگۆری نەیدەزانی ئاخۆ ئەمە گرمو هۆڕی هەورو چەخماخەیە یان هی تۆپبارانە. کامپبل، لە دووکەڵی شینباوی جگەرەدا نقوم بوو بوو و بە دیار پێکەکەیەوە دانیشتبوو، نەرم نەرم کۆنیاکی دەخواردەوە. گریگۆری، بەلارە لار هەستایە سەر پێیان، شانی شچگلوفی تەکان داو گوتی:

– گویێ بگرە، لێی بپرسە بۆچی سوورەکان شکستمان دەدەن؟

شچگلوف، بۆڵەیەکی لێوە هات:

– دەبڕۆ! وازبێنە مردووت مریێ!

– نا، لێی بپرسە.

– دەبڕۆ! کە چیرە دریێژی!

– پێت دەڵێم، لێی بپرسە!

شچگلوف، بە سەرو ڕووی مەستەوە، بۆ ماوەیەك چاوی لە دورچاوانی گریگۆری بڕیو پاشان بە زمانێکی لاڵەپەتە شتێکی بە کامپبل، کە بە وردی گوێی بۆ ڕادێرا بوو، گوتو جارێکی دی سەری خۆی نایەوە ناو هەردوو دەستی. کامپبل، بە دەم زەردەخەنەیەکی تەوس ئامێزەوە، نیگایەکی کردو سەری قۆڵی گریگۆری گرتو بە بێدەنگی کەوتە ڕوونکردنەوە: ناوکی زەردەلوویەکی خستە سەر ناوەندی مێزەکە و دەستە زلەکەی، وەکو بڵێی مەبەستی بە راورد بیێ، لەلایەوە بە شێوەیەکی ئەستوونی دانا، پاشان دەستی خستە سەر ناوکە زەردەلوەکە و لە هەمان کاتدا بە زمان چەقەنەیەکی لێدا.

گریگۆری، لە فکران ڕاچوو، لە بن لێوانەوە گوتی:

– گوایە تۆ زیرەکی، ها؟ خۆ منیش، بەبیێ تۆش دەمتوانی هەمان شت بڵێم...

بەلارە لار، لە مولازمی خانەخۆیێ نزیك بووەوە. باوەشی پێدا کرد، بە جوڵەی دەست مێزەکەی نیشانداو کەمێك سەری دانەواندو گوتی:

– زۆر مەمنوونی میوانداریيەکەتم. خودا حافیز! دەزانی دەمەویێ چ بڵێم؟ تا زووەو سەرت دانەناوە بگەڕێوە بۆ وڵاتی خۆت. من لە ڕووی دڵسۆزییەوە ئەمەت پێدەڵێم، لێم دەگەی؟بڕۆ، تکا دەکەم، بگەڕێوە بۆ زێدی خۆت، دەنا لێرە تیا دەچی! کاتیێ بەخۆ دەزانی کراوی بە خاوەنی دوو دارشەق!

ئەفسەرە ئینگلیزەکە هەستایە سەر پێیان، سەری دانەواند، بە حەماسەوە کەوتە قسان، جار جار بە نائومێدییەوە دەیڕوانیە دیلمانجەکەی خۆی، شچگلوف کە لە غوڕابی خەودا بوو، دۆستانە دەستی بە پشتی گریگۆریدا دەدا.

گریگۆری، بە زەحمەت کێلونی دەرگاکەی دۆزییەوەو بە لارە لار خۆی گەیاندە بەر پلیکانەی بەر هەیوانەکە. بارانێکی ورد، لە سەرو چاوی دا. چەخماخەیەك حەوشە گەورەکەو پەرژینە تەڕەکەو،

گەلاَی ڕەخشانی درەختانی باخەکەی ڕوناك کردەوە. گریگۆری کاتیٚ کە بە قاڵدرمەکاندا دادەگەڕا، خزیو کەوت، کاتیٚ کە خەریك بوو هەڵدەستایەوە، گوێی لە دەنگی یەکێك بوو کە لە دالاَنەکەوە، بە دەم هەڵکردنی دەنکێك شقارتەوە دەیگوت:

– ئەریٚ ئەم ئەفسەرانە هێشتا هەر دەخۆنەوە؟

دەنگێکی نزمی نووساو، کە جۆرە هەڕەشەیەکی پەنهانی پێوە دیار بوو، گوتی:

– ئەوەندە دەخۆنەوە، دەخۆنەوە، تا دەتەقن!

((٢٠))

ڕێك وەکو ساڵی ١٩١٨، سوپای دۆن، هەرکە لە سنوورەکانی هەرێمی خوپەر تێپەڕی، توانای دەست پێشکەری هێرشی لە دەست دا. قۆزاقانی یاخی دۆنی بالاَو هەندێك لە قۆزاقانی خوپەر وەکو جاران نەیاندەویست، لە دەرێی مەرزی دەڤەری دۆندا شەڕ بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە، توانای بەرخودانو بەرگریی سوپای سوور دابوویە زیادی، چونکە هێزی پشتیوانیان بۆ هاتبوو و ئۆپەراسیۆنەکانیان لە ناوچەکەدا ئەنجام دەدران کە خەڵکەکەی داشداری ئەوان، واتە سوورەکان بوون. جارێکی دی قۆزاقەکان زیاتر حەزیان بە جەنگی بەرگری دەکرد، ئیدی سەرکردایەتی سوپای سپی، هەرچیەکی دەکرد، نەیدەتوانی واداریان بکات کە بە هەمان سەرسەختی ماوەیەك لەوەپێش، کە لە ولاَت و ناوچەکانی خۆیاندا دەجەنگین، بجەنگن. هەر چەندە هاوسەنگی هێز لەم ناوچەیەدا بە قازانجی ئەوان بوو: سوپای نۆیەمی سوور، کە لە شەڕەکاندا خەسارەتو زیانی زۆری لێکەوتبوو، بە یازدە هەزار پیادەو پێنج هەزار سوارەو پەنجاو دوو تۆپەوە، ڕوو بە ڕووی هێزێکی قۆزاق دەبووەوە کە بریتی بوو لە چواردە هەزارو چوار سەد پیادەو دە هەزارو شەش سەد سوارەو پەنجاو سیٚ تۆپ.

چالاکانەترین ئۆپەراسیۆن لە باڵەکانی جەبهەدا ئەنجام دەدران، بە تایبەتی لەو شوێنانەدا کە یەکەکانی سوپای خۆبەخشی کوبانی باشووری تیا بوو. هەر لەو کاتانەدا، بەشێك لە سوپای داوخواز، بە فەرماندەیی جەنەراڵ ورانگڵ، بەدەم پێشڕەوییەکی سەرکەوتووەوە لە ناو ئۆکرایندا، گوشارێکی توندی دەخستە سەر سوپای دەیەمی سوورو پاشەکشەی پێدەکرد، کە ڕوو بە ڕووی بەرگریو بەرخودانی توند بووەوە بەرەو ساراتۆف کەوتە پێشڕەوی. لە ٧/٢٨دا هێزی سوارەی کوبان گەییە کامیشینو زۆربەی ئەو نەفەرانەیان، کە بەرگرییان لە شار دەکرد، بە دیلی گرت. سوپای سووری دەیەم هێرشی پێچەوانەی کرد، بەلاَم هێرشەکەیان تێك شکێنرا.مانۆڕێکی بێباکانەی فیرقەی سوارەی کوبان – تیریك دەستی پێکردو باڵی چەپی سوپای دەیەمی سووری خستە ژێر هەڕەشەوە. بۆیە سەرکردایەتی سوپای ناڤبری هێزەکانی خۆی بەرەو هێڵی بوزرنکوڤو– لاتیشیڤو – کراسنی یارکامنکا– بانویە، پاشەکشە پێکرد. لەم سەروبەندەدا سوپای دەیەم بریتی بوو لە هەژدە هەزار پیادەو هەشت هەزار سوارەو سەدو دوو تۆپ، لە هەنبەر ئەوا سوپای داوخوازی کوبان تەنیا حەوت هەزارو شەش سەد پیادە، دە هەزارو حەوت سەدو پەنجا سوارەو شەستو هەشت تۆپ بوو. سپییەکان لەلایەن یەکەێن تانكو ژمارەیەك فرۆکەوە کە هەم بۆ

شناسایی و هەم بۆ هێرش بەکار دەبران، پشتیوانی دەکرا. بەڵام نە فڕۆکەێن فەڕەنسی و نە تانك و تۆپێن ئینگلیزی هیچیان نەیاندەکردە کۆمەك و پشتیوانی بنجبڕ، چونکە نەیتوانی لە کامیشین هێوەتر بڕوات، شەڕی سەخت و دوورو درێژی ئەم قۆڵە، تەنیا هەندێك سووکە گۆڕانی لە هێڵی جەبهەکەدا چێکرد.

لە کۆتایی مانگی تەمووزدا، هێزەکانی سوپای سوور، خۆیان بۆ هێرشێکی گەورەو بەربڵاو، لە سەرانسەری بەشی ناوەندی بەرەی باشووردا ئامادە کرد. بۆ ئەو مەبەستە هەردوو سوپای نۆ و سوپای دەیەم لێکدران و قوەتێکی دەست وەشێنیان بە فەرماندەیی شورین پێکهێنا. هێزی یەدەکی ئەم قوەتە بریتی بوو لە فیرقەی بیست و هەشت کە لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە هێنرا بوو، لە گەڵ یەك تیپدا کە لە ناوچەی کازانەوە هێنرا بوو، هەروەها لەگەڵ فیرقەی بیست و پێنج و تیپێکی ناوچەی ساراتوف. هەروەها بڕیاردرا بۆ کۆمەك و پشتیوانی، جەبهەی باشووری هێزی دەست وەشێن، هێزی یەدەك و فیرقەی پیادەی پەنجاو شەش بهێنرێ. دەبوایە هێرشێکی کۆمەکیش لەلایەن هێزەکانی سوپای هەشتەمەوە، کە فیرقەی سی و یەکی پیادەی فیرقەی حەوتی لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ گوێزرابووەوە، لە بەرەی ڤۆرڤینجەوە، دەست پێبکات.

بڕیار بوو، هێرشەکە، وەکو سەرەتا لە یەك تا دەی مانگی ئاب دەست پێبکات. بە گوێرەی نەخشەی سەرکردایەتی باڵای سوپای سوور، دەبوایە هێرشی هەردوو سوپای هەشتەم و نۆیەم، لە گەڵ حەرەکەتی دەورانی ئەو هێزانەدا دەست پێبکات کە لە هەردوو قۆڵی جەبهەکەدا جێگیر بوو بوون. جا لێرەدا ئەرکێکی یەجگار گرینگ و گۆنگ و ئاڵۆز دەکەوتە ئەستۆی سوپای دەیەم کە دەبوایە بە ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی، لە بەری چەپی دۆندا، پەیوەندی سەرەکی دژمن دەگەڵ قەفقازی باکووریدا قەت بکات. لە ڕۆژئاواوە بڕیاردرا بە شێك لە هێزەکانی سوپای چوارده، هەر بۆ چاو بەستەکێ و مژوول کردن و بە شێوەکی تاکتیکی، بەرەو قۆڵی چاپلینو– لوزوڤایا پێشڕەوی بکات.

هەر لەو ماوەیەدا، کە لە ناوچەکانی هەردوو سوپای نۆیەم ودەیەمدا کاری گروبەندی پێویست و خۆکۆکردنەوەو خۆ ئامادەکردن دەکرا، فەرماندەیی هێزەکانی سوپای سپیش، بە مەبەستی تێکشکاندنی ئەو هێرشەی کە دژمن خۆی بۆ ئامادە دەکرد، خەریك بوو کاری کۆکردنەوەو ڕێکخستنی فەیلەقی مامونتوڤ تەواو دەکرد کە دەبوایە دڕ بە جەبهەکە بدات و لە قۆڵایی جەبهەکانی پشتەوەی هێزی سوورەکانەوە پێشڕەوی بکات. سەرکەوتنی سوپای ورانگل لە قۆڵی تساریتسین، کردیە کارێك کە جەبهەی ئەم سوپایە لە قۆڵی چەپدا فراوان ببێت و لە هەمان کاتدا جەبهەی سوپای دۆن بچووك ببێتەوەو ئیدی بتوانرێ چەند فیرقەیەکی سوارە، لەوێوە بۆ چەند شوێنێکی دیکە بگوازرێنەوە. لە حەوتی مانگی ئابدا، شەش هەزار و هەشت سەد پیادەو سێ تۆپخانە، کە هەر تۆپخانەیەکیان بریتی بوو لە چوار تۆپ، لە ستانی ئۆریوپینسکایادا خڕکرانەوەو ڕۆژی دەیەمی ئاب، ئەو فەیلەقەی کە تازە بە فەرماندەیی جەنەراڵ مامونتوف پێکهێنرا بوو، درزی خستە ئەو سەنگەرانەی نێوان هەردوو سوپای هەشت و نۆی سوورو لە نۆڤوخوپرسکەوە بەرەو تامبوف کەوتە ڕێ.

فەرماندەیی هێزەکانی سوپای سوور، لە بنەڕەتدا وایان دانا بوو کە لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر جەبهەی پشتەوەی سوورەکان، جگە لە فەیلەقی مامونتوف، فەیلەقی سوارەی جەنەراڵ کۆنوڤالوف-ش بەشداری بکات. بەڵام لەو ناوچانەدا کە هێزەکانی فەیلەقی کونوڤالوف، جێگیر بوو بوون، شەڕو پێکادانی گەورە ڕوویانداو ئیدی نەکرا ئەو فەیلەقە لەوێ بکشێنرێتەوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا بوو بە باعیسی سنووررداری ئەو ئەرکەی دەستۆی مامونتوف خرا بوو. بە مامونتوف گوترا بوو کە لە خەت دەرنەچێت و زۆر نەچێتە قوڵایی و بیر لەوە نەکاتەوە هێرش بۆ مۆسکۆ بکات و هەرکە پەیوەندییەکانی جەبهەی خەلفی سوورەکانی تێکشکاندو شپرزەی کردن، بە پەلە بگەڕێتەوەو پەیوەندی بە هێزە سەرەکیەکانی سوپای سپییەوە بکات. دیارە لە سەرەتاوە نەخشە کە ئاوا بوو کە مامونتوف و کونوڤالوڤ بە هەموو هێزێن سوارەی خۆیانەوە، جەزرەبەیەکی بروسکە ئاسای گورچکبڕ لە پاش و لە تەنیشتی بەرەی مەرکەزی سوپای سوور بدەن و ئەوسا بەرەو قوڵایی ڕووسیا پێشڕەوی بکەن و بەدەم ڕێگاوە، خەڵکانی مەدەنی دژە سۆڤیاتی ناوچەکان بە گەڵ خۆ بخەن و کەلێن و نوقستانی هێزەکانی خۆیانیان پێ پڕبکەنەوەو تا مۆسکۆ نەوەستنەوە.

سوپای سووری هەشتەم، توانی بە بانگکردنی هێزێن یەدەکی خۆی، بارودۆخی قۆڵی چەپی خۆی ڕێکبخاتەوەو خۆی بگرێتەوە. بەڵام سوپای نۆیەم کە لە سەمتی ڕاستا بوو، زیانێکی یەجگار زۆری لێکەوت و دووچاری پاشاگەردانی و سەرگەردانیەکی ترسناك بوو. فەرماندەی قوەتی دەست وەشێنی سەرەکی، شورین، توانی باڵەکانی ئەم دوو سوپایە لە ناوەوە یەکبخاتەوە، بەڵام نەیتوانی پێشڕەوی هێزێن سوارەی مامونتوف ڕابگرێت. شورین، فەرمانی دا کە فیرقەی پەنجاو شەشی یەدەك، لە ناوچەی کرسانوفەوە، بنێرێت بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی مامونتوف. بەڵام یەکێك لە فەوجەکانی ئەم فیرقەیە کە بە سواری عەرەبانە پێشوەختە بۆ وێستگەی سامپور ڤرێکرا بوو، دەگەڵ مەفرەزەیەکی فەیلەقەکەی مامونتوفدا تێکگیرا بوو و ئیبادە بوو بوو. هەروەها تیپێکی سوارەی فیرقەی سی و شەشیش کە بۆ پاراستنی هێڵی ئاسنی تامبوف -بالاشوف ڤرێکرا بوو، بە هەمان مەرەدی فەوجی ناڤبری چوو: لە شەڕێکی کوت و پڕا دەگەڵ هێزێکی سەرەکی سوارەی مامونتوفدا، بۆ خۆی تیا چوو.

لە هەژدەی ئابدا. مامونتوف، بە هێرشێکی کوت و پڕ تا ناو تامبوف نەوەستایەوەو تامبوڤ گرت. هەرچەندە شەڕی دژی مامونتوف دوو فیرقە پیادەی بە خۆوە مژوول کردبوو، بەڵام ئەمە ڕێگەی لە هێرشی بەشی سەرەکی قوەتە دەست وەشێنەکەی شورین نەگرت. ئەوە بوو لە هەمان کاتدا لە بەرەی باشوورەوە هێرشی بۆ سەر کەرتی ئۆکرانی کرد.

بەرەکە، وردە وردە فراوان بووەوە. بە هێڵێکی ڕاست لە ستاری ئوسکولەوە تا بالاشوف دەڕۆیی و لەوێوە بەرەو تساریتسین درێژ دەبووەوە. کەتیبە قوزاقیەکان، لە هەنبەر گوشاری هێزێن بالا دەستی دژمندا خۆیان نەگرت و بەرەو باشوور پاشەکشەیان دەکردو بەدەم پاشەکشەوە سووکە هێرشی پێچەوانەشیان دەکردو هەوڵیاندەدا تەگەرە بخەنە بەردەم پێشڕەوی دژمن. پاش ئەوەی گەییشتنەوە خاکی دۆن، ورەیان وەبەر هاتەوەو گیانی شەڕەڤانیان بوژایەوە،

ژمـارەی هـەڵاتووان، دایەکـەمی. هێـزێن پشـتیوان لـە ناوچـەکانی دۆنـی ناوەڕاسـتەوە، هاتنـە هیمدادیان. تا یەکەکانی قوەتی زەربەتی شورین، زیاتر دەچوونە قوڵایی ئاقاری سوپای دۆنـەوە، مقاوەمـەتی قۆزاقـەکان تونـدتر دەبـوو. لـە کۆبوونـەوەی ئەنجوومـەنی گونـدە یاخییـەکانی دیـارو دەڤەری دۆنی باڵادا، بانگەواز کرا کە خەڵکەکە چەك هەڵگرن و جاڕی شەڕ درا. ڕێو ڕەسمی نوێژو نزا لە کڵێساکاندا ئەنجام دراو قۆزاقەکان، پۆل پۆل دەڕۆییشتن بۆ جەبهە.

قوەتەکەی شورین، کە بەدەم شەڕی بەردەوامەوە بەرەو خوپەرو دۆن پێشڕەوی دەکردو ناچار بوو مقاوەمـەتی سـەختی سپیەکان، لـە خاكو ئاقارێکا تێکبشـکێنێ، کـە خەڵکەکەی بـە ئاشـکرا دژی سوورەکان بوون، بەرە بەرە، توانای هێرشیان دەیدایە کزیو سست دەبوو. لە هـەمان کاتو لـەو بارودۆخـەدا، سـەرکردایەتی سپیەکان، لـە سـتانی کاچالینسـکایاو لـە وێسـتگەی کوتلوبانـدا، هێزێکی بزۆزی فەراهەم کردبوو، کە بریتی بوو لە سێ فەیلەقی کۆبانو فیرقەی شەشی پیادە، تا بـەر بـە سـوپای سـووری دەیـەم بگرێت کـە بەوپـەڕی سـەرکەوتووی، درێـژەی بـە پێشڕەوی خـۆی دەدا.

((٢١))

لـە ماوەی یـەك سـاڵدا خانـەوادەی میلیخـوف، هاتـە سـەر نیـوە، پـانتلی پروکوفیـوفیچ، نـە هـەقی نەبوو بڵێ کە مەرگ بە ماڵەکەیان فێر بووە. هێشتا تازیـەی ناتالیا بـە تـەواوی نـەڕەوی بووەوە کە دیسـان بـۆنی داری عـودو بوخـوردو گـوڵی گەنمـە زوڕات ژوورە گەورەکـەی، ژووری میوانەکـەی ماڵباتی میلیخوڤ پڕ کرد. دوای گەڕانـەوەی گریگۆری بۆ بـەرەی شـەڕ، بـە دە ڕۆژێك، داریا خـۆی خستە ڕوباری دۆنەوە و خنکا.

ڕۆژی شەممە، لـە کاتی گەڕانەوە لـە کێڵگە، دەگـەڵ دونیاشکادا چوو بۆ مەلـە. بـە دوو قۆڵی لـە نزیکـی باخچـەو بێسـتانەکاندا خۆیـان ڕووت کـردەوە، ماوەیـەك لـە نێـو گیـاو شـینایییە پـێ خوسـتەکاندا دانیشـتن. داریـا، ئـەو ڕۆژە لـە بەیانیـەوە، بێحـەواس بـوو، گلـەیی لـە ژانـە سـەرو ناڕەحەتیانی دیکە هەبوو. چەندین جاریش بە دزییەوە گریا بوو... دونیاشکا، پێش ئەوەی بچنە ئاوەکەوە، قژەکەی خۆی لوول کردو لەچکەکەی لە سەری بەستو لە کاتێکا ژێراو ژێرو بە تیلـەی چاو دەیڕوانیە داریا، بە میهرەبانیەوە گوتی:

– داریا، چەند لاواز بوویت، هەموو دەمارەکانت کەوتوونەتە دەر.

– گوێ مەدەیە بەو زووانە باش دەبمەوە.

– سەریەشەکەت لە کۆڵ بووەتەوە؟

– تەواو، نەما، دەی با بڕۆین مەلە بکەین، درەنگە.

داریا بە غار خۆی گەیاندە گوێی ڕوبارەکە، خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە، نقوم بوو، ئەوسا هاتـەوە سـەر ئاوەکە، ئاوەکـەی لـە دەمو لووتیـەوە دەردا، بـە هانکە هانك چوو بۆ ناوەڕاستی ڕوبارەکە. ڕەوتی توندی ئاوەکە، تێی ئالاو وردە وردە لە گەڵ خۆیدا بردی.

دونیاشکا کە بە دڵبەندی دەیڕوانیە مەلە کردنەکەی داریاو قۆڵو باسک وەشاندنەکەی، تا ناو قەد چووە ئاوەکەوە و خۆی شت و ئاوی بە سینگ و بازۆڵە ئەستوورو تاوە سووت و، خڕو خەپان و ژنانەکانیا کرد. لە باخچەو بێستانەکەی دراوسێیانەوە، هەردوو بووکەکەی ئوڤنیزوڤ، گۆلە کەلەرمانیان ئاو دەدا، گوێیان لێبوو کە دونیاشکا بە پێکەنینەوە، بانگی لە داریا دەکرد:

– داشکا، بگەڕێوە! ئەگینا قرموتێکت (جۆرە ماسییەکە) لێپەیدا دەبێ و دەتبات!

داریا ئاوڕی دایەوە، نزیکەی شەش مەترێك مەلەی کرد، پاشان لە کاتێکا تا ناو قەدی لە ئاوەکە دەرهێنا، هەردوو دەستی بەرز کردنەوە لە سەر سەری جووتی کردن و هاواری کرد: "خودا حافیز کچینە!"و وەکو بەردێك وەژێر ئاوەکە کەوت.

دوای چارەکە سەعاتێك، دونیاشکا بە ڕەنگی بزڕکاوەوە، بە تۆی یەك ژێرکراس، بە هەڵەداوان (بەپەلە) خۆی گەیاندە ماڵەوەو بە هانکە هانك گوتی:

– دایکە، داریا خۆی خستە ڕووبارەکەوە،خنکا!

بۆ بەیانی ڕۆژی پاشی، جەنازەکەی داریایان، بە تۆڕی ڕاوە ماسی لە ڕووبارەکە دەرهێنا. بەرە بەیانی ئەو ڕۆژە، کارامەترین و بە ئەزموونترین ماسیگری تاتارسکی، ئارخیپ پسکوڤاتسکوف–ی پیر، ڕێك لەو شوێنەدا کە داریای تیا نقوم بوو بوو، هەر شەش لکی تۆڕەکەی دابووە دەم ئاوی ڕووبارەکەوە، پاشان لە گەڵ پانتلیدا هاتبووەوە بۆ ئەوەی تاقیبی تۆڕەکەی بکات. کۆمەڵێك ژن و منداڵ، کە یەکێك لەوانە دونیاشکا بوو، لە گوێ ڕووبارەکە خڕ بوو بوونەوە. کاتێ کە ئارخیپ، بە نووکی سەوڵەکەی لکی چوارەمی تۆڕەکەی هەڵبڕی و بیست و مەترێك دوور کەوتەوە، دونیاشکا، بە ڕوونی گوێی لێی بوو، لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– پێموایە، ئەمە خۆیەتی.

بەوپەڕی پارێزو وریاییەوە، بە هەوڵو تەقەلایەکی زۆرەوە، سەری پەتەکەی، کە ڕاست دەچووە ژێر ئاوەکەوە، ڕادەکێشا. سەرەنجام شتێکی سپی، لە هەنبەر ڕەخی ڕاستی ڕووبارەکەوە بە دیار کەوت. هەردوو پیرەمێرد، بە سەر ئاوەکەوە دانەوینەوە، شەپۆلی ئاوەکە گەییە قەراخی بەلەمەکە، تەپەی شتێك کە کەوتە ناو بەلەمەکە، گەییە گوێی، ئەو خەڵکە خامۆشەی کە بە بێدەنگی لە ڕەخی ڕووبارەکە وەستا بوون. هەموو موچڕکەیان پێداهات، یەکێك لە ژنەکان دەستی بە گریان کرد.

خریستونیا کە تۆزێ دوورتر وەستا بوو، هاواری لە منداڵەکان کرد:

– دەی، لێرە مەوەستن، خێرا بڵاوەی لێبکەن!

دونیاشکا، لە میانەی فرمێسکەکانیەوە، ئارخیپی دەبینی کە لە دوای بەلەمەکەوە ڕاست ڕاوەستا بوو، وەستایانەو بێ هەراو هەنگامە بەدەم سەوڵ لێدانەوە بەلەمەکەی بەرەو ڕەخی ڕووبارەکە داژوا، بەلەمەکە بەخشە خش لە سەر زیخەلانی کەناری ڕووبارەکە گیرسایەوە. داریا بەلاقێن گرموڵە بووەوە، لە تەختی بەلەمەکەدا کەوتبوو و ڕوومەتی بە قەراخی تەڕی بەلەمەکەوە چەسپی بوو. جەستە سپییەکەی بەرەو شین بوونەوە دەچوو، جێگا قەڵبەی قولاپی ماسیگری، لێرەو لەوێ بە بەدەنیەوە دیار بوو. بە سەر ڕوزە(بەلەك) لاوازو تاوە سووتەکەیەوە، کەمێك لە

خوار ئەژنۆیەوە، ڕێك لە ئاستی بەندی گۆرەویە کەتانیەکەیدا، کە وادیارە داریا پێش ئەوەی بچێتە ناو ئاوەکەوە بیری چوو بوو، دایبکەنێ، جێگا زامێکی تازە هەبوو کە بە ئاستەم خوێنی لێدەهات. نووکی قولاپەکە، بە شێوەیەکی خوارو خێچ، لاقی ڕوشاند بوو. دونیاشکا، کە لە پەریشانی و شپرزەییدا، بەرهەڵبێنەکەی لە ناو دەستیا هەڵدەگلۆفت، لە پێش هەمووانداچوو بەلای جەنازەکەیاو، گونیەکی هەڵتلیشاوی دا بە سەر جەنازەکەدا. پانتلی پروکوفیوفیچ، بە پەلە، دەلنگی پانتۆڵەکەی هەڵکردو بەلەمەکەی لە ئاوەکە دەرکێشایە دەرێ. بەلەز عەرەبانەیەکیان هێناو دارییایان بۆ ماڵی میلیخۆف بردەوە.

دونیاشکا، کە هەوڵیدەدا بە سەر ترس و قێزو بێز کردنەوەی خۆیدا زاڵ بێ، لە شۆردنی جەستەی ساردوسڕی داریادا، کە هێشتا فێنکی و ساردی ئاوی قولایی دۆنی پێوە مابوو، کۆمەکی دایکی کرد. شتێکی نا دیارو غەریب و نامۆ، بە ڕوخساری کەمێك ئاوساوی داریاو بە پرشنگی ماتی چاوەکانیەوە، کە ئاوەکە کاڵی کردبووەوە، دیار بوو. زیخی ڕوبارەکە، وەکو زیو لە نێو قژەکەیدا دەبریسکانەوەو داوی باریکی قەوزەی سەوزو نمداری ناو ڕوبارەکە بە گۆناکانیەوە چەسپی بوو. باسکە سستەکانی کە بەم لاو بەولای تاتە شۆرەکەدا شۆڕ بوو بوونەوە، جۆرە ئارامیەکی سامناکی ئەوتۆیان پێوە دیار بوو کە دونیاشکا، هەر جارێ کە چاوی پێی دەکەوت، بە هەشتاو دوور دەکەوتەوەو سەری لەوە دەسوڕما، کە داریای مردوو، بە هیچ جۆرێ لە داریا شۆخ و دەم بە پێکەنین و ژیاندۆستەکەی جاران نەدەچوو. دونیا، تا ماوەیەکی زۆر لەوەو دواش هەر کاتێ کە ئەو ساردو سڕیە بەردینەی سینگ و مەمك و، سکی داریاو گرژی لاقە توندەکانی بیر دەکەوتەوە، موچوڕکی پێدا دەهات و ترس و لەرز سەراپای دەگرت و هەوڵی دەدا بە زووترین کات ئەو دیمەنانە لە بیر خۆی بەرێتەوە. چونکە دەترسا، داریا شەوێ بێتە خەوی، تا یەك هەفتە، دەگەڵ ئیلی نیچنادا لە یەك جێگادا نوست و بەر لەوەی بخەوێ دوعاو وێردی دەخوێند و لە دڵی خۆیدا لە خوا دەپاڕایەوە: "خودایا، کارێ بکە کە نەیاتە خەوم! خودایا، خۆم بە تۆ دەسپێرم!"

ئەگەر، بووکەکانی ماڵباتی ئوبنیزۆڤ نەیانکردبا بە هەرا کە گوێیان لێبووە داریا هاواری کردووە: "کچینە، خودا حافیز!" داریا بەکڕی و بێهیچ چەندو چوونێك بەخاك دەسپێردرا، بەڵام خەبەری ئەو هاوارە، کە بەڵگەی ئەوە بوو کە داریا خۆکوژی کردووە، گەییە گوێی قەشە ڤیساریون و بە پێ داگرییەوە ڕایگەیاند کە ئامادە نییە ڕێوڕەسم و نوێژی مردوو، بۆ کەسێك کە خۆ کوژی کردووە، ئەنجام بدات.

پانتلی پروکوفیوفیچ، زۆر تووڕە بوو.

– یانی چی، ڕێو ڕەسمی ئاینی ئەنجام نادەیت؟ مەگەر غوسڵی تەعمید نەکراوە؟

– من ناتوانم، بەشداری ناشتنی کەسێك بکەم کە خۆکوژی کردبێ، یاسا ڕێگە نادات.

– بەم قسەیەی تۆ بێ، دەبێ وەکو سەگ بە خاك بسپێردرێت،ها؟

– بەڕای من، لە کوێ و چۆنت دەوێ، بینێژە، بەڵام نابێ لە گۆرستاندا، کە مەسیحیانی بە ڕێزی تیا نێژراون، بینێژیت.

پانتلی پروکوفیوفیچ، ویستی به نەرمی، قەناعەتی پێبکات:

– تۆزێ دڵت نەرم بێ، تکایە ئەم چاکەیەمان لە گەڵدا بکە، هەرگیز ئەمجۆرە نەنگ و شەرمەزاریە لە بنەماڵەی ئێمەدا نەبووەو نەبینراوە.

قەشەکە، سوور بوو لە سەر بۆچوون و هەڵوێستەکەی خۆی:

– ناتوانم. من خاتری تۆم زۆر لە لایە پانتلی پروکوفیوفیچ، تۆ نموونەی مەسیحی ئیمانداریت، بەڵام ناتوانم، ئەگەر مەسەلەکە بگاتەوە بە شەماسەباشی، خراپم پێدەکات.

هەڵبەتە ئەمە نەنگ و ڕیسوایی بوو، پانتلی پروکوفیوفیچ، هەموو ڕێگەیەکی گرتەبەر تا یارۆی قەشە بێنێتە ڕەدا. بەڵێنی دا کە پارەی زیاتری بە ئەسکەناسی پڕ ئیحتوباری نیکولایی بداتێ، پێشنیازی کرد کە کاوڕێکی بداتێ، ئەنجام کە بینی ئاسنی سارد دەکوتێ، پەنای بردە بەر هەڕەشە.

– من لەو کەسانە نیم کە لە دەرێی گۆڕستاندا بینێژم. خۆ لە کونە دیوار نەهاتووەتە دەرێ، بووکی منە. مێردەکەی لە شەڕی سوورەکاندا کوژراوە، ئەفسەر بوو، بەخۆیشی خاچی سان جۆرجی وەرگرتبوو، کەچی تۆ هێشتا ئەم قسە توڕەهاتانە بۆ من دەکەی؟ نەخێر، بابە، وا دیارە نایەیتە ڕەدا، دەبێ بینێژیت و ئەولا تریش، با جارێ جەنازەکە لە ژووری میوانەکەی ئێمەدا بکەوێ. دەچم ئەتامانی ناوچە ئاگادار دەکەمەوەو مەسەلەکەی پێدەڵێم، ئەو خۆی قسەت لە گەڵدا دەکات.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە بێ خودا حافیزی لە ماڵی یارۆی قەشە وەدەرکەوت. تەنانەت، لە تووڕەییدا. بە توندی دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە دا بە یەکدا، وێڕای هەموو ئەمەش، هەڕەشەکە ڕۆڵی خۆی بینی: دوای نیو سەعاتێك یەکێك لە لایەن قەشە ڤیساریونەوە هات و خەبەری دانێ کە قەشە فیساریون و خەلیفەکەی دوای تۆزێکی دی دێن بۆ نوێژو نزا.

دارییایان، بە ڕێزەوە لە گۆڕستانەکەدا، لە لای پیوتەری مێردییەوە ناشت. کاتێ کە گۆڕەکەیان هەڵدەکەند، پانتلی پروکوفیوفیچ کە ئەم شوێنەی بە دڵ بوو، جێ قەبرێکی بۆ خۆیشی هەڵبژارد. بە دەم بێڵ بەکار هێنانەوە، تەمەشایەکی شوێنەکەی کردو لەدڵی خۆیدا گوتی، شوێن لەمە باشتر نابێ و پێویست ناکات بۆ شوێنی دی بگەڕێت. لق و پۆپی سپیدارێك، کە ماوەیەك لەوەپێش رووێنرا بوو بە سەر قەبرەکەی پیوتەرەوە، بەدەم شنەباوە، بە خشەخش سەمای دەکرد. خەزان، کە لە سەرەتادا بوو، گەڵای ترۆپکی سپیدارەکەی زەرد کردبوو، مات و خەمبارو پەژموورده دەیاننواند. بە هۆی هاتوچۆی گوێرەکانەوە، کە کە لێنیان خستبووە پەرژینی گۆڕستانەکە، ڕچە ڕێگایەك لە نێوان گۆڕەکان چێ بوو بوو، کەمێك لەولاترەوە ڕێگایەك هەبوو کە بەرەو ئاشەبایەکە دەڕۆیی. دار کاژو سپیدارو ئاقاقیاو هەڵوژە کێوی کە کەسوکاری مردوان، ناشتبوویانن، سەوزو جوان لە پێشوازی میوانان‌دا وەستا بوون. لە دەوری ئەم درەختانەوە، پنجە لاولاو و ڕووەکانی خۆ هەڵواس، تێك ئالا بوون. شێلمی دێر ڕەس ڕەنگێکی زەردی بە سەوزەکان بەخشی بوو، شۆڤانی کێوی، بە گوڵی پڕەوە ملیان لار کردبووەوە. لاو لاو بە گوڵێن شینباوی میهرەبانەوە، لە سەراپای خاچەکان ئالا بوون. بە ڕاستی شوێنێکی هەم خۆش و هەم وشك بوو.

پیرەمێرد قەبرەکەی هەڵدەکەند، ناو بە ناو بێڵەکەی دادەنا، لە سەر گڵە سوورەکە دادەنیشت و سیغارێکی پێدەکردو بیری لە مردن دەکردەوە. بەڵام لەوە دەچوو هێشتا کاتی ئەوە نەهاتبێ کە پیرەمێردان، بار سووك و سەر سەلامەت لە ناو ماڵ و منداڵی خۆدا بمرن و لە پاڵ باب و باپیرانیاندا، لە دوا مەنزڵی خۆدا ئارام بگرن...

دوای ئەوەی داریا بە خاك سپێردرا، ماڵەکەی میلیخوف، کڕوکپ وخامۆشتر بوو. گەنم لە دەشت کێشرایەوەو کوترا، باخچەو بێستانان بەروبوومێکی باشی دا. خانەوادەکە چاوەڕوانی نامەو هەواڵێکی گریگۆری بوون. بەڵام لە وەتای بۆ بەرەی شەڕ گەڕابووەوە، هیچ نامەیەکی نەگەیی بوو. ئیلی نیچنا چەندین جار گوتی: "خوا نە ناسە، تەنانەت لە منداڵەکانیشی ناپرسێت. ژنەکەی مردو ئیدی کەسمانی ناوێ..." پاشان، لە تاتارسکی دا، سەرو کەللەی قۆزاقان، بە کۆمەڵ پەیدا بوو، کە دەهاتنەوە بۆ سەردانی کەس و کاریان. قاو داکەوت کە قۆزاقان لە جەبهەی بالاشوف، شکستیان هێناوە و بەرەو دۆن پاشەکشە دەکەن، تا بە سوود وەرگرتن لە لەمپەری سروشتی ڕوبارەکە، بتوانن تا زستان لەوێندەر، خۆ بگرن و بەرەڤانی بکەن. ئیدی لە زستاندا چی رووی دەدا، ئەو قۆزاقانەی کە لە مەیداندا بوون، بە ئاشکرا دەیانگوت: "هەرکە ڕوبارەکە بیبەستێ، سوورەکان ڕاومان دەنەن و دەمانخەنە دەریاوە."

پانتلی پروکوفیوفیچ، گوێی خەواند بوو و زۆر بەجدی خەریکی خەرمان کوتان بوو، وای دەنواند، گوێی لە دەنگۆی ناو خەڵکەکە نییە. هەڵبەتە نەیدەتوانی، لەو بویەرو ڕووداوانە بە دوور بێ. کاتێ کە دەیبیست، جەبهەکە لە تاتارسکی نزیك و نزیکتر دەبێتەوە پەست دەبوو، لە جاران پتر بە سەر ئیلی نیچناو دونیاشکادا دەیبۆڵاندو ڕۆژ بە ڕۆژ تووڕەتر دەبوو. زۆر جار خۆی بە کاروباری کێڵگەو ماڵەوە خجڵ (خەریك) دەکرد، بەڵام هەرکە کارەکەی بە ئاستەم خراپ ببوایە، لە داخا وازی لێدێنا، ئەوسا بەدەم تف کردن و جنێودانەوە، پەنای بۆ خەرمانگایەکەی خۆیان دەبرد، تا لەوێ کەمێك هێور ببێتەوە. دونیاشکا چەندین جار بەو جۆرە تووڕە بوون و تۆران و هەڵچوونەوە بینی بووی.

ڕۆژێك پیرەمێرد ویستبووی نیرێك نۆژەن بکاتەوەو کارەکەی بە باشی لە بەر نەڕۆیی بوو. پیرەمێرد لە ناکاوا دەستی دابووە تەورێك و بەر بوو بووە نیرەکەو وای وردو خاش کردبوو کە تەنیا چنگێ تەراشە داری لێ مابووەوە. دوای چەند ڕۆژێك سەرملی ئەسپەکەشی بە هەمان مەرەد بردبوو. شەو بوو، پانتلی پروکوفیوفیچ، لە بەر چرا بەنی بادابوو و کەوتبووە دورینەوەی درزی بەرملی ئەسپەکە. ئیدی ئایا پەتەکە قرچۆك بوو یان پیرەمێرد لە ڕادەبەدەر پەست و تووڕە بوو، پەتەکە دووجار پچڕا بوو. ئیدی بیانوو لەمە باشتر نابێ: پیرەمێرد بە دەم جنێوی پیسەوە ڕابوو، شەقێکی لە تەپڵەکەکەی ژێری هەڵداو پیرە تەپڵەك بەرەو موغەیریەکە پەڕی. لە کاتێکا وەکو سەگ دەی مڕاند، بەدان بەر بووە چەرمی بەرملەکە، پاشان بەرملەکەی تووڕدا، وەکو کەڵەشێر چووە سەری و بەلەقە دای کوتی. ئیلی نیچنا کە زووتر چوو بووە جێگاوەو خەوتبوو. کە گوێی لەم دەنگە دەنگ و هەراو هەنگامەیە بووبوو، بە ترسەوە ڕاپەڕی بوو، کە دەبینێ مەسەلە چیە، دەکەوێتە خوتەو بۆڵە بە سەر پیرەمێردا:

– ئەوە شێت بووی نەگریس، ئاخر تۆ بەم تەمەنەوە؟ ئاخر ئەم بەرملە چ خەتایەکی کردووە؟.
پانتلی پروکوفیوفیچ، خێسەیەکی لە ژنەکەی کردو هاواری بە سەرا کرد:
– دەمت داخە، هەی والێکراوی وا پێکراو!
پارچە چەرمێکی بەرملەکەی هەڵگرت و خێواندیە پیرەژن.
دونیاشکا کە خەریك بوو لە پێکەنیندا دەبواریەوە، وەکو تێسکەی تفەنگ بۆی دەرچوو و خۆی گەیاندە ڕاڕەوەکە. پیرەمێرد تاوێکی دیکەش بۆڵاندی و پرتاندی و پاشان هێور بووەوەو داوای بوردنی لە ژنەکەی کرد کە بەدەم تووڕە بوونەوە، ئەو قسە ناشیرین و کرێتانەی پێگوتبوو. ماوەیەکی زۆر پشت ملی خۆی خوراندو ڕوانیە بەرملە بیٚ نەواکەو لە دڵی خۆیدا دەیپرسی، بەچی ئەم پارچانە بداتەوە دەم یەك و بیاندورێتەوە. ئەم نۆرە هەڵچوون و توڕەبوونانە زۆرجار دووبارە دەبوونەوە. بەڵام ئیلی نیچنا کە پەندی لە ئەزموونی تاڵی خۆی وەرگرتبوو، ڕێبازێکی تازەی گرتەبەر: هەرکە پانتلی پروکوفیوفیچ، تووڕە دەبوو، بە دەم جنێودانەوە پێوستیەکی ناومالٌی دەشکاند، پیرەژن بە هێمنی، بەڵام بە دەنگێکی هەندێك بەرز پێی دەگوت: "ئەوەتا، بیکوتە، پروکوفیوفیچ، بیشکێنە! من و تۆ پێکەوە پارە پەیدا دەکەین و یەکێکی تازە دەکڕین!" تەنانەت هەوڵیدەدا، لەم کاری وێرانگەریەدا بەشداری بکات و یارمەتی بدا. هەنگیٚ پانتلی پروکوفیوفیچ، لە ناکاوا هێور دەبووەوە، بە چاوانی حەپەساوەوە دەیڕوانیە ژنەکەی و پاشان بە دەستە لەرزۆکەکانی گیرفانەکانی دەگەڕا، کیسە تووتنەکەی دەردێناو بە تەریقی وشەرمەزاری لە سوچێکەوە ڕۆدەنیشت تا سیغارێك بکێشێت و هێور ببێتەوەو لە هەمان کاتدا لە دڵی خۆیدا، گلەیی لەم توندە تەبیعەتیەی خۆی دەکرد کە ئەو هەموو زیانەی لە خۆی دەدا. جارێکیان بێچوە بەرازێکی سیٚ مانگە، چوو بووە ناو گۆلە پەتاتەیەکەوە. پانتلی پروکوفیوفیچ، تووڕە دەبیٚ و دارێك دەدات بە پشتیاو پشتی دەشکێنیٚ، دوای پێنج دەقیقە سەری دەبڕێت و بە شیشێك دەکەوێتە، کەوڵکردنی، هەست بە عەزابی ویژدان دەکات، بە پەشیمانیەوە دەڕوانێتە سیمای تووڕەی ژنەکەی و بە ڕوپامایییەوە دەڵێت:
– ئەم بێچوە بەرازە، بەڵایەك بوو لەو گۆڕە!... هیچ خێرێکی بۆ ئێمە نەبوو!.... هەر دەمرد دەمرد. بە خۆت دەزانی بێچوە بەرازان بە زۆری لەم تەمەندا نەخۆشی دەگرن، بەڵام وەك دەڵێن زەرەر لە نیوەشی بگەڕێتەوە هەر قازانجە، هەر نەبیٚ بۆ خۆ دەیخۆین، وانەبوایە بە خوت و خۆڕایی لە کیسمان دەچوو. وانیە ژنەکە گیان؟ چیە؟ بۆچی مۆڕەم لێدەکەیت؟ نەحلەی هەموو دنیا لەم بێچوە بەرازە! خۆ ئەگەر بێچوە بەرازێکی باشیش بوایە هەر نەیسە! مردەڵەیەك بوو نەك بە دار، بە تفێك دەتۆپی. جا چەند موزیڕ بوو! بەلای کەمەوە چل بڕکە پەتاتەی هەڵکەند بوو!
ئیلی نیچنا، بە هێمنی گوتی:
– گۆلە پەتاتەکە، هەمووی سی بڕك نەدەبوو!
پانتلی پروکوفیوفیچ یەکسەر وەڵامی دایەوە:
– ڕەنگە وا بیٚ، بەڵام خۆ ئەگەر چل بڕکیش بوایە هەر هەمووی هەڵدەکەند. مەمنوونی خوابە، لەو بەڵایە ڕزگار بووین!

منداڵـەکانیش، لـەوەتای باوکیـان بـۆ جەبهـە ڕۆیـی بـووەوە، خـەمین و بێتاقـەت بـوون. ئیلـی نیچناش، بە هۆی مەشغەڵەتی کاروباری ماڵەوە نەیدەپەرژا، پێیان ڕابگات، ئەوانیش کە کەس لێی نەدەپرسین، ڕۆژ تا ئێواریٚ لە باخچەکەدا یان لە خەرمانگایەکەدا خۆیان بە گەمانەوە مژوول دەکرد. ڕۆژێك میشاتکا، لە دوای نیوەڕۆژەوە دیار نەماو دوای خۆرئاوا ئەوسا گەڕایەوە. کاتیٚ ئیلی نیچنا لێی پرسی لە کویٚ بووە، میشاتکا وەڵامی دایەوە کە دەگەڵ منداڵانی گوندا، لە گویٚ ڕوباری دۆن، خەریکی گەمان بووە. بەڵام پولیوشکا، زوو خەبەری لێدا:

– دایە گەورە درۆ دەکات. لای پورە ئەکسینیا بوو.

ئیلی نیچنا کە بەم خەبەرە هەم حەپەساو هەم دڵتەنگ بوو، گوتی:

– چۆن دەزانی؟

– بە خۆم دیتم بە دیواری حەوشەکەیاندا هەڵزنا و ئاودیوو بوو.

– بە ڕاستی لەویٚ بوویت؟ ڕاستم پیٚ بڵیٚ، بۆچی وا سوور بوویتەوە؟

میشاتکا، چاوی لە دوڕ چاوانی نەنکی بڕی و بەرسڤی دایەوە:

– داپیرە درۆم لە گەڵ کردی... بە ڕاستی لە گویٚ ڕوبار نەبووم، لای پورە ئەکسینیا بووم.

– بۆچی بۆ ئەویٚ چوویت؟

– بانگی کردم و منیش چووم.

– ئەدی بۆچی درۆت لە گەڵ کردم و گوتت لە گەڵ منداڵاندا بوویت؟

میشاتکا، سەری داخست و ماوەیەك بێدەنگ بوو، ئەوسا چاوە ڕاستگۆیەکانی هەڵبڕین و لە بن لێوانەوە گوتی:

– دەترسام لێم توورە ببیت.

– بۆچی لێت توورە دەبم؟... ئەدی بۆچی بانگی کردیت؟ لەویٚ چیت دەکرد؟

– هـیچ. بینیمـی و بـانگی کـردم: "وەرە بـۆ لای مـن!" منـیش چـووم. بردمیـە ژوورەوەو لەسـەر کورسییەك داینام....

ئیلی نیچنا، کە ئاشوبی دەروونی خۆی لێهاتووانە دەشاردەوە، بە بیٚ حەوسەڵەیی پرسی:

– ئیٚ، چیتر؟

– کولێرە بە قەندی دامیٚ، خواردم، ئەوسا ئەمەی دامیٚ...

میشاتکا، کڵۆ قەندێکی لە گیرفانی دەرهێنا و بە شانازییەوە پیشانی دا و لە گیرفانی نایەوە.

– باشە، چی پێگوتیت؟ هیچی لێپرسیت؟

– گوتی هەموو جار بچم بۆ لای، چونکە بە تەنیایەو بێتاقەتەو بەڵێنی دا کە شەکرۆکەو نوقڵم بداتیٚ... گوتی بە کەس نەڵێم کە لە ماڵی ئەوان بووم. گوتی، دەنا دایە گەورەت لێت توورە دەبێت.

ئیلی نیچنا، کە خەریك بوو لە داخا شەقی دەبرد، گوتی:

– ئاوها!... ئیٚ هیچی دیکەی لێپرسیت؟

– ئا.

– دەربارەی؟ چی لێت پرسی: گیانەکەم پێم بڵێ، مەترسە.

– لێی پرسیم ئاخۆ بیری بابم ناکەم. گوتم با. ئەوجا لێی پرسیم کەی دەگەڕێتەوەو دەنگوباسی چیە. گوتم من نازانم، گوتم لە شەڕە. ئەوسا لە سەر باوەشی خۆی داینام و حیکایەتی بۆ کردم (چاوانی میشاتکا گەشانەوەو بزە کەوتە سەر لێوانی) حیکایەتێکی خۆش بوو. دەربارەی ڤانیوشکا بوو کە چۆن قازان خستویانەتە سەر باڵ و بۆ ئاسمانیان بردووە، حیکایەتەکەی تریش دەربارەی بابایاگای سیحر باز بوو.

ئیلی نیچنا، کە بە وردی گوێی لە ئیعترافەکانی میشاتکا دەگرت، لێوەکانی هەڵقورتاندن و بەجدی گوتی:

– جارێکی دی نابێ بچی بۆ ئەوێ کوڕم. ئیدی هیچ شتێکیشی لێوەرمەگرە. نابێ شتی لێوەربگریت، دەنا باپیرە پێبزانی، پێستت دەگروێ. هەر خوا بکات بابە گەورە پێی نەزانێت، دەنا واوەیلا بە حاڵت. ئیدی بۆ ئەوێ مەچۆ گیانەکەم.

سەرباری، ئەم ئاگادارکردنەوە جدیەش، میشاتکا، دوای دوو ڕۆژان، دیسان چوو بۆ ماڵی ئەکسینیا. ئیلی نیچنا، تەمەشایەکی میشاتکای کردو یەکسەر پەی بە چوونەکەی بۆ ماڵی ئەکسینیا برد. قۆڵی دڕاوی کراسەکەی، کە ئەو بەیانیە بە خۆی فریانەکەوتبوو بیدورێتەوە، بە جوانی دورابووەوەو دوگمەیەکی سەدەف تازەش بە یەخەکەیەوە دەدرەوشایەوە. ئیلی نیچنا کە دەیزانی دونیاشکا، ئەو ڕۆژە سەرقاڵی خەرمان کوتین بوو، و فریای پینەو پەڕۆو دورینەوەی جل و بەرگی منداڵەکان نەکەوتووە، بە گلەییەوە لە میشاتکای پرسی:

– دیسان چوویتە ماڵە جیران؟

میشاتکا، بە تەریقی و شەرمەزارییەوە بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ...

و یەکسەر لە سەری ڕۆیی:

– دایە گەورە، جارێکی دی ناچم، لێم تووڕە مەبە...

ئیلی نیچنا، بڕیاری دا، ڕاستەوخۆ قسە دەگەڵ ئەکسینیادا بکات و بە جدی داوای لێبکات کە واز لە میشاتکا بێنێ و بە حیکایەت و دیاری و شەکرۆکەو نوقڵان ڕمووەدەی خۆی نەکات. پیرەژن لە دڵی خۆیدا گوتی: "ناتالیای کوشت و ئێستاش نەگریسی بەدفەڕە دەیەوێ خۆی لە دڵی منداڵەکانا شیرین بکات و لە ڕێگەی ئەوانەوە دیسان گریگۆری بخاتە داوی خۆیەوە، ئاخ! ئەژدیها! بێ حەیایە، مێردەکەی زرک و زیندووەو دەیەوێ ببێ بە بووکی من!.... بەڵام خەیاڵی خاوە! وا تەسەور دەکات، گریشکا، دوای ئەو هەموو تاوانە، قەبووڵی دەکاتەوە!" چاوانی تیژو دایکانەی ئیلی نیچنا، پەی بەوە بردبوو کە گریگۆری لەو ماوەیەدا کە لە گوند مابووەوە، لەبەر لۆمەو قسەو قسەڵۆکی خەڵکی خۆی لە ئەکسینیا دوور نەگرتبوو، بەڵکو لە بەر ئەوە خۆی لێ دوور گرتبوو کە ئەکسینیای بە سەبەبکاری مەرگی ژنەکەی دەزانی. ئیلی نیچنا لە دڵی خۆیدا ئومێدەوار بوو کە مەرگی ناتالیا، گریگۆری بە یەکجارەکی لە ئەکسینیا دوور بخاتەوەو، ئەکسینیا هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان نەبێت بە یەکێك لە خانەوادەی ئەوان.

هەر ئەو ڕۆژە، لای ئێواریێ، ئەکسینیای لەبەر ئەسکەلەکەی سەر ڕوباری دۆندا بینی و بانگی کرد:

– دەقیقەیەك تائێرە وەرە، قسەم پێتە...

ئەکسینیا سەتڵەکانی خۆی داناو بە هێمنی چوو بۆ لای ئیلی نیچناو سلاوی لێکرد. ئیلی نیچنا، چاوی بڕییە ڕوخساری جوان و لە هەمان کاتدا بێزراوی هاوسێکەیان و دەستی بە قسان کرد:

– گویێ بگرە، گیانە، بۆچی دەتەویێ منداڵی خەڵکی لەخشتە بەریت؟ بە چ مەبەستێك ئەم کوڕە دەبەی بۆ ماڵی خۆت و پشی پشی بۆ دەکەیت؟ کیێ بە تۆی گوتووە کراسی بۆ بدوریتەوەو خواردن و شەکرۆکەو نوقڵی بدەیتیێ؟ چیت لە مێشکایە؟ چ ئۆینێکت لە ژێر سەردایە؟ وا دەزانی دایکی مردووە و ئیدی کەس نییە پێیڕا بگات؟ یانی ئەگەر تۆ نەبی، ئیدی پەکی دەکەویێ؟ ئاخر بە چ ویژدانێکەوە ئەمە دەکەی، بە چ چاو ورووییەکەوە؟

ئەکسینیا، یەکسەر سوور بووەوەو گوتی:

– مەگەر من چ خراپەیەکم کردووە؟ بۆچی جوێنم پێدەدەی داپیرە؟

– هێشتا ماوتە کاولی بکەی؟ خراپەت نەکردووە، ها؟ ئاخر تۆ بە چ هەقێك کوڕی ناتالیا دەلاوێنی، ئەو ناتالیایەی تۆ لە چاڵت نا؟

– ئەوە تۆ چ دەڵێی، دایکە؟ بێقەزا بی! کیێ لە چاڵی نا؟ خۆی، خۆی کوشت.

– لە داخی تۆ نەبوو؟

– من چوزانم، کەمو زۆر ئاگام لێی نییە.

ئیلی نیچنا، بە تووڕە بوونەوە هاواری کرد:

– بەڵام من دەزانم.

– هاوارم بەسەرا مەکە پیرەژن! خۆ من بووکت نیم تا هاوارم بە سەردا بکەی،مێردی خۆم هەیەو ئەو بۆی هەیە هاوارم بەسەردا بکات.

– بەڵام من دەزانم چیت لە مێشکایە، ڕاستە تۆ بووکم نیت، بەڵام خوا خواتە ببی بە بووکم! دەتەویێ لە سەرەتاوە منداڵەکان بەلای خۆتا ڕابکێشیت و پاشان خۆت لە گریشکا نزیك بخەیتەوە. وایە یان نا؟

– من نیازی وام لە دڵدا نیەو بە تەماش نیم ببم بە بووکی تۆ، چیە شێت بووی، وڕێنە دەکەی پیرەژن؟ من مێردی خۆم زرك و زندووە، ئیدی بووکی چی و تۆی چی!

– بەڵیێ زرك و زندووە، کەچی تۆ دەتەویێ خۆتی لیێ رزگار بکەیت و خۆت بە ملی کەسێکی دیدا بدەیت!

ئەکسینیا، یەکسەری ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو گوتی:

– من نازانم تۆ بۆچی بەمجۆرە بە سەرما داڕوخاویت و سەرکۆنەم دەکەیت. من قەت خۆم بە ملی کەسدا نەداوەو نیازی شتی واشم نیە. خۆ ئەگەر نەوەکەتم خۆش بویێ، ئەمە چی تیایە، بۆ خراپە؟ بە خۆت دەزانی من منداڵم نیەو منداڵانم خۆش دەون، بە دیتنی منداڵ دڵم دەکرێتەوە،

بۆیه پێم گوتووه سەرم بدات... دەربارەی دیارییش، وا دەزانی چیم داوەتیێ؟ کلۆیەکی چکۆلەی قەندم داوەتیێو تەواو، ئەمە ناو دەنەی دیاری! چی تیایە ئەگەر شتێکی بدەمیێ؟ تۆ وڕینە دەکەی، خۆتیش نازانی چی دەڵێی....

– که دایکی له ژیانا بوو قەت بانگت نەدەکرد بۆ لای خۆت! بەڵام له وەتای ناتالیا مردووە، خێرە وا بانیوتەتەوە لە سەری‌و، وا دەنوێنی چاکەی ئەوت دەویێ!

ئەکسینیا، به دەم بزەیەکی کاڵەوە گوتی:

– که ناتالیاش له ژیانا بوو، هەر دەهات بۆ لام.

– درۆ مەکە، هەرزەی بەرەڵلا!

– له خۆی بپرسە، ئەوسا چی دەڵێی، بیڵیێ.

– ڕاست یان درۆ، له ئێستا بەدواوە نەخەڵەتابی بیبەی بۆلای خۆت. واش تەسەور مەکە بەم کارانە لای گریگۆری شیرین دەبی. چاك بزانە کە هەرگیز نابی بە ژنی ئەو.

ئەکسینیا که لە داخا چارەی گرژ بوو بوو، به دەنگێکی نووساو گوتی:

– دەمت داخە! گریگۆری نایەت پرس بە تۆ بکات! لەوەش زیاتر خۆت لە کاری خەڵکی هەڵمەقورتێنە!

ئیلی نیچنا، خەریك بوو شتێکی دیکە بڵێت، بەڵام ئەکسینیا پشتی تێکردو بۆ لای سەتڵەکانی خۆی گەڕایەوەو بە پەلە چانچۆیەکەی نایە سەر شانی، له کاتێکا ئاوی ناو سەتڵەکان بڵقی دەدا، بەلەز بە ڕچە ڕێگایەکەدا کەوتە ڕێ.

ئەکسینیا، لەو ڕۆژە بە دواوە، ئیدی سڵاوی له هیچکەسێکی ماڵباتی میلیخوف نەدەکرد، بە لووتبەرزی‌و فرناخیەکی شەیتانانە، بە لایاندا تێدەپەڕی‌و وجودی بۆ دانەدەنان. بەڵام هەر کاتێ کە چاوی بە میشاتکا دەکەوت، بە ترس‌و لەرزەوە دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی‌و ئەگەر کەس دیار نەبوایە، بەرەو لای منداڵەکە ڕایدەکرد، دادەنەوییەوەو تێر بە سینگی خۆیەوەی دەگوشی‌و هەنیە تاوە سووتەکەی‌و چاوە ڕەش‌و مۆنەکانی کە مۆرکی ماڵباتی میلیخوڤ پێوەدیار بوو، ڕادەمووسی و بە دەم پێکەنین‌و گریانەوە، له بن لێوانەوە هەندێ شتی پچڕپچڕی دەگوت: "گریگۆروفیچە چکۆلەکەم، ئازیزەکەم! چەند بیرم دەکردی!.

پوورە ئەکسینیا چەند گەوجە! جا چ گەوجێك!" و دوای ئەوە بزە لە رزۆکەکەی تا ماوەیەك لەسەر لێوی ئاوا نەدەبوو و چاوە نمسارو تەڕەکانی لە خۆشیاندا وەکو چاوی کچۆڵانی گەنج دەبریسکانەوە.

لە کۆتایی مانگی ئابدا، پانتلی پروکوفیوفیچ، دیسان بانگکرا بۆ خزمەتی سەربازی. هەر هەموو ئەو قۆزاقانەی دەستیان چەکی دەگرت هاوکات دەگەڵ ئەودا لە تاتارسکی وەدەرکەوتن‌و چوون بۆ خزمەتی عەسکەری. ئیدی جگە لە پیرەمێران‌و مێرد منداڵان‌و بریندارانی جەنگ، هیچ نێرینەیەك لە گوندا نەما. نەفیری عام بوو، لیژنە پزیشکیەکان، جگە لەوانەی کە کێماسیەکی دیاری بەدەنیان هەبوو، کەسی دیکەیان مەعاف نەدەکرد.

پانتلی پروکوفیوفیچ، کاتیٚ کە لە لایەن ئەتامانی گوندەوە پیٚی ڕاگەیەنرا کە لە مەڵبەندی سەربازگیری ئامادە بیٚت، بە پەلە خوا حافیزی لە پیرەژن و دونیاشکا و منداڵەکان کردو بەدەم ناڵە ناڵەوە دوو جاران نیشانەی خاچی کیٚشاو لە بەردەم ئیکونەکاندا، سوجدەی برد.

– خودا حافیز، ئازیزەکانم! لەوە دەچیٚ ئیدی یەکدی نەبینینەوە، وادیارە کۆتاییمە، جا وەسیٚت و ئامۆژگاری من ئەمەیە: بە پەلە، شەوو ڕۆژ لە یەك بدەن و گەنمەکە بکوتن و کاریٚکی وا بکەن بەر لە وەرزی باران لە هەموو کاریٚك ببنەوە. ئەگەر پیٚویستی کرد ڕەنجبەریٚك بە کریٚ بگرن کە یارمەتیتان بدات. ئەگەر تا پایز نەگەڕامەوە، ئیدی مشوری خۆتان بخۆن و بە خۆتان کارەکان ئەنجام بدەن: بە گویٚرەی توانا، شۆوی پایزە ببڕن، بەلای کەمەوە سیٚ چوار دۆنم جۆ داچیٚنن. پیرەژن، تۆش، بە گویٚرەی توانا کار بکە، تەمەڵی نەتگریٚ! ئیدی من و گریگۆری بگەڕییٚنەوە یان نەگەڕییٚنەوە، ئیٚوە لە هەموو شتیٚك پتر پیٚویستتان بە دانەویٚڵەو ئازووقە دەبیٚت. جەنگ جەنگە، بەڵام ژیان بەبیٚ نان ناگوزەریٚ. دەی خوا حافیزتان بیٚ!

ئیلی نیچنا، میٚردەکەی تا مەیدانی گوند بەڕیٚکردو بۆ دواجار بینی کە شانبەشانی خریستونیا، بە شەلە شەل، بە دووی عەرەبانەیەکدا دەڕۆیی. پاشان بە لکەی بەرانپیٚلەکەی (بەرهەڵبیٚنە) چاوە هەڵماساوەکانی سڕی و بیٚئەوەی ئاوڕی پاشەوە بداتەوە، ڕیٚگای ماڵەوەی گرتەبەر خەرمانیٚك گەنم لە خەرمانگایەکەدا چاوەڕوانی بوو، شیری لە سەر ئاگر بوو، منداڵەکان قاوەڵتیان نەخواردبوو، ئیدی پیرەژن، هەزارو یەك کاری هەبوو، خۆش خۆش ڕیٚی دەکرد، بە خامۆشی سڵاوی لەو ژنانە دەکرد کە لە ڕیٚگادا تووشیان دەبوو و ئیدی لایان نەدەوەستا و خۆی بە گفتوگۆوە مژوول نەدەکرد، جار جار یەکیٚك لە ژنە ئاشناکانیان بە دڵسۆزی و هاوخەمیەوە لیٚی دەپرسی: "چوو بوویت، پیرەمیٚردەکەت بە ڕیٚ بکەیت، وانیە؟" ئەویش بە ئاماژەی سەر وەڵامی دەدایەوەو بە تانی قسەدا نەدەچوو.

چەند ڕۆژیٚك بوری، بەیانیەکی زوو، کە ئیلی نیچنا چیٚڵەکانی دۆشی بوون و بردبوونیە کۆڵان تا بیانکاتە گاگەل، خەریك بوو بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، گویٚی لە گرمە گرمیٚکی قورسی دوورە دەست بوو، تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، ڕوانیە ئاسمان، ئاسمان سایەقە بوو، پەڵە هەوریٚکیش بە ئاسمانەوە نەبوو. دوای کەمیٚك گرمەگرمیٚکی دیکەش هات. گاوانە پیرەکە کە خەریکی خڕکردنەوەی گایەلەکە بوو پرسی:

– گویٚت لەو مۆسیقایەیە، دایکە؟

– مۆسیقای چی؟

– ئەو مۆسیقا نزمە.

– گویٚم لیٚیە، بەڵام نازانم چیە.

– بەو نزیکانە دەیزانی، وەختیٚ کە لەو بەرەوە دەستیان بە تۆپبارانی گوندەکەمان کرد، ئەو کاتە دەزانی چییە. تۆپە تۆپ. خەریکن، پیرەمیٚردەکانمان سفرەتلیش دەکەن...

ئیلیی نیچنا، نشانەی خاچی بە سەر خۆیدا کیٚشاو بیٚئەوەی هیچ بڵیٚ خۆی بە حەوشەدا کرد.

گرم و هۆڕی تۆپباران، چوار دانە ڕۆژ نەبڕایەوە. دەنگی تۆپباران، بە تایبەتی لە بەرەبەیانانـدا زۆر بە ڕوونی دەبیسترا. بەڵام کە با لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە هەڵیدەکرد، گرمە گرمی شەڕی دوورە دەست لە ناوەندی ڕۆژیشدا، دەبیسترا: لە خەرمانگاکاندا، کار بۆ چەند ساتێك دەوەستا، ژنان نیشانەی خاچیان دەکێشا، ئاهێکی ساردیان هەڵدەکێشا و بیریان لە پیاوەکانیان دەکردەوەو لە بن لێوانەوە دوعای خێریان بۆ دەکردن، پاشان جەنجەڕان بە لەقە لەق دەستیان بە قرشە کوتان دەکردەوە، کوڕیژگان سەر لە نوێ دەیان لە گاجووت و ئەسپەکانیان دەکردەوە. کاری شەنەباو گێژەو بێژە دەستی پێدەکردەوە.

ڕۆژانی ئاخرو ئۆخری مانگی ئاب، کەش و هەوا زۆر خۆش و وشك بوو. با، تەپوتۆزو کاوکۆت و سەر بێژنگی لە گەڵ خۆیدا لوول دەداو بە ناو گوندیا بڵاو دەکردەوە. بۆنی نەرمی جۆی کوتراو، دنیای پڕ کردبوو، هەرچەندە هەتاو هێشتا زۆر گەرم بوو، بەڵام دنیا تەواو ڕەنگی پایزی گرتبوو، لە مێرگ و سەوزە زارانـدا، ئەفسەنتین ڕەنگی بوارد بوو و سپی هەڵگەڕا بوو، ترۆپکی سپیدارەکانی ئەوبەری دۆن، زەرد بوو بوو. باخەکان، بۆنی توندی سێوە پایزەیان لێهەڵدەستا، ئاسۆ دوورەکان، ڕوونتر دەهاتنە بەرچاو. یەکەمین پۆلە قورینگانی کۆچەری بە ئاسمانی پڕ پەرێزی کێڵگەو مەزراکانەوە بە دیار کەوتن.

هەموو ڕۆژێ، کاروان و قافڵەی عەرەبانەو گالیسکان بە جادەی گشتی ئەتامانانـدا، لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات، باروبنەی تەقەمەنیان بۆ بوارەکانی سەر دۆن دەگواستەوە. یەکەمین دەستەی ئاواران گەیینە گوندەکانی کەنارێن دۆن، دەیانگوت کە قۆزاقەکان بەدەم شەڕەوە پاشەکشە دەکەن. هەندێك دەیانگوت ئەم پاشەکشەیە تاکتیکییەو بۆ ئەوەیە کە سوورەکان بخەنە داوەوەو پاشان گەمارۆیان بدەن و لە نێویان بەرن. هەندێك لە خەڵکی تاتارسکی، ژێراو ژێر و بە دزییەوە خۆیان بۆ هەڵاتن ئامادە دەکرد. ئالیکی زۆریان بەگاو ئەسپەکانیان دەداو بەشەوان گەنم و دانەوێڵەو سەندوق و شتەگران بەهایەکانی خۆیان لە چاڵ دەنا. تۆپباران کە ماوەیەك بوو وەستا بوو، لە ڕۆژی پێنجەمی مانگی ئەیلولدا، بە شێوەیەکی چڕتر دەستی پێکردەوەو ئێستا توندترو ترسناکتر بوو. شەڕ لە چل فرسەخی باکووری خۆرئاوای تاتارسکیدا گەرم بوو. بۆ ڕۆژی دوایی هەراو هەنگامەی شەڕ لە سەرووی ڕوبارەکەو لە سەمتی ڕۆژئاواشەوە دەستی پێکرد. شەڕەکە بەردەوام لە دۆن نزیك دەبووەوە.

کاتێ ئیلی نیچنا، زانی کە زۆربەی خەڵکی گوند، خۆ بۆ ڕۆییشتن ئامادە دەکەن، پێشنیازی بۆ دونیاشکا کرد کە دەگەڵ خەڵکەکەدا بڕوات. بە خۆیشی حایرو سەرگەردان نەیدەزانی چ لە ماڵ و موڵکەکانیان بکات: ئایا دەگەڵ خەڵکەکەدا بڕوات و هەموو شتێك بەجێ بێڵێ یان لە ماڵدا بمێنێتەوە. پانتلی پروکوفیوفیچ، پێش ئەوەی بڕوات، تەگبیری خەلەو خەرمان و تۆو داچاندنی پایزەو وڵساتەکەی بۆ کرد بوون، بەڵام دەربارەی ئەوەی کە ئەگەر شەڕ لە تاتارسکی نزیك بووەوە، چیبکەن، هیچ قسەیەکی نەکرد بوو. ئەنجام ئیلی نیچنا بڕیاری دا هەر چۆنێ بووە دونیاشکاو منداڵەکان و هەر شتێکی گرانبەهای ماڵەکە هەیە، دەگەڵ پیاوێکی گوند بۆ شوێنێکی ئەمینتر ڕەوانە بکات و بە خۆی ئەگەر سوورەکان گوندەکەشیان گرتووە، لە ماڵ بمێنێتەوە.

شەوی هەڤدەی ئەیلول، پانتلی پروکوفیوفیچ، بێئەوەی کەس تەسەور بکات، خۆی بە ماڵ کرد. بەپای پیادە لە مەڵبەندی ستانی کازانسکایاوە هاتبووەوە، زۆر شەکەت و ماندوو و، بێحەواس بوو. دوای ئەوەی ئیسراحەتێکی نیو سەعاتی کرد، لە پاڵ مێزەکەدا دانیشت و بە جۆرێ دەستی بە نانخواردن کرد کە ئیلی نیچنا، بە عەمراتی بەو ژەمبردەییە نەی بینی بوو. نزیکەی نیو سەتڵ شۆربای کەلەرمی بێگۆشتی هەڵقوڕاندو ئەوسا پەلاماری حەلیماوی هەرزنی دا.

ئیلی نیچنا، بە حەپەساوی، دەستەکانی هەڵگلۆفتن و گوتی:

– خودایا! تۆ دەزانی چۆن نان دەخۆیت پروکوفیوفیچ! دەڵێی سێ دانە ڕۆژە هیچت نەخواردووە!

– گوایە پێت وایە خواردوومە پیرەکەر؟ ڕێك سێ دانە ڕۆژە، زەوادم بە دەم نەکەوتووە.

– بۆچی، مەگەر لەوێ، لە عەسکەری خواردنتان نادەنێ؟

پانتلی پروکوفیوفیچ، کە بەدەمی پڕەوە، وەکو پشیلە دەی مڕاند، گوتی:

– یاخوا ئەوخواردنە بە نسیبی دژمنەکەشت نەبێ! فڕان فڕانە، زۆردار لە بێ زۆری دەفڕێنێ! هەر کەسەو چی بەردەست بکەوێ دەیخوات، بەڵام من هێشتا فێری دزی نەبووم. ئەمە قابیلی گەنجانە کە زەڕەیەك ویژدانیان نییە... لەم شەڕە نەگریسە بە جۆرێ لە سەر دزی ڕاهاتوون و دزی دەکەن کە پیاو لە تەریقی و شەرمەزاریا موچوڕکەی پێدا دێت... هەر چیەکیان بەرچاو بکەوێ، هەڵیدەگرن... بە ڕاستی ئەمە جەنگ نییە، بەڵکە غەزەبی خوایە!

– تۆ نابێ، ئەم هەمووە بە کەڕەتێ بخۆیت، نەبا شتێکت بە سەر بێ، تەمەشا بزانە چۆن وەکو جاڵجاڵۆکە ئاوسایت!

– قسە مەکە، شیر بێنە شیر، یەك کاسەی گەورە بێنە.

ئیلی نیچنا کە بینی مێردەکەی بەو ڕادەیە ژەمبردە بووەو دەڵێی لە گرانی هەستاوەتەوە، کەوتە گریان. پاش ئەوەی پانتلی پروکوفیوفیچ لە خواردن بووەوە، ئیلی نیچنا لێی پرسی:

– بە یەکجاری هاتوویتەوە؟

پانتلی پروکوفیوفیچ، بەدەم جۆرە خۆ دزینەوەیەکەوە گوتی:

– بابزانین...

– وا بزانم ئێوەی، پیرەمێردانیان مەرەخەس کردووە کە بگەڕێنەوە بۆ ناو کەسوکارتان؟.

– کەسیان مەرەخەس نەکردووە. وەختێ کە سوورەکان خەریکە بگەنە دۆن، چۆن دەکرێ خەڵك مەرەخەس بکەن؟ من خۆ سەری هاتوومەتەوە.

ئیلی نیچنا، بە ترسەوە گوتی:

– باشە، لێت ناپێچنەوە؟

– ئەگەر بمگرن، با.

– چۆن؟ بە تەمای خۆت بشاریتەوە؟

– خۆ بۆ ئەوە نەهاتوومەوە کە بچمە میوانی یان سەماو گۆرانی لە مەیدانی گوندا؟ تەحا کە ژنێکی گێل و خەڵەفاوی!

پانتلی پروکوفیوفیچ، لە داخاندا تفێکی کرد، بەڵام پیرەژن بە ڕۆکی بەر نەدا:

– ئۆف خودایا، خۆمان خەممان کەمبوو، ئەوجا نۆرەی خەمی تۆمانە! ئیدی نۆرەی ئەوەیە بتگرن و...

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە بێتاقەتیەوە گوتی:

– ڕەنگە زندان زۆر باشتر بێ، لەوەی پیاو بە خۆو تفەنگێکەوە وێڵ و سەرگەردان بەو دەشت و دەرە بکەوێ. خۆ من گەنجێك نیم کە بتوانم ڕۆژی چل فرسەخان ڕێگا ببڕم، سەنگەر لێبدەم، بە ماتە مات هێرش بەرم، بە سینگە خشکێ بە سەر عاردیدا خۆ بکێش بکەم و خۆ لە گوللە بپارێزم، شەیتان بە شەیتانی خۆی ئەمەی پێناکرێت! هاوڕێیەکم هەبوو خەڵکی کریڤایا ڕچکا، گوللەیەك ڕێك وەژێر کەڵەمەی چەپی کەوت، یەکسەر گیانی سپارد، فریا نەکەوت بۆ تاقە جارێك لەقە فڕتێ بکات، بە ڕاستی ئەمە شتێکی ناخۆشە!

ئەوسا پیرەمێرد، تفەنگ و ڕەختەکەی هەڵگرت و بردی لە کادینەکەدا شاردییەوە، بەڵام کاتێ کە ئیلی نیچنا لێی پرسی پاڵتۆکەی لە کوێیە، بە خەمباری و دوو دڵی گوتی:

– فەوتانم، کوڕە هەر بەینی خۆمان بێ فڕێم دا. لەوبەری شومیلینسکایادا سوورەکان بە جۆرێ تەنگەتاویان کردین، کە هەرچیەکمان هەبوو تووڕمان داو هەڵاتین، وەکو شێتان غارمان دەدا. لەو کاتەدا کەس لە خەمی پاڵتۆو ئەو شتانەدا نەبوو... هەندێ کەس پۆستین و فەروەیان هەبوو، ئەوانیش فڕێیان دان... باشە تۆ ئێستا چ کارێکت بەو پاڵتۆیەی من هەیە؟ بۆچی باسی دەکەی؟ جا بریا پاڵتۆیەکی باشیش بوایە... سواڵکەریش پێی ڕازی نە دەبوو.

لە ڕاستیا پاڵتۆیەکەی، پاڵتۆیەکی باش بوو، نفت و نوێ بوو، بەڵام پیرەمێرد، هەر شتێکی لە دەست دابا دەکەوتە زەمی و عەیبێکی لێدەدۆزییەوە. ئیدی عادەتی وا بوو بەو شێوەیە دڵخۆشی خۆی دەدایەوە.

ئەو شەوە، لە کۆبۆنەوەیەکی خێزانیدا، بڕیاریان دا کە ئیلی نیچناو پانتلی پروکوفیوفیچ و هەر دوو منداڵەکە، تا ئەو کاتەی بتوانن، بۆ ئاگاداری لە ماڵەکەو، لە چاڵکردنی گەنم و دانەوێڵەکانیان لە ماڵ بمێننەوە، بەڵام دونیاشکا، بە جووتێ پیرە گاجووتەوەو بە سندوقانی جل و بەرگ و کەلوپەلی دیکەوە بۆ لاتیشفای کەناری چیر، بۆ لای خزمانی خۆ ڕەوانە بکەن.

ئیدی تەقدیر دەگەڵ تەگبیردا یەکی نەگرتەوە، ئەو نەخشەیە بە تەواوەتی جێبەجێ نەکرا... بۆ بەیانی دونیاشکایان بەڕێ کرد، بەڵام لە نیوەڕۆدا مەفرەزەیەکی ئینزیبات لە قۆزاقان و کالموکانی سالسك، خۆیان بە تاتارسکی دا کرد. وادیار بوو یەکێکی خەڵکی گوند، پانتلی پروکوفیوفیچی بینی بوو کە بە دزییەوە گەڕابووەوە بۆ ماڵی خۆی، چونکە بە سەعاتێك دوای هاتنی مەفرەزەی ناوبراو، چوار کالموك، بە سواری ئەسپ، بە چوار ناڵە خۆیان گەیاندە بەر ماڵی میلیخوف. پانتلی پروکوفیوفیچ هەرکە سوارەکانی بینی بە پەلەو خێراییەکی سەیر خۆی گەیاندە ژێر شێروانیەکە. ئیلی نیچنا بە پیری میوانەکانەوە چوو. کالموکێکی بە تەمەنی، باڵا بەرز، کە خەت و قەیتانی ڕەیس عورفای بەشان و باڵەوە بوو، پرسی:

– پیرەمێرد لە کوێیە؟

ئیلی نیچنا، بە توندی وەڵامی دایەوە:
– لە جەبهەیە، دەتەوێ لە کوێ بێ؟
– پێشمان بکەوە، دەمانەوێ ماڵەکە بپشکنین.
– بۆچی، لەچی دەگەڕێی؟
عەریفێکی ڕواڵەت گەنج، سەرێکی لەقاندو، بەدەم گلەیی و گازاندەوە، دانەسپی و سفتەکانی وەدەرکەوتن و گوتی:
– لە پیرەمێردەکەت دەگەڕێین. بە ڕاستی شەرمە، پیرەژنێکی وەکو تۆ، بە سەری سپییەوە درۆ دەکەیت!
– پێویست ناکات دانم لێگر بکەیتەوە بەد فەساڵی لە ئۆمەت نەچوو! پێم گوتیت لێرە نییە و تەواو.
یارۆی کالموک کە پەست بوو بوو، گوتی:
– پێویست بە قسە ناکات! بمانبە ژوورەوە، دەنا بە تۆپزی دەچینە ژوورەوە.
و بە لاقە خوارەکانیەوە، بە هەنگاوی هەڕاوەوە بەرەو پلیکانەکانی بەر دەرگای ژوورەوە ڕۆیی. ژوورەکانیان، سەنگ و سوژن ناو بە زمانی کالموکی هەندێ قسانیان لە بەینی خۆیاندا کرد. پاشان، دوانیان چوون، تا بینایەکانی حەوشەی پشتەوە بپشکنن. لەم ماوەیەدا یەکێکی دیکەیان، کە کابرایەکی کونجی، لووت پسی، کورتە باڵای، ئەسمەری ڕەش، پانتۆڵە دەڵبەکەی هەڵکرد چوو بۆ ڕاڕەوەکە، ئیلی نیچنا لە میانی دەرگا نیمچە کراوەکەوە بینی کە خۆی هەڵداو دەستی بە کاریتەی بن میچەکەوە گرت و بە چاپوکی چووە سەرەوەو دوای پێنج دەقیقە هاتە خوارەوە. دوای ئەو پانتلی پروکوفیوفیچ بەدەم پرتەو بۆڵەوە، کە دەموچاوی یەکپارچە تەپوتۆزو، داوە جاڵجاڵۆکە بوو، لە ڕدێنەکەی ئالا بوو، بە پارێزەوە هاتە خوارەوە. تەمەشایەکی پیرەژنی کرد کە لێوەکانی هەڵقورتابوون، گوتی:
– ئەم بەد فەڕانە دۆزیمیانەوە! دیارە یەکێك خەبەری لێداوم...
پانتلی پروکوفیوفیچ، بە چاودێری چەند پاسەوانێك بەرەو مەڵبەندی ستانی کارگینسکایا، بۆ بارەگای دادگای عورفی سوپایی، ڕەوانە کرا. ئیلی نیچنا ماوەیەك گریاو لە کاتێکا گوێی لە دەنگی ڕمبەی مەترەلۆزان و مرق و هۆڕی دەستڕێژی ڕەشاشان، کە سەر لە نوێ دەستی پێکردبووەوە دەگرت، چوو بۆ عەماری دانەوێڵەکان، تا بەلای کەمەوە بڕێك گەنم بشارێتەوە.

((٢٢))

چواردە سەربازی فیرار چاوەڕوانی دادگایی خۆیان بوون. دادگاییەکان زۆر کورت و توند و بێ ڕەحمانە بوو. سەرۆکی دادگا، نەقیبێکی بە تەمەن بوو، ناوو ناوی باب و، شۆرەتی خانەوادەیی و، دەرەجەو یەکەی عەسکەری تۆمەتباری دەپرسی، ماوەی فیرارییەکەی دەپرسی و ورد دەکردەوەو دوای چەند قسەیەك دەگەڵ دوو ئەندامەکەی دیکەی دادگادا ( یەکێکیان ملازمێك بوو کە قۆڵێکی لە دەست دا بوو و، ئەویتریان عەریفێکی ڕیشنی قەڵەو بوو، کە هێندەی نانی

ئیسراحەت خوارد بوو، هەمووی کردبوو بە گۆشت و بەز) ئەوسا حوکمەکەی ڕادەگەیاند. زۆربەی فیرارەکان، بە جەڵدە مەحکوم دەکران. حوکمەکە، لە خانوویەکی چۆڵدا، کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرا بوو، بە دەستی کالموکەکان ئەنجام دەدرا. ژمارەی فیرارانی سوپای شەرڤانی دۆن، ئەوەندە زۆر بوون، کە نەدەکرا وەکو ساڵی ١٩١٨ بە بەرچاوی خەڵکییەوە، جەڵدەکاری بکرێن.

پانتلی پروکوفیوفیچ، شەشەمین کەس بوو کە بانگکرایە بەردەم دادگا. پەشۆکاوو ڕەنگ زەرد، دەستەکانی شۆڕ کردبوونەوە، لەبەر مێزی دادوەرەکاندا وەستا بوو. نەقیبەکە، بێئەوەی تەمەشای تۆمەتبارەکە بکات پرسی:

– ناوی شۆرەتت؟

– میلیخوف، قوربان

– ناوی خۆت و باوکت؟

– پانتلی پروکوفیوفیچ قوربان.

نەقیبەکە، چاوی لە سەر کاغەزەکانی بەردەمی هەڵبڕیو چاوانی بڕینە پیرەمێردو پرسی:

– کوێندەریت؟

– گوندی تاتارسکی، ستانی ڤیشنسکایا، قوربان.

– تۆ باوکی نەقیب گریگۆری میلیخوف، نیت؟

– بەڵێ، قوربان، باوکی ئەوم.

پانتلی پروکوفیوفیچ، لە ناکاوا بوژایەوە، زاتی وەبەر هاتەوە، وای هەست دەکرد، لە شەلاق دەخەلەسێت. نەقیبەکە، بێئەوەی چاو لە ڕوخساری لاواز بووی پانتلی پروکوفیوفیچ بگوازێتەوە، گوتی:

– باشە،تۆ شەرم لە خۆت ناکەیت؟

هەنگێ پانتلی پروکوفیچ، بە پێچەوانەی ئوسوڵەوە، دەستی چەپی خستە سەر سینگی و بە دەنگێکی گریان ئامێزەوە گوتی:

– جەنابی سەروان، قوربان، کارێکی وا بکە تا ماوم دوعای خێرت بۆ بکەم. مەیەڵە بەر جەڵدەم بدەن. دوو کوڕی خاوەن ژن و منداڵم هەبوون، یەکێکیان، گەورەکەیان لە شەڕی سوورەکاندا کوژرا... نەوەم هەن... ئاخر ماقوولە پیرەمێردێکی فەرتوس و نەگبەتی وەکو من بەر جەڵدە بدرێت؟

ملازمە یەك دەستەکە، کە گۆشەکانی لێوی لە تووڕەییدا تەتەڵەیان دەکرد گوتی:

– ئێمە لە سەرمانە پیران و گەنجان تەمبێ بکەین و فێریان بکەین کە چۆن خزمەت بکەن. بە تەما بووی لە بری هەڵاتنت لە خزمەتی عەسکەری، خەڵات بکرێیت، خاچت بدرێتێ؟

– خاچم ناوێ، بۆ چیمە؟... بمنێرنەوە بۆ یەکەکەی خۆم، بەوپەڕی دڵسۆزی خزمەت دەکەم....من خۆمیش نازانم چۆن فیرارم کرد. هەڵبەتە شەیتان ئەمەی پێکردووم.

دوای ئەوە، پانتلی، چەند ڕستەیەکی پچڕ پچڕو بێسەرو بەری دەربارەی خەرمانی نەکوتراو، دەربارەی لاقە شەلەکەی، دەربارەی موڵك و ماڵە بێ خاوەنەکەی گوت، بەڵام نەقیبەکە بە ئاماژەی دەست بێدەنگی کردو سەری بردە پەنا گوێی ملازمەکەو ماوەیەکی زۆر بە گوێیدا چپاند.

ملازمەکەش پەیتا پەیتا سەری بۆ لەقاندو نەقیبەکە جارێکی دی ڕووی کردە پانتلی پروکوفیوفیچ:

– ئێ، تەواو، هەموو قسەیەکی خۆت کرد؟ من کوڕەکەت دەناسم و پێم سەیرە کە باوکێکی وەهای هەبێ، لە کەیەوە فێرارت کردووە؟هەفتەیەکە؟ یانی تۆ حەز دەکەی سوورەکان، گوندەکەتان بگرن و پێستی سەرت بگوروون؟ ئاوا دەبی بە سەر مەشقی گەنجەکان؟ بە پێی یاسا ئێمە دەبێ سزای بەدەنیت بۆ بڕینەوە، بەڵام لەبەر خاتری پلەو پایەی ئەفسەری کوڕەکەت، لەم عەیبەو ڕیسواییەت خۆشم دەبم. تۆ عەسکەریت کردبوو؟

– بەڵێ، قوربان.

– چ دەرەجەیەکت هەبوو؟

– قوربان نایب عەریف بووم.

یارۆی نەقیب، دەنگی بەرز کردەوەو بە ئەمرەوە گوتی:

– تەنزیل دەرەجە دەکرێی بۆ سەربازی ڕووت، یەکسەر بڕۆو پەیوەندی بکە بە یەکەکەتەوە. بە فەرماندەی سریەکەت بڵێ کە بە گوێرەی بڕیاری دادگای عەسکەری، دەرەجەی نایب عەریفیەکەت لێسەنراوەتەوە. لەم شەڕەدا یان لە شەڕانی پێشوودا میداڵت وەرگرتبوو؟... دەبڕۆ دەی!.

پانتلی پروکوفیوفیچ، کە خەریک بوو لە خۆشیا باڵ بگرێت، لەوێ وەدەرکەوت و لە بەردەم کلێسایەکدا، نیشانەی خاچی کێشا... بە گردەکاندا هەڵگەڕاو بەرەو گوندەکەی خۆیان وەڕێکەوت. لە کاتێکا کە بە نێو پەرێزانی پڕ گیاو دڕك و داڵاندا، بە شەلە شەل دەڕۆیی، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئەمجارەیان، بە جۆرێکی دی خۆم دەشارمەوە. وا خۆم قایم دەکەم ئەگەر سێ سریە کالموکیش بنێرن، نەتوانن بمدۆزنەوە".

کە گەییە دەشتەکە، بڕیاری دا بۆ ئەوەی سەرنجی ڕێبواران ڕانەکێشێت بە ڕاستە جادەکەدا بڕوات. لەو کاتەدا کە بە نێو وەردەکاندا بەرەو ڕاستە ڕێگا هاوینەکە، کە یەکپارچە گیای زمانە بەرخە داپۆشی بوو، دەهات، بە دەنگی بەرز بە خۆی دەگوت: "بێگومان، یەکسەر بە فێرارم دەزانن و ئەگەر تووشی دەستەیەك لەو سەربازە جدیانە ببم، یەکسەرو بە بێ دادگا، لە ژێر قامچیدا دەم پسێنن." سەیر ئەوە بوو کە ئیدی خۆی بە سەربازی فێرار نەدەزانی.

تا لە دۆن نزیکتر دەبووەوە، تووشی عەرەبانەی زیاتری ئاواران دەبوو. ئەوەی کە لە بەهارا، لە کاتی پاشەکشەی یاخییەکاندا، بۆ ڕەخی چەپی دۆن ڕووی دابوو، هەنووکە تازەو دووبارە دەبووەوە. هەر عەرەبانەو گالیسکەیێن پڕ لە شڕەو پڕەی ناو ماڵ بوو و بەو دەرو دەشتەدا وەر بوو بوون. گاگەڵ دەیان بۆڕاند، مێگەلە پەزو ڕانە مەڕان، وەکو کەتیبەیێن سوارە، بە دەم ڕێوە تۆزیان لە دوو خۆ هەڵدەستاند... ئیدی جیڕەجیڕی چەرخی عەرەبانان و حیلەو کوڕژنی ئەسپان، هەراو زەنای بەشەران، خرمژنی سمێن بێشوماری ئەسپان و باڕەی پەزو گریەی منداڵان و هەراو زەنای لە پەستاو بێڕانەوەی بەشەران، ئەو دەشتە ئارام و خامۆشەی پڕکردبوو.

قۆزاقێکی نەناس، کە سەری بە سارغیەك بەستبوو، لە سەر عەرەبانەیەکەوە هاواری کرد:

– بۆ کوێ دەڕۆی باپیرە؟ بگەڕێوە. سوورەکان لە دوومانن.

پانتلی پروکوفیوفیچ، هەڵوەستەیەکی کرد، بە ترسەوە گوتی:

– درۆ دەکەی کوا سوورەکان لە کوێن؟

– لەو بەری دۆنن. خەریکە لە ڤیشنسکایا نزیك دەبنەوە. چیە دەتەوێ بچی بۆ لایان؟

پـانتلی پروکوفیـوفیچ، وەخۆهاتـەوەو درێـژەی بـە ڕێگـای خـۆی دا. دەمـەو ئێـوارە گەییـە تاتارسکی. کـە لـە گردەکـەوە دادەگـەڕا ڕوانیـە دەوروبـەری خـۆی، پێـی سـەیر بـوو، کـە گوندەکـە چۆڵ‌و هـۆڵ دیاربوو. بەنی بەشەر بە جادەو کۆڵانەکانـەوە نـەبوو. پەنجـەرەی ماڵـەکان خڕ داخـرا بوون. نـە دەنگـی بەشـەرێك دەهـات، نـە بۆڕەی چێلێك. بـەڵام قەرەباڵغی‌و جم‌و جووڵ بـە کـەناری دۆنەوە دیاربوو. پانتلی پروکوفیوفیچ نزیـك بووەوە، بـە ئاسـانی ئـەو قۆزاقـە چەکدارانەی دەبینـی کە بەلەمـەکانیان لـە ڕوبارەکـە دەردێنـاو بـۆ گونـدیان دەبـرد. ئیـدی دیـاربوو کـە خەڵکـی تاتارسکی گوندەکەیان بە تـەواوەتی چۆڵ کردبوو. پیرەمێرد بە پارێزەوە خۆی بە لاکۆڵانەکانا کردو بـەرەو ماڵەکەی خۆی پەل بووەوە. ئیلی نیچناو منداڵەکان لە مووبەقەکەدا بـوون. میشـاتکا، بـە شـادیەوە قریشکاندی:

– ئەوە باپیرەمە!

و دەستی لە ملی باوە گەورەی وەرینا.

ئیلی نیچنا، لە خۆشیا دەستی بە گریان کردو بە دەم هەنسك‌و فرمێسك ڕشتنەوە گوتی:

– ئیدی ئومێدی ئەوەم نەبوو جارێکی دی بتبینمەوە، پروکوفیوفیچ، تۆ هەرچیەك دەڵێـی، بیڵـێ، مـن ئامـادە نـیم چـیتر لێـرە بمێـنم. بـا هـەر چیەکمان هەیـە بسـووتێ، مـن ئامـادە نـیم پاسـەوانی خـانووی چـۆڵ‌و هـۆڵ بکـەم. خـەڵکی هـەموو ڕۆییشـتوون، تـەنیا مـنی گـەوج بـەم منداڵانـەوە لێـرە دانیشتووم! هـەر ئێسـتا ماینەکـە لـە عەرەبانەکـە ببەسـتەو، بـا سـەری خـۆ هـەڵگرین‌و بـڕۆین. باشـە بەریان دایت ؟

– بەڵێ.

– بە ڕاستی؟

– بە ڕاستی، تا جارێکی دی دەمگرنەوە...

– باشـە، خـۆ تـۆ نـاتوانی خـۆت لێـرە بشـاریتەوە! ئـەم بەیانییـە کـاتێ سـوورەکان لـەو بـەرەوە دەسـتیان بـە تەقـە کـرد، مەگـەر خـوا بزانـێ چـەند ترسـام! بـە درێـژایی تەقـەکان، منداڵـەکانم بـردو چووینە ژێـر زەمینەکـەوە، بـەڵام ئـەنجام پاشەکشـەیان کـرد. چـەند قۆزاقێـك هـاتن‌و داوای شـیریان کرد، ئامۆژگاریان کردین کە لێرە بڕۆین.

پانتلی پروکوفیـوفیچ، بـە دیقـەت ڕوانیـە ئـەو کونـە تازەیـەی کـە گوللـە کردبوویـە چـوار چێوەی پەنجەرەکەو پرسی:

– قۆزاق؟ خۆ هی گوندی خۆمان نەبوون؟

– نە، غەریب بوون، وا بزانم خەڵکی خوپەر بوون.

پانتلی پروکوفیوفیچ، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

- فایدەی نییە، دەبێ بڕۆین.

دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ، لە ناو عەمارەکەدا چاڵێکی هەڵکەندو حەوت فەردە گەنمی تێ ناو، زۆر بە وردی گڵی کرد بە سەریاو تەپاڵەی لە سەری کەڵەکە کرد. کە دنیا تەواو تاریك بوو، ماینەکەی لە عەرەبانە چکۆلەکە بەست و دوو پۆستین و فەردەیەك ئاردو، بڕێك هەرزن و بەرخێکی دەست و پێ بەستراوی لێبارکردو هەر دوو چێڵە شیردەرەکەشی لە دووی عەرەبانەکە بەست و ئیلی نیچنا و هەردوو منداڵەکەی سوار کردن

- دەی با بڕۆین، بە ئومێدی خودا!

عەرەبانەکەی لە حەوشە بردە دەرێ، هەوسارەکانی دایە دەست پیرەژن، دەروازەکەی داخست و لە کاتێکا بەسەری قۆڵی پۆستینەکەی چاوی دەسڕی و هەنسکی هەڵدەدا، شانبەشانی عەرەبانەکە کەوتە ڕێ تاگەیینە ناو گردەکان.

((٢٣))

لە هەڤدەی ئەیلولدا، چەند یەکەیەکی مغاویری سوپای سوور بە فەرماندەیی شورین، دوای سی فرسەخان ڕێگە، گەیینە کەنارەکانی دۆن. بەیانی ڕۆژی ١٨/ئەیلول، تۆپخانەێن سوپای سوور، بە درێژایی هێڵی ڕوبارێن میدڤیدیتساو دۆندا تا ناوچەی کازانسکایا، کەوتنە تۆپباران، هێزی پیادەی سوور، دوای تۆپبارانێکی کەم. توانی گوندەکانی کەناری بوکانوفسکایاو ڤیشنسکایا بگرن. هەر ئەو ڕۆژە کەناری چەپی دۆن بە درێژایی سەدو پەنجا فرسەخان، لە هێزی سوپای سپی پاککرایەوە. سریەکانی قۆزاق، پاشەکشەیان کردو بە نەزم و نیزامی تەواو لە دۆن پەڕینەوەو لەو شوێنانەدا کە پێشوەختە درا بوونەچاو، گیرسانەوەو جێگیر بوون. هەموو جۆرە ئەوزارێکی پەڕینەوە لە ئاویان، پێبوو، تەنیا پردەکەی ڤیشنسکایا نەبێ کە لە زگ بوو بکەوێتە دەست سوورەکان. قۆزاقەکان، کایان هەڵڕشتبووە سەر لەوحی داریـنی پردەکەو نەوتی سپیان پێدا کردبوو، تا پێش ئەوەی، ئەوێندەر بەجێ بێڵن، ئاگری تێبەربدەن، ئیدی لە ئان و ساتدا بوو ئاگری تێبەربدەن کە پەیکێك، بە سواری ئەسپێك، بەپەلە گەییە ئەوێ و خەبەری هێنا کە یەکێك لە سریەکانی کەتیبەی سی و حەوت، بۆ ئەوەی لە ئاوەکە بپەڕێتەوە، لە گوندی پیریڤۆزنییەوە بەرەو پردی ڤیشنسکایا بەڕێوەیە. جا ئەو سریەیەی کە دوا کەوتبوو، ڕێك لەو کاتەدا، بەرەو پردی ناوبراو دەهات کە هێزی پیادەی سوورەکان خۆیان بەم ناوچەیەدا دەکرد. قۆزاقەکان توانیان لە ژێر ئاگربارانی ڕەشاشاندا، لە پردەکە بپەڕنەوەو لە دوای خۆیانەوە ئاگری تێبەر بدەن. بەڵام لەم کارەدا دە بریندارو کوژراویان دا، لە گەڵ دە ئەسپدا.

گوندو شارۆچکەکانی کەناری چەپی، دۆن تا کۆتایی ئەیلول، بە دەستی کەتیبەکانی سەر بە فیرقەی بیست و دوو و بیست و سێی سوپای نۆیەمی سوورەوە مایەوە. ڕوباری دۆن، هێزە هەڤدژەکانی لێکدی جیا دەکردەوە، کە لەو وەرزەدا پانی ڕوبارەکە لە دوو سەد یاردەیەك پتر نەدەبوو و خۆ لە هەندێ شوێندا، تەسك دەبووەوە بۆ هەفتا یاردەیەك. سوورەکان، هیچ هەوڵێکی جدیان نەدەدا کە لە ئاوەکە بپەڕنەوە. لێرەو لەوێ، چەند سووکە هەوڵێکی پەڕینەوەیان دا، بەڵام

لە لووتیان دراو پاشەکشەیان پێکرا. لە سەرانسەری ئەم بە شەی جەبهەکەدا، تۆپباران و ئاگر بارانی ڕەشاشان دوو دانە هەفتە بە توندی بەردەوام بوو. بە رزاییەکانی دیار کەناری دۆن، بە دەست قۆزاقەکانەوە بوو، بەردەوام ئەم گوزەرگایانەیان بەر دەستڕێژان دەدا کە دەچوونەوە سەر روبارەکەو، شوێنی خڕبوونەوەی دژمن بوون، ئیدی دژمن نەیدەتوانی بە ڕۆژەوە، بە کەنارەکەدا هاتوچۆ بکات. بەڵام چونکە هێزو سریەکانی قۆزاقانی ئەم بەشەی جەبهەکە لاوازترین و بێ وەترین هێزو قوەت بوون ( بریتی بوون لە پیرەمێردان و لاوانی هەڤدە نۆزدە ساڵان) ئەمانیش لای خۆیانەوە هەوڵیان نەدەدا لە دۆن بپەڕنەوەو پەلاماری کەناری چەپی دۆن بدەن تا پاشەکشە بە سوورەکان بکەن.

قۆزاقەکان، پاش ئەوەی بۆ کەناری ڕاستی دۆن پاشەکشەیان کرد، بەردەوام بە تەمای ئەوە بوون کە بڵێسەی ئاگر، لە ماڵەکانی ئەو گوندانەوە بەرزببێتەوە کە لە ژێر دەستی سوورەکاندا بوون، قۆزاقەکان، دوای چەند ڕۆژێك کە هیچ دووکەڵ و ئاگرێکیان، بەدی نەکرد، زۆریان سەر سوڕما. ئەو دێهاتیانەی بە شەوان، لە ڕوبارەکەیان دەداو بۆ ڕەخی لای قۆزاقەکان دەپەڕینەوە، بۆیان دەگێڕانەوە کە سوورەکان دەست بۆ ماڵی کەس نابەن، بە پێچەوانەوە، هەرخواردنێکیش لە خەڵکی وەربگرن، پارەکەی بە زیادەوە دەدەن، تەنانەت پارەی گندۆرەش، کە وەکو کا وایە، دەدەن، هەر هەمووی بە پارەی سۆڤیاتی دەدەن. ئەمە سەرسامی و حیرەتێکی زۆری خستە ناو قۆزاقەکانەوە. وایان وێنا دەکرد، کە سوورەکان، دوای نیشتنەوەی ڕاپەڕینی یاخیەکان، هەر هەموو ئەو گوندو دەڤەرانەی کە مەڵبەندو سەرچاوەی یاخی بوون، بوون، تەخت بکەن و ئاداری بەسەر پاداریەوە نەهێڵن. وایان تەسەور دەکرد، گشت ئەو خەڵکانەی کە مابوونەوە، یان بەلای کەمەوە پیاوەکانیان، بکوژن. بەڵام هەواڵە باوەڕپێکراوەکان ئەوەیان دەسەلماند کە سوورەکان، لە گوڵ کاڵتر بە خەڵکانی ئاشتیخواز ناڵێن و هەموو بەڵگەکان ئەوەیان دەسەلماند، کە هەرگیز لە بیری تۆڵە سەندنەوەدا نین.

شەوی نۆزدەی ئەیلول، قۆزاقانی خوپەر کە لە بەرانبەر ڤیشنسکایادا سەنگەریان گرتبوو، لێبڕان کە ئەم ڕەفتارە سەیرەی دژمن تاقی بکەنەوە. قۆزاقێك کە دەنگی یەجگار بەرز بوو، هەردوو دەستی لە شێوەی ڕەحەتی و شەیپوردا خستنە ئەملاو ئەولای دەمی و هاواری کرد:

– ئەهای، ورگ سووران! بۆچی ئاگر لە ماڵەکانمان بەرنادەن؟ شقارتەتان نییە؟ بە مەلە وەرن بۆ ئەمبەر با شقارتەتان بدەینێ.

دەنگێکی بەرز لە تاریکییەکەوە وەڵامی دایەوە:

– فریا نەکەوتین خانەبگێرتان بکەین، دەنا خۆتان و ماڵەکانمان پێکەوە دەسووتاندن!

قۆزاقە خوپەرییەکە بە تەوسەوە وەڵامی دایەوە:

– چییە نابووت بوون؟ هیچتان نییە ئاگری پێبکەنەوە؟

دەنگی نەرم و هێورو شۆخی ئامێز هاتە قسە:

– تۆی قەحپەی سپی، وەرە ئەمبەری ئاوەکەوە، ئاگرێکی وات لە قوون دەکەین کە تا ماوی لە خارشت نەکەوێ.

ئەم شەڕە جنێوە تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو، پاشان چەند دەستڕێژێکیان بە سەر یەکدا کردو ئیدی بێدەنگ بوون.

لە هەوەڵین ڕۆژانی هەیڤی ئۆکتۆبەرا، هێزی سەرەکی سوپای دۆن، کە بریتی بوو لەو دوو فەیلەقەی کە لە ناوچەی کازانسکایا پاڤلوفسکدا ئۆردوبەزیان کردبوو، دەستیان بە هێرش کرد. فەیلەقی سێیەمی دۆن کە بریتی بوو لە هەشت هەزار پیادەو پتر لە شەش هەزار سوارە، لە نزیکی پاڤلوڤسك، لە دۆن پەڕییەوەو پاشەکشەی بە فیرقەی پەنجاو شەشی سوورەکان کردو دەستی بە پێشڕەوییەکی سەرکەوتوانە بەرەو ڕۆژهەڵات کرد. دوای ماوەیەك فەیلەقی دووەمیش بە سەرکردایەتی کونوڤالوڤ، لە دۆن پەڕییەوە. باڵا دەستی هێزی سوارە، کردیە کارێك کە ئەم فەیلەقە بچێتە قوڵایی جەبهەی دژمنەوەو چەند جەزرەبەیەکی گورچکبڕی لێبدات. فیرقەی بیستو یەکی هێزی پیادەی سوورەکان، کە تا ئەو کاتە وەکو هێزی یەدەك دانرا بوو. هێنرایە مەیدانی شەڕەوەو بۆ ماوەیەك، پێشڕەوی فەیلەقی سێی دۆنی ڕاگرت، بەڵام لە هەنبەر گوشاری هەردوو فەیلەقەکەی دۆن، کە ئێستا یەکیان گرتبوو، ناچار بوو پاشەکشە بکات. ڕۆژی چواردەی ئوکتۆبەر، فەیلەقی دووی قۆزاقان، فیرقەی چواردەی پیادەی هێزی سوورەکانی تێکشکاندو تاكو تەرایان لێدەرچوو. لە زەرق یەك هەفتەدا سوورەکان لە کەناری چەپی دۆنەوە تا ڤیشنسکایا، پاشەکشەیان پێکرا. کە ئەم پردە گەورەیە کەوتە بەردەستی هەردوو فەیلەقەکەی قۆزاقان، ئیدی قۆزاقەکان بەردەوام بوون لە گوشار خستنە سەر سوورەکان، ئەوە بوو سوپای نۆیەمی سووریان تا هێڵی لوزوڤ – شیرینکین– ڤوروبیوفکا دایە دواوەو فیرقەی بیستو سێی سوپای نۆیەمیان ناچار کرد کە بە پەلە، لە بەشی باشووردا، لە نێوان ڤیشنسکایاو گوندی کروگلوفسکیدا، جەبهەکەی خۆی ڕێکبخاتەوە.

تەقریبەن هاوکات لە گەڵ فەیلەقی دووەمی جەنەراڵ کونوڤالوڤدا، فەیلەقی یەکەمی دۆنیش کە لە نزیکی ناوچەی کلتسکایادا جێگیر بوو، لە قۆڵی خۆیەوە، لە ڕوبارەکە پەڕییەوە.

هەڵبەتە هەردوو فیرقەی بیستو سیٚو بیستو دووی سوورەکان کە لە ڕەخی چەپی ڕوباری دۆندا ئۆردوبەزیان کردبوو، دەکەوتنە بەر هەڕەشەو مەترسی گەمارۆوە. بۆیە فەرماندەی بەرەی باشووری ڕۆژهەڵات، فەرمانی بە سوپای نۆیەم دا کە پاشەکشە بکەن بۆ ئەو هێڵەی کە لە ڕێژگەی ڕوباری ئیکۆرتسەوە بەرەو هێڵی بوتورلینوفکا – کومیل ژنسکایا درێژ دەبووەوەو لەوێدا سەنگەر بگرن. بەڵام سوپای نۆیەم نەیتوانی لەوێش پایەداری بکات. ئیدی چەندین سریەی نا هەماهەنگی قۆزاقان کە لە ڕێگای جارو سەربازگیری گشتییەوە کۆکرابوونەوە لە ڕەخی دەستە ڕاستی ڕوبارەکەوە بەرەو ڕەخی چەپ پەڕینەوەو، دەگەڵ هێزە سوپاییە هاوئاهەنگەکانی فەیلەقی دووەمی دۆندا یەکیان گرتەوەو سوورەکانیان بەرەو باکوور ڕاونا. ئیدی لە ماوەی نێوان ٢٤– ٢٩ی ئۆکتۆبەردا، سپیەکان، وێستگەکانی فیلونوڤو و پورڤورینوو شارۆچکەی نوڤوخوپرسك)یان گرت. بەڵام وێڕای هەموو سەرکەوتنە گەورەکانی سوپای دۆنی قۆزاقان لە مانگی ئۆکتۆبەردا، بەڵام قۆزاقەکان هەمان ئەو دڵنیایی و ورە بەرزیو جۆشو خرۆشەی بەهاریان نەبوو کە بەدەم سەرکەوتنەوە بەرەو مەرزەکانی باکووری ناوچەی دۆن، هێرشیان

دەبردو بە جۆرێ پێشڕەوییان دەکرد کە لە تۆ وایە باڵیان گرتبوو. زۆربەی ئەوانەی لەم شەڕەدا بەشدار بوون، دەیانزانی ئەم سەرکەوتنە تا سەر نییەو کاتیەو ئەوپەڕی دەتوانن تا زستان خۆ بگرن.

لە ناکاوا، لە جەبهەی باشووردا بارودۆخەکە گۆڕا، شکستی سوپای داوخواز، لە شەڕی گشتی جەبهەی ئوریل — کرومی و ئۆپەراسیونە درەخشانەکانی هێزی سوارەی بودیونی لە کەرتی ڤورونیچدا، ئاراستەو ئاینەدی شەڕەکەی گۆڕی: لە مانگی تشرینی دووەمدا، سوپای داوخواز بەرەو باشوور شۆڕ بووەوەو قۆڵی چەپی سوپای دۆن بەبێ پشتیوان مایەوەو ئەنجام ئەویشی دەگەڵ خۆیدا ڕاکێشاو ناچار کەوتە پاشەکشە.

((٢٤))

پانتلی پروکوفیوفیچو خانەوادەکەی دوو هەفتە و نیویان لە گوندی لاتیسشفدا، بە ئاسوودەیی بردە سەر، بەڵام پیرەمێرد هەرکە بیستی سوورەکان لە دۆن پاشەکشەیان کردووە، خۆی ئامادە کرد کە بۆ گوندەکەی خۆیان بگەڕێتەوە. کە گەیینە پێنج فرسەخی تاتارسکی، پیرەمێرد، لە گالیسکەکە دابەزیو گوتی:

– من تاقەتی ئەوەم نییە بەم خاوە خاوە بڕۆم! لەبەر ئەم دوو چێڵە نەگریسە ناکرێت بە چوار ناڵە بڕۆین! نازانم بۆچی بە ملی شکاومان، لە گەڵ خۆمانا هێنامانن؟ دونیاشکا، گاجووتەکان ڕاگرە! چێڵەکان لە عەرەبانەکەی خۆت ببەستە. من بە یۆرغە دەڕۆم بۆ ماڵەوە، ڕەنگە ئێستا جگە لە چنگێك خۆڵەمێش هیچی دی لێنەمابێتەوە...

پیرەمێرد کە زۆر بێتاقەت بوو، منداڵەکانی لە عەرەبانە چکۆلەکەی خۆیەوە گواستنەوە بۆ ناو عەرەبانە گەورەکەی دونیاشکاو هەرچی باری زیادەش هەبوو گواستییەوە بۆ ناو عەرەبانەکەی ئەو و باری عەرەبانەکەی خۆی تەواو سووك بوو، ئیدی دەی لە پیرە ماین کردو بە جادە پڕ کۆسپ و ناهەموارەکەدا تاوی دا. دوای فرسەخە ڕێگایەك، پیرە ماین لە ئارەقەدا هەڵکشا، خاوەنەکەی هەرگیز بەو دڵڕەقیە ڕەفتاری دەگەڵ نەکردبوو: لە پەستاو بێپسانەوە بەر قامچی دەداو دەی لێدەکرد. ئیلی نیچنا، کە لە تاو هەڵتەك هەڵتەکی عەرەبانەکە، برۆی وێك هاتبوونەوە، خۆی بە قەراخی عەرەبانەکەوە گرت و گوتی:

– ئەم ماینە دەکوژی! ئەم پەلە پەلەت لە چیە؟

پانتلی پروکوفیوفیچ، لە بن لێوانەوە، گوتی:

– بە هەر حاڵ، خۆ ئەم ماینە نایاتە سەر قەبرەکەم بۆم بگری...دێ دەی نەگریس! ئەوە ئارەقەت کردووەتەوە؟ ئێستا پێتی نیشاندەدەم ئارەقە کردنەوە چۆنە! ڕەنگە ئێستا هەموو ماڵەکەمان سووتا بێ و بووبێ بە چنگێك خۆڵەمێش...

نیگەرانییەکانی دروست دەرنەچوون. ماڵەکە بەدەقی خۆیەوە مابوو، بەڵام شووشەی پەنجەرەکان زۆربەیان شکا بوون. دەرگا لە پاژنە دەرهێنرا بوو، دیوارەکان یەکپارچە جێگا گوللە بوون. هەموو شتێکی ناو حەوشەو بانەکە، بێخاوەنیو چۆڵەوانی پێوە دیار بوو. گوللە تۆپ سووچێکی تەویلەکەی بردبوو، گوللە تۆپێکی دیکە لە نزیکی بیرەکە کەوتبووەوەو دیواری بیرەکەی داڕوخاندبوو، چەرخی ئاو هەڵکێشانەکەی کردبوو بە دوو لە تەوە. جەنگ، کە پانتلی پروکوفیوفیچ لە ترسیا هەڵاتبوو، بە پێی خۆی هاتبووە ناو ماڵەکەی و شوێنەواری وێرانییەکی سەیری لە دووی خۆی بەجێ هێشتبوو. بەڵام گەورەترین زیانێک کە لەو کەوتبوو، کاری قۆزاقانی خوپەر بوو کە لە تاتارسکیدا ئۆردوبەزیان کردبوو: ئەمانە پەرژینی دوورو درێژی تەویلەکەیان ڕوخاند بوو، سەنگەری قووڵیان، هەر یەك بە قەد باڵا زەلامێك، تیادا هەڵکەند بوو، دیوارەکانی عەماری گەنمو دانەوێڵەکەیان ڕوخاند بوو، دیرەكو کاریتەکانیان دەرهێنا بوو و دابوویانە بەر دیواری سەنگەرەکانی خۆیان، لایەکی دیوارە بەردینەکەیان کون کردبوو، کردبوویان بە سەنگەر بۆ ڕەشاشەکەیان. لە بێ موبالاتیا، ئەسپەکانیان بەردابووە سەر کادینەکەو لایەکی تەواوی ئالیك و کایەکەیان خەسار کردبوو. داری پەرژینەکانیان دەرهێنا بووو سووتاندبوویان، کوانگ و ئاگردانەکەیان تێکدابوو...

پانتلی پروکوفیوفیچ، دوای ئەوەی هەموو کونو کەلەبەرێکی خانوو و ماڵەکەی گەڕا، سەری لە نێو هەردوو دەستی نا. پانتلی پروکوفیوفیچ، عادەتی وا بوو، کە زەرەروزیانێکی لێکەوتبا، بەوە دڵخۆشی خۆی دەدایەوە کە هیچ نییەو زۆر بە هەندی نەدەگرت، بەڵام ئەمجارەیان وا نەبوو. بە ڕاستی نەیدەتوانی بەوە دڵی خۆی بداتەوە، کە ئەوەی کۆی کردبوونەوە هیچ نەبوونو تەنیا بۆ شکانو سووتان باش بوون! خۆ عەمار پاڵتۆیەك نیە تا خەفەتی بۆ نەخوات، خۆ ئەو خانووەی بە هەوەنتە دروست نەکردبوو.

ئیلی نیچنا، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– دەڵێی قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان عەمارێك لێرەدا نەبووە!

پانتلی پروکوفیوفیچ بە پەلە بەرسڤی دایەوە:

– عەماری چی، بە ڕاستی...

قسەکەی تەواو نەکرد. دەستێکی بە نائومێدی هەڵتەکاندو بەرەو خەرمانگاکە ڕۆیی.

دیوارەکانی خانووەکە، هێندەیان گوللەو پارچە تۆپان تێکەوتبوو، لە تۆ وایە جێ ئاوڵەیە، بە ڕاستی دیمەنێکی ناحەزیان هەبوو و، بێخاوەنیان پێوە دیار بوو. با بە گڤ و هۆڕ خۆی بە هەموو ژوورەکاندا دەکرد، گەردو تۆزێکی زۆر نیشتبووە سەر مێزو ئەسکەمیلەکان. ماوەیەکی زۆری دەویست تا هەموو شتێکی ماڵەکە وەکو خۆی لێبکرێتەوە!

پانتلی پروکوفیوفیچ، بۆ ڕۆژی دوایی بە سواری ماینەکەی چوو بۆ ڤیشنسکایا، دوای هەوڵێکی زۆر، ئەوجا توانی ڕاپۆرێکی پزیشکی لە پزیشکیارەکەی دۆستی وەربگرێت، کە گوایە قۆزاق پانتلی میلیخوف، بە هۆی سەقەتی لاقیەوە ناتوانێ ڕێبکاتو پێویستی بە چارەسەرە. ئەم ڕاپۆرە، کردیە کارێك کە پانتلی پروکوفیوفیچ لە چوونە جەبهە مەعاف بکرێت. ئیدی ڕاپۆرەکەی

نیشـانی ئـەتامان دا، هـەر جـارێکیش چـووبا بـۆ ئیـدارەو ئەنجوومـەنی گونـد، بـە ئانقەسـت دار عاسایەکی بە دەستەوە دەگرت و هەر جارەی بە سەر لاقێکیا دەلەنگی.

ژیان لە تاتارسکیدا، هەرگیز ئەم ئاژاوەو بێسەروبەری و پاشاگەردانییەی بە خۆوە نەبینی بوو، بە تایبـەتی لـە دوای گەڕانـەوەی ئـەم دواییـەی خەڵکە ئاوارەکەوە. خـەڵکی ئـەم مـاڵ و ئـەو ماڵیـان دەکـرد، بـۆ ئـەو شـتانەیان دەگـەڕان کـە قۆزاقـانی خوپـەر بڵاویـان کردبوونـەوەو دزی بوویـان. دەشت و دەریـان بـە دوای ئـەو چێڵ و ئاژەڵانەیانـدا تـەی دەکـرد، کـە لـە گایـەل دابـڕا بـوون و دزرا بـوون. لـە یەکـەمین ڕۆژی تۆپبـارانی تاتارسـکیدا، مێگەلـە پـەزێکی سـێ سـەد سـەری، خـەڵکی گەڕەکی سەرووی گوند، دیار نەمابوو. بە گوتەی شوانەکە، گوللە تۆپێك لـە بەردەم مێگەلەکە، کە لـە لەوەڕگـەدا بـوون، تەقییـەوەو پـەزەکان ڕەوینـەوەو لـە ترسـا بـە دوگ بادانـەوە، ڕوویـان کردبـووە دەشـتەکەو ئیـدی لـەو ڕۆژەوە بێسـەرو شـوێن بـوون. خـەڵکی گونـد، دوای هەشـت ڕۆژان، لـە چـل فرسەخی گوندا، لە قەڵەمڕەوی ستانی ئیلانسکایا دۆزیبوویاننەوە، بەڵام کە مێگەلەکەیان بەسـەر کردبووەوە، سەیریان کردبوو نیوەی مێگەلەکە، نامۆن و دامغەیـەکی نادیـار بـە گوێیانەوەیە. بەڵام پەزێن گوندی تاتارسکی پەنجا سـەری کـەم بـوو. مەکینەیـەکی خـەیاتی ماڵی بوگـاتیریوف، لـە نـاو بێسـتانەکەی مـاڵی میلیخوفـدا کـەوتبوو و، پـانتلی پروکوفیـوفیچ، چـینکۆی سـەر عەمارەکـەی خۆیـانی لـە خەرمانگایەکـەی مـاڵی ئانیکوشـکادا دۆزییـەوە. هـەمان شـت لـە گونـدەکانی دەوروبەریشدا ڕووی دابوو. تا ماوەیەکی زۆر خـەڵکی گوندەکانی کـەنار دۆن، لە دوورو نزیکەوە، بە دووی ماڵی خۆیدا بۆ تاتارسکی دەهاتن و تا ماوەیەکی زۆر کاتێ کە خـەڵکی دەگەییـنە یەکـدی، پرسیاریان لێکدی دەکرد: "ئەرێ مانگایەکی سووری، تەوێڵ قەشـانت نەدیووە کە شـاخی چـەپی شکاوە؟" یا "ئەرێ گوێرەکەیەکی قاوەیی یەك ساڵەتان نەدیوە کە بە ڕێکەوت هاتبێتە ئەم ناوە؟"

گومان لەوەدا نەبوو کە زۆر گوێرەکەی یەك ساڵە، لە نێو قازان و مەنجەڵێن، ئاشـخانەی گـەڕۆکی مەیـدانی سـریەی قۆزاقەکانـدا گـوم بـوو بـوون، بـەڵام خاوەنـەکانیان بـە ئومێـدی دۆزینـەوەیان دەشت و دەریان دابووە ژێر پاوەو تا بە تـەواوەتی لە فەوتانیان دڵنیـا نـەبوون، وازیـان لـە تاقیب و گەڕان نەهێنا.

پانتلی پروکوفیوفیچ، پاش ئەوەی لـە خزمـەتی عەسـکەری مـەعاف بوو. بـە جـدی کەوتـە نۆژەن کردنەوەی خانووبەرەکەی و دیوارو پەرژینەکانی خەرمانی گەنمەکەی کە بە نیوەچڵی مـابووەوە، لە خەرمانگایەکە کەوتبوو و مشکانی چاوچنۆك تێی کەوتبوون و تـەراتێنیان تیا دەکرد، کەچـی پیرەمێرد نەدەچوو بەلایا کـە بیکـوتێ. بـەڵێ، خـۆ نـابێ بـە هـەزار بەشـەوە، دیـوار چاك بکاتـەوە، پەرژین هەڵبەستێتەوە، عەمار دروست بکاتەوە، سەرانسەری خانوو بەرەکەی هـەر وێرانـە بوو، لـە کوێ بەو حاڵەوە دەیپەرژایە سەر خـەرمان کوتین؟ ئەمـە جگـە لـەوەی کـە هـەوای پایزەکەی خـۆش بوو و پەلەی خەرمان کوتانی نەبوو.

دونیاشـکاو ئیلـی نیچـنا، بـە دوو قـۆڵی هـەموو دیـواری خانووبەرەکـەیان تـەڕاو کـرد، لـە دروسـتکردنی پـەرژینی کـاتی و کاروبـاری دیکـەدا یارمـەتی پـانتلی پروکوفیوفیچیان دا. بـە هـەر حاڵێ بوو شووشەیان پەیدا کردو جامیان لە پەنجەرەکان گرتـەوەو مووبـەق و کوانگ و بیرەکەیان

پاك كردەوە. پیرەمێرد بە خۆی چووە ناو بیرەكەوە، ئیدی لەوەوە سەرمای بوو و پەسیوی گرت. یەك هەفتەی تەواو ئەو پیاوە كۆكیوەو پژمیوەو دەست دەست ئارەقەی كردووەتەوە. بەڵام هەر كە دوو بوتڵ ڤۆدگای خۆماڵی خواردەوەو تاوێك لە سەر موغەیرییەكە ڕاكشا، ئیدی عەلەمی نەماو لە تۆ وایە سیحری لێكرا.

هیچ خەبەرێكیان لە گریگۆری نەبوو. لە كۆتایی مانگی ئۆكتۆبەردا، كاتێ كە ڕۆژێك، قۆزاقێكی برینـدار بـە گوندەكەیانـدا تێپـەڕی، خەبـەری دانـێ كـە گریگـۆری سـاغو سـەلامەتەو دەگـەڵ كەتیبەكەی خۆیدا لە شوێنێكە كە كەوتووەتە هەرێمی ڤورونیچەوە. ئەم هەواڵە پیرەمێردی زۆر دڵخۆش كرد، بەو بۆنەیەوە دوا بوتڵە ڤۆدگای خۆشی خۆی، كە بە بیبەری سوورەوە دڵۆپێنرا بوو، خواردەوەو دوای ئەوە، بە ناو گوند كەوت، وەكو كەڵەشێر ملی قوت كردبووەوەو دەگەییە هەر كەسێك بە شانازییەوە دەیگوت:

– زانیـت، خەبەرەكـەت بیسـت؟ گریگـۆری خۆمـان ڤورونیچـی گرتـووە. دەڵـێن دووبـارە پلـەیان داوەتێ، ئێستا بووەتەوە بە فەرماندەی فیرقە یان فەرماندەی فەیلەق. سەربازی وا لە كوێ پەیدا دەبێ! خۆ تۆ خۆت ئەمە دەزانیت...

پیرەمێرد، هێندەی پێویست بەوە بوو، كە خەڵكی بكات بە شەریكی شادیو خۆشیەكەی خۆی، لە خۆڕا چیرۆكی هەڵدەبەستو خۆی پێوە هەڵدەكێشا.

خەڵكی گوند پێیان دەگوت:

– كوڕەكەت، قارەمانە قارەمان.

پانتلی پروكوفیوفیچ، خۆی پڕ با دەكردو بە خۆشحاڵییەوە چاوی دادەگرت:

– ئەی مەعنای چی، چۆن دەتوانێ قارەمان نەبێ؟ چما كوڕی كێیە؟ نەبێ بە خۆ هەڵكێشان، من لە گەنجیا هیچم لەو كەمتر نەبوو! ئەگەر ئەم لاقەم وانەدەبوو، ئێستا پیاوێكی دی دەبووم، ناڵێم فیرقەیەك، بەڵام دەمتوانی سریەیەك بەڕێوەبەرم. ئەگەر پیرەمێرانی وەكو ئێمەمانان لە جەبهەدا زۆر بوایـەن، دەمـێ بـوو مۆسـكۆ گیرابـوو. بـەڵام ئێسـتا هـەر كـات بـەڕێ دەكـەینو نـاتوانین ئـەو جوتیارانە بەڕێوەبەرین...

دوایەمین كەسێك كە پانتلی پروكوفیوفیچ، ئەو ڕۆژە، قسەی دەگەڵ كرد، بسخلبنوفی پیرەمێرد بوو. بە بەر ماڵی میلیخوفدا ڕەت دەبوو، پانتلی پروكوفیوفیچ، دەرفەتی هێنا بوو و ڕای گرتبوو:

– ئەهای فیلیپ ئاگییوفیچ، بوەستە، ئەوە كێوە دەچی؟ خۆ شكور باشیت؟

بسخلبنوف، هاتە ژوورەوە، سڵاوو ئەحواڵپرسی كرد. پانتلی پروكوفیوفیچ گوتی:

– زانیوتە گریشكای من چ قارەمانیەتیەكی كردووە؟

– لە چ ڕوویەكەوە؟

دووبارە كردویانەتەوە بە فەرماندەی فیرقە. دەزانی فەرماندەیی چ دەزگایەكی لە ئەستۆیە؟

– فیرقەیەك؟

– ئا، بەڵێ، یەك فیرقە.

– كوڕە هەی نەبێ!

– باوەڕ بکە. خۆ هەر کەس و ناکەسێك لەو شوێنە دانانەن، وانیە؟

– با، بێگومان.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە خۆشحاڵییەوە ڕوانیە هاوڕێکەی و، درێژەی بە قسەکەی، کە زۆری دڵ پێخۆش بوو، دا:

– کوڕێکم هەیە، بووە بە داستانی سەرزاری هەمووان، سینگ و بەرۆکی پڕە لە میداڵ و خاچان، تۆ پێتوایە ئەمەی بە فشە وەرگرتووە؟ مەگەر هەر خوا بزانێ چەند جار بریندار بووە، چەند پارچەی پێوەیە، هەر کەسێکی دی لە جیاتی ئەو بوایە، بەرگەی نەدەگرت و دەمێ بوو مرد بوو، بەڵام ئەو هەر گوێشی لێنییە! نا، نا هێشتا قۆزاقی ڕەسەن لە خاکی دۆنی ئارامماندا هەڵدەکەون!

بسخلبنوف، کە بە تەبیعەت پیاوێکی کەمدوو بوو لە فکران ڕاچوو و گوتی:

– دروستە، هەڵدەکەون، بەڵام لەوە ناچێ خێرێکی ئەوتۆ بۆ ئێمە بدەنەوە.

– چۆن؟ تەمەشا بزانە چۆن سوورەکانیان لەم دیارو دەڤەرە تاراند. ئەوەتا لە ڤورونیچ تێپەڕیوون و بەرەو مۆسکۆ دەڕۆن.

– بەڵام زۆریان درێژە دایە!...

– فیلیپ ئاگییوفیچ، ئەو کارانە بە پەلە ناکرێ، ئەوەت لە بیر بێ کە لە شەڕا، هیچ کارێك بە پەلە ناکرێت. هەر کەسێك خێراتر غار بدات، زووتر ماندوو دەبێت. شەیتان پەلەی کرد، چاوێکی خوێ کوێر کرد. ئەم جۆرە کارە دەبێ هەنگاو بە هەنگاو، بە گوێرەی نەخشەی جۆراو جۆر ئەنجام بدرێت... جووتیاری ڕووسیا، ئەوەندە زۆرن، لە ژمارە نایەن، بەڵام ئێمەی قۆزاق، ژمارەمان چەندە؟ زۆر کەمین!

– ئەمانە هەموو بە جێی خۆی، دروستن، بەڵام بە ئەقڵی من قۆزاقەکانی ئێمە، ناتوانن، زیاد بەرگە بگرن. بۆیە دەبێ پێشبینی ئەوە بکەین، ئەم زستانە، دیسانە میوانمان بێنەوە. خەڵکی وا دەڵێن.

– ئەگەر زوو بە زوو مۆسکۆ نەگرن، سوورەکان جارێکی دی دێنەوە، لەم خاڵەدا هەق بە تۆیە.

– تۆ پێتوایە مۆسکۆ دەگرن؟

– پێویستە بیگرن، بەڵام تەقدیریش لای خوایە، ماقوولە قۆزاقەکانمان نەتوانن مۆسکۆ بگرن؟ هەرچی قۆزاق هەیە بە سەربازی گیراون، دوازدە فەیلەق ئامادە کراون، تۆ بڵێی بە دوازدە فەیلەقەوە ئەمەیان پێنەکرێ؟

– ئەوەش خوا دەیزانێ! ئەدی تۆ خەریکی چیت... وازت لە عەسکەری هێناوە؟

– سەبارەت بە من، مەسەلەکە جیایە، ئەگەر لاقم وا نەدەبوو، پێم نیشاندەدان کە شەڕی دژمن دەبێ چۆن بکرێت! ئێمەی پیر، خۆڕاگرو کۆڵنەدەرین.

– دەڵێن ئەم پیرە خۆڕاگرو کۆڵنەدەرانە، لەوبەری دۆن، بە جۆرێ، لە بەر سوورەکان هەڵاتن، کە پۆستێن بەشانی کەسیانەوە نەما، هەرچیەکیان لەبەر بوو، یەك یەك دایان دەکەندو فڕێیان دەدا، بگرە هەندێکیان بە ڕووت و قووتی هەڵدەهاتن. خەڵکی بەگاڵتەو سوعبەتەوە دەیگێڕنەوە کە

گوایە سەرانسەری دەشتەکە لە پۆستین و فەروەدا زەرد دەچووەوە، وەکو ئەوە بوو فەرشی گوڵی لە سەر ڕاخرابێت.

پانتلی پروکوفیوفیچ، ژێرا و ژێر تەمەشایەکی بسخلبنوفی کردو بە وشکی گوتی:

– ئەگەر باوەڕ بە من دەکەی، ئەم قسانە هەر هەمووی درۆیە. بەڵێ، ڕەنگە تاک و تەرایەك بۆ ئەوەی باریان سووك بێ، جلەکانیان فڕێ دابێ، بەڵام خەڵکی هەمیشە عادەتیان وایە مێش دەکەن بە گامێش. ئاخر پاڵتۆیەك یان تەنانەت پوستینێك ناکاتە هیچ، ژیانی بنیادەم زۆر لەو شتانە گرینگترە، وایە یان نا؟ هەڵبەتە هەموو پیرێك ناتوانێ بە فەروەیەکی زلەوە غار بدات. لەم شەڕە شوومەدا، پیاو دەبێ لاقی وەکو لاقی تاژی هەبن. بۆ نموونە من، لاقی وا لە کوێ بێنم؟ بەڵام فیلیپ ئاگییوفیچ، تۆ بۆچی ئەم فەروانەت کردووە بەخەمی خۆت؟ ئاخر فەروەو پوستین هەبێ چیە نەبێ چیە؟! کەی ئەمە خەمە؟ گرینگ ئەوەیە کە بە زووترین کات دژمن بێتە شکاندن، وایە یان نا؟ دەی خوا ئاگادارت بێ، کارەکەم بە جێهێشتووەو خەریکە درێژ دادڕێت لە گەڵدا دەکەم. ئەرێ بە ڕاست گوێرەکەکەت دۆزییەوە؟ هێشتا لێی دەگەڕێی؟ هیچ سۆراخێکی نیە؟ وادیارە ئەم خوپەریانە ژەهرەماریان کردووە، دەك بە قوزەڵقورتیان بێ و گەروگیریان بێ! سەربارەت بە شەڕ، خەمت نەبێ: قۆزاقەکانمان، دەرسێکی وای ئەم فەلاحانە دەدەن، بە داستان بگێڕدرێتەوە!.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە ویقارەوە، بە شەلە شەل بەرەو پلیکانەی بەر ژوورەکە ڕۆیی.

هەڵبەتە دەرسدادانی (فەلاحەکان) کارێکی ئەوەندەش ئاسان نەبوو... دوا هێرشی قۆزاقەکان. زیانێکی گیانی زۆری لێکەوتەوە. هەمووی سەعاتێك بەسەر گفتوگۆیەکەی پانتلی پروکوفیوفیچ و بسخلبنوفدا، تێنەپەڕی بوو، کە خەبەرێکی ناخۆش سەرو دڵی پانتلی پروکوفیوفیچی گرت، شادی و خۆشییەکەی لێبوو بەخەم و پەژارە. لە کاتێکا لەوحە داری بۆ قەراخی بیرەکە ڕەندە دەکرد، گوێی بەدەنگی شین و شەپۆڕی ژنان زرینگایەوە. شین و شەپۆڕەکە بەرە بەرە نزیك دەبووەوە. پانتلی پروکوفیوفیچ، دونیاشکای نارد کە بزانێ ئەو شین و شەپۆڕە چیە، تەورەکەی لەسەر کۆتەرە دارێك داناو گوتی:

– بڕۆ بزانە کێ مردووە.

دونیاشکا، زوو گەڕایەوەو گوتی جەنازەی سێ قۆزاقیان لە جەبهەی ڤیلونوڤۆ هێناوەتەوە: ئانیکوشکا، خریستونیاو گەنجێکی هەڤدە ساڵان کە خەڵکی ئەو سەری گوندە. پانتلی پروکوفیوفیچ، زۆر پەشۆکا، کڵاوەکەی لە سەری داکەند، نیشانەی خاچی کێشا.

– خودا عافویان بکات، بچنە بە هەشتێ!

لە کاتێکا بە خەم و پەژارەوە یادی خریستونیای دەکردەوە کە چۆن پێکەوە چوو بوون بۆ مەڵبەندی سەربازگیری، لە بن لێوانەوە گوتی:

– کە قۆزاقێکی باش بوو...

ئیدی دەستی نەدەچووە کار. ژنەکەی ئانیکوشکا، بە جۆرێ فیزاح و شیوەنی دەکرد، لە تۆ وایە بە کێردەوە بە دیاریەوە وەستاون کە سەری ببڕن. هێندە بە کەساسی دەی لاواندەوە، کە پانتلی

خەریك بوو دڵی دەبوو بە ئاو. بۆ ئەوەی گوێی لە شین و شەپۆڕو گریەو زاری ژنەکان نەبێت، چووە ژوورەوەو دەرگاکەی توند لەسەر خۆی داخست. دونیاشکا، لە ژووری میواندا، بەدەم هەڵچوونەوە، بە پچڕ پچڕی قسەی بۆ ئیلی نیچنا دەکرد:

– ... دایکە گیان، تەمەشام کرد، ئانیکوشکا تەقریبەن سەری پێوە نەما بوو، وردو خاش بوو بوو. ئۆهـ! ئینسان لێی دەترسا! بۆنی کردبوو، بۆنی ناخۆشی سەعاتە رێیەك دەڕۆیی!... نازانم بۆچی هێنا بوویانن بۆ ناو گوندی! خریستونیا، لە سەر پشت ڕاکشا بوو و پڕ بە پڕی عەرەبانەکە بوو، پێیەکانی لە ژێر پاڵتۆکەیەوە شۆڕ بوو بوونەوە... خریستونیا، پاك و خاوێن وەکو کەف سپی وا بوو. بەڵام کونێك بە ژێر چاوی ڕاستیەوە بوو، کۆنێکی بچووك، بەقەد یەك شاهی (شاهی سکەیەکی زۆر بچووکە) خوێن بە پشت گوێیەوە وشك بوو بووەوە.

پانتلی پروکوفیوفیچ، لە داخانا تفێکی کردو چووە نێو حەوشەو تەورێك و سەوڵێکی هەڵگرت و بەرەو سەمتی دۆن کەوتە ڕێ. وەختێ کە ڕۆیی، میشاتکای، کە لەبەر مووبەقە هاوینەکەدا، گەمەی دەکرد، بانگکردو گوتی:

– بە داپیرەت بڵێ من بە بەلەم دەچمە ئەوبەری دۆن، هەندێ دارو سەرلقان دەکەم، گوێت لێبوو چیم گوت کوڕەکەم؟

لەوبەری دۆنەوە، پایزێکی ئارام و خۆش باڵی بەسەر بێشەکەدا کێشا بوو. گەڵای وشك، لە لق و پۆپی سپیداران بەر دەبوونەوەو بە خشەخش، بە دەم سەماوە بەرەو ئەرزەکە دادەڕژان. پنچە توتڕکان دەتگوت گڕیان گرتبوو و تووە سوورەکانیان، لە نێو گەڵا تەنکەکانیانەوە، بەدەم سەرەتاتکێوە لە بڵێسەی ئاگر دەچوون. بۆنی کەسکون و تیژی توێکڵی ڕزیوی دار بەڕوو، جەنگەڵەکەی پڕ کردبوو. پنچە توتڕکی شین، بە چڕی چنگیان لە یەکدی دابوو و هێشووە تووتڕکی شین، خۆیان لە بن لقە خشۆکەکان نابوو و خۆیان لە هەتاو شاردبووەوە. شەونمی بەر سێبەران تا دەمی نیوەڕۆ، بە سەر گیای وشك و پەژمردەوە دەمایەوەو داوی جاڵجاڵۆکان وەکو زیو دەدرەوشانەوە. تەنیا تەقە تەقی بەردەوامی دارکونکەرەو ئاوازی تووکا (تەیرێکی شەو بێدارە) بێدەنگی جەنگەڵەکەیان دەشڵەقاند.

جوانی و کپی و مەندی جەنگەڵەکە ئارامیەکی سەیری بەدڵ و دەروونی پانتلی پروکوفیوفیچ بەخشی. بە هێوری بە نێو دارو دەوەنەکاندا دەڕۆیی، و خرمە خرم، پێی بە فەرشی گەڵای رژاوو نمساری سەر ئەرزەکەدا دەناو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئیدی ئەوە ژیانە، ماوەیەك لەمە پێش زندوو بوون،و ئێستاش وا تەرمەکانیان دەشۆن. سەد حەیف و مخابن، چ قۆزاقێکیان کوشتووە! وا دەزانم دوێنێیە کە دەهاتە دیدەنیمان، کاتێ کە داریامان لە ڕوبارەکە دەردێنا، لە ڕەخی ڕوبارەکەدا وەستا بوو. ئاخ! خریستان، حەیف بۆ تۆ خریستان! گوللەی دژمن خۆی گەیاندە تۆش... ئەدی ئانیکوشکا، چەند پیاوێکی زەریف و ڕووخۆش بوو! چەند حەزی لە مەی و سوعبەتان بوو! تەواو، ڕۆیی، کاری کراو بڕایەوە. ئاخ مردن!..."

پانتلی پروکوفیوفیچ، گوتەکانی دونیاشکای وەبیر هێنانەوە، ڕوخساری خەندان و دەموچاوی بێ موو و نیمچە کۆسەی ئانیکوشکای بەوپەڕی ڕوونی هاتەوە بەر چاو، هەرچی دەکرد، باوەڕی

نەدەکرد مردبیّ. پانتلی پروکوفیوفیچ گفتوگۆیەکەی خۆی دەگەڵ بسخلبنوفدا، وە بیر هێنایەوەو گلەیی لە خۆی کرد: "کارێکی خراپم کرد، نەهەقیم کرد، خوام تووڕە کرد کە ئەو هەموو لاف و گەزافەم بە گریگۆری یەوە لێدا. کێ دەڵێ ئێستا گریگۆری لە شوێنێك نە کەوتووەو بەدەم گوللەوە نانالێنێ! گوێی شەیتان کەڕ! قەزاو بەلا دوور! دوای ئەو کێ، ئێمە، باوك و دایکە پیرەکەی بە خودان دەکات؟".

سوێسکەیەك، لە ژێر بنچکێکەوە (دەوەن) دەرپەڕیو پانتلی پروکوفیوفیچ لە ترسا ڕاچڵەکی. بیّ ئختیار، چاوی بڕییە فڕینی خوارو سەرکێشی باڵندەکە. ئەوجا دەستی بە ڕۆییشتن کردەوە. لە کەناری گۆلاوێکی چکۆلەدا چەند دارو دەوەنێکی بینی و کەوتە شکاندن و بڕینیان. بەدەم کارکردنەوە هەوڵیدەدا بیر لە هیچ شتێك نەکاتەوە. مەرگ، لە ماوەی ساڵێکدا چەندین کەسی نزیك و ئاشنایانی بردبووەوەو کە بیری لێدەکردنەوە دڵی تەنگ بوو. دنیای لەبەر چاو دەکەوت و پەردەیەکی ڕەش باڵی بە سەردا دەکێشا. بۆ ئەوەی هەر بیرکردنەوەیەکی تاڵ و تاریك لە خۆی دوور بخاتەوە بەدەنگی بەرز دەیگوت:

– ئێستا، دەبیّ ئەم لقەدارە ببڕمەوە. لقێکی باشە. بە کەڵکی پەرژین دێت.

پانتلی پروکوفیوفیچ، دوای ئەوەی لە کار بووەوە، چاکەتەکەی داکەندو لە سەر کۆمەڵە چڵ و چێوەکە دانیشت، لە کاتێکا بە تاسەوە بۆنی کەسکونی گەلای وەریوی هەڵدەمژی، ماوەیەکی زۆر چاوی بڕییە ئاسۆی دوورە دەست، کە لە تەمێکی شینباوا نقوم بوو بوو، هەروەها ڕوانیە ئەو نەمامگەیە کە پایز لە ڕەنگی زێڕینی خۆیی گرتبوو، بە دوا جوانی خۆیەوە دەدرەوشایەوە. نەمامێکی ئەفرا لەو نزیکانەوە سەری بەرز کردبووەوە، دیمەنێکی هێندە جوانی هەبوو کە لە وەسف کردن نەدەهات، لەبەر ڕۆشنایی ساردی هەتاوی پایزدا، دەدرەوشایەوە، لق و پۆپەکانی، کە لە گەلای ئەرخەوانیدا قورس بوو بوون وەکو باڵی باڵندەیەکی ئەفسانەیی کە خۆی بۆ فڕین ئامادەکرد بیّ، بەو ئاوایە کرابوونەوە.

پانتلی پروکوفیوفیچ، تا ماوەیەکی زۆر نقومی تەمەشای ئەو دارە بوو، ئەوسا بە ڕێکەوت چاوی داگرت و ڕوانیە گۆلاوەکە، لە نێو ئاوە مەندو ساف و زولاڵەکەدا، پشتی بۆری چەند ماسییەکی شەبووتی بینی کە لای سەرەوەی ئاوەکەوە مەلەیان دەکرد، ئەوەندە لە سەرەوە بوون کە بە ئاسانی جوڵەی باڵ و کلکە ئەرخەوانیە بریقەدارەکانیانی دەبینی. هەشت دانە ماسی بوون. هەندێجار دەکەوتنە ژێر گەلای سەوزی نیلۆڤەری ئاوییەوەو دیار نەدەمان و پاشان، دووبارە لە ئاوە ساف و زولاڵەکەیدا دەردەکەوتنەوەو پەلاماری ئەو گەلا بییانەیان دەدا کە کەوتبوونە ناو ئاوەکەوە. ئاوی گۆلەکە لە پایزا کەمی دەکردو گرتنی ماسییەکان بۆ ئەو زەحمەتێکی ئەوتۆی نەدەویست. پانتلی پروکوفیوفیچ، دوای گەڕانێکی کەم، لە کەناری دەریاچەکەی تەنیشتیا، سەبەتەیەکی شڕی بیّ بنی دۆزییەوە، بە خۆو پیرە سەبەتەوە بۆ لای گۆلاوەکە گەڕایەوە، پانتۆڵەکەی داکەندو بە سەبەتەکەوە خۆی بە ئاوەکەدا کرد، لە سەرما هەڵدەلەرزی و دانەچۆقەی پێکەوتبوو، بەو حاڵەوە کەوتە ڕاوەماسی، ئاوەکە کە شڵەقا بوو، تاسەر ئەژنۆی هاتبوو. پانتلی پروکوفیوفیچ، بە نێو ئاوەکەدا هەنگاوی دەناو سەبەتەکەی دەکرد بە ئاوەکەدا و بە بنی

گۆلاوەکەوەی دەچەسپاندو ناو بە ناویش دەستی بە ناو سەبەتەکەدا دەگێڕا، بەو ئومێدەی کە ماسییەکی گەورە خۆی بە سەبەتەکەدا کردبێ و بیگرێت. هەوڵەکەی سەری گرت و لە ئەنجامدا سێ ماسی شەبووتی گرت، کە هەر یەکێکیان پتر لە چوار کیلۆ دەبوو. بەڵام وێڕای ئەمەش نەیتوانی درێژە بە ڕاوە ماسییەکەی بدات، چونکە لاقە شەلەکەی بەرگەی سەرمای نەدەگرت و سڕ دەبوو. پانتلی پروکوفیوفیچ، خۆشحاڵ بە ڕاوەکەی خۆی، لە ئاوەکە هاتە دەرێ، لاقەکانی بە گەڵا درەختان وشك کردنەوەو، بۆ ئەوەی خۆی گەرم بکاتەوە، دیسان کەوتە داربڕین. بە هەر حاڵ، کارو دەستکەوتی ئەو ڕۆژەی باش و سەرکەوتووانە بوو، کەم کەس بۆی هەڵدەکەوت لە ڕۆژێکدا سێ ماسی ئەوتۆ ڕاو بکات کە نزیکەی پازدە شازدە کیلۆ دەربچن! ڕاوە ماسی مژوولی کردو خەم و پەژارەکەی لێڕەواندەوە، پانتلی پروکوفیوفیچ، کەوتە گەڕان بە دوای پەنایەکدا بۆ شاردنەوەی سەبەتەکە، چونکە بە نیاز بوو، جارێکی دی بێتەوە بۆ ڕاوی ماسییەکانی دی. بە دوو دڵی و نیگەرانییەوە ڕوانیە دەوروبەری خۆی، تا دڵنیا ببێ کەس نەدیتووە کە چۆن ماسییە شەبوتە زێڕینە گەورەکان، کە هەر یەکەیان بە ئەندازەی بێچوە بەرازێك بوو، هەڵدەداتە ڕەخی گۆلاوەکە. ئەوسا کۆڵەدارەکەی دا بە کۆڵی خۆیدا، ماسییەکانی لە شولێك هەڵکێشاو بە کاوەخۆ بەرەو کەناری دۆن وەڕێکەوت.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بەدەم بزەی شادییەوە چیرۆکی ڕاوە ماسییەکەی خۆی بۆ ئیلی نیچنا گێڕایەوە. جارێکی دی چاوی بە شەبووتە ڕەنگ مسینە ئامال سوورەکاندا گێڕا. بەڵام ئیلی نیچنا وەکو پێویست بەشداری لە خۆشی و شادی پیرەمێردا نەکرد. چوو بووە دیدەنی کوژراوەکان و بە خەمینی و لێوبەباری و چاوانی بە گریانەوە لەوێندەر گەڕابووەوە. گوتی:

– دەچیت، ئانیکوشکا ببینی؟

– نا، ناڕۆم. چما قەت مردووم نەدیتووە؟ ئەوەندەم دیتووە، بەشی هەتا هەتا.

– بڕۆی باشە، نەچوونت باش نییە. دوایی گلەییت لێدەکەن: تەنانەت نەهات خوا حافیزیشی لێبکات.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە پەستی و بێزاری گوتی:

– تو زاتی خوا وازم لێبێنە! خۆ من غوسڵدەری منداڵەکانی نیم، پێویست بەوە ناکات بڕۆم خوا حافیزی لێبکەم!

تەنانەت لە ڕێ و ڕەسمی بە خاك سپاردنەکەشیا بەشداری نەکرد. لە بەیانی زووەوە چوو بۆ ئەوبەری دۆن و تا ئێوارێ لەوێندەر مایەوە. کە زەنگی مەرگ، لە جەرگەی جەنگەڵەکەدا، دەنگی دایەوە، ناچار کڵاوەکەی داکەندو نیشانەی خاچی کێشا. پاشان لە قەشەکە زویر بوو: باشە ماقووڵە ئەم زەنگە ئەوەندە درێژا بکێشێت؟ جارێکیان لێبدایە بەس بوو، بەڵام ئەم زەنگە بەم ئاوایە یەك دانە سەعات درێژا بکێشێت، چ مانایەکی هەیە، بە کەڵکی چی دێت؟ جگە لەوەی خەڵکەکە بێزار بکەن و ناچاریان بکەن بیر لە مەرگ بکەنەوە. پایز بە خۆی، بە بێ زەنگ مەرگ وەبیر دێنێتەوە: گەڵاڕێزانەکەی، کۆچ و کۆچبەری و، فریادی قورینگانی کۆچەری بە ئاسمانەوە، گیای زەرد هەڵگەڕاوی چرمسی، کە بە سەر ئەرزەکەوە مات بوون.

پانتلی پروکوفیوفیچ، زۆری هەوڵدەدا خۆی لە هەر هەڵچوون و تووڕە بوونێکی دەروونی دوور بگرێت. بەڵام وا دیاربوو، دەبێ بەو زووانە جەزرەبەیەکی تازە بچێژێ. ڕۆژێك، دوای نیوە ڕۆژە، دونیاشکا لەبەر پەنجەرەکە وەستا بوو و دەیڕوانیە دەرێ. گوتی:

– ئەوە چیە، وا جەنازەیەکی دی بەرەو ئێرە دێنن. ئەسپێکی زین کراو لە دوای عەرەبانەکەوە دێت و هەوسارەکەی لە عەرەبانەکە بەستراوە. زۆر بە هێواشی دێن... پیاوێك ئەسپەکان داژوێ و جەنازەکەش لە ژێر پاڵتۆکەی خۆیدا ڕاکشاوە. ئەوەی کە ئەسپەکان داژوێ پشتی لە ئێمەیە، بۆم دیاری ناکرێت کە ئاخۆ خەڵکی گوندی خۆمانە یان نا. دونیا وردتر ڕوانی، گۆناکانی بوون بە جاوی سپی. دەم و زمانی تێك ئالاو:

– ئا... ئەوە... ( لە ناکاوا هاوارێکی دڵتەزێنی کرد) گریشایە... ئەوە ئەسپەکەی ئەوە!

بەدەم گریانەوە بە غار بەرەو دەرەوە ڕۆیی. ئیلی نیچنا بێئەوەی بتوانێ لە سەر مێزەکە هەستێ، هەر دوو دەستی بە چاوانیەوە گرت. بەڵام پانتلی پروکوفیوفیچ زۆر بە زەحمەت هەستاو وەکو نابینایان بە لەپە کوتێ بەرەو دەرگا چوو.

پروخۆر زیکوف، دەروازەکەی کردەوە، نیگایەکی لەزی دونیاشکای کرد کە بە پلیکانەکاندا دەهاتە خوارەوەو بە خەمباری گوتی:

– پێشوازی میوانەکانتان بکەن.... چاوەڕوانی شتی وا نەبوون؟

دونیاشکا، دەستی دەدان بە یەکاو بە گریەو ناڵینەوە دەیگوت:

– ئاخ عەزیزم! برا گیانەکەم!

پروخۆر کە ڕوخساری بە فرمێسکی دونیاشکای بینی، کە پانتلی پروکوفیوفیچی بینی لاڵ و بێجوڵە لە سەر پلیکانەکان وەستاوە، بیری کەوتەوە بڵێت:

– مەترسن، مەترسن! زندووە. بەڵام تیفۆی گرتووە.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە بێتاقەتی شانی دا بە دیرەکی دەرگاکەوە.دونیاشکا، بەدەم پێکەنین و گریانەوە،هاواری کرد:

– زندووە! گریشا زندووە! گوێت لێیە؟ بە نەخۆشی هێناویانەتەوە. بڕۆ بە دایکە بڵێ! بڕۆ، بۆچی وەستاویت؟

پروخۆر، کە هەوساری ئەسپەکانی گرتبوو و دەیهێنانە ناو حەوشەکەوە، خێرا، قسەکەی دونیاشکای دووپات کردەوە:

– پانتلی پروکوفیوفیچ، مەترسە! بە زندوویەتی بۆم هێناویتەوە، بەڵام لە حاڵی مەپرسە.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بەلارە لار چەند هەنگاوێکی ناو خۆی دا بە سەر یەکێك لە پلیکانەکاندا. دونیاشکا وەکو با بەلایا تێپەڕی تا بڕوات دایکی هێور بکاتەوە. پروخۆر، ئەسپەکانی لەبەر قاڵدرمەکان ڕاگرت و تەمەشایەکی پانتلی پروکوفیوفیچی کردو گوتی:

– بۆچی دانیشتوویت؟ کوا پەتۆیەك بێنە، با بیبەینە ژوورەوە.

پانتلی بەو دەقەوە دانیشتبوو، ورتەی لێوە نەدەهات، فرمێسك خوڕ خوڕ بە چاوانیا دەهاتە خوارێ، بەڵام ڕوخساری بێجوڵە بوو، تەنانەت دەمارێکیشی نەدەجوڵا. دووجار دەستی بەرز

کردەوە کە نیشانەی خاچ بکێشێت، بەڵام نەیتوانی دەست بگەیەنێتە تەوێڵی خۆی و دای بگرێتەوە. شتێك لە گەرویا گیر بوو بوو.

پروخۆر، بە کەسەرەوە گوتی:

– لەوە دەچیێ، ترس بەنجی کردبیت! بزانە چۆن بیرم چوو، لەپێشەوە یەکێك بنێرم خەبەرتان بداتیێ، ها؟ بە ڕاستی من گەوجم. لە گەوجیش گەوجترم! دەی پروکوفیوفیچ، ڕابە، دەبیێ نەخۆشەکە بەرینە ژوورەوە، کوا پەتۆ لە کوێیە؟ یان بەدەست بیبەینە ژوورەوە؟.

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە دەنگێکی نووساو گوتی:

– کەمێك سەبر بکە... لاقم لە دووم نایەن... وامزانی کوژراوە... سوپاس بۆ خوا...تەسەورم نەدەکرد...

دوگمەکانی، کراسە کۆنەکەی، کردنەوەو یەخەی خۆی بە تەواوەتی والآ کردەوەو پڕ بەدەم هەوای هەڵمژی. پروخۆر گوتی:

– دەی ڕابە پرۆکۆفیوفیچ! جگە لە ئێمە کەسی دی نییە بیباتە ژوورەوە وانییە؟

پانتلی پرۆکۆفیوفیچ، بە زەحمەتێکی زۆر هەستایە سەر پێیان، لە پلەکان هاتە خوارەوە.پاڵتۆ قورسەکەی لابرد و بەسەر گریگۆریدا دانەوییەوە،کە بورابووەوە.دیسان شتێك گەرووی گرت. بەلآم خۆی زەوت کردو ڕوویکردە پروخۆر وگوتی:

– هەر دوو لاقی بگرە، با هەڵیگرین.

گریگۆریان بردە ژوورە گەورەکەی میوان، چەکمەکانیان داکەندو جلەکانیان گۆڕیو لە سەر قەرەوێڵەیەك ڕایان کشاند. دونیاشکا لە مووبەقەکەوە هاواری کرد:

– باوکە، دایکم حاڵی زۆر خراپە، فریاکەوە!

ئیلی نیچنا، یەك تەختە لە ناوەندی مووبەقەکەدا کەوتبوو. دونیاشکا چۆکی دادابوو و دەموچاوە شین هەڵگەڕاوەکەی ئاو پرژێن دەکرد.

پانتلی پروکوفیوفیچ گوتی:

– خێرا، ڕاکە بە دووی داپیرە کاپیتونوڤنادا بەپەلە! هەر ئەو دەزانیێ خوێن بگرێت. پێی بڵیێ دەبیێ خوێن لە دایکت بگریێ، بڵیێ تفاق و کەرەستەکەی لە گەڵ خۆیدا بێنیێ.

بەلآم کچێکی عازەبی وەکو دونیاشکا نەیدەتوانی بەبیێ لەچكو سەرپۆش بە نێو گوندا غار بدات. بە پەلە لەچکەکەی هەڵگرتو خێرا لە سەری کردو گوتی:

– ئەو مندالآنە لە ترسا زراویان تۆقیوە! خودایا ئەمە چ بەلآیەك بوو!... باوکە ئاگات لێیان بیێ، من ئێستا دەگەڕێمەوە.

لەوە دەچوو دونیاشکا، بیەویێ لە ئاوێنەدا تەمەشایەکی خۆی بکات، بەلآم پانتلی پروکوفیوفیچ کە وەخۆ هاتبووەوە، مۆڕەیەکی ئەوتۆی لێکرد، ئاوێنەو ماوێنەی لە بیربردەوەو بە هەشتاو لە مووبەقەکەوە دەرپەڕی.

کە بە غار لە دەروازەکەوە دەرچوو، چاوی بە ئەکسینیا کەوت. ڕەنگ بە ڕووی ئەکسینیاوە نەما بوو. دەستەکانی بەملاو بەولادا، بێجوڵە شۆڕ بوو بوونەوەو خۆی دابوو بە سەر پەرژینەکەدا

دڵۆپە فرمێسکێك بە چاوە ڕەشە تەماوییەکانیەوە دیار نەبوو،بەڵام ئازارو پاڕانەوەیەکی لاڵ و خامۆشی ئەوتۆیان تیا بەدی دەکرا، کە دونیاشکا ناچار بۆ چرکەیەك وەستا، هەرچەندە بەخۆیشی سەری لەم هەڵوێستەی خۆی سوڕما، بە دوو دڵییەوە گوتی:

– زندووە، زندووە! تیفۆی گرتووە.

لە کاتێکا کە مەمکە قوت و سرکەکانی، توند بە دەست گرتبوو، بەغار بە جادەکەدا تێپەڕی.

ژنانی فزول و کونجکاو لە هەموو کوچەو کۆلانێکەوە، بە هەڵەداوان ڕوویان دەکردە ماڵی میلیخوف. ژنەکان ئەکسینیایان بینی کە چۆن بە ئەسپایی لەبەر دەرگاکەی ماڵی میلیخوف دوور دەکەوتەوەو پاشان لە ناکاوا پێی هەڵگرت و سەری داخست و دەستی بە دەموچاویەوە گرت و ڕۆیی.

((٢٥))

گریگۆری دوای مانگێك چاك بووەوە. یەکەمجار لە ئاخرو ئۆخری مانگی نۆڤەمبەردا، لە جێ هەستا. باریك و درێژ لە ئێسکە پەیکەر دەچوو، بە هەنگاوی لەرزۆکەوە، ژوورەکەی تەی کردو لەبەر پەنجەرەکەدا وەستا. تویژاڵە بەفرێکی تازە بەسەر ئەرزو بەسەر سەربانەکانەوە، کە بە هەژگ و بژاڵ داپۆشرابوون، بە جۆرێ دەبریسکایەوە کە چاوی دەخستە ڕێشکەو پێشکە. لە کوچەو کۆلانەکاندا، شوێنی تیغەی ژێری خزاگان دەبینرا. شەختەو چلوورەو شووشەسۆڵی شینباو وەکو کەوڵە ڕێوی بەسەر پەرژین و درەختەکانەوە، دەبریقایەوەو لەبەر پرتەوی زەردەپەڕی ئێواریدا، وەکو پەلکەزێڕینە بە جۆرەها ڕەنگ دەبریسکایەوە.

گریگۆری دەبیرەوە چوو بوو، بە دەم بزەیەکی کاڵەوە، دەستە لاوازو ڕەق و تەقەکانی بە سمێڵیدا دێنا، ماوەیەکی زۆر لە پەنجەرەکەوە ڕوانی، ئەگەر یەکێك بەو حاڵەوە دیتبای وای دەزانی بە عەمراتی دیمەنی وا جوان و زستانی وا بە سامی نەدیتووە. هەموو شتێك لەبەر چاویا، نائاسایی و پڕ لە ماناو تازەیی بوو. دەتگوت نەخۆشیەکە چاوی بینایی زیاتر کردووەتەوە. شتی تازەی لە دەوروبەری خۆیدا کەشف دەکرد، هەستی دەکرد ئەو شتانەی کە لە مێژ بوو دەیناسین و چاوی پێیان ڕاهاتبوو، گۆڕانکاری زۆریان بە سەردا هاتووە.

لە ناکاوا گۆڕانێکی سەیر بە سەر سروشت و تەبیعەتی گریگۆریدا هات، ئەویش ئەوە بوو حەزی دەکرد هەر چییەك لە گوندا، لە کێڵگەو مەزرایاندا، لە ماڵ ڕووی دەداو دەگوزەرا، بزانێ و لە بنج و بناوانی بکات. هەموو شتێکی ژیانی بەلاوە تازە بوو، هەموو شتێك سەرنجی ڕادەکێشا. بە چاوانی پڕ لە سەرسامی دەیڕوانیە ئەم جیهانە تازەیە. بزەیەکی سادەو منداڵانە دەنیشتە سەر لێوەکانی کە هەرگیز دەگەڵ سەرو سیمای گرژو مۆنیا، دەگەڵ نیگا حەیوانیەکانیا تێکی نەدەکردەوە. هەندێجار هێندە بە دیقەت تەمەشای شتێکی ناو ماڵەکەی خۆیانی دەکردو برۆی بۆ هەڵدەبڕی، لە تۆ وایە ئا ئێستا لە وڵاتێکی دووری بێگانەوە هاتووە و بۆ یەکەمجار ئەم شتە بە چاوی خۆی دەبینێ. ئیلی نیچنا ڕۆژێك کە بینی، زۆر بە وردی لە خەڕەکەیان دەڕوانێ و لە

هەموو لایەکەوە، بەر نیگای دەدا، زۆری سەر سوڕما، هەرکە ئیلی نیچنا هاتە ژوورەکەوە، گریگۆری کەمێك لە خۆماو لە خەڕەکەکە دوور کەوتەوە.

دونیاشکا، هەر کاتێ چاوی بە هەیکەلی ڕەقو تەقی دەکەوت، لە پێکەنینا خۆی پێ ڕەوت نەدەکرا. گریگۆری بە کووڕە کووڕ، بەلاقێن لەرزۆکەوە، بە بیجامەوە بە نێو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و بەدەست بیجامەو دەرپێیەکەی کە بە پێیەوە نەدەوەستا، دەگرت. کە بیویستبا دانیشێت، هەمیشە دەستی بە شتێکەوە دەگرت تا نەکەوێ. قژە ڕەشەکەی، کە لە ماوەی نەخۆشیەکەیدا درێژ بوو بوو دەوەری، کاکۆڵە لوولە پڕەکەی کە داوی سپی زۆری تێکەوتبوو، تەنك و خاو بوو بووەوە.

گریگۆری، بە کۆمەکی دونیاشکا، سەری خۆی بە گوێزان پاك تاشی و هەرکە ڕووی بۆ لای دونیاشکا وەرگێڕا، گوێزانەکە لە دەستی خوشکەکەی کەوتە سەر زەوی و ئیدی دونیاشکا لەبەر پێکەنین خۆی پێنەگیرا، هەردوو دەستی بەسکی خۆیەوە گرت و کەوتە سەر تەختەکە.

گریگۆری چاوەڕوانی کرد تا پێکەنینەکەی تەواو ببێت، بەلاّم ئەنجام خۆی پێنەگیراو بە دەنگێکی کزی لەرزۆك گوتی:

– ئاگادار بە، خۆت تەڕ نەکەی، دوایی تەریق دەبیتەوە، چونکە تۆ ئێستا مندالّ نیت، کچی عازەبیت.

جۆرە پەستیەك بەدەنگیەوە دیاربوو. دونیاشکا بەدەم قاقاوە دەیگوت:

– ئاه! برایەکەم! گیانەکەم! وا چاکە من لێرە بڕۆم... خۆم پێناگیرێ! دیمەنێکی سەیرت هەیە! ڕێك لە داهۆڵی نێو بێستان دەچیت!

– خۆزگە تووشی تیفۆ دەبوویت، تابمزانیبا دەبووی بە چ مەیموونێك! دەی خێرا گوێزانەکە لە عاردی هەڵبگرەوە!

ئیلی نیچنا، لە سەر گریگۆری وەدەنگ هات و بە توورەیی بە دونیاشکای گوت:

– ئەرێ ئەم حیلك و هۆڕەت لە چیە! تۆ عەیب لە خۆت ناکەی دونکا! بێ ئەقلّ!

دونیاشکا، بەدەم سڕینی فرمێسکەکانیەوە، بەرسڤی دایەوە:

– ئاخر دایکە تۆ تەمەشای بکە، بزانە چ دیمەنێکی هەیە. سەری یەکپارچە بەرزی و نزمیە، خڕ دەڵێی کاڵەگە، ڕەش دەڵێی.... ئۆخ، لەوەی پتر خۆم پێناگیرێت!....

گریگۆری گوتی:

– کوا ئاوێنەیەکم بدەیە!

لە لەتە ئاوێنەیەکدا، تەمەشای خۆی کرد، ئەویش ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی پێکەنی.

ئیلی نیچنا، بە ناڕەزاییەوە گوتی:

– ئاخر، ڕۆڵە تۆ بە کرێ گیرا بووی کە سەرت بتاشی؟ هەروا لێی گەڕابای باشتر نەبوو...

– یانی، کەچەلّ ببم باشە؟

– نا، بەلاّم ئەمەش چیوای لە کەچەڵی نەگەڕاوەتەوە.

گریگۆری، لە کاتێکا بە فلّچە سابوونەکەی دێنایە کەفکردن، بەپەستی گوتی:

- دەی بەسە بیبڕنەوە.

گریگۆری کە نەیدەتوانی لە ماڵ بچێتە دەرەوە، زۆربەی کاتی خۆی دەگەڵ منداڵەکاندا بەسەر دەبرد. باسی هەموو شتێکی بۆ دەکردن، تەنیا باسی ناتالیا نەبێت. بەڵام ڕۆژێك پولیوشکا، بە نازەوە خۆی تێهەڵسوو و پرسی:

- باوکە گیان، دایکە نایەتەوە بۆ لامان؟

- نە گیانەکەم، کەس لەوێوە ناگەڕێتەوە.

- لە کوێوە؟ لە گۆڕستانەوە؟

- گوێ بگرە، مردوان هەرگیز ناگەڕێنەوە.

- چما ئەو بە ڕاستی ڕاستی مردووە؟

- ئەی مانای چی؟ بێگومان مردووە.

پولیوشکا، لە بن لێوانەوە، بە دەنگێکی نزم کە بە ئاستەم دەبیسترا، گوتی:

- من وامدەزانی بیرمان دەکات و دەگەڕێتەوە...

گریگۆری بە دەنگێکی نزم گوتی:

- بیری لێمەکەوە گیانەکەم، پێویست ناکات بیری لێبکەیتەوە.

- چۆن دەتوانم بیری لێنەکەمەوە؟ یانی ئەوانە قەت جاریَ لە جاران نایەن هەواڵێکمان بپرسن؟ یانی بۆ ساتێکیش نایەن؟

-نەخێر، بڕۆ لە گەڵ میشاتکادا گەمە بکە.

گریگۆری ڕووی وەرگێڕا، دیاربوو نەخۆشی، دڵی زۆر ناسك کردبوو: ڕوندك لە چاوانیا قەتیس مابوون و بۆ ئەوەی فرمێسکەکانی لە منداڵەکان بشارێتەوە، ماوەیەکی زۆر لەبەر پەنجەرەکەدا وەستاو سەروچاوی نا بە شووشەی پەنجەرەکەوە.

گریگۆری حەزی نەدەکرد باسی شەڕ بۆ منداڵەکانی بکات، بەڵام میشاتکا، لە دنیادا، لە هەموو شتێك زیاتر حەزی لە باس و خواسی شەڕ بوو. بابی لە پرسیاران دەگرت: خەڵکی چۆن شەڕ دەکەن؟ ئەم سوورانە کێن؟ چۆن دەکوژران، لەسەرچی؟ بۆچی؟

گریگۆری برۆی وێکدێنانەوەو بە نە بەدڵی بەرسڤی دەدایەوە:

- دیسان دەست پێکردەوە! ئاخر تۆ چیت لەم شەڕە داوە؟ وەرە با باسی ئەوە بکەین کە هاوین هات، چۆن بە قولاپ ڕاوە ماسی دەکەین. حەزەکەی قۆلاپ و پەتت بۆ دروست بکەم؟ هەرکە چاك بوومەوەو توانیم بچمە دەرەوە، لە یاڵی ئەسپەکە داوو قولاپت بۆ دروست دەکەم.

هەر جاریَ میشاتکا، باسی جەنگی دێنایە ئاراوە، گریگۆری لە دڵی خۆیدا هەستی بە تەریقی و شەرمەزاری دەکرد: وەڵامی پرسیارە سادەو بێڕتوشەکانی منداڵەکەی، پێنەبوو. بۆچی؟ ئایا لەبەر ئەوە نەبوو، کە بە خۆیشی وەڵامی ئەو پرسیارانەی نەدەزانی؟ بەلام نەیدەتوانی بە ئاسانی لە دەست میشاتکا ڕزگار بێت: لەوە دەچوو منداڵەکە بە وردی گوێ لە نەخشەی ڕاوە ماسییەکەی بابی بگرێت، بەڵام لە ناکاوا، دەهاتەوە سەر باسی جەنگ و دەی پرسی:

- باوکە گیان، تۆ لە شەڕا کەست کوشتووە؟

– وازم لێبێنە، چەنەباز!

– بەشەر کوشتن ترسناکە؟ خوێنیان لەبەر دەڕوات، ها؟ زۆر؟ زیاتر لە مریشك یان لە مەڕ؟

– پێمگوتیت، واز لەم قسانە بێنە.

میشاتکا، تۆزێ بێدەنگ دەبوو، ئەوسا دەبیرەوە دەچوو و دەیپرسی:

– ماوەیەك لەمە پێش بینیم باوە گەورە مەڕێکی کوشتەوە. ترسام... کەمێك، زۆر کەم ترسام، زۆرنا.

ئیلی نیچنا، بە بێتاقەتی هاواری کرد:

– لە خۆتی دوور بخەوە! دەبینی چۆن پیاو کوژێکی لێدەردەچێت! پیاوکوژێکی تەواو! سەری زمانو بنی زمانی باسی شەڕە، جگە لە باسی شەڕ، هیچی تری لێ نابیستی. ئاخر منداڵ تۆ چیت داوە لەم شەڕە نەگریسە؟ وەرە ئەم کولیچە شیرینە بخۆ، باتۆزێ دەمت لێك بنەیت.

بەڵام هەیهات، جەنگ هەموو ڕۆژێك خۆی بیریان دەخستەوە. ئەو قۆزاقانەی کە لە جەبهە دەگەڕانەوە، دەهاتنە سەردانی گریگۆریو باسی ئەوەیان بۆ دەکرد کە چۆن هێزەکانی شکورۆو مامونتوف، بە دەستی هێزی سوارەی بودیونی شکاون، چۆن سپییەکان لە شەڕەکانی ئوریلدا شکاونو لە سەرانسەری جەبهەکەدا پاشەکشەیان کردووە. لە شەڕەکانی گریبانوفکاو کاردائیل دا دوو قۆزاقی دیکەی خەڵکی گوندی تاتارسکی کوژرا بوون. گراسیم ئاخفاتکین بە زامداری لە شەڕگە هێنرایەوە، دمیتری گولوشچکوف، بە تیفۆ مرد. گریگۆری، لە هزرو بیری خۆیدا، هەموو ئەو قۆزاقانەی گوندەکەی خۆیانی، کە لە ماوەی نێوان هەردوو شەڕەکەدا کوژرا بوون، ژمارد. هیچ ماڵێك لە تاتارسکیدا نەبوو کە یەکێکیان لە دەست نەدابێ.

گریگۆری هێشتا نەیدەتوانی لە ماڵ بچێتە دەرێ کە ئەتامانی گوند، بە ئەمری ئەتامانی ناوچە هات بۆ لای و ئاگاداری کردەوە کە بە زووترین کات خۆی بە لیژنەی پزیشکی پیشان بدات تا دوا معایەنەی بکەن. گریگۆری بە توڕەیی گوتی:

– بۆی بنووسە، هەرکە پێم عاردی گرت، بێئەوەی پێویست بە ئاگادار کردنەوەی ئەو بکات، بە خۆم دەچم بۆ لای لیژنەی ناوبراو.

شەڕەکە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە دۆن نزیك دەبووەوە. ئیدی مەسەلەی پاشەکشەو کۆچڕەو، دووبارە، بوو بە قسەو باسی سەر زاری خەڵکی. زوو بە زووی، ڕاگەیەنراوی ئەتامانی هەرێم لە مەیدانی گوندا بۆ خەڵکی خوێنرایەوەو داوا لە هەموو قۆزاقان کرا، کە لە پاشەکشەو کۆڕەودا بەشداری بکەن.

پانتلی پروکوفیوفیچ، لە مەیدانی گوندەوە بۆ ماڵ گەڕایەوەو خەبەرەکەی بە گریگۆری ڕاگەیاندو گوتی:

– چی بکەین؟

گریگۆری شانێکی بۆ هەڵتەکاندو گوتی:

– چی بکەین؟ دەبێ بڕۆین. خەڵکی بەبێ ئەم ئەمرەش، پاشەکشە دەکەن.

– من باسی خۆمانت، لێدەپرسم: پێکەوە بڕۆین، یان چی؟

– ناتوانین پێکەوە بڕۆین، دوو ڕۆژی دی، من بە سواری ئەسپ دەڕۆم بۆ شار، تا بزانم چ یەکەیەك بە ڤیشنسکایادا تێدەپەڕن تا بە گەڵ یەکێکیان بکەوم. سەبارەت بە تۆ، پێویستە لەگەڵ خەڵکەکەدا بڕۆیت. یان دەتەوێ پەیوەندی بە یەکەیەکی عەسکەرییەوە بکەیت؟

پانتلی پروکوفیوفیچ، بە ترسەوە گوتی:

– خوا بەو ڕۆژە نەکات! کەوا بێ من لە گەڵ بسخلبنوفدا دەڕۆم. چەند ڕۆژێك لەمە پێش پێشنیازی کرد کە پێکەوە بڕۆین. پیرەمێردێکی بێوەیەو ئەسپێکی باشی هەیە. بە دوو قۆڵی پێکەوە دەڕۆین. مایینەکەی منیش زۆر قەڵەو بووە. بەدفەڕە هێندەی ئالیك خواردووە خەریکە دەتەقێ، جووتەی وادەوەشێنێ پیاو تۆقی دەچێت!...

گریگۆری بە ڕەزامەندییەوە بیرۆکەکەی پەسند کرد:

– زۆر باشە، کەواتە تۆ لە گەڵ ئەودا بڕۆ. بەڵام با بزانین ئێوە بە چ ڕێگایەکدا دەڕۆن، کێ دەڵێی منیش بە هەمان ڕێدا نارۆم.

گریگۆری نەخشەی باشووری ڕووسیای لە جانتا سەفەرییەکەی دەرهێناو بە تێروتەسەلی بۆ بابی شرۆڤەکرد کە دەبێ بە چ گوندێکا تێپەڕێت و ناوی گوندەکانی، یەك یەك، بۆ دەخستە سەر کاغەز. لێ پیرەمێرد، کە بە ڕێزەوە دەیڕوانیە نەخشەکەو باوەڕی تەواوی بە نەخشەکە هەبوو، گوتی:

– ڕاوەستە، ڕاوەستە، مەینووسە! هەڵبەتە تۆ لەم کارانەدا لە من شارەزاتری و نەخشەش شتێکی باشەو گاڵتەی پێناکرێت، درۆ ناکات و ڕێگای دروستت پێنیشان دەدات. بەڵام لێرەدا شتێك هەیە، ئەگەر ئەم ڕێگایە بۆ من باش نەبێت، چۆن بیگرمە بەر؟ تۆ دەڵێی کە دەبێ لە کارکینسکایاوە، بڕۆین، من دەزانم ئەو ڕێگایە کورتترە. بەڵام من دەبێ پێچێك بکەمەوە.

– بۆچی دەبێ پێچێك بکەیتەوە؟

– چونکە لە لا تیشفدا کچە مامێکم هەیە، لەوێ نان بۆ خۆم و جۆ بۆ ئەسپەکەم مسۆگەرە. بەڵام ئەگەر بچمە ماڵە بێگانان دەبێ پارە بدەم. تۆ دەڵێی دەبێ بە شارۆچکەی ستاخوفدا بڕۆم چوکە ڕێگاکەی کورتترە. من دەزانم ڕێگاکەی نزیکترە. بەڵام من بە مالاخوفسکیدا دەڕۆم: لەوێ قەم و قیلەو خزمانی دوورم هەن، ئەم جگە لە دنیایەك هاوقیتاران و ناسیاوانی زەمانی عەسکەری. لەم حاڵەتەدا پێویست ناکات وێنجەی خۆم مەسرەف بکەم، بەڵکو دەتوانم وێنجەی خەڵکی دی بە کار بێنم. بە خۆت دەزانی، ناکرێ ڕووت کردە هەر کوێیەك خەرمانێك وێنجە لە گەڵ خۆتدا ببەیت. لە غەریبیدا لەوەیە بەپارەش وێنجەت نەدەنێ، چ جای بە پیاوەتی و خۆڕایی.

گریگۆری، بە تەوسەوە گوتی:

– باشە لەوبەری دۆن خزم و کەست نییە؟

– با، لەوێش هە من

– دەی وای دابنەن دەبێ سەری ئەوانیش بدەی.

پانتلی پروکوفیوفیچ، تووڕە بوو و گوتی:

– قسەی قۆڕ مەکە. بە جدی قسە بکە، مەسەلەکە مەکە بە فشقیات! تۆش وەختت نەدۆزییەوە، ئێستا نەبێ، بە ڕاستی زیرەکی، هەر باشە زیرەکێکمان تیا هەڵکەوتووە!

– تۆش پێویست ناکات، سەری هەموو کەس و کارت بدەی! خۆ هەڵاتن و کوڕەو، پیاسە نیە کە بتەوێ سەری ئەم و ئەو بدەیت.

– پێویست ناکات تۆ ڕێم پێ نیشانبدەی، خۆم ڕێگا دەزانم.

– دەی مادام دەیزانی، کوێت بەدڵە، بۆ ئەوێ بڕۆ.

– ئاخر چ پێویستم بەوەیە بە گوێرەی نەخشەی تۆ بڕۆم؟ بەڵکو بە گوێی تۆم کردو لە شوێنێکا گیرۆدە بووم، ڕێگای زستانەی تیا نەبوو؟ ئەوە بە هەموو ئەقڵێکتەوە تەوس بە من دەکەی؟ ئاواش فەرماندەی فیرقە بووی!

گریگۆری و پیرەمێرد، ماوەیەك بەو شێوەیە بە یەکا هەڵشاخان و سەرەنجام گریگۆری، پاش ئەوەی لایەنە جۆراو جۆرەکانی بیرۆکەکەی بابی لێکدایەوە، ناچار دانی بەوەدا نا کە بیرۆکەکەی بابی خاڵی ئەرێنی زۆری تیایە و بە تۆنێکی ئاشتیانە گوتی:

– باوکە تووڕە مەبە، من مەجبورت ناکەم بە هەمان ڕێگای مندا بێی. بە دڵی خۆت بکە، کوێت پێخۆشە بەوێدا بڕۆ. هەوڵ دەدەم لەوبەری دۆنتس بتبینمەوە.

پانتلی پروکوفیوفیچ، دڵی کرایەوەو بە ڕووخۆشی گوتی:

– دەبوایە لە هەوەڵەوە وا بڵێی! تۆ لە خۆتەوە نەخشەت لە من قوت کردووەتەوەو ڕێگام بۆ دیاری دەکەیت، نازانی نەخشە نەخشەیە، لێ ئەسپ ئەگەر ئالیکی نەدەیتێ، ناتوانێ بۆ هیچ شوێنێك بڕوات.

پیرەمێرد، لەو کاتەوە کە گریگۆری هێشتا نەخۆش و لە جێدا کەوتبوو، خۆی بۆ هەڵاتن کۆ دەکردەوە. بە ڕێك و پێکی بەماینەکەی ڕادەگەیی و کاوجۆو ئالیکی دەدایە، خزاگەکەی چەك و پینەو نۆژەن دەکردەوە، جووتێ پێڵاوی تازەی لبادی بۆ خۆی بە کرد دابوو و بە خۆشی بنێکی چەرمی لێدابوو تا لە ئاوو باراندا پێی تەڕ نەبن، هەروەها چەند کیسە شوڤانێکی دەست بژێریشی ئامادە کردبوو. ئیدی وەکو ئاغایەکی ڕاستەقینە خۆی بۆ ئەم کوڕەوو پاشەکشەیە ئامادە کردبوو. هەموو پێویستیەکی ڕێگاو بانی فەراهەم کردبوو: تەور، هەرەی دەستی، قەڵەم، کەرەستەی پینە دۆزی، پەت، بنی زیادەی پێڵاو، بزمار، چەکوش، سیرمە، پەتی بادراو، تۆپەڵێك قیر، ناڵی ئەسپ و بزمارو، هەموو ئەم شتانەی لە پارچە مشەمایەکەوە پێچا بوو و حازرو ئامادە بوو، دەیتوانی لە دەقیقەیەکدا بیانخاتە ناو خزاگەکە. پانتلی پروکوفیوفیچ تەنانەت تەرازووشی ئامادە کردبوو کە لە گەڵ خۆیا بیبات و کە ئیلی نیچنا پرسی بووی، کە لەو ڕێگاو بانەدا تەرازووی بۆچییە، پیرەمێرد بە سەرزەنشتەوە بەرسڤی دابووەوە:

– ژنەکە، دەزانی تۆ تا پیرتر دەبی، کەرتر دەبی، یانی خۆت وەڵامی ئەو پرسیارە سادەیە نازانیت؟ لە ڕێگاکە کاو جۆ بکڕم، نابێ کێشانە بکرێ؟ چما کاو جۆ بە بست دەفرۆشرێت؟

ئیلی نیچنا بە سەرسامی پرسی:

– باشە، فرۆشیاران، بە خۆیان سەنگ و تەرازوویان نییە؟

پانتلی پروکوفیوفیچ تووڕە بوو:

– خوا دەزانێ چ تەرازوو قەپانێك بەكار دێنن؟ لەوەیە هەموو تەرازووەكانیان خراپ بێ‌و كلاوەمان لە سەر بنەن. مەسەلەكە ئەمەیە! ئێمە دەزانین خەڵكی ئەو بەر چۆنن! پارەی یەك پود (پود: ٣٦ ڕەتڵە) دەدەیت، سێ ڕەتڵت دەدەنێ، جا بۆ ئەوەی لە هەر قۆناغێكدا تووشی ئەم زەرەرە نەبم، باشتر وایە تەرازووەكەم لەگەڵ خۆمدا بەرم، بەكەڵكم دێت. بەڵام تۆ دەتوانی بەبێ تەرازووش لێرە هەڵبكەی، تەرازووت بۆ چییە؟ خۆ ئەگەر سوپا بێت بۆ ئێرە، كاو جۆو وێنجە بەبێ كێشانە دەبەن.... تۆ تەنیا ئەوەندەت لە سەرە كە توورەكەو عەرەبانەكانیان بۆ پڕ بكەیت، من ئەو دێوو درنجانەم دیتووەو دەیان ناسم.

پانتلی پروكوفیوفیچ، لە سەرەتاوە بیری لەوەش كردەوە كە عەرەبانەیەكی بچكۆلەش لە خزاگەكەی باربكات‌و دەگەڵ خۆیدا بیبات، تا لەو سەرەوە، لە بەهارا پارە خەرج نەكات‌و ناچار بێ عەرەبانەیەك بكڕێت، بەڵام كە باش بیری لە نەخشەكەی كردەوە، ژێوان بووەوەو چاوپۆشی لێكرد.

گریگۆریش كەوتە خۆ كۆكردنەوەو خۆ ئامادە كردن بۆ سەفەرەكەی. تفەنگ‌و دەمانچەكەی پاك كردنەوە، شمشێرە وەفادارەكەی تیژ كردەوە. دوای چاك بوونەوەی بە هەفتەیەك، چووە دەرێ تا سەرێكی ئەسپەكەی بدات. كە چاوی بە سمت‌و كەفەڵی بریقەداری كەوت، بە خۆشحاڵیەوە بۆی دەركەوت كە پیرەمێرد تەنیا خزمەتی ئەسپەكەی خۆی نەكردووە، بەڵكو بە ئەسپەكەی ئەمیشدا ڕاگەییوە. بە زەحمەت سواری ئەسپە سەركێشەكەی خۆی بوو، ماوەیەكی باش تاوی دا، لە گەڕانەوەدا بینی، یان وای تەسەور كرد كە بینی، یەكێك لە پەنجەرەی ماڵەكەی ستاخۆفەوە، دەستەسڕێكی سپی بۆ تەكان دەدات.

پیاوانی تاتارسكی، لە كۆبوونەوەی مەڵبەندی گشتی گوندا لێبڕا بوون، هەموو پێكەوە لە یەك ڕۆژدا گوند بەجێ بێڵن‌و بكەونە ڕێ. ژنان دوو ڕۆژی تەواو خەریكی نانكردن‌و ئامادەكردنی جۆرەها توێشوی كولاوو برژاو بوون بۆ سەفەری پیاوەكان، قەراریان دا ڕۆژی دوازدەی كانوونی یەكەم بە ڕێبكەون. ئێوارەی ڕۆژی پێشوو، پانتلی پروكوفیوفیچ كاو جۆی لە خزاگەكەی باركردو، سارەزی كە تازە بەیان ئەنگاوتبوو، فەروە قورسەكەی لەبەر كرد، نیتاقەكەی لەسەر بەست‌و دەستكێشە چەرمەكانی خستنە بەر نیتاقەكەی، نوێژو نزای خوێندو ئەوجا خوا حافیزی لە ماڵ‌و منداڵ كردو كەوتە ڕێ.

خێرا كاروانێكی گەورە لە گوندەوە بەرەو گردەكە بە ڕێكەوت. ژنان كە بۆ بە ڕێكردنی پیاوەكانیان هاتبوون، تا ماوەیەكی زۆر دەستەسڕیان بۆ ڕێبوارەكان هەڵتەكاند، بەڵام پاشان باوبۆران باڵی بە سەر دەشت‌و دەرەكەدا كێشا و كلو بەفر، كە وەكو دەستپێچكە خوری‌و گلۆڵە لۆكە دەخولایەوە، دنیای وەها تاریك كرد، كە خزاگەكان، كە بە ئەسپایی بە گردەكەدا هەڵدەگەڕان‌و ئەو قۆزاقانەی كە شانبەشانی خزاگەكان بە پیادە دەڕۆییشتن لە چاو ون بوون.

گریگۆری، پێش ئەوەی بۆ ڤیشنسكایا بڕوات، ئەكسینیای بینی. ئێوارێ، كە تازە چرای گوند هەڵكرا بوون چووە دیدەنی. ئەكسینیا تەشی دەڕست‌و بێوەژنەكەی ئانیكوشكا لە تەنیشت

ئەوەوە گۆرەوی دەچنی و حیکایەتێکی دەگێڕایەوە. گریگۆری کە ئەوی بینی، بە کورتی بە ئەکسینیای گوت:

– دەقیقەیەك وەرە دەرێ، کارم پێت هەیە.

لەبەر هەیوانەکەندا دەستی خستە سەر شانی و پرسی:

– لەم پاشەکشەیەدا، لە گەڵ منا دێی؟

ئەکسینیا، ماوەیەك بێدەنگ بوو و بیری لە وەڵام دەکردەوە. سەرەنجام بە نەرمی گوتی:

– ئەدی چی لەم موڵك و ماڵە بکەم؟ کێڵگەکەمان، ئەسپەکەمان؟

– بە یەکێکیان بسپێرە، دەبێ لە گەڵما بێی، پاشەکشە دەکەین.

– کەی؟

– سبەینێ دێم بە دووتا.

ئەکسینیا کە لە تاریکییەکەدا، دەگرژایەوە، گوتی:

– بیرتە، جارێکیان، زوو زوو، پێمگوتیت ئامادەم تا ئەوسەری دنیاش لە گەڵ تۆدا بێم؟ من تا ئێستاش لە سەر قسەی خۆمم، من بە دڵ و بە گیان خۆشم دەوێی. لەگەڵتا دێم و تاقە جارێکیش ئاوڕ نادەمەوە. کەی چاوەڕوانت بکەم؟

– ئێوارە. شتی زۆر لە گەڵ خۆتا مەیەنە، جل و بەرگ و تا دەتوانی خواردن بێنە و تەواو... دەی بە هیوای دیدار.

– بە ئومێدی دیدار. دەڵێم دەتوانی بێیتە ژوورەوە؟ ئەو، تۆزێکی دی دەڕوات. سەدەیەکە نەمدیوی گریشنکا گیان! تەمەشای من، وامدەزانی تۆ... نا، نایڵێم!

– نا، ناتوانم بێمە ژوورەوە. دەبێ هەر ئێستا بڕۆم بۆ ڤیشنسکایا. خوا حافیز. سبەینێ چاوەڕوانم بە.

گریگۆری ڕۆیی و لە دەروازە چکۆلەکەوە دەرچوو. بەڵام ئەکسینیا بە هەمان دەقەوە لە بەر هەیوانەکەدا وەستا بوو و بە دەم بزەوە گۆنا گەرمەکانی لە نێو هەردوو دەستیا دەگوشین.

***

لە ڤیشنسکایا، چۆڵکردنی دایەرەکانی هەرێم و دام و دەزگای بەڕێوەبەرایەتی و عەمارو جبەخانانی کۆمیساری دەستی پێکرد بوو. گریگۆری لە بارەگای ئەتامانی هەرێمدا ، تاقیبی بارودۆخی جەبهەی کرد. ملازمێکی گەنج کە کاری موراسیلی دەکرد، پێی گوت:

– سوورەکان گەییونەتە نزیکی ستانی ئالکسییفسکایا. ئێمە نازانین چ یەکەیەك بە ڤیشنسکایادا تێدەپەڕێ، یان بێرەدا دێن یا نایەن. بە خۆت دەبینی کەس هیچ نازانێ، هەموو هەر پەلەی هەڵاتنیانە... بە ڕای من لێرە بۆ یەکەکەت مەگەڕێ، بڕۆی بۆ میلیرۆڤۆ زۆر باشترە. لەوێ ئاسانتر دەیدۆزیتەوە. لە هەموو حاڵەتێکا کەتیبەکەتان بە درێژایی سکەی قیتار پاشەکشە دەکات. ئیدی ئایا لە کەناری دۆندا پێش لە دژمن دەگرێت؟ . من بەش بە حاڵی خۆم باوەڕ ناکەم. بەڵام ڤیشنسکایا بەبێ شەڕ تەسلیم دەبێ، ئەمەیان چەندو چوونی تیا نییە.

گریگۆری شەوێکی درەنگ بۆ گوند گەڕایەوە، ئیلی نیچنا لەماڵەوە خەریکی ئامادەکردنی شیو بوو، گوتی:

– پروخۆر هاتبوو، سەعاتێك دوای ڕۆیشتنی تۆ هات، گوتی دەگەڕێتەوە، کەچی هێشتا نەگەڕاوەتەوە.

گریگۆری، ئەم هەواڵەی پێخۆش بوو، بە پەلە شیوەکەی خواردو چوو بۆ ماڵی پروخۆر. پروخۆر بەدەم بزەیەکی ساردەوە پێشوازی کردو گوتی:

– پێموابوو، یەکسەر لە ڤیشنسکایاوە دەڕۆیت.

گریگۆری بە پێکەنینەوە دەستی دا بە شانی موراسیلە ئەمەکدارەکەیدا و گوتی:

– ئەوە تۆ لە کوێوە پەیدا بووی؟

– هەڵبەتە، لە جەبهەوە.

– دەی هەڵاتوویت؟

– ئەو قسەیە چیە؟ بێ قەزابی! بە پرس هاتووم، جەنگاوەرێکی دلاوەری وەکو من، چۆن هەڵدێ؟ بۆیە هاتوومەوە، چونکە نەمدەویست بەبێ تۆ بڕۆم بۆ ناوچە گەرمە سێرەکان. هەرچی گوناهمان هەیە پێکەوە بووە، دەبێ تا ڕۆژی پەسلان بە یەکەوە بین. کاروبار زۆر خراپە، دەزانی؟

– دەزانم. بەڵام پێم بڵێ چۆن لە کەتیبەدا ڕێگایان دایت؟

پروخۆر، خۆی دزییەوە و گوتی:

– ئەمە چیرۆکێکی دوورو درێژە. دوایی بۆتی دەگێڕمەوە.

خەمێن تر هاتە بەرچاو:

– ئەدی کەتیبەکەمان لە کوێیە؟

– مەگەر عزرائیل بزانێ ئێستا لە کوێیە!

– ئەدی کەی لەوێوە هاتیت؟

– دوو هەفتە دەبێت.

– ئەدی ئەم هەموو ماوەیە لە کوێ بووی؟

پروخۆر، بە ناڕەزاییەوە، لە کاتێکا ژێراو ژێر دەیڕوانیە ژنەکەی گوتی:

– تۆش پیاوێکی سەیری، ئەم هەموو چی و چۆن و کەی و لە کوێیە چییە؟ لەوێ بووم و تەواو، ئێستا لەوێ نیم. پێمگوتی دوایی بۆتی دەگێڕمەوە، یانی بۆتی دەگێڕمەوەو تەواو. ئەهای ئافرەت! ڤۆدگات هەیە؟ پێویستە بە سەلامەتی دیداری فەرماندەکەم دەمێ تەڕ بکەین. وا نییە؟ ئێستا هەیە یان نییە؟ کەواتە ڕاکە شتێکمان بۆ بکڕەو زوو بگەڕێوە. ئەوە چییە، لە غیابی مێردەکەتا زەبت و ڕەبتی عەسکەریت بیر چووە! بە ڕاستی لە دەست دەرچوویت!

ژنەکەی پروخۆر بە پێکەنینەوە گوتی:

– ئەو بۆڵە بۆڵەت لەچییە؟ زۆرم بەسەرا دەبۆڵێنی ها! تۆ خاوەنی ئەم ماڵە نیت، لە ساڵێکا دوو ڕۆژ لێرەیت.

– هەر کەسێ هەڵدەستێ بە سەر منا دەبۆڵێنێ، جا ئەگەر من بە سەر تۆدا نەبۆڵێنم، بەسەر کێیا ببوڵێنم؟ چاوەڕوان بکە با ببم بە جەنەراڵ، هەنگێ بەسەر خەڵکیدا دەبۆڵێنم. بەڵام تا ئەو کاتە تەحەمول بکە، دەی خێرا تەدارەکی عەسکەری لە خۆ بدەو بڕۆ!

ژنەی تاین، خۆی گۆڕی‌و ڕۆیی. پروخۆر نیگایەکی بە گلەیی گریگۆری کردو گوتی:

– پانتلیوفیچ، تۆش لە هیچ ناگەیت! خۆ ناکرێ لەبەر چاوی ژنەکەم، هەموو شتێك بڵێم. تۆش بە چۆن‌و چی‌و کەی‌و لە کوێ داتگرتوومەتەوە! دەی چاك بوویتەوە، تیفۆیەکەت لە کۆڵ بووەوە؟

– بەڵێ، چاك بوومەوە. دەی نالەبار باسی خۆتم بۆ بکە، هەست دەکەم شتێك دەشارێتەوە... بڵێ بزانم چ چەپکە گوڵێکت بە ئاوا داوە؟ چۆن هەڵاتیت؟

– هەزار خۆزگە بە هەڵاتن، زۆر لە هەڵاتن خراتر بوو... دوای ئەوەی تۆم بە نەخۆشی بۆ گوند هێنایەوە، گەڕامەوە بۆ یەکەکەی خۆمان، لە ڕەعیلی سێیەمی سریەکەی تۆ دایاننام. منیش بە خۆت دەزانی چەندم حەز لە شەڕە! لە دوو هێرشدا بەشداریم کردو پاشان لە دڵی خۆمدا گوتم: "ئەم بایە لەم کونەوە بێ، دەمرم! تا زووە فریای خۆت بکەوە، کونێ بدۆزەوەو خۆتی تێ بپەستە! ئەگینا پروشا گیان، کوڕی باش تیا دەچیت! جا بە ڕێکەوت، خۆمان‌و بەختمان، شەڕێکی وا هەڵگیرسا، سوورەکان گوشارێکی ئەوتۆیان بۆ هێنایـن، فریای هەناسەدان نەدەکەوتین! لە هەر شوێنێکەوە، سوورەکان دەرفەتیان هێنابا‌و هێرشیان کردبا، ئێمەیان بۆ ئەوێ دەنارد. هەر شوێنێك درزێکی تێکەوتبا یەکەکەی ئێمەیان دەنارد. لە زەرفی یەك هەفتەدا، وەکو چۆن گا، بە زمانێك شتێك هەڵبلوشێت، بەو ئاوایە جەنگ یازدە مێردی لە سریەکەمان هەڵلوشی. ئیدی بە جۆرێ بێتاقەت بووم خەریك بوو شێت دەبووم.

پروخۆر سیغارێکی پێکردو کیسە تووتنەکەی لە بەردەم گریگۆریدا ڕاگرت‌و بە کاوەخۆ لە سەری ڕۆیی:

– ئەوسا خۆم‌و بەختم، لە نزیك لیسکیدا بۆ دەورێیان ناردم... سێ کەس بووین، بە ڕەوتە بە گردێکی چکۆلەدا هەڵدەگەڕاین‌و چاومان کردبووەوەو ورد ورد دەمانڕوانییە هەر چوارنکالان. لە پڕ کابرایەکی سوورمان بەدی کرد کە لە پەنایەکەوە وەدەرکەوت‌و هەردوو دەستی هەڵبڕین. بە چوار ناڵە بەرەو لای ئەو ڕۆییشتین‌و یارۆ لە دوورەوە هاواری کرد: "قۆزاقینە! من لە خۆتانم! مەمکوژن، دێم بۆ لای ئێوە." ئیدی نازانم چی بوو، لە خۆڕا کەللەیی بووم، بە غار بەرەو لای ئەو چووم‌و گوتم: "ئاخر، کوڕی قەحپە، ئەگەر بڕیاری شەڕت داوە، نابێ تەسلیم ببی! هەی بێ شەرەف والێکراوی واپێکراو، مەگەر نابینی ئێمە بە چ زەحمەتێك خۆمان دەگرین؟ ئەوجاش تۆ دێی تەسلیم دەبی، تا بە هێزمان بکەیت؟" بەدەم ئەو قسانەوە، بە پانی کیفی شمشێرەکەم لەسەر زینەکەوە یەکێکم کێشا بە پشتیا. ئەو قۆزاقانەی دیکەش کە لە گەڵ مندا بوون هەمان قسەکانی منیان لە گەڵدا دووبارە کردەوە:

– ئاخر ئەمەش بوو بە شەڕ، جارێ لەمبەرو جارێ لەوبەر، دەی بێ‌و بڕۆ؟ ئەگەر هەمووتان بە جارێ هاتبانە ڕیزی ئێمە ئێستا دەمێ بوو شەڕ تەواو بوو بوو!" تومەز یارۆ ئەفسەر بوو، بەڵام خۆ دەستی خۆمان بە بۆنەوە نەکردبوو کە بزانین یارۆ ئەفسەرە! لە ڕاستیا ئەفسەر بوو. کاتێ کە

من به کیفی شمشێرەکەم کێشام بە پشتیا، ڕەنگی زەرد بوو و بە هێمنی گوتی: "من ئەفسەرم، غەدرم لێمەکەن! من کاتی خۆی لە کەتیبەی مغاویر بووم. سوورەکان بە خورتی چەکیان پێ هەڵگرتووم، بمبەن بۆ لای فەرماندەکەتان، هەموو شتێکی بۆ باس دەکەم." پێمانگوت: "کوا ئەوراق و بەڵگەنامەکانت..." لێ ئەو بە لووتبەرزی وەڵامی دایەوە: "حەزناکەم لە گەڵ ئێوەدا قسە بکەم، بمبەن بۆ لای فەرماندەکەتان."

گریگۆری، بە سەرسامی پرسی:

– باشە، بۆچی نەتدەویست ئەم شتانە لەبەر چاوی ژنەکەتا بگێڕیتەوە؟

– هێشتا نەگەییومەتە ئەو شوێنەی کە حەزم نەدەکرد لە حوزوری ژنەکەما بیگێڕمەوە. تکایە قسەکەم پێمەبڕە. بەڵێ لێبڕاین بیبەین بۆ سریەکە، بەڵام کارێکی نابەجێ بوو.. دەبوایە هەر لەوێدا بێکەس کوژی بکەین و کارەکە دەبڕایەوە. ئیدی بە ڕێزو حورمەتەوە بۆ سریەکەمان بردو ڕۆژی دوایی سەیرمان کرد کراوە بە فەرماندەی سریەکەمان. ها، چی دەڵێی؟ ئیدی کێشەکە لەوێوە دەستی پێکرد! دوای یەك دوو ڕۆژ، لە دووی منی ناردو پرسی: " کەواتە تۆ لە پێناوی ڕووسیایەکی یەکگرتوودا دەجەنگی، هەی کوڕی قەحپە؟ لە بیرتە ئەو ڕۆژەی کە بەدیلی گرتبوومت، چیت دەگوت؟".

هەرچی شێرو ڕێوم بۆ هێنایەوە فایدەی نەبوو و ملی نەدا، کە بیری کەوتەوە بە کیفی شمشێر لێم داوە، ئازی کەوتە لەرزین و گوتی:

– دەزانی من نەقیبی کەتیبەی سوارەی مغاویرم و لە بنەماڵەیەکی خانەدانم و تۆی خوێڕی پڕکێشیت کردو لێتدام؟" نەخێر جاری دووەم بانگی کردم. جاری سێیەم بانگی کردم، بە تەواوەتی وەڕزی کردم و چاوەڕوانی هیچ بەزەییەکیشم لێی نەدەکرد. ئەمری بە فەرماندەی ڕەعیلەکە کرد کە من لە دەرێی نۆرەی خۆمدا بنێرێتە بێگارو دێدەوانی، ئیدی بوو بوو بە بەڵاو، لە وەخت و ناوەختا بە سەرما دادەباری. ئیدی عەینی سەرگەڕ (دالاش) خەریك بوو دەیخواردم! هەمان ڕەفتاری لەگەڵ ئەو دوانەی دیکەشدا، کە لە گرتنەکەیا لەگەڵما بوون، دەکرد، ئەو پیاوانە هێندەی لە توانایاندا بوو تەحەمولیان کرد. ئەوە بوو ڕۆژێك بردیانمە پەنایەکەوە و گوتیان: "وەرە با بیکوژین، دەنا ژیانمان لێ تاڵ دەکات.".

هەرچیم کرد، ویژدانم ڕێی نەدەدام بیکوژین، لە دڵی خۆدا بیرم لە مەسەلەکە کردەوە، بڕیارم دا بە فەرماندەی کەتیبەکە بڵێم. ویژدانم ڕێی نەدەدا بیکوژم. ئەگینا ئەو ڕۆژەی کە بەدیلی گرتبوومان، دەمانتوانی بیکوژین و دوو بەرد تەقەی نەیات، بەڵام دواتر، دەستم تێی نەدەچوو، بەخۆیشم نەمدەزانی بۆچی دەستم تێی نەدەچوو... من هەرکاتێ کە ژنەکەم مریشکێك سەر دەبڕێت، چاوانم دەنوقێنم، جا وەرە مەسەلەی کوشتنی ئینسانێك بێتە ئاراوە...

گریگۆری جارێکی دی قسەکەی پێبڕی:

– بەڵام دوایی هەر کوشتتان، ها؟

– پەلە مەکە، هەمووی دەزانیت، بەڵێ چوومە لای فەرماندەی کەتیبەو مەسەلەکەم لە سیری تاپیازی بۆ گێڕایەوە. پێکەنی و گوتی: "گوێی مەدەیە زیکوف، تۆ لێت داوە، هەق بەوە کە

زەبت و ڕەبت بەرقەرار بکات، ئەفسەرێکی باشەو لە کاری خۆیدا کارامەو شارەزایە." لەلای ئەو هاتمە دەرێ، لە دڵی خۆدا گوتم: "ئەم ئەفسەرە باشە تۆ دەتوانی بە پەتێك، لە جیاتی خاچ لە ملی خۆتی بکەی، بەڵام من ئامادەم نیم لە سریەکەی ئەودا خزمەت بکەم." داوام کرد بۆ سریەیەکی دی بگوازرێمەوە، بەڵام فایدەی نەبوو، نەیان گوازتمەوە. هات بە سەرما، لە کەتیبەکە هەڵێم، ئەمە بەدەمی ئاسان بوو، بەڵام بە کردەوە قورس بوو، چۆن هەڵێم؟ بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ، بەمەبەستی ئیسراحەت و پشوو بۆ پشتی جەبهەیان هێنانینەوە. لەوێ جارێکی دی شەیتان هاتە بن کلێشەمەوە... لە دڵی خۆدا گوتم: "هیچ چارێك نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە سووکە سوزەنکێك بگرم، هەنگێ دەچمە نەخۆشخانەو دوای ئەوەش پاشەکشە دەست پێدەکات، چونکە دەمزانی وەزعەکە بەرەو کوێ دەڕوات. ئەوە بوو دەستم دایە کارێك کە پێشتر بە عەمرانم نەمکردبوو: کەوتمە دووی ژنان و لە دووی ئەو ژنانە دەگەڕام کە زیاتر لە نەساغ دەچوون، یانی سوزەنەکیان بێ، بەڵام پیاو چۆن ئەمە بزانێت؟ خۆ ئەو ژنانە لە ناوچەوانیان نە نوسراوە کە ئەو نەخۆشیە یان ئەم نەخۆشیەیانە، ئەی تەگبیر!

پروخۆر، لە داخا تفێکی کردو گوێی هەڵخست تا دڵنیا ببێ کە ژنەکیە هێشتا نەگەڕاوەتەوە.

گریگۆری بۆ ئەوەی پێکەنینەکەی خۆی بشارێتەوە، دەستی بە زارییەوە گرت و بە چاوانی ڕەخشانەوە پرسی:

– ژنی سوزەنەکدارت دۆزییەوە؟

پروخۆر، بە چاوانی تەژی ڕوندکەوە لێی ڕوانی، وەکو سەگێکی پیر لە دوا دوایی ژیاندا بێ، نیگای خەمین و مەنگ بوو. دوای بێدەنگییەکی کورت گوتی:

– پێتوایە کارێکی ئاسانە؟ کە ناتەوێ بە پێی خۆی دێتە بەر دەستت، تە نانەت بە گەڵ ئەو هەوایەش دەکەوێ کە هەڵیدەمژیت! بەڵام سەیر لەوەدا بوو، هەرچیم دەکرد، دەستم نەدەکەوت و نەدەکەوت، باوەڕ بکە بانگەوازیشم بکردایە، جاڕیشم بدایە پەیدا نەدەبوو.

گریگۆری، ڕووی وەرگێڕا بوو و بە نەرمی پێدەکەنی، ئەوسا دەستی لە سەر زاری لابردو بە دەنگێکی پچڕ پچڕ پرسی:

– تو زاتی خوا، عەزیەتم مەدە! دۆزیتەوە یان نا؟

پروخۆر، بە پەستی گوتی:

– هەڵبەتە بۆ تۆ مایەی پێکەنینە... بەڵام بەباوەڕی من پێکەنین بە نەگبەتی خەڵکانی دی. کارێکی گەوجانەیە.

– بەڵام من پێنەکەنیوم... ئێ، دوایی؟

– ئیدی کەوتمە دەوروخولی کچی ئەو ماڵەی کە تیایا بووم. قەیرە کچ بوو، تەمەنی چل ساڵێك، یان تۆزێ کەمتر دەبوو، دەموچاوی یەکپارچە زیپکەو جوانەزمە بوو، دیمەن و دەموچاوی، بڵێم چی، خوا بە نسیبی کەسی نەکات. هاوسێکان دەیانگوت، ماوەیەکە هاتوچۆی دکتۆر دەکات. لە دڵی خۆدا گوتم: "لێیگەڕێ، دۆزیومەتەوە! لەمەوە ئەو نەخۆشیە نەگرم، بە عەمرانم نایگرم."

ئیدی وەکو کەڵەشێرێکی گەنج کەوتمە دەوروخولدانی، خۆم پڕ بادەکردو قسەم دەگەڵ دەکرد... جا قسەی چۆن! بە خۆشم نەمدەزانی ئەو قسانەم چۆن چۆنی بۆ دەهات!....

پروخۆر، بزەیەکی شەرمنانەی بۆ کرد، لەوە دەچوو بە یادکردنەوەی ئەو بیرەوەریانە، تۆزێك وەجۆش هاتبێ:

– بەڵێنم دایە بیخوازم، هەزارو یەك قسەی بێسەرو بەرم بە گوێیدا دەدا... بەمجۆرە، لە کۆتاییدا، توانیم ڕامی بکەمو ئیدی چیوای نەما کە تووشی گوناحە گەورەکە ببین، کە سەیرم کرد خەریکە هۆن هۆن دەگری. ویستم هێوری بکەمەوەو گوتم: "خێرە! دیارە نەخۆشیت، قەیدی نییە، باشتر." بەڵام من دەترسام. شەو بوو، ئێمە لە کادێنەکەدا بووین، ئەگەری ئەوە هەبوو یەکێك گوێی لە دەنگمان بێتو، بێت بە سەرماندا. پێمگوت: "تو زاتی خوا هاوار مەکە! ئەگەر نەخۆشیش بی، کێشە نییە، هیچ خەمت نەبێ، ئەوەندەم خۆشدەوێی، بە نەخۆشیش هەر پێت ڕازیم." بەڵام ئەو گوتی: "پروشنکای ئازیزم، من هیچ نەخۆشیەکم نییە، کیژێکی پاكو پاکیزەم، دەترسم ،بۆیە دەگریم." گریگۆری پانتلیوفیچ، باوەڕ بکە کاتێ کە ئەو قسەیەی کرد، ئارەقەیەکی سارد لە سەراپام نیشت. لە دڵی خۆدا گوتم: "ئەی خودا، تووشی چی بووم! ئەمەش بوو بە ڕزق! هەر لەمەم کەم بوو!...." لێی تووڕە بووم: "ئاخر هەی نەگریس بۆچی هاتوچۆی دکتۆرت دەکرد؟ بۆچی خەڵکیت بە هەڵەدا دەبردو هەزارو یەك گومانت لا دروست دەکردن؟" گوتی:" دەچووم هەتوانو کرێمی بۆ زیپکەکانی دەموچاوم لێوەربگرم." سەرم لە نێو، هەردوو دەستم ناو هاوارم بە سەردا کرد: "دە هەستە دەی، هەیدێ لەبەر چاوم گوم بە، عەمرت نەمێنێ، جادووبازی ناشیرین! من پاكو پاکیزەم ناوێو، قەتیش زەماوەندت لە گەڵدا ناکەم!"

پروخۆر، تفێکی لەوەی پێشوو خەستتری کردو بە دوو دڵیەوە لە سەری ڕۆیی:

– هەرچی هەوڵێکم دابوو بە فیڕۆ چوو. چوومە ماڵەوە، شتومەکەکانم کۆکردەوەو هەمان شەو بارم کردو لەوێ گواستمەوە. پاشان برادەران، ڕێنماییان کردم ئەنجام ئەوەی بۆی دەگەڕام لە بێوەژنێکا دەستم کەوت. بەڵام ئەمجارەیان، بێهیچ پێچو پەنایەك، بێهیچ لە ڕووداماتێك چوومە بەرێو پرسیم: "تۆ نەخۆشیت هەیە؟" گوتی: "کەمێك." گوتم: "زۆر باشە، منیش کەمێکم دەوێ، خەراورێکم پێویست نییە." جا لە جیاتی ئەو چاکەیەی کە لە گەڵی کردم، بیست ڕۆبڵی کرنسکیم دایەو بۆ بەیانی چووم بۆ خەستەخانە، مۆڵەتی نەخۆشییان دامیێو یەکڕاست لەوێوە بۆ ماڵ هاتمەوە.

– بەبێ ئەسپ هاتییەوە؟

– هەڵبەتە نا! بە سواری ئەسپەکەم و بە هەموو تەدارەکی جەنگییەوە هاتمەوە. برادەران ئەسپەکەیان بۆ ناردم بۆ خەستەخانە. بەڵام ئەمە گرینگ نییە، ئێستا تۆ پێم بڵێ، چ بە ژنەکەم بڵێم؟ یان چار هەر ئەوەیە شەوێ بێم لە لای تۆ بخەوم؟

– نە، بابە! لە ماڵی خۆت بخەوە. بە ژنەکەت بڵێ برینداریت، خۆ دەواو دەرمانو شاشو سارغی برین پێچیت هەیە!

– بەستەیەك سارغیم پێیە.

– دەی بەکاری بێنە.

پروخۆر، بەخەمبارییەوە گوتی:

– باوەڕم پێناکات.

وێڕای ئەوەش هەستا، کەمێك خورجینەکەی گەڕاو چوو بۆ ژوورەکەی دیکە، لەوێوە، بێئەوەی دەنگ بەرز بکاتەوە، گوتی:

– ئەگەر هاتەوە، بە قسەوە بیگرە، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.

گریگۆری سیغارێکی بۆ خۆی پێچایەوەو بەدەم سیغار کێشانەوە نەخشەی سەفەرەکەی خۆی دەکێشا. بڕیاری دا: "هەردوو ئەسپەکە لە خزاگەکە دەبەستین‌و دەبێ بە شەو بکەوینە ڕێ تا کەسی ماڵەوەمان نەبینێ کە ئەکسینیا لەگەڵ خۆدا دەبەم، هەرچەندە دوایەیش بێ، هەر پێ دەزانن..."

پروخۆر، بە نیمچە شەلینەوە لە ژووری میوان وەدەرکەوت‌و هات لە پاڵ مێزەکەدا دانیشت‌و گوتی:

– چیرۆکی فەرماندەی سریەکەم بۆ تەواو نەکردیت. دوای ڕۆژی سێیەمی نەخۆشییەکەم، برادەرەکانمان، کوشتیان.

– نە بابە؟

– بەخوا! لە شەڕێکا، لە پشتەوە کوشتیان‌و تەواو. ئیدی من بە خوت‌و خۆڕایی خۆم تووشی نەخۆشی کرد. ئەم نەخۆشییە قۆڕەش!

گریگۆری کە لە بیری نەخشەی سەفەرەکەی خۆیا بوو، بە حەواس پەرتی گوتی:

– باشە بکوژەکەیان نەگرت؟

– کێ لەو ئاخر زەمانەدا دەیپەرژایە سەر شتی وا؟ لەو ڕاکە ڕاکەو پاشەکشەو پاشاگەردانییەدا لە بیری ئەو شتانەدا بوو. ئەرێ ئەوە بە ڕاست ژنەکەم کێوە چوو؟ خەریکە کاتی خوارنەوە بەسەر دەچێت. تۆ بە تەمای کەی حەرەکەت بکەی؟

– سبەینێ.

– ناتوانی ڕۆژێکی دی دوای بخەین؟

– بۆچی؟

– دەمویست، ئەم ڕشك‌و ئەسپێیانە لە کۆڵ خۆ بکەمەوە. خۆش نییە لە گەڵ خۆمیانا ببەم.

– دەتوانی لە ڕێگادا، لە کۆڵ خۆتیان بکەیتەوە. کاتی خاوە خاو نییە. سوورەکان تەنیا دوو ڕۆژە ڕێگایان بۆ ڤیشنسکایا ماوە.

– یانی بەیانی بە ڕێ دەکەوین؟

– نا، شەوێ. ئەگەر بتوانین خۆمان بگەیەنینە کارگینسکایا، شەوێ، لەوێ دەخەوین.

– باشە سوورەکان، نامانگرن؟

– دەبێ ئاگامان لە خۆ بێ، ئەرێ بە ڕاست، من... بە تەمام ئەکسینیا ستاخۆفا لە گەڵ خۆما بێنم. خۆ پێت ناخۆش نییە؟

– من هەقم چیە؟ خوای دەکرد نەك یەك ئەکسینیا، بەڵکو دوانت دێنا. بەڵام باری ئەسپەکان قورس دەبێت.

– نا، قورس نییە.

– سەفەر لە گەڵ ژناندا خۆش نییە، ئاخر تۆ چ پێویستیەکت بەوە؟ ڕێوی بەکونەوە نەدەچوو هەژگێکشی لە کلکی دەبەست.

پروخۆر، ئاهێکی هەڵکێشاو چاوی بڕییە جێیەکی دیکەو گوتی:

– دەمزانی، چاوە چاوی ئەوەتە لە گەڵ خۆتیا بێنی، هەمیشە خەریکی کوڕێنیت... ئاخ گریگۆری پانتلیوفیچ، زۆر لە مێژە شەلاق چاوەڕوانی تۆیەو فرمێسکی زوخاو دەڕێژیّ.

گریگۆری بە ساردی گوتی:

– ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نییە. بۆ ژنەکەتی مەگێڕەوە.

– چما بە حەیاتم هیچم بۆ گێڕاوەتەوە؟ خۆزگە تۆزێك ئینسافت دەبوو! ئەدی خانووەکەی بە کێ دەسپێرێت؟

دەنگی پیّ لە ڕاڕەوەکەوە هات. ژنەکەی پروخۆر وەژوور کەوت. پروشە بەفر بە سەر سەرپۆشە خاکیە فشەڵەکەیەوە، دەبریسکایەوە. پروخۆر گوتی:

– بەفرە؟

پروخۆر، دوای ئەوەی دوو پەرداخی چکۆلەی لە دۆڵابەکە دەرهێنا، ئەوسا بیری کەوتەوەو پرسی:

– ئەریّ هیچت هێناوە؟

ژنەکەی، کە گۆناکانی سوور بوو بوونەوە، دوو بوتڵی تەماوی لە باخەڵیا دەرهێناو لەسەر مێزەکەی دانان. پروخۆر بە شادییەوە گوتی:

– زۆر باشە، یەکێکیان بۆ ڕێگا هەڵدەگرین!

بۆنێکی ڤۆدگاکەی کردو گوتی:

– دەرەجە یەکە! تابڵێی بە قوەتە!

گریگۆری دوو پێکی بچووکی خواردەوەو بە بیانووی ماندوویەتیەوە بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە.

((٢٦))

دوای ئەوەی گەیینە سەر گردەکە، پروخۆر گوتی:

– ئیّ، ئیدی شەڕ تەواو بوو. سوورەکان هێندەیان تاو بۆ هێناوین، بەرە بەرە پاشەو پاش دەکشێینەوەو کاتیّ بەخۆ دەزانین پاشەڵمان لە ئاوی سوێردایە.

تاتارسکی لە پاینی گردەکەدا پاڵکەوتبوو دوکەڵێکی شینباو باڵی بە سەردا کێشا بوو. هەتاو گەیی بووە دەم کەلی بەفر گرتەی، ئەرخەوانیو، لە ئاوا بووندا بوو. بەفر لە ژێر تیغەی خزاگەکەدا، خشە خشی دەکرد. ئەسپەکان ئاسایی دەڕۆییشتن. گریگۆری لە پاشی خزاگەکەدا، پشتی بە زینەکانەوە دابوو و پاڵ کەوتبوو. ئەکسینیا، خۆی لە پاڵتۆیەکەوە، کە قەراخەکانی

فەروی سموورەی لێنرا بوو، پێچا بوو و لە تەنیشت گریگۆرییەوە ڕۆنیشتبوو. چاوە ڕەشەکانی لە ژێر لەچکە تووکنە سپییەکەیەوە، لە خۆشیا، کسکە کسك، دەبریسکانەوە. گریگۆری بەگۆشەی چاو تەمەشای دەکردو لە گۆناکانی کە لە سەرما بە ئاستەم سوور هەڵگەڕا بوون، لە برۆ پان و ڕەشەکانی ورد دەبووەوە، لە برژانگە درێژو هەڵگەڕاوەکانی، کە تەمی بەفریان لە سەر نیشتبوو، لە سپێنەی چاوەکانی کە پرتەوێکی شینباویان لێهەڵدەستا ورد دەبووەوە، ئەکسینیا بە کونجکاوی دەیڕوانیە دەشتە پان و بەرینەکە، دەشتی چی، تا چاو بڕکات هەر بەفر بوو، ناو بە ناو، لێرەو لەوێ، خەرمانە بەفرێکی با ئاوردە سەری قوت کردبووەوە، دەیڕوانیە جادەکە کە لە ژێر تیغەی خزاکاندا، سیقال بوو بووەوەو دەبریقایەوە، هەروەها دەیڕوانیە ئاسۆی دوورە دەست کە لە تاریکیدا نقوم بوو بوو. بۆ ئەو کە فێری ماڵەوە بوو و زۆربەی ژیانی لە ماڵەوە بەسەر بردبوو، هەموو دیمەن و شتەکان تازەو جوان و سەرنج ڕاکێش بوون. جار جارێك چاوی دادەنەواند، هەستی بە ساردییەکی بە لەزەتی، ئەو گەردە بەفرە دەکرد کە نیشتبووە سەر برژانگەکانی. لە دڵی خۆیدا بیری لەو ئاواتە دێرێنە دەکردەوە کە زۆر لە مێژ بوو خەونی پێوە دەبینی و ئێستا لە ناکاواو بە شێوەیەکی یەجگار سەیرو باوەڕ نەکردەنی هاتبووە دی و لە ناخا، لە خۆشیا وەکو منداڵ دەگرژییەوە: ئەویش ئەوە بوو بێترس دەگەڵ گریگۆریدا بچێتە سەفەر، جا ئەوەتا، لە گەڵ گریگۆریدا دەڕۆن بۆ جێیەکی دوور لە تاتارسکی، دوور لەو گوندە نەفرەتیە کە ئەو هەموو ڕەنج و عەزابەی تیادا بینی بوو، کە نیوەی عومری دەگەڵ مێردێکدا بەسەر برد بوو کە خۆشی نەدەویست، دوور لەو شوێنەی کە هەموو شتێکی بۆ ئەو پڕ بوو لە بیرەوەریانی بە سوێ... ئەکسینیا لە خۆشی ئەوە دەگرژییەوە کە بە هەموو بوونی خۆیەوە هەستی بە حوزووری گریگۆری دەکرد. ئیدی نە بیری لەوە دەکردەوە بە چ نرخ و بەهایەك ئەم خۆشی و شادیەی بەدەست هێنا بوو، نە بیری لە ئایندە دەکردەوە کە وەکو ئاسۆ دوورە دەستەکانی ئەم دەشتە پان و بەرینە لە تاریکیدا نقوم بوو بوو.

پروخۆر، بە ڕێکەوت ئاوڕی پاشەوەی دایەوە، بزەیەکی لەرزۆکی بە سەر لێوە سوورەکانی ئەکسینیاوە کە لە سەرما ئاوسا بوون، بینی. بە پەستی گوتی:

– ئێ، بەچی پێدەکەنی؟ دەڵێی تازە بووکە! خۆشحاڵیت کە ماڵەکەت بە جێهێشتووەو دوای ئێمە کەوتوویت؟

ئەکسینیا بە دەنگێکی زوڵاڵ گوتی:

– پێت وایە خۆشحاڵ نیم.؟

– هەقە خۆشحاڵ بیت... بەڵام تۆ ژنێکی بێ ئەقڵی! خوا دەزانێ ئەم سەفەرە کورتە چۆن کۆتایی دێت، پەلە مەکە، پێشوەختە پێ مەکەنە! هەندێکی هەڵگرە بۆ دوایی.

– ئایندە هەرچییەك و هەرچۆنێ بێ لە ڕابردوو خراتر نابێت...

پروخۆر، بە تووڕەیی قامچییەکەی لە ئەسپەکان باداو گوتی:

– کە سەیرت دەکەم، دڵم تێکهەڵدێت...

ئەکسینیا بە پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوەو گوتی:

– دەی ڕوو بکە بەو دیواو قامکت بنە زارت!

– دیسان بێ ئەقڵیەکەت نواند! یانی دەبێ من بەمجۆرە قامک لە زاران بڕۆم تا دەگەمە دەریا؟ وەڵڵا بابە جوانە!

– باشە، چی بووە، وا دڵت تێکهەڵدێ؟

– هەر کەسێ کردی بڕۆش تۆ سەری خۆت داپۆش. مێردەکەت لە کوێیە؟خۆت بە پیاوێکی بێگانەوە هەڵواسیوەو خوا دەزانێ بۆ کوێ دەڕۆیت. ئەگەر ستیپان لەم کاتانەدا بۆ گوند بێتەوە، چ ڕوو دەدات؟

ئەکسینیا تکای لێکرد:

– دەزانی پروشا، هەق نییە خۆت لە کاروباری ئێمە هەڵقورتێنی. دەنا ڕووی خۆشی بە خۆتەوە نابینی.

– من خۆم لە کاروبارتان هەڵنەقورتاندووە، هەقم چیە بە سەرتانەوە! هەقی ئەوەم هەیە گوزارشت لە ڕای خۆم بکەم یا نا؟ یا بە عەرەبانچی خۆتانم دەزانیت و بۆم نییە جگە لە ئەسپەکان، قسە لە گەڵ کەسدا بکەم؟ وەڵلا بابە جوانە! نۆرەی ئەم قەوانەیە! ئەکسینیا، تۆ پەست دەبی یا نا، ئەمە کەیفی خۆتە، بەڵام پێویستت بە شولێکی تەڕی تەڕە، لێت بدریێو نەهێڵرێ هاوار بکەی، فزەت لێوە بێت! ئیدی بەوە مەمترسێنە ڕووی خۆشی دەبینم یان نا! خۆشی و بەختی من، لە گەڵ خۆمایە. خۆشی و بەختێك کە نە دێڵێ گۆرانی بڵێم و نە دێڵێ بخەوم...

دەنگی لە ئەسپەکان کرد:

– دێ دەی، تەمەڵینە، خوا خواتانە هێواش بڕۆن!

گریگۆری بە دەم زەردەخەنەوە گوێی لێدەگرتن، ئەنجام بە مەبەستی هێور کردنەوەیان گوتی:

– هەر لە ئێستاوە مەکەونە شەڕە دەم، تازە لە گوند دەرکەوتووین، هەڵیگرن بۆ دوایی، ڕێگایەکی دوورو درێژمان لەبەر دەمە. پروخۆر بۆچی سەر دەکەیتە سەری؟

پروخۆر، بە تووڕەیی گوتی:

– بۆیە سەر دەکەمە سەری، تا یەك و دوو لە گەڵ مندا نەکات! من لەم ساتەدا پێموایە لەم دنیایەدا هیچ شتێك لە ژن پیستر نییە. گەزگەزکە(گیایەکە کە بەر پێست بکەوێ ژانی لێ پەیدا دەکات)، قۆڕترین شتە کە خوا دروستی کردووە. ئەگەر بە دەستی من بوایە ئەم توخم و تۆوی شەیتانەم، لە سەر زەوی دەبڕانەوەو جارێکی دی لە سەر رووی زەوی نەبینرانایە! بەم ڕادەیە ڕقم لێیانە! بە چی پێدەکەنی؟ پێکەنین و شادی بە نەگبەتی و بەدبەختی خەڵکی، کاری گەوجانە! وەرە هەوسارەکان بگرە، من تۆزێك دادەبەزم و بە پێیان دەڕۆم.

پروخۆر، ماوەیەك بە پێیان ڕێی کرد، پاشان سواری خزاگەکە بووەوەو ئیدی لە سەر ئەو قسانە نەڕۆیی.

شەویان لە کارگینسکایا بە سەر برد. بەیانی دوای تێشت (قاوەڵتی) بە ڕێکەوتن و تاشەوێ نزیکەی شەست فرسەخان لە تاتارسکی دوور کەوتنەوە.

کاروانی باروبنەی پەناهەندەو ئاواران بەرەو باشوور دەڕۆیی. تا زیاتر لە قەڵەمڕەوی ستانی ڤیشنسکایا دوورتر دەکەوتنەوە، دۆزینەوەی جێگا بۆ حەوانەوەی شەوێ زەحمەت تر دەبوو. لە نزیکی موروزوفسکایا گەیینە یەکەمین یەکەو قوەتی قۆزاقان.

هەر سریەیەك بریتی بوو لە سی چل سوارە، بە خۆیان لە پێشەوە دەڕۆییشتن و عەرەبانەی باروبنەش بە دوایانا دەهاتن، هێندە زۆر بوو لە تەواو بوون نەدەهات. کە شەو تاریك دەبوو، تێکڕای ماڵی گوندەکانی سەر ڕێگا پڕ دەبوون لە خەڵکی و، جێگای داکردنی ئەسپێك نەدەما. لە یەکێك لە گوندەکانی موهاجیرانی ئۆکراینی، گریگۆری چەند گەڕا، شوێنێکی نەدۆزییەوە، ناچار شەویان لە ژێر کەپرێکا بەسەر برد، بەیانی کە لە خەو هەستان، هەموو جلەکانیان کە بە بەفری ڕێگا تەڕ بوو بوو، بەستبووی، چۆن دەجوڵانەوە، خشە خشیان دەکرد. گریگۆری و ئەکسینیاو پروخۆر، سەرانسەری ئەو شەوە لە سەرما خەویان لێنەکەوت، نزیکی بەرەبەیان، هەندێ چڵ و چێویان پەیدا کردو لە نێو حەوشەکەدا ئاگرێکیان کردەوەو توانیان تۆزێك خۆیان گەرم بکەنەوە.

بەیانی ئەکسینیا، بە شەرمێکەوە پێشنیازی کرد:

– گریشا، چۆنە ئەمڕۆ لێرە بمێنینەوە، شەوێ لە سەرما خەومان لێنەکەوت، ماندووین با پشوویەك بدەین.

گریگۆری قاییل بوو. بە هەزار حاڵ جێگایەکی پەیدا کرد، کاروانی ئاوارەکان لە گەڵ بەرەبەیاندا کەوتبوونە ڕێ. بەڵام نەخۆشخانەیەکی مەیدانی کە پتر لە سەد بریندار ونەخۆشی تیفۆی پێبوو، ئەو ڕۆژە لەو گوندەدا مایەوە.

نزیکەی دە قۆزاق، لە ژوورێکی چکۆلەی داڕژاوو داپژاوی پیسدا، لە سەر ئەرزەکە خەوتبوون. پروخۆر، پەتۆیەك و خورجینێ خۆراکی هێنا، تۆزێك کاوکۆتی لەبەر دەرگاکە ڕۆکرد، لاقی پیرەمێردێکی، کە خەوێکی قووڵی لێکەوتبوو، گرت و ڕایکێشایە لایەکەوە، بە دەنگێکی میهرەبانی نیمچە تووڕەوە گوتی:

– ئەکسینیا لێرە بخەوە، هێندە ماندوو بوویت، پیاو ناتناسێتەوە.

دەمەو ئێوارە، جارێکی دی گوندەکە پڕ بوو لە ئاوارە. تا بەرە بەیان بڵێسەی ئاگر لە کوچەو کۆڵانەکاندا دەچوو بە ئاسمانا، دەنگە دەنگی خەڵکی و حیلەی ئەسپان و جیڕە جیڕی خزاگان، نەدەبڕایەوە. هەرکە دنیا ڕوناك بووەوە، گریگۆری، پروخۆری هەستاندو بە ئەسپایی گوتی:

– دەی ئەسپەکان ئامادە بکە، لە خزاگەکەیان ببەستە، دەبێ بڕۆین.

پروخۆر بەدەم باوێشك دانەوە گوتی:

– بۆ وا زوو؟

– گوێ هەڵخە.

پروخۆر، سەری لە سەر زینەکە هەڵبڕی و گوێی لە ڕمب و هۆڕی سووکی دوورە دەستی تۆپباران بوو.

دەست و چاویان شت، سەروو پاروو چەوریی بەرازیان خواردو لە گوندی، کە خەڵکەکەی لە خەو هەستا بوون، وەدەرکەوتن و کەوتنە ڕێ. ئیدی خزاکان لە جادەو بانەکاندا ڕیز بوون، خەڵکی لە جم و جۆڵدا بوون، پیاوێك بە دەنگێکی نووساو، لە تاریکیەکەوە هاواری کرد:

– ئا، نا، خۆتان بیان نێژن! تا قەبری شەش مردوو هەڵدەکەنین دەبێ بە نیوەڕۆ.

پیاوێکی دی بە زمانی ئۆکرانی و بە هێمنی پرسی:

– ئەرکی ئێمەیە بیان نێژین؟

کابرای دەنگ نووساو، بە دەنگێکی بەرزتر گوتی:

– پێتان دەڵێم کە بیان نێژن. خۆ ئەگەر ناشیان نێژن، با لەو گۆڕە بۆگەن بکەن، بە من چی!.

– ئاخر جەنابی دکتۆر، ئەگەر قەرار بێ هەر هەموو ئەوانەی کە لە گوندەکەماندا دەمرن، ئێمە بیان نێژین، ئیدی فریای هیچ کارێکی خۆمان ناکەوین. هەقە ئێوە خۆتان ئەم کارە بکەن یان لەگەڵ خۆتاندا بیانبەن.

– دە هەیدێ گوم بە لەبەر چاوم کەرپیاو! یانی دەتەوێ لە بەر خاتری تۆ خەستەخانەکەم ڕادەستی سوورەکان بکەم؟

گریگۆری، کە لە ڕێگاکە لایدا بوو، تاتووشی ئەوخزاکانە نەبێت کە ناوەڕاستی ڕێگاکەیان گرتبوو، گوتی:

– کەس، مردووانی ناوێ...

پروخۆر گوتی:

– خەڵکی زۆر بەخەمی زندوانەوەن، نۆرەی مردوانە...

هەموو ناوچەکانی باکووری دەڤەری دۆن بەرەو باشوور کەوتبوونە ڕێ، کاروانی بێسەر وبنی ئاواران لە هێڵی ئاسنی تسارتین– لیخاياوە تێدەپەڕین و لە مانیچ نزیك دەبوونەوە. گریگۆری لە ماوەی هەفتەی یەکەمی سەفەرەکەیدا، دەگەییە هەر قۆناغ و ئاوەدانیەك، هەواڵی خەڵکی گوندی تاتارسکی دەپرسی، بەڵام چ کەسێك، لەو قۆناغ و گوندانەی کە ئەو پێیاندا ڕەت بوو بوو، هەواڵی نەدەزانین. بەڵام وادیار بوو باوکی و ئەوانی دی، بۆ ئەوەی خۆ لە گوندە ئوکراین نشینەکان ببوێرن، بە قۆڵی چەپا ڕۆیی بوون و لە گوندە قۆزاق نشینەکانەوە بەرەو ئۆڤلیڤسکایا ڕۆیی بوون، گریگۆری لە ڕۆژی سیازدەمینی کۆ ڕەوەکەدا ئەوسا سۆراخی خەڵکی گوندەکەی خۆیانی زانی بوو. دوای ئەوەی لە هێڵی ئاسن پەڕییەوە، بە ڕێکەوت لە گوندێکدا، هەواڵی زانی کە قۆزاقێکی خەڵکی ستانی ڤیشنسکایا تووشی نەخۆشی تیفۆ بووەوە، لە خانوویەکی ئەولای ئەوانەوە، لە جێدا کەوتووە. گریگۆری ڕۆیی تا تاقیب بکات و بزانێت خەڵکی چ گوندێکە. کاتێ خۆی بە ژوورێکی چکۆڵەی نزمدا کرد، ئوبنیزۆڤ پیرەمێردی بینی کە یەك تەختە لە ناو ژوورەکەدا کەوتبوو. گریگۆری لە زمانی ئەوەوە زانی کە پیاوانی تاتارسکی دوو ڕۆژ لەوە پێش لەم گوندە ڕۆییون و زۆریان تووشی تیفۆ بوون و تەنانەت دوانیشیان لە ڕێگادامردوون. بەڵام ئەو، ئوبنیزۆڤ بە خوایشتی خۆی لێرە ماوەتەوەو بەوانی گوتووە کە بەجێی بێڵن.

پیرەمێرد، کاتێ کە گریگۆری خوا حافیزی لێدەکرد، گوتی:

– ئەگەر چاك بوومەوەو سوورەكان بەزەییان پێمدا هاتەوەو نەیان كوشتم، ئەوا ملی ڕێگا دەگرمو دەگەڕێمەوە سەر ماڵو حاڵی خۆم، ئەگەرنا، ئەوا لێرە دەمرمو گرینگ نییە لە كوێ بمرم... مردن، مردنە لە هەر كوێیەك بێ...

گریگۆری هەواڵی بابی خۆی لێ پرسی بوو، بەڵام ئوبنیزۆف گوتبووی هیچ هەواڵێكی نازانێ، چونكە ئەو لە دواوە بووەو ئیدی لە دوای گوندی مالاخوفسكییەوە ئیدی پانتلی پروكوفیوفیچی نەدیتووە.

گریگۆری لە قۆناغی دواترا بەخت بە پیریەوە هاتو شوێنی مانەوەی دەست كەوت، لە یەكەم ماڵدا، تووشی كۆمەڵێك قۆزاقی ناسیاوی خەڵكی ڤیرخنی- چیرسكی بوو. هەندێ تەكیان دایە یەكەوەو جێگایان بۆ كردەوەو لە لای سۆپاكەوە دانیشت. نزیكەی پازدە ئاوارە، لە یەك ژوورا، بە تەنیشت یەكەوە ڕاكشا بوون، سیانیان تووشی تیفۆ بوو بوونو یەكێكیان سەرمای بوو بوو. قۆزاقەكان، بۆ شیو، شۆربای هەرزنیان بە چەوریی بەرازەوە لێنا بوو و بە دڵاوایی و میوانپەڕی ڕاستەقینەوە، میوانداری گریگۆری و هەردوو میوانەكەیان، كرد. پروخۆر و گریگۆری بەتاسوقەوە خواردیان، بەڵام ئەكسینیا دەمی بۆ نەبرد.

پروخور، كە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، ڕەفتاری تەواو دەگەڵ ئەكسینیادا گۆڕا بوو، هەرچەندە، هەندێك بە زبری دەیدواند، بەڵام هاوسۆزیشی دەگەڵ دەنواند،گوتی:

– چیە، برسیت نییە؟

– دڵم تێكهەڵدێ...

ئەكسینیا، لەچكەكەی دا بە سەریاو چووە نێو حەوشەكە. پروخۆر لە گریگۆری پرسی:

– نەخۆش نەبێ؟ تووشی تیفۆ نەبوو بێ؟

– بڵێم چی؟

گریگۆری، قاپە شۆرباكەی لە عاردی داناو بە دووی ئەوا چووە دەرێ. ئەكسینیا، لەبەر پلیكانەكانی بەر دەرگاكە وەستا بوو و دەستی خستبووە سەر دڵی. گریگۆری باسكی لە قەدی ئالآندو پرسی:

– چیتە، كسیوشا؟

– دڵم تێكهەڵدێ، سەریشم دێشێت.

– بابچینە ژوورەوە، پاڵبكەوە.

– تۆ بڕۆ، منیش تۆزێكی دی دێم.

دەنگی كز بوو، گیانی خاو بوو بووەوەو ڕەفتاری سست بوو. پاش ئەوەی هاتە ژوورە گەرمەكەوە، گریگۆری بە دیقەت سەرنجی دا، گۆناكانی سوور هەڵگەڕا بوونو چاوەكانی ئەبڵەق بوو بوون، گریگۆری دڵی داخورپا: بە زەقی دیاربوو كە ئەكسینیا نەخۆشە. بیری كەوتەوە كە ئەكسینیا ڕۆژی پێشوو گوتبووی لەرزی لێیەو سەری گێژ دەخوات، لای بەیانی كە لە خەو هەستا بوو، هێندەی ئارەقە كردبووەوە كە هەموو قژە لوولەكەی بە سەر شانو ملیەوە، لە ئارەقەدا هەڵشكا بوو، دەتگوت تازە لە گەرماو هاتبووە دەرێ. گریگۆری كاتێ بەرەبەیان بێدار

بوو بووەوە، ئەمەی بینی بوو، ماوەیەك چاوانی بڕی بوونە ئەكسینیای نوستوو و لە جێی خۆی نەجولاّ بوو تا خەوی نەزڕێنێ.

ئەكسینیا، ئازایانە، دژواریەكانی سەفەری تەحەمول كردبوو. تەنانەت توانی بووی ورەی (پڕوخۆر)ش بەرز بكاتەوە، كە بەردەوام دەی پرتاندو دەی بۆڵاندو دەیگوت: "ئاخر ئەم شەڕە نەگریسە لە پای چیە! كێ دایهێناوە؟ بە درێژایی ڕۆژ هێی بڕۆ بڕۆ، كاتێ دەگەیە مەزڵو قۆناغ، لە هیچ شوێنێك جێگای حەوانەوەی شەو دەست ناكەوێ. پیاو نازانێ، ئەم كارە قۆڕە تاكەی بەردەوام دەبێ و لە كوێوە سەر دەردێنێ." ئەو ئەكسینیایەی كە دڵی ئەوی دەدایەوەو ورەی بەرز دەكردەوە، ئەو ڕۆژە نەیدەتوانی ورەی خۆیشی بەرز بكاتەوە. شەوێ كە چوونە ناو جێگاوە، گریگۆری هەستی كرد ئەكسینیا دەگری. بە ئەسپایی لێی پرسی:

– چییە؟ كوێت دێشێت؟

– نەخۆشم... ئێستا چی بكەین؟ بە جێم دێڵی و بڕۆیت؟

– چیە، شێتی؟ چۆن بە جێت بێڵم و بڕۆم؟ مەگری، ڕەنگە لە ڕێگا سەرمات بووبێ، پێویست بەم هەموو ترسە ناكات.

– گریشنكا، تیفۆیە.

گریگۆری كەوتە دڵدانەوەی و گوتی:

– قسەی هیچ مەكە، هیچ نیشانەیەكی دیار نییە. نێو چەوانت ساردە، باوەڕ ناكەم تیفۆ بێ.

گریگۆری لە ناخی خۆیدا دڵنیا بوو كە ئەكسینیا تیفۆی گرتووەو لە دڵی خۆیدا، بە ترس و نیگەرانیەوە، بەخەم و پەژارەوە، دەیگوت باشە ئەگەر لە جێدا بكەوێ، چ بكات. ئەكسینیا خۆی لە گریگۆری هەڵدەسوو و بە چپە دەیگوت:

– ئاخ، زۆر زەحمەتە بەم حاڵەوە درێژە بەم سەفەرە بدەم! تۆ تەمەشا چ حەشاماتێك، هەموو شەوێك بۆ نووستن لێرە خڕدەبنەوە. گریشا، ئەسپێ خەریكە دەمانخوات! من لە ناو ئەم هەموو زەلامەدا، ناتوانم خۆم بشۆم و كەمێك بە خۆ ڕابگەم. روو دەكەیتە هەر شوێنێ هەر پیاوە... دوێنێ چووم لە عەمارەكەدا جلەكانم داكەند، یەكپارچە ئەسپێ بوون، بە حەیاتم شتی وام نەدیوە! كە بیرم دەكەوێتەوە دڵم تێكهەڵدێ، ناتوانم هیچ شتێك بخۆم... دڵم دەگیرێت... دوێنێ بینیت ئەو پیرەمێردەی كە لە سەر تەختەكە خەوتبوو، چەندی ئەسپێ پێوە بوو؟ بەسەر ئێلەكەكەیدا ڕێچكەیان بەستبوو.

گریگۆری بە دڵتەنگی و لە بن لێوانەوە گوتی:

– بیری لێمەكەوە! بەخۆڕایی خۆت سەغڵەت كردووە! ئەسپێ ئەسپێیە! لە ژیانی عەسكەریدا كەس گوێی ناداتێ.

– ئازای لەشم دەخورێ.

– هەموو كەسێك لەشی دەخورێ، چار چیە؟ دان بە خۆتا بگرە. كە بگەینە "یكاتیرینودار" حەمامێكی باش دەكەین.

ئەكسینیا هەناسەیەكی هەڵكێشاو گوتی:

– جلی پاک‌و خاوێنیش فایدەی نییە، گریشا ئەم ئەسپێیانە دەمانکوژن!

– بنوو. بەیانی دەبێ زوو بکەینە ڕێ.

گریگۆری تا ماوەیەکی زۆر خەوی لێنەکەوت. ئەکسینیاش هەر خەوی لێنەکەوت. چەندین جار بە بێدەنگی گریاو پۆستینەکەی خۆی دا بە سەریا، ماوەیەکی زۆر بەم دیوو بەو دیوا گینگڵی داو ئاهی هەڵدەکێشا. تەنیا ئەو کاتە خەوی لێکەوت، کە گریگۆری باسکی لە قەدی ئالاندو لە هەمێزی گرت. درەنگە شەو، گریگۆری لە تەقەی لێدانی دەرگا بێدار بووەوە. یەکێك لە دەرێ ڕا، پەیتا پەیتا لە دەرگای دەداو لە زگ بوو، دەرگاکە لە پاژنەوە دەربێنێ، بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد:

– خێرا دەرگا بکەنەوە، دەنا دەرگاکە دەشکێنین! بۆ خۆتان لە شیرین خەودان‌و دەرگا لە کەس ناکەنەوە!....

خاوەن ماڵ کە پیاوێکی بە تەمەنی بێوەی بوو، چووە بەر هەیوانەکەو گوتی:

– کێیە؟ چیتان دەوێ؟ ئەگەر دەتانەوێ شەو لێرە ڕۆژ بکەنەوە، جێگەمان نییە، ماڵەکە پڕی پڕە، ئەوەندە قەرەباڵغە، ناتوانی بجوڵێیتەوە...

دەنگێکی دی لە دەرێ ڕا هاواری کرد:

– پێمگوتی دەرگا بکەوە!

دوای تۆزێك پێنج چەکدار، دەرگایان خستە سەر گازی پشت‌و وەژوورکەوتن. یەکێکیان کە لە سەرما ڕەش داگەڕا بوو‌و لێوە سڕەکانی بە زەحمەت دەجولان، پرسی:

– کێ لێرە نووستووە؟

– کۆمەڵێك ئاوارەن. ئەدی تۆ کێیت؟

یەکێك لە قۆزاقەکان، بێئەوەی هیچ وەڵامێك بداتەوە، خۆی بە ژوورەکەدا کردو هاواری کرد:

– ئەها، باش لێی پاڵکەوتوون! بڕونە بڕونە چۆن لێی پان بوونەتەوە! خێرا ئێرە چۆڵکەن. سەربازان لە ڕێوە هاتوون‌و لێرە لا دەدەن، ڕابن، دەی ڕابن! خێراکەن ڕابن، دەنا فڕێتان دەدەینە، دەرەوە!

گریگۆری بە خاوە خاو هەستاو بە دەنگێکی خەواڵو گوتی:

– تۆ کێی، وا ئەم هاتو هاوارەت ناوەتەوە؟

– ئێستا پێت نیشاندەدەم من کێم.

یارۆی قۆزاق، هەنگاوێکی بەرەو لای گریگۆری ناو لەبەر ڕوناکی کزی چرا نەوتیە چکۆلەکەدا، لوولەی دەمانچەکەی کە بەدەستیەوە بوو، بریسکایەوە. گریگۆری بە تەشەرەوە گوتی:

وا دیارە زۆر لە خۆت ڕازیت، وا نیە؟ ئادەی تۆزێك ئەو ئەسپاب وازیەتمان نیشانبدە.

گریگۆری لە پڕ پڕی دایە یارۆی قۆزاق، مەچەکی گرت‌و بایدا، یارۆ هاواری پێکەوت، لە تاوا قامکەکانی کردنەوە. دەمانچەکە کەوتە سەر زین پۆشەکە. گریگۆری پاڵێکی بە کابرای قۆزاقەوە ناو دووری خستەوە، بە لەز دانەوییەوەو دەمانچەکەی هەڵگرت‌و لە بەڕکی ناو ئەوسا بە هێمنی گوتی:

– دەی با ئێستا قسە بکەین. تۆ لە چ کەتیبەیەکی؟ چەند کەسن لێرە؟

یارۆی قۆزاق، کە وەخۆ هاتبووەوە هاواری کرد:

– کوڕینە، با بچینە دەرێ!

گریگۆری چووە بەر دەرگا، پشتی بە لاشیپانەی دەرگاکەوە دا و گوتی:

– من، نەقیبم و فەرماندەی کەتیبەی نۆزدەیەمی دۆنم. ئاقڵ بن و هەرا هەرا مەکەن. ئەوە کێیە لەوێوە دەوەڕێ؟ دەی خۆ ولاتیانی ئازین، ئەم هەراو زەنایەتان لە پای چیە؟ ئێوە کێن تائێمە دەربکەن؟ کێ ئەو هەقەی داونەتێ؟ دەی بە ڕیز بۆ دەرەوە!

یەکێك لە قۆزاقەکان بە دەنگی بەرز گوتی:

– ئەم هەڕو گیڤەت لە چیە؟ ئێمە نەقیب و مەقیبمان زۆر دیون! قابیلە بەم شەوە لە دەرەوە بنووین؟ خێرا ئێرە چۆڵ بکەن! ئێمە ئەمرمان پێیە، هەموو ئاوارەو پەناهەندەکان لە ماڵەکان وەدەر بنەین، تێدەگەی؟ کەچی تۆ لێمان کەوتوویتە هەڕوکیڤ! ئێمە خەڵکی وەکو تۆمان زۆر دیتوون.

گریگۆری، لەو قۆزاقەی کە ئەو قسەیەی کردبوو، چووە پێشێ و ڕێك ڕوو بە ڕووی وەستا، بە ئەسپایی و بە دەم دانەچیرێوە گوتی:

– تۆ هەرگیز خەڵکی وەکو منت نەدیوە. ئامادەم کەرێکی وەکو تۆ بکەم بە دوو کەر! حەز دەکەی؟ دەیکەم ها! مەچۆ دواوە! ئەم دەمانچەیە هی من نییە، لە هاوڕێیەکی ئێوەم سەند. هانێ بیدەوە. خێرا لێرە وەل بن تا دەستم لێنەکردونەتەوە دەنا پێستی سەرتان دەگرووم.

گریگۆری، بە ئاسانی ڕووی کابرای قۆزاقی وەرگێڕاو بەرەو دەرگاکە دەڵەکی دا.

قۆزاقێکی درێژ داهۆڵی دی کە دەموچاوی بە باشلوغێکی تووکە وشتر داپۆشی بوو، بە دوو دڵیەوە گوتی:

– ئێستا هەموو گیانی نەرم بکەم؟

لە دوای گریگۆرییەوە وەستا بوو، لە کاتێکا کە ئەم پێ و ئەو پێی دەکردو چەکمە لبادیە ژێر چەرمەکانی دەکەوتنە جیڕەجیڕ، بە وردی لەوی دەڕوانی.

گریگۆری ئاوڕی پاشەوەی دایەوە، تەواو پەست بوو بوو و کوڵە مستی دەگوشی، بەلام قۆزاقەکە دەستی هەڵبڕی و بە تۆنێکی ئاشتیانە گوتی:

– گوێ بگرە جەنابی نەقیب، یان هەر ناوێکی دی کە خۆت دەتەوێ، تۆزێ سەبرت بێ، کوڵە مستان مەنوێنە ، ئێمە بۆ ئەوەی هیچ ڕیسواییەك بەرپا نەبێ دەڕۆین. بەلام لەم ڕۆژو ڕۆژگارەدا، زیاد گوشار مەخە سەر قۆزاقان. چونکە ڕۆژگارێکی سەختمان لە پێشە، وەکو سالی ١٩١٧. ئەگەر تووشت ببێ بە تووشی هەندێ کەلە شەقی سەرکێشەوە هەر پارچەیەکت دەکەن بە هەزار پارچەوە! دیارە ئەفسەرێکی بە جورئەتی، بەدەم و دووتدا بۆم دەرکەوت کە لە خۆمانی، بەلام کەمێك هێورو هێمن بە، دەنا خۆت تووشی گێچەڵ و کێشە دەکەیت....

ئەو قۆزاقەی کە گریگۆری دەمانچەکەی لێسەندبوو، بە تووڕەیی گوتی:

– بەسە وەعزی بۆ دامەدە، با بچینە ئەو ماڵەی تەنیشت ئێرە.

و خۆی لە پێش هەمووانەوە بەرەو دەرێ ڕۆیی. کاتێ کە بە بەردەم گریگۆریدا تێدەپەڕی، مۆڕەیەکی لە گریگۆری کردو بە کەسەرەوە گوتی:

– جەنابی ئەفسەر، ئێمە ناماوێ خۆمان لە گەڵ تۆدا گیرۆدە بکەین، دەنا دەمان توانی غوسڵی تەعمیدت بکەین.

گریگۆری، بە تەوسەوە لێوی هەڵقورتاندو گوتی:

– تۆ، تۆ غوسڵی تەعمیدم دەکەی؟ بڕۆ بە ڕێی خۆتەوە تا پانتۆڵەکەم لە پێت دانەکەندووە، بڕۆ! نۆرەی ئەو قەوانەیە! کێ تەعمیدم دەکات! حەیفێ کە دەمانچەکەم دایتەوە. قارەمانێکی وەکو تۆ پێویستە لەجیاتی دەمانچە، شانەی خوری چنی هەڵگریت.

قۆزاقێکی دی کە لەم شەڕە دەمەدا بەشداری نەکرد بوو بەدەم نەرمە پێکەنینێکەوە گوتی:

– کوڕینە، وازی لێبێنن با بڕۆین، گوو تا چیلکەی تێوەردەی زیاتر بۆنی دەردەچێ!

قۆزاقەکان، بەدەم بۆڵە بۆڵ و جنێودانەوە، بەدەم خشەخشی چەکمەکانیانەوە کە لە بەفرو سەرمادا ڕەق بوو بوون، بەرەو ڕاڕەوەکە ڕۆییشتن. گریگۆری، فەرمانی بە خاوەن ماڵەکەدا:

– جارێکی دی دەرگایان لێنەکەیتەوە! تاوێك لە دەرگا دەدەن و دەڕۆن، ئەگەر نەڕۆییشتن بێدارم بکەرەوە.

قۆزاقەکانی ڤیرخنە چیرسکی کە لەم دەنگە دەنگە بێدار بوو بوونەوە. بە دەنگی نزم لە بەینی خۆیاندا کەوتنە قسان. پیرەمێردێکیان بەدەم ئاه هەڵکێشان و ئەفسووس خواردنەوە، گوتی:

– بە ڕاستی هیچ ڕێزو حورمەتێك نەماوە! گوێتان لێبوو ئەو قەحپە دایکانە چۆن لە گەڵ ئەفسەرێکدا دەدوان!... ئەمە ئەگەر جاران دەبوو، یەکسەر دەنێردرانە بێگارە زندان!

– خۆزگە هەر قسە بوایە!... بینیت نیازی شەڕیان هەبوو! یەکێکیان دەیگوت: "ئێستا بچم ئازای گیانی نەرم بکەم؟". ئەو درێژ داهۆڵەی کە باشلوغێکی لەسەر بوو!

یەکێك لە قۆزاقەکان پرسی:

– باشە گریگۆری پانتلیوفیچ، بۆچی بەو ئاسانیە لێیان بوویتەوە؟

گریگۆری، بە دەم بزە پێکەنینەوە گوێی لەو گفتوگۆیە دەگرت، پاڵتۆکەی بە خۆیاداو گوتی:

– چییان لە گەڵ دەکرێ؟ پەیوەندییان بە هیچ شوێنێکەوە نەماوە، دابڕاون، گوێ لە بەنی بەشەر ناگرن، کۆمەڵێك شەقاوەی بێسەر گەورەو فەرماندەن و لێرەو لەوێ دەسوڕێنەوە. کێ کۆنترۆڵیان بکات؟ بێگومان کێ لە هەموویان بەهێز تربێ ئەوە دەبێ بە فەرماندەیان. دیارە هیچ ئەفسەرێك لە کەتیبەکەیاندا نییە. من زۆر سریەی بێسەرو بەرو خۆسەری لەو بابەتەم دیتووە! بە هەر حاڵ با بخەوین.

ئەکسینیا لە بن لێوانەوە گوتی:

– گریشا بۆچی لە گەڵ ئەوانەدا تێگیرایت؟ بۆ خاتری خوا دەم مەنە دەمی ئەو جۆرە خەڵکانە! دوور نییە بتکوژن، ئەوانە شێتن.

– بنوو، بنوو، دەبێ بەیانی زوو هەستین. ئەدی چۆنی؟ تۆزێ باشتری؟

– وەکو خۆمم.

– هێشتا سەرت دێشێت؟

– ئا، دەترسم نەتوانم هەستم...

گریگۆری ناولەپی نایە سەر هەنیەی ئەکسینیاو ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– دەڵێی تەنووری گەرمی. بەلاّم هیچ نییە، مەترسە. تۆ ژنێکی تۆکمەو بە داروباری، بەرگە دەگریت‌و زوو چاك دەبیتەوە.

ئەکسینیا هیچی نەگوت. تینویەتی زۆری بۆ هێنا بوو. چەندین جار هەستاو چوو بۆ مووبەقەکەو ئاوی گەرمی ناخۆشی خواردەوەو جارێکی دی بە دەم دڵ تێکهەڵهاتن‌و سەرەگێژکەوە خۆی وەژێر پەتۆیەکەدا کردەوە.

ئەوە شەوە چوار تاقمی دیکە، بە مەبەستی پەیداکردنی جێگای شەو لە دەرگایان دا. ئیدی لە دەرگایان دەدا، عرووسی پشت پەنجەرەکانیان هەڵدەدایەوە. لە جامی پەنجەرەکانیان دەدا. تەنیا ئەو کاتە دەڕۆییشتن کەخاوەن ماڵەکە، بە گوێرەی ڕێنماییەکەی گریگۆری بە جنێودان دەچووە بەر هەیوانەکەو هاواری دەکرد: "بڕۆن، گۆڕتان لەم ناوە گوم بکەن! ئێرە بارەگای تیپە!"

سپێدە زوو، پروخۆرو گریگۆری ڕابوون، ئەسپەکانیان لە خزاگەکە بەست. ئەکسینیا، بە هەزار حاڵ جلەکانی گۆڕی‌و هاتە دەرێ. هەتا تازە خەریك بوو هەڵدەهات. لە دووکەڵکێشی ماڵەکانەوە دووکەڵێکی شینباو دەچوو بە ئاسمانا. پەڵە هەورێکی چکۆلەی پەمەیی کە هەتاوەکە لە ژێرییەوە سەرە تاتکێی بوو، بە بەرۆکی ئاسمانەوە وەستا بوو. خووسارو زوقمێکی ئەستوور سەر پەرژین‌و سەربانی ماڵەکانی گرتبوو، هەڵم لە لەشی ئەسپەکان هەڵدەستا.

گریگۆری یارمەتی ئەکسینیای دا کە سواری خزاگەکە ببێت. و گوتی:

– ئەگەر ڕابکشێیت باشتر نییە؟ ڕەنگە باشتر بێ.

ئەکسینیا سەری بۆ لەقاند، کاتێ کە گریگۆری بە دیقەت پەتۆکەی لە لاقیەوە ئالاّند، ئەکسینیا نیگایەکی منەتباری کردو چاوانی نوقاندن.

لای نیوەڕۆ، کە لە ئاوایی نۆڤۆمیخائیلوفسکی، دوو فرسەخی شا ڕێگاکە لایاندا تا ئەسپەکان ئالیك بدەن، ئەکسینیا نەیدەتوانی هەستێت‌و لە خزاگەکە دابەزێت. گریگۆری باڵی گرت‌و بردی بۆ ماڵێك و لەسەر تەختە خەوێك، کە ژنی خاوەن ماڵ، لە چاکی خۆی و لە ڕووی میوانپەروەرییەوە، دە ئختیاری نان، خەواندی

گریگۆری بە سەر دەموچاوی ڕەنگ پەڕیووی ئەکسینیادا دانەوییەوەو پرسی:

– حاڵت باش نییە، گیانەکەم؟

ئەکسینیا بە تۆپزی چاوی هەڵێنان‌و بە دوو چاوی لێڵ‌و تەماویەوە لێی ڕوانی‌و دوای تۆزێك خاو بووەوە، دەتگوت بورایەوە. گریگۆری بە دوو دەستی لەرزۆکەوە، لەچکەکەی لە سەری کردەوە. گۆناکانی ئەکسینیا هێندە تەزی بوون دەتگوت بەفرن. کەچی گڕ لە هەنییەی دەبووەوە. دەمەو ئێوارە بە تەواوەتی لە هۆش خۆی چوو، تۆزێك لەوە پێش، لە بن لێوانەوە داوای ئاوی کرد بوو:

– تۆزێ ئاو، تەنیا ئاو، بەفراو.

بێدەنگی بۆ دەمێك باڵی بە سەرا كێشا بوو و ئەوجا بە ڕوونی گوتبووی:

– گریشا بانگبكەن.

– من لێرەم كسیوشا گیان چیت دەوێ؟

گریگۆری دەستی گرت و بە نیگەرانی نەوازشی دەكرد.

– گریشنكا، بە تەنیا بەجێم نەهێڵی و بڕۆیت گیانەكەم!

– چۆن بە تەنیا بەجێت دێڵم، ئەمە چ خەیاڵێكە لە سەری داویت؟

– لە خاكی غەریبیدا بە جێم مەهێڵە... من لێرەدا دەمرم.

پروخۆر، ئاوی دایە. ئەكسینیا لێوە وشكەكانی بە تامەزرۆییەوە نا بە لێوی تاسە مسینەكەوەو چەد قومێكی خواردەوەو بەدەم ناڵینەوە سەری نایەوە سەر سەرینەكە، دوای پێنج دەقیقە، كەوتە وڕینە. گریگۆری كە لای سەرییەوە دانیشتبوو، توانی لە چەند وشەیەكی حاڵی ببێ: "دەبێ جلەكانم بشۆم... خێرا هەندێ لاجوەردم بۆ پەیدا بكە... "بەرە بەرە دەنگی نزم بووەوەو بوو بە وڕینەی نامەفهووم. پروخۆر سەرێكی لەقاندو بە گلەییەوە گوتی:

– پێمگوتی لە گەڵ خۆتیا مەیەنە. دەی باشە ئێستا چیبكەین؟ بەزاتی خوا ئەمە سزایەو هیچی دی! دەبێ شەو لێرە بمێنینەوە؟ چیە كەڕی؟ پێمگوتی شەو لێرە دەمێنینەوە یا دەڕۆین؟

گریگۆری بەرسڤی نەدایەوە، دانەوی بووەوەو چاوی لە سیماو ڕوخساری هەڵبزڕكاوی ئەكسینیا نەدەگواستەوە. ژنی خاوەن ماڵ، كە ژنێكی میهرەبان و باش بوو، بە گۆشەی چاو ئاماژەیەكی بۆ لای ئەكسینیا كردو بە ئەسپایی لە پروخۆری پرسی:

– ژنیەتی؟ مناڵیشیان هەیە؟

پروخۆر، لە بن لێوانەوە گوتی:

– مناڵیان هەیە. لە هیچیان كەم نییە، تەنیا لە بەخت و یەغباڵ نەبێ.

گریگۆری چووە نێو حەوشە، لە ناو خزاگەكە دانیشت و ماوەیەكی زۆر سیغاری كێشا. دەبوایە ئەكسینیا لەم ئاواییە بەجێ بێڵێ و بڕوات. ئەگەر ئەوی دەگەڵ خۆیدا ببردایە، بەرگەی نەدەگرت و لە ڕێگادا دەمرد. گریگۆری لەمە دڵنیا بوو، چووە ژوورەوە، بە دیار ئەكسینیاوە دانیشت.

پروخۆر پرسی:

– شەو لێرە دەمێنینەوە، وانا؟

– بەڵێ، ڕەنگە سبەیش بمێنینەوە.

زۆری پێنەچوو خاوەن ماڵەكە هاتەوە، جووتیارێكی وردیلەی كورتە بالای چاو زیت بوو. لاقێكی لە ئەژنۆوە بڕابووەوە. لە كاتێكا لاقە دارینەكەی بە عاردیدا دەدا، بە شەلە شەل و بە گورجی چووە كەنار مێزەكە، پۆستینەكەی داكەند. بە تیلەی چاو نیگایەكی پروخۆری كردو گوتی:

– وا دیارە خواوەند میوانی بۆ ناردووین؟ بە خێرێن، لە كوێوە هاتوون؟

بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بكات، ئەمری بە ژنەكەی كرد:

– ئافرەت شتێ بێنە با بیخۆم، بە قەد گورگێك برسیمە.

ماوەیەکی زۆر بە خواردنەوە خەریك بوو. چاوە زیتەکانی لە نێوان پروخۆر و ئەکسینیادا کە بەبێ جوڵە ڕاکشا بوو، دەهاتن‌و دەچوون، ئەوسا گریگۆری لە ژووری میوانەوە هات‌و سڵاوی لێکرد. یارۆی جووتیار بە حەرەکەی سەر بە بێدەنگی سڵاوەکەی سەندەوەو پرسی:

– پاشەکشە دەکەن؟

– بەڵێ.

– شەڕ تەواو بوو جەنابی نەقیب؟

– لەوە دەچێت.

خاوەنماڵ، ئاماژەیەکی لای ئەکسینیای کرد:

– چیتە، ژنتە؟

– بەڵێ.

یارۆی جووتیار ئاوڕێکی لە ژنەکەی خۆی دایەوەو بە ناڕەزاییەوە گوتی:

– بۆچی هێشتوتە لەسەر تەختەکە بخەوێ؟ ئەدی خۆمان لە کوێ بخەوین؟

– نەخۆشە ڤانیا، بەزەییم پێیدا هاتەوە.

– بەزەیی چی! ناکرێ پیاو بەزەیی بەم هەموو خەڵکەدا بێتەوە، ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن!... جەنابی نەقیب، ئێوە جێمان پێتەنگ دەکەن!.

گریگۆری، دەستی خستە سەر دڵی، ڕووی کردە یارۆی خاوەنماڵ، بە دەنگێکی تکاکارانەو بگرە پاڕانەوە ئامێز، کە لەو نەدەوەشایەوە، گوتی:

– پیاوی چابن، بیکەن بەخاتری مەسیح، لەم مەینەتی‌و تەنگانەیەدا فریام بکەون، من ناتوانم لەگەڵ خۆمیا ببەم. لە ڕێگا دەمرێ. پیاوی چابن با لێرە، لای ئێوە بەجێی بێڵم. هەقی زەحمەتەکەتان چەندتان بوێ دەتاندەمێ‌و تاماوم ئەم چاکەیەتان لە بیرناکەم. تکاتان لێدەکەم قسەم لە عاردی مەدەن، ئەم پیاوەتیەم لە گەڵدا بکەن!

خاوەنماڵ، لە سەرەتاوە بە هیچ جۆرێ ملی نەدەداو بیانووی ئەوە بوو کەس دەرفەتی نییە پەرستاری نەخۆشێکی وا بکات‌و ئەمە کێشەو سەریەشەی بەدواوە دەبێت. بەڵام دوای ئەوەی لە نان خواردن بووەوە، گوتی:

– هەڵبەتە کەس ئامادە نییە بە خۆڕایی پەرستاری بکات. وا نییە؟ بەڵام ئەگەر لای خۆ گلی بدەینەوە، دەتوانی چەندمان بدەیتێ؟

گریگۆری، چەندی پارە لە بەڕکدا بوو دەری هێناو خستیە بەر دەستی کابرای جووتیار، سەفتە ئەسکەناسەکەی حکومەتی دۆنی لە گریگۆری وەرگرت، بە زمان سەری قامکی خۆی تەڕ کردو کەوتە ژماردنی. پرسی:

– باشە ئەسکەناسی نیکۆلایی –ت پێنییە؟

– نەخێر.

– ئەدی ئەسکەناسی کرنکسی–یشت پێنییە؟ ئاخر ئەم پارەیە ئیحتوبارێکی ئەوتۆی نییە.

– نەخێر ئەسکەناسی کرنسکی–یشم نییە. ئەگەر دەڵێی ئەسپەکەمتان لا دادەنەم.

کابرا ماوەیەك دەبیرەوە چوو، ئەوسا گوتی:

– نا، هەڵبەتە من ئەسپەکەم لێ قەبووڵ دەکردیت. چونکە ئەسپ بۆ ئێمە، بە تایبەتی بۆ کاری کشتو کاڵ، لە هەموو شتێك گرینگترە. بەڵام لەم ڕۆژگاری پاشاگەردانیەدا، ئەگەر سپیەکان لێمی نەسەنن، ئەوا سوورەکان لێمی دەسەنن و ئیدی من خێرێکی ئەوتۆی لێنابینم. بە خۆم ماینێکی شەلی چکۆلەم هەیە، ڕوحم لە مستمایە، کاتێکت زانی هاتن و بردیان. کابرا بە دەمێك لە فکران ڕاچوو، ئەوسا وەکو ئەوەی پاکانە بۆ خۆی بکات، لە سەری ڕۆیی: وا نەزانی ئەوەندەش چاوچنۆك و تەماعکار بم، مەعازەللا! بەڵام قوربان تۆ خۆت حەکەم بە. ئەم ئافرەتە لەوەیە مانگێك و زیاتریش لە جێدا بکەوێ، دەبێ خواردنی بدرێتێ، هەر جارەی شتێکی بدرێتێ: نان، شیر، جار جار هێلکە، گۆشت... ئاخر ئەمە هەمووی پارەی دەوێ، وانییە؟ ئەمە جگە لەوەی دەبێ جلەکانی بشۆردرێ، خۆی تەڕو وشك بکرێ، چوزانم چی و چی تر... ژنەکەم هەر فریای کارو باری ماڵ دەکەوێ، ئیدی دەبێ سەرباری ئەمە، بەویش ڕابگات. ئەمە کارێکی ئاسان نییە! تۆش هەقە چاوێکت لێمان بێ و تۆزێکی دیکەمان بۆ زیاد بکە. من بابایەکی نوقستانم. بە خۆت دەبینی: لاقێکم نییە. کاسبیم پێناکرێ، ئەگەر بشمەوێ کاسبی بکەم، چیم پێدەکرێت؟ چاومان لە قاپی خودایە، مەژی و مەمر بە نان و چای ڕووت ژیان دەگوزەرێنین...

گریگۆری، کە لە ناخا خۆی دەخواردەوەو لە کوڵ و لە جۆشا بوو، گوتی:

– من چاوم لە پارە نییە، کوڕی باش چەندم پارە پێبوو، هەموویم دایتێ، خۆم بێ پارە ماومەتەوە، لەوەی زیاتر چیت لێم دەوێ؟

یارۆی جووتیار بە بزەیەکی باوەڕنەکردەنیەوە گوتی:

– هەموو پارەکەت دامێ!؟ خۆ بە مووچەکەتا بێ دەبێ یەك خورجین ئەسکەناست پێبێ.

گریگۆری، کە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، گوتی:

– ئێستا تۆ ڕێك و ڕاست پێم بڵێ، ئەم ژنە نەخۆشە لای خۆتان گل دەدەنەوە یا نا؟

خاوەنماڵ، بە بێزاری و دڵتەنگیەوە گوتی:

– نەخێر، مادامێکی تۆ ئەوەندە گیری، پێویست بەوە ناکات گلی بدەینەوە. بە ڕاستی ئەمە کارێکی ئاسان نییە... ژنی بابایەکی ئەفسەر، دەرودراوسێ پێدەزانن و پاشان کە سوورەکان لە دوای ئێوەهاتن، پێدەزانن و هەنگێ بەڵای دنیامان بە سەرا دێنن. نەخێر، ئەگەر وایە لە گەڵ خۆتیا ببە.... ڕەنگە یەکێك لەم دراوسێیانە لێتی وەربگرن.

بە کەسەرێکی ئاشکرا پارەکەی دایەوە بە گریگۆری. کیسە تووتنەکەی دەرهێناو دەستی بە سیغار پێچانەوە کرد.

گریگۆری، پاڵتۆ قورسەکەی دا بە شانیاو بە پروخۆری گوت:

– تۆ بە دیارییەوە بە، تا بڕۆم، بزانم جێگایەك پەیدا ناکەم.

گریگۆری، دەستی بەسەر دەسکی دەرگاکەوە بوو، خەریك بوو دەرگای دەکردەوە کە کابرای خاوەنماڵ، گازی کرد:

– بوەستە قوربان، بۆچی پەلە دەکەیت؟ لاتوایە من دڵم بە حاڵی ئەم ژنە داماوە ناسووتیێ؟ باوەڕ بکە زۆرم بەزەیی پێیدا دێتەوە. من بە خۆیشم سەرباز بووم ڕێزو حورمەتی زۆرم بۆ پلەو پایەکەت هەیە، بەڵام ناتوانی، جگە لەم پارەیە، شتێکی دیکەشمان بۆ زیاد بکەی؟

پروخۆر، خوای نەما، دەهری بوو، لە کاتێکا لە تووڕەیی و بێزاریدا سوور هەڵگەڕا بوو، هاواری کرد:

– چیترت بۆ زیاد بکەین، شەلی بەدفەڕ؟ هەقە ئەو لاقەی دیکەشت بڕن! ئەریێ گریگۆری پانتلیوفیچ، لاکەوە با حەسیر مەیدانێکی باشی بکەمو ئەوسا ئەکسینیا سواری خزاگەکە دەکەینو دەڕۆین. پیاو گۆشتی گونی خۆی بخوات، نەك منەتی ئەم جۆرە پیاوە بیێ ئینسافو بیێ دینە هەڵبگریێ!...

خاوەنماڵەکە، گوێی لە هەموو قسەکانی پروخۆر گرتو قسەکانی پیێ نەبڕی، ئەوسا گوتی:

– ئێوەی سەرباز، بە خۆڕایی جنێوم دەدەنیێ، ئەمە مامەڵەیە، مامەڵەش وەکو دەڵێن حوسنو ڕەزایە، پێویست بەوە ناکات جنێو بەیەکدی بدەینو بەشەڕ بێین. ئاخر کابرای قۆز تۆ بۆچی پێما هەڵشاخای؟ باشە من باسی پارەم کردووە؟ من وتم شتێکی دیکە، مەبەستم پارە نەبوو، وتم ئەیێ بەڵکو چەکێکی زیادتان هەبێت، بۆ نموونە تفەنگێك یا چوزانم، دەمانچەیەك... بۆ ئێوە بوونو نەبوونی ئەو شتانە وەکو یەکە، بەڵام بۆ ئێمە، لەم ڕۆژو ڕۆژگاری پاشاگەردانیەدا، موڵکە. ئێمە بۆ پارێزگاری ماڵو حاڵمان پێویستمان بە چەکە. مەبەستم لە شتی زیادە ئەمە بوو، ئەو پارەیەی کە بە تەما بوون بماندەنیێ، بماندەنیێو با تفەنگێکیشی لە سەر بیێ، ئیدی ڕێك دەکەوینو پێکدێین! دەتوانن نەخۆشەکەتان لێرە دابنێنو دڵنیا بن وەکو یەکێك لە خانەوادەکەی خۆمان پەرستاری دەکەینو پێیڕا دەگەین!.

گریگۆری، نیگایەکی پروخۆری کردو بە هێمنی گوتی:

– تفەنگو ڕەختەکەمی (فیشەکدان) بدەیەو ئەسپەکان لە خزاگەکە ببەستە. ئەکسینا لێرە بەجێدێڵین.... خوا شایەدە، دڵم نایە لە گەڵ خۆما بیبەمو لە ڕێگا بمرێت!

((٢٧))

ڕۆژان، بۆشو بەتاڵ، تاریك و خەمناك تێدەپەڕین. گریگۆری لەوەتای ئەکسینیای بەجیێ هێشتبوو، هەموو دیاردەو ڕووداوەکانی دنیای لە بەرچاو کەوتبوو. هەموو بەیانیەك سواری پیرە خزاگ دەبوو و بە دەشتی بێپایانی بەفر گرتووا دەڕۆیی، هەموو ئێوارەیەك بۆ شوێنیێ دەگەڕا کە شەوی تیا ڕۆژبکاتەوە. بەمجۆرە ڕۆژ لە دووی ڕۆژ تێدەپەڕی. ئەوەی لە جەبهەدا، کە حاڵی حازر لە حاڵی پاشەکشەدا بوو، ڕووی دەدا، دڵخۆشکەرە نەبوو. دەیزانی بەرگریو بەرخودانی ڕاستەقینە کۆتایی هاتووە، جۆشو خرۆشی بەرگری لە زێدو دەڤەری خۆ، لای زۆربەی قۆزاقەکان دامرکابووەوە. هەموو نیشانەکانی ئەوەیان دەسەلماند کە سوپای سپی لە شەڕی خۆدان، چونکە مادامێکی نەتوانن لە کەنارەکانی دۆندا پایەداری بکەنو خۆ بگرن، ئەوا لە "کوبان"شدا ناتوانن خۆ بگرنو بەرگری بکەن....

شەڕ لە ئاخرو ئوخریا بوو. بەخێرایی لە کۆتایی نزیك دەبووەوە. قۆزاقانی کوبان بە هەزار هەزار، لە جەبهە هەڵدەهاتن و جەبهەیان چۆڵ دەکردو دەگەڕانەوە بۆ گوندەکانی خۆیان. قۆزاقانی دۆن یەجگار پەریشان بوون، قڕیان تێکەتبوو. سوپای داوخواز، کە سێ چارەکی خۆی لە شەڕاو بە هۆی نەخۆشی تیفۆوە لە دەستدابوو، ئیدی لە بارودۆخێکدا نەبوو کە بتوانێ خۆی لەبەر سوپای سووردا کە لە سەرکەوتنی بەردەوامدا بوو، بگرێت.

دەنگو لە نێو ئاوارەکاندا بڵاو بوو کە خەڵکی کوبان، زۆر لە ڕەفتاری دڕندانەو تۆڵە ئەستێنانەی جەنەراڵ دنیکین، لە ئەندامانی ئەنجوومەنی حکومەتی تووڕەن و شۆڕش دژی سوپای داوخواز، لە حاڵی هەڵگیرساندایەو، حاڵی حازر گفتوگۆ دەگەڵ نوێنەرانی سوپای سوورا لە ئارادایە تا سەربازانی سوور بتوانن، ئازادانە بەرەو قەفقاز بڕۆن. هەروەها باسی ئەوەش دەکرا کە خەڵکی ناوچەکانی کوبان و تیریك، دژایەتیەکی توندی قۆزاقانی دۆن و سوپای داوخواز دەکەن و شەڕێکی گەورە لە نێوان فیرقەیەکی دۆن و هێزی پیادەی کوبان، لە نزیکی کورینوڤسکایا ڕوویداوە.

گریگۆری، لە هەر قۆناغ و مەزڵێکدا کە لایدەدا، بە وردی گوێی لەو دەنگۆیانە دەگرت و ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دڵنیا دەبوو کە شکانی سپییەکان زۆر نزیکەو گومانی تیا نییە. بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش ناو بە ناو فشە ئومێدێکی گۆنگی لا پەیدا دەبوو کە: ترس و مەترسی، هێزە شکاوو ورە ڕوخاوەکانی سپییەکان، کە زۆر نا تەباو دژی یەك بوون ناچار دەکات یەك بگرنەوەو خۆ لەبەر پێشڕەوی سەرکەوتوانەی سوپای سوورەکان بگرن و پاشەکشەیان پێبکەن. لێ پاش تەسلیم بوونی شاری ڕۆستۆف، ئەم خەیاڵ پلاوەشی کەڕووی هەڵهێناو بە هیچ جۆرێ باوەڕی بەو دەنگۆیە نەدەکرد کە گوایە سوورەکان دوای چەند شەڕێکی دژوار لە نزیکی باتایسك، دەستیان بە پاشەکشە کردووە. گریگۆری کە تەواو بێتاقەت بوو بوو، ئامادە بوو پەیوەندی بە هەر یەکەیەکەوە بکات کە بێتە ڕێگایان، لێ کاتێ ئەم نیازەی خۆی بۆ پروخۆر درکاند، پروخۆر، بە تووڕەیی بەرپەرچی دایەوەو گوتی:

– گریگۆری پانتلیوفیچ، ئەوە تۆ چ دەڵێی، وادیارە بە تەواوەتی ئەقڵت لە دەست داوە. گلاراومانە دووبارە خۆمان بخەینە ئاگرەوە؟ شتەکە تەواو بووەو بڕاوەتەوە، بە چاوی خۆت دەی بینی، ئیدی بۆچی لە پێناوی هیچدا خۆ فیدا بکەین. بە خەیاڵی خاوی تۆ، ئێمە بە دوو قۆڵی شتێکمان لە دەست دێ؟ مادامێکی کەس بەگیری نەهێناوین و بە تۆپزی بۆ جەبهەمان نانێرێ، دەبێ بە زووترین کات خۆ لە شوێنی خوڕان و خەتەر ببوێرین، کەچی تۆ تازە تازە ئەم قسە بۆش و بەتاڵانە دەکەیت! نا، تکایە دوورو سەلامەت، با وەکو پیرەمێردان فیزماڵکی بدەینێ و خۆمان دوور بخەینەوە. من و تۆ، لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا شەڕی خۆمان بە زیادەوە کردووە، با خەڵکی دیکە بێنە بەرێ و خۆیان تاقیبکەنەوە. مەگەر من لە پێناوی ئەمەدا خۆم تووشی سوزەنەك کرد کە جارێکی دی بچمەوە بۆ جەبهەو خۆم گرفتارو گیرۆدەی دەردە سەر بکەم؟ ئافەرین بۆ خۆت و قسەت! هێندە لەم شەڕە بیزار بووم، کە بیرم دەکەوێتەوە دڵم تێکهەڵدێت. تۆ

ئەگەر حەز دەکەی بڕۆ بە تەنیا پەیوەندی بکەرەوە، من نایەم. من دەچم لە نەخۆشخانە دەکەوم، تەواو گەییە لووتم!

گریگۆری، دوای بێدەنگییەکی زۆر گوتی:

– دەی با بەدڵی تۆ بێ... جارێ دەڕۆین بۆ کوبان و لەوێ بیرێکی لێدەکەینەوە.

پروخۆر ئیشی بۆ خۆی دۆزی بووەوە. دەگەییندە هەر ئاواییەکی ئاوەدان دەکەوتە سۆراخ و تاقیبی پزیشکیارو پەرستار و ئیدی کۆمەڵێك داو دەرمان و حەب و شرووبی دێناو دەگەڕایەوە. بەڵام زۆر لە خەمی چاکبوونەوەدا نەبوو. کاتێ کە گریگۆری لێی دەپرسی بۆچی لە هەر وەجبە حەبێك، دانەیەك دەخوات و باقیەکەی فڕێ دەداتە ناو بەفرەکەو پێشێلی دەکات، پروخۆر بۆی ڕووندەکردەوە کە نایەوێت بە تەواوەتی چاك ببێتەوە، تەنیا ئازارەکە بنیشێتەوە بەسە، تا ئەگەر دکتۆرێك معایەنەی کرد، بە ئاسانی بتوانێ لە مەترسی چوونە جەبهە بخەلەسێت. ڕۆژێك لە ستانی ڤیلیکوکنیا ژسکایادا، قۆزاقێکی دنیا دیدەی بە ئەزموون ئامۆژگاری کرد کە خۆی بە جۆشانەی لاقە سۆنە چارەسەر بکات. لەوە بە دواوە دەگەییە هەر ئاواییەك یان ستانێك، یەکەم کەس تووشی هەر کەسێك بوایە لێی دەپرسی: "ئەرێ بێزەحمەت، ئێوە، لێرە سۆنە بەخێو دەکەن؟" کە ئەو پیاوە بە سەرسامی وەڵامی دەدایەوەو کە نەخێرو بۆی ڕووندەکردەوە، کە لەو نزیکانە ئاو نییەو ئیدی بەخێو کردنی سۆنە هیچ مانایەکی نییە، پروخۆر، بە تانەو تەشەرەوە دەیگوت: "ئێوە، لێرە وەکو کێویان دەژین! وادیارە بە عەمراتتان گوێتان لە دەنگی سۆنە نەبووە. دەشت نشینانی گەوج!" ئەوسا ڕووی دەکردە گریگۆری و بە پەستی لە سەری دەڕۆیی: "هیچ گومانی تیا نییە، دەبێ قەشەیەك بە ڕێگامانا ڕۆیی بێ، بەختمان نوستووە، هیچ کارێکمان بۆ نایەت. ئەگەر لێرە سۆنە هەبوایە، بە هەر نرخێك بوایە دانەیەکم دەکڕی، یان دەمدزی و ئیدی بۆ خۆ چاك دەبوومەوە. نەخۆشیەکەم خەریکە ئەزیەتم دەدا، لە سەرەتاوە گوێم لێنەبوو، هەر بەخەیاڵمدا نەدەهات، هەر ئەوەندە بوو کە نەیدەهێشت بە ڕێگاوە بخەوم، کەچی ئێستا حەوانەوەی لێهەڵگرتووم! ناتوانم خۆم لە نێو خزاگەکەدا بگرم!" کاتێ کە هیچ هاوخەمییەکی لە گریگۆری نەدەبینی، پەست دەبوو، ماوەیەکی زۆر بێدەنگ دەبوو، هەندێجار بە سەعاتان خزاگەکەی داژۆت و فزەی لێوە نەدەهات.

گریگۆری ڕۆژانی ئەم سەفەرەی زۆر بەلاوە ناخۆش و درێژ بوون، لەوەش ناخۆشترو درێژتر شەوانی بێکۆتایی زستان بوو. گریگۆری وەختێکی زۆری هەبوو بۆ بیرکردنەوە لە ئێستاو یادکردنەوەی ڕابردوو، بە سەعاتان بیری لە ساڵانی تیژتێپەڕی، بە فیڕۆ چووی، ژیانی دەکردەوە کە بەو شێوە سەیرو ناخۆشە بە با چوو بوو. زۆر جار لە نێو خزاگەکەدا لە فکران ڕادەچوو، چاوەلێڵ و تەماوییەکانی دەبڕییە پانتاییە بەفر گرتووەکەی ئەو دەشتە بێکۆتاییەی کە لە باوەشی بێدەنگیەکی مەرگ ئاسادا مت بوو بوو. یان شەوان کە لە ژوورێکی چکۆلەی پڕ لە خەڵکیدا، پاڵدەکەوت و بەدەم دانە چیڕێوە چاوانی دەنوقاندن، بیری لە ئەکسینیا دەکردەوە کە لە ئاواییەکی دوورە دەستا، غەریب و بێکەس و نەخۆش، لە هۆش کەوتوو، بەجێی هێشتبوو، یان بیری لە کەسوکارەکەی خۆی دەکردەوە کە بە تەنیا لە گوندی تاتارسکی مابوونەوە. لەوێ، لە

خاکی دۆندا، ئێستا حکومەتی سۆڤیاتی جێگیر بوو بوو، گریگۆری بەردەوام بە نیگەرانی و خەمینی لە خۆی دەپرسی: "تۆ بڵێی بە هۆی منەوە دایکم و دونیاشکا ئەزیەت بدەن؟" ئەوسا بە پەلە دەکەوتە دڵدانەوەی خۆی، ئەو خەبەرو قسەو باسانەی، کە بە درێژایی سەفەرەکەی بیستبوونی، وەدیا دێنایەوە کە گوایە سوورەکان بە نەزم و نیزام دێنە پێشێ و ڕەفتاریان دەگەڵ خەڵکی ناوچە قۆزاق نشینە داگیرکراوەکاندا نەرمە. ئیدی بەرە بەرە نیگەرانیەکەی دەڕەوییەوەو بیری ئەوەی کە لە سەر ئەو ئەزیەتی پیرە داکەکەی بدەن، لە مێشکی دەردەچوو و باوەڕی نەدەکرد شتی وا بێمانا ڕوو بدات. هەندێجاریش یادی منداڵەکانی بۆ دەمێك دڵی دەگوشی، دەترسا کە نەتوانن لە تیفۆیان بپارێزن. لە هەمان کاتدا هەستی دەکرد، وێڕای ئەوەی منداڵەکانی زۆر خۆشدەویست، دوای مەرگی ناتالیا، هیچ خەم و پەژارەیەك، ناتوانێ بەو ڕادەیە کاری تێبکات...

گریگۆری و پروخۆر، لە کوختەیەکی زستانەی دەشتی سالسکدا، بە مەبەستی ئیسراحەتی ئەسپەکان، چوار دانە ڕۆژ مانەوە. لە ماوەی ئەم چوار ڕۆژەدا، چەندین جار گفتوگۆیان لەسەر ئەوە کرد کە دوای ئەوە چ دەکەن. هەرکە گەیینە کوختەکە پروخۆر، پرسی:

– بە ڕای تۆ سەربازەکانمان دەتوانن جەبهەی کوبان بپارێزن؟ یا ناچار دەبن بەرەو قەفقاز پاشەکشە بکەن؟

– نازانم، بەڵام بۆ تۆ چ فەرقێك دەکات؟

– جوانە! توخوا ئەوە قسەیە! ئەدی چۆن فەرق ناکات؟ ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێ، هەڵماندەدەن بۆ خاکی موسوڵمانان، خاکی ژێر دەسەڵاتی تورکان، ئەوسا وەرەو ببینە، چیمان پێدەکەن، ڕۆژمان بەچ ڕۆژگارێك دەگات!

گریگۆری بە بێتاقەتی وەڵامی دایەوە:

– خۆ من دنیکین نیم، لە من مەپرسە بۆ کوێمان هەڵدەدەن.

– بۆیە لێت دەپرسم، چونکە بیستوومە دەیانەوێ لە کەناری ڕوباری کوباندا، مقاوەمەت بکەن و پاشان لە بەهارا بۆ خاکی خۆمان دەگەڕێینەوە.

گریگۆری بەدەم تەوسخەنێکەوە پرسی:

– کێ مقاوەمەت دەکات؟

– کێ؟ قۆزاقەکان و کادێتەکان، لەوان زیاتر کێ هەیە؟

– تۆ وڕینە دەکەیت! یانی بە چاوی خۆت نابینی چی لە دەوروبەرمان دەگوزەرێ؟ هەموو لە بیری ئەوەدان بەزووترین کات هەڵێن. ئیدی کێ مقاوەمەت دەکات؟

پروخۆر، ئاهێکی هەڵکێشا:

– ئاخ، من چاك دەزانم کە تازە کارمان کراوە، بەڵام دڵم باوەڕ ناکات. باشە ئەگەر قەرار بێ بە ناچاری و بە مەلە وەکو قرژاڵ، خۆمان بە خاکی بێگانەدا بکەین، تۆ چی دەکەیت؟ دەڕۆیت؟

– باشە تۆ خۆت چیدەکەی؟

– من؟ گویٚ بگره، من لەگەڵ تۆدام، بۆ هەر کوێیەك بڕۆی لەگەڵتام. منیش وەکو ئەو خەڵکە، لە گەڵ عامیٚ دەچمە شامیٚ.

– منیش هەمان ڕەئیم هەیە. کە بە گەڵ مێگەل کەوتی، دەبیٚ دووی بەرانان بکەویٚ!...

– بەڵام بەرانان، خوا دەزانیٚ بەرەو چ دۆزەخێکت دەبەن...نا، واز لە سوعبەتان بێنە! بەجدی قسە بکە!

– تکایە وازم لێبێنە، با بگەینە ئەویٚ بیرێکی لێدەکەینەوە، چ پێویستە من و تۆ لە ئێستاوە ڕەملان لێبدەین.

پروخۆری، بەرەزامەندییەوە گوتی:

– دەی باشە، ئیتر هیچت لێناپرسم!

بەڵام بۆ سبەینیٚ، کاتیٚ کە چووبوونە قەشاوکردنی ئەسپەکان، پروخۆر دەستی بە هەمان گفتوگۆ کردەوە، لە کاتێکا وای دەنواند کە خەریکی سەح کردنەوەی دەسکە شەنەیەکە، بە پارێزەوە پرسی:

– ئەریٚ تۆ هیچت دەربارەی (سەوزەکان) بیستووە؟

– بەڵیٚ، بۆ؟

– باشە، ئەم سەوزانە کێن وا لەم ئاخر زەمانەدا پەیدا بوون؟ لایەنگرو داشداری کێن؟

– لایەنگری سوورەکانن.

– باشە، بۆ پێیان دەگوتریٚ سەوز؟

– چوزانم؟ خۆیان لە بێشەکاندا پەنا دەدەن، ڕەنگە لەبەر ئەمە بیٚ.

پروخۆر، دوای ماوەیەك بیرکردنەوە، بە دوودڵییەوە گوتی:

– چ دەڵێی من و تۆش ببین بە سەوز؟

– حەزم لێی نییە.

– بەڵام لە ڕێگای سەوزەکانەوە نەبیٚ، هیچ ڕێگایەکی دی نییە کە بەم زووانە بگەڕێینەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆ، وا نییە؟ من بەلامەوە گرینگ نییە سەوز بم یان شین، یان چوزانم، وەکو زەردێنەی هێلکە بم، بەو مەرجەی دژی شەڕ بن و ڕێگەی سەربازەکان بدەن کە بۆ ماڵی خۆو بۆ ناو کەس و کاریان بگەڕێنەوە...

گریگۆری، ئامۆژگاری کرد:

– کەمێك دان بە خۆتا بگرە، دوور نییە شتی واش پەیدا ببیٚ.

لە ئاخرو ئۆخری کانوونی دووەما، نزیکی نیوەڕۆ، کە تەمێکی خەست و چڕ باڵی بە سەر بەفری تواوەدا کێشا بوو، گریگۆری و پروخۆر گەیینە ئاوایی بیلایاگلینا. پازدە هەزار ئاوارە لەو ئاواییەدا خڕ بوو بوونەوە کە نزیکەی نیوەیان تووشی نەخۆشی تیفۆ بوو بوون.

قۆزاقان، بە پاڵتۆی کورتی ئینگلیزییەوە، یان بە پۆستینەوە یان بە ئێلەکەوە، بە ناو کوچەو کۆڵانان کەوتبوون، تاقیبی ئالیکیان بۆ ئەسپەکانیان و خواردنیان بۆ خۆ دەکرد.

ئەسپ سواران و عەرەبانە سوار بە هەموو کوچەو کۆلانێکا دەسوڕانەوە. بە دەیان ئەسپی شەکەت و ماندوو، بەدیار ئاخوڕی حەوشەی هەر ماڵێکەوە وەستا بوون و کایان دەخوارد. خزاگ و عەرەبانانی باروبنەو کەرەستەو گوللەتۆپی تۆپخانان لە کوچەو کۆلانەکاندا بێخاوەن وەستا بوون.

پروخۆر، لە کۆلانێکا چاوی بە ئەسپێکی کوێتی بەرز کەوت کە بە پەرژینێکەوە بەسترا بوو، گوتی:

– سەیرە، ئەمە ئەسپەکەی ئامۆزا ئاندرویوشکای دراوسێمانە، کەواتە خەڵکانێکی گوندی خۆمان لێرە هەن.

بەپەلە لە خزاگەکە هاتە خوارێ و خۆی بە ماڵەکەدا کرد بۆ تاقیب، دوای چەند دەقیقەیەک، ئاندرتوپولسکوف هاوسێ و ئامۆزای پروخۆر، پاڵتۆ بەشان، لە ماڵەکە هاتە دەرێ و دەگەڵ پروخۆردا بە هێواشی بەرەو خزاگەکە ڕۆیی و دەستە ڕەشەکانی خۆی کە بۆنی ئارەقەی ئەسپی لێدەهات بۆ گریگۆری درێژ کرد. گریگۆری پرسی:

– تۆ لە گەڵ کاروانی گوندەکەی خۆماندا هاتووی؟

– بەڵێ، پێکەوە باری بەدبەختیمان دەبەین.

– ئەدی باشە، سەفەرەکەتان چۆن بوو؟

– وەکو ئەو خەڵکە... لە هەر قۆناغێکدا چەند کەسێک لە خۆمان و چەند دانەیەک لە ئەسپەکانمان، لە دوای خۆمان بە جێدێڵین...

– باوکم چۆنە، ماوە؟

تۆپولسکوف، چاوی بڕییە شوێنێکی دیکە، ئاهێکی هەڵکێشا:

– گریگۆری پانتلیوفیچ، بەداخەوەم خەبەرێکی ناخۆشم پێیە... ڕەحمەت بۆ ڕوحانیەتی بنێرە، دوێنێ لای ئێوارە، ئەمری خوای کرد. قەزاو بەڵای تۆی بردبێ...

گریگۆری، بە کەسەرەوە پرسی:

– ناشتیان؟

– نازانم، چونکە ئەمڕۆ بۆ ئەوێ نەچووم. وەرە با بڕۆین... خانووەکەت نیشان بدەم... بەدەستی ڕاستا بڕۆ، چوارەمین ماڵی دەستە ڕاستە، لە سەر سووچی کۆلانەکە...

گەیینە بەرانبەر خانوویەکی گەورەی سەر بە شێروانی، پروخۆر ئەسپەکانی لە کەنار پەرژینەکەدا ڕاگرت، لێ توپولسکوف، پێی گوت کە بچێتە ژوورەوە.

– هەرچەندە جێگایان تەنگە، بیست نەفەرێک لە ژوورەوەن، بەڵام هەر چۆنێ بێ جێگای ئێوەش دەبێتەوە.

گریگۆری لە پێش ئەوانا خۆی بە ژوورێکی گەرم گەرمدا کرد. کۆمەڵێک خەڵکی ئاشنای گوندەکەی خۆیان بە تەنیشت یەکەوە لە سەر ئەرزەکە دانیشتبوون یا پاڵ کەوتبوون. هەندێکیان پێڵاو، یا زینیان، چەک و پینە دەکرد. سێ کەسیان، کە یەکێکیان بسخلبنوف پیر بوو، کە

هاوسەفەری پانتلی پروکوفیوفیچ بوو، لە کەنار مێزێك ڕۆنیشتبوون و شۆربایان دەخوارد. کە چاویان بە گریگۆری کەوت هەموو لەبەری هەستان و بە کۆمەڵ سڵاوە کورتەکەیان سەندەوە.

گریگۆری، کڵاوەکەی داکەندو چاوی بە ژوورەکەدا گێڕاو گوتی:

– کوا بابم؟

بسخلبنوف بە هێمنی گوتی:

– بە داخەوە، سەد حەیف و مخابن، پانتلی پروکوفیوفیچ بە ڕەحمەتی خوا چوو...

بە سەری قۆڵی، زاری سڕی، مراکەکەی داناو، نیشانەی خاچی کێشاو...

– دوێنێ ئێوارێ فەوتی کرد، خوا بە بەهەشتی شاد بکات.

– دەزانم. ناشتتان؟

– تا ئێستا نا. دەمانویست ئەمڕۆ بە خاکی بسپێرین. ئەوەتا بردومانەتە ژووری مێوان، چونکە ئەوێ ساردترە. کوا لێرەوە وەرە.

بسخلبنوف، دەرگای ژوورەکەی تەنیشتی کردەوەو بە نیمچە پۆزشێکەوە گوتی:

– قۆزاقەکان، نەیانویست کە لە گەڵ مردووەکەدا، لە یەك ژوورا بنوون، ژوورەکە بۆنی دێ. ئەم ژوورە بۆ ئەویش باشترە، چونکە خاوەنماڵەکە گەرمی ناکات.

بۆنی شادانەو مەرگەمۆش و مشکان ئەو ژوورە گەورەیەی پڕ کردبوو. گۆشەیەکی ژوورەکە پڕ بوو لە هەرزن و شادانە، چەند بەرمیلە ئاردو کەرە لە سەر تەختێك دانرا بوون. پانتلی پروکوفیوفیچ، لە ناوەندی ژوورەکەدا، لە سەر پەتۆیەك ڕاکشێنرا بوو. گریگۆری پسخلبنوف لادایە لاوەو وەژوورکەوت و لە هەنبەر جەنازەکەی بابیدا وەستا.

پسخلبنوف، بە ئەسپایی گوتی:

– دوو هەفتەی ڕێك نەخۆش بوو. کە گەییشتینە مچتکا ئیدی تووشی تیفۆ بوو. ئیدی قەدەری وابوو کە لێرە بە ڕەحمەتی خوا بچێت...ئیدی ئەوە ژیانە، هەموو گیای مردنین.

گریگۆری، بە سەر باوکیا دانەوییەوەو لێی ورد بووەوە. سیمای بە هۆی نەخۆشییەکەیەوە، بە جۆرێکی وەها گۆڕابوو نە دەناسرایەوە. ڕدێنە سپییەکەی، گۆنا زەردو قۆپاوەکانی داپۆشی بوو، سمێڵی بە سەر دەم و زاریا شۆڕ بوو بووەوە، چاوەکانی نیمچە نوقاو بوون، سپێنەی ئامال شینی چاوی، پرتەوی ژیانی لە دەست دابوو. چەناگەی بەدەستە سڕێکی سوور بەسترا بوو، ڕدێنە بۆزەکەی بەو دەستەسڕە سوورەوە، هێندەی دی سپی دەینواند.

گریگۆری، بە دیار جەنازەکەوە کەوتە سەر چۆکان تا بە کامی دڵ دوا نیگای سیمای ئازیزی باوکی بکات و دەموچاوی بە یادگەی خۆی بسپێرێت، بەڵام لە پڕ موچوڕکێکی ترس ئامێزی پێدا هات: ئەسپێ بە سەر ڕوخساری خاکی و مۆم ئاسای پانتلی پروکوفیوفیچدا ڕیزی بەستبوو و دەکەوتنە چاڵی چاوی و لۆچی گۆناکانیەوە. بە ناو ڕدێنی و بەینی برۆکانیا دەهاتن و دەچوون، بە سەر یەخەی ڕەقی پاڵتۆ شینە درێژەکەیا ڕێچکەیان بەستبوو.

***

گریگۆری‌و دوو قۆزاقی دیکە، لەو ئەرزە بەستەڵەکە ڕەقەدا بە پاچ‌و قوڵینگ گۆڕێکیان بۆ هەڵکەند. پروخۆر، هەر چۆنیٚ بوو لە پارچە تەختە تابووتێکی بۆ دروست کرد. دەمەو ئێواریٚ پانتلی پروکوفیوفیچیان بردو لە خاکی غەریبی ستاڤروپۆل بە خاکیان سپارد. دوای سەعاتێك، کە چرای ئاوایی تازە هەڵکرا بوون، گریگۆری بیلایاگلینای بە جێهێشت‌و بەرەو نوڤوپوکرافسکایا بە ڕێکەوت.

لە گوندی کورنوفسکیدا، هەستی کرد نەخۆشە. پروخۆر، تاقێکی (نیورۆژ) تەواو بە دوی دکتۆردا گەڕاو ئەنجام دکتۆرێکی عەسکەری نیمچە مەستی دۆزییەوەو بە هەر نرخیٚ بوو قەناعەتی پێکرد کە بیهێنێتە سەر گریگۆری. پزیشکەکە، بێئەوەی پاڵتۆکەی لە شانی دابگرێت، گریگۆری معایەنە کردو نەبزی گرت‌و بە دڵنیایی تەواوەوە گوتی:

– تیفۆی کۆنەو لێی تازە کردووەتەوە. جەنابی نەقیب من ئامۆژگاریت دەکەم کە سەفەرەکەت قەت(بڕی) بکەی، دەنا لە ڕێگا دەمریت.

گریگۆری، بزەیەکی تەوسامێزی کردو گوتی:

– یانی چاوەڕوانی هاتنی سوورەکان بکەم؟

– سوورەکان هێشتا لێرەوە دوورن.

– بەڵام نزیك دەبنەوە...

– بێگومان وایە. بەڵام باشتر وایە بمێنیتەوە، ئەگەر من لە جیاتی تۆ بام دەمامەوە، چونکە مانەوەکەت سەلامەتترە، لە نێوان خراپ‌و خراپترا، دەبیٚ خراپ هەڵبژێری، کە لێرەدا مانەوەکەیە.

گریگۆری، بە عەزمی جەزم گوتی:

– نا، بە هەر شێوەیەك بووە دەڕۆم.

قەمسەڵەکەی لەبەر کردو گوتی:

– خۆ تۆ تۆزێك دەواو دەرمانم دەدەیتیٚ، وانیە؟

– بڕۆ، کەیفی خۆتە، ئەرکی من ئەوە بوو کە ئەم ئامۆژگاریەت بکەم. ئێستا دەتوانی بە کەیفی دڵی خۆت بکەی. سەبارەت بە دەواو دەرمان، باشترین دەرمان ئیسراحەت و پشووە. هەڵبەتە من دەتوانم ڕەچەتەت بۆ بنووسم، بەڵام دەرمانفرۆشەکەمان ڕۆییوەو دەرمانخانەکە هیچی تیا نییەو منیش تەنیا کلوروفۆرم‌و یۆد و (میتانولم) هەیە.

– دەی باشە، میتانۆلم بدەیە.

– بە سەرچاو، بەڵام تۆ لە ڕێگادا دەمریت. میتانۆل هیچ شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕیٚ، کوا موراسیلەکەتم لە گەڵ بنێرە، هەزار غرام میتانۆلت دەدەمیٚ، من کەسێکی باشم، نا...

پزیشکەکە، ئیکلامێکی کردو بەلارە لار وەدەرکەوت. پروخۆر بە (میتانۆل)ـەکەوە گەڕایەوە، لە شوێنێك عەرەبانەیەکی چکۆلەی دوو ئەسپەی پەیدا کرد بوو، لە هەردوو ئەسپەکەی بەست‌و خۆی بە ژوورا کردو بە سوعبەتێکی تەوسامێزەوە گوتی:

– قوربان، گالیسکەکەتان ئامادەیە.

سەر لەنویٚ، ڕۆژانی ناخۆش دەستی پێکردەوە.

لە داوێنی کۆسارەکانەوە، بەهاری زوو ڕەسی باشوور، ڕووی دەکردە باشووری کوبان، بەفری دەشتەکان لە ناکاوا دەستی بە توانەوە کرد. زەوی خاڵ خاڵ ڕەش بووەوە، گۆلاو لەسەر ڕێگاوبانان پەیدا بوون، ئاسمانی بەرینی کوبان قوڵتر و شین ترو گەرمتر دەینواند.

دوای دوو هەفتە گەنمی زستانە لەبەر تیشکی هەتاوا سەری دەرهێنا. تەمێکی سپی باڵی بەسەر کێڵگەو مەزراکاندا کێشا بوو. سمی ئەسپەکان، تا مەچەك لە بەفرو قوڕی سەر جادەکان ڕۆدەچوو و لە گۆلاوەکاندا گیر دەبوون. پشتیان کووڕ دەکردەوەو ئارەقەیان دەکردەوەو هەڵمیان لێ هەڵدەستا. پروخۆر، بە دیقەت کلکی بەستبوون، زۆر جار لە عەرەبانە چکۆلەکە دادەبەزیو شانبەشانی ئەسپەکان بە پیادە دەڕۆیی. خۆی بە زەحمەت بە نێو قوڕەکەدا بکێش دەکردو دەی بۆلاند:

– ئەمە گڵ نییە، قیرە، بە زاتی خوا لە قیر خراترە! ئەسپەکان لە ئارەقەدا هەڵکشاون، دەرفەتی وشك بوونەوەیان نییە.

گریگۆری لە نێو گالیسکەکەدا پاڵی دابووەوە، لە سەرما پۆستینەکەی لە خۆیەوە ئالاند بوو و هیچی نەدەگوت. بەڵام پروخۆر چونکە کەسێك نەبوو گفتوگۆی دەگەڵ بکاتو ئەوەش حاڵی ڕێگاکە بوو، زۆر بێتاقەت بوو. جارجار لاقی گریگۆری یا سەری قۆڵی پۆستینەکەی ڕادەکێشاو دەیگوت:

– چ قوڕێکی خەستە! وەرە خوارەوەو تەمەشا بکە، ورچی لێدەرناچێت. شانست هەیە کە لەم کاتەدا نەخۆش کەوتووی!

گریگۆری، بەدەنگێکی نزم کە بە ئاستەم دەبیسترا دەیگوت:

– دە برۆ!

پروخۆر، بگەییشتبایە هەر کەسێك خێرا دەیپرسی:

– باشە لەولاتریشەوە ئەم قوڕە هەروایە، یا خەست ترە؟

خەڵکەکە پێدەکەنینو تەشەرو سوعبەتێکیان بە ڕوویدا دەداو پروخۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە دوو کەلیمە قسەی دەگەڵ بە شەرێکا کردبوو، ماوەیەك بە بێدەنگی ڕێی دەکرد. زۆرجار ئەسپەکانی ڕادەگرتو ئارەقەکەی سەر هەنیەی خۆی دەسڕی. ناو بە ناو سوارێك بەلایاندا ڕەت دەبوو و پروخۆر کە ئیدی تاقەتی چوو بوو، یارۆی سوارەی ڕەوتەنی ڕادەگرت، سڵاوی لێدەکرد، لێی دەپرسی لە کوێوە دێ، بۆ کوێ دەڕوات، خەڵکی کوێیەو لە کۆتاییدا دەیگوت:

– ئێوە بە خۆڕایی دەڕۆن، زەحمەتە دەربچن. بۆ؟ چونکە ئەوانەی لەولاوە دەهاتن دەیانگوت قوڕەکەی هێندە خەستە، ئەسپ تا بن سکی لە قوڕ دەچەقیو چەرخی گالیسکە، ناسوڕێ، خەڵکانی کورتە بالا دەکەونە قوڕەوەو نقوم دەبن. باوەڕ بکەن درۆ ناکەم، خوا ڕووم رەش بکات ئەگەر درۆ بکەم! ڕەنگە بڵێن ئەدی ئێوە بۆ دەڕۆن؟ ئێمە چارمان نییە، دەبێ بڕۆین. من قەشەباشیەکی نەخۆشم پێیەو بە هیچ جۆرێ لە گەڵ سوورەکاندا نایکێڵێ...

زۆربەی سوارەکان، بە سوعبەتەوە ڕیزێك جنێوی مزریان بە پروخۆر دەداو ملی ڕێی خۆیان دەگرت و دەڕۆییشتن. یا هەندێکیان پێش ئەوەی دوور بکەنەوە، هەڵوەستەیەکیان دەکردو مۆڕەیەکیان لێدەکردو دەیانگوت:

– چما شێتانیش لە دۆن هەڵدێن؟ خەڵکی لای ئێوە هەموو وەکو تۆن؟

یا تەشەرێکی لەوە خراتریان لێدەدا. تەنیا یەك قۆزاقی کوبان، کە لە هاوسەفەرانی ناوچەکەی خۆی دوا کەوتبوو، دوای ئەوەی پروخۆر بە قسە بۆش و بەتاڵەکانی خۆی، هێندەی دی دێری خست، زۆر تووڕە بوو و ویستی بە شەلاقان تێی بەر بێ، لێ پروخۆر بە پەلە خۆی هەڵدایە نێو گالیسکەکەو تفەنگەکەی خۆی لە ژێر پەتۆکەی دەرهێناو لە سەر ئەژنۆی خۆی دانا. ئیدی کابرای کوبانی بەدەم دەمڕێژی جنێوی بازاڕییەوە دوور کەوتەوە، پروخۆر کە قاقا پێدەکەنی، لە دواوە هاواری لێکرد:

– ئێرە تساریتسین نییە کە خۆت لە مەزرای زوڕات و کێڵگەی گوڵە بەڕۆژاندا بشاریتەوە! فێڵبازی ترسنۆك، ئەگەر پیاوی بگەڕێوە! ها هەلاّتی؟ پانتۆڵەکەت هەڵکێشە، نە با بکەوێتە قوڕەوە. هەی مریشك دز! دەڵێی ئاسکی هەلاّتیت! هەی ژن سیفەت! حەیف فیشەکێکی قۆڕم پێ نییە کە بتکەم بە قوربانی فیشەکێك! قامچییەکەت داگرە، گوێت لێیە؟!.

پروخۆر، کە لە بێکاری و بێتاقەتیدا، شەڕی بە تڕی خۆی دەفرۆشت، ئیدی بە هەر شێوەیەك بوایە، بێتاقەتی خۆی دەردەکرد.

بەلاّم گریگۆری لەو ڕۆژەوە کە نەخۆش کەوتبوو، ئاگای لە عەمری دنیا نەبوو، لە تۆ وایە لە خەوا دەژی. جار بە جار دەبورایەوەو پاشان وەهۆش دەهاتەوە. لە یەکێك لەو نۆرانەدا کە تازە دوای بوورانەوەیەکی دوورو درێژ وەخۆ هاتبووەوە، پروخۆر بە سەریا دانەوییەوەو بە دڵسۆزی و بەزەییەوە، ڕوانیە چاوە لێڵ و تەمگرتووەکانی و پرسی:

– هێشتا ماوی؟

هەتاو بە سەر سەریانەوە دەدرەوشایەوە، پۆلی قورینگان، بە باڵە بۆرەکانیانەوە، بەدەم هاوارەوە، بە ئاسمانی شیندا دەفڕین، جاریێ تۆپەڵ دەبوون و جاریێ ڕیزێکی تێکشکاوی ڕەشی مەخمەلییان پێکدێنا. بۆنێکی ئەوتۆ لە زەوی نێرو گیای تازە، هەڵدەستا پیاوی مەست دەکرد. گریگۆری، بە تامەزرۆیی و بە هانکە هانك هەوای ژیانبەخشی بەهاری هەڵدەمژی. دەنگی پروخۆر بە ئاستەم دەگەییە گوێی، هەر هەموو ئەو شتانەی دەوروبەری وەکو تارمایی دەهاتنە بەرچاوی، هێندە کاڵ و دوور بوون بە حاڵ دەبینران. لە دوایانەوە ڕمبەی تۆپبارانی دوورە دەست، بە حاڵ دەهاتە گوێ. لە نزیکیشەوە دەنگی چەرخی گالیسکان، بە شێوەیەکی یەکنەواو بەتەق و هۆڕ دەهاتەگوێ. ئیدی پڕمەو، حیلەی ئەسپ و، هەراو زەنای بەشەران هەموو تێکەڵ بوو بوون. بۆنی نانی برژاوو بۆنی وێنجەو ئارەقەی ئەسپان، دنیای پڕکردبوو. هەر هەموو ئەم دیاردەو دیمەنانە بە جۆریێ لە هەست و زەینی گریگۆریدا، ڕەنگیان دەدایەوە، وەکو ئەوەی لە دنیایەکی دیکەوە هاتبن. هەموو هۆش و گۆشی خۆی کۆکردەوە، تا گوێی لە دەنگی پروخۆر ببیێ. دوای هەوڵێکی زۆر، ئەوسا بۆی دەرکەوت کە پروخۆر لێی دەپرسی:

- تۆزێ شیر دەخۆیت؟

گریگۆری، بە زمانی خۆی کە بە زەحمەت دەیتوانی بیجوڵێنێ. لێوە وشکەکانی تەڕکرد، هەستی کرد شلەمەنیەکی ساردی خەستی، تازەی تامو بۆ ئاشنا بە گەرویا دەچێتە خوارێ. دوای چەند قومێك، دانە چۆقەی پێکەوت.

پروخۆر، سەری بوتڵەکەی نایەوەو جارێکی دی بە سەر گریگۆری دا، دانەوییەوەو شتێکی پرسی کە گریگۆری تێی نەدەگەیی، بەڵکو بە جوڵەی لێوە لە سەرما قلیشاوەکانیاو بە مەزەندە بۆی دەرکەوت کە دەپرسێت:

- چۆنە لەم گوندە لا بدەین؟ ئەم سەفەرە بۆ تۆ زۆر زەحمەتە، وا نیە؟

دەردو نیگەرانی کەوتە سەر ڕوخساری گریگۆری. دیسان هەموو هۆش و گۆشی خۆی کۆکردەوەو بە ئەسپایی گوتی:

- بڕۆ، تا دەمرم هەر بڕۆ...

گریگۆری بە سیمای پروخۆرا وای هەست کرد کە گوێی لێبووە، ئیدی دڵی ئارامی گرت و چاوانی نوقاند و بێهۆشی باڵی بە سەریا کێشاو لە تاریکی بێدەنگییەکی قوڵا، نقوم بوو، لە هەراو هەنگامەی ئەم جیهانە جەنجاڵ و پڕ هەراو هەنگامەیە دوور کەوتەوە...

((٢٨))

بە دەم ڕێگاوە بۆ گوندی ئابینسکایا، گریگۆری تەنیا یەك شتی لە بیر بوو: لە شەوێکی زۆر تاریکا، لە سەرمایەکی زۆر ساردا خەبەری بووەوە. کاروانی گالیسکەو عەرەبانان بە ڕیز بە سەر جادەکەدا دەڕۆییشتن، بە هەراو زەناو دەنگە دەنگان و بە جیڕە جیڕی کپ و بەردەوامی چەرخی گالیسکاندا، بۆی دەرکەوت کە کاروانی عەرەبانەکان، کاروانێکی زۆر گەورەو دوورو درێژە. گالیسکەکەی گریگۆری لە ناوەڕاستی کاروانەکەدا بوو. ئەسپەکان بە هێواشی دەڕۆییشتن. پروخۆر ناو بە ناو دەمی هەڵدێناو بە ئەسپایی هاواری دەکرد: "دێ! دەی! بەرخەکانم!" و قامچیەکەی تەکان دەدا. گریگۆری توانی گوێی لە فیشکە فیشکی قامچیەکە ببێ. هەستی بە گوشاری ئەسپەکان لەسەر مژانەکە دەکرد، گالیسکەکە خێراترو ڕەقتر دەڕۆیی، جاری واهەبوو سەری مژانەکە بەر پشتی عەرەبانەکەی پێش خۆی دەکەوت.

گریگۆری، دوای زەحمەتێکی زۆر، چمکی پۆستینەکەی دا بە خۆیا و بە پشتا ڕاکشا. ناو بە ناو، دوراو دوور، لە نێو پەلە هەورێکی چکۆلەوە، تاقە ئەستێرەیەکی غەریب، بۆ ساتێك دەدرەوشایەوەو پاشان ئاوا دەبوو و تاریکیەکی چڕو ئەنگوستەچاو باڵی بەسەر دەشتە پان و بەرینەکەدا دەکێشایەوە. بایەکە لە تەلی تەلەگرافەکانی دەداو بە نەوایەکی خەمناکەوە دەیلوراند، نەرمە بارانێکی وردی زەنگیانە ئاسا بە سەر ئەرزەکەدا دادەباری. ڕیزێك ئەسپ سوار بە کەناری ڕاستی ڕێگاکەدا دەڕۆییشتن. گریگۆری گوێی لە دەنگ و نەوای هاوئاهەنگی ئاشنای شمشێرو مەتاڵی سوارانی قۆزاقان بوو، گوێی لە دەنگی هێواش و یەکنەوای سمی ئەسپەکان بوو. کە لە قوڕەکە ڕۆدەچوون. دوو سریە سوارە تێپەڕی بوون، بەلام هێشتا دەنگی سمی

ئەسپەكان نەبڕابووەوە. بەمەدا دیار بوو كە یەك كەتیبەی تەواو بە كەنار ڕێگاكەدا دەڕۆیی. لە ناكاوا، دەنگێكی دلێر، لە پێشی كاروانەكەوە، وەكو چۆن تەیرێك لە شەقەی باڵ دەدا، بەو ئاوایە بە ئاسمانی دەشتە كڕوكپەكەدا بەرز بووەوە:

ئەی برایان، لە كەناری ڕوباری كاما

لە دەشتی پڕ شكۆی، بیٚ پایانی ساراتوف...

سەدان قۆزاق بە جاریٚ، گۆرانیە كۆنە قۆزاقیەكەیان سەندەوە. بەڵام تاك دەنگێكی زوڵاڵ، بەرز، جوانی سەیر لە ناكاوا بە سەر هەموو دەنگەكانی دیدا زاڵ بوو. لە كاتێكا دەنگە نزمەكان بەرە بەرە خامۆش دەبوون، هێشتا ئەم دەنگە بەرزو زوڵاڵە، لە تاریكییەكەدا دەنگی دەدایەوە. كە گوێندەی یەكەم دەستی بە كۆپلەی دووەم كرد:

لەویٚ قۆزاقان، وەكو گەلێكی ئازادو سەربەست، دەژیان

هەموو قۆزاقانی دۆن، قۆزاقانی گریبن و قۆزاقانی

ئیك...

وەك بڵێی شتێك لە ناخی گریگۆریدا هەرەسی هێنا. لە ناكاوا گیانی بەدەم هەنسك هەڵدانەوە كەوتە جوڵان، ئازارێك ئەوكی گرت. لە كاتێكا كە گریانەكەی خۆی دەخواردەوە، چاوەڕوانی ئەوە بوو كە گوێندەكە سەر لە نویٚ هەڵكاتەوە گۆرانی. كاتیٚ كە گوێندەكە دەستی پێكردەوە، گریگۆری، بە بێدەنگی و لە دڵی خۆیدا وشە بە وشەی گۆرانیەكەی، كە لە منداڵییەوە ئەزبەری بوو، لەگەڵدا دەگوتەوە:

ئەتامانەكەیان یەرماكی كوڕی تیموفی بوو

سەردارەكەیان ئاستاشكای كوڕی لافرنتی بوو...

هەركە دەنگی گۆرانیەكە بەرز بووەوە، دەنگی گفتوگۆی قۆزاقانی ناو عەرەبانەكان خامۆش بوو. ئیدی هیچ عەرەبانچیەك دەنگی لە ئەسپان نەدەكرد، ئیدی كاروانی هەزار عەرەبانەیی قۆزاقانی ئاوارە بەوپەڕی بێدەنگی ڕێی دەكردو جگە لە دەنگی جیڕە جیڕی چەرخی گالیسكەو خرمژنی سمی ئەسپان، هیچ دەنگێكی دیكە نە دەبیسترا. ئیدی گوێندەكە، وەستایانە لە بەندو كۆپلەیەكەوە دەچووە سەر بەندو كۆپلەیەكی دیكەو ئیدی ئەو گۆرانییە فۆلكلۆریە كە سەدان ساڵی بە سەرا بوری بوو، سەر لە نویٚ زندوو بووەوەو بە تاقی تەنیا، باڵی بەسەر ئەو دەشتە بە شكۆو پڕ هەیبەتەدا، كێشا بوو. بە وشەیٚن سادەو بێرتووش، ڕوون و ڕەوان، چیرۆك و داستانی باپیرانی ئازادی قۆزاقانی دەگێڕایەوە كە چۆن، بێباكانە بەگژ هێزو سوپاكانی تزاردا دەچوونەوەو لە زەواقیان دەنان، یا بە بەلەمێن بچووك، ڕوبارەكانی دۆن و ڤۆلگایان تەی دەكردو كەشتیانی هەڵۆ ئاسای تزاریان بەگیر دێناو تاڵانیان دەكردو باج و سەرانەیان لە بازرگانان و ئەشرافان و سەردارانی ڕووسیا دەسەندو سیبیریای دووره دەستیان خستبووە ژێر ڕكێفی خۆ... كەچی ڕۆڵە و پاشینانی هەمان قۆزاقانی ئازاد، ئێستاكیٚ بە خەمبارییەوە گوێیان لە هەمان گۆرانی دەگرت، چونكە لە شەڕێكی نەنگیندا دژی خەڵكی ڕووسیا، شكستیان هێنا بووو پاشەكشەیان دەكرد.

کەتیبەکە تێپەڕی . ئیدی گۆرانی بێژەکان لە کاروانی ئاوارەکان دوور کەوتبوونەوە. بەڵام عەرەبانەکان تا ماوەیەکی زۆر بە هەمان دەقەوە، بە هەمان بێدەنگی ئەفسووناوییەوە ڕێیان دەکرد، ئیدی نە دەنگە دەنگو نە ژاوە ژاو، نە هاوارو دەی کردن لە ئەسپانی ماندوو نەدەهاتە گوێ. گۆرانیەکە وەکو هەڵچوونی دۆن. هێشتا لە جەرگەی تاریکیەکەدا، شەپۆلی دەداو دەنگی دەدایەوە:

هەموو یەك شتیان لە خەیاڵ و لە بیرا بوو

هاوینو گەرمای هاوین تێدەپەڕێ

و زستانی سارد، براینۆ دێت

براینۆ، لە کوێو چۆن زستان

بە سەر بەرین؟

بڕۆین بۆ یاییك، ڕێگا دوورە، هەموو بەدزمان دەزانن

بڕۆین بۆ قازان، بارەگاو نشیمەنی تزارە.

تزاری ترسناك، ئیڤان ڤاسیلی یوفیچ...

ئیدی دەنگی کۆرسەکە نەدەهات، بەڵام دەنگی بەرزو زوڵاڵی گۆیەندەکە هەر دەنگی دەدایەوە، جارێ نزم دەبووو جارێك بەرز دەبووەوەو، خەڵکەکە هەموو بە بێدەنگی، خامۆشو خەمبار بە وردی گوێیان ڕادەدێرا.

گریگۆری، شتێکی دیکەشی وەکو خەو لە بیرا مابوو: لە ژوورێکی گەرما وەهۆش هاتبووەوە، بێ ئەوەی چاوان هەڵێنێ، بە هەموو گیانو بوونیەوە، هەستی بە فێنکییەکی خۆشی چەرچەفە تازەکانی، سەر جێگاو بانەکەی دەکرد. بۆنی توندی دەرمانێك چوو بە کەپوویا. هەوەڵجار وای زانی لە نەخۆشخانەدایە، بەڵام لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دەنگی پێکەنینی پیاوان وتەقو هۆڕی قاپو ئامانانو دەنگێن مەستانە دەهات، دەنگێکی نزمی ئاشنا دەیگوت:

– کابرا، خۆ تۆ پیاوێکی ئاقڵی ! دەبوایە یەکەمجار تاقیبی ئەوەت کردبا کە کەتیبەکەمان لە کوێیە، هەنگێ دەمانتوانی بێینە کۆمەکتان. بخۆرەوە، بۆچی لچو لێوت داوە بە یەکا؟

پروخۆر، بە دەنگێکی گریە ئامێزی مەستانەوە وەڵامی دایەوە:

– ئاخر، تو ئەو خوایە من لە کوێ بزانم ئێوە لە کوێن؟ بۆچی لاتوایە، سەرپەرشتی نەخۆشێك هەروا ئاسانە؟ وەکو منداڵی بچووك، خواردنم بۆ دەجووو دەمکردە دەمییەوە. شیرم دەدایە، خوا شایەدە! نانەکەم بۆ دەجوو و دەمکردە دەمییەوە، بە زاتی خوا، کە دەمی دەچووە کلیلەو دەمی توند دەنووقاند، دەبوا بە شمشێر بیکەمەوە، جارێك کە خەریك بوو شیرم دەکردە دەمییەوە، پەڕییە قوڕگیو خەریك بوو دەمرد... خوا دایەوە.. جا وەرە هەموو ئەمانە بێنە بەرچاوی خۆت!...

– دوێنێ شتت؟

– هەم شۆردمو هەم بە مەکینە سەریم تاشی. هەرچی پارەشم هەبوو بۆم دا بە شیر... هەڵبەتە پەشیمان نیمو خەمی پارەکەم نییە. چش لە پارە، بەڵام کار بگاتە ئەوەی کە خواردنی بۆ

بجوویت و ئەوسا بیکەیتە دەمییەوە، ئەمە کارێکی ئاسانە؟ نەڵێی ئاسانە، دەنا، گوێ بە پلەو پایەکەت نادەم و ڕێك دەکێشم بە دوڕ دەمتا!

ئەوسا پروخۆر، دەگەڵ خارلامپی یەرماکوف و پیوتەر بوگاتیریوف، کە دەموچاوی دەتگوت چەوەنەری سوورەو کڵاوە قەرەقوڵە فەروەکەی بەپشتا داخزا بوو و هەروەها لە گەڵ پلاتون ریابچیکوف و دوو قۆزاقی نەناسی دیکەدا، هاتنە ژوورەکەی گریگۆری.

یەرماکوف، کە بەلارە لار بەرەو لای گریگۆری دەڕۆیی، هاوارێکی شێتانەی کرد:

– چاوی کردەوە!!

پلاتون ڕیابچیکوف، بەخۆی و کەلەشی زەلامەوە، بوتڵێکی بە دەستەوە بوو و تەکانی دەدا، سەرخۆش و چاو بەگریان هاواری دەکرد:

– گریشا! برایەکەم! پیاسە خۆشەکانی کەناری ڕوباری چیرمانت لە بیرە؟ لە بیرتە چتۆ شەڕێکمان دەکرد؟ ئەو هەموو قارەمانیەتیەمان چی بەسەر هات؟ ئەم جەنەڕاڵانە ڕۆژیان بە چ ڕۆژێك گەیاندین؟ چییان بەسەر سوپاکەمان هێنا؟ ئاخ جەرگیان بە ئاو بیّ! هانیّ شتێك بخۆرەوە، یەکسەر چاك دەبێتەوە! شەرابێکی خالیسەیە!

یەرماکوف، کە چاوە ڕەشە زەیتونیەکانی بە شادییەوە دەدرەوشانەوە، لە بن لێوانەوە دەیگوت:

– ئاخری دۆزیمانیتەوە!

بە جۆرێ خۆی دا بەسەر تەختەکەدا، کە خەریك بوو بشکێت. گریگۆری کە بە زەحمەمت چاوانی دەگێڕاو دەیڕوانیتە ڕوخساری ئاشنای قۆزاقەکان، بە دەنگێك کە بە ئاستەم دەردەهات پرسی:

– ئێمە لە کوێین؟

– ریابچیکوف گوتی:

– یەکاترینودارمان گرتووە! بەو زووانە هێوەتریش دەڕۆین

گریگۆر پانتلیوفیچ بخۆرەوە، تۆ خۆشەویستی هەموومانی! تۆ ئەو خوایە هەستە، ناتوانم بە نەخۆشی بتبینم!

خۆی دا بە سەر لاقی گریگۆریدا. لێ بوگاتیریوف، کە بە بێدەنگی بزەی بۆ دەکردو پێدەچوو لەوانی دی کەمتر مەست بێ، کەمەربەندەکەی گرت و بە ئاسانی هەڵی ساندەوەو بە کاوەخۆ لە عاردەکەی دانا.

یەرماکوف، بە ترسەوە هاواری کرد:

– بوتڵەکەی لێوەربگرە! دەنا دەیڕێژێ!

بەدەم بزەیەکی مەستانەوە، بەرەو لای گریگۆری ئاوڕی دایەوەو گوتی:

– دەزانی بۆ دەخۆینەوە؟ یەك، لەبەر ئەوەی ناڕازین، دوو لەبەر ئەوەی قۆزاقە ئازیزەکانمان دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتووە لە سەر حیسابی کەسێکی دی بخۆنەوە... یەك کۆگا شەرابمان تالان کردووە تا بەر دەستی سوورەکان نەکەوێت... شەراب ئەمما شەراب! بە خەویش نەتدیتووە! هەوەڵجار بە تفەنگ تەقەیان لە تەنکییەك کرد: پیرە تەنکی کون بوو، ئیدی شەراب لە پیرە تەنکی

هاتە خوارەوە، دەتگوت ئاوەو لە بەلوعە دەڕژێ... کوڕەکان بەدیار تەنکیە کون کونەکەوە وەستان، کڵاو، سەتڵ، بوتڵ، یان مشتیان لە شەراب پڕ دەکردو هەر لەوێ دەیانخواردەوە... دوو سەربازی سوپای داوخوازمان کە حەرەسی تەنکییەکە بوون، بە شمشێر کوشت و ڕژاینە ژوورەوە، ئەوسا بوو بە کەربازارێك ئەوسەری دیار نەبێ! بە بەرچاوی خۆمەوە، قۆزاقێك چووە سەر تەنکییەکەو ویستی سەتڵێك لەو سەتڵانەی کە ئەسپی پێ ئاو دەدەن، لە تەنکییەکە هەڵکێشێ و پڕی بکات لە شەراب، کەوتە تەنکییەکەوەو خنکا. ژێر تەنکییەکە چیمەنتۆ بوو، زۆری پێنەچوو کە شەراب گەییە چۆکان و ئیدی قۆزاقان گێرەیان تیا دەکرد. دادەنەوینەوەو وەکو ئەسپێك لە ڕوباردا ئاو بخواتەوە، ڤۆدگای ژێر پێی خۆیان دەخواردەوەو لەوێ دەکەوتن... خۆزگە لەوێ دەبووی، هەم مایەی پێکەنین بوو هەم مایەی گریان. هەندێکیان هێندەیان خواردەوە مردن. ئێمەش دریغیمان نەکرد. بەرمیلێکی بچووکی پێنج سەتڵیمان غل کردەوەو تا ئێرەمان هێنا، بەشمان دەکات. وەرە بزانە چ بەزمێکە، بخۆرەوە، تا دەتوانی بخۆرەوە گیانەکەم! ئیدی تەواو دۆنی ئارام تەواو، تیاچوو! پلاتون خەریك بوو بخنکێ. کەوتبووە ژێر دست و پێی خەڵکانی دیکەوەو خەریك بوو پان و پلیش ببێتەوە، یەك دوو قوڵپ ڕشایەوەو کەمێك وەخۆ هاتەوە. نازانی بە چ زەحمەتێك لە ژێر پێیانەوە ڕامکێشاو دەرم هێنا!...

هەر هەموو بۆنی ڤۆدگاو پیازو تووتنیان لێدەهات. گریگۆری هەستی دەکرد، کەمێك دڵی تێك هەڵدێت. سەری گێژی خوارد، ئاهێکی سووکی هەڵکێشاو چاوەکانی نوقاند.

یەك هەفتەی تەواوی لە یەکاترینودار، لە ماڵی پزیشکێکی ناسیاوی بوگاتیرلوفدا بەسەر بردو بەرە بەرە ڕوو لە باشی چوو و سەرەنجام، وەکو پروخۆر گوتەنی: "بە سەلامەتی هەستایەوە." و بۆ یەکەمجار، لە دوای پاشەکشەکە، لە ئاوایی ئابینسکایادا، سواری ئەسپ بوو.

***

خەڵکی، نوڤوروسیسك-یان چۆڵ دەکرد. کەشتیان، دەوڵەمەندان و خانەوادەی جەنەڕاڵان و سیاسەتوانانی دەستڕۆی ڕووسیایان بۆ تورکیا دەگواستەوە. شەوو ڕۆژ بەندەرگاکان قەرەباڵغ بوو و کەشتی ڕێبوارییانیان دەگواستەوە. خوێندکارانی کۆلیجانی ئەفسەری دەستە دەستە لە باراندازەکاندا کاریان دەکردو ئەسپاباتی شەڕو تەقەمەنی و جانتاو سەندووقی ئاواران و هەڵاتوانی دەوڵەمەندانیان لە کەشتی بار دەکرد.

یەکەکانی سوپای داوخواز پێش قۆزاقانی دون و کوبان کەوتبوون و زووتر خۆیان گەیاندبووە نوڤورسیسك و لە کەشتیەکاندا جێگایان گرتبوو. ئەفسەرانی ئەرکانی سوپای داوخوازان، لە ڕووی دووربینییەوە، سواری کەشتی جەنگی بەریتانیا (ئیمپراتۆری هند) کە لە لەنگەرگایەکەدا لەنگەری خستبوو، بوو بوون. شەڕ لە دەوروبەری تونلنایا گەرم بوو. دەیان هەزار ئاوارەو پەناهەندە ڕژابوونە جادەو بانەکانی شارەوە. هەر سەرباز بوو و لە ڕێگاوە دەهاتن. ئاپۆڕای خەڵکی لە بار ئەندازەکاندا جمەی دەهات، لە حیساب نەدەهات. ئەسپێن بەرەڵڵا، بە هەزاران، لە بناری کێوە قسڵێن و گەچۆڕەکانی دەوروبەری نوڤوروسیسکدا سەرگەردان بوون. لەو ڕێگایانەدا کە دەچوونەوە سەر باراندازەکان، زینی قۆزاقی و جل و بەرگ و کەرەستەی عەسکەری بە خەرمان

هەڵدرابووەوە. کەس لێی نەدەپرسینەوە. لە شارا دەنگۆ بڵاوبوو کە تەنیا سوپای داوخوازان سواری کەشتیەکان دەکەن، بەڵام قۆزاقانی دۆن و کۆبان، دەبێ بە ڕیز بەرەو گورجستان (جورجیا) بڕۆن.

بەیانی ڕۆژی بیست و پێنجی ئازار، گریگۆری و پلاتون ڕیابچیکوف بەرەو بارانـدازەکان ڕۆییشتن تا بزانن ئایا هێزەکانی فەیلەقی دووەمی دۆن سواری کەشتیەکان دەکەن یان نا. چونکە ڕۆژی پێشوو، قاوێك لە نێو قۆزاقەکاندا داکەوتبوو کە گوایە جەنەراڵ دنیکین دەستووری داوە ئەو قۆزاقانەی دۆن کە ئەسپ و چەك و ئەسڵەحەی خۆیان پاراستووە بۆ قرم بگوازنەوە.

باراندازەکان، لە کالموکەکانی هەرێمی (سالسك) دا جمەیان دەهات. ئەمانە ڕەوە ئەسپ و وشترو تەنانەت کوختە دارینەکانی خۆشیان لە کەناری مانیچ و سال)ەوە تا کەناری دەریا هێنا بوو. گریگۆری و ڕیابچیکوف، بە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا، کە بۆنی کەسکونی دووگی مەڕیان لێدەهات، تا لەنگەرگای کەشتییەکی گەورەی نەفەر بەر ڕۆییشتن. کۆمەڵێك لە ئەفسەرانی فیرقەی مارکوف، لە گوزەرگاکانی بەردەم کەشتییەکەدا نیگابانیان دەکرد. کۆمەڵێك تۆپچی دۆن لە دەوری یەکدی خڕ بوو بوونەوەو چاوەڕوانی سوار بوون، بوون. تۆپەکان لە پاشی کەشتیەکە بار کرابوون و مشەمایان پێدا درابوو. گریگۆری بە زەحمەت و بە ئانیشکان دڕی بە حەشاماتەکەداو لە عەریفێکی گەنجی سمێڵ ڕەشی پرسی:

– برادەر، ئەمە کام تۆپخانەیە؟

عەریفەکە، بەتیلەی چاو تەمەشایەکی گریگۆری کردو بە نە بەدڵییەوە گوتی:

– سی و شەش.

– ئەوەی کە کارگین فەرماندەیەتی؟

– بەڵێ.

– کێ بەرپرسی سوار بوونی کەشتیەکەیە؟

– هۆوە، ئەوەی لای موحەجەرەکە وەستاوە، ئەو عەقیدە.

ریابچیکوف، بە توندی سەری قۆڵی گریگۆری ڕاکێشاو بە تووڕەیی گوتی:

– بالێرە بڕۆین، سەریان بەقەبری بابیان! قسەکردن لەگەڵ ئەمانەدا بێسوودە، خواش سەر لەم دارو دەستەیە دەرناکات. تا شەڕ بوو و شەڕمان بۆ دەکردن، پێویستیان پێمان بوو، بەڵام ئێستاکە پێویستیان پێمان نییە، ناماننناسن...

عەریفەکە بزەیەکی بۆ کردو ڕوو لە تۆپچییەکان کە بە ڕیز وەستا بوون، چاوێکی داگرت و گوتی:

– ئێوە، تۆپچییەکان بەختتان هەیە! دەنا ڕێگەی ئەفسەرانیش نادەن سوار بن.

لەم کاتەدا ئەو عەقیدەی کە سەرپەرشتی سەرخستنی خەڵکەکەی دەکرد، خۆی گەیاندە سەر کەشتیەکە. کارمەندێکی سەر ڕووتاوە کە پۆستینێکی دەڵبی گرانبەهای لەبەر بوو، بەدەم لەتردانەوە بەپەلە دوای کەوتبوو، بە سیمایەکی پاڕانەوە ئامێزەوە کڵاوەکەی کە لە پێستی بەرازی دەریایی بوو، بە سینگییەوە دەگوشی و شتێکی دەگوت و جۆرە پاڕانەوەیەك بە ڕوخسارە

ئارەقاوی‌و چاوە نزیك بینەکانیەوە دیاربوو کە یارۆی عەقیدی پەست کردو ڕووی لێ وەرگێڕاو هاواری کرد:

– یەك جار پێم گوتیت: بێزارم مەکە، دەنا فەرمان دەدەم لە کەشتیەکە دات بگرن! تۆ شێتی! ئاخر شڕەو پڕەی تۆ لە کوێ باربکەین؟ یانی کوێری؟ نابینی وەزعەکە چۆنە؟ دەی بەسە، وازم لێبێنە! ئەگەر حەزدەکەی بڕۆ لای جەنەراڵ دنیکین شکات بکە. یەکجار پێم گوتیت ناتوانم، ناتوانم، تۆ زمانی ڕووسی نازانی؟!

عەقیدەکە، دوای ئەوەی لە دەست کارمەندە منجڕەکە ڕزگاربوو، ویستی خۆی لەگێلی بدات‌و بەلای گریگۆریدا تێپەڕێت، بەڵام گریگۆری ڕێی پێگرت، دەستی گەیاندە قەراخ کاسکێتکەی‌و تەمەنناکانەیەکی عەسکەری بۆ کردو پرسی:

– ئەرێ، ئەفسەران، ئومێدی ئەوەیان هەبێ کە سواریان بکەن؟

– بۆ ئەم کەشتیە نا، جێگا نەماوە.

– ئەدی کام کەشتی؟

– لەدایەرەی گواستنەوە بپرسە.

– لەوێ بووین، کەس هیچ نازانێ

– دەیسا منیش نازانم، کوا ڕێم بکە با بڕۆم.

– باشە تۆ تۆپخانەی سی‌و شەش سوار دەکەی، ئەدی بۆچی بۆ ئێمە جێگا نییە؟

– پێمگوتی، ڕێمبکە با بڕۆم، خۆ من پرسگە نیم!

عەقیدەکە ویستی بە نەرمی گریگۆری لە ڕێگای خۆی لابدات، بەڵام گریگۆری بە مکومی پێی لە عاردی چەقاند بوو. گرێکی شینباو لە چاوانی دەبووەوەو دەکوژایەوە.

– یانی ئێستا پێویستتان بە ئێمە نییە؟ بەڵام جاران پێویستتان پێمان بوو، وا نییە؟ دەست لادە، ڕێت ناکەم ها!

یارۆی عەقید، چاوی لە دوڕ چاوانی گریگۆری بڕی، سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. دوو کەس لە سەربازانی فیرقەی مارکوف، لەبەر پردە تەختەکەی کەشتییەکەدا، تفەنگ بە دەست وەستا بوون‌و بە هەزار زەحمەت پێشیان لە خەڵکەکە دەگرت. عەقیدەکە بە چاوانی سەرگەردان‌و دەنگێکی ماندوو پرسی:

– تۆ لە چ کەتیبەیەکی؟

– لە کەتیبەی دۆنی نۆزدەیەمم. ئەوانی دیکەش، هەر یەکەیان هی کەتیبەیەکی جیاوازن.

– تێکڕا چەند کەسن؟

– دە کەسێکین.

– ناتوانم، جێگا نییە.

ریابچیکوف، بینی کە پەڕەی کەپووی گریگۆری دەلەرزین‌و بە ئەسپایی دەیگوت:

– یانی پێمان ڕادەبوێری بەدفەڕ!؟ سەگی دوو ڕەگ؟ هەی ئەسپێی پاشی جەبهە! خێرا ڕێمان بکە با سوار بین، دەنا...

ریابچیکوف، بە شادییەکی بەدخوایانەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی:

– هەر ئێستا گریگۆری، دەیکات بە قوربانی شمشێرێك!

بەڵام کە بینی ئەو دوو سەربازەی فیرقەی مارکۆف، بە قۆناغە تفەنگان دڕیان بە خەڵکەکەداو، دەهاتن بە فریای عەقیدەکەوە، بە پارێزەوە سەری قۆڵی گریگۆری ڕاکێشاو گوتی:

– وازی لێبێنە پانتلیوفیچ، وەرە با بڕۆین...

عەقیدەکە کە ڕەنگی هەڵبزڕکا بوو، گوتی:

– تۆ کەریت! دەبێ لەسەر ئەم کارەت تەمبێ بکرێیت!

ئەوسا گریگۆریی، بە هەردوو پاسەوانەکە، کە بەپەلە دەهاتن بە فریای ئەمەوە، نیشانداو گوتی: ئاغایان، ئەم کابرا شێتە هێور بکەنەوە! دەبێ لێرەدا ئاسایش و نەزم و نیزام بەرقەرار بکرێ. من کاری بەپەلەم لە گەڵ سەرکردایەتیدا هەیە، دەبێ بڕۆم، دەرفەتم نییە، گوێ لە قسەی هەلەق و مەلەقی هەر کەسێك بگرم...

و بە هەشتاو، بە تەنیشت گریگۆریدا تێپەڕی.

یەکێك لە دوو پاسەوانەکە، کە پیاوێکی باڵا بەرزی سمێڵ ناسکی قەڵەمکراو بوو، نیشانەی ملازمی بە سەر شانی قەمسەڵە نیلییە تۆخەکەیەوە دورا بوو، هاتە پێشەوەو خۆی بە گریگۆرییەوە چەسپاندو گوتی:

– چیت دەوێ؟ بۆچی نەزم و نیزام دەشێوێنی؟

– من هیچم ناوێ، تەنیا ئەوە نەبێ کە لەم کەشتیەدا جێمان بکەنەوە.

– کەتیبەکەت لە کوێیە؟

– نازانم.

– بەڵگەنامەت؟

پاسەوانی دووەم، کە گەنجێکی نۆلاوی گوپنی عەینەك لە چاو بوو، بە دەنگێکی نزمی لەرزۆکەوە گوتی:

– ڤیسوتسکی بۆ خۆت ماندوو دەکەیت، با بیبەین بۆ ژووری پاسەوانان.

ملازمەکە بەڵگەنامەکانی گریگۆری بە وردی خوێندەوەو پێی دایەوە.

– بچۆ کەتیبەکەت بدۆزەوە. تکایە لێرە بڕۆ، خۆت لە کاروباری بارکردنی خەڵکەکە هەڵمەقورتێنەو نەزم و نیزام مەشێوێنە. چونکە ئەمرمان پێیە هەر کەسێك بێنیزامی بکات و خۆی لە کاروباری گواستنەوەی خەڵکی هەڵ بقورتێنێ، پلەو پایەی هەرچیەك بێ، بیگرین.

ملازمەکە، لێوەکانی هەڵقورتاند و بۆ چەند چرکەیەك بێدەنگ بوو، ژێراو ژێر تەمەشایەکی ریابچیکوڤ کردو دانەویەوەو دەمی بە پەنا گوێی گریگۆرییەوە ناو بە چپە گوتی:

– ئەگەر بە گوێی من دەکەی، قسە دەگەڵ فەرماندەی تۆپخانەی سی و شەش بکەو هەر چۆنێ بووە لەگەڵیا پێکبێ و خۆتان بکەن بە ڕیزەکەدا، دەتوانی سواری کەشتیەکە ببی.

ریابچیکوف، کە گوێی لە چپە دووی ملازمەکە بوو بوو، بە خۆشحاڵیەوە گوتی:

– تۆ بڕۆ كارگێن بدۆزەوە. منیش بە پەلە دەچم بە دووی برادەراندا. جگە لە خورجینەكەت، دەتەوێ چیترت بۆ بێنم؟

گریگۆری، بە بێتاقەتی گوتی:

– باپێكەوە بڕۆین.

لە ڕێگادا، تووشی قۆزاقێكی ناسیاوی خەڵكی گوندی سمیونوفسكی بوون كە عەربانەیەكی گەورەی پڕ لە نانی، كە بە مشەمایەك داپۆشی بوو، بەرەو بەندەرگایەكە دەبرد. ریابچیكوف، بانگی لێكرد:

– سڵاو فیودۆر! ئەمە بۆ كوێ دەبەی؟

– ئاه، ئەمە ئێوەن! سڵاو پلاتون، گریگۆری پانتلیوفیچ چۆنن! ئەمە نان و مونەیە، بۆ ڕێگای كەتیبەكەمان پەیدامان كردووە. مەگەر خوا بزانێ بە چ زەحمەتێك توانیمان بیدەینە كرد. ئەگەر ئەمە نەبێ، مەگەر بە درێژایی ڕێگا هەر شۆربای ساوار بخۆین...

گریگۆری لە عەرەبانەكە نزیك بووەوەو گوتی:

– نانەكانت كێشانە كراون، یان بە دانە ژمێردراون؟

– كێ دێت نان دەژمێرێ؟ چیە نانت دەوێ؟

– بەڵێ.

– فەرموو، هەڵگرە!

– دەتوانم چەند هەڵگرم؟

– چەند دەتوانی. نانمان زۆرە.

ریابچنكوف بە سەر سامی دەیڕوانیە گریگۆری كە نان لە سەر نانی هەڵدەگرت، ئیدی خۆی پێنەگیراو پرسی:

– ئەم هەموو نانەت بۆ چیە، بۆ خاتری خوا؟

گریگۆری بە كورتی وەڵامی دایەوە:

– پێویستم پێیەتی.

هەنگێ دوو كیسەی لە عەرەبانچیەكە وەرگرت و نانەكانی تێنان و سوپاسی كرد، پاش خوا حافیزی، ئەمری بە ریابچیكوف كردو گوتی:

– یەكێكیان هەڵگرە، با بڕۆین.

ریابچیكوف، كیسەیەكی دا بە شانیاو بە سوعبەتەوە پرسی:

– ناكا بە تەما بی ئەم زستانە لێرە بە سەر بەریت.

– بۆ خۆم نییە.

– ئەدی بۆ كێیە؟

– بۆ ئەسپەكەمە.

ریابچیكوف، بەلەز كیسە نانەكەی لە عاردی داناو بە سەرسامی پرسی:

– سوعبەت دەكەی؟

– نەخێر، بە جدیمە.

– کەواتە، تۆ چ بیرێکت لە مێشکایە پانتلیوفیچ؟ من بزانم، بە تەمای لێرە بمێنێتەوە. وایە؟

– وایە، دەی کیسەکە هەڵگرە با بڕۆین. دەبێ ئەسپەکەم ئالیك بدەم. خەریکە لە برسا تەختەی ئاخوڕەکەی دەخوات. ئەسپ هەر چۆنێ بێ لازم دەبێت. نامەوێ لە ڕیزی پیادانـدا خزمەت بکەم...

ریابچیکوف، بە درێـژایی ڕێگـا هـیچ قسـەیەکی دی نـەکرد، جارجـار کۆکەیـەکی بـۆ دەکـردو کیسەکەی ئەم شانو ئەوشان دەکرد. کە گەیینە بەر دەروازەکە، لە گریگۆری پرسی:

– بە برادەران دەڵێی؟

ئەوسا بێئـەوەی چاوەڕوانی وەڵامـی گریگۆری بکـات. بە دەنگێك کە جۆرە خەمینییەکی پێوە دیاربوو گوتی:

– تۆ بیری خۆت کردووەتەوە.. ئەدی ئێمە چی بکەین؟

گریگۆری بە خەمساردیو بێموبالاتیەوە گوتی:

– بـە کـەیفی دڵـی خۆتـان بکـەن. ئەوانـە لـە گـەڵ خۆیانمـان نابـەن، شـوێنی ئێمـەیان نییـە... کـە ئێمـەیان نـاوێ، خـۆ بە زۆر خۆمانیـان پێدا هەڵناواسین. هـەقی خۆیانـە بـۆ ئێمـە لـە خـۆ بکـەن بـە سـەربار! دەمێنینـەوە، بـەخیت خۆمـان تـاقی دەکەینـەوە. دەبچـۆ ژوورەوە، بـۆ لـە بـەر دەرگـا وەستاوی؟

– پیـاو لـەم قسـانە دەحەپەسـێ... وام لێهـاتووە چـاوم دەروازەکـە نـابینێ. ئـەقڵم لەسـەر نـەماوە. ئاخر ئەمە بوو بە کار! گریشا دەڵێی بە کوتەك کێشاوتە بەسەرما. سەرم گێـژ بووە. تەمەشای منکە کە لـە خـۆم دەپرسـی: "ئەم نانـەی بـۆ چیە؟" ئەگـەر برادەرەکانمان ئێستا پێبـزانن، شێتو هار دەبن....

گریگۆری پرسی:

– باشە، ئەدی تۆ؟ ناتەوێ بمێنیتەوە؟

ریابچیکوف، بە سەرسامی پرسی:

– چی؟!

– بیر لە مەسەلەکە بکەوە!

– پێویست ناکات بیری لێبکەمەوە. تا یەك جێگا مابێ هەوڵی خۆم دەدەم. خۆم بە تۆپخانەکەی کارگینەوە هەڵدەواسمو لە گەڵ ئەواندا دەڕۆم.

– پەشیمان دەبیتەوە! بێفایدەیە.

– هەر ئەوەیە کە گوتم. من، برادەر سەری خۆم خۆشدەوێ، خۆم لـەو دەشـتە نەدۆزیوەتـەوە. حـەز ناکەم سوورەکان شمشێری خۆیان لە سەری مندا تاقیبکەنەوە.

– پلاتۆن، بیر لە مەسەلەکە بکەوە، وەزعەکە بە جۆرێکە کە...

– دەزانم، باسی مەکە. هەر ئێستا دەڕۆم.

گریگۆری بە پەستی گوتی:

– باشە، بە دڵی خۆت بکە. نامەوێ چەندو چوونت لە گەڵدا بکەم.

گریگۆری، لە پێشەوە پێی نایە سەر پلیکانە بەردینەکانی بەردەم هەیوانەکە.

یەرماکوف و پروخۆرو بوگاتیریوف، شتاقیان لەماڵەوە نەبوون. خاوەنماڵەکە کە پیرەژنێکی ئەرمەنی کۆماوە بوو، پێی گوتن قۆزاقەکان کە ڕۆییشتنە دەرێ، گوتیان زوو دەگەڕێنەوە. گریگۆری بێئەوەی پاڵتۆکەی لە سەر شانی داگرێ، کولێرەیەکی کرد بە چەند پارووییەکی گەورەو چوو بۆ تەویلەی ئەسپەکان و نانەکانی کرد بە دوو بە شەوە، بەشێکی دا بە ئەسپەکەی خۆی و بەشەکەی تری دا بە ئەسپەکەی پروخۆر. تازە دەستی دابووە سەتڵێك کە بچێت ئاو بێنێ، ریابچیکوف، لەبەر دەرگا پەیدا بوو. پلاتون، چەند پارچە نانێکی گەورەی لە چمکی پاڵتۆکەی نابوو و دەیهێنا. ئەسپەکەی ریابچیکوف، بۆنی خاوەنەکەی ناسییەوەو حیلەیەکی کورتی بۆ کرد. بەڵام ریابچیکوف بە بێدەنگی بەلای گریگۆریدا، کە ژێراو ژێر بزەی دەهاتێ، تێپەڕی و نانەکەی هەڵڕشتە ئاخوڕەکەوەو بێئەوەی سەیری گریگۆری بکات، گوتی:

– تکایە تەوسخەن مەکە! کە مەسەلەکە وای لێهات، منیش دەبێ خواردن بە ئەسپەکەم بدەم... واتەزانی من بە خۆشحاڵی دەڕۆییشتم؟ دەبوایە یەخەی خۆم بگرمو بە هەشتاو فریای ئەم کەشتیە نەعلەتیە کەوتبام! لەوە زیاتر هیچ چارێکی دیکەم نەبوو! ترس وای لێکردبووم کە ئەمە بکەم... من هەر یەك سەرم هەیە. خوا نەکردە ئەگەر بۆم ببڕن، ئیدی تا جەژنی قەشە میخائیل، ناڕوێتەوە!...

پروخۆر و ئەوانی دی تا خۆرئاوا نەگەڕانەوە. یەرماکوف، یەك قەڕابە ڤۆدگای گەورەی دەگەڵ خۆدا هێنا بوو. بەڵام پروخۆر، یەك کیسەی پڕ لە بوتڵی سەرمۆری هێنا بوو کە پڕ بوون لە شلەیەکی خەستی زەرد.

یەرماکوف، بەلاف و گەزافەوە، قەڕابەکەی نیشاندان و گوتی:

– ئەمەش هەقی ماندوو بوونەکەمان، بەشی ئەمشەومان دەکات.

ئەوجا لە سەری ڕۆیی:

– تووشی پزیشکێکی عەسکەری بووین. تکای لێکردین کە دەرمانەکانی تا باراندازەکە لەگەڵدا بگوازینەوە. کرێکارەکان یاخی بوو بوون و کاریان نەدەکرد، ئیدی جگە لە چەند خوێندکارێکی ئەفسەری کەسی تر لەوێ نەبوو. ئێمەش دەست بە کار بووین. دکتۆرەکە هەقی ماندوو بوونەکەمان شەرابی داینێ. بەڵام پروخۆر ئەم شووشە سەرمۆرانەی دزیوە، خوا بمگێ ئەگەر درۆ بکەم!

ریابچیکوف، بە کونجکاوی پرسی:

– باشە چیان تیایە؟

– ئەمە، براله لە ڤۆدگا، نایابترە!

پروخۆر، یەکێك لە شووشەکانی هەڵگرت، شڵەقاندی و دایە بەر روناکییەکە. شلەیەکی خەست لە نێو شووشە ڕەشەکەدا، بڵقی دەدا. پروخۆر بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– ئەمە یەکێکە لە شەرابە فەڕەنگیە هەرە نایاب و گرانبەهاکان! تەنیا بە نەخۆشانی دەدەن. یەکێك لە خوێندکارە ئەفسەرییەکان کە زمانی ئینگلیزی باش دەزانی ئەمەی بەمن گوت. کە سواری کەشتی بووین و بەدەم سروودی "ئەی نیشتمانی ئازیز"ـەوە تادەگەینە قرم دەخۆینەوەو شووشە بە تاڵەکان فڕێ دەدەینە دەریاوە.

ریابچیکوف، بە تەوسەوە گوتی:

– خێراکە، زوو سواری کەشتیەکە بە، چاوەڕوانی تۆیە تا بکەوێتە ڕێ. هەموو دەڵێن: "پروخۆر زیکوف، ئەم قارەمانی و قارەمانانە، لە کوێیە؟ بەبێ ئەو ناتوانین بکەوینە ڕێ!"

کەمێك بێدەنگ بوو، ئەوجا بە قامکی، کە لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد بوو، ئاماژەی بۆ لای گریگۆری کردو گوتی:

– ئەو دەستبەرداری ڕۆییشتن بووە. هەروەها منیش

پروخۆر هاواری کرد:

– نە بابە؟!

خەریك بوو لە سەرسامیا شووشەکەی لە دەست بکەوێتە خوارەوە. یەرماکوف برۆی وێکهێنانەوەو چاوی بڕینە گریگۆری و گوتی:

– یانی چی؟ بە نیازی چیت؟

– بڕیارمان داوە نەڕۆین.

– بۆچی؟

– چونکە جێگا بۆ ئێمە نییە.

بوگاتیریوف، بە دڵنیایی تەواوەوە گوتی:

– چ قەیدییە ئەگەر ئەمڕۆش جێگا نەبێ، سبەی دەبێت.

– چوویتە دەوروبەری باراندازەکە؟

– بەڵێ، مەبەستت چیە؟

– دیتت چ ڕۆژی حەشرێکە؟

– بەڵێ.

– دەیسا کە دیوتە، ئیدی ئەم ڕیس و گوریسەت لە چیە؟ تەنیا ڕێگای من و ریابچیکوفیان داوە کە لە گەڵیاندا بڕۆین، قۆزاقێکی سوپای داوخواز پێی گوتین کە خۆمان تێهەڵکێشی تۆپخانەکەی کارگێن بکەین، دەنا مەحاڵە ڕێمان بدەن.

بوگاتیریوف، بە پەلە پرسی:

– باشە تۆپخانەکە، هێشتا لە کەشتیەکە بار نەکراوە؟ تۆپچییەکان سەرنەکەوتوون؟

هەرکە زانی کە تۆپچییەکان هێشتا لە ڕیزا وەستاون، خێرا کەوتە خۆ کردنەوە: دەرپێیەك و پانتۆڵ و بلوزێکی عەسکەری و بڕێ نانی لە خورجینەکەی ناو خواحافیزی لە جماعەت کرد. یەرماکوف ئامۆژگاری کرد:

– پیوتەر! مەڕۆ لەگەڵ ئێمەدا بمێنەوە باشترە! با لێکدی دانەبڕێین.

بوگاتیریوف، بێئەوەی بەرسڤی بداتەوە، دەستە ئارەقاوییەکەی خۆی هێنایە پێشی و جارێکی دی لە ئاستانەی دەرگاکەدا سەری دانەواندو گوتی:

– خوا ئاگادارتان بێ، ئیشەڵلا یەکدی دەبینینەوە.

ئەوسا بە هەشتاو چووە دەرێ.

دوای ڕۆییشتنی ئەو، خامۆشیەکی قورس تا ماوەیەك باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا. ئەوسا یەرماکوف چوو بۆ مووبەقەکەو چوار پەرداخی لە پیرەژنەکەی خاوەنماڵ وەرگرت و گەڕایەوە، هەر چوار پەرداخەکەی تەژی کۆنیاك کرد، کتریەکی گەورەی پڕ لە ئاوی تەزی کردو چەند پارچەیەك چەوری بەرازی بڕی و لە سەرمێزەکە دایناو ئەوسا بە بێدەنگی دانیشت. هەردوو ئانیشکی نایە سەر مێزەکەو چەند دەقیقەیەك حۆل و کاس چاوی بڕینە پێیەکانی خۆی. ئەوسا دەمی نا بە لوولەی کترییەکەوەو تۆزێك ئاوی خواردەوەو بە دەنگێکی کز پرسی:

– ئەرێ بۆچی ئاوی کوبان تام و بۆی نەوت دەدا؟

کەس وەڵامی نەدایەوە. ریابچیکوف بە پارچە پەڕۆیەکی پاك، دەمی شمشێرەکەی خۆی کە بوخارو هەڵمی نیشتبووە سەر پاك دەکردەوە. گریگۆری خورجینەکەی خۆی دەپشکنی، پروخۆر بە حەواس پەرێشی لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە داوێنی کێوسارە رووتەنەکە، کە ڕەوە ئەسپانی تێوەر بوو بوو.

– دانیشن با بخۆینەوە.

یەرماکوف، چاوەڕوانی نەکردن، نیوەی پێکەکەی بە جارێ هەڵداو ئەوسا قومێك ئاوی بەسەردا کرد. ئەوسا پارچە چەورییەکی پەمەیی بەرازی لە دەمی ناو کەوتە جووینی، بە چاوانی گەشەوە ڕوانیە گریگۆری و گوتی:

– تۆ بڵێی هاوڕێیانی سوور بمانکوژن؟

گریگۆری بەرسڤی دایەوە:

– هەموومان هەر ناکوژن. هەزاران کەس دەمێنن.

یەرماکوف، بە پێکەنینەوە گوتی:

– من خەمی ئەو هەزارانەم نییە، خەمی خۆممە، لە خۆم دەترسم...

دوای ئەوەی بڕێکی زۆریان خواردەوە، گفتوگۆیەکەیان شەقڵێکی خۆشتری پەیدا کرد. دوای ماوەیەك بوگاتیریوف، لە ناکاوا، گرژو مۆن، پەست و خەمبار، کە لە سەرما شین و مۆر بوو بووەوە، پەیدا بوو. لەبەر دەرگایەکدا یەك بالە پاڵتۆی تازەی ئینگلیزی دا بە عاردیداو بە بێدەنگی کەوتە داکەندنی پاڵتۆکەی خۆی. پروخۆر کرنۆشی بۆ بوگاتیریوف بردو بە تەوس و تەنزەوە گوتی:

– بەخێر بێیتەوە!

بوگاتیریوف، نیگایەکی تووڕەی کردو ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– ئەگەر دنیکین و هەموو پیاوە حیز دایکەکانی بێن و خۆ باوێنە سەر دەست و پێیانم لە گەڵیاندا ناڕۆم! لە ڕیزیانا وەستام، لە سەرما ڕەق بوومەوەو هیچم بە هیچ نەکرد. کە نۆرە گەییە من ئیدی

تەواو بوو، تەنیا دوو کەسم لە پێشەوە ما، ڕێگەی یەکێکیان دا، کەچی ڕێگای دووەمیان نەدا. نیوەی تۆپچییەکانی تۆپخانەکە بەجێمان. ئاخر ئەمە مانای چیە؟

یەرماکوف، بە دەم قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– ئیدی بە خەڵکانی وەکو ئێمەمانان ڕادەبوێرن، بە ڕیشمان پێدەکەنن!

بوتڵێکی هەڵگرت و پەرداخێك شەرابی لێو ڕێژی بۆ بوگاتیریوف تێکرد.

– وەرە بخۆرەوە، با خەمەکەت فەراموش بکەیت! یان دەتەوێ چاوەڕوان بکەیت، تا بە دووتا بێن؟ لە پەنجەرەکەوە بڕوانە! ئەوە جەنەراڵ ڤرانگل نییە کە هاتووە بە دووی تۆدا؟

بۆگاتیریوف، بێئەوەی وەڵام بداتەوە، بە بێدەنگی کەوتە خواردنەوە. هیچ گێولی سوعبەتی نەبوو. یەرماکوف و ریابچیکوف کە نیمچە مەست بوون، پیرەژنی خاوەنماڵیان مەست کرد بوو، باسی ئەوەیان دەکرد کە بڕۆن کە سێکی ئۆکۆردیون نەواز پەیدا بکەن. بوگایتریوف پێی گوتن:

– لە جیاتی ئەوە بچن بۆ وێستگەی ڤیتار، خەریکن فارگۆنەکان تالآن دەکەن. هەر هەمووی پڕە لە جل و بەرگ و کەلپەلی عەسکەری.

یەرماکوف، گوتی:

– جل و بەرگ و کەلپەلمان بۆ چیە؟ ئەو پاڵتۆیانەی تۆ هێناوتن، سەرو زیادمانە، هەڵبەتە هەرچیەکیان لێ زیادبێ، لێمان دەسەنن. پیوتەر! ئەهای تولەباب! لێبڕاوین پەیوەندی بە ڕیزی سوورەکانەوە بکەین، گوێت لێیە؟ ئێمەی قۆزاقانی ڕەسەن، نەك دوو ڕەگ! کارو پیشەمان شمشێر وەشانە. دەزانی من چۆن شمشێر دەوەشێنم؟ وەکو ئەوەی کەلەرم ببڕم. هەستە سەر پێ با لە تۆیا تاقیبکەمەوە! چیە ترسای؟ ئێمە کارمان شمشێر وەشانە، ئیدی هەقمان چیە کێ بە شمشێرمان دەکەوێ، وا نییە میلیخۆف؟

گریگۆری، بە بێتاقەتی گوتی:

– وازم لێبێنە!

یەرماکوف کە چاوە سوورەکانی خێڵ بوو بوون، هەوڵیدەدا خۆی بگەیەنێتە شمشێرەکەی کە لە سەر یەغدانەکە دانرابوو. بوگاتیریوف، بە ئەسپایی دایە لاوەو تکای لێکرد:

– ئەنیکای فس فس پاڵەوان، فشە مەکە، دەنا کە یەکێکم پێداکێشای خێت دەکەم. بەبێ بێدەنگی کۆنیاکەکەت بخۆوەو هیچ قسەیەك مەکە، ئاخر تۆ بە ناخێرت ئەفسەری!

– ئاخر چی لەم پلەیە بکەم، بۆ چیمە؟ حاڵی حازر ئەوەندە لازمەمە، کە بەرازێك پێویستی بە پەتە. بیرمی مەخەوە! تۆش وەکو منی. دەتەوێ نەجمەکانت لە سەر شان بکەمەوە؟ پیتای ئازیز، لێمگەڕە، با هەر ئێستا بۆتی بکەمەوە.

بوگاتیریوف، لە کاتێکا بە دەم زەردەخەنەوە هاوڕێ بەدمەستەکەی دەدایە لاوە، گوتی:

– هێشتا وەختی ئەمە نەهاتووە، هەڵیگرە بۆ دوایی کاتمان زۆر بە دەستەوەیە.

تاکو بەرەبەیان، هەر خەریکی خواردنەوە بوون، سەر لە ئێوارە چەند قۆزاقێکی نەناس پەیدا بوون. یەکێکیان ئۆکردیونێکی پێبوو، یەرماکوف، هێندەی سەمای قۆزاقانە کرد لە پەلوپۆ کەوت. تا پاڵ یەغدانەکە ڕایانکێشاو هەر لەوێ بەلاقی بڵاوو سەری خوارەوە لە سەر ئەرزە

ڕووتەکە خەوی لێکەوت. ئەم ئاهەنگە تا شادەی مەیخۆریە تا بەیانی بەردەوام بوو. یەکێك لەو قۆزاقە غەریب و نەناسانە کە پیاوێکی بە تەمەن بوو، بەدەم مەستیەوە، هەنسکی هەڵدەداو دەیگوت:

– من خەڵکی ناوچەی کومتشاتسکایام... خەڵکی خودی شارەکە... کەڵەگامان هەبوون کە هێندە زەلام بوون دەستت نەدەگەییە شاخیان! ئەسپەکانم دەتگوت شێرن! ئێستا چیمان بۆ ماوەتەوە؟ تەنیا یەك دێڵە سەگی گڕویٚ! ئەویش بەو زووانە دەتۆپیٚ. چونکە خواردنمان نییە بیدەینیٚ...

قۆزاقێکی خەڵکی کوبان کە قاپووتێکی لبادی دڕاوی چەرکەسی لەبەر بوو، داوای لە ئۆکۆردیون ژەنەکە کرد، کە ئاهەنگی سەمایەکی (نائورسکایا) بژەنیٚ، خۆیشی باسکەکانی بە شێوەیەکی هێندە جوان، مەگەر هەر لە وێنەدا شتی وا ببینریٚ. بڵاوکردنەوەو هێندە بە چاپوکی کەوتە سەما کردن کە بنی چەکمە چیاییەکانی لە تۆ وایە ناگەنە سەر ئەرزەکە.

نیوە شەو، یەکێك لە قۆزاقەکان، دوو گۆزەی گڵینی مل باریك و درێژی هێنا، کەس نەیدەزانی لە کوێی هێنابوون. سەرو مارکەیان پێوە بوو کە تەواو کاڵ بوو بوونەوە، سەرەکانیان توند نرا بووەوەو مۆر کرابوون، سەرو پارچەیەك مۆمی سووری گێلاس ئاسایان پێدا شۆڕ بوو بووەوە. پروخۆر، یەکێك لە گۆزەکانی هەڵگرت، بەدەم لێوە لەرزێوە، هەولێدەدا نووسینەکەی سەری مارکەکەی کە بە زمانی بیانی بوو، بخوێنێتەوە. یەرماکوف کە بێدار بوو بووەوە، گۆزەکەی لە دەستی وەرگرت و لەسەر ئەرزەکەی داناو شمشێرەکەی خۆی دەرهێناو پێش ئەوەی پروخۆر وەخۆ بێتەوە، یەرماکۆف، بە یەك جەزرەبەی قیرو قاچی شمشێر ملی گۆزەکەی پەڕاندو هاواری کرد:

– کوا پەرداخەکانتان بێنن!

لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا، ئەوە شەرابە خەست و بۆن خۆشە، خورایەوەو چۆڕبڕ کرا. ریابچیکوف، تا ماوەیەکی زۆر هەر تاماوەکەی دەمی هەڵدەمژی و لە بن لێوانەوە دەیگوت:

– ئەمە شەراب نییە، بەڵکو عەشای ڕەبانییە! ئەمە تەنیا لە سەرە مەرگا دەخورێتەوە. بۆ هەموو کەسێکیش نییە. تەنیا بۆ ئەوانەیە کە بە عەمراتیان قوماریان نەکردووە، جگەرەیان نەکێشاوە. دەستیان لە ژنەوە نەداوە... بە کورتیەکەی شەرابی قەشە باشیانە! دوای ئەوە پروخۆر بیری کەوتەوە کە چەندین شووشە شەرابی پزیشکی لە خورجینەکەیدا هەڵگرتووە. بە کەش و فشەوە یەکێك لە شووشەکانی دەرهێناو هاواری کرد:

– ڕاوەستە پلاتون، زۆر بە شان و باڵی ئەم شەرابەدا هەڵمەدە! من شەرابێکی لەمە باشترم هەیە! ئەمە لە چاو ئەوەدا کە من لە عەمارەکەم هێناوە، ڕیخاوە! ئەوەی من، بۆنی، بۆنی هەنگوینە، ڕەنگە لە هەنگوینیش خۆشتر بیٚ! نەك شەرابی قەشەباشیان، بەڵکو بیٚ چەندو چوون شەرابی تزارانە. ئەمە جاران خواردنەوەی تزاران بوو، ئێستاش نۆرەی ئێمەیە...

به کەش و فشەوە، قاپێکی هەڵپچڕی.

ریابچیکوف، کە شەرابخۆرێکی سەیر بوو، بە یەك نەفەس نیو پێکی لەو شەرابە خەستە زەردە هەڵداو یەکسەر ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو چاوانی ئەبڵەق بوون و بە دەنگێکی گڕ گوتی:

– ئەمە شەراب نییە، بەڵکو کاربولێکە!

لە تووڕەییدا، پاشماوەی ناو پەرداخەکەی هەڵڕشت بە کراسەکەی پروخۆرداو بەلارەلار ڕۆیی بۆ ڕاڕەوەکە. پروخۆر، کە هەوڵیدەدا، دەنگی بە سەر هەراوزەنای مەستانەی ئەوانی دیدا زاڵ بێت، بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

– درۆ دەکات، ئەم خوێڕییە! شەرابی ئینگلیزی دەرەجەیەکە، کوڕینە باوەڕ بە قسەکانی مەکەن!

خۆی، یەك پێکی تەواوی بە کەڕەتێ هەڵداو یەکسەر ڕەنگی لە ڕەنگی ریابچیکوفش زەرد تر بوو.

یەرماکوف، ڕوانیە چاوە لێڵەکانی پروخۆرو بە کەپووی کراوەوە گوتی:

– ها چۆنە، شەرابی تزارانە؟ خەستە؟ شیرینە؟ دەی پێمان بڵێ، دەنا ئەم شووشەیە لە سەرتا دەشکێنم.

پروخۆر، سەری دەلەقاندو کرۆکپ ئازاری دەکێشا، ئەوسا کەوتە نزگرەدانو بە پەلە هەستاو دوا بە دوای ریابچیکوف چووە دەرەوە. یەرماکوف، کە خەریك بوو لە پێکەنیندا دەبورایەوە، چاوێکی لە گریگۆری داگرتو ئەوسا چوو بۆ ناو حەوشەکە. دوای یەك دەقیقە هاتەوە ژوورێ. قاقای پێکەنینی ئەو هەموو دەنگەکانی دیکەی داپۆشی. گریگۆری بەبێتاقەتی پرسی:

– چیتە؟ بۆچی بەو جۆرە دەحیلێنی قەل پیاو؟

– کوڕە تۆ بڕۆ، تەمەشاکە بزانە چۆن خەریکە ورگو ڕیخۆڵەشیان هەڵدێننەوە. دەزانی چیان خواردووەتەوە؟

– چیان خواردووەتەوە؟

– دەرمانی ئەسپێیان خواردووەتەوە.

– درۆ دەکەی!

– بەزاتی خوا، درۆ ناکەم! کە لە عەمارەکە بووم، منیش وام تەسەور دەکرد شەرابە، دوایی لە دکتۆرەکەم پرسی: "ئەمە چیە جەنابی دکتۆر؟" گوتی: "دەرمانە". پرسیم: "دەرمانی هەموو خەمانە؟ کحولی تیا نییە؟" گوتی: "پەنا بە خوا، جۆرە ڕۆنێکە هاوپەیمانان بۆیان ناردووین، دەرمانی ئەسپێیە، لە دەرەوە بەکاردێت، ناخورێتەوە. بە هیچ جۆرێ نابێ بخورێتەوە!"

گریگۆری بە تووڕەیی، بە گژیا چووەوە:

– باشە بۆ پێت نەگوتن، کەرپیاو؟

– وازیان لێبێنە با پێش تەسلیم بوون مجێزی خۆیان پاك بکەنەوە.خەمت نەبێ، نامرن!

گریگۆری، کە لە پێکەنینا چاوی ئاوی کردبوو، چاوانی پاك کردنەوەو بە کەیفو شادیەکی بەدخوایانە لە سەری ڕۆیی:

– ئەمە جگە لەوەی کە ئیدی کەمتر دەخۆنەوە. خۆ لەبەر ئەوان کەس پێکێکی بەر نەدەکەوت. ئەم خەڵکە چاوچنۆکانە دەبێ تەمبێ بکرێن. چی دەڵێی بە دوو قوڵی بخۆینەوە، یان کەمێك چاوەڕوان بکەین؟ حەزدەکەی بە یادی کۆتایی و نەمانی خۆمان بخۆینەوە؟

گریگۆری، بەر لە سپێدە، چووە بەر پلیکانەکان، بە دەستی لەرزۆك سیغارێکی پێچایەوەو پێیکرد، ماوەیەکی زۆر، پشت بە دیوارەکە کە لە تەما تەڕ بوو بوو، لەوێندەر مایەوە.

هاواری مەستانەو نەوای گریە ئاسای ئۆکۆردیونەکەو قریوەی شادمانی، بۆ ساتێك لەو ماڵەدا کپ نەدەبوو. پاژنەی سەماکاران بێوچانو بێ ماندوو بوون، دەکێشران بە ئەرزەکەدا... بایەکە دەنگی شووتی کەشتیەکانی لە بەندەرەکەوە دەگەڵ خۆیدا دێنا. لە باراندازەکاندا، دەنگی بە شەرو ژاوە ژاوی ئەمرێن عەسکەریو حیلەی ئەسپان و دەنگی مەکینان هەر هەمووی تێکەڵ بە یەك دەبوون. لە نزیکی وێستگەی تونلنایا شەڕ بەردەوام بوو. دەنگی تۆپباران، لە دوورەوە دەهات، کە تۆپەکان کپ دەبوونەوە، دەنگی دەستڕێژی ڕەشاشان بەرز دەبووەوە. لەودیو ملەو زینۆی مارخوتسکییەوە، تەنویرێك هەڵدرا، بەدەم ڕوناککردنەوەی دەوروبەرەوە گەییە حەلحەلەی ئاسمان. لەبەر ڕۆشنایی سەوزباوی تەنویرەکەدا، پشتی کووڕی چیایەکان بۆ چرکەیەك بەدیار کەوتنو دووبارە تاریکی ئەنگوستە چاوی شەوی مانگی ئادار، باڵی بەسەر کێوەکاندا کێشایەوەو تۆپباران لە جاران زیاتر و بەردەوامتر دەستی پێکردەوە.

((٢٩))

بایەکی سوێر و قورسو سارد لە سەر دەریاوە دەهاتو بۆنی سەرزەمینانی غەریبو نامۆی دەگەڵ خۆیدا بەرەو کەنارەکە دێنا. بەڵام لەم شارە ناخۆشو جەنجاڵەی کەنار دەریادا، کە ڕەوتی با لە هەموو لایەکەوە خۆی پێدا دەکرد، نەك هەر بایەکە بەڵکو هەموو شتەکان بۆ قۆزاقانی دۆن نامۆو غەریب بوو. هەموو لەسەر شۆستەکە، وەستا بوونو چاوەڕوانی ئەوە بوون سواری کەشتی بن... شەپۆلانی سەوزباوی کەف ئامێز خۆیان بە کەنارەکەدا دەکێشا. هەتاوێکی سارد، لە بەینی پەڵە هەورەکانەوە، دەیڕوانییە زەوی. ئەژدەر ئەندازانی ئینگلیزیو فەرەنسی لە دەوروبەری لەنگەرگایەکەدا دووکەڵیان دەکرد، کەشتیەکی جەنگی، خاکی، دێو ئاسای ترسناك، لە بەندەرەکەدا، بە سەر ئاوەکەوە وەستا بوو. پەڵە دووکەڵێکی ڕەش، باڵی بە سەرا کێشا بوو. بێدەنگیەکی شوومو ترسناك باڵی بە سەر باراندازو شۆستەکاندا کێشا بوو. لەو شوێنەدا کە تۆزێ لەوەپێش، دواکەشتی نەفەر هەڵگر لەنگەری گرتبوو، زینو جانتاو جلو بەرگو پۆستینو فەروەو کورسیێن بەرگ سووری بە ڕیشوو و هەموو جۆرە شڕەو پڕەیەکی دی کە بە پەلە پەل لە کەشتیەکەوە فڕێیان دابووە دەریاکەوە، بە سەر ئاوەکەوە سەمایان دەکرد...

گریگۆری، لە بەیانی زووەوە بە سواری ئەسپەکەی چوو بۆ دەوروبەری باراندازو شۆستەکان. ئەسپەکەی خۆی بە پروخۆر سپاردو ماوەیەکی زۆر بە ناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا گەڕا، چاوی بۆ ئاشناو ناسیاوێك دەگێڕاو گوێی لە گفتوگۆی بێسەروبەرو پڕ نیگەرانی خەڵکەکە دەگرت. لەلای ئەو تەختەیەی کە بۆ سەرکەوتنی خەڵکەکە نرابوو بە کەشتی شڤاتوسلاڤۆوە، بە چاوی خۆی عەقیدێکی پیری خانەنشینی بینی، کە نەیان هێشتبوو سواری کەشتیەکە ببێ، لە داخا گوللەیەکی نا بە سەری خۆیەوەو خۆی کوشت.

ئەم عەقیدە پیاوێکی کورتە باڵای توندە تەبیعەت بوو، ڕدێنێکی سپی لوول هەموو دەموچاوی گرتبووەوە، ڕوندك لە چاوە هەڵماساوەکانی قەتیس مابوون، چەند دەقیقەیەك لەوە پێش دەستی خستبووە بەر قایشی شمشێرەکەی فەرماندەی پۆستی پاسەوانیەکە، بەدەم پاڕانەوەو پەڵمەگریانەوە، لە کاتێکا دەمو لووت و سمێڵی کە لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد بوو بوو، بە دەستەسڕێکی چڵکن دەسڕی، لە پڕ دابووی لە کەللەی کە... لە هەمان کاتدا قۆزاقێك، بە گورجی پەلاماری دەمانچە نیکلە بریقەدارەکەی دەستی کابرای مردووی دابوو کە هێشتا بە تەواوەتی سارد نەبوو بووەوە، ئەوسا جەستەکەی بە پاڵتۆ خاکیە کاڵە ئەفسەرییەکەیەوە، بە نووکە پێیەك، بەرەو کۆمەڵێك سەندوق و جانتایان تل کردەوە. جمو جۆڵی خەڵکەکە لە بەردەم کەشتیەکە چڕتر بوو، پاڵەپەستۆی خەڵکەکە زیاتر بوو، خوتەو بۆڵەو تووڕەبوون لە ئاپۆڕای خەڵکەکەوە بەرز بووەوە.

کە کەشتیەکی دیکە، لە شۆستەو باراندازەکان(جێگەی خستنی بار) دوور کەوتەوە، گریەو زاری ژنان و هاواری هیستریانەو جنێوی پیس و بازاڕی لە نێو خەڵکەکەوە بەرز بووەوە، دەنگی شووتی کورتی کەشتیەکە هێشتا بە تەواوەتی خامۆش نەبوو بوو کە کالموکێکی گەنج، بە کڵاوێکی پێستە ڕێوییەوە، شڵپ خۆی دا بە ئاوەکەداو بە مەلە کەوتە دووی کەشتیەکە. قۆزاقێك بەدەم ئاهێکەوە گوتی:

– سەبری نەگرت!

قۆزاقێکی دی کە لە تەنیشت گریگۆرییەوە وەستا بوو گوتی:

– لەوە زیاتر خۆی نەگرت، دیارە دەبێ سوورەکانی زۆر ئەزیەت دابێ...

گریگۆری، بەدەم دانەچیڕەوە، دەیڕوانیە مەلە کردنی یارۆی کالموکی. جوڵەی باسکەکانی کابرا، بەرە بەرە خاو دەبووەوە، شانەکانی زیاتر دەچوونە ئاوەکەوە. قەمسەڵەکەی ئاوی هەڵمژی بوو، قورس بوو بوو و زیاتر بەرەو خوارەوەی ڕادەکێشا. شەپۆلی ئاوەکە کڵاوە قاوەییەکەی لە سەری داکەندو بەرەو پاشی برد. پیرەمێردێکی ئێلەك لەبەر بە دەنگێکی پڕ بەزەییەوە گوتی:

– ئەم خوا نەناسە، هەر ئێستا نقوم دەبێ و دەخنکێ!

گریگۆری، لە پڕ، وەرچەرخاو بەرەو لای ئەسپەکەی خۆی ڕۆیی.

پروخۆر، دەگەڵ ریابچیکوف و بوگاتیریوفدا، کە تازە بە چوار ناڵە گەیی بوونە ئەوێندەر، زۆر بە گەرمی قسانی دەکرد. ریابچیکوف کە چاوی بە گریگۆری کەوت، لەسەر زینەکەوە کەوتە جم و جۆڵ، ئەوسا ئەسپەکەی بەر مامێزان داو، هاواری کرد:

– خێراکە، پانتلیوفیچ!....

بێئەوەی چاوەڕوانی نزیك بوونەوەی گریگۆری بکات، هەر لەوێوە هاواری کرد:

– خێراکە، تا درەنگ نەبووە با بڕۆین. نزیکەی پەنجا قۆزاقێکمان خڕ کردووەتەوەو بە نیازین بڕۆین بۆ گلنجیك و لەوێوە بڕۆین بۆ گورجستان (جۆرجیا). تۆ چ دەڵێی؟

گریگۆری، دەستی لە بەرکە قووڵەکەی پاڵتۆ قورسەکەی نابوون و بە شان دری بە ئاپۆڕای ئەو قۆزاقانەی کە بە خۆڕایی لە دەوری شۆستەو باراندازەکان وەستا بوون، داو نزیک بووەوە.
ریابچیکوف خۆی گەیاندە ئەو، بە سوور بوونەوە گوتی:

– دێی لەگەڵماندا یا نا؟

– نەخێر، نایەم

– موقەدەمێکمان لە گەڵە، شارەزای ڕێگایە. دەڵێت: "بە چاوی نۆقاوەوە تا ناو تەفلیستان دەبەم!" گریشا وەرە با بڕۆین، لەوێوەو خۆمان بە ناو تورکاندا دەکەین. چ دەڵێی؟ هەر چۆنێ بووە دەبێ خۆمان دەرباز بکەین! ئیدی تەواو، هیچ ئومێدێك نەماوە، بەڵام تۆ وەکو ماسی نیوە مردوو، خۆت مت کردووە....

– نەخێر، نایەم.

گریگۆری، هەوساری ئەسپەکەی لە پروخۆر وەرگرت و بە قورسی، وەکو پیاوێکی پیر، هیلاك و ماندوو، خۆی هەڵدایە سەر زینەکەو دوو بارەی کردەوە:

– نەخێر، نایەم لە گەڵتان، فایدەی نییە، ئەمە جگە لەوەی تازە کەمێك دێر کەوتووینن... تەمەشاکەن!.

ریابچیکوف، ئاوڕی دایەوە، لە پەستی و تووڕەییدا، کەمەربەندی شمشێرەکەی خۆی گرت و پچڕاندی: ڕیزی سەربازانی سوور لە چیایەکەوە دادەگەڕان. دەنگی دەستڕێژی ڕەشاش لە نزیکی کارخانە چیمەنتۆکانەوە بەرز بووەوە. زرێپۆشان کەوتنە تۆپبارانی تابووری سوورەکان. یەکەمین خومپارە لە نزیکی ئاشی ئاسلانیدی تەقییەوە. گریگۆری، لە پڕ بوژایەوەو بە خۆشحاڵیەوە گوتی:

– کوڕینە، دوای من بکەون، با بچینەوە بۆ بارەگاکەی خۆمان!

لە پڕ، قەدی ڕاستکردەوە.

ریابچیکوف، هەوساری ئەسپەکەی گریگۆری گرت و بە ترسەوە هاواری کرد:

– پێویست ناکات! با لێرە بمێنین... مردنی بە کۆمەڵ خۆشترە....

– ئاه، بکەوە ڕێ! مردنی چی؟ وڕاوە دەکەی؟

گریگۆری، لەزگ بوو شتێکی دیکە بڵێت، بەڵام دەنگێکی هەورە تریشقە ئاسا، لە دەریاوە بەرزبووەوەو دەنگی ئەمی داپۆشی. کەشتییە جەنگیە ئینگلیزییەکە (ئیمپراتۆری هند)، لە کەنارەکانی ڕووسیای هاوپەیمان دوور کەوتبووەوەو، لوولەی دوازدە ئینجی تۆپەکانی بادایەوەو یەك ڕیز خومپارەی تەقاند. بۆ پاراستنی ئەو کەشتیانەی کە لە بەندەرەکەوە دەردەچوون، کەشتیە جەنگیە ئینگلیزیەکە کەوتە تۆپبارانی ڕیزی ئەو سوورو سەوزانەی کە بەرەو قەراخی شار لە پێشڕەویدا بوون. ئەوسا ڕووی تۆپەکانی کردە ئەو زینۆیەی کە تۆپخانەی سوورەکان، سەنگەریان تیاگرتبوو. خومپارەو گوللە تۆپانی ئینگلیز، بە گڤ و هۆڕی ترسناك، بەسەر ئاپۆڕای ئەو قۆزاقانەدا کە لە دەوری باراندازو شۆستەکان خڕ بوو بوونەوە، تێدەپەڕین.

بوگاتیریوف، بۆ ئەوەی نەیەڵێ ئەسپەکەی بە چۆکا بکەوێ، هەوسارەکەی توند ڕادەکێشاو لە نێو ڕمبەی تۆپانەوە هاواری دەکرد:

– ئەم تۆپە ئینگلیزیانە، چ هەراو هەنگامەیەکیان ناوەتەوە! بەڵام، بە خۆڕایی سوورەکان دەهاڕوژێنن! تۆپبارانەکەیان هیچ فایدەیەکی نییە، فشەیە، هەر دەنگە...

گریگۆری گوتی:

– با بیان هاڕوژێنن! مەسەلەکە بۆ ئێمە هیچ فەرقێك ناکات.

گریگۆری، بەدەم زەردەخەنەوە، ئەسپەکەی خۆی تاوداو بە جادەکەدا کەوتە ڕێ.

لە سیلەی جادەکەوە، لە ناکاوا شەش سوار بە شمشێری ڕووتەوە پەیدا بوون و شێلگیرانە بەرەو گریگۆری هاتن. سواری یەکەم نەوارێکی سووری، کە لە زامێکی خوێناوی دەچوو، بە بەرۆکەوە بوو.

## بەشی هەشتەم

((١))

تا دوو ڕۆژان بایەکی گەرمی لە باشوورەوە دەهات. دوا شوێنەواری بەفر لە کێڵگەو مەزرایەکاندا، توایەوە. دەنگی هاڕەو هاژەی سێڵاوی کەفئامێزی بەهاری، لە شیوەڵەو دۆڵەکاندا بڕا. جوێبارو چەمێن دەشتەکە، هێورتر بوو بوونەوە. لەبەرە بەیانی ڕۆژی سێیەمدا بایەکە نیشتەوە، هەورێکی چڕ بەری ئاسمانی دەشتەکەی گرت، ئاونگی زیوین، نیشتە سەر پنجە قامیشی ساڵی پار، تەمێکی چڕی سپیواژ، باڵی بە سەر هەردوو باسكو شیوو دۆڵو گوندو ئاوایی و گومەزی کڵێساکانو ترۆپکی سپیدارە قوچەکیەکاندا کێشا. لە دەشتی پانو بەرینی دۆندا، بەهار، هەواری هەڵدا.

لەو بەیانیە تەماویەدا، ئەکسینیا بۆ یەکەمجار دوای هەستانەوەی لە نەخۆشی، تا سەر پلیکانەکانی بەر هەیوانەکە ڕۆیی، جوانی نەشئەبەخشی هەوای فێنکی بەهار مەستی کرد،ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە لەوێندەر وەستا. هەرچەندە دڵی تێکهەڵدەهاتو سەری گێژی دەخوارد، خۆی گەیاندە سەر بیری ناو باخچەکە، سەتڵەکەی لەسەر ئەرزەکە داناو لەسەر قەراخی بیرەکە دانیشت.

دنیا، لەبەر چاوی ئەکسینیا گۆڕا بوو، دنیایەکەی جاران نەبوو، زۆر تازەو دڵگیر بوو. لە کاتێکا وەکو کچۆڵان، یاری بە چرچو لۆچی کراسەکەی خۆی دەکرد، بە چاوانی ڕەخشانو دڵی پڕ هەیەجانەوە، دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی. ئاسۆی تەم گرتەی دوورە دەست، درەختانی سێوی لە ئاو نیشتەی باخەکە، پەرژینی نمسارو جادەی چاڵ چاڵی پڕ لە ئاو، هەر هەموو ئەمانە لە چاوانی ئەوا یەکجار جوان و بێوێنە بوون. شتەکان، لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا، هەریەکە بە ڕەنگێکی تۆخو ناسك، جیلوەفرۆشی دەکرد.

کە چمکێکی ئاسمانی سافو شین لە میانی چڕە تەمەکەوە دەرکەوت، چاوانی پێی ڕوون بوونەوە، بۆنی پوشو پەڵاشی ڕزیو، خاکی ڕەشی لە بەندی بەستەڵەك ڕەخسیو، ئەوەندە بەلایەوە ئاشناو دڵخۆشکەرە بوون، کە هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا،و بزەیەك نیشتە سەر گۆشەی لێوەکانی، دەنگو ئاوازی کەڕەواڵەیەك کە لە گۆشەیەکی دەشتە تەمگرتووەکەی دۆنەوە دەهات، خەمێکی نائاگایانەی لە دڵو دەروونیا بێدار کردەوە. کە لە خاکی غەریبیدا، گوێی لەو دەنگو ئاوازە بوو، دڵی کەوتە لێدانو دوو دڵۆپە ڕوندکی پڕ لە کوێرەوەری لە چاوەکانی وەرین...

ئەکسینیا، کە لە نەخۆشی هەستا بووەوەو سەر لە نوێ خۆی بە ژیان سپارد بووەوە، حەزێکی سەرکێش هانیدەدا کە هەموو شتێك بە دەستی خۆی بگرێت، چاوانی بە دیتنی هەموو شتێك زاخاو بدات. حەزی دەکرد دەست بەو بنە تریێ کێولانەدا بێنێ. کە لە ئاونگدا ڕەشیان دەنواند، گۆنای بنێ بە لقو پۆی ئەو دارسێوانەوە، کە لە گوڵی مەخمەلی پەمەییدا سوور دەچوونەوە، بە سەر پەرژینە داڕوخاوەکاندا باز بداتو بەلا ڕێگا قوڕاویەکاندا، بە کێڵگەکاندا، بەرەو ئەوبەری

دۆڵە پانەکان بڕوات و خۆی بگەیەنێتە، سەوزایی ئەفسانە ئامێزی کێڵگە پایزەکان کە لە دوورەوە لە نێو تەم و مژدا نقوم بوو بوون....

ئەکسینیا، چەند ڕۆژێك بەم ئومێدەوە ژیا، کە گریگۆری لە ناکاوا پەیدا ببێ، بەڵام لە زاری ئەو هاوسێیانەوە کە دەهاتنە دیدەنی خاوەنماڵەکەی، هەواڵی زانی کە شەڕ هێشتا تەواو نەبووەو گەلێك لە قۆزاقەکان لە نوفوروسیسکەوە بە سواری کەشتی چوون بۆ قرم و ئەوانەی کە نەیان توانیوە بڕۆن، یا پەیوەندییان بە سوورەکانەوە کردووە یا لە کانەکاندا کاردەکەن.

لە کۆتایی هەفتەدا، ئەکسینیا، لێبڕا کە بۆ گوندەکەی خۆیان بگەڕێتەوەو زۆری پێنەچوو هاوسەفەرێکی بۆ پەیدا بوو. عەسرانێك، پیرەمێرێکی کورتە بالاّی شان و شەپیلك داچەکیو، بێ ئەوەی لە دەرگا بدات، خۆی بە ماڵەکەدا کرد، بە بێدەنگی سەری ڕێزو حورمەتی دانەواند، ئەوسا کەوتە کردنەوەی دوگمەێن، پاڵتۆ ئینگلیزییە قوڕاوی و شڕو شەپڕێڕەکەی، کە وەکو کیسە بە قەدیا شۆڕ بوو بووەوە.

خاوەنماڵەکە، کە بە سەرسامی دەیڕوانیە میوانە نەناس و ناوەختەکە، گوتی:

– باشە، برادەر، ماقووڵە بەبێ سەلام و کەلام خۆت بە ژوورا کردووەو بە تەمابی، بەو ئاسانیە خۆتی لێبدەی بە ئەرزا؟

پیرەمێرد، بە گورجی پاڵتۆکەی داکەند، لە بەر دەرگاکە تەکاندی و ئەوجا بە دیقەت بە عەلاگەیەکێوە هەڵواسی، دەستێکی بە ڕدێنە سپییەکەیدا هێناو بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

– برای ئازیز ببورە، تو زاتی خوا بمبورە. بەڵام ئەم ڕۆژو سەردەمە یەك شتی فێری من کردووەو ئەویش ئەمەیە کە: دەبێ لە پێشا پاڵتۆکەت دابکەنیت و پاشان داوا بکەی جێت بکەنەوە، ئەگینا جێت ناکەنەوە. خەڵکی ئەم زەمانە بێئەدەب بوون، حەز لە چارەی میوان ناکەن....

خاوەنماڵ، بە زمانێکی نەرمتر گوتی:

– ئاخر لە کوێت دابنەین؟ بە خۆت دەبینی کە زۆر قەرەباڵغین.

– شوێنی زۆرم ناوێ، پەنا دیوارێکم بەسە. بۆ نموونە لێرەدا، لە بەر دەرگاکەدا، خۆم قانگڵە دەکەم و دەخەوم.

ژنی خاوەنماڵەکە، لە ڕووی لاپرەسەنی و کونجکاویەوە پرسی:

– باوکە، تۆ کێی؟ ئاوارەی؟

پیرەمێرد، لە بەر دەرگاکەو بەدەم هەڵتروشکانەوە گوتی:

– بەڵێ، باشی بۆ چوویت، ئاوارەم. ڕامکرد، ڕامکرد، تا کەناری دەریا هەر ڕامکرد. بەڵام ئێستا، خەریکم هێدی هێدی دەگەڕێمەوە، ئیدی ماندوو بووم، تاقەتم لە ڕاکردن چوو...

خاوەنماڵیش پرسی:

– چ کارەی؟ کوێندەریت؟

پیرەمێرد، مقەستێکی گەورەی خەیاتی لە باخەڵی دەرهێناو لە دەستیا ئەم دیوو و ئەودیوی کردو ئەوسا بەدەم بزەوە کە لە لێوی نەدەبڕا، گوتی:

– ئەمە ناسنامەی منە، لە نوڤوروسیسکەوە، بەمەوە هاتووم، بەلام خەڵکی شوێنێکی دوورم. خەڵکی ئەوبەری ستانی ڤیشنسکایام. ئێستاش، دوای ئەوەی ئاوی سوێری دەریام خواردەوە، نیازم وایە دووبارە بۆ ئەوێ بگەڕێمەوە.

ئەکسینیا کە لە خۆشیا، سوور بووەوە گوتی:

– منیش خەڵکی ڤیشنسکایام باپیرە.

پیرەمێرد، بە سەرسامی گوتی:

– نە، بابە! تۆ بزانە لەو ڕێکەوتە، لە کوێ تووشی ئافرەتێکی دیارو دەڤەری خۆم بووم! هەر چەندە ئەمە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ سەیر نییە ئێستا هەموو وەکو جولەکە ئاوارەو پەراگەندەی دنیا بووین. لە کۆبان مەسەلەکە وا نییە، دەست بۆ قوونی خۆت بەری دەچیێ بە قوونی قۆزاقێکی دۆندا. لەوێ بە بار هەڵدراونەتەوە، ڕوو دەکەیە هەر شوێنێك تووشت دەبێ بە تووشی قۆزاقێکەوە، هێندە زۆرن لە حیساب و ژمارە نایەن. خۆ ژمارەی ئەوانەیان کە مردوون و لە ژێر خاکدان زۆر زیاترە. لە ماوەی ئەم هەلاتن و کوڕەو وپاشەکشەیەدا جۆرەها دیمەنم دیتووە. مەگەر خوا بزانێ ئەو خەڵکە چ عەزابێ دەکێشن. نایەتە باسکردن و گێڕانەوە! پێری لە وێستگەیەکدا لە ژووری چاوەڕوانیدا دانیشتبووم، خانمێکی عەینەك لە چاو لە لامەوە دانیشتبوو، لە پشت عەینەکەکەیەوە چاوی بۆ ئەسپێ دەگێڕاو خۆی دەدۆزی. ئەسپێکان بە کاوەخۆ بە گیانیا دەهاتن و دەچوون. ئەویش بە قامکەکانی دەیگرتن، بەلام بە جۆرێ ڕووی گرژ دەکردو دەموچاوی دەدا بەیەکدا لە تۆ وایە سێوی ترش دەخوات. کاتێ کە ئەسپێی داماوی دەکوشت، بە جۆرێ دڵی تێکهەڵدەهات یەکسەر دەموچاوی گرژ دەبوو! خەریك بوو هەرچی ورگ و ڕیخۆڵەی هەیە هەڵی بێنێتەوە! کەچی هەندێ بینادەمی دڵڕەق هەن، بێئەوەی خۆ شلوێ بکەن، یەکێك دەکوژن، پیاو کوشتن و ئاو خواردنەوەیان بەلاوە وەکو یەکە! بە چاوی خۆم یەکێکم لەم فس فس پاڵەوانانە بینی کە سێ کالموکی بە شمشێر کوشت. دوای ئەوە دەمی شمشێرەکەی بە یاڵی ئەسپەکەی سڕی، سیغارێکی دەرهێناو پێی کرد. بە سواری ئەسپەکەیەوە لە من نزیك بووەوەو پرسی: "بابۆ چیە، تەمەشای چیدەکەی؟ دەتەوێ سەری تۆش بپەڕێنم؟" گوتم: "ئەوە تۆ چ دەڵێی کوڕەکەم؟ خوا نەکات، ئەگەر تۆ سەرم بپەڕێنی ئەدی چۆن نان بخۆم؟" پێکەنی و ڕۆیی.

خاوەنماڵەکە، بە کورتی گوتی:

– بۆ یەکێك کە دەستی بەم کارانە ڕاهاتبێ، پیاوکوشتن لە ئەسپێ کوشتن ئاسانترە. ئیدی لە دوای شۆڕشەوە، نرخی ئادەمیزاد بە تەواوەتی شکا.

پیرەمێردەکە، قسەکەی بۆ سەلماند:

– زۆر تەواوە! بەشەر ئاژەڵ نییە، ڕادێ، لە گەڵ هەموو شتێکدا ڕادێ. جا لەو خانمەم پرسی: "تۆ کێی، بە سەرو سیماتا لەوە ناچێ لە ڕەش و ڕووتانی وەکو ئێمەمانان بیت." نیگایەکی کردم و بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە گوتی: "من، ژنی فەرماندەی فیرقە، گرچیخنم." لە دڵی خۆدا گوتم: "ژنی هەر کێیەك بی. پشیلەیەکی گرو چەندی کێچ پێوەیە. تۆش ئەوەندەت ئەسپێ

پێوەیە! ڕووم تێکردو گوتم: "قوربان، ببورە، ئەگەر بتەوێ ئەم جانەوەرانە بەو جۆرەو یەك یەك بکوژیت، تا جەژنی حەزرەتی مریەم لێنابیتەوە. نینۆکەکانت هەموو دەشکێن. هەر هەموویان بە جاریێ بکوژە!..." پرسی: "شتی وا چۆن دەبێ؟" منیش ئامۆژگاریم کرد کە: "جلەکانت داکەنەو لە شوێنێکی ڕەقدا ڕایانبخەو بوتڵێکیان وەکو باگردێن، بە سەرا بگێڕە." سەیرم کرد کە ژنی فەرماندەی فیرقە، هەر هەستاو چووە پشت عەماراوەکەوە. بە دزییەوە دیقەتم دا، دیتم دەستی دایە بوتڵێکی سەوزو کەوتە گێڕانی بەسەر جلەکانیا، بەڵام هێندە لێهاتووانە ئەو کارەی دەکرد، لە تۆ وایە لە ئیجادی هەر ئەمە پیشەی بووە! تەمەشام دەکردو لە دڵی خۆدا دەمگوت: "خوا هەموو شتێکی زۆرە، ئەسپێی بەرەڵلای گیانی دەوڵەمەندانیش کردووە تا خوێنە شیرینەکەیان بمژن. خۆ نابێ هەر خوێنی هەژاران بمژن... کاری خوا بێحیکمەت نییە، خۆی دەزانێ چی دەکات. هەندێجار هێندە لەگەڵ خەڵکیدا میهرەبانە، شتەکان هێندە دادپەروەرانەو یەکسان جێبەجێ دەکات، کە بە خەویش شتی وا نابینی...

پیرە خەیات، لە پەستاو بێپسانەوە دەیرێسا، کە بینی ژنو مێردەکەی خانەخوێی بە وردی گوێی لێدەگرن، بە کینایەو ئاماژان تێی گەیاندن، کە لەو جۆرە حیکایەتانەی زۆر لە هەگبەدایە، بەڵام هێندەی برسیە، کە خەو دایگرتووەو باوێشك نایەڵێ بەردەوام بێ.

دوای شیو، کە خۆی بۆ نوستن ئامادە دەکرد، لە ئەکسینیای پرسی:

– ئێ، خۆ وڵاتی، بە نیازی ماوەیەکی زۆر لێرە بمێنێتەوە؟

– باپیرە، بە تەمام بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆم.

– کەواتە با بەیەکەوە بڕۆین، سەفەرەکەمان خۆشتر دەبێت.

ئەکسینیا، بە خۆشحاڵییەوە قاییل بوو. بۆ بەیانی پاش ماڵئاوایی لە خانەخوێیەکەی، گوندی میخائیلوفسکی، کە بە تاقی تەنیا، کەوتبووە ناو جەرگەی دەشتی دۆنەوە، بەجێهێشت.

***

دوای دوازدە ڕۆژ، شەوێك گەیینە گوندی میلیوتینسکایا. شەویان لە ماڵێکی گەورەدا، کە ڕواڵەتێکی دەوڵەمەندانەی پێوە دیار بوو، بەسەر برد. بۆ ڕۆژی دوایی هاوسەفەرەکەی ئەکسینیا بڕیاری دا یەك هەفتەی دی لەو گوندەدا بمێنێتەوە، تا ئیسراحەتێك بکات و پێیە برینداروو خوێناویەکانی کەمێك چاك ببنەوە. پێ و پلی بە جۆرێ زامدار بوو بوون و خوێنیان لێدەچۆڕا، نەیدەتوانی یەك هەنگاوی دی هەڵێنێ. ئیدی لەو ماڵەدا کاری خەیاتیان پێسپاردبوو، پیرەمێرد کە لە بێکاریدا، بێتاقەت بوو بوو، بە گورجی لە پەنا پەنجەرەیەك جێی بۆ خۆ خۆشکرد قەیچی و عەینەکەکەی کە بە پەتێك بەستبووی، دەرهێناو کەوتە دورینەوەو پینەکردنی جلە کۆنان.

پیرەمێردی سوعبەتچی، کە خوا حافیزی لە ئەکسینیا دەکرد، نیشانەی خاچی بە سەریا کێشاو لە ناکاوا یەك دوو دڵۆپە ڕوندکان لە چاوانی وەرین، بەڵام یەکسەر سڕینی و بە هەمان شۆخی هەمیشەییەوە گوتی:

– بەدبەختی ئێمە لە میهرەبانیدا نییە، بەڵام میهرەبانی و پێویستی، خەڵکی لێکدی نزیك دەکاتەوە، دەیانکات بە خزم... ئەوەتا زۆرم پێناخۆشە کە لێت دادەبڕێم... دەی چار نییە، بە

تەنێ بڕۆ کیژی خۆم، هاوسەفەرەکەت بەرگەی نەگرت، لە ناکاوا، هەردوو پای کۆڵەوار بوون، دیارە لە شوێنێکدا نانی جۆیان دەرخوارد داوە... بەڵام با ئەوەش بڵێین، سەبارەت بە من، لەچاو تەمەنی خۆما، هەفتا دانە ساڵ، باش لە گەڵ تۆدا دەرمبرد، ئەو هەموو ڕێگایە بۆ کەسێکی هەفتا ساڵە، زۆر زۆر بوو. ئەگەر دەرفەتت بوو، بە ژنەکەم بڵێ، کۆترە شینکەکەت ساغ و سەلامەتە، لە دەسکاوەندا کوتییان و وردیان کرد، بەڵام هێشتا زندووە و بە دەم ڕێوە پانتۆڵ بۆ خەڵکی دەدورێ، کاتێکت زانی، لە ناکاوا خۆی بە ماڵا کردەوە... پێی بڵێ: پیری دێوانە، پاشەکشەکەی تەواو کردووەو حاڵی حازر سەری کەرێی باداوەتەوەو بەڕێوەیە بۆ گوند، بەڵام نازانێ کەی دەگاتەوە...

ئەکسینیا، چەند ڕۆژێکی دیکەش بەڕێوە بوو. لە بوکوفسکایا تووشی عەرەبانەیەك بوو، کە بە هەمان ڕێی ئەودا دەڕۆیی، لەوێوە دەگەڵیا سوار بوو، تا گوندی تاتارسکی. ئێوارەیەکی درەنگ لە دەروازە کراوەکەی ماڵەکەی خۆیەوە، خۆی بە حەوشەدا کرد. نیگایەکی ماڵی میلیخوڤ کردو، لە ناکاوا، گریان ئەوکی گرت و دەتگوت خەریکە بخنکێ... لە مووبەقە چۆڵەکەدا بۆنی چۆڵەوانی لێدەهات، هەموو ئەو فرمێسکە ژنانانەی کە لە مێژ بوو لە ناخیا کەڵەکە بوو بوون، دابارانِدو پاشان بەرەو دۆن ڕۆیی و ئاوی هێنا، سۆپاکەی نێڵ دا، لە پاڵ مێزەکە دانیشت و ئەژنۆکانی لە باوەش گرتن و لە فکران ڕاچوو. تەنانەت گوێی لە دەنگی دەرگاکەش نەبوو، کاتێ وەخۆ هاتەوە، کە ئیلی نیچنا هاتبووە ژوورێ و بە ئەسپایی گوتی:

– سڵاو دراوسێی ئازیز! زۆر لە مێژە دیارت نییە...

ئەکسینیا بە سەرسامی تەمەشای کردو هەستایە سەر پێیان.

– بۆچی سەیرم دەکەی و قسە ناکەی؟ خۆ هەواڵی ناخۆشت پێنییە؟

ئیلی نیچنا بە خاوە خاو هاتە لای مێزەکەوە، بێئەوەی نیگای پرسای، خۆی لە ئەکسینیا بگوازێتەوە، لەوسەری تەختەکەوە دانیشت. ئەکسینیا، شپرزەو پەشۆکاو گوتی:

– نا، من هیچ هەواڵێکم لا نییە... وێنام نەدەکرد تۆ بێی بۆ لام... بە هاتنت غافڵگیر بووم. بەجۆرێ لە فکران ڕاچوو بووم، ئاگام لێنەبوو کە وەژوور کەوتی...

– زۆر لاواز بووی، بە حاڵ ڕوحت تیاماوە...

– تووشی تیفۆ بووم.

– ئەدی گریگۆری ئێمە... چۆنە؟ لە کوێ بەجێت هێشت؟ ماوە؟

ئەکسینیا، بە کورتی حاڵ و حیکایەتەکەی بۆ گێڕایەوە. ئیلی نیچنا بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، گوێی بۆ ڕادێرا. ئەنجام پرسی:

– ئەو کاتەی لە تۆ دابڕا، نەخۆش نەبوو؟

– نەخێر، نەخۆش نەبوو.

– دوای ئەوە هیچ هەواڵێکیت نەزانی؟

– نەخێر.

ئیلی نیچنا، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشاو گوتی:

– دەی بەخێر هاتیەوە، سوپاس بۆ ئەو هەواڵە خۆشانەت، هەر هەواڵی خۆش بژنەوی. ئاخر لێرە، لە گوندا، خەڵکی هەزارو یەك درۆی دەربارە دەگێڕنەوە.

ئەکسینیا، بەدەنگێکی نزم، کە بە ئاستەم دەبیسترا، پرسی:

– درۆی وەکو چی؟

– ئیدی چی زۆرە درۆ دەلەسە زۆرە... خۆ ناشکرێ باوەڕ بە هەموو قسەیەك بکرێ... لە هەموو پیاوانی گوند، تەنیا ڤانکا بسخلبنوف گەراوەتەوە. گریشای، بە نەخۆشی لە یکاترینودار بینی بوو. ئیدی باوەڕم بە قسەی ئەوانی دی نییە!

– داپیرە، ئەوانی دی چی دەڵێن؟

– بۆیان گێڕاینەوە کە گوایە قۆزاقێکی خەڵکی گوندی سینگین گوتوویەتی کە سوورەکان گریگۆرییان لە شارۆچکەی نوڤوروسیسك کوشتووە. ئیدی بەپای پیادە چووم بۆ سینگین، چما دڵی دایك ئۆقرە دەگرێت؟ هەرچۆنێ بوو ئەو قۆزاقەم دۆزییەوە. حاشای لەو قسەو باسە کرد. گوتی: نە هیچی بیستووەو نە هیچی دیتووە. ئەوسا دەنگۆیەکی دیکە بڵاوە کە گوایە گریگۆرییان لە زندان پەستاوەو لەوێ بە نەخۆشی تیفۆ مردووە...

ئیلی نیچنا، چاوی داخستن، ماوەیەك بە بێدەنگی ڕوانیە دەستو پلە قورسو پڕ گرێو گۆڵەکانی خۆی. ڕوخساری چرچو لۆچی پیرەژن ئارامو لێوەکانی هەڵقورتا بوون، بەڵام لە ناکاوا گونا ئەسمەرەکانی گەشانەوە و پێڵوەکانی کەوتنە پرتەپرت، بە چاوانی وشكو سۆزانەوە ڕوانیە ئەکسینیاو بە دەنگێکی نزم گوتی:

– بەڵام من باوەڕ ناکەم! مەحاڵە دوا منداڵم لە دەست بدەم! هیچ گوناحو خەتایەکم نەکردووە کە خوا سزام بدات... من تەمەنێکی ئەوتۆم نەماوە، زۆری ڕۆییوە، کەمی ماوە، زۆر کەمی ماوە... بەڵام خەمو خەفەتم بێئەندازە بووە!... گریشا زندووە... دڵم خەبەری داوە کە لە ژیاندایە. ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەیە کە ئازیزەکەی دڵم ماوە!

ئەکسینیا، بێئەوەی هیچ بڵێت، ڕووی وەرگێڕا.

بێدەنگییەکی دوورو درێژ باڵی بەسەر مووبەقەکەدا کێشا. لە پڕ بایەکی توند هەڵیکرد، دەرگای بەر هەیوانەکەی خستە سەر گازی پشت، لە کەنارەکەی ئەوبەری دۆنەوە هاڕەو هاژەی سێڵاوی ئاوەکە بە نێو سپیدارەکانداو فریادی نیگەرانی قازە کێوی بە سەر ئاوەکەوە، هاتە گوێ، ئەکسینیا، دەرگاکەی داخستەوەو هاتەوەو پاڵی دا بە موغەیریەکەوەو بە ئەسپایی گوتی:

– خەم مەخۆ داپیرە. تەسەور دەکەی، نەخۆشی بە پیاوێکی وەکو ئەو بوێرێ؟ پیاوێکی تۆکمەو پتەوە، وەکو ئاسن وایە. ئەمجۆرە خەڵکانە بە ئاسانی نامرن. کە لە گوند وەدەرکەوتین، دارو بەرد بەستبووی، سەرمایەکی ئەوتۆ بوو کە بەردی دەتەقاند، کەچی ئەو بە درێژایی ڕێگا دەستکێشی لە دەست نەکرد...

ئیلی نیچنا، بەدەنگێکی شەکەت پرسی:

– باسی منداڵەکانی نەدەکرد؟

– بیری تۆش و منداڵەکانیشی دەکرد، دەیگوت تۆ بڵێی سەلامەت بن؟

– باشن، له هیچیان کەم نییه. بەڵام پانتلی پروکوفیوفیچمان، له کۆڕەوەکەدا مرد. ئیدی تەنیاو بێکەس ماوین.

ئەکسینیا به بێدەنگی نیشانەی خاچی کێشا. بەڵام له دڵی خۆیدا سەری لەوه سوڕما بوو که پیرەژن به چ ئارامییەك هەواڵی مەرگی مێردەکەی خۆی بۆ ئەو گێڕایەوه.

ئیلی نیچنا، دەستی به قەراخ مێزەکەوه گرتو به قورسی هەستاو گوتی:

– به قسەوه تۆم گرتو له دەرەوه بووه به شەو.

– دانیشه، پەلەت چیه، داپیره.

– دونیاشکا، به تەنیایه، دەبێ بڕۆم.

بەدەم ڕێکخستنەوەی لەچکەکەیەوه، چاوێکی به نێو مووبەقەکەدا گێڕاو کەپووی گرژ کردەوەو گوتی:

– موغەیریەکە دووکەڵ دەکات. کاتێ که ڕۆییشتی دەبوایه یەکێکت له سەر ماڵ دابنایه. دەی خوا حافیز!

دەستی لەسەر دەسکی دەرگاکه بوو، که بێئەوەی ئاوڕی پاشەوه بداتەوه، گوتی:

– کاتێ جێگیر بوویتو هاتیەوه سەرخۆ، سەرمان لێبده، ئەگەر هەواڵێکی گریگۆریت زانی، پێمانی بڵێ.

لەو ڕۆژه به دواوه، پەیوەندی ژنانی ماڵباتی میلیخوف دەگەڵ ئەکسینیادا به تەواوەتی گۆڕا. خەمی گریگۆری لێکدی نزیك کردبوونەوه. بۆ سبەی بەیانی، دونیاشکا، ئەکسینیای له ناو حەوشەی ماڵەکەی خۆیدا بینی. بانگیکرد، چوو بۆ لای پەرژینەکە، هەردوو دەستی نانه سەر شانه لاوازەکانی ئەکسینیاو به ڕووخۆشی به ڕوویەوه پێکەنی و گوتی:

– ئۆ، کسیوشا، چەند لاواز بووی! هەر پێستو ئێسقانەکەت ماوه!

ئەکسینیا، دەم به پێکەنین وەڵامی دایەوه:

– لاواز بوون، لەم جۆره ژیانەدا ئاساییه.

که چاوی به ڕوخساری گەشو گەنجانەو، کوڵمه ئاڵه جوانو، نەوشکۆفەکانی دونیاشکا کەوت، له دڵی خۆیدا بەغیلی پێبرد.

دونیاشکا، مەعلووم نەبوو لەبەرچی، به چپەوه پرسی:

– دایکم دوێنێ هاتبوو بۆ لای تۆ؟

– بەڵێ.

– هەستم کرد که هاتووه بۆ لای تۆ. هەواڵی گریشای پرسی؟

– بەڵێ.

– نەگریا؟

– نا، پیرەژنێکی، به ورەیه.

دونیاشکا، نیگایەکی ئەکسینیای کردو گوتی:

– خۆزگە گریبا، باشتر بوو، خۆی خاڵی دەکردەوە. دەزانی ئەکسینیا، دایکم لە زستان بەملاوە، زۆر گۆڕاوە، وەکو جاران نەماوە. کاتێ هەواڵی مردنەکەی بابمی پێگەیی، دەمگوت ڕەنگە دڵی بوەستێ، زۆر دەترسام، کەچی تاقە یەك فرمێسکی بۆ نەڕشت. تەنیا ئەوەندەی گوت: "خوا بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات! بۆ خۆی لە خەمو مەینەتی دنیا خەلەسی!..." تاکو شەوێ، قسەی لە گەڵ کەسدا نەکرد. چەندم قسە بۆ دەکرد ، شێرێك لێرە ڕێوییەك لەوێ، هیچی نەدەگوت ،بە دەست ئاماژەی دەکرمێ کە بێدەنگ ببم و بە خۆیشی قوڕوقەپ هیچی نەدەگوت. کەس حاڵی بە حاڵی ئەو ڕۆژە ناخۆشەی من نەبێ! ئێوارێ کە وڵساتەکەم داکرد، لە حەوشەوە هاتمەوە بۆ ژوورێ، لێم پرسی:

– "دایکە، شتێك بۆ شێو لێنەنەین؟" ئەوسا وەخۆ هاتەوە و دەستی بە قسان کرد...

دونیاشکا، ئاهێکی هەڵکێشا، لە بەینی شانەکانی ئەکسینیاوە، هەڵیڕوانیە دوور، پرسی:

– باشە، گریگۆری مردووە؟ ئەوەی خەڵکی دەیلێن ڕاستە؟

– نازانم، بە گیانی تۆ.

دونیاشکا، نیگایەکی بە گومانەوەی ئەکسینیای کردو ئاهێکی قووڵتری هەڵکێشا.

– دایکم خەریکە سووی دەبێتەوە. هەرکە بیەوێ ناوی بێنێ، تەنیا دەڵێت: "کوڕە چکۆلەکەم" هەرگیز باوەڕ ناکات کە مردبێ. دەزانی، کسیوشا، ئەگەر بە تەواوەتی لە مردنەکەی دڵنیا ببێ، ئەمیش لە داخا دەمرێت. تەواو لێبۆتەوە، تاقە ئومێدی لەم ژیانەدا هەر گریگۆرییە. تەنانەت وەکو جاران دڵی بە نەوەکانیشی ناکرێتەوە. لە کار کردنیشا هۆشی بە خۆی نییە... گاڵتە نییە، هەر بە دەمی ئاسانە، لە ساڵێکا چوار کەس لە خێزانەکەمان ڕۆیی...

ئەکسینیا، دڵی پڕ بوو، لە سەر پەرژینەکەوە خۆی دانەواند، باوەشی بە دونیاشکادا کردو ماچێکی گەرمی ڕوومەتی کرد.

– حەیاتەکەم، هەوڵبدە، دایکت بە شتێکەوە سەرگەرم بکە، با ئەوەندە خەفەت نەخوات.

دونیاشکا، بەلکەی لەچکەکەی، چاوی خۆی سڕی و گوتی:

– بە چی سەرگەرمی بکەم؟

داوای لە ئەکسینیا کرد:

– هەر کاتێ بۆتکرا وەرە بۆ ماڵمان، قسەی لەگەڵ بکە، باری دەروونی سووك دەبێت. پێویست ناکا پێمان لێببڕی.

– دێم، دێم، بە خوا ناو بە ناو سەرتان لێدەدەم!

دەبێ سبەی بچمە مەزرا. قەرارە لە گەڵ بێوەژنەکەی ئانیکوشکادا، بڕۆین. دەمانەوێ بەلای کەمەوە چوار پێنج دۆنم گەنم داچێنین.

– ئەدی بە تەمانیت، شتێك بۆ خۆت داچێنی؟

ئەکسینیا، بە کەسەرەوە و بە دەم بزەیەکی کاڵەوە گوتی:

– تۆودەرێکی باشت دۆزیوەتەوە! جارێ بنە تۆوم نیەو پاشان بە کەڵکی چی من دێت؟ بە تاقی تەنیام، بۆ خوارد پێویستییەکی ئەوتۆم پێی نییە. هەر چۆنێ بێ، تەگبیرێکی حاڵی خۆم دەکەم.

– ئەدی هیچ هەواڵێکی ستیپانی مێردت دەزانی؟

ئەکسینیا بە بێموبالاتیەوە وەڵامی دایەوە:

– نەخێر، بە هیچ جۆرێ.

و ئەوسا، لە سەری ڕۆیی:

– هیچ، بە خەمیەوە نیم.

خۆیشی، سەری لەم ئیعترافە نا بە جێیەی خۆی سوڕما، جا بۆ شاردنەوەی، شڵەژانەکەی خۆی، بە پەلە گوتی:

– دەی کیژێ، خوا حافیز، با بچم کەمێك بە ماڵەکەم ڕابگەم.

دونیاشکا، وای نواند، کە هەستی بە شپرزەییەکەی ئەکسینیا نەکردووە و ڕووی وەرگێڕاو گوتی:

– تۆزێ سەبرکە، ویستم شتێکت پێبڵێم، دەتەوێ کارمان لە گەڵدا بکەیت؟ زەویەکەمان خەریکە وشك دەبێتەوە. دەترسم دەرەقەتی نەیەین. لە سەرانسەری گونددا تەنیا دوو پیاو هەن، هەردووکیان شەلن.

ئەکسینیا، بە کەماڵی ئارەزوو قایبل بوو و دونیاشکاش بە خۆشحاڵییەوە ڕۆیی تا کەرەستەو تفاقی کار فەراهەم بکات.

بە درێژایی ئەو ڕۆژە، چالاکانە کەرەستەی کاری بۆ بەیانی ئامادەکرد: بە یارمەتی ژنەکەی ئانیکوشکا، بنەتۆوەکەی لە بێژنگ دا، بە هەر جۆرێ بوو بێڵچەکانی نۆژەن کردەوەو چەرخی عەرەبانەکەی گریس کردو مەکینەی تۆودانەکەی ئامادەکرد. دەمەو ئێوارێ، پڕ بە دەستەسڕێك گەنمی بێژەکراوی هەڵگرت و لەگەڵ خۆیدا بردی و بە سەر گۆڕی ئازیزانی خۆیدا، پیوتەرو ناتالیاو داریادا، پژاندی، تا سبەی بەیانی تەیرو تو بچنەسەر قەبری ئەو ئازیزانەی و بکەونە چینەو ئاواز خوێندن، بە هەموو ئەقڵی سادەو ساکاری خۆیەوە باوەڕی وابوو کە مردوان گوێیان لە چەهچەهەی مەلان دەبێت و دڵیان خۆشدەبێت.

***

کەمێك بەر لە سپێدە، ئەوسا بێدەنگی باڵی بە سەر ڕەخێن دۆندا کێشا. ئاوەکە بە خوڕە خوڕ خۆی بە نێو جەنگەڵە پڕ ئاوەکەدا دەکرد، قەدی سەوزباوی سپیدارەکانی دەشت و تروپکی لە ئاوا نقومی نەمامی دار بەڕوو و سپیدارانی دەهەژاند. لە ناو گۆلاوە لێو ڕێژەکانا گوڵی زەل و قامیشان، کە قەدیان بەدەم شەپۆلی ئاوی لافاوەوە چەمی بووەوە، خشەخشیان دەکرد. لە چاڵاییە ئاوگیرەکانداو، لەو جۆگەلە پەرت و بڵاوانەدا کە لە گۆلاوەکان دەبوونەوە، لەو شوێنانەدا کە ئاو، مەندو بە بێجوڵە وەکو ئەوەی ئەفسوون کرابن، وەستا بوو و ڕوناکی شەفەق ئاسای ئاسمانی پڕ ئەستێرە، شەوقی تیایاندا دەدایەوە. قازێن کێوی بە ئەسپایی یەکتریان بانگ دەکرد. نێرە مراویان، بەدەنگی خەواڵو، دەیانخوێند، قازێن کۆچەری کە بۆ شەوێ لە لەوەڕگاکان لایان دابوو، دووراو دووڕ، دەتگوت بە شەیپورێکی مسین، شەیپور دەژەنن. هەندێجار ماسییەکی گومڕا، لە تاریکییەکەدا، شڵپە شڵپی لە ئاوەکە هەڵدەستان و شەپۆلێکی ناپایەدار لە سەر

ئاوەکەوە، کە تیشکێکی زێڕین لێی دەدا، تا دوور دەڕۆیی و باڵندەیەکی ترساو، هاواری لێ هەڵدەستا. ئەوسا، جارێکی دی خامۆشی باڵی بە سەر کەنارەکانی دۆندا دەکێشایەوە. بەڵام بەرەبەیان، کاتێ کە لوتکەی گردۆلکە قسلێن و گەچۆڕەکان، ڕوناک بوونەوە. شنەی با لە کەنار ڕوبارەکەوە هەڵیکرد. نەخێر بایەکە بەرە بەرە توندی کردو بە پێچەوانەوەی ئاوەڕۆی ڕوبارەکە دەڕۆیی. ڕوبار دەکەوتە شەپۆڵدان، شەپۆلی چی، هەر شەپۆلێك بە قەد دوو باڵا زەلام، ئاو وەکو شێت و هار، بە ناو پیرە جەنگەڵ دەکەوت، درەختان، بەدەم ناڵە ناڵەوە، بەدەم بایەکەوە دەکەوتە جوڵانە و هەژان. بایەکە بە درێژایی ڕۆژەکە هەر لوراندی، درەنگە شەوێکی زۆر درەنگ ئەوسا کپ دەبووەوە و ئارامی دەگرت، ئەم کەش و هەوایە چەندین ڕۆژ بەو ئاوایە بەردەوام بوو.

تەم و مژێکی چڕو تاریك، بە ئاسمانی دەشتی دۆنەوە، لە مۆڵەق وەستا بوو. زەوی بەرە بەرە وشك دەبووەوە، گیاو ڕوەکان لە نەشونما دەکەوتن، شۆو وەردی پایزە، شەقار شەقار دەبوو. خاك سەعات بە سەعات وشك تر دەبوو، بەڵام لە مەزراو کێڵگەکانی تاتارسکیدا، تەقریبەن کەسێك نەدەبینرا کە خەریکی کار بێت. لە سەرانسەری گوندا جگە لە چەند پیاوێکی پیری عەمەلمندە هیچ کەسێکی دی بەدی نەدەکرا. بەڵام ئەو قۆزاقانەی کە لە کۆڕەوەکە گەڕابوونەوە، هەموو شەکەت و نەخۆش، توانای کارکردنیان نەبوو. تەنیا ژنان و مێرد منداڵان لە مەزراو کێڵگەکاندا کاریان دەکرد. با، تەپوتۆزی دەدایە پێش خۆی و بەرەو ناو گوندی نیمچە چۆڵی دێنا، عرووسی پەنجەرەکانی دەدا بە یەکاو، هەژگ و بژاڵی سەربانی کەپرو ساباتەکانی، هەڵدەگێڕایەوەو دەبرد. پیرەمێرەکان دەیانگوت:

– ئەمساڵ بە بێ نان دەمێنینەوە. تەنیا ژنان بە کێڵگەو مەزراکانەوە دەبینرێن، لە سێ ماڵ تەنیا یەك ماڵ تۆو دادەچێنێ. زەوی مردوو، هیچی لێ شیننابێ، بڕشتی نییە.

دونیاشکا و ژنەکانی دی دوو ڕۆژ بوو خەریکی تۆو داچاندن بوون. ئەکسینیا، ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە چوو بۆ کێڵگە، گایەکانی بۆ ئاودان، برد بۆ سەر گۆلاوەکە. کوڕە دە ساڵانەکەی ئوبنیزوف لەسەر گۆلەکە بینی کە هەوساری ئەسپێکی بە زەینی گرتبوو. ئەسپەکە دەم و قەپۆزی دەجوڵاندو ئاو دڵۆپ دڵۆپ، لە کەپووە قاوەییە مەخمەلیەکانیەوە دەتکایەوە. سواری مێرد منداڵ، دابەزی بوو، کڵۆکەستەکی فڕێ دەدایە ئاوەکەوەو تەمەشای شەپۆلە بازنەییەکانی سەر ئاوەکەی دەکرد کە بەردەوام گەورەتر دەبوونەوە. ئەکسینیا پرسی:

– ڤانیکاتکا، چدەکەی لێرە؟

– خواردنم بۆ دایکم هێناوە.

– ئێ، خەبەرو باسی ناو گوند؟

– هیچ نییە. باپیرە گراسیم، دوێشەو، بە تۆڕەکەی ماسیەکی شەبووتی گەورەی گرت. فیودورملنیکوف–ش لە کۆڕەو گەڕاوەتەوە.

ئەوسا کوڕەی زیت و زرنگ، لە سەر نووکی پێ خۆی بەرز کردەوە، ئەسپەکەی لغاو کرد، ئەوسا چنگی لە چەپکێك لە یاڵەکەی گیرکردو سووکێ خۆی هەڵداو لە سەر زینەکە گیرسایەوە. ئەوسا وەکو سوارانی بە ئەزموون، بە هێواشی لە گۆلاوەکە دوورکەوتەوە، بەڵام هەرکە ماوەیەك ڕۆیی،

ئەوسا ئاوڕێکی پاشی دایەوە، نیگایەکی ئەکسینیای کردو بە جۆرێ هەڵیکردە چوار ناڵە، کە کراسە شینە کاڵەوە بووەکەی لە پشتەوە وەکو باڵۆنێك پڕ بابوو.

لەو ماوەیەدا کە گایەکان خەریکی ئاو خواردنەوە بوون، ئەکسینیا لە سەر بەربەستی گۆلاوەکە ڕاکشاو هەر لەوێندەرو گرژوگومەت (لە ناکاوا) بڕیاری دا کە بۆ گوند بڕواتەوە. ملنیکوف، لە سەربازەکۆنەکان بوو و دەبوایە شتێك لە بارەی چارەنووسی گریگۆرییەوە بزانێ. ئەکسینیا گایەکانی بردنەوە بۆ هۆبەی تۆودەرەکان و بە دونیاشکای گوت:

– دەچمەوە بۆ گوندو، بەیانی زوو دێمەوە.

– کارت هەیە؟

– بەڵێ.

ئەکسینیا، بەیانی زوو گەڕایەوە بۆ مەزرا. دونیاشکا خەریك بوو هەوجاڕی لە گایەکان دەبەست. ئەکسینیا، تەرکەیەکی بە دەستەوە بوو و پەیتا پەیتا بای دەداو وردە وردە دەهاتە پێشێ و نزیك دەبووەوە، چارەی دابوو بە یەکاو لێوەکانی هەڵقورتا بوون، بە کورتی بە دونیاشکای گوت:

– فیودور ملنیکوف، بۆ گوند گەڕاوەتەوە. چووم هەواڵێکی گریگۆری لێبپرسم، هیچ هەواڵێکی پێنەبوو.

هەنگێ، بە خێرایی وەرچەرخاو چوو بەلای مەکینەی تۆودانەکەوە.

ئەکسینیا، دوای تەواو بوونی، تۆو داچاندن، کەوتە خەمی ماڵ و حاڵەکەی خۆی، تۆوی کاڵەك و شووتی لە بێستانەکەی خۆیدا، داچاند، دیوارەکانی خانووەکەی تەڕاو کرد، هەر چۆنێ بوو، خۆی بە تەنیا، ئەو هەژگ و بژاڵەی کە مابوو، خستەوە سەر کەپرەکەو دای پۆشی. ڕۆژانی بە کارەوە دەبردە سەر، بەڵام خەمی گریگۆری بۆ تاقە سەعاتێکیش ڕەهای نەدەکرد. بەڵام زۆر بەبێ مەیلی بیری لە ستیپان دەکردەوە، لە دڵی چەقی بوو کە جارێکی دی ناگەڕێتەوە، کەچی وێڕای ئەمەش، هەرجارێ قۆزاقێك بۆ گوند گەڕاباوە، ئەکسینیا دەچوو بۆ لای و یەکەم شت لێی دەپرسی: "ستیپانی مێردمت نەدیوە؟" و پاشان، وردە وردە و بە پارێزەوە، دەهاتە سەر ئەوەی کە لە پەناوە هەواڵێکی گریگۆری بزانێ. هەموو خەڵکی بە پەیوەندی نێوان ئەو دووەیان دەزانی، تەنانەت ئەو ژنانەش کە زۆریان حەز لە واتە وات بوو و مێشیان لە خەڵکی دەکرد بە گامێش، کۆڵیان دابوو و باسیان نەدەکردن. لێ ئەکسینیا، بەو حاڵەشەوە شەرمی دەکرد بە ئاشکرا هەستی خۆی دەبڕێت. خۆ ئەگەر سەربازێکی کەمدوو، هیچ شتێکی دەربارەی گریگۆری نەگوتبا، ئەکسینیا، بە شەرمێکەوە لێی دەپرسی: "باشە ئەو گریگۆرییەی دراوسێمانت نەدیتووە؟ دایکی زۆر بۆی نیگەرانە، خەریکە لە سوێیدا دەمرێت..."

دوای ئەوەی سوپای دۆن لە نوڤوروسیسك بە تەواوەتی تەسلیم بوو، هیچ کەسێکی خەڵکی گوندی تاتارسکی، گریگۆری یا ستیپانیان نەدیتبوو. لە ئاخرو ئۆخری مانگی حوزەیراندا، یەکێك لە کۆنە هاوڕێکانی ستیپان کە جاران لە هەمان کەتیبەدا بوون و، خەڵکی گوندی کولوندایفسکی بوو، لە گەڕانەوەدا بە دۆندا تێدەپەڕێ و سەری ئەکسینیا دەدات و پێی دەڵێت:

– ئەوەی ڕاستی بێ، ستیپان چووە بۆ قرم. بە خۆم دیتم کە سواری کەشتیەکە بوو. نەمتوانی قسەی لەگەڵدا بکەم، هێندە قەرەباڵغ بوو، خەڵکەکە بە سەر یەکا دەڕۆییشتن!

کە ئەکسینیا، هەواڵی گریگۆری لێ پرسی، خۆی لە وەڵامەکە دزییەوە و گوتی:

– لە دەوروبەری شۆستەو باراندازەکەدا لە دوورەوە دیتم، نەجمەکانیشی بە شانەوە بوو. بەڵام ئیدی دوای ئەوە نەم بینییەوە. گەلێك لە ئەفسەرەکانیان بۆ مۆسکۆ بردووە. خوا دەزانێ ئێستا لە کوێیە؟...

دوای هەفتەیەك، پروخۆر زیکوف، بە برینداری، لە وێستگەی میلیرۆڤۆوە، بە عەرەبانە بۆ تاتارسکی هێنرایەوە، ئەکسینیا، کە خەریکی چێڵ دۆشین بوو، هەرکە ئەم هەواڵەی زانی، وازی لە چێڵەکە هێناو گوێرەکەکەی کردە بەری و بە هەشتاو چوو بۆ ماڵی زیکوف، هەر بەدەم ڕێگاوە، لەچکەکەی لە سەری توند کردو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "بێگومان پروخۆر، شتێك دەزانێ، ئەو نەیزانێ کێ دەیزانێ! بەڵام ئەگەر بڵێ گریگۆری نەماوە، ئیدی من چبکەم؟" لە ترسی ئەو خەبەرە، دەستی خستە سەر دڵی و بەرە بەرە لە ڕۆییشتنا خاوتر دەبووەوە.

پروخۆر، کە پاشماوەی باسکە بڕاوەکەی لە پشت خۆیەوە دەشاردەوە، بە دەم بزەیەکی پانەوە، لە ژوورە گەورەکەی میواندا پێشوازی کرد.

– سڵاو، ئەی هاوڕێی ڕۆژانی تەنگانە! سڵاو، بە دیتنت خۆشحاڵم، چاومان ڕوون، وامان دەزانی لەو گوندە چکۆلەیەدا مردوویت. ئاە، کە حاڵت خراپ بوو... بەڵام ئەم تیفۆیە هەندێجار خەڵکانی وەکو تۆ شووشو باریك دەکات! دەبینی ئەم پۆڵاندییە سپییانە، چیان بە سەرم هێناوە؟ خوا خێر نەیەنێتە ڕێگایان!

پروخۆر، قۆڵی قەمسەڵە خاکییە عەسکەرییەکەی، کە لە خوارەوە بەسترا بوو، نیشاندا.

– کە ژنەکەم ئەمەی بینی، یەکسەر لە هۆڕژنی گریانی دا، بەڵام من دڵخۆشیم دایەوە: "مەگری کەرە، گەلێك کەس، سەریان تیا چوو و هەر ئۆفیشیان بۆ نەکرد، دەستێك چیە؟ ئەمڕۆ چی زۆرە دەستی دەستکرد زۆرە. هەرباشە، دەستی دەستکردو دار، سەرماشی نابێت. ئەگەر بشیبڕن خوێنی لێنایەت." بەڵام حەیفێ هێشتا فێری ئەوە نەبووم هەموو کارەکانم بە یەك دەست ئەنجام بدەم. بۆ نەگبەتی ناتوانم دوگمەی پانتۆڵەکەم دابخەم! لە خودی کییفەوە تا ماڵی خۆمان دوگمەی پانتۆڵەکەم کرا بوونەوە. بە ڕاستی ناخۆشە، بۆیە داوای بوردن دەکەم ئەگەر شتێکی نابەجێ ببینی... وەرە ژوورەوە، میوان بە. تا ژنەکەم لە ماڵەوە نییە، بۆ خۆ یەك دوو قسان دەکەین. ئەو خوا نەناسەم ناردووە بۆ ڤۆدگا! مێردەکەی بە قۆڵی بڕاوەوە هاتووەتەوەو بە ناخێری هیچی نییە، بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ بگێڕێت. ئێوە، خێڵی ژنان هەمووتان لە غیابی مێردەکانتاندا، وان، خەمساردن، من دەمارتان دەناسم، پرچ بڕاوینە!.

– حەز دەکەم باسی...

– دەزانم، ئێستا بۆتی باس دەکەم! داوای لێکردم بەمجۆرە کڕنۆشت بۆ بەرم...

پروخۆر، بە شێوەیەکی کۆمیدیانە ئیکلامێکی بۆ کرد، ئەوسا سەری هەڵبڕیو تەمەشایەکی کرد، بە سەرسامی برۆکانی وێکهێنانەوە:

– ئەم سلاوە شایستەی تۆیە! بۆچی دەگریت، بێ ئەقڵ، ئێوە، خێڵی ژنان، هەمووتان لە یەك قوماشن! ئەگەر مێردەکانتان بکوژرێن هەر دەگرین، ئەگەر بە زندوویەتی بگەڕێنەوە هەر دەگرین. چاوت بسڕە، چاوت بسڕە. ئەم لوشکە لوشکەت لە چیە؟ ساغو سەلامەتە، هێندەی خواردووە بووە بە تۆپ! هەردووکمان لە نوڤوروسیسك، پێکەوە پەیوەندیمان بە سوارەکانی هاوڕێ بودیونی یەوە، فیرقەی چواردە، کرد. گریگۆری فەرماندەیی سریەیەکی گرتە ئەستۆ، مەبەستم سریەیەکی سوارەیە، هەڵبەتە منیش بووم بە یاریدەدەرو موراسیلی. بەڵام کچی باش، تۆ نازانی چ دەدرێکمان بەم پۆلاندیە سپیانە دا! چ بەڵایەکمان بەسەر هێنان! بەدەم ڕێگاوە گریگۆری گوتی: "ئەڵمانیم زۆر کوشتوون، شمشێرم لە جۆرەها سەرباز تاقیکردووەتەوە، خۆ ئێسکی سەری پۆلاندیان لە هی ئەوانە پتەوتر نییە؟ پێموایە کوشتنی ئەوان بۆ ئێمە ئاسانترو ماقووڵترە لەوەی خەڵکی ڕووسی خۆمان بکوژین، تۆچی دەڵێی؟ و بە دەم پێکەنینەوە چاوی لێدادەگرتم. کاتێ کە پەیوەندی بە سوپای سوورەوە کرد بە تەواوەتی گۆڕا. زۆر ڕووی خۆشبووە، سەرو ڕووی کراوەتەوە، قەڵەو عەینی ئەسپی یەختە. بەڵام جار جار شەڕیشمان دەبوو... جارێکیان، بە سواری ئەسپەکەم لێی نزیك بوومەوەو بە سوعبەتەوە گوتم: "جەنابی نەقیب، هاوڕێ میلیخوف، وەختی ئەوە هاتووە لابدەینو ئیسراحەتێك بکەین!" مۆڕەیەکی لێکردمو گوتی: "واز لەو سوعبەتانە بێنە ئەگینا خەراپت پێدەکەم!" بۆ ئێوارەکەی بە کارێك بانگی کردمو نازانم چ گلاراویکم بوو لە دەمم دەرچوو و گوتم: "جەنابی نەقیب"... سەیرم کرد دەمانچە ماوزەڕەکەی دەرهێنا، ڕەنگی سپی بوو، دانەکانی وەکو گورگ گڕکردنەوە... دەمی یەکپارچە ددانە، ڕەنگە سەد دان زیاتری هەبێ! منیش یەکسەر ئەسپەکەم بەرمامێزان داو دوور کەوتمەوە. چیوای نەما بوو، ئەو نەگریسی توخمە شەیتانە بمکوژێت!.

ئەکسینیا، بە ترسو ئومێدەوە گوتی:

– دەشێ بە مادوونی (مۆڵەت) بێتەوە...

پروخۆر، هەڵیدایە:

– بیر لە شتی وا مەکەوە! خۆی گوتی: "ئەوەندە خزمەت دەکەم تا هەموو خەتاکانی ڕابردووم دەسڕمەوە." هەر واش دەکات، بۆ پیاوی سەرشێت ئەوکارانە ئاساییە!... جارێکیان لە نزیکی گوندێکی چکۆلەدا بردینی بۆ هێرش. بە بەر چاوی خۆمەوە، چوار سوارەی پۆلاندی بە شمشێر لەت کرد. ئەم شەیتانە لە منداڵیەوە چەپلەر بوو، بۆیە بە هەردوو دەست، بە ڕاست و بەچەپا شمشێری دەوەشاند. دوای شەڕەکە، خودی بودیونی، بە بەر چاوی هەموو کەتیبەکەوە تەوقەی لەگەڵدا کردو سوپاسی خۆیو سریەکەی کرد، ئەمەش یەکێك لە قارەمانیەتیەکانی گریگۆریت؟

ئەکسینیا، وەکو ئەوەی خەیاڵ بێ، بەو ئاوایە گوێی لێدەگرت... کاتێ وەخۆ هاتەوە، لەبەر دەروازەکەی ماڵی میلیخوف بوو. دونیاشکا، لە بەر هەیوانەکەدا خەریکی شیر پالاوتن بوو، بێئەوەی چاو هەڵبڕێ، پرسی:

– بۆ هەوێن هاتوویت؟ دەزانی قەولم دابوو بۆتی بێنم، بەڵام بیرم چوو.

بـەڵام کـاتیٚ ڕوانیـە چـاوانی ئەکسـینیا، کـە فرمێسـکیان تیـا قـەتیس مـابوو و بـە شـادیەوە، کسکەکسك دەبریسکانەوە، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکەن، پەی بە هەموو شتێك برد.

ئەکسینیا، دەمو چاوە گەرمەکەی نایە سەر شانی دونیاشکاو بە شادمانیەوەو بە هانکە هانك گوتی:

– ساغو سەلامەتە..، سڵاوی ناردووە... بڕۆ! بڕۆ مژدە بە دایکت بدە!

((٢))

لە سەرەتای هاوینا، نزیکەی سی کەسێك لەو قۆزاقانەی کە لە پاشەکشەو کۆڕەوی سپیەکاندا بەشداریان کرد بوو، بۆ گوندی تاتارسکی گەڕانەوە. زۆربەی ئەوانەش، خەڵکانی بە تەمەنو لە کۆنـە سـەربازانی جـاران بـوون. بـەڵام گەنجـەکانو قۆزاقـانی ناڤسـالٚ، نـەخۆشو برینـدارەکانیان نـەبیٚ، کەسـیان نەگەڕابوونـەوە. جـا ئـەم گەنجانـە هەنـدێکیان پەیوەنـدیان بـە سـوپای سـوورەوە کردبوو و هەندێکیان چوو بوون بۆ قرمو پەیوەندیان بە قوەتو کەتیبەکانی ورانگلەوە کرد بوو و خۆیان بۆ لەشکرکێشییەکی تازە بۆ سەر دۆن، ئامادە دەکرد.

پتر لە نیوەی ئەو خەڵکانەی کە لە کۆڕەو و پاشەکشەکەدا بەشداریان کرد بوو، بۆ هـەتا هەتایـە لـە خـاکی غەریبیـدا مانـەوە: هەنـدێکیان بـە تیفـۆ مردبـوون، هەنـدێك لـە دوا شـەڕەکانی دەڤـەری کوباندا کوژرا بوون، هەندێك لە کاروان دابڕا بوونو لە دەشتەکەی ئەوبەری مانیچ لە سەرما ڕەق بوو بوونـەوە، دوو نەفـەریش لـە لایـەن سـوورانی سـەوزەوە بـە دیلـی گیرا بـوونو بێسـەرو شـوێن بـوون... گـەلێك لـە قۆزاقـانی تاتارسـکیش بێسـەرو شـوێن بـوون. ژنـان ڕۆژگاریـان بـە دەم چاوەڕوانیو نیگەرانیەوە بە سـەر دەبرد، هـەرکاتیٚ کە دەچوون بە پیری چێڵو گاو گوتاڵیانـەوە کە لە دەشتو لەوەڕگایان دەهاتنەوە، ماوەیەکی زۆر دەستیان دەکرد بە سێبەر بۆ چاوانیانو بە بێجوڵـە لـە قـەراخ ڕێگاوبانی تـەم گرتـووا، دەیانڕوانیـە ڕۆژئـاوا، ئـیٚ ئەمـە خوایـە، ڕێبوارێکی دێـر کەوتە، لە لایەکەوە پەیدا ببیٚ..

کاتیٚ کە سەرگەڤاری خانەوادەیەك، کە لە مێژ بوو چاوەڕوانی بوون، باریكو بنێس، شڕ پۆشو ئەسپیاوی، دەگەڕایەوە، جمو جۆڵی شادمانی دەکەوتە ماڵەکە: خێرا ئاویان بۆ دەنایـە سـەر ئاگر، تا یارۆی سەرباز کە لە چڵکنیدا ئازای ڕەش هەڵگەڕا بـوو خـۆی بشوات،منداڵان، چاودێری هـەر جمو جوڵێکی بابیان دەکردو بۆ خزمەتکردنی پێشبڕکێیان دەکرد، کەیبانۆی ماڵ، لە خۆشیا، لـە پێسـتی خۆیـا نـەدەهێوری، جـاریٚ خـەریکی ئامـادەکردنو ڕازانـەوەی نـانو خـوان دەبـوو، جـاریٚ بەپەلە، غاری دەدا تا فانیلەو دەرپێی ژێرەوەی پاكو خـاوێن بۆ مێردەکەی دەربێنیٚ. بەڵام ئەگـەر بە ڕێکەوت، جلەکانی ژێرەوە هەڵتەقی بانو نەدورا بوونایەوە، ژنە بە قامکی لەرزۆکەوە، هەرچی دەکرد، داوەکـەی بـۆ بـە کـونی دەرزییەکـەوە نـەدەکرا... دیـارە لـەم سـاتی خۆشـبەختیەدا، ڕێگـە، تەنانەت بە سەگی بەر ماڵەکەش، کە خاوەنەکـەی خـۆی لـە دوورەوە ناسـی بـووەوە تـا بـەر دەرگـای ژوورەکە لـە گـەڵیا هـاتبوو،و بـۆنی پێـوە کردبـوو، دەدرا بێتـە ژوورەوە. تەنانـەت لـە سـەر شـکانی قـاپو ئامانـانو قڵپکردنـەوەی گـۆزەی شـیریش، کـەس لـە منـداڵان تـوورە نـەدەبوو و لـە هـەموو

خەتایەك مەعاف دەكران... سەرگەڤاری ماڵ، دوای ئەوەی خۆی دەشت، هێشتا بە تەواوەتی خۆی پۆشتە نەدەكردەوە، كە ماڵەكەیان پڕ دەبوو لە ژنان. بۆ هەواڵی كەسوكارو ئازیزانی خۆیان دەهاتن، دوو دڵو، نیگەرانو، ترساو، هەر وشەیەكی زاری كابرایان لە ئاسمان دەقۆستەوە. بەڵام دوای كەمێك، یەكێك لەو ژنانە، دەستی بە چاوانی پڕ گریانی خۆیەوە دەگرتو دەچووە ناو حەوشەو، وەكو نابینایان، بە كوێرە كوێر خۆی دەگەیاندە سەر جادەكە، ئەوسا بێوەژنێكی تازە، لە كونجی خانوچكەیەكی گوندا، بۆ مەرگی مێردەكەی شینی گەرم دەكردو دەنگی گریەی ناسكی منداڵەكانی، تێكەڵ بە شینی ئەو دەبوو. حاڵو ئەحواڵی ئەو ڕۆژو ڕۆژگارەی تاتارسكی بەو جۆرە بوو. لە ماڵێك شایی بوو، لە ماڵێكی دیدا شین و شەپۆڕ.

بۆ بەیانی، سەرگەڤاری ماڵ، لە خەو ڕادەبوو، پاكو خاوێن، تەراشی دەكرد، لە تۆ وایە گەنج بووەتەوە، سەرێكی هەر گۆشەو كەنارێكی حەوشەو بانەكەی خۆی دەدا، چاوی دەگێڕا، كە چ كارێك دوا كەوتووەو پێویستە بە زووترین كات ئەنجامی بدات. دوای خواردنی تێشتو نانی بەیانی، یەكسەر دەست بەكار دەبوو. لە بەر سەرمای ژێر كەپرەكەدا پاچو بێڵچە دەكەوتە خشە خش، تەور دادەهاتەوە لە تۆ وایە جاڕی ئەوە دەدات كە دوو دەستی پیاوانەی بەكارو پڕ ئەزموون دووبارە بۆ ئەم ماڵە گەڕاونەتەوە. بەڵام لەو ماڵانەدا، كە شەوی پێشوو هەواڵی مردنی مێرد یا باوكیان پێگەیی بوو، بە پێچەوانەوە، بێدەنگییەكی گۆنگ باڵی بە سەر حەوشەوبانەكەیاندا دەكێشا. دایك كە خەمو پەژارە قەڵەمی دەستو پای شكاندبوو،ماتو بێدەگ، لە جێدا دەكەوت، هەتیوەكانی لە دەوری خڕ دەبوونەوەو بەو تەنیا یەك شەوە، گەورەتر لە تەمەنی خۆ دەیان نواند.

ئیلی نیچنا، هەركە هەواڵی گەڕانەوەی قۆزاقێكی بۆ گوند دەژنەوت، دەیگوت:

– ئەدی پیاوەكەی ئێمە كەی دەگەڕێتەوە؟ خەڵكی بەرە بەرە دەگەڕێنەوە، كەچی سەرو سۆراخێكی كوڕەكەی من نییە.

دونیاشكا، تووڕە دەبوو و دەیگوت:

– گەنجەكان مەرەخەس ناكەن، دایكە، بۆ تێناگەیت؟

– چۆن مەرەخەسیان ناكەن؟ خۆ تیخون گراسیموف، ساڵێكیش لە گریگۆری بچووكترە، بۆ ئەویان مەرەخەس كردووە؟

– ئەو، بریندار بووە، دایكە!

ئیلی نیچنا، بەرپەرچی دەدایەوە:

– تەڕ بریندار بووە! دوێنێ لە بەر دوكانی ئاسنگەرییەكەدا دیتم، قیتو قنج دەڕۆیی، لە تۆوایە لە نمایشدا ڕێدەكات. بریندار چۆن بەو ئاوایە ڕێدەكات.

– بریندار بوو، بەڵام ئێستا خەریكە چاك دەبێتەوە.

– مەگەر كوڕەكەی من كەم بریندار بووە؟ ئازای جێگا برینە. پێت وانیە، پێویستی بەوە بێ، بێتەوەو ئیسراحەتێ بكات؟

دونیاشکا، بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدا، قەناعەت بە دایکی بکات، کە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بێ کە گریگۆری بەو زوانە بگەڕێتەوە. بەڵام ئەمە کارێکی یەجگار زەحمەت بوو، چونکە بە هیچ کلۆجێ نەدەهاتە ڕەدا. ئەمری پێدەکرد:

– دەمت داخە، نەفام! چۆلەکەکەی ئەمساڵ بەوەی پاری دەگوت تۆ جریوە جریو نازانی. تۆ هێشتا خەیاری گوڵ بەدەمەی، ئەوە نیت کە ئامۆژگاری دایکت بکەی. من دەڵێم دەبێ بگەڕێتەوەو دەگەڕێتەوە. دەبڕو، گوم بە لەبەر چاوم. نامەوێ ئەم نێرە بیدۆشەیە لە گەڵ تۆدا بکەم! بە خۆڕایی سەری خۆم لە گەڵ تۆدا دەیەشێنم!

پیرەژن، زۆر بە پەرۆش و تاسەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی کوڕەکەی بوو، لە هەر بۆنەیەکا، باسی دەکرد. چ ڕەنگ بوو میشاتکا، لە کارێکا بە قسەی نەکردبا و سەرپێچی کردبا، یەکسەر بەدەم هەڕەشەو دەیگوت: "ڕاوەستە مەیموونی تووکن، با باوکت بێتەوە، بزانە چۆن گاڵیت لێدەدەم، ئەوسا بزانە چۆن حەسیر مەیدانێکت دەکات!" یان ئەگەر عەرەبانەیەکی نۆژەن کراوی دیتبا بەبەر پەنجەرەکەیاندا ڕەت بوایە، ئاهێکی هەڵدەکێشاو دەیگوت: "بە جۆری، نۆژەن کردنەوەکەیا دیارە، کە خاوەنەکەی گەڕاوەتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی. بەڵام کوڕەکەی ئێمە، نەدەنگی هەیەو نە ڕەنگ، لەوە دەچێت یەکێك ڕێگای پێگرتبێ!...." ئیلی نیچنا، لە ژیانیا حەزی لە دووکەڵی جگەرە نەدەکرد، بگرە جاران نەیدەهێشت هیچ کەسێك لە مووبەقەکە یا جگەرە بکێشێت، جگەرەکێشانی دەنارده دەرێی مووبەقەکە، کەچی لەم دواییانەدا، لەو بارەیەشەوە گۆڕابوو. هەندێجار بە دونیاشکای دەگوت: "بڕۆ بە دووی پروخۆردا، پێی بڵێ با بێت لێرە جگەرەیەك بکێشێت، بە ڕاستی ماڵەکەمان بۆنی مردووی لێدێت. کە گریشا لە خزمەت گەڕایەوە، هەنگێ ماڵەکەمان پڕ دەبێت لە بۆنی زندووی قۆزاق، بۆنی ژیانی تێدەگەڕێتەوە..." هەموو ڕۆژێك جگە لە دروستکردنی خواردنی ئاسایی، دوای شێو یەك مەنجەڵی گەورە، شۆربای کەلەرمی دەنایە سەر ئاگر، کاتێ کە دونیاشکا لێی دەپرسی ئەمەی بۆ چییە، ئیلی نیچنا بە سەرسامی وەڵامی دەدایەوە: "چۆن بۆ چیمە؟ لەوەیە ئەمڕۆکە سەربازەکەمان بگەڕێتەوە، ئەوسا شتێکی گەرمی حازرمان دەبێت کە بیخوات. ئەگینا، دەترسم تا خواردن گەرم دەکەینەوە، بە برسێتی بمێنێتەوە..."

ڕۆژێك کە دونیاشکا، لە بێستانی گندۆران هاتەوە، بینی کۆنە قەمسەڵەیەکی گریگۆری و کاسکێتێکی بە نەواری سووری کاڵەوە بووی ئەو، لە مووبەقەکەدا، بە بزمارێکەوە هەڵواسراون، تەمەشایەکی پرسیار ئامێزی دایکی کردو ئیلی نیچنا، بزەیەکی شەرمنانەی بۆ کردو گوتی: "دونیاشکا، ئەمە من لە یەغدانەکە دەرم هێنا. ئینسان کە لە دەرەوە دێتە ژووریێ و ئەمانە دەبینێ، دڵی خۆشدەبێت... وا دەزانێ هاتووەتەوەو، لە ماڵەوەیە..."

بەڵام دونیاشکا، لەم باس و خواسانە دەربارەی گریگۆری بێزار دەبوو. ڕۆژێك کە ئیدی تەحەمولی ئەوەی نەما لەوەی پتر گوێ لەو قسانە بگرێت، بە سەرزەنشتەوە بە دایکی گوت:

– دایکە، ئەرێ بێزار نەبووی لەوەی کە هەموو ڕۆژێك هەمان قەوان لێدەدەیتەوە؟ بە ڕاستی هەمووومانت بێزار کردووە، سەری زارو بنی زارت هەر گریشا، گریشایە، ئەمە نەبڕایەوە!...

ئیلی نیچنا، بە نەرمی وەڵامی دایەوە:
– کەس هەیە لە باسی منداڵی خۆی بێزار ببێ، ئاخر چۆن لە باسی کوڕەکەم بێزار ببم؟ با ببی بەخاوەن منداڵ، ئەوسا دەزانی جەرگ چیە...
دوای ئەوە قەمسەڵە و کاسکێتەکەی گریگۆری بردە ژوورەکەی خۆیو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك ناوی گریگۆری نەهێنا. بەڵام ماوەیەك پێش وەرزی جۆ درەو، بە دونیاشکای گوتی:
– ئاخر کاێ کە من باسی گریشا دەکەم، تۆ گلەیی دەکەیت. ئاخر بەبێ ئەو چۆن دەژین؟ تۆ بیرت لەمە کردووەتەوە، بێ ئەقڵ؟ ئەوا کاتی جۆ درەوەو ئێمە کەسێك نییە داسو شەنەکانمان بۆ ئامادە بکات. تۆ تەمەشا چۆن هەموو شتێکمان ڕوو لە وێرانییەو ئێمە بە دوو قۆڵی ناتوانین پێی ڕابگەین. کە پیاو لە ماڵ نەبوو، تەنانەت کەرەستەو ئەوزارەکانیش دەگرین...
دونیاشکا هیچی نەگوت، چاك دەیزانی، ئەوەی مایەی نیگەرانی دایکیەتی، کێشەی کاروباری دروێنەو مەزراو کێڵگە نییە، بەڵکو ئەمە بیانوویەکە تا باسی گریگۆری بێنێتە ناوانو داخی دڵی خۆی دەربکات. ئیلی نیچنا لە ناخا بۆ کوڕەکەی دەسووتاو نەیدەتوانی هەستی خۆی وەشێرێت. ئەو ئێوارەیە شێوی نەخوارد، کاتێ کە دونیاشکا لێی پرسی ئایا نەخۆشە، بەبێتاقەتی وەڵامی دایەوە:
– پیر بووم... دڵم بە گریشا، دەسووتێ، بیری دەکەم، هێندەی بیر دەکەم، جگە لەو هیچ کەسو شتێکی دیکەم، لە خەیاڵو لە بەرچاو نییە.
بەڵام، تەقدیر وای نەهانی کە گریگۆری بگەڕێتەوەو کاروباری بەڕێوەبردنی موڵكو ماڵەکەی ماڵباتی میلیخوف بگرێتە ئەستۆ. ئەوە بوو بەر لە جۆ دەرو میشکاکوشیڤۆی لە جەبهە گەڕایەوە بۆ گوند، شەوی لە ماڵی یەکێك لە خزمە دوورەکانی بە سەر برد. بۆ بەیانی هاتە دیدەنی خانەوادەی میلیخوف، ئیلی نیچنا، لە مووبەقەکەدا سەرگەرمی چێشت لێنان بوو، میشکا، بە ئەدەبەوە لە دەرگای دا. کە کەس بە دەنگیەوە نەهات، خۆسەری خۆی بە مووبەقەکەدا کرد، کاسکێتە عەسکەریە کۆنەکەی لە سەر داگرتو بزەیەکی بە ڕووی ئیلی نیچنادا دا؟
– سڵاو پوورە ئیلی نیچنا! چاوەڕوانی هاتنی منت نەدەکرد، وانیە؟
ئیلی نیچنا، نیگایەکی تووڕەی، ڕوخسارە قێزەونەکەی میشکای کردو بە زبری گوتی:
– سڵاو، مەگەر تۆ چی منی تا چاوەڕوانی هاتنت بم؟ سەگەکەمان چووەتە سەر بانەکەتان؟
میشکا، بەم پێشوازیە ساردو سڕە، کۆڵی نەداو گوتی:
– نەخێر، نەچووە... بەڵام بە هەرحاڵ، خۆ ناسیاوین.
– ناسیاوێك بووین، نەبووین.
– ئەمە بەسە کە بێمە دیدەنیتان. خۆ من نەهاتووم ماڵەکەتان داگیربکەم.
ئیلی نیچنا، بە توندی گوتی:
– هەر لە مەمان کەم بوو...
ئیلی نیچنا، بێئەوەی هیچ بایەخێك بە میوانەکە بدات، گەڕایەوە سەر چێشت لێنانەکەی خۆی.

میشکا، بێئەوەی گوێ بە قسەکانی ئەو بدات، بە وردی دەیڕوانیە دەوروبەری مووبەقەکە. گوتی:

– هاتووم بتان بینمو هەواڵتان بپرسم... ساڵێ پترە کە یەکترمان نەدیتووە.

ئیلی نیچنا، بە دەم گوێزانەوەی مەنجەڵەکانەوە، لەم سوچی ئاگردانەکەوە بۆ ئەو سووچ، گوتی:

– بیرمان نەدەکردی...

دونیاشکا کە سەر گەرمی ماڵینو پاککردنەوەی ژووری میوان بوو، کە گوێی لە دەنگی میشکا بوو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، دەستی خستنە سەر یەك، لە سووچێکی تەختەکەدا بە بێجوڵە دانیشتو گوێی لەو گفتوگۆیەی ژووری مووبەقەکە دەگرت. جارێ ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕاو جارێ گۆناکانی زەرد هەڵگدەڕانو دەموچاوی سپی دەبوو و تەنانەت سەری لووتە چکۆلەکەشی سپی دەبوو. گوێی لە دەنگی پێی میشکا دەبوو کە بە هەنگاوی قورس بە مووبەقەکەدا دەهاتو دەچوو و چۆن وەختێ دادەنیشت تەختەکە لە ژێر باری جەستەی ئەودا دەکەوتە جیڕە جیڕ، ئەوسا گوێی لێبوو کە دەنکە شقارتەیەکی پێکردو بۆنی جگەرە گەییە ژوورەکە.

– بیستم پیرەمێردەکەتان مردووە؟

– بەڵێ.

– ئەدی دەنگوباسی گریگۆری؟

ئیلی نیچنا تا ماوەیەك هیچی نەگوت، ئەوسا بە بێمەیلیەکی تەواو گوتی:

– لەگەڵ سوورەکاندایە هەمان ئەو نەجمەیەی تۆ، بەکلاوەکەی ئەویشەوەیە.

– دەبوایە زۆر زووتر ئەم کارەی بکردایە...

– ئیدی ئەوە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە.

میشکا، کە پەشۆکاوییەکی ئاشکرا بە دەنگییەوە دیار بوو پرسی:

– ئەی دەنگوباسی یفدوکیا پانتلیوڤنا*؟ (*: ناوی تەواوی دونیاشکایە)

– خەریکی ئیشو کاری ناو ماڵە، تۆ زۆر زوو هاتوویت، خەڵکی ماقوول بەم کاتە زووە ناچنە ماڵان.

– باشە، من ماقووڵ نیم! بێتاقەت بووم، بۆیە وا زوو هاتم... کە دونیاشکا بدینم...

– ئۆهـ، میخائیل، تووڕەم مەکە...

– پووریێ گیان، ئاخر من چیم کردووە تا تووڕە ببیت؟

– ئەوەی کە دەیکەیت؟

– ئاخر چ شتێك؟

– ئەو قسانەی دەیکەیت!

دونیاشکا گوێی لە میشکا بوو کە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. چیتر تاقەتی نەگرت. هەستا، تەنوورەکەی ڕێکخستو هاتە مووبەقەکە. میشا بە ڕەنگو ڕووی سیسەڵەو چرچەڵەوە، کە

نەدەناسرایەوە، لای پەنجەرەکەوە دانیشتبوو خەریك بوو جگەرەکەی تەواو دەکرد. بەدیتنی دونیاشکا، چاوە سیسەکانی گەشانەوەو دەموچاوی بە ئاستەم سووڕ هەڵگەڕان. یەکسەر لە شوێنی خۆی هەستاو بە دەنگێکی نووساو گوتی:

– ڕۆژ باش!

دونیاشکا، بەدەنگێك کە بە ئاستەم دەبیسترا وەڵامی دایەوە:

– ڕۆژ باش...

ئیلی نیچنا، نیگایەکی دونیاشکای کردو یەکسەر ئەمری پێکرد:

– بڕۆ ئاو بێنە.

میشکا، بە حەوسەڵەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی دونیاشکای کرد. ئیلی نیچنا هیچی نەدەگوت. میشکاش ئەو مایەوە بێدەنگ بوو، پاشان ئاغزە جگەرەکەی لە نێوان پەنجەکانیا کوژاندەوەو پرسی:

– پووری گیان تۆ بۆچی لە من دڵگیری؟ هیچ خراپەیەکم لە گەڵ کردویت؟

ئیلی نیچنا، وەکو ئەوەی لە پڕ شتێك پێوەی دابێت، لە بەر کوانگەکە ئاوڕی دایەوەو گوتی:

– چۆن ویژدانت ڕێت دەدا بێیتە ماڵی ئێمە، بە چ چاوو ڕوویەکەوە؟ ڕووت دێ ئەو پرسیارە لە من بکەی، پیاو کوژ؟!

– ئاخر من چۆن پیاو کوژم؟

– پیاو کوژیت‌و ئەولاتریش! کێ پیوتەری کوشت؟ تۆ نە تکوشت؟

– بەڵێ.

– دەی، پیاو کوژی لەوەش زیاتر؟! بەو حاڵەشەوە دێیتە سەردانمان... بە جۆرێ دادەنیشیت وەکو ئەوەی...

ئیلی نیچنا، هەناسەی سواربوو، ئەوکی گیرا، قسەکە بڕی، ئەوسا وەخۆ هاتەوەو لە سەری ڕۆیی:

– من دایکی ئەوم یان نا؟ بە چ ڕوویەکەوە تەمەشای من دەکەیت؟

میشکا یەکسەر ڕەنگی پەڕی. چاوەڕوانی ئەو قسانەی دەکرد. لە کاتێکا کە لە هەڵچوونا زمانی تێکدەئالا، گوتی:

– پێویست بەوە ناکات سەردابخەم‌و خەجاڵەت ببم. ئەگەر پیوتەر منی بەر دەست کەوتبا چی دەکرد؟ پێتوایە ماچی دەکردم، دەستی بە سەرا دێنام؟ هەڵبەتە ئەویش منی دەکوشت. بۆ ئەوە نەکەوتبووینە ئەو کێوو هەڵەتە کە بە قوربان‌و ساقەی یەکدی ببین: ئیدی شەڕ ئەوەیە. دەکوژی یا دەکوژرێی.

– ئەدی کورشونوف (کریشاکا کورشونوف: باپیری ناتالیا لە باوکەوە) خەزووری گریگۆری؟ کوشتنی پیرەمێردێکی بێوەی، ئەمەش شەڕە؟

میشکا، بە سەرسامی گوتی:

– سـەيرە؟ هەڵبەتـە ئـەوەش شـەڕە! مـن ئـەو پیرەمێـردە بێوەیانـە دەناسـم! ئەوانـە لـە ماڵــەوە دانیشتوون و دەستیان بە کڵاوی خۆوە گرتووەو لـە خـەڵکی وایە ئاگایان لـە مەحموودی بێزەواد نیە، بەڵام زۆربەیان، گەلێك لەوانە موزیرترن کە لـە جەبهە ڕوو بە ڕوو شەڕت دەکەن... تەنانەت خەڵکانی و وەکو باپیرە گریشاکای خەڵەفاویش، قوزاقەکانی لە ئێمە تیژدەکرد. ئەم هەموو شەڕو خوێنڕێژییە لە سۆنگەی ئەوانەوە هەڵگیرسا! کێ کەوتە بانگەشە دژی ئێمە؟ هەڵبەتە ئەو خەڵکە بێوەیانە. سەرباری ئەوەش هێشتا بە من دەڵێی پیاو کوژ! بە ڕاستی پیاو کوژت دۆزیوەتەوە! من جاران نەمـدەتوانی بـەرخێك یـان گوجیلـە بـەرازێك بکـوژم، مـن دڵنیـام کـە ئێسـتاش کـاری وام پێناکرێـت، دەسـتم ناچـێتە کوشـتنی ئـەو گیانلەبەرانـە. کـە خـەڵکی دیکـە ئـەو گیانلەبەرانـە بکوژنەوە، من گوێی خۆم دەگرم، چاو دەنوقێنم، تا نەگوێم لێیان بێ نەچاو.

– بەڵام ئەو خزمەی ئێمە...

میشکا، تووڕەبوو و قسەکەی پێبڕی:

– خزم خزمـی چیتە تـۆ! خێـری نـەبوو شـەڕی بەپای سـەگ، کابرایـەك بـوو سـەراپای زەرەر بـوو. پێمگوت: بڕۆ دەرەوە، نەچوو. منیش لەوێدا کوشتم. من زۆر لـەو پیرەسەگانە بە داخم. باوەڕبکە مـن دەسـتم ناچـێتە کوشـتنەوەی حـەیوانات، مەگـەر زۆر تـووڕەببم. بـەڵام، ببـورە کـە ئـەم قسـەیە دەکـەم، سـەبارەت بـەم توورکـە گووانـەی وەکـو ئـەو خزمـەی ئێـوە، چەندیان لێبکـوژم هێشـتا پـێم کەمـە. دەسـتم سـەبارەت بەمانـە، بـەم دژمنانـەی کـە بـەخۆڕایی لـە دنیـای ڕۆشـنی ژیـانی ئێمـە دا دەژین، قورس و بێرەحمە.

ئیلی نیچنا، بە تەشەرەوە گوتی:

– ئاخر لە ڕقنی و بوغزنی خۆتا، وا وشك بوویتەوە. بێگومان ویژدان عەزابت دەدات.

میشکا بە دەم بزەیەکی ساکارەوە گوتی:

– ئەو قسـانە چییە! ویـژدانم لـە سـەر پـیرو پاتـاڵێکی وەکو باپیرە گریشـاکا عـەزابم بـدات! نـەخێر تووشی تیفۆ بووم و بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە، وام بەسەرهات، دەنا، دایکە...

ئیلی نیچنا، زۆر تووڕەبوو، قیژاندی بە سەریا:

– من و دایکی تۆ بم؟ بڕۆ کوڕی قەحپە!...

میشا، چاوەکانی گرژ کردنەوە و بە دەنگێکی تووڕە گوتی:

– جوێنم پێمەدە! سەبریش سنووری خۆی هەیە. ڕیك و ڕەوان پێت دەڵێم پووری، تۆ هـەق نییـە لەسەر پیوتەر ڕق لە من هەڵگریت. ئەو بۆخۆی، لەوشتە دەگەڕا کە پێی گەیی.

ئیلی نیچنا، بە پێ داگرییەوە گوتی:

– تۆ بکوژی! بڕۆ لێرە. حەزناکەم چارەت ببینم!

میشکا، جگەرەیەکی دیکەی پێکرد و بە کاوەخۆ پرسی:

– ئەدی ئـەو خزمـەی دیکـەتان، میتکا کورشـونوف، پیـاوکوژ نییـە؟ ئـەدی گریگـۆری؟ هـیچ باسـی کوڕەکەی خۆت ناکەی. پیاوکوژی ڕاستەقینە ئەوەو هەر باسیشی ناکەیت.

– درۆ مەکە.

– لە دوێنێیوە، درۆم تەرك كردووە. دەی بە ئەقڵی تۆ گریگۆری چیە؟ دەزانی چەندی لە ئێمە كوشتووە؟ ها، بەڵێ ئەگەر قەراربێ، هەر كەسێك بەشداری شەڕی كردبێت، بە پیاوكوژی بزانیت، هەنگێ پووریێ گیان هەموومان هەر پیاو كوژین. گرینگ ئەمەیە بزانین لە پیناوی چیدا پیاو دەكوژینو كێ دەكوژین.

ئیلی نیچنا، بێدەنگ بوو، لێ كە بینی میوانەكە بە نیازی ڕۆیشتن نییە، بە پەستی گوتی:

– بەسە! وەختی قسەكردنم لە گەڵ تۆدا نییە، واچاكە بڕۆی بۆ ماڵی خۆت.

میشا، هەستاو بەدەم پێكەنینەوە گوتی:

– ئەگەر من ماڵم هەبێ، كەروێشكیش ژووری هەیە.

لە جێی خۆی هەستا. بەڵام ئەو قسەو تانەو تەشەرانە لەوە نەبوو كە پێی میشكا لەو ماڵە بڕێت. پیاوێكی ئەوەندە هەستیار نەبوو كە بەو تانەو تەشەرانەی پیرەژن تووڕە ببێ یان تەریق ببێتەوە. دەیزانی دونیاشكا خۆشی دەوێ، بۆیە تەنیا ئەمەی بەلاوە مەبەست بوو، گوێی لە تانەو تەشەرانی پیرەژن نەبوو.

بۆ سبەی بەیانی دیسان هاتەوە، وەكو ئەوەی هیچ شتێك ڕووی نەدابێ، سڵاوی لە ئیلی نیچنا كرد. لەبەر پەنجەرەكە دانیشتو بە نیگا چاودێری هەموو هەڵسوكەوتو ڕەفتارێكی دونیاشكای دەكرد. ئیلی نیچنا بێئەوەی سڵاوەكەی بسەنێتەوە بە پەستی گوتی:

– زوو زوو سەرمان دەدەی.

دونیاشكا، سوور بووەوە، نیگایەكی ئاگرینی دایكی كرد، بێئەوەی هیچ بڵێ، سەری داخست. میشكا بەدەم بزەوە وەڵامی دایەوە:

– پوورە نیچنا، من لەبەر تۆ نایەم، بە خۆڕایی خۆت دەڕەنجێنی.

– باشتر وایە، ڕێگای ماڵی ئێمە بە یەكجارەكی لە بیر بكەیت.

میشكا بە جدی پرسی:

– بۆچی، ئەدی بۆ كوێ بڕۆم؟ لە سایەی لوتفو پیاوەتی میتری خزمتانا، وەكو قازی كوێر بە تاقی تەنیا ماومەتەوە. خۆ ئینسان ناتوانێ، وەكو گورگ، بە تاقی تەنیا لە كونێكا بژی. جا پووریێ گیان بتەوێو نەتەوێ هاتوچۆتان هەردەكەم.

میشكا بە دەم ئەو قسانەوە لاقی لێ ڕاكێشانو بە ئیسراحەتی خۆی دانیشت. ئیلی نیچنا، چاوی تێبڕی: بە ڕاستی لەو كەسانە نەبوو بە ئاسانی كۆڵ بداتو بشێت دەربكرێت! كەلەشی زەلامو جۆری تەمەشا كردنەكەیو سەرو سیمای، هەر هەموو سەر سەختیو كەڵەوەكێشی كەڵەگا ئاسا ئەویان دەنواند. دوای ڕۆییشتنی ئەو، ئیلی نیچنا منداڵەكانی ناردنە ناو حەوشەو بە دونیاشكای گوت:

– نەخەڵەتابی، ڕێبدەی، جارێكی دی پێ بنێتە ئەم ماڵە، تێدەگەی؟

دنیا، ڕاست چاوی لە دوڕ چاوانی دایكی بڕی. شتێك، كە تایبەت بوو بە هەموو ئەندامانی ماڵباتی میلیخوفەوە، بۆ دەمێك بە چاوانی لە داخا گرژ بووی دونیاشكاوە، بریسكایەوە. ئەوسا وەكو ئەوەی بە خورتی هەر وشەیەكی لە زار دەربهێنرێ گوتی:

– نا، دەری نەکەیت! دێت! دێت و ئەولاتریش!

ئیدی، خۆی پێنەگیرا، بە بەرانپیلەکەی سەروچاوی خۆی گرت و بەپەلە چوو بۆ بەر هەیوانەکە.

ئیلی نیچنا، کە هەناسەی تەنگ بوو بوو، ماوەیەکی زۆر، بەو دەقەوە لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشت. بە بێدەنگی سەری دەلەقاندو دەیڕوانییە خاڵێکی دووری دەشتی دۆن، ئەو شوێنەی کە پڕ بوو، لە دەوەن و بنچکی تازەی سپیواژ کە لە بەر تیشکی هەتاودا وەکو زیو دەبریسکایەوەو زەوی لە ئاسمان جیادەکردەوە.

ئەو ڕۆژە، دەمەو ئێواریێ، دونیاشکاو دایکی، کە هێشتا ئاشت نەبووبوونەوەو قسەیان دەگەڵ یەکدا نەدەکرد، سەر گەرمی چاك کردنەوەی پەرژینی باخچەو بێستانەکەی نزیکی دۆنی خۆیان بوون، میشا ڕێی کەوتە لایان. بە بێدەنگی بێڵەکەی لە دەست دونیاشکا وەرگرت، ئەوسا گوتی:

– تۆ وەکو پێویست ئەرزەکەی بۆ چاڵ ناکەیت، بایەکە هەڵبکات پەرژینەکەتان، دیسان دەڕوخێت.

چاڵی ئەستوونەکانی قووڵتر کرد، ئەوسا یارمەتیدان تا پەرژینەکەی لە گەڵ دانان و بەستیان بە ستوونەکانەوەو ئیدی ڕۆیی. بۆ سبەی بەیانی دوو پاچی دەمە زەردکراوو کلکە شەنەیەکی تازەی هێناو، لە پاڵ قاڵدرمەکانی بەر دەرگاکەی ماڵی میلیخوف داینان، دوای سلاوکردن لە ئیلی نیچنا، گوتی:

– ناتەویێ گیای مێرگەکەتان بدوری؟ خەڵکی هەموو دەرچوون و چوون بۆ ئەوبەری دۆن.

ئیلی نینچا، هیچی نەگوت، دونیاشکا لە جیاتی دایکی وەڵامی دایەوە:

– هیچمان نییە، لە ڕوبارەکە پێی بپەڕێنەوە. بەلەمەکەمان لە پایزەوە لە عەمارەکەدا کەوتووە و وشك بووەتەوە...

میشکا، بە گلەییەوە گوتی:

– دەبوایە لە بەهارەوە بتانخستایە ئاوەوە. دەڵێی چی قیڕی بکەین؟ خۆ بەبێ بەلەم هیچتان پێ ناکرێت.

دونیاشکا، نیگایەکی پاڕانەوە ئامێزی دایکی کرد. بەڵام ئیلی نیچنا سەرگەرمی هەویر شێلان بوو، خۆی لە گێلی دابوو، دەتگوت ئەو گفتوگۆیە لە دوورو لە نزیك پەیوەندی بەوەوە نییە.

میشکا، بە دەم بزەیەکی کاڵەوە، کە بە ئاستەم هەستی پێدەکراو نەدەکرا، پرسی:

– کندڕتان هەیە؟

دونیاشکا، خۆی بە عەمارەکەدا کردو بە یەك باوەش کندڕەوە گەڕایەوە. میشکا نزیکی نیوەڕۆ، لە کاری نۆژەنکردنەوەی بەلەمەکە بووەوەو هات بۆ مووبەقەکەو گوتی:

– ئیێ، بەلەمەکەم خستووەتە ئاوەکەوە، تا تەختەکانی ئاو بمژن و بئاوسێن. جا بە کۆتەرە دارێکییەوە ببەستنەوە، نەبا یەکێك ببات.

ئەوسا دووبارە پرسی:

– دەی پووریێ گیان، کەی وێنجەکەتان دەدورنەوە؟ من حاڵی حازر هیچ ئیش و کارێکم نییە، لەوەیە بتوانم یارمەتیتان بدەم.

ئیلی نیچنا، بە سەر ئاماژەی بۆ لای دونیاشکا کردو گوتی:

– لەو بپرسە.

– من لە خاوەنماڵ دەپرسم.

– وادیارە، من لێرە خاوەنماڵ نیم....

دونیاشکا، دەستی بەگریان کردو چوو بۆ ژووری میوان، میشکا، کۆکەیەکی بۆ کرد، قورگی پاك کردەوەو بە جدی گوتی:

– کەواتـە دەبـێ یارمـەتیتان بـدەم. ئـەوزاری دارتاشـیتان لـە کوێیە؟ئیسـتا بێڵچـەیەکتان بـۆ دروستدەکەم،ئەو کۆنەیە بە کەڵك نەماوە.

چـوو بـۆ عەمارەکـە، چـەند ددانەیـەکی بـۆ شـەنەکە تاشـی. میشـاتکای چـکۆلە بـە دەوریـا دەسوڕایەوەو تەمەشای دەکرد. داوای لێکرد:

– هـاپۆ میخائیـل، شـەنەیەکی چـکۆلەم بـۆ دروسـت بکـە. کـەس نییـە بـۆم دروسـت بکـات، داپـیرە نایزانێ، پۆورێ گیانیش نایزانێ، تەنیا تۆ دەیزانی، باشیشی دەزانی!

کوشیڤۆی گوتی:

– چـونکە هاونـاوی مـنی، دانەیـەکت بـۆ دروسـتدەکەم، بـە خـوا بـۆتی دروسـت دەکـەم، بـەڵام تـۆ کەمێك دوور بوەستە، باتەڵاشە دارێك نەچێ بەچاوتا.

کوشیڤۆی بەدەم زەردەخەنەیەکەوە، لە دڵـی خۆیـدا گـوتی: "سـەیرە! چـەند لـە بـاوکی دەچێت! هـەمان چـاو، هـەمان بـرۆ، هـەمان ڕاگـرتنی لێـوی سـەرەوە... گریگـۆری چـۆنی لێـداوە، ئـاوای دەرهێنـاوە! کوت و مت خۆیـەتی!" ( نـاوی ڕاسـتەقینەی میشـاو میشـاتکا هـەردووکیان میخائیلـە، بۆیە پێی دەڵێت هاوناوین."

میشـکا، کەوتـە دروسـتکردنی شـەنەیەکی چـکۆلە بـۆ منداڵەکـە، بـەڵام نـەیتوانی تـەواوی بکـات، لێوەکـانی شـین هەڵگـەڕان، ڕوخسـارە زەردەکـەی پەسـتی و بێتاقـەتی پێـوە بـە دیارکـەوت. ئیـدی فیکـەی لێنـەدەدا، چـەقۆکەی لـە عـادری دانـا، شـانەکانی کـووڕ کردنـەوە، دەتگـوت سـەرمایەتی. گوتی:

– میخائیل گریگۆرفیچ، هاوناوی من، بچۆ تەلیسێکم بۆ بێنە، دەمەوێ کەمێك ڕاکشێم.

میشاتکا، پرسی:

– بۆچی؟

– خەریکە نەخۆش دەکەوم.

– بۆچی؟

– ئـۆف، واز نـاهێنی، دەڵێـی نوسـنەکی... .ئیـدی خەریکـە نـەخۆش دەکـەومو تـەواو، بـڕۆ خێـرا بۆمی بێنە.

– ئەدی شەنەکەی من؟

– دوایی بۆتی تەواو دەکەم.

لەرزێکی توند ئازای ئەنامی میشکای ڕاجفراند. دانە چۆقەی پێکەوت.

لەسەر ئەو گونیە ڕاکشا کە میشاتکا بۆی هێنا. کاسکێتەکەی لە سەری داکەندو دەموچاوی پێداپۆشی، میشاتکا، بە خەمینی پرسی:
– بە ڕاستی نەخۆشیت؟
– بەڵێ، ئەوەتا نەخۆشم.
– ئەدی بۆ دەلەرزی؟
– تاولەرزم لێیە.
– ئەدی بۆچی دانەچۆقە دەکەیت؟
میشکا لە ژێر کاسکێتەکەیەوەو بە یەك چاو ڕوانیە هاوناوە زیتەڵەکەی، بزەیەکی ناسکی بۆ کردو چیتر وەڵامی پرسیارەکانی نەدایەوە.
میشاتکا، بە ترسەوە تەمەشایەکی کردو ئەوسا بە هەشتاو بۆ ماڵ چووەوە.
– دایە گەورە! هاپۆ میخائیل لە عەمارەکەدا ڕاکشاوەو دەلەرزێ، بە جۆرێ دەلەرزێ کە ئازای ئەنامی دەجولێت.
ئیلی نیچنا، لە پەنجەرەکەوە، تەمەشایەکی دەرەوەی کرد، ئەوسا هاتەوەپاڵ مێزەکە، ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی لە فکران ڕاچوو...
میشاتکا، بە نیگەرانی سەری قۆڵی ڕاکێشاو پرسی:
– بۆچی قسە ناکەی، دایە گەورە؟
ئیلی نیچنا، ئاوڕی لە منداڵەکە دایەوەو بە دەنگێکی جدی گوتی:
– کوڕەکەم، خێرا پەتۆیەك هەڵگرەو بیبە، با ئەو خوا نەناسە بیدات بە خۆیا. تای لێیە، ئەمەش جۆرە نەخۆشییەکە. دەتوانی پەتۆیەکی بۆ ببەی؟
دیسان چووە بەر پەنجەرەکەو ڕوانیە ناو حەوشەکەو بە پەلە گوتی:
– بوەستە، بوەستە! مەیبە، پێویست ناکات.
دونیاشکا، خەریك بوو فەروەکەی خۆی بە میشکادا دەداو بە سەریا دانەوییەوەو قسەی دەگەڵدا دەکرد...
پاش ئەوەی نۆرە تایەکە بەری دا، میشکا تاکو شەوێ هەر خەریکی ئامادەکردنی تفاقی درەوی وێنجە بوو. بە ئاشکرا بێتاقەتی پێوە دیار بوو. هەڵسوکەوتو جمو جوڵی زۆر سستو خاو بوو. بەڵام هەر چۆنێ بوو شەنەکەی بۆ میشاتکا دروستکرد.
ئیلی نیچنا، ئێوارە، شێوی ئامادەکرد، مێزەکەی ڕازاندەوەو منداڵەکانی لە دەوری مێزەکە داناو بێئەوەی تەمەشای دونیاشکا بکات، گوتی:
– بڕۆ، ئەو.... یارۆیە... گاز بگە با بێت شێو بخوات.
میشکا، کە لە ماندوویەتیدا پشتی چەما بووەوە، بێئەوەی نیشانەی خاچ بکێشێت، لە کەنار مێزەکە دانیشت. دەموچاوە زەردەکەی هەر پەڵە ئارەقەی وشکەوە بوو، بوو. ماندوویەتیەکی زۆری پێوە دیار بوو. کە مراکەکەی بۆ دەمی دەبرد، دەستی بە ئاستەم دەلەرزی. زۆر بە بێ مەیلی شیوەکەی دەخوارد، ناو بە ناو بە حەواس پەرتی چاوی بە سەروسیمای ئەوانی دیدا

دەگێڕا. بەڵام ئیلی نیچنا، زۆری بەلاوە سەیر بوو، کە وەختێ چاوانی ساردو سڕی ئەم "پیاوکوژە" لە سەر ڕوخساری میشاتکای چکۆلە، دەگێرسایەوە، گەرمییەکیان تێدەگەڕاو دەگەشانەوە، بۆ ساتێك تیشکێکی پڕ میهرەبانی لێدەبووەوەو پاشان دادەمرکایەوە. بزەیەکی ناسك دەکەوتە سەر لێوەکانی. پاشان نیگای بۆ شوێنێکی دیکە تەرە دەبوو و، دووبارە سێبەری حەواس پەرتی، دەنیشتەوە سەر ڕوخسارو سیمای.

ئیلی نیچنا، ژێراو ژێر کەوتە تەمەشای میشکا، هەنگێ بۆی دەرکەوت کە لە ئەنجامی ئەو نەخۆشییەوە چەند لاواز بووە، بووە بە داسك و دەرزی. ئێسکی کەڵەمەی لە ژێرەوە قەمسەڵە تەپوتۆزاوییەکەی دەجوڵاندەوە، شانەکانی لە لاوازیدا، دەرپۆقی بوون، قورتمی بەو مووە سوورانەی سەریەوە، بەەر ملە باریکەکەیەوە، منداڵانەو سەیر دەینواند... ئیلی نیچنا تا زیاتر سەیری بەدەنی چەماوەو دەموچاوی مۆم ئاسای "بکوژی" دەکرد، لە ناخی خۆیدا زیاتر هەستی بە نیگەرانی دەکرد، وەکو ئەوە بوو، شتێك لە هەناویا هەرەسبێنێ. لە ناکاوا، بەزەییەکی چاوەڕوان نەکراو، سەبارەت بەم پیاوە، کە زۆری دەبوغزاند، لە دڵ و دەروونیا بێدار بووەوە. هەمان ئەو بەزەییە دایکانایەی، کە بەهێزترین ژنان دێنێتە سەر چۆکان. ئیلی نیچنا، هەر چەندی کردو کۆشا، ئەو هەستەی پێنەشاردرایەوە، قاپێ شیری پڕی لە میشکا بردە پێشێ و گوتی:

– توبی ئەو خوایە، نان باش بخۆ! ئەوەندە لەڕو لاوازی، بەشەر بە دیتنت دڵی، هەڵدەشێوێ... بەم حاڵەوە خوازگاریمان لێدەکەی!

((٣))

ئیدی لە گوندا، مقۆ مقۆ، دەربارەی کوشیڤۆی و دونیا دەستی پێکرد. ڕۆژێك، ژنێك لەلای ئەسکەلەی سەر ڕوبارەکە تووشی دونیاشکا بوو، بە بەدخوایی و تەشەرێکی بێپەردەوە گوتی: "چیە میخائیلتان بە کرێ گرتووە؟ لەوە ناچێ جارێکی دی لە ماڵی ئێوە بچێتە دەرێ..."

بەڵام ئیلی نیچنا، بە قینا چوو بوو، کچەکەی چەند لێی دەپاڕیەوە کە قاییل بێ بیدات بە میشکا، ئەو زیاتر دەچوو بە قیناو پتر پێی دادەگرت: "شتی وا نەبووەو نابێ، قەت نەمداوی بەو کوڕەو ناتدەم! هەرگیز دوعای خێرتان بۆ ناکەم!" کاتێ ئیلی نیچنا لەو قەرارەی خۆی پاشگەز بووەوە، کە دونیاشکا، هەڕەشەی کرد کە ماڵ بە جێدێڵێ و ڕەدووی میشکا دەکەوێ و دەچێت لە گەڵ ئەودا دەژی و، یەکسەر کەوتە کۆکردنەوەی کەلو پەلەکانی خۆی، هەنگێ ئیلی نیچنا، کەمێك دایە نەرمکێشی و بە ترسەوە هاواری کرد:

– ئاخر باش بیربکەوە، کەمێك هۆشت بێ، من بە تەنیا چی لەم منداڵانە بکەم؟ یانی دەبێ ئێمە بمرین؟

دونیاشکا، بە دەم دەرهێنانی شتەکانی خۆیەوە، لە یەغدانەکەدا، بە کاوەخۆ گوتی:

– خۆت دەیزانی دایکە، بەڵام من نامەوێ ببمە گەپچاڕی خەڵکی گوند.

ئیلی نیچنا، ماوەیەك بە بێدەنگی لێوی جوڵاند، ئەوسا بەپێ خشکێ، بە زەحمەت، تا سەرووی ژوورەکە ڕۆیی و ئیکۆنەکەی هەڵگرت و لە بن لێوانەوە گوتی:

– باشە، کچەکەم... مادام تۆ وات گەرەکە، با وابێ، خوا موبارەکی بکات، وەرە...

دونیاشکا، بە گوێڕایەڵی و بەوپەڕی خۆشی کەوتە سەرچۆکان. ئیلی نیچنا دوعای خێری بە سەرا خوێندو بە دەنگی لەرزۆك گوتی:

– دایکم، خودا عافوی بکات، بەم ئیکۆنەیە موبارەك بایی لێکردم...ئاه، ئەگەر ئێستا ماباو دەی بینیت... لە بیرتە، چی دەربارەی ئەو کەسە دەگوت کە دەتەوێ شووی پێبکەیت؟ مەگەر خوا بە خۆی بزانێ ئەم کارەی چەند لە دڵ گران دەبوو....

بە بێدەنگی ڕووی وەرگێڕاو چوو بۆ بەر هەیوانەکە.

میشکا چەندی هەوڵدا کە قەناعەت بە دەزگیرانەکەی بکات تا دەسبەرداری ڕێوڕەسمی ئاینی ببێت، کەچی کچەی سەر سەخت دەستبەردار نەبوو و نەبوو. میشکا ناچار بە نە بەدڵی ملی دا. لە کاتێکا نەفرەتی لە هەر هەموو شتێکی دنیا دەکرد، وەکو ئەوەی بۆ ئەشکەنجەخانەی ببەن، ئامادەی ڕێوڕەسمی مەزەبی بوو. ڤیساریون، شەوێ ئەو دووەی لە کڵێسا چۆڵ و هۆڵەکەدا لێکدی مارە بڕی و دوای تەواو بوونی ڕێوڕەسمەکە موبارەك بایی لیکردن و بە زمانێکی ئامۆژگاریانەوە گوتی:

– ها، هاوڕێی سوڤیاتی گەنج، دەبینی چەرخی ڕۆژگارو ژیان چۆن دەسوڕێت؟ پارەکە، تۆ بە دەستی خۆت ئاگرت لە ماڵەکەی من بەردا، یا وەکو دەڵێن کردت بە خۆراکی ئاگر، کەچی ئەمڕۆکە دەبێ من لێکدی مارەتان ببڕم... ئاخر بۆیە گوتوویانە: "کانییەك ئاوت لێخواردەوە بەردی تێفڕێ مەدە، نە با ڕۆژێك پێویستت پێی ببێتەوە." بەڵام وێڕای ئەوەش من گوێی نادەمێ، خۆشحاڵم کە بە پێی خۆتان هاتوون و ڕێگای کڵێسای مەسیحتان گرتووە.

میشکا لەوەی پتر تەحەمولی نەکرد. بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە کڵێسایەکەدا بوو. زاری لەبەر یەك هەڵنەهات. لە شەرما و لە تەریقیدا، لە دڵەوە بە گژ خۆی و بێباشاری خۆیدا دەچوو. بەڵام کە گوێی لەو تەشەرو توانجەی کەشیشەکە بوو، مۆڕەیەکی لێکردو بۆ ئەوەی دونیاشکا گوێی لێی نەبێت، لە بن لێوانەوە وەڵامی دایەوە:

– حەیفێ کە ئەو کاتە لە گوندی هەڵاتبووی، دەنا ڕاست تۆی شەیتانی بە ڕیش و یاڵم لەگەڵ ماڵەکەتا دەسووتاند! تێگەییشتی؟ .

کەشیشەکە، سەری لەم وەڵامە چاوەڕوان نەکراوە سوڕما، لە جێی خۆی حەپەساو بەدەم چاو تروکاندنەوە لە سەرپای میشکا ورد بووەوە، بەڵام میشکا، سەری قۆڵی دەزگیرانە گەنجەکەی گرت و بە تووڕەیی گوتی: "با بڕۆین!" لە کاتێکا چەکمە عەسکەرییەکانی دەکێشان بە عاردیدا، بەرەو دەرگا ڕۆیی.

لەم زەماوەندە، ساردو سڕەدا نە ڤۆدگایەك خورایەوە، نە گۆرانیەك گوترا. پروخۆر زیکوف، کە وەکو برا زاوا لەم زەماوەندە دا بەشداری کردبوو، بۆ سبەینێ لای ئەکسینیا کەوتبووە گلەیی و گازاندەو تف کردن:

– ئاخر، توخوا ئەمەش بوو بە زەماوەند! میخائیل، لە کڵێساکەدا نازانم چ بە کەشیش گوت کە دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو! دەزانی شێوەکەیان چی بوو؟ مریشکی برژاو بە ماستی ترشەوە... خۆ هیچ و پوچانە، دەیانتوانی، سەرو پێك ڤۆدگامان بدەنیّ!

گریگۆری ئەگەر دەیبینی خوشکەکەی چۆن شایی و زەماوەندنێکی کردووە!... دەیکێشا بە سەری خۆیدا! نا، بە ڕاستی ئەمانە لە تامیان دەرکرد! جارێکی دی بە حەیاتم ناچمە ئەم زەماوەندە تازە مۆدانە. باوەڕبکە زەماوەندی سەگان لەم جۆرە زەماوەندە خۆشترە: بەلای کەمەوە، گەمالآن، تووکی یەکدی ڕادەکێشن، شەڕێك دەکەن، هەراو هەنگامەیەك دەنەنەوە. بەڵام، لێرەدا، نە چۆرە شەرابێك، نە هەڵپەڕکێیەك، نەگۆرانییەك، عەمرتان نەمێنیّ، ئاوەها! باوەڕبکە بە ڕادەیەك پەست بووم تا بەیانی خەو نەچووە چاوم، بەدەم گینگڵ دانەوە هەر پێم دەکرا خۆ بخورێنم، دەتگوت یەك مست کێچیان کردووە بە گیانمەوە...

لەو ڕۆژەوە کە کوشیڤۆی لە ماڵی میلیخوف گیرسایەوە، هەموو شتێك لە موڵك و ماڵەکەیاندا گۆڕا: لەماوەیەکی کەمدا پەرژینەکەی نۆژەن کردنەوە، وێنجەکەیانی لە دەشت هێنایەوە و لە شوێن خەرمانەکەدا، وەستایانە هەڵیدایەوە. بۆ تەدارەکی درەوی گەنم، پەڕو باڵی شەپشەپەکەی (مەکینەی درەو) گۆڕین. شوێن خەرمانەکەی بە جوانی ماڵی و پاککردەوە. کاکوتە کۆنەکەی چاك کردەوە، زین و قایش و قوروشی ئەسپەکەی چاك کردەوە، چونکە لە دڵی خۆیدا بە تەما بوو ئەم جووتە گایە بە ئەسپێك بگۆڕێتەوە. چەند جارێك بە دونیاشکای گوت: "پێویستە ئەسپێك بۆ خۆمان پەیدا بکەین، چونکە کە پیاو دوای ئەم دوو کەڵەگا نیر بە ملە دەکەویّ، وەکو ئەوەیە بە دوای جەنازەدا بڕوات، گیانی دەردەچێت."

ڕۆژێك بە ڕێکەوت، لە عەمارەکەدا، سەتڵێکی چکۆلەی بۆیەی سپی و نیلی بینی و یەکسەر لێبڕا، کە تەختەی دیوی دەرەوەی پەنجەرەکان، کە لە کۆنیادا تەواو کاڵ بوو بوونەوە، بۆیە بکاتەوە. ئیدی لەوە بەدواوە، ماڵەکەی میلیخوفان، کە بە پەنجەرەێن تازە بۆیە کراوەوە دەیانڕوانیە دنیا، لە تۆ وایە گەنج بووەتەوە...

میشا، سەلماندی کە جووتیاێکی کۆشیارو بە توانایە. بە هەموو نەخۆشیەکی خۆیەوە، بەردەوام خەریکی کاربوو. دونیاشکاش، لە هەموو شتێکدا هەر یارمەتی دەدا.

لەم چەند ڕۆژە کەمەی ژیانی ژن و مێردایەتیەدا، دونیاشکا بە ئاشکرا جوانتر بوو بوو، شان و شەپیلك و سمت و کەفەڵی پان بوو بوو. چاو و تەمشاکردنی، ڕەفتاری، جۆری تەسریحەی قژی، هەر هەمووی گۆڕا بوو و شێوازێکی تازەی گرتبووە خۆ. ئەو هەڵشەییە منداڵانەیەی جارانی نەما. دەم بە خەندە، ئارام و هێمن، بە چاوانی تەژی ڤیان و ئەشقەوە دەیڕوانیە مێردەکەی و جگە لەو هیچ شتێکی دەوروبەری خۆی نەدەبینی، ئەدی چۆن، شادمانی تازە، هەمیشە نابینایە.

بەڵام ئیلی نیچنا، ڕۆژ بە ڕۆژ، پتر هەستی بە قورسی باری تەنیایی دەکرد. ئێستا لەم ماڵەدا، کە نزیکەی هەموو تەمەنی خۆی تیا بە سەر بردبوو، زیادە بوو. دونیاو مێردەکەی بەجۆریّ سەرگەرمی کار بوون، کە دەتگوت، هێلانەیەك لە شوێنێکی تازەدا بۆ خۆ دروست دەکەن. لە هیچ کارێکی موڵکەکەدا پرسیان پێنەدەکرد و ڕەزامەندی ئەویان لا گرینگ نەبوو. تەنانەت لە

قسەکردنیشا، هیچ مجامەلەیەکیان نەدەکرد. تەنیا لە کاتی نانخواردندا، کاتێ لە سەر خوانەکە خڕ دەبوونەوە، چەند قسەیەکی ڕۆتینیان دەگەڵ دەکردو پاشان ئیلی نیچنا، دەگەڵ تەنیایی خۆیدا لە فکران ڕادەچوو. بەختەوری کچەکەی، دڵی خۆشنەدەکرد، حوزوری پیاوێکی بێگانەی لەوماڵەدا، ( زاواکەی هێشتا لەبەر چاوی ئەو هەر بێگانە بوو) لە بەر گران بوو، ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ لە خۆی بێزار دەبوو، تەنانەت خودی ژیانیش بوو بوو بە بارێکی قورس بەسەر شانییەوە. لە زەرفی یەك ساڵدا، چەندین ئازیزی لە دەست دابوو و ئیدی داخ و کەسەر تەواو تێکیان شکاند بووو بە ڕادەیەك پیر بوو بوو کە پیاو بەزەیی پێیدا دەهاتەوە. لە ژیانیا خەمو پەژارەیەکی زۆری چەشتبوو، خەمو پەژارەیەکی لە تاقەت بەدەر. ئیدی توانای مقاوەمەتی نەمابوو، بەردەوام لەو ترس و نیگەرانییە ئەفسانەییەدا دەژیا کە مادامێکی مەرگ بە ماڵەکەیان فێر بوو بوو، بەو ئاسانیە وازیان لێناهێنێ و چەندین جاری دیکەش، بە سەریان دەکاتەوەو دەرگایان دەترازێنێ. ئیلی نیچنا کە کچەکەی دامەزراند بوو، لە دنیادا تەنیا یەك ئاواتی مابوو: ئەوەندە بمێنێ تا گریگۆری دەگەڕێتەوەو منداڵەکانی پێدەسپێرێت و ئیدی بار سووك و سەر سەلامەت بۆ خۆی سەر بنێتەوەو چاوانی لێکبنێت. لە تەمەنی دوورو درێژی خۆیدا، هێندەی زەحمەت و مەینەتی دیتبوو، کە هەقی خۆی بوو، بە ئاواتی حەسانەوەی یەکجارەکی بێت.

ڕۆژانی درێژی هاوین، بە خاوی تێدەپەڕین. دنیا لە تیشکی هەتاودا نقوم بوو بوو. بەڵام تیشکی گەرمی هەتاو ئیلی نیچنای گەرم نەدەکردەوە، لە قرچەی گەرمادا، ماوەیەکی زۆر لە سەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگا، بە بێجوڵە، دادەنیشت و کەمو زۆر خۆی لە دیاردەو ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی نەدەگەیاند. ئیدی ئەو ژنە کابان و پڕ کارو ئیشکەرەی جاران نەبوو. حەزی لە هیچ کارێك نەبوو، هەموو شتێکی بەلاوە پەشمو بێمانا بوو، هەموو شتێکی بەلاوە کەمبایەخ و نا پێویست بوو. سەرباری ئەمەش، ئەو شنگ و تاقەتەی نەبوو کە وەکو جاران کاربکات. زۆر جار دەیڕوانیە دەستەکانی خۆی. کە ساڵانی دوورو درێژی کارکردن پیرەڵۆکیان کردبوو و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "دەستەکانم، کاری خۆیان کردووە، هەقی حەوانەوەیان هەیە... بەشی خۆم ژیاوم، بە زیادەوە ژیاوم... تەواو، خۆزگە ئەوەندە دەمام تا جارێکی دی گریگۆری-م دەبینییەوە..."

تەنیا یەك جار، ئەویش بۆ ماوەیەکی کەم، شادی ژیان لە ناخیا بێدار بووەوە. ئەویش ئەو کاتەن بوو کە پروخۆر لە ڤیشنسکایاوە دەهاتەوە، هەر لە ڕێگاوەو لە دوورەوە هاواری کرد:

- دایە ئیلی نیچنا، مژدانەم بدەیە! نامەی کوڕەکەتم بۆ هێناوی!

پیرەژن، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. بە تەسەوری ئەو، نامەکە، هەر نامەیەك بێ، بێگومان هەواڵی ناخۆشی تیایە. پروخۆر، نامەکەی، کە زۆر کورت بوو و نیوەی دوعاو سەلام بوو، بۆ ئیلی نیچنا خوێندەوە. گریگۆری، تەنیا لە کۆتاییدا، نووسیبووی کە هەوڵدەدا لە پاییزدا، بە مەرەخەسی بۆ گوند بگەڕێتەوە. ئیلی نیچنا تا ماوەیەك لە خۆشیا، نوتقی بەسترا، نەیدەتوانی هیچ بڵێ. وردە فرمێسکانی، مرواری ئاسا، بە چرچ و لۆچی دەموچاوە ئەسمەرەکەیەوە دەهاتە خوارێ. بە سەری قۆڵی کراسەکەی و بە ناولەپە زبرەکەی فرمێسکەکانی دەسڕی، بەڵام فرمێسکەکانی

نەدەوەستانەوەو بە هەمان گوڕو تاو وەکو بارانی خوڕو گەرم بە سەر بەرهەڵبێنەکەیا دەڕژاو تەڕی دەکرد. پروخۆر، نەك هەر گریانی ژنانی لە بەر گران بوو، بەڵکو تەحەمولیشی نەدەکرد. بۆیە برۆی وێکهێنانەوەو بە پەستی گوتی:

– ئەمە چیە دایە گەورە! تەحا کە خێڵی ژنان حازر گریانن!...دەبوایە خۆشحاڵ ببی، نەك بگریت! دەیسا من دەڕۆم،خوا حافیز، حەزناکەم بەو حاڵەوە بتبینم!.

ئیلی نیچنا، لە پڕ وەخۆ هاتەوە، لە گریان کەوت، پروخۆری ڕاگرت، ئەوسا لە بەر خۆوە پرتە پرتێکی نا مەفهوومی کردو بوتڵێك ڤۆدگای، کە دەمێ بوو هەڵیگرتبوو، لە سەندووقەکەدا دەرهێناو گوتی:

– وەرە، ئەوە مژدانەکەت... گیانەکەمی، ئاخر چۆن بێڵم هەر وا بڕۆیت؟ دابەزە دەبێ دەعواتت بکەم....

پروخۆر دانیشت، دەستێکی بە سمێڵیا هێناو لێی پرسی:

– بەم بۆنە خۆشەوە، تۆش پێکێکم لە گەڵدا دەخۆیتەوە؟

یەکسەر، بە نیگەرانی، لە دڵی خۆیدا گوتی: "پیف! دیسان شەیتان، خۆی بە ژێر زمانما کردەوە! خۆ ئەگەر ئەویش پێکێکی لێبخواتەوە، بوتڵەکە بەشی غەرغەرەیەکی تیا نامێنێ!".

ئیلی نیچنا، قاییل بە خواردنەوە نەبوو. نامەکەی قەدو نوشت کردو لە سەر ڕەفەی ئیکۆنەکانی دانا، بەڵام هەر زوو ژێوان بووەوە، نامەکەی هەڵگرتەوەو ماوەیەك بە دەستەوەی گرت و نایە باخەڵی خۆیو توند بە سینگی خۆیەوەی گوشی.

کاتێ دونیاشکا لە کێڵگە گەڕایەوە، نامەکەی بە وردی خوێندەوەو بە دەم بزەیەکەوە ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– خۆزگە، دەیتوانی زووتر بگەڕێتەوە! دایکە چەند گۆڕاویت!

ئیلی نیچنا، بە توندی نامەکەی لە دەستی ڕاپسکاندو دووبارە لە باخەڵی خۆی نایەوەو بەدەم بزەوە ڕوانیە چاوە ڕەخشانەکانی کیژەکەی و گوتی:

– وام لێهاتووە، کە ئیدی سەگیش پێم ناوەڕن، بەڵام وێڕای ئەمەش کوڕە بچووکەکەم هەر دایکی لە بیرە! بینیت چ نامەیەکی بۆ نوسیووم! بەناوی ڕاستی خۆمەوە، ئیلی نیچنا، ناوی بردووم... نووسیوویەتی، دایکی ئازیزم، سەری ڕێزت بۆ دادەنەوێنم و سڵاو لە منداڵە ئازیزەکانم دەکەم، تۆشی فەرامۆش نەکردووە.... بەچی پێدەکەنی؟ کە گەوجی دونیاشکا، گەوجی تەواو عەیار!

– یانی هەقی ئەوەم نیە پێبکەنم دایکە؟ ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی؟

– دەچم بۆ باخچەکە، پەتاتەکان. پاچە کۆڵە دەکەم.

– خۆم سبەی دەچم، لە ماڵ بمێنەوە. تۆ هەمیشە گلەیی ئەوەتە کە نەخۆشیت، کەچی لە پڕ ئیش بۆ خۆت دەدۆزیتەوە...

– نا، دەڕۆم، دڵم خۆشەو حەز دەکەم بە تەنیا بم.

وەکو کچە عازەب، بە چاپوکی لەچکەکەی لە سەر کرد. لەسەر ڕێی خۆیەوە، سەرێکی بە ماڵی ئەکسینیادا کێشا، لە هەوەڵەوە بۆ مدارای ئەدەبو ئەتەکێت، قسەیەکی لێرەو یەکێکی لەوێوە هێناو بردو پاشان نامەکەی لە باخەڵی خۆی دەرهێنا.

– کوڕەکەم نامەیەکی بچکۆلەی بۆ ناردووین، ویستویەتی دڵی دایکی خۆشبکات. بەڵێنی داوە کە بە مەرەخەسی بێتەوە. ئەوەتانێ، ها بیخوێنەوە دراوسێ گیان، بیخوێنەوە، باجارێکی دی بە کەماڵی ئیسراحەت گوێم لێبێ.

ئیدی لەو ڕۆژە بە دواوە، دەبوایە ئەکسینیا، هەر ماوە نا ماوە کەڕەتێ ئەو نامەیەی بۆ بخوێنێتەوە. ئیلی نیچنا، ئێواریێ دەچووە دیدەنی، زەرفە زەردەکەی، کە بە دیقەت لە دەسماڵێکییەوە پێچا بوو. دەردێناو بەدەم ئاە هەڵکێشانەوە داوای لە ئەکسینیا دەکرد:

– ئەکسینیا گیان، بیخوێنەوە، ئەمڕۆ دڵم تەنگە، دڵم گیراوە. ئەمشەر خەوم پێوە بینی، لە خەوەکەما بچووك بوو، وەکو ئەو کاتانە بوو کە دەچووە مەکتەب...

بە تێپەڕ بوونی ڕۆژان، دێڕێن نامەکە کە بە قەڵەمی ڕەساس نووسرابوو، سڕانەوە، گەلێك لە پەیڤو وشەکان نەدەخوێنرانەوە، بەڵام ئەوە کاری لە ئەکسینیا نەکرد، هێندەی نامەکە خوێند بووەوە، ئیدی هەمووی ئەزبەر کردبوو. پاشتریش کە کاغەزە تەنکەکەی نامەکە دڕاو. پارچە پارچە بوو، دیسان ئەکسینیا پەکی نەکەوت، نامەکەی لە هەوەڵەوە تا کۆتایی، لە بەرو، بێ ئەوەی گرێی بێنێتە بەر، بۆ دەخوێندەوە.

دوای دوو هەفتە، ئیلی نیچنا هەستی کرد نەخۆشە، دونیاشکا سەرقاڵی گێرەو خەرمان کوتان بوو، ئیلی نیچنا نەیدەویست لە ئیشو کاری بکات. بەڵام نەیدەتوانی بە چێشت لێنانو نانوخوان ڕابگات.

بە کیژەکەی گوت:

– ئەمڕۆ، ناتوانم لە جێگا هەستم. هەر چۆنێ بووە تەگبیری حاڵی خۆتان بکەو نانو خوان بۆ خۆتان ئامادە بکە.

– بۆچی،کوێت دێشێت دایکە؟

ئیلی نیچنا، چرچو لۆچی کراسە کۆنەکەی ساف کردو بێئەوەی چاو هەڵبڕێ بەرسڤی دایەوە:

– ئازای ئەنامم دەزریکێنێ... لە تۆ وایە هەموو ئێسقانەکانم شکاون... بە گەنجی، هەندێجار باوکت، خوا عافووی بکات، کە تووڕە دەبوو، دەکەوتە وێزەم... مستەکانی دەتگوت ئاسنن... ئیدی لە پەلوپۆی دەخستم، وەکو مردوو، یەك هەفتە لەجێدا دەکەوتم. ئێستاش عەینی ئەو کاتانە وام: ئازای ئەنامم دێشێت، دەڵێی دارکاری کراوم...

– دەتەوێ میخائیل بنێرم بە دوای پزیشك یارەکەدا؟

– چ پێویست دەکات! ئاخری هەر هەڵدەستمەوە.

ئیلی نیچنا، بۆ بەیانی لە جێ هەستاو کەوتە هاتوچۆ بە نێو حەوشەکەدا، بەڵام بۆ ئێوارە، دیسان ناچار بوو لە جێدا بکەوێتەوە. ڕوخساری کەمێك ئاوسا بوو، ژێر چاوەکانی بڵقی کردبوو. شەوێ چەند جارێك لە سەر ئانیشکان هەستا بوو و سەری لە سەر سەرینەکە بەرز

کردبــووەوە. بــە زەحمــەت هەناســەی دەداو نەفەســی تــەنگ دەبــوو. دوای تــۆزێ ئــەم تەنگــە نەفەسییەی لێبووەوەو توانی بە ئاسوودەیی، لە سەر پشت ڕابکشێت و تەنانەت هەڵیش بسێ. چەند ڕۆژێکی بە ئارامی و ئاسوودەیی بە سەر برد. حەزی دەکرد بە تەنیا بێ، کاتێ کە ئەکسینیا دەهاتە دیدەنی و هەواڵپرسی، زۆر بە کورتی وەڵامی دەدایەوەو هەرکە ئەو دەڕۆیی هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵدەکێشا. خۆشحاڵ بوو بەوەی کە منداڵەکان زۆربەی کات لە حەوشەکەدا بوون و دونیاشکا بەدەگمەن لە ماڵ بوو و بە پرسیاران، بێزاری نەدەکرد. ئیدی بە هیچ جۆرێ پێویستی بە دڵدانەوەو مداراو بەزەیی نەبوو. پێویستی بە تەنیایی بوو، تا شریتی عومری ڕابردووی دەور بکاتەوە. بە چاوانی نیوە نوقاوەوە، لە کاتێکدا تەنیا قامکە ئاوساوەکانی، لە ژێر پەتۆکەوە دەجوڵانەوە، بە سەعاتان بە بێجوڵە پاڵدەکەوت و شریتی عومری ڕابردووی بە بەرچاویا تێدەپەڕی.

سەری لەوە سووڕمابوو کە ئەم ژیانە چەند کورت و پووچ بوو، چەند بە خەم و پڕ پەژارە بوو، بە ڕاستی زۆربەی هەرە زۆری شایستەی ژیان نەبوو. لەم گەشتی خەیاڵ و یادەوەرییانە، زۆربەی کات دەگەڕایەوە سەر گریگۆری. ڕەنگە هۆی ئەمە ئەوە بووبێ کە لە ماوەی ئەم هەموو ساڵانەی شەڕدا، بە ردەوام لە خەمی ئەودا بووبێ و بۆ ساتێك لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی ڕەها نەبووبێ. هەروەها لەبەر ئەوە بووبێ، کە تاقە شتێك بە ژیانەوەی دەبەست، هەر ئەو بوو. یان لەبەر ئەوە بووبێ، کە خەمی کوڕە گەورەکەی و مەرگی مێردەکەی، بە تێپەڕ بوونی زەمان، لە جۆش کەوتبوو و کاڵ بووەوە. بە هەرحاڵ بە دەگمەن وەیادی دێنانەوە، وەکو ئەوە بوو لە پشت تەپو دووکەڵێکی چڕی شینباوەوە وەکو تاپۆیەك بیان بینێ. هەڵبەتە گەنجێتی و ساڵانی مێرداری خۆی بە بێ مەیلییەوە وەیاد دێنایەوە. ئیدی ئەمە لە کەڵك کەوتبوو، زۆر دوور کەوتبووەوە، نە شادی بۆ دێناو نە ئاسوودەیی. کە بیری لە ڕابردووی خۆی دەکردەوە، هیچ ئۆخژنێکی لە دڵ و دەروون نەدەگەڕا. بەڵام کە دەهاتە سەر کوڕە چکۆلەکەی، بە شێوەیەکی زۆر سەیر، ڕوون و ئاشکرا، لە یادگەی بەرجەستە دەبوو. ئەم یادەوەرییە یەجگار دژوار بوو، چونکە لەو دەمەدا دڵی دەکەوتە پەلەپەل و لێدانی توند. ئەوسا هەناسەی تەنگ دەبوو، ڕوخسارو سیمای ڕەش هەڵدەگەڕا، لە خۆ دەچوو، بەڵام کە وەخۆ دەهاتەوە، دیسان مەلی خەیاڵی لە سەر ئەو دەگیرسایەوە، هەرچی دەکردو دەکۆشا، نەیدەتوانی کوڕە چکۆلەکەی لە یادبکات...

ڕۆژێك، لە ژووری میوان ڕاکشا بوو، لە پشت پەنجەرەکەوە، هەتاوی نیوەڕۆ، هەموو دنیای لە هەمێز گرتبوو. لە کلکەی باشووری ئاسمانەوە، پەڵە هەورێن سپی، بە دەم بای سەرکێشەوە، لە قوڵایی ئاسمانی شیندا، بەوپەڕی شکۆوە، مەلەیان دەکرد. خامۆشیەکی گۆنگ و خەمین باڵی بەسەر دنیادا کێشا بوو، هیچ شتێك ئەم خامۆشیەی نەدەشڵەقاند، تەنیا دەنگی یەکنەوای خەمین و خەواڵووی کلو ومێروان نەبێ. لە دەرەوە، لە ژێر پەنجەرەکەدا، کۆمەڵێك گیا لە بن دیواری ماڵەکەدا ڕوا بوو و تیشکی هەتاوەکە لێی نەدەدان و سیس نەبوو بوونەوە بریتی بوون لە گیاو جۆی کێوی، ئیدی بوو بوو بە پەناگەی کلو و مێروان، ئیلی نیچنا، گوێی لە نەوای لە پەستاو بێپسانەوەیان دەگرت، بۆنی ئەو گیایانە دەهاتە ژوورەوە. لە چاو تروکانێکدا دیمەنی

دەشتی گەرمەسێری مانگی ئاب، بە تەبارە گەنمی زێڕین‌و ئاسمانی شینەوە کە تەنکە تەمێکی کەوەیی بەر گرتبوو، لە بەر چاویا بەرجەستە بوو...

گاجووتەکانی، بە ڕوونی لە کەناری کێڵگەکەدا دەبینی کە لە بڕنججاڕەکەدا، دەلەوەڕین عەرەبانەکەی دەبینی، کە ساباتێکی قوماشی بۆ کرابوو. گوێی لە زیکە زیکی کولو و مێروەکان بوو، بۆنی کەسکون‌و تیژی ئەفسەنتینی بە سەردا دەهات... خۆی دەبینی، کە گەنج‌و کەڵەگەت‌و جوانە... بە هەشتاو دەڕۆیی بەرەو لای وەرزێرو پاڵەکان. مەلۆی گەنم لە ژێر پێیدا دەکەوتە خشە خش‌و قەسەڵ دەچوون بە پووزە ڕووتەکانیا. گڕەبا، کراسە ئارەقاویە تەڕەکەی، کە لە ناو قەدەوە نابوویە ناو تەنوورەکەی، بەسەر پشتیەوە وشك دەکردەوەو دەچزا بە مل‌و گەردنیا. ڕوخساری سوور دەبووەوەو هوڕوژمی خوێن، لە گوێچکەکانیا دەنگی دەدایەوە، بە قووڵی هەردوو مەمکە قورس‌و سفت‌و پڕ شیرەکانی ڕادەگرت، هەرکە گوێی لە گریەی منداڵەکەی دەبوو، پێی هەڵدەگرت‌و بەدەم ڕێکردنەوە، دوگمەی یەخەی کراسەکەی دەکردەوە.

کە دەگەییە دیار گریشکای وردیلەی ئەسمەر، لە جولانەکەی، کە بە ژێر عەرەبانکەوە هەڵیواسی بوو، دەردێنا، لێوە وشکەکەکانی بزەیەکیان دەکەوتە سەر. پەتی ئەو خاچەی کە لە ملیا بوو و لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، بە ددان دەگرت‌و خێرا مەمکی لە زاری منداڵەکە دەنات‌و لەبن لێوانەوە دەڵێت: "دایکە لە دەورت گەڕێ، گیانەکەم! ڕوحەکەم!... دایکت لە برسا کوشتوویتی!...."

گریشکا، بەدەم گریەوە، گۆی مەمکی دەمژێت‌و ناو بە ناو بە پووکەکانی، گازێکی توندی لێدەگرێت.

پیاوێکی گەنج، بە سمێڵێکی ڕەشەوە -باوکی گریشکا- بە دیاریانەوە وەستاوەو داسەکەی خۆی لە هەسان دەدات‌و تیژی دەکاتەوە. ڕاستە ئەم دایکە چاوی دانەواند بوو، بەڵام لە ژێر برژانگەکانیەوە، بزەی پیاوەکەی‌و سپێنەی ئامال شینی چاوە ڕەخشانەکانی دەبینێ... لە گەرما هەناسەی سوار دەبێت، ئارەقە بە هەنیەیدا دێتە خوارێ‌و ختووکەی گۆناکانی دەدات‌و ئیدی ڕوناکی هەتاوەکە ئاوا دەبێت‌و بەرچاوی تاریك دەبێت‌و...

ئیلی نیچنا، وەخۆ هاتەوە دەستێکی بە دەموچاویا، کە لە فرمێسکا هەڵکشا بوو، هێناو، ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی، بەدەم تەنگە نەفەسیەوە مایەوەو ناو بە ناو دەبورایەوەو لە هۆش دەچوو. ئەوە شەوە، درەنگانێ، دوای ئەوەی دونیاشکاو مێردەکەی چوون بخەون، ئیلی نیچنا، هەموو تین‌و تاوێکی خۆی وەگەڕخست و لە جێگا هەستاو خۆی گەیاندە ناو حەوشە. ئەکسینیا کە بەو درەنگە شەوە، لە چێڵە لە گایەل دابڕاوەکەی خۆی دەگەڕا، بۆ ماڵی خۆی دەگەڕایەوە. ئیلی نیچنای بینی کە هێدی هێدی و بەلارە لار بەرەو خەرمانگایەکەیان دەڕوات. ئەکسینیا، حەپەسا، لە دڵی خۆیدا گوتی: "بەم نەخۆشییە، بۆچی بۆ ئەوێ دەڕوات؟" بەبێدەنگی خۆی گەیاندە پاڵ پەرژینی خەرمانگایەکەی ماڵی میلیخوف و کەوتە تەمەشاکردن. مانگ چواردە بوو، شنە بایەك لە دەشتی دۆنەوە دەهات. خەرمانی کا، سێبەرێکی خەستی خستبووە سەر خەرمانگا خاوێنەکە. ئیلی نیچنا بە هەردوو دەستان خۆی بە پەرژینەکەوە گرتبوو، دەیڕوانیە

دەشــتەکە، کــە وەرزێــران‌و دروێنــەوانان، ئاگرێکیــان کردبــووەوە، لــە دووری دوورەوە، وەکــو ئەســتێرەیەکی چـکۆلەی دووره دەســت دەدرەوشــایەوە. ئەکســینیا، ڕوخســاری هــەڵکفاوی ئیلــی نیچنای، کە تریفەی شینباوی مانگەکە لێی دەداو پرچە سپییەکەی لـە ژێر لەچکە ڕەشەکەیەوە، هاتبووە دەرێ، بە جوانی دەبینی.

ئیلـی نیچـنا، ماوەیـەکی زۆر، بـەو دەقـەوە، چـاوی بڕییـە دەشـتە تاریـك‌و نوتەکەکـە، ئەوسـا بـە کاوەخۆ، وەکو ئەوەی کوڕەکەی لەوێدا، لە تەنیشتیا وەستابێ، بانگی کرد:

– گریشا! باوانەکەم! کوڕە ئازیزەکەم!

دەمێك بێدەنگ بوو، ئەوسا بە دەنگێکی نزمتر گوتی:

– گیان‌و دڵەکەم!...

تـرس‌و نیگەرانیـەکی گـۆنگ، لـە سـەراپای ئەکسـینیا نیشـت، سـەراپای کەوتـە لـەرزین، خێـرا لـە پەرژینەکە دوور کەوتەوەو بەرەو ماڵی خۆی پەل بووەوە.

ئـەو شـەوە ئیلـی نیچـنا، بـۆی دەرکـەوت کـە بـەو زوانـە دەمرێـت‌و مـەرگ بـەر دەرکـەی پێگرتـووە. بەرەبـەیان کراسـەکەی گریگـۆری لـە سـەندووق دەرهێنـا، قـەدی کـردو لـە ژێـر سـەرینەکەی خـۆی داینـا، هـەروەها کفـنی قـەبرو ئـەو کراسـەی کـە دەبوایـە، دوای دوا هەناسـە لەبـەری بکـەن، ئامـادە کرد.

بەیانی، دونیاشکا، وەکو هەمیشە، چوو بۆ هەواڵپرسی دایکی.

ئیلی نیچنا، کراسەکەی گریگۆری کە بەدیقەت قەدی کردبوو، لە ژێر پشتیەکەیەوە دەرهێنـاو بـە بێدەنگی بۆ دونیاشکای درێژ کرد. دونیاشکا، بە سەرسامی پرسی:

– ئەمە چیە؟

ئیلی نیچنا، بە دەنگێکی هێندە نزم کە بە ئاستەم دەبیسترا، گوتی:

– کراسی گریشایە... بیدە بە مێردەکەت با لەبەری بکات. کراسـەکەی خـۆی کـۆن بووەو بێگومـان لە ئارەقەدا ڕزیوە...

دونیاشکا، تەنوورە ڕەشەکەی دایکی، کراس‌و پاپووجە قوماشەکانی بینی کە حـازرو ئامـادە لـە سەر سەندووقەکە دانرابوون، ئەمانە ئەو شتانەن، بەر لە ناشتن لە بەر مردووان دەکرێن.

دونیاشکا، کە ئەوانەی بینی ڕەنگی سپی بوو، دڵی داخورپا.

– دایکە، ئەمانەت بۆ ئامادە کردووە؟! تـو زاتـی خـوا لایـان بدە! بێقـەزابی، هێشـتا وەخـتی ئـەوەت نییە بیر لە مردن بکەیتەوە!

ئیلی نیچنا، لە بن لێوانەوە گوتی:

– نـا، ئیـدی ئەجـەل نزیـك بووەتـەوە... نـۆرەی منـە... ئاگـات لـە منداڵـەکان بـێ، تـا گریگـۆری دەگەڕێتـەوە، لێیـان غافڵ مەبـە... مـن دەزانم، ئەوەنـدە نـاژیم کـە جـارێکی دی بیدینمـەوە... ئـۆف ئەوەندە ناژیم کە!...

ئیلی نیچنا، بۆ ئەوەی دونیاشکا، ڕوندکەکانی نەبینێ، ڕووی کردە دیوارەکەو سەرپۆشەکەی دا بە سەرو چاوی خۆیدا.

دوای ئەوە بە سێ ڕۆژ، مرد. چەند ژنێکی پیری ناسیاو، جەنازەکەیان شت، کفنیان لەبەر کردو لەسەر مێزەکەی ژووری میوان ڕایانکشاند. شەوێ ئەکسینیا هات تا دوعا خوازی لە مردووەکە بکات. زۆر بە زەحمەت، توانی سیمای مەغروورو فرناخی ئیلی نیچنای جاران، لەم ڕوخسارە مەندو جوانەی ئەم پیرەژنەدا بناسێتەوە. لە کاتێکا کە لێوی دەنایە سەر هەنیەی ساردو زەردی مردووەکە، چاوی بەو چەپکە قژە، سپیواژەکە کەوت، کە لە ژێر سەربەندە سپیەکەیەوە، هاتبووە دەرێ، هەروەها سەرنجی گوێچکە چکۆلەو خڕەکەی دا، کە لە گوێچکەی ژنانی گەنج دەچوو.

ئەکسینیا، بە ڕەزامەندی دونیاشکا، منداڵەکانی بۆ لای خۆی برد. منداڵەکان، لەم مەرگە تازەو کوتو پڕە حەپەسا بوون، ئەکسینیا نانی دانیێو دەگەڵ خۆیدا خەواندنی. کە منداڵەکانی، ئەو پیاوەی کە خۆشی دەویست، بە خۆوە دەگوشین هەستی بە شتێکی سەیر دەکرد. هەر یەکەیان لە لایەکیەوە پاڵکەوتبوو. ئەوسا بۆ ئەوەی سەر گەرمیان بکاتو مردنەکەی دایە گەورەیان لە بیر بەرێتەوە، کەوتە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکو حیکایەتانەی کە خۆی بە منداڵی بیستبوونی. ئەکسینیا بە نەرمی، بە دەنگێکی خۆش، چیرۆکی ڤانیوشکا، کوڕە هەتیوە بێ نەواکەی بۆ گێڕانەوە:

ئەی قازو قورینگان
بمخەنە سەر باڵە سپییەکانتان
هەڵمگرن، بمبەن بۆ دوور،
بۆ وڵاتو زێدی خۆم
بۆ خاکی خۆشەویستی باوانم...

پێش ئەوەی حیکایەتەکەی تەواو بکات، منداڵەکان هێدی هێدی کەوتنە مشەمشو خەویان پێدا کەوت. میشاتکا لە قەراخ تەختەکەیا خەوتبوو و دەموچاوی ڕێك نابوو بە شانی ئەکسینیاوە. ئەکسینیا، بە حەرەکەیەکی شانی خۆی، سەری منداڵەکەی، کە بە پشتا کەوتبوو، هێدی هێدی ڕاستکردەوە. لە ناکاوا خەمێکی بێئامان بە جۆرێ لە دڵو دەروونی ئالا، هەستی دەکرد خەریکە بخنکێ. گریا، ئەمما گریان، سەری بە هەنسکانەوە هەڵدەگیرا، ئازای ئەنامی بەدەم گریانەوە تەکانی دەداو کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوتو تەنانەت نەیتوانی فرمێسکەکانی خۆیشی بسڕێت، چونکە منداڵەکانی گریگۆری لە هەمێزیدا نووستبوونو نەیدەویست بێداریان بکاتەوە.

((٤))

کوشیڤوی، دوای مەرگی ئیلی نیچنا، بوو بە هەمە کارەی ماڵ، خاوەنی بێ هەڤرکی ماڵ بوو، دەبوایە، بە هەموو حاڵو حیسابێك بە جۆشو خرۆشێکی زیاترەوە شان بداتە بەر کارو خزمەتکردنی کێڵگەو مەزرایەکە، بەڵام لە ڕاستیا ڕێك پێچەوانەی ئەم حاڵەتە بوو: ڕۆژ بە ڕۆژ، خاوتر دەبووەوەو خۆی لە کار دەدزییەوە، لە جاران زیاتر لە ماڵ دەردەچوو و شەوان تا درەنگانێ لە سەر قاڵدرمەکان دادەنیشتو سیغاری دەکێشاو لە فکران ڕادەچوو.

دونیاشکا، هەڵبەتە هەستی بەو گۆڕانە دەکرد کە لە مێردەکەیدا ڕووی دابوو، هەرچەندە میشکا لەوەپێش بە دڵ و گیان کاری دەکرد، کەچی ئێستا، لە خوتو خۆڕایی، تەور یان بێڵچەکەی دادەناو بە ناوی ئیسراحەتەوە لە سووچێکا دادەنیشت. لە کێڵگەشدا، لە کاتی تۆودانی زوڕاتی پایزەدا، هەروا بوو: میشکا دوای ئەوەی یەك دوو لاتی تۆو دەدا، ئیدی گایەکانی ڕادەگرت، سیغارێکی دەپێچایەوەو ماوەیەکی زۆر لە سەر ئەرزە کێڵراوەکە دادەنیشت، نێوچەوانی گرژ دەکردەوەو سیغاری دەکێشا.

دونیاشکا، کە خووی کار دۆستی لە بابیەوە بۆ مابووەوە، بە نیگەرانی بیری لەم دیاردەیە دەکردەوەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "زۆر نەفەسی کورتە... یان نەخۆشە، یان ڕێك کابرایەکی تەمەڵ و تەوەزەلە. من لەگەڵ مێردێکی وادا جگە لەسەر یەشە هیچ شتێکی دیکە نادورمەوە! دەڵێی بێگاری پێدەکەن. نیوەی ڕۆژەکە خەریکی سیغارکێشانەو نیوەکەی تریشی پاڵکەوتووەو خەریکی خۆ هەڵکڕاندنە، ئیدی هیچ کاتێك بۆ کارکردن نامێنێتەوە... پێویستە بە نەرمی، بە شێوەیەك کە زویری نەکەم قسەی لە گەڵدا بکەم. دەنا ئەگەر بەمجۆرە بە کاروباری ماڵ ڕابگات، هەمیشە کەشکمان فەریك دەبێت..."

ڕۆژێك، دونیاشکا، بە پارێزەوە لێی پرسی:

– میشکا. ئەریٚ تۆ گۆڕاویت، خۆ نەخۆشیەکەت هەڵی نەداوەتەوە؟

میشکا تووڕە بوو، گوتی:

– کام نەخۆشی؟ ژیان لێرە ئەوەندە ناخۆشە، پیاو بە بیٚ تیفۆ و تاو لەرزیش نەخۆشە.

گاجووتەکانی دەنگداو دوای بەزارەکە (مەکینەی تۆودان) کەوت.

دونیاشکا، بە گونجاوی نەزانی لەوەی پتر بە تانی قساندا بچیٚ. چونکە بە هەرحاڵ، ژن هەقی ئەوەی نەبوو ڕێنوێنی و ئامۆژگاری مێردەکەی بکات. گفتوگۆیەکەیان لێرەدا بڕایەوە.

هەڵبەتە دونیاشکا، لە بۆچوونەکانیا هەڵە بوو. تاقە هۆیەك کە نەیدەهێشت میشکا بە هەمان جدیەتی جارانی خۆیەوە کاربکات، ئەوە بوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ، زیاتر قەناعەتی لە لا دروست دەبوو، کە زۆر زوو بۆ گوندەکەی گەڕاوەتەوە. کاتیٚ کە لە ڕۆژنامەی هەرێمدا، هەواڵەکانی شەڕگەی دەخوێندەوە یان شەوان گوێی لە قسەو باسی ئەو قۆزاقانە دەگرت کە لە خزمەتی سوپای سوور مەرەخەس بوو بوون، پیشی دەخواردەوەو بە پەستی بە خۆی دەگوت: "زۆر زوو دەستم دایە کاری جووتیاری، زۆر پەلەم کرد..." ئەوەی زیاتر نیگەرانی دەکرد، هەڵوێستی خەڵکی گوندەکەیان بوو: هەندێکیان بە ڕاشکاوی دەیانگوت حکومەتی سۆڤیاتی بەر لە هاتنی زستان هەرەسدێنیٚ. یان ورانگل، توانیویەتی کە لە قرم دەربچێت و حاڵی حازر بە هاوکاری دەگەڵ ماخنودا لە روستوف نزیك دەبێتەوە، یا هاوپەیمانان سوپاییانێکی زۆریان لە نوڤوروسیسك پیادە کردووە... ئیدی دەنگۆ، لە سەر دەنگۆ، یەك لە یەك بێبنج و بناوان تر، لە گوندەکاندا بڵاودەبووەوە. ئەو قۆزاقانەی کە لە ئۆردوگاکان یا لە کانەکانەوە گەڕابوونەوە ناو کەسو کارو ماڵ و منداڵی خۆو لە هاویندا توانی بوویان لە ماڵی خۆدا تێر بەسکی خۆ نان و خۆراك بخۆن و بوژا بوونەوە، خۆیان لە خەڵکی دوور دەگرت و شەوان لە کۆڕو مەجلیسی تایبەتی خۆیان بە دەم

ڤۆدگا خواردنەوەوە مەجلیسی تایبەتی خۆیان گەرم دەکردو هەندێجار کە تووشی میشکا دەبوون، بە بێموبالاتیەکی دەستکردەوە لێیان دەپرسی: "ئەریٚ کوشیڤوی، تۆ کە ڕۆژنامە دەخوێنیتەوە، پێمان نالێی بارودۆخ چۆنە، دەنگوباسی ورانگل لە چیدایە، بەو زوانە لە ناوی دەبەن؟ ئایا ڕاستە یا هەر قسەیە کە گوایە هاوپەیمانان بە تەمان ڕوو بکەنەوە خاکی ئێمە؟".

ئێوارەی ڕۆژێکی یەك شەممە بوو کە پروخۆر زیکوف هاتە دیدەنیان. میشکا تازە لە کێڵگە گەڕا بووەوەو لەبەر پلیکانەکاندا دانیشتبوو و دەستو دەموچاوی دەشت. دونیاشکا، گۆزەیەکی بەدەستەوە بوو و ئاوی بەدەستی مێردەکەیدا دەکردو بەدەم بزەوە سەیری ملە باریكو تاوەسووتەکەی دەکرد. پروخۆر دوای ئەوەی سڵاوی لێکردن، لە سەر نزمترین پلە دانیشتو پرسی:

– هیچ هەواڵێکی گریگۆری پانتلیوفیچ نازانن؟

دونیاشکا بەرسڤی دایەوە:

– نەخێر، نامەی بۆ نەناردووین.

میشکا بە دەم سڕینی دەستو دەموچاویەوە، بێئەوەی بزەیەك بکات، چاوی لە دوڕ چاوی پروخۆر بڕینو گوتی:

– بیری دەکەی؟

پروخۆر، ئاهێکی هەڵکێشاو، قۆڵە بە تاڵەکەی کراسەکەی ڕێکخستو گوتی:

– ئەی مەعنای چی، هەموو ماوەی خزمەتەکەمان پێکەوە بووین.

– بە نیازی ئێستاش بەردەوام ببی؟

– چی؟

– مەبەستم خزمەتی سەربازیە.

– ئێمە خزمەتی خۆمان، بە زیادەوە تەواو کردووە.

میشکا، لە سەری ڕۆیی:

– وامدەزانی، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکەیت تاسەر لە نویٚ دەست بە خزمەت بکەیتەوە، دووبارە شەڕی حکومەتی سۆڤیاتی بکەیت....

پروخۆر، بە پەستی گوتی:

– میخائیل، بە خۆڕایی ئەم جۆرە قسانە دەکەیت.

– بۆ بە خۆڕاییە؟ من بە خۆم گوێم لێیە کە هەموو جۆرە قسەیەك لە ناو خەڵکی گوندا دەماو دەم دەکات.

– تۆ گوێت لە من بووە، قسەی وا بکەم، ئەم قسانەت لە کویٚ بیستووە؟

– نەك تۆ، بەڵام کەسانی وەکو تۆو گریگۆری، هەمووتان چاوەڕوانی گەڕانەوەی "جماعەتەکەتانن".

– من چاوەڕوانی هیچ جماعەتێك نیم، بۆ من هەموویان وەکو یەکن.

– جا خراپییەکە لەمەدایە کە بەلای تۆوە هەموویان وەکو یەکن. دەی فەرموو با بچینە ژوورەوە، زویر مەبە، سوعبەتم لە گەڵ کردیت.

پروخۆر، بە نە بە دڵی، بە پلەکاندا سەرکەوت و لە ئاستانەی دەرگای بەر هەیوانەکە ڕەت بوو و گوتی:

– سوعبەتەکانت، برای ئازیز زۆر خۆش نین... پیاو دەبێ ڕابردوو لە بیربکات. ئەمە جگە لەوەی کە من باجی ڕابردووی خۆم داوە.

میشکا، کە خەریك بوو لە پاڵ مێزەکە دادەنیشت، بە وشکی گوتی:

– ڕابردوو بە تەواوەتی لە بیر ناکرێ، دانیشە، شیومان لە گەڵ بخۆ.

– سوپاس، هەڵبەتە ڕاستە هەموو رابردوو لە بیر ناکرێت، بۆ نموونە ئەم دەستەی من، پڕ بە دڵ حەز دەکەم لە بیری بکەم، بەڵام خۆی نایەڵێت، هەموو دەمێك بیرم دەکەوێتەوەو لە بیرمە.

دونیاشکا، بە دەم ئامادەکردنی خوانەکەوە، بێئەوەی تەمەشای مێردەکەی بکات لێی پرسی:

– یانی، بە باوەڕی تۆ، کەسێك کە لە گەڵ سپیەکاندا بووبێ، تاماوە نابەخشرێ؟

– ئەدی چی؟ بە تەمای چیت؟

– من وامدەزانی هەر کەسێك ڕابردوو هەڵبداتەوەو وەك دەڵێن چینە لە ڕابردبوو بکات، چاوی دەردێت...

میشکا بە ساردی گوتی:

– بەڵێ، ڕەنگە ئەمە لە ئینجیلدا وابێ. بەڵام بە ڕای من مرۆڤ، هەمیشە لە کارەکانی خۆی بەرپرسیارەو دەبێ باجی کارەکانی خۆی بدات.

دونیاشکا، بە هێمنی بەرسڤی دایەوە:

– بەڵام دەوڵەت لەمبارەیەوە هیچی نەگوتووە.

دونیاشکا، نەیدەویست لەبەر چاوی پیاوێکی بێگانەدا، بە گژ مێردەکەیا بچێت، بەڵام لە ناخی خۆیدا، لە سوعبەتە نا بەجێیەکەی دەگەڵ پروخۆرو دژایەتیە ئاشکراکەی بەرانبەر بە براکەی، زویر پەست بوو.

– دەوڵەت هیچ شتێك بە تۆ ناڵێ، هیچ شتێکی نیە لە گەڵ تۆدا. بەڵام پێویستە ئەو کەسانە ی کە لە ڕیزی سپیەکاندا خزمەتیان کردووە، بە گوێرەی یاسای سۆڤیاتی لێپێچینەوەیان لە گەڵدا بکرێت.

ئەم قسەیە پروخۆری جوڵاند:

– بەم پێودانگە، دەبێ لێپێچینەوە لە گەڵ منیشدا بکرێت؟

– کاری تۆ وەکو کاری گوێرەکانە: لەوەڕی خۆت کردو ئێستا گەڕاویتەوە بۆ تەویلەکەی خۆت! نەخێر، کێ لە بابایەکی موراسیل دەپرسێتەوە. بەڵام گریگۆری شتێکی دیکەیە، کەی بگەڕێتەوە پرس و جۆی لە گەڵ دەکەین، دەربارەی ئەم یاخی بوون و ڕاپەڕینە، پرس و جۆی لە گەڵ دەکەین.

دونیاشکا، کە کاسەیەك شیری لە سەر خوانەکە دادەنا، بە چاوانی گرگرتووەوە گوتی:

– کێ پرس و جۆی لە گەڵدا دەکات، تۆ؟

میشا، بە هێمنی بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ، منیش پرس‌و جۆی لە گەڵدا دەکەم.

– ئەمە کاری تۆ نییە... خەڵکی پرسوجۆکار زۆرن. ئەو حاڵی حازر لە ڕیزی سوپای سوورا کار دەکات‌و لە هەموو شتێك مەعاف کراوە...

دەنگی دونیاشکا دەلەرزی. لە کەنار مێزەکە دانیشت. بە قامکان ڕیشوی بەرهەڵبێنەکەی ڕادەکێشا. میشکا کە وای دەنواند ئاگای لە هەڵچوونی ژنەکەی نییە، بە هەمان هێمنی درێژەی بە قسەکانی خۆی دا:

– منیش حەز دەکەم هەندێ پرس‌و جۆی لە گەڵ بکەم... سەبارەت بە عەفوکردنەکەی، دەبێ چاوەڕوان بکەین... با بزانین چۆنی عەفوکراوە، ئاخۆ شایستەی ئەو عەفوکردنە هەیە یان نا. دەستی لە خوێنی زۆر سەربازی ئێمەدایە... دەبێ بزانین، تاکێن تەرازووەکە بە کام لادا قورسترە...

ئەمە یەکەم دڕدۆنگی‌و ناکۆکی ژیانی هاوبەشیان بوو. بێدەنگیەکی قورس باڵی بە سەر مووبەقەکەدا کێشا. میشکا، بە بێدەنگی شیرەکەی دەخواردو ناو بە ناو بە دەسەسرێکی چکۆلە، دەم‌و پلی دەسڕی. پروخۆر، بەدەم سیغارکێشانەوە سەیری دونیاشکای دەکرد. ئەوجا کەوتە باسی کاروباری کێڵگەو نیو سەعاتێکی دی لەوێندەر مایەوەو ئەوجا هەستا، بەر لەوەی بڕوات گوتی:

– کیریل گروموف گەڕاوەتەوە، زانیوتە؟

– نەخێر، لە کوێ گەڕاوەتەوە؟

– لە ناو سوورەکان. ئەویش کاتی خۆی لە سوپای یەکەمی سوارەدا بوو.

– ئەوە بوو کە لە سوپاکەی مامونتوفدا خزمەتی دەکرد؟

– با، خۆیەتی.

میشکا بە تەوسخەنەوە گوتی:

– سەربازێکی ئازا بوو!

– بەتایبەتی لە تالان‌و بڕۆدا، لینگەی نەبوو. لەم جۆرە کارانەدا دەستێکی باڵای هەبوو.

– دەڵێن، زۆر بێڕەحمانە یەخسیرانی بەر شمشێران دەدا. سەربازانی بۆ چەکمەکانیان دەکوشت. کە دەیکوشتن، تەنیا چەکمەکانیانی دەبرد.

پروخۆر، ئەو قسەیەی بۆ سەلماند و گوتی:

– وا دەڵێن.

میشکا، بە تەشەرەوە گوتی:

– ئەویش دەبێ ببەخشرێ؟ دەڵێن خودا دژمنانی خۆی دەبەخشێت‌و ئەمری بە ئێمەش کردووە، چاو لەو بکەین، وانیە؟

– ڕاستیەکەی، نازانم چ بڵێم... بەڵام چی لێدەکەیت؟

میشا، چاوانی هێنانەوە یەك‌و گوتی:

– چی لێدەکەم! هەقی خۆی دەنێمە مستی، ڕوحی لە جەستەی جیادەکەمەوە! نابێ بە هیچ جۆرێ گیان بەدەر ببات. چکای دۆن (چکا: لیژنەیەکی تەحقیقی سۆڤیاتی ئەو سەردەمە بوو) حاڵی حازر لە ڤیشنسکایایە. دەست لە ملی دەکەن و نەوازشی دەکەن.

پروخۆر، بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

– ڕاستیان گوتووە، تەنیا گوڕ پشتی قەموور ڕاست دەکاتەوە! کە لە سوپای سووریش گەڕاوەتەوە، تالانی لە گەڵ خۆیدا هێناوە. ژنەکەی، لای ژنەکەی من خۆی هەڵکێشاوە کە مانتۆیەکی خانمانەو چەندین دەستە جلك و شتی تری بۆ هێناوە. گوایە لە تیپی ماسلاکدا بووەو لەوێندەرەوە هاتووەتەوە بۆ گوند، بەم پێیە بێ دەبێ هەڵاتبێ، دەنا مەحاڵە بتوانێ بە چەکەوە بێتەوە. چەك و ئەسڵەحەکەی لە گەڵ خۆیدا هێناوەتەوە.

میشکا پرسی:

– چ جۆرە ئەسلەحەیەك؟

– دیارە چ ئەسڵەحەیەك: تفەنگێکی کوڵی سوپای سوارە، ئێ.... دەمانچەیەك و ڕەنگە شتی دیکەشی...

– چووە خۆی تەحوێڵی بارەگای سۆڤیات بدات؟

پروخۆر، بە پێکەنینەوە دەستی هەڵتەکاندو گوتی:

– بە کەمەندیش بۆ ئەوێ ڕاناکێشرێت! بە ئەقڵی من هەڵاتووە. ئەمڕۆ و سبەیە لە ماڵەکەی خۆیشی دەڕوات. جا با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان. ئەم کیریلە، بیر لە هەڵگیرساندنەوەی شەڕ دەکاتەوە، هەموو نیشانەکان، وا دەنوێنن، کەچی تۆ بە منەوە گرتووتە، گومانت لە منە، تۆ لەو ڕووەوە سەر چیخ چوویت برای ئازیز، من شەڕی خۆم کردو تەواو، هێندەم شەڕ کردووە گیانم گەییوەتە کونە لووتم.

پروخۆر، دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، ڕۆیی. زۆری پێنەچوو کە میشکاش چووە دەرێ. دونیاشکا، نانی بە منداڵەکان دا. خەریك بوو خۆی بۆ نوستن ئامادە دەکرد، کە میشکا گەڕایەوە. شتێکی بە دەستەوە بوو کە لە گونیەکییەوە پێچا بوو. دونیاشکا بە پەستی پرسی:

– بۆ کوێ چوو بوویت؟

میشکا، بە دەم پێکەنینێکی میهرەبانەوە گوتی:

– چووم جیازیەکەمم هێنا!

تفەنگێك، کە جوان پێچرا بووەوە، ڕەختێکی پڕ لە فیشەك، دەمانچەیەك و دوو نارنجۆکی دەستی دەرهێنا. هەر هەمووی لە سەر تەختێك دانان و تۆزێك ڕۆنی لە ژێر پیاڵەیەك کرد. دونیاشکا، بە برۆکانی ئاماژەی بۆ لای چەکەکان کردو گوتی:

– ئەمانەت لە کوێ هێنان؟

– هی خۆمە. لە جەبهەوە لە گەڵ خۆمم هێنان.

– لە کوێ تاقاتت کردبوون؟

– لە شوێنێکا قایمم کردبوون و کەس بە لایاندا نەچوو بوو.

– دیارە تۆ زۆر کار قایمی! کەم و زۆر باست نەدەکرد. یانی شتەکان لە ژنەکەی خۆیشت دەشاریتەوە؟

میشکا، بە دەم بزەیەکی دەستکردەوە، بە زمانی لووس کەوتە مەرایی و گوتی:

– دونیا گیان، تۆ چ پێویستت بە زانینی ئەمەیە؟ ئەمە ئیشی ژنان نییە. باشتر وایە ئەمانە لێرەبن. لە ماڵەوە بن. ژنە گیان، بە کەڵك دێن.

– ئاخر بۆچی هێناوتنە ماڵەوە؟ تۆ کەسێکی پابەندی یاسای، بە خۆت هەموو شتێك دەزانی... باشە ئەم کارە مەسئولیەتی تیا نییە؟

– کە بیٚ ئەقڵی! کە کیریل گروموف چەك لە گەڵ خۆیدا دێنێتەوە، ئەمە بە زیانی حکومەتی سۆڤیاتیە، بەڵام کاتیٚ من چەك لە گەڵ خۆما دێنم، بە قازانجی حکومەتی سۆڤیاتیە، تێدەگەیت؟ ئاخر کیٚ هەیە لێپێچینەوە لە گەڵ مندا بکات؟ تۆ خۆشت نازانی چی دەڵێی. برۆ بۆ خۆت بنووە!

میشکا، بە بۆچوونی خۆی، گەیی بووە قەناعەتی دروست و تەواو: کە پاشماوەکانی سوپای سپی بە چەکەوە بۆ گوند دەگەڕانەوە، دەبوایە ئەو ئاگای لە خۆی بیٚ. تفەنگ و دەمانچەکەی بە جوانی پاك کردنەوە، بۆ سبەینیٚ هەرکە دنیا ڕوناك بووەوە، بە پای پیادە بەرەو ڤیشنسکایا کەوتە ڕیٚ.

دونیاشکا، لە کاتێکا توێشووی ڕێگای بۆ مێردەکەی لە خورجین دەنا، بە دڵتەنگی و تووڕەیی گوتی:

– دیسان شتێکم لێدەشاریتەوە، کەوتوویتە زمانەلاڵکیٚ! بەلای کەمەوە پێم بڵیٚ بۆ کویٚ دەڕۆیت و بۆچی دەڕۆیت. ئاخر ئەمە نەبوو بە ژیان! خەریکە دەڕوات و نابیٚ کەس تاقە وشەیەکی لیٚ دەربێنیٚ!... تۆ مێردی منیت، یان بەرەڵلایەکی ڕەوتەنی؟

– دەڕۆم بۆ ڤیشنسکایا، بۆ کۆمیتە. ئیدی لەوە زیاتر چیت پیٚ بڵێم؟ کەی گەڕامەوە، هەنگیٚ هەموو شت دەزانی.

میشا، خورجینەکەی بەدەست هەڵگرت و بەرەو کەناری دۆن داگەڕا، سواری بەلەمەکە بوو و بە دەم سەوڵ لێدانەوە، خێرا خۆی گەیاندە ئەو بەری دۆن.

***

میشکا، لە ڤیشنسکایا، چووە لای لیژنەی پزیشکی، پزیشکەکە ڕێك و ڕاست پێیگوت:

– هاوڕێی ئازیز، تۆ بە کەڵکی ئەو نایەی لە ڕیزی سوپای سووردا خزمەت بکەی. مەلاریا، تەواو پوکاندوتیەوە. دەبیٚ خۆت دەرمان بکەیت، دەنا خراتر دەبیت. سوپای سوور پێویستی بە خەڵکانی وەکو تۆ نییە.

– ئەدی پێویستی بە خەڵکانی چۆنە؟ من دوو دانە ساڵ خزمەتم کردووەو ئێستا ئیدی پێویستی بە من نییە؟

– پێش هەموو شتێك پێویستی بە خەڵکی ساغ و سەلامەت هەیە. کەی چاك بوویتەوە، دەتوانی خزمەت بکەیت، فەرموو ئەم ڕەچەتەیە بەرە بۆ دەرمانخانە، لەویٚ دەرمانت دەدەنیٚ.

– ئاوها!

میشکا، وەکو ئەسپێکی چەمووش کە مل بۆ نیرو تەوق نەدات، کراسە عەسکەرییەکەی خۆی لەبەر کرد: نەیدەتوانی سەری بە یەخەکەیدا بکات و دوای ئەوەی بە زەحمەت کراسەکەی لەبەر کرد، ئەوسا خۆی گەیاندە سەر جادەکەو بە دەم داخستنی دوگمەێن پانتۆڵەکەیەوە، ڕاست بەرەو کۆمیتەی ناوچەی حیزب ڕۆیی...

میشکا، وەکو سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕشی گوند، بۆ تاتارسکی گەڕایەوە. سڵاوێکی لامسەرلایی لە ژنەکەی کردو گوتی:

– دەی، ئیتر با بزانین!

دونیاشکا، بە سەرسامی پرسی:

– ئەوە باسی چ دەکەی؟

– هەمان شت.

– هەمان شت چییە؟

– بووم بە بەرپرسی کۆمیتە. تێدەگەی؟

دونیاشکا، بە داخەوە دەستی دان بە یەکدا. ویستی شتێك بڵێ، لێ میشا گوێی نەدایەو چووە بەر ئاوێنەکە، نیتاقەکەی لە سەر قەمسەڵە عەسکەریە خاکییە کاڵەوە بووەکەیەوە ڕێکخست و بەرەو بارەگای سۆڤیاتی گوند بە ڕێکەوت.

لە زستانەوە تا ئێستا، پیرەمێردێك بە نێوی میخییف بەرپرسی کۆمیتەی شۆڕش بوو. ئەم کابرایە نیمچە کوێرو نیمچە کەڕ بوو، ئەو ئەرکەی بە ملی ئەودا درا بوو، بۆ ئەو زۆر قورس و زەحمەت بوو، بۆیە وەختێ کوشیڤۆی خەبەری لابردنەکەی پێڕاگەیاند زۆر خۆشحاڵ بوو. بێئەوەی شادمانی خۆی وەشێرێت، نیشانەی خاچی کێشاو دەستەکانی لێکدی هەڵسوون و گوتی:

– ەوەرە کوڕی باش، بگرە ئەم کاغەزەکان، ئەمەش مۆرو تەمغەی گوند. بیکە بە خاتری مەسیح، تازووە لێمی وەربگرە! من هەشتاساڵم، لە هەموو ژیانمدا، هەرگیز هیچ مەسئولیەتێکم نەبووە، تازە بە تازە، لەم دوا ساڵانەی تەمەنمدا، ئەم کارەیان بە ملی مندا داوە... ئەم کارانە، کاری ئێوە گەلە، ئێوەی گەنج، من و ئەم کارانە کوجا مەرحەبا! نە بەباشی دەبینم و نە بە جوانی دەبیستم... کاتی ئەوە هاتووە ڕوو بکەمە خواو خەریکی نوێژو تاعەتان ببم، بەڵام هاتن و بە مندا گیرسانەوەو کردیانم بە سەرۆك ئەنجوومەنی سۆڤیات.

میشکا، تەمەشایەکی خێرای ئەو فەرمان و ڕێنماییانەی کرد کە لە: کۆمیتەی شۆڕشگێڕی هەرێمەوە نێردرا بوون و پرسی:

– ئەدی سکرتێرەکە لە کوێیە؟

– ها؟

– گوتم: سکرتێرەکە لە کوێیە؟

– سکرتێر؟ خەریکی تۆودانی زوڕاتە. گلاراوە هەفتەی یەك جار بۆ ئێرە دێت! هەندێجار، نووسراوێك لە شارەوە دێ، دەبێ بخوێنرێتەوە، بەڵام بە چراشەوە بۆی بگەڕێی نایدۆزیتەوە،

ئیدی ئەو نووسراوە گرینگە، بە هەفتە لەو گۆڕەی دەکەوێ‌و کەس نییە بیخوێنێتەوە. چونکە من خوێنەوارییەکەم دووکەڵ دەکات! بە زەحمەت دەتوانم ناوی خۆم بنووسم، خوێندنەوە، ئەوا هەر ناتوانم. تەنیا ئەوەندە دەتوانم، مۆرەکە بە نووسراوانەوە بنەم...

میشکا، بە ڕووگرژی، ڕوانیە ژوورە پەرپوت‌و پیسەکەی کۆمیتەی شۆڕش، تەنیا کۆنە تابلۆیەکی ئاگاداریان بە دیوارە چڵکنەکەیەوە هەڵواسرا بوو، کە ئەویش یەکپارچە گوو مێش بوو.

یارۆی پیرەمێرد، بە ڕادەیەك بەلابردنەکەی خۆی خۆشحاڵ بوو، خەریك بوو لە کەیفان بکەوێتە سوعبەت‌و شۆخیان. مۆرەکەی کۆمیتەی، کە لە کۆنە پەڕۆیەکییەوە پێچا بوو، دایە کوشیڤۆی‌و گوتی:

– هەموو داراییەکی گوند ئەمە، پارەی نەختمان نییە تا ڕادەستی بکەین، دار عاسای ئەتامانیش، لە سەردەمی حکومەتی سۆڤیاتیدا بایەخی پولێکی قەڵبی نییە. خۆ ئەگەر دەتەوێ و دڵت پێوەیە ئامادەم عاسا کۆنەکەی خۆمت بدەمێ.

بەدەم پێکەنینەوە، کە هەموو زارە بێددانەکەی کەوتە دەر، عاساکەی خۆی کە لە داربناو بوو و کەمەکەی لە زۆر بەکارهێنانا تەواو لووس بوو بوو. پێشکەش بەو کرد، بەڵام کوشیڤۆی تاقەت‌و حەوسەڵەی شۆخی نەبوو. جارێکی دی چاوی بە سەرانسەری ژوورەکەی کۆمیتەی شۆڕشدا گێڕا، هێندە ڕووت‌و پەرپووت بوو پیاو بەزەیی پێدا دەهاتەوە، بە ڕووگرژی ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– وای دابنە، من هەموو شتەکانم لە تۆ وەرگرتووەو تەواو بابۆ، دەی ئێستا لێرە بڕۆو بچۆ بەلای کاری خۆتەوە.

بە تیلەی چاو دەرگاکەی پێ نیشاندا.

ئەوسا، لە پشت مێزەکەوە دانیشت، هەردوو ئانیشکی نانە سەر مێزەکە، بە دانە چێڕێوە، کاژێرەی بردە پێشەوەو ماوەیەك بەو دەقەوە مایەوە. خودایا! چەند کەر بوو کە هەموو ئەو ماوەیە سەری دانەواند بوو و بێئەوەی گوێ بەو شتانە بدات کە لە دەوروبەریا دەگوزەران، سەرگەرمی کاری زەوی بوو!... ڕقی لە خۆی و لە هەموو شتێك هەستا، لە پشت مێزەکەوە هەستا، قەمسەڵە عەسکەرییەکەی خۆی ڕێکخست، چاوی بڕییە دووری دوورو بە دەم لێو کرۆشتنەوە، گوتی:

– بەڵێ، کوڕینە، من پێتانی نیشاندەدەم کە حکومەتی سۆڤیاتی چییە؟

دەرگاکەی توند بە قفڵ و زنجیر داخست، ئیدی بە مەیدانی گوندا بەرەو ماڵی خۆی پەل بووەوە. لە نزیکی کڵێساکەدا تووشی یەکێك لە کوڕەکانی ئوبنیزوف بوو، بە بێموبالاتی سەرێکی بۆ لەقاندوو بەلایا تێپەڕی. بەڵام لە ناکاوا بیرۆکەیەکی بە مێشکا هات، ئاوڕی دایەوەو بانگی کرد:

– ئەهای، ئاندریوشکا! بوەستە، وەرە بۆ ئێرە، ئیشێکم پێتە!

کوڕە شەرمنە قژ زەردەکەی ئۆبنیزوف، بە بێدەنگی هاتە پێشەوە، میشا دەستی بردو وەکو ئەوەی پیاوێکی گەورە بێ، بەو ئاوایە تەوقەی دەگەڵ کردو لێی پرسی:

– بە تەما بووی بۆ کوێ بڕۆیت؟ بۆ ئەوبەری گوند؟ دەچوویتە پیاسە ها؟ کارت هەبوو؟ پرسیارێکم لێت هەبوو: تۆ قۆناغی ئامادەییت خوێندووە؟ وایە؟ باشە تۆ کاری ئیداری دەزانی؟

– کاری وەکو چی؟

– کاری ئاسایی، وەکو کاری دەرچوو و هاتوو، یانی ئەمجۆرە کارانە؟

– مەبەستت چیە، هاوڕێ کوشیڤۆی؟

– سەبارەت بەو نووسراوانەی دێن و دەڕۆن، شارەزای؟ بۆ نموونە دەبێ نووسراوان ڤرێ بکرێن و....

میشکا، بە شێوەیەکی گۆنگ، دەستەکانی دەجولاندن، بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، بە دەنگێکی بنجبڕ گوتی:

– ئەگەر نەشیزانی، وردە وردە فێری دەبی. من ئێستا بەرپرسی کۆمیتەی شۆڕشی گوندم و تۆ کە کوڕێکی بە سیواتی، دەکەم بە سکرتێری خۆم. هەر ئێستا بڕۆ بۆ بارەگای کۆمیتەو سەرپەرشتی بکەو ئاگات لەو کاغەزانە بێ کە لەوێن. هەمووی لە سەر مێزەکەیە، تۆ بڕۆ، منیش دوای تۆزێکی دی دەگەڕێمەوە تێگەیشتی؟

– بەڵام، هاوڕێ کوشیڤۆی؟

میشکا دەستێکی هەڵتەکاند و بە بێتاقەتی گوتی:

– دوای قسە دەکەین. ئێستا بڕۆو دەست بەکار بە.

ئەوسا، بە ئەسپایی بەجادەکەدا نشێو بووەوە. لە ماڵەوە پانتۆڵێکی تازەی لەبەر کرد، دەمانچەکەی لە بەرکی نا، چووە بەر ئاوێنەکەو بە دیقەت کاسکێتەکەی لە سەر کرد، بە ژنەکەی گوت:

– من دەچمە دەرێ، بڕێکم کار هەیە، ئەگەر هەر کەسێك پرسی، سەرۆکی کۆمیتە لە کوێیە، بڵێ زوو دەگەڕێتەوە.

پایەی سەرۆکی کۆمیتە، هەندێ ئەتەکێتی تایبەتی خۆی هەبوو.. میشکا، بە ویقارو سەنگینییەوە ڕێی دەکرد، شێوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری بە جۆرێ گۆڕا بوو،کە هەندێك لە خەڵکی گوند تووشی دەبوون، دەوەستان و لە دواوە بە تەوسەوە پێی پێدەکەنین و گاڵتەیان پێدەکرد. پروخۆر، لە ڕێگادا پێی گەیی و بە ڕێزو حورمەتێکی تەوسامێزەوە، پاشەوپاش تا بنی پەرژینەکە ڕۆیی و پرسی:

– ئەمە چیە میخائیل؟ لە ناوەندی هەفتەدا، بەم ڕۆژی کارە، خۆت ڕازاندوەتەوەو بە جۆرێ ڕێ دەکەیت، دەڵێ لە نمایشی عەسکەریدا دەڕۆیت؟... ناکا، دیسان بچیتە داخوزی؟

میشکا، وەڵامی دایەوە:

– تەقریبەن شتێکی وایە...

و بەکەش و فشەوە لێوەکانی هەڵقورتاندن.

کاتێ گەییە بەر دەروازەکەی ماڵی گروموف، بێئەوەی بوەستێ، دەستی بۆ بەرکی خۆی برد کە کیسە تووتنەکەی دەربێنێ. بە دیقەت کەوتە تەمەشاکردنی حەوشە گەورەکەیان و ئەو هەموو ژوورەی لە ناو حەوشەکەدا قوت کرابوونەوە، هەروەها ڕوانیە پەنجەرەکانی خانووەکە.

لەو کاتەدا، دایکی کیریل گروموف، لەبەر هەیوانەکەوە، بە خۆو قاپێکەوە، کە پڕ بوو لە کولەکەی قاژ کراو، هاتەدەرێ، ئەو قاژە کولەکانەی بۆ ئاژەڵەکان دەبرد. میشکا زۆر بە ڕێزەوە سڵاوی لێکرد و بەرەو قاڵدرمەکان ڕۆیی.

– پووری گیان، کیریل لە ماڵە؟

پیرەژن، ڕێگای بۆ کردەوەو گوتی:

– بەڵێ، بەڵێ، بڕۆ ژوورەوە.

میشا، خۆی بە بەر هەیوانە تاریکەکەدا کرد، بە کوێرە کوێر دەسکی دەرگاکەی دۆزییەوە.

کیریل، بە خۆی دەرگای ژوورە گەورەکەی لێکردەوەو هەنگاوێك چووە دواوە. تازە تەراشی کردبوو. دەم بە پێکەنین و کەمێك مەست، نیگایەکی خێرای بە سەراپای میشکادا گێڕاو بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– ئەمەش کۆنە سەربازێکی دی! کوشیڤوی، وەرە ژوورێ، فەرموو دانیشە. میوان بە، ئێمە خەریکین کەمێك شەراب دەخوێنەوە... فەرموو دەمێ تەڕ بکە.

– نۆشی گیانتان بێ.

میشکا، دەستی خانە خوێیەکەی گوشی و تەمەشایەکی ئەو میوانانەی کرد کە لە دەوری مێزەکە دانشتبوون.

دیاربوو، هاتنەکەی لە وەختێکی ناوەختا بوو. قۆزاقێکی چوارشانە کە میشکا نەیدەناسی و لە سووچی سەرەوەی مێزەکە، بە کەماڵی ئیسراحەت دانیشتبوو، نیگایەکی پرسیار ئامێزی کیریلی کردو پەرداخەکەی خۆی دایە لاوە. یەکێك لە خزمە دوورەکانی ماڵباتی کورشونوف، بە نێوی سمیون ئاخڤاتکین، کە لە سووچەکەی ئەوبەری مێزەکە دانیشتبوو، بە دیتنی میشکا، پەست بوو و ڕووی وەرگێڕا، خاوەنماڵ، میشکای خوڵك کرد کە دانیشێت.

– سوپاسی لوتفت دەکەم.

– نابێ، دەبێ دانیشی، جنێومان پێمەدە. پێکێکمان لە گەڵا بخۆوە.

میشکا دانیشت، پێکێك ڤۆدگای خۆماڵی لە دەست خانەخوێیەکەی وەرگرت، سەرێکی لەقاندو گوتی:

– بە سەلامەتی تۆو گەڕانەوەت بۆ ناو کەسوکار کیریل ئیڤانوفیچ!

– مەمنوونم. دەمێکە، لە سوپا گەڕاویتەوە؟

– دەمێکە. یانی بە تەواوەتی جێگیر بووم.

– هەم جێگیر بی و هەم ژن بێنی، وەکو بیستوومە. ئەدی بۆ تەواوی ناکەیت؟ پێکەکەت تەواو بکە.

– حەزم لێ نییە، کارێکم پێت بوو.

– ئوها! نه بابه! گاڵته مهکه! من ئهمڕۆکه باسی هیچ کارێك ناکهم، ئهمڕۆ له گهڵ دۆستهکانما دهخۆینهوه. ئهگهر کارت ههیه، سبهینێ وهرهوه.

میشکا ههستاو بهدهم بزهیهکی هێمنهوه گوتی:

– کارێکی گرینگ نییه، بهڵام پهلهیه. ئهگهر دهقیقهیهك له گهڵما بێیته دهرهوه.

کیریل، دهستێکی به سمێڵه ڕهشهکهی خۆیدا، که بهدیقهت بایدا بوو، هێناو کهمێك بێدهنگ بوو، ئهوجا ههستا.

– مهگهر ناتوانیێ لێره قسه بکهی؟ بۆچی دۆستهکانمان به تهنیا به جێ بێڵین؟

میشکا، به ئارامی، بهڵام به پێداگرییهوه گوتی:

– نا، با بچینه دهرهوه.

قۆزاقه چوار شانهکه، ئهوهی که میشکا نهیدهناسی، گوتی:

– له گهڵیا بچۆ دهرێ، ئیدی ئهم گهنگهشهیهی بۆچییه؟

کیریل، به نه بهدڵی، بهرهو مووبهقهکه، پێش میشکا کهوت، به ئهسپایی به ژنهکهی، که له بهر سوپاکهدا خهریکی کار بوو، گوت:

– کاترینا، ئێرهمان بۆ بهجێ بێڵه.

له سهر تهختهکه دانیشتو به وشکی پرسی:

– ئیێ کارهکهت چییه؟

– چهند ڕۆژه هاتوویتهوه؟

– بۆچی؟ خێره؟

– گوتم چهند ڕۆژه هاتوویتهوه؟

– به ئهمڕۆوه چوار ڕۆژه.

– باشه خۆت به کۆمیتهی شۆڕش ناساندووه؟

– هێشتا، نه.

– ئهدی به نیاز نیت بچی بۆ ڤیشنسکایاو سهرێکی لیژنهی عهسکهری بدهی؟

– ئهم پرسوجۆیه چیه؟ بۆ کار هاتووی، باسی کارهکهت بکه.

– بهڵیێ، منیش خهریکم باسی کارهکهم دهکهم.

– ده ههیدیێ گوم به له بهر چاوم! تۆ خۆت بهچی دهزانی، تا من وهڵامی پرسیارهکانت بدهمهوه؟

– من سهرۆکی کۆمیتهی شۆڕشم، کوا مۆڵهتو بهڵگهنامهی کهتیبهکهتم نیشانبده.

کیریل، گوتی:

– ئاوها، کهواته ئهمه کارهکهت بوو!

نیگایهکی تیژو هوشیارانهی بڕییه دوڕ چاوانی میشکاو له سهری ڕۆیی:

– کهواته بۆ ئهمه هاتبوویت!

– بهڵیێ ئهمه بوو. کوا مۆڵهت و بهڵگهنامهت بده!

– ئهمڕۆکه دێم بۆ سۆڤیاتو دهیهێنم.

– نا، ئێستا بمدەیە.

– لە شوێنێکدا پێچاومەتەوەو هەڵمگرتووە.

– بیدۆزەرەوە.

– نا، ئێستا نایدۆزمەوە. میخائیل بڕۆ بۆ ماڵی خۆت، بە خۆڕایی کێشە مەنەوە.

میشکا، دەستی بە گیرفانی ڕاستی خۆیدا کرد:

– کێشەم لە گەڵ تۆدا زۆر ناخایەنێ... خێرا بڕۆ خۆت بگۆڕە!

– میخائیل وازبێنە، باشتر وایە دەستم لێنەدەی.....

– پێمگوتیت با بڕۆین!

– بۆ کوێ؟

– بۆ کۆمیتەی شۆڕش.

– حەز ناکەم، شتی وا چۆن دەبێ.

کیریل، ڕەنگی سپی بوو بوو، بەڵام بزەیەکی گاڵتە ئامێز بە سەر لێویەوە بوو. میشکا لە ناکاوا بەلای چەپا دانەوییەوەو دەمانچەکەی لە گیرفانی دەرهێناو ئامادەی تەقە کردن بوو. بە ئەسپایی گوتی:

– دێی یا نا؟

کیریل، بە بێدەنگی هەنگاوێکی بەرەو ژوورەکەنا، بەڵام میشکا ڕێی لێگرتو بە گۆشەی چاو دەرگای بەر هەیوانەکەی نیشاندا. کیریل، بە خەمساردیو بێموبالاتیەکی دەستکردەوە هاواری کرد:

– کوڕینە! وا دیارە دەست بە سەر کراوم! ئێوە بەبێ من ڤۆدگاکەتان بخۆنەوە!

دەرگای ژوورەکە کەوتە سەر گازی پشتو ئاخڤاتکین، خەریك بوو لە ئاستانەی دەرگاکە دەهاتە دەرێ، بەڵام کە بینی لوولەی دەمانچەکە لەوە، بە پەلە خۆی دایە پشت لاشیپانەی دەرگاکە. میشکا ئەمری بە کیریل کرد:

– دەی پێشم بکەوە!

کیریل، بە کاوەخۆ کەوتە ڕێ، بە سستی دەستی خستە سەر دەسکی دەرگاکەو لە ناکاوا بە بازێك خۆی گەیاندە ئەوسەری ڕاڕەوەکە، بە توندی دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە دا بەیەکاو لە قاڵدرمەکانەوە خۆی هەڵدا، لەو کاتەدا کە بە غار بە نیو حەوشەکەدا بەرەو باخەکە دەڕۆیی، میشکا دوو فیشەکی پێوەنا، کە بەری نەکەوتن. میشکا لوولەی دەمانچەکەی نایە سەر قۆڵی چەپی خۆی، لاقەکانی لە عاردی چەقاندنو بە دیقەت نیشانەی لێگرتەوە. لە گەڵ تەقەی سێیەمدا، کیریل، ڕەتی برد، بەڵام بەلەز هەستایەوەو بە چاپوکی بە سەر پەرژینەکەدا بازی دا. میشکا بەغار بە پلەکاندا داگەڕا. بەڵام لە دواوە، لە ماڵەکەوە، تەقەیەکی ڕەقی فیشەکی تفەنگ هاتە گوێ. لەبەر دەمیەوە دەنگی تەپەیەك هات، تومەز فیشەکی تفەنگەکە بەر دیواری عەمارەکە کەوتبوو،و پارچەیەك لە کەفماڵو سواغی دیوارەکەو پارچە بەردی کەوەیی دیوارەکە پەرشو بڵاو بوونەوەو کەوتنە سەر عاردی.

کیریل، بەلەز غاری دەدا، تارماییە چەماوەکەی، لە بەینی گەڵای کەسك‌و چڕی دار سێوەکانەوە، جاریٚ دەردەکەوت‌و جاریٚ ون دەبوو. میشکا، بە سەر پەرژینەکەدا بازی داو خۆی بە عاردیدا داو لە پاڵەوە دوو فیشەکی تری بە کیریلەوە نا، ئەوسا ڕووی بەرەو ماڵەکە وەرگێڕا، دەرگای دەرەوە لەسەر گازی پشت بوو. دایکی کیریل، لە سەر قاڵدرمەکان وەستا بوو و دەستی بۆ چاوانی کردبوو بە سابات‌و دەیڕوانییە ناوباخەکە.

میشکا، بە داخ‌و کەسەرو جۆرە پەشیمانیەکەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەبوایە، بیٚ چەندو چوون، هەر لەوێدا بمکردایە بە قوربانی گوللەیەك!" چەند دەقیقەیەکی دیکەش، لە پاڵ پەرژینەکەدا مایەوەو چاوی بڕییە ماڵەکە، ئەوسا بە جوڵەیەکی میکانیکی، سەری ئەژنۆکانی، کە لە خاك چەقی بوون، تەکاندو هەستایە سەر پێیان‌و بە زەحمەت بە سەر پەرژینەکەدا تێپەڕی‌و لە کاتێکا لوولەی دەمانچەکەی کردبووە عاردی، بەرەو ماڵی خۆی نشێو بووەوە.

((٥))

ئاخفاتکین‌و ئەو قۆزاقە نەناسەی کە کوشیڤۆی لە ماڵی گروموف دیتبووی، هاو زەمان دەگەڵ کیریلدا هەڵاتبوون‌و دیار نەمان. هەر ئەو شەوە دوو قۆزاقی دیکەش لە گوندا دیار نەمان. ئەوسا مەفرەزەیەکی چکۆلەی چکای دۆن، لە ڤیشنسکایاوە گەییە تاتارسکی. چەند قۆزاقێکی گرت‌و چوار سەربازی، کە بە بێمۆڵەت‌و ئیزن یەکەکانی خۆیان بە جێهێشتبوو، ڕەوانەی لیژنەی ئینزیباتی ڤیشنسکایا کرد.

کوشیڤۆی، ڕۆژ تا ئێوارەی لە بارەگای کۆمیتەی شۆڕشدا بەسەر دەبرد. شەواو شەو بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، بەردەوام تفەنگەکەی بە پڕ فیشەکەوە، لە ناو جێگاکەو لە تەنیشت خۆیەوە دادەنا، دەمانچەکەی دەخستە ژێر بالیفەکەیەوە (سەرین) هەر بە جلەکانیەوە دەچووە ناو جێگاوە. سیٚ ڕۆژ دوای ڕووداوەکەی کیریل بە دونیاشکای گوت:

– با لە بەر هەیوانەکەدا بخەوین.

دونیاشکا بە سەرسامی پرسی:

– بۆچی؟

– دوور نییە لە پەنجەرەکەوە تەقەمان لێبکەن، تەختە خەوەکە زۆر لە پەنجەرەکەوە نزیکە.

دونیاشکا، بێهیچ چەندو چوون‌و گەنگەشەیەك، سیسەمەکەی گواستەوە بۆ بەر هەیوانەکە. بەڵام شەویٚ پرسی:

– باشە، تاکەی دەبیٚ وەکو کەروێشکی ڕاونراو بژین؟ زستانیش دەبیٚ لە بەر هەیوانەکەدا بژین؟

– ئێمە لە کویٚ‌و زستان لە کویٚ؟ ئیدی، جاریٚ، دەبیٚ واهی بژین.

– باشە ئەم (جاریٚ)یە تاکەی درێژا دەکێشێت؟

– تا ئەوکاتەی کیریل بە گیر دێنم.

– جا پێتوایە بەو ئاسانییە دێتە بەر دەستت؟

میشکا، بەمتمانەوە گوتی:

– بۆ کویٚ دەچێت، ڕۆژێك هەر دێت بکەوێتە بەر دەستم.

هەڵبەتە، حیسابەکەی دروست دەرنەچوو. کیریل گروموف کە دەگەڵ هاو دەستەکانی خۆیدا، لەوبەری دۆن خۆیان قایم کردبوو، کە دەبیستیٚ فەرماندەی ئەنارشیستی ماخنو، خەریکە بەرەو ناوچەکە دێت و نزیك دەبێتەوە، بەرەو ڕەخی ڕاستی دۆن هاتنەوەو چوون بۆ شارۆچکەی کراسنوکوتسکایا، کە بوو بوو بە قاو، گوایە پێشڤەرەوڵانی دارو دەستەکەی ماخنو گەییونەتە ئەویٚ. کیریل، شەویٚ بە گوندا تێپەڕی بوو و بە ڕێکەوت لە جادەدا تووشی پروخۆر زیکوف دەبێت و پێی دەڵێت سڵاوی بگەیەنێتە کوشیڤوی و پێی بڵیٚ بەو زووانە بە یداری دەگات. پروخۆر بۆ بەیانی، چیرۆکی بەرخوردو گفتوگۆیەکەی خۆی دەگەڵ کیریلدا، لە سیری تا پیازی بۆ میشکا گێڕایەوە.

میشا، بە تووڕەیی گوتی:

– زۆر باشە! ئەگەر پیاوە بابیٚ، جاری یەکەم دەرباز بوو، بەڵام جاری دووەم باڵبگریٚ بە باڵی هەورەوە، لە دەستم دەرناچێت. فێری کردم چۆن مامەڵە لە گەڵ خەڵکانی وەکو ئەودا بکەم، بە ڕاستی لەم ڕووەوە مەمنوونیم.

ماخنۆو دارو دەستەکەی، لە ڕاستیا لە ئاقاری قەڵەمرەوی دۆنی باڵادا، سەریان هەڵدا. توانی لە نزیکی گوندی کنکوڤدا، یەك فەوجی پیادە، کە بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئەو لە ڤیشنسکایاوە نێردرا بوو، لە شەڕێکی کوت و پڕو کورت خایەندا تێك و پێك بشکێنیٚ. بەڵام دوای ئەوە بەرەو مەرکەز و مەڵبەندی هەرێمەکە پێشڕەوی نەکرد، بەڵکو ڕووی کردە وێستگەی میلیروڤۆو لە سەرووی وێستگەی ناو براوەوە، لە هێڵە ئاسنەکە پەڕییەوەو بەرەو ستاروبلسك کەوتە ڕیٚ. سەر سەخت ترین و دڕترین قۆزاقانی گاردی سپی پەیوەندییان بەوەوە کرد، بەڵام ژمارەیەکی زۆریشیان لەماڵی خۆ دانیشتن و چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد، تا بزانن بارودۆخەکە بە کام لادا دەکەوێتەوە.

کوشیڤوی، زۆر بە پارێزەوە دەژیا، بە وردی چاودێری هەر ڕووداوێکی ناو گوندی دەکرد، گوێی بۆ هەر سرتەو ورتەیەك هەڵدەخست. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ژیان لە تاتارسکیدا زۆر خۆش نەبوو. قۆزاقەکان، لە حکومەتی سۆڤیاتی ڕازی نەبوون، بە سەرچاوەی هەموو مەینەتیەکانی خۆیانیان دەزانی، ئەو حانووتە چکۆلەیەی کۆمەڵەی هەرەوەزی ناوچەکە، ماوەیەك لەوە پێش کردبوویەوە، شتێکی ئەوتۆی تیانەبوو. سابوون و شەکرو خویٚ و نەوت و شقارتەو تووتن و ڕۆنی مەکینەو شتە هەرە پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی تیا دەست نەدەکەوت، ڕەفەکان، جگە لە چەند پاکەتە جگەرەیەکی گرانبایی جۆری ئاسلوموف و هەندیٚ ئەوزاری تەنەکەچیاتی کە کەس لێی نەدەپرسی، هیچی تری بە سەرەوە نەبوو.

خەڵکی گوند، شەوانە لە جیاتی نەوت، پیوی گایان لە قاپێکا دەتواندەوەو دایان دەگیرساند. تووتنی خۆماڵی، کە لە باخەکاندا دەیان ڕواند، لە جیاتی تووتنی کارخانە بەکار دەبرا. زۆربەی خەڵکی، لە جیاتی شقارتە، بەردە ئەستیٚ یا ئەو جۆرە چەرخانەیان بە کاردەبرد، کە ئاسنگەرەکان، هەر وا جەڵەبی پێکێانەوە دەنا. ئیدی قارچکە کێویلەو ساقەتەی گوڵە بە ڕۆژەیان

پێکەوە دەکولاند دەیانکرد بە پووشو بۆ ئەوەی باشتر ئاگر بگرێت، بەلاَم هەر فایدەی نەبوو و ئاگر بوو بوو بە کێشەیەکی گەورە. زۆرجار میشکا، کاتێ کە ئێواران، لە بارەگای کۆمیتەی شۆڕشەوە بۆ ماڵ دەگەڕایەوە خەڵکانێکی لە جادەو کۆلاَنەکاندا دەبینی کە بە دەست بەردە ئەستێوە گیریان خوارد بوو، بە زەحمەت تروسکەی لێهەڵدەستاو لە بن لێوانەوە جنێویان دەداو دەیانگوت: "حکومەتی سۆڤیاتی، ئاگرمان بدەیە ئاگر!" تا سەرەنجام تروسکەیەك لە چەخماخی یەکێکیانەوە هەڵدەستاو هەموو ئەوانی دی سیغارەکانیان پێدەکردو ئیدی هەموو بە چیچکانەوە ڕۆدەنیشتن و خەبەرو باسەکانیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە. هەڵبەتە پەڕە سیغاریش قاتی بوو. هەر هەموو تۆمارەکانی کڵێسا دەرهێنران و لە جیاتی پەڕە سیغاران بەکاربران، دوای ئەوەی ئەو تۆمارانە تەواو بوون و کران بە دووکەڵ و چوون بە ئاسماندا، دوای ئەوە هەر پەڕە کاغەزێك لە ماڵەکاندا بەر دەست بکەوتبایە، ئیدی لە کتێبی کۆنی منداڵانەوە بیگرە تا دەگەییە کتێبانی پیرۆزی پیران، لە جیاتی پەڕە سیغار بەکاردەبرا.

پروخۆر زیکوف، کە زۆرجار سەردانی ماڵی میلیخوڤ دەکرد، بۆ ئەوەی چەند پەڕە کاغەزێك لە میشکا سواڵ بکات، بە کەساسیەوە دەیگوت:

– سەری یەغدانەکەی ژنەکەم، کە هەر هەمووی بە کۆنە ڕۆژنامان داپۆشرا بوو، هەموویم هەڵکەندو لە جیاتی پەڕە سیغار بەکارم برد، ئینجیلێکشمان هەبوو، کتێب بەو پیرۆزیە، ئەویشم کرد بە پەڕە سیغارو کێشام. تەوراتەکەشم فت کرد. حەیفێ باوکانی پیرۆزی ئاینی، ژمارەیەکی زۆریان لەم کتێبە ئاینیانە نەنووسیوە... ژنەکەم سەرجەلە نامەیەکی هەبوو، ناوی هەموو کەسوکارمانی، بە مردوو و زندووەوە، تیا تۆمار کردبوو، ئەویشم کرد بە پەڕە سیغارو کێشام. ئاخر ئێستا من چیبکەم، پەلکی کەلەرم بکێشم؟ نا، میخائیل، هەر چیەك دەڵێی بیڵێ، بەلاَم هەر چۆنێ بووە ڕۆژنامەیەکم بدەیە... من بەبێ سیغار هەڵناکەم. لەکاتی شەڕدا، هەندێجار بەشە نانەکەی خۆم دەگۆڕییەوە بە چنگێ تووتن.

پایزی ئەو ساڵە، ژیان لە تاتارسکیدا خۆش نەبوو... چەرخی عەرەبانەو گالیسکان کە ڕۆنکاری نەدەکران، بەدەم ڕۆییشتنەوە جیڕەجیڕیان سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی. زین و قایش و قروشی ئەسپان و قۆندەرەی خەڵکی، لە بەر وشکی شەقیان دەبرد، بەلاَم لە هەموو ئەمانە خراتر، نەبوون و کەمی خوێ بوو. خەڵکی تاتارسکی دەچوونە ڤیشنسکایا، بەرخێکی دابەستەی قەڵەویان دەدا بە سێ چارەك خوێ و ئەوسا بەدەم جنێودان بە حکومەتی سۆڤیاتیەوە، لەوێندەر دەگەڕانەوە. ئەم خوێیە نەفرەتیە سەریەشەیەکی زۆری بۆ میشکا دروستکرد... ڕۆژێك پیرانی گوند هاتن بۆ بارەگای کۆمیتە. بە ڕێزو حورمەتەوە سلاَویان لە بەرپرسی کۆمیتە کرد، کلاَوە فەروەکانیان داکەندو لە سەر تەختەکان ڕۆنیشتن (دانیشتن). یەکێکیان گوتی:

– جەنابی سەرۆك، ئەگەر گوند سەنگ و سوژن بدەی، لالوێچێ خوێ دەست ناکەوێ.

میشکا، قسەکەی بۆ ڕاستکردەوە:

– ئێستا، جەناب و مەناب نەماوە.

– ببوورە، دەمم ڕاهاتووە... دەتوانین بە بێ جەنابان بژین، بەلاَم ناتوانین بە بێ خوێ بژین.

– دەی، پیران چیتان دەوێ؟

– تۆ سەرۆکی کۆمیتەی، کارێك بکە کە خوێمان بۆ بێنن. ئاخر، خوێ لە مانیچەوە بە پشتی گا ناگاتە ئێرە.

– ڕاپۆرم لەمبارەیەوە بۆ کۆمیتەی هەرێم ناردووە، ئاگایان لە مەلەسەکە هەیە. هەڵبەتە بەم زوانە شتێکمان بۆ دەنێرن.

یەکێك لە پیرەکان، کە چاوی بڕی بووە عاردی گوتی:

– کەرەکە مەمرە، بە هارە.

میشکا یەکسەر سوور بووەوە، لە پشت مێزەکەوە هەستا، لە کاتێکا کە لە تووڕەییدا، دەموچاوی شین هەڵدەگەڕا، گیرفانەکانی خۆی هەڵگێڕانەوەو گوتی:

– من خوێم نییە، نابینن؟ نە لێرەو نە لەوێ شك نابم، خۆ قامکی خۆم نامژم تا لە بەر خاتری ئێوە خوێی لێدەربێنم، حاڵی هەن، پیران؟

دوای ساتێك بێدەنگی، چوماکوڤ پیری یەك چاو، لە کاتێکدا ئەو تاقە چاوەی بە سەر سامی بە سەر ئامادەبوواندا دەگێڕا، پرسی:

– ئەدی ئەم خوێیە، کێوە چوو؟ جاران، لە سایەی حکومەتی ئەوسادا، کەس باسی خوێی نەدەکردو خوێ بە خەرمان هەڵدرابووەوە، کەچی ئەمڕۆ، بە قەد سەری پەنجەیەکی لێدەست ناکەوێ...

میشکا، بە نەوایەکی ئارامتر گوتی:

– حکومەتی ئێمە، لەم ڕووەوە هیچ خەتایەکی نییە، خەتاباری هەوەڵ و ئاخیری ئەم قەیرانە ،حکومەتی جارانی کادێتەکانە، حکومەتەکەی ئێوەگەل. وێرانیەکی ئەوتۆی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، شتێك نییە کە خوێی پێبگوزارێتەوە! هێڵی قیتاران، هەر هەمووی تێکدراوە، فارگۆنەکان تێك شکێنراون...

میشکا، ماوەیەکی زۆر بۆ پیرەکانی گێڕایەوە کە چۆن سپیەکان، لە کاتی پاشەکشەکەیاندا، هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەتیان وێران کردووە، دارایی دەوڵەتیان تالانکردووە. کارخانەکانیان تەقاندووەتەوەو عەمارەکانیان سووتاندووە. میشکا، هەندێ لەم ڕووداوانەی لەکاتی جەنگدا بە چاوی خۆی دیتبوو و هەندێکیانی بە بیستن بیستبوو و ئەوانی دیکەی لە گیرفانی خۆیەوە دەردێنا، ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی ناڕەزایی خەڵکی لە حکومەتە سۆڤیاتیە ئازیزەکەی دوور بخاتەوە. بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە لە هەر گلەیی و گازاندەیەك دووربێ، بە کەماڵی ئاسوودەیی، درۆی هەڵدەبەست و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "چ قەیدیە ئەگەر هەندێك درۆیان بە دەم ئەو سپیە گەجەرو گوجەرانەوە هەڵبەستم، خۆ ئەگەر ئەو گەجەرو گوجەرانە، بەمە هیچ زەرەرێك ناکەن، بەڵام بە هەرحاڵ قازانجی ئێمەی تیدایە...." میشکا بە چاوانی ڕەخشانەوە دەیگوت:

– پێتان وایە ئەم بۆرژوایانە، لە ژێر بنچکانەوە هاتوونەتە دەر، ئەقڵیان نییە؟ نەخێر بێ ئەقڵ نین. هەرچی زەخیرەی شەکرو خوێ هەیە، هەر هەموویان، لە سەرانسەری ڕووسیادا کۆکردەوەو بەرەو قرمیان ئاو دیو کردو لەوێوە، لە کەشتیان بارکردو بۆ فرۆشتن، ناردیان بۆ وڵاتانی دی.

چوماکوڤ یەکەڵە چاو، بە نە باوەڕییەوە پرسی:

– ئەدی ڕۆن و گریسی چەرخی گالیسکەو عەرەبانانیشان لە گەڵ خۆدا برد؟

– وا دەزانی بۆ تۆیان بەجێهێشتووە، بابۆ؟ وادەزانی بە خەمی تۆو جەماوەری زەحمەتکێشەوەن، بۆ ئەوەش مشتەری پەیدا دەکەن. ئەگەر بیان توانیبا، هەموو شتێکیان لە گەڵ خۆدا دەبرد، تا جەماوەری خەڵك لە برسانا بمرن.

یەکێك لە پیرەکان بۆی سەلماندو گوتی:

– ڕاستە. خەڵکی داراو دەوڵەمەند هەموویان چاو چنۆکن. لە ڤالوبەلاوە، هەروا بووەو هەموو کەس دەزانن، ئەوانە تا داراتر بن زیاتر تەماعکار دەبن. بە هیچ شتێك تێر نابن. لە ڤیشنسکایا، لە پاشەکشەی یەکەما، بازرگانێك هەبوو، کە هەموو دارو نەداری خۆی، تەنانەت داوو دەرزیشی لەعارەبانان بارکرد، ئیدی سوورەکان خەریك بوو نزیك دەبوونەوە، ئەو هێشتا لە ماڵەکەی وەدەر نەکەوتبوو، فەروەکەی لەبەر کردبوو، سەری بە هەموو کون و کەلەبەرێکی ماڵەکەیدا دەکردو بە گازو پلایس تەنانەت بزماری قەد دیوارەکانیشی هەڵدەکەند، دەیگوت: "نامەوێ تاقە بزمارێکێش بۆ ئەو نەحلەتیانە بەجێ بێڵم!" بەم پێودانگە هیچ سەیر نییە، کە ئەو جۆرە خەڵکانە، ڕۆنی مەکینەو عەرەبانانیشیان لە گەڵ خۆدا بردبێ.

ئەنجام ماکساییفی پیر، بە زمانێکی نەرم و بەدڵساڤ خۆی پرسی:

– بە هەرحاڵ، ئێستا ئێمە چۆن بەبێ خوێ هەڵبکەین؟

میشکا، بە پارێزەوە گوتی:

– کرێکارەکانمان بەم زوانە خوێ دەردێنن. ئیدی دەتوانن چەند عارەبانەیەك بۆ مانیچ بنێرن کە خوێ بێنن.

– خەڵکی ناوێرن بۆ ئەوێ بڕۆن. کالموکەکان ڕێیان پێدەگرن، نایەڵن خوێ لە دەریاچەکان کۆ بکەینەوە. گاجووتەکانمان لێدەدزن. ناسیاوێکی من چوو بوو بۆ ئەوێ، کە گەڕابووەوە، بە خۆی و قامچییەکەیەوە گەڕابووەوە، ڕووتیان کردبووەوە، شەوێ کە لە ڤیلیکوکیناژسکایا تێپەڕی بوو، سێ کالموکی چەکدار هاتبوونە سەر ڕێگای، گایەکانیان دابووە پێش و پێیان گوتبوو: "قسە نەکەی، دەمت داخەو هیچ نەڵێی، دەنا وات دەکوژین، دوو بەرد تەقەی نەیەت...." ئاخر کێ دەوێرێ بەو حاڵەوە بۆ ئەو دەڤەرە بڕوات! .

چوماکوف، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– دەبێ، ماوەیەك چاوەڕوان بکەین و دان بە خۆمانا بگرین.

میشکا، بە هەر جۆرێ بوو، گفتوگۆیەکەی خۆی دەگەڵ پیرانی گوندا تەواو کرد، بەڵام لە ماڵیشەوە، لە سەر هەمان مەسەلەی خوێ، گەنگەشەیەکی توندی دەگەڵ دونیاشکادا بوو. بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوانیان باش نەبوو....

شەڕە دەنووکەکەیان، ئەو ڕۆژە دەستی پێکرد کە لە حوزووری پروخۆردا باسی گریگۆری کرد. ئەم بەدحاڵیە بچووکە، نە ڕەوییەوەو لەدڵ نەسڕدرایەوە. ئێوارەیەك میشکا لە سەر شێوی ئێوارێ گوتی:

– شۆربایەکەت بێ خوێیە کەیبانۆ. هەرچەندە خواردن کەم خوێ بێ باشترە لەوەی سوێر بێ.

– لە سایەی ئەم حکومەتەدا، مەحاڵە خواردن سوێر بێ. دەزانی خوێمان چەند ماوە؟

– چەند؟

– دوو چنگ.

میشکا ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– وەزع خراپە.

دونیاشکا بە گلەییەوە گوتی:

– خەڵکی هەر هاوین چوون بۆ مانیچ بۆ خوێ، بەڵام تۆ هەر نەپەرژای بیریشی لێبکەیتەوە.

– من بە چی بڕۆشتبام؟ لە ساڵی یەکەمی ژیانی خێزانداریمانا، ئەگەر تۆم ئەسپ ئاسا لە عەرەبانەکە ببەستایە ماقووڵ نەبوو. خۆ گایەکانیش بە کەڵکی هیچ نایەن.

– شۆخیەکانت هەڵگرە بۆ دوایی. بۆ ئەو ڕۆژەی کە خواردنی بێ خوێ دەخۆیت، ئەو کاتە سوعبەت بکە!

– ئاخر تۆ چ گلەییەك لە من دەکەی؟ پێم ناڵێی خوێ لە کوێ پەیدا بکەم؟ بە ڕاستی ئێوە، خێڵی ژنان زۆر سەیرن!... وەرە ڕەنج بدە، خۆت ماندوو بکە، هەرچیەکیان دەوێ بۆیان فەراهەم بکە! ئەوجاش هەر ناشکورو نا ڕازین! دەی باشە ئەگەر ئەم خوێیە مەلعوونە لە بنی نەبێ، چی؟

– خەڵکی بە گا چوون بۆ مانیچ. بۆ خۆ خوێ و هەموو شتێکیان هەیە، بەڵام ئێمە دەبێ خواردنی ترش‌و بێ خوێ بخۆین...

– دونیا، هەرچۆنێ بێ ئیدارە دەکەین. بەو زووانە خوێمان بۆ دەنێرن. خاکی ئێمە پڕە لە خوێ.

– ئەی مەعنای چی، ئێوە هەموو شتێکتان هەیە.

– مەبەستت لە ئێوە، کێیە؟

– سوورەکان.

– ئەدی تۆ خۆت چیت؟

– من ئەوەم کە دەمبینی. بەردەوام دەتانگوت: "هەموو شتێکمان زۆر دەبێت، هەمووان لە نازو نیعمەت و یەکسانیدا دەژین..." نازو نیعمەتەکەتان ئەمەیە، کە خوێ نییە، بیکەینە چێشتەوە؟

میشا، بە سەرسامی ڕوانیە ژنەکەی، ڕەنگی تێکچوو و گوتی:

– ئەوە تۆ چ دەڵێی دونیا؟ ئەمە کەی ئسلووبە؟ چۆن دەشێت بەو جۆرە قسە بکەیت؟

لێ دونیاشکا، جڵەوی خۆی بەردا بوو، لە پەستی و تووڕەییدا ڕەنگی پەڕی بوو، بە جۆرێ دەنگی لێبەرز کردەوە، کە زیاتر لە هاوار دەچوو، لە سەری ڕۆیی:

– دەشێت‌و ئەولاتریش، بۆچی چاوت لێزەق کردوومەتەوە؟ تۆ کە بەرپرسی کۆمیتەی، دەزانی خەڵکی هەندێکیان لە بێ خۆییدا، هەموو دەمولێویان شەقی بردووەو ئاوساوە؟ ئاگاداری خەڵکی لە جیاتی خوێ چ دەخۆن؟ دەچن بۆ گردی نچایف، لەوێ، زەویە شۆراخەکان (شۆرەزار، شۆرەکات) هەڵدەکەنن‌و ئەو گڵ‌و خاکە دێننەوەو لە چێشتی دەکەن... ئەمە دەزانیت؟

– هێواش، هێواش، هاوار مەکە، دەیزانم... ئێ چیتر؟

دونیاشکا، دەستی دان بە یەکاو گوتی:

– لەوەی زیاتر چیت دەویٚ؟

– بەلاٚم هەرچۆنیٚ بیٚ دەبیٚ تەحەمولی بکەین، وانییە؟

– باشە، تۆ تەحەمولی بکە!

– تەحەمولی دەکەم، بەلاٚم تۆ... تۆ... باش تەبیعەتی میلیخۆفیانەی خۆت نواند...

– تەبیعەتیان چیەتی؟

میشکا بە دەنگیٚکی نزم گوتی:

– بە تەبیعەت دەژی شۆڕشن.

لە پشت میٚزەکە هەستا، چاوی بڕییە عاردەکە، بیٚئەوەی تەمەشای ژنەکەی بکات، بەدەم لیٚوە لەرزیٚوە گوتی:

– ئەگەر جاریٚکی دی بەمجۆرە قسە بکەی، ئیدی لە گەلٚتا ناژیم، ئەمە چاك بزانە! قسەکانت، قسەی دژمنن...

دونیاشکا، ویستی بەرپەرچی بداتەوە.بەلاٚم میشکا کە لە تووڕەییدا چاوانی ئەبلٚەق بووبوون، کۆلٚە مستی گوشی و بە دەنگیٚکی نزم گوتی:

– دەمت داخە!..

دونیاشکا بەبیٚ ترس و بە کونجکاویەوە تەمەشای کردو دوای ماوەیەك بە ئارامیو، بە پیٚکەنینەوە گوتی:

– ئیدی چ پیٚویست بەم گەنگەشەو قسانە دەکات... دەتوانین بە بیٚ خویٚش بژین..

دووبارە بیٚدەنگ بووەوە. ئەوجا بەدەم بزەیەکەوە کە میشکا زۆری حەز لیٚدەکرد ، گوتی:

– میشا، تووڕە مەبە ئەگەر لە هەر کاریٚکی ئیٚمە، خیٚلٚی ژنان تووڕە ببیت، ئیدی تووڕەییت کۆتایی نایەت. ئینسان لە کاتی تووڕەییدا هەموو شتیٚك دەلٚیٚت. خۆشاوی میوەت بۆ بیٚنم یا ماستی ترش؟

دونیاشکا، هەرچەندە گەنج بوو، بەلاٚم کەسیٚکی ئاقلٚو بە ئەزموون بوو، لە قەرقەشەدا دەیزانی کەی دەبیٚ سەر سەختی بکات و کەی بیداتە باریکی و نەرمکیٚشی و مەیدان چۆلٚبکات...

دوای دوو هەفتە نامەیەکی گریگۆری هات. لە نامەکەدا نووسی بووی کە لە جەبهەی ورانگلدا برینداربووەو ئەگەری ئەوە هەیە کە پاش چاك بوونەوە لە خزمەتی عەسکەری مەرەخەس بکریٚت. دونیاشکا، میشای لە نیٚوەڕۆکی نامەکە ئاگادار کردەوەو بە پاریٚزەوە پرسی:

– میشا، کە گریگۆری هاتەوە، ئیٚمە چیبکەین؟

– ئیٚمە دەچینە خانووەکەی من، با ئەویش بۆ خۆی بە تەنیا لیٚرە بژی. مولٚکەکانیش دابەش دەکەین.

– هەلٚبەتە ناتوانین پیٚکەوە بژین. هەموو نیشانەکان ئەوە دەنویٚنن کە بە تەمایە ئەکسینیا بخوازیٚت.

میشکا، بە زبری گوتی:

– ئەگەر بشتوانین پێکەوە بژین، من ئامادە نیم لە گەڵ براکەتدا لە یەك ماڵدا بژیم.

دونیاشکا، برۆی وێکهێنانەوەو بە سەرسامی پرسی:

– بۆچی، میشا؟

– تۆ بە خۆت دەزانی بۆچی!

– لەبەر ئەوەی لە گەڵ سپییەکاندا بووە؟

– ڕێك لەبەر ئەوەیە.

– تۆ زۆرت ڕق لێیەتی... خۆ ئێوە سەردەمانێك دۆستو برادەر بوون.

– نۆرەی ئەمەیە خۆشم بوێ! ڕاستە سەردەمانێك دۆست بووین، بەڵام لە مێژە ئەو دۆستایەتیەمان نەماوە.

دونیاشکا، خەریك بوو خەرەکی دەڕست. خەرەکەکە بە نەوایەکی یەکنەوا، بە گڤەگڤ دەخولایەوە. لە ناکاوا داوەکەی پچڕا.

دونیاشکا بە ناولەپی خەرەکەکەی ڕاگرتو لە کاتێکا هەردوو سەری داوەکەی دەدایەوە دەم یەك، بێئەوەی تەمەشای مێردەکەی بکات، پرسی:

– باشە کاتێ کە گەڕایەوە، لە سەر ئەوەی لە گەڵ قۆزاقاندا بووە، چی لێدەکەن؟

– دادگایی دەکرێ... دەیدەنە دادگای عورفی!

– باشە، چ حوکمێك دەدرێ؟

– من چوزانم، خۆ من قازی نیم.

– دەشێت حوکمی ئیعدام بدرێ؟

میشکا، تەمەشایەکی ئەو تەختەی کرد کە میشاتکاو پولیوشکا لە سەری خەوتبوونو گوێی بۆ هەناسە ڕێك پێکەکانیان گرتو دەنگی نزم کردەوەو گوتی:

– لەوەیە.

دونیاشکا هیچ پرسیارێکی دیکەی نەکرد. بەیانی دوای دۆشینی چێلەکەیان، چوو بۆ ماڵی ئەکسینیاو پێی گوتی:

– گریشا بەم زوانە دەگەڕێتەوە، هاتم مژدەت بدەمێ.

ئەکسینیا، مەنجەڵێك ئاوی نایە سەر ئاگرو هەردوو دەستی خستنە سەر سینگی. دونیا، ڕوانیە گۆناکانی کە سوور هەڵگەڕا بوونو گوتی:

– بەڵام زۆریش خۆشحاڵ مەبە. مێردەکەم دەڵێت بێگومان دەدرێتە دادگا. ئیدی خوا دەزانێ چ حکومێك دەدرێ.

بۆ ساتێك، ترس نیشتە سەر چاوە تەڕو ڕەخشانەکانی ئەکسینیاو بە پەلە پرسی:

– لە سەر چی؟

توانای ئەوەی نەبوو ئەو بزەیەی کە بەسەر لێوییەوە ماسی بوو دوور بخاتەوە.

– لە سەر ئەوەی بەشداری ڕاپەڕینی کردووە. لەسەر...

– درۆیە دادگایی ناکرێت. میخائیلی تۆ هیچ نازانیٚ، لە خۆیەوە ئەو قسانە دەکات، چیە خۆی لێمان کردووە بە غەیبزان!

– وایە، لەوەشە دادگایی نەکرێت.

دونیاشکا، کەمێك بێدەنگ بوو و پاشان ئاهێکی هەڵکێشاو لە سەری ڕۆیی:

– زۆر ڕقی لە برایەکەمە... ئەمەم هێندە لەبەر گرانە کە باس ناکرێت. زۆر دڵم بە براکەم دەسووتیٚ! دیسان بریندار بووە... چەند ژیانێکی سەختی هەیە!...

ئەکسینیا، بە هەڵچوونەوە گوتی:

– خوا دەکا دەگەڕێتەوە، خەمت نەبیٚ، منداڵەکان هەڵدەگرین و لە شوێنێکا خۆمان دەشارینەوە.

ئەکسینیا هەرچی دەکرد نەیدەتوانی ئەو هەڵچوونە کۆنترۆڵ بکات کە باڵی بە سەرا کێشا بوو، بە خۆڕایی لەچکەکەی سەری داکەندو دووبارە کردییەوە سەری. قاپ و ئامانەکانی سەر تەختەکەی لابردن، لە سەر تەختەکە دانیشت و چرچ و لۆچی بەرهەڵبێنە کۆن و ڕزیوەکەی لە سەر ئەژنۆکانی ساف کردەوە، دونیاشکا، هەستی بە لەرزینی دەستەکانی کرد، ئەوسا هەستی کرد شتێك ئەوکی خۆی دەگرێت. حەزی دەکرد، بچێتە سووچێکەوەو بە تەنیا بگری. پاشان بە ئەسپایی گوتی:

– حەیفی دایکم نەژیا تا بیدینیٚ... دەی من دەڕۆم، دەبیٚ ئاگردانەکە دابخەم.

ئەکسینیا، لە ڕاڕەوەکەدا، بە پەلەو بە شپرزەیی، ماچێکی لاملی دونیاشکای کرد، ئەوسا دەستی گرت و ماچی کرد. دونیا بە دەنگێکی لەرزۆك پرسی:

– دڵت خۆشە؟

ئەکسینیا، کە هەوڵیدەدا بە شۆخی و پێکەنینەوە، فرمێسکەکانی پەردەپۆش بکات، وەڵامی دایەوە:

– بەڵیٚ، کەمێك، زۆر کەم....

((٦))

لە وێستگەی میلیروڤۆ، عەرەبانەیەکی دوو ئەسپەیان خستە خزمەتی گریگۆری، بەو ئیحتوبارەی فەرماندەیەکی سوورەو لە خزمەت مەرەخەس کراوە، تا پێی بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی. لەو ڕێگایەدا کە دەچوو بۆ گوندەکەی ئەوان، دەگەییە هەر ئاواییەکی ئۆکراینی، ئەسپەکانی دەگۆڕی، لە زەرفی بیست و چوار سەعاتدا گەییە مەرزی شارۆچکەی دۆنی باڵا، لە یەکەمین گوندی قۆزاق نشینذا، سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕش، کە سەربازێکی گەنج بوو و تازە لە سوپای سوور گەڕا بووەوە، پێی گوت:

– هاوڕیٚ فەرماندە، مەگەر بە گاجووتان درێژە بە ڕێگاکەت بدەی، لە هەموو دێیەکەدا، تەنیا یەك ئەسپ هەیە کە ئەویش لاقێکی شەلە. لە کاتی پاشەکشەو ڕەوەکەدا، هەموو ئەسپەکانی ئێرەیان لە کوبان بە جێهێشتووە.

گریگۆری، کە سەری قامکی دەدا بە مێزەکەداو، بە چاوانی کونجکاوەوە دەیڕوانیە چاوانی خەندانی سەرۆکی کۆمیتە کە گەنجێکی ڕوو خۆشبوو، پرسی:

– تۆ بڵێی نەتوانم بەو تاقە ئەسپە خۆم بگەیەنمە جیّ؟

– هەرگیز ناگەیتە جیّ، یەك هەفتە بە ڕێوە دەبیت و ئەوساش ناگەیتە جیّ! بەڵام خەمت نەبیّ، گای زۆر باشمان هەن، ڕەهوانن. ئێمە دەبیّ عەرەبانەیەك بنێرین بۆ ڤیشنسکایا، تا هەندیّ تەلی تەلەفۆنی پاشماوەی شەڕ بگوازێتەوە. ئیدی پێویست ناکات عەرەبانەکەت بگۆڕی، عەرەبانەکەی ئێمە ڕێك دەتگەیەنێتە بەرماڵەوە.

سەرۆکی کۆمیتە، چاوی چەپی لێداگرت و بەدەم بزە پێکەنینەوە لە سەری ڕۆیی:

– باشترین گاجووتتان دەدەینیّ و، بێوەژنێکی گەنجیش، عەرەبانەکە داژویّ... بێوەژنێکی تەڕو بڕی شۆخ و چاوباشقاڵمان هەیە کە بە خەویش شتی وا نابینی! لە گەڵ ئەوا، کاتیّ بە خۆ دەزانی گەییویتە بەر ماڵی خۆتان. من بە خۆم لە سوپادا بووم، هەموو ئەم شتانە دەزانم، دەزانم کە سوپاییان چییان پێویستە....

گریگۆری، لە دڵی خۆیدا، شتەکانی تاوتویّ کرد، بە لایەوە ماقووڵ نەبوو، چاوەڕوان بکات تا عەرەبانەیەك بە ڕێکەوت لەوێوە بڕوات و ئەمیش بە گەڵی بکەوێت. ڕێگاکەش دوور بوو، هی ئەوە نەبوو بە پێیان بڕوات. کەواتە باشترین شت ئەوە بوو، بە گایەکان قاییل بیبیّ.

دوای سەعاتێك، عەرەبانەکە هات. عەرەبانەیەکی کۆن بوو، جیڕەجیڕی چەرخەکانی سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی. لە جیاتی پەیژەی دواوە. چەند تەختە دارێکیان دانا بوو، ئەو وێنجەیەی کە تیای دانرا بوو، گورزە گورزە بەملاو بەولایدا شۆڕ بوو بووەوە. گریگۆری بەدەم تەمەشا کردنی، ئەم عەرەبانە شڕەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "پاشماوەی شەڕە."

ژنەی عەرەبانچی، شانبەشانی گاجووتەکان دەڕۆیی و قامچیەکەی بادەدا. بە ڕاستی ژنێکی زۆر جوان و بە داروبارو خۆش ئەندام بوو. مەمکە گەورەکانی، کە دەگەڵ بە ژن و باڵای بەرزیا تێکیان نەدەکردەوە، کەمێك پەیکەریان شێواند بوو. شوێنەواری زامێکی قیروقاج بە سەر چەناگە خڕەکەیەو بوو، و شەقڵ و حاڵەتی ئەو ژنانەی دەدایە کە ئەزموونێکی نا شیرینیان لە ژیاندا هەیەو هەروەها دەموچاوە گەنجانە گەنم ڕەنگەکەی، کە پڕ بوو لە نمووس و خاڵی زێڕینی وردی هەرزن ئاسا، لە تەمەنی خۆی گەورەتریان دەنواند.

ژنەی تاین، لەچکەکەی چاك کرد، چاوی هێنانەوەیەك، تەمەشایەکی سەراپای گریگۆری کردو پرسی:

– تۆیت، کە دەبیّ لە گەڵ خۆمت بەرم؟

گریگۆری، لە پلەکانەوە هاتە خواریّ و دوگمەی پاڵتۆکەی داخست و گوتی:

– بەڵیّ، تەلەکانت لە عەرەبانەکە بارکرد؟

ژنەی قۆزاق، بە دەنگی بەرز گوتی:

– بۆچی چیە، من تەلەکان باربکەم؟ هەموو ڕۆژیّ بەرێوەبم و کارەکەشیان بۆ بکەم! ئەمە کاری منە؟ چما کۆیلەیان بە گیر هێناوە؟ با خۆیان بێن ئەم تەلانە باربکەن، ئەگینا بە بە تاڵی دەردەچم.

ژنەی تاین، بەکرە تەلەکانی هێنان و لە عەرەبانەکەی بار کردن و بە دەنگی بەرز، بەلاّم نەك بەدخوایانە، بەڵکو بە سوعبەتەوە دەگەڵ سەرۆکی کۆمیتەدا کەوتە شەڕە جوێن، ناو بە ناویش، ژێراو ژێر، نیگایەکی کونجکاوانەی (فزوڵیانە) گریگۆری دەکرد. سەرۆك کۆمیتە بەردەوام پێدەکەنی و بە چاوانی بڕیاوە تەمەشای بێوەژنە گەنجەکەی دەکرد. هەندێ جاریش چاوێکی لە گریگۆری دادەگرت، وەکو ئەوەی بیەوێ پێی بڵێ: "دەبینی ئێمە ژنانی چۆنمان هەن، پێم نەگوتی؟! باوەڕت نەدەکرد، ها؟"

لە دەرێی گوندا، دەشتە پان و بەرینە قاوەیی و پەژموردە پایزیەکە تا چاو بڕدەکات درێژ دەبووەوە. شەپۆلە دوو کەڵێکی شینباو بە سەر زەوییە کێڵراوەکانەوە دادەخزی و لە جادەکە تێدەپەڕی. وەرزێرو جووتکاران، پوش و بنچکە گەزەنەی وشك و ڕوەکانی وشکی تێك ئالاّویان دەسووتاند. بۆنی دووکەڵ، کۆمەڵێك بیرەوەری خەمناکی لە یادگەی گریگۆریدا بێدار کردەوە: ڕۆژگارێك، ئەویش لە وەرزی پایزدا، بە تاقی تەنیا، لە دەشتی چۆڵ و هۆڵدا، زەوی دەکێڵا، شەوان چاوی دەبڕییە ئاسمانی تاریکی پڕستێران و گوێی لە دەنگی خەمینی پۆلە قورینگان دەگرت کە بە بەرزییەوە ئاسمانیان تەی دەکرد. بەبێ تاقەتی لە سەر وێنجەکان جولاّ، بە گۆشەی چاو نیگایەکی عەرەبانچییەکەی کرد:

– کچی باش، تەمەنت چەندە؟

ژنەی تاین، بە نازو عیشوەوە، کە تەنیا بە چاو پێدەکەنی گوتی:

– نزیکەی شەست ساڵم!

– نا، بە بێ سوعبەت.

– بیست و یەك.

– بێوەژنی؟

– بەڵێ.

– مێردەکەت چی بە سەر هاتووە؟

– کوژرا؟

– لە مێژە؟

– دوو ساڵ لەمە پێش.

– یانی، لەکاتی ڕاپەڕین و یاخی بوونەکەدا؟

– پاش ئەوە، لە هەوەڵی پایزدا.

– ئەدی چۆن دەژی. چۆن خۆت بەڕێوە دەبەی؟

– ئیتر... دەگوزەرێ.

– باشە، بێتاقەت نابی؟

ژنەی تاین، نیگایەکی کرد، لکی لەچکەکەی دا بە سەر دەمو لێویا تا بزەکەی خۆی بشارێتەوە. بە دەنگێکی گڕترەوە گوتی:

– ئەوەندەم کار هەیە کە بێتاقەت نەبم.

– باشە، بە بێ مێرد هەست بە تەنیایی ناکەیت؟

– من دەگەڵ خەسوومدا دەژیم، کاروباری کێڵگەمان زۆر زۆرە.

– باشە چۆن بەبێ مێرد دەژی؟

ژنە، ڕووی بۆ لای گریگۆری وەرگێڕا، گۆنا تاوە سووتەکانی سوور هەڵگەڕان. تیشکێکی پەمەیی چکۆلە، لە چاوانیا بروسکەی داو کوژایەوە...

– مەبەستت چیە؟

– هیچ، هەروا پرسیم.

چمکی لەچکەکەی لەسەر دەمو پلی لاداو بە دەنگێکی کشدار گوتی:

– خوا دەلیلی داماوانە! لە دنیادا پیاوی میهرەبان زۆرە!

کەمێك بێدەنگ بوو و ئەوسا لە سەری ڕۆیی:

– من فریا نەکەوتم، لەزەتی ژیانی ژن و مێردایەتی لەگەڵ مێردەکەمدا بچێژم. یەك مانگ بە یەکەوە بووین و ئیدی ئەویان برد بۆ عەسکەری. ئێستاش کە ئەو نەماوە، هەرچۆنێ بووە، خۆم بەڕێوە دەبەم. ئێستا، کە لاوان بۆ گوند گەڕاونەتەوە وەزع باشترە، بەڵام پێشتر وەزع زۆر دژوار بوو! دەی بجوڵێ!... دێ دەی. ها، ها، ها، ها... بەڵێ سەربازەکەم، ژیانی من ئاوایە!

گریگۆری وەڵامی نەدایەوە، لە ڕاستیا حەزی نەدەکرد لەسەر ئەو جۆرە قسە بێپەردانە بڕوات، تەنانەت ژێوان بوو لەوەی کە بەو جۆرە دەستی بە قسان کردبوو.

گایە قەڵەوەکان، بە هەمان هەنگاوی قورس و یەکنەواوە ڕێیان دەکرد. شاخی ڕاستی یەکێکیان شکا بوو و ئەم شاخە بە خواری و بۆ خوارەوە ڕوا بووەوە. گریگۆری، بە چاوانی نیمچە نوقاوەوە، لە ناو عەرەبانەکە پاڵکەوتبوو و شانی دا دابووە سەر ئانیشکی. ئەوسا ئەو گایانەی کە بە منداڵی و پاشان بە گەنجی، کاری دەگەڵ کردبوون، وەبیر هێنانەوە، هەر هەموویان لە ڕووی ڕەنگ و بیچم و، خوو و، تەبیعەت و، تەنانەت شێوەی شاخیشیانەوە لێکدی جیاواز بوون. سەردەمانێك لە موڵك و کێڵگەکەی خۆیاندا، گایەکی وەکو ئەمەیان هەبوو، ئەویش شاخی شکابوو و وەکو ئەمە بە خواری ڕوا بووەوەو پێچی خواردبوو. گایەکی بەدخوو و مۆن بوو، هەمیشە بە چاوانی زەق و ئەبڵقەوە کە پڕ بوون لە باریکە دەماری پڕ خوێن، ژێراو ژێر تەمەشای دەکرد. ئەگەر یەکێك لە پاشەوە لێی نزیك ببوایەوە، هەوڵیدەدا بەر جووتەی بدات. لە گەرماو گەرمی کاری کشتوکاڵیدا، کاتێ کە ئاژەڵەکانیان بۆ لەوەڕ بەرەڵلا دەکرد، ئەم گایە یەکسەر ملی ڕێگای دەگرت و بۆ ماڵ دەگەڕایەوە. یا دەچوو بۆ بێشەو جەنگەڵان، یا بۆ پەناو پاسارو کەندان و خۆی دەشاردەوە. زۆرجار گریگۆری، بە سواری ئەسپ بە ناو ئەو دەشتە پان و بەرینە دەکەوت و بە ڕۆژو بە دوو ڕۆژ، لە دووی پیرە گاجووت دەگەڕا، کاتێ کە ئیدی وەڕەز دەبوو و دەستی لە دۆزینەوەی دەشت، لە ناکاوا، لە دۆڵێکی قووڵا یا لە بێشەیەکی چڕە دارستانا، یا لە سێبەری دارسێوێکی کێوی چڕە لق و پۆپا دەیدۆزییەوە. ئەم شەیتانە یەکەڵە شاخە دەیتوانی پەتەکەی پێی بکاتەوە، شەوێ، ئەو پەتەی، کە دەروازەی حەیارەی وڵساتەکانی پێ قام دەکرا، بە شاخ

بەرز دەکردەوەو ئیدی ئازادانە ملی دەنا، دەڕۆیی و لە دۆن دەپەڕییەوەو بە ناو مێرگەکان دەکەوت. ئەم گایە، کاتی خۆی زۆری گریگۆری ئەزیەت دابوو.

گریگۆری لە ژنەکەی پرسی:

– ئەم گاجووتە، شاخ خوارەت چۆنە، فەقیرە؟

– فەقیرە، بۆ دەپرسیت؟

– هیچ، هەروا پرسیارێك بوو و هات بە خەیاڵما.

ژنەکە، بە تەنزەوە گوتی:

– کە ئینسان هیچ بابەتێکی پێ نەبێ، باسی بکات، ئاسانترین وەڵام ئەمەیە: "هیچ، هەروا".

گریگۆری هیچی نەگوت. حەزی دەکرد بیر لە ڕۆژانی ڕابردوو، لە ژیانی ئارام، لە هەموو ئەو شتانە بکاتەوە کە لە شەڕو مەیدانەوە دوور بوون، چونکە شەڕی بەردەوامی ئەم حەوت ساڵی جەنگە، تەواو بێزاری کردبوو، کە بیری لەو ساڵانە یا بچووکترین بویەرو ڕووداوی ئەو ساڵانە دەکردەوە، دڵی دەگیراو، لە کانگای دڵەوە ڕقی هەڵدەستا.

ئیدی کۆتایی شەڕکردنی ئەو بوو... شەڕی خۆی بە زیادەوە کرد بوو. خەریك بۆ ماڵی خۆی دەگەڕایەوە تا ئەنجام خۆی بۆ کار تەرخان بکات و دەگەڵ هەردوو منداڵەکەیدا، دەگەڵ ئەکسینیادا بژی. هێشتا لە جەبهەدا بوو، بڕیاری دابوو ئەکسینیا بێنێتە ماڵەوە تا منداڵەکانی بۆ بەخودان بکات و بە یەکجارەکی لە گەڵ ئەما بژی. دەبوایە کۆتایی بەم وەزعە بێنێ، تا زووتر کۆتایی پێ هێنابا، بۆ خۆی باشتر بوو.

گریگۆری بە خۆشحاڵیەوە، بەدەم ڕێوە، بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە، کە بگاتەوە ماڵێ، قەمسەڵەو چەکمەکانی فڕێ دەدات و پێڵاوە فەریحەکانی خۆی لە پێ دەکات و بە شێوازی قۆزاقان، دەلنگی پانتۆڵە دەڵبەکەی، لە گۆرەوییە خورییە سپییەکانی دەنێ و پەستەکە دەست چنەکەی لە سەر کراسە گەرمەکەیەوە، لەبەر دەکات و بۆ کێڵگەو کاری کشتوکاڵ دەڕوات. چەند خۆشە، کاتێ دەست دەگرێت بە دەستە دوی هەوجارەکەوە، بە ناو خەتە جووتەکەدا، هەنگاو دەنێت، بۆنی کەسکون و نمساری زەوی کێڵراوو بۆن و بەرامەی ئەو گیاو ڕوەکانەی بەدەم گاسنەکەوە، هەڵدەکەندرێن، بە سەریا دێن و بە تامەزۆییەوە هەڵیان دەمژێت. تەنانەت بۆنی خاك و ڕوەکێن وڵاتانی دی سوکناییان بە دڵی نەدەدا، جیاواز بوون لە بۆنی خاك و ڕووەکی وڵاتەکەی خۆی. زۆرجار لە پۆلۆنیا، لە ئۆکرانیا، یا لە قرمدا، لاسکە ئەفسەنتینێکی هەڵکێشا بوو، لە ناو دەستیا، هەڵی وڵی بوو، بۆنی کرد بوو ئەنجام بە کەسەرەوە، لە دڵی خۆیدا گوتبووی:

" نەخێر ئەوە نییە، لە ئەفسەنتینی لای خۆمان ناچێت، جیاوازە."

ژنەی عەرەبانەڕان، بێتاقەت بوو. حەزی بە قسەو گفتوگۆ بوو. وازی لە دەی کردن لە گایەکان هێنا، جێگاکەی خۆی خۆشکرد، بە ڕەحەتی دانیشت، کەوتە یاریکردن بە ڕیشوی قامچیە چەرمینەکەی، ژێراو ژێر ڕوانیە گریگۆری و سیما مەندەکەی و چاوە نیمچە نوقاوەکانی، لە دڵی خۆیدا گوتی: "هەرچەندە قژی سپی بووە، بەڵام پیرێکی وا نییە. بە شەرێکی سەیر دیارە! بەردەوام چاوانی وێکدێنێتەوە. بۆچی وادەکات؟ لەوە دەچێ یەجگار شەکەت و ماندوو بێ، یا

کەسێك وەکو ئەسپ، عەرەبانەیەکی لێ بەستبێ.... لەوە دەچێ کاتی خۆی تووشی کارەساتێك بووبێ. بەڵام، بە خۆی، ئەلهەقی پیاوێکی جوانو زەریفە، هەموو عەیبەکەی ئەوەیە قژی سپییە، سمێڵی تەقریبەن بە تەواوەتی سپی بووە. لەوە بترازێ، هیچ عەیبێکی نییە، قۆزە، بۆچی بەمجۆرە لە دەریای ئەندێشەدا نقوم بووە؟ لە هەوەڵەوە شۆخو سوعبەتچی دیار بوو، لەوە دەچوو، سەربکاتە سەرم، کەچی دوایی دەمی چووە کلیلە، شتێکی دەربارەی گایەکان لێ پرسیم، نازانم مەبەستی چی بوو. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ، نەیزانی بێ چۆن دەرگای قسان بکاتەوە. یان کەسێکی شەرمن بێ؟ بەڵام لەوەش ناچێ شەرمن بێ. دووچاوی عەبووسی هەیە. نا قۆزاقێکی بە شەخسیەتە، بەڵام هەندێك غەریبو ئاڵۆزە. دەی شەیتانی قەموور، هەر قسە مەکە، وا دەزانێ مەجبووری ئەوم! منیش دەتوانم دەمم لێك بنەمو بە کێردیش هەڵنەپچڕێ! وا دیارە خوا خوایەتی بگاتەماڵەوە، بیری ژنەکەی دەکات! دەی هەر قسە مەکە، حەز دەکەی دەمی خۆت بدوورە! خوا حافیز!"

پشتی دا بە قەراخی عەرەبانەکەوەو، لە بن لێوانەوە کەوتە گۆرانی گوتن. گریگۆری سەری هەڵبڕیو ڕوانیە هەتاوەکە. هێشتا ڕۆژ زوو بوو، زۆر لە نیوەڕۆ تێنەپەڕی بوو. سایەو سێبەری دڕكو داڵی پارەکە، کە بە خەمینی وەکو پاسەوان لەمبەرو لەوبەری ڕێگاکە وەستا بوون، هەر نیو شەقاوێك دەبوو، بێگومان دوو سەعاتێك پتر لە نیوەڕۆ تێنەپەڕی بوو.

بیدەنگییەکی جادوویی، مەرگ ئاسا باڵی بە سەر سەرانسەری دەشتەکەدا کێشا بوو. هەتاو گەرم نەبوو، تینێکی زۆر کەمی تیا بوو. شنەبایەك، بە بێدەنگی لەپنچكو قەڵناشکە وشکەوە بووەکانی دەداو دەیهێنانە سەما. لە هیچ شوێنێکەوە نە ئاوازێن مەلان دەهاتە گوێو نە زیکەزیکی جرجە کوێران. نە واشەیەكو نە هەڵۆیەك بە ئاسمانی شینباوی ساردەوە دەبینرا. تەنیا یەك جار سێبەرێکی کەوەیی، بە سەر جادەکەدا، بەلەز تێپەڕی، گریگۆری پێش ئەوەی سەر هەڵبێنێ، گوێی لە دەنگی پێکادانی قورسی دوو باڵی گەورە بوو: میشەسییەکی کونج کونج کە ژێر باڵەکانی لەبەر ڕوناکییەکە سپی دەچوونەوە، تێپەڕیو لە شوێنێکی دوور، کە بە ئاستەم دەبینرا، لەسەر گردێکی دیار دۆڵێك نیشتەوە: گریگۆری، هیچ کاتێك، جگە لە کاتی ئاخرو ئۆخری پایز، ئەم بێدەنگییە قووڵو خەمینەی بە دەشتی دۆنەوە نەبینی بوو. هەندێجار وای هەست دەکرد گوێی لە دەنگو زەمزەمەی ئەو پەپولە پایزەو باوێڵانەیە کە بایەکە بەرزی دەکردنەوەو بۆ دووری دووری دەبردن.

ڕێگاکە، وا دەهاتە بەرچاو کە کۆتایی نەبێ، ئیدی بە پێچاو پێچ جارێك بە قەد پاڵێکدا دادەگەڕاو خۆی بە خەرەندو شیوێکی قووڵدا دەکردو ماوەیەك ون دەبوو و لە پڕ دەهاتەوە سەر ترۆپکی گردێك. ئیدی تاچاو هەتەر دەکات، هەر دەشتی چۆڵو هۆڵ و مێرگو سەوزەزار بوو.

دار ئەفرایەکی سەوز، کە لە کەناری ئاودڕکەیەك ڕوا بوو، سەرنجی گریگۆری ڕاکێشا، دیمەنی ئەو دارە ئۆخژنێکی بە دڵ و دەروونی بەخشی. گەڵاکانی، کە دەگەڵ یەکەمین سەرمای سەهۆڵبەنداندا سوور هەڵگەڕا بوون، بە جیلوەیەکی ئەرخەوانی تەم گرتووەوە، وەکو چۆن

پشکۆیەك لە خۆڵەکەوەدا، بدرەوشێتەوە، بەو ئاوایە دەدرەوشایەوە. ژنەی عەرەبانەڕان، بە دەسکی قامچیەکەی، بە ئەسپایی دای بە سەر شانی گریگۆری داو پرسی:

– ئەریٚ هاپۆ گیان، ناوت چییە؟

گریگۆری، ڕاجفری، ئاوڕێکی لای ژنەی دایەوە. ژنەکە تەمەشای شوێنێکی دی دەکرد.

– گریگۆری، ئەدی تۆ ناوت چیە؟

– بیٚ ناو، بە ئارەزووی خۆت ناوێکم لێبنە.

– پێویستە بێدەنگ بی، بیٚ ناو!

– لە بێدەنگیا بێزار بووم. بە ڕاستی تاقەتم چوو. دانێکی تەواوە کە هیچ قسەیەکم نەکردووە. دەمم بۆگەنی کرد. هاپۆ گریشا بۆ وا خەمباریت؟

– ئەدی بۆچی خۆشحاڵ بم؟

– تۆ دەڕوێتەوە بۆ ناو کەس و کار، هەقە خۆشحاڵ بیت.

– ڕۆژانی خۆشحاڵی من ڕۆیی.

– وا دەنوێنی کە پیریت، پێم بڵیٚ بۆچی بەم گەنجیە هەموو سەرو ڕیشت سپی بووە؟

– چیە دەتەویٚ هەموو شتێك بزانی؟ لەوە دەچیٚ لە خۆشیا سەرم سپی بوو بیٚ!

– هاپۆ گریشا، تۆ ژنت هەیە؟

– بەڵیٚ، تۆش هەقە بە زووترین کات مێرد بکەی.

– بۆچی بە زووترین کات؟

– چونکە، زۆرت حەز لێیەو دڵت پێوەیە.

– جا ئەمە خراپە؟

– هەندێجار. من یەکێکم دەناسی، وەکو تۆ دڵتەڕو چاوباشقاڵ، ئەویش بێوەژن بوو. هێندەی سەر بزێوی کرد، تا سەرەنجام سەری لە....

ژنە، بە ترسێکی دەستکردەوە گوتی:

– ئەیەڕۆی! چەند عەیبە.

بەڵام، هەر زوو بە دەنگێکی کارامە لە سەری ڕۆیی:

– ئیدی ژیانی بێوەژنان وایە... ئەوەی لە گورگ بترسێت نابیٚ بچێتە جەنگەڵ و بێشان.

گریگۆری تەمەشایەکی کرد. ژنەی تاین بە بێدەنگی پێدەکەنی و ددانە سپیە وردو سفتەکانی دیار بوون. لێوی سەرەوەی دەلەرزی و چاوە باشقاڵەکانی لە ژێر برژانگە درێژەکانیەوە، بە گۆساخی دەدرەوشانەوە. گریگۆریش بزەیەکی بۆ کردو دەستی خستە سەر ئەژنۆی خڕو گەرمی ژنەکەو بە بەزەییەوە گوتی:

– بە سەزمانی بێنەوا! تۆ بیستساڵیت و بزانە ژیان چی بە سەرت هێناوە...

ژنە لە ناکاوا، بە تەواوی دامرکایەوە. بە توندی دەستی گریگۆری لابرد، برۆکانی وێکهاتنەوە، بە ڕادەیەك چارەی گرژ بوو و دەموچاوی سوور هەڵگەڕا، کە وردە نمووسەکانی نێوان هەردوو چاوو برۆی دیار نەمان.

– ئەم سۆزو بەزەییەت هەڵگرە بۆ ژنەکەت، من خەمخۆرو دڵسۆزم زۆرن، پێویستم بە خەمخۆریو بەزەیی تۆ نییە.

– ڕاوەستە، تووڕە مەبە.

– لاچۆ!

– من لە خەمخۆری خۆمەوە ئەم قسەیەم کرد، خەمی تۆمە.

– دەبڕۆ... بە خۆتو خەمەکەتەوە بڕۆ....

جنێوێکی پیسی پیاوانەی دا، دیاربوو دەمی بەو جۆرە جنێوانە ڕاهاتبوو، گرێکی تاریک لە چاوانی بووەوە. گریگۆری بڕۆی وێکهێنانەوەو بە شەرمێکەوە گوتی:

– نە بابە، جنێوی واش دەزانی! ئەی ئافەرین، بە ڕاستی ژنێکی هاری!

– ئەدی تۆ چیت؟ بابایەکی قەشەیت، لە پاڵتۆیەکی عەسکەریدا! من ئێوەگەل دەناسم. دەمارتان دەناسم. شوو بکەو وابکەو وا مەکە. چما خۆت لە مێژە بووی بە پیاوی خوا!

گریگۆری بە پێکەنینەوە گوتی:

– نەخێر، لە مێژ نییە.

– ئەدی بۆچی وەعزی من دادەدەی؟ من خەسووم هەیەو ئەمە ئیشی خەسوومە.

گریگۆری، بە شێوەیەکی ئاشتیانە گوتی:

– دەی بەسە، بۆچی تووڕە دەبی ژنی باش! خۆ خراپم نەگوتووە، شتێك بوو هەروا بە دەمما هات. تەماشا، منو تۆ قەرە قەشەمانە و گایەکان، لە ڕێگاکە لایانداوە.

گریگۆری، جێگاکەی لە نێو عەرەبانەکەدا خۆشکردو ژێراو ژێر تەمەشایەکی بێوەژنەکەی کرد. فرمێسك لە چاوانیا قەتیس مابوون.

لە دڵی خۆیداو بە جۆرە ناڕەحەتیو پەشیمانیەکەوە گوتی:

"دەفەرموو، نۆبەتی ئەو قەوانەیە، خۆم خەمم کەمبوو وەرە ئەمەشی بێتە سەر، ئیدی ئەمە حاڵی ژنانە، هەموویان هەمان قوماشن..."

خێرا، لە سەر پشت ڕاکشاو داوێنی پاڵتۆکەی دا بە سەرو چاوی خۆیداو خەوی لێکەوت. دوای خۆرئاوا ئەوسا لە خەو ڕابوو.

ستێرانی، کەم جریوەی هەوەڵی شەو، بە کزی بە بەرۆکی ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە. بۆنی وێنجەی تەڕو تازە دەهات. ژنەکە گوتی:

– دەبێ گایەکان ئالیك بدەم:

– دەی باشە، دەوەستین.

گریگۆری، بە خۆی، گایەکانی لە عەرەبانەکە کردەوە. قووتووە گۆشتێکی ئامادەی لە گەڵ هەندێك ناندا، لە خورجینەکەی دەرهێناو چوو باوەشێك دڕكو داڵو چیلکەو چەواڵی وشکی هێناو کەمێك لە دووری گالیسکەکە ئاگرێکی کردەوە.

– دەی بێناو وەرە شێو بخۆین، ئیدی تووڕە بوون بەسە.

ژنە، لە دیار ئاگرەکە دانیشت، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، نانێك و تۆزێ پیوی بەرازی لە خورجەکە دەرهێنا کە لە کۆنیا ژەنگی هەڵێنابوو، لە کاتی نانخواردندا، چەند قسەیەکی هێمنانەی کەمیان کرد. ئەوسا ژنەی تاین چوو لە نێو عەرەبانەکەدا ڕاکشا. گریگۆری چەند تەپاڵەیەکی وشکی خستە سەر ئاگرەکە تا نەکوژێتەوەو بە خۆیشی وەکو سەربازان لەلای ئاگرەکەوە پاڵکەوت. تا ماوەیەك ڕوانیە ئاسمانی پڕ ئەستێرەیێن بە جریوە، سەری نابووە سەر خورجینەکەی و بیری لە منداڵەکانی و لە ئەکسینیا دەکردەوە. سەرەنجام خەو بردییەوە. دوای ماوەیەك سەدای هەوەس بزوێنی ژنێك خەبەری کردەوە:

– ئەهای سەرباز نووستوویت؟ خەوتووی یا نا؟

گریگۆری سەری بەرز کردەوە، ژنەی هاوسەفەری خۆی بەسەر ئانیشکەکانیا دابوو و نیوەی بەدەنی لە عەرەبانەکە هێنابووە دەرەوە. دەموچاوی کە ڕۆشنایی، ئاگرە، نیمچە کوژاوەکە لە ژێرەوە لێیدەدا، پەمەیی و پاراوو ئارەزوو بزوێن دەینواند. ددانەکانی و ڕیشوی لەچکە سپییەکەی، لەناو تاریکیەکەوە دەبریسکانەوە. بە جۆرێ بۆی دەگرژییەوە، وەکو ئەوەی هیچ قەرقەشەو دڕدونگیەك لە نێوانیاندا ڕووی نەدابێ. بەدەم بڕۆ هەڵتەکاندنەوە گوتی:

– دەترسم لەوێ سەرمات بێ. ئەرزەکە ساردە. ئەگەر زۆر سەرماتە، سەرکەوە لای من. فەروەکەم گەرمە، زۆر گەرمە، دێی یا نا؟

گریگۆری، بۆ دەمێك لە فکران ڕاچوو، ئەوسا هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– زۆر سوپاس، کچی باش. نایەم. ئەگەر ساڵێك، دوان لەمە پێش دەبوو... مەترسە، لای ئاگرەکەوەم، سەرمام نابێ.

ژنەش ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– باشە، کەیفی خۆتە، دوایی گلەیی نەکەی.

فەروەکەی، دا بە سەر خۆیدا.

دوای ماوەیەك، گریگۆری هەستا، شتومەکەکانی خۆی کۆ کردەوە، لێبڕا، بەپای پیادە بکەوێتە ڕێ تا لەگەڵ بەرەبەیاندا بگاتە تاتارسکی. پێی عەیب بوو، وەکو فەرماندەیەکی سوپایی، کە لە خزمەت مەرەخەس کرابوو، بە سواری عەرەبانەیەك کە گاجووتان ڕای بکێشن، بە ڕۆژی ڕوناك خۆی بە گوندەکەی خۆیاندا بکات، دیارە، لەو حاڵەتەدا، دەبووە مایەی تەوس و توانجی ئاشناو بێگانە، دەبوو بەگەپجاڕی خەڵکی...

ژنەکەی بێدار کردەوەو گوتی:

– من بە پێیان دەڕۆم. بە تەنیا لەم دەشتە چۆڵ و هۆڵەدا ناترسیت؟

– نەخێر، من ترسنۆك نیم. گوندێکیش لەم نزیکانە هەیە. بەڵام بۆ دەڕۆیت، خێرە؟ بێتاقەت بوویت؟

– قسەی تۆیە. دەی باشە، بێناو، خوا حافیز، گەردنم ئازاکە، گلەییم لێمەکە.

گریگۆری، خۆی گەیاندە سەر جادەکە، یەخەی پاڵتۆ قورسەکەی هەڵدایەوە، یەکەمین پروشە بەفر، بەسەر برژانگەکانیەوە نیشتەوە.

بایەکی سارد، لە باکوورەوە دەهات، گریگۆری هەستی بە بۆنی ئاشنای بەفر کرد.

***

میشکا کوشیڤۆی، کە چوو بوو بۆ ڤیشنسکایا، ئێوارە گەڕایەوە.

دونیاشکا، لە پەنجەرەکەوە بینی کە بەعەرەبانەکەی بەرەو دەرگای حەوشە دەهات. خێرا دەسماڵێکی دا بە شان و ملی خۆیداو چوو بۆ ناو حەوشەکە لە کاتێکا بە نیگەرانیەوە دەیڕوانیە مێردەکەی، لەبەر دەرگا چکۆلەکەدا پێی گوت:

– ئەم بەیانیە گریشا هاتەوە.

میشا، بە دەنگێکی تەوسامێزەوە گوتی:

– باشە، چاوت روون!

میشکا، بە سەرو سیمای عەبووس و پەستەوە خۆی بە مووبەقەکەدا کرد. ماسولکەکانی دەموچاوی، لە ژێر گوناکانیەوە گرژ بوو بوون، پولیوشکا، کە پووری، بەلەز جلکی تازەی لەبەر کردبوو، لە باوەشی گریگۆریدا دانیشتبوو. گریگۆری، بە ئەسپایی کیژەکەی لە عاردی دانا، دەم بە پێکەنین بەرەو ڕووی زاواکەی ڕۆیی و دەستە زەلام و ئەسمەرەکانی بۆ درێژ کرد، ویستی ئەملاو ئەولای میشکا ماچ بکات، بەڵام کە جۆرە ساردی و دژمنایەتیەکی بەدەم و چاویەوە بەدی کرد، ئەویش ژێوان بووەوە.

– دەی، سڵاو، میشا!

– سڵاو.

– زۆر لە مێژە یەکدیمان نەدیتووە. دەڵێی سەدەیەك دەبێ.

– بەڵێ، لە مێژە... بەخێر بێیتەوە.

– سوپاس، کەواتە ئێستا بووین بە خزم؟

– وادیارە... ئەو خوێنە چیە بە دەموچاوتەوە؟

– هیچ نییە... بەپەلە تەراشم کرد، بریومە.

لەدەوری خوانەکە دانیشتن. بە بێدەنگی تەمەشای یەکتریان دەکرد. هیچیان خۆشیان بە یەکدیدا نەدەهات. زۆر شت هەبوو کە لە گەڵ یەکدیدا باسی بکەن. بەڵام ئێستا دەرفەتی گفتوگۆیان نەبوو. میخائیل توانی تا ڕادەیەك خۆی کۆنترۆڵ بکات و بە هێمنی باسی کێڵگەو ئەو گۆڕانکاریانە بکات کە لە گوندا ڕوویان دابوو.

گریگۆری لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە دەرێ، تەمەشای یەکەمین بەفری شینباوی سەر ئەرزەکەو لقە ڕووتەکانی دار سێوەکانی دەکرد. تەسەوری نەدەکرد بەو شێوەیە دەگەڵ میشکادا ڕوو بە ڕووی یەکدی ببنەوە...

دوای تۆزێك میشکا چووە دەرێ. لەبەر هەیوانەکەدا، کێردێکی بە بەردە زبرەیەك تیژ کردو بە دونیاشکای گوت:

– دەڕۆم، بزانم یەکێك نادۆزمەوە بێت بەرخێکمان بۆ سەر ببڕێت. دەبێ بە شێوەیەکی شایستە پێشوازی سەرگەڤاری ماڵ بکرێت. خێرا برۆ، هەندێك ڤۆدگا پەیدا بکە. نا، بوەستە، برۆ بۆ ماڵی

پروخۆرو پێی بڵێ، لە هەر شوێنێ بووە، هەندێ ڤۆدگامان بۆ پەیدا بکات. ئەم کارانە هەر لە خۆی دێت. بۆ شێویش دەعوەتی بکە با بێت بۆ ئێرە.

دونیاشکا، لە کەیفان رووی گەشایەوە، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، بە مەمنوونی و منەتبارییەوە روانیە مێردەکەی... لە کاتێکا کە بەرەو ماڵی پروخۆر دەرۆیی، لە دڵی خۆیا، بەوپەڕی شادییەوە، دەیگوت: "لەوە دەچێ، کاروبارەکان بە خێر بگەڕێن... ئیدی شەڕە، تەواو بوو، ئیدی لە سەر چی شەڕ دەکەن؟ خۆزگە خودا هیدایەتی دەدان و وەهۆش دەهاتنەوە!"

لە ماوەی کەمتر لە نیو سەعات، پروخۆر بە هانکە هانك پەیدا بوو. بە دەنگێکی بەرزو گریاناوی، گوتی:

– گریگۆری پانتلیوفیچ!... هاوڕێی ئازیزم!... باوەڕم نەدەکرد، تەمەن مەودام بدات و ئەوەندە بژیم کە جارێکی دی بتبینمەوە...

پروخۆر، لەبەر دەرگاکە، سەرەسمێکی دا، چیوای نەما بوو، گۆزە ڤۆدگاکە، کە بە ئەندازەی سەتڵێك دەبوو، لە دەستی بەر بێتەوەو بشکێ.

باوەشی بە گریگۆریدا کردو لە هۆڕژنی گریانی دا، چاوانی خۆی بە ناولەپ سڕین و سمێڵی کە لە فرمێسکا تەڕ بوو بوو، ساف کرد.

گریگۆری، لە ناخا هەڵچوو، هەستی کرد، شتێك ختووکەی ئەوکی دەدا، لێ جڵەوی خۆی گرت و بە لەپی دەست، بە توندی کێشای بە پشتی موراسیلە ئەمەکدارەکەی خۆیاو ئەوجا چەند قسەیەکی پچڕ پچڕی کرد:

– ئێی دنیا، دیسان یەکمان گرتەوە... چاوم روون، خۆشحاڵم، پروخۆر کە بینیمیتەوە! ها، چیتە، پیرەمێرد، بزانم دەگریت؟ بورغوو سەمونەکانت شل بوونەتەوە؟ دەستت چۆنە؟ ژنەکەت هێشتا دەستەکەی تری بۆ نەبڕیویتەوە؟

پروخۆر، ڤینگێکی قایمی بۆ کرد، پۆستینەکەی داکەند. بە هەمان شۆخی جارانەوە، بەدەم بادانی قۆڵە بە تاڵەکەی کراسەکەیەوە گوتی:

– من و پیرە ژنەکەم وەکو جووتێك کۆتر واین، دەستی دووەمم وەکو دەبینی ساغ و سەلامەتە، ئەمەشیان کە پۆلۆنیە سپیەکان بۆیان بڕیم، خەریکە دەڕوێتەوە، ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێ، ساڵێکی دی پێناچێت، قامکەکانم دێنەوە.

ئیدی جەنگ، فێری کردبوون کە هەستی راستەقینەی خۆیان لە پشت پەردەی شۆخی و پێکەنین بشارنەوە، وەکو نان و نمەك، هەندێ خوێ بە گفتوگۆیەکانیانەوە بکەن. گریگۆری. بە هەمان شۆخیبازی جارانەوە لە سەری رۆیی:

– دەی پیرە سابڕێن، حاڵت چۆنە؟ کاروبارو چالاکیەکانت چۆنە؟

– وەکو پیرەمێردان، پەلە ناکەم.

– دوای ئەوەی لای من رۆییشتی، ئیدی نەخۆشیت نەگرت؟

– نەخۆشی چی؟

– خۆت لە گێلی مەدە، هەمان ئەو نەخۆشییەی کە پار زستان گرتبووت...

– پانتلیوفیچ! مەعازەڵلا! کەی وەختی ئەو قسانەیە؟ ئاخر بە تاقە دەستێکەوە چیّم پێدەکرا؟ ئەم کارانە هەر لە تۆ دێ کە هەم گەنجیت و هەم ئازادیت... من ئیدی دەبێ دەعباکەم بدەمە دەست ژنەکەم کە لە جیاتی فلچە، سۆپاکەی پێ بۆیە بکات....

ئەو دوو هاورێ دێرینەی سەنگەرێن جەنگ، ماوەیەکی زۆر، خەندان و خۆشحاڵ ڕوانیانە یەك، پروخۆر پرسی:

– بە یەکجارەکی هاتوویتەوە؟

– بەڵێ، بە یەکجارەکی...

– گەییتە چ پلەیەك؟

– گەییمە یاریدەدەری فەرماندەی کەتیبە.

– ئەدی بۆچی وا زوو مەرەخەسیان کردیت؟

گریگۆری، برۆی وێکهێنانەوەو بە کورتی گوتی:

– ئیدی پێویستیان بە من نەما.

– بۆچی؟

– نازانم لەوە دەچێ لەبەر ڕابردووم بێ.

– بەڵام خۆ تۆ بە ئاسانی، لە لیژنەی تایبەتی پاکو پیسی ئەفسەران دەرباز بوویت، ئیدی ئەم ڕابردووە چیە وا تازە لێیان زندوو کردویتەوە؟

– کێ دەزانێ؟

– ئەدی میخائیل، لە کوێیە؟

– لە حەوشەیە، خەریکە ئاژەڵەکان دادەکات.

پروخۆر، لە گریگۆری چووە پێشترو بە دەنگێکی نزم گوتی:

– مانگێك لەمە پێش پلاتون ریابچیکوفیان گوللە باران کرد.

– کوڕە هەی نەبێ! ئەوە چی دەڵێی؟

– بەزاتی خوا، باوەڕ بکە!

دەنگی دەرگای بەرهەیوانەکە هات. پروخۆر بە چپەوە گوتی:

– دوایی باسی ئەمە دەکەین.

ئەوسا بە دەنگی بەرز لە سەری ڕۆیی:

– دەی هاورێ فەرماندە، بەم بۆنە خۆشەوە دەمێ تەڕ نەکەین؟ بچم میخائیل بانگبکەم؟

– بچۆ.

دونیاشکا، مێزەکەی ڕازاندەوە، نەیدەزانی چۆن بە باشترین شێوە خزمەتی براکەی بکات. خاولیەکی پاکی دا بە سەر ئەژنۆیدا، کاڵەکی سوێرکراوی لە قاپێکا هێناو لە بەردەم ئەودا داینا، بەلای کەمەوە پێنج کەڕەت پەرداخەکەی بۆ سڕیو پاك کردەوە... گریگۆری بەدەم پێکەنینەوە، تەمەشای دونیاشکای دەکردو هەستی دەکرد، دونیا شەرمی لێدەکات، وەکو جاران بە "تۆ" بانگی ناکات، بەڵکو بە "ئێوە" دەی دوێنێ. (لە زمانی فارسیدا، بۆ کەسی خۆیی ڕاناوی "تو"

بەکار دەبرێ، بەڵام بۆ خەڵکانی گەورە، بە تایبەتی کە میانەیەکی ئەوتۆت لە گەڵیا نە بیٚ ڕاناوی "ئێوە" بەکار دەبرێ) کە لە دەوری مێزەکە دانیشتن، میشکا لە سەرەتاوە، هیچ قسەیەکی نەدەکرد، بە وردی گوێی لە قسەکانی گریگۆری دەگرت. زۆر کەمو بە نە بەدڵی ڤۆدگای دەخواردەوە. بەڵام پروخۆر، بە پێچەوانەوە، پێك لە سەر پێکی تەژی دەکردو هەڵیدەدا، سات بە سات دەموچاوی پتر سوور هەڵدەگەڕاو پەیتا پەیتا دەستی بە سمێڵە زەردە کاڵەکەیدا دێنا.

دونیاشکا، دوای ئەوەی کە خواردنی دایە منداڵەکانو جێی بۆ ڕاخستنو خەواندیانی، یەك قاپی گەورە، گۆشتی کوڵاوی بەرخی هێناو لە سەر مێزەکەی داناو بە گوێی گریگۆریدا چپاند:

– کاکۆ، بە تەمام بچم بە شوێن ئەکسینیادا، خۆ پێت ناخۆش نییە؟

گریگۆری، بە بێدەنگی سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند، وای هەست کرد کە هیچ کەسێك هەستی بەوە نەکرد بوو کە ئەو لە ئێوارەوە بە دەم چاوەڕوانیەوە دەتلێتەوە، بەڵام دونیاشکا، هەستی کردبوو کە دەگەڵ هەر تەقەو ڕەقەیەکدا، گوێ قوڵاغ دەبێتو گوێ هەڵدەخات و چاو دەبڕێتە دەرگاکە. بەڵام هیچ شتێك لە نیگای تیژی دونیاشکا، پەنهان نەدەبوو...

پروخۆر، بێئەوەی پێکەکەی دابنێ، وەکو ئەوەی بترسێت یەکێك لە دەستی بسەنیٚ، پرسی:

– ئەریٚ ترشچنکۆ، قۆزاقە کوبانییەکە، هێشتا هەر فەرماندەی ڕەعیلە؟

– لە لڤوڤ کوژرا.

– حەیفیٚ، خوا عافوی بکات! بە ڕاستی سوارێکی باش بوو!

پروخۆر، بە پەلە نیشانەی خاچی کێشا، بێئەوەی هەست بە بزە تەوسامێزەکەی میشکا بکات، جورعەیەکی نۆشی.

– ئەدی ئەوەی دی، ئەوەی کە ناوێکی سەیرو عەنتیکەی هەبوو؟ ئەوەی لە دەستی ڕاستەوە دەڕۆیی. شەیتان بە نەحلەتی بی ها! چۆن ناوەکەیم بیر چوو، ئا، مای بورودا، وانیە؟ ئۆکراینە قەڵەوە سوعبەتچییەکە. ئەوەی کە لە بورودی ئەفسەرێکی پۆلۆنی، کرد بە دوو لەتەوە، ئەوە ماوە؟

– ئەوەی وەکو ئەسپی فەحل وا بوو! نە قڵ کرا بۆ سریەی ڕەشاشچیان.

– ئەدی ئەسپەکەت دا بە کیٚ؟

– ئەوسا، تازە ئەسپێکی دیکەم وەرگرتبوو.

– ئەدی ئەسپە تەوێڵ مارۆکەت چی بە سەر هات؟

– پارچەی هاوەن لێی داو کوشتی.

– لە شەڕا؟

– لە کوێرە گوندێکا لامان دابوو. بەر خومپارەیان داین، لە سەر ئاخوڕەکەی کوژرا...

– بەداخەوە، حەیفیٚ!، ئەسپ بوو نە گاڵتە!

پروخۆر، ئاهێکی هەڵکێشاو جورعەیەکی دیکەی خواردەوە.

لە هەیوانەکەوە، دەنگی دەرگاکە هات. گریگۆری ڕاچڵەکەی، ئەکسینیا لە ئاستانەی دەرگاکەوە وەژوور کەوتو بە دەنگێکی نزم کە بە ئاستەم دەبیسترا سڵاوی کرد. سەرپۆشەکەی لە سەری لابرد، بە دژواری هەناسەی دەداو چاوە درشتو ڕەخشانەکانی لە گریگۆری نەدەگواستنەوە.

چوو بۆ ئەوسەری مێزەکەو لە لای دونیاشکاوە دانیشت. پروشە بەفر بە سەر برۆو برژانگو گۆنا زەرد هەڵگەڕاوەکانیەوە، دەتوایەوە. بە ناو لەپ دەمو چاوی سڕیو ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو ئیدی کەمێك وەخۆ هاتەوەو بە چاوانی پڕ سۆزەوە ڕوانیە گریگۆری.

پروخۆر پێکێکی تەژی ڤۆدگای، کە لێی دەڕژایە سەر مێزەکە، لە پێشی ئەو داناو گوتی:

– کسیوشا! هاوڕێی ڕۆژانی تەنگانە! ئێمە پێکەوە پاشەکشەمان کرد. پێکەوە بووین. کە ئەسپیّ خەریك بوو دەیخواردین... هەرچەندە تۆمان لە کوبان بەجیّ هێشتو ڕۆییشتین، بەڵام لەوە زیاتر چیمان پێدەکرا! دەی فەرموو بە سەلامەتی گریگۆری پانتلیوفیچ بخۆرەوە! خێر هاتنەوەی بکە... من پێم نەگوتی بە ساغیو سەلامەتی دەگەڕێتەوە! فەرموو ئەوە قسەکەم هاتەدی، ئەوە خۆیەتی، دەتوانی بە ڕۆبڵێكو بیستو یەك کوپیك بیبەی و ماڵی تۆ بیّ! سەیرکە، چەند جوانو قیت لەویّ دانیشتووە!

گریگۆری، بە گۆشەی چاو، پروخۆری نیشانداو بە پێکەنینەوە گوتی:

– هاوسیّ، پروخۆر مەستە، گویّ بە قسەکانی مەدە.

ئەکسینیا، سەری بۆ گریگۆریو دونیاشکا دانەواندو، لە ترسی ئەوەی نەبا ئەوانی دی هەست بەلەرزینی دەستی بکەن، بە ئاستەم پێکەکەی بەرز کردەوەو گوتی:

– بە سەلامەتی گەڕانەوەت گریگۆری پانتلیوفیچ، بە ڕوونی چاوت دونیاشکا!

– ئەدی خۆت؟ بە یادی خەمو پەژارەت؟

پروخۆر، بەدەم قاقاوە، ئانیشکێکی بە قەبرغەی میشکادا کێشا. ئەکسینیا یەکسەر سوور بووەوە، نەرمەی بچووکی گوێچکەکانی پەمەیی بوون، وێڕای ئەمەش، خێسەیەکی تووڕەی لە پروخۆر کردو وەڵامی دایەوە:

– من، بە سەلامەتی شادیم... شادیە گەورەکەم!

پروخۆر، بەم ڕاستیو بێپەروایییە، هاتە جۆش، بای دایەوەو گوتی:

– توخوا، تا دوا چۆڕ هەڵیدە! ڕێكو بێپەردە قسەی دڵی خۆت کرد، کە وایە بیّ چەندو چوون تا دوا چۆڕی هەڵیدە. من کە دەبینم بنی پێك شتێکی تیا ماوە، بە ڕاستی دڵم دەگوشریّ، وەکو ئەوەیە خەنجەرێکم بە دڵا بکەیت.

ئەکسینیا، زۆر لەویّ نەمایەوە، ئەوەندە مایەوە کە لە ئوسوڵ دەرنەچێت. بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە مایەوە، تەنیا چەند نیگایەکی ژێراو ژێری دڵدارەکەی کرد. زۆری لە خۆی دەکرد کە خۆی لە تەمەشاکردنی گریگۆری بدزێتەوەو زیاتر سەیری ئەوانی دیکە بکات. چونکە نە دەیتوانی خۆی لە گێلی بداتو نە حەزیشی دەکرد، ئەوانی دی پەی بە هەستو نەستەکانی بەرن. تەنیا یەك جار، بە تەواوەتی و ڕاستەوخۆ نیگای لە نیگای گریگۆری هەڵەنگوت، ئەویش ئەو کاتە بوو کە لە بەر ئاستانەی دەرگاکە وەستا بوو. نیگایەکی تیژ تێپەڕو ڕاستەوخۆ، لێوانلێو لە ڤیانو ئەشقو شەیدایی، بەڵام بەم تاقە نیگایە هەموو شتێکی گوتبوو. گریگۆری هەستا کە تا بەر دەرگا بەڕێی بکات.

پروخۆر، کە مەست بوو بوو، لە دواوە هاواری کرد:

– ماتەڵ نەبی ها! دەنا هەموو ڤۆدگاکە دەخۆینەوە.

گریگۆری، لە ڕاڕەوەکەدا، بە بێدەنگی هەنیەی ماچ کردو پرسی:

– ئێ ئەکسینیا، چۆنیت؟

– ئێرە جێی قسە نییە...سبەینێ دێیت؟

– بەڵێ.

ئەکسینیا، بە هەشتاو بەرەو ماڵی خۆی پەل بووەوە. هێندە بەخێرایی دەڕۆیی، دەتگوت لەوێندەر کارێکی بە پەلە چاوەڕوانی بوو. تەنیا، کاتێ هەنگاوەکانی خاوکردەوە کە گەییە سەر پلەکانی بەر دەرگای ماڵەکەی خۆی. بە پارێزەوە، بە پلەکاندا، کە لە ژێر پێیا جیڕە جیڕی بوو، سەرکەوت. خوا خوای بوو، ساتێ زووتر بگاتە ماڵەوەو بە تەنیا دەگەڵ بیرو خەیاڵەکانی خۆیا، دەگەڵ ئەو شادیەدا بژی کە بەو کوتو پڕیە ڕووی تێکرد بوو.

سەرپۆش و مانتۆکەی داکەند. بێئەوەی چرا داگیرسێنێ خۆی بە ژووری میواندا کرد. ڕوناکی شەو، لە پەنجەرەکەوە، کە عرووسییەکەی دانەخرا بوو، دەیدا لە ناو ژوورەکە. سیسرکێك لە پشت ئاگردانەکەوە بە دەنگی بەرز دەیخوێند. ئەکسینیا وەکو خووی هەمیشەیی خۆی، چووە بەر ئاوێنەکەو تەمەشایەکی خۆی کرد، هەرچەندە لەبەر تاریکی سەرو سیمای خۆی لە ئاوێنەکەدا نەبینی، بەڵام قژەکەی ڕێکخست و چینی کراسە مەل مەلەکەی لەسەر سینگ و بەرۆکی ساف کردو ئەوسا بەرەو لای پەنجەرەکە چوو و لە ماندوویەتیدا، خۆی دا بەسەر سیسەمەکەدا.

چونکە، لە ژیانیا، زۆر جار ئومێدو خەونەکانی درۆ دەرچوو بوون و نەهاتبوونە دی، بۆیە وێڕای ئەو شادیە زۆرەی کە ڕووی تێکردبوو، هەر نیگەران و دوو دڵ بوو. ژیانی ئێستای بەرەو کوێ دەڕۆیی؟ ئایندە چی بۆ حەشار دابوو؟ ئایا ئەم شادیە تاڵە ژنانەیە، زۆر بە درەنگەوە بەرەو پیری نەهاتبوو؟

ئەکسینیا، کە دیدارەکەی ئەو شەوە، تەواو شەکەتی کردبوو، ماوەیەکی زۆر، بەدەم دانیشتنەوە، ڕوومەتەکانی نا بە شووشەی ساردو پروشە گرتووی پەنجەرەکەوەو نیگای ئاسوودەو کەمێك خەمگینی خۆی بڕیە ئەو تاریکە شەوەی کە پرتەوی، سیپواژی، تەنکە بەفرەکە بە ئاستەم ڕوناکی دەکرەوە.

***

گریگۆری گەڕایەوەو، لە پشت مێزەکەوە، دانیشتەوە، لە گۆزەکە پێکێکی پڕی بۆ خۆی تێکرد، بە یەك بین هەڵیدا. پروخۆر پرسی:

– ڤۆدگایەکی باشە؟

– نازانم. زۆر دەمێکە نەمخواردۆتەوە، لە تۆ وایە سەدەیەك دەبێ.

پروخۆر، بە دڵنیایی تەواوەوە گوتی:

– ڤۆدگایە نە گاڵتە، بە زاتی خوا وەکو هی زەمانی نیکۆلایە!

هەنگێ، ئاوڕی دایەوەو، دەستی لە ملی میشکا وەرێناو گوتی:

– میشا، تۆ لەم شتانەدا، بە قەد گوێرەکەیەکیش شارەزا نیت، بەڵام من لە مەسەلەی مەشروبا، پسپۆڕم، تیایا کوڵاوم. هەموو جۆرە شەراب و کۆنیاک و خواردنەوەیەکم خواردووەتەوە. جۆرە شەرابێك هەیە، هێشتا تەپەدۆرەکەی سەریت بە تەواوەتی نەکردووەتەوە، کە هەڵدەچێت و کەفەکەی وەکو سەگی هار، لە دەمی بوتڵەکەوە فیچقە دەکات. خوا شاهیدە، درۆ ناکەم! لە پۆڵۆنیا، کاتێ کە جەبهەکەمان شکاندو لە گەڵ سمیون میخائیلوفیچ*دا، (*– سمیون میخائیلوفیچ: مەبەست لە بودیونی سەرداری گەورەی شۆڕشی سوڤیاتیە) چووین بۆ لێدانی پۆلۆنیە سپیەکان، بە دەم پێشڕەوییەوە، دەستمان بە سەر موڵك و باخێکی گەورەی ئەرستۆکراتیانەدا گرت. خانووی ناو موڵك و باخەکە، خانوویەکی چەند نهۆمی بوو، حەوشەکەی پڕ بوو لە ئاژەڵ، ئاژەڵ بە ئاژەڵی دەگوت بەولاوە، جۆرەها مەل و باڵندەو، پەلەوەر لێرەو لەوێ دەسووڕانەوە، دەرزیت هەڵدابا نەدەکەوتە سەر ئەرز. بە هەرحاڵ، خاوەنی ئەو موڵك و مەزرایە، شاهانە دەژیا. کاتێ مەفرەزەکەمان بە سواری ئەسپەوە خۆی بە مەزرایەکەدا کرد، بینیمان ژمارەیەك ئەفسەر لەگەڵ خاوەن موڵکەکەدا، لە سەر مێزی دەعوەت و زیافەت دانیشتوون، غافڵگیر بوون، بە هیچ جۆرێ چاوەڕوانی هێرش و پەلاماری ئێمە نەبوون، ئیدی بە شمشێرەوە تێیان کەوتین، هەموویانمان لە ناو باخەکەو لە سەر قاڵدرمەکاندا کوشت، تەنیا یەکێکیان نەبێ کە بەدیلی گرتمان. لەوە دەچوو ئەفسەرێکی گەورە بێت. بەڵام کاتێ کە گرتمان، سمێڵی شۆڕ بووەوەو لە ترسا خۆی بەپێوە نەدەگرت. لەم کاتەدا گریگۆری پانتلیوفیچ، بە کارێکی بە پەلە بۆ بارەگای ئەرکان بانگکرا، ئیدی خۆمان، خاوەن قەرار بووین، خۆمان بە ژوورەکانی نهۆمی خوارەوەدا کرد. مێزێکی یەجگار گەورەی لێبوو، مەگەر هەر خوا بزانێ چ شتگەلێکی لە سەر ڕیز کرا بوو! هەموو حەپەساین. وێڕای ئەوەی هەموو لە برسا لاکەی سەرمان دەهات، دەترساین، لە دەوری مێزەکە دانیشین و دەست بە نان خواردن بکەین، لە دڵی خۆماندا دەمانگوت: "نەبا ژەهراوی کرابن!" دیلەکەمان، مۆڕەی لێدەکردین. ئەمرمان پێکرد: "بخۆ!" بە نەبە دڵی چەند پارووییەکی خوارد. ئەوسا: "دەی بخۆرەوە!" خواردیەوە، ناچارمان کرد لە هەر دەورییەك پارووییەك بخوات و لە هەر بوتڵێك، قومێك بخواتەوە. مردوو مراوە هێندەی خوارد خەریك بوو دەتەقی و ئێمەش دەممان ئاوی دەکرد. بە هەرحاڵ کابرای ئەفسەر هیچی لێنەهات، ئیدی ئێمەش دەست بەکار بووین. ئیدی هێندەمان خواردو خواردەوە، تا ناقرگەمان هات. پاشان دیقەتمان دا کە کابرای ئەفسەر، لە خوارەوەو لە سەرەوە کەوتە بە لەفیڕێ و ڕشانەوە. لە دڵی خۆدا گوتمان: "تەواو، هەموو تیاچووین، نامەردە بە ئانقەست لە خواردنە ژاراویەکەی خواردووە، بۆ ئەوەی هەموومان بمرین." بە شمشێرەوە بۆی چووین، بەڵام بە هەر چوار پەل کەوتە داکۆکی لە خۆی: "ئاغایان، ئەمە هی ئەوەیە کە بە زۆر ئەو هەموو خواردنەتان دەرخوارد دام، مەترسن، خواردنەکە خاوێنەو هیچ عەیبێکی نییە!" ئەوسا دووبارە هاتینەوە سەر شەرابەکان. هەرکە دەستمان بە تەپەدۆری سەری بوتڵەکانەوە دەنا، وەکو گوللەی تفەنگ دەردەپەڕی و شەرابەکە هێندە بە توندی فیچقەی دەکرد، کە پیاو دەترسا. ئەو شەرابە کردیە کارێك کە ئەو شەوە سێجار لە سەر ئەسپەکەم بەربوومەوە. هەرجارێ خۆم هەڵدەدایە سەر زینەکە، دووبارە دەکەوتمەوە، لەتۆ وایە

بایەکی توند دەیفڕاندم، باوەڕبکە، ئەگەر بمتوانیبا، ڕۆژی یەك دوو پێك لەو شەرابە بە ناشتاو لە خورێنی بخۆمەوە، سەد ساڵ دەژیام. بەڵام بەم حاڵەی ئێستامەوە، باوەڕ ناکەم تەمەنی ئاسایی خۆشم بکەم. توخوا ئەمە خواردنەوەیە؟ ژەهری مارە، نەك خواردنەوە! ئەم شتە پیسە، پیاو دەکوژێ، بەڵێ پێش ئەوەی ئەجەلی بێ دەیکوژێ... هەواڵەی ئەو دنیای دەکات...

پروخۆر بە سەر ئاماژەیەکی لای گۆزە ڤۆدگاکەی کرد، ئەوسا پێکێکی بۆ خۆی لێواو لێو کرد.

دونیاشکا ڕۆیی بۆ ژوورەکەو لە گەڵ منداڵەکاندا خەوت. دوای تۆزێك پروخۆرش بەلارە لار هەستا، فەروەکەی دا بە شانیا و گوتی:

– گۆزەکە نا بەمەوە. بە ڕاستی حەز ناکەم ئەم گۆزە بە تاڵە بەدەستەوە بگرم... کە بگەمەوە ماڵێ، ژنەکەم تێم بەر دەبێ، سەگ بگرەو ئەو بەردە، کاری خۆی باش دەزانێ. نازانم ئەو هەموو تەوس و توانج و تەشەرە لە کوێوە دێنێت!هەندێجار کە بە کەمێك مەستییەوە دەڕۆمەوە وەکو سەگ تێم بەر دەبێ: "پیرە سەگی بەدمەست، سەگی قوڵ براوی واوا!" من بە نەرمی و زۆر بە میهرەبانی هەوڵدەدەم قەناعەتی پێبکەم، هەزارو یەك ڕاوە ڕێوی بۆ دێنمەوە. پێی دەڵێم: "ئاخر، هەی کەری سەگ گوان، تۆ سەگی بەدمەستی، یەکدەستت لە کوێ دیتووە؟ لە هەموو دنیادا شتی وا نییە." کە جوابی قسەیەکی دەدەمەوە، قسەیەکی دی دەدۆزێتەوە، جوابی دووەمی دەدەمەوە، سێیەمی بە سەرا دێنێ، ئیدی ئەمە حاڵمە تاکو بەرە بەیان... هەندێجار کە تاقەتم دەچێت و حەوسەڵەی گوێگرتنم نامێنێ، دەڕۆم لە عەمارەکەدا دەنووم. بەڵام هەندێجاریش کە بە مەستی دەڕۆمەوە، ئەگەر بە ڕێکەوت نەیکات بەدادو بێدادو بۆڵە بۆڵ، خەوم دەزڕێ، بە زاتی خوا، وەکو ئەوەیە لە شتێکم کەم بێ! ئازای ئەنامم دەخورێ، ناتوانم بخەوم و ئیدی چارم ناچارە سەر دەکەمە سەری و ئەویش دەمی لێدەکاتەوەو جنێوی وام پێدەدات، کە ئازای ئەنامم دەتۆزێتەوە. ئیدی شەیتانێکە لەو گۆڕە، هەرچی دەکەم باری نابەم و نابەم، دەبێ وازی لێبێنێ، خۆی خاڵی بکاتەوە، هەنگی دڵی ڕەحەت دەبێ، وانیە؟

دەی باشە، من دەڕۆم، خودا خافیز! چۆنە ئەمشەو لە تەویلەکەدا بەرمە سەرو، ئەو لە خۆ نەهاڕوژێنم؟

گریگۆری بە پێکەنینەوە گوتی:

– دەتوانی خۆت بگەیەنیتە ماڵەوە؟

– وەکو قرژاڵ، بە هەرحاڵ دەگەمەوە! چما قۆزاق نیم! پانتلیوفیچ ئەم قسەیەم پێناخۆشە.

– دەی، کەواتە خوا ئاگادارت بێ!

گریگۆری، تاکو دەروازە بچوکەکە بە ڕێی کردو بۆ مووبەقەکە گەڕایەوە.

– ئێ میخائیل، حەزت لێیە قسان بکەین؟

– باشە.

لەم بەرو لەو بەری مێزەکە، بەرانبەر بە یەکدی دانیشتبوون. بێدەنگ بوون، ئەنجام گریگۆری هاتە قسان:

– لەوە دەچێ تۆ لە دڵی خۆتا شتێکت بەرانبەر بە من هەڵگرتبێ... بە چاوتا دیارە کە شتێکی نائاسایی لە ئارادایە. هاتنەوەی منت پێناخۆشە؟ یان من بە هەڵەدا چووم؟

– نا، مەزەندەکەت دروستە. بە هاتنەوەت خۆشحاڵ نیم.

– بۆچی؟

– سەریەشەیەکی زیادەیە.

– من بە نیازم، بە ڕەنجی شانی خۆم بژیم.

– مەسەلەکە ئەمە نییە.

– ئەدی چییە؟

– ئێمە دژمنی یەکترین...

– ئەوە جاران بوو.

– بەڵێ، بەڵام لەوە دەچێ بەردەوام بێ.

– تێناگەم، بۆچی؟

– تۆ کەسێك نیت، متمانەت پێبکرێ.

– نا، تۆ هەڵەی، ئەم قسەیە تەواو نییە.

– نەخێر، هەڵە نیم. بۆچی تۆیان لەم کاتەدا مەرەخەس کردووە.دەتوانی بێ پێچ و پەنا جوابم بدەیتەوە؟

– نازانم.

– با، دەزانی، بەڵام ناتەوێ بیڵێی. لەبەر ئەوەیە کە متمانەیان پێت نییە، وا نییە؟

– ئەگەر متمانەیان پێم نەبوایە، فەرماندەیی سریەیەکیان پێ نەدەسپاردم.

– ئەوە، هەوەڵجار بوو، پێویستیان پێت بوو، بەڵام ئێستا کە مەرەخەسیان کردوویت، شتەکە دیارە چیە برای ئازیز.

گریگۆری، چاوی لە دوڕ چاوانی میشا بڕی و پرسی:

– تۆ خۆت باوەڕ و متمانەت پێم هەیە؟

– نا، تۆبەی گورگ مەرگە.

– میخائیل، ئەمشەو زۆرت خواردووەتەوە.

– واز لەو قسانە بێنە. لە تۆ مەست تر نیم. کە لەوێ متمانەیان پێنەکردویت، دڵنیابە کە لێرەش متمانەت پێناکەن!

گریگۆری بێدەنگ بوو. بە بێتاقەتی پارچەیەك خەیارشۆری لە قاپەکە هەڵگرت، کەمێك جووی و پاشان تفاندیەوە. میشکا پرسی:

– ژنەکەم، باسی کیریل گروموڤ بۆ کردیت؟

– بەڵێ.

– هاتنەوەی ئەویشم پێخۆش نەبوو. هەر کە هەواڵی هاتنەوەیم زانی، هەر ئەو ڕۆژە ڕۆییشتم...

گریگۆری، ڕەنگی پەڕی و چاوانی لە تووڕەییدا دەرپۆقین.

– چما، من‌و کیریل لای تۆ وەکو یەکین؟!
– هاوار مەکە، لە چ ڕوویەکەوە تۆ باشتریت؟
– بەخۆت دەزانی کە...
– پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات. دەمێکە هەموو شتێك دەزانم. گریمان میتکاکورشونوف، لە ناکاوا پەیدا بووەوە، دەبێ خۆشحاڵ بم؟ نەخێر، باشتر وابوو تۆ بۆ گوند نەیتەوە.
– بۆ تۆ باشتر بوو؟
– هەم بۆ من باشتر بوو، هەم بۆ خەڵکی ڕەحەت تر بوو.
– تۆ نابێ من لە گەڵ ئەو دووەدا بە راورد بکەی.
– گریگۆری، پێویست بەوە ناکا عاجز ببی، پێشتر پێم گوتیت، تۆ لەوان باشتر نیت، بگرە خراپتری، چونکە خەتەرتری.
– چۆن؟ مەبەستت چیە؟
– ئەوانە خەڵکی سادەن، نەفەرن، بەڵام تۆ هەڵگیرسێنەری ئاژاوەو ڕاپەڕینەکە بوویت.
– نەخێر، من فەرماندەی فیرقە بووم.
– چما ئەمە کەمە؟
– کەم بێ یان زۆر، مەسەلەکە ئەمە نییە... ئەگەر سەربازانی سوور، ئەو شەوە، لەو کۆڕی مەی خواردنەوەیەدا، لێنەبڕابان من بکوژن، لەوە بوو لەو ئاشووبەدا بە شداری نەکەم.
– ئەگەر تۆ ئەفسەر نەبوایەی، کەس هەقی بە سەرتەوە نەدەبوو.
– ئەگەر نەبرابام بۆ خزمەتی عەسکەری، نەشدەبووم بە ئەفسەر... بە هەرحاڵ ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت. چیرۆکێکی دوورو درێژە...
– هەم درێژەو هەم بۆگەنە.
– بە هەرحاڵ، ئەوە ڕۆیی‌و بە سەرچوو.
هەردووکیان بە بێدەنگی کەوتنە سیغارکێشان. میشکا، بە سەری قامکی سووتووی جگەرەکەی تەکاندو لە سەری ڕۆیی:
– من ئاگام لە هەموو قارەمانیەتیەکانتە. هەموویم بیستوون. تۆ خەڵکێکی زۆری ئێمەت کوشتووە. بۆیە ناتوانم بە ئاسوودەیی تەمەشات بکەم... ئەوە شتێك نییە وا بە ئاسانی و زوو بە زوو لە بیر بکرێ.
گریگۆری، بە پێکەنینێکی تەوسامێزەوە گوتی:
– یادگەیەکی باشت هەیە! تۆ پیوتەری برای منت کوشت. بەڵام من ئەمەت بە چاوا نادەمەوە... ئەگەر قەرار بێ چاوپۆشی لە هیچ شتێك نەکەین‌و شتەکان لە بیر نەبەینەوە، دەبێ وەکو گورگان بژین.
– باشە، من کوشتم، حاشای لێناکەم. ئەگەر ئەوسا تۆشم بەر دەست کەوتبای، دەمکوشتیت.

– بەڵام من، کاتێ کە ئیڤان ئەلیکسییوفیچ–یان لە ئوست خوپرسکایا ئەسیر کرد، بەپەلە کەوتمە ڕێ، چونکە دەترسام توشیان تیا بی، دەترسام قۆزاقەکان بتکوژن... کەچی هەست دەکەم پەلە پەلەکەی ئەو ڕۆژەم بێهودە بووە.

– کە پیاوێکی باشیت! ئەگەر کادێتەکان سەرکەوتبان، هەنگێ دەمبینی چۆن قسەت دەگەڵ مندا دەکرد. دڵنیام کە پێستت دەگرووم! کەچی ئەمڕۆکە، لە ناکاوا ڕەحمەت تلیساوەتەوەو بوویت بە پیاوی خوا... میهرەبانیت لێدەچۆڕێ...

– ڕەنگە، خەڵکانی دی بیانکوشتبای. بەڵام من دەسم نەدەچووە خوێنت.

– کەواتە دەبێ دانە بەوەدا بنەین کە منو تۆ لە یەك قوماش نین... من قەت سڵم لە کوشتنی دژمن نەکردووەتەوەو ئێشتاش ئەگەر پێویست بکات. دەست ناپارێزم.

میشکا، پاشماوەی ڤۆدگاکەی لە دوو پەرداخ کردو پرسی:

– دەخۆیتەوە؟

– بەڵێ، هەرچەندە زۆرمان درێژەدایە...

به بێدەنگی، پەرداخەکانیان لێکدی داو پێکەکانیان یەکسەری هەڵدا.

گریگۆری، بە سەر مێزەکەدا دانەوییەوە، چاوی وێکهێنابوونەوە، بە دەم سمێڵێ بادانەوە، ژێراو ژێر دەیڕوانیە میشکاو گوتی:

– باشە میخائیل تۆ لە چی دەترسیت؟ لەوەی کە جارێکی دی دژی حکومەتی سۆڤیاتی ڕاپەڕم؟

– من لە هیچ شتێك ناترسم، بەڵام هەرچی سەردێنمو سەر دەبەم هەرکە شتێك ڕوو بدات، خێرا دەچیتەوە هەمان سەنگەر.

– ئەگەر وا بوایە، خۆ دەچوومە ناو پۆلۆنیەکان، کەتیبەیەکی تەواومان،چووە ناو ئەوان.

– تۆ فریا نەکەوتی؟

– نەخێر، خۆم نەمویست. ماوەی عەسکەری خۆم بە زیادەوە تەواو کرد. ئیدی، لێرە بە دواوە ئامادەنیم خزمەتی هیچ کەسێك بکەم. من لە چاو تەمەنی خۆما، زۆرم خزمەت کردووەو ئیتر تەواو ماندوو بووم. بێزارم، لە هەموو شتێك، لە شۆڕش، لە شۆڕشی پێچەوانەو لە هەموو شتێك، بێزارم، تەماحم لە هیچیانا نەماوە، دەمەوێ سەری خۆم کز بکەم، لە گەڵ منداڵەکانما بژیمو موڵكو مەزاری خۆم ڕەعەمەل بێنمو هەقی هیچم نەبێ، میخائیل باوەڕ بکە. ئەمە قسەی کانگای دڵمە.

بەڵام، میشکا، باوەڕی بە هیچ پاکانەیەك نەدەکرد. گریگۆری هەستی بەمە کردو بێدەنگ بوو. لە پڕێکا زۆری ڕق لە خۆی هەستا. بۆچی دەیویست ئەو هەموو پاکانەیە بکات؟ ئاخر درێژەدان بەم گفتوگۆ مەستانەیە، گوێگرتن، لە پەندە گەوجانەکانی میشکا، دادی چییان دەدا؟ چ دەبێ با ببێ! گریگۆری هەستایە سەر پێیان.

– بەسە، ئەم گفتوگۆیە بێهودەیە بەسە! ئا، با یەك شتی ترت پێبڵێم، من هیچ دژایەتیەکی حکومەتی سۆڤیاتی ناکەم، ئەگەر حکومەت بەرۆکم نەگرێو تەنگەتاوم نەکات، من دژایەتی

ناکەم. بەڵام ئەگەر تەنگە تاوم بکات، داکۆکی لە خۆم دەکەم! بە هەرحاڵ من وەکو پلاتون ریابچیکوف، سەری خۆم ناکەم بە شاباشی ڕاپەڕین.

– مەبەستت چییە ؟

– مەبەستم دیارە. ئەگەر خزمەتم لە سوپای سووراو بریندار بوونەکانم بۆ حیساب بکەن، ئامادەم لە سەر بەشدار بوونم لە ڕاپەڕیندا بچمە زندانەوە، بەڵام ئەگەر قەرار بێ لە سەر ئەوە گوللە باران بکرێم، ئەوا ئەمەیان، غەدرە، غەدرێکی گەورەیە!

میخائیل، بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە گوتی:

– کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە! خەیاڵێکی خۆشە! دادگای شۆڕش یا چکا، لێت ناپرسن چیت دەوێ و چیت ناوێ، هیچ سازشێکشت لە گەڵدا ناکەن، هیچ موناقەشەیەکشت لە گەڵ ناکەن. ئەگەر تاوانباری بی، سزایەکەت، بێ کەم و زیاد دەخەنە قولی مستت؟ قەرز کۆن دەبێ، نافەوتێ، دەبێ دوا قیراتی بدەیتەوە.

– دەی، دەی بینین؟

– بێگومان دەی بینین.

گریگۆری، نیتاقەکەی کردەوە، کراسەکەی داکەند، بە مشەمش کەوتە داکەندنی پێڵاوەکانی، لە کاتێکا بە وردی دەیڕوانیە پاژنەی سواوی پێڵاوەکانی و پرسی:

– ئێرە، دابەش بکەین.

– نا، خانووە بچووکەکەی خۆم ساز دەکەمەوەو بە زووترین کات دەگوازمەوە بۆ ئەوێ. لەوێ دادەنیشم.

– دەی باشە، لێکدی جیا ببینەوە باشترە، چونکە ناتوانین لە گەڵ یەکدا بسازێین.

میشکا، دووپاتی کردەوە:

– نەخێر، ناتوانین....

– وێنام نەدەکرد، ئەو ڕەئیەت بەرانبەر بە من هەبێ... بە هەرحاڵ من...

– هەر چیم لە دڵا بوو، بە ڕاشکاوی، بێ پێچ و پەناو پێم گوتی: کەی دەڕۆیت بۆ ڤیشنسکایا؟

– لەم نزیکانەدا.

– "لەم نزیکانەدا" نا، دەبێ سبەینێ بڕۆیت.

– من چل فرسەخان بە پای پیادە هاتووم، هەموو پێ و پلم بریندارە، زۆر ماندووم، سبەینێ ئیسراحەت دەکەم و دوو سبەی دەڕۆم و خۆم دەناسێنم.

– نا، فەرمانە کە بە پەلەو بێدواکەوتن خۆت بناسێنێ، سبەینێ بکەوە ڕێ.

– پێویستم بە ڕۆژێك ئیسراحەت هەیە. ناڕۆم.

– نەخێر دەبێ بڕۆیت، من نامەوێ لەبەر خاتری تۆ لێپرسینەوەم لە گەڵدا بکرێت.

گریگۆری، بە سەر سامی، ڕوانیە چارەی گرژو مۆنی کۆنە دۆستەکەی خۆی و گوتی:

– چەند خوێریت، میخائیل!

– جوێن مەدە، من فێری ئەم شتانە نیم.

میشکا، نەفەسێکی تازە کردەوەو بە دەنگێکی بەرزتر گوتی:

– گوێ بگرە، دەبێ ئەم ئەداو ئەتواری ئەفسەرییە تەرك بکەیت. سبەینێ بکەوە ڕێ، ئەگەر بەخوایشتی خۆت نەڕۆی، بە پاسەوان دەت نێرم، تێگەییشتی؟

گریگۆری گوتی:

– بەڵێ، ئێستا تێگەییشتم، هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت...

گریگۆری، بە نیگایەکی سەر ڕێژ لە کەرب و کین، دەیڕوانیە پشتی میشکا کە هەستا بوو ولە ژوورەکە دەچووە دەرێ. بێئەوەی جلەکانی داکەنێت، لە سەر تەختەکە ڕاکشا.

بەڵێ، هەر هەموو شتەکان بەو شێوەیە بوو کە تەسەور دەکرا وا بێ، بە چ هەقێ، دەبوایە بە جۆرێکی دی پێشوازی گریگۆری بکرێت؟ بە چ ئەقڵێ وای تەسەور دەکرد، کە ئەو خزمەتە ڕاستگۆیانەو کەمەی لە سوپای سووردا کردبووی، هەموو گوناحەکانی ڕابرووردی دەسڕێتەوە؟ لەوە دەچوو هەق بە میخائیل بێ، کە گوتی: چاوپۆشی لە هەموو شتێك ناکرێ، قەرز کۆن دەبێ، بەڵام نافەوتێ، دەبێ تا دوا دنیار بدرێتەوە.

... گریگۆری، خەوی بینی، لەو خەوەیدا. لە دەشت و بیابانێکی پان و بەرین و بێسنووردا بوو، کەتیبەیەك، حازر و ئامادە خۆی بۆ هێرش تەیار دەکرد. لە شوێنێکی دوورەوە، هاواری کشداری "کەتیییبە!" هاتە گوێ. گریگۆری نەیزانی کە تەنگ و پاڵوی ئەسپەکەی کراوەیە. بە توندی پێی نایە سەر ڕکێفی لای چەپی زینەکەو زینەکە لە ژێریا خزی... بە تەریقی و ترسەوە، خۆی لە سەر ئەسپەکە هەڵدایە خوارەوە، تا تەنگەکەی قایم بکات، لەو کاتەدا، خرمژنی سمی ئەسپان کە بە پەلە کەتنە ڕێ، بەرز بووەوەو بە بێ ئەو دوور دەکەوتنەوە.

کەتیبەکە بەبێ ئەو دەستی بە هێرش کردبوو....

گریگۆری، گینگڵێکی داو بەدەم ناڵە ناڵی خۆیەوە خەبەری بووەوە. خۆر لەو دیو پەنجەرەکەوە، تازە هەڵدەهات. بێگومان بایەکە شەوێ، تەختەی دیوی دەرەوەی پەنجەرەکەی هەڵدابووەوە. لە شووشەی پەنجەرەکەوە کە توێژاڵە زوقمێکی تەنکی نیشتبووە سەر، بازنەی ئامال سەوزی مانگی ڕوو لە ئاوا بوون دیار بوو. گریگۆری بە کوێرە کوێر کیسە تووتنەکەی خۆی دۆزییەوەو سیغارێکی پێکرد. دڵی هێشتا بە توندی لێی دەدا. بە پشتدا ڕاکشاو بزەیەکی هاتێ و لە فکران ڕاچوو: "چ خەوێکی بێسەرو بەرم بینی! فریا نەکەوتم بە شداری شەڕەکە بکەم..." لەو بەرە بەیانەدا، گریگۆری تەسەوری نەدەکرد چ بە خەو و چ بە ڕاستی، جارێکی دی بەشداری شەڕو هێرشان بکات.

((٧))

دونیاشکا، زوو لە خەو ڕابوو. دەبوایە چێڵەکان بدۆشێت. گریگۆری، هێدی هێدی لە مووبەقەکەدا پیاسەی دەکردو دەکۆکی. دونیاشکا، پەتۆیەکی دا بە منداڵەکاندا، بە گورجی خۆی گۆڕی و هاتە مووبەقەکەوە. گریگۆری خەریك بوو دوگمەی پاڵتۆکەی دادەخست.

– بەم سەبای ساڵحانە بۆ کوێ دەچی برام؟

– دەچم پیاسەیەکی ناو گوند دەکەم، تەمەشایەك دەکەم.

– تێشت بخۆ، ئەوسا بڕۆ...

– دڵم هیچ نابا، سەرم دێشێت.

– بۆ قاوەڵتی دەگەڕێیتەوە؟ ئێستا سوپاکە دادەگیرسێنم.

– چاوەڕوانی من مەکەن، وا زوو ناگەڕێمەوە.

گریگۆری، چووە دەرێ، دەوروبەری بەیانی. هەوا کەمێك خۆشتر بوو بوو. بایەکی نمسارو گەرم لە باشوورەوە دەهات، بە فری قوڕاوی بە پاژنەی چەکمەکانیەوە دەچەسپی. گریگۆری، بە کاوەخۆ بەرەو ناوەندی گوند هەنگاوی دەنا، وەکو کەسێك لە ئاواییەکی غەریبا بیٚ، بە دیقەت و کونجکاوانە، دەیڕوانیە ئەو خانوو و عەمارو کەپرو ساباتانەی کە لە منداڵیەوە ئاشنایان بوو. وێرانەی سووتاوی ئەو خانوو و دوکانی بازرگانانەی کە پار میشکا سووتاندبوونی، لە دوورەوە ڕەش دەچوونەوە. دیوارە نیمچە ڕوخاوەکانی گوند لێرەو لەوێ شەبەقی تێبوو بوو. گریگۆری بەوپەڕی بێموبالاتی، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەم خشتانە مەگەر هەر بۆ دروست کردنی ئاگردان بە کەڵك بێن." کڵێساکە، وەکو جاری جاران، لە شوێنی خۆیدا، بچووك، وەکو ئەوەی ڕەگی لە ئەرزا داکوتابیٚ، هەڵکوڕما بوو، جەمەلۆنی سەربانەکەی هێندە دەمیٚ بوو بۆیە نەکرا بوو، لە ژەنگا زەرد هەڵگەڕا بوو. پەڵەی قاوەیی نیشتبووە سەر دیوارەکانی و لە هەندێ شوێنا گەچەکەی بەردا بوو و خشتەکانی سوور دەچوونەوە.

جادەو بانەکان چۆڵ بوون. لە نزیکی بیری ئاوەکەدا تووشی دوو سیٚ ژنی خەواڵۆ بوو کە وەکو بێگانەیەك سڵاویان لێکرد، دوای ئەوەی گریگۆری لێیان ڕەت بوو، ئەوسا وەستان و لە پشتەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر تەمەشایان کرد.

گریگۆری وەستا، گەڕایەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "پێویستە بچمە سەر گۆڕی دایکم و ناتالیا." ئەوجا بەو کوچەیەدا کە بۆ گۆڕستانەکە دەچوو، پێچی کردەوە. دوای ئەوەی ماوەیەك ڕۆیی، دیسان وەستا. دڵی یەجگار تەنگ بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ڕۆژێکی دی دەچم...." (ئەوسا بەرەو لای ماڵی پروخۆر ڕۆیی). ئێستا بڕۆم و نەڕۆم وەکو یەکە لایان، ئێستا بۆ خۆیان ئاسوودەن. ئیدی سەبارەت بەوان هەموو شتێك بڕاوەتەوە. ئێستا بەفر گۆڕەکانیانی داپۆشیوە... ڕەنگە ئەرزەکە لە ژێرەوە زۆر سارد بیٚ.... ژیانیان زوو تەواو بوو، وەکو خەونێك زوو هات و خێرا تێپەڕی. هەموویان لەوێ، لە پاڵ یەکەوە خەوتوون: ژنەکەم، دایکم، پیوتەر، داریا... هەموو بە خێزانی لەوێ، لای یەکەوە نوستوون. جێگاکەیان باشە، تەنیا باوکم نەبیٚ، کە بە تەنیا لە خاکی غەریبیدا پاڵکەوتووە. لەوێ لە ناو بێگانانداا، تاقەتی دەچێت..." گریگۆری، ئیدی سەیری دەوروبەری خۆی نەدەکرد. بە دەم ڕێگاوە، چاوی بڕی بووە، بەفرە سپیە ئاودارو نەرمەکەی بەر پێی خۆی. بەفرەکە هێندە نەرم بوو کە لە ژێر پێیا هەستت پیٚ نەدەکرد و بە حاڵ خشە خشی دەهات.

ئەوسا، بیرو خەیاڵی هاتە سەر منداڵەکانی. خامۆش و سڵۆك بوو بوون. ئەو مەندی و بێدەنگیە، دەگەڵ تەمەنی ئەوانا تێکی نەدەکردەوە. بە هیچ جۆرێ وەکو ئەو کاتانە نەبوون کە دایکیان لە

ژیاندا بوو. مەرگی دایکیان، لە ڕادەبەدەر بێکەسی کرد بوون. دڵیان ترسا بوو، بۆچی پولیوشکا، دوێنێ کە چاوی بەم کەوت، کەوتە گریان؟ منداڵان بە دیتنی دایكو بابیان ناگرین، ئەمە لە کاری منداڵ ناچێت. بیری لەچی کردبووەوە؟ کاتێ کە لە باوەشی گرتبوو، ئەو پرشنگی ترسە چی بوو، لە چاوانییەوە شەپۆلی دابوو؟ لەوەیە لەم ماوەیەدا، هەر بیری لەوە کردبێتەوە کە ڕەنگە بابی مردبێ و هەرگیز نەگەڕێتەوە، بۆیە بە دیتنی دڵی داخورپا بوو، تۆ بڵێی؟! بەڵام بە هەرحاڵ، خۆ ئەو هیچ گوناحێکی دەرهەقیان نەکردبوو. ئەوەندە مابوو کە بە ئەکسینیا بڵێت سەرپەرشتیان بکاتو تا دەتوانێ جێگای دایکیان بۆ بگرێتەوە... بێگومان، لەگەڵی ڕادێنو هۆگری دەبن. ژنێکی باشو میهرەبانە. چونکە ئەمی خۆشدەوێ، لە بەر خاتری ئەم منداڵەکانیشی خۆش دەوێ.

سەیری کرد بیرکردنەوە لەمەش، زۆر بە سوێو پڕ ئازارە، مەسەلەکە بەو ئاسانیەش نییە. خودی ژیان، بەو سادەییە نەبوو کە گریگۆری بیری لێدەکردەوە. بە خەیاڵی خاوو منداڵانەی خۆی وای وێنا کردبوو، هەرکە بگەڕێتەوە بۆ گوندو پاڵتۆ قورسە سەربازیەکەی فڕێ بداتو جلو بەرگی سادەی جووتیاری لەبەر بکات، ئیدی هەموو شتەکان، سکەی خۆ وەردەگرن: کەس لە گولێ کاڵتری پێ ناڵێت، کەس سەرزەنیشتی ناکات، هەموو شتەکان خۆ بەخۆ سکەی خۆ دەگرنو لەوە بە دواوە، وەکو جووتیارێکی بێوەیو باوکی خانەوادەیەکی نموونەیی بۆ خۆی دەژی. نا، واقیع بەو سادەییو ساکاریەش نیە.

گریگۆری، دەروازەکەی ماڵی زیکوڤ، کە بە ئاستەم بەسەر پاژنەکەیەوە وەستا بوو، بە پارێزەوە کردەوە. پروخۆر کە چەکمەیەکی کۆنی لبادی لە پێ بوو و کڵاوەکەی تاسەر برۆکانی هێنابووە خوارێ، سەتڵێکی بە تاڵی شیر دۆشی بەدەستەوە بوو و بە بێموبالاتی تەکانی دەداو بەرەو قاڵدرمەکانی بەر دەرگا دەڕۆیی. دڵۆپە شیری سپی، بە بێئەوەی دیار بێ، دەکەوتە سەر بەفرەکە.

سڵاوی لە گرێگۆری کردو گوتی:

- هاوڕێ فەرماندە، باش خەوتی.

- لە خوا بە زیاد بێ.

- دەبێ پێکی خومار شکێن بخۆینەوە. دەنا کەللەمان وەکو ئەم سەتڵە پووك دەبێت.

- بیرۆکەیەکی باشە، بەڵام ئەم سەتڵە بۆ بەتاڵە؟ تۆ چێڵەکەت دۆشیوە؟

پروخۆر، سەرێکی هەڵتەکاندو کڵاوەکەی بردە پشت سەرییەوەو هەنگێ گریگۆری پەی بە سەرو سیمای پەستی پروخۆری برادەری کەوت، کە بۆ ئەو شتێکی نا ئاسایی بوو.

- ئەی چی بکەم، شەیتان بۆم بدۆشێت؟ بەڵێ من دۆشیم، ئیشەڵڵا خوای من تووشی زەحیری دەبێ!

پروخۆر، بە تووڕەیی سەتڵەکەی تووڕ دایە قوژبنێکەوەو بە کورتی گوتی:

- با بڕۆینە ژوورەوە.

گریگۆری بە دوو دڵی پرسی:

- ئەدی ژنەکەت لە کوێیە؟

– شەیتان بە کڤاسەوە خواردی! بەر لە سپێدە خۆی کۆ کردەوەو چوو بۆ کروژیلینسکی، کە گوێژ کۆبکاتەوە. دوێشەو کە لە ماڵی ئێوە گەڕامەوە، مەگەر خوا بزانێ چی پێکردووم! سەگ بگرەو ئەو بەردە، وەکو سەگ پێما ڕشایەوەو ئەنجام هەستا: "من دەڕۆم هەندێ گوێژ کۆ دەکەمەوە. بووکەکانی ماکسایيف ئەمڕۆ دەڕۆن و منیش لە گەڵ ئەواندا دەڕۆم." لە دڵی خۆمدا گوتم: "بڕۆ، خوای دەکرد لە جیاتی گوێژ هەرمێت کۆ دەکردەوە. بڕۆو لە کوڵم ببەوە، ڕێگا کراوەو جادە درێژ!" هەستام سوپاکەم پێکردو چووم چێڵەکە بدۆشم. جوان دۆشیم! ئەدی نابینی! لاتوایە ئەم کارە بە پیاوێکی یەك دەست دەکرێت؟

– ئێ، بە ژنێکت گوتبا بۆت بدۆشێت، پیاوی زیرەك!

– زیرەك بەرخە کە تا پایز دایکی دەمژێت، من هەرگیز زیرەك نەبووم. وام تەسەور دەکرد کە ئەم کارەم پێدەکرێت، چووم، خۆم بە ژێر چێڵەکەدا کرد، بەڵام سندان کوشتووە، بۆ یەك سات نەدەوەستا، بە هەر چوار نکاڵدا، دەجولا، تەنانەت کلاوەکەشم داکەند بۆ ئەوەی نەترسێت، هەر فەرقی نەکرد. تا دۆشیم هەموو کراسەکەم لە ئارەقەدا تەڕ بوو. وەختێ دەستم برد کە سەتڵەکە هەڵگرم، لە قەیەکی وەشاند، من لە لایەك کەوتم و سەتڵ لە لایەك. ئیدی بەو جۆرە دۆشیم. ئەمە چێڵ نیە، شەیتان و دێوی شاخدارە. تفێکم کردە چارەی و بەجێم هێشت. بە بێ شیریش دەژیم. یەك دوو پێکی خۆمارشکێن بخۆینەوە؟

– باشە ڤۆدگات هەیە؟

– بوتڵێکم هەیە، دەمێکە شاردومەتەوە.

– دەی باشە، زۆریشە.

– دەی وەرە ژوورەوە، میوانی من بە، هێلکەو ڕۆن بکەم؟ بە دوو دەقیقە دروستی دەکەم.

گریگۆری، هەندێ گۆشت و پیوی بەرازی لەت کردو یارمەتی پروخۆری داو سوپاکەی داگیرساند. بە دوو قۆڵی و بە بێدەنگی کەوتنە تەمەشا کردنی گۆشتە پەمەییەکە، کە بە چزو هوڕ، دەتوایەوەو لە ناو تاوەکەدا هەڵدەقرچا. ئەوسا گریگۆری لە پشت چوار چێوەی ئیکۆنەکەوە، بوتڵێکی تۆزاوی دەرهێناو بە کورتی گوتی:

– شتێك کە نەمەوێ ژنەکەم پێی بزانێ، لەم پشتەوە دەیشارمەوە.

چوونە ژووری میوان، ژوورێکی گەرمی چکۆلە بوو، بەدەم خواردن و خواردنەوەوە، بە ئەسپایی قسەیان دەکرد.

گریگۆری، جگە لە پروخۆر، دەیتوانی گرێی دڵی خۆی بۆ کێ بکاتەوە؟ لە کەنار مێزەکە دانیشت، لاقە درێژو بتەوەکانی لێبلاوکردنەوە، بە دەنگێکی هێواش کەوتە قسان:

– هەم کاتێ کە لە سوپادا بووم و هەم بەدەم ڕێگای گەڕانەوەوە، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئیدی دەچمەوە سەر موڵك و مەزرایەکەی خۆم و لە ناو ماڵ و منداڵەکەی خۆمدا بار سووك و سەر سەلامەت دەژیم و واز لەم سەگە سەگەیە دێنم. گاڵتە نیە، حەوت دانە ساڵ لە سەر ئەسپ نەهاتمە خوارێ! هەموو شەوێك خەوم بەم دیمەنەوە دەبینی: یا دەمویست کەسێك بکوژم، یا کەسێك

دەیویست من بکوژێت... بەڵام پروخۆر وادیارە، کارەکان بە دڵی من نابێت دیارە خەڵکانێکی دی، نەك من، زەویەکانمان ڕەعەمەل دێنن و پێی ڕادەگەن...

– دوێشەو قسەت لە گەڵ میخائیلدا کرد؟

– جا قسەی خۆش!

– چی دەڵێ؟

گریگۆری، دوو قامکی لە شێوەی شیری یەکتر بڕا نانە سەر یەك و گوتی:

– دۆستایەتیەکەمان ئاوهایە. ئەوەم بە چاوا دەداتەوە کە لە گەڵ سپیە کاندا بووم. پێی وایە من ژێراو ژێر دژمنی حکومەتی تازەم و چەقۆیەکم لە بەرکما هەڵگرتووە، لەوە دەترسێت، لە هەوڵی هەڵگیرسانی ڕاپەڕیندا بم. بەڵام ئەو گەوجە، نازانێ من هیچ پێویستم بەو کارە نییە!

– هەمان، قسەی لەگەڵ منیشداکرد.

گریگۆری، بزەیەکی خەمناکی بۆ کردو ئەوسا گوتی:

– ڕۆژێك، لە ئۆکراینا، کە خەریك بوو بەرەو پۆلۆنیا پێشڕەویمان دەکرد، تووشی کابرایەکی ئۆکرانی بووین، داوای چەکی لێکردین بۆ بەرگری کردن لە گوندەکەی. ئیدی چەتەو ڕێگر بەو ناوچەیە وەر بوو بوون و غەدریان لێدەکردن و مەڕو ماڵاتیان سەر دەبڕین. من خۆم لەوێ بووم کە، فەرماندەی کەتیبەکەمان پێی گوت: "ئەگەر چەکتان بدەینێ، ئێوەش دەچن پەیوەندی بە چەتەو ڕێگرەکانەوە دەکەن." کابرای ئوکراینی پێکەنی و گوتی:

"هاوڕێ ئێوە چەکمان بدەنێ، نەك نایەڵین ڕێگران پێ بنەنە ئاقاری گوندەکەمان، نایەڵین ئێوەش ڕووی تێبکەن!" جا ئێستا منیش وەکو ئەو ئۆکرانیە بیر دەکەمەوە: ئەگەر نەهێڵرایە، نەسوورەکان و نە سپیەکان ڕوو بکەنە تاتارسکی زۆر باشتر بوو. بۆ من ئەمان و ئەوان وەکو یەکن: میتکا کورشونوڤ ژن برام لە میشکا کوشیڤۆی باشتر نییە. ئەمیان وا هەست دەکات، من ئەوەندە هەواداری سپیەکانم، کە ئەگەر ئەوان نەبن، ناژیم. خوێڕی ئاوەها! جا چتۆ هەوادارێك! کاتی خۆی. کاتێ گەیینە نیمچە دوورگەی قرم، لە گەڵ ئەفسەرێکی کورنیلوفدا بە شەڕ هاتم، عەقیدێکی پۆشتەو پەرداخی کورتە باڵا بوو، سمێڵی بە مۆدی ئینگلیزی دانا بوو، دوو خەتی باریك بوون، لە دوورەوە، لە ژێر لووتیا، لە دوو پەڵە چڵم دەچوون. بەڵام دڵی خۆم کرد بە تەرزە، عەقیدی کەساسم کرد بە دوو لەتەوە، تەنیا نیوەی سەری و نیوەی کاسکێتەکەی مایەوە... نیشانە سپیەکەی سەر کڵاوەکەی پەڕی و چوو بە ئاسمانا،... من ئاوا هەواداری سپیەکان بووم. خۆ ئەوانیش سەریەشەیەکی یەجگار زۆریان بۆ دروست کردم! من، بە خوێنی خۆم ئەو پلە نەعلەتیەی ئەفسەریم بە دەست هێنا، بەڵام وێڕای ئەوەش، لە نێو مەحشەری ئەفسەراندا وەکو گای قەشان بووم. بێشەرەفانە، لە بنی منیان بە بەشەر نەدەزانی. بێزیان نەدەهات تەوقەم لە گەڵدا بکەن. ئاخر ماقووڵە بەو حاڵەشەوە، هێشتا هەر هەواداریيان بکەم؟... با بڕۆن، سەریان بە هینی دایکیان! کە باسیان دێتە ناو ناوان دڵم تێکهەڵدێ. کەچی بەو حاڵەشەوە کەسانێك هەن دەڵێن کە گوایە من حەزدەکەم دەورو دوکانیان بگەڕێتەوە! ڕێکێشی خەڵکانی وەکو جەنەراڵ فیتچالوروف و هاو پیشەکانی دەکەم کە بێن بۆ ئێرە! من ئەو گەمەیەم تاقیکردەوە، هەموو

ساڵێکی پێنە چوو، تووشی گون ڕەشی خۆم بووم، ئیدی بەسە، بۆ خۆم ئاقڵ بووم، تەمێ خواردوو بووم، هەستم بە قورسی ئەو بارە بە سەر شانی خۆمەوە کرد!

پروخۆر، لە کاتێکا پارووەکەی لە ڕۆناوەکە هەڵدەکێشا گوتی:

– ئیدی هیچ ڕاپەڕین و ئاشوبێك سەر هەڵنادات. یەکەم، قۆزاقێکی کەم ماون، ئەوانەشی کە بە سەلامەتی دەرباز بوون، عیبرەتیان وەرگرتووە. ئەوەندەیان کوشتارداوە، بۆ حەوت پشتیان ئاقڵ بوون و، بە کەمەندیش بۆ ڕاپەڕینیان ڕابکێشی لە دووت نایەن. ئەمە جگە لەوەی کە خەڵکی حاڵی حازر تامەزرۆی ژیانی ئاشتیانەن. خۆزگە دەتبینی، خەڵکی، ئەم هاوینە چۆن شانیان دابووە بەر کار: بە خەرمان وێنجەیان هەڵدابووەوە، دوا گوڵە گەنمیان خڕ کردەوەو دوورییەوە. هەرچەندە بۆڵە بۆڵ دەکەن، بەڵام بە جۆرێ کار دەکەن، زەوی دەکێڵن، تۆو دادەچێنن، لە تۆ وایە هەریەکەیان پتر لە سەد ساڵ دەژی! نەخێر، بە سەر چوو، ئەو زەمانە ڕۆیی، ڕاپەڕین بکرێ، خەڵکی ئامادەنین هەر باسیشی بکەن، بە ڕاستی باسکردنی کەرێتییە. هەرچەندە، خواش سەر لەم قۆزاقانە دەرناکات و نازانێ چیان لە بیرو لە مێشکایە...

– چیان لە مێشکایە؟ مەبەستت لەم قسەیە چیە؟

– دراوسێکانمان لە کەللەی داون...

– کە چیبکەن؟

– ئیدی تۆ چی ناو دەنەی، ناوی بنە، لە ستانی فورونیچ، لەو بەری بوگوچار، ڕاپەڕینیان بەرپا کردووە.

– درۆیە!

– درۆی چی؟ کابرایەکی چریکی ناسیاوی خۆم، دوێنێ ئەمەی پیگوتم. گوایە قەرارە بۆ ئەوێیان بنێرن.

– باشە، ئەم (ئەوێ)یە دەکاتە کوێ؟

– موناستیرشچینا، سوخوی دونتس، پاسیکا، ستاریا، نوڤایا، کالیتڤاو زۆر شوێنی دیکە، دەڵێن ڕاپەڕین و سەرهەڵدانێکی گەورەیە.

– باشە بۆچی دوێشەو ئەمەت پێنەگوتم، هەی کەری دێز؟

پروخۆر، بە ناڕەزایی وەڵامی دایەوە:

– حەزم نەدەکرد لە بەردەم میخائیلدا قسە بکەم. ئەمە جگە لەوەی کە باسی ئەم جۆرە شتانە، خۆش نییە. بە ڕاستی حەز ناکەم تا لە دنیادام، تاقەیەك وشە لەو بارانەوە ببیستم.

گریگۆری پەست بوو. ماوەیەك لەفکران ڕاچوو، ئەوسا گوتی:

– خەبەرێکی ناخۆش بوو!

– هیچ پەیوەندییەکی بە تۆوە نیە. با ئۆکراینەکان خەمی بخۆن. کەی ئەتکیان کردن، حەیاو نامووسیان بردن، هەنگێ دەزانن ڕاپەڕین، یانی چی. بەڵام من و تۆ، چیمان داوە لەم کارانە؟ من هەر بە خەیاڵیشما نایەت. هەر گوێی نادەمێ.

– ئەمە بۆ من خراپە، قوڕەکەم بۆ خەست تر دەکاتەوە.

– بۆچی؟

– چۆن "بۆچی؟" خۆ ئەگەر بەرپرسانی ئەم دەڤەرە، هەمان ڕاوبۆچوونی (کوشیڤوی)یان بەرانبەرم هەبێ، ئیدی جگە لە زندان، هیچ ڕێگایەکی دیکەم بۆ نامێنێ. لە دەوروبەرماندا ڕاپەڕینەو، من بابایەکی ئەفسەرو یاخی جارانمو لە هەموو ئەمەش خراتر، لە ڕاپەڕینو ئاشوب دا دەستم هەبووە... ئێستاحاڵی بوویت؟

پروخۆر، لە جووینی پارووەکەی وەستا. ماوەیەك لە فکران ڕاچوو. پێشتر بیری لەمە نەکردبووەوە. مەستی، مەنگی کردبوو. بە حەپەساویو سەرسامی پرسی:

– بۆچی، بۆ ئێرە هاتوویت، پانتلیوفیچ؟

گریگۆری، چارەی بە یەکدا داو هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. خەبەرەکە بە ئاشکرا نیگەرانی کردبوو. دەستی پروخۆری، کە خەریك بوو پێکە ڤۆدگایەکی دیکەی بۆ دادەنا، دایە دواوەو بە شێوەیەکی بنجبڕ گوتی:

– بەسە، ناخۆمەوە.

– با سەرو پێکی دی بخۆینەوە. گریگۆری بخۆوە، هێندە بخۆوە تا سیا مەست دەبیت، تاقە چاری ئەمە ژیانە خۆشە! تەنیا ڤۆدگایە.

– بە تەنیا بخۆوە، خۆت سیا مەست بکە، کەللە پووت کاتێ بە خۆت دەزانی دەتکوژێت. بەڵام من دەبێ ئەمڕۆ بڕۆم بۆ ڤیشنسکایا، تا خۆم بناسێنم.

پروخۆر، بە سەرسامی تەمەشای کرد. ڕوخساری تاوەسووتی گریگۆری، تا ئاستی قژی کە بۆ سەرەوە شانە کرابوو، سوور بوو بووەوە. ئەم سەربازەی کە ساردیو گەرمی ژیانی چەشتبوو، کە شەڕو کارەساتان، دەگەڵ پروخۆردا یەکی خستبوو، ئێستا هێمنو ئارام دیار بوو. ژێر پێڵووەکانی بە ئاستەم ئاوسا بوون، چاوە لێڵو مۆنەکانی ماندوو دیار بوون. پروخۆر پرسی:

– باشە ناترسیت... هەر لەوێ زندانت بکەن؟

گریگۆری بەلەز بەرسڤی دایەوە:

– ڕاستت دەوێ، من لەوە دەترسم! بە عەمراتم زندانم نە دیووە، ئەوەندەی لە زندان دەترسم، ئەوەندە لە مردن ناترسم. بەڵام وا دیارە، دەبێ تامی ئەم خۆشیەش بچێژم.

پروخۆر، بە دڵسۆزییەوە گوتی:

– نەدەبوو، بۆ گوند بگەڕێیتەوە.

– ئەدی بۆ کوێ بڕۆییشتبایەم؟

– لە شوێنێکا، لە شارێکا، خۆت قایم بکردایە، چاوەڕوانت کردبا تا ئاو لەم ئاشە دەبڕا، هەنگێ بار سووكو سەر سەلامەت بۆ گوند دەگەڕایتەوە.

گریگۆری، دەستێکی هەڵتەکاندو بە پێکەنینەوە گوتی:

– ئەوە عادەتی من نییە. ناخۆشترین شت ئەوەیە، لێرەو لەوێ، خۆت بدەیتە پەناو پەسێران و چاوەڕوانی گەڕانەوە بکەیت. ئاخر بەبێ منداڵەکانم بۆ کوێ بڕۆییشتمایە؟

– ئەم قسەیە چیە! یەکێ نەزانێ، دەڵێ تا ئێستا هەر تۆ بە دیاریانەوە بوویتو سەرپەرشتیت کردوون!؟ خۆ دەتتوانی دوایی بیانبەی، دلبەرەکەشت ببەی. ئەرێ بە ڕاست بیرم چوو پێت بڵێم! ئاغاکانت، ئەوانەی کە بەر لە جەنگ، لە گەڵ ئەکسینیادا کارت لایان دەکرد، هەردووکیان مردن.

– ماڵباتی لیستنسکی؟

– بەڵێ، ئەوان. زاخاری خزمم، لە کاتی پاشەکشەو کۆڕەوەکەدا، موراسیلی کوڕەکەی لیستنسکی بوو، ئەو بۆی گێڕامەوە، ئاغای پیر لە ماروزوفسکایا، بە تیفۆ مرد، کوڕەکەشی تا یکاترینودار ڕۆیی، لەوێ ژنەکەی لەگەڵ جەنەراڵ پاکروفسکیدا، دەست تێکەڵ دەکاتو ئیدی یارۆ تەحەمول ناکاتو خۆی دەکوژێت.

گریگۆری بەوپەڕی خەمساردیو بێموبالاتی گوتی:

– دەی، سەریان بە قەبری بابیان و گوو بە گۆڕیان! من خەفەت بۆ مردنی خەڵکی باشو سادە دەخۆم، بەڵام بۆ ئەمانە، هەر گوێم لێنییە.

لەجێی خۆی هەستاو پاڵتۆ قورسەکەی لەبەر کرد، هێشتا دەستی بە دەسکی دەرگاکەوە بوو، گوتی:

– من خۆیشم نازانم بۆچی هەمیشە بەغیلیم بە خەڵکانی وەکو کوڕەکەی لیستنسکیو، یا ئەم کوشیڤۆییەی خۆمان بردووە... لە هەوەڵەوە هەموو شتێکیان بەلاوە ڕوون بووە. کەچی من تاکو ئێستاش هەموو شتێکم لا تاریکە. ئەوان هەردووکیان لە هەوەڵەوە یەك ڕێگایان گرتووەتە بەر، یەك ئامانجیان هەیە، کەچی من لە ساڵی ١٩١٧ـەوە، تاکو ئەمڕۆ، وەکو سەرخۆش لە ناو یەك بازنەی بۆشو بەتاڵدا دەخولێمەوە و دەخولێمەوە... لە سپییەکان دوور کەوتمەوە، بەڵام پەیوەندیم بە سوورەکانەوە نەکرد، وەکو پشقلی ناو گەرداو دەخولێمەوە... دەزانی پروخۆر، من دەبوایە تا سەر لە گەڵ سوورەکاندا مابامەوە، لەوە بوو هەنگێ، چەرخی ڕۆژگار بە دڵی من سوڕابا. تۆ بە خۆت دەزانی، من لە هەوەڵەوە بە دڵو بە گیان خزمەتی حکومەتی سوورەکانم دەکرد. بەڵام پاشان هەموو شتەکان شێوا... بەڵام لە ناو سپییەکاندا، بە تایبەتی لە ناو فەرماندەییاندا، کابرایەك بووم بێگانە، هەمیشە لێم بە گومان بوون. نە هەقیان نەبوو، منێکی بەچکە فەلاحی، دەشتەکی، قۆزاقی نەخوێنەوار، چ شتێك لە گەڵ ئەوانا کۆی دەکردمەوە؟ متمانەیان پێنەدەکردم! پاشان، هەمان بەزم لە گەڵ سوورەکانیشدا دووبارە بووەوە. خۆ کوێر نیم، زۆر چاك دەمبینی کە کۆمیسەرو کومونیستان لە سریەکەدا بە چ چاوێك سەیرم دەکەن... لە شەڕەکاندا چاویان لێ غافڵ نەدەکردم، بەردەوام، دوورو نزیك چاودێرییان دەکردمو پێموایە لە دڵی خۆیاندا دەیانگوت: "ئەم نامەردە، ئەم کۆنە سپیە، ئەم ئەفسەرە قۆزاقە، دەبی ئاگامان لێی بێ نەبا خیانەتمان لێبکات!" بە ئاشکرا هەستم بەمە دەکردو دڵم سارد دەبووەوە. لەم دواییانەدا، نەمدەتوانی تەحەمولی ئەم بەد گومانییە بکەم. بەردیش کە گەرما زۆری بۆ بێنێ، ئەنجام دەتەقێ، زۆر باشیان کرد کە لە خزمەت مەرەخەسیان کردم. ئیدی ئەوە کۆتایی بە هەموو شتەکان هێنا.

گریگۆری، نەرمە کۆکەیەکی بۆ کردو دەمێك بێدەنگ بوو و بێئەوەی تەمەشای پروخۆر بکات. گوتی:

– سوپاس بۆ میواندارییەکەت. ئیدی دەڕۆم، خوا حافیز، ئاگات لە خۆت بیّ. ئەگەر ئەمشەو گەڕامەوە، سەرت لێدەدەم. ئەو بوتڵە بشارەوە، دەنا ژنەکەت بێتەوە، ئەو تاوەیە لە پشتتدا دەشکێنیّ.

پروخۆر، تا بەردەگا بە ڕێی کرد. لە بەر هەیوانەکەدا، بە ئەسپایی گوتی:

– ئاگادار بە پانتلیوفیچ، لەویّ گلت نەدەنەوە.

گریگۆری، بە پارێزەوە گوتی:

– با بزانم، هەوڵدەدەم!

بۆ ماڵ نەڕۆییشتەوە، بەرەو ڕوباری دۆن، داکشا، بەلەمێکی لە ئەسکەلەکە کردەوە، بە چنگ ئاوەکەی ناوی دەرداو پاشان، ئەستوونێکی لە پەرژینێك هەڵکەندو بەفرو بەستەڵەکی کەنار ڕوبارەکەی شکاندو بە سەوڵ لێدان، بەرەو کەنارەکەی ئەوبەر ڕۆیی.

شەپۆلی سەوزباوی کەفپرژێن، بەدەم باوە، دەگەڵ ڕەوتی دۆندا، بەرەو باشوور غل دەبوووەوە. شەپۆلەکان، توێژاڵە شەختەی تەنکی سەر ئاوە مەندەکەی کە نار ڕوبارەکەی دەشکاندو داوە قەوزەکانی سەر ئاوەکەی دێنایە سەما. بە درێژایی کەنارەکە، پارچە شەختەی بلورین، بەر یەك دەکەوتن و فەزای کەنارەکەیان پڕ دەکرد لە زەمزەمەیەکی ئەفسوونانی، خرکە بەردەکانی کەنارەکە، کە ئاوەکە لێی دەدان، زەمزەمەیەکی هێواشیان لێبەرز دەبوووەوە. بەڵام لە ناوەڕاستی ڕوبارەکەدا، کە ڕەوتی ئاوەکە بە قووەت و مەند بوو، گریگۆری جگە لە شڵپە شڵپی کپ و خوڕە خوڕی شەپۆلەکان کە خۆیان بە قەراخی چەپی بەلەمەکەدا دەکێشاو جگە لە گڤ و هوڕی بەردەوامی ئەو بایەی کە لە جەنگەڵەکەی دەستە چەپەوە دەهات، گوێی لە هیچی دی نەبوو. گریگۆری، بە لەمەکەی تا نیوە، لە ئاوەکە دەرهێناو گەیاندیە سەر وشکی، ئەوسا بە چیچکانەوە دانیشت، چەکمەکانی داکەند، بۆ ئەوەی بتوانیّ بە گورجی ڕێبکات، بەلەك پێچەکانی لە لاقی بەست. نزیکی نیوەڕۆ گەییە ڤیشنسکایا. بارەگای کومیساری هەرێم زۆر قەرەباڵغ و جەنجاڵ بوو. زەنگی تەلەفۆن لێی دەدا، دەرگاکان بە توندی بە یەکدا دەدران، پیاوانی چەکدار دەهاتن و دەڕۆییشتن، تەقە تەقی وشکی تایپ لە ژوورەکانەوە دەهات. لە ڕاڕەوەکەدا، نزیکەی بیست سەربازی سوور، لە دەوری پیاوێکی کورتە بالاّ، کە پەستەکێکی فەروی لە بەردا بوو، کۆبووبوونەوەو، بە دەم گفتوگۆوە، قاقا پێدەکەنین. لە ژوورێکی بنەبانی ڕاڕەوەکەوە، دوو سەرباز، خەریك بوون، ڕەشاشێکیان بە ڕاکێشان دێنایە دەرەوە. چەرخە چکۆلەکانی ڕەشاشەکە، بە نەرمی دەیان دا لە زەمینە تەختە ناهەموارەکە. یەکێك لە ڕەشاشچییەکان، کە پیاوێکی بالاّ بەرزی قەڵەو بوو، کە گەییە ئاستی گریگۆری، بە سوعبەتەوە هاواری کرد: "سریەی ئینزیبات لاکەون، دەنا پان و پلیشتان دەکەمەوە!"

گریگۆری لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەڵێی بە ڕاستی خۆ بۆ سەر کوتکردنی ڕاپەڕین و ئاشوبێك ئامادە دەکەن."

زۆر ماتەڵیان نەکرد. سکرتێری کۆمیسارپای (کۆمیتـە) عەسـکەری، بەلـەز ئەو بەڵگەنامانەی، کە گریگۆری نیشانی دان، تۆمار کردو گوتی:

– بـڕۆ بـۆ دایـەرەی سیاسـی چـکای دۆن. تـۆ چـونکە، کـاتی خـۆی ئەفسـەر بوویـت، دەبـێ موراجەعەی ئەوان بکەی.

گریگۆری، بێئەوەی خۆی شلوێ بکاتو پەشۆکانو شپرزەیی دەروونی خۆی ئاشکرا بکات، ئیکلامێکی کردو گوتی:

– بە سەر چاو.

کاتێ گەییە مەیدانی شار، حایرو سەرگەردان وەستا. دەبوایە بڕوات بۆ دایەرەی سیاسی، بەڵام هـەموو بـوونی، دژی ئەم بیرۆکەیـە بـوو، دەنگێك لـە ناخیـەوە، پێـی دەگـوت: "دەتگـرن، زنـدانیت دەکـەن." و گریگـۆری، چ لـە ترسـاو چ لـە بێزاریـا، تەزوویـەکی پێـدا هـات. لـە پـاڵ دیـواری قوتابخانەکەدا وەستا بوو، بە چاوانی ئەبڵەقو حەپەساوەوە، دەیڕوانیە ئەرزەکە، کە یەکپارچە شیاکەو ڕیخ بوو. بە خەیاڵ خۆی دێنایە بەرچاوی خۆی کە چۆن، بە دەستانی بە کەلەپچەوە، لـە قاڵدرمەیەکی پیسەوە بۆ ژێر زەمینێکی دەبەن، بە خەیاڵ پیاوێکی لە دوای خۆیەوە دەبینی، کە چـۆن دەسـکی زبـری دەمانچـەیەکی ڕووتـی تونـد گرتـووەو بـە بسـت لێـی دانـابڕێ، گریگـۆری دەستەکانی خۆی گوشینو ڕوانیە دەمارە شینو ئاوساوەکانی دەستی، ئایا، کەلەپچە دەکەنە ئەم دەستانە؟ خوێن زاییە دەموچاوی. نەخێر، ئەمڕۆ ناڕوات. سبەی، چ قەیدیە. بەڵام ئەمڕۆ بۆ گوند دەگەڕێتـەوە. ئـەمڕۆ دەگـەڵ منداڵـەکانیا بەسـەر دەبـاتو ئەکسـینیا دەبـینێو سـارەزی بـۆ ڤیشنسکایا دەگەڕێتەوە. قیروسیا با پێی بەدەم ئەو ڕێگاو بانە دوور درێژەوە، هەمووی ببێ بە زامو تلۆقـان! ئەمڕۆکـە لـە مـاڵی خـۆی بەسـەر دەبـاتو پاشـان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئێـرە، بێگومـان دەگەڕێتەوە. سبەی هەرچی دەبێ با ببێ، هەرچیەك دێتە پێشێ، بەخێر بێ، بەڵام ئەمڕۆنا!

– ها، میلخیوف! دەمێکە دیارنیت، لە مێژە یەکمان نەدیوە...

گریگـۆری ڕووی وەرگێـڕا. یـاکوف فـومین بـوو و بـەرەو لای ئـەم دەهـات، هاوقـەتاری (هـاوڕێ) پیوتـەری بـرای بـوو لـە عەسـکەریدا، جـاران فەرمانـدەی کەتیبـەی بیسـت و هەشـتی یاخییـانی سوپای دۆن بوو.

ئەمە ئەو فومینەی جاران نەبوو، ئەو قۆزاقە شڕو شەپرێو وشانو شەپیلك داکەوتووە نەبوو کە گریگـۆری دەیناسـی. لـە مـاوەی دوو سـاڵێکدا، بـە تـەواوەتی گـۆڕا بـوو: پاڵتۆیـەکی عەسـکەری ئەستووری سوارەی لەبەر بوو، فیت پڕ بە بەرو تا حەزکەی لێیدەهات. سمێڵە سوورەکەی، جوان چاك کردبوو و بۆ سەرەوە بایدا بوو. بە هەڵسوکەوتو ڕەفتاریا، بە ئاشکرا دیار بـوو، کە خـۆی دەنوێنێو بە خۆی دەفشێ، بە بزەی سەر لێوەکانیا دیار بوو کە خۆی لە خەڵکانی دی بە زیاتر و باڵاتر دەزانـێ. تەوقـەی دەگـەڵ گریگۆریـدا کـرد، لـە کاتێکـا، چـاوە شینـە، لێـك دوورەکـانی، ڕێـك بڕینە دوڕ چاوانی گریگۆری، پرسی:

– بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟

– لە خزمەت مەرەخەسیان کردووم. چوو بوومە کۆمیتەی عەسکەری...

– دەمێکە گەڕاویتەوە؟

– دوێنێ گەڕامەوە.

– زۆر جار یادی پیوتەری برات دەکەمەوە. قۆزاقێکی زۆر چاك بوو، حەیفێ، بە خۆڕایی کوژرا... زۆر برادەر بووین. ئاخ! میلیخوف، نەدەبوو، پار دەست بە راپەڕین بکەی، کارێکی باشت نەکرد، هەڵەت کرد!....

گریگۆری هەستی کرد، دەبێ شتێك بڵێت، گوتی:

– بەڵێ، قۆزاقەکان، هەڵەیان کرد....

– تۆ لە کام یەکە بوویت؟

– فیرقەی یەکەمی سوارە.

– بە چ پۆستێك؟

– فەرماندەی سریە.

– نە، بابە! منیش ئێستا فەرماندەی سریەم. لێرە، لە ڤیشنسکایا، سریەیەکی گاردی تایبەت بە خۆمان هەیە.

تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، ئەوسا دەنگی نزم کردەوەو بە گریگۆری گوت:

– گوێ بگرە، با لێرە بڕۆین، با کەمێك پیاسە بکەین، ئێرە قەرەباڵغە، خەڵکی دێنو دەچن، ناتوانین بە ئیسراحەتی خۆمان قسە بکەین.

بە جادەکەدا کەوتنە ڕێ. لە کاتێکا فومین، ژێراو ژێر دەیڕوانیە گریگۆری پرسی:

– بە نیازی، لە گوند، لە ماڵەکەی خۆتا بژی؟

– هەڵبەتە. ئەدی لە کوێ بژیم؟

– خەریکی کاری جووتیاری دەبی؟

– بەڵێ.

فومین، سەرێکی لەقاندو بە کەسەرەوە ئاهێکی هەڵکێشا:

– میلیخوف، بە ڕاستی وەختێکی خراپت هەڵبژاردووە... نەدەبوو تا یەك دوو ساڵی دی، بۆ گوندەکەتان بگەڕێیتەوە.

– بۆچی؟

فومین، ئانیشکی گریگۆری گرتو سەری وەپەنا گوێی ناو بە چپەوە گوتی:

– بارودۆخی ناوچەکە نا ئارامە. قۆزاقان، لەوە ناڕازین کە حکومەت، دەست بە سەر ئازووقە زیادەکەنیاندا دەگرێتو دەیدات بە سوپای سوور، لە دەڤەری بۆگوجاڕ،ڕاپەڕین دەستی پێکردووە. ئێمە ئەمڕۆ بۆ سەرکوتکردنی دەچین. باشترین شت بۆ تۆ ئەوەیە کە لێرە بڕۆی، بە زووترین کات خۆت دەرباز بکەی. منو پیوتەر زۆر برادەر بووین، بۆیە بە گوێی من دەکەیت: لێرە دوور بکەوە.

– هیچ شوێنێ شك نابەم بۆی بڕۆم.

– دەی ئاگات لە خۆت بێ! دایەرەی سیاسی دەستی بە گرتنی کۆنە ئەفسەرەکان کردووە. ئەم هەفتەیە سێ ملازمیان لە دودارێفکا و یەکێکیان لە رشتوفکاوە هێناوە، لەوبەری دۆنەوەش، بڕ بڕ دەیانهێنن. گوایە بە تەمان فایل و دۆسیەی قۆزاقانی سادەو نەفەرش، هەڵبدەنەوە. ئیدی خۆت بڕیاری خۆت بدە.

گریگۆری، بە کەڵەوەکێشییەوە گوتی:

– مەمنوونی، ئامۆژگاریەکەتم. بەڵام بۆ هیچ شوێنێك ناڕۆم.

– ئیدی خۆت دەیزانی.

ئیدی فومین، ئاراستەی قسەکانی گۆڕی، کەوتە باسی بارودۆخی هەرێم و پەیوەندی خۆی بە دام و دەزگاو بەرپرسانی ناوچەکەو فەرماندەی عەسکەری هەریم کە ناوی شاخاییف بوو. گریگۆری کە نقومی خەیاڵاتی خۆی بوو و بە خەمی خۆیا کەوتبوو، تەنیا بە ڕواڵەت گوێی لێدەگرت. لە سێیەمین چوار ڕێاندا، فومین وەستا.

– من ئیشم هەیە، دەبێ بڕۆم. خوا حافیز.

ئیکلامێکی کێشاو بە ساردی خوا حافیزی لە گریگۆری کردو بە کەش و فشێکی کۆمیدیانەوە ڕۆیی، لە کاتێکا قایش و قروشی شمشێر بەندە چەرمە تازەکەی خشە خشی دەکرد، بە کۆڵانێکا پێچی کردەوە. گریگۆری ماوەیەك لە دواوە تەمەشای کردو پاشان گەڕایەوە.

گریگۆری، لە کاتێکا کە بە قاڵدرمەی خانوویەکی دوو نهۆمیدا، کە بارەگای دایەرەی سیاسی بوو، سەر دەکەوت لە دڵی خۆیدا گوتی: "کە ئەمە ئاکامی کارەکە بێ، تا زووتر تەواو بکرێ باشترە، خۆ دزینەوە، فایدەی نییە! گریگۆری تۆ چۆن توانیت خراپە بکەی، دەبێ بەو ئاوایە باجەکەشی بدەیت، چی بچێنی ئەوە دەدوریتەوە!".

((٨))

ئەکسینیا، لە دەوروبەری سەعات هەشتی بەیانیدا، لە خەو ڕابوو، خەڵوزی لە ئاگردانەکە کردو نێڵی دا. دەموچاوی هەر ئارەقە بوو، لە سەر تەختەکە دانیشت و بە بەرهەڵبێنەکەی کەوتە سڕینی دەموچاوی، لە بەرەبەیانەوە هەستا بوو، تا بە زووترین کات لە کاری ئامادەکردنی خوارد ببێتەوە. مریشك و ماکەرۆنی لێنابوو، کولیچەی شیرینی دروست کردبوو، خامەیەکی زۆری بەسەرا کردبوو و لە تاوەیەکا لە سەر ئاگرەکەی دانا بوو، چونکە دەیزانی گریگۆری زۆری حەز لە کولیچەی برژاوە. ئیدی ئەم خۆراکەی ڕۆژانی جەژنەی بەو ئومێدە ئامادە کردبوو کە دڵدارەکەی بۆ نیوە ڕۆژەو فراڤین لای ئەو دەبێت.

پڕ بەدڵ حەزی دەکرد، بە هەر بیانوویەکەوە بووە، سەرێکی ماڵی میلیخوف بدات و ئەگەر بۆ دەقیقەیەکیش بووە گریگۆری بدینێ. چونکە زۆری بە لاوە ئەستەم و ناخۆش بوو، کە گریگۆری لەو بنە دەستەوە بێ و ئەم نەتوانێ بیبینێ. بەڵام وێڕای ئەوەش جڵەوی سۆزی خۆی گرت و نەچوو. خۆ ئەو کچۆڵەیەکی هەرزەکار نەبوو!، تا بە هەوەسی خۆی بکات، دەبوایە ڕەفتاری سەنگین بێ.

دوای ئەوە دەستو دەموچاوی پاك شت، کراسێکی خاوێنو تەنوورەیەکی تازەی پەراوێز دۆزی لەبەر کرد. ماوەیەکی زۆر لە بەر یەغدانەکەیدا، بە دوو دڵی وەستا بوو: چ جلێك لەبەر بکات؟ ماقووڵ نەبوو، لە گەرمەی ڕۆژێکی کار کردنا، خۆی برازێنێتەوەو جوان بکات، لەلایەکی دیکەشەوە، حەزی نەدەکرد بە جلو بەرگی ئاسایی کارکردنەوە بێ. ئەکسینیا کە تیا مابوو چ جلێك لەبەر بکات، بەسەرو ڕووی گرژەوە، کەوتە هەڵگێرو داگێری تەنوورە ئوتووکراوەکانی خۆی. ئەنجام بڕیاری داو، ڕەئی لە سەر تەنوورەیەکی سورمەییو کراسێکی شینی کاڵ بە ئۆیەی ڕەش، گیرسایەوە کە تەقریبەن لەبەر نەکرا بوو. ئەمە باشترین جلکی ئەو بوو. ئەوسا لە دڵی خۆیدا گوتی: دراوسێکان چی دەڵێن با بیڵێن! ئەگەر ئەمڕۆ بۆ ئەوان ڕۆژێکی ئاسایی کارکردن بوو، بۆ ئەو جەژن بوو. ئیدی ئەکسینیا، خێرا خۆی گۆڕی، چووە بەر ئاوێنەکە، سووکە بزەیەك، کەوتە سەر لێوەکانی: جووتێ چاوی گەنجانەی گەشو پرشنگدار، شادو کونجکاو، تەمەشایان دەکرد. ئەکسینیا، بە وردی ڕوانیە سەرو سیمای خۆیو هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا، نە، جوانیەکەی هێشتا، هەر ماوە! هێشتا نەژاکا بوو! هەر قۆزاقێك بیبینێ، ناچارە بە چاوانی مەفتونەوە تەمەشای بکات!

لە کاتێکا تەنوورەکەی لە بەر ئاێنەکەدا ڕێکدەخست، بە دەنگی بەرز گوتی: "دەی، گریگۆری پانتلیوفیچ، خۆت بگرە!" کە هەستی کرد دەموچاوی سوور بووەوە، دەستی بە پێکەنینێکی ئارامو ژێراو ژێر کرد. بەڵام وێڕای ئەمەش چەند داوە موویەکی سپی بە لاجانگەکانیەوە بینیو خێرا، هەڵیکێشان. ئەکسینیا دەیویست، گریگۆری، هیچ نیشانەیەکی پیری بە سەرو سیمایەوە نەبینێ، دەیویست هەروەکو ژنە گەنجەکەی حەوت ساڵ لەمە پێش بنوێنێ.

ئەکسینیا، بە هەر شێوەیەك بوو، تاکاتی نیوەڕۆ خۆی لە ماڵەوە گرت. بەڵام دوای ئەوەی کاتی فراڤین تێپەڕی، ئیدی خۆی پێنەگیرا. هەنگێ شاڵێکی سپی مەرەزی دا بە شانیاو ڕۆیی بۆ ماڵی میلیخوف، دونیاشکا، بە تەنیا لە ماڵەوە بوو، ئەکسینیا، چاکو خۆشی دەگەڵ کردو پرسی:

– هێشتا، نانی نیوەڕۆتان نەخواردووە؟

– پێتوایە، بەم پیاوە بەرەڵلایانەوە، دەتوانین لە کاتو ساتی خۆیدا نان بخۆین؟ مێردەکەی من لە کۆمیتەو ئەنجوومەنەو گریشاش چووە بۆ شار. نانم بە منداڵەکان داوەو چاوەڕوانی گەورەکانم.

ئەکسینیا، بە ڕواڵەتێکی ئارامەوە، بێئەوەی ڕەفتارێك یا قسەیەك بکات، کە پەشۆکاویو نیگەرانیەکەی، بنوێنێ، گوتی:

– وامزانی هەمووتان لە ماڵەوەن. گریشا... گریگۆری پانتلیوفیچ کەی دەگەڕێتەوە؟ ئەمڕۆ؟.

دونیاشکا، نیگایەکی خێرای بە سەراپای دراوسێکەیاندا، کە وەکو ڕۆژانی یەك شەممە، خۆی ڕازاندبووەوە، گێڕاو بە ساردی گوتی:

– چووە خۆی تەسلیم بکاتەوە.

– نەیگوت کەی دەگەڕێتەوە؟

فرمێسك زابیە چاوانی دونیاشکا. بە زمانە لاڵکێوە، لە کاتێکا گلەیی بە دەنگیەوە دیار بوو، گوتی:

– تۆش وەختت نەدۆزییەوە، خۆت بڕازێنێتەوە، ئەمڕۆ نەبێ!.... نازانی لەوەیە نەگەڕێتەوە.
– مەبەستت چیە؟
– میخائیل، دەڵێت، لە ڤیشنسکایا، دەیگرن...
دونیاشکا، لە داخا کەوتە فرمێسك ڕشتن، لە کاتێکا، بە سەری قۆڵی فرمێسکەکانی دەسڕی، لەسەری ڕۆیی:
– خوا ئەم ژیانە ببڕێ! ئاخر کەی ئەم حاڵە تەواو دەبێ؟ لەوەتای گریسا رۆییوە، ئەم منداڵانە حەوانەوەیان لە بەر بڕاوە، دەڵێی شێت بوون، بەردەوام بە دەوری منەوەن: "باوکە، کێوە چوو، کەی دەگەڕێتەوە؟" ئاخر من چوزانم؟ ناردمنە ناو حەوشەکە، بەڵام بە خۆیشم زۆرم خەمە، خەریکە دڵم شەق دەبات... ئاخر ئەمە کەی ژیانە؟ هیچ ئاسوودەییەکی تیا نییە، ئینسان گریانی دێ!....
ئەکسینیا، زۆر ئاسایی، وەکو ئەوەی باسی شتێکی زۆر ئاسایی بکات و پێویست بەوە نەکات، ئینسان خەفەتی بۆ بخوات، گوتی:
– ئەگەر بۆ ئێوارە نەگەڕایەوە، من سبەینێ دەچم بۆ ڤیشنسکایا و سۆراخێکی دەکەم.
دونیاشکا، سەری لەم ئارامییەی ئەکسینیا سوڕما بوو، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:
– هیچ گەشبین نیم. گەڕایەوە بۆ ئێرە و خۆی تووشی بەدبەختی کرد.
– جارێ هیچ شتێك دیار نییە... مەگری. ئەگینا منداڵەکان هەست دەکەن.... جارێ خوا حافیز!
***
گریگۆری، شەو، درەنگانێ گەڕایەوە. ماوەیەکی کەم لە ماڵی خۆیان مایەوەو، پاشان چوو بۆ لای ئەکسینیا. ئەو نیگەرانیەی کە لە سەرانسەری ئەو ڕۆژەدا لە دڵ و دەروونی ئەکسینیا ئالا بوو. کەمێك لە شادی ئەم دیدارەیانی کەمکردەوە. ئەکسینیا، لای ئێوارە هێندە ماندوو بوو، وەکو ئەوەی بە درێژایی ڕۆژەکە، بێئەوەی پشت ڕاستبکاتەوە، کاری کردبێت. کاتێ کە بەدەم چاوەڕوانی و نیگەرانیەوە، شەکەت و ماندوو بوو بوو، لەسەر سیسەمەکە پاڵکەوتبوو و خەوی لێکەوتبوو. بەڵام کە لە پەنجەرەکەوە گوێی لە دەنگی پێیان بوو، وەکو کچە عازەب بەلەز ڕابوو، لە کاتێکا کە دەستی لە ملی گریگۆری کردو قۆپچەی پاڵتۆ ئەستوورەکەی بۆ دەکردەوە پرسی:
– بۆچی پێت نەگوتم کە بۆ ڤیشنسکایا دەڕۆیت؟
– فریا نەکەوتم. پەلەم بوو.
– من و دونیاشکا، چاومان هاتە گل ئەوەندە بگرین. دەترساین نەبا نەگەڕێیتەوە.
گریگۆری، بزەیەکی کاڵی کردو گوتی:
– نا، کارەکە نەگەییوەتە ئەو ڕادەیە.
هەڵوەستەیەکی کردو لە سەری ڕۆیی:
– ... بەلای کەمەوە تا ئێستا...
بەلەقەلەق خۆی گەیاندە مێزەکە، دانیشت. ناو ژووری میوان و سیسەمە دارینەکە (تەختەخەو)و سەندووقەکە بە پشتێنە مسینەکانیەوە، لە دەرگا کراوەکەوە، دیار بوو. هەموو شتەکان ڕێك

وەکو ئەو زەمانە بوو، کە لە غیابی ستیپاندا، بۆ ئێرە دەهات. تەقریبەن هیچ گۆڕانکارییەکی بە سەردا نە هاتبوو. لەوە دەچوو، زەمان بێرەدا تێپەڕی بێ، بەڵام بۆ ساتێکیش خۆی بە ژوورا نەکرد بێ. تەنانەت، هەمان بۆنی جارانیشی لێدەهات. بۆنی مەستی زای، گژنیژە کێویلەو ڕازیانەی تازە، بۆنی تەختەپۆشی تازە شۆراوی زەمینەی ژوورەکە، بۆنی خۆش و بە ئاستەمی زەعتەری چرمسی و سیسەوە بوو. هەموو شتەکان وا دەهاتنە بەرچاو، کە گریگۆری، دوێنێ بە جێی هێشتبوون. بەڵام لە ڕاستیا زۆر لە مێژ بوو، بۆ دواجار ئێرەی بەجێ هێشتبوو...

ئاهێکی خواردەوە، بە کاوە خۆ کەوتە پێچانەوەی سیغارێك. بەڵام خۆیشی نەیزانی بۆ، قامکەکانی کەوتنە لەرزین، تووتنەکە ڕژایە سەر ئەژنۆی.

ئەکسینیا، خەریك بوو، بە پەلە مێزەکەی دەڕازاندەوە. دەیویست ماکەرۆنیەکە گەرم بکات. بە هانکە هانك چوو بۆ عەمارەکە، باوەشێك چڵ و چێوی هێنا.، ئاگردانەکەی نێڵ دا. کەوتە فووکردن لە ئاگرەکە، کە لە بەرەوەو بەدەم فوو کردنەکەی ئەوەوە پریشکی دەدا. بە دەم فووکردنەوەو ژێراو ژێر سەیری گریگۆری دەکرد، کە بە پشتی چەماوەو بە بێدەنگی سیغاری دەکێشا.

– چیت کرد؟ ئیشەکانت جێبەجێ کرد؟

– ئا، جێبەجێ بوو.

– ئەدی دونیاشکا، بۆچی دەیگوت: زندانت دەکەن؟ خۆ ڕوحی بردم.

گریگۆری، چارەی گرژ کردو بە ڕقەوە سیغارەکەی فڕێ دا.

– میخائیل، ئەمەی بە گوێدا داوە. هەموو ئەم بەزمە لە ژێر سەری ئەودایە، دەیەوێ بەڵایەکم بە سەرا بێنێ.

ئەکسینیا، هاتە کەنار مێزەکە. گریگۆری دەستی گرت. چاوی هەڵبڕی و ڕوانیە دوڕ چاوانی و گوتی:

– دەزانی، کارەکانم زۆر کۆك نین. خۆشم، کاتێ کە بۆ دایرەی سیاسی دەچووم، دڵم دەترسا، لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئیدی لەوێ نایەمە دەرێ. نکۆڵی لەوە ناکرێ کە من لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا بە دەرەجەی ملازم، فەرماندەی فیرقەیەك بووم....... هەڵبەتە خەڵکانی وەکو من بێ سێ و دوو دەگرن.

– باشە، چییان پێگوتی؟

– ئەنکێتێکیان دامێ کە پڕی بکەمەوە. دەبوایە هەرچیەکم لە کاتی خزمەتەکەمدا کردبوو، تیا بنووسم. جا چونکە خوێنەواری و قەڵەمێکی وام نییە، دوو دانە سەعات دانیشتم و هەموو ڕابردووی خۆم بۆ گێڕانەوە. پاشان دوو نەفەری دی هاتنە ژوورەکەو ئیدی هەرچیەکیان بە خەیاڵا هات دەربارەی ڕاپەڕین، لێیان پرسیم. هەڵبەتە، خەڵکانێکی بە ئەدەب بوون. بە تەمەنەکەیان گوتی: "چای ناخۆیتەوە؟ هەڵبەتە بە نەباتەوە." لە دڵی خۆما گوتم: "چای چی؟ خوا دەکا بە سەلامەتی لە دەستتان دەباز دەبم!"

گریگۆری، کەمێك بێدەنگ بوو، ئەوسا بە پەستیەوە، وەکو ئەوەی باسی کەسێکی دیکە بکات، لە سەری ڕۆیی: " لە کاتی حیساب و کیتابدا ترسنۆك بووم، بە ڕاستی تاڕادەیەك ترسنۆك بووم."

گریگۆری، لە سەر ئەوەی کە لە ڤیشنسکایا ترسا بوو و غیرەتی ئەوەی نەبوو بوو بە سەر ترسەکەی خۆیدا زاڵ بێ، زۆر لە خۆی پەست بوو. کە بۆی دەرکەوتبوو، ترسەکەی بێبنج و بناوان بووە، هێندەی دی لە خۆی قەڵس بوو. سەرانسەری چیرۆك و حیکایەتەکەی ئەو ڕۆژەی، سەخیف و بێمانا دەهاتە بەرچاوی، مایەی شەرمەزاری بوو. بە درێژایی ڕێگا، لەو خەیاڵ و ئەندێشەیە دا بوو، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بوو بێ، کە ئێستا بەدەم گێڕانەوەی ئەو شتەوە کە بە سەری هاتبوو، گاڵتەی بە خۆی دەکردو بەجۆرە موبالەغەیەکی تەوسامێزەوە بۆ ئەکسینیای دەگێڕایەوە.

ئەکسینیا بەوردی گوێی لێگرت، پاشان بە نەرمی دەستی لە نێو دەستی دەرهێناو چوو بەلای ئاگرو دووەکەوە. بەدەم خۆشکردنی ئاگرەکەوە، پرسی:

– ئی، دوایی؟

– دەبێ، لە ماوەی هەفتەیەکی دیدا، دووبارە مراجەعەیان بکەمەوە.

– پێتوایە، لە ئەنجامدا بتگرن؟

– پێدەچێ. درەنگ یا زوو، هەر دەمگرن.

– ئەدی چی بکەین؟ چۆن بژین، گریشا؟

– نازانم، دوایی لەمبارەیەوە قسان دەکەین. ئاو هەیە دەست و چاوم بشۆم؟

کاتێ کە بۆ شێو خواردن لە دەوری مێزەکە دانیشتن، ئەکسینیا، هەمان خۆشی و شادییەکەی لای بەیانی، لە دڵ و دەرونا بوژایەوە. دڵ و دەروونی، بە شادی تەواو ئاوەدان بووەوە. گریگۆری لە لایەوە دانیشتبوو، دەیتوانی بە کامی دڵ، تێر تەمەشای بکات و هیچ خەمی ئەوەی نەبێ، بکەوێتە کەمینی نیگای خەڵکییەوە. دەیتوانی بێئەوەی شەرم بکات یا لە ڕوودامێنێ، هەرچیەکی بوێ، پێی بڵێت. خودایا، چەند غەریبی کردبوو. خودایا جەستەی چەند تامەزرۆی نەوازشی ئەو دەستە زەلام و زبرانەی بوو! ئەکسینیا، لە خۆشیا تەقریبەن هیچی نەخوارد، کەمێك بە پێشا دانەوی بووەوە، پڕ بە چاوەکانی، دەیڕوانییە گریگۆری کە بە تاسووقەوە نانەکەی دەخوارد، بە چاوە مەندو بە تەمەکانی، سیمای، گەردنە تاوەسووتەکەی، کە چوو بوو بە ناو یەخەی بەرزی قەمسەڵە عەسکەریەکەیا، شانە پانەکانی، دەست و پلە ئەستوورو قورسەکانی کە لە سەر مێزەکە درێژی کردبوون، نەوازش دەکرد... تامەزۆریانە بۆنی تیژی، ئارەقەی لەشی ئەوی کە ئاوێتەیەك بوو لە بۆنی پیاوو تووتن. بۆنێك بوو تایبەت بە گریگۆری و، ئەم لە هەموو بۆنێك باشتری دەناسی و بە قەد هەموو دنیا پێی خۆشبوو، تا قوڵایی ناخی هەڵیدەمژی. ئەکسینیا، ئەگەر چاویشیان بەستا بوایەوە، گریگۆری، لە ناو هەزار پیاودا، بە بۆنا دەناسییەوە... گۆناکانی سوور هەڵگەڕا بوون، دەمو لێوی پڕ بوون لە زەمزەمە. دڵی لە هەزار لێی دەدا. ئەو ئێوارەیە نەیتوانی خانەخوێیەکی باش بێ، چونکە جگە لە گریگۆری هیچی دیکەی

نەدەبینی. هەرچەندە گریگۆریش هیچ خزمەتێکی لەو نەدەویست: بە خۆی نانەکەی بڕیو چاوی بۆ خوێدانەکە گێڕاو، لە سەر موغەیریەکە دۆزییەوە و بۆ جاری دووەم، قاپەکەی پڕ کردەوە لە ماکەرۆنی. ئەوسا، بە دەم بزەیەکەوە، وەك ئەوەی تەوازی بۆ بێنێتەوە گوتی:

– چەند برسیمە. لە بەیانییەوە تائێستا هیچم نەخواردووە.

ئەکسینیا، یەکسەری ئەرکی میوانداری خۆی بیرکەوتەوە، بە هەشتاو هەستا.

– ئۆخ، ئەوە بیرم کێوە چوو بوو؟ خۆ خەریك بوو کولیچەو زولابیاکەم لە بیر بچێت. تۆ نانی خۆت بخۆ، گیانەکەمی، ئێستا هەموویت بۆ دێنمە سەر مێزەکە.

بەڵام گریگۆری، بە تامەزرۆییەکی ئەوتۆوە نانی دەخوارد، لە تۆ وایە هەفتەیەك بوو، هیچی نەخوارد بوو. پێویستیتی بەوەش نەبوو، کەس خوڵکی بکات. ئەکسینیا، بە ئارامی چاوەڕوانی دەکرد، ئەنجام خۆی پێنەگیرا، بە دەستی چەپ، سەری لە خۆی هێنایە پێشەوەو بە دەستی ڕاست، دەستەسڕێکی گوڵدۆزی خاوێنی هەڵگرت و دەم و لێوی چەوری دڵدارەکەی پێسڕی. ئەوجا چاوەکانی خۆی هێندە بە توندی نوقاندن، کە لە تاریکیەکەدا، وردە پڕیشکی نارنجیان لێ هەڵدەستاو، هەناسەی لە خۆی بڕی، لێوی بە لێویەوە نا، تا هێزی تیا بوو، مژی و مژی.

لە ڕاستیا، ئەگەر ئینسان بیەوێ، بە کەمترین شت ڕوحی خۆی شاد دەکات. ئەکسینیا، ئەو شەوە شادو خۆشحاڵ بوو.

((٩))

گریگۆری، حەزی لە چارەی کوشیڤۆی نەدەکرد. لە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی گریگۆرییەوە، ئیدی شێوەی پەیوەندی ئەوان قاڵبی خۆی وەرگرت. ئیدی هیچ شتێکیان نەبوو گفتوگۆی لە سەر بکەن، گفتوگۆش هیچ فایدەیەکی نەبوو! هەڵبەتە (کوشیڤۆی)ش چاوی بە دیتنی گریگۆری هەڵنەدەهات. وەکو دەڵێن دڵ ئاوێنەی دڵە. دوو دارتاشی هێناو خێرا خانووە چکۆلەکەیان بۆ نۆژەن کردەوە، کاریتە ڕزیوەکانی ژێر شێروانیەکەیان بۆ گۆڕی، ئەو دیوارەیان کە زگی دابوو، بۆ ڕوخاندو سەر لە نوێ دروستیان کردەوە، سەر دەری و ژێر دەرییەکان، چوار چێوەی پەنجەرەکان و،شیپانەی دەرگاکانیان بۆ تازە کردەوە.

گریگۆری، دوای ئەوەی لە ڤیشنسکایا گەڕایەوە، چوو بۆ کۆمیتەی شۆڕشی گوند، ئەو کاغەزو بەڵگەنامانەی، کە لە کۆمیتەی عەسکەری بۆیان مۆرو ئیمزا کردبوو، نیشانی کوشیڤۆی دان و، بەبێ خوا حافیزی، لە بارەگای کۆمیتە هاتە دەرەوە. هەندێ لە شتەکانی خۆی و هەردوو منداڵەکەی بردو گواستیەوە بۆ ماڵەکەی ئەکسینیا. کاتێ دونیاشکا بینی کە باردەکات و دەڕوات بۆ ماڵی تازە، دەستی بە گریان کرد، بە چاوانی پاڕانەوە ئامێزەوە تێیڕوانی و گوتی:

– برای ئازیزم، لێم زویر مەبە، من هیچ خەتایەکم بەرانبەر بە تۆ نەکردووە.

گریگۆری، کەوتە دڵدانەوەی و گوتی:

– ئەو قسەیە چیە دونیا، بۆچی لێت زویر دەبم؟ هەرگیز لێت زویر نیم! ... ناو بە ناو وەرە دیدەنیمان... من تاقە کەسی خانەوادەکەمانم کە بۆت ماومەتەوە، هەمیشە خۆشم ویستی و تا

ئێستاش هەر خۆشمدەوێی.... بەڵام مێردەکەت... ئەم شتێکی دیکەیە. من و تۆ هەر خوشك و براکەی جارانین.

– ئێمە، بەم زوانە لێرە باردەکەین. زویر مەبە.

گریگۆری، بە بێتاقەتی گوتی:

– نا، زویر نابم! دەتوانن، بەلای کەمەوە تا بە هار تیایا بن. ئێوە، ڕێتان لە من نەگرتووە. ماڵەکەی ئەکسینیا گەورەیە، جێی من و منداڵەکانی بە زیادەوە تیا دەبێتەوە.

– گریشا، زەماوەندی لە گەڵ دەکەیت؟

گریگۆری، بە شێوەیەکی گۆنگ وەڵامی دایەوە:

– جاریێ، با بزانین.

دونیاشکا، بە جدی گوتی:

– بیخوازە، براکەم. ژنێکی باشە. دایکی ڕەحمەتیمان، دەیگوت تاقە ئافرەتە کە بە کەڵکی تۆ بێت. لەو دواییانەدا، دایکم خۆشی دەویست، زۆر جار دەچووە دیدەنی.

گریگۆری بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– لەوە دەچێ، بتەوێ قەناعەتم پێبکەی! جگە لەو کێ بخوازم؟ قابیلە، داپیرە ئاندرونیخنا بخوازم!...

ئاندرونیخنا پیرترین ژنی تاتارسکی بوو. دەمێ بوو سەد ساڵی تێپەڕاند بوو. دونیاشکا، بیچم و هەیئەتی وردیلەی ئەوی کە دوولۆ کۆمابووەوە، هێنایە بەرچاوی خۆی و لە قاقای پێکەنینی دا:

– تۆش قسەی سەیر دەکەی برای ئازیزم! هەروا ویستم پرسیارێکت لێبکەم. تۆ هیچ باسی ناکەیت، بۆیە پرسیارم کرد....

– کەس بۆ زەماوەندەکەم دەعوەت نەکەم، تۆ هەر دەعوەت دەکەم!

گریگۆری، بە سوعبەتەوە دەستێکی بە پشتی خوشکەکەیدا داو بە دڵی ئاسوودەوە، ماڵەکەی بابی بەجێهێشت.

ئەوەی ڕاستی بێ، بەلایەوە گرینگ نەبوو لێرە بژی یا لەوێ، گرینگ ئەوە بوو، بەبێ سەریەشەو بە ئاسوودەیی بژی. بەڵام ئەو ئاسوودەییەی بەدەست نەهێنا... چەند ڕۆژێکی بە بێکاریەکی تاقەت پروکێن بە سەر برد، هەوڵیدا، خۆی لە موڵك و کێڵگەکەی ئەکسینیادا، بە هەندێ سووکە کارەوە، مژوول بکات. بەڵام دڵی بە هیچ کارێك نەدەکرایەوە. بێ بەرنامەییەکی دژوار، ئازاری دەداو نەیدەهێشت بژی، هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە کە هەرکاتێ بیگرن، دەیگرن و زۆر زۆر خاتری بگرن، دەزندانی داوێن، دەنا لەوەیە گوللە بارانی بکەن.

ئەکسینیا، هەندێجار، لە نیوەشەودا بێدار دەبووەوەو سەیری دەکرد گریگۆری نەخەوتووە، لە سەر گازی پشت ڕاکشاوە، هەردوو دەستی ناونەتە ژێر سەری و چاوە ساردو مۆنەکانی بڕیونەتە تاریکیەکە.

ئەکسینیا، دەیزانی کە بیر لە چی دەکاتەوە. بەڵام هیچی لە دەست نەدەهاتو بە هیچ جۆرێ نەیدەتوانی یارمەتی بدات. کە ئەوی بەو ئازارەوە دەبینی، ئەویش دڵی تەنگ دەبوو و هەستی دەکرد، ئاواتی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ئەودا، ڕۆژ بە ڕۆژ دووردەکەوێتەوە. ئەکسینیا هیچی لێنەدەپرسی. دەیویست، ئەو، بە خۆی بڕیاری خۆی بدات. بەڵام ئەنجام، شەوێك، کاتێ خەبەری بووەوەو تروسکەی ئەرخەوانی جگەرەیەکی لای خۆیەوە بینی گوتی:

– گریشا، دیسان نەخەوتووی... بۆچی ماوەیەك ناڕۆیتو لە گوندی دوور ناکەویتەوە؟ یا پێکەوە نەڕۆینو لە شوێنێکا، خۆمان پەنا بدەین؟

گریگۆری، بە سۆزەوە، لێفەکەی دا بە سەر لاقەکانی ئەکسینیادا و بە بێ مەیلییەوە گوتی:

– بیری لێدەکەمەوە. تۆ بخەوە، خەمت نەبێ.

– پاش ئەوەی بارودۆخی ئێرە ئارام بووەوە، دەتوانین بۆ ئێرە بگەڕێینەوە، تۆ چ دەڵێی؟

گریگۆری، دیسان وەڵامێکی گۆنگی دایەوە. لەوە نەدەچوو هیچ بڕیارێکی پێبدرێ:

– با بزانین چۆن دەبێ. بنوو، کسیوشا.

بەوپەڕی میهرەبانیو نەرمی، شانە ڕووتەکانی، کە دەتگوت ئاوریشمی ساردە، ماچ کرد.

بەڵام لە ڕاستیا، قەراری خۆی دابوو: جارێکی دی بۆ ڤیشنسکایا ناگەڕێتەوە. یارۆی دایەرەی سیاسی، کە چەلی(جار) پێشوو پرسو جۆی دەگەڵ کردبوو، ئیدی بێهودە چاوەڕوانی دەکات. کابرا پاڵتۆیەکی بە شانیا دابوو و لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو، کاتێ کە گریگۆری چیرۆکی ڕاپەڕینی بۆ دەگێڕایەوە، ئەو کێشمانی خۆی دەداو، قامکەکانی دەتەقاندنو وای دەنواند کە باوێشکی دێت... یارۆ جارێکی دی هیچی لێنەدەبیست، هەموو شتێکی گێڕا بووەوە.

لەو ڕۆژەدا کە قەرارە بۆ دایەرەی سیاسی بڕوات، گوند بە جێ دێڵێت. ئەگەر پێویست بکات بۆ ماوەیەکی زۆر بە جێی دێڵێت. بۆ کوێ دەڕوات؟ هێشتا خۆیشی نەیدەزانی. بەڵام بڕیاری جدی دابوو کە بڕوات. نە کەیفی لە مردن بوو نە لە زیندان . ئیدی ڕێگای خۆی هەڵبژارد بوو، بەڵام نەیدەویست پێشوەختە بە ئەکسینیای بڵێت. بۆچی ئەو چەند ڕۆژە کەمەی لێ تاڵبکات کە لە گەڵ ئەما، مابووی؟ هەرچەندە بەو حاڵەوە کە تیایا بوون، ژیانێکی ناخۆش بوو. گریگۆری لێبڕا بوو، لە دوایین ڕۆژا، ئەم مەسەلەیە بە ئەکسینیا بڵێت. بەڵام جارێ ،با جارێ سەر بخاتە ژێر باڵی ئەمو بە ئاسوودەیی بنووێت، کە لەو چەند شەوەدا زۆرجار گوتبووی: "حەزدەکەم لە ژێر باڵی تۆدا بنووم!" با بۆ خۆی بنووێت، داماوە ئیدی دەرفەتی ئەوەی نابێ خۆی بەوەوە بچەسپێنێ.

گریگۆری، بەیانیان، بە کاروباری منداڵەکانی خۆیدا، ڕادەگەیی. پاشان، بێهیچ ئامانجێك بە ناو گوند دەکەوت. کە دەچووە ناو خەڵکی، ورەی بەرزتر دەبوو.

ڕۆژێك پروخۆر، پێشنیازی کرد کە بۆ ماڵی نیکیتا ملنیکوف بڕۆنو لە گەڵ چەند قۆزاقێکی گەنج، لەوانەی کە لە عەسکەریدا پێکەوە بوون، مەی بخۆنەوە. گریگۆری یەکسەر پێشنیازەکەی ڕەفز کرد. چونکە بە قسەو باسی خەڵکی گوندا، بۆی دەرکەوتبوو، کە خەڵکی، لەبەر ئەوەی، حکومەت هەر ئازووقەیەکی زیادیان هەبوایە لێی دەسەندن، زۆر بێزارو بە گلەیی بوونو بێگومان لە کۆڕو مەجلیسی خواردنەوەدا، ئەم باسە دەهاتە ئاراوە، جا بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەر گومانو

بەدگومانی، خۆی لە هەر گفتوگۆیەکی سیاسی، تەنانەت لە گەڵ ئەوانەشدا کە زۆر باشی دەناسین، دوورە پەرێز دەگرت. تاقەتی لە سیاسەت چوو بوو، چونکە لە سۆنگەی سیاسەتەوە، سەریەشەیەکی زۆری تووش بوو بوو و زیاد لە پێویست باجی سیاسەتی دابوو.

بۆیە دوورە پەرێزی بۆ ئەو لەو ڕووەوە، کارێکی باش بوو، بە تایبەتی چونکە کۆکردنەوەی ئازووقەی زیادە، بە باشی بەڕێوە نەدەچوو، سێ کەسیان لە پیرانی گوند، بە بارمتە دەستگیر کردبوو و بە دوو حەرەسدا بۆ ڤیشنسکایان ڕێ کردبوون.

ڕۆژی دوایی، گریگۆری لە نزیکی حانووتە هەرەوەزییەکەی گوندا، تووشی زاخارکرامسکوف کۆنە تۆپچی بوو کە تازە لە سوپای سوور مەرەخەس بوو بوو. یەجگار مەست بوو، کە ڕێی دەکرد، بەلادا دەهات. بەڵام هەرکە گەییە ئاستی گریگۆری، هەموو دەگمەکانی پاڵتۆ پیسەکەی داخستو بە دەنگێکی گڕ گوتی:

– هیوادارم، هەر ساغو سەلامەت بی، گریگۆری پانتلیوفیچ!

گریگۆری گوتی:

– ئەجمەعین

ئەوسا، دەستە زەلامو بتەوەکانی، یارۆی تۆپچی، کە قەد وبالای بەرزو بتەوی دەتگوت دار نارەوەنە، توند گوشی.

– دەم ناسیتەوە؟

– ئەی مەعنای چی؟

– یادتە، پار، لە بوکوفسکایا، تۆپخانەکەی ئێمە فریات کەوتو ڕزگاری کردیت؟ ئەگەر ئێمە نەباین، سوارەکانتان خراپ گیرۆدە دەبوون. ئەو ڕۆژە، چاك سوورەکانمان ڕامالی. هەوەڵجار بە خومپارە. ئەوسا من تۆپچی یەکەم بووم!

زاخار، بە دەم ئەو قسانەوە، دەستی بە سینگی خۆیدا کێشا.

گریگۆری، تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد: چەند قۆزاقێك لە نزیکیانەوە وەستا بوون، تەمەشایان دەکردو گوێیان لە گفتوگۆیەکەیان دەگرت. گریگۆری، لێوی کەوتنە لەرزین، بە دەم نەرمە پێکەنینێکەوە ددانە سپییەکانی کەوتنە دەر. لە بن لێوانەوە گوتی:

– تۆ مەستی! بڕۆ بخەوە. قسەی هەلەقو مەلەق مەکە.

یارۆی تۆپچی، مەست، بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

– نا، مەست نیم! ئەگەر مەستیش بم، لە داخا مەستم! گەڕاومەتەوە سەر ماڵو حاڵی خۆم، بەڵام ئەمەی لێرە هەیە، ژیان نیە. دۆزەخێکی خوێناوی ڕووتە. هیچ ژیانێك بۆ قۆزاقان نە هێڵراوەتەوە، قۆزاق هەر نەماوە! چل پود گەنمو دانەوێڵەیان لە من سەندووە، ئاخر بەمە دەڵێن چی؟ چما ئەوان دایان چاندووە تا لێمانی بسەنن!؟ ئەسڵەن دەزانن گەنم لە کویێو چۆن دادەچێنرێ؟

بە چاوانی سوورو گەوجانەوە دەیڕوانیە گریگۆری، لە پڕ بەلارە لار، چنگی ورچ ئاسای خۆی لە بەرۆکی گریگۆری گیر کرد، هەناسەی، کە یەکپارچە بۆنی ڤۆدگا بوو، کرد بە سەرو چاویا.

– بۆچی پانتۆڵی بیٚ نەوارو قەیتانت لە بەر کردووە؟چما بووی بە ڕەعیەت؟ بەڵام ئەمە قەبووڵ ناکەین! ئاخ، کاکە گریگۆری پانتلیوفیچ. پێویستە بە شەڕ بەرگری لە خۆمان بکەین! وەکو پار هاوار دەکەین: بروخیٚ کۆمۆنیزم، بەڵام بژی حکومەتی سۆڤیاتی!

گریگۆری، بە توندی لە بە رۆکی خۆی کردەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:

– بڕۆ بۆ ماڵەوە، هەی بەرازی مەست! ئاگات لە خۆتە چی دەڵێی؟

کرامسکوف، دەستێکی خۆی لە یەخەی کردەوە، قامکەکانی لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد هەڵگەڕا بوو، کەوتە زمانەلاڵکیٚ:

– ببورە، ئەگەر شتێکی خراپم گوتبیٚ، داوای بوردن دەکەم، بەڵام من ڕاستیت پێدەڵێم، ئێستاش بە فەرماندەکەی جارانی خۆمت دەزانم... من بە فەرماندەو باوکی کەتیبەکەی خۆم دەڵێم: دەبیٚ سەر لە نویٚ دەست بدەینە شەڕ؟

گریگۆری، ڕووی وەرگێڕا، بە مەیدانەکەدا تێپەڕیو بەرەو ماڵ گەڕایەوە، تا شەویٚ بەم بەرخوردە گەوجانەیەوە تلایەوە. هاواری مەستانەی کرامسکوف و پشتیوانی کپ و خامۆش و بزەی قۆزاقەکانی وەبیر دێنایەوەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "نا، پێویستە تا زووە لێرە بڕۆم! ئەم بارودۆخە ، چاوەڕوانی خۆشیی لێناکریٚ..."

قەرار وابوو ڕۆژی شەممە بڕوات بۆ ڤیشنسکایا. مانای وابوو دەبوایە لە زەرفی سیٚ ڕۆژدا، زێدو زاگەی خۆی بە جێبێڵیٚ،... بەڵام چارەنووس وای نەهانی: شەوی پێنج شەممە، کاتیٚ گریگۆری خەریك بوو، دەچووە ناو جێگا تا بخەویٚ، لە ناکاوا بە توندی لە دەرگا درا. ئەکسینیا چووە بەر هەیوانەکە. گریگۆری گوێی لە ئەکسینیا بوو کە گوتی: "کێیە؟" بەڵام گوێی لە وەڵام نەبوو. بە هەستێکی پڕ نیگەرانییەوە، لە جێگا هاتە دەریٚو چووە بەر پەنجەرەکە. دەنگی کێلۆنی دەرگاکە لە هەیوانەکەوە هات. دونیاشکا، وەژوورکەوت. گریگۆری ڕوخساری هەڵبزڕکاوی ئەوی بینی، پێش ئەوەی هیچ شتێکی لێبپرسێت، کڵاوە فەرو و پاڵتۆ ئەستوورەکەی لە سەر تەختەکە هەڵگرت.

– برا ئازیزەکەم...

گریگۆری، لە کاتێکا کە دەستی لە قۆڵی پاڵتۆکەی هەڵدەکێشا بە ئەسپایی پرسی:

– چیە؟

دونیاشکا، بە هانکە هانك، گوتی:

– کاکە، فریاکەوە، هەر ئێستا بڕۆ! چوار کەسی سوارە لە ڤیشنسکایاوە هاتوون. لە ماڵی ئێمەن، لە ژووری میوان دانیشتوون... خەریکی فسکە فسکن. بەڵام من گوێم لە قسەکانیان بوو... لە پشت دەرگاکەوە گوێم لە هەموو قسەکانیان بوو... گوێم لێبوو میخائیل دەیگوت دەبیٚ تۆ بیگیرێیت... باسی تۆی بۆیان دەکرد.... بڕ!

گریگۆری بەلەز خۆی گەیاندیٚ، باوەشی پێدا کردو بە دڵ ماچێکی سەر گۆنای کرد:

– مەمنوونم خوشکیٚ، تۆ بڕۆ، دەنا هەست دەکەن کە هاتوویتە دەریٚ. خوا حافیز!

ئەوسا ڕوویکردە ئەکسینیا:

– کوا نان، بەپەلە! نانێکی تەواو نا، لە تێك بەسە.

بەڵێ، ئەم چەند ڕۆژە کورت و ئارامەی، کۆتایی هات بوو... گریگۆری گورج و چالاك وەکو ئەوەی لە شەڕا بێ، بەڵام دڵنیاو متمانە بە خۆ، چوو بۆ ژووری میوان، منداڵەکانی کە لە غوڕابی خەوا بوون، بە پارێزەوە، ماچ کرد. ئەوسا ئەکسینیای لە باوەش گرت:

– خوا حافیز! بە زووترین کات خەبەرت بۆ دەنێرم. پروخۆر خەبەرت بۆ دێنێ. ئاگات لە منداڵەکان بێ. دەرگا داخە. ئەگەر لە دەرگایان داو پرسیاری منیان کرد، بڵێ چووم بۆ ڤیشنسکایا، دەی خوا حافیز، خەم مەخۆ کسیوشا!

کاتێ کە ئەکسینیای ڕاموسی، هەستی بە فرمێسکە گەرمو سوێرەکانی، لە سەر لێوی خۆی کرد. ئیدی دەرفەتی ئەوەی نەبوو کە گوێ لە قسە گۆنگ و پچڕ پچڕەکانی ئەکسینیا بگرێت و دڵنەوایی بکات. بە نەرمی باسکەکانی ئەکسینیای، کە لە ملی وەرێنا بوو، لە گەردنی خۆی کردەوە، چووە بەرهەیوانەکە، بۆ ساتێك گوێی هەڵخست و لە ناکاوا دەرگای دەرەوەی کردەوە، بایەکی سارد کە لە دۆنەوە دەهات، چزا بە دەموچاویا، بۆ یەك چرکە چاوانی نوقاند، تا دەگەڵ تاریکییەکەدا ڕابێت.

ئەکسینیا، هەوەڵجار، گوێی لە قرچە قرچی بە فرەکەی ژێر پێی بوو، هەر هەنگاوێکی ئەو، بە ئازارێکی زۆرەوە، لە دڵیا دەنگی دەدایەوە. دوای ئەوە دەنگی هەنگاوەکانی نەما، دنیا کپ و خامۆش بوو، تەنیا دەنگی لوورەی با دەهات کە لە جەنگەڵ و بێشەکانی ئەوبەری دۆنەوە دەهات. ئەکسینیا هەوڵیدەدا، لە نێوان لوورەی بایەکەوە گوێی لە دەنگێك بێ. بەڵام هیچ دەنگێك نەبوو. هەستی بە سەرما کرد. چوو بۆ مووبەقەکەو چراکەی کوژاندەوە.

((١٠))

لە ئاخرو ئۆخری پایزی ساڵی ١٩٢٠دا، کاتێ کە مەفرەزەی تایبەتی، پێکهێنرا، تائازووقەو دانەوێڵەی زیادە، لە خەڵکی کۆبکەنەوەو کەمو کوڕیو نوقسانی ئازووقەی وڵاتی پێ پڕ بکەنەوە، ناڕەزاییەکی نهێنی و ژێراو ژێر لە نێو خەڵکی قۆزاقی دۆندا، بڵاو بووەوە. لە ئاوایی و شاروچکەو دیارو دەڤەرەکانی دۆنی باڵادا، وەکو شومیلینسکایا، کازانسکایا، میگولینسکایا، مسکوفسکایا، ڤیشنسکایا، ئیلانسکایا، سلاشچوفسکایاو چەند ناوچەیەکی دیکەدا، دارو دەستەی بچووکی چەکدار پەیدا بوون. ئەمە کاردانەوەیەك بوو کە هەندێ خەڵکی دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانی قۆزاق، دژی مەفرەزەکانی کۆکردنەوەی ئازووقەو ئەو نەخشانەی کە حکومەتی سۆڤیاتی بۆ دەست بە سەرا گرتنی ئازووقەی زیادە، گرتبوویە بەر.

ئەم دەستە چەکدارانە، کە ژمارەی ئەندامانی هەر دەستەیەك لە پێنج کەسەوە تا بیست کەس بوو، زیاتر لەو قۆزاقانە پێکهاتبوو کە کاتی خۆی لە ڕیزی چالاکوانانی سوپای سپیدا بوون. ئیدی کۆنە عەریف و نایب زابت و مولازمی سوپای دۆنی جارانیشیان تیا بەدی دەکرا. ئەوانەی کە لە ساڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩دا لە مەفرەزەێن ئینزیباتدا بەشداریان کردبوو و لە پرۆسەی سەربازگیری، مانگی ئەیلولی، حکومەتی سوڤیاتی هەڵاتبوون. هەروەها لەو یاخیانەی، کە لە

ڕاپەڕینەکەی پاردا، لە ناوچەی دۆنی بالادا، بێڕەحمانە دیلە سوورەکانیان کوشتبوو... بە کورتیەکەی لەو خەڵکانە پێکهاتبوون، کە بە هیچ جۆرێ لە گەڵ حکومەتی سوڤیاتیا نەیان دەکێلا.

ئەوانە، پەلاماری مەفرەزەکانی کۆکردنەوەی ئازووقەیان دەدا، کاروانی ئەو عەرەبانانەیان، کە گەنمو دانەوێڵەیان بۆ مەڵبەندی کۆکردنەوەو عەمارکردنی دانەوێڵە دەبرد، دەگێڕایەوە. کۆمۆنیستان و قۆزاقانی غەیرە حیزبی، هەواداری حکومەتی سۆڤیاتیان دەکوشت.

کارو ئەرکی، لە نێو بردنی، ئەم دەستە یاخیانە، بە فەوجی پاسەوانی هەرێمی دۆنی بالا سپێردرا بوو، کە بارەگایان لە ڤیشنسکایاو گوندی بازکی دانا بوو. بەلام هەر هەموو ئەو هەولانەی بۆ لە ناو بردن و ڕیشەکێش کردنی ئەم دارو دەستانە، دران، کە لە ناوچەیەکی بەربلاوی دەڤەرەکەدا بلاوبوو بوونەوە، بێئاکام بوو: یەکەم لەبەر ئەوەی خەڵکی ناوچەکە دەگەڵ چەتەو ڕێگرەکاندا، هاودەست و هاوسۆز بوون، خواردنیان دەدانێ، زانیاریان دەربارەی جم و جۆڵی هێزەکانی سوپای سوور دەدانێ. دەیانحەواندنەوە و لە کاتی تەنگانەدا پەنایان دەدان. دووەم فەرماندەی فەوجەکە، کابرایەك بوو بە ناوی کاپارین، جاران ئەندامی حیزبی سوسیال-شۆڕشگێڕو نەقیبی گاردی تزاری بوو، حەزی نەدەکرد، ئەم چەتەو ڕێگرانەی کە لە دەڤەری دۆنی بالا سەریان هەڵدا بوو، لە ناو بچن. بە گوێرەی توانا، کۆسپی دەخستە ڕێگای هەر هەموو ئەو ئۆپەراسیۆنانەی دژی ئەوان دەکرا، تەنیا، جار جارێك، ئەویش لە ژێر گوشاری سەرۆکی کۆمیتەی ناوچەی حیزب، لە شکرکێشییەکی کورت خایەنی بۆ سەر دەکردن و پاشان بەپەلە، بە بیانووی ئەوەی ناتوانێ هێزەکانی خۆی پەراگەندە بکات و ڤیشنسکایا و دام و دەزگاو عەمارەکانی ئەوێ، بە بێ گاردو حیمایە بەجێ بێڵێ، دەگەڕایەوە. فەوجەکەی ئەو کە نزیکەی چوار سەد سەربازو چواردە ڕەشاشی لە مەعیەتدا هەبوو، ئەو ئەرکانەی ئەنجام دەدا کە هەر حامیەیەك ئەنجامی دەدات. سەربازانی سوور، ئێشکی زندانیانیان دەگرت، ئاویان دێنا، لە بێشەکاندا داریان دەبرییەوە. هەروەها وەکو بێگار، مازوو و گەلای دار بە ڕوویان بۆ مەرەکەبسازی کۆ دەکردەوە. بەمجۆرە، فەوجی ناوبراو، توانی دارو مەرەکەب بۆ هەموو دام و دەزگاو فەرمانگە جۆراو جۆرەکانی ناوچەکە دابینبکات. بەلام لەو سەروبەندەدا، ژمارەی مەفرەزەو دارو دەستەی شەقاوە و یاخیەکان، بە ئاشکرا ڕوو لە زیادی بوو. ئیدی داربڕین و مازوو چنینەوە، تا مانگی کانوونی یەکەم بەردەوام بوو، لەو مانگە بەدواوە، کە ڕاپەڕینێکی گەورە لە ستانی فورونیچ، لە قەڵەمڕەوی ناوچەی بۆگوجاری نزیکی دۆنی بالا بەرپا بوو، هەنگێ بە ناچاری، چاو پۆشی لە داربڕین و مازوو چنینەوە کرا. فەوجەکە، کە بریتی بوو لە سێ سریەو فەسیلێکی ڕەشاش، بە دەستووری فەرماندەی گشتی سوپای هەرێمی دۆن، لە گەڵ سریەیەکی سوارەی گارداو فەوجی یەکەمی کەتیبەی دوازدەی کۆکردنەوەی ئازووقەو دوو مەفرەزەی بچووکی دیکەدا، بۆ سەرکوتکردنی ئەم ڕاپەڕینە ڤرێکرا.

لە شەڕێکا، لە نزیکی گوندی سوخوی دونتسدا، سریەی ڤیشنسکایا بە فەرماندەیی یاکوف فومین، لە تەنیشتەوە هێرشێکی کردە سەر یاخییەکان و بە جۆرێ ڕایماڵین، کوڕ ئەو کوڕە بوو،

هەڵیێو خۆی دەربازبکات، نزیکەی سەدو هەفتا کەسی لێکوشتن‌و زیانی گیانی سریەکەی خۆی تەنیا سێ کوژراو بوو. زۆربەی هەرە زۆری سەربازانی سریەکە، جگە لە چەند کەسێکی کەمیان، لە قۆزاقانی ستانی دۆنی بالآبوون، لەم شەڕەدا، بایان دایەوە سەر داب‌و نەریتی کۆنی قۆزاقیانەی خۆیان، وێڕای ناڕەزایی ئەو چەند کۆمۆنیستەی کە لە سریەکەدا بوون، نیوەی قۆزاقەکان، پالتۆو کوڵەباڵە لبادە کۆنەکانی خۆیان فڕێداو، ئەو پۆستین‌و پەستەکە فەروە نایابانەیان لەبەر کرد کە لە بەر کوژراوانی یاخییەکانیان داکەند بوو.

چەند ڕۆژێك دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، سریەکە بۆ کازنسکایا نێردرایەوە. فومین، لەوێ، بۆ ئەوەی ماندوویەتی ڕۆژانی جەنگ لە خۆی دەربکات، تاتوانی کەوتە عەیش‌و نۆش‌و ڕابواردن. فومین کە ژنبازێکی بێهاوتاو پیاوێکی ڕووخۆش‌و خۆش بەرخورد بوو، هەرکە ئێوارەی لێدادەهات، دیار نەدەماو کەمێك بەر لە سپێدە بۆ بارەگای خۆی دەگەڕایەوە. سەربازەکانی، کە پەیوەندیان لە گەڵیا زۆر خۆمانی‌و دوور لە هەر ڕەسمیاتێك بوو، ئەگەر دەمەو ئێوارە، فەرماندەکەی خۆیان، بە چەکمەی بۆیاخ کراوو بریقەدارەوە، لە جادەوباندا دیتبا، چاوێکیان لێکدی دادەگرت‌و دەیانگوت:

– فەحلەکەمان، دەچێتە سۆراخی مایناں، ئیدی کەس تاکو بەرەبەیان نای بینێتەوە!

هەرکاتێ، قۆزاقانی سریەکە، ئەوانەی کە ئاشنایەتی زیاتریان دەگەڵ فومیندا، هەبوو، خەبەریان بدایە پێی کە دانیشتنی ڤۆدکا خواردنەوەیان هەیە، فومین بەدزی کۆمیسەری سریەکەو ڕابەری سیاسی سریەکەوە، دەچوو بۆ لایان. زۆر جار ئەم جۆرە دانیشتنانە دووبارە دەبووەوە. بەڵام زۆری پێنەچوو، خەم‌و پەژارە، ئەم فەرماندە ڕەندو بێباکەی داگرت، چارەی گرژ بوو، هەموو خۆشی‌و خۆشگوزەرانیەکانی ئەم چەند ڕۆژەی پێشووی لە بیر چووەوە. ئێواران، بە هەمان جدیەتی جاران، چەکمەکانی خۆی بۆیاخ نەدەکرد، هەموو ڕۆژێك تەراشی نەدەکرد. بەڵام وێڕای ئەوەش، جارجار سەری بارەگای قۆزاقە هاوگوندیەکانی خۆی، کە لە هەمان سریەدا خزمەتیان دەکرد، دەدا. تاوێکی بە مەی خواردنەوەوە دەگەڵ بەسەر دەبردن، بەڵام زۆر کەم قسەی دەکرد.

ئەم گۆڕانەی ڕەفتاری فومین، هاوکات بوو دەگەڵ ئەو هەواڵەدا کە لە ڤیشنسکایاوە هاتبوو و فەرماندەی فەسیڵەکە وەری گرتبوو: نووسینگەی سیاسی چکای دۆن بە کورتی ڕایگەیاند بوو، کە فەوجی گاردی میخائیلوفکای نزیکی ئوست – میدڤیدیتسکایا، بە ڕێبەری ڤاکولینی فەرماندەی فەوجەکە، یاخیبوونی خۆی ڕاگەیاندووە.

ڤاکولین، یەکێك بوو لە هاوقەتارانی فۆمین‌و دۆستی ئەو بوو. ئەم دووە، پێکەوە لە سوپای میرونوڤ بوون، پێکەوە لە سارانسکەوە تا دۆن پێشڕەوییان کردبوو، کاتێ کە هێزی سوارەی بودیونی، فەیلەقی یاخی میرونوڤی گەمارۆ دابوو، هەردووکیان پێکەوە چەکیان داناببوو. پەیوەندی دۆستانەی فومین‌و ڤاکولین تا ئەم دواییانەش بەر قەرار بوو. ماوەیەك لەمە پێش، لە سەرەتای مانگی ئەیلولدا، ڤاکولین چوو بوو بۆ ڤیشنسکایاو لەلای دۆستە دێرینەکەی خۆی گلەیی ئەوەی کردبوو کە "کومیسەرەکان، لە تامیان دەرکردووەو، بە کۆکردنەوەی ئازووقەی

زیادە، جووتیارەکانیان لە زەواق ناوەو دەبنە مایەی ویرانی ولات." فومین، لە دڵی خۆیدا هاوڕەئی ڤاکولین بوو، بەلام، ڕێوی ئاسا خۆی لە گێلی دابوو، هیچی نەگوتبوو. چونکە فومین، بە تەبیعەت پیاوێکی سلۆك و بە پارێز بوو، لە هیچ شتێکدا پەلەی نەدەکرد، بیٚ بیرکردنەوەو ڕامان بڕیاری نەدەداو نە دەچووە ژێر باری هیچ شتێك. بەلام بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی بە یاخیبوونی فەوجەکەی ڤاکولینی زانی، دەستبەرداری پارێزکاریە ئاساییەکەی خۆی بوو. ئێوارەیەك پێش ڕۆییشتنی سریەکە بۆ ڤیشنسکایا، هەموو لە بارەگای ئالفیرۆڤ فەرماندەی ڕەعیل کۆببوونەوە. یەك سەتڵی گەورەی پڕ لە ڤۆدگایان دانا بوو. ئیدی کۆڕی قسەو باسان گەرم بوو، هەریەکەو لە ئاشێکی دەکرد. فومین، کە لەو کۆڕی مەیخواریەدا ئامادە بوو، بە بێدەنگی گوێی دەگرت و وردە وردە، پێکەکەی لە سەتڵە ڤۆدگاکە پڕ دەکرد. کاتێك یەکێك لە قۆزاقەکان کەوتە گێڕانەوەی ئەو هێرشەی کە کاتی خۆی لە دەوروبەری سوخوی دۆنتس کردبوویان، فومین، کە بەدەم بیرکردنەوەوە، سمێڵی خۆی بادەدا، قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– کوڕینە ئێمە، زۆرمان لە ئۆکرانیەکان کوشت، بەلام دەبیٚ دوعا بکەین، کە خویشمان، بەم زوانە هەمان شتمان بە سەر نەیەت... وای دابنەن کاتیٚ کە بۆ ڤیشنسکایا دەگەڕێینەوە، ببینین مەفرەزەکانی کۆکردنەوەی دانەوێڵە، گسکیان لە ماڵەکانمان دابیٚ و هەرچی دانەوێڵەمان هەیە تالانیان کردبیٚ، هەنگیٚ چ دەڵێین؟ لە کازانسکایادا خەڵکی لەم مەفرەزانەی کۆکردنەوەی دانەوێڵەو ئازووقانە، زۆر بێزارن، چونکە کەندووی گەنمەکانیان بە گسك، گسك دەدەن....

بێدەنگی باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا، فومین، تەمەشایەکی هاوقەتارەکانی خۆکردو بەدەم بزەیەکی دەستکردەوە گوتی:

– من ئەم قسانەم بە گاڵتە بوو ها... ئاگادار بن، زمانی خۆتان بگرن، دەمتان بدورن، چونکە ئەم سوعبەتانە، مەگەر خوا بزانیٚ چۆنی و بە چ بارێکا لێکدەدرێنەوە.

فومین، دوای ئەوەی سریەکە بەرەو ڤیشنسکایا کەوتە ڕیٚ، لە ڕێوە، دەگەڵ نیو فەسیلیٚ سەربازی سووردا، بەرەو گوندەکەی خۆیان، روبزنی، لایدا، نەیویست بە ئەسپەکەوە خۆی بە حەوشەی خۆیاندا بکات، لەبەر دەرگاکە دابەزی و هەوسارەکەی دایە دەست یەکێك لە سەربازەکان و بە پیادە چووە ژوورەوە. بە ساردیەکەوە سەرێکی بۆ ژنەکەی دانەواند، کڕنوشێکی دوورو درێژی بۆ دایکە پیرەکەی بردو بە ڕێزەوە تەوقەی لەگەڵدا کرد. ئەوسا منداڵەکانی ڕاموسین. لە سەر چوارپایەیەك دانیشت، شمشێرەکەی لە نێوان هەردوولاقیا داناو پرسی:

– باوکم لە کوێیە؟

دایکی وەلامی دایەوە:

– چووە بۆ ئاش...

ئەوسا بە دەم تەمەشا کردنی کوڕەکەیەوە، بە توندی گوتی:

– کلاوەکەت داکەنە، کافر! ئاخر کەست دیوە بە کلاوەوە، لە ژێر ئیکونەدا دابنیشێت؟ ئاخ، یاکوف، ئاخری سەری خۆت بە فەتارەتا دەدەی....

فومین، بزەیەکی کاڵی بۆ کردو کڵاوە چەرمە کوبانییەکەی لە سەری داکەند، بەڵام پاڵتۆکەی دانەکەند.

دایکی گوتی:

– ئەدی بۆ پاڵتۆیەکەت داناکەنی؟

– هاتووم، بۆ دەقیقەیەك دوان سەرێکتان بدەمو بڕۆم، عەسکەری دەرفەت نادات، نامپەرژێ سەری خۆم بخورێنم.

پیرەژن، بە پەستی گوتی:

– ئاگامان، لە خزمەتو عەسکەرییەکەت هەیە!

مەبەستی لە ژیانی هەرزانەی کوڕەکەی و کوڕی عەیشو نۆشو مێبازی ئەو بوو لە ڤیشنسکایا. لە مێژ بوو، دەنگو باسی ڕەفتاری هەرزانەی ئەو گەیی بووەوە گوندی روبزنی.

هاوسەرەکەی فومین، تەمەشایەکی ترسامێزی خەسووی کردو بۆلای سۆپاکە وەرگەڕا. ژنێکی رەنگ زەردی، بە ڕواڵەت ڕەنجدیدەو گەورەتر لە تەمەنی خۆی دیار بوو. بۆ ئەوەی دڵی مێردەکەی خۆشبکاتو سۆزی بەلای خۆیدا بجوڵێنێ‌و بەلای کەمەوە نیگایەکی پڕ نەوازشی بکات، پارچە پەڕۆیەکی، لەپشت موغەیریەکەوە هەڵگرتو لەبەردەم فومیندا چۆکی داداو کەوتە سڕینو پاککردنەوەی ئەو گڵ و قوڕانەی کە بە چەکمەکانیەوە وشك بوو بوونەوە. بەدەم پاککردنەوەی چەکمەکانی مێردەکەیەوە، بێئەوەی سەر بەرز بکاتەوە، بە دەنگێك کە بە ئاستەم دەبیسترا، گوتی:

– کە چەکمەکانت جوانن، یاشا... بەڵام زۆر قوڕاویت کردوون....پەلە مەکە ئێستا بۆتی خاوێن دەکەمەوە... وای پاك دەکەمەوە کە بریقە بداتەوە!....

زۆر لە مێژ بوو فومین لە گەڵ ئەودا نەدەژیا، ئێستا دەرهەق بەم ژنە، کە بە گەنجی خۆشیویستبوو و حەزی لێکرد بوو، جگە لە بەزەییەکی تەوهین ئامێز، هەستی بە هیچی دی نەدەکرد. بەڵام ژنەی تاین، لە دڵی خۆیدا هەر خۆشی دەویست و ژێراو ژێر بە ئومێدی ئەوە بوو ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەڕێتەوە بۆ لای و لە سەری ببانێتەوە. بۆیە چاوپۆشی لە هەموو شتێکی دەکرد. ساڵانێکی زۆر بوو هەموو کارێکی کێڵگەو مەزرای ئەنجام دەدا، منداڵی بەخێو دەکرد، تا بۆی دەکرا، دڵی خەسووی ڕادەگرت. کاری سەختی جووتیاری و فەلاحەتی هەمووی لە سەر شانی ئەو بوو، کاری لە تاقەت بەدەرو نەخۆشی کە لە دووەمین منداڵەوە تووشی بوو بوو، ساڵ بە ساڵ کەسیرەی کردبوو. زۆر لاواز بوو بوو. ڕوخساری ژاکا بوو. گاسنی ڕۆژگار، زۆر زوو، دەموچاوو گۆناکانی کێڵا بوو، هەمان کەساسی و داماوی ترسامێزی ئەو ئاژەڵە بە هۆشانەی کە دووچاری نەخۆشی بوون، لە چاوانیا بەدی دەکرا. ئەو بە خۆی هەستی نەدەکرد چەند خێرا پیر دەبێ، نەیدەبینی چۆن ڕۆژ بە ڕۆژ تەندروستی خراپ دەبێ: بەڵام ئەو هەمیشە بە ئومێدی شتێکەوە دەژیا،کە ناو بە ناو مێردە قۆزاقەکەی دەبینی، بە خۆشەویستی و ئەشقێکی شەرمنانەوە، تەماشای دەکرد...

فومین، لە سەرەوە دەیڕوانیە پشتی ژنەکەی کە تەواو کوور بوو بووەوە، ئێسکەکانی شانی ڕەق و تەق لە ژێر کراسەکەیەوە بەرز بوو بوونەوە، تەمەشای دەستە گەورەو لەرزۆکەکانی کرد کە بەوپەڕی جدی سەرگەرمی خاوێنکردنەوەی گڵو قوڕی قەد چەکمەکانی بوون، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەگەر بڵێی جوانیشە، نکۆڵی لێناکرێت!... من ڕۆژێ لە ڕۆژان لە گەڵ ئەمەدا دەخەوتم!، بەڵام چەند زوو پیر بوو، زۆر پیر دیارە!"

ئەوسا، لاقی لە دەستی ژنەکەی دەرهێناو، بە گرژو پەستیەوە گوتی:

– بەسە! خۆ هەر پیس دەبنەوە.

ژنەی تاین، بە زەحمەت پشتی ڕاستکردەوەو هەستا. گۆنا زەردەکانی بە ئاستەم سوور هەڵگەڕان. لە چاوە نمسارەکانیا، کە بڕی بوونیە مێردەکەی، خۆشەویستی و وەفاداریەکی وەکو وەفاداری سەگ بەدی دەکرا، فومین لە ئیحراجیدا، ڕووی وەرگێڕاو لە دایکی خۆی پرسی:

– ئێ، حاڵو گوزەرانتان لێرە چۆنە؟

پیرەژن، بە ڕوو گرژی بەرسڤی دایەوە:

– خراپ نییە، ئاساییە.

– مەفرەزەی کۆکردنەوەی ئازووقەو دانەوێڵە بۆ گوند هات؟

– دوێنێ لێرەوە چوون بۆ نیژنی کریفسکایا.

– گەنمیان لە ئێمە سەند؟

– بەڵێ، ئەرێ داڤیدوشکا، چەندیان برد؟

کوڕێکی نۆ لاوی چوارده ساڵان کە تەواو لە باوکی خۆی دەچوو و، چاوە شینە لێك بڵاوەکانی، کوت و مت ئەو بوو، بەرسڤی دایەوە:

– باپیرەم بەدیاریانەوە بوو، ئەو دەیزانێ، وا بزانم دە فەردەیەکیان برد.

فومین گوتی:

– دە ە ە!....

ئەوسا هەستایە سەر پێ، تەمەشایەکی کوڕەکەی خۆی کردو کەمەربەندی شمشێرەکەی توند کردەوەو گوتی:

– پێتان گوتن، ئەم گەنمە هیماڵی کێیە؟

پیرەژن، دەستێکی هەڵتەکاندو بزەیەکی تەوسامێزی دا بە ڕوویدا:

– هەر حیسابیشت بۆ ناکەن! فەرماندەکەیان گوتی: "هەمووان، بێجیاوازی، دەبێ چ گەنمێکی زیادیان هەیە، تەسلیمی بکەن، ئیدی فومین بێ یا سەرۆکی کۆمیتەی هەرێم بێ، ئێمە گەنمە زیادەکەی دەبەین." و ئەوسا کەوتنە پشکنینی کواڕ و کەندووەکان.

فومین، بە دەنگێکی نزم گوتی:

– چاریان دەکەم، دایکە. چاریان دەکەم!

بەلەز خوا حافیزی لە کەس و کارەکەی کردو وەدەرکەوت.

فومین، دوای ئەو سەردانە کورتەی ماڵی خۆیان، زیرەکانەو ناڕاستەوخۆ، کەوتە سووسەی ئەوەی کە هەستی ئەندامانی سریەکەی لەو بارەیەوە بزانێ. زۆر بە ئاسانی پەی بەوە برد، کە زۆربەیان، لە سیاسەتی کۆکردنەوەی گەنمی زیادە، ناڕازین. ژنەکانیان یا خزمە دوورو نزیکەکانیان، لە گوندو شارۆچکەو شارە جۆراو جۆرەکانەوە دەهاتنە دیدەنیان بۆیان دەگێڕانەوە کە چۆن مەفرەزەکانی کۆکردنەوەی دانەوێڵەو ئازووقە، هەرچی گەنمی زیادەیان هەیە دەیبەن و تەنیا بەشی خواردن و بنەتۆو بۆ ئەمان دێڵنەوە. ئەمە کردیە کارێك کە لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا، لە کۆبوونەوەیەکی حامیەی بازکیدا، لە گەرمەی وتارەکەی شاخاییفی کۆمیسەی عەسکەری هەرێمدا، ئەندامانی سریەکە، بێنە دەنگ و قسەکەی پێببڕن:

– مەفرەزەی کۆ کردنەوەی دانەوێڵە لابەرن!

– دەبێ، کۆتایی، بە مسادەرەی گەنم بهێنرێ!

– بڕوخێت کومیسارپای کۆکردنەوە!.

سەربازانی سووری فەوجی گارد، بەرپەرچیان دانەوە:

– دژمنانی شۆڕش!

– ئەم بێشەرەفانە نەقڵ بکەن، دابەشیان بکەن بەسەر کەتیبە جیاوازەکاندا.

کۆبوونەوەکە درێژو پڕ جەنجاڵ بوو. یەکێك لە کۆمۆنیستە کەمەکانی پادگانەکە (حامیە) بە نیگەرانیەوە بە فومینی گوت:

– هاوڕێ فومین، فریاکەوە، قسەیەك بکە، تەمەشا بزانە ئەندامانی سریەکەت، چ هەرایەکیان ناوەتەوە!

فومین، سووکە بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

– من حیزبی نیم، لە کوێ بە قسەی من دەکەن!

فومین، نەچووە ژێر باری قسە کردن، زۆر پێش تەواو بوونی کۆبوونەوەکە، لە گەڵ کاپارینی فەرماندەی فەوجەکەدا، چووە دەرەوە، بەدەم ڕێگاوە بۆ ڤیشنسکایا، کەوتنە گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخەکەو زۆر زوو گەیینە زمان و بۆچوونێکی هاوبەش.

هەفتەیەك دوای ئەوە، کاپارین چووە بارەگاکەی فومین و بە ڕاشکاوی گوتی:

– یا دەبێ هەر ئێستا دەست بەکار بین، یا ئیدی هەرگیز دەرفەت و دەلیڤەی وەها هەڵناکەوێتەوە، یاکوف یەفیمیچ چاك بزانە دەبێ ئەم هەلە بقۆزینەوە. هەلێکی یەجگار لە بارو گونجاوە. قۆزاقەکان پشتیوانیمان دەکەن. تۆ دەسەڵات و ناوبانگێکی یەجگار زۆرت لە سەرانسەری هەرێمەکەدا هەیە. جەماوەری خەڵکەکە لە هەموو کاتێك پتر حازرو ئامادەن. بۆ هیچ شتێك ناڵێی؟ بڕیاری خۆت بدە!

فومین، ژێراو ژێر تەمەشایەکی کاپارینی کرد، بە خاوە خاو گوتی:

–چ پێویست دەکات من بڕیار بدەم؟ بڕیار دراوەو تەواو بووە. هەر ئەوەندە ماوە نەخشە دابنەین، کە کارەکە بەبێ سەریەشە و گرفتان دەست پێبکرێ و ڕەوتی ئاسایی خۆی وەربگرێت. دوایی زیاتر باسی ئەمە دەکەین.

ئەم دۆستایەتیەی نێوان فومین و کاپارین، جۆرە گومانێکی لای خەڵکی هاڕوژاند، چەند کۆمۆنیستێکی فەوجەکە، دوورو نزیك کەوتنە تاقیب و چاودێرییان، گومانی خۆیان بە (ئارتیمییف)ی سەرۆکی دایەرەی سیاسی و شاخاییفی کۆمیسەری عەسکەری گەیاند.

ئارتیمییف، بە پێکەنینەوە گوتی:

– ماران گەستە، لە گوریسی ڕەش و سپی دەترسێت. ئەم کاپارینە پیاوێکی ترسنۆکە، تۆ بڵێی بوێرێ خۆی لە کارێکی جدی بدات؟ دەمێنێتەوە. فومین، لە مێژە لە ژێر چاودێری خۆماندایە. بەڵام باوەڕ ناکەم ئەویش پێ لە تەختەی چروك بنێت. ئەوسا بە جدی گوتی:

– هەموو، ئەم قسانە زادەی خەیاڵی خۆتانە.

بەڵام، ئیدی کات درەنگ بوو بۆ چاودێری فومین. پیلانگێران، تەگبیری خۆیان کردبوو. دەبوایە ڕۆژی دوازدەی ئازار، سەعات هەشتی بەیانی ڕاپەڕین (ئاشوب) دەست پێبکات. قەرار وابوو فومین، ئەو ڕۆژە، هەر هەموو سریەکە، بە تەواوی چەکەوە، بە ناوی ڕاهێنان و مەشقەوە، بێنێتە مەیدانەکەو لەوێندەرەوەو لە ناغافلا پەلاماری ڕەعیلی رەشاشچیان کە لە دەوروبەری ڤیشنسکایا هەوڵیاندا بوو، بدەن و دەست بەسەر هەموو ڕەشاشەکاندا بگرن و ئەوسا، یارمەتی سریەی گارد بدەن، کە دام و دەزگا ئیداریەکان پاکبکەنەوە.

کاپارین، ترسی ئەوەی هەبوو کە هەموو فەوجەکە پشتیوانی نەکەن. ئەم گومان و دوو دڵیەی خۆی دەگەڵ فومیندا باسکرد.

فومین زۆر بە وردی گوێی لێگرت و ئەوسا گوتی:

– هەرکە دەستمان بە سەر رەشاشەکاندا گرت، لە کەفلەکونێکدا فەوجەکەی تۆ کۆنترۆڵ دەکەین....

ئەو چاودێرییە وردەی کە خرا بووە سەر فومین و کاپارین، هیچی لێشین نەبوو. ئەمانە بە دەگمەن یەکیان دەبینی. خۆ ئەگەر یەکیانیش دیتبا، زیاتر بە ئیش و کاری عەسکەری یەکیان دەبینی. تەنیا، یەك جار، شەوێك، لە ئاخرو ئۆخری شوباتدا، دەورێیەك، لە جادەیەکدا پێکەوەی بینی بوون. فومین، ڕەشمەی (هەوسار) ئەسپێکی زین کراوی ڕادەکێشاو کاپارین، شان بە شانی ئەو ڕێی دەکرد. کاتێ کە دەنگدران: "بوەستە!" کاپارین، بەرسڤی دایەوە: "ئاشنا!" ئەوسا بە دوو قۆڵی چوون بۆ بارەگای کاپارین. فومین ئەسپەکەی خۆی بە موحەجەرەی پلەکانەوە بەستەوە. کە چوونە ژوورەوە چرایان هەڵنەکرد. فومین سەعات چواری سەر لە بەیانی هاتە دەرەوە، سواری ئەسپەکەی بوو و بەرەو بارەگای خۆی گەڕایەوە. ئەمە هەموو ئەو زانیاریانە بوو، کە دەورێیەکە بەدەستی هێنا بوو.

شاخاییف، بەرپرسی (کۆمیسەر) عەسکەری هەرێم، لە بروسکەیەکی جفرەدارا بۆ فەرماندەی گشتی سوپا لە هەرێمی دۆن، بەدگومانی خۆی سەبارەت بە فومین و کاپارین ڕاگەیاند. دوای چەند ڕۆژێك بەرسڤی فەرماندەی گشتی هاتەوە، کە ئەو جووتە، فومین و کاپارین، لێبخرێن و دەستگیر بکرێن.

لـه كۆبوونـەوەی نووسـینگەی کومیتـەی هـەرێمی حیزبـدا قـەراردرا: لـە لایـەن کۆمیسـاریای عەسکەری هەرێمەوە، بە فومین ڕابگەیەنرێ کە دەبێ بڕوات بۆ نۆڤوچرکاسك و فەرماندەی گشتی ببـینێ،و داوای لێبکـرێ، فەرمانـدەیی سـریەکەی بـە یاریدەدەرەکـەی خـۆی، ئوڤچـینیکوف، بسپێرێت، هـەروەها بڕیـاردرا، هـەمان ڕۆژ سریەکە، بـە بیـانووی ئـەوەی کـە دەسـتەیەك یـاغی لـە ناوچـەی کازانسـکایا پەیـدا بـوون، بـۆ ئەوێنـدەر نـەقڵ بکـرێن. پاشـان، شـەوێ پیلانگێڕەکـان، دەستگیر بکرێن. قەراری نـەقڵ کردنـی سریەکەو دوور خستنەوەی، لـە ڤیشنسـکایا، لەبـەر ئـەوە بـوو، نـەبا ئەنـدامانی سـریەکە، کـاتێ کـە بـە دەسـتگیری (فـومین)یـان زانـی، یـاخی بـبن و ئـاژاوە بنەنەوە. عاز درایە فەرماندەی کەتیبەی دووەمی سەر بە فەوجی گارد، کە کۆمۆنیستێك بوو بە نێـوی تکاچـنکو، کۆمۆنیسـتەکانی نـاو فەوجەکـەو فەرمانـدەی فەسـیلەکان ئاگـادار بکاتـەوە کـە ئەگەری سەرهەڵدانی ئاژاوەگێڕی لە ئارادایەو ،دەبێ سریەکەو ڕەعیلی ڕەشاشان، بخەنە ئامادە باشی تەواوەوە.

بۆ بەیانی، فومین ئەمرەکەی وەرگرت. بە ئارامی گوتی:

– دەی، ئوفچـینیکوف، سـریەکە وەربگـرە. مـن بـۆ نوڤوچرکاسـك دەڕۆم. دەتـەوێ، چـاوێك بـە دۆسیەو کاغەزەکاندا بگێڕی؟

ئوڤچینیکوف، کە فەرماندەیەکی فەسێلی غەیرە حیزبی بوو، کە ئاگای لە مەحموودی بێزەواد نـەبوو و گومـانی لـە هـیچ شـتێك نـەبوو و هـیچ شـتێکی لـەو بارەیـەوە پێنـەگوترا بـوو، خـۆی لـە خوێندنەوەو تاوتوێ کردنی دۆسیەو کاغەزەکاندا غەرق کرد.

فومین، ئەم هەلەی قۆستەوەو کاغەزێکی چکۆلەی بۆ کاپارین نووسی: "دەبێ هـەر ئێسـتا دەسـت بەکار بین. منیـان لا بـردووە. ئامادەبە!" لـە ڕاڕەوەکـەدا ئـەو نووسـینەی دایـە موراسیلەکەی و بـە چیە پێی گوت:

– ئەمـە بخـە دەسـتەوە. بە سـواری ئەسـپەکەت، زۆر بە شـێنەیی، بڕۆ، بە شـێنەیی، تێگەییشـتی؟ بـڕۆ بـۆ لای کاپـارین. ئەگـەر لـە ڕێگـا گرتیانیـت، ئـەوا یەکسـەر قـووتی بـدە، ئەگـەرنا، بیـدە بـە کاپارین و یەکسەر بۆ ئێرە بگەڕێوە.

ئوڤچـینکوف، پـاش ئـەوەی فـەرمانی پێگـەیی، کـە بـۆ چـالاکی و ئۆپەراسـیۆن، بـڕوات بـۆ کازانسـکایا، قۆزاقـەکانی لـە مەیـدانی کلێسـادا خـڕ کـردەوە، تـا خـۆ ئامـادە بکـەن و بکەونـە ڕێ. فومین بەسواری ئەسپەکەیەوە هات بۆ لای:

– بە یارمەتیت، دەتوانم، دوو قسەی خواحافیزی لە گەڵ سریەکەدا بکەم.

– فەرموو، بەڵام بە کورتی، ماتەڵمان مەکەن.

فومین ڕۆیی، لـە بەرانبـەر سریەکەدا وەسـتا، بەدەم ڕاکێشـانی جڵـەوی ئەسـپە سەرکێشـەکەیەوە، ڕووی کردە قۆزاقەکان و گوتی:

– هاوڕێیان، ئێوە هەمووتان من دەناسن. دەزانن، هەمیشـە لە پێنـاوی چیدا خەباتم کردووە. من هەمیشە، لە گەڵ ئێوەدا بووم. بەڵام ئێستاکێ، ناتوانم چاوپۆشی لەوە بکەم، بە ڕۆژی نیوەڕۆ، بە بەرچاوی خۆمەوە غـەدر لە قۆزاقان بکرێ بە تایبـەتی جووتیـاران تـاڵان بکرێن. لەبەر ئەمەیە کە

کەناریان خستووم، من دەزانم دەیانەوێ چیم بە سەر بێنن... بۆیە حەزمکرد، خوا حافیزیتان لێبکەم...

هاواری قۆزاقەکان، بۆ چرکەیەك، قسەکانی فومینی بڕی. فومین لە سەر ڕکێفەکان هەستا، بە دەنگێکی بەرزتر گوتی:

– ئەگەر دەتانەوێ، لە تالآنگەری ئەوانە ڕزگاربن، مەفرەزەکانی کۆکردنەوەی ئازووقە لێرە وەدەربنەن. کۆمیسەرانی وەکو ماروزوڤ بەرپرسی کۆکردنەوەی ئازووقەو شاخاییفی بەرپرسی عەسکەری بکوژن! ئەوانە هاتوونەتە دیارو دەڤەرو خاکی ئێمە، دەڤەری دۆن....

دوا وشەکانی، لە نێو هەراو هەنگامەو هوورای خەڵکەکەدا، ون بوون. فومین، کەمێك چاوەڕوانیکرد، ئەوسا بە دەنگێکی زوڵاڵ فەرمانی دا:

– سێ سێ ڕیز بن، بە دەستی ڕاستا، ڕاست بڕۆن!

سریەکە، یەکسەر ئەو عازەیان (ئەمر) جێبەجێکرد. ئوڤچینیکوف، بە حەپەساوی و بە چوار ناڵە خۆی گەیاندە فومین وگوتی:

– هاوڕێ فومین، بۆ کوێ دەڕۆن؟

فومین، بێئەوەی ئاوڕی لێبداتەوە، بە تەوسەوە بەرسڤی دایەوە:

– دەچین، پیاسەیەکی دەوروبەری کڵێساکە دەکەین...

هەنگی ئوڤچینیکوف، تێگەیی کە لەم چەند دەقیقەیەی دواییدا، چی ڕووی داوە، بە خۆیو ئەسپەکەیەوە لە ڕیز دەرچوو. ڕابەری سیاسی و یاریدەدەری کۆمیسەرو یەك زەلامی دیکە لە سەربازانی سوور، دوای ئەو کەوتن. نزیکەی دوو سەد شەقاوێك دوور کەوتبوونەوە، ئەوسا فومین هەستی بە دیارنەمانی ئەوان کرد.

سەری ئەسپەکەی وەرگێڕاو هاواری کرد:

– ئوڤچینیکوف، بوەستە!

ئەو چوار سوارە کە بە ڕەوتە دەڕۆییشتن، ئەسپەکانیان بەر مامێزان داو هەڵیانکردە چوار ناڵە. ئیدی پریشکی بەفری نیمچە تواوە لە ژێر سمی ئەسپەکانیانەوە دەردەپەڕیو دەچوو بە ئاسماندا فومین فەرمانی دا:

– ئامادە! ئوڤچینیکوف بگرن!... فەسیلی یەك دوای بکەونو بیگرن!

دەنگی تەقەی پچڕ پچڕ بەرز بووەوە. هەر شازدە قۆزاقەکەی فەسیلی یەکەم، کەوتنە دوی ئوڤچینیکوف. لەم کاتەدا فومین سریەکەی بە سەر دوو بەشدا، دابەشکرد: گرووپی یەکەمی بە فەرمانـدەیی فەرمانـدەی ڕەعیلی سێیەم، چوماکوف، ڕاسپارد کە فەسیلی ڕەشاشداران چەك بکەن. بە خۆیشی فەرمانـدەی گرووپی دووەمی گرتە دەستو بەرەو قەرارگای سریەی گاردی بردن، کە لە کەناری باکووری گوندەکەدا، لە نێو پاوانی جارانی ڕەوە ئەسپاندا، هەواریان هەڵدابوو.

گرووپی یەکەم، بە دەم تەقەی ئاسمانییەوەو بە شمشێر بادانەوە بە غار بە ناو جادە سەرەکییەکە کەوتن. ئەم یاخییانە بە دەم ڕێوە چوار کۆمونیستیان بە شمشێران کوشت، پاشان

لە قەراخی گوندەکەدا ڕیزیان بەست، بە بێدەنگی، بێ هەراو هەنگامەو هورا کێشان، کەوتنە هێرش بردن بۆ سەر سەربازانی سووری فەسیڵی ڕەشاشان، کە لە بارەگایەکەی خۆیان هاتبوونە دەرێ.

ئەو خانووەی کە فەسیڵی ڕەشاشان کردبوویان بە بارەگا، کەمێك لە گوندەکەوە دوور بوو. نزیکەی سێ سەد مەترێك لە دوا ماڵەکانی ئاواییەوە دوور بوو. یاخییەکان، کە لە ڕوو بە ڕووەوە، بەر دەستڕێژی ڕەشاشان دران، یەکسەر دایانەوە کەندێ و پاشەکشەیان کرد. سێ کەسیان کە نەیانتوانی بوو خۆ بگەیەننە نزیکترین کۆڵان، لە دواوە پێکران و لە سەر ئەسپەکانیان کەوتنە خوارەوە.

ئیدی هەوڵی غافڵگیر کردنی، فەسیڵی ڕەشاشچییەکان، پوچەڵ بووەوە. یاخییەکانی، هێرشەکەیان دووبارە نەکردەوە. فەرماندەی ڕەعیلی سێیەم، چوماکوف، گروپەکەی خۆی بردە پەنایەکی ئەمینەوە. هەر بەسەر ئەسپەکەیەوە، بە پارێزەوە، لە سیلەی عەمارێکی بەردینەوە، کەوتە ملەقوتێ و تەمەشاکردن، گوتی:

– پەه! دوو ڕەشاشی دیکەی (مەکسیم)یان دەرهێنا.

ئەوسا بە کڵاوە فەروەکەی، ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی، ڕووی کردە نەفەرەکانی خۆی و گوتی:

– کوڕینە، با بگەڕێینەوە!.... با فومین خۆی بێت و ڕەشاشچیەکان بگرێت... چەند کەسمان، لەسەر ئەو بەفرە لێ بەجێمان، سێ نەفەر؟ با ئەویش بێ خۆی تاقیبکاتەوە....

هەرکە یەکەمین، دەستڕێژی تفەنگ، لە قوڵی ڕۆژهەڵاتی گوندەکەوە، بەرز بووەوە، تکاچنکو، فەرماندەی سریەکە، لە بارەگاکەی خۆی هاتە دەرێ و بەدەم غاردانەوەو هەر بە ڕێوە جلەکانی لەبەر دەکردو بەرەو سەربازخانەکە هات. نزیکەی سی سەربازی سووریش، لە کەنار سەربازخانەکەدا، حازرو ئامادە بەڕیز وەستا بوون. بە دەم پرسیارانەوە، پێشوازیان لە فەرماندەکە کرد:

– ئەمانە کێن کە تەقە دەکەن؟

– مەسەلە چیە؟

تکاچنکۆ، بێئەوەی وەڵام بداتەوە، داوای لەو سەربازە سوورانە کرد کە لە ناو سەربازخانەکەوە دەهاتنە دەرێ، بە ریز بوەستن. چەند کۆمۆنیستێکیش کە لە بەشە ئیدارییەکاندا کاریان دەکرد، بە پەلە هاتن و چوونە ڕیزەوە. دەنگی تەق و تۆقی پەڕاگەندەی تفەنگان، لە هەموو شوێنێکی گوندەکەوە دەهات. لە قوڵی ڕۆژ ئاوای گوندەکەوە، دەنگی تەقینەوەی نارنجۆکێك بەرز بووەوە. تکاچنکۆ، نزیکەی پەنجا سوارەی بینی کە بە شمشێری ڕووتەوە، بە تاو، بەرەو سەربازخانەکە دەهاتن. تکاچنکۆ، بەکاوەخۆ، دەمانچەکەی لە کیف دەرهێنا، پێش ئەوەی فریای عازدان بکەوێت، هەموو سەربازەکان، بێدەنگ بوون، تفەنگیان سوار کردو ئامادەی تیرەندازی بوون.

یەکێك لە سەربازە سوورەکان هاواری کرد:

– بەڵام ئەوانە، لە هێزەکانی خۆمانن! تەمەشاکەن، ئەوە فەرمانەدەی فەوجەکەی خۆمانە، هاوڕێ کاپارینە!

بەڵام لە ناکاوا، هەموو سوارەکان، وەکو ئەوەی عازیان پێدرا بیٚ، بە کەڕەتێك خۆیان بە سەر یالٚو گەردنی ئەسپەکانیانەوە، دانەواندو بە تاو ڕوویان کردە، سەربازخانەکە. تکاچنکۆ، بە دەنگێکی دلێر هاواری کرد:

– مەیەڵن، نزیك ببنەوە! دەرفەتیان مەدەن!

دەنگی دەستڕێژی تفەنگان، دەنگی ئەوی کردە ژێرەوە. لە سەد شەقاوی ڕیزە بتەوەکەی سوورەکانەوە، چوار سوار لە ئەسپەکانیان بەر بوونەوە. ئەوانی دی، پاشەکشەیان کردو بە هەموو لایەکا، شپرزەو پەشۆکاو قووچاندیان. وقرمژنی گوللەش بە دوایاندا... یەکێك لە سوارەکان، کە پێدەچوو، بە سووکی بریندار بووبیٚ، لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەوساری ئەسپەکەی هەر بەر نەدا. ئەسپەکە کە بە چوار ناڵە دەڕۆیی، نزیکەی سی مەترێك بەسەر ئەرزەکەدا ڕایکێشا. هەنگیٚ، کابرا هەستایەوە سەر پیٚ، پڕی دایە ڕکێفەکەو قەڵپووسی زینەکەو زۆری پێنەچوو دیسانەوە، لە سەر زینەکە گیرسایەوە. بە توندی جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو سەری پیرە ئەسپی وەرگێڕاو بە تاو خۆی بە نزیکترین کۆڵاندا کردو کەوتە نەدیوی.

قۆزاقانی ڕەعیلی یەکەم، دوای ئەوەی تاقیبێکی زۆری ئۆڤچینیکۆیان کردو هیچیان بە هیچ نەکرد، دەست لە گونان شۆڕتر بۆ گوندەکە گەڕانەوە. هەروەها هەوڵی دەستگیرکردنی کومیسەر (شاخاییف)ش هیچ ئاکامێکی نەبوو. نە لە بارەگای کومیسارییای عەسکەری (کە هیچ کەسێکی لیٚ نەما بوو)و نە لە بارەگاکەی خۆی نەیاندۆزییەوە. هەرکە گوێی لە دەنگی تەق و تۆق بوو بوو، بە هەشتاو بەرەو دۆن دایکێشا بوو، بە سەر جەمەدو بەستەڵەکدا پەڕی بووەوە، خۆی گەیاند بووە جەنگەڵەکان و لەوێندەرەوە چوو بوو بۆ گوندی بازکیٚ و بۆ ڕۆژی دوایی گەیی بووە ناوچەی ئوست خوپرسکایای پەنجا فرسەخی (فرسەخ :نزیکەی شەش هەزارمەتر) ڤیشنیسکایا.

زۆربەی فەرمانبەرانی سەرەکی و ناوداری هەرێمەکە، لە سات و وەختی گونجاودا، خۆیان دەرباز کردبوو و خۆیان شاردبووەوە. پەیجۆری و تاقیبیان، لە مەترسی بەدەر نەبوو، چونکە سەربازانی سووری ڕەعیلی ڕەشاشداران، گەیی بوونە. ناوەندی ڤیشنسکایاو هەر هەموو ئەو شەقامانەیان کۆنترۆڵ کردبوو، کە دەچوونەوە سەر مەیدانە سەرەکیەکەی ڤیشنسکایا.

قۆزاقانی سریەکە، دەستیان لە تاقیب و جسوجۆ هەڵگرت و بەرەو دۆن، داگەڕان و ئەوسا بەرەو مەیدانی کڵێساکە نشێو بوونەوە و لەوێدا کەوتنە سۆراخ و تاقیبی ئۆڤچینیکۆو هاوڕێکانی. ئیدی هەموو قۆزاقەکانی فومین بە هەشتاو لەویٚ کۆبوونەوەو سەر لە نویٚ ڕیزیان بەست. فومین، نۆرە پاسەوانی بۆ هەندێکیان دیاری کردو فەرمانی بەوانی دی دا کە بچنەوە بۆ بارەگاکانی خۆیان، بەڵام زین لە ئەسپەکانیان نەگرنەوە.

فومین و کاپارین و فەرماندەی ڕەعیلەکان، لە ماڵێکی چکۆلەی قەراخ ئاواییدا، کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریان گریٚ دا.

کاپارین، شەکەت و ماندوو خۆی دا بەسەر تەختێکداو بە نائومێدییەوە گوتی:

– هەموو شتێکمان لە دەست دا.

فومین، بە هێمنی گوتی:

– بەڵێ، نەمانتوانی ناوەندی ناوچەکە بگرین. ئەمەش مانای وایە کە ناتوانین لێرە بمێنینەوە.

چوماکوف، پێشنیازی کرد:

– یاکوف یفیمیچ، دەبێ هێرشێکی یەکسەری و بەربڵاو بکەینە سەر هەموو هەرێمەکە، پێویست بە ترس ناکات، بە هەرحاڵ تا ئەجەلمان نەیەت نامرین، مردن مردنە، لەقەفرتێی بۆچیە. ئێمە قۆزاقەکان بۆ ڕاپەڕن هاندەدەین، کە ئەوان دەستیان بە ڕاپەڕین کرد، هەنگێ ناوەندی هەرێمەکە دەکەوێتە دەست خۆمان.

فومین، بە بێدەنگی تەمەشایەکی کردو ئەوسا ڕووی کردە کاپارین و گوتی:

– چیە، جەنابی نەقیب، دەڵێی حەپەساوی؟ مەگری! ئەو لوشمە لوشمەی ناوێ!. پێکەوە دەست بە کار بووین و دەبێ پێکەوەش درێژەی پێبدەین... بە بۆچوونی تۆ چبکەین، لە ڤیشنسکایا وەدەرکەوین، یان هەوڵێکی دیکەش بدەین؟

چوماکوف، بە توندی گوتی:

– کێ حەزی لێیە، با هەوڵبدات! من ناڕۆم ڕوو بە ڕووی ڕەشاش ببمەوە، خۆم لەو دەشتە نەدۆزیوەتەوە، وا دەزانێ ئەمە گەمەی منداڵانە.

فومین مۆڕەیەکی لە چوماکوف کردو بە تووڕەیی گوتی:

– بێدەنگ بە، من پرسیارم لە تۆ نەکردووە.

چوماکوف، چاوی داخست.

دوای بێدەنگیەکی کەم کاپارین گوتی:

– بەڵێ، هەڵبەتە، دەست پێکردنەوە لەم کاتەدا بێماناو نابەجێیە. لە ڕووی چەکەوە، لە ئێمە باڵا دەستترن. ئەوان چوارده ڕەشاشیان هەیە، ئێمە دانەیەکیشمان نییە. چەکداریشیان لە ئێمە زۆرترە... پێویستە پاشەکشە بکەین و قۆزاقان بۆ ڕاپەڕین ساز بدەین. تا ئەوان هێزی پشتیوانیان دەگاتێ، ڕاپەڕین، بە سەرانسەری ناوچەکەدا تەشەنە دەکات. ئەمە تەنیا ئومێدی ئێمەیە، لەمە زیاتر هیچ هیواو ئومێدێکی دیکە نییە!

فومین، ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو و، ئەوسا گوتی:

– پێویستە، دوایی، لەمبارەیەوە بڕیار بدەین. دەی فەرمانی ڕەعیلەکان بڕۆن، فەحسێکی چەک و تەقەمەنی قۆزاقەکانتان بکەن، فیشەکی هەر زەلامێك بژمێرن، بزانن هەرکەسە چەند فیشەکی پێیە. پێیان ڕابگەیەنن کە نابێ تاقە فیشەکێك بە خۆڕایی بتەقێنرێ. هەر کەسێك سەرپێچی ئەم ئەمرە بکات، بە دەست و شمشێری خۆم لەتی دەکەم. ئەمە بە قۆزاقەکان ڕابگەیەنن.

بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، ئەوسا مشتە زەلامەکەی خۆی بە توندی کێشا بە مێزەکەدا:

– ئاخ، له دەست ئەم ڕەشاشە نەعلەتیانە! هەر هەمووی خەتای تۆ بوو چوماکوف! ئەگەر تەنیا چوار ڕەشاشمان بگرتایە... بەڵام ئێستا، گومانی تیا نییە، کە لە ناوچەکە دەرمان دەپەڕێنن... دەی ئێستا بڵاوەی لێبکەن! ئەمشەو لێرە، لە ڤیشنسکایا دەمێنینەوە، ئەگەر ناچارمان نەکەن بڕۆین... بەیانی زوو، دەکەوینە ڕێ و دەڕۆین...

ئەو شەوە، بە ئارامی بوری. یاخییەکان، لە سەرێکی ڤیشنسکایادا، گیرسا بوونەوە، فەوجی گاردا کە کۆمەڵێك کۆمۆنیست و ئەندامانی ڕێکخراوی گەنجانی کۆمۆنیست پەیوەندییان پێوەکرد بوون، لەم سەری ڤیشنسکایادا، گیرسا بوونەوە، تەنیا دوو ڕیزە ماڵ، ئەم دوو هێزە دژمنەی لێکدی جیا دەکردەوە، بەڵام هیچ یەکێك لەم دوو هێزە زاتی نەکرد، شەبەیخون بکاتە سەر ئەوی دی.

بەیانی زوو هێزی یاخییەکان، بە بێ شەڕ، گوندەکەیان بەجێ هێشت و بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات کەوتە ڕێ.

((١١))

گریگۆری دوای ئەوەی گوندەکەی خۆیانی بە جێهێشت، لە هەوەڵەوە بۆ ماوەی سێ دانە هەفتە لە گوندی ڤیرخنی کریفسکوی سەر بە ستانی ئیلانیسکایا، لای قۆزاقێکی، ئاشنای زەمانی عەسکەری خۆی مایەوە. پاشان ڕووی کردە گوندی گورباتوفسکی و پتر لە مانگێك لە ماڵی یەکێك لە خزمە دوورەکانی ئەکسینیا مایەوە.

سەرانسەری ڕۆژ، لە ماڵەوە، لە ژووری میوانیدا دەمایەوە، تەنیا شەوان دەهاتە دەرەوە. ئەم ژیانە، لە ژیانی زندان دەچوو، بگرە خراتریش بوو، لە بێزاری و بێتاقەتیدا، حەوسەڵەی دەچوو. بیری گوندەکەی خۆیان، منداڵەکانی و، ئەکسینیای دەکرد. زۆرجار لە شەوانی بێخەوی و خەوزڕاندا، پاڵتۆ ئەستوورو قورسەکەی بە شانیا دەداو لێدەبڕا بۆ تاتارسکی بگەڕێتەوە. بەڵام هەموو جارێك وەخۆ دەهاتەوەو ژێوان دەبووەوەو پاڵتۆکەی دادەکەندەوەو بە دەم ناڵینەوە خۆی دەدا بەسەر تەختە خەوەکەداو دەموچاوی خۆی لە نوێنەکاندا دەشاردەوە. ئەم ژیانە زۆری ئەزیەت دەدا، لەوەی پتر تەحەمول نەدەکرا. هەرچەند خاوەنماڵەکە، کە پورزای بابی ئەکسینیا بوو، زۆر لە گەڵیا میهرەبان و بە لوتف بوو، بەڵام خۆ نەیدەتوانی، بۆ هەمیشە میوانێکی وەکو ئەم لە ماڵی خۆی ڕابگرێ. شەوێك گریگۆری پاش شێو، چوو بوو بۆ ژوورەکەی خۆی، گوێی لێبوو ژنی خاوەنماڵەکە، بە دەنگێکی تووڕە بە مێردەکەی دەڵێت.

– باشە، ئاخر ئەمە کەی تەواو دەبێ؟

خاوەنماڵەکە، بە دەنگێکی گڕ وەڵامی دایەوە:

– چیە؟ باسی چ دەکەیت؟

– کەی ئەم مێمڵەمان لە کۆڵ دەبێتەوە؟

– دەمت داخە!

– دەمم داناخەم! گەنممان ڕوو لە کزییە، دوعا بکە بەشی خۆمان بکات، کەچی تۆش، ئەم شەیتانە قەمووڕەت لە ماڵەوە دابەستووەو سێ ژەمە خواردنی دەدەیتێ. باشە ئەمە تاکەی بەردەوام دەبێ؟ باشە ئەگەر سۆڤیەت پێبزانن، چیمان لێدەکەن؟ سەرمان دەبڕن، هەنگێ منداڵەکانمان هەتیو دەکەون.

– ئاڤدوتیا، دەمت تێکنێ!

– دەمم تێك نانەم. ئێمە منداڵمان هەیە، دەبێ بیر لە چارەنووسی وان بکەینەوە، تەنیا نزیکەی حەوت سەد عەیارە گەنممان ماوە، کەچی تۆ ئەم مێڵە تەمەڵو تەوەزەلە، وەکو دابەستە بەخێو دەکەی! ئاخر ئەمە چی تۆیە؟ براتە؟ برازاتە؟ خەزوور یا زاواتە؟ نە خزمتەو نە کەسوکاری نزیکتە! سەبارەت بە تۆ ناکاتە خزمی خەزووری سەپانی شێخیش، کەچی تۆ ڕاتگرتووەو نان و ئاوی دەدەیتێ. ئاخ لە دەست تۆ، شەیتانی کەچەڵ! دەمت داخ، لەوەی پتر پێم مەوەڕە، دەنا سبەی بە خۆم دەڕۆم بۆ ئەنجوومەن و پێیان دەڵێم کە چ گوڵێك لە ماڵەوە پەروەردە دەکەیت!

خاوەنماڵ، سبەینێ، چوو بۆ ژوورەکەی گریگۆری، بە چاوانی شۆڕەوە گوتی:

– گریگۆری پانتلیوفیچ، هەرچیەك دەڵێی بیڵێ، بەڵام ناکرێ لەوەی پتر لە ماڵی ئێمەدا بمێنیتەوە.... من زۆرت ڕێزو حورمەت دەگرم، بابی ڕەحمەتیتم دەناسی، زۆرم ڕێز لێدەنا، بەڵام زۆر زەحمەتە بتوانم لەوەی زیاتر لە ماڵی خۆدا ڕاتبگرم...ئەمە جگە لەوەی دەترسم، دەسەڵاتدارانی ناوچەکە شتێکیان لە بارەی تۆوە بەرگوێ بکەوێ، ئیدی تەگبیرێکی حاڵی خۆت بکەو لێرە بڕۆ، بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆ. منیش خێزانێکم بە ملەوەیە، نامەوێ سەرم لە شاباشی تۆدا بدەم. تۆ زاتی مەسیح بمبورە، بەڵام بڕۆو ڕزگارمان بکە...

گریگۆری بە کورتی گوتی:

– باشە! سوپاس بۆ نان و نمەکت، سوپاس بۆ ئەوەی کە داڵدەت داوم، سوپاس بۆ هەموو شتێکت، گەلێکت لێمەمنوون و منەتبارم. دەزانم و بە چاوی خۆم دەبینم کە بارێکی سەنگینم بەسەر شانتەوە. بەڵام بۆ کوێ بڕۆم؟ هەموو ڕێگاکانم لێداخراون.

– ئیدی خۆت دەیزانی.

– دەی باشە! ئەمڕۆکە دەڕۆم. زۆرت لێمەمنوونم، ئارتامون ڤاسیلییوفیچ، زەحمەتێکی زۆرم دان، بووم بە ئەرك بەسەرتانەوە.

– مەمنوونی ناوێ، هیچم بۆ نەکردوویت.

– چاکەو کەرەمی تۆ لە بیر ناکەم، هیوادارم ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم چاکەو پیاوەتیەت بدەمەوە.

خانە خوێیەکە، کە سۆزی بزوا بوو، دەستێکی دا بە سەر شانی گریگۆریداو گوتی:

– باسی شتی وا مەکە! هەر گوێشی مەدەیە! ئەگەر بە حەزی من بوایە دەکرا دوو مانگی دیکەش لێرە بمێنی، بەڵام ژنەکەم قەبووڵ ناکات، هەموو ڕۆژێ شەڕێکم لە گەڵدا دەکات، خوا بیبڕێ! من قۆزاقم و تۆش گریگۆری پانتلیوفیچ، قۆزاقی، هەردووکمان دژی دەسەڵاتی سۆڤیەتین، پڕ بەدڵ حەز دەکەم یارمەتیت بدەم: هەر ئەمڕۆکە بڕۆ بۆ گوندی یاگودنی، من لەوێ خزمێکم هەیە، بێگومان لە ماڵی خۆیدا دات دەکات و داڵدەت دەدا. پێی بڵێ کە ئارتمون، داوای کردووە، وەکو

کوڕی خۆی پێشوازی لە تۆ بکات. نان‌و خواردن بداتێ‌و ئەوەندەی لە توانایدایە لە ماڵی خۆیدا گلت بداتەوە، پاشان من‌و ئەو حیساب‌و کیتابی خۆمان دەکەین. گرینگ ئەوەیە تۆ ئەمڕۆ لەلای ئێمە بڕۆیت. چونکە ناتوانم لەوەی پتر ڕاتبگرم، ژنەکەم ژیانم لێتاڵ دەکات. ئەمە جگە لەوەی دەترسم، دەسەلاتی سۆڤیەتی سووسەی شتێك بکەن، تۆ میوانی ئێمە بوویت، گریگۆری پانتلیوفیچ، بەلام بەسە، منیش گیانی خۆم خۆشدەویٚ... گیانی خۆم لەو دەشتە نەدۆزیوەتەوە...

گریگۆری، درەنگانێکی ئەو شەوە لە گوند وەدەرکەوت. هێشتا نەگەیی بووە، ئاشە بایەکەی سەر گردەکە، کە سیٚ سوار، وەکو ئەوەی لە ئەرزەوە هەڵقولابن، ڕایانگرت.

– بوەستە، قەحپە دایك! تۆ کێی؟

گریگۆری، دڵی داخورپا، بە بێدەنگی، وەکو بزمار لە جێی خۆی چەقی. هەلاتن، شێتاتی بوو. لە نزیکی ڕێگاکەدا، نە کون‌و کەلەبەرێك، نە دارو دەوەنێك هەبوو پەنای بەرێتێ. تاچاو بڕکات دەشت‌و بیابانێکی تەختانی، چۆڵ و چۆڵەوانی بوو، تەنانەت دەرفەتی ئەوەی دوو هەنگاویش دوور بکەویٚتەوە،نەبوو.

– کۆمۆنیستی؟ بگەڕێوە، دەی خێرا!....

سوارێکی دیکە، بە سواری ئەسپەکەی لە گریگۆری نزیك بووەوەو ئەمری پێکرد:

– دەست بەرز بکەوە! دەست لە گیرفانت دەربێنە! دەری بێنە! دەنا سەرت دەپەڕێنم!

گریگۆری، بەبێدەنگی دەستی لە گیرفانی پاڵتۆکەی دەرهێنا. هێشتا بە تەواوەتی نەیدەزانی مەسەلە چیەو ئەمانە کێن لێی پەیدا بوون، پرسی:

– بۆ کویٚ بگەڕێمەوە؟

– بۆ گوندەکە، لە کوێوە هاتووی بۆ ئەویٚ بگەڕێوە!

یەکێك لە سوارەکان، تا گوندەکە بەڕێی کرد. دوانەکەی دی بە نێو لەوەڕگەکەدا تێپەڕین‌و بەچوار ناڵە بەرەو شاڕێگاکە، داکشان. گریگۆری، بە بێدەنگی ڕێی دەکرد، کاتیٚ گەییە سەر ڕێگاکە، پێی سووك کردو لە سوارەکەی پرسی:

– گویٚ بگرە، هاپۆ، تۆ کێی؟

– ڕێبکە! قسە مەکە، دەستەکانت بخە سەر سەرت، تێگەیشتی؟

گریگۆری، بە بێدەنگی، ئەمرەکەی جێبەجیٚ کرد، دوای تۆزێك دیسان پرسی:

– ئاخر، تۆ کێی؟

– ئەرەتەدوکسی ڕووسیم!

– باشە، خۆ منیش پەیڕەوی مەزەبی کۆن نیم.

– دەی خەنی لە خۆت.

– دەی بۆ کویٚم دەبەی؟

– بۆ لای فەرماندە. ڕێبکە نامەرد، ئەگینا..

سوارەکە، بە ئەسپایی نووکە شمشێرێکی ژەنیە گریگۆرییەوە. پۆلا ساردو تیژەکە، بەر گەردنی، ڕێك ناوەڕاستی ملیوانی پاڵتۆکەی و کلاوەکەی کەت. بۆ ساتێك ترسێکی سەیر لە دڵ و دەروونی گەڕا، ئەوسا گۆڕا بۆ ڕقێکی پەنهان. یەخەی پاڵتۆکەی هەڵدایەوەو بە ئاستەم سەری بۆ لای سوارەکە وەرگێڕا و لە بن لێوانەوە پرتاندی:

– واز لەم سوعبەتانە بێنە، تێگەییشتی؟ ئەگینا، شمشێرت دەکەم...

– ڕێبکە، نامەرد، فزە نەکەی ها! شمشێرم دەکەی؟! دەست بخە سەر سەرت، ئەگینا فتت دەکەم...

گریگۆری، چەند هەنگاوێك بە بێدەنگی ڕۆیی، ئەوسا گوتی:

– باشە فزە ناکەم، تۆش جنێو مەدە. چەند بە شەرێکی کەللە وشکی....

– ئاوڕی پاشەوە مەدەوە.

– ئاوڕم نەداوتەوە.

– دەمت داخە، پێهەڵگرە.

گریگۆری، بە دەم تەکاندنی پروشە بەفری سەر برژانگەکانیەوە گوتی:

– چیە، دەتەوێ بە غار بڕۆم؟

سوارەکە، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، مامێزێکی لە ئەسپەکەی دا. سینگی ئەسپەکە کە لە ئارەقەو شێی شەوێدا هەڵکشا بوو، بەر پشتی گریگۆری کەوت، سمی ئەسپەکە چوو بە بەفرە نیمچە تواوەکەی ژێر پێی ئەوداو قرچەیەکی سووك لە بەفرەکەوە هەستاو لەت بوو.

گریگۆری بە دەست، سینگی ئەسپەکەی دایە دواوەو هاواری کرد:

– هێواش!

سوارەکە، شمشێرەکەی تائاستی سەری گریگۆری بەرز کردەوەو بە دەنگێکی نزم گوتی:

– ڕێبکە، گووی سەگ... چەند و چوون مەکە، ئەگینا لێرە دەتکوژم، دەستم بۆ ئەم ئیشانە خێرایە! دەمت داخەو تەواو، نامەوێ یەك وشەم گوێ لێبێ.

هەردووکیان، تا گەیینە گوندەکە، هیچیان نەگوت. سوارەکە، لە بەر یەکەم ماڵی گوندەکەدا، ئەسپەکەی ڕاگرت و گوتی:

– لەم دەروازەیەوە بچۆ ژوورەوە.

گریگۆری، لە دەرگاکەوە، کە لە سەر گازی پشت بوو، خۆی بە حەوشەدا کرد. لەناو حەوشەکەدا چاوی بە خانوویەکی گەورە کەوت کە سەرەکەی بە جەمەلۆنی چینکو گیرا بوو. چەند ئەسپێك لە ژێر کەپرێکا پڕمو هۆڕ خەریکی ئالیك خواردن بوون. شەش حەوت زەلامی چەکدار، لەبەر هەیوانێکدا وەستا بوون. یارۆی سوارە، شمشێرەکەی خۆی لە کێلان نایەوەو دابەزی و گوتی:

– بڕۆ ژوورەوە، بە قاڵدرمەکاندا سەر بکەوە، ئەوسا لە یەکەم دەرگای دەستە چەپەوە وەژوور بکەوە. تەمەشای دەوروبەری خۆت نەکەی. چەند جارم پێگوتیت؟ ئەگینا دەم و جگەرو زراوت...

گریگۆری، بە کاوەخۆ، بە قاڵدرمەکاندا سەرکەت. کابرایەك بە پاڵتۆیەکی درێژی سوارەی عەسکەری و کڵاوێکی سوپای سوورەوە پرسی:

– ئاخری یەکێکت ڕاو کرد؟

دەنگی گیراوی سوارەکە، کە بەلای گریگۆرییەوە ئاشنا بوو، لە وەڵاما بە نە بەدڵی گوتی:

– بەڵێ، لە دەوروبەری ئاشەبایەکە ڕاومان کرد.

– سکرتێری کۆمیتەی حیزبە، چیە؟

– خوا دەزانێ چیە! یەکێکە لەو خوێڕی و تۆڕیانە، بەڵام خەمت نەبێ، بەو زوانە کونیەکەی کەشف دەکەین.

گریگۆری، کە بە ئانقەست، لە ڕاڕەوەکەدا، خاوە خاوی دەکرد، تا بیری خۆی کۆ بکاتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەمانە یا دەستەیەك یاغی سپین، یا چکای ڤیشنسکایان و بە درۆوە وا دەنوێنن کە لە سپیەکانن. تازە کەوتمە داوەکەوە، وەکو هەر گەوجێك کەوتمە داوەوە!"

کە دەرگای کردەوە، یەکەم کەس چاوی بە فومین کەوت. لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو، کۆمەڵێك زەلام بە جلکی عەسکەرییەوە لە دەوری دانیشتبوون کە گریگۆری کەسیانی نەدەناسی. یەك دنیا پاڵتۆو پەستەکی فەروو لە سەر تەختێك بە بێ سەروبەری هەڵدرابووەوە و کۆمەڵێك تفەنگەیش، بە قەراخ تەختێکەوە هەڵپەسێردرا بوو. هەر لە سەر هەمان تەخت، کۆمەڵێك شمشێرو فیشەك و فیشەکلغ و کیفی دەمانچەو خورجینی زین هەڵدرابووەوە. بۆنی کەسکونی ئارەقەی ئەسپ، لەم پیاوانە لە پاڵتۆ و لە جل و بەرگەکانیان هەڵدەستا.

گریگۆری، کڵاوە فەروەکەی داکەند و بە ئەسپایی گوتی:

– سڵاو!

فومین، هاواری کرد:

– میلیخوف! بە ڕاستی کێو بە کێو ناگات، بەڵام چاو بە چاو دەگات! وا جارێکی دی قەدەر یەکی خستینەوە! لە کوێوە پەیدا بوویت؟ پاڵتۆکەت داکەنەو وەرە دانیشە.

فومین، لەپشت مێزەکەوە هەستاو، هەردوو دەستی درێژ کردو بەرەو ڕووی گریگۆری ڕۆیی:

– چی دەکەی لەم دیارو دەڤەرە؟

– کارێکم لەم ناوە هەبوو.

– چ کارێ؟ لەوە دەچێ ڕێت گوم کردبێت...

فومین، بەدەم ئەو قسانەوە بە گومانەوە ڕوانیە گریگۆری و لە سەری ڕۆیی:

– ... ڕاست برۆ، دیارە هەڵاتووی و هاتوویت لەم ناوە خۆت بشاریتەوە، وایە؟

گریگۆری، بە نە بەدڵی بزەیەکی بۆ کردو بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ، وایە.

– کوڕەکان، لە کوێ دەستگیریان کردیت؟

– لە دەوروبەری گوند.

– بۆ کوێ دەڕۆییشتی؟

– خوا بەختەکی خۆم دابووە دەم هەنگاوەوە...

فومین، دیسان بەوردی ڕوانیە گریگۆری و بزەیەکی بۆ کرد:

– بە چاوتا وا دیارە، پێتوایە بۆیەمان گرتوویت. تا هەواڵەی ڤیشنسکایات بکەین؟ نا، برای ئازیز نا، هیچ خەمت نەبێ، ڕێگای ئەوێمان لێگیراوە... مەترسە! ئێمە ئێستا لە گەڵ دەسەڵاتی سۆڤیەتیدا نەماوین. نەمانتوانی پێکەوە هەڵبکەین...

قۆزاقێکی ناڤساڵ کە لە پاڵ سۆپاکەدا سیغاری دەکێشا، بە دەنگێکی نزم گوتی:

– تەڵاقمان دا.

یەکێك لەو قۆزاقانەی کە لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون، لە قاقای پێکەنینی دا. فومین، لە گریگۆری پرسی:

– هیچت دەربارەی من نەبیستووە؟

– نەخێر.

– دەیسا وەرە لێرە، لە پشت مێزەکەوە دانیشە با قسە بکەین. شۆربای کەلەرمو گۆشت بۆ میوانەکەمان بێنن!

گریگۆری، باوەڕی بە یەك وشەی ئەو قسانەی فومین نەکرد. شپرزەو پەشۆکاو، پاڵتۆکەی داکەندو لە کەنار مێزەکە دانیشت. حەزی چووە جگەرە، بەڵام بیری کەوتەوە  کە دوو ڕۆژ بوو، تووتنی لێبڕاوە. ڕووی کردە فومینو گوتی:

– شتێکت پێ نییە، دووکەڵێ بکەین؟

فومین، یەکسەر، پاکەتە چەرمینەکەی دەرهێناو بە ڕوو گەشییەوە بۆی ڕاگرت، کاتێ کە گریگۆری جگەرەکەی دەردێنا، قامکەکانی بە ئاستەم دەلەرزین، فومین هەستی پێکرد، لە ژێر سمێڵە سوورە لوولەکەیەوە بزەیەکی بۆ کرد:

– ئێمە دژی دەسەڵاتی سۆڤیەتی هەستاوین. ئێمە لە گەڵ جەماوەری خەڵکداینو دژی کۆکردنەوەی ئازووقەو کۆمیسەرەکانین. ئەمانە ماوەیەکی یەجگار زۆر ئێمەیان دەستخەڕۆ کردو ئێستا نۆرەی ئێمەیە. تێدەگەی میلیخوف؟

گریگۆری هیچی نەگوت. جگەرەکەی داگیراندو چەند مژێکی لە سەر یەکی لێدا. سەری کەوتە سوڕان، هەستی دەکرد، شتێك بەر بینی دەگرێتو دڵی تێکهەڵدێت. لە زەرفی ئەم مانگەدا خواردنی باشی نەخوارد بوو و هەستی دەکرد زۆر بێتاقەتو لاواز بووە.

جگەرەکەی کوژاندەوەو بە تامەزرۆییەوە کەوتە نانخواردن. ئیدی لەو ماوەیەدا فومین بە کورتی حیکایەتی ڕاپەڕینەکەو هەوەڵین ڕۆژانی پەڕاگەندەبوونی خۆیانی لە دەڤەرەکەدا، بۆ گێڕایەوە. گریگۆری، بە بێدەنگی گوێی دەگرتو نانو گۆشتە چەورەکەی، کە باشیش نەکوڵا بوو، بە تاسووقەوە، دەخوارد. فومین بە دەم بزەیەکی میهرەبانەوە گوتی:

– تۆ هەرچەندە میوانی خەڵکی بوویت، لاوازی بوویت!

گریگۆری، کە زۆری خوارد بوو، بە دەم قرقێنەو نزگرەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

– خۆ لە ماڵی خەسووم نەبووم تا....

– دیاره. بخۆ، تا دەتوانی بخۆ. ئێمە خانەخوێی خراپ نین.

– سوپاس، حەزم لە جگەرەیەکە...

گریگۆری، جگەرەیەکی دیکەی وەرگرت. چوو بەلای گۆزەیەکەوە کە لە سەر چوارپایەك دانرا بووو تۆزێ ئاوی داکرد. ئاوەکە هێندە سارد بوو دەتگوت بەفراوە، بەڵام کەمێك سوێر بوو. گریگۆری کە زۆری خواردن خواردبوو، دوو جامی گەورە، ئاوی خواردەوەو بە تاسووقەوە کەوتە جگەرەکێشان. فومین هاتە لایەوەو لە سەر قسەکانی خۆی ڕۆیی.

– قۆزاقەکان، بە گەرمی لێمان نایەنە پێشەوە. لە ڕاپەڕینەکەی پارەوە کە زیانی زۆریان پێگەیی بوو، تەمێ خواردوو بوون.... بەڵام لەگەڵ ئەوەشا هەندێ کەس پەیوەندییان پێوە کردووین. تا ئێستا چل نەفەرێك پەیوەندییان پێوەکردووین. بەڵام ئێمە جارێ پێویستمان بەمە نییە. ئەوەی گرینگە، ئەمەیە کە سەرانسەری ناوچەکە بهاڕوژێنین و کارێ بکەین ڕاپەڕن و ئاواییەکانی دەوروبەریش، وەکو خوپەرو ئۆست مدڤیدیتسکایاش بێنە هیمدادو کۆمەکمان. ئەو کاتە دەتوانین، بە ڕاشکاویو ڕوو بە ڕوو لە گەڵ حکومەتی سۆڤیاتیدا، قسە بکەین.

ئەو کەسانەی کە لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون، بە دەنگی بەرز لە بەینی خۆیاندا گفتوگۆیان دەکرد. گریگۆری گوێی لە قسەکانی فومین دەگرت و ژێراو ژێر دەیڕوانیە هاو قەتارەکانی. تاقە یەك کەسیانی نەدەناسی. تائێستاش باوەڕی بە قسەکانی فومین نەدەکرد. لە دڵی خۆیدا، بە فێڵ و دەهۆی دەزانین. بۆیە، سڵی دەکردەوەو قسەی نەدەکرد، بەڵام ئەم بێدەنگیەش تا سەر بڕی نەدەکرد. لە کاتێکا هەوڵیدەدا، ئەو باری خەواڵوییەی باڵی بە سەردا کێشا بوو، بڕەوێنێتەوە پرسی:

– هاوڕێ فومین، ئەگەر ئەم قسانەت بەجدیە، پێم بڵێ بزانم ئێوە چیتان دەوێ؟ دەتانەوێ شەڕێکی تازە هەڵگیرسێنن؟

– پێشتر لەمبارەیەوە قسەم بۆ کردیت.

– دەتانەوێ، حکومەت بگۆڕن؟

– بەڵێ.

– ئێ باشە، چ حکومەتێکی لە جێ دادەنەی؟

– حکومەتێکی خۆمانی، حکومەتی قۆزاقان.

– حکومەتی ئەتامانان؟

– دوایی باسی ئەوە دەکەین. حکومەتێك دادەمەزرێنین کە خەڵکی هەڵیبژێرن و پەسندی بکەن. خۆ ئەمە کارێکی قورس و نەکردەنی نییە. بەڵام نابێ پەلەی لێبکرێت: من بابایەکی سیاسی نیم و سەر لە سیاسەت دەرناکەم. من کابرایەکی جەنگاوەرم، ئەوەم لەسەرە کە کۆمیسەرو کۆمۆنیستەکان لە ناو بەرم. سەبارەت بە حکومەت، دەتوانی لە گەڵ کاپارین، سەرۆکی ئەرکانەکەی مندا قسە بکەیت. ئەو، پیاوێکی ژیرو ئاقڵەو، سەر لەو شتانە دەردەکات، ئاقڵ و خوێنەوارە، لەو بارەیەوە کلیلی ئەقڵی منە.

فومین، دەمی وەپەنا گوێی گریگۆری ناو، بە ئەسپایی گوتی:

– کاتی خۆی لە سوپای تزاریدا، نەقیب ڕوکن بووە، کەسێکی ئاقڵ و زرینگە! حاڵی حازر لەو ژوورەی ئەو تەنیشتەوە نوستووە، کەمێك نەخۆشە. ڕەنگە هی ئەوە بێ فێری ئەم ژیانە نەبێ. مەسافەیەکی زۆرمان بە پێیان بڕی.

لە ناکاوا، لە بەر هەیوان و ڕاڕەوەکەدا، غەڵبە غەڵبێك بەرز بووەوە. دەنگی پێ و ناڵە ناڵ و کێشماکێش و هاوارێکی سووك هات:

– تێی هەڵدە! بکێشە بە دەم و فلْقیا!

گفتوگۆی دەوری مێزەکە قەت بوو، فومین، بە نیگەرانیەوە ڕوانیە دەرگاکە، لە ناکاوا دەرگاکە کەوتە سەر گازی پشت. هەڵمێکی سپی چڕ، لە بەر دەرگاکەوە، هوڕوژمی هێنایە ژوورەوە. پیاوێکی بالاّ بەرز، سەرکۆت، بە قەمسەڵەیەکی خاکی ناودارو جووتێ چەکمەی لبادی خاکییەوە، بە شاپان فڕێدرایە ژوورەوە. بەدەم خزین و نوچدانەوە ڕۆیی و شانی بە توندی بە سووچی موغەیریەکەدا (سوپای دیواری) کەوت. پیاوێك لە ڕاڕەوەکەوە پێش ئەوەی بەتوندی دەرگاکەی پێوە بدات، بە شادییەوە هاواری کرد:

– ئەمەش یەکێکی دیکە!

فومین لە جێی خۆی هەستاو نیتاقەکەی (کەمەربەند) لە سەر قەمسەڵەکەیەوە ڕێکخست و بە کەش و فشەوە گوتی:

– تۆ کێی؟

کابرا، کە نیوە ڕوح کرا بوو، دەستی بۆ قژی خۆی برد، بەدەم هانکە هانکەوە، دەستی بۆ دەفەی شانی خۆی برد، چارەی لە ئازارا گرژ بوو، دیاربوو بە شتێکی قورس، کێشرا بوو بە گازەرای پشتیدا، دیار بوو بە قۆناغە تفەنگ لێیان دابوو.

– بۆچی قسە ناکەی؟ زمانت بڕاوە؟ گوتم: کێی؟

– سەربازێکی سوپای سوورم.

– سەر بە چ یەکەیەکی؟

– کەتیبەی دوازدەی کۆکردنەوەی ئازووقە.

یەکێك لەو پیاوانەی کە لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون، بە دەم زەردەخەنەوە، گوتی:

– ها! ها! نێچیرو دەسکەوتێکی باشە.

فومین لە سەری ڕۆیی:

– چیت دەکرد لێرە؟

– ماموری بەرگری بووین... ئێمەیان ناردبوو کە...

– حاڵی بووم. لێرە، لە گوندا، ژمارەتان چەند کەس بوو؟

– چواردە نەفەر بووین.

– ئەدی ئەوانی دی لە کوێن؟

یارۆی سەرباز، هیچی نەگوت، بە زەحمەت دەیتوانی دەم بکاتەوە.قرخە قرخیچك گەرویی گرت. ڕچە خوێنێکی باریك، لە گۆشەی چەپی زاریەوە، بە چەناگەیدا، هاتە خوارێ. دەستی بە لێوی

خۆیدا هێنا، تەمەشایەکی کردو بە پانتۆڵەکەی سڕی. بە دەم قووت دانەوەی خوێنەکەوە، بەدەم بڵمە بڵمەوە گوتی:

– ئەو بێشەرەفە... یەکێك لەوانەی ئێوە... سییەکانی بریندار کردووم...

قۆزاقێکی کەتەی زەلام، لە پشت مێزەکەوە هەستا، چاوێکی لە ئامادەبووان داگرت و بە تەوسەوە گوتی:

– خەمت نەبێ، چارت دەکەین!

فومین، هەمدیس پرسی:

– ئەوانی دیکەتان لە کوێن؟

– لە گەڵ کاروانی بارو بنەکاندا بەرەو ئیلانسکایا ڕۆییشتن.

– تۆ کوێندەریت؟ لە کوێ لە دایك بوویت؟

یارۆی سەربازی سوور، بە دوو چاوی شینی سوور هەڵگەڕاوەوە، تەماشایەکی فومینی کردو تۆپەڵی خوێنی تف کردە سەر ئەرزەکەو بە دەنگێکی زوڵاڵ و ساف وەڵامی دایەوە:

– ستانی پسکوف.

فومین، بە تەنزەوە گوتی:

– پسکوف، مۆسکۆ... ئێمە ئێوەگەل باش دەناسین! ... ئێوە لە بنی دنیاوە هاتوون و دەتانەوێ قووتی خەڵکی ببەن!... دەی بەسە، قسە کردن بە سە!... ئێستا چیت لێبکەین؟.

– پێویستە ئازادم بکەن.

– تۆ کوڕێکی ساویلکەی ها... یا بە ڕاستی ئازادی بکەین و با بڕوات، ئێوە چ دەڵێن کوڕینە؟.

فومین، بە دەم زەردەخەنەیەکەوە، ڕووی کردە ئەوانەی دەوری مێزەکە. گریگۆری کە زۆر بە وردی دیقەتی ئەو دیمەنەی دەدا، بزەیەکی پەنهان و مانادای بە سیمای ئەسمەرو هەتاو گازیانەوە بینی. یەکێکیان گوتی:

– با یەك دوو مانگێك لای ئێمە خزمەت بکات، هەنگێ ئازادی دەکەین، با بڕواتەوە بۆ لای ژنەکەی.

فومین، کە بێهودە هەوڵیدەدا، زەردەخەنەکەی خۆی بشارێتەوە، گوتی:

– لای ئێمە دەمێنیتەوە؟ ئەسپ و زینت دەدەینێ، جووتێ چەکمەی تازەی درێژت لە جیاتی ئەم چەکمە لبادیانە دەدەینێ... فەرماندەکانتان، بە خەمتانەوە نین، جل و بەرگی باشتان نادەنێ، ئاخر ئەمە پێڵاوە لە پێی تۆدا؟ بەفر خەریکە دەتوێتەوەو تۆ چەکمەی لبادت لە پێدایە. دەڵێی چی دێیتە لای ئێمە؟

یەکێك لە قۆزاقەکان، بە تەوسەوە، دەنگی خۆی باریك کردەوەو گوتی:

– ئەو کابرایەکی دێهاتیە، فەلاحە، بە عەمراتی سواری ئەسپ نەبووە.

یارۆی سەربازی سوور، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. پشتی دا بە سۆپاکەوە، بە چاوانی ساف و ڕەخشان دەیڕوانیە هەر چوار دەوری خۆی. جارجار بە دەم ئازارەوە چارەی گرژ دەبوو، هەر کاتێ کە هەناسەی سوار دەبوو، کەمێك زاری خۆی دەکردەوە. فومین پرسی:

– دێیته ڕیزی ئێمەوە یا نا؟

– بەڵام ئێوە کێن؟

– ئێمە کێین؟ (فومین، برۆی وێکهێنانەوەو دەستێکی بە سمێڵی خۆیدا هێنا) ئێمە خەباتکارانی ڕێگای خەڵکی زەحمەتکێشین، ئێمە دژی زوڵم و زۆری کۆمیسەران و کۆمۆنیستانین. بەڵێ، ئێمە ئەمەین:

گریگۆری بینی کە بزەیەك نیشتە سەر ڕوخساری یارۆی سەربازی سوور.

– باش بوو، زانیم ئێوە کێن.... بەردەوام لە خۆم دەپرسی: ئاخۆ ئەمانە کێ بن؟ ( یارۆی دیل، پێدەکەنی، بە دەم پێکەنینەوە دانە خوێناویەکانی دەردەکەوتن و لەوە دەچوو کە بەم هەواڵە، سەرسامیەکی ئاوێتە بە شادی، گرتبێتی. بەڵام نەوایەکی ئەوتۆ لە دەنگیا بوو، کە هەموو ئامادەبووانی وادار بە گوێگرتن کرد:

– یانی ئێوە خۆتان بە خەباتکاری ڕێگای جەماوەری خەڵك دەزانن؟ ها! بەڵام بە باوەڕی ئێمە، ئێوە تەنیا کۆمەڵە چەتەو ڕێگرێکن و هیچی دی. دەتانەوێ لە ڕیزی ئێوەدا خزمەت بکەم؟ بە ڕاستی نوکتەبازی چاکن! دڵتان شۆخی گەرەکە!

فومین، خێسەیەکی لێکردو گوتی:

– لەوە دەچێ، کوڕێکی سوعبەتچی بیت! تۆ کۆمۆنیستی؟

– نەخێر، هەڵبەتە نا! من حیزبی نیم.

– لەوە ناچیت.

– بە شەرەفم، حیزبی نیم.

فومین کۆکەیەکی بۆ کردو ڕووی بۆ لای مێزەکە وەرگێڕا.

– چوماکوف، فتی بکە!

سەربازە سوورەکە، بە ئەسپایی گوتی:

– من مستەهەقی کوشتن نیم، چونکە هیچم نەکردووە.

تاقە وەڵام، بێدەنگی بوو. چوماکوف، پیاوێکی چوار شانەی تۆکمە بوو، ئێلەکێکی چەرمی ئینگلیزی لەبەر بوو، بە بێتاقەتی لە جێی خۆی هەستا، دەستێکی بە قژە خورمایییەکەیدا، کە بۆ سەرەوە هەڵدرابووەوە، هێنا، شمشێرەکەی خۆی، لە نێو شمشێرەکانی سەر تەختەکە دەرهێناو بە سەری قامکان، تیژی دەمەکەی تاقیکردەوەو بە گۆساخی گوتی:

– من، لە م کارە بێزار بووم.

فومین، گوتی:

– مەرج نییە، بە دەستی خۆت ئەنجامی بدەیت. بە یەکێك لەو کوڕانەی نێو حەوشەکەی بسپێرە.

چوماکوف، نیگایەکی ساردی سەراپای سەربازە سوورەکەی کردو گوتی:

– دەی پێشم بکەوە، گیانە!

سەربازە سوورەکە، بە نە بە دڵی و بە قەدو باڵای نوشتاوەوە، بە ئەسپایی لە سۆپاکە هەڵبڕاو بەرەو دەرگاکە ڕۆیی، لە دواوە، شوێنەواری چەکمە لبادە تەڕەکانی، لە سەر ئەرزەکە نەخش بوون. چوماکوف، کە لە دوای دیلەکەوە دەڕۆیی، بە تووڕەییەکی دەستکردەوە گوتی:

– دەبوایە، بەر لەوەی بێیتە ژوورەوە، چەکمەکانت بسڕایە! تەمەشا، چۆن ژوورەکەت پیس کردووە. بە ڕاستی شتێکی پیسی، برای ئازیز!

فومین، لە دوایانەوە هاواری کرد:

پێیان بڵێ، بیبەنە کۆڵان، یا بیبەنە جێ خەرمانەکە. لە نزکی ماڵەکە نەیکوژن، دوایی خاوەن ماڵەکە لێمان زویر دەبێت.

ئەوسا چوو بۆ لای گریگۆری‌و لە تەنیشتیەوە، دانیشت.

– زۆر بە گورجی دادگاییان دەکەین، وا نییە؟

گریگۆری، نیگای لە نیگای ئەو بواردو وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ.

فومین، هەناسەیەکی هەڵکێشا:

– هیچ چارێك نییە، ئەمە کارێکە، لە ئێستادا دەبێ بکرێت...

ویستی شتێکی دیکەش بڵێ، بەڵام دەنگی تەپە تەپی پێ لە ڕاڕەوەکەوە هەستا، یەکێك هاواری کرد، فیشەکێك تەقێنرا. فومین بە تووڕەیی هاواری کرد:

– ئەرێ ئەوە چ گلاراوێکیانە لە دەرەوە؟

یەکێك لە وانەی دەوری مێزەکە، بە تەکانێك هەستاو بە لەقەیەك دەرگاکەی کردەوەو لە تاریکیەکەوە هاواری کرد:

– ئەوە چیە؟

چوماکوف، هاتە ژوورەوەو بە ئاوو تاو حاڵ‌و حیکایەتەکەی گێڕایەوە:

– ئەو بێشەرەفە، چەند شەتیان بوو! لە سەر قاڵدرمەکانەوە بازی داو پێی وەغارێوە نا. ناچار بووم فیشەکێکی لێخەسار بکەم. برادەران وا خەریکن، دار بە ڕوحیا دەدەن...

– بڵێ لە حەوشە بیبەنە دەرەوە، بیبەنە کۆڵانەکە.

– پێمگوتوون، یاکوف یفیمیچ.

بێدەنگی بۆ ماوەیەك باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا. پاشان یەکێکیان، بە دەم خواردنەوەی باوێشکەکەیەوە گوتی:

– چوماکوف، جەوی دەرەوە چۆنە؟ خەریکە بیکات بە سایەقە؟

– نا، ئاسمان هەورینە.

– ئەگەر باران بباریێ، هەموو بەفرەکە دەتوێتەوە.

– بارانت بۆ چیە؟

– بارانم ناوێ، بەڵام حەز ناکەم بە ناو قوڕو قوڕاو بکەم.

گریگۆری، چوو بەلای تەختەکەوە، کڵاوە فەروەکەی هەڵگرت، فومین لێی پرسی:

– بۆ کوێ دەڕۆی؟
– هەوایەك دەگۆڕم.
گریگۆری، چووە بەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگا. هەیڤ لە پشت پەڵە هەورێکی چکۆلەوە هاتبووە دەرەوە، ڕوناکییەکی کزی بە دنیادا بڵاودەکردەوە. حەوشە گەورەکە، سەر بانی عەمارەکان، ترۆپکی ڕووتی سپیداران کە قوچەکی چوو بوون بە ئاسمانا، ئەو ئەسپانەی کە نەرمە زینیان لەسەر پشت بوو و لە تەویلەدا بەسترا بوونەوە، و هەموو شتەکان لە ڕوناکی شینباوی نیوە شەودا نقوم بوو بوون. جەنازەی سەربازە سوورەکە، چەند مەترێك لەو لای پلەکانەوە، کەوتبوو، سەری کەوتبووە گۆلاوێکی پڕ لە بەفری تواوەو ڕوناکی و پرتەوێکی مات لێی دەدا. سێ قۆزاق بە دیارییەوە دانەوی بوونەوەو بە ئەسپایی قسەیان دەکرد. یەکێکیان بە پەستی گوتی:
– بە زاتی خوا هێشتا هەر هەناسە دەدا! ئاخر غەشیم ئاوها لە کوڵی دەکەیەوە؟ پێمگوتی: بکێشە بە سەریا، پەح کە دەس و پێ سپیت!
قۆزاقێکی دی، هەمان ئەو قۆزاقەی کە گریگۆری هێنابوو، بە دەنگێکی نووساو گوتی:
– گوێی مەدەیە، بە خۆی دەتۆپێ! هەناسەیەکی دیکە دەدات و دەتۆپێ!... کوا تۆزێ سەری بەرز بکەوە! ئەگینا واهی ناتوانم پاڵتۆکەی لە بەر دابکەنم! قژەکەی بگرە، بەرزی بکەوە، بەمجۆرە. ئاوا ڕایگرە.
گریگۆری، گوێی لە شڵپەی ئاو بوو. یەکێك لەو قۆزاقانەی کە بە دیار جەنازەکەوە بوون، پشتی ڕاستکردەوە. قۆزاقە دەنگ نووساوەکە، کە بە چیچکانەوە دانیشتبوو، بە دەم پرتەو بۆڵەوە قەمسەلەکەی لەبەر سەربازە کوژراوەکە دەرهێنا. دوای تۆزێك گوتی:
– دەستم زۆر سووکە، بۆیە یەکسەر ڕوحی دەرنەچوو. لە ماڵەوەش هەندێجار کە بەرازێکمان سەر دەبڕی... بەرزی بکەوە، مەیەڵە بکەوێت، دە دەی توخمە شەیتان! بەری مەدە!... بەڵێ، لە ماڵەوە کە بەرازێکم سەر دەبڕی. گۆشاو گۆش تا پشت ملیم دەبڕی، کەچی ئەو بەرازە لە جێی خۆی هەڵدەستایەوەو بە غار بە ناو حەوشەکە دەکەوت و ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە دەمایەوە، سەراپای لە خوێنا بوو. کەچی هەر غاری دەداو دەی پرخاند. نەیدەتوانی هەناسە بکێشێت، کەچی هێشتا هەر زندوو بوو. ئەمە هۆی ئەوەیە کە دەستم یەجگار سووکە. دەی، ئیدی بەری بدە... هێشتا هەر هەناسە دەدا؟ باوەڕ ناکەم! خۆ تەقریبەن ملیم کردووە بە دوو لەتەوە...
قۆزاقی سێیەم، ئەوەی قەمسەڵەکەی سەربازە سوورەکەی داکەند بوو، قەمسەڵەکەی دا بە سەر هەردوو دەستی خۆیداو گوتی:
– لای چەپیتان خوێناوی کرد... بە دەستمەوە دەنووسێت! یەع کە پیسە!
کابرای دەنگ نووساوی، دەنگ گڕ، دیسان بە چیچکانەوە دانیشت و بە ئاسوودەییەوە گوتی:
– قەیدی نییە، پاك دەبێتەوە، خۆ زەیت نییە. پەڵەیەکە دەڕوات، بە شتن دەڕوات، ئەمە خەمی ناوێ!
– قۆزاقی یەکەم بە ناڕەزاییەوە گوتی:
– چی دەکەی؟ دەتەوێ پانتۆڵەکەشی دا بکەنی؟

دەنگ گڕەکە، بە توندی بەرسڤی دایەوە:

– ئەگەر پەلەتە بڕۆ بە ئەسپەکان ڕابگە، ئێمە لێرە پێویستمان بە تۆ نییە. نایەڵین ئەم شتە بە نرخانە بە فیڕۆ بڕۆن!

گریگۆری، بە توندی، وەرچەرخاو هاتەوە ژووری. فومین بە وردی نیگایەکی کردو لە جێی خۆی هەستا.

– بابچینە ئەو ژوورە گەورەیەو دوو قسان بکەین. ئێرە غەڵبە غەڵبە.

ژوورە گەورەکە، کە بە باشی گەرم کرابوو، بۆنی مشكو شادانەی لێدەهات. پیاوێکی کورتە باڵا بە قەمسەڵەیەکی خاکییەوە، دەستو لاقی لێ بڵاوکردبوونەوەو لە سەر تەختێك خەوتبوو. قژە لوولەکەی لە گەندە موانەوە ئاڵا بوو. گۆنای نابووە سەر بالیفێکی چڵکنی بێ بەرەوە. چرایەك بە بن میچەکەوە دەسووتاو دەموچاوە زەردە ڕیشنەکەی ڕوناك دەکردەوە.

فومین، خەبەری کردەوەو گوتی:

– کاپارین، ڕابە. میوانمان هاتووە .خۆییە، گریگۆری میلیخوف، جاران لە سوپادا نەقیب بوو، بۆ زانیاریت.

کاپارین، لاقەکانی لە قەراخ تەختەکەوە شۆڕ کردنەوە، دەموچاوی هەڵگلۆفتو هەستا، کەمێك خۆی دانەواندەوەو تەوقەی دەگەڵ گریگۆریدا کرد.

– زۆر خۆشحاڵم. من نەقیبی ڕوکن کاپارینم.

فومین، دۆستانە کورسییەکی بۆ گریگۆری داناو خۆی لە سەر سەندووقەکە دانیشت. هەڵبەتە هەستی کردبوو کە کوشتنی سەربازە سوورەکە. کارێکی خراپی لە گریگۆری کردبوو، بۆیە گوتی:

– وا نەزانیت، ئێمە بەو زبرییە مامەڵە لە گەڵ دیلەکانماندا دەکەین. ئەم کابرایە یەکێك بوو، لە مەفرەزەکانی کۆکردنەوەی ئازووقەو دانەوێڵە، ئێمە ڕەحم بەمانەو بە کۆمیسەرەکاندا ناکەین. بەڵام خەڵکانی دیکە ناکوژین، بۆ نموونە دوێنێ سێ چریکمان (میلیشیا) گرت، ئەسپو زینو چەکەکانمان لێسەندنو خۆیانمان ئازاد کرد، کوشتنیان چ فایدەیەکی هەیە؟.

گریگۆری، هیچی نەدەگوت. دەستەکانی نابوونە سەر ئەژنۆکانیو لە فکران ڕاچوو بوو. وەکو ئەوەی لە خەوا بێ بەو ئاوایە دەنگی فومینی دەژنەوت (دەبیست). فومین لە سەری ڕۆیی:

– ئیدی، جارێ بەم شێوەیە دەجەنگین. بە هەرحاڵ بە نیازین قوزاقەکان (قوزاق: هەر تاکێك لە قەومی قوزاق، سەربازی سوارەی ڕووسی سەردەمی تزارەکان، سەربازی ئێرانی سەردەمی ئاخروئۆخری قاجارییەکان، کە لە لایەن ئەفسەرانی ڕووسیەوە مەشق دەدران و جلکی قوزاقانی ڕووسیان لە بەر دەکرد.) بهاڕوژێنین. دەسەڵاتی سۆڤیەتی دەوام ناکات. بەڵگەش ئەوەیە حاڵی حازر لە هەموو شوێنێ هەر شەڕە: لە سیبریا، لە ئۆکرانیا، تەنانەت لە خودی پتروگرادیشدا . هەموو ئستوڵەکانیان لەو قەڵایەدا، ناوی چی بوو، ها... لێیان هەڵگەڕاونەتەوە.

کاپارین فریای کەوتو گوتی:

– کرونستارت.

گریگۆری، سەری هەڵبڕی، بە دوو چاوی خەواڵووەوە ڕوانیە فومین، نیگای بە ئاشکرا وێڵ بوو، ئەوسا چاوی بۆ سەر کاپارین گواستەوە. فومین، پاکەتە جگەرەکەی خۆی بۆ ڕاگرت و گوتی:

– جگەرە هەڵگرە. بەڵێ، پترۆگرادیان گرتووەو بەڕێوەن بۆ مۆسکۆ! لە هەموو شوێنەکان هەمان دەنگوباسە. ئیدی کاتی نووستن نییە. کوزاقەکان هاندەدەین، دەیان وروژێنین و حکومەت و دەسەلاتی سۆڤیەتی سەرنگون دەکەین. خۆ ئەگەر کادێتەکان بە دەنگمانەوە بێن، هەنگێ دوو شەشمان دەبێ. ئەگەر پیاوە ڕۆشنبیرو خوێنەوارەکانیان حکومەت پێك بێنن، ئێمەش یارمەتیان دەدەین.

فومین، هەڵوەستەیەکی کردو ئەوسا پرسی:

– میلیخوف، تۆ چۆنی دەبینی؟ ئەگەر کادێتەکان لە دەریای ڕەشەوە بێن و ئێمە پەیوەندییان پێوە بکەین، ئایا ئەمەمان بۆ حیساب دەکەن، کە ئێمە یەکەم کەس بووین، لە پشت جەبهەوە دەستمان بە ڕاپەڕین کرد؟ کاپارین، دەڵێت، بێگومان حیسابمان بۆ دەکەن. بۆ نموونە، دەشێت لە سەر ئەوە لێپێچینەوە لە گەڵ مندا نەکەن. کە کاتی خۆی لە ساڵی ۱۹۱۸دا کەتیبەی بیست و هەشتم لەبەرەی جەنگ کێشایەوەو دوو ساڵێك لە خزمەتی حکومەتی سۆڤیەتدا بووم؟

گریگۆری لە دڵی خۆیدا گوتی: " کەواتە شینی تۆ بۆ ئەمەیە! بە هەموو گەوجێتییەکی خۆتەوە. سەگیشی بۆ حاڵی خۆت!..." و بێ ئیختیار بزەیەکی هاتێ. فومین چاوەڕوانی وەڵامی گریگۆری بوو. دیار بوو زۆر خەمی ئەم مەسەلەیەی بوو. گریگۆری بە دوو دڵییەوە گوتی:

– ئەمە وەختێکی زۆری دەوێ.

فومین، یەکسەر قسەکەی سەلماندو گوتی:

– بەڵێ، بەڵێ، وایە. من ئەو قسەیەم هەر واکرد. هەڵبەتە باشتر بەڕێوەیە. بەڵام گرینگ ئەوەیە ئێستا دەست بەکاربین. نابێ بە هیچ جۆرێ بواریان بدەین، بحەوێنەوە! ئەمانە هێزی پیادەی خۆیان لە گالیسکان ناوەو بە خەیاڵی خاوی خۆیان دەتوانن بۆڕمان پێبدەن... دەی ئەگەر ئازان با خۆیان تاقیبکەنەوە... تا هێزی سوارە بەفریایان دەکەوێ، ئێمە هەموو دەڤەرەکە هەڵدەگێڕینەوە.

گریگۆری، چاوی لە پێیەکانی خۆی بڕی بوو و لە فکران ڕاچوو بوو. کاپارین، داوای بوردنی کردو لەسەر تەختەکە ڕاکشاو بەدەم زەردەخەنەیەکی کاڵەوەو بە بێتاقەتی گوتی:

– زۆر ماندووم، ڕێ پێوانەکانمان دوورو درێژە، کەم دەخەوین.

فومین گوتی:

– ئێمەش وەختی ئیسراحەتمانە.

لەجێی خۆی هەستاو دەستە قورسەکەی خۆی خستە سەر شانی گریگۆری.

– میلیخوف،تۆ زۆر چاکت کرد کە ئەو ڕۆژە، لە ڤیشنسکایا بە قسەی منت کرد! ئەگەر ئەو ڕۆژە خۆت لە شوێنێکی قایمدا، تاقەت نەکردبا، دەیانکوشتیت. ئێستا لە ژێر لمەڵانەکانی ڤیشنسکایا خەوتبوویت و نینۆکەکانت ڕزی بوون.. ئەمەم وەکو ڕۆژی ڕوون لا عەیانە. دەی بڕیاری چیت دا؟ بیڵێ... تا بڕۆین بخەوین...

– دەربارەی چی؟
– لە گەڵماندا دەبی یا نا؟ خۆ ناکرێ، هەموو ژیانی خۆت بە قاچاخی لە ماڵی ئەم‌و ئەوا بە سەر بەری.
گریگۆری چاوەڕوانی ئەو پرسیاەر بوو. دەبوایە ڕێیەك هەڵبژێرێ: یا، وێڵ‌و سەرگەردان لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دی بڕوات، ژیانی بە برسێتی و خانە بە کۆڵی بگوزەرێنێ‌و بە دەم خەم‌و پەژارەو غەریبییەوە هەڵبکات تا ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکێك لە خانە خوێیەکانی خەبەری لێبدات یا بچێ بۆ دایەرەی سیاسی‌و خۆی ڕادەست بکات، یا دوای فومین بکەوێ.
گریگۆری بڕیاری خۆی دا. ئەو شەوە بۆ یەکەمجار، ڕاستەوخۆ چاوی لە دوڕ چاوانی فومین بڕی‌و بەدەم لێو هەڵقورتانەوە گوتی:
– من وەکو قارەمانی چیرۆکە ئەفسانەییەکەم لێ بە سەر هاتووە: ئەگەر بە قۆڵی چەپا بڕۆم ئەسپەکەم لە دەست دەدەم، ئەگەر بە دەستی ڕاستدا بڕۆم، دەکوژرێم... سێ ڕێگام لەبەردەمە هەرسێکیان کوێرە کۆڵانن...
– بڕیاری خۆت بدەو، واز لە چیرۆك‌و ئەفسانان بێنە، دوایی ئەفسانان دەگێڕینەوە.
– من هیچ شوێنێ شك نابەم ڕووی تێبکەم، بۆیە بڕیاری خۆم دا.
– ئێ؟
– دێمە دەستەکەی تۆ.
فومین، بە پەستی بڕۆی وێکهێنانەوەو بە دەم سمێڵ جووینەوە گوتی:
– جارێکی دی ئەم وشەیە بەکار مەیەنە. بۆچی "دەستە"؟ ئەمە زاراوەی کۆمۆنیستەکانە، ئەوان ئەم ناوەیان لێناوین. بەڵام تۆ هەق نییە ئەو وشەیە بەکار بێنی. ئێمە بە کورتیەکەی خەڵکانێکین لە دەسەڵات یاخی بووین‌و تەواو!
ئەم تووڕە بوونەی فومین، هەر چەند چرکەیەکی خایاند. هەڵبەتە بڕیارەکەی گریگۆری زۆر پێخۆش بوو، نەیدەتوانی خۆشحاڵی خۆی وەشێرێ.
بەدەم دەست هەڵگلۆفتنەوە گوتی:
– ئەوە پیاوێکی دیکەش هاتە ڕیزمانەوە! گوێت لێمە نەقیب ڕوکن؟ میلیخوف، ڕەعیلێکت پێ دەسپێرین. خۆ ئەگەر ناتەوێ فەرماندەیی ڕەعیل بکەیت، ئەوا لە دەستەی ئەرکاندا، لە گەڵ کاپاریندا کار بکە. من ئەسپەکەی خۆمت دەدەمێ، بە خۆم یەکێکی دیکەی یەدەگم هەیە.

((١٢))

دەگەڵ بەرە بەیاندا، زوقم‌و شەختە دنیای داپۆشی. تەنکە شەختەیەکی شینباو، سەری چاڵاوەکانی گرت. بەفرو بەستەڵەك لە ژێر پێیاندا قرچە قرچ دەشکان. جێ سمی ئەسپان، لە شێوەیەکی بازنەییدا، لە سەر جەمەدو بەستەڵەکەکە بە ئاستەم نەخش دەبوو و زوو دەکوژایەوە. بەڵام لەو شوێنانەدا، کە ڕۆژی پێشوو، بەفرەکەیان توابووەوەو وشکە گیاو پووشی پار سەریان

هێنا بووە دەرەوە، لە ژێر سمی ئەسپەکاندا، بە دەم جیڕەیەکی نزمەوە، بە ئاستەم، بە ئەرزەکەدا ڕۆدەچوون.

دەستەکەی فومین، لەوبەری گوندەکەوە، بە مەبەستی ڕێ پێوان ڕیز بوون. لە دوورەوە، لەسەر شاڕێیەکە، تارمایی شەش سواری دەورێ، کە لە پێش ڕەعیلەکەوە ڕێیان دەکرد، ناو بە ناو دەردەکەوت.

فومین، بە سواری ئەسپەکەی، هاتە نزیکی گریگۆرییەوەو بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

– ئەمە لەشکرەکەی منە! بەم کوڕە یەکی یەکیانەوە، دەتوانین شاخی شەیتانیش بشکێنین!.

گریگۆری، چاوێکی بە سەرانسەری تابوورەکەدا گێڕاو لە دڵی خۆیدا، بە پەشیمانیەوە گوتی: "ئەمە بەم لە شکرەتەوە، تووشی سریەکەی من، سریەی بودیونی دەبوویت، لە ماوەی نیو سەعاتدا دوامان دەبڕینەوە!".

فومین، بە سەری قامچییەکەی دەستی، ئاماژەی بۆ چەکدارەکانی خۆی کردو پرسی:

– چۆنیان دەبینی؟

گریگۆری، بە وشکی بەرسڤی دایەوە:

– بۆ کوشتنی دیل‌و ڕووتکردنەوەی مردوان عەیبیان نییە، بەڵام نازانم بۆ شەڕ چۆنن.

فومین، لە سەر ئەسپەکەیەوە، ڕووی وەرگێڕا، پشتی کردە بایەکەو جگەرەیەکی پێکردو گوتی:

– نەمرین، لە شەڕیشا دەیانبینی. ژمارەی خەڵکانی جەنگاوەرو کارامەی مەیدانمان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکات. ئەمانە دەستی پیاو ناکەن بە زاخا.

شەش عەرەبانەی دوو ئەسپەی، پڕ لە فیشەك‌و ئازووقە، لە ناوەڕاستی تابوورەکەدا بوو. فومین بە چوار ناڵە خۆی گەیاندە پێشی تابوورەکەو عازی حەرەکەتی دا. پاش ئەوەی گەیینە سەر گردەکە، دیسان هاتەوە لای گریگۆری و پرسی:

– ئێ، ئەسپەکەم چۆنە؟ بە دڵتە؟

– ئەسپێکی باشە.

ماوەیەکی زۆر، شانبەشانی یەك، بە بێدەنگی، بە سواری ئەسپەکانیان، ڕێیان کرد. ئەوسا گریگۆری پرسی:

– بە تەما نیت، بە تاتارسکیدا بڕۆیت؟

– بیری کەسوکارەکەت دەکەی؟

– حەزم لێیە سەرێکیان لێبدەم.

– ڕەنگە جەولەیەکی ئەو ناوانەش بکەین. بەڵام جارێ نیازم وایە بەرەو دەڤەری چیر بڕۆم‌و قۆزاقەکانی ئەوێ تەکانێك بدەم‌و کەمێکیان بجوڵێنم.

بەڵام قۆزاقەکان، زۆر دڵیان بەمجۆرە تەکان‌و جوڵاندنەوە نەبوو... گریگۆری لە یەکەم ڕۆژەوە پەی بەم ڕاستیە برد. هەرکاتێ گوندێك، یا شاروچکەو مەڵبەندی دەڤەرێکیان دەگرت، فومین فەرمانی دەردەکرد کە خەڵکەکە کۆببنەوە. زۆربەی کات بە خۆی وتاری دەدا، بەڵام هەندێجاریش کاپارین لە جیاتی ئەو قسەی دەکرد. داوایان لە قۆزاقەکان دەکرد کە چەك هەڵگرن، باسی ئەو

باره قورسەیان دەکرد کە حکومەتی سۆڤیاتی خستبوویە سەرشانی وەرزێرو جووتیاران، باسی ئەوەیان بۆ دەکردن کە ئەگەر حکومەتی سۆڤیاتی سەرنگون نەبێت، چ وێرانی و ماڵکاولییەك ڕوو دەدات. زمان و قسەکانی فومین، وەکو ئەوانەی کاپارین، بە ئاوو تاوو خوێنەوارانەو ڕێزمانی نەبوون، بەڵام لە زمانی قوزاقەکانەوە نزیکترو بۆ ئەوان مەفهوومتر بوون.

زۆربەی کات، بە چەند ڕستەیەکی کلێشەیی، کە ئەزبەری کردبوون، کۆتایی بە وتارەکانی دێنا: "لە مڕۆ بە دواوە لە تەحویلی ئازووقەی زیادە، ڕزگارتان دەکەین، لەمڕۆ بەدواوە دانەوێڵەو گەنم مەنێرن بۆ مەڵبەندی کۆکردنەوەی دانەوێڵە. کاتی ئەوە هاتووە ، دەستبەرداری بەخێوکردنی ئەم کۆمۆنیستە تەمەڵ و تەوەزەل و مێملانە ببن. ئەمانە بە گەنمی ئێوە قەڵەو بوون، بەڵام خەیاڵیان خاوە، ئەو زەمانە بە سەرچوو، کە بەڕەنجی شانی خەڵکی بژین. ئێوە خەڵکێکی ئازادن! دەست بدەنە چەك و پشتیوانی لە حکومەت و دەسەڵاتی ئێمە بکەن! قوزاقینە ڕابن، هیمەتێ!"

قازاقەکان، بە بێدەنگی و بە خەمبارییەوە چاویان دەبڕییە عاردی. بە پێچەوانەوە، ژنان زمانیان لێ بەرەڵلا دەکرد. دەنگ و هاوارو، پرسیاری پڕ تەشەر لە نێوانیانەوە بەرز دەبووەوە:

– حکومەتەکەی ئێوە خراپ نییە، بەڵام لە گەڵ خۆتاندا، سابوونتان بۆ هێناوین؟

– حکومەتەکەتان لە کوێ دادەنەن، لە تەرکی زینەکانتان؟

– باشە ئێوە خۆتان نانی کێ دەخۆن؟

– بە تەسەوری من، ماوەیەکی دی ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن و دەرۆزە دەکەن.

– شمشێریان پێیە. بە بێ ئیزن مریشکان سەر دەبڕن.

– ئاخر چۆن گەنمەکانمان نەبەین بۆ مەڵبەندی کۆکردنەوەی ئازووقەو دانەوێڵە؟ ئێوە ئەمڕۆ لێرەن، بەڵام سبەینێ بە چراشەوە لە دووتان بگەڕێین ناتاندۆزینەوە. ئیدی ئێمە دەبێ باج بدەین و مەسئولیەتی ئەمە هەڵگرین.

– ئێمە نایەڵین پیاوەکانمان بەرن! بڕۆن خۆتان بجەنگن!

ژنەکان، تووڕە بوو بوون و زۆر قسەی دیکەی لەو بابەتەیان دەکرد! چونکە لە ساڵانی جەنگی پێشوودا، زۆریان دیتبوو و چاویان بە تەواوەتی کرابووەوە، بۆیە لە جەنگی تازە دەترسان و بە پێداگرییەکی زۆرەوە خۆیان بە مێردەکانیانەوە هەڵدەواسی.

فومین، بە خەمساردی و بێموبالاتیەوە گوێی لە هەراو زەنای ژنەکان دەگرت. چاوەڕوانی دەکرد کە ئەم هەراو زەنایە تەواو بێ و هەنگێ ڕوو بکاتە پیاوەکان. پیاوەکانیش زۆر بە هێمنی و بە کورتی وەڵامیان دایەوە:

– هاوڕێ فومین، زۆرمان لێمەکەن. بە ڕاستی لە شەڕ بێزار بووین، زۆرمان شەڕ کرد، بەسە ئیدی.

– ئێمە ئەم شتەمان تاقیکردووەتەوە، لە ساڵی ١٩١٩ ڕاپەڕینمان بەرپا کرد.

– نە هەلومەرجی ڕاپەڕینمان تیایەو نە ڕاپەڕینیش فایدەی هەیە، حاڵی حازر پێویستمان بە ڕاپەڕین نییەو ڕاپەڕین هیچ دەردێکمان دەرمان ناکات.

– ئێستا کاتی تۆو داچاندنە. نەك شەڕو چەکداری.

ڕۆژێك، پیاوێك لە ناو ئاپۆڕای خەڵکەکەوە هەڵیدایە:

– تۆ ئێستا کە ئەم قسە خۆشانە دەکەی، لە ساڵی ١٩١٩دا، کە ئێمە ڕاپەڕینمان بەرپا کرد تۆ لە کوێ بوویت؟ فومین گیان تۆ درەنگ خەبەرت بووەتەوە!

گریگۆری بینی کە فومین چۆن ڕەنگی گۆڕا، کەچی وێڕای ئەوەش جڵەوی خۆی گرت‌و وەڵامی نەدایەوە.

فومین، لە هەفتەی یەکەمدا، زۆر بە هێمنی گوێی لە ئیرادی قازاقەکان دەگرت‌و لە ئاستی وەڵامی کورت‌و ناڕازی ئەواندا، تەحەمولی دەکرد، تەنانەت هاوارو تەشەرو تانەو جنێوی ژنەکانیش شلوێی نەدەکرد. بە متمانەی تەواوەوەو بە دەم زەردەخەنەوە، دەیگوت: "هیچ نییە، ئەنجام هەر دەیان هێنینە ڕەدا!" بەڵام کە بەرە بەرە بۆی دەرکەوت کە جەماوەری خەڵکی قازاق، لە گەڵ ئەودا نین، ڕەفتارو هەڵوێستی دەربارەی ئەو کەسانەی کە لە کۆبوونەوەکاندا قسەیان دەکردو ناڕەزاییان دەردەبڕی. بە تەواوەتی گۆڕا. ئیدی وای لێهات، هەر بە سەر ئەسپەکەیەوە خوتبەی دەداو زیاتر هەڕەشەی دەکرد تا هەوڵی ئەوە بدات قەناعەت بە خەڵکی بێنێ. بەڵام ئەنجام هەر یەك بوو: ئەو قوزاقانەی ئەو ئومێدی پێیان بوو کە پشتیوانی بکەن، بە بێدەنگی گوێیان دەگرت‌و بە هەمان بێدەنگیش بڵاوەیان لێکرد.

جارێك لە گوندێکا، دوای ئەوەی فومین وتاری خۆی دا، بێوەژنێکی قازاقی بەرپەرچی دایەوە. ژنێکی باڵا بەرزی، کەتەو زەلام بوو. بە دەنگێکی گڕی پیاوانە بەدەم قسانەوە، دەستی وەکو پیاوان دەجوڵاند. دەموچاوە پینە ئاوڵاویەکەی ناڕەزایی لێدەباری، لێوە ئەستوورەکانی بە بەردەوامی دەجوڵاندو بزەیەکی تەوسامێزیان بەسەرەوە بوو. لە کاتێکا کە بە دەستە سوورو قەڵەوەکانی ئاماژەی بۆ فومین، کە وەکو بت بەبێ جوڵە بەسەر ئەسپەکەیەوە دانیشتبوو، دەکرد، بەر دەمرێژی جنێوی دا:

– بۆچی لێرە ئاژاوە دەنەیتەوەو خەڵکی دەوروژێنی؟ دەتەوێ قازاقەکانمان کێوە بەری ؟ بۆ کام کون؟ مەگەر ئەم شەڕە نەحلەتیە، کەمی لە ئێمەی خێڵی ژنان بێوەژن خستووە؟ کەم منداڵی بێ باوك کردووە؟ دەتەوێ بەڵایەکی دیکەمان بە سەر بینی؟ ئەم تزارە ڕزگاری بەخشە کێیە لە گوندی روبژنییەوە بۆمان هاتووە؟ تۆ جارێ بڕۆ نەزم‌و نیزام لە ماڵەکەی خۆتا بەرقەرار بکە، ماڵەکەی خۆت ئاوەدان بکەوە، ئەوجا وەرە دەرسی ئێمە دابدەو پێمان بڵێ چ حکومەتێکمان دەوێ‌و چ حکومەتێکمان ناوێ! ئێمە چاك دەزانین کە لە ماڵەکەی خۆتا ژنەکەت ناتوانێ سەر بەرز بکاتەوەو بەردەوام وەکو کارەکەر لە ژێر گیرۆداری کاردایە. کەچی هاتووی بە سواری ئەسپێکەوە خۆت بە سەر ئێمەدا فش دەکەیتەوەو خەڵکی هاندەدەیت‌و کەچی ماڵەکەی خۆت ئەگەر با نەیگرتبا دەمێ بوو ڕوخا بوو. تەمەشا بزانە کێ دەیەوێ ڕێ بە ئێمە نیشان بدات! بۆچی قسە ناکەیت، موو سوور؟ ئەوەی من دەیڵێم ڕاست نییە؟

پێکەنینێکی ئارام، وەکو شنەبا، بە نێو ئاپۆڕاکەدا هات‌و ڕۆیی. فومین، دەستی چەپی نابووە سەر قەڵپووسی زینەکە، بە هێمنی دەستی بۆ هەوسارەکە برد، ڕوخساری لە داخانا ڕەش هەڵگەڕابوو، بەڵام هیچی نەدەگوت، لە هزرو بیری خۆیدا، بیری لەوە دەکردەوە، ڕێگایەك بدۆزێتەوەو لەم هەڵوێستە هەستیارە دەرباز بێت.

بێوەژنەکە، کە جڵەوی خۆی لە دەست دابوو، بە دەنگێکی دلێر، لە سەری ڕۆیی.

– جا ئەم حکومەتەی کە دەتەویٚ پشتیوانی لێبکەین، چ حکومەتێکە؟

ژنەی تاین، هەردوو دەستی خستنە سەر سمتە ئەستوورەکانی، کە بەدەم ڕێوە شەپۆلی دەداو بە ئەسپایی بەرەو لای فومین دەچوو. پیاوەکان کە بەدەم زەردەخەنەی پەنهانەوە چاوە خەندانەکانیان بڕی بووە ئەرزەکە ڕێگایان بۆ کردەوە.

پیاوەکان، کە دەتگوت بۆ سەما ئەڵقەیان بەستبوو، بەدەم لاکەوتن و ڕێگا کردنەوەوە یەکیان دەڵەك دەدا.

بێوەژنەکە، بە دەنگە دلێرەکەی خۆی گوتی:

– حکومەتەکەی تۆ، هەرکە ئێوە لێرە بڕۆن، بۆ یەك ساتیك خۆی بە پێوە ناگریت. تۆ دەبیٚ حکومەتەکەی خۆت بە دوای خۆتدا ڕابکێشیت، لە هیچ شوێنێکدا، تەمەنی لە یەك سەعات پتر نابێت! "ئەمڕۆ بە سەر ئەسپەوەیت و سبەی دەبیٚ بە سکە خشکیٚ بە ناو قوڕوسیاناو بکەویت". جا تۆ خۆت و حکومەتەکەت ئاوان!

فومین، بە توندی ئەسپەکەی بەرمامێزان داو بە ناو ئاپۆڕای خەڵکەکە کەوت. خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە چوونە دواوە. بێوەژنەکە بە تاقی تەنیا لە ناوەندی ئەڵقەیەکی گەورەدا مایەوە. دنیای زۆر دیتبوو، بۆیە بە ئاسوودەیی و ئەرخایەنییەوە دەیڕوانیە دانە گرەکانی ئەسپەکەو ڕوخساری سوارەکە کە لە داخا، سپی هەڵگەڕا بوو. فومین ئەسپەکەی بەرەو ئەو تاوداو شەلاقەکەی بەرز کردەوە:

– دەمت داخە، دالأشی دەموچاو گڕویٚ! بۆچی پڕوپاگەندەمان دژ دەکەیت؟

سەری ئەسپەکە، بەدەم و قەپۆزی کراوەوە، ڕێك بەدیار سەری بێوەژنە بێباك و نەترسەکەوە بوو. تۆپەڵێك کەفی ئامال سەوزی کاڵ، لە دەمی ئەسپەکەوە دەرپەڕی و کەتە سەر لەچکە ڕەشکەی ژنەو لەوێندەرەوە بە سەرگۆنایدا داخزی. ژنە بە پەلەپیتکەیەك کەفەکەی لە خۆی دوور خستەوەو هەنگاوێك چووە دواوە. بە چاوانی ئەبڵەقەوە، کە لە تووڕەییدا چەخماخەیان دەدا، ڕوانیە فومین و هاواری کرد:

– تۆ ماقی قسەکردنت هەیە، بەلأم ئێمە نیمانە ها؟

فومین، شەلاقەکەی پێدا نەکێشا، بەلأم بایداو هاواری کرد:

– بەلشەفیکی چەپەڵ؟ هەر هەموو، ئەم قسە قۆڕانە لە کەللەت دەردێنم! بزانە چۆن ڕادەسپێرم تەنوورەکەت هەڵدەنەوەو بە زەمەی تفەنگ تێت بەربن، ئەو کاتە قەدری عافێت دەزانیت و وەهۆش دێیتەوە!

بێوەژنەکە، چەند هەنگاوێکی دیکەش کشایەوە، لە ناوا پشت لە فومین دانەوییەوە و تەنوورەکەی هەڵدایەوەو گوتی:

– ها، پاڵەوان، پێشتر شتی وات نەدیتووە؟

ئەوجا بە گورجی هەستایەوەو ڕووی کردەوە فومین و گوتی:

– من؟ لە من بدەن؟ تۆ هێشتا منداڵی، بڕۆ چڵمەکەت بسڕە!..

فومین لە داخا تفێکی کرد، جڵەوی ئەسپەکەی بە توندی ڕاکێشاو بەدەنگی بەرز گوتی:

– دای پۆشە، پیرە ماینی ستێور (قسر، نەزۆک)! بە سمتو ساتانی ئەستوورەوە دەنازێت!.

ئەوسا، سەری ئەسپەکەی وەرگێڕا.

پێکەنینێکی نـزم لـە نێـو خەڵکەکـەدا بڵاوبـووەوە. یـەکێك لـە چـەکدارەکانی فـومین، بـۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو سووکایەتیەی کە بە فەرماندەکەی کرا بوو، بە غار بەرەو لای بێوەژنەکە ڕۆیـیو قۆناغـە تفەنگێکی لێڕاسـت کـردەوە. بـەڵام قـازاقێکی بـاڵا بـەرز، کـە سـەرو گـەردنێك لـەو بەرزتر بوو، شانە پانەکانی خـۆی بـۆ بێوەژنەکە کـرد بـە قـەڵغانو بـە ئـارامی، بەڵام زۆر بەجـدی گوتی:

– دەستی بۆ نەبەی؟!

سـێ پیـاوی دیکـەی خـەڵکی گوندەکـە، بـە پەلـە هاتنـە بـەرەوەو بێوەژنەکـەیان بـردە دواوە. یەکێکیان کە گەنجێکی کاکۆڵ پڕ بوو، بە ئەسپایی بە سەربازەکەی فومینی گوت:

– دەست لە کێ بەرز دەکەیتەوە، ها؟ لێدانی ژن کارێکی ئاسانە. ئەگەر ئازایت بڕۆ لەو سەرە، لە ناو گردەکاندا ئازایەتی خۆت بنوێنە، دەنا هەموو کەسێك لەبەر ماڵاندا قارەمانە...

فومین، بـە سـواری ئەسـپەکەی تـا پـای دیوارەکە ڕۆیـی، لـەوێ هەسـتایە سـەر ڕکێفـەکانو ڕووی کردە ئاپۆڕای خەڵکەکە، کە بەرە بەرە بڵاوەیان لێدەکرد، هاواری کرد:

– قزاقینە، کەمێ باشتر بیر بکەنەوە! ئەمجارەیان بە زمانی خۆش قسەتان لەگەڵ دەکەین، بەڵام هەفتەی داهاتوو دێینەوەو هەنگێ بە زمانێکی دیکە قسەتان لە گەڵ دەکەین.

بەڵام لە ناکاوا، مجێزی گۆڕا، بایدایەوە سەر خووی شادی خۆیو بەدەم پێکەنینەوە، لە کاتێکا جڵەوی ئەسپەکەی، کە هەر هەڵبەز و دابەزی بوو، بە توندی ڕادەکێشا، گوتی:

– ئێمـە لـەو ترسـنۆکانە نـین. کـە ئێـوە بـە.... ژنەکانتان بمـان ترسـێنن (فـومین چـەند وشـەیەکی ناجۆری بەکار برد). ئێمە لـەم ژنـە ئاوڵاویانـەمان زۆر دیتـووە. ئێمـە دەگەڕێینـەوە، ئەگـەر کەسـتان لـە خوایشـتی خۆتـان نەیەنـە ڕیـزی هێزەکـانی ئێمـەوە، هـەنگێ هـەر هـەموو گەنجـەکان، بـە خـورتی دەخەینـە ژێـر چـەك. جـا بـۆ خۆتـان بـیری لێبکەنـەوە! ئێمـە دەرفـەتی ئـەوەمان نییـە، نەوازشـتان بکەینو نازتان هەڵگرینو چاو ببڕینە چاوتان!

ئـاپۆڕای خەڵکەکـە کـەمێك وەسـتان، دەنگـی پێکـەنینو قسـانیان بـەرز بـووەوە. فـومین، بـەدەم زەردەخەنەوە فەرمانی دا:

– دەی کوڕینە سوار بن!

گریگۆری کە هەوڵیدەدا پێکەنینەکەی خۆی بخواتەوە، بە سواری ئەسپەکەی بەرەو ڕەعیلەکەی خۆی ڕۆیی.

هێزەکـەی فومین، لەسـەر جـادە گڵەکـە ڕیزیـان بەسـت، بـەدەم ڕێکردنـەوە گەیینـە سـەر گردەکـەو گوندە میوان ناپەروەرکە لە چاو ون بوو، بەڵام گریگۆری هێشتا جار جار بەدەم بزەو پێکەنینـەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "بەوەی باشە، ئێمەی قوزاق لە بەینی خۆماندا سوعبەتچین، ئەوەندەی سوعبەتچین، ئەوەندە خەم هەڵگرنین. خۆ ئەگەر قـەرار بوایـە هـەموو شتێك بە جدی بگرین،–خـوا

بەو ڕۆژە نەکات– دەبوایە زۆر لە مێژ بوایە خۆمان هەڵواسیبا!" ئەم کەیف و خۆشیە تا ماوەیەك لەوە دواش هەر بەری نەدا، لە قۆناغی دووەمدا بەوپەڕی نیگەرانیەوە لە فکران ڕاچوو، دڵنیا بوو، کە ناتوانین قزاقەکان بۆ ڕاپەڕین هانبدەن و کەس بە گوێیان ناکات و هەر هەموو پڕۆژەو نەخشەکانی فومین، شکست دێنیٚ و جگە لە کارەسات هیچی تری لێشین نابێت.

((١٣))

بەهار هات، زەوی نێر بووەوە، هەتاو گەرم بوو. بەفری قەد پاڵی باشووری گردەکان کەوتە توانەوە. زەوی کە لە پووش و ڕوەکی وشکەوە بووی پارا، زەرد دەچووەوە، لە کاتی نیوەڕۆدا، تەنکە تەم و هەڵمێکی ناسك دایدەپۆشی. لە شوێنانی بەر بە ڕۆژو هەتاوگردا، لە سەر گردەکاندا گیا هەنگوینە بە ڕەنگی سەوزی ڕەخشانەوە، لە ژێر ئەو بەردانەوە کە گڵە سوور دای پۆشی بوون، چەکەرەیان دەکردو سەریان دەردێنا. وەردو شۆوە پایزەکان ڕووت بوون. قەلەڕەش و قاژوان لە جادەو بانە زستانیەکانەوە، بەرەو خەرمانگاو گەنمە جاڕە پایزەکان، کە ئاوی بەفری تواوە دای پۆشی بوون، کۆچیان دەکرد. تۆپەڵە بەفری شینباو، لە خەرەندو کەندڕەکاندا، بە سەر ئاوەوە مەلەیان دەکرد، هێشتا هالاوی سەرمایەکی سەختیان لێهەڵدەستا، بەلام جۆگەلە ئاوی چکۆلەی نادیار، لە ژێر بەفری بنارەکاندا، بەدەم خوڕە خوڕێکی نەرم و خۆش ئاهەنگەوە، دادەگەڕا. قەدی سپیدارێن ناو بێشەکان، بە ئاستەم سەوزاییان تێدەگەڕا.

وەرزی ئیش و کار بەر دەرکەی بە خەڵکی دەگرت. دارو دەستەکەی فومین، ڕۆژ بە ڕۆژ. کەم دەبوونەوەو دیار نەدەمان. لە گەڵ هەر قۆناغ و لادانێکدا، یەك دوو نەفەر دیار نەدەمان. بەیانیەك کە هەستان، سەیریان کرد، نزیکەی نیو ڕەعیل بە جاریٚ دیار نەمابوون: هەشت کەس بە خۆو ئەسپ و چەکەکانیانەوە چوو بوون بۆ ڤیشنسکایا، تاخۆیان ڕادەست بکەن. وەرز، وەرزی شۆ بڕین و تۆو داچاندن بوو. زەوی و زار قوزاقانی بۆ ئیش و کار بانگدەکرد. گەلێك لە چەکدارەکانی فومین کە لە بێهودەیی شەڕەکانی ئەو دڵنیا بوو بوون، بە دزییەوە فیزماڵکیان (خۆدزینەوە) دەدایەوە، دارو دەستەکەی ئەویان بەجێدەهێشت و بۆ ماڵی خۆ دەگەڕانەوە. ئیدی ئەو کەسانە مابوونەوە کە لە هەموو ئەوانی دی کەڵەمە ڕەقتر بوو و خەتاو تاوانیان بەرانبەر بە حکومەتی سوڤیاتی لەوە گەورەتر بوو کە ئومێدی بەخشینیان هەبێت.

لە ڕۆژانی هەوەڵی مانگی نیساندا، فومین خۆی و تەنیا هەشتاو شەش کەسی دەگەڵ مابوونەوە. گریگۆری یەکێك بوو لەوانەی کە لە گەڵیا مابووەوە: زاتی ئەوەی نەدەکرد بۆ گوندەکەی خۆی بگەڕێتەوە. زۆر دڵنیا بوو کە فومین گەمەکەی دۆڕاندووەو دارو دەستەکەی درەنگ یان زوو، بڵاوەی لێدەکەن و دوا بەیەکیان تیا دەچن. دڵنیا بوو لە گەڵ یەکەم ڕوو بە ڕوو بوونەوەو شەڕی جدی دەگەڵ هێزی سوارەی سوپای سووردا، تەفرو تونا دەبن. بەلام وێڕای ئەمەش هەر لە گەڵ فومیندا مابووەوەو لە دڵی خۆیدا بە ئومێدی ئەوە بوو، هەر چۆنیٚ بووە، ڕۆژگاری دەگەڵ بگوزەرێنیٚ تا دەگەنە هاوین و ئەوسا دوو باشترین ئەسپی دارو دەستەکە بەرێت و شەوێك خۆی بە تاتارسکیدا بکات و لەوێندەرەوە دەگەڵ ئەکسینیادا بەرەو باشوور

بڕوات. بەڵێ دەشتی دۆن، یەجگار پان و بەرینەو هاماجێکی کراوەی هەیەو پڕە لە ڕێگەوبانی چۆڵ و هۆڵ، لە هاوینا هەموو ڕێگاکان کراوەیەو دەتوانێ بە کەیفی دڵی خۆی پەناو پەسێران وەدۆزێت و خۆی پەنا بدات. لە دڵی خۆیدا ،بەو نیازە بوو کە لە شوێنێکدا ئەسپەکان بەرەڵڵا بکات و خۆی و ئەکسینیا بە پێیان بەرەو کوبان بینەوەو لە چیایەکانی ئەوێدا، دوور لە زێدوزاگەی مەرزو بۆی خۆی، جێگیر ببێ و چاوەڕوانی ڕۆژێك بکات، کە ئەم ئاژاوەو پاشاگەردانیە کۆتایی بێت و بڕەوێتەوە.

گریگۆری، جگە لەمە، ئەقڵی بە هیچ چارەسەرێکی دیکەدا نەدەشکا. فومین، لەسەر قسەی کاپارین، بڕیاری دا، کە بەر لە توانەوەی بەستەڵەکی سەر ڕووبارەکە، بۆ بەری چەپی دۆن بپەڕێتەوە. چونکە لەم حاڵەتەدا، دەیتوانی خۆی لە هێرشی دژمن بدزێتەوەو پەنا بەرێتە بەر ئەو بێشەو دارستانانەی کە لە هەرێمی خوپەردا یەجگار زۆر بوون.

دارو دەستەکەی فومین، لە سەرووی گوندی ریبینییەوە لە دۆن پەڕینەوە. لەو شوێنانەدا کە تەوژمی ئاوەکە توند بوو، پارچە سەهۆڵان بەدەم ئاوەکەوە داخزی بوون. جا لە بەر تیشکی هەتاوی مانگی نیساندا، ئاوەکە وەکو پولەکەی زیوین، دەبریسکایەوە. بەڵام لەو شوێنانەدا کە ڕووبارەکە مەندو نسێ بوو، بەفرو بەستەڵەك بە ئەستوریی مەترێك سەر ئاوەکەی گرتبوو. نەفەرەکان حەسیریان لە سەر بەستەڵەکەکە، ڕاخست و هەوساری ئەسپەکانیان توند گرت و یەك یەك پەڕاندیاننەوە. دوای ئەوەی چوونە ئەوبەری دۆن، ریزیان بەست. دەورێیەکیان، بۆ شناسایی لە پێش خۆیانەوە دەرکردو ئەوسا بەرەو سەمتی ئیلانسکایا کەتنە ڕێ.

گریگۆری بۆ سبەینێ، تووشی کابرایەکی خەڵکی گوندەکەی خۆیان بوو، تووشی چوماکوفە پیری یەك چاو بوو. چوماکوف دەچوو بۆ گوندی گریازنوفسکی، بۆ سەردانی یەکێك لە خزمەکانی خۆی. لە نزیکی گوندەکەدا تووشی بوو بە تووشی دارو دەستەکەی فومینەوە.

گریگۆری، پیرەمێردی بردە کەنار ڕێگاکەوە و لێی پرسی:

– ئەرێ، باپیرە، منداڵەکانم چۆنن، حاڵیان باشە؟

– خوا ڕاوەستایان بکات، گریگۆری پانتلیوفیچ، هیچ عەیبیان نییە ساغ و سەلامەتن.

– بابە گەورە من یەك تکام لە تۆ هەیە: سڵاوی منیان پێبگەیەنە، بە منداڵەکان، یەڤدۆکیا فانتلیوڤنای خوشکم، هەروەها سڵاوم بە پروخۆر زیکوف بگەیەنە، بە ئەکسینیا ستاخوڤاش بڵێ کە چاوەڕوان بکات بەم زوانە دەچم بە شوێنیا. بەڵام جگە لەوانە، بە هیچ کەسێکی دیکە مەڵێ، کە منت دیتووە، باشە ؟

– بە سەرچاو، دڵنیابە. مەترسە، چیت گوتووە ئەوەیان پێدەگەیەنم.

– ئەدی خەبەرو باسی تازەی گوند؟

– وەکو خۆیەتی، هیچ شتێکی تازە لە ئارادا نییە.

– کوشیڤوی، هێشتا بەرپرسی کۆمیتەیە؟

– بەڵێ، هێشتا هەر بەرپرسە.

– هیچ سەریەشەو کێشەیەکی بۆ ماڵباتەکەم دروست نەکردووە؟

– هیچم لەو بارەیەوە نەزانیوە، جا ئەو هەقی چیە بە سەریانەوە؟ خۆ ئەوان لە کارو هەڵوێستی تۆ بەرپرس نین...

– خەڵکی گوند چیم دەربارە دەڵێن؟

پیرەمێرد، فنگێکی کرد، ماوەیەك بە دەستەسڕە سوورەکەی کەوتە سڕین و پاککردنەوەی ردێن و سمێڵەکەی و سەرەنجام گوتی:

– خوا دەیزانیٚ چ دەڵێن... جۆرەها قسە دەکەن. هەر چیەکیان بە خەیاڵدا بیٚ، دەیڵێن. باشە بەو زوانە لە گەڵ حکومەتی سۆڤیەتیدا ڕێکدەکەون؟

گریگۆری، دەیتوانی چ وەڵامێکی بداتەوە؟ بە توندی هەوساری ئەسپەکەی، کە دەیویست دوای سوارەکانی دی بکەویٚ، ڕاکێشاو بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– نازانم باپیرە، حاڵی حازر هیچ خەبەرو باسێك نییە؟

– چۆن هیچ خەبەرێك نییە؟ ئێمە لە گەڵ چەرکەسدا، لە گەڵ تورکدا، شەڕمان کرد، بەڵام ئەنجام هەر سوڵح بوو، خۆ ئێوە خەڵکی یەك وڵاتن، گوایە ناتوانن پێکبێن؟... بە ڕاستی ئەمە کارێکی باش نییە، گریگۆری پانتللیوفیچ باوەڕ بکە ئەمە کارێکی باش نییە! خوای میهرەبان، هەموو شتێك دەبینیٚ، ئەم کارە لە ئێوە قەبووڵ ناکات. ئەم قسەیە هەڵگرەو لەبیری مەکە. ئاخر ماقووڵە، هەموو ڕووس، هەموو ئەرتەدۆکس، تا سەر یەك بکوژن و کۆتایی بەم حاڵە نەیەنن. دەبوایە دوای ماوەیەکی کەم سوڵحتان کردباو تەواو، ئاشت بوونایەتەوە... بەڵام ئەوە چوار دانەساڵە، یەخەی یەکتان گرتووەو دەست بەردار نابن و نابن. ئەقڵی پیری من پیٚم دەڵێت: کاتی ئەوە هاتووە سنوورێك بۆ ئەم شەڕە دابنەن.

گریگۆری، خوا حافیزی لە پیرەمێردەکە کردو بە چوار ناڵە دوای ڕەعیلەکەی خۆی کەوت. چوماکوف پیرەمێرد، ماوەیەکی زۆر خۆی بە سەر گۆپاڵەکەیدا دا، بە سەری قۆڵی قەمسەڵەکەی، چاوە کوێرەکەی کە ئاوی کردبوو، سڕی و بە تاقە چاوەکەی، کە لە قوەتی چاوی گەنجاندا بوو، لە دواوە تەمەشای گریگۆری دەکرد کە دوور دەکەوتەوە، لە دڵی خۆیدا کەوتە ستایشی سوار چاکیەکەی و لە بن لێوانەوە گوتی:

– قوزاقێکی باشە! لە هەموو ڕوویەکەوە شایستەیە، لیٚ حەیف و مخابن گومڕایە. لە ڕێگەی ڕاست لایداوە! ئەلهەقی دەبوایە شەڕی چەرکەسان بکات، بەڵام تۆ تەمەشا چ ڕێگەیەکی هەڵبژاردووە؟ ئاخر ئەمە چی لە حکومەت دەویٚ؟ ئەم قوزاقە گەنجانە چۆن بیر دەکەنەوە؟ ئاخر بە تەمای چین؟ واز لەم گریشکایە بێنە، ئەمانە هەر بە تیرەو تایفە کەللە شەقن، پانتلی ڕەحمەتیش وابوو، لە بیرمە، بروکوف باپیریشی... مەگەر خوا بزانیٚ چەند توندە تەبیعەت بوو، سێوێکی تاڵ بوو، بەشەر نەبوو... ئەدی ئەم قوزاقانەی دی چ بیرێك لە کەللەی داون!... خوا بمگریٚ ئەگەر لێیان تێبگەم!

***

فومین، ئێستا وەکو جاران، کە دەیدا بە سەر گوندێکاو دەیگرت. ئیدی کۆبوونەوەی بە خەڵکەکە نەدەکرد. پەی بەوە بردبوو کە بانگەشەو پڕوپاگەندە بێهودەیە. ئێستا زیاتر لە خەمی

ڕاگرتن و هێشتنەوەی دارو دەستەکەیدا بوو، تا کۆکردنەوەی چەکدارانی تازە. فومین، ئێستا کەسێکی دڕژو کەمدوو بوو. بۆ دڵنەوایی خۆی خووی دابووە ڤۆدگا. هەر شەوێك بۆی ڕێکەوتباو لە گوندێکدا لایدابا، کوڕو مەجلیسی خواردنەوەی گەرم دەکرد. سەربازەکانیش بە چاولێکەری فەرماندەکەیان دەکەتنە بادەنۆشی. هیچ زەبت و ڕەبت و زاکونیەك نەمابوو، ڕاو ڕووت و تاڵان و بڕۆ، بوو بوو بە باو.ماڵی فەرمانبەرانی سۆڤیاتی، ئەو فەرمانبەرانەی کە لە گەڵ نزیك بوونەوەی دارو دەستەکەی فومیندا دەڕەڤین، تاڵان دەکران، هەر شتێك لە ئەسپ باربکرایە، دەیان برد. خورجینی زۆربەی هەرە زۆری دارو دەستەکەی فومین بە جۆرێ لە تاڵانی ئاخنرا بوون کە نەدەچووە ئەقڵەوە. ڕۆژێك گریگۆری یەکێکی ڕەعیلەکەی خۆی بینی کە مەکینەیەکی خەیاتی بە دەستەوە بوو. کابرا، هەوساری ئەسپەکەی لە قەڵپوسی زینەکە ئاڵاند بوو. مەکینەکەی نابووە ژێر بازووی چەپی. گریگۆری هەرچی کرد، نەیتوانی قەناعەتی پێبکات کە وازی لێبێنێ، بۆیە ناچار بوو بە زەبری قامچی واداری بکات کە دەستبەرداری بێت. ئەو شەوە گریگۆری و فومین، قەرقەشەو دەمبۆڵەیەکی توندیان کەوتە بەینەوە. هەردووکیان لە یەك ژووردا بوون. فومین لە پشت مێزێکەوە دانیشتبوو، هێندەی خوارد بووەوە، دەموچاوی ئاوسا بوو. گریگۆری بەدەم هەنگاوی هەڕاوەوە، بە ژوورەکەدا، دەهات و دەچوو. فومین، بە تووڕەییەوە گوتی:

– دانیشە، ئەوەندە بە بەرچاومەوە مەیەو مەڕۆ.

گریگۆری، بێئەوەی گوێی بداتێ، ماوەیەکی زۆر بەو ژوورە تەنگەدا، هاتوچوو. پاشان گوتی:

– فومین، بە ڕاستی تاقەتم چووە، سنوورێك بۆ ئەم ڕاو ڕووت و تاڵانی و مەینۆشییە دابنە!.

– چیە، دوێشەو خەونی ناخۆشت دیتووە؟

– دیسان کردتەوە بە فشقیات... خەڵکی لەپاشملەمان دەڵێن.

فومین بە نە بە دڵییەوە گوتی:

– تۆ وەکو من دەزانی، کە من هیچم لە گەڵ ئەمانەدا پێناکرێت...

– تۆ لە بنەڕەتدا، ناتەوێ هیچیان لە گەڵدا بکەیت.

– پێویست ناکات، ڕێنوێنی من بکەیت! ئەو خەڵکەی تۆ باسیان دەکەی، شایستەی هیچ شتێك نین. ئێمە گیانی خۆمان لە پێناوی ئەم بێشەرەفانەدا بەخت دەکەین، بەڵام ئەوان... من ئیدی هەر خەمی خۆم دەخۆم و تەواو...

– تۆ خەمی خۆیشت ناخۆی! تۆ لە بەر ڤۆدگا، دەرفەتی بیرکردنەوەت نەماوە. چوار دانە ڕۆژە تۆ ئاگات لە خۆت نییەو وەنەوز دەدەیت، ئەوانی دیکەش هەموو سەریان کردووەتە ڤۆدگا خواردنەوە. تەنانەت ئێشکگرانی شەویش کەوتوونەتە خواردنەوە. چیە، دەتەوێ بکەوینە داوەوەو لە کوێرە دێیەکدا بە مەستی هەر هەموومان، پارچە پارچە بکەن؟

فومین، بە پێکەنینەوە گوتی:

– بۆ بە تەمای نەمرین؟ هەر ڕۆژێك دێ کە بمرین... گۆزەی ئاو، لە ڕێگەی سەراوا دەشکێ... ئەمە دەزانی؟

– کەواتە، با سبەینێ، بە پێی خۆمان بڕۆین بۆ ڤیشنسکایا و دەست بەرز بکەینەوەو بڵێین: بابە وەرن بمانگرن، دەمانەوێ تەسلیم ببین!

– نا، هێشتا زووە، با ماوەیەکی دیکەش عەیش و نۆش بکەین...

گریگۆری لاقەکانی بڵاوکردنەوە، لە بەردەم مێزەکە وەستاو بە هێمنی گوتی:

– ئەگەر، نەزم و نیزام بەرقەرار نەکەیت و ئەگەر ڕێگا لەم ڕاو ڕووتە نەگریت، بەجێت دێڵم و نیوەی هێزەکە لە گەڵ خۆمدا دەبەم.

فومین، بە هەڕەشەوە گوتی:

– خۆت تاقیبکەرەوە!

– پێویست بە خۆ تاقیکردنەوە ناکات!

فومین دەستی خستە سەر کیفی دەمانچەکەی:

– بەسە... بەس هەڕەشەم لێبکە!

گریگۆری ڕەنگی سپی بوو، شمشێرەکەی تا نیوە هەڵکێشاو گوتی:

– دەست بۆ دەمانچەکەت نەبەی، ئەگینا من لەمبەری مێزەکەوە زووتر فریا دەکەوم و حەیاتت لەبەر دەبڕم!

فومین، هەردوو دەستی نانە سەر مێزەکەو بە دەم زەردەخەنەوە گوتی:

– ئێستا تۆ چیت لە من دەوێ؟ من خەریکە سەرم دەتەقێ، تۆش هاتوویت بەم قسە قۆڕانەت! شمشێرەکەت بخەوە کێلان! یانی نابێ، سوعبەتێکیش بکەم، ها؟ ئەی بابە، چەند هەستیارە! دەڵێی کیژی چواردە ساڵانە....

– پێمگوتیت چیم لێت دەوێ. بیکە گوارەو لە گوێتی بکە! هەموو کەس وەکو تۆ نین، هەر کەسەو تەبیعەتی خۆی هەیە...

– دەزانم.

– کە دەیزانی، لە بیری مەکە، سبەینێ ئەمرێ دەربکە هەر هەموو خورجینەکان بەتاڵ بکرێنەوە. ئاخر ئێمە هێزێکی سوارەین، نەك کاروانێك بارگیری باری! ڕێگەی ئەم کارانە بگرە. لاف و گەزاف ئەوەش لێدەدەن کە لە پێناوی جەماوەری خەڵکدا دەجەنگن! ماڵی دزی بار دەکەن و وەکو چەرچی جاران، بە گوندەکاندا دەیگێڕن و دەیفرۆشن!... بە ڕاستی مایەی شەرمەزاریە! من نازانم بە چ ئەقڵێکەوە، بە گەڵ ئێوە کەوتم؟

گریگۆری، تفێکی کردە ئەرزەکەو لە داخا ڕەنگی پەڕی بوو، ڕووی کردە پەنجەرەکە.

فومین بە دەم پێکەنینەوە گوتی:

– ئێمە هێشتا، هێزی سوارە دوامان نەکەوتووە.. گورگ کاتێ سکی تێر کرد، ئەگەر سواران دووی بکەون، هەرچیەکی خواردبێ بەدەم ڕاکردنەوە فڕێی دەداتەوە. چەکدارەکانی منیش ئاوان، کە بە جدی ڕاوبنرێن، هەر چیەکیان پێیە، فڕێی دەدەن. دەی میلیخوف، تووڕە مەبە، خەمت نەبێ، بە هەموو ئەم شتانەدا ڕادەگەم! ئەوەی ڕاستی بێ، کەمێك سارد بوو بوومەوەو جڵەوم

بەردا بوون، بەڵام خەمت نەبێ، لەمەودوا جڵەویان دەگرمەوە! بەڵام ئێمە نابی لێکدی جیا ببینەوە، دەبێ دوا پێکی کوێرەوەری و کڵۆڵی پێکەوە بخۆینەوە.

ئەوان هێشتا، گفتوگۆیەکەیان تەواو نەکردبوو کە ژنی خاوەنماڵەکە، بە لەگەنێك شۆربای گەرمی کەلەرمەوە، کە هێشتا هەڵمی لێهەڵدەستا، خۆی بە ژوورەکەدا کرد. ئەوسا چوماکوف و کۆمەڵێك قوزاق لە دوای ئەوەوە وەژوور کەوتن.

وێڕای ئەمەش، گفتوگۆیەکەیان بێئاکام نەبوو. بەیانی ڕۆژی دوایی، فومین، دەستووری دا کە خورجینەکان خاڵی بکەنەوەو بە خۆی، ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی جێبەجێکردنی ئەو دەستوورەی کرد. یەکێك لە نەفەرە تاڵانچیە لەزەبرەکان، بەرگری کرد، نەیدەویست دەسکەوتەکانی بدات، فومین، هەر هەڵیکێشایە دەمانچەو لە ناو ڕیزەکەدا بەر گوللەی داو کوشتی. لە کاتێکا بە نووکی پێیان جەنازەکەی کەنار دەخست، بە هێمنی گوتی:

– ئەم لاشەیە لێرە لابەرن!

ئەوسا، ڕوانیە ڕیزی سوارەکان و بە دەنگی بەرز گوتی:

– بێشەرەفینە، قەحپە دایکینە، ئیدی ئەم تاڵان و بڕۆیە بەسە! من لە پێناوی ئەم ڕاو ڕووتەدا ئێوەم لە حکومەتی سۆڤیاتی هان نەدا، بۆتان هەیە، لە شەڕا کوژراوانی دژمن ڕووت بکەنەوە، تەنانەنت دەرپێ پیسەکەی ژێرەوەشیان، ئەگەر بێزتان هات، تاڵان بکەن، بەڵام کەسی بۆی نییە دەست بۆ ماڵ و منداڵیان بەرێت. ئێمە شەڕی ژنان ناکەین. هەر کەسێك سەرپێچی ئەم ئەمرە بکات، هەمان چارەنووسی ئەم خوێڕییەی دەبێت!

ژاوە ژاوێکی سووك لە نێو ڕیزەکەوە بەرز بووەوەو پاشان دامرکایەوە... نەزم و نیزام تا ڕادەیەك گەڕایەوە، دارو دەستەکەی فومین دوو سێ ڕۆژێك بە کەناری چەپی دۆندا سوڕانەوە، تووشی چەند سووکە شەڕێك بوون و توانیان چەند مەفرەزەیەکی چکۆلەی بەرگری ناوچەیی لە ناو بەرن.

کە گەیینە ناوچەی شومیلنسکایا، کاپارین پێشنیازی کرد کە بڕۆن بۆ قەڵەمڕەوی ستانی ڤورونیچ، ئەم پێشنیازەی لە سەر ئەو بنەمایە بوو، کە ماوەیەك لەوەپێش، خەڵکی لەوێندەر دژی حکومەتی سۆڤیاتی ڕابوو بوون و پێشبینی ئەوە دەکرا کە خەڵکێکی زۆر بە گەڵیان بکەون و پشتیوانیان لێبکەن. کاتێ فومین، ئەو پێشنیازەی بە قوزاقەکانی خۆی گوت، هەموو بەیەك دەنگ گوتیان: "ئێمە ئامادە نین، بچینە دەرێی ئاقاری ناوچەکەی خۆمان!" ئیدی کۆبوونەوەیەکی فراوان بەستراو ناچار قەرارەکەیان گۆڕی. ئیدی دارو دەستەکەی فومین چوار دانە ڕۆژی بەردەوام، بەرەو ڕۆژهەڵات پاشەکشەیان کردو خۆیان لە شەڕی ئەو هێزە سوارەیە دزییەوە کە لە ستانی کازانسکایاوە، قۆناغ بە قۆناغ دوایان کەوتبوو.

فومین و دارو دەستەکەی ئیدی نەیاندەتوانی بە ئاسانی ڕێگومکێ بکەن. چونکە کاری کشتوکاڵی بەهارە، لە هەموو شوێنێ دەستی پێکردبوو و خەڵکی لە دوورترین شوێنی دەشتی دۆندا خەریکی ئیش و کار بوون. دارو دەستەکەی فومین، ناچار بە شەوی تاریکی بەهار، پاشەکشەیان دەکردو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەڕۆیشتن، بەڵام بۆ بەیانی هەرکە لە

شـوێنێك لایانـدەدا تـا ئەسـپەكانیان ئالیـك بـدەن، گەشـتی و دەورێیـانی سـوارەی دژمـن لـە نزیكیانــەوە پەیــدا دەبــوون، لــە دوورەوە بــەر دەســترێژی پچــڕ پچــڕی ڕەشاشــانیان دەدان، جماعەتەكەی فومین، بە لەز، لە ژێر ئاگربارانی ڕەشاشاندا، ئەسپەكانیان زین و لغاو دەكردو بۆی دەردەچوون. لەو دیوی گوندی میلنیكوڤ سەر بە قەڵەمڕەوی ستانی ڤیشنسكایا، فومین توانی لە ڕێگـای مـانۆڕێكی زیرەكانـەوە دژمـن فریـو بـدات و لـە شـەڕی دژمـن بخەلەسـێت. بـە گـوێرەی ئـەو زانیاریانـەی كە بـە دەسـتی هێنـا بـوو، دەیزانـی كـە فەرمانـدەی ئـەو هێـزە سوارەیەی كـە لـە دووی بـوون، قـوزاقێكی خـەڵكی ناوچـەی بوكانوفسـكایایە بـە نێـوی بگورژوراڤیلـوف، ئەمـە پیـاوێكی عەگیدو شەڕڤانێكی لەزەبرە. هەروەها فومین ئەوەشی زانی بوو كە ژمارەی چەكدارانی ئەم هێـزە، دوو هێنـدەی ژمـارەی نەفەرەكانی ئـەوە، ئەمـە جگـە لـەوەی كـە دژمـن شـەش ڕەشاشـیان هەیـەو ئەسـپەكانیان، هـەموو ئەسـپی تـازە نەفەسـن و مانـدووی ڕێگـا نـین. هـەر هـەموو ئـەم فاكتەرانـە دەیـانكردە كارێـك كـە فـومین خـۆی لـە شـەڕو پێكـادان ببـوێرێ و لـەو ڕێگایـەوە دەرفـەت بـۆ زەلامـەكان و ئەسـپەكان بڕەخسـێت، ئیسـراحەت بكـەن، تـا پاشـان لـە دەرفـەتێكی گونجـاودا، بـە هێرشـێكی كوت و پڕ هێزەكـەی دژمن تێكبشـكێنن و لەم ڕاكە ڕاكەیە ڕزگـار بـن. هـەروەها لـە دڵـی خۆشـیا بـە تـەما بـوو، لـەم ڕێگایـەوە كۆمـەڵێك تفـەنگ و ڕەشـاش و فیشـەك و تەقەمـەنی بـە دەسـت بێنێ. بەڵام ئەم حیساب و كیتابـە دروست دەرنەچوو. ئـەوەی كـە گریگـۆری لێـی دەترسا، ڕۆژی هـەژدەی نیسـان، لـە كـەناری بێشـەیەكی سلاشچوفسـكایادا ڕووی دا، شـەوی پێشـوو فـومین و زۆربـەی ئەنـدامانی دارو دەسـتەكەی لـە گونـدی سیڤاستیانوفسكی، تـا بـەیانی خواردیانـەوەو لـە گەڵ بەرە بەیاندا لە گوندی ناڤبری وەدەركەوت بوون. كەسـیان ئـەو شـەوە نەخـەوتبوون، زۆربـەیان بەسـەر زینەكانـەوە وەنـەوزیان دەدا. دەوروبـەری سـەعات نـۆی بـەیانی، لـە نزكـی گونـدی ئوگـوژین لایاندا. فومین، ئێشكگرانی دیاری كردو فەرمانی دا كە كاوجۆ بە ئەسپەكان بدەن.

بایەكی توندی لە قوڵی ڕۆژهەڵاتەوە دەهات. تـەپوتۆزێكی قاوەیی بـەری ئاسـۆی گرتبـوو، تـەم و مژێكی چڕ، ئاسمانی دەشتەكەی تـەنی بوو و بەری تیشكی هەتاوەكەی گرتبوو و دنیا نیمچە تاریك بـوو. بایەكـە، یـاری بـە داوێـنی پـاڵتۆی زەلامـەكان و كلك و یـاڵ و بـژی ئەسـپەكان دەكـرد. ئەسـپەكان پشـتیان دەكـردە بایەكـەو خۆیـان دەدایـە پـەنای ئـەو دارگوێـژە كێوییانـەی كـە لـە پـەراوێزی بێشـەكەدا، لێـرەو لـەوێ ڕوا بـوون. تـەپوتۆز دەچـوو بـە چـاوانی زەلامەكانـدا، چاویان ئاوی دەكردو نەیاندەتوانی لە نزیكیشەوە شتێكی ئەوتۆ ببینن.

گریگۆری، بەدیقەت كونە كەپوو و چاوانی نمداری ئەسپەكەی پاك كردەوەو توورەكەكەی كردە سەری و بـەرەو لای كاپـارین چـوو، كـە لـە داوێـنی پاڵتۆكـەی خۆیـدا، جـۆی دەدایـە ئەسـپەكەی. گریگۆری بەسەری قامچیەكەی ئاماژەی بۆ لای بێشەكە كردو گوتی:

– چ جێیەكت بۆ ئیسراحەت هەڵبژاردووە!

كاپارین، شانەكانی هەڵتەكاندن و گوتی:

– من بەو گەوجەم گوت، بەڵام گوێ لە كەس دەگرێ!؟

– دەبوایە یا لە دەشتەكەدا لا بدەین یا لە دەوروبەری گوندێك.

– تەسەور دەکەیت، لە بێشەکەوە، پەلامارمان بدەن؟
– بەڵێ، زۆریش لەگوینە.
– دژمن، لێمانەوە دوورە.
– چوزانی، ڕەنگە نزیك بن، خۆ هێزی پیادە نین.
– بێشەکە ڕووتەنە، ئەگەر بێن دەیان بینین.
– کێ دەیان بینێ، تەقریبەن هەموو خەوتوون. من لەوە دەترسم، حەرەسەکانیش خەوتبن.
– دوێشەو هێندەیان خواردووەتەوە، ئێستاش مەستن، کەسیان خۆ بە پێوە ناگرن، کوڕم دەوێ بێداریان بکاتەوە!

کاپارین، وەکو ئەوەی ئازارێکی تیژ دابێتیە دڵی، چارەی بە یەکدا داو، بە ئەسپایی گوتی:

– تا ئەمە فەرماندەمان بێ کەشکمان فەریکە. عەینی تەپەدۆری سەری شووشە سووکە. گەوجێکی وایە تەسەور ناکرێت، بۆچی نایەی فەرماندەییەکەی لێوەربگرێت؟ قوزاقەکان ڕێزت دەگرن و بەخوایشتی خۆیان دوات دەکەون.

گریگۆری، بە وشکی وەڵامی دایەوە:

– نا، پێویستم بە شتی وا نییە، من لێرە، لای ئێوە میوانێکی ڕەوتەنیم و تەواو.

زوو لەم ئیعترافە کوت و پڕو بێپەردەیەی خۆی ژێوان بووەوە کە لە ناکاوا لە دەمی دەرچوو بوو، بە دەم پەشیمانیەوە گەڕایەوە بۆ لای ئەسپەکەی.

کاپارین، پاشماوەی ئەو جۆیەی کە لە چمکی پاڵتۆکەیدا مابووەوە، هەڵڕشتە سەر ئەرزەکەو بە دووی گریگۆریدا ڕۆیی. بەدەم ڕێگاوە لقە گۆیژێکی شکاندو بەدەم هەڵپڕوقاندنی چرۆ سفتەکانیەوە گوتی:

– دەزانی، میلیخوف، بە بۆچوونی من ئێمە ئەگەر پەیوەندی بە قوەتێکی بەهێزی دژی سۆڤیاتەوە، نەکەین، بۆ نموونە یەکەیەکی وەکو تیپی (ماسلاك)، کە حاڵی حازر لە باشووری ئەم هەرێمەدا جەولە دەکەن، ئەوا ناتوانین ماوەیەکی زۆر خۆ بگرین و پایەداری بکەین. پێویستە بڕۆین بۆ ئەوێ، دەنا لێرە، کاتێ بە خۆ دەزانین، ڕۆژێك هەر هەمووومان غافڵگیر دەکرێین و تیا دەچین.

– ئێستا، کاتی ئاو هەستان و لافاوە، ناتوانین لە دۆن بدەین و بپەڕینەوە.
– ئێستا نا، بەڵام کاتێ کە ئاو نیشتەوە، پێویستە بڕۆین. تۆش ڕەئیت وانییە؟

گریگۆری، بۆ دەمێك لە فکران ڕاچوو و ئەوسا بەرسڤی دایەوە:

– هەق بە تۆیە. دەبێ ئەم ناوچەیە بەجێ بێڵین، لێرەدا هیچ بە هیچ ناکرێ، بە خۆڕایی لەم ناوە دەسوڕێینەوە.

کاپارین، جۆش و خرۆشێکی تێگەڕا. قسەیەکی زۆری دەربارەی بێهودەیی ئەو هیواو ئومێدانە کرد کە پێشتر بە پشتیوانی خەڵکی قوزاقیان هەبوو، ئێستا پێویستە بە هەر شێوەیەك بووە، قەناعەت بە فومین بکەن کە ئەم سوڕانەوەیە بەم هەرێمەدا بێفایدەیە و دەبێ قەرار بدات کە پەیوەندی بە هێزێکی گەورەترەوە بکەن. گریگۆری تاقەتی لەم هەموو چەنەبازیە چوو. بە وردی

دەیڕوانیە ئەسپەکەی خۆی، هەرکە توورەکەکە بە تاڵ بوو، لە سەری داکەند، لغاوەکەی کردەوە دەمی، تەنگ و پاڵوەکەی توند کردەوەو قایش و قروشی زینەکەی قایم کرد. کاپارین گوتی:

– وا زوو ناکەوینە ڕێ، پێویست بەم پەلەپەلە ناکات.

گریگۆری بەرسڤی دایەوە:

– باشتر وایە بچیت ئەسپەکەت ئامادە بکەیت، دەنا فریا ناکەوی زینی بکەیت.

کاپارین، تەمەشایەکی گریگۆری کرد، ئەوسا چوو بەلای ئەسپەکەیەوە کە لە نزیکی کاروانی گالیسکەکانی باروبنەدا بوو.

گریگۆری، هەوساری ئەسپەکەی ڕاکێشاو چوو بە سۆراخی فومینەوە. فومین، لەسەر کەپنەکەکەی خۆی پاڵکەتبووو لاقی لێبلاوکردبوونەوەو بە سستی خەریك بوو قەپی لە باڵە مریشکێك دەدا. کەمێك جولاو ئاماژەی بۆ گریگۆری کرد کە بێت لە لایەوە دانیشێت:

– وەرە دانیشە، تێشتم لە گەڵ بخۆ.

گریگۆری گوتی:

– دەبێ لێرە بڕۆین، کاتی تێشت خواردن نییە.

– با ئەسپەکان ئالیك بدەن، ئەوسا دەڕۆین.

– دوایی ئالیکیان دەدەین.

– پەلەت چیە؟ دەورێکانمان تازە هاتوونەتەوەو دەڵێن، کەسیان بە سەر گردەکەوە نەبینیوە. ئەمە مانای وایە کە ژوراڤلیوڤ ونی کردوین، ئەگینا ئێستا بە دوامانەوە دەبوو. لە قوڵی بوکانوفسکایاوەش هیچ مەترسییەکمان لەسەر نییە، میخی پاڤلوڤ، کومیسەری عەسکەری ئەوێ، کەسێکی ئازاو شەڕڤانە، لێ قوەتێکی کەمی لە گەڵدایە، مەترسی ئەوە لە ئارادا نییە کە بدات بە سەرماندا، ئیدی ئیسراحەتێکی باش دەکەین و کەمێك چاوەڕوان دەکەین، تا بایەکەی بخات، هەنگێ بەرەو سلاشچوفسکایا دەڕۆین. دانیشە، مریشك بخۆ، چیتە؟ دەڵێی دەترسیت میلیخوف. ئەگەر کار وا بڕوات هەر بنچك و دەوەنێکت بێتە ڕێ دەبێ بە دەوریا بسوڕێیتەوە، ئە ئاوا....

فومین، بە دەستی خۆی نیوە بازنەیەکی خەیاڵی دروست کردو لە قاقای پێکەنینی دا.

گریگۆری، لە کاتێکا لە دڵی خۆیدا جنێوی دەدا، ڕۆیی و ئەسپەکەی خۆی بە دەوەنێکەوە بەست و لەو نزیکانەوە، ڕاکشاو چمکی پاڵتۆکەی دا بە سەروچاویا، تا لە بایەکەی بپارێزێت. بە دەم گڤەگڤی بایەکەو زەمزەمەی نەرم و لای لایە ئاسای وشکەگیاکەی دەوروبەریەوە، چاوی چوونە خەو.

لە ناکاوا، گوێی بە دەنگی دەسڕێژێکی دوورو درێژی ڕەشاش زرنگایەوەو بەرزەپێ لە جێی خۆی ڕابوو. هێشتا دەسترێژەکە تەواو نەبوو بوو، کە ئەو ئەسپەکەی خۆی کردەوە. فومین، بە دەنگێکی بەرز، بەرزتر لە هەر دەنگێکی دیکە هاواری کرد:

– سوار بن!

لەم ساتەدا، دوو سێ ڕەشاشی دی لە سەمتی ڕاستی بێشەکەوە کەوتنە دەسترێژ. گریگۆری دوای ئەوەی سواری ئەسپەکەی بوو، بە چاو تروکانێك بارودۆخەکەی دایە بەر زەین و هەڵی

سەنگاند. لە قۆڵی ڕاستەوە، لە کەناری بێشەکەوە، نزیکەی پەنجا سەربازی سوپای سوور، کە لە نێـو تەپوتۆزەکـەوە بـە زەحمـەت دەبینـران، و لـە چـەند لایەکـەوە هێرشـیان دێنـاو ڕێگـای پاشەکشەیان بۆ ناو گردەکان لیّ قەت دەکردن. دەمی شمشێرەکانیان، کە لە بەر تیشکی کزی هەتاوەکە شین دەیان نواند، بە سەر سەریانەوە، دەبریسکانەوە. ڕەشاشەکانیان، لە سەر گردێکی چـڕە دارو دەوەنـەوە، پـەیتا پـەیتا بـەر دەسـترێژیان دەدان و شـریت لـە سـەر شـریتیان خـاڵی دەکـردەوە. لـە سـەمتی چەپیشـەوە، نیـو سـریە، لـە سـوارانی سـوپای سـوور، بـە بێـدەنگی بـە شمشێری ڕووتـەوە، دەهاتنە پێشیّ، تا بازنـەی ئابڵوقەکە تـەنگتر بکـەن و ئیدی تـەنیا یـەك ڕێگـا مـابووەوە، ئـەویش ئـەوە بـوو، کـە بـە نێـو بازنـەی تـەنگی هێرشـکەرانی قـۆڵی چـەپدا، ڕێگەیـەك بکەنـەوەو بـەرەو دۆن هـەڵێن. گریگـۆری ڕوو لـە فـومین هـاواری کـرد: "دوای مـن بکـەوە!"و شمشێرەکەی لە کێلان دەرکێشاو ئەسپەکەی تاودا.

دوای ئـەوەی نزیکـەی چل هـەنگاوێك ڕۆیـی، ئـاوڕێکی پاشـەوەی دایـەوە. سـەیری کـرد فـومین، کاپارین، چوماکوف و چەند کەسێکی دیکە بە مەسافەی بیست مەترێك، لە دوای ئەوەوە، بە تاو لە دوای ئەوەوە دەهاتن. ڕەشاشەکانی ناو بێشەکە لە دەسترێژ کەوتن، تەنیا یەك ڕەشاش نەبیّ، کە لەوپەڕی سەمتی ڕاست بوو، بە دەسترێژی پچڕ پچڕ و کورت کورت، زەلامەکانی فومینی کە لە دەوری عەرەبانـەی باروبنەکانـدا، شـپرزەو پەشـۆکاو لـە حەولـە وەلادا بـوون، دادەگرتـەوە. ئـەنجام ئەو ڕەشاشەش لە ناکاوا لە تەقە کردن وەستا، گریگـۆری یەکسـەر پـەی بـەوە بـرد، کـە سوورەکان گەییوونەتـە ئۆردوگاکـەو کوشـتار دەسـتی پێکـردووە. بـە هـاواری نـا ئومێدانـەی ئەوانـەدا کـە لـە وێندەر مابوونـەوەو بە دەنگی تـەقو تـۆقی پچڕ پچڕی ئەوانـەدا کە بـەرگرییان دەکـرد، پـەی بەمـە برد. گریگۆری، دەرفەتی ئەوەی نەبوو کە ئـاوڕ بداتـەوە. بەوپـەڕی خێرایـی لە ڕیـزی ئـەو دژمنانـە نزیـك دەبـووەوە. کـە بـەرەو ڕووی دەهـاتن. ئیـدی لـە هـەدەفێك دەگـەڕا، هەدەفەکـەی سـەربازێکی سـوور بـوو کـە پەسـتەکێکی فـەرەوەی کـورتی لەبـەرا بـوو و ڕاسـتەوخۆ بـەرەو ڕووی ئـەم دەهـات. سواری ئەسپێکی بۆز بوو بوو، کە زۆر خێرا نەبوو. گریگۆری، لە چاو تروکانێکا، لە ساتێکی تیژ تێپەڕی بروسکە ئاسادا، ئەسپەکەو خاڵە سپییەکەی سەر سینگی ئەسپەکەی کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو و سوارەکەی، کە دەمو چاوێکی سووری گەنجانەی هەبوو و گڕی لێدەبووەوە، بەدی کرد، ئەوسـا دەشـتە پـان و بـەرین و خەمناکەکـەی، کـە بەرەو دۆن دادەکشـا بـەدی کـرد.. ئیـدی لـە ئان و ساتا بوو، یا دەبوو خۆی لە جەزرەبەی شمشێرێك بپارێزیّ، یا خـۆی شمشـێرێك بوەشـێنیّ. کاتیّ گریگۆری گەییە دە شەقاوی سوارەکە، لە ناکاوا بەلای چەپا، لایدا. گوێی، بە گڤەی بڕنـدەی شمشـێر، بـە سـەر سـەری خـۆیـا، زرینگایـەوە، لـە ناکـاوا هەسـتایە سـەر ڕکێفەکـەو بـە نـووکی شمشێرەکەی، جەزرەبەیەکی گەیاندە سەری سوارە سوورەکە کە بەلایا ڕەت دەبوو. دەسـتی خـۆی تەقریبەن هەستی بە توندی جەزرەبەکەی خۆی نەکرد، بەڵام کە ئاوڕی پاشەوەی دایەوە، بینی کە سەربازە سوورەکە، بە پێشا ڕماو، لە سەر زینەکەوە، پەلەخوار دەبووەوەو چۆڕاوگەی خوێن، بە پشتیاو بە سەر پۆستینەکەیدا، دادەچۆڕا. ئەسپە بۆزەکەی لە چوار ناڵە کەوت. بە یۆرغەیەکی تا

ڕادەیـەك تونـد دەڕۆیـی و بـە سـڵۆكی سـەری بـەرز دەگـرت و لابـەلا دەڕۆیـی وەكـو ئـەوەی لـە سێبەرەكەی خۆی بترسێت و بڕەوێتەوە....

گریگـۆری، خـۆی بەسـەر گـەردنی ئەسـپەكەیا دانەوانـدەوەو شمشـێرەكەی داهێنایـە خـوارەوە. فیشەك بە گیزو هوڕ بە سەر سەریا تێدەپەڕین. ئەسپەكەی، گوێچكەكانی خەواند بوون و ئارەقە نیشتبووە، سەر نووكی گوێیەكانی. گریگۆری جگە لە گیزو هۆڕی تووڕەی گوللە كە لە دواوە بە سەریا دەتەقێنراو، جگە لە هانكە هانكی خێرای ئەسپەكەی گوێی لە هیچ شتێكی دیكە نەدەبوو. گریگۆری ئاوڕێكی دیكەی پاشەوەی دایەوە. فومین و چوماكوف بەدی كرد، هەروەها كاپارینی بینی كە بە سەد مەترێك لە دوای ئەوانەوە، بە چوار ناڵە دەهات.

هـەروەها لـە مەودایـەكی دوورتـرەوە، چەكدارێكی ڕەعیلـی دووەمـی بـەدی كـرد، ئەمـە قـوزاقێكی لەنگ بوو بە ناوی سترلیادنیكوڤ، لە هەوڵی ئەوەدا بوو، بە ئەسپەكەی خۆی، خـۆی لـە چنگی ئەو دوو سەربازە سوورە دەرباز بكات كە دووی كەوتبوون. باقی ئەو هەشت نۆ نەفەرەی دی كە لـە دوای فومینـەوە پێیـان وەغـارێوە نـابوو، هـەموو كـوژرا بـوون. ئەسـپانی بێسـوار، كلكیـان كلاَفـە كردبـوو و دابووبانـە بـەر بایەكـەو، بـە هـەموو لایەكـدا غاریـان دەدا، سـەربازانی سـوور دوایـان دەكەوتن و یەك یەك دەیانگرتنەوە، تەنیا ئەسپێكی كوێتی بەرز نەبێ، كە هی پریبیتكوف ناوێك بـوو، خاوەنەكـەی كـوژرا بـوو و پێـی لـە ڕكێفەكـەدا گـیر بـوو بـوو، و بـە دوای خۆیـا ڕایدەكێشـاو شانبەشانی ئەسپەكەی كاپارین، غاری دەدا.

گریگۆری، دوای ئەوەی لە گردولكەیەكی لمین ڕەت بوو، ئەسپەكەی خۆی ڕاگرت، خۆی هەڵدایـە خوارەوە، شمشێرەكەی لە كێلان نایەوەو لە ماوەی چەند چركەیەكدا توانی ئەسپەكەی خـۆی یـخ بدات، یەك دانە هەفتـە زەحمـەتی كێشـا بـوو تـا ئەسپەكەی لـە سـەر ئـەم كـارە سـادەیە ڕابهێنـێ. لـە پەنای ئەو حەیوانە بەستە زمانـەوە، یـەك خەشـاب فیشـەكی تەقاند، بەلاَم هێنـدە تـووڕە و بـە پەلـە بوو، تەنیا دوا فیشەكی نیشانەی پێكا، ئەسپی یەكێك لە سەربازە سوورەكانی كوشت، بەلاَم ئـەم فیشـەكە، دەرفـەتی بـۆ پێنجـەمین چـەكداری هـەلاَتووی فـومین ڕەخسـاند، كـە لـە دەسـتی دژمـن بخەلەسێ و ڕزگار بێت.

فومین، كە بەدەم ڕاكردنەوە گەییە ئاستی گریگۆری، هاواری كرد:

– سواربە، دەنا دەتگەنێ و دەتكوژن!

***

دارو دەستەكەی فومین، بـە جـارێ تیـا چـوو بـوون. تـەنیا پێـنج كەسـیان بـە سـەلامەتی دەرچـوو بوون. ئەوانەشیان تا گوندی ئانتونوفسكی ڕاوناو كاتێ وازیان لە تاقیب و ڕاونانیان هێنـا، كـە بـە هەڵەداوان خۆیان بە جەنگەڵ و بێشەكەی دەوروبەری گوندەكەدا كردو خۆیان شاردەوە.

بە درێژایی ماوەی هەلاَتنەكەیان، هیچ كەسێكی ئەو پێنچ نەفەرە، ورتەیان لێوە نەهاتبوو.

كە گەیینە كەنار جۆگەیـەك، ئیـدی ئەسپەكەی كاپـارین كـەوت و هەرچیەكیان لـە گـەڵ كـرد بۆیـان هەڵنەسێنرایەوە. ئەسپەكانی دیكـەش، شـەكەت و مانـدوو، لـە ژێـر سـوارەكاندا بـەلادا دەهـاتن، بـە زەحمەت هەنگاویان پێدەنراو كەفیان دەچەڕی.

گریگۆری، لە کاتێکا لە ئەسپەکەی دادەبەزی، بێئەوەی تەمەشای فومین بکات گوتی:

– تۆ دەبوایە شوان بی، نەك فەرماندەی دەستە.

فومین، بێئـەوەی هـیچ وەڵامێك بداتـەوە لـە ئەسـپەکەی دابـەزی، ویسـتی زینەکـەی لێبگرێتـەوە، بـەڵام زینەکـەی دانـەگرت، چـوو لـە سـەر بارسـتاییەکی پـڕ گیـا دانیشت. لـە کاتێکـا بـە شـپرزەیی تەمەشای دەوروبەری دەکرد گوتی:

– چار نییە، دەبێ ئەسپەکان بەرەڵلا بکەین.

چوماکوف پرسی:

– دوای ئەوە چی بکەین؟

– دەبێ، بە پێیان لە دۆن بدەین و بپەڕینەوە بۆ ئەوبەر.

– بۆ کوێ؟

– تـا شـەوێ، لـەم بێشـەیەدا دەمێنینـەوەو پاشـان لـە دۆن دەپەڕینـەوەو دەرهـەق بـەم وەزعو حاڵـە جارێ خۆمان لە روبژنی دەشارینەوە، خزمو کەس و کارم لەوێ زۆرن.

کاپارین. بە تووڕەیی گوتی:

– بیرۆکەیەکی گەوجانەیە! وا دەزانی لەوێ تاقیبت ناکەن؟ ئێستا ڕێك لـەوێ چاوەڕوانت دەکەن، ئاخر تۆ بە چ ئەقڵێکەوە، شتی وا دەڵێی؟

فومین، حایرو سەرگەردان گوتی:

– دەی باشە بۆ کوێ بڕۆین، ڕوو بکەینە کوێ؟

گریگۆری، هەندێ فیشەك و پارچەیەك نانی لە تەرکی ئەسپەکە دەرهێناو گوتی:

– تاکەی خۆتـان بـەم قسـانەوە ماتـەڵ دەکەن؟ با بڕۆین! دەی ئەسپەکان ببەستنەوە، زینـەکانیان لێبگرنەوەو بجوڵێن با بڕۆین! ئەگینا سوورەکان لەم بێشەیەدا بە کڵاو دەمانگرن...

چوماکوف، قامچیەکەی تووڕ داو لە ناو قوڕو گڵەکەدا پێی پێداناو بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی:

– ئیـدی دەبـی بـە پێیـان بـڕۆین... بـووین بـە سـەربازی پیـادە، برادەرەکانمـان هـەموو کـوژران... خودایـا چیان پێکـردین، بـە هـەقی مریـەمی پـاکیزە حەشـرێکیان پێکـردین بـا بـەدەواری شـڕی نەکات! تەسەوڕم نەدەکرد، بە زندوویەتی دەربچم... بە چاوانی خۆم مەرگم بینی....

بـە بێـدەنگی زینـەکانیان لـە ئەسـپەکان گرتـەوە و هـەر چـوار ئەسـپەکەیان بـە یـەك سـپیدارەوە بەسـتەوەو زینـەکانیان دا بـە کـۆڵی خـۆدا، مەسـافەیان وەرگـرت و دوا بـە دوای یـەك بـەرەو دۆن کەوتنە ڕێ، زۆر نیگەرانی ئەوە بوون، لە نێو چڕە دراستانەکەدا ون بن.

((١٤))

لە بەهارا، کاتێ کە ئاوی دۆن هەڵدەستێ و بەرز دەبێتـەوە هـەموو مێرگ و سـەوزەزارە نزمـەکانی هەردوو کەناری ڕوبارەکە، پڕدەبن لە ئاو، لـەوێ، لە بەرانبـەر گونـدی روبژنیدا، لە کەناری چـەپی ڕوبارەکەدا، بستۆکەیەکی چکۆلە هەیە، لە بەرزییدایە و ئاو نایگرێت.

لە بەهارا، پیاو دەتوانێ، لە سەر گردۆلکەکانی کەناری دۆنەوە، لە دووری دوورەوە ئەم دوڕگەیە بدینێ، کە یەکپارچە دارو درەخت بیو بەڕو و چنارە.

لە هاوینا، مێوی کێوی، بەدارەکاندا، هەڵدەگەڕێو تاترۆپکی درەختەکان دەڕوات، توترك بە ئەرزەکەدا دەڕوات، لاولاوی گوڵ شین، بە دارو دەوەنەکاندا، پێچ دەخواتو دەچێتە سەرێ، لە شوێنە ڕووتەنەکانیشدا،گیاو ڕووەکان، لە زەویە بەپیتو بەرەکەتەکەوە، سەریان بەرز کردووەتەوەو بە قەد باڵا زەلامێك پتر بەرز بوونەتەوە.

لە هاوینا، تەنانەت لە کاتی نیوەڕۆشدا، بێشەکە ئارامو پڕ سێبەرو فێنکە. کڕو کپ، مەگەر بانگو ئاوازی مەلی پەری شاڕوخ ئەو بێدەنگیە بشڵەقێنێ. دارکونکەرە، پاشماوەی ساڵانی تەمەنی ئەم وئەو دیاری دەکەن. بەڵام لە زستاندا، بێشەکە چۆڵو هۆڵ، ڕووتو قووتەو، کڕو کپ دەڵێی گۆڕستانە. ترۆپکی درەختەکان، بە ئاسمانەوە، وەکو تازیە باران ڕەشدەچنەوە... تەنیا بێچووە گورگان لەوێدا پەناگایەکی ئەمینیان پەیدا دەکردو چەند ڕۆژێکیان لە ناو خەرمانە پووشو پەڵاشی ژێر بەفرا، بە سەر دەبرد.

فومینو گریگۆری میلیخوفو ئەوانی دی کە لەو قەتڵو عامە دەرباز بوو بوون، لەم دوڕگەیەدا گیرسانەوە. ئیدی چاك یا خراپ لەوێدا دەژیانو، بەو خواردنو ئازووقە کەمە دەژیان کە پسمامێکی فومین، شەوانە بە بەلەم بۆی دێنان، خواردنیان کەم بوو، تێری نەدەکردن، بەڵام بە ئارەزووی خۆیان دەخەوتن، سەریان دەنایە سەر زینەکانیانو بێخەمو خەیاڵ لێی دەنووستن. شەوان، بە نۆرە ئێشکیان دەگرتو لە ترسی ئەوەی نەبادا، پەناگاکەیان ئاشکرا بێت، ئاگریان نەدەکردەوە.

شەپۆلی ئاوی سێڵاو، کە چوار دەوری دوڕگەکەی گرتبوو، بە خوڕ بەرەو باشوور دادەگەڕا، ئاوەکە بە بەینی ئەو پیرە سپیدارانەدا، کە دەهاتنە ڕێی، بە هاژە هاژێکی هەڕەشە ئامێزەوە تێدەپەڕیو کە بە سەر دەوەنە غەرق بووەکاندا دەڕۆیی، لە هاڕەو هاژە دەکەوتو هێور دەبووەوەو بە دەم خوڕە خوڕێکی نەرمەوە، جوڵانەی پێدەکردن.

گریگۆری، زوو دەگەڵ هاڕەو هاژەو، خوڕە خوڕی بەردەوام و نزیکی ئاوەکەدا ڕاهات. بە درێژایی ڕۆژ، لە نزیکی کەنارە هەڵدێرەکەدا، ڕادەکشاو تەمەشای پانتایی بێکەناری ئاوەکەو قەد پاڵی قسڵینی گردەکانی کەناری دۆنی دەکرد، کە لە تەمێکی چڕی زەردباوا نقوم بوو بوو. گوندەکەی ئەوان، لەو دیو ئەو تەمەوە بوو... ئەکسینیا.... و هەردوو منداڵەکەی لەوێ بوون. خەیاڵی خەمناکی بۆ ئەوێ دەفڕی. کە بیری لە کەسو کاری دەکردەوە، هێندەی بیر دەکردن، خەریك بوو ئاگری تێبەربێ بۆیان، ئەوجا، ڕقو کینەیەکی نەزۆك، بەرانبەر بە میشکا (میخائیل) لە دڵیا جۆشی دەسەند. بەڵام ئەم هەستانەی لە خۆی دەتاراند و هەوڵیدەدا تەماشای گردۆڵکەکانی دیار دۆن نەکاتو بیر لە هیچ کەسو شتێك نەکاتەوە. چ پێویستی دەکرد، جڵەو بۆ خەیاڵی خەمناکی خۆی شل بکات؟ خۆی خەمی کەم نەبوو تا ئەمەشی بێتە سەر. ماوەیەك بوو، هەستی دەکرد، سینگی زۆر دێشێت، هەستی دەکرد، دڵی لێنادات، بەڵکو خوێن دەبارێنێ، دیار بوو کە زامەکانی، بەڵای جەنگو هەروەها نەخۆشی تیفو کاریان تێکردبوو. گریگۆری هەستی

دەکرد، دڵی پەلە پەل دەکات، تووشی دڵە کوتێ بووە. هەندێجار، ئازاری ناو سینگی، ڕێك ژێر مەمکی چەپەی، ئەوەندە تیژ بوو، لە تاوا لێوەکانی وشك دەبوون و زۆر بە زەحمەت جڵەوی خۆی پێدەگیرا،کە هاوار نەکات. بەڵام گریگۆری، ڕێگەیەکی دۆزی بووەوە، کە ئەو ئازارە لە خۆی دوور بخاتەوە: لە سەر ئەرزە نمسارەکەو، بە سەر تەنیشتی چەپا دەخەوت، یا کراسەکەی خۆی بە ئاوی سارد تەڕ دەکردو، ئازارەکەی بەرە بەرە دادەمرکایەوە.

هەوا خۆشبوو، بای نەدەهات، ناو بە ناو، پەڵە هەوری چکۆلەی سپی، بە بەرۆکی ئاسمانی ڕەخشانەوە، بە بەرزییەوە، بەدەم بایەکەوە، بە پەریشانی دادەخزین و سێبەرەکانیان، وەکو پۆلە قازێکی سەر ئاوان، لە ئاوەکەدا ڕەنگیان دەدایەوەو کە دەگەیینە کەنارە دوورە دەستەکە ون دەبوون.

تەمەشاکردنی دیمەنی شەپۆلانی تووڕە، کە سەریان دەکێشا بە کەنارەکەداو خاو دەبوونەوە، گوێگرتن لە هەزاران ئاوازی ناخی ئاوەکەو، بیر نەکردنەوە لە هیچ شتێك کە مایەی خەم بێ، زۆر خۆشبوو. گریگۆری، بە سەعاتان تەمەشای گێژەنگ و گێژاوی هەزار شێوەی ڕەوتی ئاوەکەی دەکرد، کە شەپۆلەکانی هەر ساتەی شێوەیەکیان وەردەگرت. لەو شوێنانەدا، کە ڕەوتی ئاوەکە ئارام بوایە، جۆرەها زەل و ئاوماڵکەو گەڵای هەڵئاوساوو ڕوەکی لە ڕەگەوە هەڵکەندراوی دەگەڵ خۆیدا دەبرد، لە پڕ دەبوو بە گێژاوێکی ئەفسووناوی و بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوەو هەرچییەکی بە سەرەوە بوایە قووتی دەداو لە خۆیدا نوقمی دەکرد، کەچی دوای تۆزێك لە هەمان جێگای گێژاوەکەوە، ئاوەکە هەڵدەقوڵایەوەو هەندێجار تۆپەڵێك ڕەگ و ڕیشەی ڕەشی زەل و قامیش، یا تۆپەڵێك گەڵای بەڕوو، یا باوەشێك کاوکۆتی هەڵدێنایەوە، کە کەس نەیدەزانی لە کوێندەرەوە هاتووە.

دەمەو ئێواران، ئاسمان لە ڕۆژئاواوە، سوور، بەڕەنگی گێلاس دەبریسکایەوە. مانگ لە پشت سپێدارێکی بەرزەوە دەردەکەوت و سەرانسەری دۆنی، لە تریفە سپیواژو ساردەکەی خۆی دەگرت. لەو شوێنانەدا کە بایەکە، شەپۆلی بە ئاوەکە بدایە، سێبەرو پەڵەی ڕەش، تێکەڵ بە تاڤی سپی و ساردی هەیڤەکە دەبوو. شەوان، دەنگ و ئاوازی پۆلە قورینگانی کۆچەری کە بەرەو باکوور دەفڕین، بەردەوام، لە ئاسمانی دوڕگەکەدا دەنگی دەدایەوەو ئاوێتەی خوڕە خوڕو زەمزەمەی ئاوەکە دەبوو. زۆرجار، بازێن سپی، لە کەناری ڕۆژهەڵاتی دوڕگەکەدا، لە گۆلاوە مەندەکانی پاشماوەی لافاواندا دەنیشتنەوەو ئاوازی ئاشقانەیان دەخوێند، سۆنەو مراوی هاواریان دەکرد، قازێن کێوی و قازێن دەریایی، بە ئارامی گفتوگۆیان دەکردو یەکیان گاز دەکرد. ڕۆژێك گریگۆری، بە بێدەنگی بەرەو کەنارەکە دەڕۆیی، لە نزیکی دوڕگەکەدا، پۆلە قوویەکی گەورەی بینی. هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو. ڕۆشنایی سپێدە، لە دوور، لەو دیو بێشەکەوە، ئاسمانی بە ئاستەم ڕوناك دەکردەوەو، ئاوەکە لەبەر پرتەوی ڕوناکیەکەوە، پەمەیی دەینواند. قووەکانیش، کە بە کەش و فشەوە، بە سەر ئاوە مەندەکەوە، خۆیان دەنواندو ملیان بە شکۆوە بەرز کردبووەوە، پەمەیی دەیاننواد. هەرکە گوێیان لە خشەخش و دەنگی پێ بوو، بەفریادی

شەیپوورئاساوە، هەڵفڕین و کاتێ کە بە ئاسمانی بێشەکەدا تێدەپەڕین، تیشکی بەفر ئاسای پەڕوباڵی ڕەخشانیان چاوی گریگۆری خستە ڕێشکەو پێشکە.

فومین و هاوڕێکانی، هەر یەکەیان بەجۆرێ کاتی خۆی بەسەر دەبرد. ستڕلیادنیکوف، کە بە تەبیعەت ئیشکەر بوو، لاقە لەنگەکەی بە کەیفی دڵی خۆی لێڕادەکێشاو لە بەیانییەوە تا ئێوارێ خۆی بە پینەو پەڕۆی جلەکانی و، دورینەوەی پێڵاوەکانی، و خاوێنکردنەوەی تفەنگەکەیەوە، مژوول دەکرد. کاپارین، چونکە شەوان لە سەر ئەرزە شێدارەکە دەنووست، تەندروستی باش نەبوو، ڕۆژ تا ئێوارێ، لە بەر هەتاوەکەدا پاڵدەکەوت و بەدەم وشکە کۆکەوە پەستەکە فەروەکەی دەدا بەسەر خۆیا. فومین و چوماکوف بەردەوام، بێئەوەی بێزار بن، ڕۆژ تا ئێوارێ، بەو وەرەقانەی کە خۆیان دروستیان کردبوو، خەریکی قومار بوون، بەڵام گریگۆری بە سەرانسەری دوڕگەکەدا دەسوڕایەوەو بە سەعاتان، دەستەو ئەژنۆ، لە گوێی ئاوەکە دادەنیشت. زۆر بە کەمی قسەیان دەگەڵ یەکەیدا دەکرد، (هەر چیەکیان پێبوو، بە یەکتریان گوتبوو) تەنیا بۆ نانخواردن و شەوان بەدەم چاوەڕوانی هاتنی ئامۆزاکەی فومینەوە دەگەڵ یەکدیدا دادەنیشتن. ئیدی لە بێ ئیشیدا تەواو بێزار بوو بوون، وێڕای ئەمەش. گریگۆری جارێك، تەنیا یەك جار، بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە دوڕگەکەدا بوون، چوماکوف و ستڕلیاد نیکوڤ بینی، کە مەگەر هەر خوا بزانێ بۆچی و بە چی دڵیان خۆشبوو، زۆرەبانیان دەگرت. لە سەرەتاوە، ماوەیەك مرخێش مرخێش یەکیان هێنا و یەکیان برد، تەشەریان لێکدی دا، لاقیان تاگۆزینگی پێیان، لە لمە سپیەکە ڕۆ دەچوون، سرتلیادنیکوف. هەرچەندە شەل بوو، بەڵام بە ئاشکرا لە خەنمیەکەی بە هێزتر بوو، بەڵام چوماکوف، گورجترو بە ڕاپەڕتر بوو. وەکو کالموکان. شانیان بردبووە پێشەوە، دەستیان لە ناو قەدی یەکدی گیر کردبوو، چاویان بڕی بووە پێی یەکدی و زۆرانیان دەگرت. هەردووکیان، ڕەنگیان هەڵبزڕکا بوو، هانکە هانکیان پێکەوتبوو. گریگۆری، زۆر بە تاسەوە تەمەشای دەکردن. چوماکوف، لە ناکاوا، فرسەتی هێنا، بە خێرایی خۆی بە پشتا خست و حەریفەکەی ڕاکێشاو هەردوو لاقی هەڵکێشاو ستڕلیاد نیکوڤ بە سەر سەری خۆیدا هەڵدا. لە چاو تروکانێکدا، چوماکوف خۆی بە سەر ستڕلیادنیکوفدا داو، شانی لە لمەڵانەکەدا چەقاند. ستڕلیادنیکوف، بە دەم هانکەهانك و پێکەنینەوە هاواری دەکرد: "حلێب نییە، تۆ فێڵت کرد، قەرار نەبوو، یەکدی بە سەر سەری خۆماندا هەڵبدەین."

فومین گوتی:

– وەکو دوو فڕوجی جەنگی بە یەکدیدا هەڵشاخان. ئیدی بەسە، با لێتان نەبێ، بە شەڕی ڕاستی.

بەڵام، بە هیچ کلۆجێ نیازی شەڕیان نەبوو، بەڵکو زۆر دۆستانە لە سەر لمەڵانەکە ڕۆنیشتن و چوماکوف، بە دەنگێکی گڕو خۆش هەڵیکردە گۆرانیەکی شاد:

ئای سەهۆڵبەندان، ئای سەهۆڵبەندان

سەهۆڵبەندانی، دژواری کاتی نوئێل،

گورگە بۆری نێو نەیجەزارەکەتان، جەمەدان

کیژێتان لە ژووریٚ ڕا، گرفتای عەشق کرد.

سترلیادنیکوف، بە دەنگێکی نەرمو باریک، پاشبەندی گۆرانیەکەی بۆ سەندەوە، ئەوسا، بە دوو قۆڵی، بە دەنگو ئاوازێکی خۆشو چاوەڕوان نەکراو، درێژەیان بە گۆرانیەکە دا.

کیژیٚ هاتە بەر پلیکانەکان

پۆستنێکی ڕەشی بە دەستەوە بوو،

کردیە بەری سەربازێکی ئەسپ سوار....

سترلیادنیکوف، چیتر خۆی پێنەگیراو: بە تەکانێك لە جێی خۆی هەستا، بەدەم چەقەنە لێدانەوە، بە ناو لمەکەدا، کەوتە سەماو سووڕدان. چوماکوف، بێئەوەی لە گۆرانی چڕین بکەویٚ، دەستی دایە شمشێرەکەی خۆیو چاڵێکی چکۆلەی لە ئەرزەکەدا هەڵکەندو هەنگیٚ گوتی:

– کەمێك بوەستە، هەی شەیتانی لەنگ! تۆ لاقێکت لە لاقەکەی ترت کورتترە، ناتوانی لە سەر زەوی هەموارو تەختانی بڕەقسی.دەبیٚ شوێنەکەت لێژ بیٚ یا بەمجۆرە هەڵیبکەنی تا لاقە ساخەکەت لە چاڵەکەدا بیٚو لاقەکەی دیکەت لە دەرەوە بیٚ. تۆ لاقە درێژەکەت، بخە ناو چاڵەکەو بڕەقسە، بزانە چەند باش دەبیٚ... دەی دەست پێبکە!....

ستیرلیادنیکوف، ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕیو بەوپەڕی گوێڕایەڵی لاقە ساخەکەی نایە ناو چاڵەکەو گوتی:

– ڕاست دەکەی، وایە، ئاوا ئاسانترە...

چوماکوف، کە خەریك بوو لە پێکەنینا دەبورایەوە، بەدەم چەپڵە لێدانەوە بەردەوام بوو:

کاتیٚ کە گەڕایتەوە، ئازیزم، وەرە بۆ لای من.

کە هاتی ڕاتدەمووسم...

سترلیادنیکوف، کە وەکو هەر سەماکارێك، شەقڵێکی جدی ڕوخساری داپۆشی بوو، هونەرمەدانە کەوتە سەماو سوڕدان...

ڕۆژان دەهاتنو دەچوون، بە هەمان شێوە دووبارە دەبوونەوە. هەرکە خۆر ئاوا دەبوو، دنیا تاریك دەبوو، ئەو پێنج پیاوە بە بێتاقەتی چاوەڕوانی هاتنی پسمامەکەی فومینیان دەکرد، هەر پێنجیان لە کەنارەکەدا خڕ دەبوونەوەو بە ئەسپایی قسانیان دەکرد. کە جگەرەیان کێشابا، ئاگری جگەرەکانیان، لە ژێر بە رۆکی پاڵتۆکانیانەوە دەشاردەوە. قەراریان وابوو یەك هەفتەی دیکەش لە دوڕگەکەدا بمێننەوەو پاشان بە شەو بڕۆن بۆ ڕەخی ڕاستی دۆن و چەند ئەسپێك بە دەست بێننو بەرەو باشوور، بڕۆن. دەنگۆیەك لە ئارادا بوو کە گوایا دارودەستەکەی ماسلاك، هێشتا، لە باشووری هەرێمەکەدا بوو.

فومین، ئامۆزاکەی ڕاسپارد بوو، کە تاقیب بکاتو بزانیٚ ئایا لەو دەوروبەرەدا ئەسپی سواری باش دەست دەکەون یا نا. هەروەها، داوای لە کەسو کارو خزمەکانی کردبوو، کە هەموو ڕۆژێك، لە خەبەرو باسی ناوچەکەی ئاگادار بکەنەوە. خەبەرو باسەکان مایەی دڵگەرمی بوون: لە ڕەخی چەپی دۆندا بۆ فومین دەگەڕان، هەرچەندە سوورەکان بۆ سۆراخو تاقیبی ئەو چوو بوونە

روبژنی، بەڵام دوای ئەوەی ماڵەکەی فومینیان پشکنی بوو و وەك دەڵێن سەنگ‌و سوژنیان دابوو و خێرا گەڕابوونەوە.

چوماکوف، ڕۆژێك، پاش تێشت، پێشنیازی کرد:

– پێویستە بە زووترین کات ئێرە بەجێ بێڵین! ئاخر بۆچی بە خوت‌و خۆڕایی لێرە دامانکوتاوە؟ وەرن با سبەینێ بۆی دەرچین.

فومین گوتی:

– جارێ با لە مەسەلەی ئەسپەکان دڵنیا ببین، پەلەمان چیە؟ ئەگەر خواردنی باشتریان پێ دابواین، تاکو زستانیش لێرە هەڵماندەکردو ئیدارەمان دەکرد. تەمەشای دەوروبەر بکە، چەند جوانە! ئیسراحەتێکی باش دەکەین‌و ئەوسا دەست بەکار دەبینەوە. با هەر تاقیبمان بکەن، بەڵام خۆمان بە دەستەوە نادەین. بە ڕاستی تاروماریان کردین، ڕاستە، بە هۆی کەرێتی منەوە بوو. هەڵبەتە مایەی داخە، بەڵام شکستی یەکجارەکی نییە. خەڵکانێکی دیکە لە دەوری خۆ خڕ دەکەینەوە، هەرکە چەند ئەسپێکمان پەیدا کرد، جەولەیەکی دێهاتەکانی ئەم دەوروبەرە دەکەین‌و یەك هەفتەی پێناچێت کە پەنجاو ڕەنگە سەد کەسمان لە دەور خڕ ببنەوە. خەمتان نەبێ، خەڵکێکی زۆرمان لێخڕدەبنەوە.

کاپارین، بە ڕقەوە گوتی:

– قسەی هیچ، ئیدیعایەکی گەوجانەیە! قوزاقەکان خیانەتیان لێکردین، دوامان نەکەوتن‌و دواشمان ناکەون. پیاو دەبێ، مەردانە ڕوو بە ڕووی ڕاستیەکان ببێتەوە، پێویست ناکات دڵ بە درۆو دەلەسان خۆشبکەین.

– باشە، بۆچی دوامان ناکەون؟

– چونکە هەوەڵجار دوامان نەکەوتن، ئێستاش دوامان ناکەون.

فومین، بە تەحەداوە بەرسڤی دایەوە:

– کەسێ نەمرێ، دەی بینین! من چەك دانانەم.

کاپارین، بە بێزارییەوە گوتی:

– ئەمە هەمووی قسەی بۆش‌و بەتاڵە!

فومین، بە تووڕەیی هاواری کرد:

– کەللەشەق، بۆچی دەتەوێ ورەمان بڕوخێنی؟ قێزم لەم گریەو زاریەت دەبێتەوە! ئەدی ئەم ڕاپەڕینەمان بۆچی بەرپا کرد؟ کە ئەمە حاڵت بوو، بۆچی بەشداریت کرد؟ خۆ تۆ منت هاندا کە ڕاپەڕین بەرپا بکەم، کەچی دەتەوێ دیش کەمی لێبکەی، ها؟ بۆچی هیچ نالێی؟.

کاپارین، شێت ئاسا هاواری کرد:

– من هیچ قسەیەکم لە گەڵ تۆدا نییە، بڕۆ گوم بە لەبەر چاوم، کەودەن!

لە سەرما فەروەکەی لە خۆیەوە پێچا، یەخەکەی هەڵدایەوەو لەوێ ڕۆیی. فومین ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– ئەم شلە شاریانە، هەموویان وا ناسکن، بەرگەی هیچ ناگرن، بە بچووکترین شت، ورە بەر دەدەن و دەست لە هەموو شتێك دەشۆرن...

ماوەیەك بە بێدەنگی دانیشتن، گوێیان بۆ هاڕەو هاژەی بە قوەت و یەکنەوای ئاوەکە ڕادێرا. سۆنەیەکی مێچکە بەدەم چریکەیەکی تیژەوە بە سەر سەریاندا تێپەڕی و دوو نێرە سۆنە بە دوایەوە بوون. پۆلە ڕیشۆلەیەك، بەدەم ژاوە ژاوی جیکەجیکەوە، داهاتنەوە کە لە پانتاییە ڕووتەنەکەدا بنیشنەوە، بەلام کە هەستیان بە بوونی ئەو چەند زەلامە کرد، بە کۆمەڵ هەستانەوەو وەکو کلافە خورییەکی ڕەش بەرەو ئاسمان بەرز بوونەوە.

کاپارین، دوای ماوەیەکی کەم هاتەوە، بەدەم چاو تروکانەوە ڕوانیە فومین و گوتی:

– دەمەوێ، ئەمشەو بڕۆم بۆ گوند

– بۆچی؟

– پرسیارێکی سەیرە! ئەدی نابینی کە خەریکە دەمرم، لەرزم لێهاتووە خەریکە خۆم بە پێوە ناگرم؟

فومین، بە دەنگێکی زۆر هێمنەوە گوتی:

– ئێ؟ پێتوایە، لە گوندا، حاڵت چاکتر دەبێ؟

– پێویستم بەوەیە، بەلای کەمەوە، بۆ چەند شەوێك لە شوێنێکی گەرما بمێنمەوە.

فومین، بە زبری گوتی:

– بۆ هیچ کوێ ناڕۆیت!

– چیە، یانی دەبێ لێرەدا بمرم؟

– کەیفی خۆتە.

– باشە، بۆ نایەڵی بڕۆم؟ ئەگەر چەند شەوێکی دی لێرە بمێنمەوە، بێگومان دەمرم.

– باشە ئەگەر لە گوندەکەدا بتگرن؟ بیرت لەمە کردووەتەوە؟ لەو حاڵەتەدا هەموومان تیا دەچین! وادەزانی ناتناسم؟ لە یەکەم پرس و جۆدا، کەشفمان دەکەیت! پێش هەر پرس و جۆیەك کەشفمان دەکەیت، بەدەم ڕێگاوە بۆ ڤیشنسکایا خەبەرمان لێدەدەی.

چوماکوف، بەدەم پێکەنینەوە سەرێکی بۆ لەقاند، هەمان بۆچوونی فومینی هەبوو. بەلام کاپارین، دایە کەڵەوەکێشی:

– دەبێ بڕۆم، مەزەندە زیرەکانەکانت، ژێوانم ناکەنەوە.

– پێمگوتیت، جارێ لێرە بمێنەوەو فزە مەکە.

– بەلام یاکوف یفیموفیچ، من ناتوانم، لە سەر ئەم سەگژیە(ژیانی سەگ ئاسا) بەردەوام بم. لەوە دەچێ تووشی سینە پاڵۆ (ژان و برك لە سەرماوە) بووبم، لەوەشە تووشی سیل بووبم.

– هیچ نییە، چاك دەبیت، لەبەر هەتاوەکە بنوو، چاك دەبیتەوە.

کاپارین، بە توندی گوتی:

– هەر چۆنێك بێ ئەمڕۆ دەڕۆم، تۆ بۆت نییە ڕێگەم لێبگریت. بە هەر شێوەیەك بووە دەڕۆم.

فومین، تەمەشایەکی کرد، بە  بەدگومانیەوە لێی ڕوانی و ئەوسا چاوێکی لە چوماکوف داگرت، لە جێی خۆی هەستا.

– کاپارین، بە سەرو سیماتدا دیارە کە نەخۆشیت... دیارە دەبێ تات لێهاتبێ... کوا بزانم سەرت گەرمە!

چەند هەنگاوێك لە کاپارین هاتە پێشەوەو دەستی درێژ کرد.

کاپارین هەستی بە بەدنیازی فومین کرد، پاشەو پاش کشایەوەو هاواری کرد:

– لاچۆ.

– هاوار مەکە! ئەم هاتو هاوارەت لە چیە؟ دەمەوێ بزانم چیتە؟

فومین، چووە پێشەوە، گەرووی کاپارینی گرتو بە دەنگێکی نزم گوتی:

– دەتەوێ،تەسلیم ببیتەوە، هەی خوێڕی؟

و بە هەموو هێزو توانایەکی خۆیەوە، ویستی کاپارین بدات بە عاردیدا.

گریگۆری، بە زەحمەتێکی زۆر ئەوسا توانی ئەو دوانە لێکدی جیابکاتەوە.

... دوای فراڤین، کاتێ کە گریگۆری خەریك بوو هەندێ جلی شۆراوی خۆی، لە سەر دەوەنێك هەڵدەخست، تا وشك ببێتەوە، کاپارین چوو بۆ لای.

– حەز دەکەم، بە تەنیا هەندێ قسەت لەگەڵدا بکەم... با دانیشین...

لە سەر قەدی ڕزیوی سپیدارێك کە لافاو خستبووی، دانیشتن. کاپارین، بە دەم وشکە کۆکەیەکەوە پرسی:

– تۆ ڕات بەرانبەر بە ڕەفتاری ئەم کەرە چیە؟ من منەتباری تۆم، کە هاتیتە بەینمانەوە، هەڵوێستەکەت نەجیبانە بوو، ڕێك ڕەفتاری بابایەکی ئەفسەر بوو. بەڵام ئەمە وەزعێکی زۆر خراپە، من لەوەی پتر تەحەمول ناکەم. ئێمە ڕێك وەکو ئاژەڵان دەژین... بزانە چەند ڕۆژە، خواردنێکی گەرممان نەخواردووە؟ ئەوجا ئەم نووستنەی سەر ئەم زەویە تەڕە. من سەرمام بووە، لا کەلەکەم زۆر دێشێت. دڵنیام تووشی برکو سەرما بووم. پێویستم بەوەیە لەبەر ئاگر دانیشم. لە ژووری گەرما بنووم، جلەکانی ژێرەوەم بگۆڕم... خەون بە کراسی تازە شۆراوی خاوێنەوە دەبینم، بە سیسەمو چەرچەفەوە دەبینم... نا،ناتوانم لەوەی پتر بەم حاڵەوە بژیم!

گریگۆری، بزەیەکی بە ڕوویاداو پرسی:

– دەتەوێ، لە ناو نوێنی گەرمو پاکو خاوێنەوە شەڕ بکەیت؟

کاپارین، بەجدی هەڵیدایە:

– جا ئەمە شەڕە؟ ئەمە شەڕ نییە، ڕاکردنی بەردەوامە، لێرەو لەوێ کارمەندانی سۆڤیاتی دەکوژینو پاشان هەڵدێین. ئەگەر خەڵکی پشتیوانیان لێکردباین، ئەگەر ئەم کارانە ڕاپەڕینیان لێکەوتباوە، هەنگێ شەڕ بوو، بەڵام ئەمەی ئێستا، شەڕ نییە، نەخێر شەڕ نییە!.

– بەڵام هیچ چارێکی دیکەمان نییە، وا دیارە دەتەوێ تەسلیم ببینەوە، ها؟

– وایە، ئاخر چی بکەین؟

گریگۆری شانەکانی هەڵتەکاندن، لە وەڵامی کاپارین دا، هەمان قسەی دووبارە کردەوە، کە جارەهای جار، کاتێ لەو دوڕگەیەدا پاڵ کەوتبوو، بیری لێکردبووەوە:

– ئازادیەکی ناڕەحەت باشترە لە زندانێکی ڕەحەت!

کاپارین، تەرکەیەکی بە دەستەوە بوو و بە لمەلاَنەکەی بەردەمیا دێناو خەت خەتی دەکرد. دوای بێدەنگیەکی دوورو درێژ گوتی:

– مەرج نییە خۆمان تەسلیم بکەینەوە. بەڵام پێویستە شێوازی خەباتی خۆمان دژی بەلشەفیکەکان بگۆڕین. پێویستە لەم خەڵکە هیچ و پوچە جیا ببینەوە، تۆ کەسێکی ڕۆشنبیری....

گریگۆری بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– جا چتۆ ڕۆشنبیرێك! من ناتوانم بە دروستی ئەو وشەیە بڵێمەوە.

– تۆ ئەفسەریت.

– ئەمەشیان، خوا بەختەکی و بە ڕێکەوت بوو.

– نا، بە بێسوعبەت. تۆ ئەفسەریت، تێکەڵانی کۆڕی ئەفسەران بوویت. خەڵکانی ماقووڵت دیتوون، تۆ وەکو فومین، تازە پێیاکەوتوویەکی سەردەمی شۆڕشی سۆڤیاتی نیت. دەبێ ئەوە بزانیت کە مانەوەمان لێرەدا، هیچ مانایەکی نییە، شێتاتیە، دەتوانم بڵێم خۆکوژییە. ئەو لە بێشەکەدا، گورگان خواردووی کردین، خۆ ئەگەر چارەنووسی خۆمان بدەینە دەست ئەوەوە دەمانخاتە هەزار قۆرتی دیکەی لەو بابەتەوە. بە ڕاستی کابرایەکی لات و لەوێرە، لەوەش خراتر کەرێکی تەواو عەیارە! لە گەڵ کەری بگۆڕیتەوە کورتانت زەرەرە! ئەگەر لەوەی پتر ڕیشی خۆمانی بدەینە دەست، تیادەچین!

گریگۆری پرسی:

– کەواتە تۆ لە گەڵ تەسلیم بوونەوەدا نیت، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی کە لە فومین جیا ببینەوە؟ باشە لەو حاڵەدا کێوە بچین؟ پەیوەندی بە ماسلاکەوە بکەین؟

– نا، ئەویش هەمان تاس و حەمامە، بە جیاوازییەکی کەمەوە. من ڕەئێکی دیکەم هەیە. نابێ پەیوەندی بە ماسلاکەوە بکەین....

– ئەدی کێوە بڕۆین؟

– بۆ ڤیشنسکایا

گریگۆری، بە ناڕەحەتی شانەکانی هەڵتەکاندن:

– بەمە دەڵێن بە تیرێ دوو نیشانە. من لەگەڵ ئەمەدا نیم.

کاپارین، بە دوو چاوی تیژو پرشنگدارەوە تەمەشای کرد:

– میلیخوف، تۆ لە قسەکەی من نەگەییشتی. من بتوانم متمانەت پێبکەم؟

– سەدی سەد.

– بەڵێنی پیاوان، بەڵێنی ئەفسەرێکم دەدەیتێ؟

– بەڵێنی قوزاقانە.

کاپارین، تەمەشایەکی لای فومین‌و چوماکوف کرد، هەرچەندە زۆر لەمانەوە دوور بوون‌و بە هیچ جۆرێ نەیاندەتوانی گوێیان لە قسەکانی ئەم بێت، ئەوجاش دەنگی تەواو نزم کردەوەو گوتی:

– من ئاگام لە پەیوەندی تۆ بە فومین‌و ئەوانی دیکەوە هەیە. تۆ لە ناو ئەوانەدا، وەکو من غەریب‌و بێگانەی. من هەقم بەسەر ئەوەوە نییە لە سەرچی‌و بۆچی دژایەتی حکومەتی سۆڤیاتی دەکەیت. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، پەیوەندی بە ڕابردووی خۆتەوە هەیەو لەوە دەترسیت بتگرن، وانیە؟

– خۆ تۆ، تۆزێ لەمە پێش گوتت، هەقت بە سەر هۆی ئەم کارەوە نییە!

– بەڵێ، بەڵێ، وامگوت، وەکو دەڵێن قسە قسە ڕادەکێشێت. جا با من چەند شتێکت دەربارەی خۆم بۆ بگێڕمەوە. من جاران ئەفسەر بووم‌و ئەندامی پارتی سوسیال– شۆڕشگێڕ بووم، بەڵام پاشان بە سەرانسەری بیروباوەڕی سیاسی خۆمدا چوومەوە... تەنیا سەڵتەنەت‌و پاشایەتی دەتوانێ ڕووسیا ڕزگار بکات. تەنیا سەڵتەنەت‌و بەس! عینایەتی پەروەردگار، ئەم ڕێگایە بە وڵاتەکەمان نیشاندەدات. مەگەر ئاڕم‌و نیشانەی حکومەتی سۆڤیاتی چەکوش‌و داس نییە؟

کاپارین، بە تەرکەکەی دەستی هەردوو وشەی چەکوش‌و داسی لە سەر لمەکە نووسی‌و پاشان هەردوو چاوی، کە لە تاوا سوور هەڵگەڕابوون، بڕینە گریگۆری‌و گوتی:

– دەی ئێستا ئەم دوو وشەیە، بە پێچەوانەوە، لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا بخوێنەوە، خوێندتنەوە؟ تێگەیشتی* (لە زمانی ڕووسیدا (داس ***Serp*** و چەکوش ***molot***) ـە ئەگەر ئەم دوو وشەیە بەسەر یەکەوە بنووسرێت‌و لە ڕاستەوە بۆ چەپ بخوێنرێتەوە، دەکاتە (پرستولوم، کە مانای: بە هۆی تەختی پاشایەتیەوە، دەگەیەنێت.) تەنیا تەختی پاشایەتی دەتوانێ کۆتایی بە شۆڕش‌و بە دەسەڵاتی بەلشەویکان بێنێ. دەزانی کاتێ کە ئەمەم کەشف کرد، چ ترسێکی مەعنەوی و جەزمەیەکی سۆفیانە گرتمی؟ ڕاجفریم، لەرزم لێهات، ئەگەر بشێت بەمجۆرە دایبنەین، ئەوا دەکاتە پەنجەی خوا کە کۆتایی ئەم سەرگەردانی‌وماڵوێرانیە، بە ئێمە نیشاندەدات...

کاپارین، بە ڕادەیەك هەڵچوو بوو، کە هەناسەی تەنگ و بێدەنگ بوو. چاوەکانی کە جۆرە شێتاتیەکیان لێدەباری، بڕینە گریگۆری. بەڵام گریگۆری نە لەرزی‌و ئەم ڕازدۆزییەی کاپارین، هیچ ترسێکی مەعنەوی و جەزمەیەکی سۆفیانەی لا دروست نەکرد. گریگۆر هەمیشە لە ژیانیا، بە خوێنساردی‌و لە دیدێکی عەمەلییەوە ڕوانی بووە هەر شتێك. بۆیە لە وەڵاما گوتی:

– هیچ ئەگوستێك لە ئارادا نییە. لە شەڕی ئەڵماندا تۆ لە جەبهە بوویت؟

کاپارین، بەو پرسیارە غافڵگیر بوو، بۆیە دوای کەمێك بێدەنگی ئەوسا بەرسڤی دایەوەو گوتی:

– بۆچی ئەو پرسیارە دەکەیت؟ نەخێر، بە ڕاستی لە جەبهە نەبووم.

– ئەدی، ماوەی ئەم شەڕەت لە کوێ بە سەر برد؟ لە پشت جەبهەوە؟

– بەڵێ.

– هەر هەموو ماوەی شەڕەکە؟.

– بەڵێ، هەر هەمووی نا، تەقریبەن زۆربەی هەرە زۆری. بەڵام بۆچی ئەمە دەپرسیت؟

– بەڵام من لە ساڵی ١٩١٤ـەوە تاکو ئەمڕۆ،جگە لە چەند ڕۆژێکی کەم، هەر لە جەبهە بووم. بەڵام سەبارەت بەم ئەنگوستەی کە تۆ دەیڵێی... هیچ ئەنگوستێك لە ئارادا نییە... کاتێ کە خوا بە خۆی نەبێ، ئیدی ئەنگوستی لە کوێ بوو؟ من زۆر لە مێژە ئەم بیروباوەڕە پوچانەم تەڵاق داوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩١٥ـەوە کە بۆ یەکەمجار، شەڕم بینی، دەرهاوێشتەکانی شەڕم بە چاوی خۆم بینی، لە دڵی خۆدا گوتم: هیچ خودایەك لە ئارادا نییە! ئەگەر خوا هەبوایە، نەیدەهێشت ئەم خەڵکە وا بە یەکتری بکەن! ئێمە، سەربازانی جەبهە، خودامان تڕۆ کرد، خوامان بۆ پیرەمێردان و ژنان بە جێهێشت. با ئەوان دڵی خۆیانی پێخۆش بکەن! نە ئەنگوستی خوایەك لە ئارادایەو نە هیچ سەڵتەنەتێك پەیدا دەبێتەوە. گەل، دەورو دوکانی سەڵتەنەتی بە یەکجارەکی پێچایەوە. ئەمەی کە بە منی نیشاندەدەی، ئەم وشانەی کە بە بەرەواژی دەیاننوسیت، ئەم شتانە، بمبورە، جگە لە گەمەی منداڵانە هیچی دیکە نییە. من تێناگەم، تۆ گەرەکتە لەم ڕێگایەوە چی بە من بڵێی. حەزدەکەم ڕوونترو سادەتر قسان بکەیت. من هەرچەندە ئەفسەرم، بەڵام ئەکادیمیای ئەفسەریم تەواو نەکردووەو سیواتێکی ئەوتۆم نییە.

گریگۆری، کە جۆرە پەشیمانییەك بە دەنگیەوە دیاربوو، بە مجۆرە کۆتایی بە قسەکانی خۆی هێنا:

– ئەگەر کەمێك خوێنەوارتر بام، ڕەنگە ئێستا لێرەدا، لەم دوڕگەیەدا وەکو گورگێ کە لافاو گەمارۆی دابێ، لە گەڵ تۆدا دانەنیشتبام.

کاپارین، خێرا گوتی:

– ئەمە گرینگ نییە، گرینگ نییە کە تۆ باوەڕت بە خودا هەبێ یان نا. ئەمە پەیوەندی بە بیرو بۆچوون، بە ویژدانی خۆتەوە هەیە. هەروەها گرینگ نییە کە داشداری سەڵتەنەت بی یا ڕژێمی دەستووری کۆماری یا قوزاقێکی ئۆتۆنۆمی خواز، گرینگ ئەوەیە، ئێمە لە دژایەتی حکومەتی سۆڤیاتیدا، هاو هەڵوێست و هاو سەنگەرین، لەمەدا، لەگەڵمی؟

– بەردەوام بە.

– ئێمە، ئومێدێکی یەجگار زۆرمان بە ڕاپەرینی سەرانسەری قوزاقان هەبوو، حیساب و کیتابێکی زۆرمان بۆ کرد، وا نییە؟ هەڵبەتە بە کردەوە دەرکەوت، ئەو هیواو ئومێدەمان، نابەجێ و بێ بنج و بناوان بوو. جا ئێستا دەبێ بیرێك لەوە بکەینەوە کە خۆمان لەم گرفتە دەرباز بکەین. ئێستاش دژایەتی بەلشەویکان نەچووە بچێ، بەڵام بە فەرماندەیی کەسێکی وەکو فومین نا! ئێستا گرینگ ئەوەیە کە ژیانی خۆمان ڕزگار بکەین. بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم کە ئێمە، من و تۆ پەیمانێکی دوو قۆڵی ببەستین.

– چ پەیمانێك؟ دژی کێ؟

– دژی فومین.

– لێت تێناگەم.

کاپارین، بە ئاشکرا هەلچوونی پێوە دیار بوو، بەدەم هانکە هانکەوە بەردەوام بوو:

– مەسەلەکە زۆر سادەیە. من داوات لێدەکەم کە ببی بە شەریك و هاودەستم. من و تۆ ئەم سێ کەسە دەکوژین و پاشان دەڕۆین بۆ ڤیشنسکایا، تێدەگەی؟ بەم کارە ڕزگار دەبین. ئەو خزمەتەی لەم ڕێگایەوە پێشکەش بەحکومەتی سۆڤیاتی دەکەین، لە هەر سزایەك دەمانپارێزێت. ئیدی دەژین، ژیانی خۆ دەپارێزین! پاشان، هەرکاتێ، هەلمان بۆ ڕەخسا، سەر لە نوێ دژی بەلشەویکەکان ڕادەپەڕین. بەلاّم کاتێ کە شتەکە مسۆگەر بێ، نەك ڕیسککارییەکی وەکو ئەمەی کە لە گەلّ سالوکێکی وەکو فومیندا دەستمان داوەتێ. رازیت؟ ئەوەش بزانە کە ئەمە تاقە ڕێگای رزگار بوونمانە لەم گرفتە دژوارە، ڕێگەیەکی باشیشە!

گریگۆری، کە لە ناخی خۆیدا، لە ڕق و لە نەفرەتا دەلەرزی، بە هەموو هێزو توانایەکی خۆیەوە، هەولّیدەدا، دەری نەبڕێت و پێوەی دیار نەبێ، پرسی:

– ئاخر ئەم کارە چۆن جێبەجێ دەکرێت؟

– تەگبیری ئەوەشم کردووە. شەوێ ئەم کارە دەکەین، بەچەکی سارد، شەوی دواتر، کاتێ خزمەکەی فومین، ئەوەی کە خواردنمان بۆ دێنێ، هات، بۆ خۆمان لە دۆن دەپەڕینەوەو بۆی دەردەچین.

گریگۆری، بە دەم خۆشحالّیەکی دەستکردەوە، بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

– لەوە دەچێ نەخشەیەکی باش بێ! بەلاّم کاپارین پێم بلّێ ئەم بەیانیە کە دەتویست بچی بۆ گوند و خۆت گەرم بکەیتەوە... مەبەستت ئەوە بوو بڕۆی بۆ ڤیشنسکایا؟ مەزەندەکەی فومین ڕاست بوو؟

کاپارین، لە نزیکەوە ڕوانیە سەرو سیمای خەندان و دۆستانەی گریگۆری و بەدەم بزەیەکی شەرمنانەو غەمگینانەوە گوتی:

– پیاو ڕاست بلّێ، بەلّێ. بە خۆت دەزانی کاتێ کە مەسەلەی چارەنووس بێتە ئاراوە، پیاو زۆر گوێ بەو ڕێگەیە نادات کە لە پێناوی چارەنووسی خۆیدا هەلّیدەبژێرێ.

– یانی، خەبەرت لێدەداین؟

کاپارین، ڕاستگۆیانە ئیعترافی کرد:

– بەلّێ، بەلاّم ئەگەر تۆیان لەم دوڕگەیەدا دەستگیر بکردایە، هەولّمدەدا، لە هەر جۆرە ناڕەحەتیەکت بپارێزم.

– دەی باشە، بۆچی خۆت، بە تەنیا هەموومانت نەکوشت؟ خۆ ئەم کارە، بە شەو ئاسان بوو.

– نا، خەتەر بوو، لە گەلّ یەکەم تەقەدا، ئەوانی دیکە...

گریگۆری، دەمانچەکەی دەرهێناو بە توندی گوتی:

– چەك بە... چەکەکەت لە عاردی دانە. دەنا هەر ئێستا دەتکوژم! من ئێستا هەلّدەستمە سەر پێیان، لە بەردەمتا دەوەستم تا فومین نەتبینێ، تۆش دەمانچەکەت فڕێ بدە بەر پێی من، باشە؟ بیر لە تەقە کردن نەکەیتەوە ها! هەر بجولّێی دەتکوژم.

کاپارین، ڕەنگی مردووی لێنیشت. لێوەکانی سپی بوون، بە ئاستەم دەمی هەلّێنایەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:

– مەمكوژە!

– ناتكوژم. بەڵام چەكەكەت لێدەسەنم.

– خەبەرم لێدەدەیت...

فرمێسك بە سەر گۆنا ڕیشنەكانی كاپاریندا هاتە خوارێ. گریگۆری چارەی لە نەفرەتو لە بەزەییدا گرژ بوو، بە دەنگی بەرز گوتی:

– دەمانچەكەت فڕێدە! خەبەرت لێنادەم، هەرچەندە هەقە خەبەرت لێبدەم! بە ڕاستی سەلماندت چەند نامەردیت! چەند خوێڕیت!

كاپارین، دەمانچەكەی فڕێدایە بەر پێی گریگۆری.

– ئەدی برۆنیكەكەت كوا؟ برۆنیكەكەشتم بدەیە. لە گیرفانی بەر باخەڵی، قەمسەڵەكەتدایە.

كاپارین، برۆنیكە دەسك نیكلەكەی كە دەدرەوشایەوە دەرهێناو فڕێی دا، دەموچاوی لە نێو هەردوو دەستی ناو، ئازای ئەنامی بەدەم هەنیسك هەڵدانەوە، دەلەرزی.

گریگۆری، كە بە زەحمەت جڵەوی خۆی دەگرت، كە لەم پیاوە نەدات و بەر شاپی نەدات، بە توندی گوتی:

– واز لەم ئیشە قۆڕانە بێنە نامەرد!

– ئەگەر خەرم لێبدەی... ئیدی كارم كراوە.

– پێمگوتیت، خەبەرت لێنادەم. بەڵام هەركە ئەم دورگەیەمان بە جێهێشت، ئیدی دەڕۆیتو ملی خۆت دەشكێنی... كەس پێویستی بە خەڵكی وەكو تۆ نییە! بە تەنیا بڕۆو بۆ خۆت پەنایەك بدۆزەوە.

كاپارین دەستی لە سەر دەموچاوی لابرد، دیمەنی زۆر ترسناك بوو، گۆناكانی، شینو مۆر، لە فرمێسكا هەڵكشا بوون، چاوەكانی هەڵماسابوون، چەناگەی دەلەرزی. بە دەمەلاڵكێوە، پرسی:

– ئەدی بۆ... بۆچی چەكت كردم؟

گریگۆری، بە نە بەدڵی بەرسڤی دایەوە:

– بۆ ئەوەی لە دواوە تەقەم لێنەكەی. ئێوەگەل، ئێوەی خوێنەوارو ڕۆشنبیر، هەموو شتێكتان لێدەوەشێتەوە... چەند بە ئاوو تاو باسی ئەنگوست، باسی تزار، باسی خوات دەكرد... پاح كە بەشەرێكی سووكی!...

گریگۆری، بێئەوەی تەمەشای كاپارین بكات، پەیتا پەیتا، تفەكەی دەمی، دەكردە ئەرزەكەو، هێدی هێدی گەڕایەوە بۆ لای ئەوانی دی.

ستەرلیادنیكوف، لە بن لێوانەوەو بەدەم فیكە فیكەوە، بە سیرمەو سوژنێكەوە، درزێكی زینەكەی دەدروەوە. فومینو چوماكوف، لە سەر نەرمە زینێك پاڵیان دابووەوەو وەكو هەمیشە خەریكی وەرەقبازی بوون.

فومین، نیگایەكی خێرای گریگۆری كردو پرسی:

– چی پێدەگوتی؟ باسی چیتان دەكرد؟

– گلەیی لە ژیانو گوزەران دەكرد... هیچی نەدەگوت، بۆ خۆی چەنەی دەدا...

گریگـۆری، قسـەکەی خـۆی بـردە سـەرو خەبـەری لـە کاپـارین نـەدا. بـەڵام شـەویٚ، بـە دزییـەوە بێئەوەی کەس ئاگای لێبیٚ، میلی تفەنگەکەی کاپارینی دەرهێنـاو لـە شوێنێکدا شاردیەوە. کاتیٚ ڕاکشا کە بخەوێت، لە دڵی خۆیدا گوتی: "کیٚ دەڵیٚ ئەمشەو، کاریکی خراپ ناکات..."

بەیانی، فومین هەڵیساند، لە کاتێکا بە سەریا دانەوی بووەوە، بە ئارامی لێی پرسی:

– تۆ، چەکەکەت لە کاپارین سەندووە؟

– چی؟ چەکی چی؟

گریگـۆری، نیـوە ئـاخێزێکی بـۆ کـردو کێشـمانێکی خـۆی داو باوێشـکێکی دا. تۆزێـك پـێش ڕۆژهـەڵات خـەوی لێکـەوتبوو، بەرەبـەیان زۆر سـەرمای بـوو بـوو. پـاڵتۆو کـڵاو وچـەکمەکانی، لـە ئاونگی بەرەبەیاندا، تەڕ بوو بوون.

– ئەدی چەکەکەی دیار نییە، تۆ لێت سەندووە؟ دە، هەستە میلیخوف!

– بەڵیٚ، من لێم سەندووە، چی بووە؟

فـومین، بەبێـدەنگی ڕۆیـی، گریگـۆری هەسـتا، پاڵتۆکـەی تەکانـد، کـەمێك هێـوەتر، چـوماکوف، خجڵـی (خـەریکی) ئامـادەکردنی تێشـت بـوو: تاقـە ئامانەکـەی خۆیـانی شـت بـوو. نـانێکی بەدەسـتەوە بـوو، کـردی بـە چـوار بەشـی یەکسـانەوە، شـیری لـە قاپەکـە کـرد، گوزکـە هـەرزنێکی برژاوی ڕەقی تێگوشی، تەمەشایەکی گریگۆری کردو گوتی:

– ئەمڕۆ درەنگ ڕابووی میلیخوف! تەمەشا هەتاو لە کوێیە.

سترلیادنیکوف، کە کەوچکە دارەکانی شت بوو و خـەریك بـوو بـە چمکی پاڵتۆکەی دەیسڕین، گوتی:

– پیاوی دڵپاك و بە ویـژدان، هەمیشـە خـەوی خۆشـە. کاپـارین بـە درێـژایی ئـەم شـەو نەخـەوتووە، هەر گینگڵی دەدا...

فومین، بە دەم زەردەخەنەوە دەیڕوانیە گریگۆری و هیچی نەدەگوت.

چوماکوف، هاواری کرد:

– ئەهای ڕێگرینە، وەرن تێشت (نانی بەیان) بخۆن!

بێئـەوەی چاوەڕوانی ئـەوانی دی بکـات، بـە کەوچـك کەوتـە فڕکردنـی شـیرەکەو پاشـان، نیـوەی بەشە نانەکەی خۆی کرد بە قەپێك.

گریگۆری، کەوچکەکەی خۆی هەڵگرت، ڕوانیە ئەوانی دیو پرسی:

– ئەدی کاپارین کوا؟

فومین و، سترلیادنیکوف، بە بێدەنگی نانیان دەخوارد. چوماکوف چاوی بڕی بووە گریگۆریو ئەویش هیچی نـەدەگوت... گریگـۆری کە بـە مەزەنـدە دەیزانـی ئـەو شـەوە چـی ڕوویـداوە، دیسـان پرسی:

– کاپارین، چی بە سەر هاتووە؟

چوماکوف، بەدەم زەردەخەنەیەکی ئارامەوە بەرسڤی دایەوە:

– کاپارین، ئێستا تەواو دوور کەوتووەتەوە، خەریکە بە مەلە بەرەو رۆستوف دەڕوات. بە مەزەندەی من، ئێستا زۆری نەماوە بگاتە ئوست خوپەرسکایا... ئەوە پەستەکە فەروەکەیەتی لەوێیا، دەی بینی.

گریگۆری، نیگایەکی خێرای، پەستەکەکەی کردو پرسی:

– بە ڕاستی، کوشتووتانە؟

هەڵبەتە، پێویستی بەو پرسیارە نەدەکرد، چونکە ئەوەی عەیانە، چ حەوجە بە بەیانە. کەچی وێڕای ئەمەش ئەو پرسیارەی هەر کرد. کەس بەرسڤی نەدایەوە، دووبارە پرسییەوە.

چوماکوف، گوتی:

– ئا، کوشتمان..

چاوە قاوەییە جوانە ژنانیەکانی داخستو لە سەری ڕۆیی:

– من کوشتم. ئەرکی من، کوشتنی ئەو کەسانەیە کە...

گریگۆری، بە وردی تەمەشای کرد. سیمای جوانو سوورو هەتاوزەدەی ئارامو تەنانەت شادیش بوو. سمێڵە زەردەکەی، بە دەموچاوە تاوە سووتەکەیەوە، دەگەڵ برۆ تۆخەکانی و قژیا کە بۆ سەرەوە هەڵیدا بووەوە، تێکی نەدەکردەوە. بە ڕاستی ئەم جەلادەی دارو دەستەکەی فومین، پیاوێکی قۆز بوو... کەوچکەکەی خۆی لەسەر سفرە مشەمایەکە داناو بەپشتی دەستی، دەمو سمێڵی سڕیو گوتی:

– میلیخوف، بڕۆ سوپاسی یاکوف یفیمیوفیچ بکە. ئەو گیانی ڕزگار کردیت، دەنا وانەبوایە، ئێستا تۆش لە گەڵ کاپاریندا، بە ئاوی دۆندا، بەرەو خوار دەبوویەوە...

– بۆچی؟

چوماکوف، بە کاوەخۆ کەوتە گێڕانەوەی ڕووداوەکە:

– کاپارین، دیار بوو کە دەیویست خۆی تەسلیم بکاتەوە. دێنیٚ زۆری قسە لە گەڵ تۆدا کرد... ئەوە بوو منو یاکوف یفیمیوفیچ بیرمان لەوە کردەوە کە نەیەڵین تووشی گوناح و خەتا بیٚ.

چوماکوف، نیگایەکی پرسیارئامێزی فومینی کردو گوتی:

– هەمووی بۆ بگێڕمەوە؟

فومین، سەری ڕەزامەندی بۆلەقاند. چوماکوف، بەدەم داکرماندنی دەنکە هەرزنە نەکوڵاوەکانەوە، درێژەی بە قسەکانی خۆی دا:

– دوێشەو، تێڵایەکی دار بەڕووم ئامادە کرد، بە یاکوفم گوت: "ئەمشەو، ئەم دوانە، کاپارینو میلیخوف، پێکەوە دەکوژم." بەڵام ئەو گوتی: "کاپارین، بکوژە، بەڵام دەست بۆ گریگۆری مەبە." لە سەر ئەمە ڕێکەوتین. کەوتمە چاودێری کاپارین تا خەوی لێکەوت. گویٚ هەڵخست، تۆش خەوت لێکەوتبوو دەت پرخاند. هەنگیٚ، بە سینگە خشکیٚ بۆی چووم، تا هێزم تیا بوو، تێڵایەکەم کێشا بە سەریا. جەنانی نەقیبی ئەرکانەکەمان، جوڵەی لێوە نەهات! تەنانەت لەقەفرتێشی نەکرد! زۆر بە نەرمی دەسو لاقی لێڕاکێشاو گیانی دەرچوو... بە بێدەنگی گیرفانەکانی گەڕاین، ئەوسا دەستو لاقیمان گرتو بردمان بۆ گوێی ڕوبارەکەو چەکمەو

قەمسەڵەو فەروەکەمان لەبەری داکەندو فڕێمانە دایە ئاوەکەوە. تۆش بێخەمو خەیاڵ، لە غوڕابی خەودا بوویتو ئاگات لە مەحموودی بێزەواد نەبوو... میلیخوف، دوێشەو، مەرگ بەدیار سەرتەوە وەستا بوو! هەرچەندە یاکوف یفیموچ پێی گوتبووم، نابێ دەست بۆ تۆ بەرم، بەڵام لە دڵی خۆدا دەمگوت: "دەبێ ئەمانە بە دوو قۆڵی باسی چیان کردبێت؟ ئاخر ئەمە مایەی گومانە، لە ناو پێنج نەفەردا، دوو نەفەر خۆیان جیا بکەنەوەو رازو نهێنی تایبەتی خۆیان هەبێ..." بۆت داکشام، بڕیارم دابوو بە شمشێر بتکوژم، چونکە لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "ئەگەر بە تێلا لێی بدەم، کابرایەکی بە قووەتە لەوەیە هەستێتەوەو بەر فیشەکم بدات، بە تایبەتی ئەگەر بە یەکەم جەزرەبە نەیکوژم...." بەڵێ، دیسان فومین، ڕێی نەدام. هاتو چپاندی بە گوێمدا: "دەستی لێنەدەی، یەکێکە لە خۆمان، جێگای باوەڕو متمانەیە." ئیدی قسەم نەما. بەڵام هەرچی سەرمان هێناو سەرمان برد، نەماندەزانی چەکەکەی کاپارین چی لێهاتووە؟ ئەوە بوو، وازم لێت هێنا. بەڵام تۆ لە غوڕابی خەودا بوویت، هەستت بەوە نەدەکرد، چ بەڵایەك بە دیار سەرتەوە بوو!".

گریگۆری، بە هێمنی گوتی:

– بەبێ سووچو تاوان دەتکوشتم کەرە! من هیچ سەرو سرێکم لە گەڵ کاپاریندا نەبوو.

– باشە، بۆچی چەکەکەی لای تۆ بوو؟

گریگۆری، پێکەنیو گوتی:

– دوێنێ دەمانچەکەم لێی سەندو شەوێش میلی تفەنگەکەیم دەرهێناو لە ژێر نەرمە زینەکەدا شاردمەوە.

گریگۆری، گفتوگۆیەکەی دوێنێی خۆیو کاپارین وپێشنیازەکەی ئەوی، لە سیری تا پیازی بۆ گێڕانەوە.

– فومین، بە تووڕەیی گوتی:

– بۆچی دوێنێ، باست نەکرد؟

گریگۆری، ڕاستگۆیانەو بە ڕاشکاوی گوتی:

– کە چاوم بە فرمێسکەکانی کەوت، دڵم پێی سووتا.

چوماکوف، کە بە ڕاستی سەری سوڕما بوو گوتی:

– ئاخ! میلیخوف! میلیخوف! میهرو بەزەییەکەت، بخە هەمان شوێنەوە، کە میلی تفەنگەکەی کاپارینت تیا شاردبووەوە، بیخە ژێر نەرمە زینەکەوە، لەوێ بینێژە، دەنا سەرت دەخوات! گریگۆری، بەساردی بەرسڤی دایەوە:

– پێویست ناکات، دەرسم دابدەیت! من کاری خۆم دەزانم!

– بۆچی ئەمە بەدەرس دادان دەزانی؟ باشە گریمان دوێشەو بەخوتو خۆڕایی، لەبەر دڵە بەسۆزەکەت، بێ سووچو تاوان، هەواڵەی ئەو دنیام کردبایت، چیت دەکرد، بەخوتو خۆڕایی لە کیسی خۆت دەچوویت. ها؟

گریگۆری، کەمێك لە فکران ڕاچووو بە نەرمی بەرسڤی دایەوە:

– ڕزگار دەبووم.

ئەوسا، زیاتر بۆ خۆی تا بۆ ئەوانی دی، لە سەری ڕۆیی:

– ڕووو بە ڕووو بوونەوەی مەرگ، بە بێداری زۆر سەختە، بەڵام مردن لەخەوا، دەبێ ئاسان بێ...

((١٥))

شەوێکی ئاخروئۆخری مانگی نیسان، بە بەلەم لە دۆن پەڕینەوە. قوزاقێکی گەنج بە ناوی ئەلکساندر کوشیلیڤ، خەڵکی گوندی نیژنی کریڤسکوی، لە کەناری ڕووبارەکەدا، لە دەرێی ڕو بژنی چاوەڕوانی دەکردن. گەنجەکە، دوای چاك و خۆشی دەگەڵ فومیندا گوتی:

– من لەگەڵ ئێوەدا دێم، یاکوف یفیموفیچ، بە ڕاستی لە ماڵەوە بێزاربووم.

فومین، ئانیشکی لە گریگۆرییەوە ژەندو بە چپە گوتی:

– بینیت؟ پێم نەگوتیت!... هەرکە لە دورگەکە وەدەرکەوتین، خەڵکی خەریکە ڕوومان تێدەکەن! من ئەم کوڕە دەناسم، گەنجێکی جەنگاوەرە! ئەمە نیشانەی خێرە. ئەوەندەمان زەحمەتە دەست پێبکەینەوە

بە دەنگیا دیاربوو کە لە خۆشیاندا بسکەی سمێڵی دێت. زۆر دڵی بە هاتنی ئەم جەنگاوەرە تازەیە خۆشبوو، پەڕینەوەیان بە سەرکەوتووی لە دۆن و، پەیوەندی کردنی ئەم نەفەرە بەدارو دەستەکەیانەوە، دڵگەرمیان دەکرد و ئومێد و هیوای تازەی پێدەبەخشی. لە کاتێکا، کە لە تاریکیەکەدا، دەیڕوانیە قەدو باڵای کوشیلیف و دەستی بە چەك و قایش و قروشەکەیدا دێنا، بەخۆشحاڵیەوە گوتی:

– وادیارە، جگە لەتفەنگ و دەمانچە، شمشێرو دووربینشت هەیە؟ ئەمەیە قوزاق! بە قەدو قەڵافاتیا دیارە کە قوزاقێکی ڕەسەنە و هیچ چەندو چونێك هەڵناگرێت.

ئامۆزاکەی فومین، بە سواری ئەسپێکی چکۆلە، کە لە عەرەبانەیەکی بەستبوو، هات و خۆی گەیاندە کەنارەکەو بە ئەسپایی گوتی:

– کوا زینەکان، لە عەرەبانەکە باربکەن. توخوا پەلە بکەن، شەو درەنگە و ڕێگایەکی دوورودرێژمان لەبەرە...

زۆر بەپەلە و نیگەران بوو، فومینی هاندەدا کە خێرا بکەن. بەڵام فومین، کە لە دوڕگەکە ڕزگاری بوو بووو هەستی بە زەوی سەختی گوندەکەی زاگەی خۆی، لە ژێر پێی خۆیدا دەکرد، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد، سەعاتێك لە ماڵەکەی خۆیدا بەسەر بەرێت و سەرێکی هەندێ ناسیاوی گوندەکە بدات.

کەمێك بەر لە سپێدە، لە نزیکی گوندی یاگورنی، باشترین ئەسپی ڕەوە ئەسپێکیان جیاکردەوە و زینیان لێبەستن. چوماکوف بە ڕەوکەوانە پیرەکەی گوت:

– خەمی ئەسپەکانت نەبێ، ئەو ئەسپە باشانە نین، ئێمەش زۆریان لای خۆ ناهێڵینەوە: هەرکە ئەسپی چاکترمان پەیدا کرد، ئەمانە بۆ خاوەنەکانیان دەگێرینەوە. ئەگەر یەکێك لێی پرسیت کێ ئەسپەکانی برد، بڵێ چەند چریکێکی ناوچەی کراسنوکوتسکایا بوون. با خاوەنەکانیان بڕۆن بۆ ئەوێ... ئێمە لە دووی دەستەیەك چەتە و پیاو خراپین، وایان پێ بڵێ.

پاش ئەوەی گەیینە شارێگاکە، لە کوڕە مامەکەی فومین، جیابوونەوەو پاشان بە دەستی چەپا لایانداو بە یورغە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا کەوتنە ڕێ. دەنگۆیەك بڵاو بوو کە گوایە دارو دەستەکەی ماسلاك، لە یەك دوو ڕۆژی ڕابردوودا، لە ناوچەی مشکوفسکایا بینراون. فومین–ش کە لێبڕا بوو پەیوەندی بەوانەوە بکات، هەمان سەمتی گرتەبەر

***

سێ دانە شەوو ڕۆژ، ڕێگاو بانەکانی ڕەخی ڕاستی دۆنیان، بە دوای دارو دەستەکەی ماسلاکدا دایە ژێر پێوە، خۆیان لە ئاواییە گەورەو شارۆچکەکان دەبوارد، ڕێگاو بانەکانی دەشتی دۆنیان، بە دوای دارو دەستەکەی ماسلاکدا تەی کرد. لە گوندە ئوکرانی نیشنەکانی سنوورو ئاقاری شارۆچکەی کارگینسکایادا، بارگیرەکانی خۆیانی بە ئەسپێن خورت و خۆشبەزو ڕەهوان، گۆڕی.

بەیانی ڕۆژی چوارەم. لە نزیکی گوندی ڤژیدا، گریگۆری لە پێش ئەوانی دیکەوە، یەك تابوور سواری بینی کە لە دۆڵێکی نێوان دوو گردی دوورە دەستەوە، دەهاتنە دەرێ. بەلای کەمەوە دوو سریە دەبوون. ئەمە جگە لەوەی کە دەورێی بچووکیش لە پێشینانەوەو لەم لاو لەولایانەوە هەبوو. فومین، دووربینەکەی نا بەچاوییەوە:

– یا مسلاکە یا...

چوماکوف، بە تەشەرەوە گوتی:

– یا بەفرە یا بارانە. یاکوف یفیموفیچ، باش تەمەشابکە، چونکە ئەگەر سوورەکان بن، دەبێ زۆر بەپەلە بگەڕێینەوە. فومین بە پەستییەوە گوتی:

– ئاخر لەم دوورەوە، چۆن فەرق دەکرێت؟

سترلیادنیکوف، هاواری کرد:

– تەمەشا بکەن! بەدییان کردین! ئەوە دەورێیەکە بەرەو لای ئێمە دێت!

لە ڕاستیدا، بەدییان کردبوون. ئەو دەورێیەی کە بە قوڵی ڕاستی تابوورەکەدا ڕێی دەکرد، لە ناکاوا بایان دایەوەو بە چوارناڵە بەرەو ئەمان دەهات.

فومین، بەلەز دووربینەکەی لە کیفەکەی نایەوە، بەڵام گریگوری بە پێکەنینەوە، خۆی لە سەر زینەکەوە دانەواندەوەو جڵەوی ئەسپەکەی فومینی گرت:

– پەلە مەکە! بوەستە با کەمێك نزیکترببنەوە. هەر هەموویان دوازدە کەسن. با تەمەشایەکیان بکەین، ئەگەر پێویستی کرد، دەتوانین هەڵێین. ئەسپی چاکمان پێیە، لە چی دەترسیت؟ بە دووربینەکەت تەمەشایەك بکە!

دوازدە سوارەکە، بەرە بەرە نزیکتر دەبوونەوەو زەلامتر دەردەکەوتن. ئێستا کە کەوتبوونە بەردەم گردێکی چڕە دارستانی سەوزەوە، جەستەیان، بە جوانی فەرق دەکرا.

گریگۆری و ئەوانی دی، شپرزەو نیگەران، چاویان بڕی بووە فومین. دەستەکانی کە دووربینەکەیان گرتبوو، بە ئاستەم دەلەرزین. هێندە بە قووڵی تەمەشای دەکرد، کە فرمێسکێك بەسەر گۆنایدا، کە ڕوو لە هەتاوەکە بوو، هاتە خوارەوە. سەرەنجام فومین، بە دەنگێکی گڕ گوتی:

– سوورەکانن! ئەستێرەی سەر کڵاوەکانیان دیارە!

وسەری ئەسپەکەی بادایەوە.

بەچوارناڵە بۆی دەرچوون. لە دواوە بەر تەقەی پچڕ پچڕ دران. گریگۆری کە ناو بە ناو ئاوڕی پاشەوەی دەدایەوە، سێ چوار فرسەخێك شانبەشانی فومین، ئەسپەکەی تاوداو بە سوعبەتەوە گوتی:

– ئەمەیش، کاری پەیوەندی کردنەکەمان!

فومین کە پەشۆکابوو، هیچی نەگوت. چوماکوف، جڵەوی ئەسپەکەی کەمێك ڕاکێشاو هاواری کرد:

– دەبێ خۆمان لە گوندەکان ببوێرین! با بەرەو دەشتی ڤیشنسکایا بڕۆین، ئەوێ چۆلترە.

ئەگەر ئەم ڕاکردنە شەیتانەیە، چەند فرسەخێکی دیکە بەردەوام بوایە، ئەسپەکان لە پەلوپۆدەکەوتن، دەتۆپین. گەردنیان لە ئارەقەی شینو مۆردا هەڵکشابووو لاتەڕافیان چرچو لۆچی تێکەوتبوو.

گریگۆری، ئەمری کرد:

– هێواش! هێواشتر ڕێبکەن!

ئەو دوازدە سوارەی دوایان کەوتبوون، تەنیا نۆ کەسیان مابوونەوە. سیانەکەی دی، دواکەوتبوون. گریگۆری، بە مەزەندەی چاو، مەسافەیەی نێوان خۆیانو سوارەکانی خەمڵاندو هاواری کرد:

– بوەستن! با یەك دوو دەستڕێژیان لێبکەین!...

هەر پێنجیان، ڕەوتی ئەسپەکانیان خاو کردەوە، بەدەم ڕێکردنەوە خۆیان هەڵدایە خوارەوە، تفەنگەکانیان لە شان داگرت.

– جڵەوی ئەسپەکان توند بگرن! سێرە لەو سوارەی ئەوپەری چەپ بگرنەوە، تەقە بکەن!

سەرو خەشاب فیشەکیان تەقاند، ئەسپی یەکێك لە سوورەکانیان کوشتو ئەوسا دەستیان بە هەڵاتن کردەوە. ئەوانەی کە دوایان کەوتبوون، تەواو سارد بوونەوە. ناو بە ناو لە دواوە بەر دوورە تەقەیان دەدانو ئەنجام بە یەکجارەکەی وازیان لە ڕاونانیان هێنا.

ستەرلیادنیکوف، بە سەری قامچیەکەی، ئاماژەی بۆ گۆلاوێکی شینباوی دوورە دەستی، دەشتە پانو بەرینەکە کردو گوتی:

– پێویستە، ئەسپەکان ئاو بدەین، هۆوە گۆلاوە.

ئێستا، بە ڕەوتەی ئاسایی ڕێیان دەکرد، بە وریاییەوە دەیانڕوانیە هەر خەرەندو کەندو دۆڵێك کە پێیا تێدەپەڕین، زیاتر بە پەناو پاسارو دۆڵەکاندا ڕێیان دەکرد تا بە دەشتە هەموارو تەختانیەکاندا.

ئەسپەکانیان، لە گۆلاوەکە، ئاوداو جارێکی دی کەوتنەوە ڕێ، سەرەتا بە ڕەوتەی ئاسایی و پاشان بەیۆرغە ڕۆییشتن. لە نێوەڕۆدا وەستان، تا ئەسپەکان لە خەرەندێکی، قوڵا کە قیروقاج دەشتەکەی دەبڕی، بلەوەڕێنن. فومین، کوشیلیفی بە پێیان نارد بۆ سەر گردێکی ئەو نزیکانەو

ئەمری پێکرد کە خۆی پەنابدات و چاودێری دەرو دەشتەکە بکات، تا ئەگەر لە هەر شوێنێکەوە، سوارانێك دەرکەوتن، خێرا ئیشارەت بۆ ئەمان بکات و بەلەز خۆی بگەیەنێتە ئەسپەکان.

گریگۆری پێوەنی لە پێی ئەسپەکەی خۆی کرد و بەرەڵلای ناو لەوەرگەکەی کرد تا بلەوەڕێت و خۆیشی کەمێك لەولا ترەوە، شوێنێکی وشکی بە قەد پاڵێکی لێژەوە دۆزییەوە و لێی ڕاکشا.

لێرەدا، لەم دیوەی خەرەندەکەوە کە هەتاو لێی دەدا، سەوزەگیای تازە، تەواوێك بەرز بووبووەوە. بۆنی کەسکونی ڕەشە خاکی گەرم بووی بەر هەتاو، نەیدەتوانی بۆن و بەرامەی زۆر ناسکی، گوڵە وەنەوشەی دێر پشکوتووی، دەشتەکە بشارێتەوە.

وەنەوشەیەکی زۆر لە زەوی بەیار یا لە بەینی ساقەتەی وشکی شەوەراندا ڕوا بووو وەکو نەخشی ڕەنگینی گوڵدۆزی بە پانتایی ئەو دەشت و دەرەدا وەربوو بوو. هەروەها لە نێو گیای وشکەوە بووی پارو لە زەوی بەیاری ڕەق وسەختی ئەو دەشتە چۆڵەوە، بە چاوانی شینی پاك و بێگەردی، عەینی چاوی منداڵ، دەیانڕوانیە دنیا، ئیدی ئەم گوڵە وەنەوشانە، خەریك بوو تەمەنیان بە سەردەچووو لە دوا ساتەکانی ژیانی خۆدا بوون و ئێستا گوڵاڵە و هەڵاڵە بە جیلوەی ئەفسانەیی خۆیانەوە، بەقەد پاڵی ئەو کەند و خەرەندانەوە، جێگای گوڵە وەنەوشەیان دەگرتەوە و کاسە سوورو زەرد و سپیەکانی خۆیان، بەرەو هەتاوەکە بەرز دەکردەوە. بایەکە بۆنی جۆراو جۆری گوڵانی ئاوێتە دەکرد و لە گەڵ خۆیدا، بە دەشتەکەدا دەیبرد، بۆ دووری دووری دەبرد. هێشتا بەفر، خاڵ خاڵ، بە سەر تاوێرانی هەڵدێرە ڕکەکانی باکوورەوە مابوو، ناو بە ناو کزە بایەکی سارد لە سەر بەفرەکەوە دەهات، یادی بۆن و بەرامەی ئەو گوڵە وەنەوشانەی وە بیردێنایەوە کە ڕۆژگاریان بە سەر چووبوو.

گریگۆری، لاقی لێبڵاوکردەوە و خۆی بەسەر هەردوو ئانیشکیا داو، لێی ڕاکشا، بەچاوانی تامەزرۆوە دەیڕوانییە دەشتەکە کە لە تەمی گەرمادا نقوم بوو بوو، هەروەها دەیڕوانیە گردە شینباوەکانی کەنار ئاسۆو تراویلکەی لەرزانی قەراغ هەڵدێرە ڕکەکە. بۆ ساتێك چاوانی نوقاند ئاوازی دوورو نزیکی کەڕەوالان، پرمەی ئەسپەکان و دەنگی پێیان و زرەی زنجیری هەوسارەکانیان، کە لە لەوەڕگاکەدا دەلەوەڕان، زەمزەمەی با کە خۆی بە نێو سەوزە زارە نەوڕەسەکەدا دەکرد، گوێیان پڕ دەکرد. لە کاتێکا، کە بە هەموو قورسیەکەوە خۆی بە ئەرزەکەوە نووساند، هەستی بە جۆرە خاوبوونەوە و ئارامییەکی سەیر دەکرد. گریگۆری، لە کۆنیشا ئەم هەستەی لە گەڵدا بوو. کاتێ ئەو هەستەی لەلا پەیدا دەبوو، کە نیگەران بوایە یا لە مەترسیەك ڕزگاری بوایە، لەو کاتانەدا بەچاوێکی تازەوە دەیڕوانیە دنیای دەوروبەری، وەکو ئەوەبوو بۆ یەکەمجار دنیای دەوروبەری خۆی بدینێ. گوێی هەستیارترو چاوی تیژتر دەبوون. لەم حاڵی هەڵچوونەدا زۆر هەستیار دەبوو، ئەم شتانەی جاران بە بەرچاویا دەڕۆیی و سەرنجی ڕانەدەکێشا، کە ئەم حاڵەی لێدەهات، سەرنجیان ڕادەکێشا و بە وردی دیقەتی دەدان. بە هەمان لەزەتەوە دەیڕوانیە ئەو واشەیەی کە لابەلاو، بە هەڕەشەوە، شوێن هەندێ تەیروتوی چکۆلە دەکەوت، یا ڕەفتاری خاوی قالۆچەیەکی ڕەش، کە بەزەحمەت، مەسافەی نێوان هەردوو ئانیشکی ئەوی دەبڕی، یا لەرەی ئەو گوڵاڵە سوورە خوێن ئاسایایەی کە بایەکە بە نەرمی دەی

هەژاندو، بە هەمان جوانیو پاکیزەیی کچولآنەوە، نازی جوانی دەفرۆشت. ئەم گولآڵەیە زۆر لەوەوە نزیك بوو. لە قەراغ کونە جرجێکدا، کونێکی وێرانەدا ڕوا بوو. ئەوەندە بەس بوو گریگۆری دەست بەریٚو بیچنیٚ. بەلآم گریگۆری لە جێی خۆی نەدەجولآ، بەخۆشیو لەزەتێکی خامۆشەوە، دەیڕوانیە ئەو گوڵە کە بەسەر ساقەتەکەیەوە ڕەق ڕاوەستابووو هەر پەڕەیەکی دڵۆپە ئاونگێکی بەرە بەیانی لە هەمێز گرتبوو، وەکو پەلکە ڕەنگینە دەینواند. دوای ئەوە نیگای گواستەوە، حایرو سەرسام، بێئەوەی بیر لە هیچ شتێك بکاتەوە، چاوی بڕییە ئەو بازەی کە لە قولآیی ئاسمانەوە، بە بەرزییەوە، بەسەر کونانی چۆڵو هۆڵی مشکە کوێراندا لە مۆلەق وەستا بوو...

دوای دوو سەعاتێك، دیسان سواری ئەسپەکانیان بوونەوەو کەوتنە ڕیٚ، بەو نیازەی بتوانن، بەر لەوەی شەویان بە سەردا بێت، بگەنە دێهاتە ئاشناکانی، قەڵەمڕەوی ستانی ئیلانسکایا. ئەگەری ئەوە هەبوو، کە دەورێیەکەی سوپای سوور، بە تەلەفۆن، دەورێیەکانی دیکەیان لە جمو جۆڵی ئەوان ئاگادار کردبێتەوە. کە خۆیان بە ئاوایی کامنکادا کرد، بە دەستڕێژی گوللە، کە لەو بەری ڕوبارەکەوە، لێیان دەکرا، پێشوازی کران. گیزو هۆری بەردەوامی گوللە، کردیە کارێك فومین، ڕێگای خۆی بگۆڕیٚ. بە ژێر گوللە بارانی دوژمندا، بە چوارناڵە لە ئاوایی وەدەرکەوتنو خێرا خۆیان گەیاندە پاوانو لەوەڕگای ڕەوکە ئەسپانی ستانی ڤیشنسکاپا. پاش ئەوەی لە ئاوایی توپکایابالکا، ڕەت بوون، دەستەیەکی چکۆڵەی چریك (میلیشیا) ویستیان ڕێیان پێبگرن. فومین پێشنیازی کرد:

– پێویستە بە سەمتی چەپا، بۆی دەرچین.

بەلآم گریگۆری، زۆر بەجدی گوتی:

– نا، پێویستە هێرشیان بۆ بکەین، ئەوان نۆ نەفەرن، ئێمە پێنج، بە ناویاندا تێدەپەڕین!

چوماکوفو سترلیادنیکوف، بۆچوونەکەی ئەویان پەسندکرد. شمشێریان هەڵکێشا، بە ئەسپە ماندووەکانیانەوە، هەڵیانکردە چوار ناڵەو ڕاست هێرشیان برد. چریکەکان، بێئەوەی دابەزن هەر بەسەر ئەسپەکانیانەوە، دەستڕێژێکیان لێکردنو بەلایەکی دیکەدا ڕۆییشتنو خۆیان لە شەڕ نەدا، کوشیلیف، بە تەوسەوە گوتی:

– بیٚ ورەن. هەر بۆ ڕاپۆر نووسین ئازان، خۆیان لە شەڕ نادەن! فومینو هاوڕێکانی، وەکو گەللە گورگێك سەگی دڕیان لە دوو بیٚ، بێئەوەی بوەستن، هەر بەڕێکردنەوە جار جارێك دان گڕ بکەنەوە، بەو ئاوایە هەر کاتیٚ چریکەکان لێیان نزیك ببوناوە، چەند فیشەکێکیان دەتەقاندو بەرەو ڕۆژ هەلآت، دایان دەکێشا. لە یەکێك لەم شەڕە تەقانەدا، سترلیادنیکوف زامدار بوو. گوللەکە نەرمایی بەلەکی چەپی بڕیو بە تەنیشت ئێسقانەکەیدا تێپەڕی. سترلیادنیکوف، هاواری لێهەستا وبەدەم ئازارەوە گوتی:

– گوللەکە بەر لاقم کەوتووە... هەمان لاقە سەقەتەکەمە... کە بێشەرفن. ها!

چوماکوف، لە قاقای پێکەنینی دا، خەریك بوو لە پێکەنینا بە پشتا دەکەوت. بەجۆرێ پێدەکەنی، ئاو زاییە چاوانی. تەنانەت لەو کاتەشا، کە شانی دابووە ژێر باڵی سترلیادنیکوف کە یارمەتی بدات و خۆی لە سەر ئەسپەکەی بگرێت، هەر پێدەکەنی و دەیگوت:

– تۆ تەمەشا، چۆن ئەم لاقەیان هەڵبژارد! دیارە بە ئانقەست نیشانیان لەم لاقەت گرتووەتەوە. کە چاویان بە کابرایەك کەوتووە، هەر هەڵبەزو دابەزی بووە، لە دڵی خۆیاندا گوتوویانە: وەرن، با کاری ئەم لاقە یەکلایی بکەینەوە... ئاخ، سترلیادنیکوف! ئاخ لەبەر پێکەنین مردم!.. لاقت یەك چارەکی دیکەش کورت دەبێتەوە... ئیدی چۆن دەتوانی بڕەقسیت؟ ناچاردەبم چاڵێکی قووڵترت بۆ هەڵبکەنم، تا ئەم لاقەت هاوتای لاقە ساغەکەت ببێتەوە...

سترلیادنیکوف، کە لە تاو ئازار گرژبوو بوو، بەدەم پاڕانەوەوە گوتی:

– بێدەنگ بە، خوێڕی! وازم لێبێنە. بیکە بە خاتری مەسیح دەمت لێکنە!

دوای نیو سەعاتێك کە لە بەرزاییەکەوە بەرەو دۆڵێك داگەڕان، گوتی:

با لێرەدا پشوویەك بدەین... با برینەکەم ببەستم. چەکمەکەم پڕ بووە لە خوێن...

لایاندا، گریگۆری ئاگاداری ئەسپەکانی دەکرد. فومین و کوشیلیف. ناو بە ناو، یەك دوو فیشەکیان، بەرەو ئەو چریکانە دەتەقاند کە لە دووری دوورەوە دەردەکەوتن و ون دەبوون. چوماکوف، یارمەتی سترلیادنیکوفی دا و چەکمەکەی لە پێی داکەند. چوماکوف بڕۆی وێکهێنانەوە و، بە دەم ڕشتنی خوێنی ناوچەکمەکەوە، گوتی:

– خوێنێکی زۆرت لەبەر ڕۆییوە!..

ویستی بە شمشێرەکەی، دەلنگی پانتۆڵەکەی کە لە خوێنا هەڵکشابوو، هەڵدڕێت، بەڵام سترلیادنیکوف، ڕێی نەدا، گوتی:

– پانتۆڵێکی باشە، حەیفە هەڵی دڕیت!... با خەسار نەبێ... هەردوو لەپی نانە عاردی، لاقە بریندارەکەی بەرز کردەوە و گوتی:

– پانتۆڵەکە ڕاکێشە بەڵام هێواش!

چوماکوف، دەستی بەگیرفانی ئەودا کردو گوتی:

– باشە دەرمان و سارغیت پێیە؟

– دەرمان و سارغی چی؟ پێویست ناکات.

سترلیادنیکوف، بە وردی ڕوانیە ئەو کونەی کە گوللەکە لە لاقی کردبوو. ئەوسا، بە ددان، گوللەیەکی لە قەوانەکەی دەرهێنا، barووتەکەی هەڵڕشتە ناو دەستی، ئەوسا تۆزێ گڵی لە ئەرزەکە هەڵگرت، بەتف تەڕی کرد و لە گەڵ باڕووتەکەدا گرتیەوەو جوان تێکەڵی کرد و ئەوسا وەکو هەتوان لە هەردوو دیوی کونەکەی هەڵسوو و بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– ئەمە چارەسەرێکی تاقیکراوەیە. ئیدی برینەکە وشك دەبێ و لە زەرفی یەك دوو ڕۆژدا، سارێژ دەبێتەوە.

کەوتنەوە ڕێ، تا ڕەخی ڕوباری چیر نەوەستان. چریکەکان دووراو دوور تاقیبیان دەکردن و لە دوویان دەهاتن و تەنیا ناو بە ناو، دوورە تەقەیان لێدەکردن. فومێن زۆرجار ئاوڕی پاشەوەی دەدایەوە و دەیگوت:

– دووراو دوور، لە دوومان دێن... نایانەوێ لە چاویان ون بین... لەوەیە چاوەڕوانی هاتنی هێزی هیمداد بن، ئەگینا بە خۆڕایی نییە، کە لەوەی پتر نایەنە پێشەوە...

لە گوندی ڤیسلوگوزوفسکی دا، لە بوارێکی ڕوباری چیر پەڕینەوە و بەپێیان بە هەورازی گردێکدا، هەڵگەڕان، ئەسپەکان هێزو شنگیان لەبەر بڕابوو. لە نشێوەکاندا، بە هەر جۆرێ بوو دادەگەڕان، بەڵام لە هەورازەکاندا، دەبوایە جڵەوەکانیان بگرن و بە ڕاکێشان سەریان بخەن، ئەمە جگە لەوەی دەبوایە ئەو تۆپەڵە کەف و ئارەقەیەی کە نیشتبوونە سەر لاتەڕاف و قەبرغە و کەفەڵیان، وشك بکەنەوە و بسڕن.

مەزەندە و گومانەکەی فومین، ڕاست دەرچوو. لە پێنج فرسەخی ئەوبەری گوندی ڤیسلوگوزوفسکییەوە، حەوت سەرباز، بە سواری ئەسپی تازە نەفەس و خۆشبەز کەوتنە تاقیبیان. کوشیلیف، بە خەمینییەوە گوتی:

– ئەگەر، بەمجۆرە و ئاوها قۆناغ بە قۆناغ دەستا و دەستمان پێبکەن، تیا دەچین!

ئیدی بە لاڕێیاندا، بە ناو دەشتە پان و بەرینەکەدا کەوتن و بە نۆرە، دژمنیان لەخۆ دوور دەخستەوە: دوو کەسیان لە نێو سەوزە گیایەکەدا ڕادەکشان و بەدەم تەقەوە دژمنیان دەخافڵاند و لەم ماوەیەدا، ئەوانی دی نزیکەی چوار سەد مەترێك دەڕۆیشتن، هەنگێ لە ئەسپەکانیان دادەبەزین و دژمنیان بەر تەقەدەدا، تا ئەو دووانەی یەکەم بتوانن، سواری ئەسپەکانیان بن و بە چوارناڵە هەزار مەترێك ڕێبکەن. بەو تاکتیکە توانیان، یەکێك لە چریکەکان بکوژن یا بریندار بکەن. هەروەها ئەسپێکیان کوشت. زۆری پێنەچوو ئەسپەکەی چوماکوفش کوژرا، ناچار بوو دەست بە ڕکێفەکەی کوشیلیفەوە بگرێت و شانبەشانی ئەسپەکەی ئەو غاربدات. بەرە بەرە سێبەران درێژ دەبوونەوە. هەتاو ڕوو لە ئاوابوون دەڕۆیی. گرێگۆری پێشنیازی کرد کە لێکدی دانەبڕێن. ئیدی ئەوان بە ڕەوتی ئاسایی ڕێیان دەکرد و چوماکوفیش بە پێیان دەهات. عەرەبانەیەکی دوو ئەسپەیان لە سەر گردێکەوە بینی. بەرەو جادەکە لایاندا. پیرە قوزاقی گالیسکەڕان، ئەسپەکانی تاودا، بەڵام دەستڕێژی گوللە ناچاری کرد بوەستێ. کوشیلیف، لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئێستا، ئەم بێشەرەفە بە شمشێر دەکوژم. فێری دەکەم چۆن و کەی ڕابکات!

بە هەموو هێزی خۆیەوە، قامچیەکی بە ئەسپەکەی خۆیدا کێشا و بۆی دەرچوو. بەڵام فومین، هاواری لێکرد:

– دەستی بۆ نەبەی ساشکا، بۆت نیە!..

لە دوورەوە بانگی لە یارۆی پیرەمێرد:

– باپیرە، ئەسپەکانت بکەوە، گوێت لێیە؟ ئەگەر دەتەوێ نەکوژرێی، ئەسپەکانت بکەوە!

بێئـەوەی گـوێ بەپارانـەوەو گریـانی یـارۆی پیرەمێـرد بـدەن، بـە خۆیـان تـەوقی مـلو قـایشو فرۆشـی ئەسـپەکانیان کـردەوەو بـە گـورجی زینیـان لـە ئەسـپەکان کـرد. کـابرای پیرەمێـرد بـەدەم گریانەوە کەوتە پاڕانەوە:

– بەلای کەمەوە، یەکێك لە ئەسپەکانی خۆتانم بۆ بەجێ بێڵن!

کوشیلیف، گوتی:

– پـیری خەڵـەفاو، دەتـەوێ بـە مسـتێ دەمو دانـت بشـکێنم! ئێمـە پێویسـتمان بـە ئەسـپە. بـڕۆ مەمنوونی خوا بە کە نەمانکوشتووی... فومینو چوماکوف، سواری ئەسپە تازەکان بوون. خێرا سێ سواری دیکەش، بە گەڵ ئەو شەش سوارەی دی کەوتن. کە تاقیبی ئەمانیان دەکرد. فومین گوتی:

– کوڕینە، وەخۆ کەون، هەڵکەنە چوارناڵە! ئەگەر پێش خۆرئاوا بگەینە دەربەندی کریڤسکوی، مانای وایە نەجاتمان بووە...

قامچییەکی بـە ئەسـپەکەی خۆیـدا کێشـاو بەچـوار ناڵـە کەوتـە ڕێ. ئەسـپەکەی دیکەشـی کـە بـە هەوسـارێکی کورتـەوە، بـە ئەسـپەکەی ژێـر خۆیـەوەی بەسـتبوو، شانبەشـانی ئـەو غـاری دەدا. سەری گوڵاڵان لە ژێر سمی ئەسپەکاندا دەپـەڕینو وەکو دڵۆپـە خوێنی درشت بە هـەموو لایـەکا دەپـڕژان. گریگـۆری کـە لـە دوای فومینـەوە بـە چوارناڵـە دەڕویـی، کـە چـاوی بـەم پەڵـە سـوورانە کەوت، چاوی خۆی نوقاند. سەری بە گێژەوە چوو. کسپەی ژانێکی بەترەف لە دڵی هەستا...

ئەسپەکان، هێزو توانایان لەبەر بڕابوو. پیاوەکانیش، لەم ڕێڕکردنە بە درێـژاو بێ کۆتاییـەو، لـە برسا. تـەواو بێـزارو شـەکەت بـوو بـوون. سترلیاد نیکوف، کـە ڕەنگـی بـوو بـوو بـە جـاوی سـپی، لەسـەر زینەکەوە دەهـەژا. خـوێنێکی زۆری لەبـەر ڕۆیـی بـوو. تینویـەتیو دڵ تێکهـەڵاتن، شـپرزەو پەریشـانیان کردبـوو. پارچـەیەك نـانی بـەیاتو شـەو بـە سـارەی خـوارد، بـەڵام دەمو دەسـت هەڵیهێنایەوە.

دەمەو ئێوارە، لە نزیکی گوندی کریڤسکوی، خۆیان کرد بە نێو ڕەوە ئەسپێکدا کە لـە دەشت دەگەڕانـەوەو جـارێکی دی، چـەند فیشـەکێکیان بـەرەو دژمنـەکانیان تەقانـدو بەخۆشـحالیەوە سـەیریان کـرد، کـە خەریکـە دەسـت لـە تـاقیبکردنی ئـەمان هەڵـدەگرن. نـۆ سـوارەکەی دژمـن، لـە دوورەوە، لە دەوری یەکدی خڕ بوونەوە، دیار بوو تەگبیریان دەکردو هەڵوێستەکەیان شەنو کەو دەکردو پاشان بەرەو دوا گەڕانەوە.

***

دوو ڕۆژیـان، لـە گونـدی کریڤسـکوی، لای قـوزاقێکی ناسـیاوی فـومین بەسـەر بـرد. خانـە خوێیەکـەیان، دەوڵەمەنـدبوو، میواندرییـەکی باشـی کـردن. ئەسـپەکانیان، لـە گـەوڕێکی تاریکـدا داکـرد، هێنـدەیان جـۆ کرابـووە بـەر، کـە پێیـان نـەدەخورا. لـە کۆتـایی ئـەم دوو ڕۆژەدا، ئیـدی بـە تـەواوەتی ئیسراحەتیان کردبوو. زەلامەکانی فومین، بە نۆرە، خزمـەتو چاودێری ئەسـپەکانیان دەکرد. هەموو پێکەوە، لە عەمارێکی پڕ کاوکۆتی گەرمو گوڕا دەنووستن، کە یەکپارچە هێلانە

جاڵجاڵۆکە بوو، ئیدی هەموو لە خواردندا مڕ بوو بوون، قەرەبووی، ڕۆژانی برسیەتی ناو دوڕگەکەیان کردبووەوە.

فومین و هاوڕێکانی دەیانتوانی، بۆ بەیانی شەوی یەکەم لەوێ بڕۆن و گوندی ناڤبری بەجێ بێڵن. بەڵام حاڵی سترلیادنیکوف زۆر خراپ بوو: زامەکەی لە جاران زیاتر دەیەشا، بەیانی چوار دەوری زامەکەی سووربووەوە، بۆ شەوێ لاقی ئاوسا و سترلیادنیکوف لە هۆش خۆی چوو. تینویەتی ئەزیەتی دەدا. بە درێژایی ئەو شەوە هەرکە وەخۆ دەهاتەوە هاواری ئاوی دەکردو بە تاسەوە دەیخواردەوە. ئەو شەوە نزیکەی یەك سەتڵ ئاوی خواردەوە. بەڵام نەیدەتوانی، بە کۆمەك و یارمەتی هاوڕێکانیشی هەستێت. کە دەجولا، ئازارێکی وەهای دەهاتێ، دەچووە شەرای مەرگ. میزەکەی دەکردە ژێر خۆی. بەردەوام دەینالاند. گواستیانەوە بۆ بنەبانی عەمارەکە، تا دەنگی ناڵە ناڵەکەی کەمتر بڕوات. بەڵام فایدەی نەبوو. هەندێجار ناڵەکەی زۆر بەرز بوو، کە لە هۆش خۆیشی دەچوو، بە دەنگی بەرز وڕێنەی دەکردو قسەی هەلەق و مەلەقی دەکرد.

ئیدی چاریان نەما، دەبوایە بە نۆرە خزمەت و پەرستیاری بکەن. ئاویان دەکردە دەمیەوە، نێو چەوانە گەرمەکەیان تەڕ دەکرد، کە هاواری دەکرد دەمیان بە دەست یا بە کلاوێك توند دەگرت.

لە کۆتایی ڕۆژی دووەمدا، وەهۆش هاتەوەو گوتی واهەست دەکات کە حاڵی باشترە. بە ئاماژەی قامك چوماکوفی گاز کردە لای خۆی و لێی پرسی:

– کەی لێرە دەڕۆن؟

– ئەمشەو.

– منیش لەگەڵتاندا دێم. بۆ خاتری خوا لێرە بەجێم مەهێڵن.

فومین بە ئەسپایی گوتی:

– چۆن دەتەوێ بێی؟ تۆ ناتوانی لە جێی خۆت بجوڵێی.

– چۆن ناتوانم؟ تەمەشا!

سترلیادنیکوف، تەکانێکی دایە خۆی و هەستا، بەڵام دەمو دەست کەوتەوە. دەموچاوی سوور هەڵگەڕا، ئارەقە زەنگوڵ زەنگوڵ نیشتە سەر هەنیەی. چوماکوف، بە دەنگێکی جدی گوتی:

– دەتبەین، مەترسە، تکایە خەمت نەبێ، فرمێسکەکانت بسڕە، خۆ تۆ ژن نیت.

سترلیادنیکوف، بە ئارامی، لەبن لێوانەوە گوتی:

– ئەمە ئارەقەیە.

وکلاوەکەی هێنایە سەرچاوانی...

– پڕ بەدڵ حەزدەکەین لێرە بەجێت بێڵین، بەڵام خاوەن ماڵەکە ڕازی نابێت. مەترسە، ڤاسیلی! لاقت چاك دەبێتەوەو من و تۆ دیسان زۆرەبانێ دەگرین و سەمای قوزاقیانە دەکەین. بۆچی وا نەترەت بەرداوە؟ زامەکەت هەرچەندە سەختە، بەڵام هیچ نییە!

چوماکوف، کە پیاوێکی زبرو نەکلۆك و دڵڕەق بوو، ئەو قسانەی هێندە بە سۆزو میهرو دلۆڤانیەوە کردن، کە گریگۆری بە سەرسامی لێی ڕوانی.

بە ماوەیەکی کەم پێش هەتاو کەوتن، گوندەکەیان بەجێهێشت. بە زەحمەتێکی زۆر، سترلیاد نیکوفیان نایە سەر ئەسپەکە، بەڵام نەیدەتوانی بە تەنیا خۆی بەسەر زینەکەوە بگرێت، جارێ بەملاداو جارێ بەولادا دەکەوت. چوماکوف کەوتە تەنیشتی و دەستی ڕاستی لە قەدی هاڵاند.

فومین، هاتە نزیکی گریگۆرییەوە، بە داخ و کەسەرەوە سەری لە قاندو لە بن لێوانەوە گوتی:

– چ کارەساتێکە!... ناچار دەبین لە شوێنێکا بەجێی بێڵین.

– یانی بیکوژین؟

– ئەدی چار چییە؟ خۆ ناکرێ هەموو بەوەوە گیرۆدەبین! بۆ کوێی بەرین؟

ماوەیەك، بە بێدەنگی و بە ڕەوتی ئاسایی ڕێیان کرد. ئەوسا گریگۆری، چووە شوێنی چوماکوف و لە نگەری سترلیادنیکوفی گرت، پاشان کوشیلیف، هاتە شوێنی گریگۆری .

هەتاو هەڵهات، هێشتا تەم و هەڵم بە سەر دۆنەوە شەپۆلی دەدا، بەڵام لە سەر گردەکانەوە، پانتایی دوورە دەستی دەشتی دۆن، ڕوون و ڕۆشن دیار بوو. تاقی ئاسمان، کە بە چەند تیلماسکە هەوری ڕیشاڵ ڕیشاڵی مەندو بێجوڵە ڕازا بووەوە، دەم بە دەم، شینتر دەبوو. شەونم، وەکو مەخمەلێکی زیوچن، سەری سەوزە گیایە چڕەکەی داپۆشی بوو، کە ئەسپەکان بە سەریا دەڕۆییشتن، جێ سمیان بەسەر گیاکەوە نەخش دەبووو لە دواوە لە جۆگا ئاوێکی تاریك دەچوو. بێدەنگیەکی، کڕو کپ و دڵنەواز، باڵی بە سەر دەشتەکەدا کێشابوو، تەنیا دەنگ و ئاوازی کەڕەواڵان ناو بە ناو ئەو بێدەنگیەی دەشڵەقاند.

سترلیادنیکوف، کە سەری دەگەڵ، ڕیتمی هەنگاوی ئەسپەکەدا بەم لاو بەولادا دەلەقی، بە نەرمی گوتی:

– ئاخ! چەند سەختە!

فومین، بە زبری قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– بێدەنگ! پەرستاری تۆش بۆ ئێمە کارێکی ئاسان نییە!

لە نزیکی جادەی ئەتامانەکاندا، چێرگێك لە ژێر دەست و پێی ئەسپەکانەوە هەڵفڕی. دەنگی فیکە ئاسا و لە رزانی پێکادانی باڵەکانی، سترلیاد نیکوف لە حاڵەتی خەواڵویی بێدار کردەوە. بە دەنگێکی پڕ پاڕانەوەوە گوتی:

– براینە، لە ئەسپەکەم داگرن.

کوشیلیف و چوماکوف، لە ئەسپەکەیان داگرت و بەپارێزەوە لە سەر سەوزە گیایە نمدارەکەیان، ڕاکشاند. چوماکوف، لە لایەوە هەڵتووتا و گوتی:

– با تەمەشایەکی لاقت بکەین، بزانین حاڵی چۆنە. ئاها، دوگمەکانی پانتۆڵەکەت بکەوە.

لاقی سترلیادنیکوف، بە شێوەیەکی ترسناك ئاوسا بوو، ڕەق بوو بووو لنگی پانتۆڵە دەڵبەکەی بە تەواوەتی پڕکردبووەوە و بە جۆرێ تیایا جەڕی بوو، لۆچی لێبڕی بوو. پێستی لەشی تا سەر سمتەکانی شین و مۆر بوو بووەوە، پەڵەی ڕەشی نەرمی وەکو مەخمەلی لە سەر دەرکەوتبوو. هەمان ئەو پەڵانە، بەڵام کەمێك کاڵتر، بە سەر سکە قوپاوەکەی سترلیادنیکوفەوە دەبینران. بۆنێکی ناخۆش لە زامەکەی و لەو خۆینە قاوەییەی کە بە پانتۆڵەکەیەوە وشك بوو بوو، دەهات.

چوماکوف، لووتی خۆی گرت، بڕۆی ویکهێنانەوە، لە کاتێکا کە تەمەشای لاقی برادەرەکەی دەکرد، دڵی تێکهەڵهات و بە زەحمەت بەری ڕشانەوەی خۆی گرت. ئەوسا ڕوانیە پێڵوە شینەکانی سترلیاد نیکوف، کە چاوانی داخستبوون، و نیگایەکی فومینی کرد و گوتی:
– لەوەدەچێ تووشی گانگرین بوو بێ... ها، بەڵێ... ڤاسیلی سترلیادنیکوف، حاڵت باش نییە. زۆرش خراپە... فاسیا گیان، فاسیا تۆ بۆ وات لێهات.

سترلیادنیکوف، هانکە هانکی پێکەوتبوو و قسەی نەدەکرد. فومین و گریگۆری، وەکو ئەوەی عازیان پێدرا بێت، پێکەوە لە ئەسپەکانیان دابەزین. لە بەری بایەکەوە، لە بریندارەکە نزیک بوونەوە. سترلیادنیکوف، ماوەیەك بێدەنگ بوو. هەردوو دەستی نانە عاردی و بە هەر گیانە سەرییەك بوو دانیشت، بە دوو چاوی خوێنینی، پڕ نا ئومێدییەوە تەمەشای کردن.
– براینە... بمکوژن، ئیدی من و ژیانیان نەگوتووە... تەواو، بە بەرمەوە نەما... توانای هیچم نەماوە...

دووبارە لە سەر پشت ڕاکشایەوە و چاوانی نوقاند. فومین و ئەوانی دی، پێشبینی ئەم داوایەیان دەکرد و چاوەڕوانی ئەم داوایە بوون. فومین، بە پەلە چاوێکی لە کوشیلیف داگرت و ڕووی وەرگێڕا. کوشیلیف، بێ چەند و چوون، تفەنگەکەی لە شانی خۆی داگرت. چوماکوف، کەمێك دوور کەوتەوە و عازی دا: ((پێوەی بنە)) کوشیلیف، زیاتر بە جوڵەی دەمو لێویا لە عازەکە گەیی، تا بە وتنی وشەکە. بەلام سترلیادنیکوف، هەمدیس چاوی کردنەوە و بە دەنگێکی مکوم گوتی:
– بینە بە ئێرەوە!.

دەستی هەڵبڕی و بە قامك، نێوان هەردوو چاوی پێنیشان دا.
–...تا یەکسەر ڕوناکیەکە بکوژێتەوە... ئەگەر بە ڕێکەوت ڕێتان کەوتە گوندەکەم، ئەم ڕوداوە بۆ ژنەکەم بگێڕنەوە و پێی بڵێن کە چیتر چاوەڕوانم نەکات.

کوشیلیف، بە شێوەیەك کە جێگای گومان بێت، ماوەیەکی زۆر خۆی بە میلی تفەنگەکەیەوە، خەریك کرد، سترلیادنیکوف بەدەم چاو نوقاندنەوە فرسەتی هێنا و گوتی:
– من یەك ژنم هەیە... بەلام منداڵم نییە... منداڵێکی بووو ئەویش مرد... ئیدی منداڵی دیکەی نەبوو...

کوشیلیف، دووجار قۆناغی تفەنگەکەی نا بە شانیەوە و دووبارە، لە کاتێکا سات بە سات پتر ڕەنگی دەبزرکا، لوولەکەی هێنایەوە خوارێ... چوماکوف، تووڕەبوو، تفەنگەکەی لە دەستی ڕاپسکاند و هاواری لێکرد:
– تۆ کە پیاوی ئەم کارانە نیت، مەیە ژێر بار بێغیرەت!

کلاوە فەروەکەی لە سەر خۆی داکەندو قژی هەڵدایەوە. فومین، پێی خستە سەر ڕکێفەکە و عازی دا:
– خێراکە!

چوماکوف، بەکاوەخۆ، هاتە قسان و گوتی:

– به دوعا ڤاسیلی! بیکه به خاتری مەسیح، گەردنی منو گەردنی هەموومان ئازا بکە! لەو دنیا، یەکدی دەبینینەوە، لەوێندەر هەقو حیسابمان لە گەڵدا دەکەن... خەمت نەبێ، قسەکانت بە ژنەکەت دەگەیەنین.

چوماکوف، چاوەڕوانی وەڵام بوو. بەڵام ستڕلیادنیکوف بێدەنگ بوو، بەدەم چاوەڕوانی مەرگەوە، دەم بە دەم پتر ڕەنگی زەرد دەبوو. تەنیا برژانگە تاوزەدەکانی، وەکو ئەوەی با لێیان بدات، دەجوڵان. قامکەکانی دەستی چەپی بە ئاستەم دەجوڵان، وەکو ئەوەی بیەوێ– دیار نەبوو لەبەر چی–دوگمە شکاوەکەی قەمسەڵەکەی دابخات.

گریگۆری کە لە ژیانی خۆیدا، مەرگی زۆر کەسی بە چاوی خۆی بینی بوو، بەڵام نەوەستا تا مەرگی ستڕلیادنیکوف ببینێ. چەند هەنگاوێکی خێرای ناو، بە توندی جڵەوی ئەسپەکەی گرتو بە دووی خۆیا ڕایکێشا. بە جۆرێ چاوەڕوانی تەقاندنی فیشەکەکەی دەکرد، وەکو ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەبوو فیشەکەکە بە ناوشانی خۆیەوە بنرێ. چاوەڕوان بووو، دڵی لە سەر سەدو بیست لێی دەدا. کاتێ فیشەکەکە لە پشتیەوە تەقێنرا، هەردوو ئەژنۆی لە ژێریا سست بوونو بە زەحمەت توانی ئەسپەکەی خۆی کە هەستابووە سەر هەردوو پاشۆ، کۆنترۆڵ بکات...

دوو سەعاتێك، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکەن، ڕێگایان کرد. کاتێ بۆ ئیسراحەت لایاندا، چوماکوف، یەکەم کەس بێدەنگیەکەی شڵەقاند. هەردوو دەستی خستنە سەر چاوانی خۆیو بە دەنگێکی نووساو گوتی:

– چ گلاراوێکم بوو کە کوشتم؟ دەبوایە لەو دەشتە بەجێی بێڵینو ئەم گوناحە نەخەمە گەردنی خۆم. تا ئێستا بەو دەقەوە بە بەرچاومەوەیە...

فومین پرسی:

– هێشتا، ڕانە هاتوویت؟ ئەو هەموو زەلامەت کوشتووەو هەر ڕانەهاتوویت؟ دڵی تۆ دڵ نیە، پارچە ئاسنێکی ژەنگنە...

چوماکوف، ڕەنگی هەڵبزرکا، بەو پەڕی تووڕەیی خێسەیەکی لە فومین کردو بە ئەسپایی گوتی:

– سەر مەخە سەرم، یاکوف یفیموفیچ. تووڕەم مەکە، دەنا تۆش دەکوژم، زۆر بە ئاسانیش!

فومین، دایە نەرمکێشیو گوتی:

– چ پێویستم بەوەیە سەر بکەمە سەرت؟ ئەوەندەم دەردەسەر هەیە، کە نەمپەرژێتە سەر ئەوەی سەر بکەمە سەر تۆ.

لە سەر گازی پشت ڕاکشاو، چاوی لەبەر تیشکی هەتاوەکە بچووك کردنەوە، باوێشکێکی داو بێخەمو خەیاڵ لێی خەوت.

((١٦))

بە پێچەوانەی بۆ چوونو پێشبینییەکانی گریگۆرییەوە، لە ماوەی دە ڕۆژێکدا نزیکەی چل قوزاق پەیوەندییان بە داروودەستەکەی فومینەوە کرد: ئەمانە پاشماوەی ئەو دارو دەستە بچووکە

جۆراو جۆرانـه بـوون، کـه لـه شـەڕی هێـزه سـوورەکاندا، تـەفرو تـەنا و پەراگەنـدە بـوو بـوون، جـا چـونکه ڕابـەرو ئەتامانـەکانی خۆیـان لـه دەسـت دابـوو، وێـڵ و سـەرگەردان لـەو دیـارو دەڤـەرەدا دەسوڕانەوە. بۆیـه بـه کـەماڵی ئـارەزووو بەوپـەڕی خۆشـحاڵییەوە پەیوەنـدیان بـه فومینـەوە کـرد. بەلایانەوە گرینگ نـەبوو لـه خزمـەتی چ کەسێکدان و چ کەسێك دەکوژن، مادامێکی بتـوانن درێـژه بـەم ژیـانی خانـه بـه کۆڵییـه بـدەن و هـەر کەسێکیان بـەر دەسـت بکـەوێ ڕووتـی بکەنـەوە. ئەمانـه کۆمەڵێك شەقاوە و دزو جەردەبوون، فومین بەچاوی سووك تەمەشای دەکردن. ڕۆژێك فومین کـه تەمەشای دەکردن، به کەسەرەوە به گریگۆری گوت: (( میلخیوف، ئەمانـەی کـه پەیوەندییان پێوه کـردووین، لات و لـەوێرن، پیـاو نـین، کۆمـەڵێك تاوانبـارن، هـەقی لـه سـێدارەدانیان هەیـه، هـەر هەموویان، سەریان بۆ سێداره دێشێت... دەڵێی به ئانقەست بۆ سێداره هەڵبـژێردراون!)) بـەڵام فـومین هێشـتاش، لـه دڵـی خۆیـدا بـاوەڕی وابـوو کـه ((خـەباتکاری ڕێگـای ڕزگـاری خـەڵکی زەحمەتکێشـه.)) و هێشتاش، لـه بۆنەکانـدا، هەرچەنده لـه جاران کـەمتر، دەیگـوت: ((ئێمـه ڕزگـار کـەری جـەماوەری خـەڵکی قـوزاقین...)) و هێشـتاش سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی دەسـتبەرداری مەحاڵترین هیواو ئاوات نـەبێ.. دیسان، کەوتـه چاوپۆشـی لـەو دزی و ڕاو ڕووتـەی کـه هاوڕێکانی به ئاشکرا دەیانکرد و باوەڕی وابوو کـه ئەمـه دەردێکـی بێدەرمانـه و دەبێ لـه گـەڵیا هـەڵبکرێ و بـه تێپـەڕبوونی ڕۆژگـار خـۆی لـەم تالانچـیانه ڕزگـار دەکـات و درەنـگ یـا زوو، هـەر دەبێـت بـه فەرماندەیـەکی ڕاسـتەقینەی هێـزی یاخیـەکان و لـەوه دەردەچـێ سـەرۆك و ئـەتامانی دارو دەستەیەکی چەته و ڕێگر بێ.

بـەڵام چـوماکوف، بـەبێ هـیچ لـه ڕووداماننێـك بـه دارو دەسـتەکەی فـومینی دەگـوت ڕێگـرو، گەنگەشـەی جدیشی دەگـەڵ فومینـدا دەکرد کـه بەخۆیشـی کابرایـەکی ڕێگـره. هـەر کاتێ بـه دوو قۆڵی بان و خەڵکی دیکەیان به دەورەوه نەبا، به دەم گەنگەشەوه پێکا هەڵدەشاخان. فومین کـه لـه ڕقا شین و مۆر دەبووەوە، هاواری دەکرد:

– من خەباتکارێکی ئایدولوجیستی دژی دەسەڵاتی سۆڤیاتیم! تۆش پێم دەڵێی ئەمـه و ئـەوەی! باشه، کەر پیاو تۆ نازانی من دوای بیرو باوەڕێك کەوتووم؟

چوماکوف، بەرسڤی دەدایەوە:

– کڵاوم لەسـەر مەنـه! چـاو بەسـتەکێم لێمەکـه! خـۆ منـداڵ نـیم! خـەباتی چـی و بـاوەڕی چـی! تـۆ بابایەکی ڕێگریت و تەواو، بەڵام نازانم بۆچی لەم وشەیه دەترسیت؟ تێناگەم!

– چونکه جوێنه! ئاخر بۆ به خۆڕایی جوێنم پێدەدەی؟ من دژی حکومـەتی سـۆڤیەتی ڕاپـەڕیوم و چەك به دەست دەجەنگم. ئیدی بۆچی چەته و ڕێگرم؟...

– ڕێك لەبەر ئەوه ڕێگریت، چونکه دژی دەوڵـەت دەجـەنگی. لـەوەتای دنیا دنیایـه، ڕێگـران هـەر دژی حکومەت جەنگیون. حکومەتی سۆڤیاتی هەر چیەك بێ هەر حکومەتـه، لـه ساڵی ١٩١٧وه تـا ئەمڕۆ هەیە، هەر کەسێك دژایەتی بکات ڕێگره.

– تۆ مێشکت کای تیایه! ئەدی جەنەڕاڵ کراسنوف یا دنیکین، ئەوانیش ڕێگر بوون؟

– ئەدی چی بوون؟ تەنیا ئەوەبوو نەجمەیان بەشانەوە بوو... بەڵام نەجمە گرینگ نییە، من و تۆش دەتوانین نەجمە ببەخشین...

فومین، مستی دەکێشا بە مێزەکەدا، تفی دەکرد، کە هیچ بەڵگەیەکی قەناعەتبەخشی پێ نەدەما، بۆڕی دەداو وازی لە گەنگەشە دێنا. چوماکوف، بە هیچ کلۆجێ نە دەهاتە ڕەدا...

زۆربەی ئەو کەسانەی کە تازە پەیوەندیان پێوەکردبوون، پۆشتەو پەرداخ بوون، چەکی باش و ئەسپی چاکیان پێبوو. ئەسپەکانیان بە هێزو خۆشبەز، دەیانتوانی ڕۆژی سەد فرسەخە ڕێگا ببڕن. هەندێکیان دوو ئەسپیان پێبوو: سواری یەکێکیان دەبوون و ئەویتریان وەکو یەدەگ، بەبێ زین بەگەڵ خۆ دەخست. ئەم جۆرە سوارانە، لە کاتی پێویستدا دەیانتوانی ئەسپەکانیان بگۆڕن و بەو جۆرە ئیسراحەت بە ئەسپەکانیان بدەن و لە شەوو ڕۆژێکدا دوو سەد فرسەخان ببڕن.

ڕۆژێك فومین، بە گریگۆری گوت:

– ئەگەر، لە هەوەڵەوە، سەروو دوو ئەسپمان پێ بوایە، بە خەونیش نەیاندەتوانی دەستگیرمان بکەن! چریکان و سەربازانی سوپای سوور، بۆیان نییەو ناتوانن، دەست بە سەر ئەسپی خەڵکیدا بگرن. خۆشیان زاتی ئەم کارەیان نییە. بەڵام ئێمە هەموو کارێك دەکەین. دەبێ سەروو ئەسپی یەدەك بۆ هەموو چەکدارەکانمان پەیدا بکەین. ئەوسا کوڕم دەوێ لێمان نزیك ببێتەوەوەو بتوانێ ڕاومان بکات! لە پیرەمێردەکانم بیستووە کە لە کۆنا. تاتارەکان، کە چوونەتە شەڕ، سەرو دوو ئەسپ و هەندێجار سێ ئەسپیان پێبووە، کێ دەگا بە تۆزی پێی ئەو جۆرە سوارانەدا!؟ ئێمەش پێویستە وابکەین. من ئەم ئاقڵیەی تاتارەکانم زۆر پێپەسندە!

زۆری نەبرد کە ئەسپێکی زۆریان پەیدا کرد، ئەم کارە لە سەرەتاوە باش بوو، کردیە کارێك کە ڕاونان و تاقیب کردنیان زۆر زەحمەت بێ. ئەو میلیشیا سوارەیەی کە تازە لە ڤیشنسکایا دروست کرابوو، هەرچیان دەکرد، نەیاندەتوانی بگەنە یاغیەکان. ئەسپە یەدەگەکان، دەیانکردە کارێك کە دارو دەستە چکۆلەکەی فومین، بە ئاسانی دەرباز ببن و بە ماوەیەکی زۆر پێش دژمن بکەون و بەو جۆرە خۆیان لە هەر شەڕێکی جدیو ترسناك دەبوارد

وێڕای ئەوەش، جارێك، لە نیوەی مانگی ئایاردا، هێزێکی سوارەی چریك، کە چوار هێندەی، قوەتەکەی فومین دەبوو، توانی لە نزیکی گوندی بوبروفسکی سەر بە ستانی ئوست خوپەرسکایا، لە پشت ڕوباری دۆنەوە، گەمارۆ بدات بەڵام دەستەکەی فومین، دوای شەڕێکی کورت توانی گەمارۆکە بشکێنێ و پاش ئەوەی هەشت کوژراوو برینداری دا، بە ڕەخی ڕوبارەکەدا پاشەکشە بکات. دوای ئەم شەڕە بە ماوەیەکی کەم، فومین، داوای لە گریگۆری کرد کە پۆستی سەرۆکی ئەرکان وەربگرێت.

– ئێمە پێویستمان بە کەسێکی خوێندەوارە کە نەخشەی ئۆپەراسیۆنەکانمان بۆ بکێشێت و بە گوێرەی نەخشە، سەمتی ڕێ پەیمانییەکانمان بۆ دیاری بکات، ئەگینا، کار وا بڕوات، جارێکی دیکەش بە گیرمان دێنن و تەفرو تونامان دەکەن. جا گریگۆری پانتلیوفیچ، وەرە تۆ ئەم پۆستە وەربگرە.

– گریگۆری، بەسەرو ڕوویەکی گرژەوە بەرسڤی دایەوە:

– تۆ بۆ ڕاوکردنو سەربڕینی چریکان پێویستت بە ئەرکان نییە.

– پێویستە هەر یەکە یەك، هەیئەتی ئەرکانی خۆی هەبێ، قسەی بەلاش مەکە.

– جا، ئەگەر، ئەنجوومەنی ئەرکان بە پێویست دەزانی، چوماکوف بۆ ئەو کارە دابنە.

– ئەدی تۆ بۆچی نایکەیت؟

– من هیچ شارەزاییەکم لەم کارەدا نیە.

– ئەدی چوماکوف، شارەزایە؟

– چوماکوفیش شارەزا نییە،

– ئەدی خێرە ئەوم بۆ پێشنیاز دەکەی؟ تۆ بابایەکی ئەفسەریتو دەبێ شتێك لە مبارەیەوە بزانی، سەر لە تاکتیكو ئەو شتانە دەربکەیت.

گریگۆری، بە تەوسخەنەوە گوتی:

– من وەکو چۆن تۆ ئێستا فەرماندەی یەکەیت! ئاوا ئەفسەر بووم! ئێمە تەنیا یەك تاکتیکمان دەوێ: بەم دەشتو دەرەدا بسوڕێینەوە، هەڵێینو ناو بە ناو ئاوڕی پاشەوە بدەینەوە.

فومین، مۆڕەیەکی لە گریگۆری کردو پەنجەی لێڕاوەشاند:

– من دەزانم چیت لە مێشکایە! هەمیشە خۆت دەدزییەوە، دەتەوێ، لە سێبەرا بیتو دەرنەکەویت، ها؟ برادەر ئەمە دادت نادات! چ فەرماندەی ڕەعیل بیو چ سەرۆکی ئەرکان بی، وەکو یەکە. وا دەزانی ئەگەر بتگرن خاترت دەگرن؟ هەر بەو خەیاڵە بە!

گریگۆری، کە چاوی بڕی بووە دەسکی شمشێرەکەی خۆی گوتی:

– من هەرگیز گوێم لەو شتانە نییە. مەزەندەی نابەجێ لێمەدە. من نامەوێ بچمە ژێر باری کارێك کە هیچی لێنەزانم...

فومین، بە نە بە دڵی، ملی داو گوتی:

– باشە، کە حەزت لێنیە، زۆرمان لێت نییە: بە بێ کەڵەشێریش ڕۆژ دەبێتەوە.

وەزعو حاڵی هەرێمەکە، بە تەواوەتی گۆڕا بوو. دەرگای ماڵی قوزاقە دەوڵەمەندەکان، کە پێشتر لەسەر گازی پشت بووو بە گەرمی پێشوازیان لە فومین دەکردو میوانداریان دەکرد، ئێستا خڕ داخرابوون، خاوەنماڵەکان، هەرکە دارو دەستەکەی فومین لە گوندا پەیدا دەبوون، هەموو بە جارێ هەڵدەهاتنو خۆیان لە مەزراو باخەکاندا دەشاردەوە. دادگای عورفی شۆرش، کە تازە لە ڤیشنسکایا جێگیر بوو بوو، گەلێك لەو قوزاقانەی کە پێشتر بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیان لە فومین کردبوو، بە توندی مەحکووم کرد بوو.

خەبەری ئەو حوکمانە، لە سەرانسەری هەرێمەکەدا بڵاو بوو بووەوەو کاری لەو کەسانە کردبوو کە پێشتر بە ڕاشکاوی هەواداریان لە چەتەو ڕێگران دەکرد.

فومین، جەولەیەکی دوو هەفتەیی بە سەرانسەری ناوچەکانی دۆنی بالادا کردبوو. ژمارەی دارو دەستەکەی تەقریبەن دەگەییە سەدو سی نەفەر، بەڵام ئیدی نەك دەستە یەك سوارە، کە بە پەلە پەل کۆ کرابێتەوە، بەڵکو چەندین سریەی سەر بەکەتیبەی سوارەی سیازدە، کە لە باشوورەوە بۆ ئەو ناوچەیە گوێزرابوونەوە، لە تاقیبو ڕاونانیاندا بوون. گەلێك لەو چەتانەی کە لەم دواییانەدا

پەیوەندییان بەدارو دەستەکەی فومینەوە کردبوو، لە شوێنانی دوورەوە هاتبوون. هەر یەکەیان، بە جۆرێ ڕێی کەوتبووە خاکی دۆن: هەندێکیان بە تەنیا هەڵاتبوون، لە کاتی گوێزانەوەی زندانیانی زندانێك یا گوێزانەوەی دیل و یەخسیرانی ئوردوگایەکدا، هەڵاتبوون. بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان، بریتی بوون لە پاشماوەی ئەو خەڵکانەی کە لە دارودەستەکانی ماسلاك جیا بوو بوونەوە، یا لەو کەسانە بوو، کە لە کاتی تەفروتونا بوونی دارو دەستەکەی کوروچکیندا، بە گوێ پچڕ گوێ پچڕ دەرباز بوو بوون و بەسەلامەتی دەرچوو بوون. جماعەتەکەی ماسلاك بەبێ هیچ کێشەیەك قبووڵیان کردبوو کە لێکیان دا ببڕن و بە سەر ڕەعیل و مەفرەزەکاندا دابەشیان بکەن. لێ جماعەتەکەی کوروچکین، قبووڵیان نەکردبوو لێکیان جیابکەنەوەو، بۆ خۆیان ڕەعیلێکی سەربەخۆو یەکگرتووی خۆیان پێکهێنابوو و تا ڕادەیەك خۆیان لەوانی دی دوور دەگرت. ئیدی چ لە شەڕاو چ لە پشوودا، هەمیشە، یەك و یەکگرتوو پێکەوە بوون و یارمەتی یەکتریان دەدا. خۆ ئەگەر حانووتێکی هاوبەشی هەرەوەزی یا عەمارێکیان تاڵان کردبا، هەر هەموو دەسکەوتەکانیان دەخستە سەندووقی هاوبەشی ڕەعیلەکەیانەوەو پاشان بە یەکسانی، برا بەش، لە بەینی خۆیاندا دابەشیان دەکرد.

چەند قوزاقێکی تیریك و کوبان، بەجلی شڕۆڵەی چەرکەسیەوە دوو نەفەر کالموکی خەڵکی ستانی ڤیلکوکنیاژسکایا و یەك لاتڤیایی بەچەکمەی شکاری درێژەوە کە تا ڕانی دەهات، پێنج دەریاوانی ئەنارشیستی بە جلی موقەلەمی ڕێ ڕێ و قەمسەڵەی ماهوتی کاڵەوە بووەوە، پەیوەندیان بە دارو دەستەکەی فومینەوە کردبوو، دارو دەستەکەی فومین، هێندەی دی ناجۆرو هەمەڕەنگ دەینواند.

ڕۆژێك، چوماکوف، بە ئاماژەی چاو سوارە ڕەنگاو ڕەنگەکانی، کە دوای کەوتبوون، نیشانی فومین و داو گوتی:

– باشە، هێشتاش پێتوایە ئەمانە چەتەو ڕێگرنین، ئەمانە ناو دەنەی چی؟ خەباتکارانی بیروباوەڕ؟ تەنیا لەوەمان کەمە کە قەشەیەکی لە کڵێسا تڕۆکراو و چەند بەرازێکی پانتۆڵ لە پێمان بەگەڵ بکەون، تا دەستەکەمان تەواو ببێ.

فومین، خۆی لە گێلی داو هیچی نەگوت. هەموو ئاواتێکی ئەوەبوو زۆرترین خەڵك لە دەوری خۆی خڕبکاتەوە. هیچ مەرجێکی بۆ وەرگرتنی خەڵکی لە دارو دەستەکەی خۆیا، نەبوو. بە خۆی پرس و جۆی لەو کەسانە دەکرد، کە دەیانویست پەیوەندی پێوەبکەن. بە کورتی پێی دەگوت:

– تۆ بە کەڵك دێی. وەرت دەگرین. بچۆ بۆ لای سەرۆکی ئەرکانەکەم، چوماکوف. ئەو لە ڕەعیلێکدا دات دەنێ و چەکت دەداتێ. لە یەکێك لە گوندەکانی هەرێمی میگولینسکایا، گەنجێکی بۆشناخی قژلوولی، ئەسمەریان بۆ لای فومین هێنا. گوتی حەزدەکات پەیوەندی بە دەستەکەی ئەوەوە بکات. دوای پرس و جۆ دەرکەوت کە خەڵکی رۆستوفەو لەو دواییانەدا، بە هۆی دزی چەکدارانەوە حوکم دراوەو زندانی کراوە، بەڵام لە زندان هەڵاتووەو کە هەندێ شتی دەربارەی فومین بیستووە، ئیدی خۆی گەیاندووەتە دۆنی باڵا. فومین لێی پرسی:

– تۆ چیت، ئەرمەنی یا بولغاری؟

گەنجەکە، دوای ڕامانێکی کەم، بەرسڤی دایەوە:

– نەخێر، جولەکەم.

فومین، حەپەسا، تاماوەیەك بێدەنگ بوو، نەیدەزانی چۆن بەرخورد لە گەڵ ئەم هەڵوێستە چاوەڕوان نەکراوەدا بکات. دوای ئەوەی کەمێك لە فکران ڕاچوو، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و گوتی:

– دەی، چ بکەین، جولەکەی، جولەکەی. ئێمە دەست بە ڕووی کەسەوە نانەین... گرینگ ئەوەیە نەفەرێکمان زیاد بکات. باشە، ئەسپ سواری بەڵەدی؟ نا؟ قەیدی نییە فێردەبیّ! هەوەڵجار ماینیکی چکۆڵەی ڕامت دەدەینێ، ئیدی بۆ خۆت وردە وردە فێری سواری دەبی. بچۆ بۆ لای چوماکوف، با شوێنت بۆ دیاری بکات و بتخاتە فەسیلێکەوە.

دوای چەند دەقیقەیەك، چوماکوف، بە چوارناڵە وەکو شێت هات. جڵەوی پیرە ئەسپی ڕاکێشا و هاواری کرد:

– ئەوە تۆ شێتی، یا گاڵتە دەکەیت؟ ئەم کابرا جولەکەیەت بۆچی بۆ لای من ناردووە؟ نامەویّ! بۆ کویّ دەڕوات با بڕوات!

فومین، بە هێمنی گوتی:

– وەری بگرە، وەری بگرە، نە فەرێکمان زیاد دەکات هەر باشە!

لیّ چوماکوف، کە کەفی دەپرژاند، هاواری کرد:

– وەری ناگرم! دەیکوژم، بەڵام وەریناگرم! قوزاقەکان قەبووڵ ناکەن. بە خۆت بڕۆ قسەیان لەگەڵدا بکە.

لەو کاتەدا کە ئەوان پێکا هەڵدەشاخین، قوزاقەکان لە پشت عەرەبانەیەکەوە، کراسە گوڵدوزی و پانتۆڵە ماهوتە دەڵبەکەیان لەبەر کابرای جولەکە داکەند. یەکێك لە قۆزاقەکان، لە کاتێکا کە کراسەکەی لەبەر خۆیا تاقی دەکردەوە، پێی گوت:

– ئا هۆو دارانە دەبینی، ئەو سەوزاییەی ئەو بەری گوند؟ ڕاکە، بڕۆ لەویّ پاڵبکەوە، هەڵمەستە تا ئێمە دەڕۆین، کاتیّ کە ئێمە بە ڕیکەوتین و ڕۆییشتین، ئەوسا هەستە و بۆ کویّ دەڕۆیت، بڕۆ. جارێکی دی نەیەیتەوە بۆ ناو ئێمە، دەتکوژین، باشتر وایە بڕۆیتەوە بۆ ڕۆستوف، بۆ لای دایکت. شەڕ. کاری ئێوەی جولەکە نییە. خوا ئێوەی بۆ بازرگانی خوڵقاندووە نەك بۆ شەڕ. ئێمە دەتوانین بە بێئێوەش، کاری خۆمان ڕایی بکەین!

گەنجە جولەکەکە وەرنەگیرا. بەڵام قوزاقەکان، لە هەمان ڕۆژدا، پیاوێکی شێتیان، بە نێوی پاشا وەرگرت. ئەم شێتە لە هەموو گوندەکانی ڤیشنسکایادا، ناسرابوو، بە هەزار پێکەنین و شۆخیەوە لە ڕەعیلی دووەمدا وەرگیرا. ئەمەیان لەو دەشتە دۆزی بووەوە و هێنابوویان بۆ گوند، جل و بەرگی سەربازێکی سووری کوژراو یان هێنابوو و بە تەشریفاتی تەواوەوە لە بەری ئەویان کرد. دوای ئەوەی چۆنیەتی بە کارهێنانی تفەنگیان فێرکردبوو، ئێستا خەریك بوون فێری شمشێر وەشاندنیان دەکرد.

گریگـۆری، دەچـوو بـۆ لای جووتـە ئەسـپەکەی خـۆی، کـە بـە مێخزنجیرێکـی نـاو تەویلەکـەوە بەسترابوونەوە. بەڵام کە چاوی بە ئاپۆڕایەکە کەوت، بایدایەوەو چوو بۆ لای ئەوان. کە دەنگی قاقـای پێکـەنینیان بـەرز بـووەوە، زیـاتر بـەرەو ئـەوان پێـی هـەڵگرت. دوای ئـەوە بێـدەنگی بـاڵی بەسەردا کێشان، لە میانەی بێدەنگیەکەوە، گوێی لێبوو، یەکێك، مامۆستا ئاسا دەڵێت:

– نا، ئاوها نا پاشا! ئاخر کێ شمشێر بەو جۆرە بە کاردەبات؟ ئەو جۆرە بۆ دارشکاندن دەبێ، نەك بۆ بە شەر کوشتن. دەبێ ئاوا بیوەشێنی، تێگەییشتی؟ کە یەکێك دەستگیر دەکەی، یەکسەر ئەمری پێدەکەی کە بکەوێتە سەرچۆکان، چونکە ئەگەر بە پێوە بێ، تاقەتت بە سەریا ناشکێت، ناتوانی شمشێرەکەت بوەشێنی... هەرکە کەوتە سەرچۆکان، دەبێ بەمجۆرە، لە پشت سەریەوە لێـی بـدەیت. هەوڵبـدە جەزرەبـەی شمشـێرەکەت ڕێکـاو ڕێـك نەیەتـە خـوارێ، دەبـێ، دەمـی شمشێرەکەت لاونیو بێتە خوارێ...

کـابرای شـێتوکە، لـە ناوەڕاسـتی چـەتەکاندا، بـە شمشـێری ڕووتـەوە حـازرو ئامـادە ڕەق ڕاوەستابوو. بەدەم زەردەخەنەوە، چاوە قاوەییەکانی زەق کردبوونەوەو بە خۆشحاڵییەوە گوێی لە ڕێنمایی یارۆی قوزاق دەگرت. پاشماوەی خواردنی کەفاوی وەکو ئەسپان، بەلا لغاوەیدا سپی دەچـووەوەو لێکـاوێکی زۆر بـە سـەر ڕیشـە بۆزەکەیـدا، دادەچـۆڕاو بـە سـینگ‌و بـەرۆکیا دەهاتـە خوارەوە... لێوە پیسەکانی خۆی دەلستەوەو بە دەمەلاڵکێ دەیگوت:

– تـەواو، تێگەییشـتم، گیانەکـەم... چـۆنت گـوت وادەکـەم... یـارۆی بەنـدەی خـوا، دێنمـە سـەر چۆکان‌و هـەنگێ گەردنە چکۆڵەکەی بۆ دەبڕم، بە دڵی خۆی بۆی دەبڕم! ئێوە پانتۆڵتان دامێ، کراسێ‌و چەکمەتان دامێ... بەڵام یەك شتم کەمە... پاڵتۆم نییە. هـەنگێ بە دڵی ئێوە دەکـەم! هەموو هێزی بازووم دەخەمە کار!

یەکێك لە قوزاقەکان، پێشنیازی کرد:

– گرینگ نییە، کومیسەرێك بکوژەو پاڵتۆکەی بۆ خۆت ببـە. دەی ئێسـتا باسـی ئەوەمان بۆ بکـە، پارەکە چۆن بووی بە زاوا؟

ترسێکی ئاژەڵانە، لە چاوە زەقە لێڵەکانی یـارۆی شێتدا، شەپۆلی دا. دەمرێـژێك جنێوی پیسـی داو پاشـان لـە میانـەی پێکـەنین‌و قاقـای ئامـادە بوانـەوە، کەوتـە گێڕانـەوەی چـیرۆکی بـە زاوا بوونەکەی. هێنـدە بـەبێ لـەزەتی دەیگێڕایـەوە کـە تـەزووی شـەرمەزاری بە سـەراپای گریگـۆری دا هـات، بە هەشتاو دوور کەوتەوەو بـە نیگـەرانی‌و بێزارییەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: ((چۆن خـۆم کرد بە هاوڕێی ئەم گەجەرو گوجەرانە!...)) زۆر لە خۆی‌و لەم ژیانە قێزەونە، پەست بوو.

لـە نزیکـی ئەسـپەکانەوە، ڕاکشـا، هەوڵیـدەدا، گـوێی خـۆی بگرێـت‌و گـوێی لـە هـات‌و هـاواری کابرای شێتەو قاقای قوزاقەکان نـەبێ. بە دەم تەمەشاکردنی، ئەسپە قەڵەوو تازە نەفەسـەکانی خۆیەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ((سبەینێ دەڕۆم، ئیدی کاتی هاتووە!)).

زۆر بـە وردی‌و بـە پـارێزەوە، ئاقڵانـە خـۆی ئامادە دەکرد، کـە ئـەو دارو دەسـتەیە بـەجێ بێڵـێ. ناسنامەیەکی بە نێوی (ئوشاکوف)ەوە، لە گیرفانی چریکێکی کوژراو دەرهێنا بووو لە ئەستەڕی (بەر) پاڵتۆکەی خۆیدا شاردبوویەوە. بەڵام سەبارەت بە ئەسپەکانی. دوو دانە هەفتە بوو، بۆ ڕێ

پەیمایییەکی کورت، بەڵام زۆر خێرا ئامادەی دەکردن: لە کاتو ساتی خۆیدا ئاوی دەدان، هێندە بە دڵو بە گیان، خزمەتی دەکردنو لە ڕنەکی دەدان، کە بە عەمراتی، تەنانەت لە کاتی خزمەتی عەسکەریشدا، بەو ئاوایە خزمەتی ئەسپە عەسکەرییەکەی خۆی نەکردبوو. بە هەر شێوەیەکی ڕەوا یا ناڕەوا بوایە، لەو گوندانەدا کە شەوان لایان دەدا، جۆی بۆ ئەسپەکانی پەیدا دەکرد. ئیدی ئەسپەکانی لە هەموو ئەسپەکانی دی باشتر بوون، بە تایبەتی ئەسپە ئوکرانیە، بۆزە خاڵ خاڵەکەی، کە لەبەر هەتاوەکەدا، وەکو زیوی قەفقاز دەدرەوشایەوە.

باوەڕی وابوو، دەیتوانی بەو ئەسپانەوە، بێهیچ ترسێك، لە هەر تاقیبو ڕاوەدوو نانێك دەرباز ببێ، گریگۆری لە جێی خۆی هەستا، چوو بۆ حەوشی ماڵە دراوسێیەك، پیرەژنێك لەبەر دەرکی عەمارێکی گەنمدا دانیشتبوو، بە ئەدەبەوە لێی پرسی:

– دایە گەورە، داستان هەیە؟

– هەمانبوو، بەڵام خوا دەزانێ ئێستا لە کوێیە، داست بۆ چییە؟

– دەمویست، لە باخەکەتاندا، کەمێك گیای بۆ ئەسپەکانم پێ درەو بکەم. ڕێگەم دەدەی؟

پیرەژن، بۆ ساتێك لە فکران ڕاچوو و ئەنجام گوتی:

– ئاخر ئێوە کەی لە کۆڵمان دەبنەوە؟ ئیشو کارتان ئەوەیە: ئەمەمان بدەنێ ئەوەمان بدەنێ... جوونێ (تاقمێك) دێن گەنمیان دەوێ، جوونێ دێن، هەر چیەکیان بەر چاو بکەوێ دەیبەن... نەبڕایەوە! من داست نادەمێ، هەرچییەك دەکەی بیکە، بەڵام داست نادەمێ.

– ئاهـ، دایکە، داپیرە، یانی توزێ گیاشمان پێڕەوا نابینی؟ ئاخر گیا چ ئەهمیەتێکی هەیە؟!

– چما گیا لە خۆیەوە دەڕوێ؟ خزمەتی ناوێ؟ ئەدی من چی بدەم بە چێڵەکەم؟

– یانی ئەم دەشتی خوایە هیچ گیایەکی لێناڕوێ؟

– دەی، کوڕی خۆم، بڕۆ لەو دەشتە گیا بێنە، چی زۆرە گیا زۆرە،

گریگۆری، بە تووڕەیی گوتی:

– داپیرە، وا چاکە داسەکەتم بدەیتێ، تۆزێ گیای پێ درووێنە دەکەمو ئەویتری هەمووی بۆ خۆت. بەڵام ئەگەر ئەسپەکان بێنمە ئێرەو تێی بەربدەم، هەموو گیایەکە دەخۆنو لە کیست دەچێت.

پیرەژن، مۆڕەیەکی لە گریگۆری کردو ڕووی وەرگێڕا.

– بڕۆ خۆت بیهێنە، وابزانم لە عەمارەکەدا هەڵواسراوە.

گریگۆری داسێکی کۆنەی شکاوی لە عەمارەکەدا دۆزییەوە، کاتێ کە گەڕایەوەو بە بەردەم پیرەژنەکەدا تێپەری، گوێی لێبوو کە دەیگوت: ((دەك دواتان بڕێ، بەر نەفرەتی خوا بکەون!))

گریگۆری، زۆری لەو قسانە بیستبوو. دەمێك بوو، هەڵویستی خەڵکی گوندەکانی، بەرانبەر بە دارو دەستەکەیان، بۆ دەرکەوتبوو. بەدەم گیا دورینەوە، هەوڵیدەدا، پەرێزی پاك بێتو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ((نە هەقیان نییە، ئاخر چ خێرێکیان لە ئێمە بینیوە؟ بە کەڵکی کێیان هاتووین. خێرمان بۆیان نییەو شەڕمان بە پای سەگ. ژیانمان لێیان تاڵ کردووە، نا یەڵێن بە ئارامی کاری خۆیان بکەنو بۆ خۆ بژین... دەبێ سنوورێك بۆ ئەم وەزعو حاڵە دابنرێت. ئیدی بەسە.))

گریگۆری لە فکران ڕاچوو بوو، بە دیار ئەسپەکانەوە وەستا بووو تەمەشای دەکرد کە بە چ تامەزرۆییەکەوە، چەپکە گیای نەرمو تازەیان، بە دەمو قەپۆزی ڕەشی مەخمەلیان هەڵدەگرت. دەنگێکی گەنجانە، لەم خەیالاتەی دەرهێنا.

– کە ئەسپێکی جوانە! ڕێك دەڵێی قووە!

گریگۆری، ئاوڕێکی بۆ لای خاوەن دەنگەکە دایەوە. قۆزاقێکی گەنجی خەڵکی ناوچەی ئالیکسییفسکایا، کە تازە پەیوەندی بە دارو دەستەکەی فومینەوە کردبوو، تەمەشای ئەسپە شێیەکەی گریگۆری دەکردو بە ستایشەوە سەری دەلەقاند. بێئەوەی چاو لە ئەسپەکە بگوازێتەوە، چەند جارێك بە دەوریا سوڕایەوەو بە زمان چەقەنەیەکی لێداو گوتی:

– ئەسپی تۆیە؟

گریگۆری، بە تووڕەیی پرسی:

– چیە؟ بۆچی دەپرسیت؟

– وەرە با بیگۆڕینەوە. من کوێتێکی ڕەسەنی دۆنم هەیە، هیچ لەمپەرێك خۆی لەبەر ناگرێ، هێندە ڕەهوانە هەر مەپرسە! وەکو بروسکە دەردەپەڕێ!

گریگۆری بە ساردی گوتی:

– بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە!

گەنجەکە یەك دوو دەقیقە، بێدەنگ بوو، ئاهێکی هەڵکێشاو چوو کەمێك لەولاترەوە، لە سەر ئەرزەکە دانیشت، ماوەیەکی زۆر تەمەشای ئەسپەکەی کردو گوتی:

– دەزانی، تەنگە نەفەسە!

گریگۆری بێئەوەی هیچ بڵێ، بە لاسکە گیایەکە کەوتە پاککردنەوەی ددانەکانی بەرە بەرە خۆشی بەم گەنجەدا چوو. گەنجەکە بە دوو چاوی پاڕانەوە ئامێزەوە ڕوانیە گریگۆریو بە نەرمی گوتی:

– ها، هاپۆ گیان، نایگۆڕیتەوە؟

– نەخێر، ئەگەر خۆتیشم بە سەر باقی بدەیتێ، نایگۆڕمەوە.

– تۆ ئەم ئەسپەت لە کوێ پەیدا کردووە؟

– خۆم دروستم کردووە.

– نا، بە بێ سوعبەت!

– ئەسپ هەموو لە یەك دەروازەوە دێن. ماینێك هێناویەتی و تەواو.

گوندەکە کڕوکپ، چۆڵو هۆڵ، دەتگوت زی ڕوحی تیا نییە. جگە لە پیاوەکانی فومین کەسی دی تیا بەدی نەدەکرا. عەرەبانەیەکی بێخاوەن لە کۆڵانێکا بەجێ هێڵرا بوو، کۆتەرە دارێك لە حەوشێکا کەوتبوو و تەورێکی لێچەقی بوو، لەلای کۆتەرەکەوە، تەختەیەکی نیمچە ڕەندەکراو هەبوو، چەند گایەك، بە کەرەستەی کارەوە وەستا بوونو بەکاوەخۆ، گیای کورتی ناوەندی ڕێگاکەیان دەخوارد، سەتڵێکی ئاوەژوو لە کەنار دیواری بیرەکەدا، کەوتبوو، ئیدی هەموو شتێك،

وای دەنواند کە ڕەوتی ئارامی ژیانی گوندەکە لە ناکاوا شێوا بوو وخەڵکەکە کاروباری خۆیان بەجێ هێشتبوو لە شوێنێکدا خۆیان شاردبووەوە.

گریگۆری ئەم جۆرە دیمەن و گوندە چۆڵ و هۆڵانە و ئەم جۆرە کۆڕەوە کوت و پڕەی لە کاتی پێشڕەوی کەتیبە قۆزاقەکاندا بۆ ناو پروسیا بینی بوو، کەچی ئێستا هەمان دیمەنی، لە خاك و زاگەی خۆیدا دەبینی. ئەوسا، ئەڵمانەکان مۆڕەیان لێدەکردو بە ڕق و کینەوە پێشوازیان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ قۆزاقانی دۆنی باڵا، مۆڕەیان لێدەکرد، بەڕق و کینەوە پێشوازیان دەکرد، گریگۆری گفتوگۆیەکەی خۆی دەگەڵ پیرەژنەکەدا وەبیر هێنایەوە. بەدەم کردنەوەی دوگمەی یەخەی کراسەکەیەوە، بە نیگەرانی ڕوانیە دەوروبەری خۆی. ئازارە نەحلەتیەکە دایەوە لە دڵی ....

هەتاو، زەوی دەسووتاند، بۆنی کەسکونی گەردو خاك و گیا ئەسفەناجی ڕۆمی و ئارەقەی ئەسپ، کۆڵانەکەی تەنی بوو. لە باخەکاندا، بە سەر چنارە بە لق و پۆپەکانەوە، کە یەکپارچە، هێلانەی فشەڵی تەیرو تو بوو، قەلان دەیانقڕاند. جۆگایەکی بچووکی دەشتەکە، کە ئاوی کانیاوەکانی داوێنی کەندێکی تێدەڕژا، بە ئەسپایی بە ناو گوندا تێدەپەڕی و گوندەکەی دەکرد بە دوو بەشەوە. لەم بەرو لەو بەری جۆگاکەوە، موڵکی فراوانی قوزاقێك، تەخت ڕاکشا بوو، یەکپارچە شینایی بوو، دار گێلاس، پەنجەرەی ژوورەکانی دادەپۆشی، درەختانی چڕە لق و پۆپی سێوان، گەڵای سەوزو میوەکاڵەکانی خۆی دەدایە بەر هەتاو.

گریگۆری، بە چاوانی لێڵەوە، ڕوانیە ئەو حەوشەیەی کە یەکپارچە شینایی و سەوزی بوو، ڕوانییە پەنجەرەی زەردی کوختەکان، ئەو کوختانەی سەریان بە هەژگ و بژاڵ و پوش داپۆشرابوو، ڕوانیە چەرخە بەرزەکەی بیرەکە... لە نزیکی خەرمانگایەکە، کەللەسەری ئەسپێك، کە باران شۆردبویەوەو تەواو سپی بوو بووەوەو کونی چاڵی چاوەکانی ڕەش دەچووەوە. ئەم کاسە سەرە، بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی کۆنە پەرژینێکەوە هەڵواسرا بوو. ساقەتەی سەوزی بڕکە کولەکەیەك، پێچاو پێچ بە هەمان ئەستووندا، هەڵزنا بووو بەرەو ڕوناکی هەڵدەکشا. ئیدی گەیی بووە ترۆپکی ئەستوونەکەو خۆی لە دەم و ددان و بەرزی و نزمیەکانی کاسە سەرەکە دەهاڵاند و سەرە ئازادەکەی بڕەکە کولەکەکە، لە کاسە سەرەکە هێوەتر ڕۆیی بووو خۆی بە چڵی پنچە مۆردێکی کێوییەوە کە لەو لاوە ڕوابوو، هەڵواسی بوو.

گریگۆری، ئایا ئەم دیمەنەی لە خەوا، یا لە منداڵیدا بینی بوو؟ لە ناکاوا خەمێکی بە سوێ دایگرت. بە دەما لەبن پەرژینەکەدا، ڕاکشا و ڕوخسارو دەموچاوی لە نێو هەردوو دەستی ناو کاتێ لە جێی خۆی ڕابوو، کە لە دوورەوە، هاوارێکی دوورو درێژی هاتە گوێ کە دەیگوت: ((خێرا، بگەنە ئەسپەکانتان!))

گریگۆری، ئەو شەوە، لە کاتی ڕێ پەیمایییەکەدا لە ڕیزە کە هاتە دەرێ و بە بیانووی ئەوەی کە دەیەوێ، زینی ئەسپەکان توند بکاتەوە، وەستا. ئەوسا گوێی بۆ دەنگی خرمەژنی سمی ئەسپەکان کە وردە وردە دوور دەکەوتەوەو ڕوو لە خامۆشی دەچوو هەڵخست و ئەوسا، خۆی هەڵدایە سەر زینەکەو لە جادەکە دوور کەوتەوەو هەڵیکردە چوار ناڵە.

نزیکـەی پێـنج فرسـەخێك، بێئـەوەی بـۆ سـاتێك بوەسـتی ئەسـپەکانی تـاودا. ئەوسـا هێواشـی کردنەوەو بە ڕەوتەی ئاسایی کەوتە ڕێ‌و گوێی هەڵخست تا بزانێ چ کەسێك دووی نەکەوتووە؟ بێـدەنگی بـاڵی بەسـەر دەشـتەکەدا کێشـا بـوو، تـەنیا، مـەلانی دەنـووك درێـژ، لـە سـەر گـردە زیخەڵانەکانەوە، بە ئاوازی خەمناك یەکیان بانگدەکرد. سەگێکیش، لە دوور، لە دووری دوورەوە دەوەڕی‌و بە ئاستەم دەنگی دەبیسترا.

ئاسمانی تاریك، دەتگوت بەبار ئەستێرەی پێوەر کرا بوو. دەشتەکە لە بێدەنگیدا نقوم بوو بوو، شنەی با، بۆنی کەسکون‌و تیژی ئەفسەنتینی لێدەڕژا... گریگـۆری لـە سـەر ڕکێفەکە هەسـتایە سەر پێیان‌و لە ناخی ناخەوە هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا...

((١٧))

زۆر پـێش هـەڵاتنی ڕۆژ، گەییـە مێـرگ‌و سـەوزەزارەکەی بەرانبـەر گونـدی تاتارسـکی. لـە خـوار گوندەکەوە. لـەو شـوێنەوە، کە قووڵی دۆن، لـە هـەموو شـوێنێکی دی کـەمترە، خـۆی بە تـەواوەتی داکەنـدو جل‌و چـەکەو چـەکەکەی لـە ئەسـپەکان بەسـت، ڕەختـە فیشـەکەکەی بـە ددان گـرت. شانبەشـانی جووتـە ئەسـپەکەی کەوتـە مەلـە. ئاوەکـە هێنـدە سـارد بـوو تەحـەموول نـەدەکرا. بـۆ ئەوەی گەرم بێتەوە بە دەستی ڕاست، خێرا خێرا مەلەی دەکرد، بەڵام بە دەسـتی چەپ هەوسـاری ئەسپەکانی گرتبـوو، مەلـە کـردن‌و پڕمـە پـڕم‌و هانکـە هـانکی هێواشـی ئەسـپەکان، هانیـان دەدا‌و غیرەتیان وە بەردەنا.

هەرکـە لـە ڕوبارەکـە پەڕییـەوەو گەییـە کەنارەکـە. بـە لـەز جلـەکانی لـە بـەرکرد، تـەنگ‌و پـاڵوی زینەکانی توند کردەوەو بۆ ئەوەی ئەسپەکان گەرمیان بێتـەوە، بە چوارناڵە بـەرەو گوندەکە تـاوی دان. لە پاڵتۆ قورسە تەڕەکەی‌و لە نەرمە زینەکەو لـە کراسە نمسارەکەیەوە، سـەرمایەکی بەترەف نیشتە سەر ئازای ئەنامی. ددانە چۆقێی پێکەوتبوو، تـەزووی سـەرما بە پشتیا دادەگـەڕا، ئازای ئـەنامی دەلـەرزی، بـەڵام زۆری پێنەچوو کە ڕاکردنـە خێرایەکە گـەرمی کردەوە، کە گەییـە نزیکـی گونـد، ئەسـپەکانی هێـواش کردنـەوەو، بـە ڕەوتـی ئاسـایی کەوتـە ڕێ. بـە وردی دەیڕوانیـە دەوروبەری خۆی‌و گوێی بۆ هەر سرتەو سروەیەك هەڵدەخست. بڕیـاری دا، ئەسپەکان، لـە دۆڵێکا بەجێ بێڵێ. بە سەر زیخ‌و وردە چەوی قەد پاڵەکەدا، بۆ نـاو دۆڵەکە داگـەڕا. کە نـاڵی ئەسـپەکان بەر بەردو چەوی قەد پاڵەکە دەکەوتن، تەقو هۆڕیان لێهەڵدەستا‌و نـاو بە نـاو پزیسـکێکیان لێبـەرز دەبووەوە.

ئەسـپەکانی بـە قـەدی ناروەنێکـەوە، کـە لـە منداڵیـەوە دەیناسـی، بەسـتنەوەو خـۆی بـە گوندیـدا کرد.

ئەوسـا، خـانووە دێرینەکـەی ماڵبـاتی میلیخـوف دەرکـەوت، دار سـێوە تارێـك‌و چـڕە گـەڵاکان‌و چەرخی بیرەکە ڕوویان کردبووە ئاسمان‌و دەیانڕوانیە کۆ ئەستێرەی حەوتەوانە... گریگۆری، کە لـە هەڵچووندا، هەناسـەی تـەنگ بـوو بـوو، بـەرەو دۆن نشـێو بـووەوەو بـە پـارێزێکی زۆرەوە، لـە پەریژنەکـەی ماڵی ستاخۆفەوە خـۆی بـە حەوشـەکەی مـاڵی سـتاخوفدا کـرد، بـە خشـکەیی خـۆی

گەیاندە بەر پەنجەرەکە، کە تەختەکەی دیوی دەرەوەی دادرابووەوە. گوێی لە هیچ نەبوو تەنیا دەنگی لێدانی دڵی خۆیو لێدانی دەماری لاجانگەکانی خۆی نەبێ. بە ئەسپایی لە چوار چێوەی پەنجەرەکەی دا. هێندە بە ئەسپایی لێیدا، کە بەخۆیشی، بە زەحمەت گوێی لێدەبوو. ئەکسینیا بە ئەسپایی هاتە بەر پەنجەرەکەو ڕوانیە دەرێ. گریگۆری بینی کە دەستی خستە سەر دڵی، گوێی لەو ناڵە گۆنگە بوو کە لە زاری هاتە دەرێ. گریگۆری ئامـاژەی کـردێ کـە پەنجەرەکـە بکاتەوەو بە خۆیشی تفەنگەکەی لە شانی داگرت. ئەکسینیا پەنجەرەکەی خستە سەر گازی پشت. گریگۆری، بە چپە گوتی:

– هێواش! چۆنی؟ دەرگا مەکەوە، لەم پەنجەرەیەوە وەژووردەکەوم.

چووە سەر بارستە خۆڵێك. باسکە ڕووتەکانی ئەکسینیا لە ملی ئاڵان. بازوانی دڵدارەکەی بەجۆرێ بە سەر شانو ملیەوە دەلەرزین، کە گریگۆریش کەوتە لەرزین.

بە دەنگێکی بچڕ بچڕ، هێندە نزم کە بە ئاستەم دەبیسترا، گوتی:

– کسیوشا... هێواش، جارێ تفەنگەکەم لێبگرە.

گریگـۆری، دەسـکی شمشـێرەکەی تونـد گـرتو لـە پەنجەرەکـەوە خـۆی بـە ژوورا کـردو پەنجەرەکەی داخستەوە. ویستی ئەکسینیا لە هەمێز بگرێت، بەڵام ئەکسینیا، بە قورسی کەوت بەسەر لاقیاو، لەبەر دەمیا چۆکی داداو هەردوو باسکی لە لاقەکانی هاڵاندو دەموچاوی توند نا بە پاڵتۆ تەڕەکەیەوە، هەموو ئازای بەدەم هەنسکی گریانێکی بێدەنگەوە، دەهەژی. گریگۆری هەلیستاندو لە سەر تەختەکە دای نیشاند. ئەکسینیا پالی دا بەوەوە، دەموچاوی نابوو بە سینگو بەرۆکیەوەو هیچی نەدەگوت، ناو بە ناو موچوڕکێکی پێدا دەهاتو بۆ ئەوەی دەنگی گریانی خۆی خەفە بکاتو منداڵەکان لە خەو ڕانەپەڕێنێ، قەپی بە یەخەی پاڵتۆکەی گریگۆری دا دەکرد.

دیاربوو، کە دەردو ڕەنج، کاری لەویش، بە هەموو تۆکمەییەکێوە کردبووو تێکی شکاندبوو. دیار بوو کە ئەم چەند مانگەی دوایی زۆر بە دژواری لێڕۆیی بوو... گریگۆری دەستی نەوازشتی بە قژە پەریشانەکەیا، کە بە شانو ملو پشتیا هاتبووە خوارێ، هێنا، هەنیە گەرمو ئارەقاویەکەی سڕی، وازی لێهێنا، بە کامی دڵی خۆی بگریو خۆی بە تاڵ بکاتەوە... ئەوسا پرسی:

– منداڵەکان، ساغو سەلامەتن؟

– بەڵێ.

– ئەدی دونیاشکا چۆنە؟

– دونیاشکاش.. باشە.

– میخائیل لە ماڵە؟ بەسە، مەگری، هەموو کراسەکەم بە فرمێسکی تۆ تەڕ بوو... کسیوشا! ئازیزەکەم، ئیدی بەسە! کاتی گریان نیە، ماوەمان نیە... گوتم میخائیل لە ماڵە؟

ئەکسینیا، دەموچاوی سڕی. دەموچاوی گریگۆری لە نێو هەردوو دەستە تەڕەکەی ناو توند گوشی. لە کاتێکا بەدەم ئەشکەوە بزەی بۆ دەکرد، بێئەوەی چاو لە دڵدارەکەی خۆی هەڵگریٚ، بە نەرمی گوتی:

– ئیدی... ئیدی ناگریم... نەخێر میخائیل لە ماڵ نییە. دوو مانگە چووە بۆ ڤیشنسکایا، نازانم لە چ یەکەیەکی عەسکەریدا خزمەت دەکات. وەرە تەمەشایەکی منداڵەکان بکە. ئۆف! چاوەڕوانی هاتنەوەت نەبووین، ئومێدی ئەوەمان نەبوو کە!...

میشاتکا و پولیوشکا، لە سەر تەختێك خەوتبوون، لیفەکەیان لە سەر خۆ لادا بوو، هەر دەستو لاقێکیان بە لایەکدا فڕیٚ دابوو. گریگۆری بە سەریاندا دانەوییەوە، ماوەیەك بە بێدەنگی بە دیاریانەوە وەستا، ئەوجا لە سەری نووکی پەنجە دوورکەوتەوەو بە بێدەنگی لای ئەکسینیاوە دانیشت. ئەکسینیا، بە چپەیەکی گەرم گوتی:

– دەنگوباست؟ چۆن توانیت بێیتەوە؟ ئەم ماوەیە لە کویٚ بووی؟ ناترسیت دەستگیرت بکەن؟

– هاتووم بە دوای تۆدا، مەترسە، باوەڕناکەم بکەومە دەستیان، دێی؟

– بۆ کویٚ؟

– لە گەڵ منا. وازم لە دارو دەستەکە هێناوە، لەگەڵ دارو دەستەکەی فومین دابووم، ئەوەت زانی بوو؟

– بەڵیٚ، بەڵام بۆ کویٚ بێم لە گەڵتدا؟

– بۆ باشوور. بۆ کوبان، ڕەنگە بۆ دوورتریش. ماوەیەك لەویٚ دەمێنینەوە، بە هەر جۆریٚ بیٚ، نانیٚ پەیدا دەکەین، ها؟ هەموو کارێك دەکەم. دەستەکانم بۆ کارکردن دەخوریٚ، نەك بۆ شەڕ. بە ڕاستی ئەم چەند مانگە عەزابی زۆرم کێشا... دوایی باسی ئەو شتانە دەکەین.

– ئەدی منداڵەکان؟

– لای دونیاشکا بە جێیان دێڵین، جاریٚ بالای ئەو بن، تا بزانین چۆن دەبیٚ. پاشان ئەوانیش دەبەین. باشە؟ دێی؟

– گریشا... گریشا گیان...

– نا، گیانەکەم! مەگری! گریان بەسە! دوایی پێکەوە دەگرین. وەختی گریانمان زۆر دەبیٚ... خۆت ئامادە بکە، دوو ئەسپم لە یەکێك لە دۆڵەکاندا بەستووەتەوە، چاوەڕوانن.. باشە؟ دێی؟

ئەکسینیا لە ناکاوا، بە دەنگی بەرز گوتی:

– ئەی مەعنای چی؟

ئەوسا، بە سڵۆکی دەستی خستە سەر لێوەکانی خۆیو نیگایەکی منداڵەکانی کرد، جارێکی دی، بەچپە گوتی:

– ئەی مەعنای چی؟ وا دەزانی ژیانم بەم تەنیاییە زۆرخۆشە؟ گریشا گیان، ئازیزەکەم دێم، بە پێیان دێم، بە سینگە خشکیٚ دووت دەکەوم، لەوەی پتر، بە تەنیا لێرە نامێنمەوە. بەبیٚ تۆ ناژیم... بکموژەو بە تەنیا جێم مەهێڵە.

ئەکسینیا، بە توندی گریگۆری بە خۆیەوە دەگوشی و ئەویش ڕایدەمووسی و تەمەشایەکی پەنجەرەکەی کرد. شەوانی هاوین کورتن. دەبێ لەزێ بکەن. ئەکسینیا پرسی:

– دەتەوێ کەمێك بخەوی؟

گریگۆری، بە ترسەوە گوتی:

– ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ ئێستا بەیان دەدا، دەبێ بەپەلە بڕۆین. جلەکانت لە بەربکەو بڕۆ بە دوای دونیاشکادا. شتەکەی بۆ باس دەکەین، دەبێ تا دنیا روناك نەبووەتەوە خۆمان بگەیەنینە دۆڵی سوخوی لوگ. بە ڕۆژەوە، لەوێ لە بێشەکەدا دەمێنینەوەو شەوێ دەکەوینە ڕێ. تۆ دەتوانی سواری ئەسپ بیت؟

– ئەی خوا گیان، هەر کارێك بڵێی دەیکەم، چ جای ئەسپ سواری! من هێشتا لە خۆم دەپرسم، ئایا ئەمە خەو نیە کە دەی بینم؟ زۆر کەڕەت خەوت پێوە دەبینمو هەر جارەی بە جۆرێکی جیاواز دێیتە خەونم...

ئەکسینیا، تەوقەکانی بە دەمیەوە گرتو بە پەلە کەوتە شانەکردنی قژی، بۆیە دەنگی نزمو نامەفهووم بوو. خێرا خۆی گۆڕیو بەرەو دەرگا چووو گوتی:

– منداڵەکان خەبەر بکەمەوە؟ با بەلای کەمەوە بیانبینی.

گریگۆری گوتی:

– نا، پێویست ناکات.

کیسە تووتنەکەی، لە ناو کڵاوەکەی دەرهێناو سیغارێکی پێچایەوە. بەڵام هەرکە ئەکسینیا چووە دەرێ. خێرا خۆی گەیاندە تەختەکەو دوو ماچی دوورو درێژی منالەکانی کرد. ئەوسا ناتالیای بیر کەوتەوە کە چۆن ئەم زوخاوەسکی کردبووو، ڕوندك بە چاوانیا هاتە خوارێ.

دونیاشکا، لە ئاستانەی دەرگاکەوە وەژوورکەوتو گوتی:

– سڵاو، برایەکەم! هاتوویتەوە؟ ئاخر سەرگەردانی دەشتو دەر تاکەی...

ئەوسا دەستی بە گازاندە کرد:

– مەگەر خوا بزانێ ئەم منداڵانە چەند بیری باوکیان دەکرد... بابیان زندوو بوو ووەکو هەتیو وابوون، بێباوکیان پێوە دیاربوو...

گریگۆری، دەستی لە ملی کردو بە توندی گوتی:

– هێواش، منداڵەکان خەبەریان دەبێتەوە! وەختی ئەم قسانە نیە خوشکێ! پێشتریش گوێم لەم قەوانە بووە! خۆم خەمو پەژارەم کەم نییە... من بۆ ئەمەم لە دوو نەناردوویت. دەتوانی ئەم منداڵانە بەریتە لای خۆتو سەر پەرشتیان بکەیت؟

– ئەدی، تۆ نیازی کوێت هەیە؟

– دەڕۆمو ئەکسینیاش لە گەڵ خۆمدا دەبەم. منداڵەکان گل دەدەیەوە؟ هەرکاتێ کارێکم دۆزییەوە، دەیانبەم.

– ئەدی چارم چیە؟ کە ئێوە بڕۆن، مەجبوورم گلیان بدەمەوە. خۆ ناکرێ بەرەڵڵای کوچەو کۆڵان بکرێن، یا لای بێگانە دابنرێن.

گریگۆری، به بێدەنگی دونیاشکای ماچ کردو گوتی:

– من مەمنوونو منەتباری تۆم خوشکە باشەکەم، دەمزانی دەست بە ڕوومەوە نانەیت.

دونیاشکا، لەسەر یەغدانەکە (سەندوقی داری گەورە) دانیشتو پرسی:

– کەی دەڕۆن؟ ئێستا؟

– بەڵێ.

– ئەدی ئەم ماڵە؟ کێڵگەکە؟

ئەکسینیا، بە دوو دڵیەوە گوتی:

– خۆت وەکیل بە. بیدە بەکرێ، یا چیت پێباش بوو، وابکە، بە دڵی خۆت. هەرچی جلو ناو ماڵ هەیە بۆ خۆتی ببە...

دونیاشکا پرسی:

– باشە چی بە خەڵکی بڵێم؟ هەڵبەتە دەپرسن، کێوە چووە، چیان پێبڵێم؟

گریگۆری گوتی:

– بڵێ کە ئاگات لە هیچ نیە، تەواو..

ڕووی کردە ئەکسینیا:

– کسیوشا خێراکە، خۆت ئامادە بکە. شتێ زۆر لەخۆت مەکە بەبار. بلوزێکی گەرم، دوو سێ تەنوورە، هەرچی ژێرکراسو جلێکی ژێرەوەت هەیە، بەشی یەك دوو ژەم خواردنو تەواو.

هێشتا بەیانی نەدابوو، کە گریگۆریو ئەکسینیا خواحافیزیان لە دونیا کردو منداڵەکانیان بەدەم خەوەوە ماچ کردو، لە ماڵ وەدەرکەوتن. بەرەو دۆن پەل بوونەوەو بە قەراخی ڕوبارەکەدا خۆیان گەیاندە دۆڵەکە.

گریگۆری گوتی:

– بیرتە، ڕۆژێك لە ڕۆژان منو تۆ بەم تەرتیبەی ئێستا بەرەو یاگودنویە ڕۆییشتین! ئەوسا بەرو بوخچەکەت گەورەتر بوو، خۆشمان گەنجتر بووین...

ئەکسینیا کە لە خۆشیا لە پێستی خۆی نە دەهێوری، بە گۆشەی چاو تەمەشایەکی گریگۆری کردو گوتی:

– من هێشتاش دەترسم ئەمە خەون بێ کوا دەستتم بدەیە با بیگرم، دەنا باوەڕ بە چاوی خۆم ناکەم.

بە نەرمی پێکەنیو خۆی بە شانی گریگورییەوە چەسپاند.

گریگۆری، ڕوانیە چاوانی گریاناوی کە لە شادیا دەدرەوشانەوە، ڕوانیە گۆناکانی کە لە نیمچە تاریکی پێش بەیان ئەنگوتندا، زەرد دەیان نواند. بەمیهرەبانی زەردەخەنەیەکی کردو لە دڵی خۆیدا گوتی: ((گورج خۆی ئامادە کردو کەوتە ڕێ، لە تۆ وایە دەچێتە میوانی... هەر باکیشی نەبوو. ئەوەیە ژن!))

ئەکسینیا، وەکو ئەوەی وەڵامی خەیاڵو ئەندێشەکەی ئەو بداتەوە گوتی:

– دەبینی من چ جۆرە ژنێکم... عەینی کسۆك، تۆ فیکەم بۆ دەکێشیت و منیش دووت دەکەوم. ئەشقی تۆو ئارەزووی دیداری تۆ منی ئاوا شێت کردووە گریشا... من تەنیا خەمی منداڵەکانمە. ئەگینا هیچ خەمی خۆمم نییە. بۆ هەموو شوێنێ دوات دەکەوم، تەنانەت بۆ مردنیش لە گەڵتا دێم!

ئەسپەکان، کە گوێیان لە دەنگی پێی ئەمان بوو، کەوتنە کوڕژن. هەتاو لە هەڵاتندا بوو. هێڵێکی پەمەیی، لە قوڵی ڕۆژ هەڵاتەوە، بە پەراوێزی ئاسمانەوە دەردەکەوت. تەم و هەڵم سەری دۆنی گرتبوو.

گریگۆری ئەسپەکانی کردەوە، یارمەتی ئەکسینیای دا تا لە سەر زینەکە جێگیر ببێت، لێ پێی ئەکسینیا نە دەگەییە ڕکێفەکان، گریگۆری لە خۆی تووڕەبوو، کە چۆن پێشبینی ئەمەی نەکردبوو، قایشی ڕکێفەکەی گورج کردەوە و بە خۆیشی سواری ئەسپەکەی دی بوو.

– ئەکسینیا گیان، بە دووی مندا وەرە. کە لە دۆڵەکە وەدەرکەوتین، دەبێ بە چوار ناڵە بۆی دەرچین. زۆر تەکانت نادات، جڵەوی ئەسپەکە شل نەکەی. ئەو ئەسپەی ژێرت، حەزی لەوە نییە جڵەوەکەی شل بێ. ئاگات لە ئەژنۆکانت بێ. هەندێجار دێت بە سەریا و لەوەیە گازت لێبگرێت. دەی، با بڕۆین!

سوخوی لوگ، نزیکەی هەشت فرسەخێك دووربوو. ئەو مەسافەیەیان بە زوویی بڕی، دەگەڵ ڕۆژهەلاتا گەیینە نزیکی بێشەکە. لە کەناری بێشەکەدا، گریگۆری لە ئەسپەکەی دابەزی و یارمەتی ئەکسینیای دا تا دابەزێت. بەدەم بزەیەکەوە پرسی:

– دەی، چۆنیت؟ ئەسپ سواری بۆ کەسێك فێر نەبێت، زەحمەتە وانیە؟

ئەکسینیا، کە دەموچاوی سووربوو بووەوە، چاوە ڕەش و گەشەکانی کردێ و گوتی:

– خۆشە! لە پیادە ڕۆیی باشترە، بەڵام لاقەکانم... (بزەیەکی شەرمنانەی کرد).. ڕووت وەرگێڕە گریشا، دەمەوێ سەیرێکی لاقەکانم بکەم. دەسووتێتەوە... دەبێ ڕووشابێ.

گریگۆری، دڵی دایەوە و گوتی:

هیچ نییە، زوو چاك دەبێتەوە، کەمێك ئیسراحەت بکە، لاقت دەلەرزن...

چاوێکی داگرت و بە پێکەنینێکی میهرئامێزەوە گوتی:

– بە ڕاستی ژنە قوزاقێکی لێهاتووی!

لە دوڵێکا، پانتاییەکی ڕووتەنی هەڵبژارد و گوتی:

– لێرە لا دەدەین، ئەکسینیا گیان ئیسراحەت بکە.

زینەکانی، لە ئەسپەکان گرتەوە و پێوەنی لە پێیان کرد، زینەکان و چەکەکەی لە ژێر دەوەنێکدا دانان. ئاونگ و شەونمێکی زۆر نیشتبووە سەر سەوزەگیاکان، و لە ژێر بریقەی شەونمەکەدا، چریسلە چریسك دەدرەوشانەوە. بەڵام گیای قەد پاڵی دۆڵەکە، کە هێشتا، نیمچە تاریکی بەرەبەیان بەری نەدابوو، گیایەکان، شین دەچوونەوە. مێش هەنگی نارنجی بە سەر گوڵە نیمچە پشکوتووەکانەوە، وە نەوزیان دەدا. کە ڕەواڵە بە ئاسمانی دەشتەکەوە، ئاوازیان دەخوێندو، هەوێردان لە نێو جارە گەنم و سەوزەزاری ڕەنگاو ڕەنگ و بۆنخۆشی دەشتەکەدا، بەردەوام

هاواریـان دەکـرد: ((کـاتی خـەوە! کـاتی خـەوە!)) بـانگی زوڵاڵـی هـەوێردان و چـریکەی لای لایـە ئاسای کەڕەواڵان و ئەو بایە گەرمەی کە لە زیخەڵانەکانی ئەو بەری ڕووبارەکەوە دەهات و شەو نەیتوانی بوو فێنکی بکاتەوە، بانگەوازی خەویان بە گوێی هەموو شتێکدا دەدا. خەڵکی چی دەکەن با بیکەن، بە دڵی خۆیان، بەڵام ئێستا بۆ گریگۆری کە چەندین شەو بوو، نەخەوتبوو، کاتی خەو بوو. کە بێخەوی لە پەلوپۆی خستبوو، بە گوێی هەوێردەکانی کرد و چاوی لێکنا و خەوی لێکەوت. ئەکسینیا بە دیاریەوە دانیشتبوو، مات و بێدەنگ، بە لێوەکانی، پەڕەی وەنەوشەیی گوڵێکی، کە بۆنی هەنگوینی دەدا، هەڵدەپروقاند. بە لاسکی گوڵەکە، گۆنا ڕیشنەکانی گریگۆری ختووکە داو بە ئەسپایی پرسی:

– گریشا، کەس لێرە غەفڵگیرمان ناکات؟

گریگۆری، بە زەحمەت لە خەو ڕابوو، بە دەنگێکی نووسا و گوتی:

– کەس لە دەرو دەشتەکەدا نیە. ئەم کاتانە چۆڵ و هۆڵە، کەس بە دەشتەوە نیە. کسیوشا، من دەخەوم، ئاگات لە ئەسپەکان بێ. پاشان تۆ بخەوە... خەوێکی وا دایگرتووم هەر مەپرسە. با تۆزێ بخەوم... چوار شەوو ڕۆژە... پاشان بۆتی باس دەکەم...

– بنوو ئازیزەکەم بنوو، خەوێکی خۆش!

ئەکسینیا، بەسەر گریگۆری دا دانەوییەوە، بە ئەسپایی، چەپکە قژەکەی سەر هەنیەی لادا و بە نەرمی لێوی نا بە گۆنایەوە و لە بەرخۆوە گوتی:

– گریشا گیان، ئازیزەکەم، ئەم هەموو داوە سپیە چیە کەوتوونەتە سەرت... یانی بەرەو پیری دەچیت؟ خۆ ماوەیەك لەمە پێش کوڕیژگە بووی...

بە دەم بزەیەکی ناسك و غەمگینەوە، چاوی بڕییە دەموچاوی گریگۆری. گریگۆری، بەدەم خەوەوە، بە ئاستەم دەمی کردبووەوە و هەناسەیەکی خۆش و نەرمی دەدا. برژانگە ڕەشەکانی، کە هەتاو سەرەکانی سوتاند بوون، بە سووکی دەلەرزین، لێوی سەرەوەی دەجوڵا و ددانە سفت و سپیەکانی دەردەکەوتن. ئەکسینیا بە دیقەتێکی زیاترەوە لێی ڕوانی، تەنیا ئەو کاتە بۆی دەرکەوت، کە لە ماوەی ئەم چەند مانگە جودابیەی دواییاندا، چەند گۆڕاوە. چرچ و لۆچی قووڵی نێوان برۆکانی دڵدارەکەی، چرچ و لۆچی دەوری دەمی، ئیسقانە تیژەکانی گۆنای. جۆرە تووڕەیی و دڵڕەقیەکی سەیریان بە سیمایەوە دەنواند... ئەکسینیا بۆ یەکەمجار بیری لەوە کردەوە، کە دەبێ لە شەڕا، کاتێ بە شمشێری ڕووتەوە، بە سواری ئەسپەوە پەلاماری دژمن دەدات، یەجگار بە سام و ترسناك بێ. ئەکسینیا سەری داخست و نیگایەکی خێرای دەستە زل و زەبرەکانی کردو، بە بێهیچ هۆیەکی ئاشکرا، ئاهێکی هەڵکێشا. ئەکسینیا، دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، هەستاو، لە کاتێکا داوێنی تەنوورەکەی هەڵدەکرد، تا ئاونگی سەر گیاکان تەڕی نەکات، لە پانتاییە ڕووتەنەکە وەدەرکەوت. لەو نزیکانەوە. جۆگایەکی چکۆڵە، بە خوڕە خوڕ بەسەر تاوێرو زیخ و چەواندا دەهاتە خوارێ. ئەکسینیا خۆی گەیاندە سەرچاوەی جۆگاکە، کە تاوێرن تەخت و هەمواری سەر بە قرێژە بەرد (قرێژە بەرد: خەنەتیلکە) دەوریان دابوو. دانەوییەوە، تێر ئاوی ساردی خواردەوە، دەست و چاوی شۆرد، لەچکەکەی داکەند و دەموچاوە

سوور هەڵگەڕاوەکەی پێ وشك کردەوە. بە درێژایی ئەم ماوەیە بزەیەکی ئارام بە سەر لێویەوە بووو چاوانی بە شادی دەدرەوشانەوە. دیسان ئەوەتا، وا لە گەڵ گریگۆریدا! جارێکی دی ئایندەی نادیار، دیمەنی شادیەکی ئەفسانەیی پێنیشان دەدا. مەگەر خوا بزانێ، ئەکسینیا لە شەوانی بێخەویدا چەند گریابوو، چەندی ڕۆندك باراندبوو! لەم چەند مانگەی دواییدا، چەند بەدەم داخو کەسەرانەوە تلابووەوە! هەر دوێنێ بوو، کاتێ کە ژنانی دەرو دراوسێ، لە کێڵگەدا بژاری کەردیو گۆلە پەتاتەیان دەکردو، بەدەم کارکردنەوە ئەم گۆرانیە کۆنە خەمناکەیان دەگوت، ئەم بە دەم گوێگرتنەوە، کسپە لە دڵیەوە هەڵدەستا:

قازە، کەوەییەکانم، بۆ ماڵ بگەڕێنەوە،

مەگەر کاتی مەلەی ئێوە نیە؟

مەگەر کاتی مەلەی ئێوە نیە،

منی، ژنی تەنیا و بێ نەوا

کاتی گریانم

بەسەر چوو...

ئەکسینیا، خۆی پێنەگیراو ڕوندك لە چاوانیەوە فوارەی کرد! ویستبووی، خۆی بە کارەوە خەریك بکاتو ئەو نیگەرانیەی کە لە دڵیا کەڵەکە بوو بوو، خەفە بکات، بەڵام فرمێسك زاییە چاوانیو تنۆك تنۆك، دەڕژایە سەر گەڵای سەوزی پەتاتەکانو دەستە بێهێزەکانی، لەبەر فرمێسك هیچی نەدەبینیو دەستی نەدەچووە کار. بێڵەقانەکەی (پیشکان) فڕێدایە سەر ئەرزەکەو دەموچاوی لە ناو هەردوو دەستی ناو بە کامی دڵ گریا...

دوێنێ، نەفرەتی لە ژیانی خۆی دەکرد، هەموو شتێکی دەورو بەری، وەکو ڕۆژێکی هەورین، لێڵو تاریكو خەمناك دەینواند، بەڵام ئەمڕۆکە سەرانسەری دنیا لە چاوی ئەوا، وەکو زەوییەکی پاراوی پاش بارانێکی زۆر، شادو تابان دەینواند. بەدەم تەمەشاکردنی گەڵای داڵبڕی داربەڕوانەوە، کە لە بەر تیشکی لاری هەتاوی تازە هەڵاتوودا، دەبریسکایەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: ((ئێمەش، لەم ژیانەدا شوێنێك بۆ خۆ دەدۆزینەوە!))

لە نزیکی بێشەو دەوەنە چاڕەکەدا، لە شوێنێکی هەتاوگردا، گوڵێن هەمە جۆرو بۆنخۆش ڕوابوون. ئەکسینیا، چەپکێکی گەورەی چنیو بە پارێزەوەو کەمێك دوور لە گریگۆری دانیشتو بە یادی ڕۆژانی جەوانی تاجە گوڵینەیەکی زۆر جوانو ناسکی دروستکرد. ماوەیەکی زۆر بە چاوی ستایشەوە ڕوانیە تاجە گوڵینەکە، پاشان چەند گوڵە نەستەرەنێکی کاڵی تێئاخنیو لەلای سەری گریگۆرییەوە داینا.

نزیکی سەعات نۆ، کوڕژنی یەکێك لە ئەسپەکان گریگۆری بێدارکردەوە، بە پەلە ڕاپەڕیو یەکسەر دەستی دایە چەکەکەی، ئەکسینیا بە نەرمی گوتی:

– کەس نیە. لەچی ترسایت؟

گریگۆری، چاوانی هەڵگڵۆفتو بەدەم زەردەخەنەیەکی خەواڵووەوە، گوتی:

– فێری ئەوە بووم وەکو کەروێشك بژیم. پیاو بە چاوێ دەخەوێ و بە چاوێ بێدارەو بە هەر دەنگێك ڕادەچڵەکێ... وەختێکی زۆری دەوێ تا ئەم عادەتە تەرك بکەم کچەکە گیان. زۆر نوستم؟
– نا، لەوە دەچێ تێر خەو نەبووبی؟
– پێویستە چەندین ڕۆژی تەواو بخەوم، ئەوسا دێمەوە تایم، ئەرێ تیشتەکەمان نەخۆین! نان و چەقۆ لە هەگبەی تەرکی زینەکەدا هەیە دەری بێنە، تا من دەچم ئەسپەکان ئاو دەدەم.
ئەوسا، لە جێی خۆی هەستا، پاڵتۆکەی داکەند، کێشمانێکی خۆی دا. هەتاو گەرم بوو. با، پەلك و گەڵای درەختەکانی دەهەژاند و خشە خشی گەڵاکان، خوڕە خوڕی هێواشی ئاوی جۆگاکەی وەژێرەوە دەکرد.
گریگۆری چوو بۆ قەراخی جۆگاکە، بە بەردو چەند لقە دارێکی شکاو بەر بەستێکی چکۆلەی دروست کرد، بە شمشێرەکەی هەندێ گڵی هەڵکەند و بەینی بەردەکانی پێ ئاخنی، دوای ئەوەی ئاوەکە لە بەردەم بەر بەستەکەدا، پەنگایەوە و بەرز بووەوە، گریگۆری ئەسپەکانی هێنایە سەر ئاوەکە و ئاوی دان، ئەوسا سەر کەللەکەی لێداماڵێن و بەرەڵڵای کردنەوە تا بلەوەڕێن.
ئەکسینیا بەدەم تێشت خواردنەوە پرسی:
– دوای ئێرە بۆ کوێ دەڕۆین؟
– دەڕۆین بۆ موروزوفسکایا. تا پلاتوف بە سواری ئەسپان دەڕۆین و لەوێ بە دواوە، بە پێیان دەڕۆین.
– ئەدی ئەسپەکان چ لێدەکەی؟
– لە شوێنێکا بە جێیان دێڵین.
– حەیفە، گریشا! ئەسپی چاکن. بە تایبەتی ئەسپە شێ، بەشەر لە تەمەشاکردنی تێر نابێت. یانی بە ڕاستی دەبێ بەرەڵڵایان بکەین؟ لە کوێت کڕی؟
– کڕین...
گریگۆری بزەیەکی خەمناکی بۆ کرد و لە سەری ڕۆیی:
– بە تۆبزی لە کابرایەکی ئۆکرانیم سەند.
دوای بێدەنگیەکی کەم لە سەری ڕۆیی:
– حەیف بێ یان حەیف نەبێ، دەبێ بەرەڵڵایان بکەین و بڕۆین... خۆ دەڵاڵی ئەسپان نین.
– ئەدی، چەکەکەت بۆ دێنی؟ بە کەڵکی چیمان دێت؟ ئەگەر خوا نەکەران کەسێك بیبینێ، ڕەنگە سەر یەشەمان بۆ دروست بکات.
– کێ بە شەو دەمانبینێ؟ من بۆ تەنگانەم هەڵگرتووە. بە بێ چەك، هەست بە نیگەرانی و ناڕەحەتی دەکەم... کاتێ کە ئەسپەکانمان بەرەڵڵا کرد، تفەنگەکەش تووڕ دەدەم، ئەو کاتە پێویستمان پێی نا بێت.
دوای نانخواردن، لە سەر پاڵتۆ ئەستوورەکەی، کە لە ئەرزەکەدا ڕایان خستبوو، ڕاکشان. گریگۆری بێهودە هەوڵیدەدا خەو لە خۆی بتارێنێ. ئەکسینیاش، خۆی دابووە سەر ئانیشکان و باسی ژیانی خۆی و ئەو دەردو ڕەنجەی بۆ دەگێڕایەوە کە لە غیابی ئەوداو لەم چەند مانگەی

داوییدا، کێشابووی. گریگۆری خەواڵوو بە دەم وەنەوزەوە، گوێی لە دەنگە هێمن و یەکنەواکەی دەبووو هەرچی دەکرد نەیدەتوانی چاوە خەواڵووە قورسەکانی بکاتەوە. دەنگی ئەکسینیا بەرە بەرە دوور دەکەوتەوە، هێواش دەبووەوە و لە ناکاوا بە یەکجارەکی دەبڕا. هەنگێ ڕادەچەڵکی و بێدار دەبووەوە و دوای چەند دەقیقەیەك، دیسان چاوی دەنوقاندەوە، لەوە ماندوو تر بوو کە خۆی لەبەر خەو بگرێت.

– ... منداڵەکان زۆریان بیر دەکریت، دەیانپرسی: ((بابە لە کوییە؟)) من بە هەموو شتێکیاندا ڕادەگەییم، زۆر لە جاران پتر نازم دەکێشان. ئیدی تەواو هۆگری من بوون، خوویان پێوەگرتم، کەمتر دەچوون بۆ لای دونیاشکا. پولیوشکا، زۆر ئارام و کوێڕایەڵە. بە پەڕۆ وپارچە بووکەڵەم بۆ دروستکرد، دەچووە ژێر مێزەکە و گەمەی بە بووکەڵەکانی دەکرد. بەڵام ڕۆژێك میشاتکا بە هەڵەداوان (لەز، پەلە) لە کۆڵان هاتەوە، ئازای ئەنامی دەلەرزی. لێم پرسی: ((چیتە؟)) دەستی بە گریان کرد، ئەمما چ گریانێکی بە کوڵ!: ((منداڵەکان گەمەم لەگەڵ ناکەن، لە سەرم ناکەن. دەڵێن باوکت ڕێگرو چەتەیە. دایکە، ڕاستە کە بابە ڕێگرە؟ ڕێگران چۆن بە شەرێکن؟)) پێمگوت: ((باوکت، هیچ ڕێگر نییە. نەخێر، تەنیا پیاوێکی بەد شانسە.)) هەنگێ لە پرسیاری گرتم: ((بۆچی بەد شانسە، بەد شانس مانای چییە؟" هەرچیم دەکرد نەمدەتوانی بۆی شرۆڤە بکەم... گریشا ئەوان، لە خۆیانەوە، بێئەوەی کەس پێیان بڵێ، بە دایکە با نگیان دەکردم. وانەزانی من فێرم کردبن، ها! (میخائیل)ش لەگەڵیاندا باش بوو، زۆر دڵۆڤان و میهرەبان بوو لە گەڵیاند. بەڵام قسەی لە گەڵ مندا نەدەکرد، ڕووی لێوەر دەگێڕام، یا بە بێدەنگی بەلامدا تێدەپەڕی. کەچی وێڕای ئەوەش من دووجار لە ڤیشنسکایاوە شەکرم بۆ هێنان.

بەڵام پروخور، زۆرت بە خەمەوەبوو، هەمیشە دەیگوت: ((چۆن ئەو پیاوە باشەمان لە دەست چوو!)) هەفتەی پێشوو هات، ئەوەندەی باسکردیت، تا گریان ئەوکی گۆت و فرمێسکان خۆڕ خۆڕ بە چاویا هاتنە خوارێ... هاتن، ماڵەکەی منیان پشکنی، لە چەك دەگەڕان، ژێر شێروانیەکە، ژێر زەمینەکە و هەموو شوێنێکیان سەنگ و سوژن دا...

گریگۆری، بەر لەوەی تا کۆتایی گوێ لە قسەکانی بگرێت، خەوی لێکەوت. لق و پەلکی نەمامێکی نارون، بە ئەسپایی بە دیار سەریەوە، بە دەم خشەخشێکی سووکەوە، دەشنایەوە. تیرۆژی زەرد باوی ڕوناکی. لە بەینی لق و گەڵاکانەوە، بە سەر دەموچاویا دادەخزی. ئەکسینیا ماچێکی دوورو درێژی چاوە نوقاوەکانی کردو ئەوسا خۆیشی خەوی لێکەوت. سەری نابووە سەر باسکی گریگۆری و بە دەم خەوەوە بزەیەك نیشتبووە سەر لێوەکانی.

***

شەو، درەنگانێك، دوای ئەوەی مانگ ئاوابوو، (سوخوی لوگو) یان بە جێهێشت. دوای دوو سەعاتان، بە گردێکا، کە دەیڕوانیە سەر ڕوباری چیر، داگەڕان. هەوێردان لە میرگوزارانا بە دەنگی بەرز دەیانخوێند و یەکیان بانگدەکرد. قوڕباقان، لە نێو زۆنگاوەکانەوە دەیانقیراند. لە دووری دوورەوە، شینە شاوەیەك، بە خەمینی و بە دەنگێکی گڕ دەی ناڵاند.

بـە درێـژایی کـەناری ڕووبارەکـە هـەر بـاخ و بێسـتان بـووو لـە نێـو چـڕە تەمەکـەوە، وەکـو دیـوار دەینواند.

گریگۆری، کەمێك دوور لە پردێکی چکۆڵە، وەستا. خامۆشی نیوەشەو باڵی بەسەر گوندەکەدا کێشابوو. گریگۆری ئەسپەکەی خۆی بەر مامێزان داو ڕێگایەکەی گۆڕی. نەیدەویست بە سەر پردەکـەدا بپەڕێتـەوە. لـەم بێدەنگیـە دەترسـا. لـەو پـەڕی گوندەکـەوە، بوارێکیـان دۆزییـەوەو پەڕینـەوە. تـازە خۆیـان بـە کـۆڵانێکی تەنگەبـەردا کردبـوو، کـە زەلامێـك لـە خەندەکێکـەوە سـەری دەرهێناو، ئەوسا سێ زەلامی دی بە دوایدا:

– بوەستە! زەلام کێی؟

گریگـۆری، بـە جـۆرێ، ڕاچـڵەکی، وەك ئـەوەی جەزرەبەیـەکی پێکـەوتبێ. جڵـەوی ئەسـپەکەی ڕاکێشا. بەڵام زوو وەخۆ هاتەوەو بە دەنگێکی بەرز وەڵامی دایەوە:

– ئاشناین!

خێرا سەری ئەسپەکەی بادایەوەو توانی بە چپە بە ئەکسینیا بڵێ: ((بەرەودوا، دووم بکەوە!))

ئەم چوار نەفەرە، ئێشکگری یەکەیەکی ماموری کۆکردنەوەی دانەوێڵە بوون، کە شەوێ لەو گوندە لایان دابوو. چوار نەفەرەکە، بە شێنەیی و بە بێدەنگی بەرەو لای ئەمان دەهاتن. یەکێکیان وەستا، جگەرەیەکی دەرهێناو شقارتەیەکی پێکرد. گریگۆری، تاتوانی قامچییەکی بە ئەسپەکەی ئەکسینیادا، کێشاو ئەسپەکە گوڕی بەستەوەو بە چوار ناڵە بۆی دەرچوو. گریگۆریش خۆی بە سـەرگەردنی ئەسـپەکەی خۆیـدا دانەوانـدبووەوەو لـە دوای ئـەوەوە بـە تـاو دەهـات. دوای ئـەوە بێدەنگییـەکی سـامناك، بـۆ چـەند چـرکەیەك بـاڵی بەسـەر دنیـادا کێشـا. سـەرەنجام دەنگـی دەسـتڕێژێکی پچڕ پچڕ، عـەینی هـەورە تریشـقە بـەرز بـووەوە. چـەخماخەی گوللـە، بڵاچـەی داو تاریکیەکەی شەق کرد. گوێی گریگۆری بە گیزو هۆڕی فیشەك و دەنگی کابرایەك زرینگایەوە کە دەیگوت:

– دەست بدەنە تفەنگ!

کە دوو سەد مەترێك لە ڕووبارەکە دوورکەوتنەوە، گریگۆری خۆی گەیاندە ئەسپە شێ و هاواری کرد:

– کسیوشا، خۆت دانەوێنە! زیاترا..

ئەکسـینیا، جڵـەوی ئەسـپەکەی ڕاکێشـا، بـە پشـتا خواربـووەوە، خـەریك بـوو بـەلادا بکـەوێت، گریگۆری فریای کەوت و گرتیەوە، دەنا، بە مسۆگەری کەوتبوو.

گریگۆری بەدەنگێکی نووسا و گوتی:

– بریندار بووی؟ کوێت پێکراوە؟ قسە بکە!...

ئەکسـینیا قسـەی نـەدەکرد، زیـاتر خـۆی بـە سـەر باسـکی ئـەودا دا. گریگـۆری بـە هانکـە هانـك، بێئەوەی بێڵی، ئەسپەکان لە تاودان خاو ببنەوە، زیاتر بە خۆوەی گوشی و بە چپە گوتی:

– بیکە بە خاتری خوا، قسەیەك بکە، تەنیا یەك قسە! چیتە؟

بەڵام نە وشەیەك، نەناڵەیەك، لە زاری ئەكسینیاوە دەرنەهات. گریگۆری لە دوو فرسەخی دەرێی گوندەكەدا، لە ناكاوا، لە ڕێگاكە لایدا، خۆی بە دۆڵێكا كرد، دابەزی، باوەشی بە ئەكسینیادا كردو بە ئەسپایی لە ئەرزەكەی دانا.

بلوزە ئەستووروو گەرمەكەی لەبەر داكەند، فانیلە تەنك‌و كراسە چیتەكەی، لە سەر سنگییەوە دادڕی، بە لەپە كوتێ كەوتە تاقیبی شوێن زامەكە. گوللەكە بەر دەفەی شانی چەپی كەوتبوو، چوو بووە ژوورەوەو لە ژێر كەڵەمەی چەپییەوە دەرهاتبوو. گریگۆری بە دەستانی لەرزۆك‌و خوێناوییەوە، كراسێكی خاوێنی تازە شۆراوو بەستەی برین پێچییەكەی خۆی، لە خورجینی زینەكە دەرهێنا. ئەكسینیای بەرز كردەوەو پشتی ئەوی نا بە ئەژنۆی خۆیەوەو هەوڵیدا زامەكەی ببەستێ‌و، ئەو خوێنە ڕابگرێت كە لە ژێر كەڵەمەی چەپییەوە فیچقەی دەكرد. بەڵام كراسە دڕاوەكەی بەری‌و، سارغیەكەی دەستی ئەم یەكسەر لە خوێنا هەڵكشان. تەنانەت خوێن لە دەمە نیمچە كراوەكەشیەوە فیچقەی دەكردو هەڵدەقوڵاو، لە گەرویدا قوڵپە قوڵپی دەكرد. گریگۆری، كە ترس چوار پەلی شكاندبوو، یەكسەر پەی بەوە برد، كە ئەوەی لێی دەترسا، ڕووی داوەو تەواو...

ئەكسینیای بە باوەش هەڵگرت، بە پارێزەوە، بە قەد پاڵێكی ڕكدا، داگەڕاو بە كوێرە ڕێگایەكدا، بە ناو سەزە گیادا، كە لە ژێر پێیاندا خەوتبووو پشقلی پەزانی پێوە دیار بوو، بۆ قولایی دۆڵێك پەل بووەوە. سەری ئەكسینیا بەسەر شانی گریگۆریدا شۆڕ بوو بووەوە. گریگۆری گوێی لە هەناسەی بچڕ بچڕو فیكە ئاسای ئەكسینیا بووو هەستی دەكرد خوێنێكی گەرم، لە دەمیەوە دەردەچێت‌و بەسەر سینگ‌و بەرۆكی ئەمدا دەڕژێ. ئەسپەكانیش بە دووی ئەمدا، هاتنە ناو دۆڵەكەوەو بەدەم پرمە پرمەوە، بە دەم زرەی زنجیری ڕەشمەكانیەوە، بەناو گیای ناسك‌و تازە كەوتن‌و كەوتنە لەوەڕین.

ئەكسینیا، بێئەوەی وەهۆش بێتەوە، كەمێك پێش سپێدە بە باوەشی گریگۆرییەوە گیانی سپارد. گریگۆری، بە ئەسپایی لێوە ساردو خوێناوی‌و سوێرەكانی ئەكسینیای بە خامۆشی ڕامووسی‌و بە پارێزەوە لە سەر سەوزە گیایەكەی دانا‌و لە جێی خۆی هەستا. هەستی كرد هێزێكی نادیار، كێشای بە سەر سینگیا‌و ئەمیش چەند هەنگاوێك پاشەو پاش ڕۆیی‌و بە پشتاكەوت. بەڵام زوو بە زوو، بە ترسەوە هەستایەوە. بەڵام جارێكی دی بەربووەوەو سەرە كۆتەكەی كەوت بە كەڤرێك دا (بەرد، تاوێر) و ژان چووە دڵیەوە. پاشان، بێئەوەی لە سەر چۆكان هەستێتەوە، شمشێرەكەی لە كێلان دەرهێناو كەوتە گۆڕ هەڵكەندن. ئەرزەكە شێدارو نەرم بوو. گریگۆری زۆر بە پەلە كاری دەكرد، بەڵام زوو هەناسەی تەنگ دەبوو. بۆ ئەوەی بە ئاسانی هەناسە بدات، دوگمەی یەخەی كراسەكەی كردەوە. هەوای فێنكی بەرەبەیان سینگە ئارەقاویەكەی فێنك كردەوە، ئیدی كەمێك بوژایەوەو ڕەحەتتر كەوتە كاركردن. گریگۆری بە چنگ، گڵەكەی لە كڵاوەكەی خۆی دەكردو لە چاڵەكەی دەردەدا، بۆ یەك دەقیقەش نە دەوەستا. بەم حاڵەشەوە، ماوەیەكی زۆری پێچوو، تا چاڵەكەی تا ناو قەدی خۆی قووڵ كرد.

گریگۆری، ئەکسینیای، لەبەر ڕۆشنایی تابانی بەیانیدا خستە ناو گۆڕەکەوە، دەست و باسکە ئەسمەرەکانی، کە ئێستا سپیەتی مەرگیان لێنیشتبوو، بە ڕێکی نانە سەر سینگی، دەموچاوی بە لەچکەکەی داپۆشی تا خۆڵ نە چێتە چاوە نیمچە کراوەکانییەوە کە بڕی بوونیە ئاسمان و تیشکێکی وەکو تیشکی شووشەیان لێبەرز دەبووەوە. گریگۆری مالاوایی لێکردو، لە دڵی خۆیدا، ئەرخایەن بوو کە ئەم جودابییەیان درێژا ناکێشێت.

گریگۆری، بە دەستی خۆی و زۆر بە وردی خاکە زەرد و نمسارەکەی سەر گۆڕەکەی، ڕێکخست و کوتایەوە، ماوەیەکی زۆر، بە دەم سەرە لەقێوە، بەدیارییەوە چۆکی دادا. ئێستا، پێویستی بەوە نەدەکرد پەلە بکات. هەموو شتێك کۆتایی هاتبوو.

لەو کاتەدا کە تەم و مژێکی خەست بەدەم بایەکی وشکەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهات، هەتاوەکە لە سەر دۆڵەکەوە سەری دەرهێنا. قژە بۆزەکەی گریگۆری، لە بەر تیشکی خۆرەکەدا وەکو زیو دەدرەوشایەوە و تیشکی خۆرەکە بە سەر دەموچاوە حەپەساو و خەمبارو بێ جوڵەکەیدا دادەخزی. ئەنجام وەکو یەکێك لە خەوێکی قورس و ناخۆش ڕابێ، بەو ئاوایە ڕاپەڕی، سەری هەڵبڕی، ئاسمانی بەرین و، گۆی هەتاو، کە بە تیشکی خۆی چاوی دەخستە ڕێشکەوپێشکە، هەر هەمووی لەبەر چاوی ئەو، ڕەشی دەنواند.

((١٨))

لە هەوەڵی بەهاردا، کاتێ کە بەفر دەتوێتەوە، ئەو گیاو ڕوەکانەی کە بە درێژایی زستان لە ژێر بەفرا بوون، دەست بە وشك بوونەوە دەکەن، ئیدی ئاگر لە دەشتەکەدا، دەکەوێتەوە. ئیدی ئاگر، بەدەم باوە، وەکو لافاو دەڕوات و گیای وشك، تامەزرۆیانە هەڵدەلووشێت، بە سەر پنچە وشترالوکاندا دەدات، بە دڕك و داڵی کەند و دۆڵەکاندا تەشەنە دەکات، بە پەناو پەسێراندا بڵاو دەبێتەوە. ئەو بۆسۆیەی لە زەوی سوتماك و شەقار شەقارەوە هەڵدەستێ تا ماوەیەکی زۆر، بە ئاسمانی دەشتەکەوە دەمێنێتەوە. ئیدی لەم بەینەدا، گیای تازە لێرەو لەوێ چەکەرە دەکات و سەوز دەبێت. کەڕەواڵەی دنیا، بە دەم فرێنەوە، بە ئاسمانی شینەوە، دەخوێنن. قورینگانی کۆچەری بەردەبنە خواردنی سەوزە گیای تازە، مێشەسی و چێرگان، شوێنی باش دەدۆزنەوە و هێلانەی تیادەکەن تا هاوینی تیا بە سەر ببەن. بەڵام ئەو شوێنانەی کە ئاگر گرتوونیەتیەوە، زەویەکە سووتاوە و بووە بە قەرەبرووت، لە دوورەوە ڕەش دەچێتەوە. نە تەیروتوو هێلانەی تیادەکەن، نە ئاژەڵ وحەیوانات، ڕووی تێدەکەن، تەنیا با بە باڵی تیژی خۆی بە سەریا تێدەپەڕێ و خۆڵەمێشی کەوەیی و گەردوتۆزی قاوەیی دەڤەرەکە دەگەڵ خۆیدا بۆ شوێنانی دوور، دەبات و بە سەرانسەری دەشتە پان و بەرینەکەدا بڵاوی دەکاتەوە.

ژیانی گریگۆری، ئێستا وەکو دەشتی سوتماك یەك پارچە ڕەش بووبوو. ئەوەی ئەو دڵی پێ خۆش بووو، لەدڵیا شیرین و ئازیزبوو، پاکی لە دەست دابوو. مەرگی بێ ڕەحم، کەسی بەدەورەوە نەهێشتبووو، هەموو شتێکی لێ وێران کردبوو. تەنیا دوو منداڵەکەی مابوونەوە.

بەڵام هێشتا، دەستی لە ژیان نەدەبووەوە، وەکو ئەوەی ئەم ژیانە شێواوو وێرانەی، چ بۆ خۆیو چ بۆ خەڵکی دی، بایەخێکی هەبێت...

گریگۆری دوای ئەوەی ئەکسینیای بەخاك سپارد، سێ دانە ڕۆژ، وێڵو سەرگەردان بەو دەشتەدا سوڕایەوە. بەڵام نەڕۆییشتەوە بۆ گوندەکەی خۆیو نە بۆ ڤیشنسکایا تا خۆی تەسلیم بکاتەوە. ڕۆژی چوارەم، ئەسپەکانی لە گوندێکی سەر بەستانی ئوست خوپەرسکایا بەڕەڵڵا کردن، لە ئاوی دۆن پەڕییەوەو بەپێیان خۆی گەیاندە جەنگەڵی سلاشچوفسکایا. هەمان ئەو جەنگەڵەی کە لە مانگی نیسانی ڕابردوودا، دارو دەستەکەی فومین، لەوێ، یەکەمین جەزرەبەی کەمەرشکێنیان خواردو تارومار بوون. گریگۆری، هەر ئەو کاتانە، لە نیسانی ڕابردوودا، بەر گوێی کەوتبوو کە هەندێ سەربازی فیرار لە خزمەتی عەسکەری، لەم جەنگەڵەدا، گیرسابوونەوە. جا چونکە، حەزی نەدەکرد بگەڕێتەوە بۆ ناو دارو دەستەکەی فومین، یەکسەر بەرەو لای ئەوان ڕۆیی.

چەند ڕۆژێك، وێڵو سەرگەردان، بە جەنگەڵە، بێ سەرو بنەکەدا سوڕایەوە. برسیەتی زۆری بۆ هێنابوو. بەڵام هەرچی دەکرد، زاتی نەدەکرد ڕووبکاتە ئاوەدانی. لەوساوە کە ئەکسینیا مردبوو، نەهۆش و گۆش و، نەدلاوەریو ئازایەتییەکەی جارانی نەمابوو. دەنگی شکانی لقە داریك، خشەخشی دارو درەختی جەنگەڵە چڕەدار ستانکە، هاواری قژاوکەیەك، کەمترین، سرتە، ڕای دەچڵەکاندو قوشقی دەکرد. خواردنی بریتی بوو لە شلیکی نەگەییوی کێوی، لە قارچەکە کێویلە و گەڵای بوندق. زۆر لاواز بوو بوو. لە کۆتایی ڕۆژی پێنجەمدا، سەربازە فیرارەکان تووشی بوونو دەگەڵ خۆدا، بۆ کوختەکەی خۆیانیان برد.

تێکڕا حەوت نەفەربوون، هەموویان خەڵکی گوندەکانی ئەو دەورو بەرە بوون، کە لە پایزی پارەوە، لە کاتی سەربازگیرییە گشتیەکەدا، دابوویانە ئەو جەنگەڵە. ئەمانە لە کوختەیەکی گەورەدا، دەژیان، کە هەموو شتێکی تیابووو وەکو ئەوەی لە ماڵەوە بن، بەو ئاوایە دەژیانو تەقرییەن لە هیچیان کەم نەبوو. زۆرجار بە شەو دەچوونەوە بۆ ناو کەسوکاری خۆیانو نانو کولیچەو ساوارو هەرزنو ئاردو پەتاتەیان دەگەڵ خۆدا دێنا. بەڵام سەبارەت بە گوشت هیچ کێشەیەکیان نەبوو، لە گوندەکانیان دەدزی، هەر جارەی بەرخێکیان، لە یەکێك لە گوندە بێگانەکان دەدزی.

یەکێك لە فیرارەکان، کە کاتی خۆی لە کەتیبەی دوازدەی قوزاقاندا خزمەتی کردبوو، گریگۆری ناسییەوە، بۆیە بێهیچ چەندو چونێك، بردیانە لای خۆیانو جێیان کردەوە.

***

گریگۆری ژمارەی رۆژانی لێتێك چووبوو. ڕۆژی زۆر بە زەحمەتو بە ناخۆشی لێدەڕۆیی. ئیدی چاك یا خراپ، هەر چۆنێ بوو، تا مانگی ئوکتۆبەری لە جەنگەڵەکەدا بە سەر برد، لێ کاتێ بارانی پایزەو پاشان سەرماو سۆڵە دەستی پێکرد، لە ناکاوا، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، دڵی بۆ منداڵەکانی، بۆ گوندو زێدەکەی، تەنگ بوو...

جا بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەك بووە كاتەكەی بە سەر بەرێ ڕۆژ تا ئێوارە لەسەر تەختەدارینەكەی خۆی دەدانیشت، كەوچك یان كاسەی لە دار دروستدەكرد. یا بەردی نەرمی دێناو، هونەرمەندانە پەیكەری چكۆڵەی بە شەران و ئاژەڵانی لێدەتاشین. هەوڵیدەدا بیر لە هیچ شتێك نەكاتەوە و دەرگای دڵی خۆی لە هیچ خەیاڵ و نیگەرانیەكی ژاراوی نەكاتەوە. بە ڕۆژەوە ئەمەی پێدەكرا، بەڵام لە شەوانی دوورو درێژی زستاندا، یادو بیرەورێن خەمناك سەریان تێدەژەند، لە ناو جێگاكەیدا گینگڵی دەداو نەیدەتوانی بخەوێ. بە ڕۆژەوە، یەك كەسێك لەوانەی كە دەگەڵیاندابوو، تاقە وشەیەكی گلەیی ئامێزیان لێنەدەبیست. بەڵام شەوان، زۆرجار، لە ناكاوا، لە خەو ڕادەپەڕی، ئازای دەلەرزی و بەدەم لەرزینەوە دەستی بە سەروچاوی خۆدا دێنا: سەیری دەكرد، گۆناكانی و ڕدێنە درێژو چرەكەی كە شەش هەیڤان بوو نەیتاشی بوو، لە فرمێسكدا تەڕی تەڕبوون.

گریگۆری زۆرجار خەوی بە منداڵەكانیەوە، بە ئەكسینیاوە، بە دایكی خۆیەوەو، بە هەموو ئەو ئازیزانەوە كە لە دەستی دابوون، دەبینی. هەموو ژیانی لە ڕابرووودا كۆ بووبووەوە. ئەم ڕابردووەش لە بەر چاویا، وەكو خەوێكی كورتی دەردناك بوو. زۆرجار لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

– خۆزگە، یەك جاری دی دەچوومەوە گوندەكەی زاگەی خۆم و چاوم بە دیداری منداڵەكانم ڕوون دەبووەوە و ئەوسا با بمردمایە! ڕۆژێك، كەمێك پێش بەهار. چوماكوف، لە ناكاوا لەوێ پەیدابوو. تا ناوقەدی تەڕ بوو. بەڵام وەكو جاران گورج و گۆڵ و چالاك بوو.

دوای ئەوەی جلەكانی لەبەر سۆپاكە وشك كردەوە و خۆی گەرم كردەوە، هات، لەلای گریگۆرییەوە و لە سەر تەختە دارینەكە دانیشت.

– میلیخوف، لەو شەوەوە كە تۆ لێمان جیابوویتەوە، زۆر شوێنان چووین! گەیینە هەشتەرخان و لەوێوە چووین بۆ دەشتی كالموكان... ئیدی دنیا گەڕاین! مەگەر خوا بزانێ، چەندمان خوێن ڕشت و چەندمان كوشت! سوورەكان، ژنەكەی یاكوف پفیموچیان بە بارمتە گرت و دەستیان بەسەر دارو نەداریا گرت. ئیدی كابرا بە جارێ شێت و هار بوو، فەرمانی داینێ، هەر كەسێك كار بۆ حكومەتی سوڤیاتی دەكات، بە شمشێر داییاچین و بیكوژین. ئێمەش دەستمان دایە شمشێرو شەلم كوێرم، كەس ناوبوێرم، هەر كەسێكمان بەر دەست دەكەوت، بێ سێ و دوو دەمانكوشت: مامۆستا، كارمەندی تەندروستی، ئەندازیاری كشتوكاڵی... جا كێمان نەكوشت!...

چوماكوف هەناسەیەكی هەڵكێشا، هێشتا لە سەرما هەڵدەلەرزی، لە سەری ڕۆیی:

– بەڵام ئێستا تەواو لێبووینەوە، پاكیان كردینەوە، لە تیشانسكایادا دوا گورزی كەمەرشكێن و كوشندەیان لێداین.. هەفتەیەك لەوەپێش، شەوێ لە سولومنی گەمارۆیان داین، لە سێ قۆڵەوە دەوریان گرتین، هیچ ڕێگایەكمان لەبەر نەما، تەنیا ڕێگای گردەكان نەبێ، گردی چی، بەفر دەگەییە ژێر سكی ئەسپەكان. لە گەڵ سپێدەدا بەر دەسترێژی ڕەشاشیان داین. ئیدی ئەوە سەرەتای كۆتاییمان بوو... بە ڕەشاش پاكۆیان داین. تەنیا دوو كەس ڕزگار بووین، من و كوڕە گەنجەكەی فومین. ئاخر فومین، لە پایزەوە داڤیدكای كوڕی بەگەڵ خۆی خستبوو. یاكوف یفیموفیچ بە خۆیشی كوژرا... بە بەرچاوی خۆمەوە مرد. یەكەمجار گوللەیەك بەر لاقی كەوت،

کەشکەژنۆی شکاند. گوللەی دووەم بەر سەری کەوت. سێ جار لە ئەسپەکەی بەر بووەوە. دەوەستاین و هەڵماندەگرتەوە و دەمانخستەوە سەر زینەکە. کەمێك بەسواری ئەسپەکە دەڕۆیی و دیسان دەکەوتەوە. گوللەی سێیەم، بەر لا قەبرغەی کەوت و بە جارێ وێرانی کرد... هەنگێ بە جێمان هێشت. نزیکەی دوو سەد مەترێك لەو لاترەوە، من ئاوڕێکی پاشەوەم دایەوە و سەیرم کرد لە ئەرزەکەدا کەوتووەو، دوو سوار بە شمشێرەوە کەوتوونەتە گیانی...

گریگۆری بەبێ موبالاتیەوە گوتی:

– ئیدی، هەر دەبوایە، وابکەوێتەوە. وەکو دەڵێن تاریکی مانگ سەر لە ئێوارە دیارە.

چوماکوف، ئەو شەوەی لە کوختەکەدا بەسەر برد. بەیانی زوو خوا حافیزی لە جماعەت کرد. گریگۆری لێی پرسی:

– بۆ کوێ دەڕۆیت؟

چوماکوف، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە بەرسڤی دایەوە:

– دەچم، ژیانێکی خۆشتر پەیدا دەکەم. لەوە دەچێ بتەوێ لەگەڵما بێی؟

– نا، بە تەنیا برۆ.

چوماکوف، بەدەم تەوسخەنێکەوە گوتی:

– هەق بە تۆیە. من ناتوانم لە گەڵ تۆدا هەڵبکەم... ئیشی تۆ کەندەکاری و کاسەو کەوچك دروستکردنە، ئەمەش بۆ من دەری ناهێنێ.

چوماکوف، کلاوەکەی داکەندو، کڕنۆشێکی بردو گوتی:

– سوپاس بۆ ئێوە ڕێگرانی ئاشتیخواز، سوپاس بۆ میواندریەکەتان، بۆ نان و نمەکتان، بۆ ئەوەی کە ئەمشەو جێتان کردمەوە. هیوادارم خوا ژیان و گوزەرانێکی خۆشتان پێببەخشێت، چونکە بە ڕاستی ژیانی ئێرەتان ناڕەحەتە. ئاخر لێرە دانیشتوون مێش دەخەسێنن، توخوا ئەمەش بۆ ژیان؟

دوای ڕۆییشتنی چوماکوف، یەك هەیڤی دیکەی لە جەنگەڵەکەدا بەسەر بردو پاشان ئەویش خۆی ئامادەکرد و کەوتە ڕێ.

یەکێك لە فیرارەکان پرسی:

– دەچیتەوە، بۆ ماڵی خۆت؟

گریگۆری، لەوەتای لەوێ بوو، بۆ یەکەمجار بزەیەکی کرد و گوتی:

– بەڵێ، ماڵی خۆم!

– هەقە تا بەهار چاوەنۆڕ بکەی، حکومەت بە بۆنەی یەکی ئایارەوە عەفوی گشتی دەدات و هەنگێ هەمووومان دەڕۆینەوە بۆ ناو کەسوکارمان.

گریگۆری گوتی:

– نا، ناتوانم چاوەڕوان بکەم.

وخوا حافیزی لێکردن.

بۆ سبەی بەیانی، گەییە کەناری دۆن، ڕێك بەرانبەر بە تاتارسکی. بە شادیو هەڵچوونێکی زۆرەوە، ڕاوەستاو کەوتە تەمەشاکردنی حەوشەو بانەکەی خۆی. ئەوسا تفەنگو خورجینەکەی خۆی لە شانی داگرت، پەڕۆ کۆنەو زمەو شووشەی زەیتی تفەنگەکەی لە خورجینەکە دەرهێنا، بێئەوەی بەخۆیشی بزانێ بۆ، دەستی بە ژماردنی فیشەکەکانی کرد: دوازدە خەشاب بوو لە گەڵ بیستو شەش فیشەکی بێ خەشابا.

سەهۆڵی قەراخ روبارەکە، لە کەنارەکە ترازا بوو. ئاوی ڕوبارەکە، کە سەوزێکی روونی دەنواند، بە شڵپو هۆڕ سەری بە قەراخ سەهۆڵبەندانەکەدا دەداو دەیشکاند. گریگۆری تفەنگەکەیو پاشان دەمانچەکەیو ئەوسا فیشەکەکانی تووڕدایە ئاوەکەوەو هەردوو دەستی خۆی بە داوێنی پاڵتۆ ئەستوورەکەی پاك سڕی.

لە خوار ئاواییەوە، بە سەر سەهۆڵبەندانی ئامال شینی مانگی ئازارا، کە لێرەو لەوێ، ئاو لێی دابوو و تەنك بوو بووەوە، پەڕییەوەو بە هەنگاوی هەڕاوەوە بەرەو ماڵەکەی خۆی نشێو بووەوە، لە دوورەوە، میشاتکای بەدی کرد، کە بە هەورازەکەدا بەرەو ڕوبارەکە، بۆ لای ئەسکەلەی سەر ڕوبارەکە، دادەگەڕا، زۆر بە زەحمەت جڵەوی خۆی گرت، دەنا پڕ بە دڵ حەزی دەکرد. بە غاردان بەرەو پیری بڕوات.

میشکاتکا، ئەو شووشە سۆڵانەی کە بە تاوێرێکەوە ئاوێزان بوون، دەشکاندو تەمەشای پارچە شینباوەکانی دەکردن کە چۆن بە قەد پاڵەکەدا خل دەبوونەوە.

گریگۆری، هەر ڕۆیی تاگەییە سەر هەورازەکە، لەوێندەرەوە بە هەناسە بڕکێوەو بە دەنگێکی نووساو کوڕەکەی خۆی گاز کرد:

– میشنکا!.... کوڕە چکۆلەکەم!....

میشاتکا، بە ترسەوە تەمەشای کرد، سەری داخست. بە مەزەندە پەی بەوە برد کە هەبێو نەبێ ئەم پیاوە ڕیشنە باوکیەتی.

هەر هەموو ئەو وشە ناسكو پڕ میهرانەی، کە گریگۆری شەوانە لە جەنگەڵەکەدا، کاتێ کە بیری منداڵەکانی دەکردەوەو لەبەر خۆیەوە دەیگوتنو دەیگوتنەوە، هەر هەمووی لە یادگەی تارانو تەرە بوون. کاتێ کە بە چۆکا هاتبوو و دەستە بچووکە ساردو پەمەییەکانی کوڕەکەی ماچ دەکرد، جگە لەم چەند وشەیەی کە بە ئەوکی پڕ گریانەوە دووبارەی دەکردنەوە، هیچ وشەیەکی دیکەی بۆ نەدەهات:

– کوڕە چکۆلەکەم... کوڕە چکۆلەکەم....

ئەنجام، گریگۆری کوڕەکەی لە هەمێز گرت، لە کاتێکا بەوپەڕی تامەزرۆیی، بە چاوانی وشكو سۆزانەوە، دەیڕوانیە دەموچاوی، پرسی:

– ئێ چۆنی؟ پوورت چۆنە، ئەدی پولیوشکا، هەموو ساغو سەلامەتن؟

میشاتکا، بێئەوەی بڕوانێتە بابی، بە ئارامی بەرسڤی دایەوە:

– پوورە دونیا باشە، بەڵام پولیوشکا، پایز مرد... تووشی وەناق بوو. هاپۆ میخائیل بووە بە عەسکەر...

ئەمە ئەو ساتە بچووك و ناچیزە بوو كە گریگۆری لە شەوانی بێخەویدا، بیری لێدەكردەوەو بۆی دەسووتا. ئەوەتا ئێستا وا لەبەر دەروازەی ماڵەكەی خۆیا، لە بەر زاگەو زێدەكەی خۆیا وەستاوەو كوڕەكەی بە باوەشەوەیە.

ئەمە هەر هەموو ئەو شتە بوو كە لە ژیانا بۆی مابووەوە، هەموو ئەو شتەی كە هێشتا ئەوی بەزەوییەوە، بەم دنیا بەرینەوە كە لە ژێر تیشكی ساردی هەتاوا دەدرەوشایەوە، دەبەستەوە.

**كۆتایی**


__سەرچاوە:__

*– مكتبە نوبل – ١٩٦٥/ میخائیل شولوخوف، الدون الهادئ (٤ مجلد) ترجمە: علی الشوك، امجد حسین، غانم حمدون/ مراجعە: غائب طعمة فرمان/ الطبعة الثانیة ٢٠١٣، الناشر: دار المدی.

*– دن ارام/ میخائیل شولوخوف/ ترجمە: م . ا. بە اذین

چاپ دوم: تهران ١٣٨٨. دورەی ٤ جلدی.


__تێبینی:__

رۆژی ٢٠١٦/١/٤، لە سلێمانی، گەڕەكی چوار چرای نوێ لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە، كە لەو دوو سەرچاوەیەی سەرەوە، بە شێوەیەكی بەراوردكارییانە وەرم گێڕاوە، جا ئەگەر ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی هەندێ دەستەواژەو پەرەگراڤی دەقە كوردییەكە لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو دەگەڵ دەقی سەرچاوەی یەكەمدا تێكنەكاتەوە، ئەوا دەگەڵ سەرچاوەی دووەمدا تێكدەكاتەوەو دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەڵبەتە بە دڵنیاییەوە، دەقە كوردییەكە ئەگەر لە هەردوو دەقە فارسی و عەرەبییەكە باشتر نەبێ، ئەوا هیچی لەوان كەمتر نییەو بێ چەندو چوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە.


ح. ع

٠٧٧٠١٣٠٩٣٩٠

٠٧٥٠١١٢٠٩١٥

**حەمە کەریم عارف**

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

• یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کرد و وەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- ناموّ، روّمان، ئەلبیر کاموّ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- ریبەر، روّمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، روّمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاومالّەکان، روّمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گولان
١٢ – بێناسنامەکان، روّمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، روّمان، هیرب میدوّ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره ولات، روّمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گولان
١٥- ئازادی یا مەرگ، روّمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سوّران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیروّکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سوّران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گوّرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو روّژەی کە ونبووم (کوّمەلّە چیروّکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جیّ پیّ (کوّمەلّە چیروّکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کوّمەلّە چیروّك، چیخوّف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیروّکستان ،کوّمەلّێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیروّکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیروّك،ئەلبێر کاموّ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەلّەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بوّ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نوّزدەوبیستەمدا،کریس کوّچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلوّپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کوّن، چ١( )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خوّراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانوّنامە، باول ئایز لەر

٣٦- به دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبێر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبێر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەنـد و زنـار (فەرهـەنگی فارسـی -کـوردی) حەمـە کـەریم عـارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزم ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)
٧٥- دەربارەی رۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من   رۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، رۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد

٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی

٩٧- کۆڵوانە سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالآن

٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ

٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی

١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی

١٠٥- دیوار...کۆچیرۆك..................کۆمەڵێك نووسەر

١٠٦- کۆکۆرۆ...............ڕومان.........ناتسومی سوسکی

١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆك بۆ مێرمندالآن /حەمەکەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ............حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی

١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی

١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...

١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە

١١٥- جیهانی چیرۆك ( کۆمەڵێك دەق ورەخنە)

١١٦- رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ

١١٧- هەزار پیشە..............حەمەکەریم عارف

١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا

١١٩- دۆنی ئارام/١

١٢٠- دۆنی ئارام/٢

١٢١- دۆنی ئارام/٣

١٢٢- دۆنی ئارام/٣

١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە

١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ

* لــە راپەڕینــەوە تــا نهــوو چــالاکانە بەشــداری بزاڤــی ئــەدەبی و رۆشــنبیریی کــوردی دەکــات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...

# فەرهەنگۆك

## ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار

ئارایشتكار : ئارایشتگەر ، مكیاجكار

ئەوك : قورگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەڵا ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ رێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر

ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، كێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوكەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەكید، خویا، مەعلووم

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری كەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل: کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوە هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشە: کێشە، گرفت

ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاڵچاخ و دەنی: سووك و بێ ئابڕوو، خوێڕی

ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەك ،ئێزنگ وقەلاْشکەری

ئەرخایەن: دڵنیا، خاترجەم

ئۆفیس: نووسینگە، ژووری کار

ئاخاوتن:قسەکردن، پەیڤین

ئیش: کار

ئاوەژوو: بەرەواژ، سەروخوار، پێچەوانە

ئێزنگ: داری سووتاندن

ئاشچی: چێشت لێنەر، ئاشپەز

ئاوێزە: چلچرا،پلْپلْەو سلْسلْەی خشلْی ژنان

ئاوارتە: ریزپەڕ، جیاکراوە، دوورخراوە، پەڕێنراو

ئەمەك: وەفا، ئەمەگ، نمەکناسی

ئیفترا: بوختان

ئەزبەرکردن: لەبەرکردن

ئەشقی: شەقاوە، بەرەلاْ، یاخی، ملهوڕ

ئەرباب: خۆش مەشرەف، رووخۆش، خۆش مامەڵە

ئاچەر: هاچەر، کلیل

ئاڵدۆزی: رۆکێشی زێڕو زیوو، سورمە ڕێژ، سورمە چن

ئۆردووبەز: جێگەی دابەزین و ئیسراحەتی لەشکر

ئەڵها: ئارەزوو، کەڵکەڵە.

ئەسپەك: نەخۆشییەکی مێشکە، ماخولیا و جۆرە شێتییەکە.

## ب:

باوەژن: زڕدایك، هۆی دایك، باجی

باب: باوك

بالأنما: بالأنوێن، ئاوێنەی بالأڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەلأم

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: رۆخ، کەنار، گویٚ چەم، دەم چەم، ڕەخ

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بیٚ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەلأنس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بە سویێ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتالێ: پزیشکی ئاژەڵان

بویەر: ڕووداو

باژێرۆك: شارۆچکە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

بە خورتی :بە تۆپزی

بالیف: سەرین، پشتی

بەگەنکردن: پەسندکردن

باندۆر: کاریگەریی

بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە

بەرخودان: مقاوەمەت

بارخانە:کەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو

بەرجەوەن: دیمەن

بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە

بوودڕ: ڕەهۆڵ، دادڕاوی زەوی، کەند

بۆدراو: برژاو، خاوەبرژ

بەڵخ: بەڵغ، کەڕوو

باسریشك: بەفرو باران پێکەوە

بوخچە: پارچەیەکی چوارگۆشەیە بۆ کەل و پەل تێنان

بەدخوا: دڵپیس، لە چاکە بەدوور

بەعزکردن: تۆران. زیزبوون، قسە دابڕان

بن عام: خزمی دوور

بەگەن: پەسند

باپەڕ:نەخۆشی لە سەرماوە، سەرمابوون

بۆز: ڕدێنی ماش و برنج، شینی ئامال سپی

بیژی : زۆڵ ،حەرامزادە، شەیتان و وریا

بەتلێ: بەشێك

بوری : تێپەڕی

بادیهەوا: بە خۆڕایی، بەفیز و دەعیە

بزە: زەردەخەنە

بە خۆی نەوەستا: خۆی پێ زەوت نەکرا

بە خورتی: بە زۆر، بە تۆپزی

بنیچە: ڕەچەڵەك

بەور: دڕندەیەکی بە سامە

بالوکە: شتێکە وەك زیپکە و، زیپکەش نییە

بێ زات: بێ زاخ، ترسنۆك

بە غار: بە ڕاکردن

بڕێك: کەمێك ،تۆزێك، هەندێك

بەد ڕا: بیرخراپ، نیاز خراپ

بژوێن: زەوی پڕ گیا و لەوەڕ، بژوون، زەمەند

باخفم: قسەبکەم.

## پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەڵامەت

پیتاك: باربوو، كۆكردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێڵاو، كاڵە.

پاتۆق: شوێنی كۆبوونەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوكمی پێشوەختە

پانكردنەوە: ماستاوساردكردنەوە، ڕووپامایی

پەشم: قسەی قۆڕو بێ مانا

پزیشكیار: یاریدەدەری پزیشك

پەتۆ: بەتانی

پەركەم:فێ، خوودار، پەتاو هەڵامەت پێكەوە، ئەنفلۆنزا

پێشهات: قەومان، بەسەرهات

پشتیر: گەوڕ، تەویلە

پەتەڕی: پەتیارە، شێتۆكە

پڕكێشی:پێداگری، سووربوون، جورئەتكردن

پاكەن: كەوش كەن، جێگەی پێڵاو داكەندن

پەیڤ: وشە

پسۆك: قرچۆك، بەنێك زوو بپسێت.

پاخوا:بەشی رۆژە سواغێك قوڕ، كلۆشی بەر پێ بۆ گێرە

پوشپار: گیای وشك

## ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیركەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تا: لا، لایەن

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووكە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆڵا: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلان، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆك:تووڕەو دڵناسك

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسك

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو، تاوەسووت

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

توولەك: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: کوژاندنەوە

تاری : تاریك

تۆماکۆ : تووتن

تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە

تووك: نزای خراپ ، دوعای شەڕ

تاخ: گەڕەك

تاس: سەر ڕووتاوە، دەغسەر

تەرز: جۆر، نەوع

تەوسخەن:ژارخەن، پێکەنین بە تەوسەوە، پێکەنینی تەوسامێز

تاراوگە : مەنفا

تیز: تەوس، توانج، گاڵتە پێکردن

تامپۆن: دەعم، پێکدادان

تازەمۆد: نۆباو

تەشقی ئاسمان: بڵندایی ئاسمان

تەرە: تاراو، لە لانە تۆراو، ئاوارە

تەرزەکوت: تەرزەشکێن، درەخت یان زەرعاتێك تەرزە لێی دابێت.

تلیانە: قەرتاڵە، سەبەتە، سەبەتەی میوەچنی

تەنی: هیس، ڕەشایی نیشتووی دووکەڵ

تۆغیان: هەڕەمە، هەڕەت

تابان: درەوشاوە، بە درەوشین

تەشپی: بادیە، کاسەی دارین

## ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جولاٚ، بزوا

جڤاکی: کۆمەلاٚیەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانە : دووانە، جمك، لفانە

جەندەك: تەرم

جیازی: کەلوپەلی بووك بۆ ماڵی زاوا.

جنزەدە: کەسێك جنۆکە دەستیان لێوەشاندبێت

جوونێ: تاقمێك، دەستەیەك، کۆمەڵێك

جەوەندە:مەتارە، کوندەی بچووك بۆ ئاو تێدا هەڵگرتن، دێمکە

جوابە جەنگی: بە دەمدا هاتنەوە.

جەنگە: گەرمە، هەڕەمە، هەڕەت

## چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

**چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ**

**چەکمە: جەزمە، پووت**

**چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار**

**چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی**

**چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی**

**چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش**

**چوغورد: چوغور، چغر، چڕ**

**چمك: سووچ، گۆشە**

**چوارنکال: هەرچوارلا**

**چێبوو: دروست بوو**

**چەمووش: سڵ، ڕەوەك، لەقە هاوێژو گازگر**

**چەرموو: سپی**

**چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆك، دەستفرۆش**

**چاوساغ: دەسکێش، جاسووس، سیخوڕ**

**چەلیپا: خاچ، سەڵیب**

**چاوگ: دەستە چیلە**

**چوون: وەك،**

**چپەدوو: دووان بە چپە**

**چەقەن: زەوی تمتم، ڕەقەن.**

## ح:

**حایرمان: سەرسام بوون**

**حەسار: حەوش**

**حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ**

**حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش**

**حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم**

**حەجامات: خوێن بەردان**

**حەوجە : پێویست**

**حێل: گەورە، زۆر گەورە**

## خ:

**خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان**

**خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ**

خەنەقاندن: خنکاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خولاّم، نۆکەر، خزمەتکار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خوڵق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بێ کەم و زیاد

خاکی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمرە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، ڕووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەك کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن

خۆشکێنی: بێ فیزی، خۆ بە زل نەزان

خوو: فێ ، پەرکەم

خۆیبوون: سەربەخۆیی

خڕ: هەموو، گشت، تێکڕا

خاترجەم: دڵنیا، ئەرخایەن

خوارنگە: خواردنگە، چێشتخانە

خاکرێز: قوڵکەیەك کە خاك و خۆڵی تێ فڕێ دەدرێ

خانەزا: نۆکەرێك کە لە ماڵی ئاغاکەی لە دایك دەبێ

خاترخوازی: خاترخازی، دوعاخوازی، خواحافیزی

خاراو: ڕاهاتوو لە کار، قاڵبووی کاران

## د:

**داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە**

**دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ**

**دێرکەوتن: دواکەوتن**

**دلپاقژ: دڵپاک، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی**

**دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا**

**دەهری : زۆر تورە**

**داگەڕان: هاتنە خوارەوە**

**دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی**

**دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان**

**دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵات و بورجان)**

**داپیرە: دایە گەورە، نەنك**

**دەلیڤە: دەرفەت ، هەل**

**درەخت: دار**

**دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی**

**دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی**

**دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی**

**دامە: مۆر**

**دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان**

**دەڵەکدان: پاڵنان**

**دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان**

**دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی**

**دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی**

**دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ**

**دیرۆکنووس: مێژوو نووس**

**دەڕەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد**

**دەرۆزە: گەدایی، سواڵ**

**داشۆ: کاکە، براگەورە**

**دەهری : زۆر تورە**

**دەخەبتن : خەبات دەکەن**

**دۆغری : راست ، دروست**

**داغان : رووخان، وێرانکردن**

دەغوول: دەسڕ،خاپینۆك، فێڵباز، گزیكار

دوئێل: مبارەزە

دۆتمام: كیژەمام، ئامۆزا (بۆ كچ)

دەسەنە: بەخشین،

دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست، چەق

دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەڵە

دەست قڵپ: ماڵ بەفیڕۆدەر

دۆتمیر: كیژەمیر، شازادەخانم

دەقەتاند:بەسەردەبرد

دلاْوا: بەخشندە، دڵ تێر، بە دەست و دڵ

دادڤانی: دادوانی، قەزایی

دەمە قاڵە:دەمبۆڵە، دەمقڕە، دەمەقاڵێ

دێر: جێگەی ڕەبەنی خاچ پەرست

دمۆر: دومۆر، شووم، نەحس

دەماوەر: قسە زان، وتە پاراو، چەقاوەسوو

دەقەتیێ:دەبوریێ

دەحكە: مشت و مڕ، گەنگەشەی توند

دایەن: ئەو ژنەی شیر دەدات بە منداڵی خەڵكی، ژنی بەخێوكەری منداڵی خەڵكی

دەخەلەساین: رزگار دەبووین

دەساوێز: بیانوو، پەڵپ

دەڵەمە: دۆڵەمە، شتێك بە تەواوەتی نەمەیی بێت

دزێو: ناحەز، ناشیرین

دەسەجەمی: بە كۆمەڵ

داشدار: لایەنگر و پارێزەر، پاسەوانی قەڵا

دوم: كلك

دین: شێت

دەلال:جوان و ڕەزا سووك

دەخمە: گۆڕ، قوڵكەی ژێر زەمین

دەسومشتاق: دەسومۆچ

## ڕ:

رەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

**ڕدێن: ریش**

**روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین**

**رۆحانی: پیاوی ئاینی**

**راز: نهێنی**

**ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز**

**ڕك : کووڕ، ڕژد**

**رابوون: هەستان**

**رۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو**

**ڕند: جوان، خوشیك، خوشکۆك**

**رمووده: ئالووده، هۆگر**

**رادەست: خۆ بە دەستەوەدان**

**رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە**

**رەقیب: نەیار، خەنیم**

**ریسك: مغامەرە**

**ریوەڵە: بچکۆلەی لاواز، بێ نموود**

**رۆنیشت: دانیشت**

**رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی**

**رامووسان: ماچ**

**رەهەنە: رەهەندە، عەوداڵ ، ئاوارە، چۆڵگەڕ**

**رەبەن: سەڵت، زوگورت، راهب**

**رەبەنیتە: راهبە، ژنە فەڵەی تەرکە دنیا، ڕەبەنی ژن**

**ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشکار**

**ڕیشخەن: گاڵتە پێکردن**

**رەعیەت: ڕایەت، مسکێن**

**رەزا سووك: ئێسك سووك، رەزا شیرین، دەلال.**

**راجفرین: لەرزین، ڕاچڵەکین**

**ڕەدا: رازی بوون، قاییل بوون**

**رەخ: رۆخ، قەراخ، لا، کەنار**

**رازگر: مەحرەمی راز، نهێنی پارێز**

**رۆزا: جۆرە گوڵێکە، گوڵی پیرۆز**

**روودار: بێ شەرم، رووقایم، بێ چاو وروو**

**ڕاڤە: واتا شیکردنەوە، تەفسیر**

**ڕایە: حەدد، شیاوی**

ڕەتبلاو: هزرو بیر بلاو، پەرتحەواس

ڕەقاڵ: رەقەڵە، داڵگۆشت، لەڕو لاواز، لەجەر

## ز:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆلاو تەژە

زار: دەم، دەو

زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخاڵ: رەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

زارۆك : بچیكان ، مندالان

زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە

زەروو: زالو

زیانۆك: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر

زەحف: زۆر، فرە، مشە

زۆڵ: بیژ، حەرامزادە، زۆرزان

زەرگاڵ: پێلاوی لە موو چندراو، بەلەك پێچ، گۆرەوی تا ئەژنۆ

زێبا: جوان، خشیك، ڕند، خشكۆك

زراڤ: باریك، شووش.

## ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی ، پێکەنینی تەوسامێز

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

## س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك، لاوژە

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانكیلە

سەلبەند: ڕێگەی بە بەرد فەرشكراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سویَ: ئازار، ژان

سیخار: زوقم

ساقەتە: لاسكی گیا

سەرگەڤار:سەرۆكی خێزان، گەورەی خێزان

سۆر: سوور، رەنگی سوور

سەوقاتی: دیاری

سالول: ژووری ئینفیرادی زیندان

سایمەل: جۆریَ نەخۆشی ئاژەڵ و ماڵاَتە

سوتلی: قەپاتمە، ژنی بیَ مارەیی بۆ ڕابواردن

سەربهوورد: سەربردە، بەسەرهات

سیپاڵ: جلك، بەرگ و كول و پەڵ، كۆنە پەڕۆ

سۆزانی: جندە، قەحپە

سیقال نەگر: مشت و ماڵ نەگر

سوخەت: سیفەت

سلۆك: سرك، رەوەك، سڵ، بەپارێز

سفتە: چەك، كومپیالە، پسوولەی حەواڵە

ساپیتە: ساپیتك، میچ

سۆزە: گۆرانی خەمبار، سۆز، گۆرانی بە دەنگی نزم

سرووش: سەرۆ، ئیلهام، وەحی

سەرەوگرد: سەروەسێت

سندم : پێوەندی ئاسن.

## ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بیَ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، كەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شكەفت: ئەشكەوت

شكەستەنی: ناسك، شتیَ زوو بشكیَ

**شتاقیان، هیچیان، کەسیان**

**شنگ: هێز، تاقەت، توانا**

**شەقاو: هەنگاو**

**شلینگ: پارەیەکە**

**شاپ: شەق**

**شەکەت: ماندوو، هیلاک**

**شوورە: دیوار**

**شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی**

**شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش**

**شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە**

**شەلاق: شەلاخ، قامچی**

**شەم: مۆم، شەمالك**

**شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم**

**شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس**

**شوو: مێرد ، هاوسەری ژن**

**شەکەت: ماندوو. هیلاك**

**شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك**

**شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری**

**شیرەتکار: راوێژکار**

**شادەتنامە: کارنامەی خوێندن**

**شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە**

**شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە**

**شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەکە**

**شەواك: گەمژە، گێلۆکە، دەبەنگ، سائەقڵ**

**شێلو: لێڵ**

**شلك: ناسك و تورت، سست و خاو**

**شەجەرە: سەجەرە، لیستی ناوی باب و باپیران**

**شەلاق: شەلاخ، قامچی ، جەڵدە**

**شەوبێری: شەونشینی، شەوکۆڕو مەجلیسی دۆست و برادەران، شەڤڕونك**

**شەقڵ: مۆرك**

**شەڤرونك: شەونشینی، شەوکۆڕ، مەجلیس و ئاهەنگی شەوانە**

**شەڕاشو: شەڕانی، جنگن، جینگن**

**شەپڵە: نەخۆشی ئیفلیجی**

**شکستۆك: نزیکە شکان، شکستەنی، شتی ناسکی نزیکە شکان.**

**شەهلەوەند: سوارچاك، لاوی شۆخ و شەنگ.**

**شاختیز:باروتدانی راوچی، شاخ**

**شوورەنگێو:شیر وەشێنی کارامە**

## ع:

**عاسا: دار عاسا، داردەست**

**عەیار: زیتەڵ، زۆرزان**

**عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە**

**عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو**

**عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر**

**عال: نایاب**

## غ:

**غاڕ: ئەشکەوت**

**غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس**

**غەوارە: غەریبە، بێگانە، نامۆ، ئاوەکی**

## ف:

**فەرمایشت: فەرموودە، قسە**

**فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران**

**فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام**

**فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ**

**فەرسەخ: فەرسەق**

**فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل، بە فیز و ئیفادە**

**فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك**

**ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە**

**فەڕەنگی: ئەوروپایی**

**فەسات: گاینی ژنی بێگانە بە زۆر**

**چیان: خۆشەویستی، ئەڤین، ئەوین، دڵداری**

**فەرتووس: زورهان، پیری پەککەوتە**

**فەزیحەت: نەنگ، ریسوایی، مایەی ریسوایی**

**فیزماڵك: خۆ دزینەوە**

**فیوداڵ موڵکدار، دەرەبەگ**

فەڵە: دیان، مەسیحی

## ق:

قالیچە: مافووری بچووک

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە، وەرەز، سڵ ، ڕەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵكاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و كەوشەنی ژێر دەسەڵاتی كەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەكە لە قاز سپی ترو زلترە

قەلآیی:كانزایەكی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەكەنەوە

قڑاوڵە: تاق تاقكەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە كۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، كلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن كە گیای لێ نەڕوێ

قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: کوورِ، پشت کۆم، قەمبوور

قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر

قەبە : گەورە

قۆشەن: لەشکر

قرێر: بڕیار، قەرار

قەوماو: بویەر، رووداو

قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی

قیرات: گەرماپێو

قڕێژە بەرد: خەنە تیلکە،وردە شینایی پێکەوە نووساوی سەر بەردان

قاپووت: پاڵتۆ، ساقۆ، باڵاپۆش

قەواڵە: سەنەد، بەڵگەنامە

قەوغا: زۆر قەرەباڵغ و ئاوەدان

قرێتە: قرێدە، قلادەی ملی سەگ، ئەڵقەی ملی تاژی

قۆشمە: حەنەکچی، گاڵتەچی

قوڕنە: گۆشە، سووچ، قوژبن، سیلە

قەیچی: مقەست

قاودان: دەرکرن، جواوکردن.

قەبرغە: برک، قەبرخە، خالیگە

قووچاندن: راکردن، هەلاتن. ڕەڤین.

قاقەز قوشی : کۆلارە.

قازان: مەنجەڵی گەورە.

قار: ڕق، غەزەب، تۆران

قەرەوڵ: پاسەوان، ئێشکگر، یاساوڵ

قەتران: دەرمانێکی ڕەشە لە کولاندنی داری سنۆبەر دەگیرێت

## ك:

کوت ومت: ەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسك

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توك

کولۆ: کوللە

کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەك: سۆس

کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووك

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسك: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زڵف

کلاْوخود: کلاْوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤر: بەرد

کەڤرۆك: بەردەلاْن

کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سلێ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن: گەوج

کاژستان: بێشەی دارکاژان

کرێت: ناشیرین، کاری خراپ

کەتواری: ریالیستی، واقیعی

کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب

کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە

کسۆك: سەگ

کەستەك:سندە گڵ، کلۆ قوڕی وشکەوە بوو

کۆشیار: چالاك، پڕکۆشش

کینەکێش: ڕك هەڵگر، ڕکونی

کەت: تەختەخەو

کەرەمکە: بفەرموو

کەوە رۆژ: رۆژی بێ هەتاو، سپییە ڕۆژ

کۆما: کۆمەڵێك

کەترەخانە: خانەی پیران

کەشم و نەشم: جوانی و نازو عیشوە

کۆرفام: گێل، گەمژە، دەبەنگ، گەلحۆ، گەلۆر

کەپەنك: فەرەنجی، قاپووتی لباد

کلکە سووتە: ڕووپامایی، کلکە لەقێ، ڕیایی و زمانلووسی

کۆجاڕ: کێوسات، کۆسار

کارەکەر: قەرەواش، خزمەتچی مێوینە، جێری

کەڵگیت: کەرکیت، هەپك ، شانەی پۆ کوتانی تەون.

کەنیزەك: کارەکەر، کەنیز، قەرەواش.

کەوێڵ: کۆخ، کۆختە،خانووی چکۆلەی یەکچاوە. ئەشکەوت.

کوچەماڵ: کەناس

کەڵەموست: قامکی گەورە،کەڵە ئەنگوست، ئەنگوستە گەورە.

کەڵەباب: کەڵەشێر، دیکل

کەمەند:پەت، کندڕ، حەبل

کتك: پشیلە

## گ:

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، کایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانکە

گازکردن: بانگکردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەلۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵکە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : مەخلووق

گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگکردن

گڕۆز: وڕکن

گڵکۆ: گۆڕ، ئارامگە

گمێز: پێشاو

گێچەڵ: گەڕ، تەشقەڵە

گەمشەك: گەمژە، گەوشەگ، گەمشۆ، شەواك، گێل، دێوانە

گاڵدان: هاندان بۆ کاری خراپ

گۆڵمەز: زەنا زەنا، هەراو زەنا، دەنگەدەنگ

گەوشەك: بڕوانە گەمشەك

گەمشۆ: گێل، دێوانە، کەمفام، کاڵفام

گەوڕ: پشتیر، ئاغەڵ، تەویلە

گۆڵ : سەگی نێر.

## ل:

لە کەیفان: لە خۆشیان

لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەلان

لاپرەسەن: فزولْ، فزوڵی

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو، نزیك بوو

لێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لە هەنبەر: بەرانبەر

لێ : بەڵام

لەیستۆك : بووکەشووشە، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ ، مەتەڵۆك

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا

لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن

لێژگە: لێژایی، نشێو

لێبۆك: لەودە، حەنەکچی، فێڵباز، موهەڕیج

لچ: لێوی خوارەوە

لوشکە: لوشك، جووتە

لاتریسکە: لادان لە ڕێگە

لات: نەدارو فەقیر، بێنەوا، پەریشانحاڵ

لەلە: نۆکەری زارۆك بەخێوکەر

لاڤە: پاڕانەوە

لە عەلەیی: لە دژ

لە یەکبینە: بەردەوام، پەیتاپەیتا، لە پەستاو بێ بڕانەوە

لەزێکە: پەلە بکە، خێراکە، بلەزە

لوقمان: دکتۆر، حەکیم

لەغەم: نەفەق، ڕێگەی ژێر عاردی

## م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

ملۆ وموش: ملۆمۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : ڕەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاقان

مەژی : مێشک

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

مرداو: قۆپی

مالیجە: چارەسەر، عیلاج، معالەجە

مەدام: خا، خاتوون، خانم، خات، یا

مجێز: میزاج، مەجاز

مەحتەل: ماتەڵ، دێرکەوتن

ماخۆلیا: ئەسپەك، نەخۆشیەکی مێشکە، گێژوحۆل

مەکتەبلی: قوتابی

مەخسەرە: گەپجاڕ

مۆڕە: خێسە، روانین بە چاوی زەق و توڕەیی

مەچیر: داوەبەن، دەزوو، تاڵ

مێردەك: بۆرە پیاو

مێژەڵۆك: لقی بڕاوەی ڕەز

مەعاف: بەخشراو، ڕەوا

موزیڕ: زیانۆك، زەرەردەر

میانساڵ: ناڤساڵ

مۆزە مۆز: دەورو خولدان بە مەبەست و تەمایەك

مۆرانە: جانەوەری دارخۆر

مەردمازار: ئەزیەتدانی خەڵکی

مشە: زۆر، فرە

مامێز:مامزە.

مامز: ئاسك، کەژاڵ

مەهوەش: وەك مانگ، مانگ ئاسا.

## ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵاّن

نسیبەت: بەڵاّ، موسیبەت

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : کن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد، نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

ناڤسالٚ : میانسالٚ

نووکە : هەنووکە ، نهو، نها، ئیستا

نەخاسما: بە تایبەتی

نەسرانی: فەڵە، مەسیحی، دیان

ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی کۆمەڵاّیەتییەوە

نۆبەرە: یەکەم منداڵ، یەکەم بەر

نەپەرژان: دەست نەگەییشتن، فریا نەکەوتن، پێڕانەگەییشتن

نێرەوەز: نێرینە، نێر ڕەگەز

نەپرینگانەوە: سڵ نەکردنەوە، کۆنەکردنەوە، سڵ نەکردن

نیونەخت: یەك دەم، یەك سات

نێش: چزوو

نەساغ: نخۆش

نمەك ناسی: ئەمەگداری، وەفاداری

## و:

وەمێنیٚ:بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : کراوە، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم: دەدەمێ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جارێ پتر کێڵاَن

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بلاَوەخانە، دارالنشر

وەشانکار: بلاَوکەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم: مومبارەکی، پیرزی

وشکەبار: میوەی وشکەوەکراو

وەکوژاندن : تەمراندن، کوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوك: حوشتر خۆرە، عاگول

وازوازی: دەمدەمی مجێز

وێڵ: ماریفەت

وانێك: یارۆ، هین

وڵە: نەمەییوی تەواو

وشت: وشەی دنەدانی سەگ

## ه:

هانکە هانك: هەناسە برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربە هەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەیڤەشەو: مانگە شەو

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو، هەڕەت، جەنگە، تاف

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بیٚ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانیٚ، ڕکبەڕکیٚ

هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ

هەنگیٚ : هەینیٚ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی لە یەك ئاستی کۆمەڵایەتی

هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفیر

هەڵاویێردن: جیاکرنەوە

هاتە وەشاندن ، بڵاوکرایەوە

هزرڤان: بیرمەند، زانا

هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان

هەلاکەت: گیانەڵڵا، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن

هەڵاژیان: ڕاکشان

هاژۆتن: لێخوڕین

هێم: بناخە، بناغە

**هاوسونح: هاوساڵ، هاوتەمەن، هاوزا**

**هاو وازی: هاوگەمە، هاوکایە، هاوبازی**

**هەوسار: ڕێشمە، دەستە جڵەو**

**هاوقەتار: هاوکارو پیشە، هاوڕێ، دۆست**

**هەمێز: ئامێز، باوەش**

**هزرین: بیرکردنەوە**

**هەڵەت: زەردو ماهی زۆر سەخت.**

**هەراشتر: گەورەتر، پێگەییوتر**

**هەڕە: مشار.**

**هۆشی: گوڵەوەچنی.**

## ی:

**یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم**

**یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان**

**یارۆ : فلاَن**

**یاتاخ : پێخەف ، نوێن**

**یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو**

**یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن**

**یاوەگۆیی: وڕاوە، وڕێنە**

**یا: خا، خات، خاتوون، خانم، وشەی ڕێزە بۆ ژنی گەورە.**

**یەغدان: یەخدان، سەنوقیدارینی گەورە.**